ڕۆمان


ENDESE
ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە


ستاندال


# سوور و ڕەش


سیامەند شاسواری






Stendhal
Le Rouge et le Noir
folio classique



LE ROUGE
ET LE NOIR
CHRONIQUE DU XIXe SIÈCLE,
PAR M. DE STENDHAL.
TOME PREMIER.
PARIS.
A. LEVAVASSEUR, LIBRAIRE, PALAIS-ROYAL.
1831.



STENDHAL
Le rouge et le noir
présenté par Roger Nimier
TEXTE INTÉGRAL



LE ROUGE
ET LE NOIR
PARIS.



Stendhal
Le Rouge
et le Noir
CIDEB



Le Rouge et le Noir
par
Mr de Stendhal



STENDHAL
LE ROUGE
ET LE NOIR
AUX QUAIS DE PARIS



Stendhal
Le Rouge et le Noir
folio classique



FEEDBOOKS
THE RED AND
THE BLACK
STENDHAL



THE RED AND THE BLACK
A NOVEL BY STENDHAL
TRANSLATED BY C. K. SCOTT MONCRIEFF



FEEDBOOKS
THE RED AND
THE BLACK
STENDHAL


A NORTON CRITICAL EDITION
Red and
Black
STENDHAL
TRANSLATED AND EDITED BY
ROBERT M. ADAMS
A NEW TRANSLATION
BACKGROUNDS AND SOURCES
CRITICISM


DOVER · GIANT THRIFT · EDITIONS
Stendhal
The Red
and
the Black


PENGUIN CLASSICS
STENDHAL
The Red and the Black


THE
RED
AND THE
BLACK
STENDHAL


THE RED AND
THE BLACK
STENDHAL

ستـــاندالْ

# سوور و ڕەش

و. لە ئینگلیزییەوە:

سیامەند شاسواری

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم

www.endeshe.org

andesha.library@yahoo.com

http//www.facebook.com/Andeshacenter

07501026400




ناوی پەرتووک: **سوور و ڕەش** (بەرگی یەک و دوو)

نووسینی: **ستانداڵ**

و. لە ئینگلیزییەوە: سیامەند شاسواری

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠١٢


چاپخانە: چاپخانەی

تیراژ: ٠٠٠٠ دانە


نرخ: ٠٠٠٠٠

ژمارەی سپاردن: لە بە ڕێوە بە رایە تی گشتی کتێبخانە گشتییە کان
ژمارە ()ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە .


# پەرتووکی یەکەم




Karin Gundesen




Charles Tergie




C K Scott Moncrieff







ئەم ڕۆمانە لە ڕووی دەقی ئینگلیزی سکات مۆنکریف کراوە بە کوردی و لە کاتی پێویستدا بۆ ساخکردنەوە و بەراوردکردن سوود لە دەقەکانی زمانەکانی تریش وەرگیراوە وەکو: دەقی ئینگلیزی چارلز تێرگی، دەقی نەرویجی کارین گوندەرسن، دەقی فارسی عەبدوڵڵای تەوەککول و، دەقی عەرەبی هەنری زەغیب.

سپاسی تایبەت بۆ هاوڕێی بەڕێز کاک هەژار مەجید خودانی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە کە هاندەرم بوو لە هەستان بەم وەرگێڕانە!

س.ش.




ڕاستی، ڕاستی تاڵ!
(سەن بێڤ)

بەندی I

# شارێکی بچکۆلانە

هەزاران کەس لە شوێنێکدا کۆ بکەنەوە،
زۆر قەیناکا،
بەڵام قەفەسێکی وا بەدەماخ نابێت.
(هابس)

شارۆچکەی «ڤێریر»[1] ئەتوانرێ بە یەکێک لە جوانترین شارە بچکۆلەکانی «فرانش کۆنتێ»[2] دابنرێ. خانووە سپییەکانی، بە بانە قووچە نووک تیژەکانیەوە کە بە سواڵەتی سوور ڕازێنراوەتەوە، لە شیوی تەپۆڵکەیەکدا ڕاکشاوە کە کۆمەڵێکی زۆر درەختی باهۆداری شابەڕوو کەمترین چین و چاڵی پیشان ئەدا. چەمی «دوو»[3] تەنها چەند سەد پێ لە خوار قەڵات و شۆرەیدا ئەخوشێ، کە ئیسپانیاییەکان دروستیان کردووە و ئێستە بە کاولی لێی قەوماوە.

ڤێریر لە باکوورەوە لە بناری یەکێک لە کێوەکانی چیای «ژوورا»[4] دایە. لوتکەی زەرد و ماهی ڤێرا لە یەکەم سەرمای ئوکتۆبەرەوە لە بن بەفردا ئەشاردرێتەوە. ئەو لافاوەی بە خێرایی لە کێوەکەوە دێتە خوارەوە، بەر لەوەی بگاتە چەمی «دوو»،

---

١ـ ڤێریر: Verrieres شارۆچکەیەکە لە باشووری فەڕانسە.

٢ـ Franche–Comtè پارێزگایەک لە سنووری فەڕانسە و سویسرا، سەردەمی لویی چواردەهەم لە ساڵی ١٦٧٨، کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەڕانسەوە.

٣ـ Doube.

٤ـ ژوورا: Jura زنجیرەشاخێکە لە باکووری ئالپ لە نێوان فەڕانسە و سویس و ئاڵمان، هێڵی دابەشینی ئاوی نێوان ڕووباری ڕاین و ڕۆنە.



لە ڤێریر تێئەپەڕێ و زۆر کارگەی تەختەسازی ئەخاتە گەڕ. ئەم پیشەیە، پیشەیەکی زۆر ساکارە و بۆ زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە کە ناسناوی «گوندی» شیاوترە بۆیان تا «شاری»، ڕێژەن و فراوانییەک بەدی ئەهێنێ. سەرەڕای ئەمەش نابێ کارگەکانی تەختەسازی بە سۆنگەی توانابوونی ئەم شارۆچکەیە بژمێردرێ. خۆشگوزەرانی گشتی ئەمڕۆی دانیشتوان کە لە کاتی ڕووخانی ناپۆلیۆنەوە ببووە هۆی نۆژەنکردنەوەی ڕووکاری زۆربەی ماڵە ڕووخاوەکان، بە هۆی کارگەی چیت سازی یان چاپی کووتاڵەوە بوو، کە پێی ئەوترا «میلۆز»[٥].

ئەوەی پێ بنێتە ئەم شارە، زرمەی مەکینەی بە هەراوهوریا و بە ڕواڵەت ترسناک، سەرسامی ئەکات. بیست پیکی مەزن، بە هۆی چەرخێکەوە کە بە هێزی ئاوی لەهی ئەخولێتەوە، ئەچێ بە ئاسمان‌دا و بە دەنگێکی وەها دائەبەزێتەوە کە بەردچنی شەقامەکە ئەخاتە لەرزین.

هەرکام لەم پیکانە، ڕۆژانە چەند هەزار بزمار دروست ئەکەن. کچانی شاد و شەنگ ئەو وردەواڵەی ئاسنە کە بە خێرایی ئەبن بە بزمار، ئەدەن بە دەم ئەم پیکە گەورانەوە. ئەم کارە کە بە ڕواڵەت ئەوەندە دژوار خۆیا ئەکات، یەکێکە لەو دیاردانەی کە هەموو گەشتیارێکە یەکەم جاری بێ پێ بنێتە کوێستانەکانی نێوان فەڕانسە و سویسرا، زیاتر لە هەموو شتێکی تر تووشی سەرسووڕمان ئەکات. ئەم ڕێبوارە ئەگەر کاتی چوونە ژوورەوەی بۆ ناو شاری ڤێریر، ناوی خاوەنی ئەم کارگە جوانەی بزمارسازییە، کە گوێی ڕێبوارانی شەقامەکە کەڕ ئەکات، بپرسێ. بە دەنگێکی

٥ـ Mulhouse.





کشاو وەڵامی ئەدەنەوە: «بەڵێ، ئێرە هی جەنابی سەرۆکی شارەوانییە.»

سەد بە یەک ئەگەر گەشتیار چەند ساتێک لەم شەقامە مەزنەی ڤێریر، کە لە کەناری چەمی «دوو» تا لوتکەی گردەکە کشاوە، ڕاوەستێت، بێگومان کابرایەکی کەڵەگەت ئەبینێ کە سەرقاڵیی زۆر و ڕەسید و متمانە لە ڕۆیشتنیدا دیارە.

بە بینینی ئەو، کڵاوەکان بۆ ڕێز لێنان بە خێرایی دائەگیرێ. قژی سەری ماش و برنجی و جلێکی خۆڵەمێشی لەبەر دایە. خاوەنی چەندین مەدالیایە، تەوێڵی پان و لووتێکی قۆقزی وەک دەنووکی هەیە و سەرجەم ڕێکوپێکی و هەماهەنگیەک لە ڕوخساریدا ئەبینرێ. تەنانەت لە یەکەم سەرنجدا، دەرئەکەوێ کە دەموچاوی ئەو ناسکی و تەرچکیەی هێشتاش لە مرۆڤی چل و هەشت تا پەنجا ساڵەدا هەیە، لەگەڵ سەنگینی کوێخایی لە یەک جێدا کۆی کردۆتەوە. بەڵام هەر ئەم دارەتە لەخۆڕازی و سستە کە نازانم لەگەڵ چ شتێکی سووکی بۆچوون و لاوازی هێزی داهێنان تێکەڵاو بووە، کە گەشتیاری پاریسی تووشی بێزاری ئەکات. پاش هەموو ئەم شتانە، لەم خاڵە تێئەگات بەهرەی ئەم کابرایە لەوەدایە ئەگەر قەرزی بە لای یەکێکەوە ئەبێ لە کاتی خۆیدا وەری بگرێتەوە و، ئەگەر بە یەکێکیش قەرزارە ئەوەندەی بۆی ئەلوێ درەنگتر بیداتەوە.

مۆسیۆ دورێنالی[٦] سەرۆکی شارەوانی ڤێریر مرۆڤێکی بەم جۆرەیە و... پاش ئەوەی بە هەنگاوی بەتین لە شەقام ئەپەڕیتەوە، پێ ئەخاتە ناو شارەوانی و دەسبەجێ لە چاوی گەشتیار ون ئەبێ. بەڵام ئەگەر گەشتیار، لە گەشتەکەی بەردەوام بێ، سەد هەنگاو

٦ـ de Rènal.

بەرەوژوورتر، تەلارێکی زۆر جوان و خۆشنما و لە نێوان محاجەرە ئاسنەکانی ماڵەکەوە، باخێکی زۆر جوان و ڕازاوە ئەبینێ. لەوبەری خانووەکە هێڵێک لە ئاسۆوە دیارە کە گردەکانی «بۆرگۆنی»(٧) بەدییان هێناوە، بەس بۆ ئەوەی دیدەی مرۆڤ چێژی لێوەرگرێ. ئەم دیمەنە، ژینگەی بۆگەن و گەنیوی پارەپەرستی، کە وردە وردە گەشتیار تووشی خنکان ئەکات، لە بیری ئەباتەوە.


بە گەشتیار ئەوترێ ئەم خانووە هی جەنابی دورێنالە. شارەوانی ڤێریر ئەم خانووە بەردەی کە خەریکە تەواو ئەبێ، لەو قازانجە دروستکردووە کە لە کارگەی گەورەی بزمارەکەی دەستی کەوتووە. وەک ئەوترێ بنەماڵەی ئەو ئێسپانیایی و کەونارا و ئێسکدارە و ساڵەها پێش دەسەڵاتداری لویی چواردەهەم لەم ناوچەیە نیشتەجێ بوون.

لە ساڵی ١٨١٥ـەوە(٨) لە کارگەداری و تێکەڵبوون بە پیشەسازی تەریق ئەبێتەوە. ئەو ساڵە، ئەوی کرد بە سەرۆکی شارەوانی ڤێریر. ئەو دیوارە باڵکۆنیانەش کە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم باخە پڕشکۆیە ئەپارێزن، کە قات قات تا سەر چەمەکە درێژەی هەیە، بەرەنجامی زانست و تێکۆشانی جەنابی دورێنالە لە بازرگانی ئاسندا.

لێرە لە فەرانسە، نابێ چاوەڕێی ئەو باخە جوان و دڵڕفێنانە بین کە لە دەوروبەری ناوەندە کارگەیی و پیشەسازییەکانی ئاڵمان، وەکو لایپزیک و فرانکفۆرت و نۆرەنبەرگ ئەی بینین. لە فرانش کۆنتێ، چەندە دیواری زیاتر ساز بکەی و چەندە زیاتر لە ملک و سامانتدا بەرد بخەیتە سەر بەرد، لای دراوسێکانت ئەوەندە

٧ـ Bourgogne.

٨ـ ١٨١٥ ساڵی هاتنەوەی ناپۆلیۆن بۆناپارت و دامەزراندنی ئیمپڕاتۆری سەد ڕۆژە، کشانەوە و ڕووخانی ناپۆلیۆن، هاتنەوە سەرکاری پاشایەتی بۆربۆنەکان لە جوولای هەمان ساڵەوە.






زیاتر شیاوی ڕێزلێنانی. جگە لەمانەش، باخە پەژینکراوەکانی جەنابی دورێنال، بۆیە جێگەی پیاهەڵدانە کە سەرۆکی شارەوانی بۆ کڕینی ئەم زەوییانە، کێشی خۆیان زێڕی بۆ بژاردوون. بۆ نموونە هەر ئەم کارگەی تەختەسازییە کە شوێنە سەیرەکەی لە قەراخ چەمی دوو، کاتی هاتنە ناو ڤێریر، تووشی سەرسووڕمانی کردن و ناوی «سۆرێل»تان بە پیتی مەزن لە سەر تەختەیەک بەسەر بانەکەیەوە بینی، شەش ساڵ پێش ئێستە لەو شوێنە بوو کە باڵکۆنە دیواری باخەکانی جەنابی دورێنال لەوێ سەریان هەڵێناوە.

جەنابی شارەوان، سەرەڕای دفرەی خۆی، ناچار بوو زۆر ڕوو لە سۆرێلی پیر، ئەم گوندییە ڕەق و نەمرچە، بخات و بۆ ئەوەی کارگەی تەختەسازییەکەی بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکیتر، پارەی زێڕینی زێڕی بۆ بژارد. بەڵام سەبارەت بە چەمی گشتی کە کارگەکە ئەگەڕێنێ، ئەبێ بڵێین کە جەنابی دورێنال لە سایەی ئەو ڕەسید و پشتیوانەی کە لە پاریس هەیەتی، مۆڵەتی بۆ گۆڕان و هەڵگەڕانەوەی بەستێنی چەمەکە وەرگرت و ئەم بەخششە پاش هەڵبژاردنی ١٨٢٠ بەو بڕا.

شارەوانی ڤێریر، بەرامبەر بە هەر دۆنمێک زەوی چوار دۆنمی دا بە سۆرێلی پیر کە پێنجسەد پێ لە خوار کەناری چەمی دوو بوو. بەڵام بابە سۆرێل کە لە سەردەمی دەوڵەمەند بوونییەوە بەم ناوەوە بانگ ئەکرێ، هەرچەند ئەم بارودۆخە بۆ فرۆشتنی تەختەکانی سنەوبەری قازانجی زۆرتری هەبوو، بەڵام ڕازەکەی دۆزییەوە کە لە پەلەپەل و شێتێتی قانوونی خاوەندێتی و بەدەستهێنان کە ببووە هۆی هەژاندنی دراوسێکەی، ٦٠٠٠ فڕانک زیاتر قازانجی

دەسکەوێ.

ڕاستە، ئەم ڕێکەوتنە لە لایەن مرۆڤە باشەکانەوە هەندێ ڕەخنەی لێگیرا وسەرکۆنە کرا و ڕۆژێکیان کە یەکشەممە بوو و چوار ساڵ لەو کاتە تێئەپەڕێ، جەنابی دورێنال کە بە جلوبەرگی سەرۆکایەتی شارەوانییەوە لە کلیسا ئەگەڕایەوە، سۆرێلی پیری بینی لە نێوان سێ کوڕەکەیدا وەستاوە و پێی پێ ئەکەنن. ئەو پێکەنینە وەکو دەبان لە سینەی سەرۆکی شارەوانی چەقی و بۆی دەرکەوت کلاوی سەرچووە. جەنابی شارەوان لەو ڕۆژەوە بیر لەوە ئەکاتەوە کە ئەیتوانی بە هەرزانتر ئەو گۆڕینەوەیە بکات.

ئەوانەی دیوار ئەخەنە سەر دیوار، ئەگەر بیانەوێ ڕێزی زۆرایەتی دانیشتوانی ڤێریریش بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، ئەبێ نەخشەی ئەو وەستایانە بەکار نەهێنن کە بەهاران، بەرەو پاریس لە ملەکانی کوێستانی ژوورا بەرەوخوار ئەبنەوە و لە ئیتالیاوە ئەیهێنن بۆ ئەم ناوچەیە. ئەو جۆرە داهێنانە، ئەویندارى ئاوەدانکردنەوە بە سەرەڕۆ ئەناسێنێ و ئەو جۆرە کەسە، لە لای ئەو دەمڕاست و زانایانەی بڵاوکردنەوەی ودمی چاکە لە فڕانش کۆنتێ بە دەست ئەوانە، بۆ هەمیشە سەرکز و سەرشۆڕ ئەبێ.

لە ڕاستیدا، ئەم دەمڕاستانە، هاندەرانەترین دەسەڵاتی سەرەڕۆ لەم ناوچەیەدا بەڕێوە ئەبەن. بە هۆی ئەم وشە دزێوەشە کە ژیان، بۆ ئەوانەی لە پاریس، لەم کۆمارە مەزنەدا ژیابێتن، لە شارە بچووکەکاندا زۆر دژوارە. سەرەڕۆیی خۆزاڵکردن بەسەر بیروڕای گشتیدا ــ ئەویش چ بیروڕایەک!ــ لە شارە بچووکەکانی فەڕانسە بە ئەندازەی دیکتاتۆری بیروباوەڕ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەوجانەیە.

بەندی II

# جەنابی شارەوان

جەناب، ڕێز و نموونە لای تۆ هیچ ناهێنێ؟!
ئەمەیە کە ئەبێتە هۆی سەرسووڕمانی منداڵ و
ئێرەیی دەوڵەمەند و پەسندی نەزان و گاڵتەی زانا.
(بارنەڤ)[٩]

لە بەختی گەشی جەنابی دورێنال، وەکو شارەوان، سەیرانگەی گشتی کە سەد پێ لە بەستێنی چەمەکە سەرتر بوو و بە درێژایی گردەکەدا بڵاوببوویەوە، پێویستی بە «دیوارێکی پشتیوان» هەبوو. ئێرە لە سایەی ئەم بارودۆخە ناوازەدا، یەکێکە لە دڵرفێنترین دیمەن و بەرجەوەنەکانی فەڕانسە. بەڵام لە هەموو وەرزێکی بەهاردا، باراناو سەیرانگەکانی ئەشۆردەوە و کەنداڵ و ئاودڕی تیا بەدی ئەهێنا و هاتوچۆی دژوار ئەکرد و، ئەم کێماسییە کە هەمووان هەستیان پێکردبوو، جەنابی دورێنالی وا لێکرد یادەوەری سەرۆکایەتی و دەسەڵاتدارێتی خۆی لە سایەی دیوارێکی بیست پێ بەرز و شەست تا هەشتا باڵا درێژ، بکات بە یادێکی هەمیشەیی و وەرجاوەند.

بارووی ئەم دیوارە کە جەنابی دورێنالی ناچار کرد سێ جار بچێ بۆ پاریس ــ چونکە وەزیری ناوخۆی پێشوو خۆی بە

---

٩ـ بارنەڤ: Antoine Barnave (١٧٦١ـ١٧٩٣) لە ئەندامانی بە دەسەڵاتی دەستەی دامەزرێنەری فەڕانسە لە سەرەتای شۆڕشدا. سەری لە پێناوی ماری ئانتوانێتدا دانا. نووسینی بەهێزی دەربارەی ڕەوشت و ڕامیاری نووسیوە. هاوشاری و دۆستی ستانداڵ بوو و هاتوچۆی خێزانیان پێکەوە هەبوو.



دوژمنی سوێندخواردووی سەیرانگای ڤێریر ناوزوەد کردبوو ــ ئێستا چوار پێ بەرز بۆتەوە و ئەڵێی بۆ سووکایەتیکردن بە هەموو وەزیرەکانی پێشوو و ئێستا، ئەم دیوارە بە بەردی جوانی بەردتاشان ئەڕازێننەوە.

زۆر جاران بە یادی ئەو بەزمی سەمایەوە کە لە پاریس بەجێم هێشتبوو، سینگم ناوە بەم بەردە دڕشتە خۆڵەمێشە خۆشڕەنگ و شینکیانەوە و سەرنجم لە دۆڵی چەمی دوودا کەوتۆتە مەلە! لەوبەر، لە قەراخی چەپی چەمەکە، پێنج شەش دۆڵی مارپێچ هەیە کە لە قووڵاییاندا جۆگەلەی بەپیت ئەبینرێ. ئەم جۆگەلانە، پاش بازدانە خوارەوە لە تاڤگەیەکەوە بۆ تاڤگەیەکی تر ئەچنە ناو چەمی دووەوە. هەتاوی ئەم کوێستانە زۆر گەرمە و کە ئەکەوێتە بان سەر، بیر و ڤرۆشەی[10] گەشتیار پەنا ئەباتە بن چنارە جوان و بەشکۆکان. باڵاکردنی خێرا و سەوزی دڵڕفێن و شینباوی ئەم درەختانە بە هۆی ئەو خاکرێژە دەستکردەیە کە جەنابی شارەوان لە پشت دیوارە مەزنە پشتیوانەکەی خۆی هەڵیرێژاوە. چونکە جەنابی شارەوان سەرەڕای نەیاریی ئەنجومەنی شارەوانی، زیاتر لە شەش پێ سەیرانگەکەی پەرە پێداوە. جا، هەرچەند ئەو پارێزخواز و من ئازادیخوازم، بەڵام ناتوانم ڕێز لەم کارەی نەگرم. بۆیەشە بە ڕای ئەو و بە بۆچوونی جەنابی ڤالێنۆ[11]،

---

١٠ ـ ڤرۆشە: imagination ناو ئەندێشە، وەرم، تەمار، پندار، هۆن، گومان، ڕامان، کەڵکەڵە، بوورە، توانا یان کرداری پێکهێنانی بیرۆکەی نوێ، یان وێنە یان چەمکی دیاردە دەرەکییەکان کە لە بەردەم هەستەکاندا ئامادە نین و دەستیان پێیان ناگات. ع خیال N fantasi د خیال.

١١ ـ M. Valenod



بەڕێوەبەری خۆشبەختی هەژارخانەی ڤێریر، ئەم سەیرانگایە شان لە شانی سەیرانگای «سەن ژێرمەن ئالێ»[١٢] ئەدات.

من خۆم جگە لە خاڵێک، هیچ ڕەخنەیەکم لە سەیرانگەی فێدلیتە[١٣] نییە. ئەم ناوە فەرمیە دەرزەنێک جار لە سەر بەردە مەڕمەڕ، کە مەدالیایەکی بە مەدالیاکانی جەنابی دورێنال زیاد کردووە، ئەبینرێ. ڕەخنەکەی منیش لەم سەیرانگەیە، ئەو شێوازە دڕندانەیە کە بە فەرمانی بەڕێوەبەران، بۆ داپاچین و لقوپۆکردنی چنارە گەورەکان بەکاری ئەهێنن. گەورەترین ئارەزووی ئەم درەختانە، لەبری ئەوەی سەروبەچکیان بەو جۆرە ببڕن، کە بە سەری خڕیانەوە لە سەوزەی خواردن بچن، ئەوەیە کە ڕواڵەت و ڕوخساری بنەماڵە بەریتانیەکەیان لێ نەسەنرێ. بەڵام حەز و ویستی جەنابی شارەوان قسەی تیا ناکرێ و ئەبێ ساڵی دوو جار هەموو ئەو درەختانەی هی ڤێریرە بەوپەڕی بێبەزییەوە هەڵپاچرێ. ئازادیخوازانی ناوچەکە ــ دیارە بە قەبەکردنەوە ــ ئەڵێن لە وەتەی جەنابی مالۆن، جێگری قەشە، خووی بەم داپاچینەوە گرتووە، کارەکە زۆر دژوارتر بووە.

ئەم قەشە جەوانە چەند ساڵ بەر لە ئێستە بۆ چاودێری کردنی کارەکانی قەشە شەلان[١٤] و چەند پێشنوێژی تر، لە لایەن بەڕێوەبەرێتی «بزانسۆن»ەوە[١٥] نێردرابوو. نەشتەرگەرێکی پیر

---

١٢ـ سەن ژێرمەن ئالێ: Saint_Germain en Laye لە گەڕەکە سەرەکییەکانی ڕۆژاوای پاریس، ناوشار و چەمی «سێن»ی لێوە دیارە و دیمەنێکی دڵڕفێنی هەیە.

١٣ـ Cours de la Fidelite

١٤ـ Chelan.

١٥ـ Besançon، ناوەندی فرانش کۆنتێ و لە سەر چەمی «دوو» سازکراوە. شارێکی

کە پاش خزمەتکردن لە سپای ئیتالیا خۆی لە ڤێریر گۆشەگیر کردبوو و بە بۆچوونی جەنابی شارەوان، هەم ژاکۆبون[١٦] بوو و هەم لایەنگری بوناپارت، ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستی لە خۆی داشۆرد و سەبارەت بە هەڵپاچینی بەردەوام و ناوبەناوی ئەم درەختە جوانانە سکاڵای برد بۆ لای جەنابی شارەوان.

جەنابی دورێنال، بە خۆ گێڤ کردنەوەیەکەوە، کە کاتی ئاخافتن لەگەڵ نەشتەرگەرێکی خاوەنی مەدالیای لژیۆن دۆنۆر لەبار بێ، وەڵامی دایەوە:

ـمن حەزم لە سێبەرە، من حەزم لە سێبەرە و هەر بۆ بەدیهێنانی سێبەرە کە فەرمانی ڕازاندنەوەی درەختەکانی خۆم ئەدەم و پێم وایە هەموو درەختێک هەر بۆ سێبەرەکەی دروستکراوە، ئەگەر وەکو دارگوێز بەهرە و گەڕاوەی نەبێ.

بەهرە و گەڕاوە[١٧]، ئەو زاراوە ڕازاوەیە چارەنووسی هەموو شتێک لە ڤێریردا دیاری ئەکات. ئەم زاراوە بە تاقی تەنها نموونەی بیرکردنەوەی سێ لە سەر چواری دانیشتوانی ئەم شارەیە.

بەهرە و گەڕاوە ئەو هۆکارەیە کە چارەنووسی هەموو شتەکانی ئەم شارۆچکەیە، کە پێتان جوانە، دیاری ئەکات. بێگانەیەک کە پێ ئەنێتە ئەم شارە و دڵی ئەچێتە سەر جوانی دۆڵە قووڵ و سەرسەوزەکانی دەوروبەر، پێش هەموو شت دانیشتوانی ئەم شارە بە شەیدا و خولیای جوانی ئەزانێ. ئەوان لە ڕادەبەدەر باسی جوانی مەڵبەندی خۆیان ئەکەن؛ ناتوانین چاو لەوە بپۆشین

پیشەسازی و کولتووری گرنگە. زادگەی ژمارەیەک لە ناودارانی فەڕانسەیە.

١٦ـ ژاکۆبۆن: Jacobon لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی فەڕانسە، ئەم ناوە سەرەتا بە لیژنەکانی لایەنگری شۆڕش ئەوترا، پاشانیش بە واتای «لایەنگری توندوتیژی دیموکراسی» بەکار برا.

١٧ـ بەهرە و گەڕاوە: yields a return بەهرە، گەڕانەوەی داهاتی سەرمایەی وەگەڕخراو یان سوودی دڵنیایە، گەڕاوەش بەدەستهێنان یان لە دەستدانی دڵنیایی لە خولێکی تایبەت دایە، کە گەڕانەوەی سوودی سەرمایەی ڕێژەییە.

کە زیاد لە پێویست گرنگی پێ ئەدەن، هۆکەشی ئەوەیە کە ئەم جوانییە ژمارەیەک بێگانە بۆ ئەم شارە ڕائەکێشێ کە پارەی گەشتیار، خاوەن هوتێلەکان دەوڵەمەند ئەکات و ئەم کارەش، لە ڕێگەی باجدانەوە، بەهرە و گەڕاوە بۆ ئەم شارە بەدی ئەهێنێ.

ڕۆژێکی پایزی جەنابی دورێنال، قۆڵی لە قۆڵی ژنەکەیدا لە سەیرانگەی فێدلیتە پیاسەی ئەکرد. خاتوو دو ڕێنال، لەگەڵ گوێگرتن لە قسەکانی مێردەکەی کە زۆر بە پۆز و دەعیە ئەدوا، بە پەرۆشەوە چاوی لە هەڵات هەڵاتی سێ کوڕە مناڵکارەکەی بوو. کوڕە گەورە کە ڕەنگە یانزە ساڵ ئەبوو، بەردەوام نزیکی دیواری پشتیوان ئەبوویەوە و وای دەرئەخست کە ئەیەوێ پیا هەڵگەڕێ. دەنگێکی دڵسۆز لەو کاتانەدا ناوی ئادۆڵفی بانگ ئەکرد و مناڵەکەی لە نەخشەی چەتوونانەی پەشیمان ئەکردەوە. خاتوو دو ڕێنال ژنێکی سی ساڵان خۆیای ئەکرد، بەڵام ژنێک کە هێشتا زۆر شەنگ بوو.

جەنابی دورێنال بە دەنگێکی ڕەنجاو و گۆنای بێڕەنگتر لە کاتی ئاسایی، وتی:

ـ ئەم جوانکیلە پاریسییە لەو کارانەی خۆی ژێوان ئەبێتەوە. من لە «دەربار» بێ دۆست و ئاشنا نیم. من ئەگەر بمەوێ دووسەد لاپەڕەش باسی شارستانتان بۆ بکەم، هەوڵ نادەم بە درێژدادڕی و تێبینیەکانی وتووێژی شارستانی تۆ بێتاقەت بکەم.

ئەو پاریسییە جوانکیلەی کە جەنابی شارەوان تا ئەو ڕادەیە نەفرەتی لێ ئەکرد، هەمان جەنابی ئەپێر[١٨] بوو، کە دوو ڕۆژ بەر لەمە سەری کردبوو بە زیندان و هەژارخانەدا و جگە لەمانە سەردانی نەخۆشخانەیەکیشی کردبوو کە بە شێوەی خۆبەخش لە لایەن شارەوان و زەویدارە گەورەکان بەڕێوە ئەبرێ.

١٨ـ Appert.

خاتوو دو ڕێنال بە شەرمەوە وتی:

ــلە کاتێکا تۆ بەوپەڕی پاکییەوە ئاگات لە پارەی هەژاران هەیە، ئەم پاریسییە ئەتوانێ چ زیانێکت پێ بگەیەنێ؟

ــیەکەم مەبەستی ئەو لە هاتن بۆ ئم شارە ئەوەیە کە بارانی جنێو و لۆمەکردن داباریێنێ و چەند وتارێک لە ڕۆژنامە ئازادیخوازەکاندا بڵاو بکاتەوە.

ــگیانەکەم، خۆ تۆ هەرگیز ئەو ڕۆژنامانە ناخوێنیتەوە.

ــبەڵام خەڵکی باسی ئەم وتارە ژاکۆبونیانە بۆ ئێمە ئەکەن، ئەم شتانە ئەندێشەمان پەرێشان ئەکەن و ناهێڵن بە کاری چاکە ڕابگەین! بەڵام من خۆم، هەرگیز قەشە نابەخشم.

بەندی III

# شەمەکی هەژاران

هەبوونی قەشەیەکی پاکیزە و بێ پیلان بۆ ئاوایی،
وەکو چاودێری پەروەردگار وایە.
(فلۆری)[19]

باشترە ئەوە بزانین قەشەی شاری ڤێریر، پیرەمێردێکی هەشتا ساڵان بوو کە بە شنەی هەوای ساردی ئەم کوێستانەوە، نەک هەر تەندروست، بەڵکو خاوەنی کەسایەتییەکی پۆڵایینیش بوو؛ مافی ئەوەی هەبوو هەر کاتێکی شەو و نیوەشەو بتوانێ سەردانی زیندان و نەخۆشخانە و تەنانەت هەژارخانەش بکات. جەنابی ئەپێر کە نامەیەکی ڕاسپاردەی لە پاریسەوە بۆ قەشە هێنابوو، وای بە ژیرانە زانیبوو، ڕێک کاتژمێر شەشی بەیانی پێ بنێتە ناو ئەم شارۆچکەیە و یەکسەر بچێ بۆ دەیری قەشە.

قەشە شەلان لە خوێندنەوەی ئەو نامەیەی کە جەنابی «لۆمارکیز دۆلامۆل» ئەندامی ئەنجومەنی دەمڕاستان و گەورەترین زەویداری ناوچەکە بۆی نووسیبوو، چووە ناو بیرەوە.


لە ئەنجامدا بە ئەسپایی بە خۆی وت:

ــمن پیرم و لەم شارەدا ڕێزێکم هەیە. ناوێرن!...

دەسبەجێش ڕووی کردە کابرای پاریسی، چاوەکانی سەرەڕای پیریی پڕ بوو لە درەوشانەوەی ئەو ئاگرە پیرۆزەی لە ئەنجامی

---

١٩ـ فلۆری: André_Hercule de Fleury. (١٦٥٣ـ١٧٤٣) کاردیناڵی فەڕانسەیی، پەرتووکی زۆری دەربارەی کلیسا نووسیوە. سەرۆک وەزیرانی لویی پانزە بوو.




شادمانی هەستان بە کارێکی پیرۆز و تۆزێک مەترسیداردا خۆی پیشان ئەدا.

ئینجا وتی:

ــوەرە لەگەڵم، جەناب. بەڵام داوات لێ ئەکەم لە بەردەمی وەردیان و بە تایبەت چاودێری هەژارخانە، سەبارەت بەو شتانەی کە ئەی بینین، هیچ ڕایەک دەرنەبڕیت.

جەنابی ئەپێر تێگەیشت مرۆڤێکی جەربەزەی تووش بووە. لە پشت سەری قەشەی بەڕێزەوە کەوتە ڕێ و چوو بۆ سەردانی زیندان و نەخۆشخانە و هەژارخانە. زۆری پرسی و هەرچەند وەڵامی سەیر و سەمەرەی بەرگوێ کەوت، کەمترین شتێک کە نیشانەی سەرکۆنەکردن بێت، پێوەی نەبینرا.

ئەم سەردانە چەندین کاتژمێری خایاند. قەشە، جەنابی ئەپێری میوان کرد بۆ نانی شێوان، بەڵام میوان بە بیانووی ئەوەی کە ئەبێ نامە بنووسێ، خۆی بوارد. جەنابی ئەپێر نەی ئەویست هاوڕێ جوامێرەکەی لەوە زیاتر بەدناو بکات. کاتژمێر نزیکەی سێ، ئەم دوو جەنابە بە مەبەستی تەواوکردنی پشکنین بەرەو هەژارخانە کەوتنە ڕێ. پاشان گەڕانەوە بۆ زیندان و لە بەردەرگا وەردیانیان بینی کە کابرایەکی زەبەلاحی شەش پێ باڵا بوو بە بەلەکی کەوانیەوە، ڕوخساری نەمرچی لە ترسان ئەوەندەیتر دزێو ببوو.

کاتێک کە قەشەی بینی وتی:

ــئا، بەڵێ... ئەم جەنابەی لەگەڵتانە ئەبێ جەنابی ئەپێر بێ!

ــدەیجا ؟!

ــچونکە لە دوێنێوە، فەرمانی ڕاستەوخۆم بۆ هاتووە ڕێگەی جەنابی ئەپێر نەدەم بچێتە ناو زیندان و، ئەم فەرمانەش لە لایەن

جەنابی پارێزگارەوە بە هۆی جەندەرمەیەکەوە نێردراوە بۆ من کە بە درێژایی شەو، ئەسپی ئاژووتووە.

قەشە وتی:

ــجەنابی نوارۆ[٢٠] پێتان ئەڵێم کە ئەم میوانەی لەگەڵ منە جەنابی ئەپێرە، خۆشتان ئەوە ئەزانن من هەموو کاتێکی شەو و ڕۆژ و لەگەڵ هەر کەسێک پێم خۆش بێ، ئەتوانم بچمە ژوورەوەی زیندان.

وەردیان وەکو سەگێک کە لە ترسی دارەدەست بە ناچاری سەری شۆڕ ئەکا، سەری شۆڕ کرد و بە ئەسپایی وتی:

ــبەڵێ جەناب، ڕاست ئەفەرمووی. بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە منیش ژن و مناڵدارم، ئەگەر ڕاپۆرتم لێبدەن دەرم ئەکەن. من جگە لەم کارە داهاتێکی ترم نییە.

قەشەی بەڕێز بە دەنگێک کە تێکەڵ بە سۆز بوو، وتی:

ــمنیش ئەگەر کارەکەم لەدەس بدەم، زۆرم پێناخۆش ئەبێ.

وەردیان بە توندی وتی:

ــبەڵام من لە کوێ و ئێوە لە کوێ؟ هەموو کەس ئەزانێ جەنابتان ساڵی هەشتسەد فرانک داهاتتان هەیە، شوێنی خۆشی بەربەڕۆژ و...

ئەمە بوو ئەو ڕووداوانەی کە دوو ڕۆژ بوو بە شێوازی جۆراوجۆر لێکدرابوویەوە و قەبە کرابوو و ڕق و تووڕەیی شارۆچکەی ڤێریری پەرە پێ ئەدا و ئێستاکانێ بابەتی وتوێژێک بوو کە جەنابی دورێنال و ژنەکەی هەیانبوو. بەیانی ئەو ڕۆژە، جەنابی دورێنال، لەگەڵ جەنابی ڤالێنۆ بەڕێوەبەری هەژارخانە بۆ دەربڕینی گازەندەی خۆیان چووبوون بۆ ماڵی قەشە. قەشە شەلان کە هیچ پاڵپشتێکی نەبوو بیپارێزێ و، لە قسەکانی ئەوانیش

٢٠ ـ Noiroud.

تێگەیشتبوو، وتی:

ــزۆر باشە جەنابان! کە وا بوو من سێیەمین قەشەی هەشتا ساڵانم کە لەم مەڵبەندە لە سەر کار لائەبرێم... پەنجا و شەش ساڵە لەم ناوچەیە ئەژیم و... زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە کە کاتی هاتنی من لە گوندێک پتر نەبوو، خۆم مارەم بڕیون و ئێستەش ئەو گەنجانە لێک مارە ئەبڕم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان داپیر و باپیریانم لێک مارە بڕیون. ڤێریر بنەماڵەی منە. بەڵام بە بینینی ئەم بێگانەیە بە خۆمم وت: «ئەم کابرایە لە پاریسەوە هاتووە، ڕەنگە بە ڕاستی لە ئازادیخوازان بێ. ئازادیخواز لەم وڵاتە زۆرن. بەڵام ئەو ئەتوانێ چ زیانێک لە هەژاران و زندانیەکانی ئێمە بدات؟»

کاتێکیش کە گلەییەکانی جەنابی دورێنال و بە تایبەت لۆمەکانی جەنابی ڤالێنۆ بەڕێوەبەری گەداخانە زیاتر پەرەی سەند، قەشە بە دەنگێکی لەرزۆک نالاندی:

ــزۆر چاکە جەنابی شارەوان و جەنابی بەڕێوەبەری هەژارخانە، فەرمان بدەن من دەربکرێم. سەرەڕای ئەوەش من هەمدیسان ئەم ناوچەیە جێ ناهێڵم. خۆتان ئەزانن چل و هەشت ساڵ لەمەوبەر، کێڵگەیەکم بە میرات بۆ بەجێماوە کە هەشتسەد فرانک داهاتێتی و هەر بەو پارەیەش ئەژیم. من هیچ پاشەکەوتێکم لە کارەکەم نییە و ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەشە لە دەرکردن ناتۆقم.

جەنابی دورێنال لەگەڵ ژنەکەی زۆر باش ئەژیا. بەڵام سەبارەت بەم ڕادەربڕینە شەرمنانەی ئەو دامابوو و نەی ئەزانی چ وەڵامێک بەم پرسیارە بداتەوە: «ئەم پاریسییە ئەتوانێ چ زیانێک بە زیندانییەکانمان بگەیەنێ؟» خەریک بوو توورە ئەبوو، کە ژنەکەی یەک بە خۆی قیژاندی؛ چونکە کوڕی دووەمی لە دیواری پشتیوان سەرکەوتبوو و هەرچەند بەرزایی ئەم دیوارە لە ڕەزەکەی ئەودیو ئەگەیشتە بیست پێ، بە سەریدا هەڵئەهات. خاتوو دو ڕێنال، لە

ترسی ئەوەی نەکا کوڕەکەی بترسێنێ و ببێتە هۆی بەربوونەوەی بۆ ئەودیو، نەی ئەوێرا هیچی پێ بڵێ. سەرەنجام مناڵەکە، کە لە ئازایەتی خۆی شادمان بوو، ئەوەندەی چاوی بە دایکی کەوت و بینی دایکی ڕەنگی بە ڕووەوە نەماوە، بازی دایەوە ناو سەیرانگەکە و بەرەو دایکی هەڵات؛ کە لۆمە و هەڕەشەی زۆری بەرگوێ کەوت.

ئەم ڕووداوە بچکۆلەیە ئاقاری وتووێژەکەی گۆڕی.

جەنابی دورێنال وتی:

ــلێبڕاوم لەگەڵ سۆرێل ڕێ بکەوم و کوڕی دارتاش بهێنم بۆ ماڵی خۆمان. زۆر بەکارمان دێت. ئەم کوڕە، قەشەیەکی گەنجە یان شتێکی لەم بابەتە. جگە لەمەش زمانی لاتین بە باشی ئەزانێ و ئەبێتە هۆی پێشکەوتنی مناڵەکان. بە گوتەی قەشە کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە. سێسەد فرانکی ئەدەمێ و نان و ئاویش. من گومانم لە ڕەوشتی ئەو هەبوو؛ کەچی ئەو خۆشەویستی نەشتەرگەری پیر و خاوەنی مەدالیای لژیۆن دونور بوو، کە بە بیانووی خزمایەتی هاتبوو بۆ ئەم شارە و شەو و ڕۆژ لە ماڵی سۆرێل ئەژیا. بۆی هەبوو ئەم کابرایە لە بنەوە سیخوڕی ئازادیخوازەکان بووبێ. ئەیوت هەوای کوێستانەکانی ئێمە بۆ ئەو باشە، بەڵام ئەمە شتێک نییە سەلمێنرابێ. ئەو لە هەموو جەنگەکانی بۆناپارتیە[٢١] لە ئیتالیا بەشداری کردبوو و وەک ئەوترا، کاتی خۆی سەبارەت بە جێگیربوونی ئیمپراتۆری، دەنگی نەیاری دابوو. ئەم ئازادیخوازە زمانی لاتینی فێری کوڕەکەی سۆرێل کردبوو و ئەو هەموو پەرتووکەی لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆی بەجێ هێشتبوو. بۆیە من هەرگیز بە بیرمدا نەئەهات کوڕی دارتاش بهێنم بۆ ماڵی خۆمان. بەڵام قەشە، ڕاست لە پاش ئەو دەمەقاڵەی تا قیامەت نێوانمانی تێکداوە، بە منی وت کە ئەم سۆرێلە سێ ساڵە وانەی دینی

---

٢١ ـ Buonapartè ـ دوژمنەکانی بۆناپارت ناوە ئیتالیاییەکەی بەکار ئەهێنن.

ئەخوێنێ و نیازی وایە بچێ بۆ فێرگەی کاسۆلیکی. کە وا بوو، ئازادیخواز نییە و لاتین زانە.

جەنابی دورێنال، سەرنجێکی ڕامیارانەی دا و لە درێژەی قسەکانیدا وتی:

ــئەم ئاڵوگۆڕە سوودی تریشی هەیە، جەنابی ڤالێنۆ زۆر بەو دوو ئەسپەوە ئەنازێ کە بۆ عەرەبانەکەی خۆی کڕیوە. بەڵام مامۆستایەکی بۆ مناڵەکانی نەگرتووە.

ــبۆی هەیە مامۆستاکەشمان لێ بڕفێنێ!

جەنابی دورێنال، بە پێکەنینێکەوە سپاسی ژنەکەی کرد کە ئەو بیرە ناوازەیە بە مێشکیدا هاتووە و وتی:

ــواتە تۆ نەخشەکەی منت بەدڵە؟ کە وا بوو ئەوا بڕیارمان دا!

ــچەندەم پێخۆشە کە ئاوا بە خێرایی ساخ ئەبیتەوە و بڕیار ئەدەی!

ــچونکە خاوەن بڕیارم و قەشەش ئەو لێبڕاوییەی لە مندا بینیوە. نابێ هیچ شتێک بشارینەوە، لێرە واین لە گەمارۆی ئازادیخوازندا. تەواوی ئەم کووتاڵفرۆشانە ئێرەییم پێ ئەبەن و هیچ گومانم لەوەدا نییە. دوان سیانێکیشیان زۆر دەوڵەمەند بوون... زۆر چاکە! زۆر حەز ئەکەم بە چاوی خۆیان ببینن کە مناڵەکانی جەنابی دورێنال بە سەرپەرشتی مامۆستاکەیان ئەچن بۆ گەڕان و پیاسە. ئەم کارە ئەبێتە مایەی ڕێز و پایەبەرزی. باپیرەم زۆر جار پێی ئەوتین بە گەنجێتی مامۆستای تایبەتی هەبووە. ئەم کارە ڕەنگە سێسەد فرانکی تێ بچێ، بەڵام ئەم سێسەد فرانکە ئەو پارەیەیە کە خەرجکردنی بۆ پاراستنی ڕێز و پلەی ئێمە پێویستە.

ئەم بڕیارە کتوپڕە، بە تەواوەتی خاتوو دو ڕێنالی خستبوویە ناو بیرەوە. ژنێکی باڵابەرز و بەژن شەنگ کە بە گوتەی

کوێستانیەکان «شاژنی جوانی وڵات» بوو، دارەتێکی سادە و ڕەفتارێکی کەنیشکانە و پڕ لە جوانی هەبوو. لای یەکێکی پاریسی ئەم تەرچکیە ساکار و پڕ لە پاکی و وزە و شادیە، بۆی هەبوو حەز و ئارەزوویەکی شیرین لە دڵدا بورووژێنێ. خاتوو دو ڕێنال ئەگەر بە وەها سەرکەوتنێکی بزانیبا، دەسبەجێ لەم بابەتەوە شەرم دایئەگرت. ئەم دڵەی ئەو، نە هەرگیز ناز و دڵبەری لێ نزیک ببوویەوە و نە خۆبادان و لەنجەی دەستکرد. ئەزانرا کە جەنابی ڤالێنۆ بەڕێوەبەری دەوڵەمەندی هەژارخانە حەزی لێکردبوو، بەڵام لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو نەببوو. هەر ئەم بابەتەش تیشکێکی مەزنی خستبوویە سەر بێگەردی و داوێنپاکی ئەو پاکیزەیە. چونکە، جەنابی ڤالێنۆ، ئەم گەنجە باڵابەرزە بەوەجە، بەو ڕوخسارە سوورهاڵ و ڕیشە ڕەش و تۆپەی خۆیەوە یەکێک بوو لەو مرۆڤە ڕووداملڕاو و بەگۆنگڵ و بێفەڕانەی کە لە شارەکاندا، بە قۆز ئەژمێردرێن!

خاتوو دو ڕێنال، کە بۆ خۆی زۆر کەمڕوو بوو و دەروونێکی بەڕواڵەت هەڵچووی هەبوو، زیاتر لە هەژان و قیژە و هەرای بەردەوامی جەنابی ڤالێنۆ وەڕەز ببوو. خۆ دووررڕاگرتنی لەو شتەی لە ڤێریر بە شادمانی ئەژمێردرێ، ئەو ناوبانگەی بۆ بەدیهێنابوو کە زۆر شانازی بە خانەدان و بنەچەی خۆیەوە ئەکات. ئەو لە بیری ئەم شتانەدا نەبوو. بەڵام لەوە دڵڕازی بوو کە خەڵکی شار زۆر کەم هاتوچۆیان ئەکەن. ئێمە ئەم بابەتەش ناشارینەوە کە خاتوو دو ڕێنال لە ڕوانگەی ژنانی شارەوە بە گەوج ئەژمێردرا، چونکە هیچ ڕامیاریەکی بەرامبەر مێردەکەی نەبوو و ئەو هەمووە هەلە باشەی بۆ کڕینی کڵاوی جوان و ڕازاوەی پاریس و بزانسۆن بۆی هەڵئەکەوت، لە دەستی ئەدا. واتە بەو مەرجەی لێی بگەڕایەتن بە تاقی تەنها لە باخە جوانەکەی خۆی پیاسە بکات، هەرگیز گلەیی

نەئەکرد و هیچی نەئەویست.

گیانێکی پاک و ساکار بوو کە هەرگیز ڕەخنەی لە شووەکەی نەگرتبوو و تەنانەت لە لای خۆیشی ئەوەی نەوتبوو کە ئەو مێردە بۆتە مایەی جاڕسبوونی. بە بێ ئەوەی لەگەڵ خۆی وتبێتی، پێی وا بوو لە نێوان ژن و مێردا پەیوەندییەکی لەمە شیرینتر و خۆشتر بوونی نییە. بە تایبەت کاتێک جەنابی دورێنالی خۆش ئەویست کە سەبارەت بە گەڵاڵەی پلانەکانی خۆی دەربارەی منداڵەکان لەگەڵی ئەدوا و؛ یەکیانی ئەنارد بۆ سپا و ئەویتری ئەکرد بە دادوەر و سێیەمیشی بۆ کلیسا ناودیر ئەکرد. بەگشتی ئەبێ بڵێین جەنابی دورێنالی لە هەموو ئەو پیاوانەی ئەیناسی، کەمتر بە مایەی وەڕەزبوون ئەزانی.

ئەم بۆچوونەی هاوسەرێتی بۆچوونێکی پەسەند بوو. شارەوانی ڤێریر ناوبانگ و قۆشمەیی و بە تایبەت بارهێنانی خۆی منەتباری ئەو دەرزەنە نوکتە و قسەخۆشە بوو کە لە مامی پێی گەیشتبوو. کاپتن دورێنالی پیر، پاش شۆڕش، لە ئەفسەرەکانی تیپی پیادەی جەنابی دووک دورلیان بوو و کاتێک کە ئەچوو بۆ پاریس لە بەزمی شازادەکاندا ڕێگەی ئەدرا. خاتوو دومونسۆن[٢٢] و خاتوو دوژانلیەی[٢٣] بەناوبانگ و جەنابی دووکریەی[٢٤] داهێنەری پالە ڕۆیاڵی هەر لەوێ بینیبوو. ناوی ئەم کەسانە لە سەربردەی جەنابی دورێنالدا زۆر ئەهاتە ئاراوە. بەڵام وردە وردە بیرهێنانەوەی ئەو بابەتانەی کە گێڕانەوەیان کارێکی دژوار بوو و پێویستی

٢٢ـ خاتوو دومونسۆن: Madame de Montesson نووسەر و خاون کۆڕی وێژەیی فەڕانسەیی.

٢٣ـ خاتوو دوژانلیە: Madame de Genlis (١٧٤٦ـ١٨٣٠) ڕۆماننووسی فەڕانسەیی سەبارەت بە پەروەردەی منداڵ، شێوازی ژیان و ڕوانگەی مێژووی سەردەمەکەی.

٢٤ـ M. Ducrest ـ برای خاتوو دووژانلیە و داهێنەری گۆڕانکاری Palais_Royalـە کە لە ١٦٢٩ بۆ ڕیشیلیو دروستکرا و پاشان گەورە کرا.



بە وردبینی هەبوو، ببوو بە گرێ بەسەر دڵییەوە. ماوەیەک بوو چیرۆکەکانی خۆی سەبارەت بە بنەماڵەی ئۆرلیانی خۆی جگە لە دەرفەتە گەورەکاندا، نەئەگێڕایەوە. لە لایەکی تریشەوە، جگە لەو کاتانەی کە باسی پارەی ئەکرد، زۆر کابرایەکی سەلار و بەئەدەب بوو و ڕاست و ڕەوا، بە گەورەترین ئاریستۆکراتی ڤێرير ئەژمێردرا.

بەندی IV

# باوك و كوڕ

ئەوسا كە ڕووداوەكان بەم جۆرە ڕوو ئەدەن
تاوانەكە لە ئەستۆی من ئەبێ؟
(ماکیاڤێللی)

بەیانی ئەو ڕۆژە، کاتێک کە سەرۆکی شارەوانی ڤێریر بەرەو کارگەی داربڕییەکەی بابە سۆرێل ئەچوو، بە خۆی ئەوت: «ژنەکەم بەڕاستی زیرەک و زانایە! سەرەڕای ئەو هەموو شتەی پێم وتووە، هیچ ئاگام لەوە نەبوو ئەگەر من ئەم قەشە گەنجە دانەمەزرێنم، ڕەنگ بوو بەڕێوەبەری هەژارخانە، ئەم بوونەوەرە بێ جوولەیە، بۆ پاراستنی بالادەستی خۆی، هەر ئەو بۆچوونەی هەبێ و ئەو مامۆستایەی وەک فریشتە زمانی لاتین ئەزانێ ببات بۆ خۆی. ئەوسا بە چ شێوازێکی لەخوباییانە باسی مامۆستای منالەکانی بکردایە!... ئەم مامۆستایە، ئەو ڕۆژەی کە بوو بە فەرمانبەری من، بەرەکی قەشەیی لەبەر ئەکات؟»

جەنابی دورێنال لە ناو بیری ئەم شک و گومانەدا بوو کە چاوی بە جووتیارێک کەوت شەش پێ بالای بوو و لە سپێدپەهناوە خەریکی ئەندازەگرتنی ئەو دارانە بوو کە لە قەراخ چەمی «دوو» لە سەر ڕێی کەشتییەکان، دانرابوون.

جووتیارەکە وا دیار بوو لە نزیکبوونەوەی شارەوان، شادمان نییە، چونکە دارەکانی ڕێگەکەیان گرتبوو و ئەمەش پێچەوانەی ڕێسا بوو.

ئەم کەسە کە هەمان بابا سۆرێل بوو، لەو پێشنیازە سەیرەی کە جەنابی دورێنال سەبارەت بە کوڕەکەی ئەو ژوولیەن[٢٥] هەیبوو، زۆر سەری سووڕ ما و شادمانییەکەی زۆر لە واقمانەکەی پتر بوو. کەچی سەرەڕای ئەمەش، دیسانەوە بەو ڕوخسارە غەمناک و ناڕازییەی لە پشت دەمامکی فێڵاوی ئەم کوێستانیانەدا هەیە، گوێی بۆ قسەکانی شارەوان ڕادێرا. ئەمانە کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئیسپانیادا کۆیلە بوون، ئەو ڕوخسارەی جوتیاری میسرییان هەتا ئێستەش پاراستووە.

سۆرێل، سەرەتا جگە لە دووپاتکردنەوەی ئەو بەندانەی قانوونی ڕێزلێنان کە لەبەری بوو، وەڵامێکی تری نەدایەوە. کاتێکیش ئەم قسە بێ کەڵکانەی بە پێکەنینێکی خاو و ڕەمەکی ئەگوتەوە و پێکەنینەکەی زیاتر دارەتی درۆزنانە و دەستکردی ئەوی دەرئەخست، مێشکی چالاکی جوتیار بە دوای هۆ و سۆنگەیەکەوە بوو کە پیاوێکی ئاوا خاوەن ڕێز و نیشانی وا لێکردووە کوڕە بێ سەروپێکەی ئەو هەڵبژێرێ! ئەو بۆ خۆی لە بناغەوە لە کوڕەکەی ناڕازی بوو و کەچی هەر بۆ ئەم کوڕە بوو کە جەنابی دورێنال ساڵانە سێسەد فرانک مووچەی ئەدا، کە هەر جێگەی بڕوا نەبوو و، تازە جگە لە پارە، نان و جلیشی پێ ئەدا! ئەم داواکارییەی کە بابە سۆرێل هەر ئێستە زیرەکی پێشنیازکردنی دابووی لە مێشکی، وەک ئەوانی تر لە لایەن جەنابی دورێنالەوە قبووڵ کرد.

ئەم داوایە بووە مایەی سەرسووڕمانی جەنابی شارەوان. بە خۆی وت: سۆرێل ئەبێ لە پێشنیازەکەی من شادمان بێ، بەڵام وا دەرناکەوێ. واتە دیارە لە لای تریشەوە پێشنیازی پێکراوە و ئەم پێشنیازەش مەگەر لە لایەن ڤالێنۆوە ئەگینا کێی تر هەیە؟ جەنابی دورێنال گوشاری بۆ سۆرێل هێنا کە دەسبەجێ

٢٥ ـ ژوولیەن: Julien ژوولیە، جولیان.

گرێبەستەکە بنووسرێ، بەڵام ئەم گوشارە بێ سوود بوو؛ فێڵ و دەهۆی گوندیی پیر زۆر بە توندی ڕێگەی لەو کارە گرت. بە قسەی خۆی ئەیەوێ لەگەڵ کوڕەکەی ڕاوێژ بکات. وەک بڵێی لە شارۆچکەیەکی ئاوەهادا، باوکێکی دەوڵەمەند لەگەڵ کوڕێک کە هیچی نییە، ڕاوێژ ئەکات!

کارگەی تەختەسازی ئاوی، بریتیە لە هەمارێک لە قەراخ جۆگەیەک. میچەکەی بە هۆی دارەڕاوە لە سەر چوار ئەستوونی دار ڕاگیراوە. لە ناوەڕاستی هەمارەکە، بە بەرزایی هەشت نۆ پێ، مشارێکی لێیە کە بەردەوام سەر و خوار ئەکا و لەم دارەتەدا، ئامێرێکی زۆر ساکار، دارەکە ئەبا بەرەو مشارەکە. ئەو شتەی کە ئەم ئامێرە دووانەیە ئەخاتە گەڕ، چەرخێکە کە بە هۆی ئاوی جۆگەکەوە ئەسووڕێ. ئەم ئامێرە دووانەیە، یەکیان مشارێکە کە سەر و خوار ئەکا و ئەوی تریشی دەزگایەکە کە هێدی هێدی دارەکە ئەبا بەرەو مشارەکە و مشاریش وەکو تەختە ئەیبڕێ.

بابە سۆرێل کاتێک کە لە کارگەکەی نزیک ئەبوویەوە، بە دەنگی بەرز و بەگرمەی خۆی ژوولیەنی بانگ کرد. ژوولیەن وەڵامی نەدایەوە. جگە لە کوڕە گەورەکانی کە هەر هەموویان ئەتوت دێون، تەوری زل بە دەستەوە، قەدی ئەو سنەوبەرانەیان چوارگۆش ئەکرد کە ئەیانبرد بۆ کارگە، کەسی نەبینی. بە تەواوەتی وەکو ئەو نیشانە ڕەشەی لە سەری دارەکە درابوو، خەریکی تەور وەشاندن بوون و بە هەر زەبرێکی تەورەکەیان، پارچەیەکی زلیان لە دارەکە ئەکردەوە. ئەمانە کە بە تەواوەتی سەرقاڵی کار بوون، دەنگی باوکیان نەبیست. بابە سۆرێل بەرەو هەمارەکە ڕۆیشت و ئەوەندەی چووە ژوورەوە کەوتە گەڕان بە دوای ژوولیەندا. لە شوێنی خۆی واتە لە تەنیشت مشارەکە، نەبوو، بەڵام بینی لە بەرزایی پێنج شەش پێ، وەکو ئەسپ سواری یەکێک لە کاریتەکان

بووە. ژوولیەن، لە بری ئەوەی بە وردی وریای هەموو لایەنەکانی کارکردنی مەکینەکە بێ، خەریکی پەرتووک خوێندنەوە بوو. هیچ شت لەمە زیاتر سۆرێلی پیری توڕە نەئەکرد. ڕەنگە ئەندامە باریک و لاوازەکەی ئەو کە بە کەڵکی کاری قورس نەئەهات و تا ئەو ڕادەیە لەگەڵ برا گەورەکانی جیاوازی هەبوو، بە تاوان نەئەزانی، بەڵام ئەم حەزە شێتانەی بۆ خوێندنەوە مایەی ڕق و بێزەونی ئەو بوو؛ خۆی خوێندەواری نەبوو.

دوو سێ جار بە بێهوودە ژوولیەنی بانگ کرد. ئەو سەرنجە قووڵەی ئەو دابوویە پەرتووکەکە، لە ڤیژە ڤیژی مشارەکە زیاتر، ڕێگەی نەدا دەنگی باوکی ببیسێ. پیرە باوک، بە ناچاری، وەک گەنجێکی چوست و چالاک، چووە سەر ئەو دارەی درابوویە دەستی و لەوێوە پێی نایە سەر کۆڵەکەیەکی شەفتووری. زەبرێکی سەخت و ئەو پەرتووکەی بە دەست ژوولیەنەوە بوو، بەرەو چەمەکە باڵی گرتەوە. زەبری دووەم کە بە هەمان توندی و بە چەپۆک کێشای بە سەری ژوولیەن‌دا، سەنتەری تێکدا و خەریک بوو دوانزە پێ، پانزە پێ یان خوارتریش، بکەوێتە نێوان نوێڵەکانی مەکینە، کە خەریکی سووڕان بوون و، وردوخاش ببێ. بەڵام باوکی بە دەستی چەپ، بە حەواوە گرتییەوە و وتی:

ــ تەمەڵ خان! دیسانەوەش کاتێک کە نۆرە کێشکتە لە سەر مشارەکە و ئەبێ ئاگات لێی بێ، کتێبە قۆڕەکانت ئەخوێنیتەوە؟ ئەم شتانە، بە شەو کاتێک کە ئەچی بۆ ماڵی قەشە ژیانی خۆت بەفیڕۆ بدەی، بخوێنەرەوە. خۆ من کارم پێت نەداوە.

ژوولیەن، سەرەڕای ئەوەی زەبری چەپۆکەکە سەرسامی کردبوو و سەرتاپێ خوێناوی بوو، لە شوێنکارەکەی لە قەراخی مشارەکە نزیک کەوتەوە. فرمێسک لە چاوەکانی‌دا قەتیس بوو و ئەم ئەسرینە، زیاتر لەوەی بەرەنجامی دەردی جەستە بێ، ئاکامی

لە دەستچوونی ئەو پەرتووکە بوو کە بە گیان و بە دڵ خۆشی ئەویست!

ــوەرە بۆ ئێرە، بزنە قەنی، ئەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

دەنگی مەکینەکە دیسانەوە نەیهێشت ژوولیەن فەرمانەکە ببیسێ. باوکی کە لە سەر کۆڵەکەکە هاتبوویە خوارەوە و نەی ئەویست جارێکی تر سەرکەوێتەوە، گەڕا بۆ کۆڵەوژێکی گوێز تەکاندن، کۆڵەوژی هەڵێنا و وەک نەقیزە لە شانی ژەند. قاچی هێشتا عەرزی نەگرتبوو کە سۆرێلی پیر بە تووڕەیی دایە بەر خۆی و بە زۆر بردییەوە بۆ ماڵەوە. گەنجەکە لە دڵیدا ئەیوت: «خوا ئەیزانێ چیم بەسەر بێنێ!» کاتی تێپەڕین، کز و دڵتەنگ سەیری ئەو جۆگەلەیەی ئەکرد کە پەرتووکەکەی تێکەوتبوو. ئەم پەرتووکە، هەمان ئەو پەرتووکە بوو کە لە هەموو پەرتووکەکانی تری زیاتر خۆشی ئەویست. ئەم پەرتووکە بیرەوەرییەکانی سەنت هێلن بوو.

گۆنای شلێرە و چاوەکانی داکەوتبوو. گەنجێکی ناسک و هەژدە نۆزدە ساڵان، بە ڕواڵەت لاواز بوو و هێڵەکانی ڕوخساری ناڕێک، بەڵام پڕ لە وردبینی. لووتی گەڕاوەی وەک دەنووکی هەڵۆ بوو. چاوەکانی ڕەش و قەڵەو کە نیشانەی وردبینی و بیرکردنەوە و گوڕ و گەرمی بوو. لەمکاتەدا وەک چاوەکانی گیانەوەرێکی لەچەر، پڕاوپڕی دژوارترین ڕق و کینە بوو. قژی وەک بەڕووی تاڵ کە زۆر لە خوارەوە ڕوا بوو، هەنیەی بچووک ئەکردەوە و کاتی تووڕەبوون، دارەتێکی دڕندانە لە نیگایدا بەدی ئەهات. لە ناو جۆرەکانی ڕوخساری مرۆییدا ڕەنگە هیچ ڕوخسارێک پەیدا نەبێ کە لەم ڕوخسارە شیاوتر نەخش و تایبەتمەندی بنوێنێتەوە. جەستەی چالاک و لەباری ئەوەی دەرئەخست کە خێرایی و سوکەڵەیی ئەم جەستەیە لە هێز و توانای زیاترە. دارەتی هەمیشە بە ئەندێشە و ڕوخساری زەردەڵەی، هەر لە سەرەتای مناڵییەوە

ئەم تێبینیەی لای باوکی بەدیهێنابوو کە یان نامێنێ، یان ئەگەریش بمێنێ، ئەبێ بە بار بەسەر شانی بنەماڵەوە. ژوولیەن کە لە ماڵی باوکی هەر هەموو گاڵتەیان پێ ئەکرد، باوک و براکانی بە دوژمنی خۆی ئەزانی و لە یارییەکانی ڕۆژی یەکشەممەدا هەمیشە شکستی ئەخوارد.

هێشتا ساڵێک نەئەبوو کە ڕوخساری جوانکیلەی وردە وردە چەند سەرنجێکی سازگاری لە نێوان کچاندا بۆ لای خوی ڕاکێشابوو. ژوولیەن، کە وەکو مرۆڤێکی لاواز، هەموو گاڵتەیان پێ ئەکرد، ئەم نەشتەرگەرە پیرەکەی سپای ئەپەرست، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وێرابووی و سەبارەت بە دار چنارەکان لەگەڵ شارەوان قسەی کردبوو.

ئەم نەشتەرگەرە، هەندێجار بە ئەندازەی مووچەی ڕۆژانەی کوڕەکە پارەی بە بابە سۆرێل ئەدا و زمانی لاتین و مێژوو ــ واتە ئەوەی لە مێژوو ئەیزانی، وەکو داستانی جەنگی ١٧٩٦ی ئیتالیا ــ ی فیری ئەم کوڕە ئەکرد. کاتی سەرەمەرگ، مەدالیای لژیۆن دونۆر و پاشماوەی مووچەی خانەنشینی خۆی و ئەو سی چل پەرتووکەی هەیبوو، پێشکەشی کردبوو بە ژوولیەن. ئەو پەرتووکەش کە تۆزێک پێش ئێستە هەڵدرایە ناو ئەو جۆگەلەی ئەڕژایە ناو چەمی گەورە و بەستێنەکەی بە فەرمانی جەنابی شارەوان گۆڕابوو، بەنرخترینی ئەو پەرتووکانە بوو.

هێشتا پێی نەنابوویە ژوورەوە کە دەستی بەهێزی باوکی شانی گرت و لە کاتێکا تەزوو بە هەموو گیانیدا ئەگاڕا، چاوەڕوانی چەند مستەکۆڵە بوو.

جووتیاری پیر، بە دەستی خۆی، وەک منداڵێک سەربازە دارینەکەی ئەسووڕێنێ، بەرەو خۆی سووڕاندی و بە دەنگێکی تووڕە نەڕاندی بە سەریدا:

ـبە بێ ئەوەی درۆ بکەی ڕاستەکەیم پێ بڵێ!

چاوە ڕەش و قەڵەو و پڕ لە فرمێسکەکەی ژوولیەن بەرەنگاری چاوە ورد و خۆڵەمێشی و گەمارەکەی پیرە دارتاش بوویەوە، کە ئەتوت ئەیەوێ لە ناخی دەروونی بگات.

بەندی V

# ڕێککەوتن

چاککردن لە ڕێگەی دواخستنەوە.
(ئەنیوس)[٢٦]

ـبە بێ ئەوەی درۆ بکەی ڕاستەکەیم پێ بڵێ، سەگە پیسی کرمی پەرتووک! تۆ لە کوێوە خاتوو دو ڕێنال ئەناسی، کەی قسەت لەگەڵ کردووە؟!

ژوولیەن وەڵامی دایەوە:

ـمن هەرگیز لەگەڵی نەدواوم و جگە لە کلیسا ئەم ژنەم نەدیوە.

ـبێویژدانی ڕوودار تۆ سەیرت کردووە؟

ژوولیەن بە دارەتێکی ئاوێتە بە درۆ و گزی کە بە ڕای خۆی، ڕێگەی بەرگرتن بوو لە شپلاخەکانی باوکی، وتی:

ـهەرگیز، هەرگیز! خۆت ئەزانی من لە کلیسا جگە لە خوا کەس نابینم.

جوتیاری نەگریس وتی:

ـبەڵام شتێک لە پشتی ئەمەدا هەر هەیە.

ساتێک ڕاما و پاشان وتی:

ـڕەنگە من هیچ لە تۆی درۆزنی مەلعون دەرنەکێشم، بەڵام باشیەکەی ئەوەیە لە دەستی تۆ ڕزگار ئەبم و باری گوزەرانی

---

٢٦ ـ ئەنیوس: Ennius لە هۆنەرانی لاتینی پێش زاین، ئەم ڕستەیە هەمیشە لە سەر زاری فابیۆس ماکسیمۆسی دیکتاتۆری ڕۆم بوو کە سیسرۆن ئەگێڕێتەوە.

کارگەش چاکتر ئەبێ. تۆ کارت کردۆتە سەر قەشە یان کەسێکی تر و ئەویش کارێکی باشی بۆ پەیدا کردوویت. بڕۆ بە پەلە کەلوپەلت کۆکەرەوە، ئەمەوێ بتبەم بۆ ماڵی جەنابی دورێنال بۆ ئەوەی لە ماڵی ئەوان ببی بە مامۆستای مناڵەکانی.

ــبۆ ئەم کارە چی بە من ئەدەن؟

ــنان و بەرگ و سێسەد فڕانکیش مووچە.

ــمن نامەوێ ببم بە نۆکەر!

ــگوێرەکە، کێ بە تۆی وت ببی بە نۆکەر، مەگەر من ئەهێڵم کوڕەکەم ببێ بە نۆکەر؟

ــلە سەر سفرەی کێ دائەنیشم؟

ئەم پرسیارە سۆرێلی پیری تووشی سەرسووڕمان کرد. زانی ئەگەر لێو ببزێوێ ڕەنگە کارێکی ژیرانەی نەکردبێ.

لە ژوولیەن تووڕە بوو؛ بە نەوسن ناوی برد و جنێوی پێدا. پاشان بەجێی هێشت و بۆ ڕاوێژکردن چوو بۆ لای کوڕەکانی تری.

ئەوەندەی پێنەچوو، ژوولیەن بینیانی ڕاوێژیان کردووە و پاڵیان داوە بە تەورەکەیانەوە. ژوولیەن پاش ئەوەی ماوەیەک تێیان ڕاما و زانی ناتوانێ لە هیچ تێبگا، کەوتە ڕێ و بۆ ئەوەی خافڵگیری نەکەن، چووە ئەوبەری مشارەکە وەستا. ئەیویست سەبارەت بەم مزگێنیە چاوەڕواننەکراوەی چارەنووسی ئەگۆڕی، بیر بکاتەوە. بەڵام هەستی ئەکرد ناتوانێ بیر بکاتەوە. بیر و هۆشی بە تێکڕا بەو شتانەوە خەریک بوو کە ڕەنگە لە خانووە جوانەکەی جەنابی دورێنال ڕوو بدات.

بە خۆی وت:

ــخۆم قبووڵی بکەم باشترە تاکو ئەوەی ناچارم بکەن لە سەر سفرەی نۆکەر و کارەکەر دابنیشم. باوکم ئەیەوێ ناچارم بکات ئەو کارە بکەم، بەڵام مردن چاکترە. ئەوەتا پانزە فڕانک و هەشت

قرووشم پاشەکەوت کردووە. ئەمشەو هەڵدێم و لە بری دوو ڕۆژ، ناوقەدبڕی ئەکەم و بە بێ ئەوەی مەترسی تووشبوون بە جەندەرمە هەبێ، خۆم ئەگەیەنمە بزانسۆن. لە بزانسۆنیش دەسبەجێ ئەبم بە سەرباز و ئەگەر پێویست بوو ئەچمە خاکی سویسرا. بەڵام ئەوسا ئەبێ چاوپۆشی بکەم لە پێشکەوتن و پلەوپایە. نابێ ئیتر ئارەزووی ناو و ناوبانگ بکەم و ئەبێ لەم پیشە پیرۆزەی قەشەییش کە بنەما و بنەڕەتی هەموو شتێکە، دەست داشۆرم.

ئەم نەفرەتکردنە لە هاوسفرە بوون لەگەڵ خزمەتکارەکان، پێچەوانەی سروشت و حەزی ژوولیەن بوو. ئەو بۆ بەدەستهێنانی پلە و پارە شتی زۆر لەوە خراپتریشی ئەکرد. سەرچاوەی ئەم ڕق لێبوونەوەیە پەرتووکی دانپیانانی ڕۆسۆ بوو و هێزی ئەندێشەی ژوولیەن تەنها بە یارمەتی ئەم پەرتووکە بوو کە ئەیتوانی دنیا لەبەر چاوی خۆیدا بنەخشێنێ و وێنا بکات. کۆمەڵە ڕاپۆرتی «سپای مەزن» و «بیرەوەرییەکانی سەنت هێلن» پاژەکانی تەواکەری قورئانەکەی بوو. خۆی لە پێناوی ئەم سێ پەرتووکەدا بە کوشت ئەدا. هەرگیز بڕوای بە هیچ پەرتووکێکی تر نەهێنا و بە گوتەی نەشتەرگەری پیر، هەموو پەرتووکەکانی تری بە درۆ و ساختەی ئەندێشە و کەسانی فێڵباز ئەزانی، کە بۆ پێشخستنی خۆیان نووسیبوویان.

سەرەڕای ئەو دەروونە ئاگراویەی، ژوولیەن خاوەنی یەکێک لەو بیرە تیژە سەرسامانە بوو، کە زۆر جار لە مرۆڤی گەوجدا ئەبینرێ. بۆ وێنە، بۆ ئەوەی خۆی لە دڵی قەشە شەلانی پیردا جێ بکاتەوە ــ کە ئەیزانی داهاتووی پەیوەندە بەوەوە ــ سەرتاپای ئینجیلی بە زمانی لاتین لەبەر کردبوو. پەرتووکی «پاپ دومستەر» یشی لەبەر بوو. بەڵام بڕوای بە هیچکام لەم دوو پەرتووکەش نەبوو.

ئەتوت لە سەر بناغەی ڕێکەوتنێکی دوولایەنە، سۆرێل و کوڕەکەی لە قسەکردن پێکەوە خۆیان ئەبوارد. لەبەر ئەوەی تاریکی کردبوو، ژوولیەن بۆ خوێندنی وانەی ئایینی چوو بۆ ماڵی قەشە، بەڵام بە ژیرانەی نەزانی باسی ئەو پێشنیازە سەیرە بکات کە باوکی پێی وتبوو. بە خۆی ئەوت: ڕەنگە تەڵەیەک بێ! ئەبێ وای دەربخەم لە بیرم چۆتەوە.

بەیانی ئەو ڕۆژە، چێشتەنگا، جەنابی دورێنال ناردی بە دوای سۆرێلی پیردا و بابە سۆرێل، پاش ئەوەی یەک دوو کاتژمێر جەنابی دورێنالی چاوەڕوان کرد، هات بۆ ماڵی و هەر لە باڵشمەی دەرگاکەوە، سەد بیانوو و بەهانەی هێنایەوە و بە هەمان ئەندازە بەدەم کڕنۆشکردنەوە، داوای لێبوردنیشی ئەکرد. سۆرێل، کە پەنای بۆ هەموو جۆرە بیانوو و ڕەخنەیەک ئەبرد، سەرەنجام بۆی دەرکەوت کوڕەکەی ئەبێ بە هاوسفرەی خانەخوێ و خاتوونی ماڵەکە و ئەو ڕۆژانەش کە میوانی زۆریان هەبێ بە جیا لەگەڵ مناڵەکان نان ئەخوات. سۆرێلی پیر کە، لە پەسا بە هۆی بینینی حەزی ڕاستەقینەی جەنابی شارەوان، زۆرتر بیانووی ئەهێنایەوە و، لە لایەکی ترەوە، گومان و سـەرسووڕمان لێی ئاڵابوو، داوای کرد با شوێنی خەوتنی کوڕەکەی ببینێ؛ کە ئەو ژوورەش هۆدەیەکی بەرین و زۆر پاک و خاوێن و ڕاخراو بوو. هەر لەو کاتەدا خزمەتکارەکان خەریکی گواستنەوەی قەرەوێڵەی مناڵەکان بوون.

ئەم هۆدەیە تیشکێکی هیوا بوو کە دڵی پیرە جووتیاری ڕوون کردەوە. هەر ئەو ساتە بە شێوازێکی پڕ لە متمانە و ئەرخایەنی، داوای کرد ئەو جلوبەرگە ببینێ کە بە کوڕەکەی ئەدرێ. جەنابی دورێنال، چەکمەجەی مێزەکەی کردەوە و سەد فڕانکی دەرهێنا و وتی:

ــکوڕەکەتان ببەن بۆ کۆگای جەنابی دورانی کوتاڵفرۆش و بەم پارەیە یەک دەست جلی ڕەشی بۆ بکڕن.

کابرای گوندیی کە ڕەفتاری پڕ لە ڕێز و کڕنۆش بردنی خۆی لەبیر کردبوو، وتی:

ــتەنانەت ئەگەر ڕۆژێک لە ماڵی تۆ بیبەمە دەرەوە، ئەم جلە ڕەشانە هەر هی ئەو ئەبێ؟

ــمسۆگەر!

سۆرێل بە منجەمنجێکی کشاوەوە وتی:

ــزۆر چاکە! ئێستە تەنها یەک شت ئەمێنێ کە ئەبێ لە سەری ڕێک بکەوین. ئەویش ئەو پارەیەی کە ئەبێ بیدەن بەو.

جەنابی دورێنال کە زۆر تووڕە ببوو، نەڕاندی:

ــئەوە ئەڵێی چی؟ ئێمە دوێنێ ڕێکەوتین، من سێسەد فرانک ئەدەم و پێموایە زۆر و لە ڕادە بەدەریشە!

ــئەوە پێشنیازی تۆ بوو و من نکووڵیم لێی نییە.

زەق زەق ڕوانییە جەنابی دورێنال و بە هێزی ئەو بەهرەیەی کە هەموو کەس سەرسام ئەکات، مەگەر ئەوانەی کە گوندییەکانی فرانش کونتێیان باش ناسیوە، وتی:

ــلە شوێنی تر لەمە باشترمان دەسئەکەوێ!

بە بیستنی ئەم قسانە، ڕوخساری جەنابی شارەوان تووشی شڵەژان بوو. سەرەڕای ئەمەش هاتەوە بە خۆیدا و پاش دوو کاتژمێر گفتوگۆی پڕ لە درۆ و دەلەسە کە هیچ وشەیەک بە بێ نەخشە و ڕەمەکی نەوترا، زیرەکی و فێڵبازی دێهاتی بەسەر دەهۆ و زەبەردەستی کابرای دەوڵەمەندا، کە بۆ بژیوی ژیان پێویستی بەو شتانە نەبوو، زاڵ بوو. هەموو ئەو مەرج و خاڵانەی کە ئەبێ ژیانی تازەی ژوولیەن دامەزرێنێ، دیاری کرا. جگە لەمانەش مووچەی ئەو بوو بە چوارسەد فرانک و شارەوان ناچار بوو ئەم

پارەیە پێشەکی و سەرەتای هەموو مانگێک بدات.

جەنابی دورێنال وتی:

ــباشە، سی و پێنج فڕانکی پێ ئەدەم.

گوندیی بە دەنگێکی پڕ لە نەوازش وتی:

ــپیاوی دارا و دەسکراوەی وەک جەنابی شارەوان بۆ ئەوەی پارەکە سەرڕاست ببێ، درێخی لە سی و شەش فڕانک ناکەن[٢٧].

جەنابی دورێنال وتی:

ــزۆر چاکە! بەڵام ئەبێ کارەکە کۆتایی پێ بهێنین.

ئەمجار، تووڕەیی وای لە شارەوان کردبوو بە شێوازێکی توند و تۆکمە قسە بکات. جوتیاریش لەوە تێگەیشت ئەبێ لەوە زیاتر پێ ڕانەکێشی. ئەوسا جەنابی دورێنال، لە نۆرەی خۆیدا هەندێ پێشڕەوی کرد. سەرەتا نەیویست ئەو سی و شەش فڕانکەی مانگی یەکەم بدات بە سۆرێلی پیر. بە بیری جەنابی دورێنالدا هات کە ئەرکی سەرشانیەتی ڕاپۆرتی ڕێکەوتنەکە بۆ ژنەکەی بگێڕێتەوە. بۆیە بە شێوازێکی ڕقاوی وتی:

ــئەو سەد فڕانکەم بەرەوە کە پێم دای. جەنابی دوران هەندێکم پێ قەرزارە. خۆم لەگەڵ کوڕەکەت بۆ هەڵبژاردنی قوماشی ڕەش ئەچم.

سۆرێل، پاش ئەو تووڕە بوونە، دیسانەوە کەوتە مەرایی کردن و کڕنۆش بردن و کشایەوە. ئەم کڕنۆش بردنە یەک چارەکی تەواوی پێچوو و ئەنجامەکەشی کە زانی هیچی تری دەسناکەوێ، ڕۆیشتە دەرەوە و دوایین وشەکانی ڕێزلێنانیشی بەم ڕستەیە کۆتایی پێهێنا:

ــئەڕۆم و کوڕەکەم ئەنێرم بۆ «کۆشک»!

---

٢٧ـ لەو سەردەمە یەک «ئێکۆ» هەبوو بەرامبەر بە شەش فڕانک و شەش ئێکۆ ئەیکردە سی و شەش فڕانک.

دانیشتوانی ڤێریر، هەر کات بیانویستایە دڵی جەنابی شارەوان خۆش بکەن، بەم شێوازە،ماڵەکەیان بە «کۆشک» ناو ئەبرد.

سۆرێل، پاش گەڕانەوە بۆ کارگە بێهوودە بە دوای کوڕەکەیدا گەڕا. ژوولیەن کە گومانی لە ڕووداوەکانی داهاتوو هەبوو، نیوەشەو لە ماڵ دەرکەوتبوو. ئەیویست پەرتووکەکان و مەدالیای لژیۆن دونورەکەی لە شوێنێکی باش بشارێتەوە. هەموو ئەم شتانەی برد بۆ ماڵی هاوڕێکەی؛ دارفرۆشێکی گەنج بە ناوی فووکە، ماڵی لە سەر گردێکی بەرز بوو کە ئەیڕوانی بەسەر ڤێریردا.

کاتێکیش کە دەرکەوتەوە، باوکی پێی وت:

ـــخوا ئەیزانی تۆی تەوەزەل ئەوەندە غیرەتت هەیە ئەو هەموو پارەیەی لە منداڵییەوە تیاما خەرج کردوویت، پێم بدەیتەوە؟ گورج بە کەلوپەلت کۆ بکەرەوە و بچۆ بۆ ماڵی شارەوان.

بابە سۆرێل ئیتر نەیدا لە ژوولیەن و ئەویش کە لەم بابەتە سەری سووڕ مابوو، بە پەلە کەوتە ڕێ. بەڵام هێشا زۆر لەبەر چاوی سامناکی باوکی دوور نەکەوتبوویەوە، خاوی کردەوە و بە خۆی وت سەرێکی کلیسا بدات و ماوەیەکی کورت لەوێ مانەوە بۆ پاراستنی ڕواڵەت کارێکی خراپ نەبوو.

ڕەنگە لەم بیرۆکەیە سەرتان سووڕ بمێنێ؟ بەڵام پێش گەیشتن بەم بیرە سامناکە، گیانی ئەم منداڵە گوندییە، ڕێگایەکی دوورودرێژی بڕیبوو.

لەو سەردەمەوە کە منداڵێکی بچکۆلانە بوو، بینینی هەندێ لە سوارانی تیپی سوارەی شەشەم، بەو پاڵتاوە درێژە سپی و کڵاوە ڕازاوە کە گوڵنگی موی ڕەش و سپی بە نووکە تیژەکەیانەوە بوو لە ئیتالیا ئەگەڕانەوە و ئەسپەکانیان لە بەرامبەر چاوی ژوولیەندا، ئەبەستەوە بە مەحاجەرەی پەنجەرەکانی ماڵی باوکیەوە، وایان لێکردبوو، بوو بە شێت و خولیای سەربازی. ماوەیەک پاش ئەوە

زۆر بە حەزەوە گوێی لە چیرۆکی جەنگەکانی «پردی لۆدی» و «ئارکۆڵ» و «ریڤۆلی» ڕائەگرت کە نەشتەرگەری پیر بۆی ئەگێڕایەوە. لەو کاتانەدا نیگای ئاگراوی پیرەمێردی ئەبینی کە چۆن ئەڕوانێتە مەدالیاکەی!

بەڵام لەو سەردەمەدا کە ژوولیەن چواردە ساڵان بوو، بناغەی کلیسایەکی نوێ لە ڤێریر دانرا کە بۆ شارۆچکەیەکی ئاوەها بچکۆلانە، شکۆدار بوو. بە تایبەت چوار کۆڵەکەی مەڕمەڕ کە ژوولیەن زۆر لای سەیر بوون. ناوی ئەم کۆڵەکانە لە ئەنجامی دژایەتی کوشندەی نێوان دادوەری ئاشتی و جێگری جەوانی قەشەدا، کە لە بزانسۆنەوە هاتبوو و بە سیخوڕی لیژنەی نهێنی[٢٨] ئەژمێردرا، بڵاوبوویەوە. دادوەری ئاشتی بە ڕادەیەک ژیانی تێکچوو، نزیک بوو کارەکەی لە دەست بدات. لانیکەم ڕای خەڵکەکە وەها بوو. ئەوە نییە بێشەرمی گەیاندۆتە ڕادەیەک شەڕ لەگەڵ ڕەببانێک ئەکات، کە هەر پانزە ڕۆژ جارێک ئەچێ بۆ بزانسۆن و بە گوتەی خەڵکی ئەو ناوە بە خزمەتی جەنابی کاردیناڵی گەورە ئەگەیشت؟

لە ماوەی ئەم دادگایەدا، دادوەری دادگای ئاشتی، بە جۆرێک بڕیاری لە سەر باوکی خێزانێک دا، کە چەند نانخۆری هەبوو. بڕیارەکە بە نادادگەرانە ژمێردرا. بڕیاری دادگا لە دژی ئەو کەسانە بوو کە ڕۆژنامەی کۆنستیتوسیۆنل[٢٩] یان ئەخوێندەوە. پارتی ئاشتی واتە پارت لایەنگری پاشایەتی و ئاین، سەرکەوت. ڕاستە سزای ئەم بڕیارانە لە سێ ــ چوار فرانک زیاتر نەبوو، بەڵام یەکێک لەم سزایانە لە لایەن بزمارفرۆشێکەوە درا کە باوکی

---

٢٨ ـ Congregation ڕێکخراوێکی نهێنی قەشەکانە سەر بە ڕۆمایە، کوردییەکەی کراوە بە (لیژنەی نهێنی).

٢٩ ـ Constitutionnel ڕۆژنامەی پارێزگارانی پادشایی خواز، ساڵی ١٨١٩ بڵاوبوویەوە و سەرەڕای ئەوەی لایەنگری پاشایەتی بوو، زمانی لیبراڵەکانیش بوو.


LE CONSTITUTIONNEL

دینی ژوولیەن بوو. ئەم کابرایە لەوپەڕی تووڕەییدا ئەیقیژاند:

«دنیا چەندە گۆڕاوە! ئەمەش ئەو دادوەری ئاشتییەیە، کە بیست ساڵ بە ڕاستگۆ و ئەمانەتدار ناسرابوو!»

نەشتەرگەری پیری هاوڕێی ژوولیەن مردبوو.

لەپڕ، ژوولیەن ئیتر باسی ناپۆلیۆنی نەکرد. ڕایگەیاند ئەیەوێ ببێ بە قەشە. لە کارگەی تەختەسازییەکەی باوکی بە بەردەوامی خەریکی لەبەرکردنی ئینجیلێک بوو بە زمانی لاتین کە قەشەی ڤێریر بە ئەمانەت پێی دابوو. ئەم پیرەمێردە باش و نیازپاکە کە لە پێشکەوتنی ئەو سەری سووڕمابوو، شەوانی درێژ هەوڵی ئەدا وانەی دینی خوای پێ فێر بکات. ژوولیەن لە پۆلی قەشەدا جگە لە پاکیی، هەستێکی تری دەرنەئەبڕی. کێ ئەیتوانی گومان لەوە بکات کە ئەم قەڵافەتە کچانەیە، بەو دارەتە خەمۆکی و ناسکەیەوە، لە نهێنگەی دڵیدا بڕیاری لێبڕاوی داوە کە هەزار جار گیانی خۆی لە پێناوی سامان و داراییدا ببەخشێ؟!

بەڕای ژوولیەن، بەدەستهێنانی سامان و دارایی، پێش هەموو شتێک بریتی بوو لە چوونە دەرەوە لە ڤێریر. ڕقی لە زادگای خۆی بوو. ئەوەی لەم شارەدا ئەیبینی ئەبوو بە بەستەڵەکی بیر و هۆشی.

هەر لە سەردەمی منداڵییەوە، بە ساتەکانی هەژان و بێ ئۆقرەییدا تێپەڕیبوو. لەو ساتانەدا بە شادی و سەرمەستییەوە بە خۆی ئەوت ڕۆژێک هەردێ لەگەڵ ژنانی شۆخوشەنگی پاریسی ئاشنا ئەبێ و لە ئەنجامی کارێکی مەزن و مەترسیداردا ئەتوانێ سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. مەگەر چی ئەبوو ئەگەر ئەویش وەکو بۆناپارت کە کاتی نەداری، بوو بە خۆشەویستی مادام

دوبوارنێ[٣٠]ی بەناوبانگ، ئەمیش یەکێک لەم ژنە جوانانە دڵی لێی بچێ؟ساڵەها بوو، ڕەنگە یەک کاتژمێریش تێنەپەڕیبوو ژوولیەن بە خۆی نەڵێ کە بۆناپارت ئەم ئەفسەرە نەدار و نەناسراوە بە هێزی شمشێرەکەی بوو بە خاوەنی دنیا! ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، تا ڕادەیەک بیرکردنەوە لە بەدبەختییەکانی سارێژ ئەکرد کە پێی وا بوو زۆر گەورەن و کاتێک کە خۆی بوو، شادییەکەی دوو ئەوەندەش ئەبوو.

تەلاری کلیسا و بڕیارەکانی دادوەری ئاشتی مێشکی ڕوون کردەوە. ئەندێشەیەک کە لە مێشکیدا درەوشایەوە، چەند حەفتە شێتی کرد و لە ئەنجامدا یەکەم برووسکە کە دەروونێکی ئاگرین بە داهێنانی خۆی ئەزانێ، بە توانایەکی بێ سنوورەوە، بەسەر سەرتاپای گیانیدا زاڵ بوو.

ڕۆژێک کە ناوی بۆناپارت کەوتە سەر زاران، فەڕانسە لە دوژمنی داگیرکەر ئەترسا. پێداویستی جەربەزەی سەربازی بەدی ئەکرا. ئەمڕۆ قەشەی چل ساڵانی وەها ئەبینم کە سەد هەزار فڕانک واتە سێ بەرامبەری سەرلەشکران و فەرماندە ناسراوەکانی ناپۆلیۆن مووچە وەرئەگرن. بێگومان پێویستیان بە کەسانێک هەیە کە ببێ بە هاوکار و یارمەتیدەریان.

هەر ئەم دادوەری ئاشتیە کە تا ئێستە ئەوەندە ژیر و ئەوەندە پاک و ڕاستگۆ بوو، ئەوەتا بەو پیرییە لە ترسی ئەوەی مەبادا دڵی بەچکە قەشەیەکی سی ساڵان بڕەنجێنێ، ئابڕووی خۆی ئەبات. ئەبێ ببم بە قەشە.»

ڕۆژێک لە خولی پاکیزەبوونی تازەیدا، ئەو ئاگرەی کە ناخی

---

٣٠ـ Madame de Beauharnais ناوی ژۆزۆفین دو لا پاژێری بوو. ساڵی ١٧٦٣ لەدایک بوو. ساڵی ١٧٧٩ شووی کرد و ١٧٩٤ مێردەکەی کوژرا. ساڵی ١٧٩٦ شووی کرد بە ناپۆلیۆن و ١٨٠٤ بوو بە شاژنی فەڕانسە. ساڵی ١٨٠٩ لەبەر مناڵ نەبوون تەڵاق درا. ساڵی ١٨١٤ مرد.





گڕ ئەدا، هاتە جۆش و لە ئەنجامدا ڕازەکەی ئاشکرا بوو. لەو کاتەدا دوو ساڵ ئەبوو ژوولیەن وانەی ئاینی ئەخوێند. ئەم ڕووداوە لە ماڵی جەنابی شەلان، لە میوانییەکی ڕەببانەکان ڕووی دا. قەشەی نیازپاک و میهرەبان ئەوی وەکو هەڵکەوتووی دنیای زانست هێنابوو بۆ ئەم کۆڕە و ژوولیەن بە ڕێکەوت زۆر بە توندی کەوتە پەسنکردنی ناپۆلیۆن. پاش ئەم ڕووداوە، بە بیانووی ئەوەی کە دەستی لە کاتی گواستنەوەی سنەوبەردا شکاوە، قۆڵی ڕاستی کردە ملی و بۆ ماوەی دوو مانگ بەو ئازارەوە ڕایگرت.

پاش ئەم خۆسزادانە جەستەییە لە تاوانەکەی خۆی خۆش بوو و، ئەو کەسەی بوخچەیەک بە بن باخەڵیەوە، خەریک بوو پێی ئەخستە ناو کلیسای شکۆدارەوە، هەر ئەم گەنجە نۆزدە ساڵانە بەڕواڵەت لاوازە بوو، کە مرۆڤ پێی وا بوو حەڤدە زیاتر نییە.

کلیسا تاریک و بەتاڵ بوو. بە بۆنەی جەژنێکەوە، هەموو پەنجەرەکانی کلیسا لە بن قوماشێکی شیلانیدا شاردرابوویەوە و بە هۆی تیشکی هەتاوەوە، تیرێژێکی درەوشاوە بەدی ئەهات کە نیشانەی مەزنی و ئاینی پێوە بوو. ژوولیەن تەزوویەکی پیاهات. تاق و تەنها، لە کلیسا، لە سەر قەنەفەیەک کە لە جوانترینی قەنەفەکان ئەچوو، دانیشت. ئەم قەنەفەیە هێمای بنەماڵەی جەنابی دورێنالی لێ هەڵکەنرابوو.

چاوی ژوولیەن لە سەر مێزی نزاکردن، پەڕەیەکی چاپکراوی بینی کە ئەتوت بۆ خوێندنەوە لەوێ دانراوە. سەیرێکی کرد و ئەمەی بینی:

«وردەکاری کوشتن و دوایین چرکەکانی ژیانی لویی ژنرێل کە لە بزانسۆن تیرەباران کرا لە ڕێکەوتی...»

کاغەزەکە دڕابوو و لە پشتەوەش دوو وشەی سەرەتای دێڕێک

ئەبینرا کە ئەمانە بوون: «هەنگاوی یەکەم».

ژوولیەن بە خۆی وت:

ــتۆ بڵێی کێ ئەم کاغەزەی لێرە دانابێ؟

ئەوسا هەناسەیەکی بە پەرۆشی هەڵکێشا و وتی: «ڕەبەنی ڕۆژەڕەش! ئەوە خۆ کۆتایی ناوەکەی وەک من وایە.» پاشان کاغەزەکەی گرمۆڵە کرد.

ژوولیەن کاتی چوونە دەرەوە، هەستی کرد لە لای تەشتی پیرۆزەوە، خوێن ئەبینێ. ئاوی پیرۆز پژێنرابوو بەسەر عەرزەکەدا و تیرێژی پەردە سوورەکان، بە ڕەنگی خوێن پیشانی ئەدا.

کۆتاییەکەی، ژوولیەن لەو ترسە شاراوەیەی ناخی خۆی تەریق بوویەوە و بە خۆی وت:

ــتۆ بڵێی ترسنۆکم لێ دەربچێ؟ بە چەک؟!

ئەم دەستەواژەیە کە بە زۆری لە گێڕانەوەی سەربردەکانی نەشتەرگەری پیردا پاتە ئەبوویەوە، لە لای ژوولیەن نیشانەی پاڵەوانێتی بوو. ڕابوو و بە خێرایی بەرەو ماڵی جەنابی دورێنال چوو. سەرەڕای ئەم بڕیارە شامێر و جەربەزەیە، ئەوەندەی خانووەکەی لە بیست مەتری خۆیدا بینی، شەرمێکی بەهێز سەرتاپای داگرت. دەرگای ئاسن کراوە بوو و لە ڕادە بەدەر جوان و ڕازاوە ئەینواند؛ جا ئەبوایە پێ بخاتە ژوورەوە.

ژوولیەن یەکەم کەس نەبوو کاتی چوونە ژوورەوەی ئەم ماڵە دڵی داخورپابێ. شەرمنی بێ ئەندازەی خاتوو دورێنالیش لە بیرکردنەوەی ئەوەی کە بێگانەیەک بە گوێرەی ئەرکی سەر شانی، ئەبێ هەمیشە بکەوێتە نێوان ئەو منداڵەکانیەوە، بە تەواوەتی شڵەژاندبووی. ڕاهاتبوو منداڵەکانی لە ژوورەکەی خۆی بخەوێنێ؛ ئەم بەیانییە، لەوەی کە بینیبووی قەرەوێڵەکانی منداڵەکان ئەبرێن بۆ ئەو ئاپارتمانەی بۆ مامۆستا دیاری کرابوو، جۆگەلەیەک

فرمێسکی ڕژاندبوو و، بە بێهوودە داوای لە مێردەکەی کردبوو، با قەرەوێڵەی مناڵە هەرە بچووکەکەیان ستانیسلاس زاڤیە[٣١]، بهێننەوە بۆ ژوورەکەی خۆیان.

ناسکیی و بەرهەستبوونی ژنانە تا ئەوپەڕی خۆی لە خاتوو دورێنال‌دا پەرەی سەندبوو. مرۆڤێکی ناسەلار و پرچ ئاڵۆسکاوی لەبەر چاوی خۆی وێنا ئەکرد، کە بۆ لۆمەکردن و تەمێکردنی منداڵەکانی ئەو دیاری کراوە، بەس لەبەر ئەوەی گوایە زمانی لاتین ئەزانێ! زمانێکی بەربەری کە کوڕەکانی لەبەر ئەو زمانە ئەبێ قامچیان لێبدرێ!

٣١ـ Stanislas Xavier.

بەندی VI

# پەژارە

ئیتر نازانم چیم و چی ئەکەم!
مۆزارت(فیگارۆ)

خاتوو دورێنال بە گوڕ و گوژمێکەوە کە بە دوور لە چاوی غەوارە لەودا هەبوو، لە پێنجەدەری هۆڵەکەی ڕوو بە باخ، هاتە دەرەوە و لەو کاتەدا، لەبەر دەرگا چاوی بە ڕوخسارێکی بێڕەنگی گوندیانەی گەنجێک کەوت کە هێشتا مێرمندالێک بوو بۆ خۆی و شوێنەواری فرمێسکی تۆزێ لەمەوپێش هێشتاش بە گۆنایەوە دیار بوو. جەوان کراسێکی سپی خاوێنی لەبەر بوو و ئێلەگێکی کوڵکنی دابوویە بن باخەڵی.

ڕەنگی ڕوخساری ئەم مناڵە جوتیارە، ئەوەندە سپی و چاوەکانی ئەوەندە بێگەرد بوو، کە سەرەتا وەکو کێژۆڵەیەک کە جلی کوڕانەی لەبەر کردووە، کەوتە بەر بیری ڕۆمانتیکی خاتوو دورێنال، کە بۆ داوای یارمەتییەک خۆی هاویشتۆتەماڵی جەنابی شارەوان. دڵی بۆ ئەم مرۆڤە ڕەبەنەی لەبەر دەرگا ڕاوەستابوو و بە ئاشکرا دیار بوو ناوێری دەست بۆ زەنگەکە ببات، سووتا. خاتوو دورێنال کە بۆ ساتێک پەژارەی هاتنی مامۆستای لەبیر کردبوو، لێی چووە پێشەوە. ژوولیەن کە ئاگای لە دەرگاکە بوو، ئاگای لە هاتنی ئەو نەبوو و، کاتێک کە دەنگێکی ئاسمانی ئەم ڕستەیەی لە بن گوێیدا وت، یەک بە خۆی داچڵەکی:

ـ چیت ئەوێ، کوڕی من؟

ژوولیەن لەپڕ وەرگەڕا و لە نیگای خاتوو دورێنال کە تا ئەو ڕادەیە پاک و بێگەرد بوو، ئەوەندە سەری سوڕما کە هەندێ لە شەرم و شۆی خۆی لەبیر بردەوە و، بە ڕادەیەک لە جوانی و شەنگی ژنە ڕاما کە ئەمجار هەموو شتێکی لەبیر بردەوە و تەنانەت نەی ئەزانی بۆ چی هاتووە. خاتوو دورێنال ناچار بوو پرسیارەکەی خۆی دووپات بکاتەوە.

کۆتاییەکەی، بە هەوڵێکی زۆرەوە بۆ بەرگری کردن لە فرمێسکەکانی کە خەریک بوون دائەبارین، بە شەرمەوە ڕایگەیاند:

ــهاتووم ببم بە مامۆستا.

خاتوو دورێنال حەپەسا. زۆر لێک نزیک بوون و لە یەکیان ئەڕوانی. ژوولیەن هەرگیز نەیبینیبوو کە مرۆڤێکی ئەوەندە جوانپۆش و جگە لەوەش، ژنێک بەم ڕوخسارە گەش و ڕفێنەرەوە بەو شێوە پڕ لە میهر و سۆزە لەگەڵی دوابێ. خاتوو دورێنال سەیری ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی ئەکرد بەسەر گۆناکانی ئەم مناڵە گوندییەوە قەتیسمابوو؛ ئەو گۆنانەی تۆزێک بەر لەمە ئەوەندە کاڵ و بێڕەنگ بوون و ئێستە ئاوەها سوور داگیرسابوون. دەسبەجێ پڕ بە سینەی دای لە قاقای پێکەنین، بە ڕەهایی و شادمانی کچێکی سەربەست. بەو بیرە نابەجێیەی دابووی لە مێشکی پێئەکەنی و نەی ئەتوانی هەموو بەختەوەری خۆی وێنا بکات. سەیرە! کە وا بوو ئەو مامۆستایەی کە ئەو وەکو قەشەیەکی چەپەڵ و بەدپۆش لای خۆی وێنای کردبوو و پێی وا بوو بۆ تەمێکردن و لێدانی مناڵەکانی ئەو دێ بۆماڵیان، ئەم جەوانە بێ!

کۆتاییەکەی بە ژوولیەنی وت:

ــبۆچی جەناب؟ مەگەر تۆ لاتین ئەزانی؟

وشەی «جەناب» ئەوەندە بۆ ژوولیەن سەیر بوو کە ساتێک کەوتە بیرەوە و بە شەرمەوە وتی:

ــ بەڵێ، خاتوون.

خاتوو دورێنال ئەوەندە شادمان بوو کە بە لێبڕاوی وتی:

ــ خۆ منداڵە شیرینەکانم زۆر تەمێ ناکەی؟

ژوولیەن کە سەری سووڕ مابوو وتی:

ــ من منداڵەکان تەمێ بکەم؟ لەبەر چی؟

خاتوو دورێنال، پاش بێدەنگییەکی کورت، بە ئاوازێک کە سات بە سات شەوق و هەڵچوونی پتر ئەبوو، وتی:

ــ جەناب، بەڵێنم پێ ئەدەی بە میهرەبانی لەگەڵ منداڵەکانم هەڵسوکەوت بکەی؟ ئەرێ؟!

بیستنی دووبارەی نازناوی جەناب، بە شێوازێکی بەڕێز و لە زمانی خاتوونێکی ئاوەها شیک پۆشەوە، لە هەموو داخواز و چاوەڕوانییەکانی ژوولیەن زیاتر بوو. لە تێکڕای جیهانی خەون و ڤرۆشەکانی سەردەمی گەنجێتی، هەمیشە بە خۆی وتبوو، تا ئەو کاتەی کە یونیفۆرمی جوان و دڵڕفێنی سەربازی لەبەر نەکردبێ، هیچ ژنێکی شیاو و شایستە بەم نەرمیە لەگەڵی نادوێ. بەڵام، خاتوو دورێنالیش، بەشی خۆی شەیدای جوانی بیرەنگ و چاوە ڕەشە قەڵەو و قژە دلڕفێنەکەی ژولین ببوو کە زیاتر لە ڕۆژانی تر، پێچ و خەمی هەبوو؛ چونکە ئەو ڕۆژە بۆ چەند ساتێک سەری خستبوویە ناو ئەستێڵی کوفارەی ناوشار، بۆ ئەوەی فێنک ببێتەوە. بە دنیایەک شادمانی ڕوانییە ئەم مامۆستا نەگریسە! دارەتێکی ئەبینی پڕ بوو لە شەرمی کچانە، هەمان ئەو مامۆستایەی کە گومانی تووڕەیی و ڕواڵەتی مڕومۆچی، سەبارەت بە منداڵەکان دیقی پێکردبوو. لە ڕوانگەی ناخی هێوری خاتوو دورێنالەوە، ناکۆکی نێوان ترسی پێشووی و ئەوەی ئەیبینی، ڕووداوێکی مەزن بوو. هەر چۆن بوو لەو حەپەسانە ڕزگاری بوو و لە بینینی خۆی لەو دارەتەدا، لە بەردەرگا، لەگەڵ ئەم جەوانە بە تۆی کراسێکەوە،

سەری سوورِما و، بە دەنگێک کە تا ڕادەیەک نیگەرانی پێوە دیار بوو، وتی:

ــفەرمون جەناب، با بچینە ژوورەوە!

لە سەرانسەری ژیانیدا، هەستێکی ئاوا پاک و دڵخواز، بۆ خاتوو دورێنال، نەببوویە مایەی غەمێکی ئاوەها قووڵ. هەرگیز دیدارێکی ئاوەها بلاوێن و بێگەرد جێگەی ترس و نیگەرانیەکانی نەگرتبوویەوە. بەم جۆرە، سەرپەرشتی ئەم منالە جوانانەی کە ئەو هەمووە خۆی لەگەڵیان ماندوو ئەکرد، ناکەوێتە دەست قەشەیەکی چڵکن و تۆسن. هێشتا پێیان نەنابوویە ناو دالان، ئاوڕی لە ژوولیەن دایەوە کە بە شەرم و ئەدەبەوە بە دوایدا ئەڕۆیشت. ڕواڵەتی واقماوی ژوولیەن لە بینینی ئەو ماڵە شکۆدارە، لە لای خاتوو دورێنال خۆشییەکی زێدە لە خۆشییەکانی تر بوو. نەی ئەتوانی باوەڕ بە چاوەکانی خۆی بکات، لە هەمووش زیاتر، پێی وا بوو کە مامۆستا ئەبێ قاتی ڕەشی لەبەر بێ.

لە بۆچوون و ئەندێشەی خۆی ئەوەندە شاد و بەختەوەر بوو، لە ترسی ئەوەی، نەکا تووشی هەڵە بووبێ، باکێکی کوشندە ڕای ئەژەند و بۆ ئەوەی بە خۆی بسەلمێنێ کە تووشی هەڵە نەبوو، ڕاوەستا و وتی:

ــجەناب، تۆ بەڕاستی زمانی لاتین ئەزانی؟

ئەم پرسیارە دای لە دفرەی ژوولیەن و ئەو دنیایەی چارەکێک ئەبوو تێیدا ئەژیا، ڕەواندەوە.

بۆیە ڕواڵەتێکی فەرمی پیاوانەی بەخۆوەگرت و وتی:

ــبەڵێ خاتوون، من زمانی لاتین وەکو جەنابی قەشە ئەزانم و وەک خۆیان لە ڕووی گەورەییەوە ئەڵێت، تەنانەت لەویش باشتر ئەزانم.

خاتوو دورێنال زانی ئاگر لە سەروبەچکی ژوولیەن ئەبارێ.

جەوان دوو هەنگاو لێی دوور بوو. خاتوو دورێنال لێی نزیک کەوتەوە و بە ئەسپایی وتی:

ـئەتوانم لەوە دڵنیا بم کە لە سەرەتاوە مناڵەکانم فەلاقە ناکەیت، تەنانەت ئەگەر وانەکانیشیان نەخوێندبێت؟

ئەم ئاخافتنە نەرم و وەک پاڕانەوەیە لە لایەن ژنێکەوە بەو جوانییە، لەپڕ بووە هۆی ئەوەی کە ژوولیەن ئەو قەرزەی سەبارەت بە لاتین شناسی خۆی هەیبوو، لەبیر بکات. ڕوخساری خاتوو دورێنال لە دەموچاوی ئەو نزیک بوو. بۆنی جلی هاوینەی ژنە دای بە لووتیا، ئەو شتەی بۆ مناڵە جووتیارێک تا ئەو ڕادەیە سەرسووڕهێنەر بوو. تەواو سوور داگەڕا و بە منجەمنجێکی لەرزۆک وتی:

ـهیچ خەمتان نەبێ، من لە هەموو ڕوویەکەوە بە فەرمانی ئێوە ئەجووڵێمەوە.

تەنها لێرەدا بوو کە خاتوو دورێنال، سەبارەت بەو نیگەرانی و شڵەژانەی سەبارەت بە مناڵەکانی هەیبوو، لە هەستی بێگەردی ژوولیەن سەری سووڕما. ڕواڵەتی ژنانەی پارچەکانی ڕوخسار و دارەتی شڵەژاو و سەرگەردانی ئەو، تەنها تۆزێکیش نەبووە مایەی پێکەنینی ژنێک کە خۆی لە ڕادەبەدەر کەمڕوو بوو. دارەتی پیاوانە، کە ڕای گشتی، بۆ پیاوبوونی پیاوان بە پێویستی ئەزانێ، بە بێ قسە بۆ خاتوو دورێنال مایەی ترس و تۆقان بوو.

بە ژوولیەنی وت:

ـجەناب، تەمەنت چەندساڵە؟

ـبەمزوانە ئەبم بە نوزدە ساڵ.

خاتوو دورێنال کە بە تەواوەتی بیری ئاسوودە ببوو، وتی:

ـکوڕە گەورەکەی منیش یانزە ساڵە. ئەبێ بە هاوڕێتان و تۆ ئەتوانی بە زمانی ئاوەز و لۆجیک لەگەڵی بدوێی. ڕۆژێک باوکی

ویستی لێی بدا، مناڵەکەم بۆ حەفتەیەک نەخۆش کەوت و سەرەڕای ئەوەی کە تەمێکردنێکی زۆر ئاسایی بوو.

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «چەندە لەگەڵ من جیاوازە! دوێنێ بوو کە باوکم لە منی دا. ئەم دەوڵەمەندانە چەندە بەختەوەرن!»

خاتوو دورێنال گەیشتبوویە قۆناغێک کە هەستی بە بچووکترین گۆڕان لە دەروونی مامۆستادا ئەکرد. سەرهەڵدانی ئەم غەمەی بە بەرەنجامی شەرم و شۆن زانی و بڕیاری دا هەوڵ بدا بەرەو باشکردن هانی بدات.

بە شێوە و سۆزێکەوە کە ژوولیەن هەستی بە ئەفسون و جادووەکەی کرد، بەڵام نەیتوانی پەی بە واتا و سەرچاوەکەی ببات، وتی:

ــ جەناب، ناوی بەڕێزت چییە؟

ــ ناوی من ژوولیەن سۆرێل ـە، خاتوون. لەبەر ئەوەش کە ئەمە یەکەم جارە لە هەموو تەمەنی خۆمدا پێ ئەنێمە ماڵێکی بێگانەوە، ئەوەتا وەک شەقشەقە ئەلەرزم. پێویستم بە پشتیوانی بەڕێزتان هەیە و هیوادارم لە سەرەتاوە سەبارەت بە زۆر شت کە نایزانم چاوپۆشیم لێبکەن. من هەرگیز پێم نەناوەتە فێرگە، زۆر نەدار بووم. جگە لە کوڕی مامم، نەشتەرگەری تیپ و خاوەنی مەدالیای لژیۆن دونور و جەنابی قەشە شەلان، تا ئێستە لەگەڵ کەسی دیکە نەدواوم. ئەو ئەتوانێ ئەم قسەیەی من بسەلمێنێ. براکانم بەردەوام لێیان داوم. ئەگەر لە لای بەڕێزتان بە خراپە باسی منیان کرد، بڕوا بە گوتەیان مەکەن. خاتوون لە هەڵەکانم ببوورن، مەبەستێکی خراپم نییە.

ژوولیەن لە ماوەی ئەم وتاردانە دوورودرێژەدا، هێز و وزەیەکی هاتەوە بەبەردا و زۆر بە وردیش سەیری خاتوو دورێنالی ئەکرد. بەڵێ، ئەمەیە بەرەنجامی سۆزی تەواوەتی، کاتێک کە لە

ناخ و سروشتی مرۆڤـدا هەبێ و لە هەموو ئەمانەش زیاتر، کاتێک کە ئەو سۆز و هەستە ناسکە لە ناخی مرۆڤەوە هەڵقوڵێ و مەبەستی دەهۆ و خۆدەرخستن نەبێ. ژوولیەن کە سەبارەت بە شۆخوشەنگی ژن شارەزا بوو، ئەیتوانی سوێند بخوات کە لەو چرکەساتەدا، خاتوو دورێنال لە بیست ساڵ زیاتر نییە. لە هەمان کات‌دا ئەو بیرەش دای لە مێشکی کە دەستی ماچ بکات، بەڵام دەسبەجێ لە مەبەستەکەی خۆی ترسا. ساتێک پاش ئەوە بە خۆی وت: «نیشانەی بێدەمارییە خۆم لە کارێک ببوێرم کە ڕەنگە قازانجی بۆم هەبێ و ڕێژەی ئەو بە سووک سەیرکردنە کەم بکاتەوە کە ئەم شەنگەژنە بەرامبەر بە کرێکارێکی هەژار هەیبێ، کە تازە دەسکی مشاری بەرداوە.» ڕەنگە ئەم نازناوەی «کوڕی قۆز» کە شەش مانگ بوو ڕۆژانی یەکشەممە لە دەمی کچانی ئەبیست، هەندێ هێزی ئەخستە بەری. لە ماوەی ئەم وتووێژەی لە دەروونی ژوولیەن‌دا بەڕێوە بوو، بۆی دەرکەوت کە خاتوو دورێنال سەبارەت بە هەڵسوکەوتی بەرامبەر بە مناڵەکان وانەیەکی فێر کردووە. ئەو گێرە و کێشەی لە ناخی‌دا بەرپا ببوو، دیسانەوە ڕەنگی کردبوو بە مانگەشەو. بە دەنگێک کە نیشانەی گوشار و ناچاری بوو، وتی:

ــخاتوون من هەرگیز لە مناڵەکانی ئێوە نادەم، بە خواوەندی خوا سوێندتان بۆ ئەخۆم!

لە کاتی وتنی ئەم ڕستەیەش‌دا، زۆر بە لێبڕاوی دەستی خاتوو دورێنالی گرت و بردی بۆ لێوی. خاتوو دورێنال لەم کارەی ئەو سەری سووڕما و ناخودئاگا لە ئەنجامی کاردانەوەیەکی دەروونی قەڵس بوو. لەبەر ئەوەی هەوا زۆر گەرم بوو، قۆڵی لە بن ئەو هەورییە ناسکەی دابووی بە شانیدا، ڕووت بوو، ئەم کارەی ژوولیەن، کاتێک کە دەستی ئەبرد بۆ لێوی، قۆڵی ڕووتی

بە تەواوەتی لە بن هەورییەکە خستە دەرەوە. پاش تۆزێک خاتوو دورێنال، گلەیی لە خۆی ئەکرد. پێی وا بوو بە گوێرەی پێویست توورە نەبووە.

جەنابی دورێنال کە ئەم وتووێژەی بەر گوێ کەوت، لە ژووری کارەکەی هاتە دەرەوە و بەو قەڵافەتە شکۆدار و باوکانەیەی کە کاتی بەڕێوەبردنی دابی مارەبڕین لە شارەوانی بە خۆیەوە ئەگرت، وتی:

ــبەر لەوەی مناڵەکان بتبینن، من ئەبێ قسەت لەگەڵ بکەم.

ژوولیەنی برد بەرەو ژوورێک و ژنەکەشی ڕاگرت کە ئەیویست بەجێیان بهێڵێ. کاتێک دەرگا داخرا، جەنابی دورێنال قورس و گران دانیشت.

ــقەشە بە منی وت تۆ مرۆڤێکی باشی. لێرە هەمووان بە ڕێزەوە لەگەڵت ئەجووڵێنەوە و ئەگەر لێت بۆین بم، یارمەتیت ئەدەم لە داهاتوودا ماڵ و ژیانێکی هاکەزایی پێکەوەبنێی. حەز ئەکەم لەمەولا نە باوک و دایکت ببینی و نە هەڤاڵەکانت. قسە و کرداریان شیاوی مناڵەکانی من نییە. ئەمەش سی و شەش فڕانکی مانگی یەکەم. بەڵام ئەبێ بەڵێنم پێ بدەی یەک دینار لەم پارەیە نەدەی بە باوکت.

جەنابی دورێنال، زۆر دڵی لەو پیرەمێردە پڕ بوو کە لەم مامەڵەیەشدا لە خۆی فێڵبازتر دەرچووبوو.

ــجەناب، بۆ ئاگاداری خۆتان ئەڵێم کە بە پێی فەرمانی من، لێرە هەموو بە «جەناب» بانگت ئەکەن و خۆیشت زۆر زوو فێری ڕێسای ماڵی خانەدان ئەبیت و ئێستەش، جەناب، جوان نییە کە مناڵەکان بەو ئێلەگەوە بتبینن.

جەنابی دورێنال لە ژنەکەی پرسی:

ــخزمەتکارەکان بینیویانە؟

خاتوو دورێنال، لە بیرێکی قووڵدا، وەڵامی دایەوە:

ــ نا، گیانەکەم!

ــ باشە.

پاشان باڵاپۆشێکی سەرداری دا بە ژوولیەن و کوڕە حەپەسا. پێی وت:

ــ ئەم سەرداریيە لەبەر بکە و ئێستەش ئەچين بۆ کۆگای جەنابی دورانی کوتاڵ فرۆش.

پاش کاتژمێرێک، کاتێک کە جەنابی دورێنال لەگەڵ مامۆستای تازەی منالەکانی کە سەرتاپا جلی ڕەشی لەبەر بوو، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بینی ژنەکەی لە هەمان جێگەی لێی بوو، دانیشتووە. خاتوو دورێنال، لە ئەنجامی بینینی ژوولیەن هەستی بە ئارامی کرد. کاتێک کە لێی ئەڕوانی، ئەو ترسەی لێی هەبوو، لە بیر ئەبردەوە. ژوولیەن تۆزقاڵێکیش بیری لەو نەئەکردەوە. سەرەڕای ئەو هەموو گومانەی لە خەڵک و چارەنووسی هەبوو، گیانی لەو کاتەدا وەک گیانی منالێک بوو. وای ئەزانی لەو کاتەوە کە لە کلیسا لەرزی لێهاتبوو، واتە لە سێ کاتژمێر پێش ئێستەوە، ساڵەها تێپەڕیوە. ڕوخساری ساردوسڕی خاتوو دورێنالی بینی و زانی بە هۆی ئەو ماچە ڕوودارەی ئەوەوە تووڕەیە.

بەڵام ئەو دفرەیەی کە جلوبەرگی تازە بەدیهێنابوو، ئەوەندە لەگەڵ جلوبەرگی ئاسایی ئەو جیاواز بوو، حەزی ئەکرد خۆشی و شادییەکەی بشارێتەوە، بۆیە لە هەموو جووڵانێکیدا شتێکی ئاوێتەی تووڕەیی و شێتی ئەبینرا. خاتوو دورێنال بە چاوی ئەبڵەقەوە سەیری ئەکرد.

جەنابی دورێنال وتی:

ــ جا جەناب، ئەگەر بتەوێ منال و خزمەتکار ڕێزت لێ بنێن، ئەبێ قورس و بەڕێز هەڵسوکەوت بکەی.

ژوولیەن وەڵامی دایەوە:

ــجەناب، من لەم جلوبەرگە تازەیەدا تۆزێک ناڕەحەتم. من، کوڕە جوتیارێکی بێچارەم و هەرگیز جگە لە ئێلەگم لەبەر نەکردووە. ڕێگەم بدەن بچمە ژوورەکەی خۆم.

جەنابی دورێنال بە ژنەکەی وت:

ــسەبارەت بەم نێچیرە نوێیە ڕات چییە؟

خاتوو دورێنال بە بزووتنێک کە زیاتر خوڕسک بوو و خۆیشی سەرچاوەکەی نەئەڕانی، ڕاستی ڕووداوەکەی لە مێردەکەی شاردەوە:

ــمن بە ئەندازەی تۆ دڵم نەچووەتە سەری. ئەم بە پیرەوە چوونەی تۆ و ئەم خەڵاتکردنە، وای لێ ئەکا لە خۆی دەربچێ و هێشتا نەبووە بە مانگێک، ناچار ئەبی دەری بکەی.

ــدەیجا چیە، دەری ئەکەم. ئەم مامەڵەیە هەموو سەد فرانکی تێچووە، بەڵام ڤێرير لەو مانگەدا لەگەڵ مامۆستایەک لە تەنیشت مناڵەکانی جەنابی دورێنالەوە ڕادێن. ئەگەر ژوولیەنم لەو بەرگە کرێکارییەیدا ڕابگرتایە، نەم ئەتوانی بەو مەبەستە بگەم. ئەگەریش دەری بکەم، ئیتر ئەو دەستە جلە ڕەشەی لە کوتاڵفرۆشەکە بۆم کڕیوە، پێنادەم و جگە لەو جلە دووراوە ئامادەی لە مەگازەی بەرگدروو دەسم کەوت و لە بەریم کرد، هیچی تری بۆ نامێنێتەوە.

ئەو کاتژمێرەی کە ژوولیەن لە ژوورەکەی خۆی بوو، بۆ خاتوو دورێنال، وەک ساتێکیش نەبوو. مناڵ کە لە هاتنی مامۆستای تازە ئاگادار ببوون، دایکیان هەڵپێچابوو. سەرەنجام ژوولیەن پەیدا بوو. ببوو بە پیاوێکی تر. ئەگەر بوترێ، سەنگین و قورس و قۆڵ، هێشتاش کەممان وتووە. گەوهەری ڕێز و ڕیاڵی سەنگینی بوو. لەگەڵ مناڵەکان ئاشنا بوو و بە شێوازێک لەگەڵیان دوا، کە تەنانەت جەنابی دورێنال سەری سووڕما.

لە کۆتایی وتارەکەی‌دا وتی:

ــمن بۆ ئەوە هاتووم بۆ ئێرە زمانی لاتین فێری ئێوە بکەم. خۆتان ئەزانن کە لەبەر کردنی وانە بە چ واتایەکە...

پاشان پەرتوکێک کە بەرگی ڕەش بوو، پیشان دا و درێژەی دا:

ــئەم پەرتووکە، پەرتووکی پیرۆزە. لە هەموو زیاتر بریتیە لە بەسەرهاتی خودای ئێمە عیسای مەسیح. ئێمە ئەو بەشەی کە پێی ئەوترێ سەردەمی نوێ ئەخوێنین. زۆر جار داواتان لێ ئەکەم وانەکە لەبەر بکەن، ئێوەش داوا لەمن بکەن وانەی زیاترتان پێ بڵێم.

ئادۆڵف، برای گەورە، پەرتووکەکەی گرتبوو.

ژوولیەن، بە دوای قسەکانی خۆیدا وتی:

ــکوێتان پێخۆشە، بیکەنەوە. یەکەم وشەی کۆپلەیەکم بۆ بڵێن. من هەموو پەرتووکی پیرۆز کە ڕێسای ژیانی هەموومانە، تا ئەو کاتەی خۆتان ئەڵێن بەسە، لەبەر بۆتان ئەڵێم.

ئادۆڵف، پەرتووکەکەی کردەوە و وشەیەکی خوێندەوە و ژوولیەن بە هەمان ئاسانی کە بە فەڕانسە قسەی ئەکرد، ئەو لاپەڕەیەی لەبەر خوێندەوە. جەنابی دورێنال بە ڕوخسارێکی سەرکەوتوەوە ئەیڕوانییە ژنەکەی. چاوی مناڵەکان، بە بینینی سەرسووڕمانی دایک و باوکیان، داچەقابوو. خزمەتکارێک هاتە بەر دەرگای هۆڵەکە. ژوولیەن بەردەوام بە زمانی لاتین قسەی ئەکرد. خزمەتکار سەرەتا لە جووڵە کەوت، پاشان ون بوو. ئەوەندەی پێ نەچوو، کەنیزی خاتوون و ئاشپەز هاتن بەرەو هۆڵەکە. تا ئەو کاتە ئادۆڵف لە هەشت لاوە پەرتووکەکەی کردبوویەوە و ژوولیەن هەموو جار بە هەمان ئاسانی لەبەر بۆی ئەخوێندنەوە.

ئاشپەز، کە کچێکی جوان و زۆر بە دین بوو، بە دەنگی زۆر بەرز وتی:

ــ دەک خوا بیپارێزێ، چ قەشەیەکی گەنج و قۆزە!

متمانەی جەنابی دورێنال بە خۆی، تووشی شڵەژان ببوو. ئیتر گوێی لە مامۆستا و تاقیکارییەکەی ئەو نەبوو و هەوڵی ئەدا هەر چۆنێک بووە لە ناو مێشکیدا چەند وشەیەکی لاتین بدۆزێتەوە. ئەوەتانێ. چەند دێڕی هۆراسی بۆ هات. ژوولیەن کە جگە لە ئینجیلەکەی هیچی تری لە زمانی لاتین نەئەزانی، ناوچەوانی تێکنا و وەڵامی دایەوە:

ــ ئەو پلە پیرۆزەی گیانی منی بۆ تەرخان کراوە، بەرهەمەکانی ئەم هۆنەرە کافرەی لە من حەرام کردووە.

جەنابی دورێنال بڕێکی تر لەو هۆنراوانەی کە بە گوتەی خۆی هۆنراوەی هۆراس بوون، خوێندەوە و سەبارەت بەوەی هۆراس کێ و چکارە بوو، تێبینی دا بە مناڵەکانی. بەڵام مناڵەکان کە لە شەوقی پەسنکردن هەڵچووبوون، گوێیان لە قسەکانی ئەو نەبوو و چاویان بڕیبوویە ژوولیەن.

لەبەر ئەوەی دەستەی خزمەتکاران هێشتاش لە ناو دەرگاکە بوون، ژوولیەن هەستی کرد ئەبێ ئەم تاقیکردنەوەیە بباتەوە.

بە مناڵە هەرە بچووکەکەی وت:

ــ ئێستە ئەبێ جەنابی ستانیسلاس زاڤیەش دەقێکم پیشان بدات.

ستانیسلاسی بچکۆلانە کە تووشی دفرە و شانازی ببوو، بە سەروبەچک شکاوی یەکەم وشەی بەشێکی لاپەڕەیەکی خوێندەوە و ژوولیەن پەڕەکەی تا کۆتایی لەبەر بۆ وتن. بۆ ئەوەی سەرکەوتنی جەنابی دورێنال هیچ کێماسی نەبێ، لەو کاتەدا کە ژوولیەن خەریکی خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز بوو، جەنابی ڤالێنۆ، خاوەنی

ئەسپانی ڕەگەز نورماندی و جەنابی شارکۆ دو مەوژیرۆنی[٣٢] فەرماندار، پێیان نایە ناو هۆڵەکە. ئەم دیمەنە نازناوی «جەناب» ی بۆ ژوولیەن مسۆگەر کرد. تەنانەت دەستەی خزمەتکارانیش نەیانوێرا ئەم نازناوەی پێ ڕەوا نەبینن.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە، تێکڕای شاری ڤێریر، بۆ بینینی ئەم پیتۆڵە هەڵکەوتووە هاتن بۆ ماڵی جەنابی دورێنال. ژوولیەن وەڵامی هەمووانی بە ڕوخسارێکی داگیراوەوە ئەدایەوە کە ڕێگەی لە نزیک بوونەوەی کەسەکان ئەگرت. بەڵام ناوبانگی ئەوەندە بە خێرایی بە شاردا بڵاوبوویەوە کە سێ چوار ڕۆژ پاش ئەو ڕێکەوتە، جەنابی دورێنال لە ترسی ئەوەی نەکا ژوولیەنی لە دەست بڕفێنن، باسی واژۆکردنی گرێبەستێکی دوو ساڵی هێنایە ئاراوە.

ژوولیەن بە ساردی وەڵامی دایەوە:

ــ نەخێر، جەناب! ئەگەر ئێوە بتانەوێ من دەربکەن، ناچارم بڕۆم. گرێبەستێک کە دست و پێی من ببەستێتەوە و هیچ ئەرکێک نەخاتە سەرشانی تۆ، دادگەرانە نییە. من گرێبەستی وەها واژۆ ناکەم.

ژوولیەن، بە شێوەیەک ڕێگای کارەکەی خۆی ناسی کە هێشتا مانگێک تێنەپەڕیبوو، جەنابی دورێنالیش بەڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکرد و لەبەر ئەوەی لە نێوان قەشە و جەنابی دورێنال و جەنابی ڤالێنۆ لە لایەکی ترەوە ناکۆکی ساز ببوو، هیچکەس نەیتوانی لە حەزی کۆنیەی ژوولیەن بە ناپۆلیۆن پەردە هەڵداتەوە. خۆیشی بەردەوام بە ترس و پارێزەوە باسی ئەکرد.

---

٣٢ـ M. Charcot de Maugiron.

بەندی VII

## پەیوەندییە هەڵبژاردەکان

ناتوانن بچنە دڵەوە، بە بێ ئەوەی بیپرووشێنن.
(نووسەرێکی هاوچەرخ)

منداڵەکان ئەویان ئەپەرست و ئەو تۆزقاڵێکیش خۆشی نەئەویستن. بیری لە شوێنێکی تر بوو. منداڵەکان چییان بکردایە، ئەو هەرگیز وەڕەز نەئەبوو. خەمسارد و نەمرچ و لەناو خۆیا، کەچی خۆشەویست بوو، چونکە هاتنی تا ڕادەیەک غەم و بێدەنگی لە ماڵەکە تەراندبوو. مامۆستایەکی ناوازەی لێدەرچووبوو. لە لای خۆی سەبارەت بەم کۆمەڵگەی خانەدان و ئاریستۆکراتە کە لە ناو خۆیاندا ڕێیان پێدابوو، جگە لە ڕق و نەفرەت چی تری لە دڵدا نەبوو. بەڵام ڕاستەکەی ئەم کۆمەڵگەیە تەنها لە خوار سفرەکەیانەوە، لای کەوشکەنە، شوێنێکیان پێ دابوو و هەر ئەم بابەتەش ببوو بە هۆی کینە و بێزاری ئەو. چەند شێوی پڕشکۆ درا و لە ماوەی ئەو میوانیانەدا بەزۆر توانی لە دەربڕینی ڕق و دوژمنی سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی دەوروبەری گرتبوو، خۆی بپارێزێ. بۆ نموونە ئەو ڕۆژەی کە ڕۆژی سەن لویی[٣٣] بوو و جەنابی ڤالێنۆ لە ماڵی جەنابی دورێنال وتاری ئەدا، ژوولیەن نزیک بوو ڕازی خۆی ئاشکرا بکات. بە بیانووی سەردان لە منداڵەکان، خۆی کرد بە باخدا و هاواری کرد: «چەندە پەسنی پاکی ئەکەن، ئەڵێی پاکبوون یەکەم بەهرەیە لەم دنیایەدا هەیە!

---

**٣٣**ـ جەژنی سەنت لویی: Saint Louis یادەوەری ٢٥ی مانگی ئاگوست، ڕۆژی پیرۆز لە لای ژمارەیەک لە پادشایانی فەڕانسە.

سەرەڕای ئەمەش لە بەرامبەر کەسێکدا کە سامانەکەی لە دزینی ماڵی هەژارانەوە چەند بەرامبەر کردووە، ئاوەها سووکانە کڕنۆش ئەبەن؟! مەرج ئەبەستم کە ئەم کابرایە تەنانەت لە پارەی منالانی سەر ڕێگەش ئەدزێ. ئەو بێچارانەی کە نەداری و هەژارییان لە نەداری ئەوانی تر سامناکترە! ئاخ! ئەی دڕندانە، ئەی دڕندانە! منیش جۆرێک لە منالّی سەر ڕێگەم کە باوکم، براکانم و گەورە و بچووکی ماڵەکە دوژمنایەتیم ئەکەن.»

چەند ڕۆژ پێش جەژنی سەن لویی کاتێک لە جەنگەڵێک بە ناوی «بلڤێدێر» کە ئەیڕوانی بەسەر سەیرانگەی فێدلیتەدا، خەریکی گەڕان و خوێندنی گازە و نزا بوو، هەوڵی ئەدا خۆی لە دوو براکەی کە لە دوورەوە، لە کوێرەڕێیەکی دوورکەوتوی کەم هاتووچۆوە ئاهاتن، بدزێتەوە. بەلام هەوڵەکەی ئەنجامی نەبوو. ئێرەیی بردنی ئەم کرێکارە دڕندانە، لە ئەنجامی بینینی جلوبەرگی ڕەشی جوان، ڕواڵەتی پاک و ڕێکوپێک و ئەو ڕوانینە سووکانەی بە بێ درۆکردن تێیان ئەگرێ، وەها هاتبوونە جۆش کە هەر ئەو کاتە ڕژابوون بە سەریدا و ئەوەندەیان لێدابوو کە بێگیان و خوێناوی لە سەر عەرزەکە کەوتبوو. خاتوو دورێنال کە لەگەڵ جەنابی ڤالێنۆ و فەرماندار خەریکی گەڕان بوون، بە ڕێکەوت لەم جەنگەڵە بچووکەوە تێئەپەڕین کە ژوولیەنیان خلّتانی خوێن دۆزییەوە و سەرەتا وایانزانی مردووە و، خاتوون بە ڕادەیەک هەڵچوو و شپرزە بوو کە جەنابی ڤالێنۆ بەخیلی پێ ئەهات.

بەلام هێشتا جێگەی نیگەرانی نەبوو. ژوولیەن، مادام دورێنالی یەکجار بە جوان ئەزانی و لەبەر ئەم جوانییەی ڕقی لێی بوو. ئەم جوانییە، ئەو یەکەم تاشەبەردە بوو کە خەریک بوو ببێتە لەمپەری پێشکەوتنی بەخت و داهاتووی. بۆ ئەوەش کە بیرەوەری ئەو یەکەم ڕۆژەی دەستی ماچ کردبوو لە بیر بباتەوە، هەوڵی ئەدا کەمتر

بیدوێنێ.

ئیلیزا، کەنیزی خاتوو دورێنال کە بە دڵ شەیدای مامۆستای جەوان ببوو، زۆر جاران لە لای خاتوونەکەی باسی ئەکرد. ئەوینی ئەلیزا ببوویە هۆی ئەوەی یەکێک لە نۆکەرەکان قین لە ژوولیەن هەڵبگرێ. ڕۆژێک بیستی کە ئەم کابرایە بە ئیلیزا ئەڵێ: «لەو ڕۆژەوە ئەم مامۆستا چەپەڵە پێی خستۆتە ئەم ماڵەوە، تۆ ناتەوێ لەگەڵ من قسە بکەی.» ژوولیەن شیاوی ئەم جنێوە نەبوو. بەڵام بە پێی ئەو ڕەمەکەی لە هەر گەنجێکی قۆزدا هەیە، ئەمجار دوو ئەوەندە بە خۆیا ڕائەگەیشت. قینی جەنابی ڤالێنۆش بوو بە دوو بەرامبەر و بە ئاشکرا ئەیوت: «ئەو هەمووە خۆ قۆزکردن و ڕازاندنەوە شیاوی قەشەیەکی جەوان نییە.» جگە لە جبەی بەرنوێژی، ژوولیەن بەرگی قەشەی لەبەر ئەکرد.

خاتوو دورێنال زانی کە ژوولیەن زیاد لە ئەندازە، لەگەڵ ئیلیزا قسە ئەکات. بۆی دەرکەوت هۆی ئەم وتووێژانە کەمبوونی جلوبەرگە کە ژوولیەن تووشی بووە. جلی ئەوەندە کەم بوو کە زۆر جار ناچار بوو لە دەرەوەی ماڵەوە بیدا بە شۆردن و بوونی ئیلیزا لە ڕوانگەی ئەم ئاگالێبوون و دڵدانەوەوە پێویست بوو. ئەم هەژارییە بێ ئەندازەیە، کە خاتوو دورێنال پێی وانەبوو، بووە هۆی پەژارەی. ویستی هەندێ دیاری بداتێ، بەڵام نەیوێرا. ئەم بەرگرییە دەروونیە، یەکەم هەستی ناخۆش بوو کە ژوولیەن بۆی بەدیهێنا. ناوی ژوولیەن، تا ئەو ڕۆژە لە لای ئەو بە هەستێکی شادی و پاکی ئاسمانی ئاوێتە بوو. خاتوو دورێنال کە لەو هەژاریی و نەدارییەی ژوولیەن زۆر غەمبار بوو، لای شووەکەی باسی ئەوەی کرد کە بڕێ جلی بە دیاری پێ بدەن.

جەنابی دورێنال وەلامی دایەوە:

ــلەو هەڵە و گەوجێتیە! سەیرە! بێین و دیاری بدەین بە

کەسێک کە بەوپەڕی دڵسۆزی خزمەت ئەکا و لێی ڕازین؟ کاتێک ئەبێ دیاری پێ بدەین کە کارەکەی نەکا و کەموکوڕی هەبێ.

خاتوو دورێنال لەم شێوازی بیرکردنەوەی شووەکەی زۆر کەنەفت بوو. دیارە، پێش هاتنی ژوولیەن نەی ئەتوانی پەی بەم خاڵە ببات. هەر کات جلوبەرگی پاک و خاوێنی قەشەی جەوانی ئەبینی کە زۆریش سادە بوو، دەسبەجێ بە خۆی ئەوت: «ئەم منداڵە ڕەبەنە چۆن دەرەقەتی ئەو کارە دێ؟»

لەگەڵ تێپەڕینی کات، لە بری ئەوەی لەم هەژاری و تەنگدستیە کەم بێتەوە، دڵی بۆ هەموو شتێک سووتا کە ژوولیەن لێی بێبەش بوو.

خاتوو دورێنال یەکێک بوو لەو ژنە شارییانەی کە تا پانزە ڕۆژی یەکەمی ئاشنایی، بە گەوج ئەژمێردرێ. هیچ ئەزموونێکی نەبوو و گوێی لێ نەبوو چی ئەڵێ. گیانێکی بەرهەست و گۆشەگیری هەبوو و بە چاوی سووک سەیری هەمووانی ئەکرد. ڕەمەکی هەستکردن بە بەختەوەری کە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە وای لێکردبوو، بە گشتی، گوێ نەداتە کاروباری ئەو خەڵکە پەست و دڕندەیەی ڕێکەوت ئەوی هاویشتبوویە نێوانیان.

ئەگەر کەمترین بەهرەیەکی لە خوێندن هەبووایە، مسۆگەر بوو لە ئەنجامی گیانی پاکیزە و خیرایی وەرگرتن و وشیاری، ئەبوو بە چەقی سەرنجی هەمووان. بەڵام وەکو میراتگری بنەماڵە، لە دەیری کۆمەڵێک دەستەخوشکانی ئایینی پەروەردە کرابوو کە بەوپەڕی حەزەوە **دڵی پیرۆزی یەسووس**[٣٤] ئەپەرستن و ڕقێکی زۆریان لە ئاینزای ژوزۆییت لە فەڕانسە ئەبێتەوە. خاتوو دورێنال بە بەهرە و ئاوەزی خۆی هەستی بەوە کردبوو ئەوەی لە دەیر فێری

---

٣٤ـ Sacré_Coeur de Jésus. ئەم ئاینزایە لە لایەن ماری ئالاکۆک لە کۆتایی سەدەی حەڤدە دامەزرا، بەڵام تا هاتنەوە سەرکای پاشایەتی پەرەی نەسەند.





بووە، هیچ کەڵکیان نییە و هەوڵی دابوو لە بیریان بکات. بەڵام لە جێگەی ئەوەی لە بیری بردەوە، هیچ فێر نەبوو و تا کۆتاییەکەشی لە زانست و زانیاری بێبەش ما. ئەو هەمووە مەرایی و پەسنەی لە زووەوە و لە سەردەمی منداڵییەوە، وەکو میراتگری سامانێکی زەبەند، درابوو بە گوێیدا و ئەو تامەزرۆییەی بۆ پەرستن و دینداری ئاگرین هەیبوو، بوویە هۆی ئەوەی کە پەلکێش بکرێ بەرەو ژیانێکی دەروونی داخراو. بەو ڕواڵەتە ڕازاوەیەوە هەوڵی ئەدا حەز و ئارەزووەکانی مێردەکەی بەدی بهێنێ و بە ویست و ئیرادەی خۆی و خۆپارێزی و چاوپۆشی کردن لەو خۆشیانەی کە شووەکانی شاری ڤێرێر وەکو نموونە بۆ ژنەکانیان ئەگێڕایەوە و مایەی شانازی جەنابی دورێنالیش بوو. باری دەروونی ئێستەی ئەم ژنە، لە ڕاستیدا، لەدایکبووی سروشتی پڕ لە سستی و لەخۆ ڕازیبوونی بوو. سەرنجی فلانە شازادە کە ناوی بە هۆی سستی و دفرەوە بڵاو بۆتەوە، بەو کارانەی کە خانەدانەکانی بارەگاکەی سەبارەت بەو ئەنجامی ئەدەن، زیاتر لەو سەرنجە بوو کە ئەم ژنە میهرەبان و بە ڕواڵەت خاکەڕایە، بە کردار و گوتاری مێردەکەی خۆی هەیبوو. تا ڕۆژی هاتنی ژوولیەن، جگە لە منداڵەکانی، ڕاستییەکەی، گرنگی بە هیچ شتێک نەدابوو. هەموو هەست و سۆزی ئەم مرۆڤە کە سەرتاپای ژیانی، جگە لەو خوایەی کە سەردەمی ژیان لە فێرگەی دڵی پیرۆز لە بزانسۆن ئەیپەرست، کەسی نەپەرستبوو، ئەگەڕایەوە بۆ نەخۆشین و دەرد و شادی منداڵەکانی.

هەرچەند لەبەر هەستی نەوازشگەری خۆی باسی نەئەکرد، بەڵام بە هۆی لەرزوتای منداڵێکیەوە وای لێ بەسەر ئەهات، وەک بڵێی منداڵەکە مردبێ. لە ساڵەکانی سەرەتای شووکردندا،



هەستکردن بەوەی کە ئەبوایە دەردەدڵی خۆی بە کەسێک بڵێ، ناچار ببوو ئەم غەم و خەفەتانەی خۆی بە مێردەکەی بڵێ. ئەنجامی ئەم ڕاز درکاندنەش هەموو کاتێک ئەوە بوو کە لە لایەن شووەکەی بە قاقای دوور لە ئەدەب و گاڵتەئامێز وەڵامی ئەدرایەوە و بە دواشیدا پەندێکی سووک و ناشیرینی دەربارەی شێتێتی ژنان بیستبوو. ئەم جۆرە گاڵتانە، کە لە هەموو شت زیاتر، پەیوەندی بە نەخۆشینی منداڵەکەیەوە هەبوو، وەکو خەنجەر لە دڵی خاتوو دورێنال ئەچەقین. ئەمە بوو ئەوەی خاتوو دورێنال لەبری مەرایی و خۆشامایی شیرینی فێرگەی دەیری مەسێحیە، کە سالآنی کچێتی لەوێ ژیابوو، لە ماڵە مێرد دەستی کەوتبوو. خوێندن و بارهاتنی لە فێرگەی دەرد و ئازار بوو، لەبەر ئەوەی ئەوەندەش خود پەسەند بوو کە دەردەدڵەکانی خۆی تەنانەت بە دۆستی هەرە نزیکی خاتوو دورڤیلیش بڵێت، کە وا بوو هەموو پیاوێکی وەکو شووەکەی و جەنابی ڤالێنۆ و جەنابی شارکۆ دو مەوژیرۆنی فەرماندار لا وا بوو. گاڵتەکردنی دڕندانە و ڕەفتاری توندوتیژ بەرامبەر بە هەر شتێک، کە پارە و پلە و مەدالیای تیا نەبوایە و، دژایەتی کردنی کوێرانەی هەر دیاردەیەک کە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوان بوایە، لای خاتوو دورێنال وەک پێڵاو لە پێکردن و کڵۆز[٣٥] لە سەر نان، بە ئەدگار و تایبەتمەندی پیاوان ئەژمێردرا.

پاش سالآنی دووردرێژ، خاتوو دورێنال لەگەڵ ئەم خەڵکە پارەپەرستەی کە ناچار بوو لە ناویاندا بژی، هێشتاش ڕانەهاتبوو.

ئەم شتانەش سۆنگە و سەرچاوەی سەرکەوتنی کوڕە

٣٥ـ کڵاوی لباد، کڵاوی دروستکراو لە تەحتی.

جوتیارێکی وەکو ژوولیەن بوو. خاتوو دورێنال لە کێشەری ئەم گیانە پاک و لەخوباییەدا، چێژ و خۆشی وەهای دۆزییەوە کە وەکو هەموو شتێکی تازە بە تیشکی ئەفسوون ئەدرەوشایەوە. ئەوەندەی پێنەچوو لە نەزانی بێ ئەندازەی ئەو، کە خۆی چێژێکی تری هەبوو، خۆش بوو و توندوتیژی ڕەفتاری ژوولیەن، کە بە دەستی خۆی توانیبووی باشیان بکات، لەبەر چاو نەگرت. زۆری نەبرد بۆی دەرکەوت گوێڕاگرتن لە قسەکانی ژوولیەن نرخی هەیە، هەرچەند باسی سادەترین شتەکانیش بێ. هەرچەند باسی سەگێک بێ کە کاتی پەڕینەوە لە ناو کۆڵان، کەوتۆتە بن عەرەبانەی جوتیارێک کە بە غار تێپەڕیوە و پارچە پارچە بووە. دیمەنی ئەم دەرد و غەمە مێردەکەی ئەخاتە پێکەنین، لە کاتبکا برۆ ڕەشەکانی ژوولیەن بەو کەوانە ناسکەیەوە، لە بەرامبەر ئەم دیمەنەدا تێک ئەچرژا. وردە وردە گەیشتە ئەو باوەڕەی، شامێری و ئەدگاری باڵا و خووی مرۆیی جگە لەم قەشە گەنجە لە هیچ پیاوێکدا نییە. ئەو حەز و خۆشەویستی و تەنانەت ئەو پەسنکردنەی کە ئەم تایبەتمەندییانە لە گیان و هەستی پاکدا ئەیهێنایە جۆش، هەر هەمووی پێشکەش بە ژوولیەن کرد.

لە پاریس، دۆخی ژوولیەن لە بەرامبەر خاتوو دورێنال ڕواڵەتێکی زۆر ساکاری بە خۆوە ئەگرت. بەڵام لە پاریس ئەوین زادەی ڕۆمانە. مامۆستای جەوان و ژنەی شەرمنی خودانی، بە بێگومان، کلیلی مەتەڵۆکەی خۆیان لە سێ چوار ڕۆمان و تەنانەت لە شانۆی ژیمنازدا ئەدۆزییەوە. ڕۆمان، ئەو ڕۆڵەی کە ئەبێ بیگێڕن، بۆیانی ڕوون ئەکردەوە و ئەو نموونەی کە ئەبێ پەیڕەوی لێ بکەن، پیشانی ئەدان و درەنگ یان زوو، بە بێ کەمترین چێژ لێوەرگرتن، ڕەنگە بە نابەدڵیش، وای لە ژوولیەن ئەکرد پەیڕەوی لەو نموونەیە بکات.

لە شارۆچکەیەکی ئاڤیرۆن[٣٦] یان پیرنە، ڕووداوێکی چەندەش بچووک، بە گوێرەی ئاوهەوا، دیاردەکەی بە شێوەیەکی مسۆگەر ڕوون ئەکردەوە. لە بن ئاسمانی غەمگینتری ئێمە، گەنجێکی نەدار کە بە هۆی ناسکی و تەندروستی خۆیەوە لە زۆر خۆشی ژیان کە بە پارە ئەکڕدرێ، بێبەش بوو؛ ئەبێتە هۆی ئەوەی لەم ڕێگەیەوە پلەوپایە پەرستی لێ دەربچێ. هەموو ڕۆژێک ژنێکی سی ساڵان ئەبینێ کە بە ڕاستی ژیرە و خەریکی منداڵەکانیەتی و وانەی ژیانی بە هیچ جۆرێک لە ڕۆمان وەرناگرێ. لە شارستان هەموو شت ئارام ئەچێتە پێشەوە و هەموو شت وردە وردە چاک ئەبێ و ڕەوتی ژیان ڕەوتێکی سروشتی ترە.

زۆر جار کە خاتوو دورێنال، ئەکەوتەوە بیری نەداری مامۆستای جەوان، ئەوەندە پەژارە دای ئەگرت، چاوەکانی پڕ ئەبوون لە فرمێسک. ژوولیەن، ڕوژێک ئەوی بینی بە قوڵپ ئەگری.

ــ ئەی داد، خاتوون! شتێک ڕووی داوە؟

خاتوو دورێنال وەڵامی دایەوە:

ــ نا، هەڤاڵەکەم! منداڵەکان بانگ بکە با بچین بۆ پیاسە!

خاتوو دورێنال قۆڵی گرت و وەها پاڵی پێوە دا کە ژوولیەن سەیری لێهات. یەکەم جار بوو خاتوو دورێنال بە هەڤاڵەکەم بانگی بکات.

لە کۆتایی گەڕانەکە، ژوولیەن بینی کە ئەو زۆر سوور بۆتەوە. خاتوو دورێنال خاوی کردەوە و بە بێ ئەوەی تێی بڕوانێ، وتی:

ــ مسۆگەر بیستووتە کە من تەنها میراتگری پوورێکی زۆر دەوڵەمەندم کە لە بزانسۆن دائەنیشێ. ئەم ژنە زۆر دیاری جۆراوجۆرم بۆ ئەنێرێ. پێشکەوتنی منداڵەکانم ئەوەندە... خێرا و سەرسووڕهێنەرە کە ئەمەوێ داوات لێبکەم تا دیارییەکی بچکۆلانە

٣٦ـ Aveyron پارێزگایەک لە باشووری فەڕانسە، چەمێکی پیا ئەڕوا هەر بەو ناوە.





کە وەکو پێزانین ئەیدەمە خزمەتتان، وەری بگری! ئەویش چەند دراوی زێڕە کە ڕەنگە هەندێ جلی پێ بکڕی.

ڕوخساری زیاتر گڕی گرت و سوور داگیرسا و وتی: «بەڵام...» و بێدەنگ بوو.

ژوولیەن وتی:

بەڵام چی؟... خاتوون.

سەری داخست و وتی:

ــپێویست ناکا لەمبارەیەوەی لای مێردەکەم قسە بکەی.

ژوولیەن کە چاوەکانی لە تووڕەییدا ئەدرەوشایەوە، ڕاوەستا، سینگی دایە بەرەوە و وتی:

ــخاتوون، من هەژارم، بەڵام سووک و چرووک نیم. ئەمەش خۆتان بینیوتانە و هەستتان پێکردووە. ئەگەر من هەر شتێک کە پەیوەندی بە پارەوە هەبێ لە جەنابی دورێنال بشارمەوە، لە هەموو نۆکەرێک بێ کەڵکترم.

خاتوو دورێنال ترسی لێ نیشت.

ژوولیەن لە درێژەی قسەکانیدا وتی:

ــجەنابی شارەوان لە وەتەی من لە ماڵی ئێوەم، پێنج جار بڕی سی و شەش فڕانکی داوە بە من و من ئامادەم پەڕاوی دەرچووەکانی خۆم بە جەنابی دورێنال یان هەر کەسێکی تر، تەنانەت جەنابی ڤالێنۆش کە چارەی منی ناوێ، پیشان بدەم.

بە دوای ئەم، تووڕەبوونەدا، خاتوو دورێنال، بە ڕەنگی پەڕیو و لەرزۆکەوە، لە شوێنی خۆی وشک ببوو و بە بێ ئەوەی هیچکامیان بیانوویەکی بۆ درێژەدان بە گفتوگۆکە دەسبکەوێ، گەڕان کۆتایی پێهات! ئەوینی خاتوو دورێنال لە دڵی خۆپەسەند و بە دەعیەی

ژوولیەن‌دا زیاتر لە جارانیش بوو بە کارێکی نەگونجاو. بەڵام خاتوو دورێنال، لە لای خۆیەوە ڕێزی ئەوی ڕاگرتبوو. شەیدای بوو. لۆمە کرابوو. بۆیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو دڵشکاندنەی ژوولیەن کە بە بێ مەبەست ڕووی دابوو، بەسۆزترین ئاگاداری بە ژوولیەن ڕەوا بینی. ڕواڵەتی تازەی ئەم کارانە ئەوە بوو کە توورەبوونەکەی ژوولیەن تا ڕادەیەک خاو بوویەوە. بەڵام ژوولیەن لە هەسپێکردنی ئەم بابەتە دوور بوو و شتێکی لەم کارانەدا نەبینی لە خۆشەویستی بچێ.

ئەوسا بە خۆی وت: «کاری ئەم دەوڵەمەندانە ئاوایە! مرۆڤ سووک و چرووک ئەکەن و پێیان وایە هەموو شت بە کرداری لووس و لاسایی کردنەوە قەرەبوو ئەکرێتەوە.»

دڵی خاتوو دورێنال ئەوەندە پاک و بێگەرد بوو کە سەرەڕای بڕیارەکانی خۆی لەمبارەیەوە، چیرۆکی پێشنیازەکەی خۆی بە ژوولیەن و بەرپەرچدانەوە و ڕەتکردنەوەی پێشنیازەکەی لە لایەن ژوولیەنەوە بۆ مێردەکەی گێڕایەوە.

جەنابی دورێنال زیز و ڕەنجاو، وتی:

ــچۆن توانیت ڕێگە بە نۆکەرێک بدەیت پێشنازەکەت ڕەت بکاتەوە.

کاتێکیش خاتوو دورێنال دژی بەکارهێنانی وشەی نۆکەر بوویەوە، جەنابی دورێنال وتی:

ــخاتوونەکەم، من وەکو خولێخۆشبوو «جەنابی لوپرنس دو کوندە» قسە ئەکەم، کە لە کۆڕی ناساندن‌دا، ڕۆژێک کە فەرمانبەران و بەڕێوەبەران بە ژنە تازەکەی بناسێنێ، وتی: «هەموو ئەمانە نۆکەری ئەم دەرگانەن»! من ئەو بەشە لە یاداشتەکانی بزانڤالم بۆ شارەزابوونی تۆ لە فەرمانبەر و فەرماندەر و بو پێش و پاش و پلەوپایە پێویستە، بۆ تۆ خوێندۆتەوە. هەرکەس کە خانەدان نەبێ

و لەماڵی تۆ بژی و مووچە وەربگرێ، ئەو کەسە نۆکەری تۆیە. ئێستەش ئەمەوێ چەند وشەیەک لەگەڵ جەنابی ژوولیەن قسە بکەم و سەد فرانکێکی پێ بدەم.

خاتوو دورێنال بە ترس و لەرزەوە وتی:

ــبەڵام، گیانەکەم، ئاگات لێبێ لانیکەم لە بەردەم نۆکەر و کارەکەر هیچی پێ نەڵێی!

مێردەکەی لە کاتی دوورکەوتنەوە، لە بیری بڕی پارەکەدا بوو، بۆیە وتی:

ــراست ئەکەی، ئەم کارە ڕەنگە ببێتە هۆی ئێرەیی ئەوانی تر و هەقیشیانە.

خاتوو دورێنال کە لە زۆری پەژارە، وردە وردە بێهۆش ببوو، کەوتە سەر کورسییەکە: «هەر ئێستە ئابڕووی ژوولیەن ئەبات و ئەویش بەرەنجامی هەڵەی منە!» ڕقی لە شووەکەی بوویەوە و ڕوومەتی لە نێوان دەستەکانیدا شاردەوە. لەگەڵ خۆی پەیمانی بەست، هەرگیز ڕازی دڵی خۆی بە کەس نەڵێ.

کاتێک کە دووبارە ژوولیەنی بینی، سەرتاپا ئەلەرزی. سینگی وەها گووشرابوو کە نەی ئەتوانی کەمترین وشەش بڵێت. لەو دارەتی شڵەژان و سەرلێشێوانەدا، دەستەکانی گرت و بە هەر ئاوایەک، پێی وت:

ــدەی، هەڤاڵەکەم! لە شووەکەم ڕازیت؟

ژوولیەن بە بزەیەکی تاڵەوە وەڵامی دایەوە:

ــچۆن ئەتوانم لێ ڕازی نەبم، سەد فرانکی پێدام...

خاتوو دورێنال وەکو کەسێک کە دردۆنگ بێ، تێی ڕوانی.

سەرەنجام بە شێوازێکی پڕ لە بوێری و جەربەزە کە ژوولیەن هەرگیز لەودا نەیبینیبوو، وتی:

ــڕێگەم بدە با قۆڵت بگرم.

ئینجا، سەرەڕای ئەو ناوبانگە ترسناکەی پەرتووکفرۆشی ڤێریر لە ئازادیخوازیدا هەیبوو، بە تێڕادیوی تا بەر کۆگاکەی ڕۆیشت. لەوێ، بایی دە دراوی زێڕ پەرتووکی کڕی و دای بە منداڵەکانی. بەڵام ئەم پەرتووکانە ئەوانە بوون کە خاتوو دورێنال ئەیزانی ژوولیەن زۆر حەزی لێیانە. داوای لە منداڵەکان کرد، هەر لەوێ هەر کەسە و ناوی خۆی لە سەر پەرتووکەکەی بنووسێ. لەو چرکەساتانەدا کە خاتوو دورێنال لە شێوازی قەرەبوو کردنەوەی هەڵەکەی خۆی شادمان بوو، ژوولیەن لە زۆری ئەو پەرتووکانەی لەو کۆگایە ئەیبینی، سەری سووڕ مابوو. هەرگیز نەیوێرابوو پێ بخاتە شوێنێک کە ئەوەندە پەرتووکی ناپیرۆزی لێبێ. دڵی زۆر توند لێی ئەدا. لە تێگەیشتنی ئەو ڕووداوانەی لە دڵی خاتوو دورێنالدا ڕووی ئەدا، زۆر دوور بوو. لە ناخی هەناویدا بە دوای ڕێگەیەکدا ئەگەڕا کە هەموو خوێندکارێکی ئایینی ئەبوایە بۆ دەست خستنی هەندێ لەم پەرتووکانە هەیبوایە. لە ئەنجامدا ئەم بیرە هات بە مێشکیدا کە ئەگەر تۆزێ زیرەک بێ ئەتوانێ بە جەنابی دورێنالی بکرِێ، بە بیانووی ئەوەی کە مێژووی ناودارەکانی شار، وەکو وانەی وەرگێڕان بۆ منداڵەکان دیاری بکرێ. ژوولیەن پاش مانگێک هەوڵدان و چاودێری بۆی دەرکەوت، کە بیرۆکەکەی خەریکە لە قۆناخی کردار و سەرکەوتن نزیک ئەبێتەوە. ئەم سەرکەوتنەش تا ڕادەیەک بوو کە پاش ماوەیەک کاتی گفتوگۆ لەگەڵ جەنابی دورێنال، بە لێبڕاوی باسی بابەتێکی کرد کە لەلای جەنابی شارەوانی خانەدان و مەزنی ڤێریر زۆر ناپەسەند بوو. باسەکە ئەمە بوو کە جەنابی شارەوان بڕێک پارە وەکو ئەندامەتی بدات بە پەرتووکفرۆش و لەم ڕێگەیەوە لە پەرەپێدانی سامانی یەکێک لە ئازادیخوازەکان نەخشی هەبێ. جەنابی دورێنال ددانی بەوەدا ئەنا کە کوڕە گەورەکەی لەگەڵ ناوی ئەو چەند پەرتووکەی کاتی

خۆی لە زانکۆی ئەفسەری، کاتی گفتوگۆ، بەر گوێی ئەکەوێ، ئاشنا بکات و هەروەها ئەوەشی ئەوت کە ئەم کارە قازانجی هەیە. بەڵام ژوولیەن لەوە تێگەیشبوو کە جەنابی شارەوانی ڤێریر زۆر بە توندی هەوڵ ئەدات لەو ڕادەیە تێنەپەڕێ. هەستی ئەکرد کە ئەم کارە هۆیەکی نهێنی و سەربەستراوی هەیە بەڵام توانای دۆزینەوەی ئەو ڕازەی نەبوو!

ڕۆژێک پێی وت:

ــجەناب، بە ڕای من زۆر نابەجێ ئەبێ کە ناوی خانەدانێکی وەکو «ڕێنال» لە پەڕاوی چەپەڵی پەرتووکفرۆشیەکی وەهادا ببینرێ.

ناوچەوانی جەنابی دورێنال کرایەوە.


ژوولیەن بە بێژەیەکی خاکیانەتر وتی:

ــبۆ خوێندکاریکی ڕەبەنیش کە خەریکی خوێندنە، ئەبێ بە شۆپێکی نابەجێ کە ناوی لە پەڕاوی پەرتووکفرۆشیەکدا بنووسرێ کە پارە وەرئەگرێ و پەرتووک ئەدا بۆ خوێندنەوە. لەو کاتەدا ئازادیخوازان ئەتوانن تۆمەتی ئەوەم لێبدەن کە نالەبارترین پەرتووکم وەرگرتووە. کێ چووزانێ ناوی ئەم پەرتووکە دزێوانەش لەبەر ناوەکەمدا نەنووسن؟!

بەڵام ژوولیەن لە مەبەستەکەی خۆی دوور ئەکەوتەوە. ئەیبینی کە ڕوخساری شارەوان دارەتێکی تووڕەیی و شڵەژانی بە خۆیەوە گرتووە.

ژوولیەن بێدەنگ بوو. بە خۆی وت: «خاڵی لاوازی خەنیمم دۆزییەوە.»

چەند ڕۆژ پاش ئەوە، کاتێک کە کوڕە گەورەکەی شارەوان، لەبەر چاوی باوکی، سەبارەت بە پەرتووکێک کە ڕیکلامی


LE QUOTIDIEN
JOURNAL DU SOIR.
JEUDI, 1er MAI 1884.
PSAUMES
Attention! Attention
La Maison des mystères.

بڵاوبوونەوەی لە کوتیدین[٣٧] چاپ کرابوو، پرسیاری لە ژوولیەن ئەکرد، مامۆستای جەوان بەم جۆرە وەڵامی دایەوە:

ــبۆ ئەوەی هیچ بیانوویەک نەکەوێتە دەست پارتی ژاکۆبۆن و منیش بەڵگەم بۆ وەڵامدانەوەی ئادۆڵف خان هەبێ، ئەتوانین پارەی ئەندامەتی لە ڕێگەی کەمترین نۆکەری جەنابتانەوە بدەین بە پەرتووکفرۆش.

جەنابی دورێنال کە بە ئاشکرا شادمان ببوو، وتی:

ــبۆچوونێکی خراپ نییە.

ژوولیەن بە ڕواڵەتێک کە نیشانەی سەنگینی و تا ڕادەیەکیش نوێنەرەوەی بەدبەختی بوو، ئەو ڕواڵەتەی کە هەندێ کەس، کاتێک کە پاش ماوەیەکی دوورودرێژی ئارەزوو، پێیان وایە سەرکەوتن لە بەردەمیان ئەبینن و زۆر بەدڵیانە، وتی:

ــبەڵام ئەبێ ئەو خاڵەش دیاری بکرێ کە نۆکەرەکەتان نەتوانێ هیچ ڕۆمانێک لە پەرتووکفرۆش وەربگرێ. کاتێک کە ئەم پەرتووکە مەترسیدارانە دێنە ئەم ماڵە، بۆی هەیە ڕەوشتی خزمەتکارەکانی «خاتوون» و تەنانەت نۆکەرەکانیش خراپ بکەن.

جەنابی دورێنال بە دفرەو و لەخۆ بایی بوونەوە وتی:

ــرەخنەی ڕامیاریت لەبیر چوو.

مەبەستی جەنابی دورێنال لەم ڕستەیە پشتگوێ خستنی پەسنکردنی ئەو داهێنانە زیرەکانەیەی مامۆستای مناڵەکانی، لە دڵیدا بەدیهێنابوو.

بەم جۆرە ژنای ژوولیەن بریتی بوو لە ڕشتەیەک مامەڵەی

٣٧ـ Quotidienne، ڕۆژنامەیەکی لایەنگری ئایین و ئاریستۆکراسی، ساڵی ١٧٩٢ چاپکرا.

ساکار بەدی ئەهات. سەرکەوتن لەم کارانەدا زیاتر لەو هەستەی لە دڵی خاتوو دورێنال خانەی کردبوو، ئەوی بە خۆیەوە خەریک ئەکرد. ئەم ژنە لە دڵی خۆیدا ئەوی لە سەروو هەمووانەوە دانابوو و ئەم کارە دیار و ئاشکرا بوو کە ئەگەر ژوولیەن بیویستایە، ئەیتوانی دەسبەجێ پەی بەو هەستەی ببات لە دڵی ئەودایە.

ئەو دۆخە دەروونییەی هەموو تەمەنی لەگەڵی بوو، لە ماڵی سەرۆکی شارەوانیش دیسانەوە سەری هەڵدابوویەوە. لەم ماڵەش وەکو کارگەی تەختەسازی باوکی، ئەو کەسانەی لە تەنیشتیان ئەژیا، بە سووک و بێکەڵک ئەزانی و خۆشی لە لایەن ئەوانەوە نەفرەتی لێ ئەکرا. هەموو ڕۆژ بەسەرهاتەکانی فەرماندار و جەنابی ڤالێنۆ و دۆستانی تری ماڵەکەی ئەبیست و لە بیستنی ئەم چیرۆکانە، ئەگەیشتە ئەو بەرەنجامەی کە بۆچوونیان تا ڕادەیەک دوور لە ڕاستەقینەیە. ئەگەر کردارێک شیاوی پەسن کردن بوایە، هەمان کردەوە ئەبوویە جێگەی ڕەخنە و لۆمەی کەسانێک کە ئەو لە ناویاندا ئەژیا. بەڵام وەڵامێک کە بەم شتانە ئەدرایەوە، بەردەوام ئەمە بوو: «چ خەڵکێکی دڕندەن!» یان «چ خەڵکێکی نەزانن!» سەیریش لەوەدا بوو کە بەو هەموو دفرە و لووت بەرزییەوە، زۆر جار لە قسەکانیان هیچ تێنەئەگەیشت.

لە هەموو تەمەنیدا، جگە لە نەشتەرگەری پیر، لەگەڵ کەس بە ڕاستگۆیی و لە دڵەوە قسەی نەکردبوو. ئەو کەمە زانیارییەی کە هەیبوو، یان سەبارەت بە جەنگەکانی بۆناپارت لە ئیتالیا بوو یان پەیوەندی بە نەشتەرگەرییەوە هەبوو. ئازایەتی نەوڕەس و جەوانی لە گێڕانەوەی بە ئازارترین «نەشتەرگەرییەکان» چێژی وەرئەگرت. بە خۆی ئەوت: «ئەگەر من ئەبووم، یەک تۆزیش سڵم نەئەکردەوە.»

یەکەم جار کە خاتوو دورێنال دەربارەی بابەتێک جگە

لە خوێندنی منداڵەکانی لەگەڵی دووا، ئەو جارە بوو کە باسی نەشتەرگەری بۆ کرد. خاتوون ڕەنگی هەڵبزرکا و تکای لێکرد لەوە زیاتر لەو بابەتە نەدوێ.

ژوولیەن لەوە زیاتری نەئەزانی. بەم جۆرە، لە ڕەوتی ژیانی خۆی لەگەڵ خاتوو دورێنال، کاتێک کە خەڵوەتێک ئەڕەخسا، دەسبەجێ بێدەنگییەکی قووڵ ئەو ناوەی دائەگرت. خاکەڕایی و نەرمی ڕەفتاری لە دیوەخان هەرچۆنێک بوو، خاتوو دورێنال ئەوی لە هەموو کەسێک کە ئەهات بۆ ئەو ماڵە، لە ڕووی تێگەیشتنەوە بە بەرزتر ئەزانی. ئەگەر ساتێک لەگەڵی تەنها ئەبوو، بە ئاشکرا هەستی بەوە ئەکرد کە مامۆستای جەوان شڵەژاوە. خاتوو دورێنال لەم بابەتەوە زۆر نیگەران و پەرێشان بوو. چونکە ڕەمەکی ژنانەی لەم خاڵە ئاگادری ئەکردەوە کە ئەم هەڵچوونە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەوین و خۆشەویستییەوە نییە.

نازانم بەرەنجامی چ بۆچوونێک سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئاریستۆکرات و خانەدانان، ئەوەی کە نەشتەرگەری پیر دیبووی، لەو شوێنەی ژوولیەن لەگەڵ ژنێک دانیشتبوو، ئەگەر سەری قسە ببڕایەت و بێدەنگی بکەوتایەتەوە، ئەو پێی وا بوو ئەم بێدەنگیە سووچی ئەو بووە؛ شەرم دایئەگرت و ئەم هەستە لە خەڵوەتی تەنهای‌دا سەد جاران ناخۆشتر و نالەبارتر بوو. ئەندێشەی ئەو، سەبارەت بەوەی کە پیاوێک لە گۆشەی تەنهایی لەگەڵ ژنێک‌دا ئەبێ بیڵێ، لە جوانترین و ڕۆمانتیکترین چەمک ئاخنرابوو. لە ساتەکانی هەڵچوون و پەرێشانی‌دا جگە لە بیر و لێکدانەوەی سەمەرە نەئەهات بە مێشکی‌دا. گیانی لە ئاسمانەکان ئەفڕی و سەرەڕای ئەمەش نەیئەتوانی خۆی لە بازنەی چاوشۆڕانەترین بێدەنگی ڕزگار بکات. بەم جۆرە، کاتی پیاسەکردنی دوورودرێژ لەگەڵ خاتوو دورێنال و منداڵەکان، ئەو توورەییەی بە ڕوخسارییەوە

دیار بوو، بە هۆی جەرگبڕترین ڕەنجەکانەوە، پەرەی ئەسەند. بە شێوەیەکی زۆر نەفرەتبار خۆی سووک ئەکرد. ئەگەر بەدبەختانە هەوڵی قسەکردنی بدایە، گاڵتەئامێزترین وشەکان ئەهات بەسەر زمانیدا. بۆ ئەوەی بەدبەختییەک لە بەدبەختییەکانی زیاد ببێ، هەستی بە گەوجێتی و وڕینەکانی خۆی ئەکرد و ئەوەندەی تر قەبەی ئەکردنەوە. بەڵام ئەو خاڵەی کە پێی نەئەزانی، دارەتێک بوو کە لە چاوەکانیا ئەدرەوشایەوە و ئەم چاوانە ئەوەندە جوان بوون و نوێنەرەوەی دەروونێکی ئەوەندە هەڵچوو بوون کە هەندێجار، وەک ئەکتەرە باشەکان، ناوەڕۆکێکی جوان و دڵبەرانەی ئەبەخشی بە هەر شتێک کە هیچ چەمک و واتایەکی نەبوو. خاتوو دورێنال پەی بەم خاڵە برد کە ژوولیەن، لە گۆشەی تەنهایی لەگەڵ ئەودا، هەرگیز ناتوانێ وشەیەکی شیاو و شایستە بڵێ، مەگەر ئەو کاتانەی ڕووداوێکی کتوپڕ، هەست و بیری پەرێشان کردبێ و لە ئەنجامدا نەتوانێ بە ڕواڵەتێکی جوان و لەبار و فەرمی لەگەڵی بجوڵێتەوە و لەبەر ئەوەش لە بازنەی دۆستانی ئەم ماڵەدا بیری تازە و درەخشاوەی وا لە ئارادا نەبوو کە ڕادەی ویستی بەرز بکاتەوە، حەزێکی زۆری لە بریسکانەوەی گەشی بیرەکانی مێشکی ژوولیەن ئەبرد.

لە کاتی ڕووخانی ناپۆلیۆنەوە دەربڕینی هەر چەشنە دڵداری لە کولتور و نەریتی خەڵکانی شارنشین هەڵگیرابوو. مرۆڤ لە جیابوونەوە ئەترسێ. کەسانی فێڵباز بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی لیژنەی نهێنی زۆر هەوڵ ئەدەن. درۆ و دەهۆ گەورەترین پێشکەوتنی لە ناو ئازادیخوازاندا بەدەست هێناوە. غەم و پەژارە دوو ئەوەندە بووە. خۆشییەکی تر جگە لە خوێندنەوە و جوتێری، نەماوە مرۆڤ ڕووی تێبکات.

خاتوو دورێنال، میراتگری بە توانای پووری دیندار و

خواناسی، کە لە شانزەساڵی‌دا لە خانەدانێکی باش و ویندار مارە بڕابوو، لە هەموو تەمەنی خۆی‌دا نە لە شتێک گەیشتبوو کە کەمترین شێوەی لە ئەوین بچێ و نە شتێکی دیبوو کە بۆنی ئەوینی لێوە هاتبێ. جگە لە قەشەی ڕازداری، قەشە شەلانی پاکیزە سەبارەت بە خۆشەویستی جەنابی ڤالێنۆ، لەگەڵ کەس باسی ئەوینی نەکردبوو، لای کەس دەربارەی ئەم دیاردەیە نەدوا بوو، ئەم قەشەیەش وێنەیەکی ئەوەندە دزێوی لە ئەوین پیشانی ئەو دابوو، کە ئەم وشەیە ببوو بە سیمبوڵی ناشایستترین ڕابواردن. هەرچەند ڕێکەوت ژمارەیەک ڕۆمانی خستبوویە پێش چاوی، بەڵام خاتوو دورێنال ئەوینی بەو جۆرەی لەم ڕۆمانانەدا هاتبوو، وەکو نموونەی ناوازە سەیر ئەکرد و تەنانەت ئەم ئەوینانەی بەدەر لە ڕێسای سروشت ئەناسی. خاتوو دورێنال کە زۆر بەختەوەر و بەردەوام لە بیری ژوولیەن‌دا بوو، لە ئەنجامی ئەم نەزانییەی خۆیدا، خۆی بە شیاوی کەمترین لۆمە نەئەزانی.

بەندی VIII

## ڕووداوی بچکۆلانە

ئەوسا ئاهـ لە سینە بەرزەوە بوو و
کاتێک کە بەری پێ ئەگیرا قوولتر ئەبوو،
چاوشارکێ هاتە ئاراوە و
چون بە مەزی بوو، شیرینتر بوو و
ڕوومەت بە شەرم داگیرسا،
هەرچەند گوناهێک ڕووی نەدابوو!
(دون ژوان ـ ۱ـ ۷٤)

سۆزی فریشتە ئاسای خاتوو دورێنال لەبەر ڕووناکی ئەو بەختەوەرییەی ئێستەی بەدەست هاتبوو. جگە لەو کاتەی بیری کەنیزەکەی خۆی، ئیلیزا ئەکەوتەوە تۆزیکیش تێک نەئەچوو. ئەم کچە میراتێکی پێگەیشت. بۆ ڕازدرکان چووە خزمەت قەشە شەلان و لە خزمەتیدا باسی شووکردن بە ژوولیەنی هێنایە ئاراوە. قەشە شەلان، بە ڕاستی لەو بەختەی ڕووی کردۆتە هەڤاڵەکەی زۆر شادمان بوو. بەڵام کاتێک کە ژوولیەن، بە لێبڕاوی ڕایگەیاند کە پێشنیازەکەی خاتوو ئیلیزا شیاوی ئەو نییە، لە ڕادەبەدەر تووشی سەرسووڕمان بوو.

قەشە ناوچەوانی تێکنا و وتی:

ــ کوڕم، ئاگات لەو شتانە بێ لە دڵتا ڕوو ئەدا! ئەگەر ڕەتکردنەوەی ئەم سامانە زۆرە، بەرەنجامی سرووشی خودایی بێت، بە هۆی ئەم یافتەوە پیرۆزباییت لێ ئەکەم. ئەوە پەنجا و

شەش ساڵی ڕەبەقە من قەشەی ڤێریرم. سەرەڕای ئەمەش، وا دەرئەکەوێ ئەمرۆ و بەیانی دەرم بکەن. هەرچەند من هەشتسەد فرانک داهاتم هەیە، دیسانەوەش پێم ناخۆشە. من بۆیە ئەم شتانە بۆ تۆ باس ئەکەم، کە نەکوو سەبارەت بە پیشەی قەشەیی تووشی هەڵە ببی. ئەگەر پێت وایە ئەتوانی ببی بە مەراییکەری دەسەڵاتداران، ئەوە بزانە کە لەناوچوونی هەمیشەییت مسۆگەرە. ڕەنگە پارە و سامانێکت دەسبکەوێ، بەڵام هەر ئەمە ئەبێتە هۆی چەوسانەوەی چەوساوان و ئەبێ ببی بە ڕووبین و مەراییکەری فەرماندار و شارەوان و دەسەڵاتداران و هەروەها ببی بە نۆکەری ئارەزووەکانی خۆی. ئەو شێوازەی لەم دنیایەدا هەیە و بە هونەری ژیان ناوبانگی دەرکردووە، ڕەنگە لای مرۆڤی ئاسایی زۆر دژی ڕزگاری و بەختەوەری نەبێ. بەڵام لای ئێمەی مرۆڤی ئاینی، ئەبێ یەکێک لەو دوو ڕێگە هەڵبژێرین: ئایە ئەمانەوێ لەم دنیا سامان و دارایی بنێین بە یەکەوە یان لەو دنیا؟ ڕێگەی ناوەڕاستیش نییە. هەڤاڵی خۆشەویستی من، بڕۆ بیری لێبکەوە و پاش سێ ڕۆژان وەرەوە و وەڵامێکی لێبڕاوم پێ بدە. بە داخ و پەژارەوە، من لە سروشتی تۆدا پەڵەیەکی تاریکی نهێنی ئەبینم کە بە هیچ جۆر ئامادە نییە واز لە هەموو دەسکەوت و خۆشییەکانی دنیای خاکی، واتە ئەو شتەی بۆ هەموو قەشەیەک پێویستییە، بهێنێ. من نوقڵانە بۆ زیرەکی و بەهرەمەندی تۆ لێئەدەم.

قەشەی پیر لێرەدا کەوتە گریان و درێژەی دا:

ــبەڵام با پێت بڵێم کە بۆ ڕزگاری تۆ لە پلەی قەشەیی‌دا لەرزم لێدێ.

ژوولیەن لە هەڵچوون و پەژارەی خۆی تەرێق ئەبوویەوە؛ لە هەموو ژیانی‌دا ئەوە یەکەم جار بوو کەسێکی بە خێرخوازی خۆی ئەبینی. بە حەز و شادییەوە ئەگریا و بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی

بشارێتەوە، هەڵات بۆ جەنگەڵە گەورەکانی سەرووی ڤێریر.

کۆتاییەکەی بە خۆی وت:

ــبۆ وام بەسەر هاتووە؟ باش ئەزانم ئامادەم سەد جاران گیانم بکەم بە فیدای ئەم قەشە شەلانە دڵپاک و میهرەبانە، کەچی ئەو پێی سەلماندم کە لە گەوجێگ پتر نیم. بۆ من گرنگترین شت ئەوەیە کە لە هەمووان زیاتر فێڵ لەو بکەم، بەڵام ئەو بە ڕازەکانی ناخی من ئەزانێ. ئەم ئاگرەی دەروون کە باسی ئەکرد، ئەو پلانەیە کە بۆ کۆکردنەوەی سامان و دارایی دامڕشتووە. بە شایستەی پلەی قەشەییم نازانێ و کاتێک ئەو قسەیە ئەکات کە من پێم وا بوو چاوپۆشی کردن لە پەنجا دراوی زێڕ، بڕوایەکی مەزن سەبارەت بە پاکی و بەهرەی دینی من لەودا بەدی ئەهێنێ.

ژوولیەن هەروا لەگەڵ خۆ ئەدوا:

ــلە داهاتوودا، جگە لەو بەشەی خوو و سروشتی خۆم کە تاقیم کردۆتەوە، بە هیچی تر متمانە ناکەم. کێ ئەیوت کە من لە فرمێسک داباراندن چێژ وەرئەگرم و ئەو کەسەم خۆش ئەوێ کە گەوجێتی خۆمم پێ پیشان ئەدا؟!

سێ ڕۆژ پاش ئەو ڕۆژە، ژوولیەن بیانوویەکی دۆزیبۆیەوە کە ئەبوا هەمان ڕۆژی یەکەم بەکاری بهێنایەت. ئەم بەهانەیە، تۆمەت لێدان بوو. بەڵام دەیجا چییە؟ پاش دڕدۆنگییەکی زۆر بە قەشەی وت کە ڕەتکردنەوەی پێشنیاز و ژن هێنان، بەر لە هەموو شتێک لەبەر هۆیەک بووە کە ناتوانێ باسی بکات. چونکە ئەم کارە پەیوەندی بە ئابڕووی کەسێکی سێیەمەوە هەیە. ئەم کارە وەک تۆمەت هەڵبەستن بۆ ئێلیزا وا بوو. قەشە شەلان، خولیایەکی لە ڕواڵەتی ئەودا بینی کە سەرتاپا نیشانەی گیانی دنیاپەرستی ئەو بوو و لەگەڵ ئەو ئاگرەی کە ئەبوایە لە گیانی قەشەیەکی جەوان‌دا بڵێسە بدات، جیاواز بوو. بۆیە پێی وتەوە:

ـ هەڤاڵی من، ئەگەر ببی بە گوندنشینێکی دەوڵەمەند و بەڕێز و خوێندەوار، لەوە باشترە ببی بە قەشەیەکی بێ سرووش و دابڕاو.

ژوولیەن بە جوانی وەڵامی ئەم ڕەخنە و لۆمە تازانەی دایەوە و ئەوپەڕی توانای لە دربڕیندا بەکار هێنا: وشەی وای بەکار هێنا کە بۆی هەبوو، خوێندکاری بە شەوق و خواپەرستی قوتابخانەی ئاینی بەکاری بهێنێ، بەڵام بێژەی ئەم وشانە و ئەو بریسکانەوەی لە چاویدا بوو و نەی ئەتوانی باش بیشارێتەوە، بووە هۆی ترس و هەژانی قەشە شەلان.

نابێ زۆر لە خەمی ئایندەی ژوولیەندا بین. قسەی وای لە خۆی دەرئەهێنا کە پڕ بوو لە درۆ و دەلەسە و هەروەها لە وشیاری و پارێزەوە. بوونی ئەم شتانە لە گەنجێکی کەم تەمەنی وەکو ئەودا جێگەی پەسنە. بەڵام ژیان و گوزەرانی ئەبێ بوترێ لەگەڵ گوندییەکان ئەگوزەرا. نموونەی گەورە و ناوازەی نەبینیبوو. بەڵام پاش ماوەیەک، کاتێک کە ڕێگەی پێدرا لەم مەزنانە نزیک ببێتەوە، هەر ئەو کاتە چ لە ڕووی کردار و ڕەفتارییەوە و چ لە ڕووی گوتارییەوە، بووە جێگەی پەسن و پیاهەڵگوتن.

خاتوو دورێنال لەوەی کە ئەو سامانە تازەیەی کەنیزەکەی نەبۆتە هۆی بەختەوەری کچە، زۆر سەری سووڕمابوو. ئەیبینی کە بەردەوام ئەچێ بۆ لای جەنابی قەشە و بە چاوی گریانەوە ئەگەڕێتەوە. کۆتەییەکەی باسی شووکردنەکەی خۆی بۆ خاتوون گێڕایەوە.

خاتوو دورێنال هەستی کرد نەخۆش کەوتووە. یاوێک نەی ئەهێشت بخەوێ. جگە لەو کاتانەی کە ئیلیزا یان ژوولیەنی لە بەردەم خۆیدا ئەبینی، مردوویەک بوو بۆ خۆی. جگە لەو دووانە و جگە لە بەختەوەری ئەو دووانە لە ژیانی ژن و مێردیدا بیری لە

هیچ نەئەکردەوە. هەژاریی ئەو خانووە تەنگەبەرە و بچکۆلانەیەی کە ژیانی ئەو دووانە بە پەنجا دراوی زێڕ، لە چوار دیوارییەکەیدا بەردەوام بێ، بە ڕەنگێکی دڵبەرانە لە ئەندێشەیدا نەخش ئەبوو. ڕەنگە ژوولیەن لە شاری برەی ببوایە بە پارێزەرێکی باش. ئەوساش ئەیتوانی جار جارە چاوی پێی بکەوێ.

خاتوو دورێنال هەستی کرد بەڕاستی خەریکە شێت ئەبێ. ئەم بابەتەی بە مێردەکەی وت و نەخۆش کەوت و ئەو شەوەی کە کەنیزەکەی خەریکی خزمەتکردنی بوو، کچە ئەشگریا. لەو کاتەدا ڕقی لە ئیلیزا بوو و تازە لێی تووڕە ببوو. لەمڕووەوە داوای لێبوردنی لێکرد. فرمێسکی ئیلیزا زیاتر قوڵپی دا و وتی ئەگەر «خاتوون» ڕێگە بفەرموون، سەرتاپا بەسەرهاتی بەدبەختییەکەی خۆی بۆ بگێڕێتەوە.

خاتوو دورێنال وەڵامی دایەوە:

ــ بیڵێ.

ــ زۆر چاکە، بەڵام خاتوونەکەم، ئەو پێشنیازەکەی من قبووڵ ناکات. خەڵکی خراپ باسی منیان بە خراپە بۆ ئەو کردووە و ئەویش باوەڕی بە قسەکانیان هێناوە.

خاتوو دورێنال کە نەیئەتوانی هەناسە بدات، وتی:

ــ کێ پێشنیازەکەی تۆ قبووڵ ناکات؟

کەنیز کە قووڕەقووڕ ئەگریا، وتی:

ــ ئاخ، خانمەکەم، جگە لە ژوولیەن، مەگەر کێی تر هەیە؟ جەنابی قەشە نەیتوانی ڕازی بکات. چونکە جەنابی قەشە پێی وایە ئەو نابێ پێشنیازی کچێکی داوێن پاک بداتە دواوە، لەبەر ئەوەی خزمەتکار بووە. جگە لەمانە مەگەر باوکی ژوولیەن دارتاشێک نییە؟ مەگەر خۆی بەر لەوەی بێت بۆ ماڵی «خاتوون»، نانی خۆی چۆن دەرئەهێنا؟

خاتوو دورێنال ئیتر گوێی لەم باسە نەبوو. ئەوەندە شادمان بوو خەریک بوو فجووق بکات. بۆ دڵنیایی چەندین جار ئیلیزای ناچار کرد، دان بەوەدا بنێ ئەوە ژوولیەنە کە بە شێوەیەکی لێبڕاو و ڕاشکاو پێشنیازی گرێبەستەکە ڕەت ئەکاتەوە و لە ئەنجامی ئەم کارەدا بڕیارێکی ژیرانە، زۆر دژوارە.

بە کەنیزەکەی خۆی وت:

ــئەمەوێ دوا هەوڵی خۆم لەم بوارەدا بدەم، خۆم لەگەڵ جەنابی ژوولیەن قسە ئەکەم.

بەیانی ئەو ڕۆژە پاش بەرچایی، خاتوو دورێنال ماوەی یەک کاتژمێر لە چێژی دڵنشینی لایەنگریی لە دوژمنی ئەوینی خۆی کامی وەرگرت و، لەوەی کە ئەیبینی ژوولیەن ئامادە نییە پێشنیازی ئەو ژنهێنانە قبوڵ بکات، سەرخۆش ببوو. وردە وردە ژوولیەن وازی لەو وەڵامە دەستکرد و فەرمیانە هێنا و کەوتە وەڵامدانەوەی شۆخ و قۆشمە و، بە نوکتە وەڵامی لێپێچانەوە و قسەی ژیرانەی خاتوو دورێنالی ئەدایەوە. خاتوو دورێنال لە بەرامبەر لافاوی ئەو بەختەوەرییەی پاش ئەو خولە دوورودرێژەی پەژارە و نائومێدی هەموو گیانی داگرتووە، هێزی لەبەر بڕا و بە تەواوەتی بوورایەوە و لە سەر خۆی چوو. کاتێک کە هاتەوە بەخۆیدا بە ئاسوودەیی لە ژوورەکەی خۆی دانیشت، هەمووانی ناردە دەرەوە. سەرسووڕمانێکی قووڵ بە توندی دایگرتبوو.

کۆتاییەکەی بە خۆی وت:

ــنەکا شەیدای ژوولیەن بووبێتم؟!

پەی بردن بەم ڕازە کە لە هەر کاتێکی تردا، دەسبەجێ ئەبوویە هۆی پەشیمانی و هەڵچوونێکی قووڵ، وەک دیمەنێکی لێهات کە سەرەڕای نامۆیی، هیچ کاریگەرییەکی لە سەری نەبوو. هەناوی کە لە ئەنجامی کێشە و ڕەنجی چەند ڕۆژی ڕابوردوودا،

بە تەواوەتی ماندوو ببوو، ئیتر هەست و سۆزێکی تیا نەمابوو تا بۆ خزمەتکردنی ئەوین بەکاری بهێنێ.

خاتوو دورێنال ویستی خۆی بە کارێکەوە خەریک بکات، بەڵام خەوێکی قووڵ بردییەوە. کاتێک کە هەڵسا، بەو ڕادەیەی کە ئەبوایە تووشی ترس ببێ، نەترسا. کامەرانی لەوە زیاتر بوو هیچ شتێک بە دزێو و ترسناک بزانێ. ئەم ژنە پاکیزە شارستانییە کە بوونەوەرێکی غەمگین و ساکار بوو، گیانی خۆی بۆ ئەو مەبەستە ئەشکەنجە نەکردبوو کە لە بەرامبەر شێوازی تازەی هەستەوەریدا، سۆز و پەرێشانی لە خۆی دەرببڕێ. زۆر سەیرە، پێش ئەوەی ژوولیەن بێت، وەک لە شارستانەکانی دوور لە پاریس، بەشی دایکێکی باش کار و ڕەنجە، خاتوو دورێنالیش گرفتاری کار و ڕەنج کێشان بوو. سەبارەت بە ئەوین وا بیری ئەکردەوە کە ئێمە بیر لە تیر و پشک ئەکەینەوە: دەستخەڕۆبوون و بەختەوەرییەک کە تەنها شێتەکان دوای ئەکەون.

زەنگی نانی نیوەڕۆ لێدرا. خاتوو دورێنال بە بیستنی دەنگی ژوولیەن کە منداڵەکانی لەگەڵ خۆی ئەهێنا زۆر سوورەوە بوو و، لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژەوە دڵی دابوو بە دەستی ئەوینەوە، تۆزێک زیرەکتری لێدەرچووبوو، چونکە بۆ پاساودانەوەی سووربوونەوەکەی، ژانەسەرێکی توندی کرد بە بیانوو.

جەنابی دورێنال بە قاقای پێکەنینەوە وتی:

ـکاری ئەم ژنانە هەر ئەمەیە. هەمیشە سووچێک لە مەکینەکەیان خراپ بووە.

خاتوو دورێنال هەرچەند خووی بەم نوکتە و قسە خۆشانە گرتبوو، دیسانەوەش دڵی ئێشا. بۆ ئەوەش ئەو ئێشەی لە بیر بچێتەوە سەیرێکی ژوولیەنی کرد و لەو کاتەدا ئەگەر ژوولیەن، دزێوترین پیاوی ئەم دنیایەش بوایە، لە چاوی خاتوو دورێنالدا

جوان و قۆز بوو.

جەنابی دورێنال کە لە لاساییکردنەوەی کەسانی دەربارەدا زۆر ورد بوو، لە ڕۆژانی خۆشی سەرەتای وەرزی بەهار لە ڤێرژی Vergy نیشتەجێ بوو. گوندێک کە بە هۆی چارەنووسی پڕ لە ژانی گابریەل[٣٨] ناوبانگی پەیدا کردبوو. جەنابی دورێنال، چەند سەد مەتر دوورتر لە لاواری زۆر دڵڕفێن و جێ سەرنجی دەیرێکی کەونارا و یادگاری هونەری گۆتیک، خاوەنی کۆشکێکی کۆنە بوو کە لە چوار بورج و باخێکی تویلەری[٣٩] بەدی هاتبوو. باخی ئەم کۆشکە ژمارەیەکی زۆر دیواری سەوزی ڕێککراو و شەقامی شابەڕووی هەیە کە ساڵی دوو جار هەڵئەپاچرێ. زەوی تەنیشتی داری سێوی لێ چێنراوە و وەکو سەیرانگە سوودی لێوەرئەگیرا. هەشت نۆ دارگوێزی مەزنی هەزار لق لە بنی باخەکەدا چووبوون بە حەوادا، لقوپۆپی ئەم دارانە هەشتا پێ بوون.

کاتێک کە خاتوو دورێنال پەسنی ئەم دارانەی ئەکرد، شووەکەی ئەیوت:

ــ هەرکام لەم دارە بێفەڕانە نیو دۆنم زەویم ئەسووتێنن. گەنم لە ژێر سێبەری ئەم درەختانەدا خۆ نایەتە بەرهەم!

بەرجەوەنی دەشت و مێرگ لەبەر چاوی خاتوو دورێنال تازە خۆیای کرد. تا ڕادەی شەوق و هەڵچوون پەسنی کرد. ئەو هەستەی کە گیانی بە تیشکی ئەو زیندوو ببوویەوە، هەست ناسکی و بڕیار و لێبڕانی پێ ئەدا. سێیەمین ڕۆژی هاتن بۆ «ڤێرژی» جەنابی

٣٨ ـ ئەفسانەی گابریەل: Gabrielle، بە گوێرەی ئەفسانە، **ڕاوول دو کریکی** Raul di Créqui شەیدای گابریەل، بە توندی بریندار بووە و بە یەکێک لە خزمەتکارەکانی ئەڵێ دڵی ببات بۆ دڵبەرەکەی. **دو فایێلی** مێردی گابریەل کە لەم ڕووداوە سەمەرەیە ئاگادار ئەبێ، دڵی فاسقەکە ئەداتە دەرخواردی ژنەکەی. گابریەل کە لەم ڕاستییە نالەبارە ئاگادار ئەبێ، مان ئەگرێ و لە برسان خۆی ئەکوژێ.

٣٩ ـ Tuileries Garden، باخێکی گشتیە ئەکەوێتە نێوان مووزەی لووڤر و کۆشکی کونکوردیا لە بازنەی یەکەمی ناوەڕاستی پاریس.



دورێنال بۆ کاروباری شارەوانی گەڕابوویەوە بۆ شار. خاتوو دورێنال بە پارەی خۆی چەند کرێکاری هێنا. ژوولیەن بیرۆکەی دروستکردنی ڕێگەیەکی چەوڕێژی لە لای ورووژاندبوو. ڕێگەیەک کە ئەبوایە دەوراندەوری باخەکە بداتەوە و لە بن دارگوێزەکانەوە تێپەڕێ و کاتی پیاسەی سەر لە بەیانان، ئاونگ پێڵاوی منداڵەکان تەڕ نەکات. ئەم بیرە، پاش گەڵاڵەداڕێژان، لە ماوەی کەمتر لە بیست و چوار کاتژمێر جێبەجێ کرا. خاتوو دورێنال تێکڕای ئەو ڕۆژە لە تەنیشت ژوولیەنەوە بە شادمانی لە سەرپەرشتیکردنی کرێکارەکان‌دا ڕۆژی تێپەڕاند.

کاتێک کە شارەوانی ڤێریر لە شار گەڕایەوە، لە بینینی ئەو شەقامە ئامادە و پەرداختکراوە زۆر سەری سووڕما. هاتنەوەی ئەو خاتوو دورێنالی تووشی ڕامان کرد. بوونی شووەکەی لە بیر بردبوویەوە. جەنابی دورێنال، لەوەی کە دەستی دابوویە گۆڕانکارییەکی وەها گرینگ، بە بێ ئەوەی لەگەڵ ئەو ڕاوێژ بکات، بۆ ماوەی دوو مانگان بە زیزی و بە شێوازێکی توند قسەی ئەکرد. بەڵام خاتوو دورێنال ئەم «چاکسازی»یەی بە پارەی خۆی ئەنجام دابوو و ئەم بابەتە هەندێک جەنابی دورێنالی خاو ئەکردەوە.

خاتوو دورێنال ڕۆژانە بەسەر ئەم ڕێگایەدا پیاسەی ئەکرد تا منداڵەکانی لە ناو باخی میوە کایە بکەن و پەپوولە ڕاو بکەن. تەڵەی گەورەیان لە شێوازی کڵاو بە قوماشی ناسکی ڕەنگ ڕوون دروستکردبوو، کە بە هۆیەوە پەپوولەی لۆپیدۆپتریای بێ بەختیان ئەگرت. ژوولیەن، ئەم ناوە بێگانە و نامۆیەی فێری خاتوو دورێنال کردبوو، چونکە خاتوون فەرمانی دابوو و پەرتووکە جوانەکەی










جەنابی گۆدار[٤٠]یان لە بزانسۆنەوە بۆ هێنابوو، ژوولیەن ڕەوشت و نەریتی نائاشنای ئەم دەعبا ڕەبەنانەی پێ ئەوتەوە.

ئەم پەپوولە ناسکەیان بە دەمبووس ئەلکاند بە مقەبایەکی گەورەدا کە ئەویش ژوولیەن دروستی کردبوو.

لانیکەم بابەتێک لە نێوان خاتوو دورێنال و ژوولیەندا بەدیهات. ژوولیەن ئیتر تووشی ئەو ئەشکەنجە دژوارە نەبوویەوە کە ساتەکانی بێدەنگی بۆیان بەدی ئەهێنا.

هەرچەند بەردەوام باسی شتی پاک و بێ زیان و سادەیان ئەکرد، بەڵام چەندین کاتژمێر لە گفتوگۆ بەردەوام ئەبوون. ئەم ژیانە پڕ لە کار و تێکۆشانە، سەرقاڵ و پڕ لە وزە، جگە لە ئیلیزا کە لە کار ماندوو ئەبوو، بە دڵی هەموو کەس بوو. بە ڕای ئیلیزا، «خاتوون» تەنانەت لە ڕۆژانی کارنەڤاڵیشدا کە کۆڕی سەما بەرپا ئەبێ، تا ئەم ڕادەیە ئاگای لە بەرگ و ئاڕایشی خۆی نەبووە؛ ئێستە ڕۆژی دوو جار جل ئەگۆڕێ!


لەبەر ئەوەی مەبەستی ئێمە ئەوەیە مەرایی بۆ کەس نەکەین، کە وا بوو ڕاستی ناشارینەوە و ئەیڵێین، خاتوو دورێنال کە پێستێکی بێ ئەندازە جوان و دڵبەری هەبوو، جلێکی بۆ خۆی دا بە دروستکردن کە قۆڵ و سینەی بە ئاشکرا پیشان ئەدا. زۆر ڕێکوپێک بوون و تا ئەوپەڕی جوانی لە بەژن و باڵای ئەهات.

دۆستەکانی کە لە ڤێریەرەوە ئەهاتن بۆ سەردانیان، ئەیانوت:

ـ«خاتوون» هەرگیز ئەوەندە جوان نەبوویت! (ئەمە دەستەواژەیەکی تایبەتی ئەو ناوچەیە).

---

٤٠ـ گۆدار: Godart زیندەوەرناسی فەڕانسەیی (١٧٧٥ـ١٨٤٣) خاوەنی پەرتووکی «مێژووی سروشتی پەپوولەکانی فەڕانسە» کە بە هۆی مردنی نووسەرە بە ناتەواوی مایەوە.



بابەتێکی سەیر کە ڕەنگە کەم کەس بڕوای پێ بکات ئەوەیە کە خاتوو دورێنال هیچ مەبەستێکی تایبەتی لەو هەموو خۆجوانکردنە نەبوو! چێژی لەم کارە وەرئەگرت و بە بێ ئەوەی ئەندێشەیەکی تری لە سەردا بێت، لەو ماوەیەدا کە لەگەڵ منداڵەکان و ژوولیەن خەریکی ڕاوە پەپوولە بوو. کاتەکانی تر بە یارمەتی ئیلێزا خەریکی جل دوورین بوو و تەنها سۆنگەی سەردانەوەی لە ڤێریر، کڕینی ئەو جلوبەرگە هاوینە تازانە بوو کە لە میلۆزەوە هێنابوویان.

ژنێکی گەنجی ئامۆزای لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ڤێرژی. خاتوو دورێنال لە ڕۆژی شووکردنیەوە، وردە وردە هاوڕێیەتی خۆی لەگەڵ خاتوو دورڤیل[٤١] بەهێز کردبوو، کە ڕۆژانی زوو لە فێرگەی دەیری ساکرەکور[٤٢] هاوپۆلی بوو.

خاتوو دورڤیل لە دڵەوە بەو شتانەی ئامۆزاکەی پێئەکەنی، کە ناوی نابوو بیری هەزەلی. خاتوو دورێنال وتی: «ئەگەر من تەنها بوومایە، هەرگیز ئەم شتانە نەئەهات بە بیرمدا.» ئەم بیرە نەوڕەس و لەپڕەی کە لە پاریس ناوی «نوکتە»ی لێ ئەنرا، هەرکات کە خاتوو دورێنال لەگەڵ شووەکەی بوو، وەک بابەتێکی گەوجانە ئەبوویە هۆی سەرشکاندنی. بەڵام بوونی خاتوو دورڤیل هێزێکی ئەخستە بەری. سەرەتا بیرەکانی خۆی بە شەرمەوە پێ ئەوت. کاتێک کە ئەم دوو خاتوونە، ماوەیەکی درێژ تەنها ئەبوون، مێشکی خاتوو دورێنال گیان و وزەیەکی تازەی وەرئەگرت. ساتە درێژەکانی پێش نیوەڕۆ و دوور لە چاوی غەوارە، وەک

٤١ ـ Madame Derville.

٤٢ ـ ساکرکۆر: Sacre ـ Coeur ناوی تایبەت لە گرنگترین کلیساکانی پاریسە لە گردی مۆنتمارتر، لە دوای کلیسای نۆتردام زۆرترین دیدەنیار سەردانی ئەکەن. سەدەی نۆزدە لە جێگەی پەرستگە ڕۆمییەکان بە بڕیاری پەرلەمان دروستکرا، تا گوناهانی کۆمۆنی پاریس بسڕدرێتەوە و یادگارێک بێت بۆ کوژراوانی جەنگی پڕووسیا!

چرکەساتێک تێئەپەڕی و ئەبوویە مایەی شادی و پێکەنینی هەر دوو دەستەخوشک. لەم گەشتەدا، خاتوو دورڤیل کە لایەنگری ئاوەز و لۆجیک بوو، دوتمامی خۆی کەمتر شادمان بەڵام زۆرتر بەختەوەر بینی.

ژوولیەن، لە ئاستی خۆیەوە، لە ڕۆژی هاتنیانەوە بۆ گوند، وەک منالێک ژیابوو و بە ئەندازەی خوێندەوارەکانی، لە هەڵات هەڵات و ڕاوی پەروانە شادمان بوو. پاش ئەو هەمووە دڵەڕاوکە و فێڵەبازییە زیرەکانەیە، تاق و تەنها، دوور لە چاوان و بە گوێرەی ڕەمەک، بە دوور لە هەموو ترس و دڵەخورپەیەک لە خاتوو دورێنال و لە نێوان جوانترین کێوەکانی دنیادا خۆی هاویشتبوویە ناو خۆشی و مەستی ژیانەوە، ئەو خۆشییەی لەم ساڵانەی تەمەنیدا ئەو هەمووە شەوق و هەڵچوونی هەبوو.

لەو ڕۆژەوە کە خاتوو دورڤیل هات بۆ ڤێرژی، ژوولیەن ئەم ژنەی بە هەڤاڵی خۆی زانی. بە پەلە ئەو بەرجەوەنەی پیشاندا کە مرۆڤ لە کۆتایی شەقامە تازەکەی بن گوێزەکانەوە لە بەردەم خۆیدا ئەیبینێ. لە ڕاستیدا، ئەم دیمەنە ئەگەر لە جوانترین و دڵڕفێنترین دیمەنەکانی سویسرا و دەریاچەکانی ئیتالیا جوانتر نەبێ، لانیکەم شان لە شانیان ئەدا. ئەگەر چەند هەنگاو لە بنارە لێژەکەی سەرکەون، کە لەوێوە دەست پێ ئەکا، ئەگەنە هەڵدێری زەردوماهی وەها کە دەوراندەور تا بەستێنی چەمەکە هەر هەمووی جەنگەڵی بەڕووە. ژوولیەن، کە ئازاد و بەختەوەر و تەنانەت لە شازادەی ماڵەکەش پتر بوو، ئەو دوو هەڤاڵەی برد بۆ لووتکەی ئەم تاشە بەردانەی کە وەکو دیوار ڕاوەستابوون و لە شادی و سەرسووڕمانی ئەوان شادمان بوو.

خاتوو دورڤیل ئەیوت:

ـئەم دیمەنانە بە ئەندازەی موزیکی موزارت بەنرخن.





ئێرەیی بردنی براکان و باوکێکی تووڕە و تۆسن، کێڵگە و دەشتەکانی دەوروبەری، ڤێریری لە بەرچاوی ژوولیەن خستبوو. ڤێرژی نیشانەی ئەم بیرەوەریانەی لێ نەبوو. یەکەم جار بوو کە لە ژیانی خۆیدا دوژمنی نەئەبینی و کاتێک کە جەنابی دورێنال لە شار بوو ــ شتێک کە زۆر جار ڕووی ئەدا ــ ئەیوێرا پەرتووکیش بخوێنێتەوە. ئەوەندەی پێنەچوو لەبری ئەوەی شەوانە پەرتووک بخوێنێتەوە و چراکەی لە بن گوڵدانێکی سەرەوخواردا بشارێتەوە، خۆی دا بە دەست خەوەوە. بە ڕۆژ لە پشووی نێوان وانەکاندا، بە پەرتووکەوە کە تەنها ڕێسای ژیان و تەنها مایەی هەڵچوون و هەژانی بوو، بەرەو تاشە بەردەکان ئەچوو و لە نێوان ئەو تەلەسەنگانەدا، سەری دائەنواند بەسەر پەرتووکەکەیدا. هەم ئەچووە دەریای بەختەوەری و گەشکەوە و هەم لە کاتەکانی پەژارە و نائومێدیدا دڵی ئەهوەن ئەبوویەوە.

هەندێ لەو شتانەی کە ناپۆلیۆن دەربارەی ژنان وتوویەتی و ئەو مشتومڕانەی سەبارەت بە ڕۆمانە بەشکۆکانی سەردەمی پاشایەتی ئەو، باسکراوە، هەندێ بیری لە مێشکی ژوولیەندا ڕەخساند، کە هەر جەوانێکی تری هاوتەمەنی، ئەبوایە ساڵەها پێشتر لەگەڵ ئەو شتانە ئاشنا ببوایە.

ئەوسا گرە هات و، بوو بە باو کە کاتەکانی شەوانە لە بن دار مسکییەکی[٤٣] زۆر گەورە کە چەند هەنگاو دووری خانووەکە بوو، بگوزەرێنن. تاریکی بن ئەم دارە شەوەزەنگ بوو. شەوێک ژوولیەن

٤٣ـ لە فەڕانسەییەکەی tilleul نووسراوە، کە دارێکی جوانە و لە باشووری ڕۆژئاوای فەڕانسە و پیرنە ئەڕوێ. گەڵاکەی دەندانەدارە و گوڵەکانی سپییە و بە کوڵاوی بۆ لەش گەرمی باشە. بەرامبەرە بە زیزۆفوس لە یونانی و زیزفون لە عەرەبی. نەرویجی lindetre و لە دەقی ئینگلیزییەکەی lime tree نووسراوەکە ئەکاتە مسکی یان لیمۆی سەوز. کەمالنامە ئەڵێ سنجو.

بە گەرمی قسەی ئەکرد و لەم ڕەوانبێژییەی خۆی و ئەویش لە بەرامبەر ئەو شۆخە ژنانەدا، چێژی ئەبرد. لەپڕ، کاتی دەست و بازوو گەڕاندن، دەستی کەوت لە دەستی خاتوو دورێنال کە لە سەر یەکێک لەو کورسیانەی لە باخەکان دای ئەنێن، دانیشتبوو و پاڵی دابوویەوە.

ئەم دەستە زوو کشایەوە. بەڵام ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی کە ئەرکێکی لە سەر شانە و بە پێی ئەو ئەرکە ئەبێ کارێک بکات کە ئەم دەستە ئەگەر دای لە دەستی ئەو، نەکشێتەوە! یادی ئەو ئەرکەی کە ئەبێ بیکەیت و ئەگەر نەتوانی، ئەبیتە گاڵتەجاڕ، یان باشترە بوترێ سووک و ڕیسوا ئەبی، هەر ئەو کاتە هەموو چێژێکی لە دڵی ژوولیەن ڕادا.

بەندی IX

# شەوێک لەناو دێ

«مایەوۆن»ی جەنابی «گوێرن»،
هێلکارییەکی مالڕفێن!
(سترۆمبەک)

بەیانی ئەو ڕۆژە، کاتێک کە دووبارە خاتوو دورێنالی بینی، دارەتێکی سەیر لە نیگای‌دا هەبوو. ئەم ژنەی بە دوژمنێک هاتە بەرچاو کە هەر ئەو کاتە ئەبێ بکەوێتە جەنگ لەگەڵی. ئەم نیگایانە کە لەگەڵ نیگاکانی دوێشەو زۆر جیاواز بوون، خاتوو دورێنالی پەرێشان کرد: ئەو لەگەڵ ئەم گەنجە چاکەی کردبوو، کەچی جەوان گۆڕابوو. توانای ئەوەی نەبوو چاوی لە سەر ژوولیەن بگوێزێتەوە.

بوونی خاتوو دورڤیل، دەرفەتی بە ژوولیەن دا کە کەمتر قسە بکات و زیاتر سەری بە ئەندێشەی خۆیەوە قاڵ بێ. سەرانسەری ئەو ڕۆژە، هەوڵیدا بەردەوام بێ لە خوێندنەوەی پەرتووکێک کە لەبەر ڕووناکی سرووش‌دا نووسرابوو و دەروونی گەرم دائەهێنا، وزە وەربگرێ.

وانەی مناڵەکانی زۆر کورت کردەوە. کاتێکیش کە بوونی خاتوو دورێنال ئەوی خستە بیری خزمەتکردن بە پلە و ناوبانگی خۆی، بڕیاریدا هەرچۆنێک بووە، وا لەو ژنە بکات دەستی لە ناو دەستی‌دا بمێنێتەوە.

کاتی خۆر داچوون و کاتێک کە لە ڕەوتی خۆیدا ئەبوایە

بەرەنجامی کارەکان ڕوون ببێتەوە، نزیک بوویەوە و دڵی ژوولیەن گرمەی ئەهات. شەو هات. بە شادمانییەوە بینی کە تاریکی نووتەک ئەبێ و ئەمە بارێکی قورسی لە سەر دڵی کەم کردەوە. ئاسمان کە لە بن هەوری ئەستووردا شارابوویەوە و بایەکی گەرم ئەم هەورانەی ئەگەڕان، ئەتوت گەردەلوولێک بەڕێوەیە. هەردوو ژنەکە تا کات درەنگان پیاسەیان ئەکرد. ئەو شەوە هەر کارێکیان بکردایە لای ژوولیەن سەیر ئەبوو. ئەم دوو ژنە، وا پێئەچوو لەم هەوایەی کە ئەتوت چێژی ئەوین بۆ هەندێک مرۆڤی بەرهەست، دوو ئەوەندە ئەکات، چێژیان ئەبرد.

کۆتاییەکەی هاتن و دانیشتن. خاتوو دورێنال لای ژوولیەنەوە و خاتوو دورڤیل لای هەڤاڵەکەیەوە. ژوولیەن کە ئەیویست نەخشەکەی خۆی جێبەجێ بکات، هیچ بابەتێکی بۆ وتن نەئەدۆزییەوە. ئاخافتن سست و خاو بوو.

ژوولیەن بە خۆی وت: «تۆ بڵێی لە یەکەم دوێلیش‌دا، ئەوەندە لەرزۆک و ترسنۆک بم؟» چونکە ئەوەندە گومانی لە خۆی و لەوانی تریش هەبوو کە ئەیتوانی پەی بە ناخی خۆی ببات.

لە جەنگەی ئەم نابەدڵیە مەرگبارەی بە سەری‌دا زاڵ ببوو، هەموو مەترسییەکانی لەم شڵەژان و دڕدۆنگییە بە باشتر ئەزانی. ئارەزووی ئەکرد لەپڕ کارێک بێتە پێشەوە و خاتوو دورێنال ناچار ببێ بچێتە ژوورەوە و باخ بەجێ بهێڵێ. کێشەی ناچاریی ژوولیەن لەگەڵ دەروونی خۆی، ئەوەندە توند بوو کە دەنگی گۆڕابوو. کەم کەم دەنگی خاتوو دورێنالیش لەرزا. بەڵام ژوولیەن تۆزێکیش بەمەی نەزانی. ئەو کێشە دژوارەی کە وەکو ئەرکی سەرشانی بە شەرمەوە دەستی پێکردبوو، ئەوەندە بەئازار و بەزێنەر بوو، کە ژوولیەن جگە لە خۆی، ئاگای لە کەسی تر نەبوو. کاتژمێری دیواری کۆشک، بە بێ ئەوەی ژوولیەن جارێ توانای هیچ کارێکی

بووبێ، زەنگی نۆ و سێ چارەکی لێدا.

به خۆی وت: «ڕێک لەو ساتەدا که زەنگی ده لێ ئەدرێ، ئەو کارەی که سەرانسەری ئەمڕۆ بیرم لێکردۆتەوه و پەیمانم بەستووه ئەمشەو ڕایپەڕێنم، جێبەجێ ئەکەم. یانیش ئەچم بۆ ژوورەکەی خۆم و به گوللەیەک میشکم ئەپژێنم.»

پاش دواین چرکەساتی چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێ، که له ماوەیدا ئەتوت پەژاره ژوولیەنی بێهۆش کردووه، کاتژمێری دیواری که به سەریەوه بوو، زەنگی دەی لێدا. هەر دەنگێکی ئەم زەنگه نەگریسه له سینەیدا تاوی دایەوه و شتێکی وەکو هەڵچوون و شڵەژانی تیا بەدیهێنا.

سەرەنجام ئەو ساتەی که دوایین زەنگی کاتژمێری ده هێشتا له حەوادا دەنگی ئەدایەوه، دەستی ڕادێرا و دەستی خاتوو دورێنالی گرت. بەڵام خاتوو دورێنال دەسبەجێ دەست له ناو دەستی دەرهێنا. ژوولیەن، به بێ ئەوەی گوێی له کرداری خۆی بێ، دیسانەوه دەستی خاتوو دورێنالی گرت. هەرچەند خۆی زۆر مەلوول بوو، بەڵام له ساردی بێ ئەندازەی ئەو دەستەی گرتبووی، سەری سووڕما. ئەم دەستەی به وزەیەکی شێتانه ئەگووشی. خاتوو دورێنال بۆ ئەوەی دەستی خۆی له دەستی ئەو ڕزگار بگات، دوا هەوڵی خۆی دا بەڵام دەستی بۆ دەرنەهێنرا.

گیانی له نێوان شەپۆلەکانی بەختەوەری‌دا کەوته مەله. نەک لەبەر ئەوەی شەیدای خاتوو دورێنال بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی له ئەشکەنجەیەکی ترسناک ڕزگاری ببوو. بۆ ئەوەی خاتوو دورڤیل هەست پێنەکات، دەستی کرد به قسەکردن. دەنگی لەو کاتەدا بەرز و بەزایەڵه بوو، بەڵام لەولایشەوه دەنگی خاتوو دورێنال، به پێچەوانه ئەوەنده به ئازار بوو که هەڤاڵەکەی وایزانی نەخۆش کەوتووه و پێشنیازی کرد بیباته ژوورەوه. ژوولیەن هەستی به

مەترسی کرد. ئەگەر بێت و خاتوو دورێنال بچێتە ژوورەوە، من دیسانەوە تووشی ئەو هەستە ناخۆشە ئەبمەوە کە لە بەیانییەوە تووشی هاتووم. ئەم دەستەم کەمتر لەوە لە ناو دەستمدا ڕاگرتووە، کە بە سەرکەوتن بژمێردرێ.


لەو کاتەدا کە خاتوو دورڤیل ئەیویست بیباتە ژوورەوە، ژوولیەن ئەو دەستەی کە بە دەستییەوە بوو، بە توندی گووشی.

خاتوو دورێنال کە خەریک بوو هەڵئەسا، دووبارە دانیشتەوە و بە دەنگێکی کز وتی:

—ڕاستە تۆزێ هەست بە ناساخی ئەکەم، بەڵام هەوای ئازاد بۆ من باشترە.

ئەم قسەیە شادمانی ژوولیەنی سەلماند، کە لەو ساتەدا لەوپەڕی خۆیدا بوو: وتاری دا، دووڕوویی لە بیر بردەوە و هەستی ئەکرد لای ئەو دوو بیسەرە، دلڕفێنترین پیاوی دنیایە. سەرەڕای ئەمەش لەم دەمپاراوییەی کتوپڕ بۆی هاتبوو، کێماسییەکی جەربەزە هەر هەبوو. خاتوو دورڤیل، لەو بایەی کە وردە وردە توند ئەبوو و نیشانەی تۆفان بوو، ماندوو ببوو. ژوولیەن ترسی لێ نیشت، نەکا ئەم ژنە بە تەنها بچێتە ژوورەوە. لەو کاتەدا ناچار ئەبوو لەگەڵ خاتوو دورێنال تەنها بێت. ئەو ئازایەتیە کوێرەی بۆ دەستپێک بە دەستی هێنابوو، تا ڕادەیەک ڕێکەوت بوو. بەڵام ئەیبینی وتنی تەنها وشەیەک بە خاتوو دورێنال لە توانای بەدەرە و لۆمەی خاتوو دورێنال چەندەش سادە بێ، دیسانەوە هەر ئەیشکێنێ و ئەو سەرکەوتنەی بەدەستی هێناوە، بەفیرۆ ئەچێ.

بەختی یار بوو و، خاتوو دورڤیل کە وەکو منداڵێکی ساکار سەیری ئەکرد و قسەکانی بە مایەی وەڕەزبوون ئەزانی، ئەو شەوە وتارە پڕ لە شۆر و بە کاکڵەکەی بەدڵ بوو. بەڵام خاتوو دورێنال، دەستی لە دەستی ژوولیەن‌دا، بیری لە هیچ نەئەکردەوە.






خۆی دابوو بە دەست ژیانەوە. ئەو کاتژمێرانەی لە بن ئەم دار مسکیە، کە گوایە بە دەستی شارڵی بێباک(٤٤) ڕوێنرابوو، بۆ ئەو مایەی بەختەوەری و کامەرانی بوو. پڕبەدڵ گوێی لە ناڵینی با لە ناو لقوپۆپی مسکیەکە و دەنگی بارینی چەند دڵۆپ باران کە وردە وردە ئەیاندا لە گەڵاکانی خوارەوەی دارەکە، ڕاگرتبوو. ژوولیەن هەستی بەو ڕووداوەی دڵنیایی پێئەدا، نەکرد. با گوڵدانێکی لەبن پێیان‌دا وەرگێڕابوو. خاتوو دورێنال کە بە ناچاری دەستی لە دەستی دەرهێنابوو و بۆ یارمەتیدانی دوتامی بۆ هەڵگرتنەوەی گوڵدانەکە هەڵسابوو، ئەوەندەی دانیشتەوە، دەستی دایەوە بە دەستییەوە و ئەم کارە، بە بێ کێشە، وەک بڵێی لە سەری ڕێکەوتبێتن، ڕووی دا.

بەیانی ئەو ڕۆژە، پێنجی سپێدە لە خەو ڕابوو. شتێک کە ئەگەر خاتوو دورێنال پێی زانیبا، ئەبوو بە ئەشکەنجەیەکی پڕووکێنەر. بە زۆر بیرێک هات بە دڵی‌دا. ئەو ئەرکی خۆی ڕاپەڕاندبوو و قارەمانانەش ڕایپەڕاندبوو. ئەوسا کە لە ئەنجامی ئەم هەستەدا، دڵی پڕ بوو لە شادی، چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و دەرگای لە سەر خۆی داخست و بە خۆشی و حەزێکی تەواو تازەوە کەوتە خوێندنەوەی هونەری پاڵەوانەکەی.

کاتێک کە دەنگی زەنگی نیوەڕۆ بەر گوێی کەوت، بە گەرمی خەریکی خوێندنەوەی «راپۆرتی سپای مەزن» بوو، هەموو خۆشییەکانی سەرکەوتنەکەی دوێشەوی لە بیر کردبوو. ئەو کاتەی کە ئەچوو بۆ هۆڵی نانخواردن، بە خەمساردی لەبەر خۆیەوە وتی:

ــ ئەبێ بەم ژنە بڵێم کە خۆشم ئەوێ!

ئەو کە چاوەڕێی نیگایەکی تامەزرۆ بوو، خۆی لە بەرامبەر

٤٤ ـ شارلی یەکەم، دووکی بورگوندی: Charles le Téméraire یان Charles the Bold.

ڕوخساری گرژ و نەمرچی جەنابی دورێنال‌دا بینی کە دوو کاتژمێر بوو لە ڤێریر گەڕابوویەوە و تووڕەبوونی خۆی نەئەشاردەوە لەوەی کە بە درێژایی سەرلەبەیانی، ژوولیەن بە منالْەکان ڕاناگات. هیچ شتێک بە ئەندازەی ئەم پیاوە گرنگە، کە گرفتاری تووڕەیی خۆی بوو و نەشی ئەشاردەوە، دزێو نەبوو.

هەر وشەیەکی دژوێن کە لە دەمی جەنابی دورێنال ئەهاتە دەرەوە، وەک خەنجەرێک سینگی خاتوو دورێنالی هەلْئەدڕی. بەلاْم ژوولیەن، وەک بلْێی گەشکە گرتبێتی و هێشتاش لە بیری ئەو شتانەدا بوو کە چەند کاتژمێر بە بەر چاویا تێپەڕیبوو، سەرەتا نەیتوانی گوێی خۆی تا ڕادەی بیستنی دژوێنەکانی جەنابی دورێنال دابەزێنێ. بەلاْم بە دەنگێک کە تا ڕادەیەک توند بوو، وتی:

ــناساخ بووم!

ئاوازی ئەم وەلاْمدانەوەیە، نەک هەر شارەوانی بەرهەست و تۆسنی ڤێریر، بەلْکو مرۆڤی زۆر لەو بچووکتریشی تووڕە ئەکرد. ئەو بیرە بە مێشکی شارەوان‌دا هات کە هەر ئەو کاتە دەری بکات و بەم جۆرە وەلاْمی بداتەوە. بەلاْم ئەو پێڕەوێکی بۆ خۆی دانابوو و بە گوێرەی ئەو ڕێسایە زیاد لە پێویست پەلەی نەئەکرد، خۆی ڕاگرت.

هەر زوو بە خۆی وت:

ــئەم گەمژەیە لە مالْی منەوە ناوبانگی دەرکردووە و ڕەنگە جەنابی ڤالێنۆ بیبات بۆ مالْی خۆی یان ئیلیزا بخوازێت و لە هەر دوو دارەت‌دا ئەتوانێ لە دلْەوە پێم پێ بکەنێ.

سەرەڕای ئەو ئاوەز و لۆجیکەی لە بیرکردنەوەی جەنابی دورێنال‌دا هەبوو، تووڕەیی و دلْێشانی لە ئەنجامی کۆمەلْێک قسەی سووک و نالەباردا، کە وردە وردە ژوولیەنی تووڕە ئەکرد، بە توندی ئاشکرا بوو. خاتوو دورێنال خەریک بوو فینگە فینگ

بکەوێتە گریان. ئەوەندەی نانخواردن تەواو بوو، داوای لە ژوولیەن کرد بۆ پیاسەکردن، قۆڵ بخاتە قۆڵی. بە شێوەیەکی دۆستانە پاڵیدا بە بازوویەوە و لە وەڵامی هەر قسەیەکدا کە خاتوو دورێنال ئەیوت، ژوولیەن بە دەنگێکی ئارام جگە لەمە وەڵامی نەئەدایەوە:

ـ ئەمەیە دەوڵەمەند!

جەنابی دورێنال ڕێک لە تەنیشتانەو ئەڕۆیشت. بوونی ئەوەندەی تر ژوولیەنی تووڕە ئەکرد. لەپڕ هەستی کرد خاتوو دورێنال بە شێوەیەکی تایبەت پاڵی داوە بە بازوویەوە. ئەم کارە بووە هۆی نەفرەتی. پاڵی بە خاتوو دورێنالەوە نا و بە توندی و تووڕەیی بازووی خۆی ئازاد کرد.

خۆشبەختانە جەنابی دورێنال ئەم بێشەرمییە تازەیەی نەبینی. ئەم کردارە بێ ئەدەبە جگە لە خاتوو دورڤیل کەسی تر نەیبینی. هەڤاڵەکەی فرمێسکی دائەباراند. لەمکاتەدا جەنابی دورێنال بە بەردەوە کەوتە دوای کچە گوندییەک کە باریکەڕێیەکی گرتبوویە بەر و لە سووچی باخەکەوە تێئەپەڕی و ئەم ڕێگایەش باریکەڕێیەک بوو کە کچە بۆی نەبوو پیابڕوات.

خاتوو دورڤیل بە خێرایی وتی:

ـ جەنابی ژوولیەن، تکایە خۆتان هێور بکەنەوە، خۆت ئەزانی هەموومان ڕەنگە جار جار تووڕە ببین.

ژوولیەن بە ساردی و بەو چاوانەوە کە باڵاترین سووکایەتی تێیدا نەخش ببوو، تێی ڕوانی.

ئەم نیگایە خاتوو دورڤیلی تووشی حەپەسان کرد و ئەگەر لە ڕاستی ئەو نیگایە تێئەگەیشت زۆری لا سەیر ئەبوو چونکە هیوایەکی پێواری سەختترین تۆڵەی تیا ئەبینرا. بێگومان هەر ئەم چرکەساتانەی سووکی و پێشێل بوونە کە ڕۆبسپیرەکان ئەخولقێنێ.

خاتوو دورڤیل زۆر بە ئەسپایی بە هەڤاڵەکەی وت:

ـ ژوولیەنەکەت زۆر دڕە، من لێی ئەترسم.

خاتوو دورێنال وەڵامی دایەوە:

هەقیەتی تووڕە ببێت. پاش ئەو هەمووە پێشکەوتنە سەرنجڕاکێشەی کە بە بۆنەی ئەوەوە بۆ مناڵەکان بەدیهاتووە، چی ئەبێ ئەگەر ژوولیەن سەرلەبەیانییەک وانەی بە مناڵەکان نەوتبێ؟! ئەبێ دان بەوەدا بنێین کە پیاو بەڕاستی تۆسنن.

خاتوو دورێنال بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا حەزی لەوە کرد کە تۆڵە لە مێردەکەی بکاتەوە.

ئەو ڕقە بێ ڕادەیەی کە ژوولیەن لە داراکانی هەبوو، خەریک بوو ئەتەقییەوە. خۆشبەختانە جەنابی دورێنال باخەوانەکەی بانگ کرد و لەگەڵی کەوتە گرتنی ئەو ڕێگەیەی بە ناو باخی میوەکەدا تێئەپەڕی. ژوولیەن سەرەڕای ئەو هەمووە نەرمی و خۆشامابییەی لە ماوەی گەڕانەکەدا پێیکرا، یەک وشەشی نەوت. جەنابی دورێنال هێشتا زۆر دوور نەکەوتبوویەوە کە هەر دوو هەڤاڵ، بە بیانووی ماندوێتی، داوایانکرد سێ قۆڵی قۆڵ لێک هەڵپێکن.

هەر دوو ژنە لە ئەنجامی دڵەڕاوکەیەکی دژواردا، گۆنایان سوور هەڵگەڕابوو، کوڕەش بە ڕەنگی پەڕیو و خۆبەزلزان و ڕوخساری داگیراو و دارەتی لێبڕاوی لە نێوانیاندا، ناکۆکیەکی سەیری بەدی ئەهێنا. ژوولیەن، ڕقی لەم ژنانە و هەموو هەستێکی ئەویندارانە بوو.

بە خۆی وت: «ئەمە کەی ژیانە؟! تەنانەت پێنجسەد فرانکیش داهاتم نییە کە خوێندنەکەم تەواو بکەم. ئاخ! جەنابی دورێنال ئەوسا ئەمزانی چۆن لە کۆڵ خۆمت ئەکەمەوە.»

لەو کاتەدا کە لە ناو ئەم بیرانەدا بوو، ئەو کورتەی کە لە دڵدانەوەی دوو ژنەکە جێی سەرنج بوو بۆی، وەکو گوتەی بی واتا و گەوجانە و قسەی ژنانە، بە ناپەسەندی ئەزانی.

خاتوو دورێنال کە لەمکاتەدا، بۆ ئەوەی قسەیەکی کردبێ و هەوڵێکی دابێ وتووێژەکە بەردەوام بێ، ئەوەندە لە سەری ڕۆیشت کە لەپڕ ڕایگەیاند هۆی هاتنەوەی شووەکەی لە ڤێریرەوە مامەڵەیەکە لە سەر سرووت، کە لەگەڵ یەکێک لە کرێنشینەکانی زەوییەکانی خۆی ئەنجامی داوە. (لەم ناوچەیە دۆشەکی خەوتن بە سرووتی گەنمەشامی دائەگرنەوە.)

خاتوو دورێنال وتی:

ـ مێردەکەم نایەت بۆ ئێرە. لەگەڵ باخەوان و نۆکەرەکەی خۆی خەریکی گۆڕینی سرووتی دۆشەکەکان ئەبێ. ئەمڕۆ بەیانی هەموو دۆشەکەکانی قاتی خوارەوەی پڕ کرد لە سرووت و ئێستەش لە نهۆمی دووەم خەریکی کارە.

ڕەنگی ژوولیەن گۆڕا. بە شێوەیەکی سەیر ڕوانییە خاتوو دورێنال، هەنگاوی تیژ کرد و ئەوی بردە سووچێکەوە. خاتوو دورڤیل کاری بە دوورکەوتنەوەی ئەوان نەبوو.

ژوولیەن بە خاتوو دورێنالی وت:

ـ گیانم بکرەوە، ئەم کارە تەنها بە تۆ ئەکرێ! چونکە خۆت ئەزانی ئەم خزمەتکارە دوژمنی گیانی منە. ئەبێ دان بەوەدا بنێم خاتوون، کە من «وێنە»یەکم هەیە و لە ژووری خەو شاردوومەتەوە.

بە بیستنی ئەم ڕستەیە، خاتوو دورێنالیش ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما.

ـ «خاتوون»، تەنها تۆ ئەتوانی لەم کاتەدا بچی بۆ ژوورەکەی من و بە بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ لەو سووچەی کە لە هەمووان لە پەنجەرەکە نزیکترە، دەست ڕاکێشن. قوتوویەکی مقەبای ڕەش و پەرداختکراوی لێیە.

خاتوو دورێنال کە بە زۆر سەنتەری خۆی ڕاگرتبوو، وتی:

ـ ئەم قوتوەش وێنەیەکی تیایە؟

ژوولیەن ڕواڵەتی پڕ لە نائومێدی ئەوی بینی و دەسبەجێ هەلەکەی قۆستەوە:

ــداوایەکی تریشم هەیە خاتوون، داوام ئەمەیە کە سەیری ئەم وێنەیە مەکەن، چونکە ئەوە نهێنی منە!

خاتوو دورێنال بە ئاهێکی غەمبار وتی:

ــلە نهێنییەکانی تۆیە؟!

بەڵام ئەم ژنە، هەرچەند ئەوەی لە نێوان کەسانێکدا پەروەردە ببوو کە شانازی بە سامانی خۆیانەوە ئەکەن و جگە لە پارە هیچ کار لە دڵیان ناکات، لە هەمان سەرەتاوە، ئەوین ئەو دڵەی نەرم کردبوو. سەرەڕای ئەو برینە بێ بەزییانەی لە دڵی درابوو، بە جۆرێک کە نیشانەی سادەترین یارمەتیدان بێ، هەموو پرسیارێکی پێویستی لە ژوولیەن پرسی بۆ ئەوەی بتوانێ ڕاسپاردەکەی بە جوانی جێبەجێ بکات و کاتێک کە دوور ئەکەوتەوە، بە ژوولیەنی وت:

ــواتە قوتوویەکی خڕی مقەبای ڕەشی درەوشاوە؟

ژوولیەن بە دەنگێکی ڕەق کە بۆنی مەترسی لێئەهات، وتی:

ــبەڵێ خاتوون!

خاتوو دورێنال، سەرکەوت بۆ قاتی دووەمی کۆشکەکە، لە کاتێکا ڕەنگی وەها پەڕیبوو، ئەتوت بەرەو مەرگ هەنگاو ئەنێ. بۆ پڕبوونەوەی نەگبەتییەکەی هەستی کرد خەریکە لە سەرخۆ ئەچێ. بەڵام پێداویستی یارمەتیدانی ژوولیەن هێزی خستبوویە بەری.

پێی هەڵگرت و وتی:

ــئەبێ ئەم قوتوە بدۆزمەوە.

گوێی لێبوو شووەکەی لە ژووری ژوولیەن لەگەڵ خزمەتکارەکەی قسە ئەکات. خۆشبەختانە مێردەکەی و نۆکەر چوون بۆ هۆدەی مناڵەکان. خاتوو دورێنال دۆشەکەکەی بەرز کردەوە و وەها

دەستی بە ناو سرووتەکەدا گێڕا کە پێستی پەنجەکانی ڕووشا. هەرچەند ئەم ئازارە زوو کاری تێکرد، بەڵام بەم دەردەی نەزانی. چونکە هەر لەو کاتەدا دەستی کەوتە سەر ڕووبەری لووسی قوتوەکە. قوتوی ڕفاند و ون بوو.

هێشتا لە ترسی تووشبوون لە دەستی مێردەکەی ڕزگاری نەببوو کە ترسێک گیانی داگرت و ئەم ترسە کە زادەی بوونی قوتوەکە بوو گەیشتە ئەوەی خەریک بوو ببوورێتەوە: «کە وا بوو ژوولیەن ئەویندارە و من وێنەی ئەو ژنەی ئەو خۆشی ئەوێ وا بە دەستمەوە!»

خاتوو دورێنال کە لە ناو دالآنی کۆشکەکە لە سەر کورسی دانیشتبوو، کەوتبوویە بن کارتێکردنی هەموو ئەو ترس و سامەی کە ئێرەیی لە مرۆڤدا بەدی ئەهێنێ. نەزانییە بێ سنوورەکەی لەو کاتەش‌دا کەڵکی هەبوو. سەرسووڕمان مایەی خاوبوونەوەی بوو. ژوولیەن پەیدا بوو، بە بێ ئەوەی سپاسی بکات، بە بێ ئەوەی شتێک بڵێ، قوتوەکەی وەرگرت و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی. ئاگرێکی کردەوە و هەمان کات ئاگری دا. ژوولیەن ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو و دەمی گۆی نەئەکرد. ئەو مەترسییەی لێی دوا بوو، قەبەی کردبوویەوە.

سەری بزواند و بە خۆی وت:

ـدۆزینەوەی وێنەی ناپۆلیۆن لە ماڵی کەسێک کە ئاینی دوژمنایەتی کردنە لەگەڵ ئەم «داگیرکەری تاج و تەختە»، دۆزینەوەی وێنە بە دەستی مسیۆ دورێنال کە ئەو هەمووە توندڕەو و ئەوەندە تووڕەیە و، ئەویش لە پشتەکەی و بە خەتی خۆم لە سەر مقەبای سپی، ئەو شتانە نووسراوە کە ڕادەی خۆشەویستی من بەرامبەر بەو پیشان ئەدا و هەرکام لەم هەست دەربڕینەش ڕێکەوتی پێوەیە! پێرەکە هەندێکیم نووسیووە!

ژوولیەن کە سەیری سووتانی قوتوەکەی ئەکرد، بە خۆی وت:

ــناوم ئەزڕا و دەسبەجێ تیائەچووم. ناوبانگەکەشم تەنها شتێکە لەم دنیایەدا هەمە. تەنها دەسمایەی ژیانمە. ئەویش چ ژیانێک خوایە گیان!

کاتژمێرێک پاش ئەوەی ژوولیەن بە هۆی ماندووبوون و دڵسووتان بۆ خۆی، ئامادەی خۆشەویستی بوو. خاتوو دورێنالی بینی، دەستی گرت و بە ڕاستگۆییەکی زیاترەوە کە هەرگیز پیشانی نەدابوو، دەستی ماچ کرد. خاتوو دورێنال کە بە هۆی شادی و بەختەوەرییەوە سوور هەڵگەڕا و هەر لەو کاتەدا بە تووڕەییەکەوە کە بەرەنجامی ئێرەیی بوو، پاڵی پێوە نا. دفرەی ژوولیەن کە تازە پلاری بەرکەوتبوو، لەو کاتەدا گەوجی کرد. خاتوو دورێنالی وەکو ژنە دەوڵەمەندێک سەیرکرد، بێڕێزانە دەستی دایە دواوە و چوو بۆ ناوباخ بیر بکاتەوە. زۆری پێنەچوو بزەیەکی تاڵ نیشتە سەر لێوی:

«ئەوەتا لێرە بە ئیشتیای خۆم ئەگەڕێم، ئاسوودە و بێخەم، گوێم لە مناڵ نییە و خۆم جەنابی دورێنال لە خۆم تیژ ئەکەمەوە و هەقیش بەوە.»

چوو بۆ ژووری مناڵەکان. نەوازشی مناڵە هەرە بچووکەکەی کرد کە زۆریش خۆشی ئەویست، ئازاری بە سوێی ئارام کردەوە.

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «ئەم مناڵە هێشتا بە سووکی سەیری من ناکات.» بەڵام زۆری پێنەچوو ئەم ئارامییەی بە نیشانەی کێماسییەکی تر لە خۆیدا زانی و بەم هۆیەشەوە کەوتە لۆمەکردنی خۆی. «دڵسۆزییکردنی مناڵەکان بۆ من وەکو نەوازش کردنی ئەو تانجیەیە کە دوێنێ کڕییان!»

# دڵێکی گەورە و
# سامانێکی کەم

ئەوین بە زۆری خۆی لە بن دەمامکدا ئەشارێتەوە،
بەڵام سەرەڕای ئەو دەمامکە ڕەشە،
پەردەی لە سەر هەڵئەدرێتەوە،
هەروەک ئاسمانە هەرە ناوچاوتاڵەکان
پەیامهێنەری ترسناکترین گەردەلوولن!
(دون ژوان ــ ١ــ ٧٣)

جەنابی دورێنال کە سەری لە هەموو ژوورەکان ئەدا، لەگەڵ نۆکەرەکان کە کیسەی سرووتیان پێبوو، گەڕایەوە بۆ ژووری منداڵەکان. گەڕانەوەی کتوپڕی ئەم کابرایە بۆ ژوولیەن وەک ئەو دڵۆپە وا بوو کە پەرداخەکە سەرڕێژ ئەکات. ١٠

ژوولیەن کە لە ڕۆژانیتر بێڕەنگتر و داگیراوتر بوو چوو بۆ لای. جەنابی دورێنال وەستا و ڕوانییە نۆکەرەکانی.

ژوولیەن پێی وت:

ــ جەناب، پێت وایە منداڵەکان لەگەڵ هەر مامۆستایەکی تر بە هەمان ڕادە پێش ئەکەوتن؟

بە بێ ئەوەش کە ڕێگە بە جەنابی دورێنال بدا وەڵام بداتەوە، وتی:

ــ ئەگەر وەڵامەکەشتان نەرێنی بێ، بە چ هەقێک سەرکۆنەی من ئەکەن کە لە پەروەردەی منداڵەکاندا کەمکاریم کردووە؟

جەنابی دورێنال، کە بە زۆر بەسەر ترسەکەی خۆیدا زاڵ ببوو، لە شێوەی ئاخافتنی ئەم کوڕە جووتیارە وا تێگەیشت پێشنیازێکی هەڵخرێنەری لە گیرفاندایە و بۆ بیانوو ئەگەڕێ واز بهێنێ.

ژوولیەن چەندە زیاتری ئەوت، ئەوەندە تووڕەتر ئەبوو. لە کۆتایی قسەکانیشی‌دا وتی:

ــبە بێ تۆیش ئەتوانم بژیم جەناب!

جەنابی دورێنال کە تۆزێک زمانی گرتبووی، وەڵامی دایەوە:

ــمن بەڕاستی بە داخەوەم کە تۆ ئەبینم بەو جۆرە هەڵچوویت!

نۆکەرەکان، دە هەنگاو لەولاترەوە، خەریکی گۆڕینی سرووتی دۆشەکەکان بوون.

ژوولیەن کە ئاگای لە خۆی نەمابوو، وەڵامی دایەوە:

ــئەم قسانە بە کەڵکی من نایەت. ئەو قسە ئابڕووبەرەیەت بهێنەوە بیر کە لەبەر چاوی ژنەکان‌دا پێت وتم!

جەنابی دورێنال زۆر باش لە ژوولیەن ئەگەیشت و ئەیزانی داوای چی ئەکات. دوو ناکۆکی بەهێز لە ناخی‌دا لە بەربەرەکانێ‌دا بوون. ژوولیەن کە بەڕاستی لە تووڕەیی‌دا شێت ببوو، لەپڕ نەڕاندی:

ــجەناب، کاتێک کە لە ماڵی تۆ ڕۆیشتم، ئەزانم بۆ کوێ ئەچم!

جەنابی دورێنال، بە بیسنی ئەم قسەیە، لە جیهانی ڤرۆشەدا ژوولیەنی بینی لە ماڵی جەنابی ڤالێنۆ دامەزراوە.

جەنابی دورێنال، ئاهێکی هەڵکێشا و وەکو کەسێک وایە کە ئەیبەن بۆ نەشتەرگەرییەکی بە ئازار، وتی:

ــزۆر چاکە جەناب، داواکەتان قبووڵە و لە بەیانییەوە کە سەرەتای مانگە، مانگی پەنجا فرانکت پێ ئەدەم.

ژوولیەن ئەیویست پێ بکەنێ، بەڵام واقی وڕ مابوو. تووڕەییەکەی تەواو خاو بوویەوە. بە خۆی وت:

ــ ئەم گوێرەکەیە زیاتر لەوەی پێمکرد، شیاوی سووکایەتی پێکردنە. گومانی تێدا نییە، بە گوێرەی سروشتی ئەمە باشترین داوای لێبوردنە کە ئەتوانێ بیکا.

مناڵەکان کە بە سەرسووڕمانەوە گوێیان لەم مشتومڕە ڕاگرتبوو، بە خێرایی چوون بۆ ناو باخ تا بە دایکیان بڵێن کە مامۆستا ژوولیەن تووڕە بووە، بەڵام لەمەودوا مانگانە پەنجا فرانک وەرئەگرێ.

ژوولیەن وەک ڕاهاتبوو، بە بێ ئەوەی سەیری جەنابی دورێنال بکات، غاری دا بە دوای مناڵەکاندا و ئاغەی بە دڵێکی ڕەنجاوەوە لەوێ بەجێهێشت.

شارەوان بە خۆی ئەوت:

ــ ئەم سەد و شەست و هەشت فرانکە، جەنابی ڤالێنۆ زەرەری لێدام. جا ئەبێ سەبارەت بە دابینکردنی کەرەستە و تفاقی هەتیوەکان دوو قسەی بەپێز بنێم بەسەر دڵییەوە.

ساتێک دوای ئەوە، ژوولیەن جارێکی تر لە بەردەم جەنابی دورێنالدا قوت بوویەوە:

ــ من هەندێ شتم دەربارەی ویژدانی خۆم هەیە کە ئەبێ بە قەشە شەلانی بڵێم، بۆیە بە شانازییەوە پێتان ڕائەگەیەنم کە بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لێرە نابم.

جەنابی دورێنال بە دارەتێک کە پڕ بوو لە درۆ و دەهۆ، بزەیەی کرد و وتی:

ــ زۆر چاکە، ژوولیەنی ئازیز! ئەگەر حەزت لێیە، هەموو کاتژمێرەکانی ئەمڕۆ و هەموو کاتژمێرەکانی بەیانیش ئازاد بە، دۆستی بەڕێز! سوار ئەسپەکەی باخەوان بە و باژووە بۆ ڤێریر!

جەنابی دورێنال بە خۆی وت:

ــ ئێستە ئەڕوات وەڵامی جەنابی ڤالێنۆ بداتەوە. هیچ بەڵێنێکی

بە من نەدا بەڵام لێی ئەگەڕێم با گڕی کەللەی دامرکێتەوە.

ژوولیەن بە خێرایی هەڵات و بەرەو جەنگەڵ و شەقامەڕێی ڤێرژی بۆ ڤێریر ڕۆیشت. حەزی نەئەکرد بە خێرایی بگاتە ماڵی قەشە شەلان. نەی ئەویست خۆی تووشی درۆ و دەلەسەیەکی تازە بکات. پێویستی بەوە هەبوو لە ڕازەکانی دەروونی خۆی بگات و ئەو هەمووە هەستەی ببوویە هۆی شڵەژانی ناخی بداتە بەر نۆرین.

ئەوەندەی کە خۆی لە جەنگەڵ و دوور لە چاوان بینی، هەمان کات بە خۆی وت:

ــمن سواژێکم بردووەتەوە، کەواتە من هەر بە ڕاستی لە سواژێکدا سەرکەوتووم!

ئەم قسەیە دۆخەکەی بە ڕەنگی جوان و دڵڕفێن لەبەر چاوانی ئەنەخشاند و تا ڕادەیەک ئارامی ئەگێڕایەوە بۆ دەروونی.

ــئێستە مانگی پەنجا فرانک مووچەمە. وا بزانم جەنابی دورێنال باش تۆقابێ. بەڵام لە چی؟

ئەم بیرکردنەوەیە سەبارەت بە هۆکارەکانی ترس و تۆقانی پیاوێکی بەختەوەر و بەدەسەڵات کە کاتژمێرێک پێش ئێستە بە گەرووی‌دا چووبوویە خوارەوە، ئارامیی دڵی گەیاندە ئەوپەڕی خۆی. بۆ ساتێک لە جوانی و دڵڕفێنی ئەم لێڕەوارە گەیشت کە پیاسەی تیائەکرد. لە ڕابوردوودا، لای کێوەکەوە، کۆمەڵێک ڕەوەزی ڕووت و زەبەلاح کەوتبوویە ناو جەنگەڵەکە. درەختە مەزنەکان کە بە ئەندازەی ئەم زەرد و تەلەسەنگانە باڵایان بەرز بوو، باڵیان کردبوویەوە و سێبەریان، سێ هەنگاو دوورتر لەو شوێنانەی تیرێژی خۆر ئەیگرتنەوە، فێنکییەکی ئەوەندە بلاوێنی هەبوو، دەرفەتی وەستانی نەئەدا.

ژوولیەن ساتێک لە پەنای ئەم ڕەوەزە بەرزانەدا پشووی دا. دیسانەوە سەرکەوت. زۆری پێنەچوو پاش بزنەڕێیەک کە بە

زۆر دیار بوو، جگە لە بزنەوانان بە کاری کەس نەئەهات، پێی نایە سەر گاشەبەردێکی گەورە. دڵنیا بوو لە دەر و دنیا دابڕاوە. ئەم بارە سروشتییە بزەی هێنایە سەر لێوی. دۆخێکی هێنایە بەچاوی کە لە دووری ئەو دارەتە ئەسووتا و ئارەزووی ئەوە بوو لە کەوشەنی وێژدان‌دا پێی بگات. هەوای پاکی ئەم کێوە بڵندانە، بێدەنگی و بێگەردی و تەنانەت نەشەیەکی لە ناخی‌دا بەدیهێنابوو. شارەوانی ڤێریر لە چاوی ئەودا هێشتاش نوێنەرەوەی دەوڵەمەندان و دەم سوورانی سەر ئەم زەمینە بوو. بەڵام ژوولیەن ئەیبینی ئەو ڕقەی چەند کاتژمێر لەمەوبەر، ئەو ڕقەی ببوویە هۆی هەڵچوونی، سەرەڕای هەژانی توندی، هیچ پەیوەندی بە کەسەوە نییە. ئەگەر جەنابی دورێنالی بۆ حەفتەیەک نەبینیایە، بێگومان خۆیشی و کۆشکەکەشی و تانجی و مناڵ و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەشی هەر لە بیریش ئەبردەوە. «نازانم چۆن وام لێکرد، بەو جۆرە دەست لە خۆی بەربدا. سەیرە! زیاتر لە سەد و پەنجا فرانک لە ساڵێکدا! تۆزێک پێش ئێستە، لە مەزنترین مەترسی ڕزگارم بوو. دوو سەرکەوتن لە یەک ڕۆژدا! سەرکەوتنی دووەم نرخی نییە. ئەبێ هۆکارەکەی بدۆزمەوە. بەڵام با ئەم لێکۆڵینەوە دژوارە دابنێم بۆ بەیانی.»

ژوولیەن، لە سەر تاشەبەردە گەورەکە، وەستابوو و ئەیڕوانییە ئاسمان کە لەبەر تیشکی خۆرەتاوی مانگی ئاگوست‌دا داگیرسابوو. سیسرک لە کێڵگەی خوار ڕەوەزەکە ئەیانخوێند و ئەوەندەی خامۆش ئەبوو، دەوراندەوری بێدەنگ ئەبوو. تا بیست فرسەنگی ناوچەکەی لە بن پێی خۆی‌دا ئەبینی. بازێک کە لە تاشەبەردەکانی سەر سەرییەوە هەڵفڕیبوو، ناوبەناو، بەدەم نەخش کردنی بازنەی مەزنەوە، لە بێدەنگی‌دا بەر چاوی ئەکەوت. چاوی ژوولیەن ناخودئاگا بە دوای مەلی ڕاوچی‌دا ئەڕۆیشت. فڕینی ئارام

و بەهێزی شاباز سەرسامی کردبوو. بەخیلی بەم توانایە هات و ئێرەیی بەو تەنیاییە برد.

چارەنووسی ناپۆلیۆن ئەمە بوو. ئایە ڕۆژێک ئەبێ بە چارەنووسی منیش؟

بەندی XI

## شـەو

سەرەڕای ئەمەش جوولیا هێشتا میهرەبان بوو.
بە ئارامی دەستە ناسکەکەی لەناو دەستی ئەو
دەرهێنا، بەڵام گوشارێکی لە دوای خۆی بەدیهێنا
نەرم و، ئەوەندە نەرم، مێشک وایزانی ڤرۆشەیە!
(دون ژوان ــ ١ــ ٧١)

هەر چۆن بووە ئەبوایە لە ڤێریر خۆی دەربخات. کاتی هاتنەدەرەوە لە دەیری قەشە، بە ڕێکەوتێکی پیرۆز، جەنابی ڤالێنۆی بینی و بە پەلە بابەتی زیادبوونی مووچەکەی خۆی بۆ وت.

کە گەڕایەوە بۆ ڤێرژی، تا شەو نەچوو بۆ باخ. دڵی لەو هەڵچوون و گۆڕانکارییانەی لە ماوەی ڕۆژدا هەژاندبوویان ماندوو بوو. کاتێک کە ئەکەوتەوە بیری ئەو دوو ژنە، بە دڵێکی مەراقدارەوە ئەیوت: «چییان پێ بڵێم؟» دەرفەت و توانای تێگەیشتنی ئەوەی نەبوو کە ڕۆحی دروست لە ئاستی ئەو ڕووداوە ساکارانەدایە کە وەک ڕێسایەک هەموو خواستی ژن داگیر ئەکات. بە زۆری تێگەیشتن لەم بابەتانەی ژوولیەن بۆ خاتوو دورڤیل و تەنانەت دۆستەکەی دژوار بوو، ژوولیەنیش، هەروەها لە واتای نیوەی قسەکانی ئەوان تێنەئەگەیشت. ئەمە بوو کاریگەری و بەرەنجامی هێزی خۆشەویستی، ئەگەر ئەو چەمکە ڕەوا بێ، ئەمە بوو مەزنایەتی خرۆشی ئەوین کە دڵی ئەم جەوانە بەرزەفڕەی ئەشڵەژان. لە ناخی ئەم بوونەوەرە سەیرەدا، هاکا هەموو ڕۆژ زریانێک بەرپا بوو.

ئەو شەوە، ژوولیەن، کاتی چوونەوە بۆ باخ، ئامادەبوو بۆچوونەکانی ئەم دوو ئامۆزا شەنگە بە دڵی گیان ببیسێ. هەر دوو ژنەکە، بێ ئوقرە، چاوەڕێی بوون. لە جێگەی هەر شەوەی لای خاتوو دورێنالەوە دانیشت. ئەوەندەی پێنەچوو تاریکی بوو بە نووتەک. هەوڵیدا ئەو دەستە سپییەی ماوەیەک بوو لە تەنیشت خۆیەوە، لە سەر پشتی کورسییەکە ئەیبینی، بگرێ بە دەستەوە. خاتوو دورێنال تۆزێ دوودڵ بوو، بەڵام بە شێوەیەک کە نیشانەی تووڕەبوونی بوو، دەستی خۆی لە دەستی دەرهێنا. ژوولیەن ئامادەیی ئەوەی تیابوو ئەم ڕەفتارە بە دوا وریاکردنەوەی دابنێ و دەم بە پێکەنین لە سەر قسەکانی بەردەوام بێ. بەڵام لە هەمان کاتدا، لەپڕ، دەنگی جەنابی دورێنال کە لێیان نزیک ئەبوویەوە، بیسرا.

هێشتا قسە دزێوەکانی بەیانی لە گوێی ژوولیەندا ئەزرینگانەوە. بە خۆی وت: «تۆ بڵێی ئەم کابرایەی کە لە پارەدا خنکاوە، ئەگەر دەستی ژنەکەی بگرم و لەبەرچاوی خۆیشی بیگرم، نەبێتە هۆی سووکایەتی پێکردنی؟ بەڵێ، من ئەم کارە ئەکەم، منێک کە ئەو هەمووە بێڕێزی پێکردووم.»

لەو ساتەوە، ئاشتی مێشک، کە زۆریش لەگەڵ سروشتی ژوولیەن نەئەگونجا، بە خێرایی ون بوو. نیگەران و مەراقدار، بە بێ ئەوەی بتوانێ بیر لە شتێکی تر بکاتەوە، ئارەزووی کرد خاتوو دورێنال بە حەزی خۆی دەست بخاتە ناو دەستییەوە.

جەنابی دورێنال بە تووڕەییەوە باسی ڕامیاری ئەکرد: سەرمایەی دو سێ پیشەسازی ڤێریر، بە مسۆگەری لە هی ئەو زیاتر ببوو و ئەیانویست کاتی هەڵبژاردن ببن بە خەنیمی. خاتوو دورڤیل گوێی بۆ قسەکانی ڕادێرابوو. ژوولیەن لە وتاردانەکەی

وەڕەز ببوو. کورسییەکەی لە کورسی خاتوو دورێنال نزیکتر کردەوە. تاریکی شەو هەموو بزووتنێکی ئەشاردەوە. بە ڕاشکاوی دەستی لە تەنیشت ئەو بازووە جوانەی لە کراسەکە کەوتبوویە دەرەوە، دانا. شڵەژا، توانای دەسەڵاتی بەسەر مێشکی خۆیدا لەدەست دا. گۆنای بردە لای ئەم بازووە و نەترسانە لێوی نایە سەری.

خاتوو دورێنال تەزووی پیاهات. شووەکەی چوار هەنگاو لێیان دوور بوو. بە پەلە دەستی خۆی دا بە دەستی ژوولیەنەوە و لە هەمان کاتدا تۆزێ لە خۆی دووری خستەوە. لەو کاتەدا کە جەنابی دورێنال بەردەوام جنێوی بەو ناکەس و ژاکۆبۆنانە ئەدا کە داراییان ڕۆژ بە ڕۆژ سەرئەکات، ئەو دەستەی درابوو بە دەست ژوولیەنەوە ماچی ئاگراوی ئەکرد، یان لانیکەم خاتوو دورێنال پێی وا بوو ئاگراوین. سەرەڕای ئەمەش ژنەی ڕەبەن کە ژوولیەنی ئەپەرست، بەڵام لە دڵی خۆیدا ددانی بەوەدا نەئەنا و هەر ئەو ڕۆژە نەگریسەش بەڵگەی دەست کەوتبوو کە دڵبەرەکەی، دڵداری هەیە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە ژوولیەن ون ببوو، تووشی ئازارێکی لە ڕادەبەدەر ببوو کە خستبوویە ناو بیرەوە.

بە خۆی وت:

ــچی بووە؟ تۆ بڵێی شەیدا بووبێتم؟ ئەوین ڕووی تێکردبێتم؟ من؟! منی مێرددار دڵم داوە بە دەست ئەوینەوە؟

دیسانەوە بە خۆی ئەوت:

ـ بەڵام من ئەم غەمە دێوانەئاسایەی کە ناتوانم یادی ژوولیەن لە دڵ دەرکەم، قەت بۆ مێردەکەم نەمبووە. لە ڕاستیدا ژوولیەن منداڵێکە کە ڕێزێکی زۆری بۆ من هەیە. ئەم دێوانەسەرییە، تێپەڕ ئەبێ. ئەو هەستەی بەرامبەر بەم جەوانە هەمە، چ پەیوەندییەکی بە مێردەکەمەوە هەیە؟ بێگومان جەنابی دورێنال لەو قسانەی من و ژوولیەن دەربارەی ڤرۆشە، جاڕس ئەبێ. ئەو تەنها بیر لە کارەکەی خۆی ئەکاتەوە. هیچی وا لە ئارادا نییە من لەوی بسێنم و بیدەم بە ژوولیەن.

هیچ شوێنەوارێکی درۆ نەیئەتوانی ئەم ڕۆحە بێگەردە خۆشباوەڕە بشێوێنێ، کە ئەوینێکی تازە ڕفاندبووی، ئەو ئەوینەی کە پێشتر هەستی وای بە خۆیەوە نەبینیبوو. فریوی خواردبوو، بەڵام بێئاگا. ئێستەش، ڕەمەکی بێگەردی وریای ئەکردەوە و، کاتێک کە ژوولیەن لە باخ دەرکەوت، ئەم کێشەیە لە دەروونی خاتوو دورێنال تۆفانی بەرپا کردبوو. دەنگی بیست و هەر ئەو ساتەش ئەوی لە تەنیشت خۆیەوە بینی. دڵی ئەتوت لە ئەنجامی بەختەوەرییەوە ڕفرێنراوەکەی، ئەو بەختەوەرییەی دوو حەفتە لەمەوبەر تووشی سەرسووڕمانێکی زیاتر لە شەیدابوونی کردبوو. سەرەڕای ئەمەش پاش چەند سات بە خۆی وت: «کە وا بوو بوونی ژوولیەن بۆ ئەوە بەسە کە هەموو کارە ناڕەواکانی من لە بیر بچێتەوە؟» ترسی لێ نیشت و لە هەمان کاتدا بوو کە دەستی لە دەستی ئەو دەرهێنا.

ماچەکانی، ماچی پڕ لە خۆشەویستی کە هەرگیز نەیچەشتبوو، لەپڕ ئەوینی ژوولیەن بە ژنەکەی تری لە بیری بردەوە. زۆری نەبرد ئیتر ژوولیەنی بە تاوانبار نەئەزانی. نەمانی ئازاری بەرەنجامی گومان و ئەو بەختەوەرییەی بە خەویش نەیبینیبوو، تووشی هەژانی ئەوین و خۆشییەکی شێتانەی کرد. ئەو شەوە، بۆ هەمووان

شەوێکی دڵگیر بوو، جگە لە شارەوانی ڤێریر؛ کە نەی ئەتوانی دەوڵەمەندبوونی خەنیمەکانی لەبیر بباتەوە. ژوولیەن، ئیتر نە لە بیری بەرزەخوازی ڕەشی خۆیدا بوو و نە لە ئەندێشەی پلانەکانی کە جێبەجێکردنیان ئەو هەمووە تەگەرەی لە ڕێ بوو. لە هەموو ژیانیدا ئەوە یەکەم جار بوو کە هێزی جوانی لە سەر باڵی خۆی سواری کردبوو. لە ئەندێشەیەکی شیرین و پێوار کە ئەو هەمووە لەگەڵ سروشتی ئەو بێگانە بوو، خولیا و سەرگەشتە، ڕۆچووبوو و ئەو دەستەی کە بە سەرتۆپی جوانی ئەزانی، ئارام ئارام لە ناو دەستیدا ئەگووشی و لەم دنیایەدا، ئەیڕوانییە جووڵەی گەڵاکانی داری مسکی کە لە ئەنجامی سروەی شەوانە بە ئەسپایی ئەلەرینەوە و گوێی لە دەنگی سەگانی ئاشەکەی سەر چەمی «دوو»، کە نە زۆر دوور خەریکی وەڕین بوون، ڕاگرتبوو.

بەڵام ئەم خرۆشە، چێژێکی ڕووت بوو نەک ئەوین. کاتێک خۆی کرد بە ژوورەکەیدا، بیری تەنها لە یەک خۆشی ئەکردەوە، خۆشی و چێژی خوێندنەوەی پەرتووکە ئازیزەکەی. لە بیست ساڵیدا، بیری دنیا و ئەو گۆڕانەی ئەم ئەتوانێ لەم دنیایەدا بەدی بهێنێ، بەسەر هەموو شتەکانی تردا زاڵ ببوو.

سەرەڕای ئەمەش، زۆری پێنەچوو پەرتووکەکەی دانا. ئەوەندەی بیر لە سەرکەوتنەکانی ناپۆلیۆن کردەوە، شتێکی تازەی لە سەرکەوتنەکانی خۆیدا بینی. بە خۆی وت: «بەڵێ من لە ململانێیەکدا سەرکەوتووم. بەڵام ئەبێ سوود لەو سەرکەوتنە وەربگرم. ئەبێ دفرەی ئەم خانەدانە لەخۆباییە هەتا لە پاشەکشەدایە وردوخاش بکەم. ناپۆلیۆن ڕێک ئەم کارەی ئەکرد. بۆ سەردانی فۆکەی هەڤاڵم داوای سێ ڕۆژ پشوو ئەکەم. ئەگەر پێی نەدام، دیسانەوە هەڕەشەی وازهێنان و لادان لە گرێبەست ئەهێنمە ئاراوە. بەڵام ئەزانم ئەو کۆڵ ئەدات.»

خاتوو دورێنال، نەیتوانی چاو لێک بنێ. هەستی ئەکرد ژیانی تا ئەو ڕۆژە ژیان نەبووە. نەی ئەتوانی خۆشی ئەو گەرمایەی کە زادەی ماچە ئاگراوییەکانی ژوولیەن لە سەر دەستی بوو، لە بیر بباتەوە.

لەپڕ وشەی ترسناکی زیناح کردن لەبەر چاوی قوت بوویەوە. هەموو ئەو شتە دزێوانەی کە پەستترین داوێن پیسی تێکەڵ بە ئەندێشەی ئەوینی هەوەساوی ببێ، دەستە دەستە هوروژمیان ئەهێنا بۆ مێشکی. ئەم ئەندێشانە هەوڵی ئەدا ئەو وێنە خودایی و پڕ لە سۆزەی کە لە ژوولیەن و بەختەوەری ئەوینی ئەو دروستیکردبوو، خەوشدار بکات.

ساتێکی ترسناک بوو. ڕۆحی بۆ وڵاتی نامۆیی فڕیبوو. شەوی پێشوو، لەو خۆشییەی کە هەرگیز نەیبینیبوو، هەستی بە بەختەوەرییەکی نەناسراو کردبوو. ئێستەش خۆی ئەبینی لە بەدبەختییەکی سامناکدا نوقم بووە. بەڵام ئەو ئامۆی ئەم دەرد و ئازارە نەبوو. ئەم ئەشکەنجانە بیر و هۆشیان تێک دابوو. بۆ ساتێک ئەم بیرە هات بە مێشکیا کە خۆی لەلای مێردەکەی زمان هەڵپچڕێ و ئەوینی خۆی بە ژوولیەن بۆ ئەو باس بکات. خۆشبەختانە ئامۆژگارییەک، هی ڕۆژانی کۆن، هی ڕۆژی پێش شووکردن، کە پووری پێی وتبوو، هاتەوە بە بیریدا. ئەو ئامۆژگارییەش سەبارەت بە مەترسی ڕازدرکاندن بوو لە لای مێرد، کە هەرچی چۆن بێ هەر خاوەن دەسەڵاتە. لە قەیرانی ئەو دەرد و ڕەنجەدا دەستەکانی لێک گرێ ئەدا.

بە هۆی بیر و ئەندێشەی ئاڵۆزییەوە بە هەموو لایەکدا ڕائەژێنرا. بەملا و بەولادا ئەبرا. هەندێجار ترسی ئەوەی لێ ئەنیشت نەکا ژوولیەن خۆشی نەوێ. هەندێجار وێنای ترسناکی گوناە ئەشکەنجەی ئەدا. ئەتوت بەیانی ئەو ڕۆژە ئەبێ لە گۆڕەپانی

گەورەی ڤێریر، مقەبایەک بە سینگیەوە، کە باسی زیناحی ئەو و ژوولیەن ئەگێڕیتەوە، بەرەو ئامێری سزادان ئەبرێ و تووشی ڕق و نەفرەتی جەماوەر ئەبێ.

خاتوو دورێنال هیچ ئەزموونێکی لە ژیان نەبوو. تەنانەت کاتی بێداری و لەوپەڕی ئاوەزدا، هیچ جیاوازییەکی لە نێوان تاوانبارێکی دەرگانەی خودا و تووشبوون لەچنگی سووکایەتی خرۆشاوی جەماوەردا، نەئەبینی.

کاتێک کە بیری زیناح و ئەو نەنگ و ئابڕووچوونەی بە ڕای ئەو، بە دوایەوە بوو، بۆ تاوێک لە کۆڵی ئەبوویەوە، ڕێگەی ئەدا و بیری ئەو ژیانە پاک و شیرینەی ئەکەوتەوە کە وەکو پێشوو لەگەڵ ژوولیەندا گوزەراندوویەتی، هەمان کات، ئەم بیرە سامناکە ئەهات بە مێشکیدا کە ژوولیەن شەیدای ژنێکی ترە! جگە لەمەش، بیری ئەو ساتەی ئەکەوتەوە کە ژوولیەن لە ترسی ونبوونی وێنەی ئەو ژنە یان ئاشکرابوون و ئابڕووچوونی ژنە، ڕەنگ بە ڕوخساریەوە نەمابوو. ئەو ڕۆژە، یەکەم جار بوو ترس و تۆقان لەم ڕوومەتە ئارام و ڕەسەنەدا ببینێ. ژوولیەن هەرگیز نە بۆ ئەو و نە بۆ منداڵەکان ئەوەندە پەرێشان نەبووە. ئەم دەردە کە لە دەردەکانی تری زیاد ببوو، بە ڕادەیەک ژانی کردە دڵییەوە کە مرۆڤ لەوە زیاتر توانای خۆڕاگرتنی نابێ. خاتوو دورێنال، بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، وەها گریا و ناڵاندی کە کەنیزەکەکەی خەبەر کردەوە. لەپڕ تیشکی لامپایەکی لە قەراخ تەختەکەی بینی و ئیلیزای ناسییەوە.

لە جەنگەی ئەو دێوانەسەرییەدا، هاواری کرد:

ــبڵێ بزانم، شەیدای تۆیە؟

کەنیز کە لەو شڵەژانە ترسناکەی لەپڕ خانمەکەی داگرتبوو، سەری سووڕمابوو، خۆشبەختانە گوێی نەدایە ئەم پرسیارە سەیرە.

خاتوو دورێنال پەی بە کردەوە ناژیرانەکەی خۆی برد و پێی وت: «یاوم هەیە و پێموابێ وڕینە ئەکەم، بەجێم مەهێڵە.» کاتێکیش بە گوێرەی پێداویستی زاڵبوون بەسەر خۆیدا، بە تەواوەتی ئاگای هاتەوە سەرخۆی، کەمتر خۆی بە بەدبەخت زانی. هێزی ئاوەز، ئەو دەسەڵاتەی کە زیندەخەون لە چنگی ڕفاندبوو، گێڕایەوە. بۆ ئەوەی لە مۆڕە و خێسەی کەنیزەکەی ڕزگاری ببێ، فەرمانی دا بە دەنگی بەرز ڕۆژنامەی بۆ بخوێنێتەوە. ئەنجام، دەنگی یەکباوی کچە بوو کە وتارێکی دوورودرێژی ڕۆژنامەی کوتیدینی ئەخوێندەوە و لەو ماوەیەدا خاتوو دورێنال بڕیاری پاکیزەبوونی دا و وای دانا کە ئەگەر جارێکیتر ژوولیەنی بینی، زۆر بە ساردی لەگەڵی ڕووبەڕوو ببێتەوە.

بەندی XII

# گەشت

له پاریس مرۆڤی قۆز و جوانپۆش ئەبینی،
بەڵام شارستان ڕەنگە مرۆڤی خاوەن کەسایەتی لێبێ!
(سییەس)[٤٥]

بەیانی ئەو ڕۆژە، کاتژمێر پێنج، بەر لەوەی خاتوو دورێنال بە چاو ببینرێ، ژوولیەن سێ ڕۆژ پشووی لە مێردەکەی وەرگرتبوو. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خۆی، هەستی کرد ئارەزووی دیداری ئەوی هەیە و، هیچ نابینێ، جگە لەو دەستە سپییە. چوو بۆ ناو باخ. خاتوو دورێنال زۆری مابوو بێت. بەڵام ئەگەر ژوولیەن شەیدا بوایە، ئەوی ئەبینی لە پشت پەنجەرە نیوە داخراوەکانی قاتی یەکەم، ناوچەوانی لکاندووە بە شیشەی پەنجەرەکەوە. خەریک بوو سەیری ئەوی ئەکرد. سەرەنجام، خاتوو دورێنال سەرەڕای بڕیارەکانی دوێشەوی، هات بۆ حەوشە. ڕوخسارە بێڕەنگەکەی بە ڕەنگی تۆخ داپۆشرابوو. ئەم ژنەی کە ئەوەندە ساکار بوو، بە ئاشکرا هەڵچووبوو. هەڵچوونێک کە بە هۆی ناچاری و ڕقەوە بوو، ئەو دارەتە ئارامە قووڵەی تێک ئەدا، کە لەم ڕوومەتە بەهەشتیەدا هەبوو و لە هەموو بەرژەوەندییەکانی ژیان باڵاتر بوو.

ژوولیەن بە خێرایی و تامەزرۆیی لێی نزیک بوویەوە. ئەو قۆڵانەی کە تا ئەو ڕادەیە جوان بوون و لە بن ئەو سرکەییەوە دیار بوون کە بە پەلە دابووی بە شانیدا، ستایش ئەکرد.

---

ئەتوت فێنکی هەوای دەمەوبەیان، گەشی ئەو ڕوخسارەی کە لە ئەنجامی هەڵچوون و شڵەژانی شەوی ڕابوردوودا، زیاد لە پێویست لە بەرامبەر کارگەرییەکدا بەرهەست ببوو، دوو بەرامبەر کردبوو. ئەم جوانییە بێدەعیە و ورووژێنەرە، هەروەها پڕ بوو لەو بۆچوونانەی کە لە چێنەکانی خوارەوەدا نابینرێ، ئەتوت ژوولیەنی لە بوونی وزە و بەهرەیەک ئاگادار ئەکردەوە کە هەرگیز نەیبینیبوو. ژوولیەن کە چاوە چنۆکەکانی جوانی و ناسکییەکی ئەفسووناوی لەم ژنەدا ئەبینی و سەرتاپا گرفتاری پەسنی ئەم شەنگی و ناسکییە ببوو، مزگێنی پێشوازییەکی دۆستانەی بە خۆی ئەدا، هیچ ئاگای لەوە نەبوو کە خاتوو دورێنال بەر لە هەموو شت، بەو هۆیەوە ژوولیەنی تاسان کە ئەم ژنە هەوڵی ئەدا سارد بوونی خۆی پیشان بدات. ژوولیەنیش، بە بیری خۆی، تەنانەت لە سۆنگەی ئەم ساردوسڕییەوە لەوە تێگەیشت کە خاتوو دورێنال ئەیەوێ لە شوێنی خۆی داینیشێنێتەوە.

بزەی خۆشی لە سەر لێوی کاڵ بوویەوە. پلەوپایەی خۆی لە کۆمەڵدا و بە تایبەت لە بەرچاوی ژنێکی خانەدان و دەوڵەمەند کە میراتێکی زەبەندی پێئەگا، هێنایە پێش چاوی. لە یەک کاتدا، هەموو شت، جگە لە دفرە و تووڕەیی کە سەبارەت بە خۆی هەیبوو، بە ڕوخسارییەوە نەما. لەوەی کە ڕۆیشتنەکەی خۆی دوا خستبوو و ئەم پێشوازییە چرووکەی بۆ خۆی ساز کردبوو، کینە و نەفرەتێکی سەختی لە دڵیدا هەست پێکرد.

بە خۆی وت:

ــ تەنها گەوجەکان بە قسەی خەڵکی تووڕە ئەبن. بەرد ئەڕمێ چونکە قورسە. مەگەر من هەمیشە مناڵ ئەبم؟ ئەم خووەی من کە سووچێکی ڕۆحی خۆم بە پارە پێداون، بزانە خستوومیەتە چ ڕۆژێکەوە؟ ئەگەر بمەوێ لەلای ئەمانە و لەلای خۆیشم نرخ

و پایەیەکم هەبێ، ئەبێ بەمانەی بسەلمێنم کە هەژارییەکەی خۆم لەگەڵ سامانەکەی ئەوان ناگۆڕمەوە. ئەگینا دڵی من هەزار فرسەنگ لەو بێشەرمییەی ئەوان دوورە و ئەم دڵە لە شوێنێکی هێند بەرزدایە، کە نیگای سووک یان ئەو تۆزە سۆزەی ئەوان دەستی پێ ناگات.

لەو کاتەدا کە ئەم بیرانە بە مێشکی مامۆستای جەوان‌دا تێئەپەڕی، ڕواڵەتی ڕاڕای دارەتێکی بە خۆیەوە ئەگرت کە نیشانەی دفرەشکان و شەمزانی پێوە ئەبینرا. خاتوو دورێنال لە بینینی ئەم ڕوخسارە، پەرێشان بوو. ئەو ساردییە پاکیزەی دەستکردەی کە ئەیویست، لە ڕواڵەتی خۆی‌دا بەدی بهێنێ، گۆڕای بۆ ڕوخسارێکی تامەزرۆ. ئەو تامەزرۆییەی لە ئەنجامی گۆڕانی سەیر و کتوپڕی ژوولیەنەوە وزەی وەرئەگرت. ئەو ئاخافتنە بێهوودەیەی کە بە زۆری سەرلەبەیانان دەربارەی تەندروستی، دەربارەی جوانی ڕۆژ ئەوترا، بە جارێ لە سەر لێوەکانی هەردووکیان وشک هەڵاتبوو. ژوولیەن کە هیچ سۆزێک ناتوانێ کار بکاتە سەر توانای داوەرییکردنی، زۆر زوو هۆکارێکی دەسکەوت تا بە خاتوو دورێنال پیشان بدا کە تا چ ڕادەیەک بە پەیوەندی دۆستانەیان کەم بڕوایە. سەبارەت بە گەشتە کورتەکەی هیچی نەوت. سەرێکی وەک کڕنۆش دانەواند و کەوتە ڕێ.

لەو کاتەشدا کە مادام دورێنال ڕۆیشتنی ئەو دفرە تووڕەی خاوەنی ئەو نیگا دڵڕفێنەی دوێشەوی سەیر ئەکرد و خەریک بوو دڵی بتۆقێ، کوڕە گەورەکەی بە هەڵات هەڵات، لەو سەری باخەکەوە هات، باوەشی پیاکرد و وتی:

ــ ئەمڕۆ پشوومانە، مامۆستا ژوولیەن ئەچێ بۆ سەفەر.

بە بیستنی ئەم قسەیە، خاتوو دورێنال هەستی کرد سەرمایەکی کوشندە، تەزاندی. لە ئەنجامی پاکیزە بوونیدا ناشاد

ببوو و پەژارەیەکی زۆرتریش لە سەر لاوازییەکەی کەڵەکە ببوو.

ئەم ڕووداوە تازەیە بەسەر بیر و ئەندێشەیدا زاڵ بوو. بڕیاری هۆشمەندانەی بەرهەمی ئەو شەوە نەگریسە، وا پێئەچوو لەسەری زیادە. کێشەکە ئیتر خۆگرتن بۆ ئەویندارى دڵبەر نەبوو، کێشە، لەدەستدانی بوو بۆ هەمیشە.

پێداویستی بوون لە سەر مێزی نانخواردن بردی بۆ ئەوێ. بۆ ئەوەش زیاتر و زیاتر برینی بکولێننەوە، جەنابی دورێنال و خاتوو دورڤیل جگە لە ڕۆیشتنی ژوولیەن، باسی هیچی تریان نەکرد. شارەوانی ڤێریر لە شێوازی داواکردنی لێبڕاوی‌دا، جۆرێک هەڕەشەی بێشەرمانەی بەدی کردبوو:

ــئەم بەچکە جووتیارە، بێگومان پێشنیازی هەندێ کەسی لە گیرفاندایە. بەڵام ئەمەیان ئەگەر جەنابی ڤالێنۆ بێ، لە بەرامبەر مووچەی ساڵی شەشسەد فرانکدا تۆزێ سارد ئەبێتەوە. دوێنێ، لە ڤێریر داوای سێ ڕۆژ پشووی کرد بۆ بیرکردنەوە و ئەمڕۆ بەیانی، جووجکە جەناب، بۆ ئەوەی ناچار نەبێ وەڵامی من بداتەوە، دای بە شاخا. سەرەڕای ئەمەش ناچارین لەگەڵ کرێکارێکی ڕەبەن کە ڕووی خۆی هەڵماڵیوە، چەلەحانێ بکەین، بزانین چیمان بەسەر هاتووە!

خاتوو دورێنال بە خۆی وت:

ــکاتێک کە شووەکەم سەرەڕای تێنەگەیشتن لەو برینە قووڵەی لە دڵی ژوولیەنی داوە، پێی وابێ کە ژوولیەن واز ئەهێنێ، ئەی من ئەبێ چ بیرێک بکەمەوە؟ ئۆف، کار لە کار ترازا!

بۆ ئەوەی لانیکەم بتوانی بە ئازادی فرمێسکی دابارێنێ و ناچار نەبێ وەڵامی پرسیارەکانی دوتمام بداتەوە، خۆی دا لە سەرئێشەیەکی سامناک و چوو بۆ ژوورەکەی.

جەنابی دورێنال جارێکی تریش وتیەوە:

ــکاری ژن هەر ئەمەیە، ئەم مەکینە ئالۆزانە بەردەوام شوێنێکیان کار ناکات.

تەوس و بزە لە سەر لێوی دوور کەوتەوە.

کاتێک کە خاتوو دورێنال لە ناو چنگی ئازارە گورچووبڕەکانی ئەو ئەوینە ترسناکەی بە ڕێکەوت تووشی ببوو، ئەتلایەوە، ژوولیەن، شاد و دڵخۆش لە نێوان جوانترینی ئەو دیمەنانەی کوێستان بۆی هەبوو پێشکەشی بکات، بەڕێوە بوو. ئەبوایە لە زنجیرە چیای مەزنی باکووری ڤێرژی تێپەڕێ. باریکە ڕێیەک کە وردە وردە لە ناو جەنگەڵە چڕەکانەوە سەرئەکەوت و لە دامێنی کێوێکی بەرزدا، لای سەرەوە، دیواری دۆڵی چەمی دووی بەدی ئەهێنا، زۆر هێڵی پێچەڵەپلۆوچی دروست ئەکرد. کە گەیشتە سەر، نیگای گەشتیارەکەمان، لە سەروو ئەو گردە نیوە بەرزانەوە کە ڕێگە لە چەمی دوو ئەگرن، بەرەو باشوور بڕوات، پەڕییەوە و تا دەشتە بە ڕێژەنەکانی بورگونی و بوژەڵە بەردەوام بوو. هەرچەند گیانی ئەم جەوانە بەرزەفڕە لە بەرامبەر ئەم هەمووە جوانییەدا خوێنسار بوو، جارنەجار بە بێ ئەوەی پێ بزانی بۆ سەیرکردنی بەرجەوەنێک کە تا ئەو ڕادەیە بەربەرین و ڕند و جوان بوو، لە سووچێکا ئەوەستا.

سەرەنجام گەیشتە لووتکەی کێوەکە. ئەو لوتکەیەی کە ئەبوایە بە لایدا تێپەڕێ و لە لاڕێیەکەوە، بە دۆڵێکی پەرت و بێ ئاوایی بگات کە دۆستە گەنجەکەی، فۆکەی دارفرۆش لەوێ نیشتەجێ بوو. ژوولیەن، بۆ بینینی هیچ پەلەی نەبوو. نە بۆ بینینی ئەو پەلەی بوو و نە بۆ بینینی کەسی تر. شاراوە وەک مەلی ڕاوچی، لە نێوان ڕەوەزەکانی زەرد و ماهی تاجی سەری لوتکەی کوێستان، ئەیتوانی هەر کەسێکی بەرەو لای بێ، لە دووری دوورەوە ببینێ. لەپڕ، لە بناردا ئەشکەوتێکی بینی بە یەکێک لە تەختەسەنگەکانەوە. کەوتەوە ڕێ و زۆری نەبرد لەو سووچی تەنهاییەدا جێگیر بوو

و بەو چاوانەوە کە لە خۆشی و شادیدا ئەدرەوشایەوە، وتی: «لێرە، کەس ناتوانێ ئازارم بدات.» ئەمە بووە هۆی ئەوەی چێژ لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی ببینێ، ئەو شتەی کە لە هەموو شوێنێکی تر بۆی هەبوو، تووشی مەترسی بکات! بەردێکی تەخت و لووس بوو بە مێزی و پێنووسەکەی فڕی... لە دیمەنی دەوروبەری هیچی نەئەبینی. بۆیە بۆی دەرکەوت خۆر لە پشت کێوە دوورەکانی بۆژۆلێدا[٤٦] خەریکی داچوونە.

بە خۆی وت: «بۆ شەو لێرە ئەمێنمەوە! نانم هەیە و ئازادم!» دڵی بە نەوای وشەی مەزنی ئازادی کەوتە سەما. ڕیا و درۆی وای پێ ئەوت، تەنانەت لە ماڵی فۆکەش ئازاد نابێ! لە کاتێکا سەری پاڵدابوو بە هەر دوو دەستییەوە و بیر بردبوویەوە و چێژی ئازادی سەرخۆشی کردبوو، خۆشبەختتر لە هەموو کاتەکانی تەمەنی لە ئەشکەوتەکە مایەوە. بە بێ ئەوەی پێ بزانێ داچوون و خۆر ئاوا بوونی یەکە یەکەی تیشکەکانی ئێوارەی دی. گیانی لە ناو ئەم شەوەزەنگە بێسنوورەدا، سەرگەشتەی بینینی ئەو شتە بوو کە پێی وا بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پاریس ئەیدۆزێتەوە. دڵخوازی دڵی، بەر لە هەموو شت ژنێک بوو جوانتر لە هەموو ژنانی شارستانی و لە ڕووی تێگەیشتنەوە، زیرەکتر و بەرزتر. تا بڵێی حەزی لە دڵبەرەکەی بوو. ئەویش ئەمی خۆش ئەویست و ئەگەر لێی دائەبڕا، لەبەر ئەوە بوو ناوبانگێکی پتر بەدەست بهێنێ و شیاوی ئەوینی ئەو بێ.

جەوانێک کە لە نێوان ڕاستییە پەژاراوییەکانی پاریسدا گەورە بووبێ، با بڵێین ئەگەر توانای وێناگەری ژوولیەنیشی هەبێ، لەم قۆناغەی خەوەکەیدا، لە ئەنجامی گاڵتەیەکی ساروسڕدا لە خەو ڕائەبوو و بە خۆی پێئەکەنی. کاری مەزن و هیوای سەرکەوتن لەم

٤٦ ـ بۆژلێ: Beaujolais کوێستانێکە لە ڕۆژهەڵاتی فەڕانسە، نزیکی لیۆن.

کارانەدا لەبەین ئەچوو و جێگەی خۆی ئەدا بەو پەندە بەناوبانگەی کە ئەڵێ: «ئەو کەسەی گراوییەکەی بەجێ ئەهێڵێ، ئەبێ لەوە بترسێ ڕۆژی دوو سێ جار خیانەتی لێبکرێ!» ئەم گوندییە لە نێوان خۆی و مەزنترین کاری پاڵەوانی هیچ لەمپەرێکی نەئەبینی جگە لە دەرفەت.

بەڵام شەوێکی قووڵ و نووتەک جێگەی ڕۆژی گرتبوویەوە و بۆ دابەزین بۆ گوندەکەی فۆکە، هێشتا دوو فرسەنگی مابوو. بەر لەوەی لە ئەشکەوتە بچووکەکە بچێتە دەرەوە، ئاگرێکی کردەوە و هەموو ئەوەی نووسیبووی، جوان جوان سووتاندی.

کاتێک کە یەکی پاش نیوەشەو دای لە دەرگا، هەڤاڵەکەی سەرسام کرد. فۆکەی بینی خەریکی حسابەکانی بوو. گەنجێکی باڵابەرز و نە زۆر لەبار، قەڵافەتێکی ڕەق و دژوار بە لووتێکی زلەوە و لە بن ئەم ڕواڵەتە دژوێنەدا، پڕ بوو لە پاکە و پاکی.

ــ نەکا بووە بە قرەت لەگەڵ جەنابی دورێنال کە بەو جۆرە بێ هەواڵ پەیدات بووە؟

ژوولیەن، ڕووداوەکانی ڕۆژی پێشووی بۆ گێڕایەوە بەڵام بەو جۆرەی کە خۆی بە باشی ئەزانی.

فۆکە پێی وت:

ــ وەرە لای من بمێنەرەوە. وا پێئەچێ جەنابی دورێنال و جەنابی ڤالێنۆ و مۆژیرۆنی فەرماندار و قەشە شەلان، هەر هەموویان ئەناسی. هەروەها لە ناخ و ویست و حەزیان تێگەیشتووی. ئەتوانی بۆ خۆت بکەویتە ناو کاری مەزادەوە. تۆ لە من باشتر حەساب ئەزانی و لەمەودوا حسابەکانی منیش ئەنووسی. ئەم بازرگانییەی من سوودێکی باشی هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانم خۆم هەموو کارەکان ڕاپەڕێنم و ناشوێرم کەس بکەم بە هاوبەش نەکا قۆڵبڕ دربچێ، ناوێرم خۆم بهاوێژمە ناو مامەڵەی پڕ سوودەوە. هێشتا

مانگێک نابێ، بە خوتوخۆڕایی شەش هەزار فرانکم کردە گیرفانی «میشاو دو سەنت ئارمان» کە شەش ساڵ ئەبێ نەمدیوە و بە ڕێکەوت لە بازاڕی دارفرۆشانی «پونتارلیە» بینیم. بۆ نابێ ئەم شەش هەزارە یان هەر نەبێ سێ هەزاری خۆت بیخەیتە گیرفانت؟ ئەگەر ئەو ڕۆژە لەگەڵم بویتایە، لە مەزادی ئەم دارانەدا بەشدارییم ئەکرد و هەموو بەجێیان ئەهێشت بۆ من. وەرە ببە بە هاوبەشم!

ئەم پێشنیازە ژوولیەنی تووڕە کرد. ئەم جۆرە پێشنیازە ڕێگری بەرزەفڕییەکەی ئەم بوو. لە سەرەتای «شێو» سازکردنەوە تا کۆتاییەکەی کە وەکو پاڵەوانانی هومێر پێکەوە لێیان نا، لەبەر ئەوەی فۆکەش زگورتی بوو، فۆکە پەڕاوی هەژمارەکانی خۆی پیشانی ژوولیەن دا و هەوڵیدا بیسەلمێنێ کە بازرگانی دار و تەختە چ سوودێکی هەیە. فۆکە بڕوای دارماڵی بە هۆشمەندی و کەسایەتی ژوولیەن هەبوو.

کاتێک کە سەرەنجام، ژوولیەن خۆی لە ژوورە دارینەی سنەوبەردا بینیەوە، بە خۆی وت: «ڕاستە، ئەتوانم چەند هەزار فرانک بەدەست بهێنم و پاشی ئەوەش بە گوێرەی ئەو دابەی لەو کاتەدا هەیە، ببم بە سەرباز یان بە قەشە و بەهرە لە کارەکەم وەربگرم. ئەو کەمەی ئەتوانم پاشەکەوتی بکەم، کەموکورتی و تەگەرەکانی سەرڕێی پێ لائەدرێ. لەم کوێستانە، لەم گۆشەی تەنهاییەدا، ئەتوانم هەندێ لەم نەزانییەی ئێستەی خۆم کەم بکەمەوەوە کە بیر و ئەندێشەی هەموو خانەدانەکانی بە خۆییەوە خەریک کردووە. بەڵام فۆکە خۆی ژنی نەهێناوە و زۆر جار وتوویەتی کە زگوردی بوون بەدبەختی کردووە. کاتێکیش کەسێک ئەکا بە شەریک ک هیچ سەرمایەی نییە، دیارە بەتەمای شەریکایەتی کردنێکە کە ببێ بە یارمەتیدەری و لێی جیا نەبێتەوە.

ژوولیەن بە ڕقەوە هاواری کرد: «مەگەر من ئەتوانم هاوڕێکەم

فریو بدەم؟» ئەم مرۆڤەی کە درۆکردن و بێوەفایی ڕێباز و ڕەوشتی ژیانی بوو، ئەمجارەیان هیچ ناڕاستی و دەهۆیەکی بەرامبەر بە دۆستەکەی بە ڕەوا نەزانی!

ژوولیەن، لەوەی کە هۆیەکی بۆ ڕەتکردنەوەی پێشنیازی هاوڕێکەی دۆزییەوە شادمان بوو. «بە خوا جوانە! بێم و حەوت هەشت ساڵ ژیانی خۆم بەفیڕۆ بدەم، کەچی؟! ئەبم بە کابرایەکی بیست و حەوت هەشت ساڵە. بەڵام بۆناپارت لەم تەمەنەدا گەورەترین کاری ئەنجام دابوو. کاتێک کە کەوتمە دوای دارفرۆشی و پیاهەڵگوتنی چەند جامبازی چاوبەست و مەراییکەر و توانیم بە بۆرەپیاویی پارەیەک بنێم بەیەکەوە، کێ ئەڵێ کە من ئەوساش ئەو ئاگرە پیرۆزەی کە مرۆڤ ئەکا بە خاوەن ناو، لە سەرمدا ئەبێ؟!»

بەیانییەکەی، ژوولیەن بەوپەڕی ساردییەوە، بەم جۆرە وەڵامی فۆکەی میهرەبانی دایەوە، کە پێی وا بوو پێشنیازەکەی وەرگیراوە: «خولیای خزمەتکردنی لە پێشگای پیرۆزی خوداوەندی ڕێگەی پێنادا پێشنیازەکەی ئەو قبووڵ بکات!» فۆکە نەی ئەتوانی بڕوا بە گوێی خۆی بکات. بەردەوام پێی ئەوت:

ــ تۆ سەرنجی ئەوەت داوە کە من نابم بە شەریک لەگەڵ تۆ، بەڵکو ئەمەوێ ساڵی چوار هەزار فڕانک بخەمە گیرفانت! کەچی تۆ ئەتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ ماڵی جەنابی دورێنال، ئەو کەسەی کە وەکو قوڕی بن پێڵاوەکانی سەیرت ئەکا؟ ئەگەر دووسەد دراوی زێڕت هەبووایە چی ڕێگەی ئەوەی لێ ئەگرتی بچی بۆ زانکۆی دەیر. با ئەوەش بڵێم و بەڵێنت پێ ئەدەم لە باشترین کلیسای ئەم ناوچەیە داتمەزرێنم.

لێرەدا دەنگی خۆی دابەزاند و درێژەی دا:

ــ چونکە ئێزنگی جەنابی فلان و جەنابی فلان و جەنابی فیساریش هەر خۆم دابینی ئەکەم. داری بەڕووی هەرە باشیان

ئەدەمێ و ئەوان لە پارەی سپیندار زیاترم نادەنێ. بەڵام سەرمایەگوزاری لەمە بە سوودتر قەت نەکراوە!

هیچ شتێک نەیتوانی بەسەر بڕیارەکەی ژوولیەن‌دا زاڵ ببێ. فۆکە هەستی کرد ئەبێ شێت بووبێ. ڕۆژی سێیەم، ژوولیەن بۆ ئەوەی بتوانێ ڕووناکی ڕۆژ لە ناو تاشەبەردەکان‌دا بێ، بەیانی زوو لە هاوڕێکەی جیا بوویەوە. ئەشکەوتە بچووکەکەی خۆی دۆزییەوە، بەڵام مێشکی ئیتر ئارام نەبوو. پێشنیازی هەڤاڵەکەی ئەو ئارامیەی لێ سەندبوو. وەکو هێرکوولی لێهاتبوو کە ئەبوایە یەک لە دووان هەڵبژێرێ. بەڵام ئەمجار بابەتی هەڵبژاردنی پاکە و چەپەڵی نەبوو. بەڵکو یەکیان ژیانێکی هاکەزایی بوو کە بێگومان پارە و سامانێکی بەدواوە ئەبوو و ئەویتریان تێکڕای ئارەزوو و ئامانجەکانی گەنجێتی بوو.

بە خۆی ئەوت: «واتە من خاوەنی کەسایەتییەکی بڕیاردەر نیم.» ئەم گومان و دردۆنگییە لە هەموو شت زیاتر ئازاری ئەدا. «گەوهەری من ئەو گەوهەرە نییە کە پیاوانی گەورەی لێ بەدی دێ، هۆکەشی ئەوەیە هەر لە ئێستەوە لەوە ئەترسم نەکا هەشت ساڵ لە تەمەنی خۆم بۆ نان پەیداکردن تێپەڕێنم، ئەو وزە پیرۆزەم لەدەست دەربهێنێ کە مایەی ڕاپەڕاندنی کاری مەزنە!»

بەندی XIII

# گۆڕەوی تەنک

ڕۆمان: ئاوێنەیەکە بە درێژایی ڕێگایەکی دوور پێمانە.
(سەن ڕیاڵ)[٤٧]

کاتێک کە چاوی ژوولیەن بە لاواری داروخاو و جوانی دەیری کەنارای ڤێرژی کەوت، بۆی دەرکەوت لە پێڕێوە تەنها یەکجاریش بیری خاتوو دورێنال نەکەوتۆتەوە! «ئەو ڕۆژە کاتی ڕۆیشتن، ئەم ژنە خستیەوە بیرم کە جیاوازییەکی مەزن لە نێوان ئێمەدا هەیە. لەگەڵم وەک مناڵە کرێکارێک جووڵایەوە. بێگومان ویستبووی ژێوان بوونەوەی خۆی لەوەی کە شەوی پێشوو دەستی داوە بە دەستمەوە، بە من پیشان بدات. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش ئەو دەستانە چەندە جوانن! چ ئەفسوون و چ ڕەسەنایەتیەک لە نیگای ئەم ژنەدا هەیە!»

دەرەتانی دەوڵەمەندبوون بە یارمەتی فۆکە داوەریکردن و هەڵسەنگاندنی ژوولیەنی سادەتر کردبوو. هەژار بوون و نەداری لەبەر چاوی دارا و خانەدان، داوەرییەکانی نەئەخستە بن کاریگەری خۆیەوە. وەک کەسێک کە لە سەر لوتکەیەکی بەرز وەستابێ، بە ئاسانی داوەری ئەکرد و ئەتوانین بڵێین هەم بەسەر هەژارییەکەیدا و هەم بەسەر ئەو خوشگوزەرانییەی هێشتاش ناوی پارەی لە سەر دائەنێ، زاڵ ببوو.

جارێ نەگەیشتبوویە ئەوەی وەک پیتۆڵێک دۆخ و باری خۆی

---

[٤٧] Saint _ Real.

تاوتویّ بکات، بەڵام ئەوەندە ئاوەزی هەبوو کە بزانیّ لە پاش ئەو گەشتە کورتە، بووە بە مرۆڤێکی تر.

کاتێک کە لە سەر داوای خاتوو دورێنال کورتەی بەسەرهاتی ئەم گەشتەی بۆ گێڕایەوە، لەو هەڵچوون و شڵەژانە زۆرەی ئەو، سەری سووڕما.

فۆکە گەڵاڵەی ژنهێنانی بۆ خۆی داڕشتبوو و تووشی ئەوینێکی بەدفەرجام ببوو. گفتوگۆی دوو هەڤاڵ لەم بوارەدا پڕ بوو لە ڕازی ڕەواز. فۆکە کە زووتر لەوەی چاوەڕوان بوو، بە سامان و شادی گەیشتبوو، بۆی دەرکەوتبو تەنها خاوەنی دڵی دڵبەر نییە. هەموو ئەم بەسەرهاتانە ژوولیەنی سەرسام کردبوو. زۆر شت فێر بوو کە لە لای تازە بوو. ژیانی گۆشەگیر و پڕ لە ڤرۆشە و بەدگومانی، ئەوی لە هەموو ئەو شتانە دوور خستبوویەوە کە ڕەنگ بوو ببنە هۆی ڕوونکردنەوەی بیر و هۆشی.

لە نەبوونی ئەودا ژیانی خاتوو دورێنال زنجیرەیەک ئەشکەنجەی جۆراوجۆری گیانتەزێن بوو. خاتوو دورێنال بەڕاستی نەخۆش کەوتبوو. خاتوو دورڤیل بە بینینی ژوولیەن بە هەڤاڵەکەی خۆی وت:

ــ بەم نەخۆشینەوە ئەمشەو نابیّ بچی بۆ باخ، شێی هەوا زیاتر دات ئەهێزێنیّ.

خاتوو دورڤیل بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە ئەیبینی کە ئەم دۆستە ساکارەی دوێنێی، ئەو ژنەی لەبەر بەرگی سادە و ئارایش نەکردن، لە لایەن جەنابی دورێنالەوە سەرکۆنە ئەکرا، ئەمڕۆ گۆرەوی تەنک و پێڵاوی ناسک و لەباری پاریسی لەپێکردووە! لەم سیّ ڕۆژەدا، تەنها سەرگەرمی خاتوو دورێنال ئەمە بوو کە کراسێکی هاوینە لە قوماشێکی ناسک و دڵبەرانە کە زۆریش باو بوو، ببڕێت و ئیلیزا ناچار بکات بە پەلە بۆی بدووریّ. دوورینی

ئەم کراسە بەزۆر، تۆزێک پاش گەڕانەوەی ژوولیەنی خایاند. خاتوو دورێنال هەمان دەم لەبەری کرد. خاتوو دورڤیل بە خۆی وت: «ژنەی سەوداسەر شەیدا بووە!» ئەوسا بوو کە لە هەموو دیاردە سەیر و سەمەرەکانی نەخۆشینەی گەیشت.

هەڤاڵەکەی بینی سەرگەرمی گفتوگۆیە لەگەڵ ژوولیەن. لە ڕوخساریدا، پەژارە جێگەی خۆی دابوو بە گەشترین ڕەنگەکان. چاوەکانی کە زەق زەق ئەیڕوانییە چاوەکانی مامۆستای جەوان، هەڵچوونی پێوە دیار بوو. خاتوو دورێنال چاوەڕوان بوو ژوولیەن دەم هەڵێنێ و باسی ڕۆیشتن یان مانەوەی خۆی ڕابگەیەنێ. بەڵام ژوولیەن، کە هیچ لە ئەندێشەی ئەم شتانەدا نەبوو، نەی ئەویست لەم بارەیەوە هیچ بڵێت. کۆتاییەکەی خاتوو دورێنال پاش ململانێیەکی توندی دەروونی، جەربەزەی دا بەخۆی و بە دەنگێکی لەرزۆک کە هەموو هەژانی خۆشەویستی ئەوی تیابوو، بپرسێ:

ــ مەگەر ئەتەوێ خوێنەوارەکانت بەجێ بهێڵی و بچی لە شوێنێکی تر کار بکەی؟

ژوولیەن لە ئاهەنگی لەرزۆک و دڕدۆنگ و نیگای خاتوو دورێنال سەری سووڕما و بە خۆی وت: «ئەم ژنە گیرۆدەی ئەوینی من بووە. بەڵام کاتێک کە ئەم ساتە تێپەڕەی سستی و لاوازی کە بۆ دفرەی ئەو مایەی لۆمەکردن بوو، دووبارە مەنەری[٤٨] خۆی وەرئەگرێتەوە.» باری خۆی و دۆخی خاتوو دورێنالی بە خێرایی بەراورد کرد.

بە ڕامانەوە وەڵامی دایەوە:

ــ جیابوونەوە لەو منداڵانەی ئەوەندە خۆشەویست و پاکنەژادن زۆر مایەی داخ و کەسەرە، بەڵام ڕەنگە ناچار ببم ئەم کارە بکەم. مرۆڤ بەرامبەر بە خۆیشی هەندێ ڕاسپاردەی هەیە.

٤٨ ـ مەنەر: دفرە، فیز، دەعیە، لووت بەرزی.

ئەم وشەی پاکنەژاد یەکێک بوو لەو وشە ئاریستۆکرایانەی ژوولیەن خۆیشی تازە فێری ببوو و کاتی بێژەی ئەو وشەیە کینەیەکی تۆخی نەیاری ناخی ئەهەژاند.

بە خۆی وت: «من لە چاوی ئەم ژنەدا بە پاکنەژاد ناژمێردرێم.»

خاتوو دورێنال لە کاتی گوێگرتن لە قسەکانی ژوولیەن، بەهرە و جوانی ئەوی ستایش ئەکرد. دڵی لە ئەگەری ئەوەی کە ژوولیەن بەجێیان بهێڵێ، پارە پارە بوو. هەموو دۆست و ئاشنای کە لە نەبوونی ژوولیەندا، لە ڤێریرەوە هاتبوون بۆ نانی نیوەڕۆ، باسی ئەو هەڵکەوتووەیان ئەکرد کە شانازی «لە خاک دەرهێنانی» وەکو گەنجینەیەک بە مێردەکەی ئەو بڕاوە، پیرۆزباییان لێئەکرد و چ جایە کوتبوونە دەستپێشخەری و پێشبرکێ. هۆی ئەم کارانە ئەوە نەبوو کە تۆزقاڵێکیش لە هەواڵی پێشکەوتنی مناڵەکان بەوان گەیشتبێ، بەڵکو ئەو هونەرە مەزنەی ژوولیەن بوو کە سەرپاکی ئینجیلی ئەویش بە زمانی لاتین لەبەر بوو، ئەم کارە مەزنە بوو کە دانیشتوانی ڤێریری وا لێکردبوو پەسنی بکەن، ئەو پەسن و ستایشەی ڕەنگە سەدەیەکی بخایاندایە!

ژوولیەن کە لەگەڵ کەس نەئەدوا، لە هەموو ئەم ڕووداوانە بێ ئاگا بوو. ئەگەر خاتوو دورێنال تۆزقاڵێک خەمسارد بوایە و بە هۆی ئەو ناو و ناوبانگەوە کە ژوولیەن بەدستی هێنابوو، پیرۆزبایی لێبکردایە، دیارە ئەمەش ئەبوویە سارێژبوونی دفرەی برینداری ژوولیەن و ئارخایەنی ئەدایە و وای لێئەکرد لەگەڵی نەرم و نیان بێ. بە تایبەت کە ژوولیەن کراسە تازەکەی زۆر پێ جوان و لەبەردڵان بوو. خاتوو دورێنالیش کە هەم لە کراسە تازەکەی خۆی و هەم لە قسەکانی ژوولیەن شادمان بوو، داوای کردبوو لە ناو باخ پیاسەیەک بکەن. هەر زوویش وتی لەوە زیاتر ناتوانێ پیاسە بکات. قۆڵی گەشتیارەکەی گرتبوو، ئەم قۆڵە نەک

هەر وزەی نەئەهێنایەوە بەری، بەڵکو هەموو هێزەکانی تریشی لەبەر ئەبڕی.

شەو بوو. هێشتا بە تەواوەتی دانەنیشتبوون کە ژوولیەن بە کەڵک وەرگرتن لە مۆڵەتی پێشووی، بە ڕاشکاوی لێوی برد بۆ بازووی ژنەی شەنگ کە لە لایەوە دانیشتبوو، دەستی گرت بە دەستییەوە. بەڵام بیری لە خاتوو دورێنال نەئەکردەوە. لە بیری ئەو جەربەزە و بوێرییەدا بوو کە فۆکە لە بەرامبەر دەسگیرانەکانیدا ئەنجامی دابوو. وشەی پاکنەژاد هێشتاش وەک بارێک لە سەر دڵی بوو. خاتوو دورێنال دەستی گوشی. ئەمە نەبووە هۆی بزواندنی. ئەو شەوە نەک هەر وەڵامی ئەماژە ڕوون و ئاشکراکانی خاتوو دورێنالی نەئەدایەوە، تەنانەت ناز و خۆبادانی ژنەش کاری تێنەکرد. پاکی گیان و ئازاد بوون لە ڕق و کینە، مسۆگەر خولی گەنجێتی درێژتر ئەکات و ئەوەی لە ژنانی جواندا لە هەموو شت زووتر پیر ئەبێ، ڕوخسارە.

تێکڕای ئەو شەوە مرومۆن بوو. تا ئەو ڕۆژە، جگە بە ڕێکەوت و لە ناو خەڵکدا، لە هیچ تووڕە نەببوو. بەڵام لەو ساتەوە کە فۆکە شێوازێکی دزێوی بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی پێ پیشان دابوو، لە خۆی ناڕازی بوو. هەرچەند جارجارە چەند وشەیەکی لەگەڵ ئەم دوو ژنە ئەوت، سەرتاپا لە زەریای بیرەکانی خۆیدا مەلەی ئەکرد و لە هەمان دارەتدا بوو کە بە بێ ئەوەی پێ بزانێ، دەستی خاتوو دورێنالی بەردا. ئەم کردەوەیە گیانی ژنەی بێچارەی بەراوەژوو کرد. ژنەی ڕەبەن ئەم ڕووداوەی بە نیشانەیەکی چارەنووسی کڵۆڵی خۆی دانا.

ئەگەر لە ئەوینی ژوولیەن دڵنیا ببوایە، ڕەنگ بوو پارێز و داوێنپاکی ئەو بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر ژوولیەندا تۆزێ بەهێز ببوایە. بەڵام لەو هەل و دارەتەدا کە مەترسی لەدەستدانی ژوولیەن

بۆ هەمیشە، موچڕکەی بە هەموو لەشیدا ئەهێنا، تامەزرۆیی ئەوین ئەوەندە سەری لێ شێواندبوو، کە دەستی ژوولیەنی گرت کە لە گێژاوی پەرێشانی خۆیدا پاڵی دابوو بە پشتی کورسییەکەوە. ئەم کارە جەوانی بەرزەفڕی ڕاچەناند. حەزی ئەکرد هەموو ئەو خانەدانە لەخۆڕازییانەی سەر ئەو سفرەی، ئەم لە لای خوارەوەی دائەنیشت و بزەیەکی گەورانەیان بۆ ئەم ئەنارد، هەر هەموویان ئەم ڕووداویان ببینیایە.

ئەم ژنە ئیتر ناتوانێ سووکایەتیم پێبکات! بە خۆی وت: «کە وا بوو منیش ئەبێ کاردانەویەک لە بەرامبەر جوانییەکەیدا پیشان بدەم. ئەوە بە خۆم قەرزارم، کە ببم بە سۆتەی[٤٩] ئەم ژنە.» ئەم جۆرە بیرە پێش ئەوەی گوێی لە ڕازە بێ فێڵەکانی فۆکەی هاوڕێی بووبێ، هەرگیز نەئەهات بە میشکیدا.

ئەو بڕیارەی دەسبەجێ لەو کاتەدا دابووی، بووە هۆی ئارامییەکی دڵپەسەند. بە خۆی ئەوت: «من ئەبێ دەست بە یەکێک لەم دوو ژنە بگەیەنم.» هەستی کرد حەزلێکردنی خاتوو دورڤیل خۆشتر و شیرینتر ئەبێ. بەڵام نەک لەبەر ئەوەی خاتوو دورڤیل شۆختر بوو، بەڵکو بەو هۆیەوە کە خاتوو دورڤیل هەمیشە ئەوی وەکو مامۆستایەک بینیبوو کە لەبەر زانستەکەی جێگەی ڕێز بوو، نەک دارتاشێک کە وەکو ئەو ڕۆژە، ئەو ڕۆژەی لە بەردەم خاتوو دورێنالدا پەیدای بوو، ئێلەگێکی کولکەی بە بن باخەڵەوە بوو.

ڕاستەکەشی، ئەفسووناوی ترین وێنەیەک کە خاتوو دورێنال، لە بیریدا، لە ژوولیەنی هەبوو، وێنەی ئەو کرێکارە جەوانە بوو کە لە شەرمان تا سپێنەی چاوی سوور هەڵگەڕابوو، لەبەر دەرگا وەستابوو و نەی ئەوێرا پەنجە بنێ بە زەنگەکەدا.

ژوولیەن کە خەریکی هەڵسەنگاندنی دۆخی خۆی بوو، هەستی

---

٤٩ ـ سۆتە: فاسقی ژنی مێرددار.

کرد نابێ بۆ خاتوو دورڤیل بچێ. چونکە ئەم ژنە ئاگای لەوە هەبوو کە خاتوو دورێنال حەزی لەم کردووە. کاتێک کە بە ناچار سەرنجی خۆی بەرەو خاتوو دورێنال وەرگێڕا، بە خۆی وت: «من لە دەروون و ڕەوشی ئەم ژنە چی ئەزانم؟ تەنها شتێکە ئەیزانم ئەوەیە، کە پێش گەشتەکەم من دەستی ئەوم ئەگرت و ئەو دەستی ئەکشاندەوە و ئێستە من دەستم لا ئەدەم کەچی ئەو دەستم ئەگرێ و ئەیگووشێ. هەلێکی باشم دەسکەوتووە تا تۆڵەی هەموو ئە سووکایەتیانەی ئەم ژنە بە منی کردووە، لێی بکەمەوە و سزای بنێمە بەری دەستی. خوا ئەیزانێ هەتا ئێستە چەند سۆتەی هەبووە! ڕەنگە تەنها لەبەر ئەوە ڕووی لەگەڵ من خۆشە کە چاوپێکەوتنمان ئاسانە.»

جەخار: ئەمەیە زیانی ئەو ژیارەی کە تا ئەم ڕادەیە پێشکەوتووە! گەنجێکی بیست ساڵان، دڵی جەوانێک کە بەهرەیەکی لە خوێندن پێگەیشتووە، هەزار فرسەنگ دوورە لە ڕێسای «چی ئەبێ با ببێ»[٥٠]، ئەو ڕێسایەی کە ئەگەر نەبێ، بەزۆری ئەوین ئەبێ بە پەژاراوی ترین ئەرکەکان.

دفرەی نزمی ژوولیەن درێژەی بە بیرکردنەوە دا: «سەرکەوتنی من لە ئەوینی ئەم ژنەدایە، بۆیە پێویستە کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کە ئەبم بە خاوەنی سامان و، کەسێک ئەم پیشە سووکەی مامۆستایەتی کرد بە سۆنگە بۆ سەرکوتکردنم، بتوانم بڵێم ئەوین ئەو کارەی پێکردووم!»

ژوولیەن دیسانەوە دەستی خۆی لە دەستی خاتوو دورێنال دوورکردەوە، پاشان گرتی و گووشی. کاتی گەڕانەوە بۆ هۆڵەکە، نزیکەی نیوەشەو، خاتوو دورێنال بە ئەسپایی پێی وت:

ــ لێمان جیا ئەبیتەوە و ئەڕۆی؟

---

٥٠ ـ devil_may_care.

ژوولیەن، ئاهێکی لە دڵەوە هەڵکێشا و وتی:

ــناچارم بڕۆم. چونکە شەیدای سەرلێشێوای تۆ بووم و، مەگەر بۆ قەشەیەکی جەوان گوناهی لەمە گەورەتر هەیە؟!

خاتوو دورێنال پاڵی دا بە قۆڵیەوە و ئەوەندە لە ڕووی ڕادەستییەوە ئەم کارەی کرد، کە گۆنای بە گەرمای گۆنای ژوولیەن گەرم داهات.

ئەم شەوەی لەم دووانە ڕابرد، شەوێکی ئێجگار جیاواز بوو. خاتوو دورێنال لە ئەنجامی هەژانی بەرزترین هەوەس و خۆشی کە لە ناخەوە سەرچاوە ئەگرێ، ئەتلایەوە. کچێکی بەناز زوو خۆی ئەدا بە دەست ئەوینەوە، لەگەڵ غەم و شڵەژانی ڕادێ و کاتێک کە ئەگاتە خولی ئەوینی ڕاستەقینە، ئەو خرۆش و کێشەرە ئیتر نەماوە.

خاتوو دورێنال کە هەرگیز ڕۆمانی نەخوێندبوویەوە، هەموو سات و ناسکییەکانی شادییەکەی خۆی بە تازە ئەزانی. هیچ ڕاستییەکی غەمبار، تەنانەت عفریتی داهاتووش، نەی ئەتوانی خوێنی بمەیەنێ. خۆی تا دە ساڵی تریش بەو ئەندازەیەی کە ئێستە بەختەوەر بوو بە بەختەوەر زانی. تەنانەت بیری ئەو سوێندی پاکی و وەفادارییەی لە بەرامبەر شووەکەیدا خواردبووی و چەند ڕۆژ لەمەوبەر ئا بەو جۆرە هەناوی هەژاندبوو، بێهوودە بە مێشکیدا ڕابرد. ئەم سوێندەی هەر وەک میوانێکی ملۆزم و ناکات لە مێشکی کردە دەرەوە. خاتوو دورێنال بە خۆی وت: «هەرگیز هیچ بە ژوولیەن ناڵێم. ژیانی ئێمە لە داهاتوودا هەر بەو جۆرە ئەبێ کە لەم مانگەدا وا بوو. هەڤاڵی من ئەبێ.»

بەندی XIV

## دوێردی ئینگلیزی[٥١]

کچێکی شازە ساڵان ڕوومەتێکی پەمەیی هەبوو و،
سووراوی لێ ئەدا.
(پۆلیدۆری)

سەبارەت بە ژوولیەن ئەبێ بڵێین کە پێشنیازەکەی فۆکە، لە ڕاستیدا، هەموو شادییەکی لە دەستی ڕفاندبوو. نەی ئەتوانی لە هیچ بڕیارێکدا لێبڕاو بێ. «بە داخەوە! ڕەنگە هیچ ئەڤانێکم نەبێ! بێگومان ئەبووم بە یەکێک لە سەربازە خراپەکانی ناپۆلیۆن.» بە دوای ئەم قسانەشدا وتی: «هەر چۆنێک بێ، ئەم پەیوەندییەی لەگەڵ ژنەی خاوەن ماڵ پێکم هێناوە، تۆزێک بۆ من ئەبێ بە مایەی ئاسوودەیی ئەندێشە.»

لە بەختی ئەو، تەنانەت لەم ڕووداوە بچووکەشدا، دەروونی لەگەڵ زمانی درێژی یەک ناگرنەوە. بە هۆی کراسە جوانەکەی خاتوو دورێنال سڵی لێ ئەکردەوە. ئەم کراسە جلەوداری پاریس بوو. دفرەی نەیویست هیچ بدا بە دەست ڕێکەوت و سرووشی زەمانەوە. لە سەر بناغەی ڕاز و نهێنییەکانی فۆکە و هەندێ شت کە لە ئینجیل سەبارەت بە ئەڤین خوێندبوویەوە، گەڵاڵەی ململانێیەکی دوورودرێژی داڕشت. پاشان بە بێ ئەوەی بیگرێتە ئەستۆی، چون زۆر شڵەژابوو، ئەم پلانەی نووسییەوە.

بەیانی ئەو ڕۆژە، خاتوو دورێنال کاتێک کە لە هۆڵەکە ساتێک

---

٥١ـ دوێرد: مقەست، قەیچی، دواردی.

لەگەڵی تەنها بوو، وتی:

ــتۆ جگە لە ژوولیەن، هیچ ناوێکی ترت هەیە؟

قامانەکەی ئێمە نەیزانی چ وەڵامێک بەم پرسیارە پڕ لە مەراییە بداتەوە. ئەم لایەنە لە پلانەکەی ئەودا پێشبینی نەکرابوو. ئەگەر ئەو پلانە گەوجانەیە دانەنرایەت، هۆشی تیژی ژوولیەن، فریای ئەکەوت و ئەو سەرسووڕمانەی کە بەرەنجامی ئەم پرسیارە بوو، توانای تێگەیشتن و وەڵامدانەوەی ئەبردە سەرەوە.

خاو و بێدەست و پێ دەرچوو و لە بێدەست و پایی خۆیدا زێدەڕەویشی کرد. خاتوو دورێنال ئەم شڵەژانەی بە بەرەنجامی پاکییەکی بێگەرد زانی. با بڵێین ئەم کێماسییەی کابرا، سەرەڕای ئەو هەموو هەڵکەوتوویی و هۆشمەندییەی لێی ڕائەبینرێ، لە چاوی ژنەدا، دەروونپاکی ئەو بوو.

خاتوو دورڤیل هەندێجار پێی ئەوت:

ــمن بڕوام بەم مامۆستایەی تۆ نییە. لە ڕواڵەتییەوە وا تێئەگەم هەمیشە بیر ئەکاتەوە و هەموو کارێک بە ڕامیاری و دەهۆ ئەنجام ئەدا. مرۆڤێکی فێڵبازە.

ژوولیەن، لە ئەنجامی ئەو بێبەختیەدا کە نەیزانیبوو چ وەڵامێک بە پرسیارەکەی خاتوو دورێنال بداتەوە، زۆر تەریق بوویەوە.

«پیاوێکی وەک من لە سەریەتی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم شکستە، هەوڵبدات!» کاتێکیش لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر ئەچوون ماچکردنی خاتوو دورێنالی بە ئەرکی خۆی زانی.

هیچ شتێک لەم ماچە بێجێتر و شتێک لەم ماچە، بۆ هەردووکیان ناخۆشتر و لەم ماچە گەوجانەتر نەبوو. ئەوەندەی نەمابوو کاتی ئەم ماچە ببینرێن. خاتوو دورێنال بە شێتی زانی. شڵەژا و ترس دایگرت. ئەم کارە گەوجانەیە خستیەوە بیری جەنابی ڤالێنۆ.

بە خۆی وت: «ئەگەر تەنها بوایەم، چیم بەسەر ئەهات؟»

هەموو پاکیزەبوونی دیسانەوە سەری هەڵدایەوە، کاتێک کە تاریکی بەری ئەوینی گرت. کەشەکەی بەو جۆرە بینی، کە هەمیشە یەکێک لە مناڵەکانی لە نزیکییەوە بێ.

ڕۆژی ژوولیەن تاڵ بوو. تێکڕای ئەو ڕۆژە، بیری لەو گەوجێتیەی خۆی کردەوە کە سەبارەت بە گومڕاکردنی خاتوون کێشابووی. یەک جاریش نەیڕوانییە خاتوو دورێنال کە پرسیارێکی تیا نەورووژێنێ. سەرەڕای ئەمەش ژوولیەن ئەوەندە بێ ئاوەز نەبوو، باش ئەیزانی نەک هەر جێگەی پەسەند نییە، چ بگا بەوەی تامەزرۆی بن.

خاتوو دورێنال هێشتاش لە ئابلۆقەی ئەو سەرسووڕمانەی بینینی ئەو هەموو خاوییە و ئەو هەمووە جەربەزەیەدا، گرفتار بوو. کۆتاییەکەی بە شادمانییەکی بێوێنە، بە خۆی وت: «ئەمە شەرمی ئەوینە لە لای بیرمەند.» خەنیمێکی ئەوینی من، ڕەنگە هەرگیز ژوولیەنی خۆش نەوێ.

پاش نانی نیوەڕۆ، خاتوو دورێنال بۆ پەزێرایی کردنی جەنابی شارکۆ دو مەوژیرۆنی فەرمانداری «برەی»، گەڕایەوە بۆ هۆڵەکە. خاتوو دورێنال لە سەر پەردەیەکی قاپداری درێژۆکەی بچووک کاری ئەکرد. خاتوو دورڤیل لایەوە دانیشتبوو. لە دۆخێکی وەهادا و لەبەر ڕووناکی ڕۆژ، قارەمانەکەمان بە هەلی زانی و پێڵاوەکانی خۆی هێنایە پێشەوە و قاچی دلڕفێنی خاتوو دورێنالی گووشی کە گۆرەوی تەنک و پێڵاوە پاریسییە جوانەکەی سەرنجی فەرمانداری دڵتەڕی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

خاتوو دورێنال خەریک بوو فجووق بکات. دوێرد و گلۆڵەی خوری و دەرزییەکانی بەردایەوە بۆ سەر عەرزەکە تا وای دەربخات ئەم کردەوە گەوجانەیەی ژوولیەن بۆ گرتنەوەی شتەکان بووە. خۆشبەختانە دوێردە ناسکە پۆڵا ئینگلیزییەکە شکا و خاتوو دورێنال

بەردەوام بە داخی ئەوەوە بوو کە ژوولیەن نزیکتر دانیشتبوو:
ــتۆ بەر لە من کەوتنی دوێردەکەت بینی و ئەتتوانی نەهێڵی. کەچی لەبری ئەوەی دوێردەکە بگریتەوە بە لەقە کێشات بە قاچی مندا!

ئەم شتانە فەرمانداری فریو دا، بەڵام نەیتوانی خاتوو دورڤیل هەڵخڕێنێ. ژنە لە دڵی خۆیدا وتی: «ئەم جوانکیلەیە چەندە هەڵسوکەوتی جلْفانەی هەیە!» پایتەختی حاکم نشینی شارستانی لە هەڵەی لەم بابەتە خۆش نابێ. خاتوو دورێنال دەرفەتێکی گێر هێنا و بە ژوولیەنی وت:
ــفەرمانت پێ ئەدەم ئاگات لە هەڵسوکەوتت بێ!

ژوولیەن خۆی ئەبینی دەست و پێ سپیلکەیە، تووڕە ئەبوو. ماوەیەکی درێژ لەگەڵ خۆی ڕاوێژی کرد: ئەیویست بۆ خۆی ڕوون بکاتەوە سەبارەت بەم ڕستەی فەرمانت پێ ئەدەم قەڵس بێت یان نا؟ ئەوەندەش گەلحۆ بوو کە گەیشتە ئەم ئەنجامە: «ئەم فەرمانە ئەگەر پەیوەندی بە بارهێنانی منداڵەکانەوە بوایە، ئەیتوانی بە من بڵێ: «فەرمانت پێ ئەدەم» بەڵام ئەگەر لەمەڕ خۆشەویستی من بێ، ئەبێ پرنسیپی بەرابەری قبووڵ بکات. کاتێک کە بەرابەری نەبێ، ناتوانی خۆت بهاوێیتە باوەشی ئەوینەوە.» ئەم شیعرەی «کورنی» کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر خاتوو دورڤیل فێری کردبوو، لە ڕقا لەبەر خۆیەوە خوێندەوە:

... ئەوین،
خۆی بەرابەری بەدی ئەهێنێ، ناگەڕی بە دوای بەرابەریدا.

ژوولیەن کە هەموو تەمەنی سۆتەی نەدیبوو، پەڵپی گرتبوو لە دنیای ئەویندا خۆی بکات بە یەکی وەکو دون ژوەن! لە ئەنجامی ئەم قیرسیچمەییەدا بە درێژایی ڕۆژ دەستی دایە کاری گەوجانە. تەنها یەک بیری باش هات بە مێشکیا. لە دەست خۆی و لە

خاتوو دورێنالیش قەڵس بوو. بە ترس و لەرزەوە ئەیبینی ئەوا شەو خەریکە نزیک ئەبێتەوە. شەوێک کە ناچارە بچێ بۆ باخ و بە تاریکی لە لایەوە دابنیشێ. چ باشتر کە بە جەنابی دورێنالی وت حەز ئەکا بۆ بینینی قەشە، ئەیەوێ بچێ بۆ ڤێریر. پاش نانی نیوەڕۆش کەوتە ڕێ و تا شەو درەنگان نەهاتەوە.

لە ڤێریر، ژوولیەن جەنابی قەشەی بینی خەریکە ئەگوێزێتەوە. ئاخرەکەی قەشە لە کار دەرکرابوو و مالونی جێگری ئەچووە شوێنەکەی. ژوولیەن، یارمەتی قەشەی نیازپاکی دا و هاتبوو بە بیری‌دا بۆ فۆکە بنووسێت کە تامەزرۆیی لە ڕادەبەدەر بۆ پیشەی پیرۆزی قەشەیی، ڕێگەی پێنەداوە پێشنیازە پڕ لە سوز و سوودەکەی ئەو قبووڵ بکات. بەڵام ئێستا نموونەیەکی وەهای زوڵم و بێدادی ئەبینی کە باشتر وا بوو لە پێناوی ڕزگاری و بەختەوەری خۆیدا پێشەی پیرۆزی قەشەیی هەڵنەبژێرێ.

ژوولیەن لەم زیرەکییەی کە لابردنی قەشەی ڤێریری بە هەل زانیبوو و ئەو دەرگایەی لە خۆی دانەخستنوو، شادمان بوو. ئەگەر هات و ڕۆژێک لە ڕۆژان پارێزکردنی لە شێوازی ئەو بەسەر پاڵەوانی‌دا زاڵ بوو، ئەتوانێ لەم ڕێگەیەوە ڕوو بکاتە بازرگانی.

بەندی XV

# کەڵەشێرخوێن

ئەوین لە زمانی لاتین ئاهەنگی مەرگ بیر ئەخاتەوە و،
مەرگ لە ئەوینەوە دێ،
بەر لە مردن چزووی غەم لە دڵ ئەچەقێ و،
لە پاشانیش پرسە و گریان و
فێڵ و دەهۆ و تاوان و پەشیمانی!
(گۆرانی ئەوین)

ئەگەر ژوولیەن لەو بەهرەیەی کە لە خۆوە پێی وا بوو هەیەتی، تۆزێکیشی تیابوایە، بەیانی ئەو ڕۆژە لە ئەنجامی گەشتەکەی بۆ ڤێریر، شادمان ئەبوو. دوورکەوتنەوەی لە ڤێرژی، کردارە نابەجێکانی لە بیر بردبوویەوە. ئەو ڕۆژەش بە ئەندازەی پێویست مۆن بوو. دەمەوئێوارە بیرێکی قۆشمانە دای لە سەری و بە بێباکییەکی ناوازە لەگەڵ خاتوو دورێنال باسی کرد.

ئەوەندەی لە باخ دانیشتن، بە بێ ئەوەی ڕاوەستێ تا هەوا تاریک ئەبێ، کارێکی ئەنجام دا کە بۆی هەبوو بە ڕادەیەکی ترسناک ئەم ژنە بەدناو بکات، واتە دەمی برد بۆ گوێی خاتوو دورێنال و پێی وت:

ـخاتوون، ئەمشەو، دوو کاتژمێر پاش نیوەشەو دێم بۆ ژوورەکەتان. بابەتێک هەیە کە ئەبێ پێتانی بڵێم.

ژوولیەن، لەوەی داواکەی وەربگیرێت لەرزی لێهاتبوو. گوشاری ئەو ئەرکەی خستبوویە ئەستۆی خۆی و بە گوێرەی ئەوە

ئەبوایە ژنێک هەڵفریوێنێ، وەها قورسایی خستبوویە سەر دڵی کە ئەگەر توانای پەیڕەوی کردن لە ویستەکەی خۆی هەبووایە، بە بێ قسە چەندین ڕۆژ ئەخزایە هۆدەکەی خۆی و خۆی لەم ژنانە ئەشاردەوە. لەوە تێگەیشتبوو کە لە ئەنجامی تاکتیکە زیرەکانەکەی دوێنێی، هەموو دەرفەتەکانی ڕۆژی پێشووی بەفیڕۆ داوە و ڕاستییەکەی نەی ئەزانی بە کام لادا بای داتەوە.

خاتوو دورێنال بە تووڕەیی و نەفرەتێک کە هیچ درۆ و ڕیایەکی تیابێ، وەڵامی ئەم داواکارییە بێشەرمانەی ژوولیەنی دایەوە. ژوولیەن هەستی کرد ئەم وەڵامە کورتە بێڕێزییەکی تیایە. لە وەڵامە زۆر کورتەکەی‌دا هەرچەند زۆر بە ئەسپایی وتی، وشەی «دارِزێی» تیابوو لەگەڵ هەندێ شت بۆ مناڵەکان. ژوولیەن چوو بۆ ژوورەکەی و لە گەڕانەوەدا، لای خاتوو دورڤیل و زۆر دوور لە خاتوو دورێنال دانیشت. بەم جۆرە ڕێگەی لە خۆی گرت کە بتوانێ دەستی بگرێ. گفتوگۆ شێوازێکی هەتەری بە خۆوە گرت. ژوولیەن کە جگە لە چەند ساتێک بێدەنگی، کە مێشکی خۆی هەڵئەکڕاند بە باشی لە باسەکەدا بەشداری کرد. لە خۆی ئەپرسی: «بۆ ئەبێ نەتوانم پلانێکی باش دابڕێژم کە خاتوو دورێنال ناچار ببێ، سۆزی دووبارەی خۆیم بداتێ، لەو خۆشەویستییەی سێ ڕۆژ پێش کە ئەوم خستبوویە بن ڕکێفی خۆمەوە؟»

ژوولیەن لەو دۆخە نائومێدەی تێیکەوتبوو زۆر پەرێشان بوو. سەرەڕای ئەوەش هیچ شتێک نەی ئەتوانی بە ئەندازەی سەرکەوتن بیشەڵەژێنێ.

کاتێک کە نیوەشەو بڵاوەیان لێکرد، هەستی بەدبینی ئەو، ئەم ئەندێشەیەی لە مێشکی‌دا بەدیهێنا کە خاتوو دورڤیل بە چاوی سووک و نەفرەت سەیری ئەکا و لای خاتوو دورێنالیش دۆخێکی لەمە باشتری نییە.

ژوولیەن لە زۆری سەرشۆڕی بۆ ساتێکیش خەوی لێنەکەوت. بەڵام چاوپۆشیکردن لە نەخشە و پلان دانان و ژیانێکی ئاسایی بردنە سەر لەگەڵ خاتوو دورێنال و وەکو نەوهاڵێک چێژ لە خۆشی و شادمانی هەموو ڕۆژەی ژیان وەرگرتنیش، ئەو قۆناغە بوو کە ژوولیەن هەزار فرسەنگ لێی دوور بوو!

مێشکی خۆی بۆ داهێنانی گەلاڵەی زیرەکانە گوشی. پاش تۆزێک هەموو ئەم قسانەی بە بێهوودە زانی. کاتێک کە، کاتژمێری دیواری کۆشک زەنگی دووی سەر لە بەیانی لێدا، ژوولیەن بەڕاستی کلۆڵ و هەناسەسارد بوو.

ئەم زەنگە بە ئاگای هێنایەوە، هەر وەک ئەو قووقەی کەڵەشێرەی کە «سەن پیترزی» پاکیزەی هێنایەوە بە خۆیدا. بینی گەیشتۆتە دژوارترین چرکەساتی ڕوداوەکە. لەو ساتەوە کە ئەو پێشنیازەی کردبوو، ئیتر بیری ئەو پێشنیازە ڕووداوانەی خۆی نەکەوتبوویەوە، کە بە تووڕەیی وەڵامی درابوویەوە!

هەڵسا و بە خۆی وت:

ـــپێموت کاتژمێر دووی سەر لە بەیانی ئەچم بۆ لای. ڕەنگە من ئەزموونێکی وەهام نەبێ، وەک خووی گوندیانە تۆزێک ڕەق بم. خاتوو دورێنال ئەمەی تێگەیاندووم، بەڵام لانیکەم لاواز نیم.

ژوولیەن هەقی بوو لە بوێری خۆی ڕازی بێ. هەرگیز ئەرکێکی لەمە دژوارتری نەخستبوویە ئەستۆی خۆی. کاتێک کە ئەیویست دەرگای ژوورەکەی خۆی بکاتەوە، بە ڕادەیەک ئەلەرزی، کە ئەژنۆکانی نەیان ئەتوانی ڕایگرن. ناچار بوو بە دیوارەکە خۆی ڕابگرێ.

پێڵاوی لە پێدا نەبوو. چووە پشت دەرگای ژوورەکەی جەنابی دورێنال و گوێی هەڵخست. پرخەی ئەهات. لەم بابەتەوە غەمگین بوو. کە وا بوو ئیتر هیچ بیانوویەک نەبوو بۆ ئەوەی نەچێ بۆ

ژوورەکەی. بەڵام خوایە گیان! کە چووە ژوورەوە ئەبێ چی بکات؟ هیچ پلانێکی دانەنابوو و ئەگەر هەشی بوو، ئەوەندە شپرزە و شڵەژاو بوو کە توانای جێبەجێکردنی نەبوو.

سەرەنجام لە میانەی ئازار و دڵەڕاوکەیەکدا کە هەزار جار لە ئەشکەنجەی بەرەو مەرگ ڕۆیشتن سەختتر بوو، پێی نایە دالانێکەوە کە ئەچوو بۆ ژوورەکەی خاتوو دورێنال. بە دەستێکی لەرزۆک دەرگای کردەوە و لەگەڵ کردنەوە، دەنگێکی سامناکی بەدیهێنا.

ژوور ڕووناک بوو و چرایەکی خەو لە بن ئاگردانەکە ئەسووتا. چاوەڕوانی ئەم نەگبەتییە تازەیە نەبوو. خاتوو دورێنال بە بینینی ئەو بە خێرایی لە قەرەوێڵەکەی دابەزی و قیژاندی: «نەگبەت!» کەشی ژوورەکە تۆزێک شڵەژا. ژوولیەن پلانە ڕەمەکییەکانی لە بیر بردەوە و هێور بوویەوە. بە ڕای ئەو، گەورەترین بەدبەختی بوو کە ژنێکی ئاوەها دڵی نەچێتە سەری. وەڵامی لۆمەکانی ئەوی نەدایەوە. وەڵامەکەی ئەوە بوو کە خۆی خست بەسەر پێی‌دا و ئەژنۆی گرتە باوەش. کاتێکیش خاتوو دورێنال بە ڕقەوە قسەی کرد، دەستی کرد بە گریان و فرمێسکی هەڵڕژاند.

چەند کاتژمێر پاش ئەوە، کاتێک کە ژوولیەن لە ژوورەکەی خاتوو دورێنال هاتە دەرەوە، بە زمانی ڕۆمانس ئەبێ بوترێ کە ئیتر هیچ نەمابوو ئارەزووی بکات! لە ڕاستیدا، لە ڕێژەنی ئەو ئەوینەوە کە خۆی بەدیهێنەری بوو و لە ئەنجامی هەژانی ئەفسووناوی ئەو ژنە شەنگە لە ناخی‌دا چەکەرەی کردبوو، بە سەرکەوتنێکی پرشنگدار گەیشتبوو کە لە کەوشەنی ئەو نەشارەزایی و بێ ئەزموونییە پەڕاندییەوە.

بەڵام ئەو کە گیرۆدەی دفرەیەکی سەمەرە بوو، لە شیرینترین ساتەکانیش‌دا ئەیویست لاسایی ئەو کابرایە بکاتەوە کە شارەزای

ڕازەکانی ڕامکردنی ژن بوو. بە وردی، هەوڵێکی زۆری دا بۆ تیابردنی هەموو ئەو شتە باشانەی لە سروشتی‌دا هەبوو. لەبری سەرنجدان لەو شۆر و هەڵچوونەی بەدی ئەهێنا و، لە بری سەرنجدان لەو پەشیمان بوونەوەی کە گەرمای ئەم هەژانەی زیاتر ئەکرد، بیری ئەرک هەرگیز لەبەر چاوانی نەڕەوییەوە! ئەترسا نەکا بە هۆی لادان لەم نموونەیە کە ئەوپەڕی دڵخواز بوو، کە پلانەکەی پەیڕەویکردن لەو نموونەیە بوو، تووشی پەشیمانی و سووکایەتی هەمیشەیی ببێ. کورتییەکەی، نەیهێشت لەو بەختەوەرییەی پێی ڕەوا بینرابوو، سوود وەربگرێ. وەک ئەو کچە شانزە ساڵانەیە وا بوو کە ڕوخسارێکی زۆر جوانی هەبوو و کاتێک کە ئەچوو بۆ بەزمی سەما، تێر سوواروی ئەکرد.

خاتوو دورێنال کە لە هاتنی ژوولیەن ترسێکی مەرگبار دایگرتبوو، ئەوەندەی پێنەچوو تووشی گورچووبڕترین ئەشکەنجە بوو. گریان و نائومێدی ژوولیەن بە تەواوەتی ڕای ئەشەکاند.

تەنانەت، کاتێک کە ئیتر هیچ نەمابوو لێی درێخ بکات، دیسانەوەش بە ڕق و نەفرەتەوە کە هیچ ڕیایەکی تیا نەبوو، پاڵی بە ژوولیەنەوە ئەنا و پاشان خۆی هەڵئەدایەوە باوەشی. هیچ نەخشەیەک لە هەموو ئەم ڕەفتارەدا نەئەبینرا. پێی وا بوو وەها بەر نەفرینی خوداوەندی کەوتووە کە هیچ بەخشین و چاوپۆشییەک نایگرێتەوە. گەرمترین نەوازشی پێشکەش بە ژوولیەن کرد و هەوڵیدا لەم ڕێگەیەوە دیمەنی بەهەشت لەبەر چاوی دوور بکاتەوە. بە کورتی، قارەمانەکەی ئێمە، ئەگەر ڕێگەی چێژوەرگرتن لەم بەختەوەرییەی خۆی بناسیایە، هیچ کەموکوورییەک لە بەختەوەرییەکەی‌دا نەبوو. تەنانەت ئەیتوانی دڵی ئەو ژنەی کە بەدەستی هێنابوو، بە ئاگری سۆز و خۆشەویستی گەرم دابهێنێ. ڕۆیشتنی ژوولیەن، شۆر و هەژانی خاتوو دورێنالی دانەمرکاندەوە و ململانێی ئەوی لەگەڵ

پەشیمانییە جگەرسووتێنەکانی کۆتایی پێنەهێنا.

«خوایە گیان! کە وا بوو بەختەوەربوون و چێژ وەرگرتن لە ئەوینی ژنێک گەیشتن بە شتێکی لەمە زیاتر نەبووە؟» ئەمە بوو یەکەمین ئەندێشەی ژوولیەن کاتێک کە گەیشتەوە ژوورەکەی خۆی. تووشی سەرسووڕمان و دڵەخورپێیەک ببوو کە گیان، کاتێک کە بە ئارەزووی لەمێژینەی خۆی ئەگات، تووشی ئەبێ. خووی بە ئارەزووکردن گرتبوو. بەڵام ئیتر هیچی وای نەئەبینی کە ئارەزووی بکات. سەرەڕای ئەمەش هێشا بیرەوەری نەبوو. ژوولیەن وەک سەربازێک کە لە سان بینین گەڕاوەتەوە، بە وردی بە هەموو ڕەفتارەکانی خۆیدا چوویەوە. «ئایە لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆم بوو هیچ کێماسییەک لە من نەبینراوە؟ ئەرکی خۆم بە باشی ئەنجام داوە؟»

ئینجا کامە ئەرک؟ ئەرکی پیاوێک کە خووی بە دڵبەری کردن لە بەرامبەر ژندا گرتووە؟

بەندی XVI

# ڕۆژی دواتر

لێوی برد بۆ لێوی و، بە دەستی خۆی
هەڵقەکانی کەزیەی لاولاوی پەرێشانی هەڵدایەوە!
(دون ژوان ـ ١ـ. ٧)

لە بەختی سەرکەوتووی ژوولیەن، خاتوو دورێنال وەها شایی گەشکە ببوو و هێدمە گرتبووی کە نەی ئەتوانی پەی بە گەوجێتی پیاوێک ببات، کە دەستوبرد، جێگەی هەموو شتی ئەم دنیایەی لە بەرچاویا گرتبوو.

لەو کاتەدا کە بە هۆی کەوتنی کازیوەوە، داوای لێکرد بڕواتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، وەهای وت:

ـ ئۆف! خوایە گیان، ئەگەر مێرەدەکەم دەنگێکی بیستبێ، ئەبێ دەست لە خۆم داشۆرم.

ژوولیەن کە دەرفەتی دەستکەوتبوو ڕستەی بۆ بهۆنێتەوە، ئەم ڕستەی هاتەوە بیر:

ـ ئایە لە ژیانی خۆت پەشیمانی؟

ـ ئاخ! کە لەم کاتەدا بەڕاستی داخی بۆ ئەخۆم. بەڵام هیچ لەوە پەشیمان نیم کە تۆم ناسیوە.

مەنەری ژوولیەن وای لێ ئەویست بە ڕۆژی ڕۆشنا بگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، بەڵام بە وریاییەکی ژیرانەوە. ئەو وردبینییە بەردەوامەی لە هەڵسوکەوتی خۆی‌دا بەکاری ئەهێنا و هەمووشی لەبەر ئەوەی بە کارامە و پسپۆڕ بژمێردرێت، یەک بەرەنجام

زیاتری نەبوو: کاتێک کە لە سەر خوانی نیوەڕۆ خاتوو دورێنالی بینی؛ ئەوەندە بە ڕێز و پارێزەوە جووڵایەوە، کە بۆ خۆی شاهکارێک بوو.

بەڵام سەبارەت بە خاتوو دورێنال ئەبێ بوترێ هەر جارەی کە سەیری ئەوی ئەکرد، بە بێ ئەڤان تا بناگوێ سوور هەڵئەگەڕا و نەی ئەتوانی بۆ ساتێکیش بە بێ سەیرکردنی ڕوخساری ئەو بژی. نەی ئەتوانی شڵەژانەکەی بشارێتەوە و کاتێکیش هەوڵی ئەدا بۆ شاردنەوەی، ئەوەندەی تر پەرەی ئەسەند.

ژوولیەن تەنها یەک جار زیاتر سەیری نەکرد. خاتوو دورێنال، سەرەتا ئەو شەرم و پارێزەی ئەوی بە دڵ بوو. بەڵام کە بۆی دەرکەوت ئەو نیگایە، نیگای تری بە دواوە نییە، دڵی داخورپا و بە خۆی وت: «تۆ بڵێی ئیتر خۆشی نەوێم؟ داخی گرانم، من بۆ ئەو زۆر پیرم. دەساڵ لەو گەورەترم.»

لە ڕێگە، لە هۆڵەکەوە بەرەو ناوباخ، دەستی ژوولیەنی گووشی. ژوولیەن لە هێدمەی ئەم ئەوینە تایبەتە لە ناخیدا بەدیهێنابوو، بە نیگایەکی ئەویندارانەوە سەیری کرد. چونکە کاتی نانخواردن، خاتوو دورێنالی زۆر جوان هاتبوویە بەر چاو و سەری داخستبوو و لایەنەکانی ئەو جوانییەی لە لای خۆی تاوتوێ کردبوو. ئەم نیگایە دڵنەوایی بوو بۆ خاتوو دورێنال. سەرەڕای ئەوەش هەموو شڵەژانەکەی نەڕەواندەوە. بەڵام بەشێک لە پەرێشانییەکەی بە تەواوەتی نەهێشت. ئەو پەشیمانییەی کە کاتی بیرکردنەوە لە مێردەکەی هەستی پێ ئەکرد.

لە سەر نان، مێردەکەی هەستی بە هیچ نەکردبوو. بەڵام سەبارەت بە خاتوو دورڤیل وا نەبوو. ئەم ژنە لە زۆر شت گەیشتبوو، کە خاتوو دورێنالی لە ئاستانەی ڕووخان و خۆبەدەستەوەدان دایە. بە درێژایی ئەو ڕۆژە، ئەم دۆستە دڵسۆزە بە هێما و ئەماژە

لەگەڵی دوا و ئەو گێژەنەی خەریک بوو تێی ئەکەوت، بە ڕەنگی ترسناک پیشانی دا.

خاتوو دورێنال لە ئارەزووی ئەوەدا ئەسووتا کە لەگەڵ ژوولیەن تەنها بێ. ئەیویست لێی بپرسێ کە هێشتاش خۆشی ئەوێ یان نا؟ سەرەڕای ئەو ڕەوشتە بەسۆز و ناسکەی، چەند جار خەریک بوو بە خاتوو دورڤیل بڵێ کە بوونی ڕێگر و ملۆزمە.

ئەو شەوە، لە باخ، خاتوو دورێنال وای ڕێکخست لە نێوان ژوولیەن و خاتوو دورێنال دا دابنیشێ. خاتوو دورێنال کە وێنەیەکی دڵڕفێنی لە گوشینی دەستی ژوولیەن و بردنی بۆ لێوی، لە لای خۆی نەخشاندبوو، نەیتوانی تەنانەت یەک وشەش لەگەڵی بدوێ.

ئەم لەمپەرە حەز و ئارەزووی دوو ئەوەندە کرد. پەشیمانییەک گیانی ئەکرۆشت؛ شەوی پێش، لەوەی کە ژوولیەن بەو جۆرە ناپارێز خۆی کردبوو بەژوورەکەی ئەودا، ئەوەندە بە توندی سەرکۆنەی کردبوو، لەوە ترسابوو و لەرزی لێهاتبوو کە ئەمشەو ئەیەت بۆ لای. هێشتا زوو بوو کە باخی بەجێ هێشت و چوو بۆ ژوورەکەی و چاوەڕێی کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی ئوقرە و ئارامی نەبوو، بەرەو ژوورەکەی ژوولیەن ڕۆیشت و گوێی نا بە دەرگاکەوە. سەرەڕای ئەو گومان و ئەوینە ئاگراوییەی کە گیانی ئەخوارد، نەیوێرا بچێتە ژوورەوە. چونکە لە پەندەکانی شارستانە کە ئەم کارە بە پەستترین کردەوە ئەژمێردرێ.

هێشتا هەموو خزمەتکارەکان نەچووبوونە ناوجێ. شەرم و پارێز ناچاری کرد بگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. دوو کاتژمێری چاوەڕوانی وەک دوو سەدە تێپەڕیبوو.

بەڵام ژوولیەن سەبارەت بەو شتەی کە ناوی نابوو ئەرکی سەر شانی ئەوەندە بە ئەمەگ بوو، تەنانەت بە قەد سەرەدەرزییەکیش کۆتایی نەکرد و ئەو کارەی کە بە ئەرکی دانابوو، موو بە موو

جێبەجێی کرد.

کاتژمێرێک پاش نیوەشەو لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەرەوە. پاش ئەوەی دڵنیابوو کە خانەخوێ خەوتووە، خۆی کرد بە ژوورەکەی خاتوو دورێنال‌دا. ئەو شەوە لە لای دڵبەر بە چێژ و بەختەوەرییەکی مەزنتر گەیشت، چونکە کەمتر بیری ڕیا و ڕواڵەت و ئەرک کەوتەوە. چاوی بینا و گوێی کراوە بوو. ئەو قسانەی خاتوو دورێنال دەربارەی تەمەنی خۆی پێی وت، متمانە و ئەرخایەنی خزاندە بنی دڵییەوە.

خاتوو دورێنال، بە بێ مەبەست و بۆ ئەوەی ئەم بیرە ملۆزمە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، بەردەوام ئەیوت:

ــبە داخەوە من دە ساڵ لە تۆ گەورەترم، چۆن ئەتوانی منت خۆش بوێ؟!

ژوولیەن لە واتای ئەمە تێنەئەگەیشت. بەڵام بینی کە پەژارەی ژنە بەڕاستی تەنگی پێهەڵچنیوە. جا ترسەکەی فەرامۆش کرد، بۆ ئەوەی نەبێ بە گاڵتەجاڕ.

لەگەڵ ئەمەدا ئەو بۆچوونە گەوجانەیەی کە پێی وا بوو بە هۆی ئەوەی بنەماڵەکەی هەژارن، دڵبەرەکەی بە چاوی سووکەوە سەیری ئەکات، ون بوو. وردە وردە کە شۆر و تامەزرۆیی ژوولیەن، حەزی خۆشەویستی کەمڕووی دائەمرکاندەوە، دڵبەریش توانی تا ڕادەیەک شادمانی و بەهرە، هێزی داوەریکردنی دڵدارەکەی بە دەست بهێنێ. ئەو شێوازەی کە ژوولیەن شەوی پێشوو گرتبوویە بەر و ژوانی دوێشەوی کردبوو بە مەیدانی سەرکەوتن، نەک خۆشی و کامەرانی، خۆشبەختانە، ئەمشەو بە کاری نەهێنا. خاتوو دورێنال ئەگەر بە شێوەیەکی مسۆگەر هەستی بەو ڕواڵەتە ساختەیە بکردایە، ئەم ئاشکرابوونە غەمناکە تا هەتایە هەموو خۆشی و شادییەکی لە دەستی ئەڕفاند. خاتوو دورێنال ئەم دیاردەی بە

هیچ شتێکی تر لێک نەئەدایەوە جگە لە جیاوازی دڵتەزێنی تەمەن لە نیوانیان‌دا.

هەرچەند خاتوو دورێنال زۆر لە بناغە و بنەڕەتاکەنی ئەوینی نەکۆڵیبوویەوە، بەڵام ئەیزانی جیاوازی تەمەن لە پاش جیاوازی سامان، بە یەکێک لەو سەرچاوانە دائەنرێ کە لە شارستان، هەر کات کە باسی ئەوین ئەکرێ، ئەبێتە هۆی گاڵتەپێکردن.

ژوولیەن کە لەغاوی دڵی دابوو بە دەست گوڕی جەوانی خۆیەوە، لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا، شێتانە خۆی دا بە دەست ئەوینەوە.

بە خۆی ئەوت: «ئەبێ دان بەوەدا بنێم کە دڵی ئەم ژنە وەک فریشتەیەک پاکە و ژنێکی لەو جوانتر پەیدا نابێ.»

ژوولیەن، ئەو ئەرکەی بۆ خۆی دیاری کردبوو بە تەواوەتی لە بیری چوویەوە. تەنانەت لە یەکێک لە کاتەکانی ڕادەست بوون و فەرامۆشی، هەموو دڵەخورپە و هەڵچوونەکانی خۆی بۆ باس کرد. ئەم دانپیانانە، ئەو ئەوینە ئاگراوییەی کە خۆی بەدیهێنەری بوو، گەیاندە لوتکە. خاتوو دورێنال بە شادمانی بە خۆی ئەوت: «کە وا بوو من هیچ خەنیمێکی بەختەوەرم نەبوو!» وێرای سەبارەت بە وێنەی دڵدارەکەی ژوولیەن لێی بپرسێ. ژوولیەن سوێندی خوارد کە ئەو وێنەیە وێنەی پیاوێک بووە.

ئەو کاتانەی کە خاتوو دورێنال ئەوەندە ئاسوودە ئەبوو کە بتوانێ بیربکاتەوە، لەوەی کە ئەو بەختەوەرییە لە دنیادا هەیە و ئەم هەگیز پەی پێ نەبردووە، زۆر سەری سووڕ ئەما.

بە خۆی ئەوت:

ــئاخ! خۆزگە دە ساڵ بەر لەمە، ئەو ڕۆژانەی کە هێشتا بە جوان ئەژمێردرام ژوولیەنم بناسیایە.

بەڵام ژوولیەن زۆر لەم بیرانە دوور بوو. ئەوینی هێشتاش

بەرەنجامی بەرزەفڕی بوو. بەرەنجامی چێژی دەستەمۆکردنی ژنێک کە سەرەڕای ئەو هەمووە پاکی و جوانییە، کەوتۆتە دەست بوونەوەرێکی سووک و نەگبەت و بەدبەختی وەکو ئەو. پرسیارەکانی، هەڵچوونەکانی لە بەرامبەر سۆز و جوانی ئەفسوونگەرانەی دڵبەرەکەی، خاتوو دورێنالی سەبارەت بە دیاردەی جیاوازی تەمەن ئەرخایەن کرد. بەڵام ئەگەر خاتوو دورێنال لە پڕنسیپەکانی پەیوندی کۆمەڵایەتی و ئاوەز لە وڵاتی پێشکەوتووی بزانیایە، کە ماوەی ئەویندارى ژنێکی سی ساڵە چەند بەرگە ئەگرێ، بە بێ قسە لە بەردەوامبوونی ئەوینێک کە جگە لە سەرسووڕمان و کێشەری خۆپەرستانە، بە هیچی تر زیندوو نەبوو، لەرزی لێ ئەنیشت.

ژوولیەن، لەو کاتانەدا کە بەرزەفڕی لە بیر ئەچوویەوە، پەسنی هەموو شتێکی خاتوو دورێنالی ئەدا تا ئەگاتە کڵاو و کراسەکەی. لە چێژ و بۆنی ئەم شتانە تێر نەئەبوو. دۆڵابە ئاوێنەدارەکەی ئەکردەوە و چەندین کاتژمێر ئافەرینی لە ڕێکوپێکی و جوانی ئەو شتانە ئەکرد کە لەوێ دانرابوو. دڵدارەکەی سەری ئەنایە سەر شانی و لێی ئەڕوانی و ئەویش لەو قوماش و گەوهەرانەی ئەڕوانی کە شەوی پێش پەردە، لە زاواوە بە بووک ئەدرێ.

خاتوو دورێنال هەندێجار لە دڵی خۆیدا ئەیوت:

ــچەند خۆش ئەبوو ببومایە بە ژنی یەکێکی وەک ئەم کابرا! چ گیانێکی ئاگراوی، چ ژیانێکی پڕ لە خۆشیم ئەبوو لەگەڵی!

بەڵام ژوولیەن لە هەموو ژیانی خۆیدا تا ئەم ڕادەیە لە شمەکی ترسناکی جبەخانەی ژنان نزیک نەببوویەوە. بە خۆی ئەوت: «بڕوا ناکەم لە پاریس لەمە جوانتر هەبێ.» ئەوسا هیچ ڕەخنەیەکی لە بەختەوەری خۆی نەبوو. زۆرجار پیاهەڵگوتنی دۆستانە و سۆزئامێزی دڵبەر، ئەو بۆچوونە گاڵتەیەی سەرەتای پەیوەندییەکەیانی لە بیر ئەبردەوە کە ئەو هەمووە دەسکرد و

ئەو هەمووە گاڵتەئامێز بوو. کاتی وا ئەهاتە پێشەوە، سەرەڕای خووگرتنی بە فیڵ و درۆ، لە لای ئەم ژنە لێبوردە ئەویندارە، ددانی بەوەدا ئەنا کە گیرۆدەی چ داب و ڕێسایەک بووە. وەک بڵێی پایەی خۆشەویستەکەی لەوەی کە هەبوو باڵاتر بوو. خاتوو دورێنالیش لە ئاستی خۆیەوە شیرینترین چێژی وەرئەگرت لەوەی هەندێ شتی وردەکاری بەم گەنجە بەهرەدارە فێر ئەکا، کە پێی وا بوو شیاوی ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە هەموو پلەیەکی باڵا بگات. تەنانەت جەنابی فەرماندار و جەنابی ڤالێنۆیش بە دەست خۆیان نەبوو و پەسنی ئەم گەنجەیان ئەکرد؛ بەڵام خاتوو دورێنال پێی وا بوو ئەوانە پەسنی نەکەن باشترە! بەڵام خاتوو دورڤیل لەوانە نەبوو کە هەستی خۆی دەربڕێ. چونکە لەوەی کە ئەیبینی خەمۆکی دایگرتبوو و ئەیزانی ئامۆژگارییەکانی لە لای ئەو ژنەی کە ئەم پێی وا بوو بە جارێ شێت بوو، بە دزێو و دوژمنانە ئەژمێردرێ. بۆیە بە بێ ئەوەی هیچ بیانوویەک بدا بە دەستەوە، لە ڤێرژی ڕۆیشت و کەسیش نەیوت بۆ ئەڕۆی.

خاتوو دورێنال لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەدا، چەند دڵۆپ فرمێسکی ڕشت و هەر زوو تێگەیشت کە خۆشی و بەختەوەری دوو هێند زیاد بووە. لە دوای ئەو ڕۆیشتنە، بە درێژایی ڕۆژ لەگەڵ سۆتەکەی لە سووچێکی چۆڵدا پێکەوە ئەبوون.

ژوولیەن، بۆیە زۆر حەزی بە نزیکبوون لە دڵبەرەکەی ئەکرد، چونکە ئەگەر بۆ ماوەیەک لێی دوور بکەوتایەتەوە، پێشنیازە شوومەکەی فۆکە ئەهاتەوە بیری و ئەیهەژاند. لە یەکەم ڕۆژەکانی ئەم ژیانە تازەیە، زۆر ساتی جۆراوجۆر هاتە ئاراوە کە ژوولیەن، ئەو مرۆڤەی کە هەرگیز کەسی خۆش نەویستبوو، چێژێکی زۆری لە پاکی و ڕاستگۆیی ئەبرد، تا ئەو ڕادەیەی خەریک بوو لە لای خاتوو دورێنال باسی بەرزەفڕییەکەی خۆی بکات کە تا ئەو کاتە

گەوهەری ژیانی بوو. حەزی ئەکرد بتوانێ سەبارەت بەو خولیا سەیرەی پێشنیازەکەی فۆکە لە ناخی‌دا بەدیهێناوە ڕاوێژی لەگەڵ بکات. بەڵام ڕووداوێکی بێنرخ ڕێگەی هەموو جۆرە ڕاستگۆییەکی لێگرت.

بەندی XVII


# جێگری شارەوان

ئای، ئەم هەڵقوڵینی ئەوینە،
چەند لە شکۆی ڕۆژێکی هەرەڕەنگی بەهار ئەچێ،
ڕۆژێک کە لەمکاتەدا هەرەوشانەوەی خۆر
پیشان ئەدا و ساتێکی تر
هەورێک دێت وهیچ نامێنێ!
(دوو جوامێری ڤێرۆنایی)(٥٢)

ڕۆژێک، دەمەو ئێوارە، لە بنی باخی میوە، دوور لە چاوی غەوارە، لای خۆشەویستەکەیەوە دانیشتبوو و لە ئەندێشەی زیندەخەودا ڕۆیشتبوو. بە خۆی ئەوت: «ئەم ساتە شیرینانە بۆ هەمیشە بەردەوام ئەبن؟» ساخبوونەوە لە سەر هەڵبژاردنی پیشە هەموو گیانی داگرتبوو. ئەو کێشە گەورە و ناخۆشەی لێک ئەدایەوە کە کۆتایی بە قۆناغی منالّی ئەهێنێ و ئەگەر مرۆڤ پارەی نەبێ، ساڵەکانی جەوانی تێک ئەدات.

هاواری کرد: «ئاخ! بە ڕاستی ناپۆلیۆن نێردراوی خوا بوو بۆ یارمەتیدانی گەنجانی فەڕانسە! کێ جێگەی ئەگرێتەوە؟ ئەم ڕەبەنانە، تەنانەت ئەوانەی لە من دەوڵەمەندترن و چەند کرۆنێکیان هەیە تەنها خوێندنی پێ دابین ئەکرێ و، بەشی کڕینی هیچ ناکات بۆ مرۆڤێکی بیست ساڵان و ناتوانێ پیشەیەک بۆ خۆی پەیدا

٥٢- دوو جوامێری ڤێرۆنا: The Two Gentlemen of Verona شانۆنامە شانۆگەرییەکی گاڵتەئامێزە، نووسینی شکسپیر لە حەوت پەردەدا.






بکات!» ئەوسا ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

—چی ببێ و چی ڕوو بدات، ئەم بیرەوەرییە شوومە هەتا ماوین ناهێڵێ بە بەختەوەری شاد ببین.

لەپڕ بینی خاتوو دورێنال ناوچەوانی تێکناوە و دارەتێکی سارد و دڵڕەنجێنی بە خۆیەوە گرتووە. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە بە ڕای ئەو شیاوی خزمەتکاران بوو. خاتوو دورێنال کە خۆی بە خاوەنی سامانێکی زەبەند ئەزانی و پێی وا بوو ئەگەر شتێک بۆ ئەوە بشێ بەدەست بهێنرێ، بە مسۆگەری ژوولیەنیشی بە دەوڵەمەند ئەزانی. هەزار جار لە ژیان خۆشتری ئەویست و پارە لە لای هیچ نرخی نەبوو.

ژوولیەن زۆر دوور بوو لەوەی بزانێ خاتوو دورێنال چۆن بیر ئەکاتەوە. ئەم ناوچاو تاڵکردنە هێنایەوە سەر عەرز. وەها مێشکی ڕێکگوشی کە بتوانێ ڕستەکەی ساخ بکاتەوە و بەم ژنە خانەدانەی لە لایەوە لە سەر ڕاخەری چیمەن دانیشتبوو، بڵێت کە ئەمە ئەو قسانە بوو لە گەشتەکەی بۆ ماڵی هەڤاڵی دارفرۆش، بیستوویەتی. ئەمە سەلماندنی بێدینان بوو.

خاتوو دورێنال کە هێشتاش ئەو ساردییەی شوێنی گەرمترین سۆز و هەستی گرتبوویەوە، بە ڕوخسارێوە ئەبینرا، وتی:

—زۆر چاکە، لەمە بە دواوە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە هەڵسوکەوت مەکە!

ئەم ناوچاو گرژییە، یان باشترە بڵێین پەشیمانی لە پارێز نەکردن، یەکەم شکستی ئەو ساویرە[٥٣] بوو کە ژوولیەنی پەلکێش ئەکرد. بە خۆی وت: «ئەم ژنە مرۆڤێکی باش و دڵسۆزە، هەستی

---

٥٣ـ ساویر: illusion دوان و وڕینە لەگەڵ تەماری ئەندێشەیی. [ع] وهم، توهم [N] illusjon [د] توهم.

بەرامبەر بە من زۆر بەهێزە. بەڵام لە بەرەی دوژمن‌دا گەورە بووە. ئەمانە ڕاهاتوون لەو جوامێرە بە گەوهەرانە بترسن کە پاش خوێندنێکی شایستە، پارەیەکی وەهایان نییە کە پیشەیەکی باش بۆ خۆیان دابین بکەن. ئەگەر دەرفەتی ئەوەمان پێ بدرایە کە بە چەکی یەکسانەوە ململانێمان بکردایە، چ چارەنووسێکان ئەبوو؟ بۆ وێنە، خۆم ئەبووم بە سەرۆکی شارەوانی ڤێریر، شارەوانێکی دڵپاک، وەکو جەنابی دورێنال کە بەڕاستی پاکە! چەند بە باشی ڕێگەم لە کارە فێڵاوییەکانی جێگری قەشە و جەنابی ڤالێنۆ ئەگرت! دادگەری چەندە بە باشی لە ڤێریر سەرئەکەوت. بەهرەیان نەی ئەتوانی ببێ بە کۆسپی دەسەڵات. ئەوانە بە بێوچان خەریکی پەل کوتانن.

بناغەی بەختەوەری ژوولیەن ئەو ڕۆژە خەریک بوو بۆ هەمیشە دابمەزرێت. بەڵام قارەمانەکەمان لە جەربەزەی کەم بوو. جەربەزەی پێویست بوو بۆ جەنگ و ئەو جەنگەش ئەبوایە دەسبەجێ دەست پێ بکات. خاتوو دورێنال لە قسەکانی ژوولیەن سەری سوورمابوو. چونکە خەڵکی ڕیزەکانی خۆی ئەیانوت، گەڕانەوەی ڕۆبسپیر لە هەموو شت زیاتر پشت ئەستوورە بەو گەنجانەی چینی خوارەوە کە خوێندەوارییەکی باشیان هەیە. دۆخی ساردی خاتوو دورێنال ماوەیەکی درێژی خایاند و ژوولیەن وای هەست کرد ئەو دارەتە لە ڕوخساری‌دا نەخش بووە. هۆکەشی ئەوە بوو نەفرەت لە قسەکانی ژوولیەن، جێگەی خۆی دابوو بە ترس و خاتوو دورێنال لەوە ئەترسا نەکا بە ڕێکەوت شتێکی توندی پێ وتبێ. ئەم نەخشی بەدبەختییە، لەو کاتەدا کە لەوپەڕی شادمانی و دوور لە نیگای غەوارە ئەژیا، لە ڕوخساری بێگەردی‌دا ڕەنگی دایەوە.

ژوولیەن، لەوە زیاتر نەیوێرا خۆی بدا بە دەست زیندەخەوە دوورودرێژەکانییەوە. بەو پێیەش ئارامیی دەروونی پتر و خولیای

ئەوینی نەویێ ببوو. وای هەست کرد چوون بۆ ژووری خاتوو دورێنال ژیرانە نییە. باشترە خاتوو دورێنال بێت بۆ لای ئەو. ئەگەر خزمەتکارێک ئەوەی ببینیایە، هەزار بیانووی بۆ پاساوی ئەو کردەوەیە هەبوو.

بەڵام ئەم شێوازە زیانیشی هەبوو. ئەو پەرتووکانەی لە فۆکەوە بە ژوولیەن گەیشتبوو، خۆی وەکو خوێندکاری ئایینی، نەی ئەتوانی لە پەرتووکفرۆشی بکڕێ. مەگەر بە شەو ئەگینا ئەی ئەوێرا بیانکاتەوە. زۆر جار لەوە شادمان بوو کە ژوانێک ڕێگەی خوێندنەوەی لێنەگرتووە. کێشەی چاوەڕوانی، تەنانەت پێش قرە بچکۆلەکەی ناو باخی میوە، وای لێئەکرد نەتوانێ درێژە بە خوێندنەوە بدات.

ناوەڕۆکی ئەو پەرتووکەی بە دەستییەوە بوو، سەرتاپا بە تازە ئەزانی و بۆ تێگەیشتن لەو چەمکانەی خۆی بە قەرزاری خاتوو دورێنال ئەزانی. وێرابووی و سەبارەت بە زۆر شتی وردە و پردە پرسیاری لە خاتوو دورێنال کردبوو. ئەو بابەتانەی کە نەزانینیان، مێشکی جەوانێک ئەوەستێنێت کە لە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵگەی ئاریستۆکراتەکان گەورە بووبێ؛ هەرچەند ئەم جەوانە لەبەر چاوی خەڵکی، بە هەڵکەوتوو ناسرابێ.

ئەم وانەی ئەوینە کە لە لایەن ژنێکی زۆر نەزانەوە فێری کرا بۆ خۆی سەرکەوتنێک بوو. ژوولیەن دەرفەتی ئەوەی بەدەست هێنا کە گۆمەڵگەی ئەمڕۆ وەک خۆی و بە چاوی خۆی ببینێ. زانین دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵگەی ڕابوردوو، هی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستە، یان تەنها شەست ساڵ بەر لەمە، لە سەردەمی ڤۆلتێر یان لویی پانزەهەم، نەیتوانی مێشکی دابخات؛ پەردەیەک لەبەر چاوی لادرا و ژوولیەن لە میانەی شادمانییەکی لە ڕادەبەدەر، ئاخرەکەی لەو ڕووداوانە تێگەیشت کە لە ڤێریر ڕووئەدەن.

ئەوەی لە یەکەم قۆناغدا لای ئاشکرا بوو، ئەو پیلانە ئاڵۆزە بوو کە نزیکەی دوو ساڵ بوو لە دەوروبەری پارێزگاری بزانسۆن لە ئارادا بوو. پشتیوانی ئەم پیلانانە، ئەو نامانە بوون کە لە پاریسەوە ئەهاتن و لە لایەن ناسراوترین کەسانەوە ئەنووسران. بابەتەکە ئەمە بوو کە جەنابی دو موارۆ[٥٤] گەورەترین ئاینپەرستی ناوچەکە بکرێ بە جێگری یەکەم ــنەک دووەمــی شارەوانی ڤێریر.

خەنیمەکەی خاوەن کارگەیەکی زۆر دەوڵەمەند بوو کە ئەبوایە دەسبەجێ تەکی پێوەبنرێ بۆ جێگری دووەم.

ژوولیەن ئاخرەکەی لە واتای ئەو قسە پڕ لە هێما و ئەماژانەی لە کۆبوونەوەی ئاریستۆکراتەکانی ناوچەکە، بۆ نانی شێوان لە ماڵی جەنابی دورێنال بیستبووی، بە باشی تێئەگەیشت. ئەم کۆمەڵە هەڵبژاردەیە خەریکی هەڵبژاردنی جێگری یەکەمی شارەوانی شار بوون. ئەو شتەی کە خەڵکی شار و بە تایبەت ئازادیخوازان هەر ئاگاشیان لێ نەبوو. شتێک کە ئەبوویە هۆی گرنگی ئەم بابەتە، وەک هەموو خەلکی ئەیانزانی، ئەمە بوو کە شەقامی گەورەی ڤێریر ئەبوایە لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە نۆ پا بچێتە دواوە. چونکە ئەم شەقامە بووبوو بە شاڕێی پادشایی.

با بڵێین، جەنابی دو موارۆ کە سێ دەستە خانووی ئەبوایە بکشێتەوە، ئەگەر هەڵبژێردرایە، بە جێگری یەکەم، قسەی تیا نییە چاوی ئەنووقاند. ئەوسا بۆی هەبوو بە شێوەیەکی پێوار بکەونە نۆژەنکردنەوەی ئەو خانوانەی هاتبوونە بەرەوە. ئەم جۆرە خانوانەش ئەگەر نۆژەن بکرانایەوە بۆی هەبوو سەد ساڵی تریش خانوو بن و نەڕووخێن. جا سەرەڕای نوێژ و دینداریی مەزن و ڕاستگۆیی جەنابی دو موارۆ، دیسانەوەش خەڵکی لەوە دڵنیا بوون

٥٤ـ M. de Moirod.



که ئەم کابرایە پیاوی ساخت و پاخت ئەبێ، چونکە منالّی زۆرن. لەو خانوانەش کە ئەبوایە بچنە دواوە، نۆ دەستە خانوو هینی هەرە دەوڵەمەندەکانی شاری ڤێریر بوو.

لە ڕوانگەی ژوولیەنەوە، ئەم پیلانە لە مێژووی سواژی فونتێنوا[55] گرنگتر بوو، کە ناوەکەی بۆ یەکەم جار لە یەکێک لەو پەرتووکانەدا بینی کە فۆکە بۆی ناردبوو. لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا کە ژوولیەن بە شەو ئەچوو بۆ ماڵی قەشە، هەندێ شتی ئەبینی ئەبوویە جێگەی سەرسووڕمانی. بەڵام لەبەر ئەوەی خاکیبوون و سەرکزی و ڕازداری لە ئەدگارەکانی خوێندکارێکی ئاینییە، هەرگیز ڕێگەی بە خۆی نەدابوو پرسیار بکات.

ڕۆژێک خاتوو دورێنال ئەیویست نۆکەری مێردەکەی، کە دوژمنی ژوولیەن بوو، بنێرێ بە دوای کارێکدا. کابراش بە دەنگێکی سەیر وەلامی دایەوە:

ـ مەدام، ئەمڕۆ هەینی کۆتایی مانگە.

خاتوو دورێنالیش وتی:

ـ برۆ.

ژوولیەن وتی:

باشە، ئەم کابرایە ئەچێ بۆ ئەو هەماری تفاقە کە پێشتر

---

٥٥ـ سواژی فونتێنوا: Battle of Fontenoy جەنگی جێنشنی ئوستریا، سپای پەنجاهەزاری فەڕانسە، لە ١٧٤٥ بە بەشداری لویی پانزە و کوڕەکەی، سپای پەنجاودووهەزاری ئوستریای شکست دا. ⇦ سواژ: battle شەڕی جەستەیی و فیزیکی نێوان دوو یان چەند هێزی چەکدارە، جەنگ war بەڵام، ناکۆکی ستراتژیکی نێوان دوو یان چەند هێزی دیاریکراوە، وەک جەنگی نێوان وڵاتان. سواژ پێکادانی نێوان سپا و سەربازانە و جەنگ پێکادانی نێوان وڵاتان یان نەتەوەکانە N slag ع معركة د نبرد.

کلیسا بوو و ئەوا جارێکی تر دراوەتەوە بە بەڕێوەبەرێتی کلیسا. بەڵام ئەم لەوێ کاری چییە؟ ئەمە یەکێکە لەو ڕازانەی قەت تێی نەگەیشتم.

خاتوو دورێنال وەڵامی دایەوە:

ـئەمە ڕێکخراوێکی زۆر بەسوودە. بەڵام دامەزراوێکی زۆر سەمەرەیە. ژن لەم دامەزراوە وەرناگرن. ئەوەندەش کە ئاگام لێبێ، لەوێ بە یەکتر ئەڵێن «تۆ». بۆ وێنە ئەم نۆکەرە، جەنابی ڤالێنۆ ئەبینێ و سەرەڕای ئەوی کە تا ئەو ڕادەیە لەخۆڕازی و گەمژەیە، لە بیستنی وشەی تۆ لە زمانی «سەن ژان» نەک هەر ناڕەنجێ، بەڵکو بە هەمان زمانیش وەڵامی ئەداتەوە. ئەگەر ئەتەوێ سەبارەت بەم ڕێکخراوە زانیاری پەیدا بکەی، من ئەتوانم لە جەنابی دو مۆژیرۆن و جەنابی ڤالێنۆ زانیاری تەواوت بۆ وەربگرم. ئێمە بۆ هەر نۆکەرێک بیست فرانک ئەدەین، نەکا ڕۆژێک سەرمان ببڕن!

کات ئەفڕی. بیرەوەری پڕ لە جوانی و باسکی پڕ لە ئەفسوونی دڵبەر لە لای ژوولیەن، هەستی ڕەشی بەرزەفڕی لە بیری بردبوویەوە. لەبەر ئەوەی دنیای هەرکام لەم دووانە لەگەڵ دنیای ئەویتریان جیاواز بوو، هەستی کردبوو نەوتنی شتی غەمناک و ژیرانە لە لای خاتوو دورێنال، بەختەوەری ئەوی لە سایەی ئەم ژنەدا و ئەو دەسەڵاتەی ژنە بەسەر ئەمیدا هەبوو، زیاتر ئەکرد. ئەو کاتانەی منداڵانی وشت و وریا وای لێئەکردن کە جگە لە زمانی ساردی ئاوەز، هیچی تر نەڵێن، ژوولیەن لەوپەڕی ملکەچی بە چاوی پر لە تیشکی ئەوین لێی ئەڕوانی و گوێی لە قسەکانی دەربارەی بارودۆخی دنیا ڕائەگرت. زۆر جار لە کاتی گێڕانەوەی فێڵێکی زیرەکانە کە لە پرۆژەی ڕێگایەک یان، لە گرێبەستێکی بەڵێندەرایەتی سەیردا ڕووی دابوو، مێشکی خودی خاتوو دورێنال

بە تەواوەتی شپرزە ئەبوو. ژوولیەن تەمێکردنی ئەوەی بە پێویست ئەزانی و ئەویش وای لەگەڵ ئەجولاْیەوە کە لەگەڵ منالْەکانی. هۆکەشی ئەوە بوو لەم ڕۆژانەدا تووشی ئەو ساویرە ببوو کە بە ئەندازەی منالْێکی خۆی خۆشی ئەویێ. ئەوە نەبوو وەلاْمی پرسیارە ساویلکەکانی سەبارەت بە هەموو شتێکی ساکار، وەکو منالْێکی پانزە سالاْنی پاکنەژاد، ئەدایەوە و ساتێک پاش ئەوەش وەک ئوستادێک پەسنی ئەکرد؟ زیرەکی بەهرەمەندی ژوولیەن تۆقاندی. هەستی ئەکرد لە گیانی ئەم قەشە جەوانەدا، هەموو ڕۆژێک ئاشکراتر نیشانەکانی پیاوێکی مەزنی داهاتوو ئەبینێ. بەڵێ... ئەیبینی بووە بە پاپ. ئەیبینی وەکو ڕیشیلیۆ بووە بە سەرەک وەزیران.

بە ژوولیەنی وت:

ــئەوەندە زیندوو ئەمێنم تا ناوبانگ و سەرکەوتنت ئەبینم! شوێن بۆ پیاوێکی مەزن ئامادەیە؛ پاشایەتی و دین، پێویستیان پێیەتی!

بەندی XVIII

# شا لە ڤێریر

ئایە ئەبێ وەکو باپیری ڕەبەنتان
کە ئیتر خوێن لە دەمارەکانیدا نەماوە
فریێتان بدەنە سووچێکەوە؟
ئایە بەکاری هیچی تر نایەن؟
(لە وتاری کاردینالْ لە دەیری سەن کلمان)

ڕۆژی سێی سپتامبر، کاتژمێر دەی بەیانی، جەندەرمەیەک کە بە غار بە شەقامی گەورەی شاردا تێئەپەڕی، هەموو خەڵکی ڤێریری لە خەو هەڵسان. ئەو هەڵگری ئەم پەیامە بوو کە خاوەن شکۆ پادشا ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو تەشریف ئەهێنن بۆ ئەم شارە و ئەو ڕۆژە ڕۆژی سێشەممە بوو. پارێزگار فەرمانی دا تیپێک وەکو تیپی ڕێزلێنان دابمەزرێ. پێویست بوو کەرەسەی هەموو جۆرە پەزێراییەک ئامادە بکرێ. تەتەرێک نێردرا بۆ ڤێرژی. جەنابی دورێنال بە شەو گەیشتەوە ڤێریر و بینی شار شەڵەقاوە. هەر کەس کارێکی بە باش ئەزانی و ئەوانەی کاریان کەمتر بوو، خەریک بوون بانیجەیان ئەڕازاندەوە بۆ بینینی هاتنی شا.

فەرماندەی تیپی ڕێزلێنان کێ بێ باشە؟ جەنابی دورێنال هەر ئەو کاتە زانی کە دانانی جەنابی دو موارۆ بە فەرماندەی تیپ چەند بە قازانجی ئەو خانوانە ئەبێ کە بە ناچار ئەبێ ببرێنە دواوە. بۆی هەبوو ئەمە ببێ بە سەرەتایەک کە بکرێ بە جێگری یەکەم. سەبارەت بە پاکی و دینداریەکەشی هیچ گومانی تیا

نەبوو. ئەم خاڵە لە هەموو بەراوردێک گرنگتر بوو، بەڵام هەرگیز سواری ئەسپ نەببوو. سی و شەش ساڵان بوو و شەرمن، هەم لە کەوتنەخوارەوە ئەترسا و هەم لە گاڵتە و قەشمەری[٥٦] خەڵک.

شارەوان، کاتژمێر پێنجی بەیانی، بانگی کرد بۆ لای خۆی:

ــ جەناب، وەکو ڕاوێژ، بۆچوونی خۆتم پێ بێژە! هەر ئێستە لە پلەیەکدان کە بوونتان لەو پلەیەدا مایەی شادمانی هەموو مرۆڤێکی بیرپاکە. لەم شارە بەخت خوارەدا، کارگەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشە ئەکەن. پارتی ئازادیخواز خەریکە ئەبێ بە ملیۆنێر و ئارەزووی بە دەسەڵات گەیشتنی لە سەردایە و ئەتوانێ لە هەموو شتێک وەکو چەک کەڵک وەربگرێ. وەرە با بەر لە هەموو شتێک، بەرژەوەندی شا، بەرژەوەندی پاشایەتی و پێش هەموو شت، بەرژەوەندی ئاینە پیرۆزەکەمان لەبەرچاو بگرین! بە ڕای جەنابت، کێ بکەین بە فەرماندەی تیپی ڕێزلێنان؟

سەرەڕای ئەو ترسە مەزنەی لە سواری هەیبوو، جەنابی دو موارۆ ئەو ئەرکە پیرۆزەی وەکو «شەهید»ێک قبووڵ کرد. بە شارەوانی وت: «ئەتوانم ئەرکی خۆم ڕاپەڕێنم و ببمە هۆی سەربڵندی.» ئێستا جارێ دەرفەتی ئەوە نەبوو کە ئەو یونیفۆرمانەی حەوت ساڵ لەمەوبەر، کاتی هاتنی شازادەیەک بۆ ڤێریر بەکاریان هێنابوو، ڕێکوپێکی بکەن.

کاتژمێر حەوتی بەیانی، خاتوو دورێنال لەگەڵ ژوولیەن و منداڵەکان لە ڤێرژیەوە هاتن بۆ ڤێریر. هۆڵەکەیان پڕ بوو لە ژنانی ئازادیخواز کە داوایان لە خاتوو دورێنال ئەوە بوو لە تیپی ڕێزلێنان شوێنێک بدات بە مێردەکانیان. یەکیان ئەیوت ئەگەر جەنابی شارەوان کارێک بە مێردەکەم نەدات لە خەفەتا تێک

---

٥٦ ـ قۆشمە: humorist نازناو ئاوەڵناو مرۆی زیرەک و قسەخۆش و حەنەکباز ع الفكاهي N humorist د بذلەگو ⇦ قەشمەر: ridiculous ناونیشکە ناوی فەرمان ڕاگەش، مرۆی ڕوودار و نەسەلار و گاڵتەجاڕ ع سخیف N latterlig د مسخره.

ئەشکێ! خاتوو دورێنال هەموویانی بەڕێکرد. وا پێئەچوو زۆر گرفتار و سەرقاڵە.

ژوولیەن، لەوەی کە خاتوو دورێنال باسی ئەو هەڵچوون و پەژارە دەروونیەی خۆی بۆ ئەو ناکات، سەری سووڕما و، نەک هەر سەرسووڕمان، بەڵکو تەواو گۆڕا. بە تاڵی بە خۆی وت: «من ئەمەم لە پێشەوە ئەزانی. لە خۆشی میوانداری شا ئەوینی لە بیر چووەتەوە و ئەم هەراوهوریایە چاوەکانی بە شەوارە خستووە. جا جارێکی تر، کاتێک ئەکەوێتەوە بیری خۆشویستنی من، کە مێشکی بە ئەندێشەکانی چینەکەی خۆی ئاڵۆز نەبێ.

سەیر لەوەدا بوو هەر ئەم ڕووداوە خۆشەویستی ژوولیەنی زۆر زیاتر کرد.

وردە وردە هورووژمی پەردەفرۆشان ماڵەکەی پڕ کردبوو. ژوولیەن ماوەیەک چاوەڕێی کرد بەڵکو لە دەرفەتێکدا قسەی لەگەڵ بکات. ئاخرەکەی خاتوو دورێنالی بینی لە ژوورەکەی ئەو هاتە دەرەوە و یەکێک لە جلەکانی ئەوی لەگەڵ خۆی ئەبرد. جگە لەو دووانە کەسی تری لێنەبوو. ویستی شتێک بڵێ. خاتوو دورێنال هەڵات و گوێی لە قسەکانی ڕانەگرت. «من زۆر گەوجم کە ئەم ژنەم خۆش ئەوێ. بەرزەفڕی، ئەم ژنەشی وەکو مێردەکەی شێت کردووە!»

بە ڕای ژوولیەن، خاتوو دورێنال زیاد لە پێویست دێوانە بوو. یەکێک لە ئارەزووەکانی کە هەرگیز لەگەڵ خودی ژوولیەن باسی نەکرد، ئەوە بوو کە ــ لانیکەم بۆ ڕۆژێکیش بووە ــ ژوولیەن لەو بەرگە ڕەشە خەمبارەیدا نەبینێ. بە لێوەشاوەییەک کە بۆ ژنێکی سادەی وەکو ئەو بەڕاستی کارێکی جێگەی ستایش بوو، سەرەتا لە جەنابی دو موارۆ و پاشان لە جەنابی دو مۆژیرۆنی هەڵپێچا کە ژوولیەن لە تیپی ڕێزلێنان دابمەزرێ. هەروەها لە ڕیزی ئەو پێنج

شەش جەوانەدا دابنرێ کە هەرکامە و کوڕی کارگەدارێک بوون کە، هەر نەبێ دووانیان بۆ دینداری پەنجەنمای شار بوون. جەنابی ڤالێنۆ کە ئەیویست فایتونەکەی بدا بە شۆخترین ژنانی شار و کارێک بکات خەڵکی پەسنی ئەسپە نورماندییەکانی بکەن، ڕازی بوو بەوەی یەکێک لە ئەسپەکانی بدا بە ژوولیەن، ئەو بوونەوەرەی کە لە هەموو کەس زیاتر دوژمنایەتی ئەکرد! هەر ئەندامێکی تیپی ڕێزلێنان یونیفۆرمێکی جوانی ڕەنگ ئاسمانی لەلا بوو کە سەرشانی زیوینی سەرهەنگی هەبوو و حەوت ساڵ لەمەوبەر هاتبوویە بەر ماڵەکەی. با بڵێین یونیفۆرمی هەرکەس یان هی خۆی بوو یان لەو هەلومەرجەدا بە قەرز وەریگرتبوو. خاتوو دورێنال، جلی تازەی ئەویست و لە چوار ڕۆژ زیاتر دەرفەتی نەبوو کە یەکێک بنێرێ بۆ بزانسۆن و یونیفۆرم و چەک و پێداویستیەکانی سەربازی تیپی ڕێزلێنان، لە شار بهێنێ. سەیریش ئەوە بوو کە دابینکردنی جلوبەرگی ژوولیەنی لە ڤێریر بە ناپارێزی ئەزانی! ئەیویست ئەویش و هەموو خەڵکی شاریش لەپڕ تووشی هێدمە ببن.

کاتێک کە ڕێکخستنی تیپی ڕێزلێنان و هەستی نیشتمانی کۆتایی هات، جەنابی شارەوان ئەبوایە ئاهەنگێکی ئاینی مەزن بەڕێوە ببات. چونکە شا حەزی ئەکرد پێش ئەوەی بێتە ناو شار، خزنی پاکی سەن کلمانی پیرۆز، زیارەت بکات لە برەی‌ــ‌لەــ‌هوت کە فرسەنگێک لە شار دوور بوو. بۆ ئەم کارە پێویستیان بە قەشەیەکی زۆر هەبوو، ئەمەش دژواترین بەشی کارەکە بوو. جەنابی مالۆن، قەشەی تازەی شار، ئەیویست هەرچوونێک بوو نەهێڵێ قەشە شەلان لەم بەرنامەیەدا بەشداری بکات. جەنابی دورێنال لە خۆڕا پێی ئەوت ئەم کارە باش نییە. جەنابی لۆمارکیز دولامۆل کە باپیرانی ماوەیەکی دوورودرێژ لە هەرێمەکان حوکمیان کردبوو، ناودێر کرابوو لە ڕکێفی خزمەتی شاهانەدا بێت. ئەم کابرا سی

دانە ساڵ بوو قەشە شەلانی ئەناسی و ئەوەندەی بگەیشتایەنە ڤێریر، ئەکەوتە پرس و جۆی. ئەگەریش بۆی دەربکەوتایە کە ترۆکراوە، پیاوێک بوو بە دوای قەشە شەلان‌دا ئەچوو بۆ خانووە دەروێشیەکەی و هەموو ئەوانەش لە بن فەرمانی‌دا بوون، لەگەڵ خۆی ئەبرد بۆ ئەو شوێنە. ئەی لەو ئابڕووچوونە!

قەشە مالۆن وەڵامی دایەوە:

ـئەگەر ئەم کابرایە لەناو قەشەکان‌دا ببینرێ، ئابڕووی من لێرەش و لە بزانسۆنیش ئەچێ. خوایە بە قوربانت بم، ژانسنیستێک[٥٧] و لە تەنیشت منەوە؟!

جەنابی دورێنال لە وەڵام‌دا وتی:

ـقەشەی بەڕێز، چەندە لە سەری بڕۆیت، من لەبەر تۆ شارەوانی ڤێریر ناخەمە بەر لۆمەی جەنابی دولامۆل. تۆ نایناسی. ڕەنگە لە دەربار ئاژاوەگێڕ نەبێ، بەڵام لێرە، لە هەرێم، قەشمەر و ساوازەیە و بەس ئەزانێ ملی خەڵک بشکێنێ و ئەم کارەشی لە دەست دێ کە ئەگەر بۆ ڕابواردنیش بووە، لەبەرچاوی ئازادیخوازان بمانداتە بەر تەوس و توانج.

قەشە مالۆن، پاش سێ ڕۆژ مشتومڕ و تا ئەو شەوەی کە بەیانییەکەی یەکشەممە بوو، لە بەرامبەر ترسەکەی جەنابی شارەوان کە ببوو بە جەربەزە، سەری دانەنەواند. بە ناچار داواکارییەکی پڕ لە نەوازش نێردرا بۆ خزمەتی جەنابی شەلان و داوای لێکرا ئەگەر تەمەن و تەندروستی دەرفەت بدات، لە بەرنامەی سەردانی خاوەنشکۆ لە برەی‌ـــلەـــهوت، بەشداری بفەرمێ. قەشە شەلان داوای بانگهێشتنی بۆ ژوولیەن کرد کە وەکو جانکوش لەگەڵی بێت؛ ئەویش نووسرا.

٥٧ـ ژانسنیسم: Jansenism ئایینزا ژانسنیزم، پەیڕەوی Jansenius (١٥٨٥ـ١٦٣٨) ئایینزانی هولەندی، کە پێی وابوو تا خوا ڕای لێنەبێ، مرۆڤ ڕزگار نابێ. ژانسنیست بەرامبەرە بە توندڕەو و بیرـوشک.





له کازیوەی ڕۆژی یەکشەممەوە، هەزاران جوتیار کە لە کوێستانەکانی دەوروبەرەوە ئەهاتن، وەک لافاو شەقامەکانی ڤێریریان داگرت. خۆرەتاوێکی درەوشاوە بوو. سەرەنجام، کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ حەشامات هەژا. گڕەمەشخەڵانێکی مەزن لە سەر ڕەوەزێک دوو فرسەنگ دوور لە شار بینرا. ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە پادشا پێی ناوەتە کەوشەنی هەرێمەکەی ئەوان. دەسبەجێ زەنگەکانی کلیسا و تەقاندنی تۆپی ئیسپانیایی کە هینی شار بوو، شادمانی جەماوەری لەم ڕووداوە مەزنە ڕاگەیاند. نیوەی دانیشتوان چووبوونە سەر بانەکان. ژنان هەموو لە باڵکۆنەکاندا ڕاوەستابوون. تیپی ڕێزلێنان کەوتە ڕێ. یونیفۆرمی بە بریقوباق بووە هۆی پەسن کردن. هەر کەسە و کەسێکی خۆی لە ناو تیپی ڕێزلێنان‌دا ئەناسییەوە. خەڵکی بە ترس و خۆفەکەی جەنابی دورێنال پێئەکەنین کە ئامادەی گرتنی بەرکۆی زینەکە بوو. بەڵام بینینی شتێک هەموو ئەوانی تری لە بیر بردەوە. پێشەنگی سوارانی ڕیزی نۆهەم کوڕێکی زۆر جوان، زۆر تەرچک و باریکەڵە بوو کە سەرەتا نەناسرایەوە. بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو، جوێندان و تووڕە بوونی هەندێک و بێدەنگی و ڕامانی هەندێکی تر، بوونی شڵەژانێکی لە ناو جەماوەرەکەدا ئەسەلماند. ئەم جەوانە کە سواری یەکێک لە ئەسپە نورماندییەکانی جەنابی ڤالێنۆ ببوو، هەموو کەس ناسیانەوە: سۆرێلی جەوان، کوڕی دارتاشی ڤێرير بوو. لە ناو حەشاماتەکەوە و بە تایبەت لە لایەن ئازادیخوازەکانەوە، هاواری دژ بە جەنابی شارەوان بەرز بوویەوە: «ئەی لەو سەیرە! لەبەر ئەوەی ئەم بەچکە کرێکارە کە جلی قەشە لەبەر ئەکات و مامۆستای مناڵەکانیەتی، کردوویەتی بە تیپی ڕێزلێنان و ئەم و ئەوی خاوەن کارگەی دەوڵەمەندی خستۆتە ئەو لاوە!» ژنی

بانکدارێک وتی: «خەڵکی ئەبێ ئابڕووی ئەم کوڕە ساوازە ببەن کە لە ناو پەین و شیاکە لەدایک بووە!» کابرایەکیش کە لەگەڵی بوو، وەڵامی دایەوە: «نەوهاڵێکی کەشتەنگە و شمشێری بەستووە بە کەمەرەوە، ئەوەندە ناپاکە هیچ دوور نییە بە شمشێر قاشیان بکات!»

لێدوانی دەستەی ئاریستۆکرات لەمەش خراپتر بوو. ژنەکان سەریان سووڕ مابوو کە ئایە ئەم کردارە دزێوە تەنها لە لایەن شارەوانە بووە یان نا؟ هەرچەند ئەوەشیان ئەزانی کە شارەدار هەموو بۆرەخێزانێک، بە چاوی سووک سەیر ئەکات!

ژوولیەن، لەو کەشەدا کە ببوویە هۆی ئەو هەموو گفتوگۆیە، بەختەوەرترین پیاوی جیهان بوو. بەو جەربەزە سروشتییەی ڕێکتر لە زۆربەی گەنجەکانی ئەم شارە کوێستانییە لە سەر ئەسپ دانیشبوو. لە چاوی ژنەکانەوە ئەیزانی کە غەڵبەغەڵبەکە دەربارەی ئەوە.

سەرشانیەکانی لەبەر تازەیی پرشگندارتر بوو. ئەسپەکەی ناوبەناو لە سەر دوو پێ هەڵئەسا. لەوپەڕی شادیدا بوو.

کاتی تێپەڕین بە قەراخ شوورەی کۆندا، کاتێک کە ئەسپەکەی بە دەنگی تۆپ لە ڕیزەکە دەرپەڕییە دەرەوە، خۆشبەختییەکەی ڕادەی نەبوو. ڕێکەوتێکی سەیر لە سەر ئەسپەکەی ڕایگرت. لەو دەمەوە خۆی بە قارەمان زانی. لە جیهانی قرۆشەدا ئەفسەری بەردەستی ناپۆلیۆن بوو و خەریک بوو دەستەیەکی تۆپخانەی ئامادە ئەکرد.

بەڵام یەک کەس لەو بەختەوەرتر بوو و ئەویش خاتوو دورێنال بوو. سەرەتا ژوولیەنی لە پەنجەرەی تەلاری شارەوانییەوە لە کاتی تێپەڕیندا بینیبوو. بەڵام پاشان سواری فایتون بوو. بە خێرایی دەورێکی دایەوە و ڕێک ئەوکاتەی کە ئەسپەکەی

ژوولیەن لە ڕیز دەرپەڕیبوو، گەڕایەوە و لە بینینی ئەو دیمەنە هەموو گیانی کەوتە لەرزین. سەرەنجام فایتوونەکەی بە غار لە دەروازەکەی تری شارەوە بردە دەرەوە و توانی خۆی بگەیەنێتە ئەو شەقامەی کە بڕیار بوو شا لەوێوە تێپەڕێ و، بە ماوەی بیست پا، لە ناو تۆزوخۆڵێکی شکۆمەنددا بکەوێتە پشت سەری تیپی ڕێزلێنانەوە. کاتێک کە جەنابی شارەوانی ڤێریر شانازی ئەوەی پێبڕا بەخێرهاتنی خاوەنشکۆ بکات، دە هەزار گوندی هاواریان کرد: بژی شا! کاتژمێرێک پاش ئەوە، کە هەموو وتارەکان تەواو بوون و شا ئەیویست بچێ بۆ ناوشار؛ تۆپەکان دەستیان کرد بە تەقاندن. ئەم تۆپەهاویشتنە بەردەوامە بووە هۆی ڕووداوێک. بەڵام ئەم ڕووداوە بەسەر تۆپهاوێژەکان نەهات، کە لێهاتوویی خۆیان لە لایپزیک و مون‌میرای سەلماندبوو. ئەم ڕووداوە لە جەنابی دو موارۆی جێگری داهاتوو ڕووی دا. ئەسپەکەی کوتای بە ناو ئەو تاقە قوڕاوەدا کە لە سەر ڕێ هەبوو و بووە هۆی ئابڕووچوون. چونکە تەنها ڕێگەی چارە بۆ ئەوەی فایتوونەکەی شا بتوانێ بە جادەکەدا تێپەڕێ، ئەوە بوو کە جەنابی دو موارۆ لە قوڕ دەربهێنن.

خاوەنشکۆ لە بەرامبەر کلیسا جوان و تازەکەی شار کە ئەو ڕۆژە بە پەردەی سووری جگەری ڕازێنرابوویەوە، دابەزی. بڕیار وا بوو شا نانەکەی بخوات و دەسبەجێ سواری فایتوونەکەی ببێ و بچێ بۆ زیارەتی خزنی پیرۆزی سەن کلمان. هێشتا شا تەواو پێی نەخستبوویە ناو کلیساوە کە ژوولیەن بە غار چوو بۆ ماڵی جەنابی دورێنال. لەوێ بە داخێکی زۆرەوە جلە جوان و ئاسمانییەکەی داکەند، شمشێر و سەرشانی دانا و جلە ڕەشە پینەدارەکەی خۆی لەبەر کرد. سواری ئەسپ بوویەوە و لە چاوتروکانێک‌دا گەیشتە دەیری برەی‌ــلەــهوت، کە گردێکی زۆر جوانی داپۆشاوە. ژوولیەن لای خۆی وتی: «جۆش و پەرۆش وای کردووە ئەم

جوتیارانە لە پەسا زیاد ئەکەن. لە ڤێریر ناتوانی بجووڵێیتەوە. زیاتر لە دە هەزار کەس لە دەیری کۆن کۆبوونەتەوە.» ئەم دەیرە کە لە خولی هونەرکوژی شۆڕش‌دا نیوەکاول ببوو، پاش هاتنەوە سەرکاری پاشایەتی، جارێکی تر نۆژەنکراوەتەوە و وای لێهاتووە باسی پەرجوو ئەکەن. ژوولیەن کەوتە تەک قەشە شەلان. قەشە بە توندی ڕەخنەی لێگرت و جبە و ڕووپۆشێکی سپی کورتی پێدا. ژوولیەن، بە خێرایی جلەکانی لەبەر کرد و بە دوای قەشە شەلان‌دا بەرەو کاردینالە گەنجەکەی «ئەگد»[٥٨] ڕۆیشتن. کاردینال یەکێک لە برازاکانی جەنابی دولامۆل بوو کە تازە بەو پلەیە گەیشتبوو و ئەبوایە خزنەکە پیشانی شا بدات. بەڵام نەیانتوانی بیدۆزنەوە.

قەشەکان خەریک بوو ئوقرەیان لەبەر ئەبڕا. بە مۆنی لە داڵانی دێرە کۆن‌دا چاوەڕێی ڕابەرەکەیان ئەکرد. بۆ نواندنی «پەیڕەوی ڕەسەنی» برەی_لە_هوت کە پێش ١٧٨٩، بیست و چوار قەشە بوو، بیست و چوار قەشەیان کۆکردبوویەوە. پاش سێ چارەک خەمخواردن بۆ گەنجێتی کاردینال، وایان بە باش زانی کە بەرپرسی دەیر بچێ بۆ لای حەزرەتی کاردینال و پێی بڵێ شا خەریکە ئەگات و کاتی سەردانی خزنەکەیە. قەشە شەلان بە پێی تەمەن، پیر و گەورەی قەشەکانی دەیر بوو. سەرەڕای زیزبوونی لە ژوولیەن، بە ئەماژەیەک ئەوی خستە دوای خۆی. ژوولیەن ڕووپۆشە سپییە کورتەکەی بە شێوەیەکی زۆر جوان لەبەر کردبوو، دیار نەبوو بە پێی کام ڕێسای ئارایشکردنی قەشەیی، قژە لوول و جوانەکەی ساف کردووە. بەڵام لە ئەنجامی فەرامۆشی و پەلەپەل‌دا مامزەکانی تیپی ڕێزلێنان لەبن چینە دووورودرێژەکەی جبەکەیەوە ئەبینرا، کە ئەوەندەیتر قەشە شەلانی توورە کرد.

---

٥٨_ ئەگد: Agde گوندێکە لە باشوری فەڕانسە کە ساڵانێکی زۆر دەسەڵات بە دەست کاردیناڵەکانەوە بوو.

کاتێک کە قەشە شەلان و ژوولیەن گەیشتنە ئاپارتمانەکەی کاردینالّ، خزمەتکاری بالآبەرز بە بەرگی زەڕبەفتەوە، بە ڕێزێکی بە فیزەوە وەلآمیان دانەوە کە ناتوانن حەزرەتی کاردینالّ ببینن. کاتێکیش قەشە شەلان ویستی بلّێت کە وەکو بەرپرسی لیژنەی بالآی برەی ـــ لە ـــ هوت بۆی هەیە لە هەموو کاتێکدا، کاردینالّ ببینێ، تێر پێی پێکەنین.

ناخی بە دفرەی ژوولیەن لە ڕەفتاری ئەو نۆکەرانە ڕەنجا. دەسبەجێ لە ناو دەیرە کەوناراکەدا کەوتە گەڕان و پالّی بە هەموو دەرگایەکەوە نا. دەرگایەکی وەک دەربیچە کرایەوە و ژوولیەن خۆی لە ژوورۆچکەیەکدا لە نێوان خزمەتکارانی کاردینالّدا بینی کە جلی ڕەشیان لەبەر بوو و زنجیرێکیش لە ملیاندا. لە ڕوالّەتی شلّەژاوی ژوولیەن وایان زانی کە جەنابی کاردینالّ بانگی کردووە، بۆیە ڕێگەی پێدرا. ژوولیەن چەند هەنگاو چووە بەرەوە و گەیشتە هۆلّێکی گەورە و زۆر تاریک بە شێوازی گۆتیک و هەموو دیوارەکانی بە داربەڕووی ڕەش داپۆشرابوو. کەوانی نووک تیژی هەموو پەنجەرەکان جگە لە یەکیان بە ئاجور هەلّچنرابوو. هیچ شتێک دڕی و کرێتی ئەم دیوارانەی نەئەشاردەوە. ئەم بەردە ڕەق و زبرانە لە بەرامبەر شکۆ و ڕووکەشی کۆنینەی دیوارەکانی هۆلّەکە، ناکۆکیەکی غەمباری بەدیهێنابوو. هەر دوو بەری ئەم هۆلّە گەورەیە کە لە لای کۆنینەفرۆشان و کۆنینەدۆستانی بورگۆنی بەناوبانگ بوو، سالّی ١٧٤٠ی زاینی لە لایەن دووک شارلّی بێباکەوە لە کەفارەتی تاوانێکدا دروست کرابوو، کورسی تەختەی زۆر ناوازەی بە نەخش و نیگاری لێبوو. وێنەی هەموو ڕازەکانی ئاخرزەمان بە هۆی تەختەی ڕەنگاوڕەنگەوە لە سەر ئەم کورسیانە بەرجەستە کرابوو.

ئەم شکۆمەندییە دلّتەنگە، کە ئاجورە ڕووتەکان و ئەو گەچەی

کە هێشتا سپی بوو، لە شکۆمەندییەکەی دائەبەزاند، دڵی ژوولیەنی پەژارەمەند کرد. لە بنی هۆڵەکە، لە تەنیشت تەنها پەنجەرەی ڕووناکی ئەوبەر ژوورەکە، ئاوێنەیەکی سووکەڵە دانرابوو، قاپەکەی داری ماهۆن بوو. گەنجێک بە بەرگی بەنەوش و ڕووپۆشی سپی کورتی کەتان، بەڵام بە سەری ڕووتەوە، سێ هەنگاو بۆ ئاوێنەکە وەستابوو. بوونی ئەم کەرەسە دەستییە لەم شوێنە سەیر بوو و مسۆگەر لە شارەوە هێنرابوو بۆ ئەوێ. ژوولیەن دارەتێکی ڕەنجاوی لەم جەوانەدا بینی. بە دەستی ڕاست، زۆر بە سەنگینی، نزای چاکەی ئەنارد بەرەو ئاوێنەکە.

ژوولیەن ڕاما: «ئەمە واتای چییە؟ ئایە ئەمە سەرەتای نزاکردنێکە کە ئەم قەشە جەوانە ئەنجامی ئەدات؟ ڕەنگە ئەمە شالیاری کاردینالْ بێ. بێگومان ئەمیش وەکو خزمەتکارەکان ساواز دەرئەچێ، بەڵام چی ئەبێ، با تاقی بکەمەوە.»

چووە بەرەوە و درێژی هۆڵەکەی بڕی. بەڵام چاوی بەردەوام لەو تاقە پەنجەرەیە بوو و ئەیڕوانییە ئەم جەوانەی کە خەریکی نزاکردنی خۆی بوو، زۆر بە ئارامی و بە بەردەوامی.

وردە وردە کە لێی نزیک ئەبوویەوە، دارەتی بێزار و دڵشکاوی باشتر ئەبینی. ڕازاوەیی و ڕووپۆشی زەڕبەفتی دامتێل بە بێ ئەڤان، ژوولیەنی چەند هەنگاو دوور لە ئاوێنە ناوازەکە ڕاگرت.

ئاخرییەکەی بە خۆی وت: «ئەرکی من ئەوەیە قسە بکەم.» بەڵام جوانی هۆڵەکە کاری تێکردبوو و لەوەی کە ڕەنگ بوو لێی توورە ببن، لە پێشەوە ڕەنجابوو.

جەوان ئەوی لە ئاوێنەکەدا بینی، وەرگەڕا و لەناکاو توورەییەکەی نایە لاوە و بە دەنگێکی یەکجار هێور، وتی:

ــ دەی جەناب! ئاخرەکەی جێبەجێ بوو؟

ژوولیەن واقی وڕ ما و کاتێک کە ئەم جەوانە ئاوڕی لێدایەوە،

ژوولیەن چەلیپاکەی بینی لە ملیدا. ئەم کابرایە کاردینالّی ئاگد بوو. ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «چەندە گەنجە، ڕەنگە تەنها شەش حەوت ساڵ لە من گەورەتر بێ.»

ئەوسا لە مامزەکانی خۆی تەریق بوویەوە.

بە شەرمەوە وەڵامی دایەوە:

ــقوربان قەشە شەلان، سەرۆکی لیژنەی قەشەکان منی ناردۆتە خزمەتی حەزرەتی کاردینالّ.

کاردینالّ بە شێوازێکی خۆشدوو کە ئەوەندەی تر ژوولیەنی کرد بە گیرۆدەی خۆی، وتی:

ــئا! بەڵێ، من ڕێزێکی تایبەتیم بۆی هەیە. بەڵام جەناب، ببوورە، من پێموابوو تۆ ئەو کەسەی کە کڵاوەکەم بۆ ئەهێنێ. لە پاریس زۆر خراپ پێچابوویانەوە. زەربەفتەکانی سەرەوەی زۆر خراپ ڕووشابوو.

ئەوسا بە دەنگێکی غەمبار وتی:

ــئەمەش دزێوترین کاریگەری ئەبێ. ئەوەتا دیسانەوەش نامخەنە ڕێ.

ــقوربان، ئەگەر بەڕێزتان ڕێگە بدەن من ئەچم بە دوای کڵاوەکەدا.

چاوە جوانەکانی ژوولیەن کاری خۆیان کرد. کاردینالّ بە دەم و دوویەکی زۆر پەسەند وتی:

ــبڕۆ جەناب، بڕۆ! من هەر ئێستە ئەو کڵاوەم پێویستە و داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر ئەندامانی لیژنەم چاوەڕوان ڕاگرتووە.

ژوولیەن گەیشتە ناوەڕاستی هۆڵەکە، ئاوڕی لە کاردینالّ دایەوە و، بینی دیسانەوە خەریکی گازە و نزاکردنە. ژوولیەن سەری سووڕما: «ئەمە چ جۆرە نوێژکردنێکە؟ ڕەنگە ئەمە پێشەکییەک بێ بۆ ئەو ئاهەنگەی تۆزێکی تر دەست پێئەکا.» کە گەیشتە بەر

ژوورۆچکەی خزمەتکاران، کڵاوەکەی کاردیناڵی بە دەستیانەوە بینی. ئەم مەزنانە بە ناچار لە بەرامبەر چاوە لەخۆباییەکەی ژوولیەن‌دا پاشەکشێیان کرد و کڵاوەکەیان دایە دەستی.

شایی پێهات کە ئەم کڵاوەکە ئەبات. کاتی تێپەڕین لە هۆڵەکە زۆر بە ئارامی تێئەپەڕی. بینی کە کاردیناڵ لە بەرامبەر ئاوێنەکەدا دانیشتووە، بەڵام جارجارە، سەرەڕای ماندوێتی دەستی بۆ ناردنی نزایەک ئەنێرێ. ژوولیەن یارمەتی دا تا کڵاوەکەی بکاتە سەری. کاردیناڵ سەری ڕاوەشاند و بە ڕەزامەندی وتی:

ــئا ئەوا! ئەمجار لە جێی خۆیەتی! تکایە تۆزێک بچنە ئەو لاوە!

ئەوسا، کاردیناڵ بە خێرایی چوو بۆ ناوەڕاستی هۆڵەکە، پاشان بە هەنگاوی ئارام لە ئاوێنەکە نزیک بوویەوە. دیسانەوە ئەو دارەتی قەڵسییە سەری هەڵدایەوە و کەوتەوە نزاکردن.

ژوولیەن کە سەری سووڕما و لە جێی خۆی وشک بوو. کەڵکەڵەی ئەوە کەوتبوویە گیانی، سەر لەم ڕازە دەربکات، بەڵام نەی ئەوێرا. کاردیناڵ تۆزێک بێدەنگ بوو و بە شێوازێک کە بە خێرایی قەڵسییەکەی نەئەما، وتی:

ــجەناب، ڕات لەم کڵاوەی من چییە؟ لێم دێ؟

ــزۆر لەبارە قوربان.

ــبە ڕای تۆ زۆر نەچووە بۆ دواوە؟ ئەگەر وا بێ مرۆڤ وەکو گەوج پیشان ئەدا. بەڵام نابێ وەک کڵاوی ئەفسەری بێتە سەر برۆ.

ــبەڕای من هەر زۆر لێتان ئەوەشێتەوە.

ــشا لەگەڵ پێشەوایانی ئاینی بەڕێز و سەنگین ڕاهاتووە، نامەوێ لەبەر گەنجێتیم، بە جڵف بێمە بەرچاوی.

دیسانەوەش دەستی کرد بە نزاکردن و کەوتەوە ڕێ.

ژوولیەن کە سەرەنجام لە دۆخەکە تێگەیشتبوو، وتی: «دیارە ئیتر، خەریکە پەراوەی دۆعای چاکە ئەکات.»

پاش چەند ساتێک، کاردینالْ وتی:

ــمن ئامادەم، جەناب! بڕۆ بە ڕابەر و ئەندامانی لیژنە بڵێ.

ئەوەندەی پێنەچوو قەشە شەلان و دووان لە بەتەمەنترین قەشەکان لە دەرگایەکی زۆر گەورەوە کە وەک نەخش و نیگار زۆر ناوازە و ژوولیەن تا ئەو چرکەیە نەیبینیبوو، هاتنە ناو هۆڵەکە. بەڵام ئەمجار ژوولیەن لە ڕیزی خۆی، لە ڕیزێکدا کە شیاوی پلەی ئەو و لە خوار هەموو ڕیزەکانەوە بوو، ڕاوەستا. ئێستە تەنها لە سەر شانی قەشەکانی ترەوە، کە دەستە دەستە بەرەو ئەم دەرگایە ئەهاتن، ئەیتوانی کاردینالْ ببینێ.

کاردینالْ بە ئارامی لە هۆڵەکەوە تێئەپەڕی. کاتێک کە گەیشتە لای ئاستانە، قەشەکان بە ڕیزی ڕێکوپێک وەستان. پاش ساتێکی کورت کە ڕیزەکە تێکچوبوو، دەستە بە دەم چڕینی سروودی ئاینییەوە کەوتە ڕێ. کاردینالْ، پاش هەموویان، لە نێوان قەشە شەلان و قەشەیەکی بەتەمەنی تردا ئەڕۆیشت. ژوولیەن وەک یارمەتیدەری قەشە شەلان تا ئەو جێگەی بۆی کرا لە کاردینالْ نزیک بوویەوە. لە دالانە درێژەکانی دەیری برەی‌ــلەــهوت تێپەڕین. سەرەڕای هەتاوی بەتاو، ئەم دالانانە شێدار بوو. سەرەنجام دەستە گەیشتە بەر دەریزانی دەیرەکە. ژوولیەن لە بەرامبەر ئەم ئاهەنگە شکۆمەندەدا سەری سووڕمابوو. هەستی بەرزەخوازی لە بینینی کاردینالی جەوان و ڕەوشتی پەسەند و پاراوی کێشەیەکی لە دڵیدا ساز کردبوو. ئەم ڕەفتارە ناسکە لەگەڵ خۆشدوویی جەنابی دورێنال، تەنانەت لە ڕۆژە خۆشەکانیشدا جیاواز بوو. ژوولیەن بە خۆی وت: مرۆڤ چەندە بە پلەکانی کۆمەڵدا سەرکەوێ، زیاتر لەم ڕەفتارە دڵپەسەندانە ئەبینێ.

لیژنە لە دەرگای تەنیشتەوە ئەچووە ناو کلیسا. لەپڕ گرمەیەکی ترسناک لە گومەزە کۆنەکانی‌دا دەنگی دایەوە. ژوولیەن هەستی کرد گومەزەکان شەقاریان بردووە. دیسانەوەش تۆپەکە بوو زرمەی لێ هەڵسابوو. ئەو تۆپەی کە بە هەشت ئەسپ، بەغار، ئەیانهێنا. ڕێک لەو کاتەدا گەیشتبوویە بەر دەیر و هێشتا ڕانەوەستابوو، بە هۆی تۆپچی لایپزیکەوە تەقێنرا و وەک بڵێی سەربازانی پڕووسی لە بەردەمی بن، هەر خولەک و پێنج گوللەی ئەهاویشت.

بەڵام ئەم گرمانە هیچ نەبووە هۆی ڕامان و ئافەرین لە لای ژوولیەن. ئەو ئیتر لە بیری ناپۆلیۆن و شانازی سەربازی‌دا نەبوو. لە دڵی خۆی‌دا ئەیوت: «بەم گەنجێتیە بووە بە کاردیناڵی ئاگد. بەڵام ئاگد لە کوێیە؟ ئەم پلەیە چ داهاتێکی بۆی هەیە؟ ڕەنگە دووسەد سێسەد هەزار فڕانک!»

خزمەتکارانی حەزرەتی کاردیناڵ بە سەیوانی ڕازاوەوە گەیشین. قەشە شەلان جەمسەرێکی گرت، بەڵام لە ڕاستیدا ژوولیەن هەڵیگرتبوو. کاردیناڵ چووە بنی. بەڕاستی لەوەی کە ڕواڵەتێکی پیرانەسەر بگرێ بە خۆیەوە، سەرکەوتوو بوو. پەسن و ڕامانی قارەمانەکەمان گەیشتبوویە ئەوپەڕی خۆی. بە خۆی وت: «لە ئەنجامی لێزانی‌دا چ کارەها کە ناکرێ؟»

شا هات. ژوولیەن شانازی بینینی شای لە نزیکەوە پێگەیشت. کاردیناڵ بە زمان تەڕی، بەخێرهاتنی شای کرد و لە بیری نەچوو هەستی ئاگراوی خۆی ئامێتە بە مەراییکردن بۆ خۆشامایی شا دەرببڕێ. ئێمە باسی چۆنێتی ئاهەنگەکەی برەی‌ـــلەـــهوت ناکەین، ئەوەندە نەبێ؛ بۆ ماوەی چواردە ڕۆژ ستوونەکانی هەموو ڕۆژنامەکانی پارێزگای پڕکردەوە. ژوولیەن لە ئەنجامی وتارەکەی کاردیناڵدا زانی کە پادشا نەوەی شارڵی بێباکە.

ماوەیەک پاشتر، لێکۆڵینەوە دەربارەی تێچووی ئەم ئاهەنگە





بوو بە یەکێک لە ئەرکەکانی ژوولیەن. جەنابی دولامۆل کە «قەشەنشین»ێکی بۆ برازاکەی بەدیهێنابوو، گەورەیی کردبوو کە هەموو خەرجەکە بگرێتە ئەستۆ. تەنها ئاهەنگی برەی ـــ لە ـــ هوت، سێ هەزار و هەشتسەد فرانکی تێچووبوو.

پاش وتاری کاردینالْ و وەڵامی پادشا، خاوەنشکۆ چووە بن سەیوان. پاشان دیندارانە، نزیکی نوێژگە لە سەر باڵنجێک چۆکی دادا. دەورانەوری نوێژگەی دەیر کورسی لێ دانرابوو و ئەم کورسیانە دوو پلە لە عەرز بەرزتر بوون و ژوولیەن وەک «کۆشگری» کلیسای سیستینی ڕۆما(٥٩) لە لای کاردینالی خۆی، قەشە شەلانەوە دانیشتووە. سروودی «ستایشی پەروەردگار» خوێنرا. دووکەڵی بخوور چوو بە حەوادا. تەقەی تۆپ و تفەنگ بێ کۆتایی بوو. جووتیاران لە شادمانیدا سەرمەست ببوون. ڕۆژێکی وەها دروشمەکانی سەد ژمارەی ڕۆژنامەکانی ژاکۆبۆنەکان بەتاڵ ئەکاتەوە.

ژوولیەن، تەنها شەش هەنگاو لە شا دوور بوو کە بەوپەڕی ملکەچییەوە خەریکی نوێژ و نزا بوو. لەو کاتەدا چاوی بە کابرایەکی وردیلانەی تێگەیشتوو کەوت کە جلەکانی کەموزۆر بێ گوڵدۆزی بوو. بەڵام ئەم جلە سادەیە بە حەمبەلێکی شینی ئاسمانی ڕازابوویەوە. ئەم کابرایە لە زۆربەی ئەو ئاریستۆکرات

---

٥٩ـ کلیسای سیستین: Sistine chapel ناوی تایبەت کلیسایەکە لە کۆشکی ئاپۆستۆلیک Apostolic Palace، شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمی پاپایە لە شاری ڤاتیکان. لە بنەڕەتدا بە کاپێلا ماگنا Cappella Magna ناسرابوو، ناوەکەی لە پاپا سیکستۆسی چوارەم وەرگرتووە کە لە نێوان سالانی **١٤٧٣** بۆ **١٤٨١**دا فەرمانی دروستکردنی داوە. فرێسکۆ یان دیوارنیگاری بنمیچی نوێژگەی ئەم کلیسایە، کە بە دەستی پەروەردگار ڕووناکیی لە تاریکی جیائەبێتەوە و ئافراندنی جیهان و پیاو و ژن و جیابوونەوەی ئاو و وشکی پیشان دراوە، مایکڵ ئانجێللۆ سالانی **١٤٧٧** تا **١٤٨٠** کێشاونی.

و خانەدانانەی لەبەر گوڵدۆزی ــ بە گوتەی ژوولیەن ــ قوماشی جلەکانیان دیار نەبوو، لە شا نزیکتر بوو. ژوولیەن پاش تۆزێک زانی کە ئەمە جەنابی مارکیز دولامۆلە و دارەتێکی تیا بینی کە نیشانەی مەنەر و تەنانەت لەوچەی[٦٠] پێوە دیار بوو.

لە دڵی خۆیدا وتی: «وا پێئەچێ ئەم مارکیزە بە ئەندازەی قەشە هێژاکەی من سەلار نەبێ. ئاھ، پیشەی قەشەیی ئەبێتە هۆی هۆشمەندی و ئارامی. بەڵام شا بۆ زیارەت هاتووە و من خزنێک نابینم. ئەی سەن کلمان لە کوێیە؟»

منداڵە قەشەیەک کە لە لایەوە وەستابوو، تێی گەیاند کە خزنی پیرۆزی سەن کلمان وا لە سەرەوەی تالارەکە لە «شاپل ئاردانت»ە.

ژوولیەن بە خۆی وت: «شاپل ئاردانت» ئیتر چی بێ؟


بەڵام نەیوست، واتای ئەم وشەیە بپرسێ. بە وردبینییەکی زیاترەوە سەرنجی دایە ئاهەنگەکە.


لە ئاهەنگی سەردانی شازادەیەک، بە گوێرەی ڕێسا کاردیناڵ دوای ناکەوێ. بەڵام کاتی ڕۆیشتن بەرەو «شاپل ئاردنت»، کاردیناڵی ئاگد، قەشە شەلانی بانگ کرد و، ژوولیەن بوێرانە کەوتە شوێنی.

پاش سەرکەوتن لە پلیکانی زۆر، بە دەرگایەکی زۆر بچووک گەیشتن، کە بالشمە گرانبەهاکەی بە شێوەیەک زێڕکاری کرابوو، ئەتوت هەر ئێستە تەواو بووە.

بیست و چوار کچ، لە ناودارترین بنەماڵەکانی ڤێریر لە بەردەگا چۆکیان دادابوو. کاردیناڵ، بەر لەوەی دەرگاکە بکاتەوە، لە نێوان ئەم کێژۆڵە شەنگانەدا چۆکی دادا و، کاتێک کە کاردیناڵ بە دەنگی بەرز خەریکی دۆعاکردن بوو، ئەم کیژە جوانانە لە

٦٠ـ لەوچە: insolent ئاوەڵناو بێ چاوڕوو، بێشەرم، گوستاخ، ڕێلاس ع وقح N uforskammet د گستاخ، پررو.












پەسنکردنی دامتێلی ڕازاوە و ئەفسوونی ڕوخسارە جەوانە جوانەکەی تێر نەئەبوون. ئەم دیمەنە ئەو تۆزە ئاوەزەی ڕفاند کە لای قارەمانەکەمان مابوو. لەو ساتەدا ئامادە بوو لە ڕووی بڕواوە لە پێناوی «بیرکۆڵین»دا[٦١] بچێ بۆ جەنگ. لەپڕ دەرگا کرایەوە. خزنی بەرتەسک ئەتوت لە زۆری ڕووناکی دایساوە. لە سەر گڵکۆکە زیاتر لە هەزار مۆم داگیرسابوو کە چەپکە گوڵ بە هەشت ڕیز لێکی جیاکردبوویەوە. بەرامەی دڵڕفێنی ڕەسەنترین بخوور وەک هەوری ڕەوان لە دەرگای ئەم خزنەوە ئەهاتە دەرەوە. خزنەکە زۆر بەرتەنگ بەڵام زۆر بەرز بوو. ژوولیەن بینی لە سەر گڵکۆکە مۆمی وای لێیە، لانیکەم پانزە پا ئەبێ. کچان بە بێ ئەڤان دەنگی ستایش لە سینەیان بەرز بوویەوە. جگە لەو بیست و چوار کچە و دوو قەشە و ژوولیەن کەس بۆی نەبوو بچێتە ژوورەوە.

شا هات. جگە لە جەنابی دو لامۆل و پەردەداری خۆی کەسی لەگەڵ نەبوو. تیپی پاراستنیش لە سەر ئەژنۆ و تفەنگ لە سەر دەست لە دەرەوە مایەوە.

خاوەنشکۆ نەک هەر بۆ لای گڵکۆکە چوو، بەڵکو خۆی هەڵدا. ئینجا ژوولیەن سینگی نا بە دەرگای زەڕبەفتەوە، لە بن بازووی ڕووتی کیژێکەوە پەیکەرە جوانەکەی سەن کلمانی بینی، لە بەرگی سەربازی ڕۆمی لە بن گڵکۆکە شارابوویەوە. برینێکی کاریگەر بە لای ملیەوە بوو ئەتوت خوێنی لێ دائەچۆڕێ! توانای هونەرمەند لە هونەر تێپەڕیبوو. چاوی نیوە مردوو بەڵام پڕ لە سۆزی نیوە

٦١ـ بیرکۆڵین: Inquisition ‌ئاو یان ئەنکیزاسیۆن، دادگای کلیسای کاسۆلیک لە سەدەکانی ناونجی بۆ دزەکردنە ناو مێشکی خەڵک و دۆزینەوەی بیرنەیاران کە بووە هۆی ئەشکەنجە و تاوانبارکردنی ژمارەیەکی زۆر بە بێدینی و جادووگەری و کوشتن و سزادانی دڕندانە و نائینسانی.

داخراو بوو. سمێڵێکی گەنەموو ئەو دەمە ناسکەی کە بە نیوە بەسراوی، ئەتوت هێشتاش خەریکی نزاکردنە، ئەڕازاندەوە. بە بینینی ئەم دیمەنە، کچێک کە لای دەستی ژوولیەنەوە بوو، بە توندی فرمێسکی ڕشت و دڵۆپێک فرمێسک کەوتە سەر دەستی ژوولیەن.

پاش هەندێ نزا، لە گەورەترین بێدەنگی‌دا کە جگە لە دەنگی زەنگی هەرە دووری گوندەکانی دەوروبەر تا دە فرسەنگ هیچ شتێک تێکی نەئەدا، کاردینالّی ئاگد دەرفەتی لە شا وەرگرت قسە بکات. بە وتارێکی کورت و ڕاهێن، هەرچەند وشەکانی لە ناخی خۆی‌دا سادەبوون، بەڵام هەر ئەوە کارگەرێتی مسۆگەر ئەکرد:

ــهەرگیز لە بیری مەکەن ئەی کچانی فەلە، کە یەکێک لە مەزنترین پادشاهانی ئەم سەرزەمینە لە ئاستانی خودای هەرە بەتوانا و سامناک‌دا چۆکی دادا. ئەم بەندانەی خوا کە لە سەر ئەم عەرزە ئەشکەنجە کراون و کوژراون و ئەم برینەی سەن کلمان، وەک خۆتان بینیتان، نیشانەی ئەوەن لە بەهەشتی خوا سەرکەوتوو ئەبن. ئەی ئەو کچانەی عیسا ئەپەرستن: بیرەوەری ئەم ڕۆژە هەتا ماون لە دڵتان‌دا هەر ئەمێنێ؛ کافر بە دوژمن دائەنێ و هەتا ماوە بڕوای بە پەروەردگاری مەزن و سامناک بەڵام بەبەزەیی ئەبێ!

کاتی وتنی ئەم وشانە کاردینالّ، ڕاشکاوی و بڕوابەخۆ هەڵسایە سەرپێ. وەک کەسێک کە سرووشی بۆ هاتبێ، بازووی ڕادێرا و وتی:

ــبەڵێن ئەدەن؟

ــکچان بە دەم فرمێسک ڕشتنەوە وتیان:

ــبەڵێن ئەدەین!

کاردینالّ بە دەنگێکی وەک تریشقە گرماندی:

ـمن بەڵێنتان بە ناوی خوداوەندی سامناکەوە قبووڵ ئەکەم!
بەمە ئاهەنگەکە کۆتایی هات.

شاش ئەگریا. ژوولیەن تا ماوەیەک پاش ئاهەنگەکە نەهاتەوە سەرخۆی. کاتێک کە لە شوێنی ئێسقانەکانی کلمانی پیرۆزی پرسی کە لە ڕۆماوە نێردرابوو بۆ فیلیپی میهرەبان، دووکی بورگونی. لە وەڵامدا پێیان وت کە ئەو ئێسکانە لە ناو پەیکەرێکی جوانی مۆمدا هەڵگیراوە.

پادشا بەو کچانەی شانازی ئەوەیان پێبڕابوو خاوەنشکۆ تا دەرەوە ڕەوانە بکەن، دەرفەتی ئەوەیان پێدرا ڕووبانێکی سوور بدەن لە یەخەی شا کە ئەم وشانەی لە سەر گوڵدۆزی کرابوو: نەفرەت لە کافر، پەرستنی هەمیشەیی!

بە فەرمانی جەنابی دو لامۆل، دە هەزار شوشە شەراب درا بە گوندییەکان. شەو لە ڤێریر بیانوویەک کەوتە دەست ئازادیخوازەکان کە سەد جار باشتر لە شاپەرستەکان چراخان بکەن و هەڵپەڕن. شا بەر لە ڕۆیشتن سەردانی جەنابی دو موارۆی کرد.

بەندی XIX

# بیرکردنەوە مایەی ئازارە

سەمەرەبوونی ڕووداووکانی ڕۆژانە
کەساسی سۆزی بەتین لەبەرچاو دائەشارێ.
(بارنەڤ)

کاتی دامەزراندنەوەی کەلوپەلی ئەو ژوورەی درابوو بە جەنابی دو لامۆل، ژوولیەن کاغەزێکی ئەستووری دۆزییەوە کە دووجار قەد کرابوو. لە خواری یەکەم پەڕە خوێندیەوە:

بۆ جەنابی دو لامۆل نوێنەری ئەنجومەنی خانەدانەکان[٦٢]، خاوەنی نیشانی شاهانە و مەدالیاکانی تر.

ئەم نامە، سکاڵایەک بوو بە خەتێکی نە زۆر ڕاهێنراوی وەک ژنە ئاشپەزێک:

«جەنابی دو لامارکیز،

«من هەموو تەمەنی خۆم پابەندی ئاین بووم. ساڵی ٩٣ کە شاری لیۆن گەمارۆ درابوو، من لەو شارەدا لە بن بۆمباردمانەدا بووم. چ بیرەوەرییەکی نەفرەتبارە! بەڵام تەنها یەک نوێژیشم نەچووە. هەموو یەکشەممەیەک بۆ نوێژی کۆمەڵ ئەچووم بۆ کلیسای ناوچە. تەنانەت لە ساڵە نەگریسەکەی ٩٣یش لە جەژنی ڕابوونەوەدا

---

٦٢- پێر دو فڕانس: Pairie de France ڕێکخراو خانەدان هاوتای فەڕانسەیی، هاوتا، لە نازناوە بەرجەستە خانەدانەکانی فەڕانسە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا E Peerage of France.

هەر بەشدار بووم. ئاشپەزەکەم ـ چونکە پێش شۆڕش نۆکەر و کارەکەرم هەبووـ ڕۆژانی هەینی مێزی لاکێشەی ڕائەخست. شادمانم بەوەی لە شاری ڤێریر لای هەموو کەس ڕێزم هەیە و ئەتوانم بڵێم کە شیاوی ئەو ڕێزەم. ئەگەر دەستەیەک بکەوێتە ڕێ، لە تەنیشت جەنابی قەشە و جەنابی شارەوان ئەڕۆم بە ڕێدا. کاتێک کە ئاهەنگێکی گەورە بەرپا ئەبێ، مۆمێکی گەورە کە خۆم کڕیومە، ئەگرم بە دەستمەوە. بەڵگەی هەموو ئەم شتانە وا لە پاریس لە وەزارەتی دارایی. داوا لە جەنابی مارکیز دولامۆل ئەکەم کە نووسینگەی «یانەسیب»ی ڤێریر بدرێ بە من، چونکە بەرپرسەکەی بە ناچار و بەمزوانە لە سەر کار نامێنێ. لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە نەخۆشە و لە لایەکی ترەوە کەسێکە کە کاتی هەڵبژاردن پێچەوانەی بەرژەوەندی دەنگ ئەدات و زۆر شتی تر.

دو شولەن

لە پەراوێزی ئەم سکاڵادا، چەن وشەیەک وەکو پشتگیری نووسرابوو و جەنابی دو موارۆ واژۆی کردبوو و بەم جۆرە دەستی پێئەکرد:

«شانازی ئەوەم هەبوو کە دوێنێ سەبارەت بە مرۆڤێکی نیازپاک کە ئەم داواکارییەی هەیە، لەگەڵ ئەو بەڕێزە گفتوگۆ بکەم.» و شتی تریش.

ژوولیەن بە خۆی وت: «تەنانەت، دو شولەنی گەمژەش فێرم ئەکات چ ڕێگەیەک بگرمە بەر.»

حەفتەیەک پاش سەردانی شا بۆ ڤێریر، هەموو ئەو درۆ زلانە، لێکدانەوەی گەوجانە، مشتومڕی گاڵتەئامێز و زۆر شتی تر کە دەربارەی شا و کاردیناڵی ئاگد و مارکیز دو لامۆل و دە هەزار

شووشە شەراب و جەنابی دو موارۆی نەگبەت ــ کە بە هیوای مەدالیایەک لە ئەسپەکەی هەڵدرایە ناو قوڕەکە و هەتا مانگێک پاش ئەو ڕووداوە لە ماڵ نەهاتە دەرەوە ــ هەمووی لە بیر چوویەوە. بەڵام شتێک کە لە بیر نەچوویەوە، بێشەرمی تێهەڵکێش کردنی ژوولیەن سۆرلی کوڕە دارتاش بوو لە تیپی ڕێزلێنان‌دا. پێویستە مرۆڤ قسەکانی ئەو دەستە پارەدارە ببیسێ کە خاوەنی کارگەی کووتاڵی شار بوون و، شەو و ڕۆژ بە شێوەیەکی تەوساوی بۆ دابینکردنی یەکسانی لە چاخانە بانگەشەیان ئەکرد. هۆکاری ئەم دیاردە دزێوە خاتوو دورێنالی بوغرە و لەخۆبایی بوو. بەڵام بۆ ئەم کارەی کردووە؟ چاوی جوان و گۆنای گەشی قەشە سۆرلی جەوان لە ئەندازەی پێویست ئەم لایەنەی ڕوون ئەکردەوە.

ماوەیەکی کەم پاش گەڕانەوە بۆ ڤێرژی، ستانیسلاس زاڤیە، مناڵە بچووکەکەیان یاوی کرد. لەپڕ خاتوو دورێنال تووشی پەشیمانییەکی سامناک بوو، بۆ یەکەم جار، بە تاوانی ئەوینەکەی، بە شێوەیەکی بەردەوام خۆی خستە بەر ڕەخنە و پلار. ئەتوت لە سایەی پەرجویەکدا بۆی ڕوون بۆتەوە کە کەوتۆتە ناو گێژەنی چ تاوانێکی مەزنەوە! سەرەڕای ئەوەی زۆر پابەندی ئاین بوو، بەڵام هەتا ئێستا قەبارەی تاوانەکەی لە لای خوا نەهێنابوویە بەر چاوی.

لە ڕابوردوودا، لە دەیری دڵی پیرۆز بە تامەزرۆییەکی ئاگراوی خوای خۆش ویستبوو. لەم بابەتەش‌دا بە هەمان ئەندازە لە خوا ئەترسا. ململانێیەک کە دڵی سەد پارە ئەکرد. بە تایبەت لەبەر ئەوە سامناک بوو کە هیچ شتێکی بەڵگەپەسەند لە ترسەکەی‌دا نەبوو. ژوولیەن زانی هەر جۆرە بەڵگە و ڕازیکردنێک لە بری ئارامکرن ئەبێتە هۆی ڕەنجاندنی. خاتوو دورێنال لەم بۆچوونەدا زمانی دۆزەخی بینی. سەرەڕای ئەمەش لەبەر ئەوەی ژوولیەن ستانیسلاسی بچکۆلانەی زۆر خۆش ئەویست، قسەکانی کاتێک کاریگەر ئەبوو کە باسی نەخۆشینەکەی لەگەڵ خاتوو دورێنال

بکردایە؛ کە بە خێرایی لێی پیس ئەکرد. هەستی پەشیمانی کە بەردەوام گیانی ئەخوارد، خەویشی لێ زڕاندبوو. لەگەڵ ڕقێکی پەنگخواردوو، دەمی داخستبوو و ئەوکاتەش کە زمانی ئەپژا بۆ ئەوە بوو کە دان بە گوناهەکانی لە لای خوا و خەڵکدا بنێ.

هەرکات کە تەنها ئەبوون، ژوولیەن پێی ئەوت:

ــسوێندت ئەدەم بە خوا هیچ بە کەس مەڵێ! با من تەنها ڕازدارت بم. ئەگەر هێشتاش خۆشت ئەوێم، قسە مەکە. قسەکانت یاوی ستانیسلاس چارە ناکات!

بەڵام دڵدانەوەی ژوولیەن هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. نەی ئەزانی خاتوو دورێنال گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە بۆ کەمکردنەوەی تووڕەیی خوای دڵپیس، یا ئەبێ دوژمنایەتی ژوولیەن بکات، یان مەرگی کوڕەکەی بە چاو ببینێ! بەدبەختییەکەشی لەوەدا بوو ئەیزانێ ناتوانێ چاوپۆشی لە سۆتەکەی بکات.

ڕۆژێک بە ژوولیەنی وت:

ــلێم دوورکەوەرەوە... تۆ بیت و خوا ئەمماڵە بەجێ بهێڵە و بڕۆ! بوونی تۆ لەم ماڵە سۆنگەی مردنی کوڕەکەی منە!

ئەوسا بە ئەسپایی وتی:

ــخوا سزای من ئەدات. دادگەرە. من دادگەری ئەو ئەپەرستم. تاوانی من زۆر گەورەیە. ئای کە چەندە ئاسوودە و بێخەم ئەژیام و ئەمە یەکەم نیشانەی دوورکەتنەوە لە خوا بوو: بۆیە ئێستە ئەبێ دووجار سزا بدرێم.

ژوولیەن زۆر غەمگین بوو. ڕەفتاری خاتوو دورێنال نە درۆی تیا بوو و نە پێوەنان. «خۆشەویستی من بە مەرگی کوڕەکەی ئەزانێ و سەرەڕای ئەمەش لە کوڕەکەی خوشترمی ئەوێ! ئەوەش ئەزانم ئەم ژنە بەدبەختە پەشیمانی ئەیکوژێ. مەزنی ئەوین لەوەدایە. بەڵام منێک کە تا ئەم ڕادەیە نەدار و نەزان و بێ ئەدەبم و هەندێجار تۆسنیشم، چۆن توانیومە ئەو ئەوینە لە دڵیدا بەدی

بهێنم؟»

شەوێک، نەخۆشینی منالّەکە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. کاتژمێر دووی پاش نیوەشەو جەنابی دورێنال هات بۆ سەر سەری منالّەکە. منالّ لە ئاگری یاودا ئەسووتا. داگیرسابوو و باوکی نەئەناسییەوە. لەپڕ خاتوو دورێنال کەوت بەسەر قاچی مێردەکەی‌دا. ژوولیەن زانی ئەیەوێ هەموو شتێک بە مێردەکەی بلّێ و بۆ هەمیشە خۆی بەدبەخت بکات.

بەلاّم خۆشبەختانە، ڕەفتارەکەی ژنە جەنابی دورێنالی قەلّس کرد و بە دەم ڕۆیشتنەوە وتی:

ــخواحافیز، خواحافیز!

بەلاّم ژنە کە لەبەردەمی‌دا چۆکی دادابوو، هەولّی ئەدا ڕایبگرێ، هاواری کرد:

ــڕاوەستە، مەڕۆ، گوێم لێ ڕابگرە! وەرە هەموو ڕاستییەکەم لێ ببیسە! من خۆم بکوژی کوڕەکەمانم! من ژیانم داوەتێ و منیش ژیانی لێ ئەسێنمەوە! خوا سزام ئەدا. من لەلای خوا بکوژم. ئەبێ خۆم نابوود و ڕووڕەش بکەم. ڕەنگە ئەم گیانبازییە ئاگری ڕقی خوا دامرکێنێ.

ئەگەر جەنابی دورێنال کابرایەکی بیرفراوان بوایە، بە سانایی لە هەموو شت تێئەگەیشت.

ژنەکەی کە کەوتبوو بەسەر پای‌دا و ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو، بە زۆر لە خۆی دوور کردوەوە و هاواری کرد:

ــلەو بیرە ئەفساناوییەی تۆ! هەموو ئەم قسانە ڤرۆشەی ئەفسانەئامێزن. ژوولیەن، تکات لێ ئەکەم سپێدەپەهنا یەکێک بنێرە بە دوای پزیشکدا.

پاشان بۆ ڕازان گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. خاتوو دورێنال نیوە بێهۆش، کەوتوو لە سەر ئەژنۆ، بە شەکانێکی لەرز و ئازار، ژوولیەنی لە خۆی دوور خستەوە، کە هاتبوو یارمەتی بدات.

ژوولیەن ڕاما. بە خۆی وت: «نەکا زیناح ئەمە بووبێت؟! نەکا هەق بەو قەشە ساختەچیانە بێ؟ نەکا سەرەڕای هەڵسان بەو هەموو گوناهە، مۆڵەتی تێگەیشتن لە گەوهەری تاوان بەم جۆرە کەسانە درابێ؟ چەندە سەیرە؟»

لەو بیست خولەکەی لە ڕۆیشتنی جەنابی دورێنال تێپەڕیبوو، ژوولیەن دڵبەرەکەی ئەبینی سەری ناوەتە سەر سیسەمی بچووکی منداڵەکەی و وەکو بورابێتەوە، لەو عەرزە کەوتووە. بە خۆی وت: «ئەم ژنەی من ئەیناسم لە ژنانی تر وریاترە و لە ئەنجامی ئاشنایی لەگەڵ من تووشی ئەم چەرمەسەرێیە بووە.»

«کات بە خێرایی تێئەپەڕێ. چیم لە دەست دێ؟ ئەبێ کارێکی بۆ بکەم! لێرە هیچم بۆ ناکرێ. من ئەبێ چی لەو خەڵکە و قسە بێتامەکانیان بکەم؟ ئەبێ بزانم چیم لە دەست دێ کە بۆی بکەم؟ بەجێی بهێڵم؟ کە بە دەست سامناکترین پەژارەوە سۆی ببێتەوە؟ زیانی ئەم شووە بێ ڕەگە لە قازنجی بۆ ئەم ژنە زیاترە! ئەوەندە ئێسکگرانە ڕەنگە دوو جنێویشی تێبگرێ. ئەوسایە کە ژنە شێت ببێت و خۆی لە پەنجەرەکەوە هەڵداتە خوارەوە!»

«ئەگەر بەجێی بهێڵم، ئەگەر چاودێری نەکەم، هەموو شت بە مێردەکەی ئەڵێ و، کێ چووزانی؟ ڕەنگە سەرەڕای ئەو میراتەی بە ژنەکەی ئەگات، گۆڵمەزێک ساز بکات. خوایە گیان! ڕەنگە هەموو شتێک بەم قەشە مالۆنە بڵێ کە بێگومان نەخۆشینی منداڵێکی شەش ساڵانی کردووە بە بەهانە و نایەوێ لەم ماڵە بڕوات؟ ئەم ژنە نەگبەتەش لەم کاتی ژان و دەردەدا لە ترسی خوا هەموو ئەدگارێکی کابرای لە بیر کردووە و تەنها بە چاوی قەشە سەیری ئەکات.»

خاتوو دورێنال چاوی هەڵێنا و لەپڕ وتی:

ــ بڕۆ لە کۆڵم بەرەوە!

ژوولیەن وەڵامی دایەوە:





ــ ئامادەم هەزار جار گیانم بەخت بکەم، بۆ ئەوەی سەر لەوە دەربکەم کە چی بۆ تۆ باشە. فریشتە نازەنینەکەم، من هەرگیز ئەوەندە خۆشم نەویستووی، یان بە زمانێکی تر تۆی شیاوی پەرستن، لەم ساتەوە ئەپەرستم. من دوور لە تۆ و لەگەڵ ئەوەی کە ئەزانم بە بۆنەی منەوە ڕۆژت ڕەش بوو، چیم پێ ئەکرێ؟ جا ڕەنج و ئازاری من بە دەرەک. دڵبەرەکەم، بە قسەت ئەکەم. ئەوا ئەڕۆم. بەڵام ئەزانم ئەگەر بەجێت بێڵم، ئەگەر لە سەر سەرت نەبم، ئەگەر نەبمە پەرژینی نێوان تۆ مێردەکەت، زمان ئەپژێنی و نهێنییەکان هەڵئەڕێژی و خۆت بەدبەخت و ڕیسوا ئەکەی! لە بیرت بێ بە ڕیسوایی لە ماڵی خۆی دەرت ئەکات. هەموو ڤێریر، گشت بزانسۆن باسی ئەم سۆزانییە ئەکەن. تاوانەکان گشت ئەخەنە ئەستۆی تۆ و هەرگیز لەم نەنگە دەرباز نابی!

خاتوو دورێنال هەڵسا و هاواری کرد:

ــ منیش ئەمەم ئەوێ، ئەمەم ئەوێ! چی باشتر لەوەی ئازار بچێژم؟!

ــ بەڵام بەم ڕیسواییە نەفرەتبارە، ئەویش بەدبەخت ئەکەی!

ــ من خۆم سووک و چرووک ئەکەم. خۆم ئەخەمە ناو زەلکاو، ڕەنگە لەم ڕێگەیەوە بتوانم بەر بە مردنی مناڵەکەم بگرم. ڕەنگە ئەم سەرشۆڕییەی من بە واتای تۆبەکردن بێ بە ڕۆژی ڕووناک. ئەوەندەی ئاوەزی کاڵ و کرچی من تێبگات، ئەمە مەزنترین کارە کە ئەتوانم لە ڕێگەی خوادا بیکەم. ڕەنگە خوا بەزەیی پێمدا بێتەوە و کوڕەکەم پێ بداتەوە! تۆ خۆبەختکردنێکی لەوە بەئازارترم پیشان بدە تا پەنای بۆ ببەم.

ــ دەبا منیش خۆم سزا بدەم. منیش گوناهکارم. ئەتەوێ





خۆم تەرە بکەم بۆ دەیری «لاتراپ»؟[٦٣] ژیانی بەئازاری ئەم دەیرە ڕەنگە ببێتە هۆی ئارامکردنەوەی خوای تۆ. ئاخ، خوایە! بۆ ناتوانم ئاگری یاوەکەی ستانیسلاس بە گیان وەربگرم.

خاتوو دورێنال هەڵسا، خۆی هاویشتە باوەشی و وتی:

ـ تۆ، ئەوت خۆش ئەوێ؟

لە هەمان کاتیش دا بە نەفرەتەوە لە خۆی دووری خستەوە و پاش ئەوەی دووبارە چۆکی دادایەوە، وتی:

ـ ئازانم! بڕوام پێتە! ئەی هەڤاڵی تاقانەی من! ئۆف، بۆ تۆ باوکی ستانیسلاس نەبووی؟ ئەگەر وابوایە، ئەوسا خۆشویستنی تۆ زیاتر لە کوڕەکەت گوناه نەبوو.

ـ ڕێگەم ئەدەی لەمماڵە بمێنمەوە و لەمەولا تەنها وەک برایەک خۆشم بوێی؟ ئەمە تەنها کەفارەتی ژیرانەی ئێمەیە و ڕەنگە ڕقی خوای مەزن دامرکێنێتەوە!

خاتوو دورێنال هەڵسایە سەر پا، سەری ژوولیەنی بە هەر دوو دەست گرت و دوور لە خۆی ڕێک بەرامبەر چاوەکانی ڕایگرت و هاواری کرد:

ـ مەگەر من ئەتوانم تۆم وەک برا خۆش بوێت؟ مەگەر بە دەست منە کە وەک برا خۆشم بوێی؟!

ژوولیەن فرمێسکی دائەباران. خۆی خست بەسەر پێی خاتوو دورێنالدا و وتی:

ـ من سەر بە فەرمانی تۆم! تۆ چی بڵێی، من وا ئەکەم.

---

٦٣ـ دەیری لاتراپ: La Trappe Abbey لە ناوچەی سۆلینی لاتراپ، لە باکووری ڕۆژاوای فەڕانسەیە و خانەگای تراپیستەکانی پەیرەوی سەنت بنێدیکتە کە بە شەو و ڕۆژ خەریکی نوێژ و گازە و نزان.

جگە لەمە چارەم نییە. هۆشم کوێرایی داهاتووە. بڕیارم بۆ نادرێ. بەجێت بهێڵم و بڕۆم، لای مێرد ڕازمان ئەدرکێنی و خۆت تیائەبەی. هەرگیز، لە پاش ئەم ڕووداوە گاڵتەجارە، شووەکەت ناچێ بۆ پارلەمان. ئەگەر نەڕۆم، بە سۆنگەی مردنی کوڕەکەتم ئەزانی و پەژارە داتئەڕزێنێ. حەز ئەکەی کاریگەری ڕۆیشتنی من تاقی بکەیتەوە؟ ئەگەر پێتخۆشە، بۆ حەفتەیەک بەجێت ئەهێڵم و بەم جۆرە بە تاوانی ئەو گوناهەی کردوومانە، خۆم سزا ئەدەم. ئەڕۆم و حەفتەیەک لە شوێنێک کە تۆ پێت باش بێ، وەک برەی‌ــ‌لەــ‌هوت خەڵوە ئەکێشم. بەڵام ئەبێ سوێندم بۆ بخۆی لە نەبوونمدا زمان نابزێوی! ئاگات لێبێ ئەگەر شتێک بڵێی من ئیتر ناتوانم بگەڕێمەوە.

خاتوو دورێنال بەڵێنی دا. ژوولیەن ڕۆیشت، بەڵام پاش دوو ڕۆژ بانگ کرایەوە:

ــناتوانم بە بێ تۆ سوێندەکەم نەشکێنم. ئەگەر تۆ بە بەردەوامی لەم ماڵە نەبی و بەو نیگایەت مۆر نەدەی لە لێوەکانم، هەموو شتێک بە مێردەکەم ئەڵێم. هەر کاتژمێرێک، ڕۆژێکە بۆ من!

سەرەنجام خوا بەزەیی بەم دایکە کڵۆڵەدا هاتەوە. ستانیسلاس زاڤیە لە مەترسی پەڕییەوە. بەڵام پەردەی ئەفسوون لەبەر چاوی لادرابوو. ئاوەزی پەی بە گەورەیی گوناهەکەی بردبوو. خاتوو دورێنال ئیتر نەیتوانی لەنگەری خۆی بپارێزێ. هەمیشە ژێوان مایەوە، وەک لە دڵێکی ڕاستگۆی وەک ئەودا ئەمێنێتەوە. ژیانی ببوو بە بەهەشت و دۆزەخ. کاتێک کە ژوولیەنی لە تەیشت خۆیەوە نەئەبینی، لە دۆزەخ بوو و، ئەوساش کە خۆی ئەدا بەسەر قاچی ژوولیەن‌دا، لە بەهەشت بوو. تەنانەت ئەو ساتانەی خۆی ئەدا بە دەست ئەوینەوە، بە ژوولیەنی ئەوت:

«ئیتر دڵنیا بووم. من بەر لەحنەت کەوتووم. بەر لەحنەتێک کەوتووم کە لێبوردنی بەر ناکەوێ. تۆ جەوانیت و ناز و فریوی

من هۆشی لە سەر ڕفاندوویت؛ ڕەنگە خوا لە گوناهت خۆش ببێ. بەڵام من بە لەحنەت بووم. من لە بینینی نیشانەیەکی ئاشکرا کە گومانی تێدا نییە، لەمە گەیشتووم. ئەترسم؛ جا کێ هەیە لە دۆزەخ نەترسێ؟ بەڵام، ڕاستەکەی هیچ پەشیمان نیم. ئەگەر تا ئێستەش خۆم تووشی ئەو گوناهە نەکردایە، قسەی تیا نییە، ئێستە ئەمکرد. بەڵام تەنها شتێک کە لە خوام گەرەکە ئەوەیە کە لەم دنیا و بە مەرگی مناڵەکانم سزام نەدات. ئەگەر ئەم مرازەم جێبەجێ ببێ، بەختەوەریم لەوە زیاترە، کە شیاومە.

ئەوسا تۆزێکی تر هاواری ئەکرد: «بەڵام تۆ ژوولیەن، بە من بڵێ بەختەوەری؟ هەست بەوە ئەکەی بە ئەندازەی پێویست خۆشم ئەوێی؟»

دفرە و گومانی ڕەنجاوی ژوولیەن کە پێویستی بە ئەوینێکی پڕ لە سۆز هەبوو، لە بەرامبەر ئەم بەخشینە مەزن و مسۆگەرەدا، کە دەم بە دەم نوێ ئەبوویەوە، خۆی پێنەگیرا. ژوولیەن، خاتوو دورێنالی ئەپەرست: «ئەم ژنە لە خۆڕا بووە بە کچە خانەدان و منیش لەخۆڕا بووم بە کوڕە کرێکار. خۆشی ئەوێم؛ من لە لای ئەو نۆکەرێک نیم کە ئەرکی فاسقی گرتبێتە ئەستۆ.» کە ئەم دڵەخورپەیەش ڕەوایەوە، ژوولیەن تووشی هەموو دیوانەیی ئەوین، تووشی نیگەرانیە مەرگبارەکەی بوو.

خاتوو دورێنال کاتێک کە گومانی ژوولیەنی سەبارەت بە ئەوینی خۆی ئەبینی، هاواری ئەکرد:

ــبهێڵە با لانیکەم لەم ماوە کورتەدا کە پێکەوەین، بەختەوەرت بکەم! با خێرا بکەین. ڕەنگە بەیانی هینی تۆ نەبم. ئەگەر خوا مناڵەکانم لێ بسێنێت، هەوڵدانم بۆ ئەوەی بە هیوای ئەوینی تۆ زیندوو بم و مەرگی مناڵەکانم بە بەرەنجامی ئەم گوناهە نەزانم، بێهوودە ئەبێ. پاش زەبرێکی وەها توانای مانم نابێ. تەنانەت ئەگەر بشمەوێ، ناتوانم بژیم، شێت و هار ئەبم. ئاخ، خۆزگە

ئەمتوانی باری گوناهت بە کۆڵ بکێشم. هەروەک تۆ ئامادە بووی، شامێرانە ئاگری یاوە گڕاوییەکەی ستانیسلاس بە گیان هەڵبگری.

ئەم قەیرانە ڕۆحیە دژوارە، ئەو هەست و سۆزەی مایەی پەیوەندی ژوولیەن و دڵبەرەکەی بوو، گۆڕی. خولیای ئیتر بە تەنها لەش و لاری لەباری ژنە و گەوزاندنی لەبن ڕانیدا نەبوو.

سروشتی پەیوەندییەکەیان لەمەولا، لە ئاستێکی باڵاتردا بوو، ئەو بڵێسەیەی گیانی ئەوانی ئەخواردەوە، زۆر بەهێزتر ببوو. شێتانە لە ئامێزی یەکدیدا ئەتوانەوە. وا پێئەچوو، شادمانیان لە چاوی خەڵکیدا مەزنتر خۆیای ئەکرد. بەڵام ئیتر هەرگیز بەو چێژ و ئارامیە، بەو بەختەوەرییە ڕوون و بێگەردەی ڕۆژانی سەرەتای ئەوینیان نەگەیشتنەوە. ئەو ڕۆژانەی کە تاقە ترسی خاتوو دورێنال ئەوە بوو، نەکا ژوولیەن بە ئەندازەی پێویست خۆشی نەوێ. بەختەوەرییان، هەندێجار، وەک تاوانێکی ستەمکارانە خۆی ئەنواند.

لە خۆشترین و بە ڕواڵەت ئارامترین ساتەکانی ژیانیاندا، خاتوو دورێنال بە ڕاپسکاندنێکی گرژ دەستی ژوولیەنی ئەگوشی و لەپڕ هاواری ئەکرد:

ـ ئاه، خوایە گیان! دۆزەخ لەبەر چاوی خۆمدا ئەبیم! چ ئەشکەنجەیەکی سامناکە! سزای من هەر ئەمەیە!

ئەوسا وەک لاولاوێک کە بە دیواردا هەڵئەگەڕێ، خۆی بە ژوولیەندا هەڵئەواسی و پیا هەڵئەگەڕا.

ژوولیەن بە بێهوودە هەوڵی ئەدا ئەو گیانە شڵەژاوە ئارام بکاتەوە. خاتوو دورێنال دەستی ئەگرت و ماچبارانی ئەکرد. پاشان بیری ڕەش ئەیبردەوە و ئەیوت: «دۆزەخی خوا لەو دنیا بۆ من میهرەبانییە. لە سەر زەوی چەند ڕۆژێک لەگەڵی ڕائەبوێرم، بەڵام لە دۆزەخی ئەم دنیایە و مەرگی مناڵەکانم چی بکەم؟ ڕەنگە بەم نرخە لە تاوانەکانم خۆش ببن. ئۆف، خوایە! من بەخشینم

بەو نرخە ناوێ، مەمبەخشە! ئەم مناڵە ڕەبەنانە تۆزقاڵێکیش لە فەرمانت لایان نەداوە! بە تەنها من تاوانبارم. من پیاوێکم خۆش ئەوێ کە مێردم نییە!»

ژوولیەن، پاشان خاتوو دورێنالی ئەبینی گەڕاوەتەوە دارەتی ئارام و ئاسوودەی پێشووی. خاتوو دورێنال هەوڵی ئەدا بەسەر خۆیدا زاڵ بێ. ئەیویست ژیان لەو کەسە تاڵ نەکا کە خۆشی ئەویست.

لە میانەی ئەم ڕەوتی هەڵچوون و داچوونەی ئەوین و پەشیمانی و چێژەدا، ڕۆژەکان بە خێرایی تێئەپەڕین. ژوولیەن خووی بیرکردنەوەی لە بیر بردەوە.

ئیلیزا خانم بۆ پەیگیری کێشەیەکی قانوونی کە لە شار هەیبوو، چوو بۆ ڤێریر. جەنابی ڤالێنۆی بینی زۆر لە ژوولیەن تووڕەیە. ئیلیزا زۆر ڕقی لە مامۆستا بوو و زۆر جار باسی ئەوی لای جەنابی ڤالێنۆ ئەکرد. ڕۆژێک بە جەنابی ڤالێنۆی وت:

ــجەناب، ئەگەر من ڕاستییەکان بدرکێنم، قوڕ ئەکەن بە سەرما. لە ناو چینی خانەدان سەبارەت بە هەموو شتێک ڕێکەوتن هەیە. ئەوان هەرگیز لە ئێمەی خزمەتکار خۆش نابن بۆ ئەو نهێنییەی ئاشکرامان کرادووە.

پاش ئەم قسەیەی کە بە شێوەیەکی ئاسای وترا و مەراقی بێ ئۆقرەی جەنابی ڤالێنۆ لەکورت بڕاندییەوە؛ کابرا هەندێ نهێنی لە لا ئاشکرا بوو کە بە ڕادەیەکی کوشندە، متمانەی بەخۆی دابەزی.

ئەم ژنە، ئەم دیاترین و بەرجەستەترین ژنی مەڵبەندەکە، کە جەنابی ڤالێنۆ شەش دانە ساڵ و بە داخەوە بە بەرچاوی خەڵکەوە، بیر و هۆشی لەلای بوو، ئەم ژنەی کە ئەو هەمووە لەخۆڕازی بوو، بەو سەیرکردنە لووتبەرزانەی خۆی، چ جایە جەنابی ڤالێنۆی سوورەوە کردبوو، ئێستە خۆی خستبوویە بن ڕانی کرێکارێک لە بەرگی مامۆستادا و ئەوی کردبوو بە سۆتەی خۆی و بۆ ئەوەش

کە ڕق و کینەی بەرپرسی هەژارخانە بێخەوش دەربچێ، ئەوەشی زانی کە خاتوو دورێنال ئەم فاسقە ئەپەرستێ!

کارەکەر ئاخێکی هەڵکێشا و وتی:

ـ ئینجا جەنابی ژوولیەن بۆ ئەوەی بەو سەرکەوتنە بگات تەنها یەک تۆزیش خۆی ماندوو نەکردووە و تۆزێکیش ئەو بوغرایی و ڕەفتارە ساردوسڕەی خۆی بەرامبەر بە خاتوون نەگۆڕیوە.

ئیلیزا، تا چوونیان بۆ ڤێرژی، هەستی بە بوونی پەیوەندییەک لە نێوان ژوولیەن و خاتوو دورێنالدا نەکردبوو، بەڵام پێی وا بوو ئەم ڕووداوە زۆر زووتر سەری هەڵداوە.

جا بە کینەیەکی پترەوە وتی:

ـ هەر بۆیەش بوو ئەوسا منی نەخواست و من چەندە گەوج بووم بۆ ڕاوێژ کردن ئەچووم بۆ لای خاتوو دورێنال و داوام لێئەکرد بەڵکو مامۆستام بۆ ساز بکات.

هەر ئەو شەوە، لەگەڵ ڕۆژنامە، کاغەزێکی بێ واژۆ، لە شارەوە گەیشتە دەستی جەنابی دورێنال، لە ڕووداوێک کە لە ماڵەکەیدا ڕووی ئەدا، بە وردی ئاگاداری ئەکردەوە. ژوولیەن ڕەنگگۆڕان و شڵەژانی ئەوی لە کاتی خوێندنەوەی نامەکەدا بینی کە لە سەر کاغەزی شین نووسرابوو، هەروەهای پەی بەو نیگا ئاگراوییانە برد کە جەنابی شارەوان تێی ئەگرت. بە درێژایی شەو، شارەوان شپرزە بوو و نەهاتەوە سەرخۆ و مەراییکردنی ژوولیەن و پرسیارەکانی دەربارەی بنەماڵە خانەدانەکانی بورگونی، هیچ سوودی نەبوو.

بەندی XX

# نامەی بێ واژۆ

هەوساری هەوەس یەکجار شل مەکە،
بەهێزترین سوێند لای ئاگری دڵ وەکو کایەکە!
(تۆفان)[٦٤]

کە نیوەشەو لە هۆڵەکە هاتنە دەرەوە، ژوولیەن دەرفەتی هێنا و بە دڵبەرەکەی وت:

ـ ئەمشەو ژوانمان نابێ، مێردەکەت گومانی کردووە. سوێند ئەخۆم ئەو نامە دوورودرێژەی بە پەژارەوە ئەیخوێندەوە، نامەی بێ واژۆ بوو.

خۆشبەختانە ژوولیەن دەرگای هۆدەکەی خۆی دائەخست. خاتوو دورێنال شێت بوو و وایزانی ئەم وریاکردنەوەیە بیانوویەکە بۆ ئەوەی بە شەو نەیبینێ. ئاوەزی لە دەست دابوو و کاتی پێویست لە پشت دەرگای ژوورەکەی. ژوولیەن دەنگی پای بیست و دەسبەجێ، چرای کوژاندەوە. هەوڵی کردنەوەی دەرگا درا.

خاتوو دورێنال بوو؟ شووە دڵپیسەکەی بوو؟

کازیوەی ئەو بەیانییە، ئەو ژنە ئاشپەزەی یاری ژوولیەن بوو، پەرتووکێکی بۆ هێنا لە سەر بەرگەکەی ئەم چەند وشە بە زمانی ئیتالیایی نووسرابوو: (Guardate alia pagina 130)[٦٥].


ژوولیەن لەم کارە دوور لە پارێزە تەزووی پیاهات. گەڕا بە

---

٦٤ـ تۆفان: The Tempest شانۆگەری کۆمیدی ٥ پەردەیی ١٦١١، نووسینی شکسپیر.

٦٥ـ واتە: بڕوانە لاپەڕەی ١٣٠.










دوای لاپەڕەی ١٣٠دا و ئەم کاغەزەی بە دەرزییەک پێوە لکابوو، کە بە پەلە نووسرابوو و بە فرمێسکی چاو تەڕ ببوو و گوێی بە ڕێنووس نەدابوو. کاتی ئاسایی، خاتوو دورێنال بە باشی ڕێنووسی ڕەچاو ئەکرد. ژوولیەن لەم بابەتە زۆر غەمگین بوو و کردەوە مەترسیدارەکەی تۆزێ لەبیر چوویەوە:

«واتە ئەمشەو ڕێگەم نادەی بێمە ژوورەکەت؟! ساتی وا هەیە هەست ئەکەم هەرگیز لە قووڵایی ناخت نەگەیشتووم. نیگاکانت ئەمترسێنێ. لێت ئەترسم. خوایە گیان! نەکا هەرگیز خۆشت نەویستووم؟ ئەگەر وابێ واباشترە شووەکەم بە ڕازی خۆشەویستیمان بزانێ و هەتا ماوم، لە دێ، دوور لە مناڵەکانم زیندانیم بکات. ڕەنگە خوا وای ویستووە. من بەمزوانە ئەمرم بەڵام تۆ دڕندەیەک زیاتر نابی.

«منت خۆش ناوێ؟ لە دێوانەسەری من ژێوانی ئەی خوانەناس، ماندوو بوویت؟ ئەتەوێ تیاما بەری؟ من ڕێگەیەکی سادەترت پیشان ئەدەم. بڕۆ و ئەم نامەیە بە هەموو ڤێریر پیشان بدە. یان لەمەش باشتر، ئەم نامەیە تەنها بە جەنابی ڤالێنۆ پیشان بدە. پێی بڵێ کە من خۆشم ئەوێی. بەڵام نەء، کفری وا مەکە. پێی بڵێ کە من تۆ ئەپەرستم و ژیان بۆ من لەو ڕۆژەوە دەستی پێکردووە کە تۆم دیوە! پێی بڵێ کە ئەو بەختەوەرییەی لە تۆوە پێی گەیشتووم، هەرگیز لە زیندەخەونەکانی شێتانەترین ساتەکانی جەوانیشمدا ئارەزووم نەکردووە. بڵێ کە من گیانم کردووە بە فیدای تۆ و ڕۆحم لە پێناوتدا دائەنێم و خۆت ئەزانی لەمانە زیاتریش ئەکەم بە قوربانت.

«بەڵام ئەم کابرایە مەگەر ئەزانێ چەمکی خۆبەختکردن واتای

چییە؟ بەڵام، بۆ ئەوەی تووڕەی بکەی، پێی بڵێ کە من بە چاوی سووک سەیری هەموو کەسێکی خاپینۆک و زمانگێڕ ئەکەم. پێی بڵێ کە من لەم جیهانەدا تەنها لە یەک کۆست ئەترسم و ئەم کۆستەش بینینی گۆڕانی ئەو پیاوەیە کە بەستوومیەتەوە بە ژیانەوە و بۆ من ئەوپەڕی بەختەوەرییە کە ئەم ژیانە ببەخشم، بیکەم بە قوربانی و ترسم لە بابەتی مناڵەکانمەوە نەمێنێ!

«هەڤاڵی خۆشەویستم، ئەوە بزانە ئەگەر نامەی بێ واژۆ هاتبێت بێگومان لە لایەن هەمان بوونەوەرە نەگریسەکەوەیە کە شەش ساڵی ڕەبەق بەو دەنگە زڕەی، بە چیرۆکی ئەسپەباز و بەو خۆ گێڤکردنەوە بێپایانەی خۆی، بە دوامەوە بوو.

«نامەی بێ واژۆ هاتووە؟ ئەی بەدکار، ئەمە ئەو بابەتەیە کە ئەمەوێ دەربارەی لەگەڵت بدوێم. بەڵام نەء، کارێکی باشت کرد. ئەگەر بۆ دواین جار لە ئامێزم بگرتیتایە، بێگومان بەو جۆرەی کە لە تەنهایی‌دا بۆم ئەلوێ هەرگیز نەمئەتوانی بە خەمساری لەگەت بدوایەم. لەم ساتەوە بەختەوەری ئێمە ئیتر ئاوا بە ئاسانی نابێ. ئەمە بێزارت ئەکا؟ بەڵێ، لەو ڕۆژانەی کە لە لایەن جەنابی فۆکەوە پەرتووکێکی خۆشت پێنەگەیشتبێ. کار لە خۆبەختکردن تێپەڕیوە و ئەوەی کە ئەبوا ڕووبدات، ئەوا ڕووی داوە. بەیانی ئەگەر نامەی بێ واژۆ هەبێ یان نەبێ، من خۆم بە شووەکەم ئەڵێم کە نامەیەکی بێ واژۆم پێگەیشتووە و ئەویش ئەبێ پارەیەکی چاکت بداتێ و بیانوویەکی لەبار بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی وازبهێنی و ڕاستەوخۆ بچیتەوە بۆ لای کەسوکارت.

«هەڤاڵی ئازیز، بە داخەوە پانزە ڕۆژ و ڕەنگیشە مانگێک لێک جیا ئەبین! برۆ و دڵنیام تۆش بە ئەندازەی من ئازار ئەچێژی. بەڵام بەکورتی، ئەمە تەنها هۆکاری نەهێشتنی کاریگەری ئەم نامە بێ واژۆیە. ئەمە یەکەم نامە نییە کە بە مێردەکەم گەیشتووە و دیسانەوەش پێی ئەگات. بە

داخەوە! چەند پێکەنینم بەو نامانە دێت!

هەموو هەوڵی من ئەوەیە مێردەکەم بگاتە ئەو بڕوایە کە جەنابی ڤالێنۆ ئەم نامانەی نووسیوە. دڵنیاشم کە نووسەری ئەو نامانە ئەوە. ئەگەر حەزت لێیە لێرە بڕۆی، لێی مەوەستە و بڕۆ لە ڤێریر دابمەزرێ. کارێک ئەکەم مێردەکەم بچی و پانزە ڕۆژ لەوێ بێ تا بەو خەڵکە نەزانەی بسەلمێنێ کە من و ئەو هیچ کێشەیەکمان نییە. ئەوەندەی گەیشتیتە ڤێریر، لەگەڵ هەموو کەس تەنانەت ئازادیخوازانیش ببە بە دۆست. ئەزانم هەمو خانەکان بە دواتا ئەگەڕێن.

«هەلمەشاخێرەوە بە جەنابی ڤالێنۆدا و وەکو ڕۆژێک خۆت وتت: گوێشی مەبڕە! بەپێچەوانە، زۆر بە نەرمی لەگەڵی بجووڵێرەوە. با بەو جۆرە ڤاو بڵاو ببێتەوە کە تۆ ئەتەوێ لە ماڵی ڤالێنۆ یان یەکێکی تر ببی بە مامۆستا.

«ئەمەش ئەو کارەیە کە مێردەکەم هەرگیز ڕێگەی پێنادا. ئەگەر بە ناچاری قبووڵیشی کرد دیسان ڤەیناکا! لانیکەم، تۆ لە ڤێریر ئەبی و من جارجارە ئەتبینم و منداڵەکانیش کە ئەوەندە تۆیان خۆش ئەوێ، دێن بۆ سەردانت. خوایە گیان! باش ئەزانم من لەبەر ئەوە منداڵەکانم زیاتر خۆش ئەوێ، کە تۆیان خۆش ئەوێ! ئای ی پەشیمانی! ئەم هەمووە چۆن کۆتایی دێت؟ دیسانەوە لە باسەکە دوور کەوتمەوە... بە کورتی، تۆ ڕێگەی خۆت باش ئەناسی. سەلار و لەسەرخۆ بە. هەرگیز بە سووکی سەیری ئەم خەڵکە ڕەشۆکیە مەکە. بە پاڕانەوەوە داوای ئەمەت لێ ئەکەم. ئەوانە داوەرانی چارەنووسی ئێمەن. گومانم لەوەدا نییە کە مێردەکەم بەو جۆرە لەگەڵت ئەجووڵێتەوە کە بیروڕای گشتی دەربارەی تۆ ئەیلێ.

«ئێستەش ئەوە تۆی کە ئەبێ نامەی بێ واژۆم بۆ دروست بکەی. خۆت هێور بکەرەوە و دوێردێک بگرە بە دەستتەوە. ئەو وشانەی

لەخوارەوە ئەیبینی لە پەرتووکێک ببڕە. پاشان هەموویان بە چەسپی کاغەز بلکێنە بە پەڕەیەکی شینەوە کە بۆتی ئەنێرم. ئەم پەڕەیە جەنابی ڤالێنۆ داویە بە من. چاوەڕوانی پشکنینی ژوورەکەت بە. ئەو لاپەڕانەی لێی ئەبڕی، بیدڕێنە. هەر کات وشەیەکت بە ئامادەیی نەدۆزییەوە، پشووت درێژ بێ و هەوڵبدە پیت بە پیت لە تەنیشت یەکەوە دای بنێی. بۆ ئەوەش کە کەمتر ماندوو بیی نامەی بێ واژۆم زۆر بە کورتی نووسیوە. داخی گرانم! ئەگەر ئیتر خۆشت نەوێم، ئەم نامەیە چەند بە دوورودرێژ هاتۆتە پێش چاوت!»

## نامەی بێ واژۆ

«خاتوون،

«هەموو پیلانە منداڵانەکەت وەک ڕۆژ ڕوونە، بەڵام کەسانێک کە حەزیان لە سەرنەگرتنی ئەو پیلانەیە ئاگادار کراون. لە پێناوی ئەوینی کۆنمدا داوات لێ ئەکەم دەست لەم دێهاتیە بەربدەن. ئەگەر ئاوەزی ئەو کارە لە ئێوەدا هەبێ، مێردەکەت وا ئەزانێ ئەو نامەیەی بە دەستی گەیشتووە، درۆ بووە. ئێمەش هەوڵئەدەین لەو هەڵەیەدا بیهێڵینەوە. ئاگات لێبێ کە ڕازەکەت وا لە دەستی مندا. ئەی ژنەی سیابەخت، لەرزت لێبێ و فجوق بکە! لەمەولا لەسەرتە لە بەردەمی مندا ڕێک و ڕاست بی.»

کاتێک کە لە لکاندنی وشەکانی ئەم نامەیە کە ڕەنگە شێوەی نوسینی بەرپرسی هەژارخانەی تیا بناسیتەوە، تەواو بوویت، لە ژوورەکەت وەرە دەرەوە، لە سوچێکا یەک ئەبینین.

«من ئەچم بۆ دێ و بە شپرزەیی ئەگەڕێمەوە و لە ڕاستیدا زۆر بە پەریشانی ئەگەڕێمەوە. خوایە گیان! خۆم تووشی چ بەزمێک ئەکەم! ئەم هەمووەش لەبەر ئەوە ئەکەم کە تۆ هەستت بە نامەی بێ واژۆ کردووە! هەر چۆنێک بێ، من شپرزە و شڵەژاو ئەو نامەیە ئەدەم بە مێردەکەم و ئەڵێم کە کابرایەکی غەوارە دای بە دەستمەوە.... تۆیش لەگەڵ منالٚەکان بە ناو لێڕەوارەکەدا بچن بۆ پیاسە و تا نیوەڕۆ مەگەڕێنەوە.

«تۆ ئەتوانی لە بەرزایی سەر شاخەوە کۆمانجی کۆترخانەکە ببینی. ئەگەر هەموو شت بە دڵی خۆمان بوو، دەسرێکی سپی لەوێ دائەنێم؛ ئەگەر وایش نەبوو، ئەوا هیچی لێنابێ.

«ئەی بەدنمەک، ئەو دڵەت ئەوەندەی بە بەرەوە نییە کە پێش ڕۆیشتن بۆ ئەو پیاسەیە، بە بیانوویەک بێی بۆ لام و پێم بڵێی خۆشت ئەوێم؟ چی ڕوو بدات، تۆ ئەمەت لە بیر بێ؛ پاش ئەو جیابوونەوەی دوا دیدارمان بێ من یەک ڕۆژیش زیندوو نابم. ئاخ، ئەی دایک ناپاک! ئەمە دوو وشەی ناوازەیە کە نووسیومە، ژوولیەنی خۆشەویستم، ئەم دوو وشە بێهوودەیەی لێرە نووسیومە، خۆم هەستیان پێناکەم. ئەوەی لام گرنگە یادی تۆیە. ئەم دوو وشەیەم بۆ ئەوە نووسم کە گلەیی تۆم نەیەتە سەر. ئەوەتانێ تۆم لە دەست ئەچێ، خۆ فریودان سوودی چییە؟! قەیناکا، با دڵی من لە لای تۆ ڕەش بێ، بەڵام درۆ لەگەڵ ئەو پیاوە نەکەم کە ئەیپەرەستم. لە ژیانمدا زۆرم درۆ و دەهو کردووە. ئەگەر ئیتر خۆشت ناوێم، لێت ناگرم و لێت ئەبوورم. فریا نەکەوتم بە نامەکەدا بچمەوە. ئەگەر لە پێناوی ئەو ڕۆژانەدا کە لە باوەشی تۆدا ژیاوم، گیانیشم لە دەست بدەم، هێشتا هیچ نییە. خۆت ئەزانی، ئەو ڕۆژانەی لە ئامێزی تۆدا ژیام نرخی لە ژیان گرانتر بوو.

بەندی XXI

# گفتوگۆ لەگەڵ گەورەی ماڵ

**داخەکەم! سستی ئێمە هۆکارە، نەوەک خۆمان:**
**ئێمە ئەوەین کە ئەبێ ببین.**
(شەوی دوانزەهەم)

ژوولیەن یەک کاتژمێر بە شادمانییەکی مناڵانەوە خەریکی دۆزینەوە و بڕینی وشەکان بوو. کاتێک کە لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، تووشی بوو بە تووشی فێرخوازەکانی و دایکیان و دایکە ئەوەندە بە سادەیی و بوێرانە نامەکەی لە دەستی وەرگرت کە متمانەبەخۆیی و ئارامی ژنە تۆقاندی. دەسبەجێ لە ژوولیەنی پرسی:

ــچەسپەکەی باش وشکەوە بووە؟

ژوولیەن لە دڵی خۆی‌دا وتی: «ئەمە ئەو ژنەیە کە پەشیمانی شێتی کردبوو؟! ئاخۆ ئێستە چ نەخشەیەکی لە سەردایە؟» ئەوەندە لەخۆ ڕازی بوو، ئەمەی لێنەپرسی. بەڵام ڕەنگە هەرگیز بە ئەندازەی ئەم ساتە خۆشی نەویستبوو! خاتوو دورێنال بە هەمان هێوری وتی:

ــئەگەر ئەم نەخشەیە سەری نەگرت، هەموو شتێکم لە دەست دەرئەهێنن. بەڵام ئەم ئەمانەتە لە شوێنێکی باش لە کێو بشارەوە. ڕەنگە ڕۆژێک تەنها داراییم هەر ئەمە بێ!

مجرییەکی شووشە کە بە مارۆکی سوور(٦٦) دەوری گیرابوو و

---

٦٦ـ مارۆکی: Maroquin چەرمەواڵە ناو یان Maroquinerie جۆرە چەرمێکی گرانبەهای





پڕ بوو لە زێڕ و چەند دانەیەک ئەڵماس دای بە دەستییەوە و وتی:

–جا بڕۆن!

منداڵەکانی ماچ کرد و ئەوەی هەرە بچووکی دوو جار ماچ کرد. ژوولیەن ڕاما و جووڵەی نەکرد. خاتوو دورێنال بە بێ ئەوەی سەیری بکات، بەجێی هێشت و ڕۆیشت.

ژیانی جەنابی دورێنال، لەو کاتەوە کە ئەو نامەیەی کردبوویەوە، ببوو بە دۆزەخ. لە ساڵی ١٨١٦ـەوە کە خەریک بوو دوێل بکات، بەم جۆرە شپرزە نەببوو. قسەیەکیشمان بۆ دز کردبێ، ئەوساش مەترسی بەرکەوتنی گوللە تا ئەم ڕادەیەی ئێستە هەراسانی نەکردبوو. بە هەر بارێکدا سەیری نامەکەی ئەکرد، بە خۆی ئەوت: «مەگەر ئەم خەتە خەتی ژنانە نییە؟ دەیباشە، ئەی ئەم ژنە ئەبێ کێ بێ؟» هەموو ئەو ژنانەی لە ڤێریر ئەیناسین هێنانیە بەرچاوی. بەڵام گومانی بۆ کەس نەئەچوو. «نەکا ئەم نامە بە گوتنی پیاوێک نووسرابێ و دەی ئەو پیاوە کێیە؟» لێرەشدا هەمان گومان و دڕدۆنگی. قسەی تیانەبوو زۆربەی ئەو پیاوانەی ئەیناسین، لە بەخیلیا ڕقیان لێی بوو. لە سەر کورسییەکەی کە وەک هەڵدێرێک تێی کەوتبوو، هەڵسا و وەک خووی هەمیشەی بە خۆی وت: «با بزانم ژنەکەم ئەڵێ چی؟»

هێشاش تەواو ڕاستەوە نەببوو کە دای بە سەری خۆیدا و وتی: «خوایە گیان! لە هەمووان زیاتر ئەبێ خۆم لە ژنەکەم بپارێزم. ئەو ئێستە دوژمنی منە.» ئەوەندە جاڕس بوو، فرمێسک لە چاویا قەتیسما.

هاوکێشەی لەبار بۆ قەرەبووکردنەوەی نەبوونی سۆز و خۆشەویستی لە ناوچەی گوندی کە پێی ئەوترێ بڕیاری ژیرانە،

---

مەراکۆییە.

ئەوە بوو کە جەنابی دورێنال لەو دوو پیاوەی کە نزیکترین دۆستانی بوون لە هەموو کەس زیاتر بترسێ: «جگە لەوانیش، ڕەنگە دە دۆست و ئاشنام هەبێ.» هەموویانی بەسەر کردەوە و ڕادەی دڵنیابوونی لە تاق بە تاقیان هەڵسەنگاند. بە تووڕەیی هاواری کرد: «ئەم ڕووداوە ترسناکەی بەسەر من هاتووە، بۆ هەر هەموویان ئەبێتە هۆی شادمانی! خۆشبەختانە لەبەر ئەوەیە کە ئێرەییم پێ ئەبەن و دیارە بۆچی.» جگە لەو ماڵە زۆر خۆشەی شار کە شا شەوێک لەوێ نووستووە و تا دنیا دنیایە مایەی سەرفراز بوو، کۆشکەکەی ڤێرژیشی زۆر باش ڕێکوپێک کردبوو. بەرخانی ئەم کۆشکە بە ڕەنگی سپی بوو و پەنجەرەکانی وەنەدی سەوزی جوان ئەیانڕازاندەوە. ساتێک کەوتەوە بیری ئەم شکۆمەندییە و ئەو کۆشکە نایابە و تۆزێ سوکنایی هات. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ئەم کۆشکە لە دووری سێ چوار فرسەنگەوە دیار بوو و هەموو خانووە هاوینەکانی ئەو دەوروبەرە کە پێی ئەوترا کۆشک و هیچیان نۆژەن نەکرابوون و ڕەنگی خۆڵەمێشی نیشانەی تێپەڕینی سەردەمیان پێوە دیار بوو، کەوتبوونە بن شەبەنگی بە ورشەی ئەم کۆشکەوە.

جەنابی دورێنال ئەیتوانی متمانە بە فرمێسک و خواپەرستی یەکێک لە دۆستانی بکات کە چاودێری دەیری ناوچەکە بوو. بەڵام ئەویش گەوجێک بوو بۆ هەموو شتێک ئەگریا. دیسانیش ئەم کابرایە تەنها مایەی ئومێدی بوو. بە ڕقەوە هاواری کرد:

ــکامە ئازار هەیە بە ئازاری من بگات! ئای کە چەندە بێکەس و تەنهام!

کابرای بەڕاستی کڵۆڵ، بە خۆی ئەوت:

ــقور بەو سەری من! ئەوە ڕەوایە لە جەنگەی ئەم قەیران و ماڵوێرانییەدا تاقە هاوڕێیەکم نەبێ داوای چارەیەکی لێبکەم؟

ئەوسا بە ڕقەوە هاواری کرد: «ئای فالْکۆز! ئای دوکرِو!»

ئەم دووانە، لە هاوڕێیانی سەردەمی منالْی بوون کە سالْی ١٨١٤ لە ئەنجامی خۆبەزل زانین هەردووکیانی لە خۆی دوور خستبوویەوە. ئەو دووانە خانەدان نەبوون و جەنابی دورێنال ویستبووی ئەو بەرامبەری و برایەتیەی لە منالْییەوە لە نێوانیان‌دا هەبوو، بگۆڕێت.

یەک لەمانە، فالکۆز، کە مرۆڤێکی تێگەیشتوو بوو و بەدلْ و بوێر و لە شاری ڤێریر پەڕاوگەی هەبوو. چاپخانەیەکی لە پایتەختی پارێزگا کڕیبوو و ڕۆژنامەیەکی بلاْوئەکردەوە. لیژنەی نهێنی قەشەکان بڕیاری دابوو ڕۆژنامەکەی دابخات و مالْوێرانی بکات. بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەکەی درابوو و مۆلْەتی چاپخانەکەی لێوەرگیرابوویەوە. لەم بارە هەلاْوێژە خەفەتبارەدا لە پاش دەسالْ، بیری لەوە کردەوە بۆ یەکەم جار، نامەیەک بۆ جەنابی دورێنال بنووسێ. شارەوان وایزانی ئەبێ وەکو پالْەوانەکانی سەردەمی زووی ڕۆما وەلاْمی ئەم دۆستەی خۆی بداتەوە: «هەر کات سەرەک وەزیرانی شا، شانازی ئەوەم بداتێ و لێم بپرسێ، بە بێ بیرکردنەوە پێی ئەلْێم: بە بێ هیچ بەزەییەک هەموو چاپخانەدارەکان مالْکاول بکەن و پیشەسازی چاپخانەش وەکو تووتن، بکەن بە پاوانی حکوومەت!» جەنابی دورێنال وشە و ڕستەی ئەم نامەیەی کە بۆ هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی نوسیبوو و لەو کاتەدا سەرنجی هەموو ڤێریری ڕاکێشابوو، وشە بە وشە و بە ترسەوە ئەهێنایەوە بیری. «کێ ئەیوت بەم پلە و سامان و ئەو هەمووە خاچ و مەدالیاوە ڕۆژێک لەم کارەم پەشیمان ئەبمەوە؟» ڕق و هەلْچوونێکی سەیر وای لێکردبوو ئاگای لە خۆی نەمێنێ و جنێو بە دار و بەرد بدات؛ شەوێکی سامناکی تێپەڕاند. بەلاْم خۆشبەختانە ئەوە نەهات بە بیری‌دا کە ژنەکەی بخاتە بن

چاودێری.

به خۆی ئەوت:

ـ من خووم به لویز گرتووه. ئەو ئاگای له هەموو کارەکانی من هەیه. ئەگەر ئازاد بم که بەیانی ژن بهێنم، دیسانیش کەسی تر نادۆزمەوە له جێی ئەو دایبنێم.

پاشان له ڤرۆشەی ئەوەی که ژنەکەی بێتاوانه، شاگەشکه ئەبوو و ئەم جۆره داوەرییه ئەو ئەرکەی له کۆڵ ئەکردەوە که بیەوێ خۆی گێڤ بکاتەوه و دەسەڵاتی خۆی بنوێنێ. بەم شێوەیه دەست و باڵی ئازاد ئەبوو و کارەکانی باشتر ئەچووه پێشەوه. «ئەو هەموو ژنەی که تۆمەتیان لێدراوه!»

پاشان به ئەژنۆی لەرزۆکەوه ئەکەوته ڕێ و ئەینەڕاند:

ـ منیش ئەڵێم چی؟! مەگەر ئەبێ وەک کابرایەکی بەرەڵڵا خۆم گێل بکەم و ڕێگە بدەم ئەم ژنه و فاسقەکەی پێم پێ بکەنن؟ مەگەر ئەبێ هەموو ڤێریر به بێڕەگی من پێ بکەنن؟ چیهایان دەربارەی شارمیه نەوت؟ (کابرایەک که ژنەکەی به ئاشکرا خراپ بوو.) مەگەر کاتێک که ناوی دێ، بزه ناکەوێته سەر لێوان؟ کابرا پارێزەرێکی لێهاتووه. بەڵام کێ باسی وتاردانی ئەو له دادگا ئەکات؟ هەموو ئەڵێن: ئا، شارمیه! شارمیه بڕنارد! بەم جۆره بەو ناوه نیشانی ئەدەن، که بۆته هۆی نەنگ و ئابڕووچوونی.

جەنابی دورێنال پاش تۆزێک وەهای ئەوت:

ـ شوکری خوا که کچم نییه و شێوەی سزادانی دایک زیانی بۆ کار و ژیانی داهاتووی مناڵەکانم نابێ. ئەتوانم ئەم بەچکه جووتیاره له پاڵ ژنەکەمەوه بگرم و هەردووکیان بکوژم. ڕەنگه بەم جۆره لایەنی کارەساتاوی ڕووداوەکه، لایەنی پێکەنیناوی بشارێتەوه.

ئەم بۆچوونه بزەی خسته سەر لێوی. هەموو لایەنەکانی هێنایه

پێش چاوی خۆی:

ــکۆمەڵە ڕێسای کەتن و تاوان بە قازانجی منە و چی ڕوو بدات ئەنجومەنی قەشەکان و دۆستانی ترم لە دەستەی دادوەران ئەمپەڕێننەوە.

سەیری کێردی ڕاوەکەی کرد کە چاک تیژ بوو. بەڵام بیرکردنەوە لە خوێنڕشتن حەپەساندی:

«ڕەنگە ئەم مامۆستا بێشەرمە شەق و شڕ بکەم و دەری بکەم، بەڵام چ هەڵڵا و فەرتەنەیەک لە ڤێریر و تەنانەت مەڵبەندەکە بەرپا ئەبێ! پاش داخستنی ڕۆژنامەکەی فاڵکۆز، لە ئەنجامی هەوڵدانی مندا، کارە شەشسەد فرانکیەکەی لە دەست چوو. ئەڵێن سەر و سەکوتی ئەم نووسەرە بێ هونەرە دیسانەوە لە بزانسۆن پەیدا بووە. ئەم کابرایە ڕەنگە زیرەکانە بمداتە بەر تەوس و پلار و وەهاش بکات کە نەتوانم پەلکێشی بکەم بۆ دادگا! ئەو لە کوێ و بانگکردنی بۆ دادگا لە کوێ!... ئەگەر ڕۆژێک بچم بۆ سەفەر ئەبێ ناوی خۆم بگۆڕم. ئەوە ئەڵێم چی! دەست لەو ناوە هەڵگرم کە مایەی توانا و شانازیمە؟ ئەی لەو تاجی نەنگە!»

«ئەگەر ژنەکەم نەکوژم و بە ڕیسوایی لە ماڵەکەم دەری نەکەم، ئەو پوورەی بزانسۆنی چی سامان و دارایی هەیە بە هێوری ئەیکاتە دەستییەوە. ژنەکەشم ئەچێ بۆ پاریس و لەگەڵ ژوولیەن لەوێ ئەژی. شاری ڤێریر ڕووداوەکە ئەبێستێ و دیسانەوە وەکو مێردێکی هەڵخەڵەتاو چاوم لێئەکەن.»

کلۆڵی سیابەخت لە بینینی کاڵبوونەوەی ڕووناکی چراکە هەستی بەوە کرد کە هەوا وردە وردە ڕوون بۆتەوە. بۆ هەڵمژینی هەوای فێنک چوو بۆ ناو باخ. لەو کاتەدا، لێبڕابوو کە هیچ گۆڵمەزێک نەنێتەوە. هۆکەشی بە تایبەتی ئەمە بوو کە ڕیسوایی ئەم، دڵی دۆستانی لە ڤێریر شادمان ئەکات.

پیاسەی ناوباخ شڵەژانەکەی تۆزێ هێور کردەوە. هاواری کرد: «نەء، ناهێڵم دەستم لە ژنەکەم داببڕێت. ئەو لە ئەندازە بەدەر قازانجی بۆ من هەیە.» بە سەرسامی دیمەنی خانوەکەی هێنایە پێش چاوی، کاتێک کە ژنەکەی لێ نییە. تەنها خزمی «مارکیزز دو ڕ...»، ئەو پیرێژنە گەوجە بەدنیهادە بوو.

بیرێکی زۆر سوودمەند هات بە مێشکیا، بەڵام پێویستی بە ئەڤانێک بوو کە لە ئەڤانی سستی کابرای نەگبەت زۆرتر بوو. بە خۆی وت: «من خۆم ئەناسم. ئەگەر ژنەکەم ڕابگرم، ڕۆژێک هەر دێ قەڵسم ئەکات و منیش خۆم پێ ڕاناگیرێ و توانجی تێئەگرم. ئەویش لەخۆباییە. ئەبێ بە قڕەمان و هەموو ڕووداوکان ڕوو ئەدا، پێش ئەوەی میراتی پووری پێ بڕابێ. ئەوسا چەندە ئەبمە گاڵتەجاڕ! ژنەکەم مناڵەکانی خۆش ئەوێ و ئاخرەکەی هەموو شت ئەبێ بە هی ئەوان. بەڵام من ئەبم بە بنێشتەخۆشەی ڤێریر. ئەڵێن: سەیرە! نەیتوانی تەنانەت تۆڵە لە ژنەکەشی بکاتەوە! مەگەر وام بە باش نەزانی کە لە ڕادەی گومانلێکردن زیاتر نەچمە پێشەوە و زۆر لێی نەکۆڵمەوە؟ ئەوسا دەستی خۆم بەستووە و لە داهاتوودا ناتوانم تۆزێکیش سەرکۆنەی بکەم.»

تۆزێک پاشتر، جەنابی دورێنال کە دووبارە دفرەی برینداری بەدەست هێنایەوە و بە ئازارێکی فراوانەوە کەوتە بیری ئەو نوکتانەی لە هۆڵی بیلیاردی کازینۆ یان یانەی ئاریستۆکراتەکان ئەیانگێڕانەوە. ئەو کاتانەی کە فڕبازێک یارییەکەی ڕائەگرت و گاڵتەی بە کابرایەکی هەڵخەڵەتاو ئەکرد کە ژنەکەی لەگەڵ ئەم و ئەو ڕائەبوێرێ. لەمکاتەدا چەندە ئەو گاڵتانەی پێ ستەمکارانە و نائینسانی بوو!

«خوایە گیان! بۆ ژنەکەم نەمرد! چونکە ئیتر نەئەبووم بە مایەی گاڵتە و لۆمەی خەڵکی. بۆ نەبووم بە بێوەپیاو؟ ئەوسا بۆ

خۆم ئەچووم بۆ پاریس و شەش مانگ لە باشترین کۆڕ و کۆمەڵدا ئەمگوزەراند.» پاش ئەو ساتی بەختەوەری و دڵدارییە کە لە ئەنجامی مەرگی ژنەکەی‌دا خۆی تیا بینیبوو، بیری چوو بۆ لای ئەو کەرەسانەی کە بتوانێ بە هۆیانەوە ڕاستەقینەی ڕووداوەکە بدۆزێتەوە. ئەیتوانی پاش نیوەشەو پاش ئەوەی هەموو خەوتن مشتێک کەپەک لە پشت دەرگای ژوورەکەی ژوولیەن وەکو توێژێکی ناسک بڵاو بکاتەوە. بەیانیش سەیری بکات و بەرەنجامەکەی ببینێ.

لەپڕ بە ڕق و تووڕەییەوە هاواری کرد: «بەڵام ئەمە ناهێنێ. ئەم ئیلیزا نەگبەتە پێ ئەزانێ و ئەوەندەت نەزانی هەموو ئەزانن کە ئێرەیی من هاتۆتە جۆش.»

لە یەکێک لە چیرۆکەکانی کازینۆ، شوویەک بەم جۆرە لە بەدبەختییەکەی خۆی دڵنیا ببوو: دەرگای ژووری ژنەکەی و فاسقەکەی، وەکو لاک و مۆر، بە تۆزێ مۆم و تاڵێ موو بەستبوو.

پاش ئەو هەمووە دوودڵی و سەرگەردانییە، ئەم شێوازەی بۆ ڕوونکردنەوەی چارەنووسی خۆی، لە هەموو ڕێگەکانی تر بە باشتر زانی و بیری لەوە ئەکردەوە کە ئەم شێوازە بەکار بهێنێ. بەڵام لە هەمان کاتدا، لە پێچی یەکێک لە ڕێگەکانی ناو باخ چاوی بە ژنێک کەوت کە حەزی بە مردنی ئەکرد.

ژنە لە ناو دێوە ئەهاتەوە. بۆ بیستنی نوێژ چووبوو بۆ کلیسای ڤێرژی. سەربردەیەک کە لە ڕوانگەی فەیلەسووفێکی لەسەرخۆ جێگەی گومانە، بەڵام ئەم ژنە بڕوای پێی بوو. ئەڵێ کلیسای ڤێرژی کە ئەمڕۆ خەڵکی بەکاری ئەهێنن، پەرستگەی کۆشکی خوای ڤێرژی بووە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە خاتوو دورێنال ئەیویست لەم کلیسایە نوێژ بکات، ئەم ئەندێشەی لە سەر دەرنەئەچوو. بەردەوام وای ئەهات بە بیردا کە مێردەکەی، بە ڕێکەوت، ژوولیەن

لە کاتی ڕاودا ئەکوژێ و پاش ئەمەش، هەوڵ ئەدات کە شەو دڵی ژوولیەنی درخوارد بدات.

ژنە بە خۆی وت: «چارەنووسی من بەستراوە بەو بیرەی کە کاتی گوێگرتن لە قسەکانم بە مێشکیا دێ. ڕەنگە پاش ئەو ساتە نەگریسانە، ئیتر دەرفەتی ئەوەم نەبێ لەگەڵی بدوێم. کابرایەک نییە کە لۆجیک و ئاوەز تێبگات. ئەوسا بە یارمەتی ئاوەزی بێوازی خۆم ئەزانم بڕیاری چییە و ئەیەوێ چی بکات. ئەو بڕیارە چارەنووسی هاوبەشی هەردووکمان دیاری ئەکات و دەسەڵاتی ئەو کارە بەدەست ئەوە. بەڵام ئەم چارەنووسە پێویستی بە زیرەکی من و توانای من لە ئاڕاستەکردنی ئەم بوونەوەرە سەیرەدا هەیە. بوونەوەرێک کە ڕق و تووڕەیی چاوەکانی کوێر کردووە و ناهێڵێ نیوەی شتەکان ببینێ. خوایە! من پێویستم بە بەهرە و بە ئوقرە هەیە، من ئەمانە لە کوێ بهێنم.»

کاتێک کە پێی نایە ناو باخەکە، مێردەکەی لە دوورەوە بینی. ئەتوت هێزێکی جادوویی ئارامییەکی دەروونی پێ بەخشی. قژی بژ و جلی شپرزەی دەری ئەخست شەو نەخەوتووە.

نامەیەک کە لاک و مۆرەکەی شکابوو، بەڵام نووشتابوویەوە، دای بە دەست شووەکەیەوە. جەنابی دورێنال، بە بێ ئەوەی نامەکە بکاتەوە، بە نیگایەکی دێوانەئاسا ئەیڕوانییە ژنەکەی.

خاتوو دورێنال پێی وت:

ــ نامەیەکی نەنگینە و کابرایەکی ڕەزاگران کە گوایە تۆ ئەناسی و خۆی بە قەرزاری یارمەتی تۆ ئەزانێ، کاتی تێپەڕین لە پشت باخەوە دای بە دەستمەوە. جا منیش یەک داوام لێتان هەیە و ئەویش ئەوەی کە هەر ئێستە ئەم جەنابی ژوولیەن خانە بنێرنەوە بۆ لای کەسوکاری.

خاتوو دورێنال ناچار بوو لەم فەرتەنەدا ناوی ژوولیەن بهێنێ،

بەڵام بۆ ئەوەی خۆی لە دەست ئەو ناچارییە ڕزگار بکات، زۆر خێرا و ڕەنگە پێش کاتی خۆی ئەم ناوەی هێنا.

بە بینینی شادبوونی مێردەکەی، شادمانی خزایە هەناویەوە. لەوە گەیشت کە ژوولیەن باشی بۆچووە. لەبری ئەوەی خەم لەم قەیرانە ئاشکرایە بخوات، لای خۆی وتی کە ئەم جەوانەی، کە هێشتا هیچ ئەزموونێکی لە ژیاندا نییە، چ وشیاری و زیرەکییەکی بە برِشتی هەیە. بە چ پلەوپایەیەک بگات! بەڵام بە داخەوە لەو کاتەدا بە هۆی سەرکەوتن و کامەرانییەوە منی لە بیر ئەچێتەوە.

ئەم پەسنە کورتەی کابرایەک کە بەڕاستی ئەیپەرست، تۆزێ لەو هەژان و دڵەڕاوکەیە دووری خستەوە.

لەو کارەی خۆی زۆر شادمان بوو و بە حەزێکی شیرین و نهێنی بە خۆی وت: «جێی شانازییە کە شیاوی ژوولیەنم!»

جەنابی دورێنال لە ترسی ئەوەی نەکا خۆی تووش بکات، تەنها یەک وشەشی نەوت. ئارام و بێدەنگ خەریکی نامەی دووەمی بێ واژۆ بوو کە ئەگەر لەبیرتان بێ لە پێکەوە لکاندنی وشەی چاپی لە سەر کاغەزە شینەکە بەدی هاتبوو. جەنابی دورێنال شەکەت و ماندوو، بە خۆی وت: «خەڵکی بە هەموو جۆرێک پێم پێ ئەکەنن!»

«دیسانەوەش ئەبێ جنێو ببیسم و دیسانەوەش بە دەست ژنەکەمەوە!» لەوەدا بوو کە خەریک بوو دزێوترین جنێوی پێ بدات، بەڵام دوورنمای ئەو میراتەی لە بزانسۆن چاوەڕێی ئەکرد، بە توندی ڕێگەی پێگرت. لە ئەنجامدا بۆ ئەوەی ئەو ڕقە دژ و دڕەی بە شتێک برِژێنێ، ئەم نامە دووەمە بێ واژۆیەی لە ناو دەستیدا گرمۆڵە کرد و بە هەنگاوی بڵند کەوتە پیاسەکردن. پێویستی بەوە بوو لە ژنەکەی دوور بکەوێتەوە. پاش چەند ساتێک، بە ئارامییەکی زۆرترەوە هاتەوە بۆ لای ژنەکەی. خاتوو دورێنال دەسبەجێ وتی:

ــئێمە ئەبێ بڕیار بدەین و ژوولیەن بنێرینەوە. جگە لەمانەش بەچکە جووتیارێک بوو یان نەبوو. چەند دراوی ئەدەینێ و ئەبڕێتەوە. ئەوەتا خۆیشی زانایە و بە ئاسانی کاری دەست ئەکەوێ. با بڵێین لە ماڵی جەنابی ڤالێنۆ یان مۆژیرۆنی فەرماندار کە هەر کامیان چەند مناڵیان هەیە. بەمجۆر تۆ هیچ زیانێکت پێنەگەیاندووە.

جەنابی دورێنال یەک بە خۆی نەڕاندی:

ــڕێک وەک ژنێکی نەزان قسە ئەکەی. ئەبێ چاوەڕوانی چ ئاوەزێکی ناوازە لە ژن بکرێ؟ قەت بیرت لە شتی پەسەند کردۆتەوە؟ سستی و گوێنەدان، جگە لە ڕاوە پەپوولە دەرفەتی هیچکارێکتان پێنادا. ئەی ئەو بوونەوەرە لاوازانەی بەڕاگرتنتان قوڕمان کردووە بەسەر خۆمان‌دا.

خاتوو دورێنال نەیدا بە ناو قسەکانیدا و ئەویش ماوەیەکی باش قسەی کرد و وەک لەو ناوچە ئەڵێن، دڵی خۆی بەتاڵ کردەوە...

سەرەنجام بە شووەکەی وت:

ــجەناب، من وەکو ژنێک قسە ئەکەم کە ئابڕووی، واتە بەنرخترین سەرمایەیان بە فێڕۆ داوە.

خاتوو دورێنال لە تێکڕای ئەم گفتوگۆ دژوارەدا کە ئەگەری درێژەی ژیانی ئەو و ژوولیەن لە یەک شوێن‌دا پێوەی بەسترابوو، خۆڕاگرییەکی بێوێنەی لە خۆی پیشان دا. بە دوای ڕێگەیەکدا ئەگەڕا بۆ ئاڕاستەکردنی ڕق و تووڕەیی مێردەکەی لەبارتر بێ. بەرامبەر بە جنێو و سووکایەتییەکانی ئەو هەڵنەچوو. گوێی لەو شتانە نەبوو و لەو کاتەش‌دا بیری لە ژوولیەن ئەکردەوە: «تۆ بڵێی لێم ڕازی بێ؟»

سەرەنجام وتی:

ــئەم گوندییە کە ئێمە ئەو هەمووە چاکەمان لەگەڵ کردووە

و تەنانەت دیاریمان پێداوە، ڕەنگە بێتاوان بێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەو هۆکاری ئەو یەکەم جنێوەیە کە لە ژیان‌دا بیستوومە. جەناب! کاتێک کە ئەم نامە نەگریسەم خوێندەوە، پەیمانم دا یەکێک لە ئێمە، یا من یان ئەو، ئەبێ لەم ماڵە بڕۆین.

ــئەتەوێ گۆنگلێک ساز بکەیت کە هەم ئابڕووی من و هەم ئابڕووی خۆیشت ببەی؟ بەمکارەت خەڵکێکی زۆر لە ڤێریر شاد ئەکەیت.

ــڕاستە، خەڵکێکی زۆر بەو ڕێژەن و بەختەوەریەی لە سایەی توانا و زانایی تۆ، بە خۆت و بنەماڵەکەت و شاری ڤێریر گەیشتووە، ئێرەیی ئەبەن... زۆر چاکە! من ژوولیەن ناچار ئەکەم داوای پشوو بکات و بۆ مانگێک بچێ بۆ لای ئەو دارفرۆشە کێونشینە، کە هەڤاڵێکی شایستەی ئەم کوڕە کرێکارەیە، بمێنێتەوە.

جەنابی دورێنال بە دەنگێک کە بە ئەندازەی پێویست ئارام بوو، وتی:

تۆ هیچ کارێک مەکە. من پێم وایە باشترە تۆ قسەی لەگەڵ نەکەیت. ڕەنگە تۆ هەڵبچیت و نێوانتان تێک بچێ... خۆت ئەزانی ئەم لەتە جەنابە چەندە نازنازییە.

خاتوو دورێنال وەڵامی دایەوە:

ــئەم جەوانە تۆزێکیش تێگەیشتنی نییە. ڕەنگە زانا بێ و خۆت ئەمە ئەزانی، بەڵام کوڕە جوتیارێک زیاتر نییە. لەو ڕۆژەشەوە کە ئامادە نەبوو ئێلیزا بخوازێ، تەواو لەبەرچاوم کەوتووە... سامانێک بوو کە دەست کەوتبوو و بیانووەکەشی ئەوە بوو کە ئەو کچە بە دزییەوە زۆر ئەچێ بۆ لای جەنابی ڤالێنۆ.

جەنابی دورێنال کە لەڕادەبەدەر برۆی هەڵکشابوو، وتی:

ــئا، چی؟ ژوولیەن ئەمەی بە تۆ وت؟

ــنا، نا... ئەو هەمیشە باسی ئەو خولیا و تامەزرۆییە ئەکات

کە بەرەو پیشەی پیرۆزی قەشەیی ڕای ئەکێشێ. بەڵام بڕوا بکە بۆ ئەم خەڵکە بێ باو نیشانە یەکەم شت دەستخستنی پاروێک نانە. بە هێما و ئەماژە پێی ئەوتم کە بە باشی ئاگای لەم دیدارە نهێنیانە هەیە.

جەنابی دورێنال کە هەموو شێتگیرییەکەی سەری هەڵدابووەوە، وریا و بە پارێزەوە قسەی ئەکرد، هاواری کرد:

ــئینجا من... من... ئاگام لەم شتانە نییە. لە ماڵەکەی من شتی وا ڕوو ئەدات و من ئاگام لێی نییە. سەیرە! سەیرە!... پەیوەندی لە نێوان ئیلیزا و ڤالێنۆ هەبوو.

خاتوو دورێنال بە پێکەنینەوە وتی:

ــئای! گیانەکەم، ئەم چیرۆکە زۆر کۆنەیە. ڕەنگە شتێکی خراپ ڕووی نەدابێ. ئەم شتانە یادگاری ئەو خولەیە کە هەڤاڵە ئازیزەکەت جەنابی ڤالێنۆ پێی ناخۆش نەبوو لە شاری ڤێریر خەڵکی وابزانن کە ئەوینێکی ڕەسەنی ئەفلاتۆنی لە نێوان من و ئەودا هەیە.

جەنابی دورێنال کە بە تووڕەیی ئەیکوتا بە سەری خۆیدا و لە ڕازێکەوە بۆ ڕازێکی تر و لە نهێنییەکەوە بۆ نهێنییەکی تر ئەگەیشت، هاواری کرد:

ــڕۆژێک لە ڕۆژان گۆمانم لەوە کرد و تۆ لەم بابەتەوە هیچت پێ نەوتم.

ــجا چ پێویست بوو بۆ تاوێک خۆهەڵدان و خۆ گێڤ کردنەوەی بەڕێوەبەری لەمەڕ خۆمان، نێوانی دوو دۆست تێک بدرێ؟! کامە ژنی ناسراو هەیە کە هاتوچۆی کۆڕی خانەدانەکان بکات و جەنابی ڤالێنۆ چەند نامەی شۆخ و پڕ لە نوکتەی بۆ نەنووسیبێ!

ــبۆ تۆیشی نووسیوە؟

ــزۆر.

ــهەر ئێستە ئەو نامانەم پیان بدە. فەرمانت پێ ئەدەم کە ئەم نامانەم پیشان بدەی...

لەگەڵیشی شەش پا باڵای بەرز بوو. خاتوو دورێنالیش بە شێوەیەکی ئارام کە تا ڕادەیەک کەمتەرخەمی پێوە بوو، وتی:

ــمنیش نایدەم. بەڵام کاتێک کە هاتیتەوە سەر خۆت، خۆم بۆت ئەهێنم.

جەنابی دورێنال کە لە ڕقا مەست ببوو و لە دوانزە کاتژمێری ڕابوردوودا قەت ئەوەندە هەستی بە بەختەوەری نەکردبوو، هاواری کرد:

ــهەر ئێستە ئەمەوێ، مردوو مراو!

سوێند ئەخۆی لە سەر ئەم نامانە هەرگیز لەگەڵ بەڕێوەبەری هەژارخانە نەیکەی بە شەڕ؟

ــشەڕ بکەم یان نەیکەم، خۆ ئەتوانم هەتیوەکانی لێ بسێنمەوە.

ئەوسا بە تووڕەیییەکی زۆرترەوە هاواری کرد:

ــبەڵام من ئەم نامانەم هەر ئێستە ئەوێن. کوان؟ لەکوێن؟

ــوا لە یەکێک لە چەکمەجەکانی مێزەکەمدا... بەڵام بە مسۆگەری کلیلەکەیت نادەمێ.

جەنابی دورێنال غاری دا بەرەو ژووری ژنەکەی و وتی:

ــخۆ منیش ئەتوانم بیشکێنم.

ڕاستەکەشی، ئەو مێزە گرانبەهایەی لە گرێ کۆتەی ماهۆن بوو و لە پاریسەوە هێنرابوو، بە گوڵمێخێک هەڵتەقاند. هەمان ئەو مێزەی کە ئەگەر پەڵەیەکی لە سەر ببینیایە بە ئاتەکی چاکەتەکەی ئەیسڕییەوە.

خاتوو دورێنال، بە غار بە سەد و بیست پلیکانی کۆترخاندا سەرکەوتبوو و سووچی دەسڕە سپییەکەی ئەبەست بە یەکێک لە میلەکانی پەنجەرە ئاسنەکەوە. خۆشبەختترین ژنی سەر زمین

بوو. چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسک و لە هەمان کاتدا ئەیڕوانییە لێڕەوارە مەزنەکەی کوێستان. بە خۆی وت: «بێگومان، ژوولیەن لە بن یەکێک لەو سووره چنارە مەزنانە، چاوەڕێی ئەم نیشانەیە.» ماوەیەکی زۆر گوێی شل کرد، پاشان نەفرەتی لە قرمەی مەل و جریوەی سیسرک کرد. ئەگەر ئەم هەڵڵا ملۆزمە نەبوایە، قریشکەی شادی لەو شاخەوە ئەگەیشتە لای. چاوەکانی ئەم شیوە سەوز و بەربەرینە کە سەرپەلی دارەکان بەدییان ئەهێنا و وەک خەنەبەردیلەی تۆخ سەوزی ئەکردەوە، بە تامەزرۆیی هەڵئەلووشی. خاتوو دورێنال کە سەرتاپای شایی گەشکە دایگرتبوو، بە خۆی وت: «چۆن هەستی بەوە نەکردووە کە ئەبێ ئەماژەیەک بدات و بە من بڵێ کە شادمانی ئەویش لە هی من کەمتر نییە!» تەنها کاتێک لە کۆترخان دابەزی کە مەترسی ئەوەی ئەکرد مێردەکەی بێ بە دوای‌دا.

مێردەکەی بینی کە زۆر تووڕەیە. جەنابی دورێنال ڕستە بێ ئازارەکانی جەنابی ڤالێنۆ، کە قەت بە هەڵچوونەوە نەخوێنرابوونەوە، تێئەپەڕاند.

ئەو ساتەی کە نەڕە و سەرسووڕمانی مێردەکەی دەرفەتی قسەکردنی پێدا، هەلەکەی قۆستەوە و وتی:

ــمن دیسانەوەش لە سەر بۆچوونی خۆمم. باشتر وایە ژوولیەن بچێ بۆ سەفەر. چەندەش لە زمانی لاتین شارەزا بێ، دیسانەوەش گوندییەکی ڕەق و نەمرچە. هەر ڕۆژە و گوایە بە نرخی ڕێز و ئەدەب، قسە زل و کرێتەکانی ناو ڕۆمانێک بۆ من ئەڵێتەوە.

جەنابی دورێنال نەڕاندی:

ــژوولیەن هەرگیز ڕۆمان ناخوێنێتەوە. من لەم لایەنەوە دڵنیام. پێت وایە من خاوەن ماڵێکی ئەوەندە گەمژەم کە ئاگای لە

ڕووداوەکانی ماڵەکەی خۆیشی نەبێ؟!

ــزۆر چاکە! ئەگەر ئەم ڕستە گاڵتەئامێزەی لە شوێنێکدا نەخوێندبێتەوە، واتە خۆی سازیان ئەکات. کە وا بوو تازە خراپتریش!... بێگومان لە ڤێریر هەر بەم شێوازە باسی منی کردووە!...

خاتوو دورێنال بە دەنگێک وەکو بڵێی شتێکی تازەی دۆزیوەتەوە، وتی:

ــبا زۆر دوور نەڕۆین. بێگومان لە لای ئیلیزاش هەروا قسەی کردووە و ئەمەش وەکو ئەوە وایە کە لە لای جەنابی ڤالێنۆ ئەو قسانەی کردبێ.

جەنابی دورێنال بە زەبری یەکێک لە مشتەکانی کە هەرگیز نەبینرابوو، مێز و تەلاری لەراندەوە و هاواری کرد:

ــئەها! نامەی بێ واژۆی چاپی و نامەکانی ڤالێنۆ، کاغەزەکەیان یەک جۆرە.

خاتوو دورێنال لە دڵی خۆیدا وتی: «شوکری خوا کە ئاخرەکەی سەرکەوتنم بە دەست هێنا.»

ئیجا وای پیشان دا کە ئەم دۆزینەوەیە پشتی شکاندووە و بە بێ ئەوەی بوێرێ وشەیەکی تر بڵێت، ڕۆیشت و دوور لە مێردەکەی لەوسەری هۆڵەکە لە سەر قەنەفەیەک دانیشت.

لەوە بە دوا سەرکەوتن دابین کرابوو. بۆ ئەوەش نەکا شووەکەی شتێک بە نووسەری پێواری نامەی بێ واژۆ بڵێ، بە ناچار هەوڵێکی زۆری دا.

ــچۆن لەوە تێناگەی کە ئەگەر مرۆڤ بە ئەندازەی پێویست بەڵگەی بە دەستەوە نەبێ، مشتومڕ و قڕە لەگەڵ جەنابی ڤالێنۆ گەورەترین هەڵەیە؟ جەناب، خەڵکی ئێرەیتان پێ ئەبەن. کێ تاوانبارە؟ بێگومان تاوانی بەهرە و زانیاری تۆیە... بەڵێ، ئەڤانی

بەتوانای تۆ، بەو تەلارە ڕازاوانەی کە تۆ دروستتکردوون، بەو جیازییەی کە من لەگەڵ خۆم هێناومە و لە هەموو زیاتر، ئەو هەموو میراتە مەزنەی کە ئەتوانین لە ماڵی پووری دڵسۆزم بیهێنین. ئەو میراتەی کە خەڵکی بە زیادەوە باسی ئەکەن تۆی کردووە بە کەسایەتی یەکەمی ڤێریر.

جەنابی دورێنال بزەیەیەکی کاڵ نیشتە سەر لێوی و وتی:

ـ خانەدان بوونی منت لە بیر چوو!

خاتوو دورێنال بە پەلە دەستی پێکردەوە:

ـ تۆ یەکێکی لە بەرجەستەترین گەورەزادەکانی ئەم شارە. ئەگەر شا سەری بپەرژایەت و دەسەڵاتی هەبووایە، بە بێ قسە ئێستە لە ئەنجومەنی ئاریستۆکراتەکان دانیشتبووی... و زۆر شتی تریش. جا تۆ بەم پایە و پلە بەرزەوە ئەتەوێ ئێرەیی ئەو خەڵکە بجووڵێنی و بیانوو بدەی بە دەستیانەوە کە لە خۆڕا لێکدانەوەی هەڵیت و پەڵیت بکەن؟ گفتوگۆ لەگەڵ جەنابی ڤالێنۆ لە سەر نامەی بێ واژۆ وەکو ئەوە وایە کە مرۆڤ لە سەرانسەری ڤێریر، ئەڵێم چی، بزانسۆن و ناوچەکەدا هاوار بکەی کە: ئەم جەوانە بێ سەر و پا، کە ڕەنگە ڕێگەدانی لە ماڵی ڕێناڵ کارێکی ژیرانە نەبوو، هۆیەکی بۆ سووکایەتیکردن بەو پەیدا کردووە. ئەگەر ئەو نامانەی کە دۆزیوتەتەوە نیشانەی ئەوە بێ کە من وەڵامی ئەوینی جەنابی ڤالێنۆم داوەتەوە، ئەوسا ئەرکی سەر شانتە کە من بکوژی. من سەد جار شیاوی مەرگم. بەڵام نەخەڵەتێی تووڕەیی خۆت لە لای ئەو دەرببڕی! ئاگات لێبێ کە دراوسێکانی شەو و ڕۆژ بۆ بیانوویەک ئەگەڕێن تا تۆڵەی ئەم باڵادەست بوونە لە تۆ بسێننەوە. لە بیرت بێ کە ساڵی ١٨١٦ لە بەگرتدانی چەند کەس‌دا بەشدار بوویت. کابراکەی لە هەورەبانەکەی ئێوە خۆی شاردبووەوە.

جەنابی دورێنال بەو تاڵییەی کە ڕووداوێکی وا ئەیهێنێتەوە

بیر، هاواری کرد:

ــبیر لەوە ئەکەمەوە کە تۆ نە ڕێزت بۆ من هەیە نە خۆشەویستی... من بۆ ئەندامەتی پارلەمان دروست نەکراوم!

خاتوو دورێنال بە پێکەنینەوە وتی:

ــدۆستی ئازیز، وا بزانم دارایی من ڕۆژێک لە هی تۆ زیاتر ئەبێ. پێموابێ کە دوانزە ساڵە یار و هاوسەری تۆم و لە ئەنجامی ئەم پایەیەی کە ئەمڕۆ هەمە، هەقی ئەوەم هەیە لە کاروباری ئەم بنەماڵە و بە تایبەت ئەم بابەتەی ئەمڕۆ ڕا دەرببڕم.

ئەوسا بە ڕق و ڕاشکاوی کە گاڵتەیەکی شاراوەی پێوە دیار بوو، درێژەی دا:

ــئەگەر هی وەک ژوولیەن لە من بە گرنگتر ئەزانی. من ئامادەم بچم بۆ ماڵی پوورم و زستان لە لای ئەو بم.

ئەم قسەیە بە قورسی گوترا. هێزێکی تیابوو کە ئەیویست سەلارانە خۆی دەرببڕێ. ئەم قسەیە ڕێگەیەکی خستە بەرپێی جەنابی دورێنال. بەڵام جەنابی دورێنال وەک خووی خەڵکی شاری ،ماوەیەکی تریش هەر قسەی کرد. هەموو بەڵگەکانی هەڵشێلانەوە. ژنەکەی ڕێگەی پێدابوو با بۆ خۆی بڵێ. هێشتاش شۆپی تووڕەیی بە وتنەکانیەوە دیار بوو. سەرەنجام پاش دوو کاتژمێر چەلەحانێ، وزەی ئەو پیاوەی سەرانسەری ئەو شەوە تووشی هەڵچوون و هەژان ببوو، داهێزا. ڕێبازی داهاتووی خۆی دەربارەی جەنابی ڤالێنۆ و ژوولیەن و تەنانەت ئێلیزاش دیاری کرد.

لە ماوەی ئەم مشتومڕە گەورەیەدا، یەک دوو جار تا قۆناخی هەست و سۆز لە پێناوی کابرایەکی بەدبەختدا کە بەڕاستی ماوەی دوانزە ساڵ هاوسەری بوو، چوویە پێشەوە. بەڵام هەستی ڕاستەقینەی ئێمە لەخۆبایین. جگە لەمەش خاتوو دورێنال سات بە سات چاوەڕێی ئەوە بوو کە باسی نامەی بێ واژۆ بکات.

بەڵام ئاخرەکەشی ددانی پیانەنا. خاتوو دورێنال ئەبوایە لەوە دڵنیا ببێ کە ئەم نامەیە چ کاریگەرییەکی لە سەر بیر و هۆشی ئەو کابرا هەبووە کە دەسەڵاتی چارەنووسی ئەوی هەیە. چونکە لە شارستان، دەسەڵاتی بیروڕای گشتی بەدەست مێردەکانەوەیە. ئەو شووەی گلەمەند بێ، ئەبێتە مایە گاڵتەجاڕی؛ ئەو شتەی کە لە فەڕانسە، بەردەوام لە توندوتیژییەکەی دائەبەزێ. بەڵام ئەگەر مێردێک پارە بە ژنەکەی نەدات، وەکو ژنە کرێکارێکی لێ بەسەر دێ کە ڕۆژی بە چەند عانە کار ئەکات و سەرەڕای ئەمەش خەڵکی پاکداوێن لە دامەزراندنیان‌دا تووشی دڕدۆنگی ئەبن.

کەنیزی کڕدراوی ناو حەرەم ڕەنگە بە دڵ سوڵتانی خۆش بوێ. سوڵتان توانایە و ئەویش هیچ هیوایەکی بەوە نییە کە بە فێڵ و فریوی ژنانە دەسەڵاتی لە دەست دەربهێنێ. تۆڵەی خودان دژوار و بێبەزەیی بەڵام تۆڵەیەکی جەنگی و مێرانەیە: زەبری خەنجەرێک و کار تەواو. بەڵام لە سەدەی نوزدەدا مێرد، ئەوە سووکایەتیکردنی بیروڕای گشتیە کە ژنەکەی ئەکوژێ؛ ئەم کارەش لە ڕێگەی داخستنی دەرگاکانی هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکەوە بە ڕووی ژنەکەی‌دا ئەکات.

کاتێک کە خاتوو دورێنال گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، هەستی بە مەترسی کردن لە ناخی‌دا وروژابوو. لە بینینی ژوورەکەی بەو شپرزەییە دڵی گوشرا. قفڵی هەموو مجرییەکان شکابوو و چەند تەختەی تەختی ژوورەکە هەڵکەنرابوو. بە خۆی وت: «ئەگەر گیری لێ ئەهێنام هیچ بەزەیی پێمدا نەئەهاتەوە. بزانە ئەو تەختانەی کە ئەو هەمووە حەزی لێیان بوو، چۆن هەڵتەقاندووە! ئەگەر یەکێک لە مناڵەکانی خۆی بە پێڵاوی قوڕاوییەوە بە سەریا بڕۆیشتایە، لە ڕقا سوور هەڵئەگەڕا، کەچی ئێستە وای تێک داوە کە تازە چاک نابێتەوە.» بینینی ئەو توندوتیژییە، بە خێرایی ئەو پەشیمانییەی

کاڵکردەوە کە بە هۆی سەرکەوتنەوە هەستی پێکردبوو.

ژوولیەن تۆزێک پێش زەنگی نانی نیوەڕۆ لەگەڵ منداڵەکان گەڕایەوە. کاتی دێسر، کاتێک کە خزمەتکارەکان چوونە دەرەوە، خاتوو دورێنال بە دەنگێکی فەرمی پێی وت:

ــتۆ لە لای من وتت حەز ئەکەی بچی بۆ ڤێریر و پانزە ڕۆژ لەوێ بمێنیتەوە. جەنابی دورێنال ئەم داواکارییەی پەسەند کردووە و کەی پێت خۆش بێ ئەتوانی بڕۆی. بەڵام بۆ ئەوەی کاتی منداڵەکان بەفیڕۆ نەچێ، ڕاهێنان و وەرگێڕانی منداڵەکان هەموو ڕۆژێک ئەنێردرێ بۆ ئەو شوێنەی لێی ئەبی.

جەنابی دورێنال بە دەنگێکی توند و ڕقاوی وتی:

ــمسۆگەر زیاتر لە حەفتەیەکیش مۆڵەت وەرناگری.

ژوولیەن ئەو هەژانە بەئازارەی لە ڕوخساری‌دا بینی و لەو یەک ساتەدا کە دەستیان کەوت، بە خۆشەویستەکەی وت:

ــهێشتا هیچ بڕیارێکی نەداوە.

خاتوو دورێنال بە خێرایی هەموو ئەوەی لە بەیانییەوە ڕووی دابوو، بۆی گێڕایەوە و بە پێکەنینێکی شۆخەوە وتی:

ــوردەکارییەکانیشی بۆ شەو!

ژوولیەن لە دڵی خۆی‌دا وتی: «ئائەمەیە لاساریی ئافرەت! چ چێژێک، کامە ڕەمەک هانیان ئەدا فێڵمان لێبکەن؟»

ئەوسا بە دەنگێک کە سارد بوو پێی وت:

ــوەک ئەبینم ئەوین لە یەک کاتدا هەم بینای کردوویت و هەم نابینا! ڕەفتاری ئەمڕۆتان مایەی شانازیی بوو. بەڵام ئایە ئەوە کارێکی ژیرانەیە کە ئەمشەو یەکدی ببینین؟ داروبەردی ئەم ماڵە لێمان بووە بە دوژمن. لانیکەم ئەو ڕقە توندەی ئیلیزا لە بەرچاو بگرە، کە لە منی هەیە!

ــئەو کینەیە لەو خولیا ساردوسڕەی تۆ ئەچێ بەرامبەر بە

من.

ــگریمان ساردوسڕیش بم، بەڵام خۆ هەر ئەبێ لەو گێژەنە ڕزگارت بکەم، کە تۆم تێهاویشتووە؟ ئەگەر جەنابی دورێنال بە ڕێکەوت لەگەڵ ئیلیزا بدوێ، ڕەنگە تەنها بە یەک وشە هەموو شتێکی بۆ باس بکات. کێش چووزانێ کە ئامادە و چەکدار لە تەنیشت ژوورەکەی من خۆی نەشارێتەوە؟!

خاتوو دورێنال بەو دەعیەیەی لە کچانی ئاریستۆکراتیدا ئەبینرێ، وتی:

ــچی؟ تەنانەت جەربەزەشت نییە؟!

ژوولیەن بە ساردی وەڵامی دایەوە:

ــهەرگیز ئەوەندە دانابەزم کە باسی ئازایی و بوێری خۆم بکەم. ئەمە نیشانەی ئازایەتی نییە. با دنیا لە سەر کردەوەم داوەری بکات.

ئەوسا چووە پێشەوە، دەستی گرت و وتی:

ــناتوانی لە قووڵایی ئەوە بگەی کە تا چ ڕادەیەک بەستراوم بە تۆوە و چەندە شادمان ئەبم پێش ئەو دوورییە گیانکێشە، بێم و دەرفەت لە گوڵی دیدارت وەربگرم!

بەندی XXII

# ڕەوشت و نەریت لە ١٨٣٠

مرۆڤ توانای ئاخافتنی پێدرا
بۆ ئەوەی بتوانێ بیری خۆی بشارێتەوە.
(ر. پ. مالاگریدا)

ژوولیەن هێشتا نەگەیشتبوویە ڤێریر، خۆی دایە بەر ڕەخنە بە تاوانی ڕەفتاری بێبەزەییانەی بەرامبەر بە خاتوو دورێنال. «ئەگەر لە مشتومڕەکەی لەگەڵ خاتوو دورێنال بە هۆی لاوازییەوە شکستی بهێنایەت، بە ژنێکی نەزان و بێ کەڵکم دائەنا! ئەو وەک ڕامیارێک سەرکەوتوانە پەڕییەوە، کەچی من لایەنگری لە دۆڕاو ئەکەم، کە دوژمنی گیانمانە! دەمارێکی سستی لە مندا هەیە کە ئەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەکی وردە بورژوازی من. من لەوە ڕەنجاوم کە جەنابی دورێنال پیاوە! ئەو توێژە بەرین و بەناوبانگەی لەقەز منیش لەوانم! گەوج بە من ئەوترێ!»

قەشە شەلان، کە لە سەر کار لابرا، لە دەیریش دەریان کرد. ئەو خانووەش ئازادیخوازە هەر بەناوبانگەکانی شار بۆ لاساییکردنەوە پێیان دا، وەری نەگرت. دوو ژوور و کەلەگیەکی گرتبوو، کە بەس پەرتووکەکانی پڕی کردبوو. ژوولیەن بۆ ئەوەی واتای قەشەبوون بە خەڵک پیشان بدات، چوو بۆ کارگەی باوکی. دوانزە تەختەی سنەوبەری هەڵگرت و نای بە نەڕەی شانییەوە و لەمسەر تا ئەوسەری شەقامی گەورە بردی. ئامێری یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانی وەرگرت و یەک قەفەسەی وەک پەرتووکخانە بۆ

قەشە شەلان دروستکرد و پەرتووکەکانی تیادانا.

پیرەمێرد کە لە شادیدا ئەگریا، پێی وت:

ــ پێموابوو لە ئەنجامی لەخۆبایی بوونی ئەم دنیادا لەدەست چووبێتی. ئەم کارەت، لەبەرکردنی منالانەی یونیفۆرمە بە بریقوباقەکەتی شۆردەوە کە ئەو هەموو دوژمنەی بۆ تاشیبووی.

جەنابی دورێنال فەرمانی بە ژوولیەن دابوو کە لە ماڵی خۆیان بێ. هیچکەس گومانی بۆ ئەو ڕووداوە نەچوو کە قەومابوو. ژوولیەن سێ ڕۆژ پاش هاتنی بۆ ڤێریر، هاتنی کابرایەکی مەزنی بۆ ماڵی خۆی بینی کە خودی جەنابی دو مۆژیرۆنی فەرماندار بوو. ئەوسا پاش دوو کاتژمێر درێژدادڕی بێتام و شینگێڕان سەبارەت بەوەی کە خەڵکی خراپن، بەڕێوەبەران تەخشان و پەخشان ئەکەن و باری مەترسیداری فەڕانسەی ڕەبەن و زۆر شتی تر، هۆی ئەم چاوپێکەوتنە بۆ ژوولیەن ڕوون بوویەوە. ئەوان لە پلیکانەکان هاتبوونە خوارەوە و مامۆستای حەپەساو خەریک بوو پارێزگاری داهاتووی مەڵبەندێکی بەختەوەری بە ڕێزێکی تایبەتەوە بەڕێ ئەکرد. لەمکاتەدا، جەنابی پێی خۆش بوو ئاگای لە ژیان و بەختەوەری ژوولیەن بێت و پەسنی میانەڕەوی ئەوی کرد سەبارەت بە پارەپەرستی ئەوانی تر. جەنابی دو مۆژیرۆن ئاخرەکەی بە دارەتێک کە باوکانەترین دارەت بوو، لە ئامێزی گرت و پێشنیازی پێکرد کە جەنابی دورێنال بەجێ بهێڵێ و بچێتە ماڵی بەرپرسێک کە منالی هەیە و ئەیەوێ پەروەردەیان بکات. جا ئەویش وەکو فیلیپ شا، شوکری خوا ئەکات نە لەبەر ئەوەی ئەم منالانەی پێداوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی منالەکان لە بەردەست ژوولیەندا پەرورردە ئەبن. مامۆستای ئەم منالانە هەشتسەد فرانک مووچەی ئەبێ و، لەبەر ئەوەی مانگانە شیاوی خانەدانەکان نییە، ئەو مووچەیە سێ مانگ بە سێ مانگ و پێشەکی ئەدرێ بە

مامۆستا.

ئەمجار نۆرەی ژوولیەن بوو تا کاتژمێر و نیوێک بە وەڕەزی چاوەڕێی ئەوە بکات بەڵکو دەرفەتی قسەکردنی دەسبکەوێ. وەڵامەکەی ئەویش پوخت و بە تایبەت وەک فەرمانی قەشەیی ڕێسا و ڕەوازی خۆی هەبوو. هەموو لایەنێکی تیا نەخشێنرابوو و سەرەڕای ئەمەش هیچی نەئەدا بەدەستەوە. کەچی هەم ڕێزی ئەو بۆ جەنابی دورێنال و هەم خۆشامایی بە خەڵکی شار و هەم سپاسی جەنابی دو مۆژیرۆنی مەزنیشی تیا بوو. جا ئەم فەرمانداره‌ی تووشی ببوو بە تووشی یەکی لە خۆی فێڵبازترەوە پەلەقاژەی بوو وەڵامێکی ڕوون لە دەمی کوڕە ببیسێ. ژوولیەن کە ئاگای لە خۆی بڕابوو، ئەو دەرفەتەی بۆ ڕاهێنان و تاقیکردنەوەی ڕەوانبێژی دەستی کەوتبوو، بە هەل زانێ و سەرلەنوێ بە دەستەواژەی تر هەڵیدایەوە. تەنانەت لە هیچ دانیشتنێکی پارلەمانیش‌دا، هیچ وەزیرێکی فڕبازیش بۆ بەفیڕۆدانی دوا خولەکەکانی کات، کە ئەندامان وردە وردە لە خەو ڕائەبوون، وتارێکی وای نەداوە کە وەک ناوەڕۆک لەم وتارە بێ‌کاکڵتر و وەک درێژی لەم وتارە درێژتر بووبێ!

جەنابی دو مۆژیرۆن، هێشتا لە دەرگا نەچووبوویە دەرەوە کە ژوولیەن وەکو شێت دای لە قاقای پێکەنین. بۆ ئەوەش کە سوود لە بەهرەی فێڵبازانەی خۆی وەربگرێ، هەر ئەو کاتە نامەیەکی نۆ لاپەڕەیی بۆ جەنابی دورێنال نووسی و تیایدا هەموو ئەو شتانەی پێی وترابوو، نووسی و خاکەڕا و مل بەکوێن داوای ئامۆژگاری لە بەڕێزیان کرد! «سەرەڕای ئەمەش چون ئەو نەگریسە پێی نەوتم کە خاوەنی پێشنیازەکە کێیە، بەڵام ئەبێ جەنابی ڤالێنۆ بێ کە تەرەکردنی منی بۆ ڤێریر بە بەرەنجامی نامە بێ واژۆکەی خۆی زانیوە.»

نامەی فەرمی بەڕێکرا. ژوولیەن شادمان وەک ڕاوچییەک کە لە ڕۆژێکی خۆشی پایزدا، شەشی بەیانی، لە مێرگێکی پڕ لە پەپوولەدا خۆی ئەبینێتەوە، بۆ ڕاوێژکردن چوو بۆ لای قەشە شەلان. بەڵام بەر لەوەی بگاتە خزمەتی قەشەی پاکنیاز، گەردوون کە ئەیویست تەژی شادی کات، جەنابی ڤالێنۆی لە پێش پای سەوز کرد: ژوولیەن ئەوەی نەشاردەوە کە دڵی خوێنی لێئەتکێ. نەوهاڵێکی وەکو ئەو کە ژیانی منەتباری ئەو تۆزە بەهرەیە بوو کە خوا پێی بەخشیبوو. بەڵام لەم دنیا پەستەدا تەنها بەهرە بەس نییە. بەڵام بۆ ئەوەی وەکو باخەوانێکی لێهاتوو لە باخی خوادا کار بکەیت و نەبیتە هۆی نەنگی ئەو هەمووە زیرەک و زانایە، ئەبێ زانست فێر ببی. ماوەی دوو ساڵی بەڕاستی گرانبەها لە فێرگەی ئاینی بزانسۆن بخوێنێ. بۆ ئەم کارەش ئەبێ پارەیەک پاشەکەوت بکرێ. پاشەکەوتکردن لەو مووچەیەی کە هەشتسەد فرانکە و سێ مانگ بە سێ مانگ ئەدرێ، ئاسانترە تا لەو شەشسەد فرانکەی مانگانە ئەدرێ و ئەخورێ: بەڵام لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ئەوە ویستی خوا بوو کە ئەوی کردبوو بە هاودەمی مناڵەکانی ڕێنال و لەمەش گرنگتر تۆوی خۆشەویستی ئەو منالانەی لە دڵیدا چاندبوو، مەگەر نیشانەی ئەوە نەبوو کە دەستهەڵگرتن لەم فێرکردنە و گواستنەوە بۆ فێرکردنی کەسانێکی تر کارێکی پەسەند نییە؟!

ژوولیەن، لەم ڕەوانبێژی ووتاردانەدا، کە جێگەی خێرایی ڕاپەڕاندنی لە ئیمپراتۆریدا گرتۆتەوە، بە ئەندازەیەک شارازا ببوو کە خۆیشی لە تاودانەوەی قسەکانی خۆی بێزار بوو.

کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، یەکێک لە نۆکەرەکانی جەنابی ڤالێنۆی لە جلی دەقی نۆکەریدا بینی کە بانگهێشتنێکی بۆ نانی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بە دەستەوەیە و کون بە کون بە دوای ئەودا ئەگەڕێ.

ژوولیەن هەرگیز نەچووبوو بۆ ماڵی ئەم پیاوە، ڕێک چەند ڕۆژ بەر لەمە بیری لەوە کردبوویەوە خۆزگە بتوانێ بە بێ ئەوەی خۆی بدا بە دەست ئاسایشەوە، دارکارییەکی باشی بکات. هەرچەند میوانی بۆ کاتژمێر یەکی پاشنوەڕۆ بوو، وای دانا کە ئەگەر نیو کاتژمێر لە دوای نیوەڕۆ بچێ بۆ فەرمانگەی بەڕێوەبەری هەژارخانە، ڕێزێکی زیاتری لێئەگیرێ. بەڕێوەبەری هەژارخانەی بینی کە دامودەزگای دەسەڵاتی خۆی لە نێوان خەرمانێکی کارتۆن و کاغەزدا بڵاوکردۆتەوە. ڕیشی تۆپ و ڕەش و قژی زۆر و کڵاوی یۆنانی کە بە خواری لە سەری نابوو، قەننەیەکی زەلام، سۆلەی گوڵدۆزی کراو و زنجیری دەنک درشتی زێڕ حەمبەلی سینەی، چەپ بۆ ڕاست و ڕاست بۆ چەپ و هەموو ئەو دامودەزگایەی «پسپۆڕی دارایی» و شارنشینێک کە لە کاری ئەوین و ژن‌دا خۆی بە سەرکەوتوو ئەزانی، لە لای ژوولیەن هیچ سام و هەیبەتی نەبوو. بینینی ئەم شتانە زیاتر ژوولیەنی خستە بیری ئەو دارانەی کابرا پێی قەرزار بوو.

داوای لە بەڕێوەبەری هەژارخانە کرد شانازی بینینی خاتوو ڤالێنۆی پێ بدرێ. خاتوو ڤالێنۆ خەریکی جل لەبەرکردن و خۆ ڕازاندنەوە بوو و نەی ئەتوانی ئەو ببینێ. لە قەرەبووی ئەمەدا، شانازی ئەوە بە ژوولیەن بڕا کە جل لەبەرکردنی جەنابی بەڕێوەبەری هەژارخانە ببینی. پاشان چوون بۆ خزمەتی خاتوو ڤالێنۆ و خاتوون بە چاوی فرمێسکاوی مناڵەکانی پێ ناساند. ئەم خاتوونە کە یەکێک لە ئاریستۆکراتە گەورەکانی ڤێریر بوو، ڕوومەتێکی گەورە و پیاوانەی هەبوو کە بەم هۆیەوە بە سوورا و سپیاو داپۆشیبوو. لێرەدا زمانی سۆزی دایکانەی بە تەواوەتی خستەگەڕ.

ژوولیەن لە بیری خاتوو دورێنال‌دا بوو. سروشتی گوماناوی

ئەو جگە لە بەرامبەر ئەم جۆرە بیرەوەریانەدا کە ئەنجامی کۆکی و ناکۆکی بوو، هیچ شتێک کاری تێنەئەکرد. بەڵام لەو کاتەدا، لە ئەنجامی هەمان بیرەوەریدا، بە ڕادەیەک کەوتبوویە بن کاریگەرییەوە کە چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو. ئەم دارەتە لە ئەنجامی بینینی ماڵەکەی بەڕێوەبەری هەژارخانە بەهێزتر بوو. ماڵەکەی پێ پیشان درا: لەم ماڵەدا هەموو شتێک تازە و ناوازە بوو! نرخی شتەکانیشی پێ ئەوترا. بەڵام ژوولیەن لەم ماڵەدا شتێکی نەفرەتباری ئەبینی کە بۆنی شمەک و پارەی دزراوی لێئەهات. لە ڕوخساری هەموو کەس تەنانەت نۆکەر و کارەکەریش وا دەرئەکەوت هەوڵ ئەدەن شوێنی خۆیان لە بەرامبەر سووکایەتیدا بەهێز بکەن.

بەرپرسی کۆکردنەوەی باج، بەرپرسی دارایی گومرک، ئەفسەرێکی ئاسایش و دوو سێ کارمەندی پایەداری تر لەگەڵ ژنەکانیان هاتن و پاش ئەوانیش سەر و سەکوتی چەند کەس لە ئازادیخوازە دەوڵەمەندەکان لە ماڵی بەڕێوەبەری هەژارخانە پەیدا بوو. ڕایگەیاندرا نان ئامادەیە. ژوولیەن زۆر جاڕس بوو. لەپڕ وا هەستی کرد کە لەو دیو دیواری هۆڵی نانخواردن، گەدای ڕەبەن زیندانی کراون و لە جیرەی گۆشتەکەی ئەوان دزراوە و ئەم سفرە ڕازاوە و بێتامە بۆ بە شەوارەخستنی چاوی ئەو ڕێکخراوە.

لە دڵی خۆیدا وتی: ڕەنگە ئێستە برسی بن. گەرووی ئاخنرا. ئیتر نەی ئەتوانی هیچ بخوات و هیچ بڵێ. پاش چارەکێک دۆخەکە خراپتریش بوو. ناوبەناو دەنگی گۆرانییەک ئەهات کە یەکێک لە زیندانییە نەگبەتەکان ئەیخوێند. ئەبێ بڵێین گۆرانییەکەش هەو نەبوو و دزێویش بوو. جەنابی ڤالێنۆ سەیری یەکێک لە نۆکەرەکانی کرد کە بەرگی ڕازاوەی نۆکەری لەبەردابوو. نۆکەر ون بوو و ئەوەندەی پێنەچوو گۆرانیش بڕا. لەوکاتەدا خزمەتکارێک پێکێک

شەرابی «ڕاین»ی لە گلاسێکی سەوزدا دا بە دەست ژوولیەنەوە و خاتوو ڤالێنۆ لای گرنگ بوو بە ژوولیەن بڵێت کە ئەم شەرابە لەو شوێنەی کە دروست ئەکرێ، شووشەی نۆ فرانکە. ژوولیەن کە پێکە سەوزەکەی بە دەستەوە بوو، بە جەنابی ڤالێنۆی وت:

ــ ئەو گۆرانییە دزێوە ئیتر بەر گوێ ناکەوێ!

بەڕێوەبەری هەژارخانە بە دەنگێکی سەرکەوتوانە وتی:

ــ بەڵێ، مسۆگەر. دەمی ئەو بەرەڵایەم داخست.

ئەم قسەیە لای ژوولیەن زۆر دژوار بوو. ئەو ڕەفتارەی کە بۆ کارەکەی پێویست بوو فێر ببوو، بەڵام دڵی هێشتا گرفتاری ئەم پایە و پیشەیە نەببوو. سەرەڕای ئەو هەموو خۆگوڕانە، هەستی کرد دڵۆپێک فرمێسکی گەورە وا لە سەر گۆنای.

هەوڵیدا ئەم دڵۆپە لە پشت پێکەکەدا بشارێتەوە. بەڵام نەئەلوا کە چەند قومێک لەم شەرابی ڕاینە بخواتەوە. لە دڵی خۆیدا وتی: «خوایە! چۆن ئەو زوڵمە قبووڵ ئەکەی کە نەهێڵن زیندانی گۆرانیش بڵێت!»

خۆشبەختانە کەس ئاگای لەم سۆزە نابەجێیە نەبوو. بەرپرسی کۆکردنەوەی باج دەستی کردبوو بە خوێندنی سروودێکی شاپەرستانە. لە میانەی هەڵڵای سەروای ئەم سروودەدا، ویژدانی ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «ئەمەیە ئەو ئەو سامانە چەپەڵەی پێی ئەگەیت و تەنها بەو مەرجە و لەناو کۆڕێکی ئاوەهادا ئەتوانی چێژی لێوەربگری! ڕەنگە بگەیتە پلەیەک کە بیست هەزار فرانکیش داهاتی هەبێ، بەڵام هەمان کات کە تا گەروو خۆت پڕ ئەکەی لە گۆشت، پێویستە زیندانی نەگبەت لە گۆرانی وتن بێوەری بکەی! بەو پارەیەی لە بەشە زۆر کەمەکەی ئەو دزیوتە، سفرە ڕائەخەی و لەو کاتەدا کە تۆ لە سەر سفرەی ئەو دانیشتوویت، بەدبەختییەکەی ئەو ئەوەندەی تر زیاتر ئەبێ. ئای ئای ناپۆلیۆن! لە سەردەمی تۆدا

ڕۆیشتن بە ناو مەترسی جەنگ و دەوڵەمەند بوون چەندە شیرین بوو! بەڵام بە نامێری لە دەرد و غەمی هەژاران زیادکردن ئەبێ چ خۆشییەکی هەبێ؟!»

دڵنیام، ئەم زەبوونیەی ژوولیەن لەم گفتوگۆیەی لەگەڵ خۆی هەیبوو، زیانی پێ ئەگەیەنێ. ئەو شیاوی ئەوە بوو ببێ بە هاودەستی ئەو پیلانگێڕە دەسکێش زەردانەی ئەیانەوێ باری ژیانی وڵاتێکی مەزن بگۆڕن و پریشکێکیشیان بەر نەکەوێ.

ژوولیەن بە توندی بیری لە ڕاسپاردەی خۆی کردەوە لە شوێنێکی وەهادا. میوانکردنی ئەو بۆ نیوەڕۆ، لەم کۆڕە مەزنەدا بۆ ئەوە نەبوو بە ئارامی دابنیشێ و بیر بکاتەوە.

چاپگەرێکی خانەنشینی قوماشی بلوری، ئەندامی هاوتا لە پەیمانگایەکی بزانسۆن و هەروەها ناوەندێکی ئوزێس، لەو سەری مێزەکەوە هات بۆ ئەم سەری مێزەکە، تا لەگەڵی بدوێ و بۆی دەربکەوێ ئەو دەنگۆیانەی دەربارەی شارەزایی ئەو لە «ئینجیل» بڵاوبۆتەوە، ڕاستە یان نا؟

لەپڕ بێدەنگییەکی قووڵ کۆڕەکەی داگرت. ئەتوت لە ئەنجامی ئەفسوونی «سەردەمی نوێ» بە زمانی لاتین لە سەر دەستی ئەندامی کارای دوو کۆڕی زانیاری بەدی هات. لە درێژەی ئەوەدا کە ئەگەر لە هەر شوێنی پەرتووکەکە نیوە ڕستەیەک بە لاتین بخوێنرێتەوە، ژوولیەن درێژەی بابەتەکەی لەبەر خوێندەوە. بیری یار بوو و ئەم هەڵکەوتووە، بەو وزە خرۆشاوەی کە لە پاش نانخواردن لە ئارادایە، لە لایەن بەشدارانەوە ئافەرینی لێکرا. ژوولیەن ئەیڕوانییە ڕوومەتی گڕگرتوو و وەک پەڕەی گوڵی خاتوونەکانی کۆڕەکە و هەندێکیان خراپ نەبوون. ژنی باجگر خۆش دەنگ و لەوانی دی پێی باشتر بوو.

ڕوانییە ڕوخساری ئەم ژنە و وتی:

ـڕاستییەکەی لە وتنی ئەم هەمووە لاتینە لە خزمەتی ئەم خاتوونانەدا داوای لێبوردن ئەکەم. ئەگەر جەنابی ڕوبینیو (هەمان ئەندامی کۆڕی زانیاری) یارمەتی بکات و ڕستەکان بە لاتین بخوێنێ من هەوڵ ئەدەم بە کورتی و بە زمانی خۆمان بۆتان بڵێم.

ئەم تاقیکردنەوەی دوایی ناوبانگی گەیاندە ئەوپەڕی خۆی.


لەم کۆڕە چەند ئازادیخوازی ساماندار، بەڵام باوکانی بەختەوەری لێبوون کە منداڵەکانیان لێوەشاوەیی وەرگرتنی پارەی خوێندنیان هەبوو، واتە لە خولی دوایی «مژدەبەران»دا[٦٧]، بە بێ پێشەکی ببوون بە ئاینی. سەرەڕای ئەم تەڕدەستییە زیرەکانەیەش، جەنابی دورێنال تا ئێستە ڕێگەی ئەمانەی نەدابوو بۆ ماڵی خۆی. ئەم کەسە باشانە کە تەنها ناوبانگی ژوولیەنیان بیستبوو و تەنها ڕۆژی هاتنی شا بە سواری ئەسپ بینیبوویان، لە هەموو زیاتر چەپڵەیان بۆ لێئەدا. ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «ئەم گەوجانە کەی لە بیستنی ئینجیل کە وشەیەکیشی تێناگەن ماندوو ئەبن؟ بەڵام بە پێچەوانە غەوارەبوونی زمانەکە ببووە هۆی سەرگەرمییان، مایەی پێکەنینیان. بەڵام ژوولیەن ماندوو ببوو.

کاتێک کە زەنگی کاتژمێری شەش لێدرا، بە سەنگینی ڕابوو و سەبارەت بە بەشێکی تازەی گوتەی «لیگۆریۆ» دوا کە ئەبێ لەبەری بکات و بەیانی لە لای قەشە شەلان بیلێتەوە. ئەوسا بە دەنگێکی لەبەر دڵان وتی: چونکە کاری من ئەوەیە فێرخوازەکانم فێری لەبەرکردن بکەم، خۆیشم ئەبێ لەبەر بیانزانم.


دانیشتوان لە دڵەوە پێکەنین و چەپڵەیان بۆ لێدا. ئەمە بوو شێوازی باوی جەفەنگ لە ڤێریر. ژوولیەن هەڵسابووە سەر پێ. هەموو کەس هەرچەند پێویست نەبوو هەڵسا. ئەمەیە توانا و


---


٦٧ـ مژدەبەران: missionary کەس و دەستەی نێردراو بۆ بانگەشە و ڕاکێشانی لایەنگران بۆ دینەکەی خۆیان، بە تایبەت لە وڵاتی هەندەران.












دەسەڵاتی هەڵکەوتوو! خاتوو ڤالێنۆ چارەکێک ڕایگرت. پێویست بوو ژوولیەن گوێ لە وانەی «بنەمای دین»ی مناڵەکان ڕابگرێ. هەڵەی گاڵتەئامێز لە خوێندنەوەی مناڵەکاندا هەبوو کە تەنها ئەو هەستی پێکرد. هیچ هەوڵی بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە نەدا. بە خۆی وت: «وەرە سەرەتاکانی ڕێسای دین نەزانی!» کۆتاییەکەی ئێوارەباشی وت و پێیوا بوو ڕزگاری بووە، بەڵام ناچار کرا گوێ لە ئەفسانەیەکی لافۆنتن ڕابگرێ.

ژوولیەن بە خاتوو ڤالێنۆی وت:

ـ ئەم نووسەرە زۆر دەمپیسە. ئەفسانەیەکی هەیە دەربارەی حەزرەتی ژان شوار کە گاڵتەی بە هەموو شتێکی پیرۆز کردووە. باشترین ڕەخنەگرەکان بە توندی سەرزەنشتیان کردووە.

ژوولیەن، بەر لەوەی لە دەرگا بچێتە دەرەوە، لە لایەن چوار پێنجێکەوە بانگهێشتن کرا. میوانەکانی خاتوو ڤالێنۆ کە زۆر شادمان بوون، هەموو بە جارێک وتیان: ئەم جەوانە مایەی شانازی مەڵبەندەکەمانە. تەنانەت باسی ئەوە کرا بڕیار بدرێ هەندێ پارەی شارەوانی پێ بدرێ بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ درێژەدان بە خوێندن بچێ بۆ پاریس. کاتێک کە ئەم بیرە توندڕەوە لە هۆڵەکەدا دەنگی دایەوە، ژوولیەن خۆی گەیاندبوویە بەر پلیکانەی فایتوونەکە و لەو کاتەدا کە بە خۆشییەوە هەوای تازەی هەڵئەمژی، سێ چوار جاران لە بن لێوەوە وتی: پەستی خوێڕیانە! پەستی خوێڕیانە!

ژوولیەن کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ماڵی جەنابی دورێنال جگە لە بزەی تەوساوی و خۆگێف کردنەوەی لووتبەرزانە هیچی تری نەبینوو و ئەوەتا جەنابی ڤالێنۆ بەو شێوەیە خۆشامایی پێ

ئەکرد، خۆی بە ئاریستۆکراتێکی تەواو ئەزانی. کاتی ڕۆیشتن بە خۆی وت: «ئەگەر بێم و ئەوەش لە بیر بکەم کە پارەی زیندانییە ڕەبەنەکان ئەدزن و ڕێگە بە گۆرانی وتنیشیان ئەگرن، مەگەر جەنابی دورێنال هەرگیز نرخی ئەو شەرابەی ئەوت کە ئەیدا بە میوانەکانی؟ ئەم جەنابی ڤالێنۆ کە بەردەوام باسی مڵک و دارایی خۆی ئەکات، لەبەر چاوی ژنەکەی، بە بێ ئەوەی بڵێ ماڵەکەی تۆ و زەوییەکەی تۆ، مەگەر ئەوێرێ باسی خانوو و باخی خۆی بکات؟!»

ئەم ژنەی کە ئەوەندە تامەزرۆی مڵک و دارایی بوو، کاتی نانخواردن لەگەڵ خزمەتکارێک کە گڵاسێکی قاچدرێژی شکاندبوو و ستێکی دوانزەدانەیی گڵاسی لێ خراپ کردبوو کردی بە شەڕێکی دزێو و ئەم خزمەتکاریش زۆر بە بێشەرمی وەڵامی دابوویەوە.

ژوولیەن بە خۆی ئەوت: ئەی لەو کۆڕە!... چ دەستە و پاوەنێک!... ئەمانە ئەگەر نیوەی دزراوەکانیشیان بدەن بە من دیسانەوە لەگەڵیان ناژیم. ڕۆژێک ڕازی دڵم هەڵئەڕێژم و پەردە لە سەر خۆم هەڵئەدەمەوە، چونکە ناتوانم لە دەربڕینی ئەو نەفرەتەی لە دڵمدا ئەیوروژێنن، خۆم ببوێرم!

سەرەڕای ئەمەش بە پێی فەرمانی خاتوو دورێنال پێویست بوو لە چەند میوانی تری لەو بابەتە بەشداری بکات. ژوولیەن بوو بە باو! یونیفۆرمی تیپی ڕێزلێنان لە بیر برایەوە، یان بە گوتەیەکی تر، هەر ئەم کارە مەترسیدارەی بووە هۆی سەرکەوتنی. ئەوەندەی پێنەچوو باس باسی ئەوە بوو کە لە ململانێی نێوان جەنابی دورێنال و بەڕێوەبەری هەژارخانە لە سەر ژوولیەن، کامیان ئەیباتەوە. ئەم دوو مەزنە و جەنابی مالۆن حکوومەتێکی سێ چوکڵەیان پێکهێنابوو کە ساڵەها بوو بە کەڵەگایی دەستی بەسەر شاردا گرتبوو. خەڵکی ئێرەییان بە سەرۆکی شارەوانی

ئەبرد. ئازادیخوازان چەندەها سکالآیان لە دەستی هەبوو. بەلآم جگە لەمانەش سەرۆکی شارەوانی پیاوێکی ڕەسەن و خانەدان بوو و دروستکرابوو بۆ ئەوەی سەرکردایەتی بکات. لە کاتێکا باوکی جەنابی ڤالێنۆ شەشسەد فرانک داهاتیشی بۆ کوڕەکەی بەجێ نەهێشتبوو. جەنابی ڤالێنۆ بە گەنجێتی جلێکی دزێوی سەوزی کاڵی لەبەر ئەکرد کە هەموو کەس بینیبووی. بەلآم پاش ماوەیەک دڵی بۆ ئەم جلانە سووتا و قۆناغێک هاتە بەرەوە کە خەڵکی بەخیلی بە ئەسپی نورماندی و زنجیری زێڕ و جلی پاریسی و ئەو بەختەوەرییەی ئێستەی ببەن.

ژوولیەن لە نێوان شەپۆلەکانی ئەم دنیا تازەیەدا، وای زانی کە پیاوێکی پاکی دۆزیوەتەوە. ئەم کابرایە ئەندازەزان بوو. ناوی گرۆ[٦٨] بوو و بە ژاکۆبون ئەژمێردرا. ژوولیەن کە بڕیاری دابوو وتەی ڕاست بەسەر زمانیدا نەیەت، ناچار بوو گومان لە جەنابی گرۆ بکات. بەستەکانی ڕاهێنانی منالآن لە ڤێرژییەوە گەیشت. ئامۆژگارییشی بۆ هات زیاتر سەردانی باوکی بکات. لەگەڵ ئەم بارە غەمگینە ئەژیا. بە کورتی زۆر باش خەریکی پینەکردنی ناوبانگی خۆی بوو کە لەپڕ، ڕۆژێک سەر لە بەیانی، بە سەرسووڕمانێکی سەیرەوە بە هۆی دەستێکەوە کە نرایە سەر چاوی، لە خەو داچڵەکا.

ئەو کەسەی بەو جۆرە لە خەو هەڵیساندبوو، خاتوو دورێنال بوو کە ئەو ڕۆژە هاتبوو بۆ شار. بە خێرایی بە پلیکاندا سەرکەوتبوو و منالەکانی لەگەڵ ئەو کەروێشکەی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، خەریک کردبوو و ساتێک زووتر لەوان گەیشتە ژووری ژوولیەن. ئەم ساتە ساتێکی شیرین بەلآم کورت بوو، کاتێک کە منالّ گەیشتن و ئەیانویست کەروێشکەکە بە ژوولیەن پیشان بدەن،

٦٨ـ Gros.

خاتوو دورێنال لەوێ نەمابوو. ژوولیەن، منالێش و کەروێشکیشی بەخێر هێنا و وای ئەزانی بنەماڵەی خۆی دۆزیوەتەوە. هەستی کرد منالەکانی خۆش ئەوێن و حەز ئەکا لەگەڵیان بدوێ. نەرمی و سادەیی و ڕەفتاری منالانەی ئەوانی لا سەیر بوو. پێویستی بەوە بوو هەموو ئەو ڕەفتارە سووک و بیرە دزێوانەی لە شاری ڤێریر باڵی بەسەر ژیانیدا کێشابوو، لە مێشکی خۆی بکاتە دەرەوە. ژیان لەم شارە ئاوێتەی ترس و مایەپووچی و مەیدانی ململانێی دارا و نەدار بوو. ئەوانەی کە ئەم بە میوانی ئەچوو بۆ ماڵیان، لە سەر سفرە شتی وەهایان ئەوت بۆ خۆیان مایەی سەرشۆڕی و بۆ بیسەر مایەی دڵ تێکەڵدان.

به خاتوو دورێنالی وت:

ــ ئێوەی خانەدان هەقتانە شانازی بە خۆتانەوە بکەن.

پاشان چیرۆکی ئەو هەموو میوانییەی کە بە ناچاریی چووبوو، بۆی ئەگێڕایەوە. خاتوو دورێنال بەم جۆرە وەڵامی ئەدایەوە: «کە وا بوو بووی بە ڕووناکی میوانییەکان!» و بە یادی سووراوەکەی خاتوو ڤالێنۆ کە هەموو ڕۆژێک ئەبوا بەکاری بهێنێ، چونکە چاوەڕێی ژوولیەن بوو، لە ناخەوە قاقای لێئەدا و ئەیوت:

ــ وا بزانم هەندێ نەخشە بۆ داگیرکردنی دڵی تۆ کێشراوە!

نانی نێوەڕۆ زۆر پڕبەدڵ بوو. هەرچەند منال بە ڕواڵەت ملۆزم بوون، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ ڕێگر نەبوون. منال چەندە لە بینینی ژوولیەن شادمان بوون. خزمەتکار پێیان وتبوون بۆ ئەوەی ببێ بە مامۆستای منالەکانی جەنابی ڤالێنۆ، دووسەد فرانک زیاتری پێدراوە.

کاتی نانخواردن، ستانیسلاس زاڤیە کە لە پاش نەخۆشی هێشتاش ڕەنگی تۆزێ مات بوو، لەپڕ لە دایکی پرسی کە کێرد و چنگاڵە زیوەکەی و ئەو پەرداخەی ئاوی پێ ئەخواتەوە، چەند

ئەهێنێ؟

ــبۆ ئەمە ئەپرسی کوڕم؟

ــئەمەوێ ئەمانە بفرۆشم و بیدەم بە جەنابی ژوولیەن بۆ ئەوەی لە ماڵی ئێمە بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی هەڵخەڵەتابێ.

ژوولیەن بە چاوانی پڕ لە فرمێسک مناڵەکەی ماچ کرد. کاتێک کە ژوولیەن ستانیسلاسی لە سەر ڕانی دانابوو و فێری ئەکرد نابێ وشەی ساویلکانەی لەو چەشنە بەکار بهێنێ کە لە لایەن خزمەتکارانەوە ئەگوترێ، بینی دایکی ستانیسلاس خەریکە ئەگری. کاتێکیش کە هەستی کرد خاتوو دورێنال چەندەی پێخۆشە، هەوڵیدا بە هێنانەوەی نموونەی پەسەند و زیندوو، کە ببێتە هۆی سەرگەرم کردنی مناڵەکان، واتای ساویلکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە.

ستانیسلاس زاڤیە وتی:

ــتێگەیشتم... ئەوە گەوجێتی قەلەڕەش بوو پەنیرەکەی لێکەوتە خوارەوە و ڕێوی فێڵبازیش بردی.

خاتوو دورێنال لە خۆشیانا شێت ببوو. مناڵەکانی تێر ماچ کرد. ئەمەش کارێک بوو کە ئەبوایە تۆزێک پاڵ بدا بە ژوولیەنەوە ئەگینا نەئەکرا.

لەپڕ دەرگا کرایەوە. جەنابی دورێنال بوو. ڕوخساری تووڕەی کەشێکی دژبەری پێکهێنا کە ئەو خۆشی و شادییەی تەراند. خاتوو دورێنال ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما. باش ئەیبینی ناتوانێ نکوڵی لە هیچ بکات. ژوولیەن دەسبەجێ هەلەکەی قۆستەوە و بە دەنگێکی زۆر بەرز چیرۆکی پەرداخەکەی گێڕایەوە کە ستانیسلاس ئەیەوێ بیفرۆشێ. ئەشیزانی کە ئەم چیرۆکە زۆر بە دڵی نابێ. جەنابی دورێنال، سەرەتا و بە گوێرەی ڕاهاتن، ئەوەندەی وشەی **زیو** بیست، ناوچاوی تێکنا. لۆجیکی ئەو ئەوە بوو: کاتێک کە باسی کانزایەکی بەنرخ ئەکرێ، مەبەست ئەوەیە ئەبێ پارەیەک لە

گیرفانی ئەو دەربهێنرێ.

بەڵام لێرەدا شتێکی لە زیو گرنگتر لە ئارادا بوو. کێشەی دڵپیسی و پەرەسەندنی بوو. ئەو بەختەوەرییەی کە لە نەبوونی ئەودا گیانێکی تازەی کردبوو بە بەری خێزانەکەی‌دا، بۆ ئەوە دروست نەکرابوو کە دژ بە کابرای لەخۆبایی دۆخەکە باش بکات. کاتێکیش ژنەکەی شێوازی دڵسۆزانەی ژوولیەنی لە فێرکردنی منداڵەکان‌دا بۆ باس ئەکرد، هاواری کرد:

ــ بەڵێ، بەڵێ ئەزانم. ئەیەوێ من لەبەر چاوی منداڵەکانم تاڵ بکات. بۆ ئەو ئاسانە سەد جار زیاتر لە من خۆشیان بوێ، کە لە ڕاستیدا خودانی ئەم ماڵەم. مەبەستی هەموو شت لەم چەرخەدا ئەوەیە کە دەسەڵاتی قانوونی ببێ بە دیاردەیەکی دزێو. قوڕ بە سەری فەڕانسە!

خاتوو دورێنال ڕانەوستا تا جۆری هەڵسوکەوتی مێردەی لێک بداتەوە، کاتێک کە ئەیتوانی دوانزە کاتژمێر لەگەڵ ژوولیەن پێکەوە بن، ئیتر چی ئەویست. ئەبوایە لە شار زۆر شت بکڕێ و وتیشی شێو لە کابارە ئەخۆن. مێردەکەشی چەندەی کرد و کۆشا ئەو هەر لە سەر قسەی خۆی بوو. منداڵیش لە بیستنی وشەی «کابارە» کە بەرماڵ بەکۆڵی مودێرنی ئێمە بەو خۆشییەوە ناوی ئەهێنا، شایگەشکە ببوون.

جەنابی دورێنال لە یەکەم کووتاڵفرۆشی ژنانە، ژنەکەی بەجێ هێشت و چوو بۆ بینینی هەندێ لە دۆستانی. کە گەڕایەوە لە بەیانی ڕووتاڵتر بوو. پێی وا بوو کە چیرۆکی ئەو و ژوولیەن دەنگۆی سەر زمانانە. لە ڕاستیدا هێشتا هیچکەس نەیهێشتبوو کە ئەو، بەشە توندەکەی قسەکانی ناو خەڵک ببیسێ. ئەوەی کە بە سەرۆکی شارەوانی ئەوترا ئەوە بوو کە ئایا ژوولیەن بە مووچەی شەشسەد فڕانکی لە ماڵی ئەو ئەمێنێتەوە یان پێشنیازە هەشتسەد

فڕانکییەکەی جەنابی بەڕێوەبەری هەژارخانە قبووڵ ئەکات؟

بەڕێوەبەری ناوبراو کاتێک کە لە کۆڕی ئاریستۆکراتەکان جەنابی دورێنالی بینی زۆر بە ساردی لەگەڵی جووڵایەوە. ئەم ڕەفتارە دوور لە وردبینی نەبوو. کاری سەربەهەوا و دوور لە پاریز لە شارستان زۆر کەمە؛ هەژانی هەست ئەوەندە دەگمەنە کە ناخی مرۆڤ ئەسمێ.

جەنابی ڤالێنۆ کەسێک بوو کە سەد فرسەنگ دوور لە پاریس بە «نەدیوبدی» ناوئەبرا و کەسێکی واش ڕەق و دڕە. ژیانی سەرکەوتووی لە ١٨١٥ـەوە، ڕواڵەتی جوانی بەهێز کردبوو. ئەکرێ بوتری لە بن فەرمانی جەنابی دورێنال‌دا، فەرمانڕەوای شار بوو. بەڵام چون زۆر چالاک بوو، شەرمی لە هیچ نەئەکرد. خۆی لە هەموو شت هەڵئەقورتاند. بەردەوام خولەی ئەهات. نامەی ئەنووسی، وتاری ئەدا، شەرم و حەیای لە بیر ئەبردەوە و نەی ئەویست خۆی بنوێنێ و گەیشتبوویە ئەو ئاستەی بەڕێوەبەرانی کلیسا بە ئەندازەی سەرۆکی شارەوانی ڕێزیان لێئەگرت. جەنابی ڤالێنۆ بە باشی بە بەقاڵەکانی ئەو ناوەی وتبوو: لە ناو خۆتان دووانم بدەنێ کە لە هەموو گەوجتر بن. بە پارێزەرەکانی وتبوو: دوو کەسم بدەنێ لە هەموو نەزانتر. بە پزیشکانی وتبوو: دوو کەسم بدەنێ لە هەموو پیاوخراپتر. کاتێکیش نوێنەری چوختی هەموو پیشەکانی کۆکردبوویەوە، پێیانی وتبوو: دەی با بڕۆین پێکەوە پاشایەتی بکەین!

ڕەفتاری ئەم جۆرە کەسانە جەنابی دورێنالی ئازار ئەدا. بەڵام سروشتی دڕی ڤالێنۆ بە هیچ شتێک بریندار نەئەبوو؛ تەنانەت بەدرۆخستنەوەی بەئاشکرای قەشە مالۆنی جەوانیش لێی کاریگەر نەبوو.

بەڵام لە میانەی ئەم کامەرانییەدا، جەنابی ڤالێنۆ ئەبوایە

هەڵوێستی خۆی بە ڕووداری لە شتە بچووکەکان‌دا بەهێز بکات، بەرامبەر بە ڕاستییە گەورەکان ـــ کە وەک خۆیشی ئەیزانی ـــ هەموو کەس بۆی هەبوو بیدا بە چاوی‌دا. ئەو ترسەی سەردانەکەی جەنابی ئاپرە کردبوویە دڵییەوە، هەڵسووڕانی کردبوو بە دوو بەرامبەر. سێ جار چووبوو بۆ بزانسۆن. لەگەڵ هەموو تەتەرێک چەند نامەی ئەنارد و چەندین نامەشی ئەنووسی و بە هۆی کەسانی نەناسراوەوە کە سەرەتای شەو ئەهاتن بۆ لای، بەڕێ ئەکردن. ڕەنگە هەڵەی کردبووبێ کە ببوویە هۆی لابردنی قەشە شەلان. چونکە ببوویە هۆی ئەوەی ڕێزی لە لای ژمارەیەک لە ژنانی ئاینخواز و پاکنەژادی شاری ڤێریر دابەزێ. ئەم کارە هەروەها ئەوی کردبوو بە پیاوی «فریلەر»ی بریکاری کاردیناڵ و هەموو ڕۆژێک کارێکی سەمەرەی پێ ڕائەسپارد. لەم کەین و بەینەدا بوو کە شادمانی نووسینی نامەی بێ واژۆ لەغاوی لەدەست سەند. جا بۆ ئەوەی گرفتارییەکی تریش بەم گرفتارییانە زیاد ببێ، ژنەکەی پێی وت ئەیەوێ ژوولیەن بهێنێ بۆ ماڵی خۆیان؛ بۆ؟ چونکە حەزی لووتبەرزانەی ئاوای پێخۆشە!

لەم هەلومەرجەدا، جەنابی ڤالێنۆ کێشەیەکی لە نێوان خۆی و ئەم هاوپەیمانە دێرینەی، جەنابی دورێنال‌دا ئەبینی کە ئەبوایە چارەنووسی هەموو شتێک ڕوون بکاتەوە. بۆی هەبوو جەنابی دورێنال بە قسەی ناخۆش هێرش بکاتە سەری. ئەمە کاری نەئەکردە سەری بەڵام ئەگەری ئەوەش هەبوو کە سەرۆکی شارەوانی نامە بۆ بزانسۆن و تەنانەت پاریسیش بنووسێ. بۆی هەبوو ئامۆزای ئەم یان ئەو وەزیر لە ڤێریر قوت ببێتەوە و هەژارخانەکەی لە دەست دەربهێنێ. جەنابی ڤالێنۆ بیری لەوە کردەوە لە ئازادیخوازەکان نزیک ببێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش چەند نەفەرێکیانی بانگکرد بۆ ئەو میوانییەی ژوولیەن لەبەر ئینجیلی بۆ خوێندنەوە. ئەلوا پارتی

ئازادیخواز لە بەرامبەر شارەواندا پشتیوانی لێبکات. بەڵام بۆشی هەبوو لەپڕ کاتی هەڵبژاردن بگات و ئەوەش ئاشکرا بوو کە هەژارخانە و دەنگی نەیار، دیاردەیەکی ناسازگار بوو. خاتوو دورێنال بەسەرهاتی ئەم تاکتیکەی باش زانیبوو. ڕۆژێک کە قۆڵی کردبوو بە قۆڵی ژوولیەندا و لە کۆگایەکەوە ئەچوو بۆ کۆگایەکیتر، بۆی گێڕایەوە و ئەو پیاسەیە وردە وردە بەرەو سەیرانگەی گشتی بردنی، ئەو دووانە چەندین کاتژمێر بە ئاسوودەیی ڤێرژی، لەم سەیرانگەیە کاتیان ڕابرد.

لێرەدا جەنابی ڤالێنۆ هەوڵی ئەدا خۆی لە بەربەرەکانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودانی پێشووی بپارێزی. بۆ گەیشتن بەمەش ڕەفتارێکی بێباکانەی گرتەبەر. هەرچەند ئەو ڕۆژە بەرەنجامی باشی هەبوو، بەڵام دوو ئەوەندە سەرۆکی شارەوانی تووڕە کرد.

خووی پارەپەرەستی جەنابی دورێنال لە لایەک و دفرەی لە لایەکی تر، کاتی چوون بۆ کابارە، دۆخێکی لاوازی بۆ دروستکردبوو، بە پێچەوانەش، مناڵەکانی هەرگیز خۆشتر و شادمانتر لەو کاتە نەبینرابوون. ئەو ناتەباییەی بە تەواوەتی تووڕەی کردبوو.

کاتی چوونە ژوورەوەی یانە بە دەنگێک کە ئەیویست سامێکی تیابێ، وتی:

ــوا دیارە لەناو خێزانەکەی خۆمدا زیادیم!

ژنەکەیشی لەبری وەڵام، بردییە سووچێکەوە و بۆی باسکرد کە دەرکردنی ژوولیەن کارێکی پێویستە. ئەو کاتە پڕ لە خۆشیانەی خاتوو دورێنال یارمەتی ئەدا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو پلانەی، ئەوا دوو حەفتە بوو هەوڵی بۆ ئەدا. ئەوەی کە ناخی سەرۆکی شارەوانی ئەهەژاند ئەوە بوو کە ئەیزانی جەنابی ڤالێنۆ وەکو «دز» دەست بڵاوە و هەموو خەڵک ئەزانن کە جەنابی دورێنال چەندە حەزی لە دراوی ئاسنە و لە پێنج شەش خولی باربۆکردن بۆ «برایانی

سەن جۆزێف» و «ئەنجومەنی مەریەمی پاکیزە» و «برایانی سەن ساکرەمەن» و کۆڕەکانی تریش، نەک هەر دەستی بەخشندە نەبوو، بەڵکو زۆریش ڕژد و دەسقوچاو بووە.

لە نێوان مەزنانی ڤێریر و دەوروبەری کە ناویان بە گوێرەی بەخشەکەیان لە پەڕاوی باربۆدا بە ڕیز نووسراوە، ناوی جەنابی دورێنال چەندەها جار لە خواری خوارەوە بوو. لەخۆڕا ئەیوت هیچی دەسناکەوێ، پیاوی ئاینی، لەم بوارەدا گاڵتە نازانن.

بەندی XXIII

## پەژارەکانی فەرمانبەران

بۆ ساڵێک ژیانی سەربەرز و مووچەی باش،
ئەهێنێ، چەند خولەکێک خۆمانەوو بکەین!
(کاستی)

دەبا ئەم پیاوە گچکەیە لەگەڵ ترسەکانی هەڵاوێرین: ئەو کە پێویستی بە گیانێکی سەرشۆڕ هەبوو، بۆ جوامێرێکی سەربەرزی بردە ماڵی خۆی؟ بۆ نازانێ چۆن خزمەتکارانی خۆی هەڵبژێرێ؟ شێوازی باوی سەدەی نۆزدە ئەمەیە کە ئەگەر بە خانەدانێکی شامێری هەستیار گەیشت، بیکوژێ، تەرەی بکات، فڕێی بداتە زیندانەوە یان وەها سەری داشۆڕێنێ کە وەکو گیانەوەرێکی گەمژە، لە زۆری غەم دڵی بتۆقێ. بەڕێکەوت، وا ڕێکەوتووە ئەوەی کە ئازار ئەچێژی هێشتاش جوامێرەکە نییە. قوڕبەسەری شارە بچووکەکانی فەڕانسە و حکوومەت هەڵبژاردن وەک حکوومەتی نیۆیۆرک لەمەدایە کە ناتوانن بوونی کەسانی وەکو خاتوو دورێنال لە بیر بکەن.

لە شارێکی بیست هەزار نەفەری، ئەمانە بیروڕای گشتی بەدی ئەهێنن. بیروڕای گشتیش لە وڵاتێکدا کە بەیاننامەیەکی هەیە، شتێکی ترسناکە. کابرایەک کە سروشتێکی مەزن و خوویەکی باڵای هەیە و، ئەگەر سەد فرسەنگ لێت دوور نەبوایە، بە هاوڕێت ئەژمێردرا، لە سەر بناغەی بیروڕای گشتی شارەکەت، بڕیار لە سەر تۆ ئەدا. ئەو بیروڕای گشتیەی کە دەستکردی دەستەیەک

گەوجە کە بە ڕێکەوت خانەدان و دەوڵەمەند و میانەڕەو لەدایک ببوون و قوڕ بەسەر ئەوەی کە ناوێک دەربهێنێ بۆ خۆی!

دەسبەجێ پاش نانخواردن، خێزان بەڕێ کرانەوە بۆ ڤێرژی. بەڵام ژوولیەن بینی دوو ڕۆژ دوای ئەوە گەڕانەوە بۆ ڤێریر.

هێشتا کاتژمێرێک تێنەپەڕیبوو کە سەری سووڕما لەوەی خاتوو دورێنال بابەتێکی لێ ئەشارێتەوە. بە بینینی ئەو قسەکانی لەگەڵ مێردەکەی ئەبڕی و وای دەرئەخست ئەیەوێ ئەو لەو ناوە نەمێنێ. ژوولیەن چاوەڕێی نەکرد دووبارە پێی بڵێنەوە. هەوڵیدا ڕەفتارێکی سارد و ئاگا لەخۆی هەبێ. خاتوو دورێنال هەستی بەمە کرد و لێی نەپرسی بۆ؟ ژوولیەن بیری کردەوە: «تۆ بڵێی بیەوێ یەکی دی لە جێگەم دابنێ؟ تا دوێنێ چەندە لەگەڵم گەرم و بەسۆز بوو! بەڵام کاری ئەم ئاغاواتە هەر ئەمەیە. ڕەفتاریان وەکو هی شاکانە؛ لە هەموو زیاتر ڕوو بەو وەزیرە ئەدەن کە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە ئەبینێ لە سەر کار لابراوە.»

ژوولیەن بینی لەو وتووێژەدا کە بە هۆی هاتنی ئەوەوە لەپڕ پچڕا، باسی تەلارێکی گەورە کرا کە هی شارەوانییە و خانوویەکی کۆنە بەڵام هەموو کەرەسەیەکی نوێی ئاسوودەیی تیا دابینە، بەرامبەر بە کلیسا و لە گەورەترین ناوەندی بازرگانی شاردایە. ژوولیەن لە خۆی پرسی: «ئەبێ چ خاڵێکی هاوبەش لە نێوان ئەم خانووە و فاسقی تازەدا هەبێ؟» لە گەرمەی ئەم غەم و خەفەتەدا، ئەم شیعرە جوانەی فرانسوای یەکەم، کە ئەو پێی وا بوو تازەیە، لەبەر ئەوەی تەنها مانگێک بەر لەمە خاتوو دورێنال فێری کردبوو، بەردەوام ئەوتەوە. خاتوو دورێنال، ئەو ڕۆژە، هەرکام لەم دوو دێڕەی بە چ سوێند و نەوازشێکەوە بە درۆ نەخوێندبوویەوە:

سۆزی ژن تا سەروەک خۆی نامێنێ
دێوانە ئەوەی جڕوا بە وەفای ژنان ئەهێنێ

جەنابی دورێنال بە عەرەبانەی پۆست چوو بۆ بزانسۆن. بۆ ئەم گەشتە لە ماوەی دوو کاژێدا بڕیار درا. زۆر شپرزە بوو. لە گەڕانەوەدا بەستەیەک، کە لە کاغەزی خۆڵەمێشیەوە پێچرابوو، هەڵدایە سەر مێزەکە و بە ژنەکەی وت:

ــ ئەمەش کارە جوانەکەی ئەو گەوجە!

کاتژمێرێک پاش ئەوە فەرمانبەری ڕێکلامی بینی کە ئەو بەستە گەورەی پێبوو. بە پەلە چوو بە دوای‌دا: «هەر ئێستە و لەو پێچەدا لە هەموو شت تێئەگەم.»

ئوقرەی لەبەر برابوو، لە پشت سەری فەرمانبەری ڕێکلام کە بە فلْچە پانەکەی سرێشی ئەدا لە پشت پۆستەرەکان، ڕاوەستا. هێشتا پۆستەرەکە نەلکابوو کە ژوولیەن ڕاگەیاندنی ئەو تەلارە گەورە کۆنەی بە وردەکارییەوە لە بەردەم خۆی‌دا بینی. ئەو تەلارەی زۆر جار لە گفتوگۆی جەنابی دورێنال و ژنەکەی باسی کرابوو و لە ڕێگەی مەزادەوە ئەدرا بە کرێ. بە گوێرەی ئەم ڕێکلامە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی شارەوانی دەست پێئەکا و تا کوژانەوەی مۆمی سێیەم بەردەوام ئەبێ. ژوولیەن بە تەواوەتی هیوابڕاو بوو. ئەیبینی کە ئەم دەرفەتە زۆر کورتە. کەی کاتی ئەوە هەبوو کە هەموو کڕیارەکان ئاگادار بکرێن؟ بەڵام جگە لەمانەش ئەم ڕاگەیاندنە کە ڕێکەوتەکەی هی پانزە ڕۆژ بەرلەمە بوو و ژوولیەن سەر تا پا لە سێ شوێنی جیاواز هەر هەمووی خوێندبوویەوە، هیچ شتێکی بە کەڵکی تیانەبوو.

چوو بۆ بینینی خانووەکە. دەرگاوان کە ئاگای لە هاتنی ئەو نەبوو، بە شێوەیەکی ڕازاوی بە هاوڕێکەی خۆی ئەوت:

ــ پەکوو! کات بەفیڕۆدانە. جەنابی مالۆن بەڵێنی پێداوە بە سێسەد فرانک ببێ بە خاوەنیماڵەکە و کاتێک کە سەرۆکی شارەوانی نەیهێشتبوو، لە لایەن فریلەری جێگری کاردیناڵەوە

بانگکرا بۆ کۆشکی کاردینال.

وا دیاربوو ژوولیەن ببوو بە ملۆزمیان چونکە ئەوەندەی ئەو دەرکەوت، ئیتر وشەیەکیان لێ نەبیسرا!

ژوولیەن لە هۆڵی مەزادەکە ئامادە بوو. ژمارەیەکی زۆر لە هۆڵێکی نیوەتاریک خڕببوونەوە، بەڵام لەم هۆڵە هەر کەس بە شێوەیەک ئاگای لەوی تر بوو. هەموو چاوەکان ئەیڕوانییە ئەو مێزەی کە ژوولیەن لە سەر دەورییەکی فافۆن سێ مۆمی زۆر کورتی بینی کە ئەگڕان. جاڕدەری مەزادەکە هاواری ئەکرد: سێسەد فڕانک!

کابرایەک بە ئەسپایی بەوەی تەنیشتی، کە ژوولیەن لە نێوانیادا وەستابوو، وت:

ـ سێسەد فڕانک! ئینسان شێت و هار ئەبێ! ئەم خانووە لانیکەم هەشتسەد فڕانک ئەهێنێ. ئەمەوێ بەشداری بکەم و نرخەکە سەرخەم.

ـ ئەمە وەکو تف هەڵدانە بۆ ئاسمان! لەوەی کە جەنابی مالۆن و جەنابی ڤالێنۆ و کاردینال و دو فریلەری ترسناکی جێگری و هەموو داروەستەکەی بکەی بە دوژمنی خۆت، چ قازانجێکت پێ ئەگا؟

یەکێک هاواری کرد:

ـ سێسەد و بیست فڕانک.

هاوڕێکەی وتی:

ـ گوێرەکە!

لەگەڵیدا ژوولیەنی پیشان دا و وتی:

ـ سیخوڕی شارەوان لاتەوە دانیشتووە.

ژوولیەن بۆ ئەوەی دەمکوتیان بکات، بە توندی ئاوڕی لێ دانەوە. بەڵام ئەو دو فڕانش کونتەییە ئیتر هیچ ئاگایان لەو

نەبوو. ئارامییان بووە هۆی ئەوەی ئەویش دامرکێتەوە. لەمکاتەدا دوا مۆمی کورت کوژایەوە و دەنگی کشاوی جاڕدەری مەزاد، خانووەکەی بۆ ماوەی نۆ ساڵ و بە بڕی سێسەد و سی فڕانک، دا بە جەنابی سەن ژیڕۆ سەرۆکی نووسینگەی پارێزگار.

ئەوەندەی سەرۆکی شارەوانی لە هۆڵەکە چووە دەرەوە، غەڵبەغەڵب دەستی پێکرد.

یەک ئەیوت:

ــشێتێتی گڕۆژۆ بوو کە سی فڕانک قازانجی بە شارەوانی گەیاند.

وەڵام درایەوە:

بەڵام جەنابی دو سەن ژیرۆ تۆڵەی خۆی لە گروژۆ ئەکاتەوە و بۆ حەوت باوکی ژیری ئەکا!

پیاوێکی کەتە لای چەپی ژوولیەنەوە ئەیوت:

ــلەو ئابڕووچوونە! من ئامادە بووم ئەو تەلارە بە هەشتسەد فڕانک بگرم بە کرێ بۆ کارگەکەم و، هێشتاش هەرزان بوو و سوودم لێ ئەکرد.

خاوەن کارگەیەکی گەنج و ئازادیخواز وەڵامی ئەدایەوە:

ــزۆر وایە! ئەوە نییە جەنابی دو سەن ژیڕۆ ئەندامی ئەنجومەنی قەشەکانە؟ ئەوە نییە چوار منالی یارمەتی خوێندن وەرئەگرن! بەڕاستی کە هەژارە و نەدارە! شارەوانی ڤێریر ئەبێ پێنجسەد فڕانک زێدەــمووچەی پێ بدات. ئەمەیە ڕاستییەکە!

سێیەمی وتی:

ــتف! ئەم سەرۆکی شارەوانییەی ئێمە سەیر بکە، نەیتوانی پێش بەم کارە بگرێ. سەرۆکی شارەوانی ڕەنگە شاپەرستێکی توندڕەو بێ، بەڵام دز نییە.

یەکی دی وتی:

ـدز نییه؟ نەخێر، دز وەک خۆی ئەبێ. مەگەر ئەم پارانە ناچێتە سندووقێکی هاوبەش و لە کۆتایی ساڵدا بەشی ئەکەن؟ فەرموو، ئەوەتا کوڕی سۆرێلیش لێرەیە. وەرە با بڕۆین.

ژوولیەن لەوپەڕی هەڵچوونێدا بۆ ماڵەوە چووەوە. خاتوو دورێنالی بینی ئەویش زۆر غەمگینە.

خاتوو دورێنال لێی پرسی:

ـلە مەزادەکە ئەگەڕێیتەوە؟

ـبەڵێ، خاتوون. ئەو شانازییەشم پێ بڕا بە سیخوڕی جەنابی شارەوان ناوم ببەن!

ـئەگەر بڕوای بە قسەکانی من بکردایە، ئەچوو بۆ سەفەر.

لەمکاتەدا جەنابی دورێنال دەرکەوت؛ مۆن! نیوەڕۆ لە بێدەنگیدا تێپەڕی و هیچ نەوترا. جەنابی دورێنال فەرمانی بە ژوولیەن دا لەگەڵ مناڵەکان بچێ بۆ ڤێرژی. سەفەرێکی غەمگین. خاتوو دورێنال دڵی شووەکەی دایەوە:

ـئازیز، ئەبێ لەگەڵ ئەم شتانە ڕابێین!

شەو، بە خامۆشی لە دەوری ئاگردان دانیشتبوون. قرچەی داری بە بڵێسە بیری ئەبڕی. لەو ساتە دەگمەنانە بوو کە لە بنەماڵەی زۆر یەکڕەنگدا ئەبینرێ. یەکێک لە مناڵەکان بە شادمانی هاواری کرد:

ـزەنگ لێ ئەدەن! زەنگی دەرگا! شارەوان هاواری کرد:

ـزۆر چاکە، ئەگەر جەنابی دو سەن ژیرۆ بێ و هاتبێ بۆ سپاس کردن، هەرچی بە دەممدا بێ پێی ئەڵێم. لەوە زیاتر تاقەتم نییە. ئەبێ سپاسی جەنابی ڤالێنۆ بکات کە ئەم کارەی بۆ جێبەجێکردووە و لەم ناوەدا من ناوم زڕاوە. ئەگەر دەستی ئەم ڕۆژنامە نەگریسە ژاکۆبونیانە بەم بابەتە بگات و «جەنابی نەوەد

و پێنج»ێکی[٦٩] ترم لێ دروست بکات، ئەوسا ئەبێ چی بکەم؟

لەمکاتەدا پیاوێکی زۆر قۆز کە ڕیشی ڕەشی تۆپی هەبوو، لە پاش خزمەتکارەکە هاتە ژوورەوە:

ــجەنابی شارەوان، من ئیل سنیۆر جرۆنیمۆم. جەنابی «لۆ شوالیە دو بۆوازی» شالیاری باڵوێزخانەی «ناپلۆلی»، کاتی ڕۆیشتن، ئەم نامەیەی دا بە من، کە بیدەمە دەستی بەڕێزتان.

جەنابی جرۆنیمۆ، سەیری خاتوو دورێنالی کرد و بە شادمانی وتی:

ــزیاتر لە نۆ ڕۆژ نابێ کە کەوتوومەتە ڕێ. جەنابی دو بۆوازی، ئامۆزای ئێوە و دۆستی میهرەبانی من ئەیوت، کە ئێوە زمانی ئیتالیایی ئەزانن؟

ڕووخۆشی ناپۆلی، ئەو شەوە غەمگینەی کرد بە شەوێکی زۆر شیرین و شاد. خاتوو دورێنال سوور بوو لە سەر ئەوەی بۆ شێو ڕایبگرێ. ئەوسا هەموو ماڵەکەی خستە گەڕ. ئەیویست بە هەر شێوەیەک بووە زیزبوونی ژوولیەن لەو ناتۆرەی سیخوڕە کە لێیان نابوو، لە دڵی دەربکات کە هەمان ڕۆژ دوو جار گوێی زرینگاندبوویەوە. جەنابی جرۆنیمۆ گۆرانیبێژی بەناوبانگ، هەم حەزی لە میوانی بوو و هەم خۆی هاودەمێکی ڕووخۆشی میوانی. ئەو دوو ئەدگارەی لە فەڕانسە زۆر لەگەڵ یەک کۆک نین. پاش شێوکردن گۆرانییەکی دووقۆڵی لەگەڵ خاتوو دورێنال خوێند. چیرۆکی موتورفەی گێڕایەوە. کاتژمێرێک پاش نیوەشەو، کە

٦٩ـ لە دادگایی کردنی بارتلێمی لە مارسەی، دادیار مێریندۆل کاتی خوێندنەوەی سزای بارتلێمی بە زاری باشووری فەڕانسە لە جیاتی Quatre_vingt_quinze «چوار بیست و پانزە» ئەڵێ Nonante_cinq «نەوەد و پێنج» کە هەر دووکی بە واتای نەوەدو پێنجە و لە ساتیری بارتلێمیدا بە ناوی جەنابی نەوەد و پێنج ناوبانگ دەرئەکات. سەیر ئەوەیە لە زۆربەی زمانەکان دا ئەگەر بڵێی «چوار بیست و پانزە» مایەی گاڵتەیە، بەڵام لە فەڕانسە ئەگەر بڵێی «نەوەد و پێنج» گاڵتەت پێ ئەکەن!

ژوولیەن باسی خەوی لەگەڵ منداڵەکان کرد، منداڵ وتیان نا و...
گەورەکەیان وتی:

ــبەس ئەم چیرۆکە!

جەنابی جرۆنیمۆ دەستی پێکردەوە:

ــئەم چیرۆکەیان، بەسەرهاتی خۆمە. هەشت ساڵ لەمەوبەر، سنیۆرینۆ، منیش وەک ئێوە هونەرخوازی پەیمانگای مووزیکی ناپڵ بووم؛ مەبەستم ئەوەیە کە هاوتەمەنی ئێوە بووم. بەڵام شانازی ئەوەم پێ نەبڕابوو، کوڕی شارەوانی بەناوبانگی شارە جوانەکەی ڤێریر بم.

ئەم قسەیە ئاهی شادی لە سینەی جەنابی دورێنال بەرزکردەوە و ڕوانییە ژنەکەی. گۆرانیبێژی جەوان شێوازی قسەکردنەکەی، کە مایەی پێکەنینی منداڵەکان بوو تۆزێک زیاتر گۆڕا و وتی:

ــسنیۆر زینگارلی[٧٠]، ئوستادێکی لە سنور بەدەر مۆن و توند بوو. لە پەیمانگا کەس خۆشی نەئەویست، بەڵام ئەو حەزی ئەکرد خوێندکارەکان وا خۆیان پیشان بدەن گوایە خۆشیان ئەوێ. من بە زۆری تا ئەو جێگەی بۆم بلوایە لە پەیمانگا ئەهاتمە دەرەوە. ئەچووم بۆ شانۆ بچکۆلەی سان کارلینۆ و لەوێ گوێم لە مووزیکێکی خۆش ئەگرت کە شیاوی خواکان بوو. بەڵام خوایە! ئەبوا چی بکەم تا هەشت دراو پارەی چوونە ژوورەوە دەستبخەم؟

سەیری منداڵەکانی کرد و وتی: «لەو پارە زۆرە!»

منداڵ پێکەنین.

ــسنیۆر جیۆڤانۆنە بەڕێوەبەری سان کارلینۆ، کاتی گۆرانی وتن گوێی لە دەنگم بوو و وتی: «ئەم منداڵە گەنجینەیەکە.» لەو کاتەدا شانزە ساڵان بووم. هات و پێی وتم: «دۆستی خۆم حەز ئەکەی داتمەزرێنم؟»

---

٧٠ـ Zingarelli

«چەندەم ئەدەنێ؟»

«مانگی چل دوکا؟... [٧١] واتە سەد و شەست فرانک. وامزانی دەرگای بەهەشتم لێکراوەتەوە. بە سنیۆر جیۆڤانۆنەم وت:

«بەڵام چۆن ئەتوانین وا لە سنیۆر زینگارلی بکەین لە کۆڵم ببێتەوە؟»

.«Lascia eraf a em»

کوڕە گەورەکە هاواری کرد:

ـ ئەم کارە لێگەڕێ بۆ من.

ـ وایە سنیۆری جەوان. ئەوسا سنیۆر جیۆڤانۆنە پێی وتم: «کوڕی خۆم، پێش هەموو شتێک ئەبێ گرێبەستێک بنووسین.» من پەڕەکەم واژۆ کرد. ئەویش سێ دوکای پێدام. هەرگیز ئەوەندە پارەم نەبینیبوو. پاشان پێی وتم ئەبێ چی بکەم. بەیانی ئەو ڕۆژە داوام کرد سنیۆر زینگارلی سامناک ببینم. خزمەتکارە پیرەکەی منی بردە خزمەتی.

«زینگارلی وتی: چیت ئەوێ بەرەڵڵا؟»

«پێم وت: مایسترۆ من لە گوناهی خۆم پەشیمانم. ئیتر بەسەر محاجەرەکاندا ناپەڕمەوە و ئیتر بەو جۆرە لە پەیمانگا ناچمە دەرەوە. ئەمەوێ تێکۆشانی خۆم بکەم بە دوو بەرامبەر.»

«ئەی بەرەڵڵا، ئەگەر لەوە نەترسابام کە خۆشترین دەنگێک ئەفەوتێنم کە تا ئێستە بیستوومە، بۆ ماوەی پانزە ڕۆژ لە ژوورێک زیندانیم ئەکردی و جگە لە نان و ئاو هیچم پێ نەئەدای.»

ـ وتم: مایسترۆ! ئەمەوێ ببم بە نموونەی پەیمانگاکەمان. بڕوا بفەرموو بەڕاستمە.» بەڵام داوایەکم لە مایسترۆی بەڕێز هەیە. ئەگەر کەسێک هاتە خزمەتتان و داوای کرد ڕێگە بدەن من لە دەرەوە گۆرانی بڵێم، ڕێگە مەدەن. داوای من ئەوەیە بفەرموون

---

٧١ ـ ducat، یەکەی پارە، لە ڤێنیسیا سکەی لێدرواوە، زێڕ و زیوی هەبووە.

ناتوانی ڕێگە بدەی.

ـ وتی: «کام دێوانە چەپەڵێکی وەکو تۆی ئەوێ. مەگەر من ئەهێڵم پەیمانگا بەجێ بهێڵیت و بڕۆیت؟ ئەتەوێ پێم پێبکەنی؟» پاشانیش ویستی شەقێکی مزرم تێهەڵدا، وتی: «بۆ دەرەوە، بۆ دەرەوە! یان ئامادەی نانی ڕەق و ئاوی زیندان بە!»


کاتژمێرێک پاش ئەوە جەنابی سنیۆر جیۆڤانۆنە هات بۆ خزمەتی بەڕێوەبەر و وتی: «هاتووم داوای خزمەتێک لە بەڕێزتان بکەم. هاتووم داوای جڕۆنیمۆ بکەم. ئەگەر ئەم زستانە لە شانۆکەی من گۆرانی بڵێت، بۆ بەهار کچەکەی خۆمی ئەدەمێ!»


سنیۆر زینگارلی پێی وت: «ئەم بەڕەڵڵایەت بۆ چییە؟ من ڕێگە نادەم و نایبینی. جگە لەمە ئەگەر منیش ڕێگە بدەم، ئەو هەرگیز پەیمانگا بەجێ ناهێڵێت و بڕوات. تۆزێ پێش ئێستە خۆی پێی وتم.» سنیۆر جیۆڤانۆنە گرێبەستەکەی دامەزراندنی منی لە گیرفانی دەرهێنا و بە سەنگینی وتی: «ئەوە گرێبەستەکەی، ئەوەش واژۆکەی.»

سنیۆر زینگارلی هەڵچوو و دەسبەجێ دەستی نا بە زەنگەکەدا و لە کاتێکا تەواو قوشقی ببوو، هاواری کرد: «جڕۆنیمۆ لە پەیمانگا دەرکەن!» ئەوان دەریانکردم و منیش لە خۆشیان قاقام لێئەدا. هەر ئەو شەوەش ئاریای دێل مۆلتیپیکۆم[72] خوێند. فسفس

---

٧٢ـ aria del Moltiplico ← ئاریا: aria (ئیتالیایی) موزیک ناو سۆلۆستران، تاکستران، هەوای موزیک، ئاوازە مێلۆدییەکی هێدی و لەسەرخۆ لە ئۆپێرا و ئۆراتۆریا و کاندانتەدا، کە ئۆپێراچڕ بە هاویاری ئۆرکێسترا بە شێوەی مۆنۆلۆگ پێشکەشی ئەکات. پێشتر ئاوازێکی ئەڤینئاوێز بووە کە بە شێوازێکی ڕەنگین ڕەنج و پەژارەی ئەنواندەوە، لە دوو بەش پێکهاتبوو بەڵام بە شێوەی A–B–A پاتە ئەبوویەوە ← بەو پێیە کە حەیران یان ئاریان بە واتای گێڕانەوەی چیرۆک و سەربردەی دڵداری بە موزیک، تەنها لە زمانی کوردیدا هەیە، وشەی ئاریا لە کوردییەوە چووەتە ناو زمانی ئیتالیایی. هەروەها سەرچاوەکان دەری ئەخەن کە سەرچاوەی ئەترووسکییەکان Etruscan کە شارستانیەتی ئەترووسکی Etruscanی ئیتالیای لە










پاڵەوان(٧٣) ئەیەوێ ژن بهێنێ و ئەو شتانەی بۆ ماڵەکەی پێویستێتی بە پەنجە ئەیانژمێرێ، بەڵام ئەوەندەی خەریکە تەواوی بکات، لێی تێک ئەچێتەوە.

خاتوو دورێنال وتی:

ـ ئای، جەناب! تکایە ئەم گۆرانییەمان بۆ بخوێنە.

جرۆنیمۆ گۆرانی وت و هەر هەموو ئەوەندە پێکەنین ئاو زایە چاویان. ئیل سنیۆر جرۆنیمۆ، کاتژمێر دووی پاش نیوەشەو، لە کاتێکا بە ڕەفتاری جوان و سروشتی میهرەبان و شادمانی ئەم خێزانەی کردبوو بە هۆگری خۆی، چووە سەر جێگا.

بەیانی ئەو ڕۆژە لە لایەن جەناب و خاتوو دورێنال، ئەو نامانەی بۆ جرۆنیمۆ لە دەرباری فەڕانسە پێویست بوو، پێی درا.

ژوولیەن وتی: «کە وا بوو فێل لە هەموو شوێنێک کاری خۆی ئەکا! سنیۆر جرۆنیمۆ بە شەست هەزار فرانک مووچەوە ئەچێ بۆ لەندەن. ئەگەر لێزانیی بەڕێوەبەری سان کارلینۆ نەبوایە، ئەو دەنگە ئاسمانییەی ڕەنگە تا دە ساڵی تریش نەناسرایەت و پەسن نەکرایە. لە هەق لا نەدەین، پێم باشترە مرۆڤ ببێ بە جرۆنیمۆ

---

٧٠٠ تا ٥٠ی پێش زایینی پێکهێناوە، لە کوردستانەوە چوون بۆ ئەوێ.

٧٣ـ فسفس پاڵەوان: Polichinelle نازناو پێرسۆنای پۆلیچنێل، کەسایەتییەکی کلاسیکی کۆمێدی ئیتالیاییە، لە سەدەی حەڤدەوە سەری هەڵدا و بە دەیان شێوە و شێوازی جۆراوجۆر لەیستۆکی لێ ساز کراوە، لە پاش ئەوەی سیلڤیۆ فیۆریلۆ Silvio Fiorillo لە پەرتووکی هونەری کۆمێدیا Commedia dell'arte le لە 1620دا ئەماژەی پێدا. پۆلیچنێل بە دەنگی جەماوەر و نوێنەرەوەی مرۆڤی بزۆز و هەڵسوور دانراوە کە ئەم لایەنەی هەندێ جار تا ڕادەی قەبەکردنەوە خۆی ئەنوێنێ، پۆلیچنێل بەو پێیەی کە لە لایەن دوو باوکەوە گەورە کراوە، بووە بە خاوەنی دوو کەسایەتی جیاواز و سەمەرە و تا ڕادەیەک قاپان و فسفس پاڵەوانی E Punchinello.

تاکوو ڕێنال. ئەم کابرایە بە ئەندازەی جەنابی دورێنال لە ناو کۆمەڵدا ڕێزی لێناگیرێ، بەڵام، غەمی «مەزاد»ی نییە و ژیانێکی شادمانی هەیە.

ژوولیەن لە بابەتێک سەری سووڕ ما بوو. ئەو حەفتانەی خۆی بە تەنها لە ماڵی جەنابی دورێنال لە ڤێریر ببوو، وەک خولێکی خۆش وا بوو بۆی. جگە لەو میوانیانەی بە هۆی ئەوەوە بەرپاکرابوو، هیچ شتێکی تر تووشی پەژارە و نەفرەتی نەکردبوو. مەگەر لەم خانووە چۆڵەدا نەی ئەتوانی بە بێ مڵۆزم و بە ئاسوودەیی بخوێنێتەوە، بنووسێ و بیر بکاتەوە؟ هەموو ساتێک لە خەونە پرشنگدارەکانی هەڵنەئەسا، بە هۆی پێداویستی ستەمکاری تێگەیشتن لە هەستەکانی ڕۆحی بەد و نزم و، بۆ فریودانی بە گوتار و کرداری درۆ.

«تۆ بڵێی بەختەوەری تا ئەم ڕادەیە لە من نزیک بێ؟» خەرجی ئەم جۆرە ژیانە زۆر کەمە. ئەتوانم بە حەزی خۆم ئیلیزا بخوازم یان لەگەڵ فۆکە ببم بە شەریک. بەڵام ئەو گەشتیارەی لە کێوێکی پڕ لە هەڵدێر سەرکەوتووە، لە سەر لوتکە دانیشتووە و چێژ وەرئەگرێ، گەر پێی بڵێن بۆ هەمیشە لە پشوودان بەردەوام بە، تۆ بڵێی دیسانەوەش هەر خۆشبەخت بێ؟!

مێشکی خاتوو دورێنال تووشی بیری نەگریس ببوو. سەرەڕای بڕیاری پێشووی، تێکڕای باسی مەزادەکەی بۆ ژوولیەن گێڕابوویەوە. بە خۆی وت: «واتە ئەو هەموو سوێندانەی منی لە بیر چۆتەوە؟»

خاتوو دورێنال ئەگەر گیانی مێردەکەی لە مەترسیدا بدیبایە، بێگومان گیانی خۆی لە پێناویدا بەخت ئەکرد. یەکێک لەو سروشە مەزن و ڕۆمانتیکە بوو کە ئەگەر کارێکی باشی لەدەست بهاتایە و نەیکردایە، وەها ژێوان ئەبوویەوە وەک لە تاوانێکی گەورە پەشیمان

بووبێتەوە. سەرەڕای ئەمەش ڕۆژانی تۆقێنەر لە پێش بوو، ئەو ڕۆژانەی کە نەی ئەتوانی نەخشی ئەو شادمانییە بێ سنوورە لە بیری خۆی بکاتە دەرەوە، کە ئەگەر لەپڕ ببێ بە بێوە و شوو بە ژوولیەن بکات، چەندە کامی شیرین ئەکات.

ژوولیەن مناڵەکانی ئەوی لە باوکیان زیاتر خۆش ئەویست و ئەوانیش سەرەڕای توندوتیژی دادگەرانەی ئەیانپەرست. خاتوو دورێنال ئەیزانی ئەگەر شوو بە ژوولیەن بکات ئەبێ لەم ڤێرژییە خۆشە بڕوات کە تا ئەو ڕادەیە سێبەری گەڵاکانی لا ئازیز بوو. ئەیبینی وا لە پاریس ئەژی و دیسانەوەش بە شێوازێک مناڵەکانی پەروەردە ئەکات کە هەموو کەس ئافەرینی لێ ئەکات. مناڵەکانی، خۆی و ژوولیەن هەر هەموویان تا ئەوپەڕی بەختەوەر بوون.

ئەمەیە ئەو دۆخە سەیرەی هاوسەرگیری سەدەی نۆزدە بۆمانی بەدیهێناوە! وەڕەزی ژیانی ژن و مێردی ئەبێتە هۆی تیابردنی ئەوین، کاتێک کە ئەوین بەر لە مارەبڕین هاتبێتە ئاراوە. سەرەڕای ئەمەش، بە گوتەی یەکێک لە فەیلەسوفەکان، ئەوانەی لەبەر دەوڵەمەندی ڕەنجی کارکردن شەکەتیان ناکات، ئەوەندەی پێناچی خۆشی ژیان وەڕەز و بێزاریان ئەکات، سەبارەت بە ژنیش تەنها ئەوانەی کە دڵیان زۆر ساردە، گیرۆدەی ئەوین و ئەوین نابن.

بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە وام لێئەکا لە کەسانی وەکو خاتوو دورێنال خۆش ببم. بەڵام لە شاری ڤێریر کەس نەی ئەبەخشی و سەرانسەری شار، بە بێ ئەوەی خۆی بزانێ، خەریکی باسکردنی بێئابڕووییەکەی ئەو بوون. سپاس بۆ ئەو ئەوینە ڕیسوایە، پایزی ئەو ساڵە خەڵک کەمتر وەڕەز بوون.

پایز و یەکەم حەفتەکانی زستان زوو تێپەڕین. بە ناچار جەنگەڵەکانی ڤێرژییان بەجێ هێشت. کۆمەڵی ئاریستۆکراتی ڤێریر

لەوەی کە ڕەخنە و نەفرینیان کار ناکاتە سەر جەنابی دورێنال، تووڕە ئەبوون. لە ماوەی کەمتر لە یەک هەفتەدا، هەندێ لەو دەمڕاستانەی کە حەزیان لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانەیە، ئاگری بێ بەزەییانەترین بە گومانیان لە ناخی جەنابی دورێنال‌دا داگیرسان، بە بێ ئەوەی لە ئاستی پەند و زمانپاراوی لابدەن.

جەنابی ڤالێنۆ کە بە پارێزەوە یاری ئەکرد، ئیلیزای لە ماڵە خانەدانێکی بەڕێز دامەزراندبوو، کە پێنج ژنی لێبوو. ئیلیزا لە ترسی ئەوەی نەکا زستان کاری دەست نەکەوێ، دوو لە سەر سێی ئەو پارەیەی داواکردبوو کە لە ماڵی سەرۆکی شارەوانی وەری ئەگرت. ئەم کچە، هەر لە خۆیەوە، ئەو بیرە جوانە هاتبوو بە مێشکی‌دا کە بۆ ڕازدرکاندن هەم بچێ بۆ خزمەتی قەشە شەلان، قەشەی پێشوو و هەم قەشەی تازە و چیرۆکی ئەوینی ژوولیەن موو بە موو بۆ هەردووکیان بگێڕێتەوە.

بەیانی گەڕانەوەی ژوولیەن بۆ شار، قەشە شەلان، کاتژمێر شەشی بەیانی، بانگی کرد و وتی:

ـ هیچت لێ ناپرسم. تکات لێئەکەم و ئەگەر پێویست بێ فەرمانت پێ ئەدەم هیچ بە من نەڵێی. چاوەڕوانی ئەوەم لێت هەیە لە سێ ڕۆژی داهاتوودا یان بچۆ بۆ فێرگەی خوێندنی ئاینی بزانسۆن یان بچۆ بۆ لای هاوڕێت فۆکە کە هەمیشە ئامادەیە چارەنووسێکی پرشنگدار بۆ تۆ بەدی بهێنێ. من پێشبینی هەموو شتێکم کردووە و هەموو پێداویستییەکیشم بۆ ئامادە کردوویت. بەڵام ئەبێ بکەویتە ڕێ و تاساڵێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ ڤێریر.

ژوولیەن هیچ وەڵامی نەدایەوە. سەبارەت بە دڵسۆزی قەشە شەلان، کە جگە لە هەموو ئەو شتانەش، خۆ باوکی نەبوو، بیری ئەکردەوە و لێی ئەکۆڵایەوە و لەوە ئەگەڕا کە ئایە دڵسۆزییەکانی شەلان بە ئەتک بزانێ یان نا؟

سەرەنجام بە قەشە شەلانی وت:

ـبەیانی ئەم کاتە شانازی ئەوەم ئەبێ جارێکی تر بێمەوە خزمەتی بەڕێزتان.

قەشە شەلان کە هەوڵی ئەدا بە زۆر خۆی بەسەر ئەم جەوانە منداڵەدا بسەپێنێ، زۆری وت. بەڵام ژوولیەن، ملکەچترین دارەتی بە خۆیەوە گرتبوو و دەمی هەڵنەپچڕی.

کۆتاییەکەی چووە دەرەوە و بۆ ئەوەی خاتوو دورێنال ئاگادار بکاتەوە، غاری دا بۆ لای. بەڵام بینی خاتوو دورێنال پەژارە دایگرتووە. شووەکەی بە ئاشکرا لەگەڵی دوا بوو. لاوازی سروشتی کەسایەتی کابرا، لە بن سێبەری دوورنمای میراتی بزانسۆن، وای لێکردبوو وەکو مرۆڤێکی پاک و بێگەرد سەیری ژنەکەی بکات. ئەو دۆخە سەیرەی لە بیروڕای گشتی ڤێریردا ئەیبینی، بە ژنەکەی وتبوو. خەڵک هەڵە بوون! کۆمەڵێک ڕژدی لەچەر خەڵکەکەیان بە هەڵەدا بردبوو. بەڵام ئاخرەکەی ئەبێ چی بکرێ؟

خاتوو دورێنال بۆ ساتێک ئەو ئەندێشە دابووی لە سەری کە ژوولیەن پێشنیازەکای جەنابی ڤالێنۆ قبووڵ ئەکات و لە ڤێریر ئەمێنێتەوە. بەڵام ئیتر ئەو ژنە سادە و ترسنۆکەکەی پار نەبوو. ئەوینی سووتێنەر و پەشیمانییە بەئازارەکانی مێشکی ڕوون کردبوویەوە. لەو کاتەوە کە گوێی لە قسەکانی مێردەکەی بوو، بە غەم و پەژارەوە بڕوای بەوە هێنا کە ئەبێ بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە لە دڵدارەکەی دوور بکەوێتەوە. «ژوولیەن کە منی نەبم، ئەکەوێتەوە داوی ئارەزووە بەرزەفڕەکانی، ئەو دارەتەی کە ئەگەر مرۆڤ هیچی نەبێ، زۆر ئاساییە تووشی ببێ. بەڵام من خوایە گیان! ئەو هەمووە داراییەم هەیە، کەچی هیچ سوودێکی بۆ بەختەوەری من نییە. لە بیرم ئەکات، بەو قۆزییەی دڵ ئەڕفێنی و دڵی ئەڕفێنن. ئاه! ئەی ژنەی نەگبەت، ناڵێنت لە چییە؟ خوا

گەورەیە. شیاوی ئەوە نەبووم پێش بە گوناهەکانم بگرم و ئەویش هۆش و ئاوەزی بردبووم. ئەو توانایەم هەبوو بە زۆری پارە بەسەر ئیلیزادا زاڵ ببم. چ کارێکی سادەتر لەمە هەبوو؟ تەنها بۆ ساتێکیش بیرم لێنەکردەوە. ڤرۆشەکانی دێوانەئاسای ئەوین کات و ناکاتی گرتبووم و ئێستەش ئەبێ ئاوا هەڵوەرێم!»

ژوولیەن کاتێک کە هەواڵی ترسناکی ڕۆیشتنەکەی خۆی دا بە خاتوو دورێنال، سەری لە شتێک سوورما! هیچ بەرەنگاربوونەوەیەکی نەبینی. خاتوو دورێنال بۆ ئەوەی نەگری، بە ئاشکرا گوشاری بۆ خۆی ئەهێنا.

ــهەڤاڵی خۆشەویستم، ئێستە پێویستمان بە خۆڕاگری هەیە.

چەپکێکی کەزیەی بڕی وتی:

ــنازانم چیئەکەم. بەڵام بەڵێنم پێبدە ئەگەر مردم، هەرگیز مناڵەکانم لە بیر نەکەی! هەر نەبێ، هەوڵ بدە وەک مرۆڤی باش پەروەردەیان بکەی. هەر کات شۆڕشێکی تر ڕووبدات، سەری هەموو خانەدانەکان ئەپەڕێنن. باوکی مناڵەکان ڕەنگە بە هۆی ئەو جوتیارەوە کە لە هەورەبانەکەمان کوژرا، کۆچ بکات. لە هەلومەرجێکی وەهادا ئاگات لە خێزانەکەی بێ. دەستت بدە بە من. خوا ئاگای لێت بێ، ئەی یاری گیانی! ئەمە دواین ساتەکانی ئێمەیە. هیوادارم پاش ئەم خۆبەختکردنە مەزنە، بتوانم ناو و ناوبانگم لە ناو خەڵکدا بکڕمەوە!

ژوولیەن چاوەڕێ بوو نائومێدی ببینێ. باری ئاسایی ئەم ماڵاواییە غەمگینی کرد.

ــنەء! من بەم جۆرە ماڵاواییە قایل نابم. من ئەڕۆم. ئەیانەوێ من بڕۆم. مەبەستی تۆش هەر ئەمەیە. بەڵام سێ ڕۆژ پاش ڕۆیشتن، بە شەو بۆ لات ئەگەڕێمەوە!

ژیانی خاتوو دورێنال سەرەوبن بوو. کە وا بوو ژوولیەن

بەڕاستی خۆشی ئەویست. چونکە بیری بینینەوە خۆبەخۆ هاتبوو بە مێشکی ژوولیەن‌دا! ئازاری تاڵی بوو بە یەکێک لە خۆشترین هەستەکانی شادمانی کە لە هەموو ژیانی‌دا بینیبووی. هەموو شتی لێ ئاسان بوو. ئارخایەن بوون لە دیداری دڵدار، هەموو غەم و پەژارەی دوا ساتەکانی جیابوونەوەی سڕییەوە. لە هەمان چرکەوە ڕەفتاری خاتوو دورێنال وەکو ڕوخساری نەجیبانە، تۆکمە و تەواو ئاسایی بوو.

جەنابی دورێنال لەمکاتەدا گەڕایەوە. ئاگای لە خۆی بڕابوو. سەرەنجام باسی نامەی بێ واژۆی بۆ ژنەکەی کرد کە دوو مانگ پێش ئێستە پێی گەیشتبوو:

ــحەز ئەکەم ئەم نامەیە ببەم بۆ کازینۆ و پیشانی هەموانی بدەم و بڵێم کە ئەمە ڤالێنۆی نەگریس نووسیوێتی! هەر ئەو کەسەی لە بەرەڵڵایی و وردەواڵەفرۆشی ڕزگارم کرد و کردم بە یەکێک لە پیاوە گەورەکانی ئەم شارە. بەم نامەیە ئاڕووی ئەبەم. پاشان دوێلی لەگەڵ ئەکەم. لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستانەدا خۆی پێ ڕاناگیرێ.

خاتوو دورێنال لای خۆی بیری کردەوە: «قوربانی خوا! خۆ ڕەنگە من ببم بە بێوەژن!» بەڵام هەر لە هەمان کاتیش‌دا وتی: «بەڵام ئەگەر من، ئەوەندەی کە لە دەستم دێت، ڕێگە بەم دوێلە نەگرم، ئەبم بە بکوژی مێردەکەم.»

بۆ کارکردنە سەر دفرە و لووتبەزی مێردەکەی، هەرگیز تا ئەم ڕادەیە پسپۆڕانە ڕەفتاری نەکردبوو. لە ماوەی کەمتر لە دوو کاتژمێردا بەوشتانەی ڕاستەوخۆ ئەهات بە بیری‌دا، بە مێردەکەی سەلماند کە ئەبێ لە هەموو کات زیاتر لەگەڵ ڤالێنۆ دۆستایەتی پیشان بدات و تەنانەت ئێلیزاش بهێنێتەوە بۆ ماڵەوە. خاتوو دورێنال پێویستی بە ئازایەتیەکی زۆر هەبوو بۆ ڕووبەڕوو




بوونەوە لەگەڵ ئەو کەسەی مایەی هەموو بەدبەختییەکانی بوو. بەڵام سەرچاوەی ئەم بیرە، ژوولیەن بوو.

سەرەنجام، پاش ئەوەی سێ چوار ڕێگەی جۆراوجۆر خرایە پێش پای جەنابی دورێنال، خۆی بیرێک هات بە مێشکیا، کە هەرچەند لە ڕوانگەی پارەوە زۆر بۆی گورچووبڕ بوو، بەڵام گەیشتبوویە ئەو ڕایەی کە لە گەرمەی ئەو دەنگۆ و ورتەورتەدا، مانەوەی ژوولیەن لەو شارە و وەکو مامۆستای مناڵەکانی ڤالێنۆ، ناخۆشترین شتە بۆ ئەوان. قازانجی مسۆگەری ژوولیەن لەوەدا بوو پێشنیازی بەڕێوەبەری هەژارخانە قبووڵ بکات. بەڵام بۆ ناوبانگی خاتوو دورێنال وا باش بوو ژوولیەن لە شاری ڤێریر بڕوات و بچێ بۆ فێرگەی ئاینی بزانسۆن یان فێرگەی ئاینی دیژۆن. بەڵام چۆن ئەتوانێ ژوولیەن بەمکارە ڕازی بکات؟ جگە لەمەش ژوولیەن لەوێ چۆن بژیایە؟

جەنابی دورێنال کە ئەیزانی دەست لە پارە بەردان نزیک ئەبێتەوە، زیاتر لە ژنەکەی نائومێدی دایگرتبوو. بەڵام، خاتوو دورێنال پاش ئەو گفتوگۆیە، وەها لە ژیان بێزار ببوو وەکو ئەوەی بڕێکی باش «تاتۆرە»ی[٧٤] خواردبێ. کەسێکی وا حەزی لە هیچ نییە و ئەگەر جووڵەیەکی کرد لەبەر ئەوەیە کە هێشتا توانای کاردانەوەی بە تەواوەتی لەدەست نەداوە. هەر بۆیە بوو لویی چواردە لە سەرەمەرگدا ئەیوت: «کاتێک کە پادشا بووم.» چ گوتەیەکی بەناوەڕۆک!

بەیانی ئەو ڕۆژە، چێشتەنگا، نامەیەکی بێ واژۆ گەیشتە دەستی جەنابی دورێنال. ئەم نامەیە بە ناشیرینترین شێواز

٧٤ـ تاتۆرە: stramonium ڕووەک ژەهر ڕووەکێکی ژەهرینە، گوڵێکی سپی گەورە و بەرێکی دڕکاوی ئەگرێت، بەرەکەی لە باینجان ئەچێت، ئەستوویەکی سڕکەری تێدایە، دەرمانی لێ دروستدەکرێت، بۆ نەخۆشی ئاژەڵ و پاتاڵ بەکاردێت.

نووسرابوو. هەموو دێڕێک دزێوترین جنێوی تیابوو کە پڕ بە پێستی بوو. بە بێ قسە لە لایەن بندەستەیەکی خوێڕییەوە نووسرابوو. ئەم نامەیە بیری دوێل لەگەڵ ڤالێنۆی هێنایەوە بیری. دەسبەجێ، جەربەزەی تا قۆناغی کردەوە چووە پێشەوە. تاق و تەنها لە ماڵ چووە دەرەوە و بۆ کڕینی دەمانچە چوو بۆ کۆگای چەکفرۆشی و فەرمانی دا کابرا هەرووددکی داگرێتەوە.

بە خۆی وت: «گریمان حکوومەتی توندڕەوی ئیمپراتۆر ناپۆلیۆنیش بگەڕێتەوە، من خۆ فرانکێکم نەدزیوە، کڵاوبەرداریم نەکردووە ئیتر بۆ ئەبێ بترسم؟ گەورەترین تاوانم ئەوەیە چاوی خۆم نووقاندووە. بەڵام ئەو هەمووە نامەم هەیە کە ڕێگەی پێداوم ئەو کارە بکەم.»

خاتوو دورێنال لەو تووڕەییە قووڵەی مێردەکەی ترسا. ئەم تووڕەییە، وێنای ئەو بێوەژنە نەگریسەی بەو هەموو زەحمەتە لە مێشکی کردبوویە دەرەوە، دیسان زیندوو ئەکردەوە. لەگەڵ مێردەکەی چووە ژوورێک و چەندین کاتژمێر لەگەڵی دوا. بەڵام ئەم قسانە سوودی نەبوو. نامەی بێ واژۆ وای لێکردبوو لێ ببڕێ. سەرەنجام خاتوو دورێنال لەوەدا سەرکەوت کە جەربەزەی شەڕ لەگەڵ جەنابی ڤالێنۆ بگۆڕێتەوە بە شەشسەد فرانک کە بیدا بە ژوولیەن، بۆ یەکساڵ پێی بچێ بۆ فێرگەی ئاینی. جەنابی دورێنال، هەزار جار نەفرەتی لەو ڕۆژە کرد؛ ئەو ڕۆژەی کە بیری شوومی هێنانی مامۆستا دابووی لە سەری. نامەی بێ واژۆشی لە بیر بردەوە.

لە بەر ڕووناکی ئەو ئەندێشەدا کە بە ژنەکەی نەوت، تۆزێ دڵی حەسایەوە. هیوادار بوو لە سایەی لێهاتوویی و بە پەسنکردنی بیری ڕۆمانتیکی ئەم گەنجە، شووتی بداتە بن باڵی کە بە پارەیەکی کەمتر پێشنیازەکەی جەنابی ڤالێنۆ ڕەت بکاتەوە.

خاتوو دورێنال زۆر بە دژواری لە ژوولیەنی گەیاند کە ئەگەر

بە فسەی مێردەکەی ئەو بکات و پێشنیازە ئاشکراکەی بەڕێوەبەری هەژارخانە ڕەتکاتەوە، خۆبەخۆ وەکو ئەوە وایە کە پارەیەکی باشی لە گیرفانی بژاردبێتەوە.

ژوولیەن بەردەوام ئەیوت:

ــقەت قەت، تەنانەت بۆ چرکەیەکیش نەمویستووە ئەو پێشنیازە قبووڵ بکەم. من لە سایەی ئێوەوە زیاد لە پێویست لە ناز و ئاسایش‌دا ژیاوم. ڕەفتاری دڕ و ترۆی ئەم جۆرە کەسانە ئەمکوژێ.

پێداویستی ستەمکار بە پەنجەی ئاسنینی خۆی، ئەڤانی ژوولیەنی تێکشکاند. دفرەی وای پێئەوت کە بەخششەکەی سەرۆکی شارەوانی ڤێریر مەگەر وەکو وام، ئەگینا قبووڵ نەکات. سەبارەت بە دانەوەی ئەم پارەیەش بەڵگەیەک ئەنووسێ کە ئەم پارە لە پاش پێنج ساڵ و بە سوودەکەیەوە بداتەوە.

خاتوو دورێنال هێشتاش چەند هەزار فرانک پارەی هەبوو کە لە قەڵەشی ئەشکەوتەکەدا شاردرابوویەوە. لەو کاتەش‌دا کە لەرزی لێهاتبوو و ئەیدی ژوولیەن بە تووڕەییەوە لە وەرگرتنی پارەکە خۆی ئەپارێزێ، ئەو پارەیەی پێدا.

ژوولیەنیش وتی:

ــئەتەوێ بیرەوەری ئەوینەکەمان ڕەنگی نەفرەتی لێبنیشێ؟

سەرەنجام ژوولیەن لە شاری ڤێریر ڕۆیشت. جەنابی دورێنال زۆر شادمان بوو. لەو ساتە بڕیاردەرەدا کە پارەی وەرئەگرت، ئەم لەخۆبوردنە لای ژوولیەن زۆر گەورە بوو. ژوولیەن خۆی پاراست. جەنابی دورێنال بە چاوی فرمێسکاوی دەستی کردە ملی. کاتێکیش داوای بەڵگەنامەی پشتگری لێکرد، خاتوو دورێنال لە میانەی ئەو شەوق و هەڵچوونەدا، هیچ ڕستە و دەستەواژەیەکی نەئەدۆزییەوە کە شیاوی پەسن و پیاهەڵدانی ڕەفتار و کرداری

ژوولیەن بێ. قارەمانەکەمان پێنج لویی زێڕی[٧٥] پاشەکەوت کردبوو و ئەیوست ئەوەندەش لە فۆکە بە قەرز وەربگرێ.

بە تەواوی هەژابوو. بەڵام لە یەک فرسەنگی شاری ڤێریر، ئەو شارەی کە ئەو هەموو ئەوینەی لە ئامێزیا بەجێ ئەهێشت، ئیتر جگە لە چێژ و شادی بینینی پایتەخت، شاری مەزنی وەک بزانسۆن، بیری لە هیچی تر نەئەکردەوە.

لە ماوەی ئەم جێهێشتنە کورتە سێ ڕۆژەدا، خاتوو دورێنال تووشی یەکێک لە دژوارترین ناکامیەکانی ئەوینی خۆی ببوو. ڕەوتی ژیان بە ئەندازەی پێویست لەبار بوو. ئەو دواین دیدارەی لەگەڵ ژوولیەن، تەیمانی نێوان ئەو و کۆتایی چارەڕەشی بوو. ئەو کاتژمێر و خولەکانەی ئەژمارد، بۆ کاتی ژوان مابوو و ئەوی لەم دوا دیدارە جیا ئەکردەوە. ئاخرەکەی شەوی ڕۆژی سێیەم، دەنگی نهێنی شەو و هێمای نێوانیانی بیست... ژوولیەن پاش پەڕینەوە لە هەزار لەمپەر لەبەر دەمیا بوو!

لەو چرکەساتەوە، سەرتاپای خاتوو دورێنال یەک ئەندێشە داگیری کرد و ئەویش ئەمە بوو: «دواین جارە کە ئەیبینم!» لە زۆری پەژارە نەک هەر وەڵامی بۆ هەژانی ئاگراوی دڵدارەکەی نەبوو، بۆ خۆیشی تەرمێکی نیوەگیان بوو. کاتێک کە هەوڵی ئەدا پڕ بە دڵ تێی بگەیەنێ خۆشی ئەوێ، ئەوەندە بە شڵەژاوی قسەی ئەکرد و ئەجووڵایەوە، پێچەوانە دەرئەچوو. هیچ شتێک نەیتوانی دیمەنی دڵتەزێنی ئەم جیابوونەوە هەمیشەییە لە بیری بباتەوە. ژوولیەن، ئەو بوونەوەرە گومانAوییە، بۆ چەند ساتێک وا هەستی کرد هەر بەجارێ لە بیری دڵبەرەکەی چووەتەوە. لە وەڵامی توانجە توندەکانی سەبارەت بەم بابەتە، ژنەی هەژاو دەستی ئەگوشی و بە خامۆشی فرمێسکی بۆ دائەباران.

ژوولیەن بەم جۆرە وەڵامی لۆمەی ساردی دڵبەرەکەی دایەوە:

٧٥ـ Louis D'or,gold coin، پارەی زێڕی پێش شۆڕش، بایی ٢٠ فرانک بوو.

ــخوایە هاوار! ئاوەها ئەتەوێ بڕوا بە قسەکانت بکەم؟ دەربڕینی سۆزت بەرامبەر بە خاتوو دورڤیل، بەرامبەر بە دۆستەکانی ترت خۆ بە سەد جار لەمە گەرموگوڕترە!

خاتوو دورێنال کە واقی وڕمابوو، نەی ئەزانی چ وەڵامێک بداتەوە:

ــنابێ، هەرگیز کەس لە من بەدبەختتر نابێ. خۆزگە بمرم. ئەوەتا خوێن لە دڵما خەریکە ئەڕچێ!

ئەم وەڵامانە گەورەترین و درێژترین وەڵام بوون کە ژوولیەن لە زمانی بیست، کازیوە بوو و ژوولیەن ئەبوا بڕۆشتایەت. فرمێسکەکانی خاتوو دورێنال وشکی کرد. ژوولیەن لەبەر چاوی، گوریسی گرێچنی لە پەنجەرەوە هەڵدایە خوارەوە، بەڵام خاتوو دورێنال وشەیەکی نەوت و ماچەکانی وەڵام نەدایەوە. ژوولیەن لەخۆڕا پێی ئەوت:

ــئێستە گەیشتووینەتە ئەو قۆناغەی کە ئەو هەمووە ئاواتت پێ ئەخواست. لەمەودوا پەشیمانی ناتڕزێنێ و بە بینینی کەمترین نەخۆشینی مناڵەکانت، وا هەست ناکەیت ئەبێ قەبریان بۆ هەڵبکەنی.

خاتوو دورێنال بە ساردی وتی:

ــبە داخەوە ڕێ نەکەوت ستانیسلاس ماچ بکەیت.

کۆتاییەکەی، ژوولیەن لە پاش ماچ و مووچی ئەم جەستە ساردوسڕە زیندووە زۆر سەری سووڕما. تا چەندین فرسەنگ دوور لە ڤێریر نەیتوانی بیر لە شتی تر بکاتەوە. گیانی ڕەنجابوو و دڵی ئەخێورایەوە. پێش پەڕینەوە لە کێوەکان، تا ئەو ساتەی کە ئەیتوانی منارەی کلیسای ڤێریر ببینێ، چەندین و چەند جار ئاوڕی دایەوە.

بەندی XXIV

# پایتەخت

لەو غەڵبە غەڵبە،
خەڵکی چەندە سەریان قاڵە!
خولیای چەندەها بیر و ئامانج
وا لە سەری گەنجی بیست ساڵان،
سۆنگەی خافڵ بوون لە ئەوین و ئەوین!
(بارنەڤ)

سەرەنجام، لە کێوێکی دوور، دیواری ڕەشی بینی. ئەمە قەڵای بزانسۆن بوو. ئاخێکی لە ناخەوە هەڵهێنا و وتی: «ئەگەر بۆ ئەوە بۆ ئەم قەڵا بەسامە هاتبام، تا لە تیپێکی سەربازی بەرگری‌دا ببم بە سەرتیپ، بابەتەکە بۆ من چەندە جیاواز ئەبوو!

بزانسۆن تەنها یەکێک لە شارە جوانەکانی فەڕانسە نییە. ژن و پیاوی خاوەن هەست و بە گەوهەری زۆری لێ هەڵکەوتووە. بەڵام ژوولیەن گوندییەک بوو و بە چی لەگەڵ ناودارارن یەکی بگرتایەت.

جلێکی ساکاری لە فۆکە وەرگرتبوو و بەم جلانەوە لە پردی گەڕۆک پەڕییەوە. لەبەر ئەوەش کە مێشکی بە گەمارۆی ١٦٧٤ ئاخنرابوو، لێبڕا پێش چوون بۆ فێرگە، شوورە و قەڵاکە بگەڕێ. دوو سێ جار پاسەوانەکان خەریک بوو بیگرن. ئەچووە شوێنی وا کە ئەندازیارەکان بۆ ئەوەی سالّی دە پانزە فڕانک ئالیکی لێ بفرۆشن، هاتوچۆی خەڵکیان بۆ ئەو شوێنانە بەرگیراو کردبوو. ماوەی چەندین کاتژمێر خەریکی سەیرکردنی بەرزی دیوارەکان

و قوولّی خەندەقەکان و ڕواڵەتی سامناکی تۆپەکان بوو، کە لە شارێی شار گەیشتە بەر چاخانەی گەورە. هەر سەری سوورما! وشەی چاخانە بە پیتی گەورە لە سەر دوو دەرگای زۆر گەورە نووسرابوو. خوێندییەوە. بەڵام ئەمە بێهوودە بوو. بڕوای بە چاوەکانی خۆی نەئەکرد. بەسەر شەرمنیەکەیدا زاڵ بوو و پێی خستە ناو چاخانەوە. هۆڵێکی گەورەی سی چل پا درێژ بوو. بنمیچەکەی لانیکەم بیست پا بەرز بوو. ئەو ڕۆژە هەموو شت لە جادوو و ئەفسوون ئەچوو.

لە سەر دوو مێز بیلیاردیان ئەکرد. پێشخزمەت ژمارەکانیان بانگ ئەکرد. یاریزانەکان لە ناو ژمارەیەکی زۆر بینەراندا ئەچوون بۆ ئەمبەر و ئەوبەری مێزەکان. شەپۆلەکانی دووکەڵی جگەرە کە لە دەمی هەمووان ئەهاتە دەرەوە، وەکو هەوری شین باوەشی پیاکردبوون. باڵای بەرز و ناوشانی پان و ڕەوفتاری قورس و ڕیشی تۆپی ئەم پیاوانە و سەردارییە درێژەکانی لەبەریان بوو، بە کورتی هەر هەموو شت سەرنجی ژوولیەنی ڕائەکێشا. ئەم ڕۆڵە مەزن و خێرخوازانەی بیزەنتیۆمی(٧٦) لەمێژینە بە دەنگی بەرز قسەیان ئەکرد و ڕواڵەتی جەنگاوەرانی سامناکیان بە خۆیانەوە گرتبوو. ژوولیەن بە بێ جووڵە واقی وڕمابوو. کەوتبوویەوە بیری شکۆمەندی پایتەختێکی مەزنی وەکو بزانسۆن. توانای ئەوەی لە خۆیدا نەئەبینی بە یەکێک لەو کەسانەی بە نیگای بە دفرەوە ژمارەکانی بیلیاردیان ئەخوێندەوە، بڵێ فنجانێک قاوەی بۆ بهێنن.

بەڵام چاوی کچێک کە لە پشت پێشخانەکە وەستابوو، ڕوخساری دڵخوازی جەوانە گوندی بینیبوو کە بەستەیەک بە بن باخەڵیەوە، سەیری پەیکەرە نیوتەنە گەچە جوانە سپییەکەی شا ئەکات. ئەم کچە باڵا بەرزە فڕانش کونتەییە کە لەش و لاری زۆر

---

٧٦ـ Bisontium، ناوی لاتینی شاری بزانسۆن.

جوان و جلوبەرگی لەباری مایەی درەوشانەی چاخانەی لەبەر کردبوو. تا ئەو کاتە دوو جار بە دەنگێکی ئارام و کروت، ئەوەندەی ژوولیەن ببیسێ، بانگی کردبوو: جەناب! جەناب! ژوولیەن ڕوانییە ئەو دوو چاوە قەڵەوە شین و میهرەبانە و زانی لەگەڵ ئەویەتی.

ئەوەندە بە خێرایی بەرەو پێشخانی کچە گوڕی بەستەوە، ئەتوت بەرەو دوژمن هەنگاو ئەنێ. لە کاتی ئەم وروژمە خێرایەدا بەستەکەی لێ کەوتە خوارەوە.

چ سۆزێک، ئەم جەوانە شارستانییە، لە دڵی خوێندکارانی خوێندنگەکانی پاریس‌دا ناورووژێنێ! لە دڵی ئەو مێرمنداڵانەی هەر لە پانزەساڵییەوە پایان کراوەتەوە بۆ چاخانە و هەموو دابێکی شارەزان. ئەم نەوهاڵانەی لە پانزە ساڵی‌دا ئەوەندە ڕازاوەن، لە هەژدە ساڵی لێئەکەون. ئەو شەرمنیە بەگوڕەی لە شارستان هەیە، هەندێجار بەسەر خۆیدا زاڵ ئەبێ و ڕێگەی ویستن بە مرۆڤ فێر ئەکا. ژوولیەن کە بەسەر شەرمنیەکەی‌دا زاڵ ببوو، لە ئەنجام‌دا بێباک بوو. کاتێک کە بەرەو کچە جوانەکە ئەڕۆیشت کە بە گەورەیی خۆی لەگەڵی دوا بوو، لە دڵی خۆی‌دا وتی: «ئەبێ ڕاستییەکەی پێ بڵێم.»

ــخاتوون، ئەمە یەکەم جارمە دێم بۆ بزانسۆن و ئەمەوێ پاروە نانێک و قاوەیەک بخۆم و هەڵبەت پارەکەی بدەم.

کچە بزەیەکی کرد و پاشان سوورەوە بوو. ئەترسا نەکا ئەم گەنجە قۆزە بکەوێتە بن نیگای گاڵتەئامێز و توانجی بیلیاردبازانەوە، چونکە یەکسەر ئەتەزا و ئیتر سەری نەئەکردەوە بەو چاخانەیەدا.

مێزێکی مەڕمەڕ، کە تا ڕادەیەک لە پشت تەختەیەکی مەزنی ماهۆن‌دا شارابوویەوە، پیشانی دا و وتی:

ــلێرە لای خۆمەوە دابنیشە.

کچە لە پشت تەختەکەوە نوشتایەوە و لەم ڕێگەیەوە دەرفەتێکی

دەست کەوت کە ئەو بەژنە شۆخەی بنوێنێتەوە. ژوولیەن ئەم بالآیەی بینی و هەموو ئەندێشەی بەراوەژوو بوون. کچەی شۆخ فنجانێک و شەکر و پارچەیەک نانی بۆ دانابوو. بەلآم ئەترسا یەکێک لە پێشخزمەتەکان بانگ بکات قاوەی بۆ بهێنێ. چونکە باش ئەیزانی بە هاتنی ئەم پێشخزمەتە خەڵوەتی تایبەتی لەگەڵ ژوولیەن کۆتایی پێدێ.

ژوولیەن کە لە بیرێکی قووڵدا ڕۆ چووبوو، ئەم پەریزادە بسک زێڕینە ڕوومەت گەشەی لەگەڵ هەندێ لە بیرەوەرییەکانی خۆی بەراورد ئەکرد کە بە زۆری ناخی ئەشڵەژاند. وێنای ئەوینێکی ئاگراوی کە بە هۆی ئەوەوە لە دڵی ژنێکدا بەدی هاتبوو، هەموو شەرمێکی ئەسڕییەوە. کچەی شەنگ لە ساتێک زیاتر دەرفەتی نەبوو. ڕازی ناو نیگای ژوولیەنی خوێندەوە:

ــدووکەڵی ئەو سەبیلەیە ئەتانخاتە کۆکە. بەیانی بەر لە هەشت، بۆ بەرچایی وەرە بۆ ئێرە؛ ئەو کاتە من تەنهام و دەستم بەتاڵە.

ژوولیەن، بە بزەیەکی پڕ لە نەوازش و شادییەکی شەرمنەوە وتی:

ــناوت چییە؟

ــئەماندا بینێ[٧٧].

ــڕێگەم ئەدەی تا کاتژمێرێکی تر بەستەیەک بە ئەندازەی ئەم بەستە بە ناونیشانی تۆ بنێرم؟

ئەماندای شۆخ تۆزێ چووە ناو بیرەوە و وتی:

ــمن لێرە وام لە بن چاودێریدا. داواکەی تۆ ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی گومانم لێبکەن. بەلآم ئەوا ناونیشانی خۆم لە سەر کارتێک ئەنووسم، بیلکێنە بە بەستەکەوە و بە بێ ترس بۆمی بنێرە.

جەوان وتی:

٧٧ـ Amanda Binet.

ـمن ناوم ژوولیەن سۆرێلە. لە شاری بزانسۆن نە خزمم هەیە و نە دۆست و ئاشنا.

کچەی شۆخ بە شادمانییەوە وتی:

ـزانیم بۆ خوێندن لە زانکۆی مافناسی هاتوویت بۆ ئێرە؟

ژوولیەن وەڵامی دایەوە:

ـبە داخەوە وا نییە، منیان ناردووە بۆ فێرگەی ئاینی.

ڕوخساری وەک چرای ئەماندا بە نائومێدیەک کە تا ئەوپەڕی خۆی بوو، غەمگین بوو. پێشخزمەتێکی بانگ کرد. ئێستە ئیتر ئەیوێرا. پێشخزمەت بە بێ ئەوەی سەیری ژوولیەن بکات، قاوەی بۆ تێکرد.

ئەماندا، لە پشت پێشخانەوە پارەی لە مشتەری وەرئەگرت. ژوولیەن لەوەی کە وێرابووی قسە بکات، شایی بە خۆی بوو. مشتومڕێک لای مێزی بیلیاردەکە ساز بوو. نەڕاندن و درۆکردنی ئەو یاریزانانەی لەم هۆڵە زلەدا دەنگی ئەدایەوە، هەڵڵایەکی بەدیهێنابوو کە مایەی سەرسووڕمانی ژوولیەن بوو. ئەماندا ڕامابوو و سەیری بەرپای خۆی ئەکرد.

ژوولیەن لەپڕ و بە دڵنیاییەوە وتی:

ـبەڕێز، ئەگەر ڕاتان لێبێ، ئەتوانم بڵێم ئامۆزای تۆم!

ئەماندا حەزی لەم دەم و دووە کرد کە نیشانەی لێبڕاوی بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: «لە گەنجێکی بێکارە ناچێ.» لە کاتێکیش‌دا کە چاوی ئاگای لە هاتنی یەکێک بەرەو پێشخانەکە بوو، بە بێ ئەوەی سەیری ژوولیەن بکات، بە خێرایی وتی:

ـمن خەڵکی ژۆنلیس[٧٨] سەر بە دیژۆنم. بڵێ کە خەڵکی ژۆنلیس و ئامۆزای دایکمی.

ـزۆر چاکە وا ئەکەم.

٧٨ـ Genlis

ــهاوینان هەموو پێنجشەممەیەک، پێنجی ئێوارە، خوێندکاران لەبەر ئەم چاخانەوە تێئەپەڕن.

ــئەگەر لەبیرتان نەچووبێتمەوە، کاتی تێپەڕینی من چەپکێک گوڵی وەنەوشە بە دەستتانەوە بێ.

ئەماندا بە ڕامانەوە تێی ڕوانی. ئەم نیگایە ژوولیەنی تا ئەوپەڕی بوێری برد. سەرەڕای ئەمەش سوورهەڵگەڕا و وتی:

ــهەست ئەکەم خۆشم ئەوێی بە ئەوینێکی دیوانەسەر!

ئەماندا بە ترسەوە وتی:

ــهێواشتر قسە بکە.

ژوولیەن هەوڵی ئەدا ڕستەکانی زمانە تایبەتەکەی نۆڤێل هیلواز(٧٩) بهێنێتەوە بیری کە لە ڤێرژی دەستی کەوتبوو. یادی یارمەتی دا. دە خولەک بوو نۆڤێل هیلوازی لەبەر بۆ مادمازێل ئەماندای گراوی ئەخوێندەوە. لە جەربەزەی خۆی زۆر شادمان بوو، بەڵام لەپڕ ساردییەک لە ڕوخساری ئەم کیژە جوانەی فرانش کونتەدا ئاشکرا بوو. سەروبەچکی یەکێک لە دڵدارەکانی لە باڵشمەی دەرگای چاخانەکەدا پەیدا بوو.

کابرا بە دەم فیکە لێدان و شان هەڵتەکاندنەوە لەپێشخانەکە نزیک بویەوە. ڕوانییە ژوولیەن. مێشکی ژوولیەن کە هەمیشە بیری بۆ زۆرترین یان کەمترین ئەچێ، پڕ بوو لە ئەندێشەی دوێل. بە توندی ڕەنگی سپی هەڵگەڕا. فنجانەکەی لادا. دارەتێکی ئامادەی بە خۆیەوە گرت و بە وردییەکی زۆرەوە ڕوانییە خەنیمەکەی. لەبەر ئەوەی ئەم خەنیمە سەری داخستبوو و وەک هەمیشە پێکێک ئارەقی بۆ خۆی تێ ئەکرد، ئەماندا فەرمانی بە ژوولیەن دا سەری دابخات. ژوولیەن فەرمانەکەی ڕاپەڕاند و بۆ دوو خولەک بێڕەنگ و ئامادە، جووڵەی نەکرد. ئیتر جگە لەوەی ڕەنگ بوو ڕوو بدات، بیری لە هیچی تر نەئەکردەوە. ڕاستییەکەی لەو دارەتەدا جوان

٧٩ـ Nouvelle Heloise.

بوو. خەنیم سەری لە چاوەکانی ژوولیەن سوورمابوو. کاتێک کە پێکەکەشی هەڵدا، چەند وشەیەکی بە ئەماندا وت و دەستەکانی خستە گیرفانی سەرداریە زبر و زلەکەی و لە کاتێکدا ئەیمشاند[٨٠]، بەرەو مێزێکی بیلیارد چوو. ژوولیەن کە لە ڕقا خەریک بوو ئەتەقا، هەڵسایە سەرپێ. بەڵام نەیئەزانی بۆ ئەوەی خۆی بە لات و لووت پیشان بدات، ئەبێ چی بکات. بەستە بچووکەکەی دانا و ئەوەندەی بۆی کرا خۆی وەک مراوی لێکرد و بەرەو مێزی بیلیاردەکە چوو.

ئاوەز و پارێز وریای ئەکردەوە: ڕۆژی یەکەم لە بزانسۆن و دوێل کردن واتە لە دەستچوونی پیشەی قەشەیی!

«با وابێ! هیچ گرنگ نییە، لانیکەم ناڵێن لە بەرامبەر لاتێکی بەڕەڵڵا هەڵات.»

ئەماندا جەربەزەی ژوولیەنی بینی. ئەم ئازایەتیە لەگەڵ ئەو ڕەفتارە سادە ناکۆکیەکی موتورفەی هەبوو. دەسبەجێ ئەوی لە جەوانی چوارشانەی سەرداری پۆش پێ پەسەندتر بوو. ڕابوو و لە کاتێکا بە ڕواڵەت سەرنجی لای ڕێبوارێکی کۆڵان بوو، بەرەو مێزی بیلیاردەکە چوو و لە نێوان ئەو و مێزەکەدا وەستا و وتی:

ـ لە خۆتەوە مۆڕە لەم «جەنابە» مەکە، ئەمە شووی خوشکمە!

ـ من چیم لێداوە؟ ئەو سەیری منی کرد!

ـ مەگەر ئەتەوێ قڕەم بۆ ساز بکەی؟ ئەزانم سەیری کردوویت. ڕەنگە بێت و قسەشت لەگەڵ بکات. خۆم پێم وت تۆ لە خزمانیت و لە ژۆنلسەوە هاتوویت. ئەویش خەڵکی فڕانش کۆنتەیە و قەت لە شاری «دۆڵ» بەولاتر نەڕۆیشتووە. کە وا بوو چیت پێخۆشە بیڵێ و لە هیچیش باکت نەبێ.

ژوولیەن هێشتاش دوودڵ بوو. بەڵام ژنە کە لە پشت ئەو پێشخانە فێری زۆر درۆ ببوو، بە خێرایی وتی:

---

٨٠ـ مشاندن: breathing loudly دەنگی هەناسە لە لووتەوە دەرچوون. هەناسەکێشان بە بەرزی. [ع] التنفس بصوت عال [N] tyøh retsup [د] هن هن از بینی.

ــ دیارە ئەو سەیری تۆی کرد. بەڵام ئەوە لە کاتێکا بوو کە ناو و نیشانی تۆی لە من پرسی. گوێرەکەیەکە بۆ خۆی و لەگەڵ هەمووان هەروا بە مۆنی هەڵسوکەوت ئەکات.

چاوەکانی ژوولیەن ئاگای لەم شووخوشکە پێوارە بوو. ژمارە وەرگرتنی کابرای بینی بۆ ئەو قومارەی لە سەر دوورترین مێز ئەگەڕا. ژوولیەن گوێی لە دەنگی بوو ئەینەڕاند: «من ئەمەوێ کایە بکەم!» هەر ئەو کاتەش تیژ لە پشتی ئەمانداوە تێپەڕی و بەرەو مێزی بیلیاردەکە گوژمی بەست. ئەماندا بازووی گرت و وتی:

ــ جارێ وەرە پارەکەی من بدە!

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «وایە. ئەترسێ پارە نەدەم و بچمە دەرەوە.» ئەماندا سوور ببوویەوە و ئەوەندە شڵەژابوو، کە ماوەی پارەکەی ژوولیەنی زۆر لەسەرخۆ دایەوە و بە ئەسپایی وتی:

ــ هەر ئێستە لێرە بڕۆ! یان ئەوەی ئیتر خۆشم ناوێی. هەرچەند هەر زۆرم خۆش ئەوێی!

ئەم دڕدۆنگییە، بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لە شەقامەکەی بەرامبە بە چاخانە ڕایگرت. چاوەڕێ بوو کە خەنیم دێتە دەرەوە یان نا؟ بەڵام خەنیم دیاری نەبوو.

هێشتا چەند کاتژمێر نەئەبوو هاتبوویە بزانسۆن، ئەوەتا پەشیمانییەکی بۆ خۆی بەدیهێنابوو. نەشتەرگەری پیری سپا، هەرچەند خۆی دەردەمیرانی[٨١] هەبوو، بەڵام بڕێک فێری شمشێربازی کردبوو. هەموو ئەو زانستەش کە ژوولیەن بۆ ڕەواندنەوەی تووڕەییەکەی لای خۆی شکی ئەبرد هەر ئەمە بوو. بەڵام ئەگەر ژوولیەن جگە

---

٨١ـ دەردەمیران: gout هەوکردن و ئاوسانی جمگە بە هۆی بوونی ترشی میزەوە (یوریک ئەسید) لە خوێندا، خواردنی زۆری گۆشتی سوور، نەشتەرگەری جمگە، برسێتی، ئەلکول، کەمبوونی ئاوی لەش، قەڵەوی لە هۆکارەکانی میرانەن N Gikt ع د نقرس.

لە شەپلاخە، ڕێگەیەکی تری بۆ دەربڕینی تووڕەییەکەی بناسیایە، ئیتر نیگەرانیی نەئەبوو. ئەگەر کاریش بگەیشتایەە مشت، خەنیم کە کابرایەکی زەبەلاح بوو، باش ئەیکوتا و لێی ئەگەڕا.

ژوولیەن بە خۆی وت: «بۆ منی سەرشێت کە نە پارەم هەیە و نە پشتیوان، جیاوازی لە نێوان فێرگەی ئاینی و زیندان‌دا نییە. ئەبێ جلە سادەکانم لە هوتێلێک دانێم و هەر لەوێش جلە ڕەشەکانم لەبەر بکەم. ئەگەر ڕۆژێک بە ڕێکەوت چەند کاتژمێرێک لە فێرگەی ئاینی هاتمە دەرەوە، ئەتوانم جلە ئاساییەکانم لەبەر بکەمەوە و بچم بۆ لای خاتوو ئەماندا. ئەمە بیرێکی جوان بوو. بەڵام ژوولیەن بە بەر هەموو هوتێلەکان‌دا تێپەڕی و پرکێشی نەکرد لە هیچکامیان بچێتە ژوورەوە.

سەرەنجام، کاتێک کە بۆ جاری دووەم لە بەردەم هوتێل ئەمباسادەوە تێپەڕی، چاوی نیگەرانی بە ژنێکی زۆر کەتە کەوت کە هێشتاش جەوان بوو و ڕەنگ و ڕوویەکی تەڕ و تازە و ڕواڵەتێکی ڕووخۆش و دەم بە پێکەنینی هەبوو. ژوولیەن لێی نزتک بوویەوە و بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە.

ژنەش کە میوانداری هوتێل ئەمباساد بوو، وتی:

ـ بەسەر چاو، قەشە جوانەکەم! جلەکانیشت بۆ ڕائەگرم و تەنانەت ناوبەناو ئەیتەکێنم و تۆزی لێ ئەکەمەوە. لەم هەوایەدا باش نییە جلی پەشم لە سووچێکا فڕێ بدرێ و کارت پێی نەبێ.

کلیلێکی هەڵگرت و ژوولیەنی لەگەڵ خۆی برد بۆ ژوورێک و پێی وت لیستەی ئەو شتانەی لای ئەوان دای ئەنێ بە دەستی خۆی بنووسێ.

کاتێک کە ژوولیەن هاتە خوارەوە بۆ چێشتخانە، ژنەی کەتە پێی وت:

ـ خوایە گیان! جەنابی قەشە سۆرێل لەم بەرگەدا چەندە قۆزی! ئێستە ئەڵێم نانێکی نیوەڕۆی باشت بۆ بهێنن.

بە ئەسپاییش وتی:

ــنرخەکەشی کە بۆ هەموو کەس پەنجا لیرەیە تۆ تەنها بیست لیرە بدە. چونکە ئەبێ ئاگات لەو جزدانە بچکۆلەیەت هەبێ!

ژوولیەن بە دفرەیەکی مسۆگەرەوە وتی:

ــبەڵام من دە لویی زێڕم هەیە.

میوانداری میهرەبان کە تۆقابوو، وەڵامی دایەوە:

ــکوڕە بۆ خوا! ئەوەندە بەرز قسە مەکە. لە بزانسۆن مرۆڤی بێ دایک و باوک زۆرە. تا لا ئەکەیتەوە گیرفانت بڕاوە. بە تایبەت هەرگیز پێ مەخەرە چاخانەوە. چاخانەکان پڕە لە لات و لووت.

ژوولیەن کە ئەم قسەیە کاری تێکردبوو، وتی:

ــبەڕاستیش!

ــجگە لە هوتێلەکەی من، هەرگیز مەچۆ بۆ شوێنی تر. ئێستە قاوەت بۆ دروست ئەکەم. لەبیرت بێ، لێرە هەمیشە یەکێک دێ بە دەمتەوە و نانت بۆ ئەهێنێ بە بیست لیرە. هیوادارم ئەم پێشنیازەی منت بە دڵ بێ. بڕۆ لە سەر مێزەکە دابنیشە. خۆم خواردنت بۆ ئەهێنم.

ژوولیەن وتی:

ــهیچم بۆ ناخورێ. زۆر شپرزەم. ئەوەندەی لێرە ئەچمە دەرەوە ئەبێ ڕاستەوخۆ بچم بۆ فێرگە.

ژنەی میهرەبان تا گیرفانی پڕ نەکرد لە هەموو جۆرە خواردن، نەیهێشت بڕوات. کۆتاییەکەی ژوولیەن بەرەو ئەو شوێنە سامناکە کەوتە ڕێ و ژنەی میواندار هەر لە ناو دەریزانی دەرگاکەوە ڕێگەی پێ پیشان دا.

# زانکۆی ئاینی

سێسەد و سی و شەش نیوەڕۆ، یەکی بە ٨٣ سەنتیم
سێسەد و سی و شەش شێو، یەکی بە ٣٨ سەنتیم
شوکولاتی گەرمیشی ئەبێ لەگەڵ بێ،
ئەی قازانجی ئەم مەزادە لە کوێ دایە؟!
(ڤالێنۆی بزانسۆن)

لە دوورەوە خاچە زەڕبەفتەکەی بە دەرگاکەوە بینی. ئارام ئارام نزیک بوویەوە. ئەتوت قاچەکانی هێزیان تیانەماوە. «ئەمە ئەو دۆزەخەی سەرزەمینە کە ناتوانم لێی بێمە دەرەوە.» سەرەنجام بڕیاری دا زەنگ لێبدات. دەنگی زەنگ، وەک دەنگدانەوەی زەنگ لە شوێنێکی چۆڵ، زرنگایەوە. پاش دە خولەک پیاوێکی سیسەڵە و ڕەشپۆش دەرگای لێکردەوە. ژوولیەن لەم کابرایەی ڕوانی و دەسبەجێ سەری داخست. ئەم دەرگاوانە ڕوخسارێکی سەمەرەی هەبوو: بیبیلەی سەوزی دەرپەڕیو و وەک گلێنەی چاوی پشیلە قۆقزی درێژکۆلە بوو. قەراخی پێڵوە بێ جووڵەکانی وای دەرئەخست هیچ هەستێکی ئینسانی تیدا نییە. لێوە ناسکەکەی وەک نیو بازنەیەک لە سەر ددانە لەپێشەکانی بوو. هەرچەند خۆ ڕوخساری مرۆڤ نیشانەی گوناهباری نییە. بەڵام لەوەش خراپتر، نیشانەی دڵڕەقی بێبەزەیی بوون زیاتر گەنجەکان ئەتۆقێنێ. تەنها هەستێک لە کابرادا بەدی ئەکرا و ژوولیەن لەو ڕوومەتە درێژ و تەرکەدنیایەدا بینی، ئەو نەفرەتە قووڵە بوو کە هەموو گیانی داگرتبوو. نەفرەت لە هەموو ئەو

شتانەی کە مرۆڤ بیەوێ لەگەڵی بدوێ و؛ نەفرەت لە هەموو ئەو شتانەی کە بۆ ئەو دنیا سوودی نەبێ.

ژوولیەن بە دژواری سەری هەڵبڕی و بە دەنگێک کە بە هۆی ترپەی دڵییەوە ئەلەرزی، وتی ئەیەوێ لەگەڵ جەنابی پیرار، بەڕێوەبەری فێرگە قسە بکات. کابرای ڕەشپۆش بە بێ ئەوەی دەم بکاتەوە، بە ئەماژەیەک لە ژوولیەنی ویست بکەوێتە شوێنی. لە پلیکانێکی پانەوە کە محاجەرەی داری هەبوو و پێپلیکانە سووڕاوەکەی، لەوبەری دیوارەکە ورگی دابوو و ئامادەی داچوون بوو، دوو قات چوونە سەرەوە. دەربیچەیەک کە خاچێکی گەورە وەک چەلیپای گۆڕستان، لە داری سپی و ڕەشکراو، لە سەری دامەزرابوو، بە دژواری کرایەوە و دەرگاوان بردی بۆ ژوورێکی تاریک و نەوی کە دیوارە کلسەکەی دوو پەردەی گەورەی پیا هەڵواسرابوو. دوو پەردە کە لەگەڵ تێپەڕینی کات ڕەنگەکەی ڕەش هەڵگەڕابوو. ژوولیەن لەم ژوورە بە تەنها بەجێ هێڵرا. لێکەوتبوو، دڵی زرم لێی ئەدا. بە مسۆگەری گریان کوڵی دڵی دائەمرکاندەوە، بەڵام نەیوێرا بگری. بێدەنگییەکی کوشندە هەموو خانووەکەی داگرتبوو.

پاش چارەکێک کە وەکو ڕۆژێک وا بوو، دەرگاوانی شووم لە دەریزانی دەرگایەک لەو سەری ژوورەکە دەرکەوت و بە بێ ئەوەی هیچ بڵێ، بە ئەماژەیەک ئەمی بانگ کرد. ژوولیەن چووە ژوورێک زۆر مەزنتر و تاریکتر بوو. دیوارەکانی ئەم ژوورەش وەک ئەوەی پێشوو دۆغاو کرابوو بەڵام هیچ کەلوپەلی لێ نەبوو. بەس لە سووچێکی نزیک دەرگاکە، ژوولیەن چاوی بە قەرەوێڵەیەکی داری سپی و دوو کورسی جەگەن و کورسییەکی دەسکداری بێ دۆشکڵەی سنەوبەر کەوت. لەو سەری ژوورەکە، لای پەنجەرەیەکەوە کە شووشەکانی بۆر ببوو و بە ئینجانەی

چەپەڵ ڕازابوونەوە، کابرایەکی بینی لە پشت مێزێک دانیشتووە و بەرەکێکی شڕی لەبەردا بوو. کابرا تووڕە بوو و کۆمەڵێک کاغەزی چوارگۆشەی لەبەردەست بوو، پاش نووسینی چەند وشە لە سەر هەرکامیان بە ڕیز لە سەر مێزەکە دای ئەنان. ئاگای لە هاتنی ژوولیەن نەبوو. ئەمیش لە ناوەڕاستی ژوورەکە، لەو شوێنەی دەرگاوان بەجێی هێشتبوو و پاشان دەرگاکەی داخستبوو و ڕۆیشتبوو، بە بێ جووڵە و بەسەر پێوە وەستابوو.

بەم جۆرە دە خولەک تێپەڕی. کابرای جل شڕ هەر ئەینووسی. ترسی ژوولیەن لەوە بوو لەپڕ ببوورێتەوە. ئەگەر فەیلەسوفێک لەوێ بوایە بە هەڵەدا ئەچوو و ئەیوت: «ئەم دارەتە نیشانەی پەرەسەندنی توندوتیژییە لە ناخیدا کە بۆ خۆشویستنی جوان و جوانی بەدیهێنراوە.»

کابرای ئەینووسی، سەری هەڵێنا. ژوولیەن بۆ ماوەیەک هەستی بەوە نەکرد و کاتێکیش بینی، دیسانەوە لە شوێنی خۆی نەبزوا. ئەتوت ئەو نیگایەی لێی ئەڕوانێ، تیری مەرگە لێی ئەدرێ. چاوەکانی ژوولیەن بە دژواری ئەو ڕوخسارە درێژەی ئەبینی کە جگە لە تەوێڵی ڕەنگ مردووی، هەر هەمووی بە زیپکەی سوور داپۆشرابوو. لە نێوان ئەم گۆنا سوور و ئەم هەنیە سپییەدا، دوو چاوی ڕەشی کە بۆ ترساندنی دلێرترین کەسان دروستکرابوو، ئەبریسکانەوە. قژی پڕی بێ چینی وەک کارەبای ڕەش ئەمبەراوبەری تەختی ناوچاوی ئەنەخشاند.

سەرەنجام، ئەم کابرایە بە دەنگێکی دوور لە ئۆقرە وتی:

ــ دێیتە پێشەوە یان نا؟

ژوولیەن بە هەنگاوی دڕدۆنگ و لەرزۆک چووە بەرەوە، لە کاتێکا خەریک بوو لە سەر خۆی بچێ و وەها ڕەنگی پەڕیبوو کە لە هەموو ژیانی خۆیدا نەی بینیبوو. سێ هەنگاو بۆ مێزە تەختە

سپییەکە کە کاغەزی چوارگوشە داپۆشیبوو، وەستا. کابرا وتی:

ــنزیکتر!...

ژوولیەن دەستی ڕادێرا، وەک بڵێی ئەیەوێ دەستی بە شتێکەوە بگرێ و چووە پێشترەوە.

ــناوت؟

ــژوولیەن سۆرێل.

کابرا جارێکی تر چاوە سمێنەرەکەی خۆی تێبڕی و وتی:

ــزۆر درەنگ هاتوویت.

ژوولیەن لە بەرامبەر ئەو نیگایەدا خۆی پێ ڕانەگیرا. لەو دۆخەدا کە ئەتوت بۆ ڕاگرتنی لاسەنگی خۆی دەستی ڕاکێشابوو، درێژاودرێژ تەختی عەرز بوو.

کابرا زەنگی لێدا. ژوولیەن جگە لە هەستی بینایی و توانای بزووتن هیچی لە دەست نەدابوو. دەنگی پای بیست خەریکە نزیک ئەبێتەوە.

لە عەرز بەرزیان کردەوە و لە سەر کورسییە بچووکە سپییەکە دایاننا. گوێی لێبوو کابرای سامناک بە دەرگاوانی وت:

ــوا دیارە فێی لەگەڵە. هەر ئەمەمان کەم بوو.

ئەوەندەی ژوولیەن توانی چاوەکانی بکاتەوە، کابرای ڕووــسوور هێشتا خەریکی نووسین بوو. دەرگاوان نەمابوو. قارەمانەکەی ئێمە بە خۆی وت: «ئەبێ جەربەزەم هەبێ و لە هەمووش زیاتر ئەبێ هەستی خۆم بشارمەوە.» زۆر بە توندی دڵی ئەهات بەیەکا. «ئەگەر شتێکم بەسەر بێت، خوا ئەیزانێ دەربارەم ئەڵێن چی.»

سەرەنجام کابرا دەستی لە نووسین هەڵگرت و لە سیلەی چاوەوە ڕوانییە ژوولیەن و وتی:

ــئامادەیی ئەوەت هەیە وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە؟

ژوولیەن بە دەنگێک کە بۆ لاوازیی ملی نابوو، وتی:
ــبەڵێ، قوربان!
ــباشە، پیرۆزە، شوکری خوا.
کابرای ڕەشپۆش تۆزێک بەرز بوویەوە و بە نائارامی لە چەکمەجەی مێزە سنەوبەرەکەی‌دا کە بە جیرەیەک کرایەوە، بە دوای کاغەزێک‌دا ئەگەڕا. کاغەزەی دۆزییەوە. بە ئارامی لە شوێنی خۆی دانیشتەوە و دیسانەوە بە جۆرێک ڕوانییە ژوولیەن کە خەریک بوو ئەو تۆزە وزەیەشی لەبەر ببڕێ.
ــقەشە شەلان تۆی داوەتە دەستی من. باشترین قەشەی ئەم مەڵبەندە و دۆستی سی ساڵەی من. لە ڕوانگەی دینداریییەوە لە دنیادا نموونەی نییە.
ژوولیەن بە دەنگێک کە نیشانەی گیانکێشان بوو، وتی:
ــئۆخەیش! کە وا بوو من شانازی ئەوەم پێگەیشتووە بە خزمەتی جەنابی پیرار بگەم؟!
بەڕێوەبەری فێرگە بە خێسەوە لێی ڕوانی و وەڵامی دایەوە:
ــوا پێئەچێ!
بریسکانەوەی چاوە وردەکانی دوو ئەوەندە ببوو و بە دوای‌دا، ناخودئاگا ماسوولکەی دەور دەمی لێی دا. ڕواڵەتی بەورێکی هەبوو کە بەر لە خواردنی نێچیرەکەی تامەکەی لە دەمی‌دا هەست پێ ئەکا.
پاشان بە شێوازێک کە ئەتوت لەگەڵ خۆیەتی، وتی:
ــنامەکەی شەلان کورتە. مرۆڤی هۆشمەند پێویستی بە درێژدادڕی نییە. لەم سەردەمەی ئێمەدا ناتوانین کەم بنووسین.
پاشان بە دەنگێکی بەرز خوێندییەوە:
«لەم ڕێگەیەوە، ژوولیەن سۆرێل کە نزیکەی بیست ساڵ لەمەوبەر خۆم بە ئاوی پیرۆز شۆردوومە، ئەنێرم بۆ خزمەتی

بەڕێزتان. کوڕی دارتاشێکی دارایە، بەڵام دارتاشی دارا دراوێکی ناداتێ. ژوولیەن لە باخی خوا ئەبێ بە کرێکارێکی لێهاتوو. لە ڕوانگەی بەهرە و بیرەوە لە هیچی کەم نییە. کوڕی بیرکردنەوەیە. جا نازانم خولیای ڕاستگۆیە و تاسەرە یان نا؟»

«ـڕاستگۆیە؟»

قەشە پیرار سەیرێکی ژوولیەنی کرد و بە دەنگێک کە سەرسووڕمانی تیا بوو ئەمەی وت. بەڵام نیگای قەشە کە سەرەتا هیچ بەزەییەکی مرۆیی تیانەبوو، تۆزێ نەرمتر ببوو. وتیەوە: «ڕاستگۆیی!» و کەوتەوە خوێندنی نامەکە.

«من لە بەڕێزتان داوای بەخششی خوێندن بۆ ژوولیەن سۆرێل ئەکەم. لە تاقیکارییەکان سەرکەوتوو ئەبێ و شیاوی ئەوەیە لە خەزنەی زانکۆ خەرجی خوێندنی بدرێ. من هەندێ بنەمای ئاینم فێرکردووە. واتە بۆسوێت و ئارنەوت و فلۆریم پێوتووە. ئەگەر ئەم جەوانەت بەدڵ نەبوو بینێرەوە بۆ لای خۆم. بەڕێوەبەری هەژارخانە باش ئەناسی. ئەو ئامادەیە ساڵی بە هەشتسەد فرانک بیکا بە مامۆستای مناڵەکانی. سپاس بۆ خوا ویژدانم ئاسوودەیە. ئامادەم بۆ زەبری مەرگ. ماڵاوایی و خۆشەویستی.»

قەشە پیرار کە کاتی گەیشتن بە کۆتایی نامەکە دەنگی دابەزاندبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا، وشەی شەلان لەگەڵیدا. ئەوسا وتی:

ـئاسوودەیە. ڕاستەکەشی دینداری ئەو شیاوی ئەو پاداشتەیە. چەندە خۆشە ئەو ڕۆژەی کە منیش کاتم ئەگات، ئەم دارەتەم پێ ببەخشێ.

روانیە بەرەو ئاسمان و خاچێکی کێشا. ژوولیەن بە بینینی ئەم نیشانە پاکە، هەستی کرد کە خوێنی ڕچاوی لە کاتی هاتنییەوە، وردە وردە ئەیکاتەوە.

قەشە پیرار، سەرەنجام، بە دەنگێکی ڕەق بەڵام نەک نەیار وتی:

ــمن لێرە سێسەد و بیست و یەک کەسم هەیە کە ئارەزوویان گەیشتنە بە پلەی پیرۆزی قەشەیی. تەنها حەوت هەشتێکیان کەسانی وەک قەشە شەلان پشتگیری کردوون. بەم جۆرە لە ناو سێسەد و بیست و یەک کەسدا، تۆ نەفەری نۆهەمی. بەڵام پشتگیری من نە چاکەیە و نە لاوازی. پشتگیری من پەرەپێدانی چاودێری و دژایەتی خراپەیە. بڕۆ ئەو دەرگایە داخە.

ژوولیەن بۆ ئەوەی بڕوا بە ڕێدا زۆری لە خۆی کرد و باش بوو نەدرا بە عەرزا. بینی پەنجەرەیەک لای دەرگاکەوە بەرەو دەشت ئەکرێتەوە. سەیری درەختەکانی کرد و بینینی ئەم دارانە وەکو بینینی هەڤاڵانی دێرینی بوونە هۆی ئارامبوونی.

که گەڕایەوە، قەشە پیرار پێی وت:

ــزمانی لاتین ئەزانی؟

ژوولیەن کە هەندێ هاتبوویەوە بە خۆیدا، وەڵامی دایەوە:

ــبەڵی باوکی مەزن.

بێگومان هەرگیز پیاوێکی نەدیبوو لە ماوەی نیو کاتژمێردا لە قەشە پیرار خراپتر بووبێ.

گفتوگۆ بە زمانی لاتین درێژەی پەیدا کرد و پزیسکەی چاوەکانی قەشە تۆڕی نیشتنەوە. لە دڵی خۆیدا وتی: «من چەند لاوازم لە بەرامبەر ڕواڵەتی خواپەرستانەی ئەمانەدا هەڵئەخەڵەتێم! ئەم کابرایە، بێگومان پیاوخراپێکە وەکو جەنابی مالۆن.» ئەوسا لەوەی کە هەموو پارەکەی لەناو پێڵاوەکانیا شاردبوویەوە شادمان بوو.

قەشە پیرار کەوتە تاقیکردنەوەی ژوولیەن لە ئاینزانیدا و لە زۆری زانست و تێگەیشتنی ژوولیەن سەری سووڕما. کاتێکیش پرسیارەکانی تایبەت کرد بە پەرتووکی پیرۆز، سەرسووڕمانی

زیاتر بوو. بەڵام کاتێک کە سەبارەت بە تیۆری پیرانی فەلە پرسیاری لێکرد، بۆی دەرکەوت ژوولیەن تەانەت ناوی سەن ژرۆم و سەن ئۆگوستین و سەن بۆناڤێنتوور و سەن بازیلی هەر نەش بیستووە.

قەشە پیرار بیری کردەوە:

ـلە ڕاستیدا بە هۆی ئەم تامەزرۆییە نەگریسەی شەلان بەرەو پرۆتستانیزم بووە کە من بە بەردەوامی ڕەخنەم لێگرتووە. شارەزایی، شارەزایی لە ڕادەبەدەر لە پەرتووکی پیرۆز!

(ژوولیەن بە بێ ئەوەی لەم بارانەوە پرسیاری لێکرابێ، سەبارەت مێژووی پەیدابوون، پەرتووکی پێنجەی سەردەمی کۆن و هتد دوا بوو.)

قەشە پیرار لە دڵی خۆیا وتی: «ئەم مشتومڕە بێکۆتاییەی پەرتووکی پیرۆز بۆ کوێمان ئەبات، ئەگەر داوەریکردنێکی تایبەت لە ئارادا نەبێ، جگە لە ترسناکترین پرۆتستانیزم چی تری لێ دەرئەچێ؟ ئینجا لەگەڵ ئەم فێرکردنە بە پەلەیە، سەبارەت بە پیرانی فەلە هیچ شتێک فێرنەکراوە کە قەرەبووی ئەو لاسەنگیە بکاتەوە.»

بەڵام کاتێک کە داوای لە ژوولیەن کرد سەبارەت بە دەسەڵاتی پاپ باسی بۆ بکات، کاتێک کە ژوولیەن لەبری باسکردنی بنەماکانی کلیسای دێرینی فەڕانسە، هەموو پەرتووکەکەی جەنابی دو مستەری لەبەر بۆ خوێندەوە، سەرسووڕمانی بەڕێوەبەری فێرگە سنووری نەئەناسی!

قەشە پیرار بیری کردەوە: «بەڕاستی ئەم قەشە شەلانە کابرایەکی سەیرە. تۆ بڵێی ئەم پەرتووکەی پێدابێ بۆئەوەی گاڵتەی پێ بکا؟»

پاشان بۆ ئەوەی لە ڕادەی بڕوای ژوولیەن بە بیروباوەڕی

جەنابی دو مستر تێبگات، هەوڵێکی زۆری دا بەڵام هیچیان ئەنجامی نەبوو. جەوان هەر وەڵامێکی ئەدایە، ئەوانە بوو لە بەری کردبوون. لەو کاتەوە ژوولیەن بەڕاستی چاک بوویەوە. ئەیدی بەسەر خۆیدا زاڵ بووە. پاش لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ بۆی دەرکەوت توندییەکەی ڕەبەن پیرار شانۆگەرییەک زیاتر نییە. ڕاستەکەی ئەگەر ڕێسای هەڵسوکەوتی سەختگیرانەی قەشە پیرار لە ئارادا نەبوایە کە ماوەی پانزە ساڵ سەبارەت بە خوێندکارانی ڕشتەی ئاینزانی وەکو ئەرکێک ڕاپەڕاندبوو، لە پێناوی ئەو هەمووە وەڵامە ڕوون و ڕاست و ڕەوانەی ژوولیەن‌دا ئەبوایە بە ناوی بەڵگە و لۆجیک بیکاتە باوەش و تێر ماچی بکات.

بە خۆی وت: «مێشکێکی ساخ و بوێر، بەڵام جەستەیەکی لاوازە.»

بە پەنجە، تەختی ژوورەکەی پیشان دا و بە زمانی فەڕانسە لێی پرسی:

ــزۆر جار ئاوا ئەبووریێتەوە؟

ژوولیەن کە وەکو منالێک سوور هەڵگەڕابوو، وتی:

ــلە ژیانمدا ئەوە یەکەم جار بوو لەسەرخۆم بچم. لە بینینی دەرگاوان خوێنم ڕچا.

قەشە پیرار خەریک بوو بزە بیگرێ!

ــئەمەیە بەرەنجامی شکۆی بێهوودەی دنیا. وا پێئەچێ تۆ لەگەڵ ڕوخساری خەندان و شانۆگەری دەلەسە، ڕاهاتوویت. جەناب، ڕاستەقینە مۆن و دڕە. مەگەر ئەرکی ئێمەش لەم دنیای خاکیە دژوار نییە؟ ئەبێ ئاگات لێبێ و ویژدانت ئەم لاوازییە بەزێنێ: نابێ سەبارەت بە دیاردە ناسک و کێشەرە بێهوودەکان‌دا زیاد لە پێویست بەرهەست بین.

قەشە پیرار بە تامەزرۆییەکی ئاشکرا و ئەمجار بە زمانی

لاتین تێهەڵچوویەوە:

ــئەگەر ڕاسپاردەت پێ نەبوایە و ئەگەر قەشە شەلان تۆی نەناردبایە بۆ لام، منیش بە زمانی بێهوودەی ئەم دنیایە قسەم لەگەڵ ئەکردی کە تۆ زیاد لە پێویست خووت پێوە گرتووە. ئەموت ئەم بەخششەی تۆ داوای ئەکەی دژوارترین شتێکە بتوانرێ بەدەست بهێنرێ. بەڵام ئەوە دادگەرانە نییە کە قەشە شەلان لە پاش پەنجا و شەش ساڵ خزمەت بە دین و ئاین، نەتوانێ بەخششی خوێندن بۆ یەک تاقە کەس لە فێرگەی ئاینی وەربگرێ؟!

پاش ئەم قسانە، قەشە پیرار ئامۆژگاری ژوولیەنی کرد بە بێ ڕەزامەندی ئەو، نەبێ بە ئەندامی هیچ دەستە و ڕێکخراوێک کە بە نهێنی کار ئەکەن.

ژوولیەن بەو کراوەییەی لە پیاوێکی ڕاستگۆدا ئەبینرێ وتی:

ــسوێند ئەخۆم بە شەرەفم!

بەڕێوەبەری فێرگە بۆ یەکەم جار پێکەنی و وتی:

ــئەم قسانە لێرە باوی نییە. زیاد لە پێویست شەرەفی بێهوودەی دنیاپەرستان و ڕابواردنی بەزمی ئاریستۆکراتەکان ئەخاتەوە بیر. ئەو شەرەفە بێهوودەیەی کە بەرەو هەڵە و چ جایە بەرەو گوناهیان ئەبات. ئەرکی تۆ ئەوەیە بە گوێرەی بەندی حەوتەمی فەرمانی «پاپ پی پێنجەم» لە ڕووی بڕوای ئاینیەوە فەرمان بەڕێوە ببەی. لە ڕوانگەی ئاینیەوە من پلەم لە تۆ بەرزترە. کوڕی زۆر ئازیزم، گوێڕایەڵیی خۆی نزایە. چەندە پارەت هەیە؟

ژوولیەن بە خۆی وت: «ئەمە بابەتی سەرەکی بووە، کوڕی زۆر ئازیزم، بۆ ئەمە بوو.»

ــسی و پێنج فرانک باوکە.

ــبە وردی بینووسە ئەم پارەیە چۆن خەرج ئەکەی. ئەبێ لیستەکەی بۆ من بهێنی.

ئەم دانیشتنە دژوارە سێ کاتژمێری پێچووبوو. ژوولیەن بانگی دەرگاوانی کرد.

ڕەبەن پیرار بەم کابرایەی وت:

ـ ژوولیەن سۆرێل لە ژووری ژمارە ١٠٣ دامەزرێنە.

ڕەبەن پیرار بە هۆی ڕێز و سۆزێکی مەزن بەرامبەر بە ژوولیەن پەیدای کردبوو، ژوورێکی تایبەتی پێدابوو.

پاشان وتی:

ـجانتاکەشی ببەن بۆ ئەوێ.

ژوولیەن ڕوانییە بەر پای خۆی و بەستەکەی لەبەر پای خۆیا ناسییەوە. لەکاتێکا سێ کاتژمێر بوو سەیری ئەکرد و نەیناسیبوو.

ژوولیەن کاتی چوونە ژوورەوە بۆ هۆدەی ١٠٣، کە ژوورێکی زۆر تەنگەبەر بە ڕووبەری هەشت پێی دووجا بوو و لە قاتی هەرە سەرەوە بوو، بینی کە پەنجەرەکەی بەرەو شوورەی شار ئەکرێتەوە و لەم پەنجەرەوە ئەیتوانی سەیری ئەو مێرگە دڵڕفێنە بکات کە چەمی «دوو» لە شار جیای کردبوویەوە.

ژوولیەن هاواری کرد:

ـئەی لەو بەرجەوەنە نازدار و موتورفەیە!

لەو کاتەدا کە بەم جۆرە لەگەڵ خۆی قسەی ئەکرد، چەمک و واتای ئەم وشانە تێنەئەگەیشت. کارلێکی ڕووداوە توندەکانی ئەم ماوە کەمەی بزانسۆن هێزی لەبەر بڕیبوو. لەبەر پەنجەرەکە، لە سەر تاقە کورسی تەختە لە ژوورەکەدا هەبوو، دانیشت و دەسبەجێ خەوێکی قووڵ بردییەوە. نە زەنگی نانی شێوانی بیست و نە زەنگی نزای شەو؛ لە بیر چووبوویەوە!

سپێدپەهنا، کە یەکەم تیشکی هەتاو لە خەوی هەڵساند، خۆی بینی لە سەر تەختی عەرزەکە خەوتووە.

بەندی XXVI

## دنیا، یان ئەوەی دارا نییەتی

من لەم دنیایەدا تەنها خۆمم،
کەس بیر لە من ناکاتەوە،
ئەوەی ئەیبینم خەریکی پارە کۆکردنەوەیە و
ئەوەندە دڵڕەق و بێ بەزەییە کە من تۆزێکیشی لە
خۆمدا نابینم. ڕقیان لێمە لەبەر چاکەکاریم.
ئاخ! ئەوەتا ئەمرم یان لە برسێتی،
یان لە غەمی بینینی دڵڕەقیی ئینسان!
(یانگ)[82]

بە پەلە ماوتماڵی دا لە جلەکانی و چووە خوارەوە. دوا کەوتبوو. بریکارێک بە توندی تەمێی کرد. ژوولیەن لەبری ئەوەی داکۆی لە خۆی بکات، بازوەکانی لە سەر سینەی کرد بە چەلیپا و بە دەنگێکی پەشیمان و گوندییانە بە زمانی لاتین وتی:

ــ باوکە، تاوانم کردووە و دان بە گوناهی خۆمدا ئەنێم!

ئەم هەنگاوەی یەکەمین کە نای، سەرکەوتنێکی مەزن بوو. ئەندامانی پسپۆڕ و لێهاتووی خوێندکارانی ئاینی بۆیان دەرکەوت خەنیمەکەیان لەم پیشەیەدا تازەکار نییە. کاتی پشوو هات. ژوولیەن هەستی کرد چاویان تێبڕیوە. بەڵام جگە لە بێدەنگی و سەنگینی هیچی لێ نەبینرا. بە گوێرەی ئەو داب و ڕێسایەی بۆ خۆی دانابوو، سێسەد و بیست و یەک هاوپۆل دوژمنەکانی بوون

٨٢ـ Arthur Young نوسەری ڕامیاری ـ کۆمەڵایەتی ئینگلیزی (١٧٤١ـ ١٨٢٠).

و ڕەبەن پیراریش لە هەموویان خراپتر!

چەند ڕۆژ پاشتر، ژوولیەن ناچار بوو ڕازدارێک بۆ خۆی هەڵبژێرێ. لیستەی ناوی قەشەکان درا بە دەستییەوە.

بە خۆی وت: «ئاخ! خوایە! بە کێم تێگەیشتوون؟ پێیان وایە من نازانم چی بە چییە؟» ئینجا قەشە پیراری هەڵبژارد.

هەرچەند خۆی پێی نەحەسیابوو، بەڵام ئەم کارەی هەڵوێستێکی بڕیاردەر بوو. خوێندکارێکی زۆر گەنجی خەڵکی ڤێریر لە ڕۆژی یەکەمەوە لەگەڵ ژوولیەن بەینی داخست. ئەوەی پێوت کە هەڵبژاردنی جەنابی کاستانێد جێگری فێرگە وەکو ڕازدار ڕەنگە زیاتر بە قازانجی ئەبوو.

خوێندکاری مێرمنداڵ سەری نا بە گوێیەوە و وتی:

قەشە کاستانێد لەگەڵ ڕەبەن پیرار، کە تۆمەتی ژانسنیزمی لێئەدەرێ، دوژمنایەتیان هەیە.

یەکەم کاری قارەمانەکەمان کە خۆی زۆر بە ژیر ئەزانی، وەک هەڵبژاردنی ڕازدار، بە هەڵەیەکی مەزن دەرچوو. ئەو لوتبەرزیەی لە مرۆڤێکی بیرفراوانی وێناگەردا[٨٣] هەیە بە هەڵەیدا برد. ئارەزووەکانی خۆی بە ڕاستەقینە دائەنا و خۆی بە درۆزنێکی پسپۆڕ ئەزانی. ڕەخنە لەخۆ گرتنی بە هۆی سەرنەکەوتن و لاواز بوون لەو هونەرەدا گەیشتە ئاستی دێوانەیی و بە خۆی ئەوت:

«بە داخەوە کە ئەمە تەنها چەکی منە، ئەگەر سەردەمێکی تر بوایە ئەمتوانی بە وتاری ڕاستەوخۆ و بە بانگی دلێر لە بەرامبەر دوژمنەکەمدا، نانی خۆم پەیدا بکەم!»

ژوولیەن کە لە ڕەفتاری خۆی ڕازی بوو، سەیری دەوروبەری خۆی ئەکرد و لە هەموو شوێنێک دیمەنی خۆدەرخستنێکی پاک و

---

٨٣ـ وێناگەر: visionary ئاوەڵناو بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ داهاتوو بە وەرم یان ئەندێشە و وێناکردن، خۆشئەندێشە N visjonær ع حالم د خیال اندیش.



دیندارانەی ئەبینی.

نۆ دەیەک بە هیوای بەهەشتی خوا لە شوێنی پیرۆز خەڵوەیان ئەکێشا. وەکو سەن ترێز و سەن فرانسوا کە لە ئەشکەوتی ڤارنای لە ئاپێنین شوێنی برینەکانی عیسا بە لەشییەوە دەرکەوت، لە سرووش‌دا شتی سەیر ئەهاتە پێش چاویان. بەڵام ئەمە ڕازێکی مەزن بوو کە هاوڕێکان لە نێوان خۆیان‌دا پاراستبوویان. ئەم گەنجانەی کە سرووشیان پێئەگەیشت زۆربەی کات لە تیمارگای فێرگە کەوتبوون. سەد کەسێکی تر خاوەنی تێکۆشانێکی دژوار و بڕوایەکی بەتین بوون. ئەمانە ئەوەندە خۆیان ماندوو ئەکرد تا نەخۆش ئەکەوتن، بە بێ ئەوەی هیچ فێر بن. یەکێک بە ناوی شازێل لەگەڵ دووان سیانێکی تر بەهۆی بەهرەیەکی ڕاستەقینەوە خۆیان چەسپاندبوو. بەڵام ژوولیەن لە دڵەوە نەفرەتی لێ ئەکردن و ئەوانیش لەم.

ئەوانی تر لەو سێسەد و بیست و یەک کەسە، خەڵکانێکی نزم بوون کە واتای ئەو چەند وشە لاتینەی بە درێژایی ڕۆژ ئەیانوتەوە، نەئەزانی. زۆربەیان دێهاتی بوون و وتنەوەی چەند وشە لاتینیان بۆ بەدەستهێنانی پێداویستی ژیان لە پێمەڕەلێدان پێ باشتر بوو. بە بینینی ئەم دیاردەش بوو کە ژوولیەن هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە سەرکەوتنی مەزنی بۆ خۆی بەدی ئەکرد. بە خۆی ئەوت: «لە هەر پیشەیەک‌دا بوونی مرۆڤی زیرەک و هوشیار پێویستە. چونکە کارێک هەیە و ئەبێ جێبەجێ بکرێ. لە سەردەمی ناپۆلیۆن‌دا ئەبووم بە جێدار[٨٤]، لە ناو ئەم قەشانەش‌دا ئەبم بە جێگری کاردیناڵ.»

پاشان ئەیوت: «ئەم بەلەنگازانە هەر هەموویان لە منداڵییەوە

٨٤- جێدار: Second lieutenant یان جێداری دووەم، بە عەرەبی مُلازم یان مُلازم الثانی..






پاڵە و ڕەنجبەر بوون، پێش ئەوەی بێن بۆ ئەم فێرگەیە بە دۆسۆڵ و نانی ڕەش ژیاون. لە کۆلیتە قوڕینەکەیان ساڵی پێنج شەش جار زیاتر گۆشتیان نەبینیوە. ئەم دێهاتیە نەزانانە وەکو سەربازە ڕۆمییەکان کە جەنگیان بە پشوودان ئەزانی، تامەزرۆی خۆشییەکانی فێرگەی ئاینی بوون.»

ژوولیەن، لە چاوە غەمبارەکانیان‌دا جگە لە شادی تێربوون لە پاش نانخواردن و جگە لە چاوەڕوانی حەزی جەستەیی لە پێش نانخواردن، هیچی تری لەوان‌دا نەئەبینی. بەڵێ، ئەمانە بوون ئەو کەسانەی کە ئەم ئەبوایە لە ناویان‌دا ببێ بە نموونە. بەڵام ئەوەی کە ژوولیەن نەی ئەزانی و پرکێشیان نەئەکرد پێی بڵێن، ئەوە بوو کە گەیشتن بە پلەی یەکەم لە وانە جۆراوجۆرەکانی بنەمای دین و مێژووی کلیسا و هتد... کە لە فێرگەی ئاینی ئەخوێنرا، لە چاوی ئەم کۆمەڵەدا بە گوناه ئەژمێردرا و نیشانەی خۆهەڵکێشان بوو. لە سەردەمی ڤۆلتێرەوە، لە سەردەمی دامەزرانی حکوومەتی دوو پارلەمانەوە کە لە ڕاستیدا جگە لە گومان و داوەری کەسیی هیچی تر نییە و گیانی جەماوەر بەو خووە کرێتەی ویستی متمانە گرفتار ئەکات، کلیسای فەڕانسە وا تێگەیشتووە پەرتووک دوژمنە. خاڵی بنەڕەتی، لە لای کلیسا ملکەچی ڕەهایە. سەرکەوتن لە خوێندنی زانست و تەنانەت لەو وانە پیرۆزانەی پەیوەندییان بە دینیشەوە هەیە، لە لای کلیسا جێگەی گومانە. ئێنجا ئەبێ بڵێین کلیسا لەم ڕووەوە هەقیەتی. کێ ئەتوانێ نەهێڵێ بەرزە پیاوانی وەکو سیەس[٨٥] یان گریگۆری[٨٦] بچنە ئەوبەر؟! کلیسای لەرزۆک، وەکو

---

٨٥ـ سیەس: Emmanuel Joseph Sieyès (١٧٤٨ـ١٨٣٦) قەشەی کاسۆلیکی نووسەر و ڕامیاری فەڕانسەیی، لە بیرمەندانی شۆڕشی فەڕانسە و ئەندامی دایرکتوار و کۆنڤانسیۆن، داهێنەری وشەی کۆمەڵناسی sociologie.

٨٦ـ پاپا گریگۆری: Pope Gregory I (کۆچ ٦٠٤) ساڵانی ٥٩٠ تا ٦٠٤ پاپی ڤاتیکان

تەنها کەرەسەی ڕزگاری گیانی جوتیار، پەنای بردۆتە بەر پاپ. پاپ ئەو تەنها کەسەیە کە ئەتوانێ داوەری کەسی نەهێڵێ و بەو شکۆمەندی و پاکییەی ئاستانەی خۆی، ئەتوانێ گیانی وەڕەز و نەخۆشی ژن و پیاوی ئەم دنیایە ڕاچڵەکێنێ.

ئەو ڕاستییە جۆراوجۆرانەی کە هەن و لە هەموو فەقێخانەیەک هەوڵ بۆ شاردنەوە و بەدرۆخستنەوەیان ئەدرێ و ژوولیەن بە نیوەچڵی پەی پێ بردبوو، تووشی ماخۆلەیەکی قووڵی کرد. زۆر کاری ئەکرد. شتی وا فێر ئەبوو بۆ قەشەیەک باش بێ، بەڵام لای ئەو بێ کەڵک بوو و هیچ حەزیشی لێ نەبوو. وای ئەزانی هیچ کارێکی تریشی نییە.

راما: «کە وا بوو لە بیری ئەم دنیایە چوومەتەوە.» ئیتر نەی ئەزانی چەند نامە بە پوولی پۆستخانەی دیژۆنەوە دراوەتە دەستی ڕەبەن پیرار و ئەویش دەسبەجێ داویە بەدەم ئاگرەوە. لەم نامانەدا هەرچەند جوانترین شێوازی داڕشتن بەکار برابوو، بەڵام ئاگراویترین ئەوینی تیا بەدی ئەکرا. وادیار بوو پەشیمانی سەخت و دژوار لەگەڵ ئەم ئەوینەدا دەستەویەخە بوون. ڕەبەن پیرار لە دڵی خۆیدا وتبووی: «چی لەمە باشتر. لانیکەم ئەو ژنەی کە ئەم جەوانە شەیدای بووە، ژنێکی بێدین نییە!»

ڕۆژێک ڕەبەن پیرار نامەیەکی کردەوە کە گوایە نیوەی بە فرمێسک تەڕ ببوو. ئەم نامەیە، نامەی دوا ماڵاوایی بوو. کورتییەکەی، نووسەری ئەم نامەیە بە ژوولیەنی ئەوت: «سەرەنجام پەروەردگار لای لێکردمەوە کە بتوانم نەفرەت لە هەڵخلیسکانەکەی خۆم بکەم، بەڵام نەک لەو ڕووەوە کە کەسێک هۆکاری خزانەکەی من بووە؛ چونکە ئەو کەسەی بوو بە سۆنگەی ئەو خزانە لەم دنیایەدا، لە هەموو شتێک لام بەڕێزترە. دۆستی ئازیز، من خۆم

بوو. بڵاوکەرەوەی فەلەگەری بوو، سروودی گرێگۆری بە شانازی ئەو ناونراون.

کرد بە قوربانی و وەک ئەبینی، چیها فرمێسکم داباراند تا بتوانم لە خۆم لادەم. ئەندێشەی پاراستنی ئەو گیانە بێگوناهانەی کە گیانم بەوانەوە بەستراوە و تۆش تا ئەو ڕادەیە خۆشت ئەوێن، بەسەر مندا زاڵ بوو. خوای دادگەر بەڵام ترسناک ئیتر ناتوانێ تۆڵەی گوناهی دایکیان لەوان بکاتەوە. خوات لەگەڵ ژوولیەن! بەرامبەر بە خەڵک دادگەر بە!»

کۆتایی نامەکە باش نەئەخوێنرایەوە. نووسەر ناونیشانێکی لە دیژۆن دیاری کردبوو و هەرچەند هیوای وا بوو کە ژوولیەن هەرگیز وەڵامی ئەم نامەیە نەداتەوە، یان لانیکەم ڕستەی وا بنووسێ کە ژنەی بەرەو دین و پاکی هەنگاوی ناوە، لە خوێندنەوەیان شەرم داینەگرێ.

ماخۆلەکەی ژوولیەن بە یارمەتی ئەو خواردنە کەمەی بەڵێندەر بە ٨٣ لیرە بۆ خوێندکارانی فێرگەی ئاینی دابین ئەکرد، وردە وردە زیانی بە تەندروستی ئەو ئەگەیاند و لەم بارودۆخەدا بوو کە ڕۆژێک سەرلەبەیانی فۆکە لە ژوورەکەی قوت بوویەوە.

ــکۆتاییەکەی ڕێگەیەکم بۆ هاتنە ژوورەوە دۆزییەوە. منەت ناکەم، پێنج جار هاتم بۆ بزانسۆن بۆ بینینت، بەڵام هەر پێنج جارەکە ڕێگایان نەدام! یەکم لەبەر دەرگا کرد بە کێشک. باشە جنۆکە بۆ نایەیتە دەرەوە؟

ــتاقیکردنەوەیەکە خستۆمەتە ئەستۆی خۆم.

ــڕەنگت زۆر گۆڕاوە. باش بوو دیسانیش بینیمیت. دوو گەڵای پێنج فرانکی وەکو بەرتیل، جوان تێی گەیاندم زۆر گەوج بووم. بۆ ئەم دوو پێنجەم هەمان سەفەری یەکەم نەدا؟!

گفتوگۆیەکی بێ کۆتایی لە نێوان دوو هاوڕێدا دەستی پێکرد. لەپڕ فۆکە وتی:

ــڕاستی ئاگات لێیە دایکی فێرخوازەکانت چ پاکیزەیەکی

بێوێنەی لێ دەرچووە؟!

قسەی ئەکرد، بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێ کە ئەو دەروونە هەڵچووە بەراوەژوو ئەکات و بەڕێزترین خۆشەویستییەکان وێران ئەکات!

ڕەنگی ژوولیەن لە بیستنی ئەم قسەیە هەڵبزڕکا.

ــبەڵێ، هاوڕێم، تووشی بەهێزترین شێوازی ئاینداری بووە و ئەڵێن گوایە ئەچێ بۆ زیارەت. بەڵام سەرشۆڕی هەمیشەیی لەمناوەدا بۆ قەشە مالۆن ماوەتەوە کە ئەو هەمووە سیخوڕی بەسەر قەشە شەلانی هەژارەوە ئەکرد. خاتوو دورێنال بە هیچی نەزانی و ئێستە بۆ ڕازدرکان ئەچێ بۆ دیژۆن یان بزانسۆن.

ژوولیەن کە پەردەیەکی سوور تەوێڵی داپۆشیبوو، وتی:

ــدێت بۆ بزانسۆن؟

فۆکە بە دارەتێکی وەک پرسیار وەڵامی دایەوە:

ــبەڵێ، زۆر جار.

ــڕۆژنامەی کۆنستیتوسیۆنلت پێیە؟

فۆکە وتی:

ــچیت وت؟

ژوولیەن بە ئارامترین شێوە وتی:

ــئەپرسم ڕۆژنامەی کۆنستیتوسیۆنلت پێیە یان نا؟ لێرە ژمارەی ئەدەن بە سی لیرە.

فۆکە هاواری کرد:

ــچی؟ ئازادیخوازەکان گەیشتوونەتە فێرگەی ئاینیش!

ئەوسا لاسایی دەنگی ڕیاکاری قەشە مالۆنی کردەوە و وتی:

ــبێچارە فەڕانسە!

ئەگەر، وریاکردنەوەی ئەو خوێندکارە جەوانە ڤێریریە، کە قارەمانەکەی ئێمە بە منالّی ئەزانی، نەبوایە، کە ئەو لایەنە گرنگەی بۆ ڕوون کردەوە، ئەم سەردانە بە بێگومان کاریگەریەکی قووڵی

لە سەر ناخی ژوولیەن دائەنا. هەڵسوکەوتی ژوولیەن لە ڕۆژی یەکەمی هاتنییەوە بۆ فێرگەی ئاینی، جگە لە زنجیرەیەک هەڵە هیچی تر نەبوو. زۆر بە تاڵی بە خۆی پێکەنی.

ڕاستییەکەی کارە گەورەکانی ژیانی بە زیرەکی و لە ڕێگەی تێگەیشتنەوە ئەنجام ئەدرا، بەڵام گوێی لە شتی وردە نەبوو. لە فێرگەی ئاینی خوێندکارە تەڕدەستەکان بەس سەیری شتی وردە و پردە ئەکەن. بۆیە لە نێوان هەڤاڵەکانی‌دا بە مرۆڤێکی بیرکەرەوەیان ئەزانی. نهێنی ژوولیەن لە ئەنجامی هەندێ کاری وردەدا ئاشکرا ببوو.

لە چاوی ئەو دەستەیەدا تاوانکارێکی مەزن بوو؛ واتە لەبری ئەوەی کوێرانە پەیڕەوی لە دەسەڵات و نەریت بکا، بیری ئەکردەوە و لە ئاستی خۆیەوە داوەری ئەکرد. هیچ خێرێکیشی لە ڕەبەن پیرار نەبینیبوو. لە دەرەوەی کەوشەنی ڕازدرکاندن و تۆبەکردن، ئەو شوێنەی کە زیاتر لە قسەکردن، گوێی ڕائەگرت، تەنانەت یەکجاریش لەگەڵی نەدوا بوو.

لەو کاتەوە هەستی بە دێوانەسەری خۆی کرد، حەزی بووژابوویەوە. ئەیویست بزانێ چەندە زیانی پێگەیشتووە. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش لەو بێدەنگی و خۆکلاکردنە هاتە دەرەوە کە مایەی نەفرەت و دوورەپەرێزی هەڤاڵانی بوو. ئەمجار نۆرەی ئەوان بوو کە تۆڵەی لێ بکەنەوە. کاتێک کە ویستی ببێ بە دۆست لەگەڵیان، بەرپرچی درایەوە و تەنانەت بوو بە مایەی تانە و گاڵتەجاڕ. بۆی دەرکەوت لەو ڕۆژەوە کە پێی ناوەتە فێرگەی ئاینی یەک کاتژمێریش نەبووە کە بەرەنجامێکی بەسوود یان بە زیانی ئەو نەبووبێ، بە تایبەت لە کاتی پشوودان‌دا؛ ژمارەی دوژمنەکانی زیادیان نەکردبێ یان سۆزی هەندێ لەو خوێندکارانەی، کە بەڕاستی نیازپاک و هەر نەبێ تێگەیشتووترن، بۆ لای خۆی

ڕانەکێشابێ. ئەو زیانەی لێی کەوتبوو و ئەبوایە قەرەبووی بکاتەوە زۆر زل و ئەرکێکی ئێجگار دژوار بوو. لەوەبەدوا ژوولیەن هەمیشە ئامادەباش بوو و؛ ئەرکی ئەوە بوو سەرتاپای خۆی لە کاراکتەر و کەسایەتییەکی نوێدا لە قاڵب بداتەوە.

بۆ نموونە جووڵەی چاوەکانی زۆر کێشەی بۆ دروستکرد. بێ هۆ نییە لەو جۆرە شوێنانەدا چاو دائەخەن! ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «لە ڤێریر چەندە لەخۆ بایی بووم! پێموابوو ئەژیم. لە کاتێکا تەنها خۆم بۆ ژیان ئامادە ئەکرد. ئێستە پام ناوەتە ناو کۆمەڵ و ڕواڵەتی ڕاستەقینەی ژیان ئەبینم. دۆخی دنیا تا ئەو ڕۆژەی ئەرکی من لەم گۆڕەپانەدا کۆتایی دێ ئەمەیە و هەمیشە لە گەمارۆی دوژمنانمدا ئەبم!» پاشان ئەیوت: «ئەم درۆ و دەلەسەیەی کە بۆ ساتێکیش نابێ لێی خافڵ ببی، چ کێشەیەکی مەزنە! ئەم کێشەیە پێشبڕکێ لەگەڵ هێرکول ئەکات. هێرکولی سەردەمی نوێ، سیکتۆسی پێنجەمە کە بە بێفیزیی خۆی چل کاردینالی بە هەڵەدا برد، کە ئەشیانزانی لە سەردەمی گەنجێتیدا چەندە بزێو و بەفیز بووە.»

بە قەڵسییەوە بە خۆی ئەوت: «کە وا بوو زانست هیچ ناهێنێ. پێشکەوتن لە بنەماکانی دین و مێژووی پیرۆز و شتی لەم بابەتە بە هیچ دانانرێن. ئەوەی لەمبارەیەوە ئەوترێ بۆ ئەوەیە شێتۆکەی وەک من بخەنە ناو داوەوە. بە داخەوە تەنها بەهرەی منیش فێربوون و هەڵپەی چاوچنۆکانەیە لەم قسە بۆشانەدا. ئایە ڕێگەیەک هەیە کە ئەمانە لە ناخەوە پەی بە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم شتانە ببەن؟ سەبارەت بەم شتانە وەک من داوەری ئەکەن؟ من چەندە گەوج بووم شانازییم بەم شتانەوە ئەکرد! ئەوەتا ئەو پلەی یەکەمە لە هەموو شتێکدا بەدەستی ئەهێنم، تەنها سوودی ئەوە بووە کە دوژمنی خوێنەخۆر بۆ خۆم بتاشم. خۆ شازێل لە من زیرەک و

زاناترە؟ لە پەخشان و داڕێژانەکانی خۆیدا گێڕانەوەی هەلەق و مەلەقی وەها ئەهێنێتەوە، کە ئەیکا بە پلەی پەنجاهەم. ئەگەر جارێکیش بووبێ بە یەکەم، دیارە ئەوە ئاگای لە خۆی نەبووە. ئاخ، تەنها یەک وشە لە دەمی ڕەبەن پیرار بۆی هەبوو چەندە قازانجی هەبێ!»

لەو ساتەوە ژوولیەن چاوی کرایەوە، ڕاهێنانی درێژخایەنی نوێژ و نزا، وەکو تەزبێح گێڕان کە حەفتەی پێنج جار بوو و سروودی دڵی پیرۆز و لەو بابەتە کە پێشتر بە ڕادەیەکی کوشندە وەڕەزکەر و بێتام بوون، بوون بە خۆشترین کاتەکانی کارکردنی. ژوولیەن کە زۆر بە سەختگیرییەوە سەبارەت بە خۆی بیری ئەکردەوە و بڕیاری ئەدا، هەوڵی ئەوە بوو کە دەربارەی کەرەسە و سەرچاوەکانی خۆی بە هەڵەدا نەچێ، ڕێک وەکو ئەو خوێندکارانەی کە ڕەفتاریان ببوو بەنموونە بۆ ئەوانی تر، کەچی بۆ یەکجاریش هەوڵیان نەئەدا کاری مەزن و بە کاکڵ بکەن و زانایییەک لە ڕوانگەی دینەوە لە خۆ پیشان بدەن. لە فێرگە ڕێگەیەک بۆ خواردنی هێلکەی دەڵەمە هەیە کە مزگێنی پێشکەوتنی مرۆڤە لە بواری دینداریدا.

ئێستاکانێ، خوێنەران ڕەنگە بزەیەک بکەوێتە سەر لێویان، ئەگەر هەموو ئەو هەڵانە بهێننەوە بیر کە قەشە دولیل[٨٧] کردی، لە کاتی خواردنی هێلکەدا، ئەو کاتەی لە لایەن یەکێک لە سەرەژنانی مەزنی دەرباری لویی شانزەهەمەوە میوان کرابوو.

ژوولیەن سەرەتا هەوڵیدا بە قۆناغی بێگوناه بگات. ئەم دارەتەش، دارەتی خوێندکارێکی گەنجە کە هەڵسوکەوت و جووڵانی دەست و بازوو و چاوەکانی، نوێنەرەوەی دنیا پەرستی نییە و بەڵام هێشتاش نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی بووبێت بە خولیای ئەو دنیا و فەنا و تیاچوون لەم دنیایەدا. ژوولیەن ئەیبینی لە سەر

٨٧ـ Delille.

دیواری دالانەکاندا بە خەڵووز شتی لەم بابەتە نووسراوە: شەست ساڵ تاقیکردنەوە چ کێشێکی هەیە لە بەرامبەر خۆشی هەمیشەیی یان ڕۆنی کولاتووی وەرجاوەندی دۆزەخ؟ ئیتر بە چاوی سووک نەیڕوانییە ئەم دروشمانە. تێگەیشت ئەبێ هەمیشە ئەم دروشمانە لەبەر چاو بگرێ. بە خۆی وت: «لە هەموو ژیانمدا چی ئەکەم؟ جێگەیەک لە بەهەشت بە دیندارێک ئەفرۆشم؟ چۆن ئەتوانم ئەم شوێنەیان بۆ وێنا بکەم؟ بە جیاوازی لە نێوان ڕواڵەتی قەشەی من و ڕواڵەتی ناقەشەی ئەو.»

ژوولیەن پاش چەند مانگ پەڕاوە و ڕاهێنان، هێشتاش جارجارە دارەتێکی پێوە ئەبینرا کە خەریکە **بیر ئەکاتەوە**. بزووتنی چاوەکانی و جۆری دەمکردنەوەی هێشتاش نیشانەی ئەو بڕوایە نەبوو کە ئامادەی داکۆکی لە هەموو شتێک بێت و تەنانەت ئامادەی ئەشکەنجە و گیانبەختکردنیش بێت. ژوولیەن زۆر لەوە قەڵس بوو کە تەنانەت ئەو دێهاتیە زماننەزانانەش لەم بوارەدا کەوتونەتە پێش ئەوەوە. ئەوان هۆکاری باشیان هەبوو بۆ ئەوەی ڕواڵەتی بیرمەندیان پێوە دیارنەبێ.

بۆ گەیشتن بە ڕواڵەتێک پڕ بێ لە بڕوایەکی ئاگرین و چاوبەستراو، کە ئامادەی هەموو ئەشکەنجەیەکە، چەندە ڕەنجی ئەکێشا، ئەو ڕواڵەتەی نموونەی لە خانەگا و کلیساکانی ئیتالیادا زۆرە، ئەو ڕوخسارەی کە گوێرچینۆ[٨٨] لە پەردەکانی کلیساکاندا[٨٩] زۆر نموونەی بەو هەمووە شکۆ و جوانییەوە بۆ ئێمەی نەخوێندەوار بەجێهێشتووە.

لە بۆنە مەزنەکاندا، باسترمە و خۆراکی کەلەرم ئەدرا بە

٨٨ـ Guercino.

٨٩ـ بۆ نموونە وێنەی ژمارە ١١٣٠ لە مووزەجانەی لووڤر، تابلۆیەکە فڕانسیس، دووکی ئاکیتن Francis Duke of Aquitaine پیشان ئەدات، کە تاجەکەی فڕێ ئەدات و بەرگی ڕەبەنان لەبەر ئەکات.



خوێندکاران. هاوسفرەکانی ئەیانزانی هیچ گوێی لەم ڕێژەنە نییە. ئەم کارەی بوو بە یەکێک لە گوناهە سەرەتاییەکانی و لە چاوی هاوڕێکانیدا بە فێڵبازییەکی گەوجانە ژمێردرا و بوویە مایە نەفرەت. هیچ کارێکی بە ئەندازەی ئەمە دوژمنی بۆ نەتاشی. ئەم قسانە لە دەمی خوێندکارانەوە ئەهاتە دەرەوە: «سەیری ئەم بەچکە دەوڵەمەندە بکەن، سەیری ئەم بوونەوەرە لەخۆباییە بکەن بە ڕیا و دەلەسە وای دەرئەخا کە بە سووک سەیری باشترین خواردنی ئێمە واتە باسترمە و کەلەرم. ئەکات. لەحنەتت لێبێ، نەفرەتت لێبێ ئەی نەگریس! لەخۆرازی! مەلعوون!»

ژوولیەن لە کاتەکانی نائومێدیدا هاواری ئەکرد: «بە داخەوە! نەزانیی بۆ ئەم هەڤاڵە دێهاتیانەی من سەرکەوتنێکی گەورەیە. کاتی هاتنی ئەم گەنجانە بۆ فێرگە، مامۆستا ناچار نییە یەک دنیا ئەندێشەی دنیاپەرستانە، کە من لەگەڵ خۆم هێناومە بۆ فێرگە و هەرچی بکەم هەر بە ڕواڵەتمەوە دیار ئەبێ، لەوان و لە ڕوخساریان دابماڵێ.»

ژوولیەن بە وردبینییەکی وەکو ئێرەیی پێ بردن ڕەفتاری

ناقۆلاترین کوڕە جووتیارانی ئەخستە بن چاودێری. لەو ساتەدا کە ئێلەکە کوڵکەکەیان لەبەر دائەکەندن و ئەو جلە ڕەشەیان لەبەر ئەکردن، هەموو پەروەردە و تێگەیشتنیان لە ڕادەی ڕێزی مەزن و بێ سنووریان بۆ پارە و ــوەک خەڵکی فڕانش کونتە ئەڵێن ــ بۆ پارەی برەو، تێ نەئەپەڕی.

ئەمە بوو ڕێگەی پیروز و قارەمانانەی دەربڕینی بیرۆکەی پارەی برەو.

لای ئەم خوێندکارانە، وەک پاڵەوانەکانی چیرۆکەکانی ڤۆڵتێر، بەختەوەری لە هەموو شت زیاتر بریتی بوو لە خواردنی شێو و نیوەڕۆ. ژوولیەن ئەیبینی کە کەموزۆر، لە هەناوی هەموو کەسێکدا ڕێزێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەوانەی کە بەرگی گرانبایی و جوانیان لە بەردایە. ئەم هەستە لە ڕێژەی نرخی ئەو دادەوە سەرچاوە ئەگرێ کە لە دادگاکانی ئێمەدا هەق ئەدا بە خاوەن هەق و تەنانەت نرخی لەوەش کە هەیە زیاتر دائەبەزێنێ. لێرەدایە ئەم بەو ئەڵێ: سکالاکردن لە کەسێک کە زلە، چ سوودێکی هەیە؟!»

ئەم وشەی «زل»ـە، لە دۆڵەکانی کوێستانی ژوورا بەوانە ئەوترێ کە دەوڵەمەندن و لێرەوە ڕادەی ڕێزی ئەوان بۆ داراترین داراکان واتە حکوومەت دەرئەخات.

لە فڕانش کۆنتە، لەبیرکردنی بزەی ئاوێتە بە ڕێز و نەوازش، کاتی ناوهێنانی جەنابی پارێزگار، کارێکی ناپارێزییە و ئەگەر ئەم کردارە نەشیاوە لە یەکێک ڕوو بدات، دەسبەجێ تەمێ ئەکرێ؛ واتە نانی ئەبڕدرێ.

هەرچەند لە سەرەتاوە، لە ئەنجامی ئەو هەستی نەفرەت و گاڵتەپێکردنەی هەڤالانی، خەریک بوو لە داخا فجووقی ئەکرد، بەلام سەرەنجام لە ناخی دڵیدا، بەزەیی پیایاندا هاتەوە: بۆی دەرکەوتبوو باوکانی زۆربەی هەڤالانی زۆر شەوانی زستان گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەوە

و تەنها پارچەیەک نان یان چەند دەنکێک کەستانە یان پەتاتەیەک لە ماڵەکەیدا نەبووە. ژوولیەن بە خۆی وت: «کە وا بوو بۆ ئەبێ لام سەیر بێ ئەگەر لە لای ئەمانە، لە هەموو خۆشبەختتر ئەو کەسەیە کە سکی تێرە و لە دوای ئەویش ئەوەیە کە جلی بەهاداری لەبەردا بێ. هەڤاڵانم حەزێکی لێبڕاویان هەیە؛ واتە تا سەردەمایەکی باش، بەردەوامیی ئەو بەختەوەرییە کە بریتی بێ لە ورگی تێر و بەرگی شیاو، لە پیشەی قەشەییدا ئەبینن!»

ڕۆژێک بە ڕێکەوت، ژوولیەن گوێی لێبوو خوێندکارێکی گەنج کە دیار بوو لە وزەی ئەندێشە بەهرەیەکی پێگەیشتووە، بە هەڤاڵەکەی ئەڵێ:

ــ بۆ ئەبێ من نەتوانم وەکو سیکتۆسی پێنجەم کە مالۆسی ڕائەگرت، ببم بە پاپ؟

هەڤاڵەکەی وەڵامی دایەوە:

ــ جگە لە ئیتالیاییەکان کەس نابێ بە پاپ. بەڵام لەوە دڵنیام بۆ پلەی مەتران، جێگری کاردیناڵ و ڕەنگیشە کاردیناڵ لە نێوان ئێمەدا تیروپشک بخەن. «جەنابی پ»، کاردیناڵی شالۆن، کوڕی کابرایەکی بەرمیلسازە؛ باوکی منیش پیشەی ئەمەیە.

ڕۆژێک کاتی خوێندنی بنەمای ئاین، ڕەبەن پیرار، ژوولیەنی بانگ کرد و جەوانی دەرمەندە، لە ئەنجامی ڕزگاربوون لەم کەشە جەستەیی و دەروونییە شادمان بوو.

ژوولیەن هەمان ڕواڵەتی مۆن و تووڕەی لە جەنابی بەڕێوەبەردا بەدی کرد کە ڕۆژی هاتنی بۆ فێرگە بینیبووی.

ڕەبەن پیرار پاش نیگایەک کە ژوولیەن لە ترسی خەریک بوو لە عەرز ڕۆ بچێ، وتی:

ــ ئەوەی لە سەر ئەم کارتە نووسراوە بۆم لێکبدەرەوە!

ژوولیەن ئەم چەند ڕستەیەی خوێندەوە:

«ئەماندا بینێ، چاخانەی زەڕافە، پاش کاتژمێری هەشت، بڵێ کە خەڵکی ژۆنلس و ئامۆزای دایکمی.»

ژوولیەن هەستی بە گەورەیی مەترسییەکە کرد. سیخوڕی قەشە کاستانێد ئەم ناونیشانەی لێ دزیبوو.

جا لەبەر ئەوەش کە نەی ئەتوانی خۆی لە بن ئەو نیگا سامناکەدا ڕابگرێ، ڕوانییە تەوێڵی ڕەبەن پیرار و بەمجورە وەڵامی دایەوە:

ــئەو ڕۆژەی کە هاتم بۆ ئەم شارە، تووشی ترس و لەرزێکی سەیر ببووم. قەشە شەلان پێی وتبووم کە ئێرە هەموو جۆرە پیلان و خراپەیەکی تیایە. سیخوڕی و ناوزڕاندنی هەڤاڵان کارێکی ئاساییە و تەنانەت پاداشتیشی هەیە. ویستی خودایی بۆ ئەوەی ژیان وەکو خۆی بە قەشە گەنجەکان پیشان بدات و بۆ ئەوەی نەفرەتی ئەوان لە دنیا و شکۆمەندی دنیا لە دڵی ئەواندا بورووژێنێ، وای پێ باش بوو کە ئێرە ببێ بە ناوەندی گەندەڵی.

ڕەبەن پیرار بە تووڕەیی وتی:

ــدرێژدادڕی بۆ من ئەکەی، بەدفەڕی چەپەڵ!

ژوولیەن بە دەنگێکی سارد وتی:

ــلە ڤێریر کاتێک کە براکانم بە هۆیەکەوە ئێرەییان پێ ئەبردم، ئەیانکوتام.

ڕەبەن پیرار کە ئیتر گەیشتبوویە تینی، نەڕاندی:

ــبچۆرە سەر بابەتەکە، ئەم بابەتە!

ژوولیەن بە بێ ئەوەی تۆزێکیش تووشی شەرم و ترس ببێ، بەم جۆرە پەیشۆنی چیرۆکەکەی گرت:

ــئەو ڕۆژەی هاتم بۆ بزانسۆن کاتی نیوەڕۆ بوو و برسیم بوو. چووم بۆ چاخانەیەک. هەرچەند پڕبەدڵ ڕقم لەو شوێنە چەپەڵە بوو، بەڵام بە خۆم ئەوت، نانخواردن بۆ من لە چاخانە هەرزانتر ئەکەوێ هەتا لە میوانخانە. ژنێک کە وا بزانم خاوەنی چاخانەکە

بوو، دڵی بۆ منی نەشارەزا سووتا و وتی: بزانسۆن پڕە لە خەڵکی شەڕانی و من خەمی تۆمە کێشەیەکت تووش ببێ. ئەگەر شتێک ڕووی دا و پێویستت بە یارمەتی هەبوو، پێش کاتژمێری هەشت پەیامێک بۆ من بنێرە و ئەگەر دەرگاوانانی فێرگە نەیانویست پەیامەکەت بهێنن، بڵێ ئامۆزای من و خەڵکی ژۆنلسم.

ڕەبەن پیرار کە لە شوێنێک خۆی پێ ڕانەئەگیرا و لە ناو ژوورەکەدا بەملا و ئەولادا ئەڕۆیشت، نەڕاندی:

ــسەبارەت بەم فرەوێژیانە لێئەکۆڵمەوە. جارێ بڕۆرەوە بۆ ژوورەکەی خۆت!

ڕەبەن پیرار بە دوای ژوولیەندا ڕۆیشت و لە ژوورەکەی خۆی زیندانی کرد. ژوولیەن دەسبەجێ کەوتە سەیرکردنی جانتاکەی کە ئەو کارتە نەگریسە لەبنیدا بە وریایی داشاردرابوو. لە شتەکانی کەم نەبوویەوە. ژوولیەن بە خۆی وت: «چەند بەختەوەرم کە هەرگیز، لەو سەردەمەدا کە هێشتا چاوبەستراو بووم، لە فێرگە نەچوومە دەرەوە. ئێستە ئەزانم چەندە باشم کردووە ئەگەر قەشە کاستانێد ئاوەها بە ڕووخۆشی ڕێگەی پێئەدام پشوو وەربگرم و بچم بۆ ناوشار، وەرم نەگرتووە. بۆی هەبوو خولیای بینینی ئەماندای شۆخوشەنگ وای لێبکردمایە خۆم بگۆڕم و بچم بۆ لای. ئەوسا بە جارێک ئەفەوتام. بۆ ئەوەی ئەم زانیارییەشیان نەسووتێ، کەوتوونەتە دووزمانی و ڕاز ئاشکراکردن.

دوو کاتژمێر پاشتر، بەڕێوەبەری فێرگە بانگی کرد و بە نیگایەکەوە کە تووڕەیییەکی کەمتری تیابوو، وتی:

ــدرۆت نەکردووە! بەڵام ڕاگرتنی ئەو ناونیشانە، کارێکی ناپارێز و شێتانەیە و ناتوانی پەی بە هەتەرەکەی ببەی. منالی نەگبەت! شتی وا ڕەنگە پاشی دە ساڵ زەبرت پێبگەیەنێ!

بەندی XXVII

# یەکەم ئەزموونی ژیان

ئەم چرکەساتە، خوایە گیان!
کەشتی مەولایە،
بەدا لەو کەسەی دەستی بۆ ئەبا!
(دیدێرۆ)

دیارە خوێنەری میهرەبان ڕێگەمان پێئەدا کە وردەکاری ڕوون و ئاشکرا سەبارەت بەم خولەی ژیانی ژوولیەن زۆر کەم و کورت بێ. هەڵبەت نەک لەبەر ئەوەی نەیانزانین، بەڵکو بە پێچەوانە، زۆر چاکیش ئاگامان لێیەتی. بەڵام ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە بیرەوەرییەکانی ژوولیەن لە فێرگەی ئاینی ئەوەندە ڕەشە، کە لەگەڵ ئەو ڕەنگ ئامێزییە ناسک و ناونجییەدا ناگونجێ کە ئەمانەوێ ئەم لاپەڕانەی پێ بنەخشێنین. خەڵکی سەردەمی ئێمە کە خۆیان بە هۆی زۆر شتەوە وان لە بن ئەشکەنجەدا، بیرکەوتنەوەی ئەو بابەتانە، تووشی دڵەخورپەیەکی وەهایان ئەکات، کە حەزی هەموو خۆشییەکی تر و تەنانەت خوێندنەوەی چیرۆکی تریشیان لە لا تاڵ ئەکات.

ژوولیەن چەندە زیاتر هەوڵی ئەدا بۆ فێڵکردن لە هەڵسوکەوتی خۆیدا، کەمتر سەرکەوتنی بەدەست ئەهێنا. تووشی چرکەساتی بێزاری و تەنانەت تووشی ئەوپەڕی نائومێدی بوو. سەرکەوتن و کامەرانی لەو پیشە کرێتەی ئەو هەڵیبژاردبوو، بەدەست نەئەهات. ئەگەر کەمترین یارمەتییەکی لە دەرەوە پێ بگەیشتایە، ڕەنگە

ورە و جەربەزەیەکی پەیدا ئەکرد. لەمپەری سەر ڕێگای زۆر دژوار نەبوو. بەڵام وەک گەمییەک لە ناوەڕاستی زەریادا بە تاقی تەنها بوو. بە خۆی ئەوت: «ئەو ڕۆژەش کە سەرکەوتن بەدەست ئەهێنم، بەرەنجامەکەی چی ئەبێ؟ ئەبێ تا ماوم لەگەڵ ئەم خەڵکە دەروون کرمۆڵ و ناخ دزێوەدا بژیم! ئەم ورگپەرستانەی هەمیشە و دەرهەم وان لە بیری هێلکەوتەماتە بە قاشی ڕانەبەرازەوەن، کە لە سەر سفرەی شێو ئەیخۆن، یان کەسانی وەکو قەشە کاستانێد کە هیچ تاوانێک بە ڕەش نازانێ. ئا ئەمانەن کە دەسەڵات ئەگرن بە دەستەوە. بەڵام بە چ نرخێ، ئەی خوای مەزن؟!»

«لە هەموو شوێنێک ئەخوێنمەوە کە ئەڤانی مرۆڤ بە توانایە. بەڵام ئەم ئەڤانە کەی ئەتوانێ بەسەر ئەو نەفرەتەدا زاڵ ببێ؟ ئەرکی پیاوانی مەزن سووک و سانا بوو. مەترسی چەندەش مەزن بوایە لە بەرچاویان هێشتاش جوان بوو. جگە لە خۆم، کێ ئەتوانێ لەو کرێتی و ناشیرینیە تێبگات کە منی ئابلۆقە داوە؟»

ئەم ساتە بوو بە دژوارترین و بەئازارترین کاتەکانی ژیانی. زۆر ئاسان بوو بۆی کە ببێ بە سەرباز لە یەکێک لە تیپە ڕەنگین و سەنگینەکانی بزانسۆن. ئەیتوانی ببێ بە مامۆستای زمانی لاتین. بۆ دابینکردنی ژیانی پێویستی بە کەمترین شت بوو. لەو کاتەدا ئیتر ڕێبازی گەیشتن بە دارایی و داهاتوویەکی پرشنگداری لێنەبوو: ژیانێکی مردوو! ئەوەی لە خوارەوە هاتووە سەربردەی یەکێک لە ڕۆژانی ڕەشی ژیانیەتی.

«فیز و دفرەم، لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ گوندییەکانی تر جیاوازم، زۆر جار ئافەرینی لە خۆی کردووە!» ڕۆژێک چێشتەنگا، بە خۆی ئەوت: «زۆر چاکە ئەم ساڵانەی لە ژیانی من ڕابردووە، ئەو خاڵە ڕوون ئەکاتەوە کە جیاوازییەکە کینەیە.» ئەم ڕاستەقینە مەزنە، لە ئەنجامی یەکێک لە بەئازارترین شکست و ناکامیەکانیدا لە لای

ئاشکرا ببوو. ماوەی یەک حەفتە، لەبری خوێندکارێک کە تەمەنی خۆی بە بۆنی بەهەشتی خوا بە نوێژ و تەلیلە تێئەپەڕاند، کاری کردبوو. لە حەوشە پیاسەی لەگەڵ ئەکرد و ملکەچانە، گوێی لەو وڕینانە ئەگرت کە خەویان لە مرۆڤ ئەخست. لەپڕ تۆف هەڵیکرد. هەور گرماندی و خوێندکار بە ڕقەوە پاڵی پێوەنا و وتی:

ــگوێ بگرە! لەم دنیایەدا هەر کەس بۆ خۆیەتی. من نامەوێ شەپڵە لێم بدا و بە ئاگری هەورەبرووسکە بسووتێم. ڕەنگە خوا وەکو ڤۆڵتێرێکی تر تۆ بەو ئاگرە بسووتێنێ.

ژوولیەن لەوپەڕی ڕقدا ددانەکانی ڕێک گووشا و ڕوانییە ئاسمانی پڕ لە برووسکە و یەک بە خۆی نەڕاندی: «ئەگەر لە گەرمەی تۆفان‌دا بخەوم، شیاوی ئەوەم لە ئاودا نوقم ببم! ڕێگە بدەن با باری گەوجێکی تر بدەم بە کۆڵدا!»

زەنگی وانەی مێژووی قەشە کاستانێد لێدرا.

ئەو منداڵە گوندییانەی کە ئەو هەمووە لە کاری دژوار و نەداری باوکانیان ئەترسان، ئەو ڕۆژە، لە لایەن قەشە کاستانێدەوە ئەم بابەتەیان پێوترایەوە، کە حکوومەت، واتە ئەو دامودەزگا بە ڕواڵەت ترسناکە، جگە لەو دەسەڵاتەی کە لە لایەن نوێنەری خوا لە سەر ئەم عەرزە پێی ئەدرێ، هیچ توانایەکی ڕاستەقینە و قانوونی نییە. پاشان وتی:

ــوەرن لە ڕێگەی پاکبوون لە ژیان و نوێژ و ملکەچییەوە خۆتان بکەن بە شیاوی بەزەیی و بەخششی پاپ. ببن بە گۆچان بە دەستییەوە. بەم جۆرە پلەیەکی باڵا بەدەست ئەهێنن. ئەبن بە سەرۆک و فەرمان ئەدەن بە بێ ئەوەی کەس چاودێریتان بکات. پلەیەکی سەقامگیر کە دەرکردن و لەکارخستنی نییە. پلەیەکی مسۆگەر کە یەک لە سێی مووچەکەی حکوومەت ئەیدا و دوو لە سێشی ئەو بەندەیەی خوا کە بە وتار و ئامۆژگارییەکانی ئێوە

پەروەردە بوون.

قەشە کاستانێد، پاش تەواوبوونی وانەکەی لە حەوشە وەستا. بەوانەی لە دەوری ئاڵقەیان دابوو، ئەیوت:

—ڕێژەی ڕێز و نرخی هەر پلەیەک پەیوەندی بە ڕێژەی ڕێز و نرخی ئەو کەسەوە هەیە کە خاوەنی ئەو پلەیەیە. باشترین نموونەش بۆ ئەمە خودی قەشەیە. من کە ئێستە لەگەڵ ئێوە قسە ئەکەم، دەیر و پاریشی وام لەو کوێستانانە بینیوە کە زێدە مووچەیان لەوانەی شار زیاترە. لەو ناوچانە تا بڵێی پارە هەیە و ئەوسا باسی کەڵەشێری خەساوی دابەستە و هێلکە و کەرەی تازە و هەزار ورد و درشتی خۆشی تر هەر مەکە. لەوێ پلەی قەشە بە بێ قسە لە هەمووان مەزنترە. هیچ میوانییەک نییە قەشەی لێ میوان نەبێ و ڕێزی تایبەتی لێنەگیرێ و هەزار شتی تریش...

هێشتا قەشە کاستانێد دوور نەکەوتبوویەوە کە خوێندکارەکان بوون بە چەند پۆلەوە. ژوولیەن لە ناو هیچ دەستەیەکدا نەبوو. وەکو بزنی گەڕ بەڕەڵڵا کرابوو. لەناو هەموو دەستەیەکدا یەکی ئەبینی سکەیەکی پێنج لیرەیی هەڵئەدا بە حەوادا و ئەگەر لە کەللە و ژمارەدا بۆی بهاتایە، لە لایەن هەڤاڵانییەوە ئەسەلمێنرا کە بەم زوانە ئەبێ بە بەرنوێژی یەکێک لە ناوچە بەڕێژەن و دەوڵەمەندەکان.

پاشان نۆرەی چیرۆک بوو. فلاّنە قەشەی جەوان، کە هێشتا یەک ساڵیش نەئەبوو دامەزرابوو، کەروێشکێکی دابوو بە خزمەتکاری بەرنوێژێکی پیر و توانیبووی ببێ بە جێگری قەشەی پیر و پاش سێ مانگیش لەبەر ئەوەی قەشە مردبوو، ئەم ببوو بە بەرنوێژ. فیسارە قەشەش، لە ئەنجامی دانیشتن لە سەر سفرەی بەرنوێژێکی پیر و پەککەوتە و لەبەر ئەوەی هەموو جارێک بە میهرەبانی جووجکەکانی بۆ بەرنوێژ پارچە پارچە کردووە،

توانیویێتی ببێ بە جێگری قەشەی گوندێکی زۆر دەوڵەمەند.

خوێندکارانی فێرگەی ئاینی وەکو جەوانانی هەموو پیشەکانی تر، سەبارەت بە بەرەنجامی ئەم ستراتێژییە بچکۆلەیە لە سنووری ئاسایی تێئەپەڕن و ئەگەن بە ئەندێشە و وێناگەری.

ژوولیەن بە خۆی وت: «منیش ئەبێ خۆم لەگەڵ ئەم جۆرە وتووێژانە ڕابهێنم. کاتێک کە باسی کالباس و دەیرە پڕ داهاتەکان تەواو ئەبوو، ئەهاتنەوە بۆ بابەتی دنیاپەرستانەی بیروباوەڕی کلیسا و ناکۆکی نێوان کاردیناڵەکان و پارێزگاران و شارەوانان و بەرنوێژەکانی شارەکان.

ژوولیەن سەرهەڵدانی خوای دووەمی لە ئاوێنەی ئەندێشەی ئەمانەدا ئەبینی؛ بەڵام خوایەک کە لەوی تر سامناکتر و لە خواکەی تر زۆر بەتواناتر بوو. ئەم خوای دووەمە پاپ بوو. کاتێک کە دڵنیا ئەبوون ڕەبەن پیرار گوێی لە قسەکانیان نییە، باسی پاپ ئەکرا و بە دەنگێکی ئارام ئەوترا: ئەگەر پاپ خۆی ڕاستەوخۆ هەموو پارێزگاران و شارەوانانی فەڕانسە دانانێ، لەبەر ئەوەیە کە پادشای فەڕانسەی ناوناوە کوڕە گەورەی کلیسا و ئەم کارەی خستۆتە ئەستۆی ئەو.

لێرەدا بوو کە ژوولیەن هەستی کرد بۆ بەدەستهێنانی ڕێزێک، ئەتوانێ لە پەرتووکی پاپ، نووسینی دومستەر، کەڵک وەربگرێ. ڕاستییەکەی هەڤاڵەکانی سەریان لێی سووڕما! بەڵام ئەمەش بووە مایەی ژانەسەر. لەبەر ئەوەی بیر و بۆچوونی ئەوانی لە خۆیان باشتر دەرئەبڕی، بووە هۆی شەمزاندنیان. قەشە شەلان دەربارەی ژوولیەن، وەک خودی ژوولیەن، مەرجی پارێزی بەزاندبوو. پاش ئەوەی ژوولیەنی ڕاهێنا بەوەی لە سەلماندندا ڕاستگۆ بێ و بە قسەی بێهوودە کڵاو نەکاتە سەری، لە بیری چوو ئەوەشی تێبگەیەنێ کە ئەم خووە پەسەندە لە لای بوونەوەرێکی

بێناو و بێمایە، بە تاوان ئەژمێردرێ؛ چونکە سەلماندنی باش و بەهێز وەک تیری توانج دڵ ئەڕەنجێنێ.

بەم جۆرە شیرین زمانی و ڕاستگۆیی بوو بە تاوانێکی تری ژوولیەن. هەڤاڵەکانی، لە زۆری بیرکردنەوە دەربارەی ئەو، توانیان ئەو هەمووە ترس و نەفرەتەی لە دڵیاندا بەدیهێنابوو، بە یەک وشە دەرببڕن: ناویان نا «مارتین لوسر». بە ڕای ئەوان ئەم ناتۆرەیە زیاتر لە هەموو شتێک بوونی ئەو لۆجیکە دۆزەخییە بوو کە ئەو هەمووە خۆی پێوە بائەدا! چەند خوێندکارێک ڕەنگ و ڕواڵەتیان لە ژوولیەن گەشتر بوو و ڕەنگ بوو لەو بە قۆزتر بژمێردرێن. بەڵام ئەو دەستەکانی سپی بوو و نەی ئەتوانی هەندێ خووی خۆی بشارێتەوە کە بریتی بوو لە پاک و خاوێنی. ئەم خدەیە، لەو شوێنە غەمناکەی چارەنووس ئەمی تێ فڕێدابوو، بە خاڵی پەسەند نەئەژمێردرا. ئەو گوندییە چەپەڵانەی ژوولیەن لە ناویاندا ئەژیا، قاویان داخست کە ژوولیەن لە ڕوانگەی ڕەوشتەوە سست و هەرزەیە. لەوە ئەترسم گێڕانەوەی سەدان کۆسپ کە هاتە سەر ڕێگەی قارەمانەکەمان، ببێتە هۆی ماندووکردنی خوێنەران. بۆ وێنە، ئەوانەی بە شان و باهۆ، ڕاهاتبوون لێی بدەن. ئەویش بە ناچار پەرگالێکی ئاسنی دەستخست و بە ئەماژە ــ نەک بە ئاشکرا ــ تێیگەیاندن ئەگەر پێویست بکا بەکاری ئەهێنێ. هێما و ئەماژە لەگەڵ ئەوەی بە زمان ئەوترێ جیاوازە و سیخوڕ ناتوانێ بە شێوەیەکی تەواو لە ڕاپۆرتەکەیدا سوودی لێوەربگرێ.

بەندی XXVIII

## ڕێبێوان

هەموو دڵەکان هەژاون
ئەڵێی خوا دابەزیوە و لەم نزیکانەیە،
شەقامی گۆتیک و تەنگەبەر،
ئەمبەر و ئەوبەری ڕازاوە،
بە یارمەتی پەیڕەوانی دین، بە لم داپۆشراوە!
(یانگ)

ژوولیەن لەخۆڕا هەوڵی ئەدا خۆی بدا لە گێلی، نەی ئەتوانی بچێتە دڵانەوە. جیاواز بوو. بە خۆی وت: «هەرچۆنێک بێ ئەم ئوستادانە کەسانێکی لێزان و نوکتەبێژن و لە نێوان هەزاران کەس‌دا هەڵبژێردراون: ئەی بۆ حەزیان لەو ملکەچی و کرنۆشبردنەی من نییە!» وای ئەزانی لەوەی کە خۆی ئامادە بکات بۆ بڕواهێنان بە هەموو شت و فریوی هەموو شت بخوات، تەنها یەک کەس قازانج ئەکات. ئەویش قەشەیەک بوو بە ناوی شابڕنارد کە بەڕێوەبەری دابی کلیسای گەورەی شاری لە ئەستۆ بوو و پانزە ساڵ بوو بەڵێنی ئەوەی پێدرابوو بیکەن بە بەرنوێژی کلیسا و، ئەوەتا بە شێوەیەکی کاتی لە فێرگە، وانەی ڕەوانبێژی ئەوتەوە. ئەم وانەیەش یەکێک بوو لەو بابەتانەی کە ژوولیەن لە سەردەمی نابینایی و چاوبەستراوی‌دا هەمیشە یەکەم بوو. «ڕەبەن شا» ئەم لایەنەی کردبوو بە سۆنگەیەک بۆ ئەوەی میهرەبان بێ لەگەڵی و پاش تەواوبوونی هەموو وانەیەک، بە خۆشییەوە قۆڵی ئەکرد بە

قۆڵیا بۆ ئەوەی پیاسەیەک لە ناو باخ بکەن.

ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «چ مەبەستێکی لەم کارانە هەیە؟» ئەیبینی قەشە شا چەندین کاتژمێر باسی زێڕ و زیوی کلیسای شاری بۆ ئەکات. ئەم دەیرە جگە لە خشڵی کاتی پرسە، حەڤدە بەرەکی پۆپەشمینەی چیندار و ڕازاوەی زەڕبەفتی هەیە و هیوایەکی فراوان بە بێوەژنی پیری سەرۆک «دو ڕوبەنپەرە»[٩٠] هەبوو. ئەم خاتوونە نەوەد ساڵەیە جلی شەوی پەردەی خۆی، کە لە گرانبەهاترین هەورێشمی زەڕبەفتی لیۆن دووراببوو، لانیکەم بۆ ماوەی شەست ساڵ بوو ڕاگرتبوو. قەشە شا لەپڕ ڕائەوەستا، حەپەساو و بە چاوی لە حەیبەتان دەرپەڕیوەوە ئەیوت: «دۆستی من ئەو هەورێشمانە لە زۆری زێڕ، ڕەپ ڕائەوەستن. لە بزانسۆن هەموو پێیان وایە بە گوێرەی ڕاسپاردەی سەرۆک، جگە لە چوار پێنج ڕووپۆش بۆ جەژنە گەورەکان، زیاتر لە دە بەرەکی ڕازاوە بە زێڕ و زیویش ئەچێتە سەر خەزێنەی کلیسا.» قەشە شا پاشان دەنگی خۆی دائەبەزاند و ئەیوت: «لەوەش زیاتر! بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی بە دەستمەوەیە وا بزانم کە سەرۆک، هەشت مشخەڵی زیوی گوڵزێڕینی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە، کە وا پێئەچێ دووکی بورگوندی، شارڵی بێباک، کە یەکێکە لە باپیرەکانی ئەم ژنە گەورەیە و وەزیری خۆشەویستی ئەو بووە، لە ئیتالیا کڕیونی.»

ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «ئەم کابرا لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەم جلە کۆنانە چ مەبەستێکی هەیە؟ یەک سەدەیە ئەم خۆ ئامادەکردنە تەڕدەستانەیە لە ئارادایە و هێشتاش هیچ دیار نییە. وا بزانم گومانی لە من هەیە! لە هەموو ئەوانەی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەفتەدا لە مەبەستیان تێئەگات زیرەکترە. خۆم ئەزانم ئەیەوێ چی بڵێ. پانزە دانە ساڵە هەستی بەرزەفڕی ئەم کابرایە ئازار

٩٠ـ de Rubempre.

ئەچێژێ.»

ئێوارە درەنگانێک، کاتی وانەی شمشێربازی، ژوولیەن بانگکرا بۆ لای ڕەبەن پیرار و پێی وت:

ــبەیانی جەژنی جەستەی خوایە. قەشە شابرنارد بۆ ڕازاندنەوەی کاتادرای پێویستی پێتە، بڕۆ و فەرمان ڕاپەڕێنە.

ڕەبەن پیرار جارێکی تر بانگی کردەوە و بە دەنگێکی ئاوێتە بە دڵسۆزی وتی:

ــبزانە بۆ گەڕان لە ناوشار ئەم هەلە ئەقۆزیتەوە یان نا؟

ژوولیەن لە وەڵامدا وتی:

ــمن دوژمنم شاراوەن.

بەیانی ئەو ڕۆژە، ژوولیەن، بە ملی خوارەوە بەرەو کلیسا چوو. بە بینینی دیمەنی کۆڵانەکان و ئەو کار و تێکۆشانەی وردە وردە شاری دائەگرت، دڵی کرایەوە. لە هەموو لایەک، ڕووکاری ماڵەکانیان لەبەر کاروانی ڕێپێوان بە مافورە و پەردە ئەڕازاندەوە. ئەو ماوە دووروودرێژەی لە فێرگە ژیابوو، ئەتوت ساتێکیش نەبووە. بیری لە لای ڤێرژی و ئەم ئەماندا بینیّیە ئەخولایەوە کە ڕەنگ بوو ببینیّ، چونکە چاخانەکەی ئەوەندە دوور نەبوو. لە دوورەوە قەشە شا برناردی بینی لە ئاستانەی کلیسای گەورە و پیرۆزدا وەستاوە. پیاوێکی چوارشانە و ڕووخۆش و ڕواڵەتی ڕاستگۆی ئەنواندەوە. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی پیرۆز بوو. کاتێک کە لە دوورەوە چاوی بە ژوولیەن کەوت هاواری کرد:

ــکوڕی ئازیزم، چاوەڕوانی تۆ بووم. بەخێر هاتی. کاری ئەمڕۆمان زۆرە و دژوار. وەرە با بە چاشتێکی سەر لە بەیانی وزە بدەین بە خۆمان و قاوڵتیش کاتژمێری دەی بەیانی کاتی نوێژی گەورەیە.

ژوولیەن بە مەندی ڕایگەیاند:

ــ باوکە، حەز ئەکەم تەنها ساتێکیش تەنها نەبم.
پاشان کاتژمێرە دیوارییەکەی پیشان دا و وتی:
ــ سەرنج بدەن ئەوا ڕێک یەک خولەک بۆ پێنج من لێرەم.
قەشە شا وتی:
ــ سەیرە کە تۆ لەو منالە چەتوونانەی فێرگە ئەترسی! زۆر سادەی کە بیر لەوانە ئەکەیتەوە! مەگەر جوانی ڕێگا بە بۆنەی ئەو دڕکانەی وان لە پەرژینەکانی قەراخ جادەکە، کەم ئەبێتەوە؟ گەشتیار بە ڕێگەی خۆیدا ئەڕوات و ئەو دڕکە نەگریسانە بەجێ ئەهێڵێ تا لە جێگەی خۆیاندا بڕزێن و هەڵوەرێن. هەر چونێک بێ، دۆستی ئازیز، ئەبێ کاری خۆمان بکەین! ئەبێ دەست پێبکەین!

قەشە شا، لەو بۆچوونەیدا کە کاری ئەمڕۆیان دژوار ئەبێ، هەقی بوو. ڕۆژی پێشوو پرسەیەکی مەزن و شکۆدار لە کلیسا بەڕێوە چووبوو و ئەمە ڕێگەی ئەوەی لێگرتبوون هیچ ئامادەکارییەک بکەن. بۆیە ئەبوایە تا نیوەڕۆ، هەموو ستونە گۆتیکەکانی هەر سێ دالانەکە تا بەرزی سی پا بە ڕووپۆشی هەورێشمی گوڵدار بڕازێننەوە. جەنابی کاردینال بۆ ڕازاندنەوەی دەرگا و دیوارەکان، چوار کەس لە پسپۆڕانی پەردە و ڕووپۆشی لە پاریسەوە بانگێشتن کردبوو کە بە عەرەبانەی پۆست هاتبوون. بەڵام بە تەنێ دەرەقەتی ئەو هەموو کارە نەئەهاتن و ئەم بەڕێزانە نەک هەر پشتگیریان لە هاوڕێیانی ناپسپۆڕی شارستانی خۆیان نە ئەکرد و هانیان نەئەدان، بەڵکو ئەوەندەشیان گاڵتە پێئەکردن، ئەوەش کە ئەیانزانی لە بیریان بچێتەوە!

ژوولیەن بینی کە ئەبێ خۆی لە پەیژە سەرکەوێ و چالاکیەکەی بەکاری هات. بوو بە سەرپەرشتی پسپۆڕانی خۆیی. قەشە شا، لە خۆشیان شایگەشکە ببوو و ئەیڕوانییە فڕینی ئەو لە پەیژەیەکە بۆ پەیژەیەکی تر و کاتێک کە هەموو کۆڵەکەکان بە هەورێشم

ڕازێنرانەوە، بە باشیان زانی پێنج دەستە پەڕی زۆر گەورە لە سەر خزنی مەزن، لە سەر سەیوانە گەورەکە دابنێن. تاجێکی زۆر گرانبایی لە داری زەربەفت پاڵی دابوو بە هەشت ستوونی گەورەی لوول خواردووی مەرمەڕی ئیتالیایی. بەڵام بۆ گەیشتن بە ناوەندی سەیوانەکە، ئەبوایە لە سەر لێواری خەزنەکەوە بەسەر کۆترەیەکی نەخشێنراودا بڕۆیشتایە کە ڕەنگە ڕزابوو و جگە لەمانەش چل پا بەرز بوو.

دیمەنی ئەم ڕێگە سەخت و دژوارە، بزەی لە سەر لێوی وەستای پاریسی تاساند، کە تا ئەو کاتە بە دەم پێکەنینەوە تیر و توانجیان ئەهاویشت. لە خوارەوە سەیریان ئەکرد و دەربارەی ئەدوان و سەرنەئەکەتن. ژوولیەن چەپکەکانی پەڕی هەڵگرت و بە فڕکە بە پەیژەکەدا سەرکەوت و پەڕەکانی بە شێوەیەکی زۆر لەبار لە سەر تاجەکە، لە ناوەڕاستی کۆترەی سەیوانی خزنەکە دامەزراند و کە لە پەیژەکە هاتە خوارەوە، قەشە شا لە ئامێزی گرت.

قەشەی پاکنیاز هاواری کرد:

ــدەک ئافەرەم! من ئەمە بە جەنابی کاردینالٚ ڕائەگەیەنم.

قاوڵتی دەی بەیانی هێزی وەبەر هێنانەوە. هەگیز قەشە شا کلیساکەی خۆی تا ئەم ڕادەیە ڕازاوە نەبینیبوو.

بە ژوولیەنی ئەوت:

ــپەیڕەوی ئازیز، دایکی من لەم پەرستگە پیرۆزەدا کورسی ئەدا بە کرێ. بەم جۆرە نانی من لەم تەلارە گەورەیەدا دابین ئەکرا. سەردەمی سامناکی ڕۆبسپییێر ماڵی کاول کردین. بەڵام لە هەمان کاتەوە کە منالێکی هەشت ساڵان بووم لە ماڵان نوێژم ئەخوێند و نان و ئاوێکم پێئەدرا. هیچکەس باشتر لەمن نەی ئەزانی بەرەکی زەڕبەفت قەد بکات. گوڵدۆزییە زەڕبەفتەکانی

هەرگیز لۆچ نەئەبوون. لە سەردەمی ژیانەوەی ئاین و ئاینزا لە سەردەمی ناپۆلیۆن، شانازی بەڕێوەبردنی هەموو کاروبارێکی ئەم پەرستگە پیرۆز و مەزنە بە من برِا. هەموو ساڵێک، پێنج شەش جار من ئەم کلیسایە بە ڕازاوەیی ئەبینم، بەڵام هەرگیز تا ئەم ئەندازەیەی ئەمڕۆ گەش و ڕووناک نەبووە و شاڵی هەورێشم بەم شێوەیە جوان هەڵنەواسراوە و تا ئەم ڕادەیە چەسپی ستوونەکان نەبووە.

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی:

ـئاخرەکەی پەردەی دڵی هەڵئەداتەوە و ڕازی خۆیم پێ ئەڵێ. ئێستە باسی خۆی ئەکات و دەردی دڵی هەڵئەڕێژێ. بەڵام ئەم کابرایەی کە بە ئاشکرا هەڵچووبوو و شڵەژابوو، هیچ شتێکی دوور لە پارێز لە دەمی نەهاتە دەرەوە. ژوولیەن بە خۆی وت: «بەڵام هێشتاش باش کاری کردووە. شادمانە و شەرابی ناوازەشی خواردۆتەوە؛ چ پیاوێک و چ سەرمەشقێک بۆ من! ئەبێ خەڵات بکرێ! (ئەم وشەیە، وشەیەکی دزێو بوو کە لە پیرە سەربازی مامۆستای فێری ببوو.)

کاتێک کە زەنگی نەزرگەی پیرۆز لێدرا، ژوولیەن هەوڵیدا ڕووپۆشێکی کورت لەبەر بکات و بۆ بەشداری لەگەڵ ئەم پۆلە بەشکۆیە بکەوێتە شوێن کاردیناڵ.

قەشە شا هاواری کرد:

ـئەی دزەکان چی لێ ئەکەی، کوڕی خۆم؟ ئەی کێ ئاگای لە دزەکان ئەبێ؟ تۆ لە بیری ئەم شتانەدا نیت. کە دەستە بچێتە دەرەوە، خۆ کەس لە کلیسا نامێنێتەوە. تەنها من و تۆ، لێرە ئەبین. زۆر باش بوو کە ئەم زەڕبەفتانەی لای خوارەوەی ستوونەکان کەمیان نەهێناوە. ئەم زەڕبەفتانەش دیاری خاتوو دو ڕوبەنپەرەیە. لە باپیرەی مەزنیەوە بە ئێمە گەیشتووە.

قەشە سەری نا بە گوێیەوە و بە دەنگێک کە نیشانەی هەڵچوون بوو، چرپاندی بە گوێیدا:

ـدۆستی بەڕێز، زێڕی بێخەوشە و تۆزکالێکیش تێکەڵەی لەگەڵ نییە! چاودێری قۆڵی باکوور لە ئەستۆی تۆیە. لەوێ نەچیتە دەرەوە. بەری لای خوارەوە، واتە دالان و هۆڵی گەورەش من ئاگام لێی ئەبێ. ئەبێ ئاگامان لەوانە بێ دێن بۆ ڕازدرکان. ژنانی سیخوڕی دزەکان وان لە بۆسەدا و چاوەڕوانی ئەو خولەکەن کە پشتیان تێبکەین.

ئەوەندەی قەشە شا کۆتایی بە قسەکانی هێنا، دەنگی زەنگی یانزە و سێ چارەک لێدرا و دەنگی زەنگە گەورەکەش بیسرا. سەرتاپا کەوتبوویە لەرینەوە و ئەم دەنگدانەوەیە ئەوەندە بەشکۆ بوو، ژوولیەنی خستبوویە بن کاریگەری خۆیەوە. هێزی فڕیوی ڤرۆشەی ئیتر لە سەر ئەم عەرزە نەبوو.

بەرامەی بخوور و پەڕەی گوولەباخ کە بە هۆی کۆمەڵێک منالّ لە بەرگی «سەن ژان»دا ئەڕژایە بەر سنوقی قوربانی پیرۆز، هەژان و هەڵچوونی ئەوی گەیاندبوویە ئەوپەڕی خۆی.

دەنگدانەوەی قورسی ئەم زەنگانە ئەبوایە جگە لە ئەندێشەی کاری بیست کرێکار، کە هەر کامە و تەنها پەنجا سەنتیمی پێئەدرێ و ڕەنگە پانزە بیست خێرەومەندیش یارمەتیان ئەدات، ئەندێشەیەکی تری لە مێشکی ژوولیەندا نەورووژاندایە. ژوولیەن ئەبوایە لە بیری ڕزانی گوریسەکان و لەق بوونی داربەستەکە و مەترسی زەنگەکە بێ کە دوو سەدە جارێک ئەکەوێتە خوارەوە. ئەبوایە دەربارەی هۆکارێک بۆ دابەزاندنی مووچەی زەنگ لێدەرەکان یان دەربارەی مزی ئەوان، لە ڕێگەی دڵ پێسووتان یان بەخششێک کە لە خەزێنەی غەیبی کلیساوە دێتە دەرەوە و هیچ زیانێک بە کلیسا ناگەیەنێ؛ بیر بکاتەوە.

لەبری ئەم بیرکردنەوە ژیرانە، ڕۆحی ژوولیەن کە ئەم دەنگە زەنگدار و زۆر پیاوانەیە تووشی هەڵچوونی کردبوو، لە جیهانی ڤرۆشەدا سەرگەردان بوو. هەرگیز نە ئەبێ بە قەشەیەکی باش و نە بە بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو! ئەو سروشتانەی کە بەو جۆرە هەڵئەچن و دائەچن، لە باشترین دۆخدا ئەبن بە هونەرمەند. ئا لێرەدایە کە ڕادەی لەخۆ بایی بوونی ژوولیەن لەبەر ڕووناکی ڕۆژدا دەرئەکەوێ. ڕەنگە پەنجا کەس لە هەڤاڵانی خوێندکاری، لە ڕاستی ژیان بگەن بە هۆی نەفرەتی گشتی و ژاکۆبۆنەکانەوە، کە ئەوترا لە بن هەموو بنچکێکدا خۆیان حەشار داوە و ملە لەقێیانە، بە بیستنی دەنگی زەنگی مەزنی کلیسا، جگە لە مزی زەنگلێدەران، بیر لە هیچی تر ناکەنەوە و، بە شارەزاییەکی شیاوی بارم[٩١] ئەکەنەوە شیکردنەوەی ئەو لایەنەی کە ئایە ئەو پارەیەی بە زەنگلێدەران ئەدرێ، ئەهێنێ یان ناهێنی؟! ئەگەر ژوولیەن هەڵبژێرایە کە لە ڕووی ئابوورییەوە بیر لە بەرژەوەندی کلیسای گەورە بکاتەوە، هێزی بیرکردنەوەی لە سنووری مەبەست تێئەپەڕی، هەوڵی ئەدا ئەو چل فرانکە پاشەکەوت بکا کە بۆ بەڕێوەبردنی کلیسا لە وەرزێکدا دیاریکرابوو؛ نەک گوێی بدایە مەسرەفی بیست و پێنج سەنتیمی.

ئەوسا کە دەستەی ڕێپێوان لە خۆشترین هەوای دنیادا، ئارام ئارام ڕێی ئەکرد و لەو وێستگە درەوشاوانەی سەر ڕێگادا، کە بەڕێوەبەران وەک پێشبڕکێ، یەک لە یەک ڕازاوەتر سازیان کردبوون ئەوەستان، لە بێدەنگییەکی ڕەهادا، تاریک و ڕوونێکی بێوێنە باڵی بەسەر کلیسای گەورەدا کێشابوو کە هێشتاش هەوای ناو حەوای پڕ بوو لە بەرامەی خۆشی گوڵ و بخوور.

بێدەنگی و ئارامی بێخەوش و ناسکی هەوای دالآنە درێژەکان،

---

٩١ـ Francois Baréme. ماتماتیک زانی فەڕانسەیی سەدەی حەڤدە.

زیندەخەونی ژوولیەنی شیرینتر ئەکرد. هیچ دەربەسی ئەوە نەبوو کە قەشە شا لە بەشەکەی تری تالاردا خەریکی چاودێری بوو، ئەو خەونە شیرینەی لێ تێک بدات. چونکە «گیانی» لەو جەستە تەنگەبەرەی بە هەنگاوی ئارام لە بەری لای ژوورەوەی تەلارەکە خەریکی کێشک کێشان بوو، دەرهاویشتبوو بۆ بانی بان فڕاندبووی. لە هەموو شت زیاتر لەو لایەنەوە دڵنیا بوو کە نیگەرانی هیچ لایەک نەبوو. دڵنیا بوو لە بن سەیوانی خزنەکان جگە لە دوو سێ ژنی پاکیزە کەسی لێ نییە. چاوەکانی بە بێ ئەوەی سەیر بکەن؛ ئەیانبینی!

سەرەڕای ئەمەش بینینی دوو ژنی زۆر خۆشپۆش کە چۆکیان دادابوو، یەکیان لە بن سەیوانی ڕازدرکان و ئەوی تریش ڕێک لە لای ژنی یەکەمەوە لە سەر کورسییەک دانیشتبوو، نیوەی ئەو هێوری و دڵ ئارامییەی برد بۆ خۆی. بە بێ ئەوەی سەیر بکات، ئەیبینین. دیسانیش لە لە ئەنجامی هەستی پێواری ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشانی، یا لە ئەنجامی سەرسووڕمان بەرامبەر بە باری پاک و سادەی ئەم ژنە بەڕێزانە، بۆی دەرکەوت کە ئەو سەیوانی ڕازدرکانە قەشەی لێ نییە! بیری کردەوە: «زۆر سەیرە، ئەگەر ئەم ژن شەنگانە پاکیزەن، بۆ لە بەرامبەر خەزنێکدا چۆکیان دانەداوە؟ ئەگەریش لە ژنانی ئاریستۆکراتن، دیسان سەیرە کە بۆ نەچوون بە ئاسوودەیی لە یەکێک لە باڵکۆنەکان بۆ خۆیان دابنیشن؟! ئەو کراسە چەندە شەنگ و لەبار بڕاوە! چەندە جوانە! بۆ ئەوەی بتوانێ ڕوخساریان ببینێ هەنگاوەکانی خاو کردەوە.

ئەو ژنەی کە لە بن سەیوانەکە چۆکی دادابوو، لەو بێدەنگیە مەزنەدا بە بیستنی دەنگی پای ژوولیەن، تۆزێک سەری بۆ لای سووڕاند. لەپڕ هاوارێکی کورت لە سینەی هاتە دەرەوە و بوورایەوە.

ئەو ژنەی کە چۆکی دادابوو، هێزی لەبەر بڕابوو، بە پشتا تەختی عەرز بوو. دۆستەکەی کە لە تەنیشتیەوە بوو، یارمەتی دا. ژوولیەن، لە ساتێکدا شانەکانی ژنەی کەوتووی بینی. ملوانکەیەکی مرواری دەنک درشتی جوان و بادراو کە زۆر ئاشنا بوو، سەرنجی ڕفاند. کاتێک کە کەزیەی خاتوو دورێنالی دی، چی بەسەر هات؟! ئەم ژنە خاتوو دورێنال و ئەو ژنەش کە هەوڵی ئەدا سەری بە سینگیەوە ڕابگرێ و نەهێڵی بکەوێ، خاتوو دورڤیل بوو. ژوولیەن کە حەپەسابوو، فڕکەی کرد بۆ لایان. ئەگەر ژوولیەن فریا نەکەوتایە، تل بوونەوەی خاتوو دورێنال، خاتوو دورڤیلیشی لەگەڵ خۆی تل ئەکردەوە. ژوولیەن، سەری ڕەنگ پەڕیو و بە بێ ئاگای خاتوو دورێنالی لە سەر شانی خۆی بینی کە تەکەی ئەهات. بۆ ئەوەی ئەم سەرە شەنگ و نازەنینە پاڵ بدا بە پشتی کورسییە حەسیرەکەوە، یارمەتی خاتوو دورڤیلی دا. ژوولیەن چۆکی دادابوو!

خاتوو دورڤیل وەرگەڕا و ئەوی ناسییەوە.

ئەوسا بە دەنگێک کە نیشانەی دژترین تووڕەیی بوو، وتی:

ــدوور کەوەرەوە، جەناب! دوور کەوەرەوە! لە هەموو شت زیاتر کارێک بکە ئیتر نەتبینێ. ڕاستت ئەوێ بینینی تۆ بۆتە هۆی تۆقانی. بەر لە تۆ چەندە بەختەوەر بوو. شێوازی تۆ زۆر سامناکە. بڕۆ لاچۆ! ئەگەر تۆزێک وێژدانت هەیە، لاچۆ، بڕۆ!

ئەم قسانە ئەوەندە بە تەوژم و جەختەوە وترا و ژوولیەن لەم دەمەدا ئەوەندە لاواز بوو، دەسبەجێ دوورکەوتەوە. ئەوساش کە بیری لە خاتوو دورڤیل کردەوە بە خۆی وت: «ئەم ژنە هەمیشە ڕقی لە من بووە!»

لە هەمان کاتدا، سروودی یەکەم دەستەی قەشەکان وەک منگاندن لەناو کلیسادا دەنگی دایەوە. قەشە شا برنارد چەندین جار بانگی ژوولیەنی کرد. ژوولیەن سەرەتا گوێی لێنەبوو. قەشە

بە ناچار چوو بۆ لای و وەکو مردوو لە پشت ئەو کۆڵەکەی خۆی لە پشتی حەشار دابوو، دۆزییەوە و قۆڵی گرت. ئەیویست ژوولیەن بە جەنابی کاردینالْ بناسێنێ. بەڵام کاتێک کە ئەوی بینی ڕەنگ بە ڕوویەوە نەماوە و وەک گۆچی لێهاتووە و ناتوانێ پێ ببزێوی، وتی:

ــکوڕم، ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟ هی ئەوەیە زۆر کارت کردووە. پاشان قۆڵی گرت:

ـــوەرە، وەرە! لە سەر ئەم کورسییە بچکۆلە پیرۆزکراوە، لە پشت منەوە دابنیشە. ئەتشارمەوە.

لەو کاتەدا تا لای دەرگا گەورەکە هاتبوون.

ــئارام بە! هێشتا بیست خولەکی ماوە کە جەنابی کاردینالْ بگەنە ئێرە. هەولْ بدە چاک ببیتەوە. من، کاتی تێپەڕینی جەنابی کاردینالْ بەرزت ئەکەمەوە، هەرچەند پیرم بەڵام هێشتاش بە گوڕم.

بەڵام کاتی تێپەڕینی کاردینالْ، ژوولیەن وەها ئەلەرزا کە قەشە شا لە مەبەستەکەی خۆی بۆ ناساندنی ژوولیەن لەگەڵ کاردینالْ، ژێوان بوویەوە. پێی وت:

ــخەم مەخۆ، لە دەرفەتێکی تردا.

کاتی ئێوارە، دە پاوەن مۆم نێردرا بۆ نویژگەی فێرگەی ئاینی، کە وەک ئەوترا بە هۆی وشتی ژوولیەن و خێرایی ئەو لە کوژاندنەوەی مۆمەکاندا، پاشەکەوت ببوو. هیچ شتێک لەمە درۆتر و ناڕاستتر پەیدا نەئەبوو! منالّی نەگبەت، خۆی وەکو مۆم کوژابوویەوە و لەو ساتەوە کە خاتوو دورێنالی بینیبوو، هیچ بیرێک بە مێشکیدا ڕانەبردبوو.

بەندی XXIX

## یەکەم پێشکەوتن

ئەوەی سەرمەمی خۆی ناسی،
کەشی خۆی ناسی، دارا و دەوڵەمەندە!
(پێشڕەو)

هێشتا لە دەریای بێ بنی ئەو ڕووداوەی لە کلیسا ڕووی دابوو، نەهاتبوویەوە بە خۆیا کە ڕۆژێک سەرلەبەیانی، ڕەبەن پیراری مۆن ناردی بەدویدا:

ــ جەنابی قەشە شا برنارد، نامەیەکی پڕ لە میهری دەربارەی تۆ نووسیوە. من لە تێکڕای هەڵسوکەوتی تۆ ڕازیم. تۆ، بە بێ ئەوەی دیار بێ بۆ، لە ڕادەبەدەر ناپارێز و تەنانەت گەوجیشی. بەڵام سەرەڕای ئەمەش دڵی تۆ هەتا ئەمڕۆش پاک و بەخشندە ماوەتەوە. تێگەشتنی تۆ لە ڕادەی ئاسایی بەرزترە. سەرجەم من پزیسکەیەک لە تۆدا ئەبینم کە نابێ پشت گوێ بخرێ. پاش پانزە ساڵ کار، خەریکە لەم دامەزراوە بڕۆم. تاوانیشم ئەوەیە کە ئازادی بڕیاردانم داوە بە خوێندکارانی زانست. نە پشتگیریم لەو ڕێکخراوە نهێنییەی خۆت لە سەر کورسی ڕازدرکان دەربارەیان قسەت لەگەڵ کردم، کردووە و نە دژیان ڕاوەستاوم! ئێستەش بەر لە ڕۆیشتن ئەمەوێ کارێک بۆ تۆ بکەم. ڕاستەکەی ئەبوایە دوو مانگ زووتر ئەو کارەم بکردایە، چونکە تۆ شیاوی ئەم پلەیەی. بەڵام دۆزینەوەی ئەو ناونیشانەی ئەماندا بینێ، کە لە ماڵەکەت دۆزرایەوە ڕێگەی لەم کارە گرت. من تۆ ئەکەم بە بەڕێوەبەری

ڕاهێنانی «سەردەمی کۆن و نوێ».

ژوولیەن کە لە خۆشیا ئاگای لە خۆی بڕابوو، خەریک بوو چۆک دابدا و سپاسی خوا بکات. بەڵام کارێکی تری کرد کە زیاتر لە ڕاستی ئەچوو. لە ڕەبەن پیرار نزیک بوویەوە و دەستی گرت و بردی بۆ لێوی.

بەڕێوەبەری فێرگە بە دەنگێکی بێزارەوە وتی:

ـئەوە چی ئەکەی؟

بەڵام چاوەکانی ژوولیەن لە کرداری پاراوتر بوو.

ڕەبەن پیرار، بە حەپەسانەوە وەک کەسێک کە ساڵەهایە لە کاریگەری هەست و هەژانێکی ناسک دابڕاوە، ڕوانییە ژوولیەن. ئەم سەرنج و تێڕوانینە ڕازی بەڕێوەبەری ئاشکرا کرد. دەنگی گۆڕا:

ـزۆر چاکە کوڕم! من تۆم خۆش ئەوێ. خوا ئەیزانێ کە ئەم خۆشویستنەی تۆ پێچەوانەی ئارەزووی منە. من ئەبێ دادگەر بم. نە ڕقم لە کەس بێت و نە سینگم بکەم بە هێلانەی خۆشەویستی کەس. ئەو ڕێگایەی کە تۆ لە گۆڕەپانی ژیاندا هەڵتبژاردووە، زۆر دژوار ئەبێ. شتێکت تیا ئەبینم کە خەڵکی ئاسایی ئەشەمزێنێ. بوختان و ئێرەییت لە دوو ئەبێ. ویستی پەروەردگار بۆ هەر لایەکت ببات، هاوڕێکانت جگە بە چاوی دوژمنایەتی، ئەگینا تێت ناڕوانن. ئەگەر هات و بە ڕووی خۆشەوە لەگەڵت جووڵانەوە، بۆ ئەوەیە کە زەبری خیانەتیان بەهێزتر بێ. ئەم کارەش تەنها یەک دەرمانی هەیە. جگە لە خوا کە بۆ تەمێکردنت لەم سستیە، تۆی تووشی ئەم کینە و دوژمنیە کردووە، ڕوو لە کەسی تر مەکە. بلا کار و کردارت پاک و بێخەوش بێ. ئەمەیە تەنها هۆکاری ڕزگاری و تەنها سەرچاوەیەک کە بۆ تۆی ئەبینم. ئەگەر داوێنی ڕاستەقینە بگریت و پەیوەندیت لەگەڵ ڕاستی بێ پسانەوە بێ، ئەوە بزانە کە

دوژمنانت درەنگ بێ یان زوو ڕووڕەش و شەرمەندە ئەبن.

دەمێک بوو ژوولیەن دەنگی ئاشنا و دەنگی دۆستی نەبیستبوو و، ئەو ماوەیە ئەوەندە درێژ بوو کە ئەبێ لاوازی دەربڕینەکەی پێ ببەخشین. فرمێسکی داباراند. ڕەبەن پیرار ئامێزی بۆ ئاواڵەکرد و ئەم ساتە بۆ هەردووکیان مایەی شادمانی و ئارامی بوو.

ژوولیەن لە خۆشیاندا خەریک بوو فجووقی ئەکرد. ئەم پێشکەوتنە، یەکەمین سەرکەوتنێک بوو کە بە دەستی ئەهێنا. قازانجەکانی بێ سنوور بوو. بۆ ئەوەی مرۆڤ پەی بە ڕادەی ئەم قازانجانە ببات، ئەبێ چەندین مانگ و بە ناچاری ساتێکیش بە تەنها نەبووبێت و بەردەوام لەگەڵ هاوڕێیانی وەها پەیوەندی نزیکی هەبووبێت کە بوونی باشترینیان مایەی ژانەسەر و بەشی هەرە زۆریان مایەی ئازار بوو. تەنها هات و هاواری ئەمانە بەس بوو بۆ ئەوەی گیانێکی هەستیار تێک بدات. شادمانی ئەم دێهاتیانەی خواردنی خۆش و پۆشاکی باشیان پێبڕابوو، جگە لەو کاتەی پڕ بە سیەکانیان ئەیان نەڕاند، چێژێکی ئەوتۆیان لە بوونی خۆیان نەئەبینی.

ئێستەکانێ، ژوولیەن بە تەنها خۆی، یان نزیکەی یەک کاتژمێر درەنگتر لە خوێندکاران نانی نیوەڕۆی ئەخوارد. کلیلی باخ لای ئەو بوو، ئەو کاتانەی کە باخ وەک سووچێکی هێمن و ئارام بوو، ئەیتوانی بۆخۆی پیاسەی تیابکات.

ژوولیەن، بە سەرسووڕمانەوە ئەیبینی کە دوژمنایەتی لەگەڵی کەم بۆتەوە. چاوەڕوانی ئەوە بوو کە ئەم ڕووداوە دوژمنەکانی پتر بکات. ئەو ئارەزووە نهێنییەی کە حەزی ئەکرد کەس لەگەڵی نەدوێ. ئەو حەزە نهێنییەی کە لە ڕادەبەدەر ئاشکرا بوو و ئەو هەموو دوژمنەی بۆ بەدیهێنابوو، ئیتر بە نیشانەی خۆبەزلزانینی گاڵتەئامێز نەبوو. ئەم کردەوە لە چاوی ئەو بوونەوەرە دڕانەی لە

ناویان‌دا گیری خواردبوو، بە نیشانەی شارەزایی تەواوەتی ئەو، لە پلەوپایەی خۆی ژمێردرا.

کینە بە ڕادەیەکی بەرهەست دابەزی و بە تایبەت لە لای گەنجترین هەڤاڵان کە ببوون بە فێرخوازی لای ئەو و ئەویش بە ڕێز و خۆشەویستییەکی فراوانەوە لەگەڵیان ئەجووڵایەوە، زۆر کەم بوویەوە. وردە وردە لایەنگریشی پەیدا کرد و بانگکردنی بە مارتین لوسر بە کارێکی نەشیاو دانرا.

بەڵام بۆ ئەبێ باسی دۆستەکانی، باسی دوژمنەکانی بکەین؟ ئەم کارە لە بنەڕەتا دزێوە و زۆرتریش بۆیە دزێوە چونکە مەبەستەکەی زیاتر لەگەڵ ڕاستییەکانی ژیان یەکئەگرێتەوە. جگە لەمەش نەتەوە، خۆ جگە لەم توخمانە، مامۆستایەکی تری مۆڕاڵ و بەڕەوشتی نییە و بە بێ بوونی ئەم مامۆستایانەش ئەبێ چی بەسەر بێ؟! مەگەر ڕۆژنامە ئەتوانێ شوێنی بەرنوێژ بگرێتەوە؟

لەو ڕۆژەوە کە ژوولیەن بۆ پلەی نوێی بەرزکرایەوە، بەڕێوەبەری فێرگەی ئاینی، ئەم ڕێبازەی هەڵبژارد کە بە بێ شایەت هەرگیز لەگەڵی نەدوێ. ئەم ڕەفتارە، چ لە ڕوانگەی ئوستاد و چ لە ڕوانگەی خوێندکارەوە ژیرانە و بە قازانج بوو. بەڵام لەوانەش زیاتر بۆ خۆی تاقیکردنەوەیەک بوو. پڕنسیپی نەگۆڕ لەلای ڕەبەن پیرار، ئەم ژانسنیستە سەختگیرە ئەوە بوو کە: ئەگەر پێت وایە کەسێک لێهاتوو و شیاوە، لە بەرامبەر هەر ئارەزوو و لە بەرامبەر هەر کارێکی‌دا، لەمپەرێک ساز بکە. ئەگەر ئەم توانایە ڕاست و ڕەسەن بێ، ئەو کەسە ئەتوانێ ئەو لەمپەرانە هەڵتەکێنێ یان لە سەر ڕێگە لایانبەرێ.

وەرزی ڕاو بوو. ئەم بیرە بە مێشکی فۆکەدا هات کە بزنە کێوییەک، بەرازێک بە ناوی دایک و باوکی ژوولیەنەوە بنێرێ بۆ فێرگەی ئاینی. کەلاشی ئەم دوو گیانەوەرە لە دالانی نێوان

ئاشپەزخانە و هۆڵی نانخواردن دانرا و لەو کاتەدا بوو کە هەموو خوێندکاران چاویان بەم دوو کەڵاشە کەوت. بینینی ئەم دوو گیانەوەرە، زۆر سەرنجی ڕاکێشان. بەراز هەرچەند کوژرابوو، بەڵام بووە هۆی تۆقانی زۆربەیان، بە تایبەتی ئەوانەیان کە جەوانتر بوون. دەستیان ئەدا لە شفرەکانی و بۆ حەفتەیەک باس هەر باسی ئەوە بوو.

ئەم دیارییە کە بنەماڵەی ژوولیەنی ئەبردە ڕیزی بنەماڵە بەڕێزەکانی کۆمەڵگە، زەبرێکی بەهێزی دا لە ئێرەیی و چنۆکی. ژوولیەن بە مرۆڤێکی باڵاتر ژمێردرا. سامان و دارایی بەڵگەی ڕەسەنی و باڵادەستی ئەو بوو. لە لایەن شازل و بەرجەستەترین خوێندکارانی فێرگەی ئاینی، پێشبڕکێی ئەوە بوو کێ زووتر ببێ بە دۆستی. زۆر گلەییشی هاتە سەر کە بۆچی پێشتر ئەوانی لە سامانی ماڵە باوکی ئاگادار نەکردووە و ئەو مەترسییەی بۆ ئەوان بەدیهێناوە کە لە ڕێزگرتنی پارەدا تووشی کەمتەرخەمی ببن!

ناونووسین بۆ خزمەتی سەربازی هاتە ئاراوە، کە ژوولیەن وەکو خوێندکاری فێرگەی ئاینی لێی خۆش بوون. ئەم ڕووداوە تا ناخی دڵی کاری تێکرد: «کە وا بوو ئەو چرکەساتەی کە ڕەنگ بوو بیست ساڵ بەر لەمە بۆ سەرەتای ژیانێکی پڕ لە هەژانی قارەمانانە بێ، ئیتر ڕوو نادات؟»

بە تاقی تەنێ لە باخی فێرگە پیاسەی ئەکرد. دەنگی وتوێژی چەند بەنا و کرێکار کە خەریکی چاککردنەوەی دیواری حەوشە بوون بەرگوێی کەوت.

ــئا، مرۆڤ بچێ باشترە، ئەم سەربازگیرییە جیاوازە!

ــلە سەردەمی کابرای سەرکوڵکن[٩٢]، بەه بەه! سەربازی

٩٢ـ مەبەستیان ناپۆلیۆنە. لە کوردیدا کەسێک کە نەوێرن یان نەیانەوێ ناوی بهێنن، ئەڵێن «کابرای سەر کوڵکن».

شتێکی تربوو. بەنا ئەبوو بە ئەفسەر، بە سەرتیپ، هەموو بینیویانە.

ــکەچی ئەمڕۆ سەیر بکە، بەس برسی و خازەڵۆک ئەچن بۆ سەربازی. ئەوەی کە شتێکی هەیە، لای دارایی و لە شار و دییاری خۆی ئەمێنێتەوە.

ــئەوەی بە نەداری لەدایک ئەبێ، بەنەداریش ئەمێنێتەوە. ئەمە وا بووە و هەر واش ئەبێ.

بەنای سێیەم هەڵیدایەوە:

ــئاە! ئەمویست ئەمە بپرسم. تۆ بڵێی ڕاست بێ ئەڵێن کابرای سەرکوڵکن مردووە؟

ــئەمە قسەی فرەپارەکانە. خۆت باش ئەزانی، ئەم دەستەیە چەندە لە کابرای سەرکوڵکن ئەترسان!

ــچ جیاوازییەک! ئەو ڕۆژانە لە کوێ و ئێستە لە کوێ؟ لە سەردەمی ئەودا کاروبار چەندە ڕێکوپێک بوو! سەیریش لەوەدا بوو کە سپا سالارەکانی خۆی خیانەتیان لێکرد! ئەبێ چەندە خاین ببوبێتن؟!

ئەم گفتوگۆیە هەندێ دڵی ژوولیەنی دایەوە. دوور کەوتەوە و بە ئاخ و مخابنەوە وتی: «تەنها پادشایەک کە خەڵکی هێشتاش ئەویان لەبیرە!»

وەرزی تاقیکردنەوە هاتە بەرەوە. ژوولیەن بە پرشنگدارترین شێوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. بینی، شازێلیش خەریکە بە هەموو توانای تێئەکۆشێ.

ڕۆژی یەکەم، ئەو مامۆستایانەی لە لایەن فریلەری جێگری بەناوبانگی کاردیناڵەوە بەڕێوەبردنی تاقیکارییەکانیان پێ سپێردرابوو، لەوەی کە ئەبێ ناوی ژوولیەن سۆرێل، کە وەکو تاقانەی ڕەبەن پیرار ناوی ئەبرا، هەمیشە لە ڕیزی دەرچووی یەکەم یان ئەوپەڕی دووەمدا بنووسن، زۆر تووڕە بوون. لە

فێرگەی ئاینی چەندەها مەرج و گرەو کرا کە لە خشتەی تاقیکارییە گشتیەکان، ژوولیەن ئەبێ بە خوێندکاری یەکەم و لە ئەنجامدا شانازی نانخواردن لەگەڵ کاردینالْ بەو ئەبڕدرێ. بەڵام لە کۆتایی دانیشتنەکەد، کاتێک کە پرسیار لە سەر پێشوایانی فەلە ئەکرا، مامۆستایەکی زیرەک پاش ئەوەی دەربارەی سەن ژرۆم، چەندین پرسیاری کرد و لە حەزی ئەو بەرامبەر بە سیسرۆن ئاگادار بوو، بای دایەوە بۆ لای هۆراس و ڤێرژیل و نووسەرانی «بێدین» ی تر. ژوولیەن بە بێ ئاگاداری هەڤاڵانی خۆی چەندین پارچەی لە نووسراوەکانی ئەم نووسەرانە لەبەر کردبوو، بە هۆی ئەو سەرکەوتنانەی بەدەستی هێنابوو، خۆی لێگۆڕابوو، لەبیری چوو لە چ شوێنێکە و لە وەڵامی پرسیارە بەردەوامەکانی مامۆستادا، چەندین شیعری هۆراسی لەبەر خوێندەوە و بەگوڕ و هەژانێکەوە کەوتە وەرگێڕان و شیکردنەوەیان. مامۆستای تاقیکار لێیگەڕا بیست خولەک بە ئیشتیای خۆی قسە بکات و بکەوێتە ناو بۆسەکەوە؛ کە لەپڕ ڕواڵەتی خۆی گۆڕی و بە تۆسنی و تووڕەییەوە لێی هەڵگەڕایەوە و کەوتە پلار تێگرتن و سەرکۆنەکردنی، کە تەمەنێکی لە پێناوی ئەم نووسراوە دزێوانەدا بەفیڕۆ داوە و بیروباوەڕی بێهوودە و تاوانبارانەی لە مێشکی خۆی پەستاوتووە!

ژوولیەن کە هەستی بە فێڵی زیرەکانەی تاقیکار، واتە ئەو داوەی تێیکەوتبوو، کردبوو، بە دەنگێکی پڕ لە ملکەچی وتی:

ــ جەناب، من گەوجم و هەق بە بەرێزتە!

ئەم شێوازە فێڵاوییەی مامۆستای تاقیکار، تەنانەت لە فێرگەی ئاینیش بە کارێکی ناشیرین ژمێردرا. واتە ئەمە ڕێگەی لەوە نەگرت کە جەنابی مەتران فریلەر، ئەو پیاوە زیپکەیەی بەو تەڕدەستییە تۆڕی لیژنەی نهێنی قەشەکانی لە بزانسۆن دامەزراندبوو، نامە و ڕاپۆرتەکانی بۆ پاریس، دادوەر و سەرۆکی ئاسایش و تەنانەت

سپاسالارەکانی ئەلەرزاند، بە دەستی توانای خۆی نمرە ١٩٨ لە پێش ناوی ژوولیەن‌دا بنووسێ. کەیفی کرد کە بەو جۆرە ڕەبەن پیراری ژان‌سنیستی شکست داوە.

لە دە ساڵی ڕابوردوودا، مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو کە پیرار لە سەرۆکایەتی فێرگەی ئاینی لاببات. ئەم قەشەیە کە لە ژیانی خۆی‌دا، پەیڕەوی ئەو ڕێبازە بوو کە بە ژوولیەنی پیشان دابوو، مرۆڤێکی پاکیزە و پێبەندی ئەرک و ڕاسپاردەی خۆی بوو و خۆی ئاوێتەی فێڵ و پیلان نەکردبوو. بەڵام خوا ئەو خووە حولحولیەی پێ بەخشیبوو کە بە ڕەمەک بەرامبەر بە سووکایەتی و ڕق زۆر هەستیار بوو. هەر جنێوێک بدرایە لە بیری ئەم گیانە ئاگراوییە نەئەچوویەوە. ڕاستەکەی سەد جاران تۆبە و نزای کردبوو، بەڵام بوونی خۆی لەو پلەیەدا کە خوا پێی بەخشیبوو، بە پێویست ئەزانی. بە خۆی ئەوت: «من بەر بە ژۆزۆییسم و بتپەرستی ئەگرم!»[٩٣]

لە خولی تاقیکردنەوەدا، ڕەنگە دوو مانگ ئەبوو کە لەگەڵ ژوولیەن قسەی نەکردبوو. سەرەڕای ئەمەش کاتێک کە نامەی فەرمی بەرەنجامی تاقیکردنەوەکان گەیشتە دەستی، لە بینینی نمرەی ١٩٨ لە بەرامبەر ناوی خوێندکارێک‌دا کە بە ڕای ئەو مایەی شانازی فێرگە بوو، بۆ ماوەی حەفتەیەک نەخۆش کەوت و لەوە پاش تەنها دڵخۆشی ئەو گیانە سەختگیرە بوو بەوەی کە دامودەزگای بخاتە گەڕ بۆ چاودێریکردنی ژوولیەن. کاتێکیش هیچ نیشانەیەکی تووڕەبوون و تۆڵەسەندنەوە و ورەبەردانی لەودا

٩٣ـ Society of Jesus، کۆمەڵەی ژۆزۆییت یان یەسووعیەکان سکتێکی ئاینی سەر بە کلیسای کاسۆلیکە، دامەزرێنەرەکەی ئیگناتیۆس لۆیۆلا پێش ئەوەی ببێ بە قەشە سوارچاک بووە، بۆیە بە یەسووعی و سەربازی عیسا بانگ ئەکرێن. سەدەی ١٦ دامەزرا و ساڵی ١٧٧٣ هەڵوەشایەوە، چونکە کەوتنە کڵاوبازی و پارەدزین و ئێستە تەنها هەندێ کەس و ناوێکیان لێ ماوەتەوە. یەسووعیەکان بۆ ماوەی دووسەد ساڵ مامۆستای فەرهەنگی ئورووپای کاسۆلێک بوون. بە سەدان فێرگەیان هەبوو و هەوڵیان ئەدا خۆیان بخزێننە ناوچە پرۆتستانەکانەوە.

نەبینی، بە تەواوەتی شادمان بوو.

چەند حەفتە پاش ئەوە نامەیەک بە ژوولیەن گەیشت و تەزووی بە گیانیا هێنا. ئەم نامەیە مۆری پۆستخانەی پاریسی پێوە بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: «ئاخرەکەی خاتوو دورێنال کەوتەوە بیری بەڵێنەکانی!» کابرای کە بن نامەکەی واژۆ کردبوو و خۆی بە خزمی ئەو ناساندبوو، ڕەسیدی بڕی پێنجسەد فرانکی بۆ ناردبوو. نووسەری نامەکە وتبووی ئەگەر ژوولیەن لە خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرانی لاتین بەردەوام بێ، هەموو ساڵێک ئەوەندەی بۆ ئەنێرێ.

ژوولیەن بە سۆزێکی غەمگینەوە بە خۆی وت: «ئەمە کاری خۆیەتی! ئەمە سۆز و گەورەیی ئەوە. ئەیەوێ دڵم بداتەوە. بەڵام ئەی بۆ یەک وشەی دۆستانەشی نەنووسیوە؟»

ژوولیەن سەبارەت بەم نامە بە هەڵەدا چووبوو. خاتوو دورێنال کە دوتمام خاتوو دورڤیل ئەیبرد بە ڕێدا، لە زەریای پەشیمانییەکانی‌دا نقوم ببوو. زۆرجار، بە بێ ئەوەی ویستبێتی ئەکەوتەوە بیری بوونەوەرێکی سەمەرە کە ئەو دیدارەی، بوون و ژیانی ئەمی بەراوەژوو کردبوو. بەڵام هەرگیز خەوی ئەوەشی نەئەبینی کە نامەی بۆ بنووسێ.

ئەگەر بە زمانی فێرگەی ئاینی قسەمان بکردایە، ئەمانتوانی ئەم پێنجسەد فرانکە بە پەرجوویەک بزانین و بڵێین کە خوا جەنابی مەتران دوفریلەری کردووە بە سۆنگە، کە ئەم بەخششە بە ژوولیەن بدرێ.

دوانزە ساڵ پێش ئێستە، جەنابی مەتران دوفریلەر، بە بچووکترین جانتای گەشتەوە هاتە شاری بزانسۆن و قاو بڵاو بوو کە ئەم جانتایە هەموو دار و نەداری جەنابیەتی. بەڵام ئێستە یەکێک بوو لە دەوڵەمەندترین زەمیندارانی مەڵبەندەکە. لە ئەنجامی پێشکەوتنی بەردەوامی، نیوەی ئەرزێکی کڕی و نیوەکەی تری

وەکو میرات بە جەنابی دولامۆل گەیشت؛ کە مەزنترین کێشەی نێوان دوو زەویداری گەورەی لێکەوتەوە.

جەنابی لومارکیز دولامۆل، سەرەڕای ژیانی پرشنگداری لە پاریس و ئەو پلەوپایەی لە دەربار هەیبوو، تێگەیشت کە ململانێ لە بزانسۆن و لە دژی جێگری کاردینالْ، لە دژی کەسێک کە دانان و لابردنی دادوەران بە دەستی توانای ئەوە، مەترسیدارە. لە بری داوای وامێکی پەنجا هەزار فرانکی کرد کە لە ژێر ناوی چەند کەسێکدا بخرێتە پای بودجەی وڵاتەوە و داشکانی ئەم کێشە بچووکە پەنجا هەزارییە بە سوودی جەنابی مەتران دوفریلەر، غیرەتی جەنابی دولامۆلی بزواند. پێی وا بوو هەق بەوە، ئەویش چ هەقێک.

بەڵام ئەگەر وتنی ئەم شتانەش ئازاد بێ، ئەبێ بڵێین کە کامە دادوەری دادگا، کوڕێک یان لانیکەم ئامۆزایەکی نییە کە پێویست بێ هۆی پێشکەوتنی لە کۆمەڵدا دابین بکرێ؟

یەک حەفتە پاش یەکەمین بڕیاری دادگا، جەنابی مەتران دوفریلەر بۆ ئەوەی نابیناترین خەڵکان ڕوون بکاتەوە، سواری فایتوونی جەنابی کاردینالْ بوو و بە دەستی خۆی نیشانی لژیۆن دونوری برد بۆ پارێزەرەکەی. جەنابی دولامۆل کە لە سەقامگیری ڕەفتاری خەنیمەکەی تۆزێ شپرزە ببوو و لاوازیی پارێزەرەکانی خۆی ئەبینی، داوای یارمەتی لە قەشە شەلان کرد و ئەویش پەیوەندییەکی لە نێوان ئەو و ڕەبەن پیراردا بەدیهێنا. لە سەردەمی ڕوودانی ئەم بەسەرهاتەدا، چەندین ساڵ بوو کە ئەم پەیوەندییە درێژەی هەبوو. ڕەبەن پیرار لەم کارەدا سروشتی ئاگراوی خستە گەڕ. لەپەسا ئەچوو بۆ سەردانی پارێزەرانی جەنابی دولامۆل و لە ماوەی ئەم سەردان و چاوپێکەوتنانەدا، خۆیشی کەوتە خوێندنەوەی دۆسیەکە و کاتێک کە هەستی کرد هەق بە جەنابی دولامۆلە،

لە بەرامبەر جێگری بەدەسەڵاتی کاردیناڵ، بە ئاشکرا بوو بە لایەنگری مارکیز دولامۆل. جێگری کاردیناڵیش لەم بێشەرمییە و ئەویش لە لایەن قوڵە ژانسنیستێکەوە، یەکجار تووڕە بوو. جەنابی مەتران دوفریلەر بە دۆستان و نزیکانی خۆی ئەوت:

ــسەیری ئەم ئاریستۆکراتە دەربارییانە بکەن کە ئەو هەمووە بە خۆیانەوە ئەنازن، جەنابی دولامۆل نەک هەر نوێنەرێکی بچووکیشی وەکو بریکاری خۆی نەناردووە بۆ بزانسۆن، لە بەرامبەر لابردنی ئەویش‌دا وەک پیاوێکی بێ مایە دەمی دائەخات. سەرەڕای ئەمەش بەپێی نامەکانی دۆستان، ئەم هاوکارە بەڕێزە، هەموو حەفتەیەک، حەمبەل و سەرشانیە شینەکەی لەبەر چاوی هەرکەس کە وەزیری داد بێ، ئەنوێنێتەوە.

هەرچەند ڕەبەن پیرار لە ئاستی خۆیەوە زۆر هەوڵی دابوو و هەرچەند جەنابی دولامۆل لەگەڵ خودی وەزیری داد و بە تایبەت دامودەزگاکانی زۆر بەینی خۆش بوو، تەنها بەرەنجامی ئەم هەموو تێکۆشان و چاودێرییە لە پاش شەش ساڵ تەنها ئەوەندە بوو، کە بەتەواوەتی شکست نەخوات.

جەنابی مارکیز دولامۆل کە بەردەوام لەگەڵ ڕەبەن پیرار سەبارەت بە بابەتێک کە بۆ هەردووکیان گرنگ بوو، نامەگۆڕینەوەی هەبوو، سەرەنجام لە تێگەیشتن و ناسکی سروشتی ڕەبەن پیرار گەیشت و سەرەڕای ئەو نێوانە زۆرەی لە ڕووی پلەوپایەوە هەیانبوو، نامەکانیان ڕواڵەتێکی دۆستانەی بە خۆیەوە گرت. ڕەبەن پیرار بە مارکیزی ئەوت کە دوژمنان و نەیاران، لێبڕاون بە تۆمەتی ناڕەوا ناچاری بکەن بکشێتەوە و لە گەرمەی تووڕەبوونی لەو مامۆستا تاقیکارەی، ئەیویست فێڵ لە ژوولیەن بکات، بەسەرهاتی ژوولیەنی بۆ جەنابی دولامۆل گێڕابوویەوە.

ئەم خانەدانە سەرەڕای ئەوەی کە سامانێکی بێوێنەی هەبوو،

تۆزێکیش دەستقووچاو نەبوو. چەند هەوڵی دابوو، ڕەبەن پیرار نەک هەر دییاری، بەڵکو تەنانەت پارەی پوولی نامەکانیشی لێوەرنەگرتبوو. لێرەدا بوو هەلەکەی قۆستەوە و بڕی پێنجسەد فڕانکی بۆ خوێندکارە خۆشەویستەکەی ئەو نارد.

جەنابی مارکیز دولامۆل زەحمەتی کێشابوو و بە دەستی خۆی نامەی پارەکەی نوسیبوو ، ئەمەش ئەوی خستەوە بیری ڕەبەن پیرار.

ڕۆژێک یاداشتێک بە ڕەبەن پیرار گەیشت کە بۆ کارێکی خێرا، ئەوی بانگهێشت کردبوو بۆ یەکێک لە مۆتێلەکانی دەرەوەی شار. ڕەبەن پیرار لەم مۆتێلە، خزمەتکارەکەی جەنابی دولامۆلی بینی. خزمەتکار وتی:

ــ جەنابی مارکیز دولامۆل منی ناردووە کە فایتوونەکەی بهێنم بۆ خزمەتی ئێوە و هیوادارم پاش خوێندنەوەی ئەم نامەیە، خۆتان بگەنە ئەو بڕیارەی کە لە ماوەی چوار پێنج ڕۆژدا بێن بۆ پاریس. لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا، من سەردانێکی زەوییەکانی جەنابی دولامۆل لە فڕانش کۆنتە ئەکەم و پاشانیش کەی بەڕێزتان بە باشی زانی سوار ئەبین و ئەچین بۆ پاریس.

نامە کورت بوو:

«جەنابی بەڕێز، ئەستۆی خۆت لە دەستی ئازار و کێشەکانی شارستان ڕزگار بکە و بۆ هەڵمژینی هەوا لە کەشێکی ئاسوودەدا وەرە بۆ پاریس. فەرمانم داوە فایتوونەکەم بۆ ماوەی چوار ڕۆژ چاوەڕوانی بڕیاردانی جەنابت بێ. من بۆ خۆم تا ڕۆژی سێشەممە لە پاریس چاوەڕێتان ئەبم. جا، جەناب، تەنها شتێک کە لە ئێوەم ئەوێ، وەڵامی ئەرێیە سەبارەت بەوەی یەکێک لە باشترین قەشەنشینەکانی دەوروبەری پاریس بە ناوی بەڕێزتەوە وەربگرم. داراترین کەسێک کە لە دانیشتوانی

کەوشەنی داهاتووی ئێوەیە، هەرگیز ئێوەی نەبینیوە، بەڵام لە ڕادەبەدەر خۆی بە خەمخۆری ئێوە ئەزانێ و؛ ئەو کەسەش مارکیز دولامۆلە.»

ڕەبەن پیراری مۆن، بە بێ ئەوەی پێ بزانێ، ئەم فێرگەی ئاینییەی بەڕاستی خۆش ئەویست، کە ناوەندی دوژمنەکانی بوو، پانزە دانە ساڵی ڕەبەق هەموو بیر و هۆشی خۆی بۆ تەرخان کردبوو. گەیشتنی ئەو نامەیە وەک ئەوە وا بوو کرابێ بە بەرپرسی جێبەجێکردنی نەشتەرگەرییەکی زۆر پێویست و زۆر بە ئازار. دەرکرانی مسۆگەر ببوو. بۆ پاش سێ ڕۆژ لەگەڵ خزمەتکار ژوانی دانا.

بۆ ماوەی چل و هەشت کاتژمێر یاوی کرد. ئاخرەکەی نامەیەک بۆ جەنابی دولامۆل و یەکیشی بۆ جەنابی کاردیناڵ نووسی کە شاکاری داڕێژانی قەشەیی بەڵام هەندێک دووروودرێژ بوو. دژوار بوو کە مرۆڤ ڕستەیەک پەیدا بکات لە ڕستەکانی ئەم نامەیە ڕازاوەتر بێ و بۆنی ڕێزێکی بێڕیاتر لەم دەستەواژانەی لێبێ. سەرەڕای ئەمەش ئەم نامەیە کە مەبەستی ڕووڕەشکردنی جەنابی مەتران دوفریلەر لە بەردەمی گەورەکەی‌دا بوو، هۆکاری هەموو سکاڵا گەورەکانی نووسی و تەنانەت باسی ئەو توانجە هەست بریندراکەر و ئازارە دزێوانەشی کرد کە بۆ ماوەی شەش ساڵ، ددانی بە خۆی‌دا گرتبوو، ئەوا ڕەبەن پیراری ناچار کردبوو سنووری خۆی بەجێ بهێڵێ. ئێزنگ و ئاورودووی لە هەمارەکەی ئەدزن و ژەهر ئەدەن بە سەگەکەی و هتد و هتد...

پاش تەواوکردنی ئەم نامەیە، ناردی بە دوای ژوولیەن‌دا کە وەکو هەموو خوێندکارەکانی فێرگە، کاتژمێر هەشتی ئێوارە خەوتبوو. بە ژوولیەنی وت:

ــ خۆ ئەزانی کۆشکی کاردیناڵ لە کوێیە؟ ئەم نامەیە ببە بۆ

خزمەتی جەنابی کاردینالْ. هیچ لێت ناشارمەوە کە ئەتنێرم بۆ ناو گەلەگورگ. سەرتاپا چاو و گوێ بە. هەولْ بدە وەلاّمی درۆ نەدەیتەوە، بەلاّم ئەوەش بزانە ئەوەی پرسیارت لێ ئەکا، بەوە کەیفی ساز ئەبێ ئەگەر بتوانێ، ئازارێک بە تۆ بگەیەنێ. کوڕی ئازیزم، زۆر شادمانم کە بەر لەوەی بەجێت بهێلّم، ئەم ئەزموونەت پێ فێر ئەکەم. چونکە هیچ لە تۆ ناشارمەوە. ئەو نامەی کە تۆ ئەیبەی ئەوە نامەی کارکەناری منە.

ژوولیەن ڕاما! ڕەبەن پیراری خۆشئەویست. سرووشێکی بێهوودە وریای ئەکردەوە: «کە وا بوو پاش ڕۆیشتنی ئەم پیاوە پاکیزەیە، ڕێکخراوی دلّی پیرۆز، پلەی من دائەبەزێنێ و ڕەنگە لە فێرگەش دەرم بکەن!»

نەی ئەتوانی بیر لە خۆی بکاتەوە. هۆی شپرزەبوونی ئەوە بوو کە ئەیویست ڕستەیەکی لەبار دروست بکات و ڕاستییەکەی، توانای ئەوەی لە خۆیدا نەئەبینی.

ـ دەی دۆستی من، ناتەوێ بڕۆیت؟

ژوولیەن بە ترس و شەرمەوە وتی:

ـ بەلاّم قوربان وەک من ئاگام لێبێ، بەڕێزتان لەو ماوە درێژەی بەڕێوەبەری فێرگە بوون، هیچ پاشەکەوتێکتان نییە. من شەشسەد فرانکم هەیە...

قولّپی گریان ڕێگەی لەوە گرت درێژە بە قسەکانی بدات.

بەڕێوەبەری پێشوو بە دەنگێکی سارد وتی:

ـ ئەوەش لەبەرچاو ئەگیرێت. زوو بڕۆ بۆ سەرای کاردینالْ، درەنگ ئەبێ.

ڕێکەوت وا بوو کە ئەو شەوە جەنابی مەتران دوفریلەر لە هۆلّی سەرای کاردینالْ کێشک بێ. جەنابی کاردینالْ لە پارێزگاری میوان بوو. بەم جۆرە ژوولیەن نامەکەی دا بە خودی جەنابی

مەتران دوفریلەر بەبێ ئەوەی بیناسێ!

ژوولیەن بە سەرسوورمانەوە بینی کە ئەم قەشەیە بە بێ ئەوەی بپرینگێتەوە، نامەیەک کە هی جەنابی کاردینالْ بوو، کردەوە. دەسبەجێ نیشانەیەکی سەرسوورمان، ئامێتە بە خۆشییەکی لەبار لە ڕوخساری قۆزی جێگری کاردینالْدا دەرکەوت و سەنگینی و خۆگری ئەو نیشانەیە پەرەی سەند. کاتێک کە جێگری کاردینالْ خەریکی خوێندنەوەی نامەکە بوو، ژوولیەن لە جوانی ئەم قەشەیە سەری سووڕمابوو. هەلێکی دەسکەوت و لێی ڕوانی. ئەو ڕوومەتە ئەوەندە ناسک بوو و هێڵەکانی ئەوەندە دیار بوو، ئەگەر خاوەنی ئەم ڕوومەتە جوانە تەنها بۆ ساتێک ئاگای لێ نەبوایە، بۆی هەبوو نیشانەکانی ناڕاستی دەربخەن و لە سەنگینی و سامی کەم بکەنەوە. چ جایە ئەگەر ئەم ناسکییە نەبوایە سامێکی پتری ئەبوو. لووتی کە زۆر هاتبوویە پێشەوە، هێڵێکی بەدی ئەهێنا کە تا دوا ڕادە ڕێک بوو. بەلاّم بە داخەوە ئەو نیوروخەی کە لە لایەکەوە زۆر ناوازە بوو، بە شێوەیەکی ناچاری، وەکو ڕێوی لێکردبوو. جگە لەوەش ئەم قەشەیەی کە بە ڕواڵەت تا ئەو ڕادەیە لە کارکەناری ڕەبەن پیرار شادمان بوو، ئەوەندە بە جوانی جلی لەبەر کردبوو کە لە هیچ قەشەیەکی تردا نەی بینیبوو؛ زۆر لە لای پەسەند بوو.

ژوولیەن، تەنها پاش ماوەیەک زانی کە بەهرەی جەنابی مەتران دوفریلەر لە چیدایە. جەنابی مەتران دوفریلەر ئەو نهێنییەی ئەزانی کە خودی کاردینالْ، واتە ئەم پیرەمێردە خۆشەویستەی بۆ ژیان لە پاریس دروستکراوە و وەک غەوارە ئەڕوانێتە بزانسۆن، بە چییەوە سەرگەرم بکات! ئەم کاردیناڵە هەم چاوەکانی زۆر کز بوون و هەم زۆریش حەزی لە ماسی بوو. جەنابی مەتران دوفریلەریش دانە دانە دڕکی ئەو ماسیەی لێ ئەکردەوە کە لە بەردەمی کاردینالْدا دانرابوو.

ژوولیەن، ئارام و خامۆش. ئەیڕوانییە قەشە کە دیسانەوە دەستی کردبوویەوە بە خوێندنی نامەکە. لەو کاتەدا دەرگاکە بە توندی کرایەوە. خزمەتکارێک کە جلی گرانبەهای لەبەر بوو، بە خێرایی تێپەڕی. ژوولیەن، جگە لەوەی ئاوڕ بۆ لای دەرگاکە بداتەوە، فریای هیچی تر نەکەوت. پیرەمێردێکی وردیلەی بینی کە چەلیپایەک بە سینەیەوە بوو. کڕنۆشی برد. کاردینالْ بزەیەکی میهربانانەی بۆ کرد و تێپەڕی. قەشە جوانە کەوتە دوای و ژوولیەن بە تەنها مایەوە و بە ئاسوودەیی کەوتە پەسنکردنی سەرتاپای ئەو هۆڵە بەهەشتیە.

کاردینالی بزانسۆن، ئەم پیاوە خاوەن کەسایەتییە، کە زۆری ئازار چەشتبوو، بەڵام دژوارییەکانی سەردەمی دوورودرێژی کۆچبەری نەیتوانیبوو بیرمێنێ، لە حەفتاو پێنج سالْ زیاتر بوو و نیگەرانی سەبارەت بەوەی لە دە سالی داهاتوودا ڕوو ئەدا، زۆر کەم بوو.

کاردینالْ وتی:

ــئەم خوێندکارە وشتە کە لە هۆڵەکەدا بینیم کێیە؟ مەگەر فەرمان نییە کە خوێندکار لەمکاتەی شەودا خەوتبێ؟

ــبەڕێز، سوێند ئەخۆم کە ئەم یەکە بە تەواوەتی بەئاگایە. هەواڵێکی گرنگی هێناوە و ئەویش نامەی کارکەناری تەنها ژان‌سنیستە کە لە کەوشەنی دەسەڵاتی بەڕێزتان‌دا ماوە. ئەم ڕەبەن پیرارە سامناکە ئاخرەکەی لە واتای ئەمازەکان گەیشتووە.

کاردینالْ بە پێکەنینەوە وتی:

ــزۆر چاکە! بەڵام من ئەو توانایە لە تۆدا نابینم کە بتوانی جێگرێکی بۆ بدۆزیتەوە کە لێوەشاوەیی هەبێ. بۆ ئەوەش نرخی ئەو پیاوەت پێ بسەلمێنم بانگی ئەکەم بۆ نانی نیوەڕۆ بێت بۆ ئێرە.

جێگری کاردینالْ ویستی چەند وشەیەک دەربارەی هەڵبژاردنی

بەڕێوەبەری تازە بدوێ. کاردینال کە زۆر ئامادەی وتووێژ دەربارەی ئەو بابەتە نەبوو، پێی وت:

ــبەر لەوەی یەکێکی تر بهێنین، ئەبێ لانیکەم بزانین ئەمەیان بۆ ئەڕوات. ئەو خوێندکارەم بۆ بانگ بکە. ئەڵێ قسەی ڕاست لە دەمی منالٚ ببیسە!

ژوولیەن بانگ کرا. بە خۆی وت: «ئێستە ئەکەومە نێوان دوو پشکنەری بیروڕا!» هەرگیز تا ئەو ڕادەیە خۆی بە جەربەزە نەبینیبوو. کاتی چوونە ژوورەوە، دوو خزمەتکاری کەڵەگەت کە جلەکانیان چاکتر لە هی جەنابی ڤالێنۆ بوو، خەریک بوون ڕووپۆش و بەرەکیان لەبەری جەنابی کاردینالٚ دائەکەند. کاردینالٚ بەر لەوەی باسی ڕەبەن پیرار بکات، پرسیارکردن لە خوێندن و نمرەی ژوولیەنی بە پێویست زانی. تۆزێک باسی بنەماکانی دینی کرد و سەری سووڕما! هەر زوو ڕۆیشتن بۆ سەردەمی کۆن و باسی ڤێرژیل و هۆراس و سیسرۆن. ژوولیەن بە خۆی وت: «هەر ئەم ناوانە منی کرد بە شاگردی ژمارە ١٩٨. هیچم نییە لەدەستی بدەم. دەسا با بدرەوشێینەوە!» سەرکەوت. کاردینالٚ کە خۆی ئوستادی کولتوور و وێژەی سەردەمی کۆن بوو، حەپەسا.

لە میوانی پارێزگار، کچێک کە زۆر بەناوبانگ بوو، شیعری «مادلێن»[٩٤]ی لەبەر خوێندەوە. کاردینالٚ باسی وێژەی ئەکرد و ئەوەندەی نەبرد کە ڕەبەن پیرار و هەموو کارەکانی تری لە بیر بردەوە و دەربارەی دەوڵەمەندی یان هەژار بوونی هۆراس لەگەڵ خوێندکارەکە کەوتە مشتومڕ. کاردینالٚ چەند شیعری لەبەر خوێندەوە، بەڵام هەندێجار بیری سست بوو، ژوولیەن دەسبەجێ شیعرەکەی تا کۆتایی ئەوتەوە و شتێک کە ببوویە هۆی سەرسووڕمانی کاردینالٚ ئەوە بوو، کە ژوولیەن یەک تۆزیش لە

٩٤ ـ La Madeleine، شیعری دلفین گەی.

شێوازی وتووێژ نەئەچوویە دەرەوە. بیست سی دێڕی وەها بە زمانی لاتین ئەوتەوە، وەک بڵێی باسی ڕووداوەکانی فێرگە ئەکات. ماوەیەک باسی ڤێرژیل و سیسرۆن کرا و سەرەنجام کاردیناڵ، ناخودئاگا کەوتە پەسنکردنی ئەم خوێندکارە گەنجەی فێرگەی ئاینی:

ــپێم وانییە کەسی تر لەمە باشتر خوێندبێتی.

ژوولیەن وتی:

ــقوربان، فێرگەی ئاینی ئەتوانێ سەد و نەوەد و هەشت خوێندکار بە بەڵگەی بەڕێزتانەوە بهێنێتە خزمەتتان کە هەر هەموویان لە من باشترن.

کاردیناڵ کە لەم ژمارەیە سەری سووڕمابوو، وتی:

ــچۆن شتی وا ئەبێ؟

ــبچووکی خۆتان بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە بەڵگەی فەرمیم هەیە. لە تاقیکردنەوەی ساڵانەی فێرگە، ئەم بچووکە سەرەڕای ئەوەی وەک ئێستە وەڵامی هەموو پرسیارێکم دایەوە، کە بووە هۆی سەرسووڕمانی خاوەن شکۆ، کەچی بووم بە خوێندکاری ژمارە سەد و نەوەد و هەشتەم.

کاردیناڵ بە پێکەنینەوە ڕوانییە جەنابی مەتران دوفریلەر و هاواری کرد:

ــئەها! بۆمان دەرکەوت! واتە ئەمە خوێندکارە تاقانەکەی ڕەبەن پیرارە. ئەشبوایە وا دەربچێ. بەڵام ئەم شتانە لە شەڕ و قڕەدا ڕەوایە.

ئەوسا ڕووی کردە ژوولیەن و وتی:

ــدۆستی ئازیز مەگەر تۆیان لە خەو هەڵنەساندووە بۆ ئەوەی بتنێرن بۆ ئێرە؟

ــبەڵێ قوربان. من لە ماوەی بوونم لە فێرگە تەنها یەکجار

هاتوومەتە دەرەوە. ئەو یەکجارەش بۆ یارمەتیدانی قەشە شا برنارد بۆ ڕازاندنەوەی کلیسای گەورە لە ڕۆژی جەژنی خوادا بوو.

کاردینالْ وتی:

ــزۆر چاکە، ئافەرین! سەیرە! کە واتە ئەوە تۆ بووی ئاوا بوێرانە چەپکی پەڕەکانت لە سەر سەیوانەکە دانابوو؟ ئەم چەپکەی پەڕانە هەموو ساڵێک موچڕکە بە لەشمدا ئەهێنێ. هەمیشەش لەوە ئەترسم نەکا یەکێک بە هۆی ئەو پەڕانەوە شتێکی لێ بەسەر بێ. دۆستی من، تۆ زۆر پێش ئەکەوی، بەڵام من نامەوێ لە برسان بتکوژم و ژیانت بوەستێنم کە ئەزانم زۆر پرشنگدار ئەبێ.

بە فەرمانی کاردینالْ، پسکیت و شەرابی ماڵاگایان هێنا. ژوولیەن زۆری لەو پسکیت و شەرابە خوارد و جەنابی مەتران دوفریلەر کە ئاشنای خووی کاردینالْ بوو ئەیزانی کە حەز ئەکا خەڵکی بە ئیشتیا بخۆن، لە ژوولیەن زیاتری خوارد.

کاردینالْ لە پەرەسەندنی کۆتایی شەونشینیەکەیان زیاتر شادمان بوو. ماوەیەک باسی مێژووی کلیسای بۆ کرد. زانی کە ژوولیەن لەم بابەتە تێناگا. کاردینالْ باسی باری مۆراڵی ئیمپراتۆری ڕۆمای لە سەردەمی پادشایانی سەدەی کونستانتیندا کرد. دوایین ساڵەکانی بتپەرستی لەگەڵ ئەو گومان و دڕدۆنگییە ڕووبەڕوو ببوو کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕۆحە غەمگین و نائومێدەکانی پەرێشان کردووە. جەنابی کاردینالْ زانی کە ژوولیەن تەنانەت ناوی تاسیتیش نازانێ.

ژوولیەن وتی کە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە لە پەرتووکخانەی فێرگە نییە و ئەمە بووە هۆی سەرسووڕمانی کاردینالْ.

بە خۆشییەوە وتی:

ــبەڕاستی شادمان بووم کە ئەوەم بیست. تۆ کێشەیەکت لە کۆڵ کردمەوە. دە خولەکە بیر لەوە ئەکەمەوە بە هۆی ئەم

شەونشینیەوە کە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بۆت ساز کردم، سپاست بکەم. پێم وانەبوو خوێندکارێکی فێرگە تا ئەم ڕادەیە خاوەن زانست و تێگەیشتن بێ. هەرچەند ئەم دیارییە شتێک نییە شەرع ڕای لێبێ، ئەمەوێ بەرهەمەکانی تاسیت پێشکەش بە تۆ بکەم.

بە فەرمانی کاردینالْ هەشت پەرتووکیان هێنا کە لە ڕوانگەی بەرگەوە زۆر ناوازە بوو. کاردینالْ ویستی بە پێنووسی خۆی لە پەڕەی یەکەمی بەرگی یەکەمدا پیرۆزباییەک بە زمانی لاتین بۆ ژوولیەن بنووسێ. کاردینالْ شانازی بە شارەزایی خۆی لە زمان و فەرهەنگی لاتیندا ئەکرد و سەرەنجام بە دەنگێکی پڕ لە هەتەر کە لەگەڵ بەشەکانی تری گفتوگۆکە جیاواز بوو، وتی:

ــئەی جەوان، ئەگەر ژیر بی، ڕۆژێک ئەبێ بە خاوەنی باشترین قەشەنشینی کەوشەنی بن دەسەڵاتی من. نەک مەترانی قەشەنشینێک کە تا سەرای کاردینالْ سەد فرسەنگ بێ. بەڵام ئەبێ ژیر بی.

کاتێک کە زەنگی نیوەشەو لێدرا، ژوولیەن بە پەرتووکی بن باخەڵیەوە، لە سەرای کاردینالْ هاتە دەرەوە، تەواو سەری سوورمابوو.

جەنابی کاردینالْ، یەک وشەش باسی ڕەبەن پیراری لەگەڵ نەکردبوو. ژوولیەن ، لە هەموو شت زیاتر ئەدەب و میهرەبانی کاردینالی لەلا سەیر بوو. هەرگیز نەی بینیبوو ئەدەب و لەسەرخۆیی بەو سەنگینیە سادەوە پێکەوە کۆبووبێتنەوە. کاتێک کە ژوولیەن دووبارە چاوی بە ڕەبەن پیراری مۆن کەوتەوە، لە هەموو زیاتر، لەو ناکۆکیەی کە لە ئارادا بوو، سەری سوورما. قەشە پیرار بە بێ ئوقرە چاوەڕێی ئەکرد و کاتێک کە ژوولیەنی بینی هەر لە دوورەوە هاواری کرد:

ــ چییان پێ وتی؟
کە ژوولیەن لە وەرگێڕانی قسەکانی کاردینالْ بە زمانی لاتین تۆزێ کێشەی هەبوو، بەڕێوەبەری پێشووی فێرگە بەو دەنگە تووڕە و نەپۆڕەی خۆی وتی:
ــ بە فەڕانسە قسە بکە و هەموو گوتەکانی جەنابی کاردینالْ بێ کەم و زیاد بگێڕەوە.
لەگەڵیدا پەڕەکانی بەرهەمە جوان و نایابەکەی تاسیت کە ئەتوت لێوارە زەڕبەفتەکانی بووەتە هۆی ترس و نەفرەتی، هەلدایەوە و وتی:
ــ چ دیارییەکی سەیر لە لایەن جەنابی کاردینالەوە ئەدرێ بە خوێندکارێکی جەوانی فێرگەی ئاینی!
دوو کاتژمێر لە نیوەشەو تێپەڕیبوو کە پاش بیستنی ڕاپۆرتە دوورودرێژەکە، ڕێگەی بە شاگردەکەی دا بڕواتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.
بە ژوولیەنی وت:
ــ بەرگی یەکەمی تاسیت کە پیرۆزباییەکەی جەنابی کاردینالی تیایە، بدە بە من. ئەم دێڕانە کە بە زمانی لاتین لەم پەرتووکەدا نووسراوە، پاش ڕۆیشتنی من ئەبێ بە قەزاوەگێڕت. ئەوە بزانە کوڕی شیرینم، جێگرەوەی من وەک شێرێکی تووڕە بە دوای نێچیرەوە، لەگەڵت ئەجووڵێتەوە.
بەیانی ئەو ڕۆژە، ژوولیەن لە شێوازی ئاخافتنی هەڤاڵەکانیدا شتێکی سەیری بینی. بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەولیدا سەنگینی خۆی بپارێزێ. بە خۆی وت: «کە وا بوو ئەمە بەرەنجامی کارکەناری ڕەبەن پیرارە! هەموو باسی کارکەنارییەکەیان بیستووە. واتە کە ئەو دەربکرێ و من تاقانەی ئەو بم، ئەبێ لەم هەڵسوکەوتانەدا سووکایەتییەک هەبێ.» بەڵام نەی ئەتوانی ئەو سووکایەتییە ببینێ.

بەپێچەوانەوە، لە چاوی ئەوانەدا لەبەر ژوورەکان ئەیانی بینی، هیچ دوژمنایەتییەکی تیا نەبوو. «مەبەستیان لەم کارانە ئەبێ چی بێ؟ بێگومان داوێکیان بۆ ناومەتەوە. ئەبێ پارێز بکەم و ئاگام لە خۆم بێ.» سەرەنجام خوێندکارە نەوهاڵەکەی ڤێریری بە پێکەنینەوە پرسیاری لێکرد:

ــکۆبەرهەمی تاسیت؟

ئەوەندەی ئەم ڕستەیە بیسترا وەک کێبەرکێ، هەموو هەوڵیان ئەدا لە پیرۆزبایی کردنی ژوولیەن‌دا پێش بکەون. بابەتی ئەم پیرۆزباییکردنە نەک هەر ئەو دیارییە بەنرخەی جەنابی کاردیناڵ، بەڵکو ئەو وتووێژە دوو کاتژمێرییە بوو لە نێوانیان‌دا. هەموو کەس لە فێرگە موو بە موو وردەکارییەکانی ئەم گفتوگۆیە ئەزانی. لەو ساتەوە ئیتر ئێرەیی لە ئارادا نەبوو. هەر هەموو ببوون بە دۆستی! قەشە کاستانێد کە تەنانەت ڕۆژی پێشوو زۆر ناشیرین لەگەڵی جووڵابوویەوە، قۆڵی گرت و فەرمووی لێکرد بەرەو هۆڵی نانخواردن.

سەبارەت بە لاوازیی خۆڕسک لە سروشتی ژوولیەن‌دا، مەراییکردنی ئەم خەڵکە وەک ئەشکەنجە وا بوو و ئەم دووڕووییە بووە هۆی نەفرەت و هیچ خۆشییەکی بەدی نەهێنا.

لای نیوەڕۆ، ڕەبەن پیرار پاش وتارێکی کورت و توند بۆ شاگردەکانی ماڵاوایی لێکردن. پێی وتن:

ــپێم بڵێن بزانم، ئایە خوازیاری ئەم دنیا، خوازیاری دەسکەوتی کۆمەڵایەتی و حەزی سەرۆکایەتی و چێژی گاڵتە و گاڵتە بە قانوون کردنن و ئەتانەوێ بێباکانە بە گژ هەموو کەس‌دا بچنەوە یان خوازیاری ڕزگاری و بەختەوەری هەمیشەیین؟ هەن لە ناوتانا هێشتا چاو و گوێیان بەسراوە و لەم بوارەدا زۆر نەچوونەتە پێشەوە، بۆ تێگەیشتن لەم خۆلە ئەبێ جوان چاویان

بکەنەوە.

هێشتا ڕەبەن پیرار نەڕۆیشتبوو کە دەستەی «دڵی پیرۆزی عیسا» بۆ خوێندنی نزای «ستایشی پەروەردگار» چوون بۆ پەرستگە. هیچکەس لەم فێرگەیە وتارەکەی ڕەبەن پیراری بە گرنگ وەرنەگرت. لە هەموو لایەک ئەوترا لە دەرکردنی خۆی زۆر قەڵس بووە. تەنانەت یەک خوێندکاریش ئەوەندە سادە نەبوو کە کشانەوە لەو پۆستەی کە ئەو هەموو پەیوەندییەی لەگەڵ بەڵێندارە گەورەکان بەدیهێناوە، بە بەرەنجامی ویستی خودی ئەو دابنێن!

ڕەبەن پیرار ڕۆیشت و لە جوانترین هوتێلی شار ژووری گرت و بە بیانووی ئەوەی کە کاری نییە، بڕیاری دا دوو ڕۆژ لەو میوانخانەیە بمێنێتەوە.

کاردینال بۆ نانی نیوەڕۆ میوانی کردبوو و، بۆ ئەوەش تۆزێ بە جێگرەکەی جەنابی مەتران دوفریلەر پێبکەنێ، ئەیویست خەڵاتی بکات. کاتی خواردنی دێسر هەواڵێکی زۆر سەیر لە پاریسەوە گەیشت کە ڕەبەن پیرار کراوە بە پێشنوێژی ناوچەی زۆر جوانی (ن) لە چوار فرسەنگی پایتەخت. کاردیناڵی نیازپاک لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی لێکرد. لە سەرتاپای ئەم هاوکێشەیەدا یارییەکی زیرەکانەی بینی کە زۆر شادی کرد و مەزنترین متمانەی بە بەهرەمەندی ڕەبەن پیرار لەودا بەدیهێنا. نامەیەکی پشتگیری جوانی بە زمانی لاتین پێدا و جەنابی مەتران دوفریلەری بێدەنگ کرد کە ئەیویست ناڕەزایی دەرببڕێ.

جەنابی کاردیناڵ، ئەم بەزمی پەسنکردنەی بۆ شەو، گواستەوە بۆ ماڵی مارکیز دو ڕوبەنپەرە. ئەم هەواڵە بۆ ئاریستۆکراتەکانی بزانسۆن هەواڵێکی گرنگ بوو. سەبارەت بەم میهرەبانییە بەرامبەر بە ڕەبەن پیرار، بۆچوونی جیاواز هەبوو. پێتان وا بوو ڕەبەن پیرار ئەبێ بە کاردیناڵ و ئەوانەی وریاتر بوون جەنابی دۆلامۆلیان ئەبینی

بووە بە وەزیر و ئەوەشیان بە هەل زانی بزەیەکی تەوساوی بدەن بە قەبرغەی جەنابی مەتران دوفریلەردا کە لە میوانی خانەدان و دەمڕاستان فیزی ئەفرۆشت.

بەیانی ئەو ڕۆژە خەڵکی لە شەقام و بازاڕ کەوتنە دوای ڕەبەن پیرار و کە ویستی بۆ ڕاوێژ بچێ بۆ لای پارێزەرانی مارکیز دولامۆل، ماگازەدار و بازرگان لە کۆگاکانیان هاتنە دەرەوە. ژانسنیستی مۆن کە لە هەموو شت تووڕە بوو، ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ ئەو پارێزەرانەی بۆ جەنابی دولامۆلی هەڵبژاردبوو، ڕاوێژی کرد و پاشان چوو بۆ پاریس. دوو سێ خوێندکار تا تەنیشت ئەو فایتوونەی هێمای سەردەرگاکەیان لا جوان بوو، لەگەڵی چوون. ڕەبەن پیرار هەڵەیەکی کرد و وتی: «پاش پانزە ساڵ بەڕێوەبردنی فێرگە تەنها بە پێنجنسەد و بیست فرانک پاشەکەوتەوە لە بزانسۆن ئەچێتە دەرەوە.» دۆستانی بە گریانەوە لە ئامێزیان گرت و لە ناو خۆیاندا وتیان: «قەشەی میهرەبان ئەبوایە ئەم درۆیە نەکات؛ بەڕاستی جێگەی پێکەنینە!»

خەڵکی ئاسایی کە پارەپەرستیی چاویانی کوێر کردبوو، نەیانئەتوانی لەوە تێبگەن کە ڕەبەن پیرار ماوەی شەش ساڵ بە تاقی تەنها لە دژی ماری ئالاکۆک و دڵی پیرۆزی عیسا و ژۆزۆییتەکان و کاردیناڵی خۆیدا بە پاکی و ڕاستگۆیی خەباتی کردووە.

بەندی XXX

## بەرزەفڕ

تەنها یەک نازناوی خانەدانجوون ماوە:
نازناوی «دووک»[٩٥]،
نازناوی «مارکیز» گاڵتەئامێزە،
خەڵکی بە بیستنی نازناوی «دووک» ئاور دەدەنەوە!
(گۆڤاری ئەدینبۆرۆ)

مارکیز دولامۆل بە بێ ڕەفتاری دەستکرد و ڕواڵەتی تایبەت بە ئاریستۆکراتەکان کە لای هەندێ پەسەند و لای هەندێک ناپەسەندە، ڕەبەن پیراری بەخێر هێنا. ئەم کارانە مایەی کات بەفیرۆدان بوو و مارکیز ئەوەندە سەرقاڵی کاری مەزن بوو کە کاتی ئەوەی نەبوو بەفیرۆی بدات.

ئەوە شەش مانگ بوو کە ما٠رکیز خەریکی پیلانێک بوو تا شا و نەتەوە بڕیاری وەرگرتنی وەزارەتێک بدات کە وەکو سپاس و پێزانین نازناوی دووک بدا بە ئەو.

جەنابی مارکیز دولامۆل، چەندین ساڵ بوو چاوەڕوانی پارێزەرێکی بوو لە شاری بزانسۆن تا ڕاپۆرتێکی ڕاست و ڕوونی

٩٥- هیرارشی ئاریستۆکراسی یان نۆبێلیتی یان خانەدان بوون گرنگییەکی تایبەتی لە ژیانی ئورووپاییەکان بەتایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوو و لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی باڵاتر جیاوازییەکی یەکجار زۆری لە ڕوانگەی باری کۆمەڵایەتی و دارایی و دەسەڵاتەوە هەبوو. پلەکانی خانەدان بوون:
لە فەڕانسە: **دووک، پرینس، مارکیز، کۆنت، ڤیکۆنت، بارۆن.**
لە بریتانیا: **دووک- دوشێز، مارکێز- مارشێنەز، ئێرڵ- کۆنتێس، ڤایکۆنت- ڤایکۆنتێس، بارۆن- بارۆنێز، لۆرد- لەیدی.**

دەربارەی کێشەکەی لە فڕانش کونتە بۆ بنێرێ. بەڵام کاتێک کە خودی پارێزەری بەناوبانگ سەر لە کێشەکە دەرنەکات، چۆن ئەتوانێ بە ڕوونی بۆ ئەمی بگێڕێتەوە.

کاغەزێکی چوارگۆشە کە قەشە دای پێی، هەموو شتێکی ڕوون ئەکردەوە.

مارکیز، پاش ئەوەی لە ماوەی کەمتر لە پێنج خولەکدا خۆی لە دەست داب و نەریتی بەخێرهێنان و هەوڵپرسی ڕزگار کرد وتی:

ــ ڕەببانی ئازیز، من لە نێوان ئەم بەختەوەرییە پەرەسێنەدا کە گوایە پێم گەیشتووە، دەرفەتی ئەوەم نییە بە دوو بابەتی زۆر گرنگی ژیانم واتە خێزان و کارەکانم ڕابگەم. من لە ڕادەبەدەر گرنگی بە پاراستنی دارایی بنەماڵەکەم ئەدەم و ئەتوانم بیکەم بە سەد بەرامبەر. بەڵام من حەزم لە خۆشییەکانە.

کاتێک کە بینی ڕەبەن پیرار حەپەساوە، وتی:

ــ بەڕای من ئەمە بابەتێکە کە بە مسۆگەری ئەبێ گرنگی پێ بدەین.

ڕەبەن پیرار هەرچەند پیاوێکی خاوەن دڵ بوو و بە باشی دیاردەکانی لێک جیائەکردەوە، لەوەی کە پیرەمێردێک بەو ڕاشکاوییە باسی خۆشییەکانی خۆی ئەکات، سەری سووڕمابوو.

خانەدانی مەزن وتی:

ــ دڵنیام لە پاریس کار هەیە، بەڵام لە ژوورەکانی بن جەمەلۆندا هەڵواسراوە. ئەوەندەی من لە کابرایەک نزتک بوومەوە، خانوویەک لە قاتی دووەم ئەگرێ بە کرێ و، ئیتر ڕۆژ ڕۆژی ژنەکەیەتی. کە وا بوو، ئیتر هیچ کارێک جێبەجێ نابێ. پاش ئەوەش هەموو هەوڵی ئەوەیە کە پێی بکرێتەوە بۆ میوانی ئاریستۆکراتەکان یان لە لای خەڵکی بە ئەندامی ئەو میوانیانە بناسرێ. جا لەمکاتەی ئێستادا

هەموو بیر و هۆشی ئەوانەی نانێکیان دەست ئەکەوێ، تەنها ئەم جۆرە شتانەیە. بە وتەیەکی تر من بۆ کێشەکانی خۆم لە دادگاکان و لەوەش بالاتر، بۆ هەر کێشەیەک بە جیا، پارێزەری تایبەتم هەیە کە تا ئەوپەڕی توانا کار ئەکەن. پێرێ یەکیان بە دەردەباریکە مرد. بەلام باوەڕ بفەرموون لە ماوەی سێ ساڵی ڕابوردوودا بە دوای یەکێکدا گەڕاوم کە کاتی نووسینی شتێک بۆ من، تۆزێ ئاگای لە کارەکەی بێ، ئەبێ بڵێم دەستم داشۆردووە لەوەی دڵسۆزێک بدۆزمەوە و، با نەیشارمەوە ئەمانە هەمووی پێشەکییە. بەڕێزت لە لای من ڕێزێکی تایبەتت هەیە و هەرچەند یەکەم جارە یەکدی ئەبینین بە دڵنیایی ئەتوانم بڵێم کە خۆشم ئەوێی. ئەتەوێ بە مووچەی هەشت هەزار فرانک ببی بە باشنووسەری من؟ یان شانزە هەزار؟ من دڵنیام هێشتاش قازانجی تیا ئەکەم. بەڵێنی ئەوەشت پێ ئەدەم پیشەی پێشنوێژییەکەت بپارێزم بۆ ئەو کاتەی کە نەمانەوێ پێکەوە کار بکەین.

ڕەبەن پیرار ئەم پێشنیازەی قبووڵ نەکرد. بەلام لە کۆتایی گفتوگۆکەدا، ئەو دڵەڕاوکەیەی بەڕاستی مارکیزی نیگەران کردبوو، بیرێکی لە مێشکیدا بەدیهێنا:

ــلە قووڵایی فێرگەکەی خۆمدا جەوانێکی بێکەسم بەجێ هێشتووە کە ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، زۆر بە توندی تووشی ئەشکەنجە و ئازار ئەبێ و ئەگەر قەشەیەکی سادە نەبوایە تا ئێستا لە دەست چووبوو. ئەم گەنجە جگە لە زمانی لاتین و پەرتووکی پیرۆز ئاگای لە هیچی تر نییە. بەلام هیچ دوو نییە ڕۆژێک چ لە کاری وتار و خوتبە و چ جایە لە ڕێنموونی کردنی مرۆڤدا سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست بهێنێ. نازانم ئەم لاوە ئەبێ بە چی؟ بەلام بەهرەیەکی تایبەتی لەو ئاگرە پیرۆزە هەیە کە بە شەوق و کێشەر ناوئەبرێ و ئەتوانێ بە ڕادەیەکی دووروودرێژ

پێشبکەوێ. ڕام وایە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کاردینالێکی باشمان دەستکەوت و بیرکردنەوەی ئەم کاردینالە سەبارەت بە جەماوەر و بارودۆخەکە وەک بەڕێزت بوو، ئەم گەنجە بدەمە دەستی ئەو.

ماركیز وتی:

ــئەم گەنجە بنەچەی چییە؟

ــوەک ئەڵێن کوڕی یەکێک لە دارتاشەکانی کوێستانەکانی ئێمەیە. بەڵام من پێموایە کوڕی سروشتی دارایەک بێ و خۆم ئاگام لێیە کە نامەیەکی بێ واژۆ یان بە ناوی خوازراوەوە پێگەیشتووە لەگەڵ ڕەسیدی بڕی پێنجسەد فرانک.

ماركیز وتی:

ــها؟ مەبەستت ژوولیەن سۆرێلە؟

ڕەبەن پیرار بە سەرسوورمانەوە پرسی:

ــتۆ لە کوێوە ناوی ئەو ئەزانی؟

چونکە لە پرسیارەکەی خۆی سوورەوە ببوو، ماركیز وتی:

ــکە وا بوو منیش ئەم بابەتە بە تۆ ناڵێم!

ڕەبەن پیرار وتی:

ــزۆر چاکە. ڕەنگە تۆ بتەوێ ئەو بکەی بە باش نووسەری خۆت. جەربەزە و ئاوەز و تێگەیشتنی هەیە. کورتییەکەی ئەزموونێکە ئەتوانی تاقی بکەیتەوە.

ماركیز وتی:

ــبۆ نا؟ بەڵام نەکا ئەم گەنجە کەسێک بێ کە بەرتیل لە سەرۆکی پۆلیس یان کەسێکی تر وەربگرێ و ببێ بە سیخوڕی ماڵەکەم. تەنها شتێک کە من لێی ئەترسم ئەمەیە.

بەو پشتگیرییە شیاوەی کە لە لایەن ڕەبەن پیرارەوە لە ژوولیەن کرا، ماركیز گەلایەکی هەزار فرانکی هەڵگرت و وتی:

ــئەمەش خەرجی ڕێگا، بینێرە بۆ ژوولیەن سۆرێل و پێی بڵێ

با بێت بۆ لای من.

ڕەبەن پیرار وتی:

ــوا دیارە ئێوەی دانیشتوانی پاریس ئاگاتان لە ئێمەی شارستانی و لە هەمووان زیاتر قەشەی دژی ژۆزۆییت نییە کە چیمان بەسەر ئەهێنن! ناهێڵن ژوولیەن سۆرێڵ بگاتە ئێرە. زیرەکانەترین بیانوو ئەدۆزنەوە. وەڵام ئەدەنەوە ژوولیەن نەخۆشە. پۆستخانە نامەکان ون ئەکات و هەزار شتی تر...

مارکیز وتی:

ــلەم ڕۆژانەدا نامەیەک لە وەزیر وەرئەگرم بۆ کاردیناڵ!

ڕەبەن پیرار وتی:

ــیەک خاڵم لە بیر چوو. ئەم جەوانە سەرەڕای ئەوەی لە بنەماڵەیەکی خوارەوەیە، بەڵام دڵێکی بەدەعیەی هەیە. ئەگەر دفرەی بشکێنرێ، ئیتر بە کەڵکی هیچ کارێک نایەت، ئەبێ بە بوونەوەرێکی بێهوودە.

مارکیز وتی:

ــمن ئەم شتانەم پێ باشە. ئەیکەم بە هەڤاڵی کوڕەکەم، باش نییە؟

ماوەیەک پاش ئەوە، نامەیەک بە خەتێکی نامۆ و ڕازاوە بە پوولی «شالۆن»ـەوە بە ژوولیەن گەیشت. لە لۆی نامەکەدا ڕەسیدێک بۆ یەکێک لە بازرگانەکانی بزانسۆن و فەرمانێک بۆ ئەوەی دەسبەجێ بچێ بۆ پاریس. ئەم نامەیە کەسێک بە ناوێکی نەناسەوە واژۆی کردبوو. بەڵام ژوولیەن کاتی کردنەوەی نامەکە، لەرزی لێ نیشت. گەڵا دارێک کەوتبووە بەر پای و ئەوەش نیشانەیەک بوو کە لەگەڵ ڕەبەن پیرار دایان نابوو.

هێشتا کاتژمێرێک تێنەپەڕیبوو کە ژوولیەن بانگکرا بۆ سەرای کاردیناڵ. لە کۆشک بە دڵسۆزییەکی باوکانە لەگەڵی جووڵایەوە.

جەنابی کاردینالْ لەگەڵ خوێندنەوەی چەند شیعرێک لە هۆراس، سەبارەت بەو بەختە بەرزەی لە شاری پاریس چاوەڕوانی ئەکات، پیرۆزبایی لێکرد و لەبری سپاس چاوەڕوان بوو ژوولیەن ڕوونکردنەوەی بداتێ. بەڵام ژوولیەن هیچی بۆ نەوترا. لەبەر ئەوەی هیچی نەئەزانی. بەڵام کاردینالْ ڕێزێکی زۆری لێگرت. یەکێک لە قەشە گەنجەکانی سەرا نامەیەکی بۆ سەرۆکی شارەوانی نووسی و خودی باژێروان بەپەلە پاساپۆرتێکی هێنا بۆ سەرا کە مۆر و واژۆ کرابوو، بەڵام ناوی خاوەنەکەی تیا نەنووسرابوو.

شەو، پێش نیوەشەو، ژوولیەن لە ماڵی فۆکە بوو.

ئەو ئایندەی چاوەڕێی دۆستەکەی بوو، زیاتر مێشکی بەبڕشتی فۆکەی سەرسام کرد تا ئەفسوونی بکات. ئەم دەنگدەرە ئازادیخوازە ڕایگەیاند:

ـسەرەنجامی ئەم کارانە ئەوە ئەبێ کە پایەیەک لە دامودەزگای حکوومەتدا بەدەست بهێنی. بەڵام هەر ئەم پلەیەی تۆ کاری وات پێ ئەکا کە ڕۆژنامەکانت بتدەنە بەر جنێو و پلار و من لە ڕێگەی ئەم ڕیسواییەوە هەواڵی تۆ ئەزانم. ئەوەشت لە بیر بێ، ئەگەر لە ڕوانگەی پارەشەوە سەیر بکەین، بەدەستهێنانی سەد دراوی زێڕ لە ڕێگەی بازرگانی دارەوە، کاسبییەکی ڕەوایە و مرۆڤیش خاوەنی بڕیاری خۆیەتی، لەو چوار هەزار فرانکە باشترە لە دامودەزگای حکوومەتی وەرئەگرێ، ئەگەر ئەو حکوومەتە هی حەزرەتی سلێمانیش بووە!

ژوولیەن ئەم شتانەی بە نیشانەی بۆچوونی ساویلکەی گوندی دانا. سەرەنجام خەریک بوو ئەگەیشتە سەر شانۆی ڕووداوە گەورەکان. بەختەوەری ڕۆیشتن بەرەو پاریس کە ژوولیەن بە ناوەندی وشیارانی پیلانباز و ڕیاکاری ئەزانی و لە ڕووی پەروەردە و ئەدەبەوە بە هاوپایەی کاردینالی بزانسۆن و کاردینالی ئاگد

ئەژمێردران، ڕووناکیی هەموو شتێکی لەبەر چاوی کاڵ ئەکردەوە. لە لای هاوڕێکەی وای دەرخست کە نامەکەی ڕەبەن پیرار زۆر کاری کردۆتە سەری. بەیانی ئەو ڕۆژە بەختەوەرتر لە خەڵکانی تەواوی دنیا گەڕایەوە بۆ ڤێریر، تا جارێکی تر بچێتەوە بۆ دیداری خاتوو دورێنال. بەڵام بەر لە هەموو لایەک، چوو بۆ ماڵی پشتیوانی ڕاستەقینەی خۆی قەشە شەلانی دڵپاک کە پێشوازییەکی سەخت و ساردی لێکرا.

قەشە شەلان بە بێ ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەی بداتەوە، وتی:

ــ پێت وایە کە من منەتێکم بە سەرتەوە هەیە؟ هەر ئێستە نانەکەت لەگەڵ من ئەخۆیت و لەم ماوەیەدا ئەسپێکی ترت بۆ ئامادە ئەکەن. سوار ئەبیت و لە ڤێریر ئەڕۆیت، بە بێ ئەوەی هیچکەس لەم شارەدا ببینی.

ژوولیەن بە ڕواڵەتێکی تایبەت بە خوێندکاری فێرگەی ئاینی وەڵامی دایەوە:

ــ بیستن بە واتای جێبەجێکردنە!

ئیتر باسی هیچی تر نەکرا، جگە لە ئایین و ڕەوانبێژی و فەرهەنگ و وێژەی لاتین.

سواری ئەسپ بوو. فرسەنگێک ڕۆیشت. جەنگەڵێکی بینی و کاتێک کە زانی کەس لەو دەوروبەرە نییە و ئەوی نەبینیوە، خۆی کرد بە ناو لێڕەکەدا. کاتی ئێوارە ئەسپەکەی بەڕێکردەوە. پاش ماوەیەک چوو بۆ ماڵی جوتیارێک کە ئامادە بوو پەیژەیەکی پێ بفرۆشێ و تا لێڕەکەی بان سەیرانگەی گشتی لە ڤێریر بۆی هەڵگرێ.

کابرای جوتیار ئەوەندەی لە ژوولیەن جیا بوویەوە، بە خۆی وت: «من تازە سەربازێکی نەدارم یان قاچاخچی؟ بەڵام چ خەم! پەیژەکەم بە نرخێکی باش فرۆشت. جا با دوو سێ کاری گەمژانەم

لە ژیانمدا کردبێ!»

شەو، شەوەزەنگ بوو. کاتژمێرێک لە نیوەشەو تێپەڕیبوو. ژوولیەن، پەیژە بە شان پێی نایە ناو ڤێریرەوە و بە خێرایی لە بەستێنی لافاودڕەکەوە کە دە پا قووڵ بوو و بە ناو باخەکانی جەنابی دورێنالدا ئەڕۆیشت، تێەپەڕی. ژوولیەن بە فڕکە بە پەیژەکەدا سەرکەوت. لە دڵی خۆیدا ئەیوت: «تۆ بڵێی سەگەکان چۆن بێن بۆ لام؟» هەموو کێشەکە لێرەدایە. سەگەکان وەڕین و بە فڕکە بۆی هاتن. بەڵام ژوولیەن ئارام ئارام فیکەی بۆ کردن و ئەوانیش قرووسکانیان و لەبەر پای هەڵترووشکان.

ئەوسا تەلان بۆ تەلان سەرکەوت و هەرچەند تەلبەندەکانی داخرابوون، پیا هەڵگەڕا و بە ئاسانی گەیشتە بن پەنجەرەی ژوورەکەی خاتوو دورێنال. ژووری خەوەکەی بە ڕووی باخدا لە هەشت نۆ پا بەرزتر نەبوو.

تەلبەندی پەنجەرەکان درزێکی بچووکی هەبوو بە شێوەی دڵ کە ژوولیەن باش ئەیناسی. بە داخەوە بینی کە ئەم درزە تەنگە بە تیشکی ئەو چرای خەوەی ئەبێ لە ناوەوە ڕۆشن بێ، ڕووناک نییە.

بە خۆی وت: «خوایە گیان! خاتوو دورێنال ئەمشەو لەم ژوورە نەنووستوە! ئەی ئەبێ لە کوێ بێ؟ خێزان وان لە ڤێریر، چونکە سەگەکان لێرەن. بەڵام ڕەنگە بچمە ژوورەوە و تووشم ببێ بە جەنابی دورێنال یان بێگانەیەکەوە و داد لەو ئابڕووچوونە!»

لە هەموو کارێک ژیرانەتر ئەوە بوو کە پاشگەز ببێتەوە و بگەڕێتەوە. بەڵام ئەم بڕیارە بۆ ژوولیەن زۆر ناخۆش بوو. «ئەگەر بێگانەیەک لەم هۆدەیە بوو، پەیژەکەم بەجێ ئەهێڵم و بە خێرایی بۆی دەرئەچم. بەڵام ئەگەر خۆی بێ چۆن پێشوازیم لێ ئەکات؟ ئەو ژنە تووشی پەشیمانی و ئاینخوازی بووە. گومانم لەمەدا نییە.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش بیرەوەرییەکی لە من هەیە. نامەی بۆ نووسیوم.» ئەم سۆنگەیە ئەوی دڵنیا کرد.

دڵی وەکو دەهۆڵ ئەیکوتا، بەڵام بڕیاری دابوو یان تیابچێ یان بە دیداری شاد ببێ. چەند وردە بەردی دا بە شووشەکەدا. وەڵام نەبوو. پەیژەکەی نا بە قەراخ پەنجەرەکەوە و بە دەست، سەرەتا ئارام و پاشان توندتر کەوتە لێدانی شووشەی پەنجەرەکە. ژوولیەن بە خۆی وت: «هەر چەندەش تاریک بێ، دیسانەوە بۆی هەیە گوللەیەکم پێوە بنێن!» ئەم بیرە کارە شێتانەکەی ئەوی کرد بە کێشەی ترسنۆکی و ئازایەتی. دیسان وتی: «ئەمشەو و لەم ژوورە یان کەسی لێ نییە، یان ئەگەر کەسێکی لێبێ، تا ئێستە خەبەری بووەتەوە. بەس ئەبێ هەوڵ بدەم ئەوانەی ژوورەکانی تر لە خەو هەڵنەسێنم.»

هاتە خوارەوە. پەیژەکەی نا بە تەلبەندی پەنجەرەکەوە. سەرکەوتەوە و دەستی کرد بە کونێکی وەکو دڵدا و خۆشبەختانە هەر زوو ئەو بەرەزمانە ئاسنەی دۆزییەوە کە تەلبەندەکە بە هۆیەوە دائەخرا. ئەم تەلەی ڕاکێشا و بە شادمانییەکی لە ڕادەبەدەر بۆی دەرکەوت کە تەلبەندەکە گیری تری نییە و بە گوشارێکی بچووک ئەکرێتەوە. ئەبێ تۆزە تۆزە ئەم دەرگایە بکەمەوە، کە دەنگم بناسێتەوە. مەحاجەرەکەی، ئەوەندەی بتوانێ سەری بباتە ژوورەوە کردەوە و بە ئەسپایی وتی: «ئاشنایە!»

گوێی ڕادێرا و دڵنیا بوو کە هیچ شتێک بێدەنگی قووڵی ژوورەکە تێک نادا. بەڵام هیچ نیشانەیەک لە چرای خەو تەنانەت بە کزیش، لە سەر سۆپاکە نەئەبینرا و ئەمە نیشانەیەکی زۆر خراپ بوو.

«ئاگات لێبێ گوللەت بەرنەکەوێ!» چووە ناو بیرەوە. پاشان بە دڵی پەنجەی دای لە شووشەکە. وەڵام نەبوو. توندتر لێیدا. «ئەگەر

بڕیار بێ شووشەکەش بشکێ هەر ئەبێ بگاتە ئەنجام.» کاتێک کە ئەیدا لە شووشەکە، لە تاریکییە نووتەکەدا وای هەست ئەکرد تارماییەکی سپی لە ناو ژوورەکەدا ئەجوولێ. سەرەنجام گومانی مسۆگەر بوو. تاپۆیەک وردە وردە بەرەو پەنجەرەکە ئەهات. لەپڕ، لە پشت ئەو شووشەدا کە چاوی پێوەنابوو، گۆنایەکی بینی لکاوە بە شووشەکەوە.

موچڕکەی پیاهات و هەندێک کشایەوە. بەڵام شەو ئەوەندە ئەنگوستەچاو بوو، تەنانەت لەو نزیکەشەوە نەیزانی ئەوە خاتوو دورێناڵە یان خاتوو دورێنال نییە! لە یەکەم قیژەی ترسان ئەترسا. دەنگی مرە و حەپەی سەگەکانی لە بن پەیژەکەدا ئەبیست. بە دەنگێکی زۆر بەرز وتی: «منم... ئاشنا!. .» بەڵام وەڵام نەبوو. تاپۆی سپی ون ببوو. «تکایە بیکەرەوە. ئەبێ قسەت لەگەڵ بکەم. زۆر پەرێشانم!» وەهای ئەکوتا بە پەنجەرەکەدا کە نزیک بوو شووشەکە وردوخاش ببێ.

دەنگێکی وشک و کورت بەر گوێی کەوت. دەسگیرەی پەنجەرە گیر نەبوو. پاڵێکی پێوە نا و بەگوڕ و سووکەڵە خۆی هەڵدایە ناو ژوورەکە.

تاپۆی سپی دوور ئەکەوتەوە. قۆڵی گرت. ژن بوو. هەموو جەربەزە و بوێریی دامرکایەوە. «ئەگەر ئەو بێ چی ئەڵێ؟» کاتێکیش بە بیستنی قیژەیەکی کورت زانی کە ئەم ژنە خودی خاتوو دورێناڵە چی بەسەر هات؟!

خاتوو دورێنالی لە ئامێز گرت. سەرتاپا وەک شەقشەقە ئەلەرزی و نەی ئەتوانی ژوولیەن لە خۆی دوور بخاتەوە.

ــبەدبەختی قوڕبەسەر، ئەوە چی ئەکەی؟

دەنگە لەرزۆکەکەی بە زۆر ئەم وشانەی ئەوت. ژوولیەن بینی ئەم گۆڕانە سەرە دەرزییەکیش درۆی تیانییە.

ــپاش چواردە مانگ دووری گورچووبڕ وا هاتووم بۆ دیدارت!

ــبڕۆرە دەرەوە! هەر ئێستە لێم دوور کەوەرەوە. ئاه، قەشە شەلان بۆچی نەتهێشت نامەی بۆ بنووسم! بۆی هەبوو ڕێگە بەم سەرەڕۆییە بگرم.

بە هێز و گوژمێک کە لەو نەئەوەشایەوە، پاڵی بە ژوولیەنەوە نا.

ــمن لەگوناهی خۆم پەشیمانم...

بە دەنگی پچڕپچڕ و بەدوای یەکا ئەیوت:

ــخوا بە گەورەیی خۆی منی ڕوون کردەوە. بڕۆ! ڕاکە!

ــپاش چواردە مانگ ژان و ئازار، هەتا قسەت لەگەڵ نەکەم جێت ناهێڵم. ئەمەوێ بزانم چیت کردووە. خۆت ئەزانی ئەوەندەم خۆش ویتسوویت کە شیاوی ئەوە بم نهێنییەکانت بزانم. ئەمەوێ هەر هەموو شت بزانم!

سەرەڕای دارەتی بەرگریکەرانەی خاتوو دورێنال، ئەم شێوازە تۆکمە و بەهێزەی ژوولیەن بەسەر دڵیدا زاڵ بوو.

ژوولیەن کە بە ئەوین و تامەزرۆییەکی ئاگراوییەوە لە باوەشی گرتبوو و لە بەرامبەر هەر هەوڵدانێکی ئەودا بەرەنگاری ئەکرد، گوشینی ئەوی لە باوەشیا خاو کردەوە و ئەمە ئارامییەکی بە خاتوو دورێنال بەخشی.

ژوولیەن وتی:

ــئێستە پەیژەکە هەڵئەگرم تا ئەگەر خزمەتکارێک لە دەنگی ئێمە داچڵەکابێ و بیەوێ بزانێ چ باسە، نەیکا بە هەرا و ئابڕوومان بەرێ.

خاتوو دورێنال بە توورەیەکی بە ڕاستی ڕاستەقینە، پێی وت:

ــئۆف! بڕۆ! لەبری ئەم کارانە بڕۆ لێمگەڕێ! من چیم لە خەڵک داوە. خوای گەورە ئەم دیمەنە ترسناکەی تۆ بەدیت هێناوە

ئەبینی و من سزا ئەدات. لەو خۆشەویستییەی بەرامبەر بە تۆ هەمبوو و ئیتر نیمە بە شێوەیەکی ناجوامێرانە کەڵک وەرئەگری. گوێت لێمە جەنابی ژوولیەن؟

بۆ ئەوەی دەنگە دەنگ ساز نەبێ زۆر بە ئارامی پەیژەکەی هەڵکێشا و بە خاتوو دورێنالی وت:

ــمێردەکەت لە شارە؟

لە بەکارهێنانی تۆ، مەبەستی سووکایەتی بە خاتوو دورێنال نەبوو. خووی لەمێژینەی بە سەریدا زاڵ ببوو.

ــتۆ بیت و خوا، لەگەڵم قسە مەکە، ئەگینا هاوار ئەکەم و مێردەکەم ڕائەپەڕێنم. زۆر تاوانبارم کە چشم لێ نەکردی و لێرە دەرم نەکردی، چی ئەبێ با ببێ!

پاشان بۆ ئەوەی دفرەی ژوولیەن، کە ئەیزانی زۆر ناسک و بەرهەستە، بریندار بکات، وتی:

ــدڵم بۆتان ئەسووتێ!

ئەم بەکارنەهێنانی وشەی «تۆ» و ئەو ڕقەی بۆ شکاندنی ئەو پەیوەندییە پڕ لە خۆشەویستییە بەکاربرابوو؛ ئەو پەیوەندییەی کە ژوولیەن هێشتاش بڕوای پێی هەبوو، شڵەژانی ئەوینی ئەوەی تا پلەی وڕینە بەرز کردەوە.

بە هەوایەک کە هەوای دڵ بوو و کەم کەس خۆی لە بەریدا ڕائەگرت، وتی:

ــسەیرە! مەگەر ئەبێ کە ئیتر منت خۆش نەوێت؟!

خاتوو دورێنال وەڵامی نەدایەوە. بەڵام ژوولیەن بەکوڵ ئەگریا و بەڕاستی توانای دووانی نەمابوو: «واتە، تەنها کەسێک کە لە ژیانیدا خۆشی ویستبوو، بە تەواوەتی لەبیر کردووە! ئەی لە پاش ئێستە ژیانی بەکاری چی دێ؟»

لەو ساتەوە کە مەترسی تووشبوونی نەمابوو، بوێرییەکەشی

هەڵوەریبوو. هەموو شتێک مەگەر ئەوین لە دڵی ئەودا نەمابوو.

ماوەیەکی باش بە بێدەنگی گریا. دەستی ئەوی گرت و ئەویش هەوڵیدا دەستی لە ناو دەستی ژوولیەن دەربهێنێ. سەرەڕای ئەمەش پاش چەند ڕاشەکانی موچڕکاوی دەستی لە ناو دەستیدا هێشتەوە. تاریکی قووڵ و بێ سنوور بوو. هەردووک لە سەر سیسەمەکەی خاتوو دورێنال دانیشتبوون.

ژوولیەن بە خۆی وت: «چەندە جیاوازی لە نێوان ئەم کاتە و ئەو کاتانەی چواردە مانگ بەر لە ئێستەدا هەیە؟!» فرمێسکی جۆگەلەی بەست. بەمجۆرە، بە بێگومان دووری هەموو هەستێکی مرۆڤ ئەکوژێ! باشتر وایە بڕۆم.

ژوولیەن کە بێدەنگییەکەی ئەو ئەیکوشت، سەرەنجام بە دەنگێک کە دابارینی فرمێسک ئەیبڕی وتی:

ــ تکات لێ ئەکەم ئەوەی بە سەرت هاتووە، بۆم بگێڕەوە!

خاتوو دورێنال بە ئاوایەک کە زۆر دڵڕەقانە بوو و لە چاوی ژوولیەندا سارد بوو و گلەیی‌ئامێز، وتی:

ــ بێگومان ئەو ڕۆژەی کە تۆ ڕۆیشتی، گومڕایی من لە کەس شاراوە نەبوو، کارەکانی تۆ ئەوەندە ناپارێزانە بوو! پاش ماوەیەک کە گیرۆدەی نائومێدی ببووم، ڕێزدار قەشە شەلان هات بۆ لام. ماوەیەکی زۆر هەوڵی دا ڕازی دڵم بدرکێنم. ڕۆژێک هەوڵیدا بمبا بو کلیسای دیژۆن کە یەکەم جار لەوێ، پیرۆز کرابووم. لەوێ، جەربەزەی ئەوەی پەیدا کرد کە پێش من بدوێ...

دابارینی فرمێسک ڕێگەی ئاخافتنی لە خاتوو دورێنال گرت.

ــ چ ساتێکی ئابڕووچوون بوو، هەموو شتێکم پێوت. ئەم پیاوە مەزنە بە میهرەبانی خۆی نەک هەر لێم تووڕە نەبوو، بوو بە شەریکی غەم و ئازارم. لەو سەردەمەدا من هەموو ڕۆژێک نامەم بۆ تۆ ئەنووسی، بەڵام نەم ئەوێرا بیان نێرم. ئەم نامانەم

بە باشی ئەشاردەوە و هەرکات کە غەم تینی لێ ئەبڕیم، دەرگام لە سەر خۆم دائەخست و ئەم نامانەم ئەخوێندەوە. کۆتاییەکەی قەشە شەلان ناچاری کردم ئەم نامانەی پێ بدەم. نامەیەک کە بە وردبینییەکی زیاترەوە نووسیبووم، ناردم بۆ تۆ. وەڵامی هیچ نامەیەکت نەدامەوە!

ــسوێندت بۆ ئەخۆم تەنها یەک نامەی تۆش لە فێرگەی ئاینی بە من نەگەیشتووە!

ــخوایە گیان، ئەی کێ ئەم نامانەی ڕاگرتووە؟!

ــخۆت دەربارەی دەرد و غەمی من داوەری بکە. تا ئەو ڕۆژەی لە کلیسا بینیتم، نەمئەزانی ماوی یان مردووی!

خاتوو دورێنال وتی:

ــخوا بەزەیی پێمدا هاتەوە و تێیگەیاندم کە بەرامبەر بە ئەو، بەرامبەر بە منداڵەکانم، بەرامبەر بە مێردەکەم چەندە گوناهم کردووە. شووەکەم هەرگیز ئەوەندە خۆشی نەویستووم کە تۆ ئەو ڕۆژانە خۆشت ئەویستم.

ژوولیەن ئەمجارەیان بە بێ نەخشە و ناخودئاگا خۆی هاویشتە باوشی. بەڵام خاتوو دورێنال پاڵی پێوە نا و زۆر بە فەرمی پێی وت:

ــدۆستی ڕێزدارم قەشە شەلان تێیگەیاندم کاتی شووکردن بە جەنابی دورێنال هەموو خۆشەویستی خۆم و تەنانەت ئەو خۆشەویستیانەش کە نەم ناسیبوون و تا ئەو پەیوەندییە ناڕەوایە، هەرگیز لە دڵی خۆمدا نەمبینیبوو، هەر هەمووی دابوو بە ئەو. پاش ئەو خۆبەخت کردنەی لە دەستدانی نامەکان، ژیانم ئەگەر خۆشیش نەبووبێ، لانیکەم ئاسوودە بووە. کوڕی چاک بە و ئەم ئارامیەم لێ تێک مەدە! وەرە هاوڕێی من بە؛ باشترین هاوڕێی ژیانم.

ژوولیەن دەستەکانی ماچ باران کرد. خاتوو دورێنال بینی

ژوولیەن هێشتاش هەر ئەگری، وتی:

ــمەگری، گریانی تۆ ئازارم ئەدا. بۆم بگێڕەوە با منیش بزانم تۆ چیت کردووە.

ژوولیەن توانای وتنی نەبوو. خاتوو دورێنال دووبارە وتی:

ــئەمەوێ باسی باری ژیانی خۆتم لە فێرگە بۆ بکەی و پاشان بڕۆیت.

ژوولیەن بە بێ ئەوەی لای گرنگ بێ چی ئەڵێ، باسی پیلان و ئێرەیی توندوتیژ و بێکۆتایی سەرەتای خوێندنی کرد و ئەوسا ئەو ژیانە ئارامەی پاش هەڵبژاردنی بۆ بەڕێوەبەری وانەکان، گێڕایەوە:

ــلەو دەم و کاتەدا بوو کە پاش بێدەنگییەکی دوورودرێژ کە بێگومان ئەتویست لەم شتانەم تێبگەیەنی کە ئیستە بە ئاشکرا و بە چاوی خۆم ئەیبینم و ئەزانم کە ئیتر خۆشت ناوێم و بوون و نەبوونم لە لات یەکە.

خاتوو دورێنال دەستی گوشی.

ــئا ئەو کاتە بوو کە پێنجسەد فرانکەکەی تۆم پێگەیشت.

خاتوو دورێنال وتی:

ــهەرگیز!

ــنامەیەک بوو بە مۆر و پوولی پاریسەوە و کەسێک بە ناوی پاوڵ سۆرێل واژۆی کردبوو.

مشتومڕێکی کورت لە سەر سەرچاوەی ئەم نامە ساز بوو. باری دەروونی گۆڕا. خاتوو دورێنال و ژوولیەن، بە بێ ئاگا، وازیان لەو شێوازە فەرمیە هێنابوو و گەڕابوونەوە بۆ شێوەیەکی شیاوی میهر و دۆستی. تاریکی هێشتاش ئەوەندە قووڵ و نووتەک بوو کە یەکدیان نەئەبینی. بەڵام دەنگ و ئاوایان هەموو شتێکی ئەوت. ژوولیەن دەستی لە دەوری کەمەری دڵبەرەکەی ئاڵقە کرد.

ئەم کارە مەترسی گەورەی لێ ئەکەوتەوە. خاتوو دورێنال هەوڵیدا بازووی ژوولیەن لە دەور کەمری هەڵبڕێ، بەڵام ژوولیەن بە تەڕدەستی سەرنجی خاتوو دورێنالی بۆ لای یەکێک لە ڕووداوە سەمەرەکانی ژیانی خۆی ڕاکێشا. ئەم بازووە وەک شتێکی لەبیرچوو، لەبیرچوو و بەو شێوازەی کە بوو، وەک خۆی مایەوە.

پاش گریمانی جۆراوجۆر دەربارەی سەرچاوەی نامەکە، ژوولیەن بەسەرهاتەکەی دەست پێکردەوە. کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕابوردووی، کە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم ساتە هەر هیچ نەبوون، هەوڵی ئەوە بوو بیری زیاتر کۆ بکاتەوە و سەرنج و وردبینی خۆی چڕ بکاتەوە لە سەر شێوازی کۆتایی ئەم دیدارە! خاتوو دورێنال هێشتاش ناو بە ناو و بە دەنگێکی کورت پێی ئەوت: «ئەبێ بڕۆیت!»

بە خۆی ئەوت: «ئەگەر لەم دەرگایە بچمە دەرەوە، تووشی چ نەنگ و سەرشۆڕییەک ئەبم! ئەم ڕووداوە ئەبێ بە پەشیمانییەک کە ڕۆژم ڕەش ئەکا. هەرگیز نامەیەکم بۆ نانووسێ. خوا ئەیزانی کەی بگەڕێمەوە بۆ ئەم مەڵبەندە؟ لەو ساتەوە هەموو شتێکی ئاسمانی کە لە دڵی ژوولیەندا بوو، بە خێرایی پووکانەوە. لە نێوانی شەوەزەنگدا، لە هەمان ئەو هۆدەی کە ئەو هەمووە چێژ و نۆشەی پێگەیشتبوو، لە لای ژنێکەوە کە تا سنووری پەرستن خۆشی ئەویست و ئەوا بڵێی نەڵێی لە ئامێزی گرتبوو، دانیشتبوو. باش ئەیزانی ئەوا ژنە ماوەیەکە ئەگری و لە لێدانی دڵییەوە هەست بە هەنسکی گریانی ئەکات. بەڵام بەدبەختانە، لەم ناوەدا ڕامیارێکی خەمساردی لێدەرچوو، ڕێک وەکو ئەو ڕۆژانەی لە حەوشەی فێرگە کەوتە بەر توانجی ناشیرینی خوێندکارێکی لە خۆی بەهێزتر، بوو بە مرۆڤێکی ساردوسڕ و حەسابگەر. ژوولیەن بەردەوام بەسەرهاتی خۆی ئەگێڕایەوە و باسی ژیانی پڕ لە نەگبەتی خۆی لەو ڕۆژەوە لە

ڤێریر دەرکەوتبوو، گێڕایەوە. خاتوو دورێنال بە خۆی ئەوت: «کە وا بوو، پاش ساڵێک دابڕان، هەرچەند لە نیشانەکانی بیرەوەری بێبەش بووە و منیش ئەوم لە بیر کردووە، جگە لەو ڕۆژە خۆشانەی ڤێرژی بیری لە هیچی تر نەکردۆتەوە.» پرمەی گریانی دوو چەندان ببوو. ژوولیەن بەوەی زانی کە سەرکەوتنی بەدەسات هێناوە. هەروەها زانی کە ئەبێ دوا چەکی خۆی بەکاربهێنێ. لەپڕ دەربارەی نامەکەی پاریس هەڵیدایەوە:

ــ دەرفەتم لە جەنابی کاردیناڵیش وەرگرتووە.

ــ مەگەر ناگەڕێتەوە بۆ بزانسۆن؟ بە یەکجاری بەجێمان ئەهێڵی؟

ژوولیەن بە دەنگێکی لێبڕاو وەڵامی دایەوە:

ــ بەڵێ! بەلێ، ئەو شارەی وا لە بیری هەمووان چوومەتەوە و، تەنانەت ئەو کەسەی لە ژیانمدا لە هەموو خۆشترم ویستوە، لە بیری چووبم، بەجێ ئەهێڵم و ئەڕۆم. ئەڕۆم و وەها ئەڕۆم کە ئیتر هەرگیز نەیبینمەوە. ئەچم بۆ پاریس.

خاتوو دورێنال بە دەنگی بەرز یەک بە خۆی وتی:

ــ ئەچی بۆ پاریس؟!

دەنگی بە هۆی گریانەوە نووسابوو و ڕادەی شڵەژانی ئەوی بە تەواوەتی دەرئەخست. ژوولیەن پێویستی بەم هاندان و ورە وەبەرخستنە هەبوو. ئەیویست بە ئەنجامدانی کارێک هەڵبسێ کە بۆی هەبوو هەموو هاوکێشەکە بە زیانی ئەو بگۆڕێ. لەبەر ئەوەش کە بەر لەو قێژانە هیچی نەئەبینی، دڕدۆنگی لە خۆی ڕادا و ترسی پەشیمانی وای کردبوو بە تەواوەتی بەسەر خۆیدا زاڵ بێ. ڕابوو و بە دەنگێکی سارد وتی:

ــ بەڵێ، خاتوون! لێتان جیا ئەبمەوە و بۆ هەمیشە بەجێتان ئەهێڵم. هیوای بەختەوەری و خوا ئاگای لێتان بێ!

چەند هەنگاو بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت. پەنجەرەکەی کردبوویەوە کە خاتوو دورێنال فڕکەی کرد و لە ئامێزی گرت.

بەم جۆرە پاش سێ کاتژمێر گفتوگۆ، ئەو شتەی کە ژوولیەن لە دوو کاتژمێری یەکەمدا بە تامەزرۆییەوە ئارەزووی ئەکرد، بەدەستی هێنا. ئەگەر ئەم سەرهەڵدانەوەی ئەوین و سڕینەوەی پەشیمانی لە دڵی خاتوو دورێنالدا تۆزێک زووتر ڕووی بدایە، شادمانی ژوولیەن ئەبوو بە شادییەکی خودایی. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی فرت و فێڵەوە بەدەست هاتبوو، ئیتر ئەو تامەی نەبوو کە ئەبوا بیبوایە! ژوولیەن سەرەڕای نەیاری توندی دڵبەر، پێی لە سەر ئەوە چەقاند کە چرا هەڵبکەن. بە خاتوو دورێنالی وت:

ــ ئەتەوێ بڕۆم هیچ بیرەوەرییەکی تۆم لە دڵدا نەبێ؟ ئەگەر وابێ ئەو ئەوینەی لەو چاوە ئەفسووناوییەدایە، لە چاوی من شاراوە ئەبێ. سپێتی ئەم دەستانە نابینرێ. لەبیرەت بێ ڕەنگە بۆ ماوەیەکی دووردرێژ دوورکەومەوە و نەتبینمەوە...

خاتوو دورێنال فرمێسکی دائەباراند و لەم کاتی جیابوونەوەیەدا، هیچ نەمابوو، لە ژوولیەنی درێخ کردبێ. بەڵام سپێدپەهنا، وا خەریک بوو دەوری سنەوبەرەکانی شاخی ڕۆژهەڵاتی ڕوون ئەکردەوە. ژوولیەن کە مەستی شەرابی هەوەس بوو، لەبری ڕۆیشتن، داوای لە خاتوو دورێنال کرد لە ژوورەکەی ئەو خۆی حەشار بدات و شەوی داهاتوو بەجێی بهێڵێ.

خاتوو دورێنال وەڵامی دایەوە:

ــ جا بۆ وا نەکەین؟ دووپات بوونەوەی ئەم ڕووخانە شوومە ڕێزی خۆمی لە لای خۆم تێکشکاندووە و هەتا ماوم مایەی بەدبەختیمە!

ژوولیەنی گوشی بە سینگیا و درێژەی دا:

ــ مێردەکەم ئیتر مێردەکەی پێشوو نییە. گومانی هەیە. گومانی

وایە لەم ڕووداوانەدا من کردوومە بە دەسکەلای خۆم. وەک دیارە زۆر بە توندی لێم ڕەنجاوە. ئەگەر بچووکترین دەنگێک ببیسێ، سەرم تیاچووە. منی نەگبەت وەک پەڕۆی پیس فڕێ ئەدات.

ژوولیەن وتی:

ـئاە! ئەم قسەیە لە قسەکانی قەشە شەلانە. بەر لە ڕۆیشتنم بۆ فێرگەی ئاینی تۆ بەم جۆرە لەگەڵ من نەئەدوای. ئەو ڕۆژانە گیرۆدەم بوویت!

ژوولیەن لە پێناوی ئەو سەنگینی و هێمنییەی لە وتنی ئەم گوتەیەدا بەکاری هێنابوو، پاداشتێکی وەرگرت. دڵبەرەکەی خۆی بینی کە مەترسی شووەکەی بە خێرایی لە بیر بردۆتەوە و، بیر لە مەترسییەکی زۆر گەورەتر ئەکاتەوە. ئەم مەترسییە بریتی بوو لە بینینی گومانی ژوولیەن لە ئەوینەکەی ئەو. ڕووناکی ڕۆژ بە خێرایی لە زیادبوون‌دا بوو و ناو هۆدەکەی بە توندی ڕوون ئەکردەوە. کاتێک کە ژوولیەن جارێکی تر ئەم ژنی خواوەندی جوانییە، ئەم تاقانە ژنەی لە ژیانی‌دا خۆشی ویستووە و؛ چەند کاتژمێر لەمەوبەر هەموو گیانی پڕ لە ترسی خوای بێبەزەیی و ملکەچی ئەرکی ئاینی خۆی بوو، لە باوەش و لە بن ڕانی خۆی‌دا بینی، گەیشتە ئەوپەڕی دفرە و خۆشییەکانی ئەم دنیایە! بڕیارەکانی لە ماوەی یەک ساڵ ئەمەگ و ڕاوەستاوی نەیتوانیبوو لە بەرامبەر جەربەزەی ئەودا خۆی ڕابگرێ.

ئەوەندەی نەبرد دەنگێک بیسرا. ئەوەی بیری لێنەکردبوویەوە، خۆشییەکەی خاتوو دورێنالی تێکدا. بە خۆشەویستەکەی وت:

ـئەم ئیلیزا چەپەڵە ئێستە دێت و ئەم پەیژە زلە چی لێ بکەین؟ لە کوێ بیشارینەوە؟

لە هەمان کاتیش‌دا بە شادییەوە وتی:

ـئەیبەم بۆ هەورەبان.

ژوولیەن بە سەرسووڕمانەوە وتی:

ــبەڵام ئەبێ بە ژووری نۆکەرەکەدا بڕۆی!

ــپەیژەکە لە ناو داڵان دائەنێم و نۆکەرەکە بانگ ئەکەم و ئەینێرم بە دوای کارێکدا.

ــئاگات لێبێ ئەگەر نۆکەرەکە کاتی تێپەڕین لە داڵان، چاوی بە پەیژەکە کەوت، وەڵامێکی ئامادەت هەبێ.

خاتوو دورێنال ماچێکی کرد و وتی:

ــزۆر چاکە فریشتەکەم، تۆ ئاگادار بە ئەگەر لە نەبوونی مندا ئیلیزا هات بۆ ئێرە، گورج خۆت بکە بە بن سیسەمەکەدا.

ژوولیەن لەم وزە و ورە کتوپڕە سەری سووڕما. لە دڵی خۆیدا وتی: «کە وا بوو نزیکی جەستەیی جگە لەوەی نای شەڵەژێنێ، دڵخۆشی و گوڕیشی ئەداتێ، چەنکە پەشیمانییەکەی لەبیر ئەباتەوە! بەڕاستی ژنێکی مەزنە. ئاه! لەم دڵە کە پادشایی کردن بە سەریدا چ شانازییەکی بێ سنووەرە.» ژوولیەن شاگەشکە ببوو!

خاتوو دورێنال دەستی دایە پەیژەکە. بە ئاشکرا دیار بوو بۆ ئەو زۆر قورسە. ژوولیەن گوژمی بەستەوە یارمەتی بدات. چونکە ئەم بەژنە ناسکەی وادیار بوو هێز و وزەی تیا نەبێ، ئەپەرست. بەڵام لەپڕ، خاتوو دورێنال بە هێزی خۆی، بە بێ یارمەتی پەیژەکەی وەک کورسییەک بەرز کردەوە. پاشان بە خێرایی بردی بۆ داڵانی قاتی سێیەم و لای دیوارەکە ڕایکێشا. نۆکەرەکەی بانگ کرد و بۆ ئەوەی دەرفەتی جل لەبەر کردنی پێبدا، سەرکەوت بۆ کۆترخان. پاش پێنج خولەک، هاتەوە بۆ داڵان، پەیژەی لێ نەمابوو. ئەی پەیژەکە چی لێهاتبوو. ئەم مەترسییە نەئەبوویە هۆی پەرۆشی، بەڵام ئەگەر لەو کاتەدا مێردەکەی ئەم پەیژەی بدیبا! ئەم ڕووداوە بۆی هەبوو ڕواڵەتێکی دزێو بەخۆیەوە بگرێ. خاتوو دورێنال بە هەموو لایەکدا هەڵئەهات. کۆتاییەکەی

پەیژەی لە شوێنێکدا دۆزییەوە کە نۆکەرەکە بردبووی و لەوێی دانابوو و تەنانەت شاردبووشیەوە. ئەم ڕووداوە زۆر سەیر بوو و لە ڕابوردوودا تەواو ئەیتۆقاند. بە خۆی وت:

«بیست و چوار کاتژمێری تر کە ژوولیەن لەم ماڵە ئەڕوا، هەر شتێک ڕوو بدا، چ کارێک ئەکاتە سەر ژیانی من؟ مەگەر لەو کاتەدا هەموو شتێک نابێتە مایەی نەفرەت و پەشیمانیم؟»

ئەتوت وێنایەکی پێوار لە بەرچاویدا تێپەڕیبوو، کە ئەبێ دەست لە ژیان دابشۆرێ. بەڵام چی ئەبێ؟ پاش ئەو دابڕانەی کە لە لای ئەو لە ڕادەبەرد دوورودرێژ ببوو، دیسانەوە دەستی بە ژوولیەن گەیشتبوو و ئەو کارەی کە ژوولیەن بۆ گەیشتن بەو کردبووی، نیشانەی ئەو هەموو ئەوین و خۆشەویستییە بوو!

کاتی گێڕانەوەی باسی پەیژەکە بۆ ژوولیەن وتی:

ــئەگەر ئەم نۆکەرە چیرۆکی دۆزینەوەی پەیژە بە مێردەکەم بڵێ، چ وەڵامێکی بدەمەوە؟

هەندێک بیری کردەوە. دۆزینەوەی ئەو جوتیارەی کە پەیژەکەی لێ کڕدرابوو، بیست و چوار کاتژمێری پێئەچوو. خۆی هاویشە باوەشی ژوولیەن و لە کاتێکا تەزوو بە گیانیا ئەهات، ئەوی گووشا بە سینەیدا. سەر و ڕووی ماچ ئەکرد و هاواری ئەکرد: «ئۆف! مەرگ! مەرگی وا چەندە شیرینە!» و بە پێکەنینەوە وتی:

ــوەرە! ئەمەوێ لە ژوورەکەی خاتوو دورڤیل کە هەمیشە دەرگاکەی داخراوە بتشارمەوە.

بۆ ئەوەش ببێ بە کێشک چوو بۆ ئەوسەری داڵانەکە و ژوولیەن بە غار تێپەڕی. دەرگاکەی قفڵ کرد و وتی:

ــئەگەر لە دەرگایان دا، ئاگات لێبێ نەیکەیتەوە. هەر چونێک بێ مەگەر مناڵەکان پێکەوە گاڵتە بکەن ئەگینا هیچی تر نییە.

ژوولیەن وتی:

ــ منداڵەکان بهێنە بۆ باخی بەر پەنجەرەکە تا چاوم بە دیداریان شاد ببێ. هەوڵبدە قسە بکەن!

خاتوو دورێنال دوور کەوتەوە و هاواری کرد:

ــ زۆر باشە، زۆر باشە!

پاش تۆزێک بە پرتەقاڵ و پسکیت و شووشەیەک شەرابی ماڵاگاوە هاتەوە. نەیتوانیبوو نان بدزێت.

ژوولیەن وتی:

ــ شووەکەت چی ئەکات؟

ــ خەریکی نووسینی یاداشتی هەندێ پێشنیارە بۆ مامەڵە لەگەڵ جووتیارەکان.

بەڵام کە کاتژمێر هەشت زەنگی لێدا، ماڵ پڕ بوو لە غەڵبەغەڵب. هەرکات خاتوو دورێنال دیار نەئەبوو، هەموو ماڵەکە ئەگەڕان بە دوای‌دا. ناچار بوو ژوولیەن بەجێ بهێڵێ. ئەوەندەی پێنەچوو بێ هیچ پەنا و پارێزێک گەڕایەوە و فنجانێک قاوەی بۆ هێنا. لەبەر ئەوەی نەکا ژوولیەن لە برسان بمرێ، لەرزی لێ نیشتبوو. پاش نانی نیوەڕۆ منداڵەکانی هێنا بۆ بن پەنجەرەی ژوورەکەی خاتوو دورڤیل. ژوولیەن بینی کە زۆر گەورە بوون. بەڵام ڕواڵەتێکی ئاساییان هەبوو، یان ئەوەی کە بۆچوونی ئەو گۆڕابوو.

خاتوو دورێنال باسی ژوولیەنی لەگەڵ کردن. کوڕە گەورەکەی بە مخابن و سۆزەوە وەڵامی دایەوە. بەڵام سەیر ئەوە بوو بچووکەکان تا ڕادەیەک ئەویان لەبیر کردبوو.

ئەو ڕۆژە بەیانی، جەنابی دورێنال لە ماڵ نەچووبوویە دەرەوە. بەردەوام ئەچووە قاتی سەرەوە و ئەهاتەوە خوارەوە. خەریکی مامەڵە بوو لەگەڵ جوتیارەکان و بەرووبووی سێوی باخەکەی بەوان ئەفرۆشت. خاتوو دورێنال تا کاتی شێوان بۆی نەلوا سەر بدات لە زیندانییەکەی. کاتێک کە زەنگی شێو لێدرا،

کەوتە بیری ئەوەی قاپێک سووپی گەرمی بۆ بدزێ. لەو کاتەدا کە ئارام و خامۆش ئەگەیشتە بەر ژوورەکەی ژوولیەن، ئەو نۆکەرەی بینی کە بەیانی پەیژەکەی شاردەبوویەوە. لەو کاتەدا نۆکەریش ئارام و بێدەنگ هاتە بەرەوە و وەکو ئەوە وا بوو گوێی بۆ شتێک ڕادێراوە. گومانی بۆ ئەوە چوو ژوولیەن بە شێوازێکی ناپارێزانە لە ژوورەکەدا پیاسەی کردبێ. نۆکەرەکە تۆزێ تەرێق بوویەوە و دوور کەوتەوە. خاتوو دورێنال بەوپەڕی جەربەزەوە خۆی کرد بە ژوورەکەی ژوولیەندا. ئەم دیدارە ژوولیەنی تۆقاند.

خاتوو دورێنال پێیوت:

ـ ترسای؟ ئامادەم لەگەڵ هەموو مەترسییەکانی ئەم دنیایەدا ڕووبەڕوو ببم و ناوچاویش تێک نانێم. من تەنها لە یەک شت ئەترسم و ئەویش ئەو ساتەی پاش ڕۆیشتنی تۆیە کە دیسانەوە تەنها ئەکەومەوە!

بە فڕکەش بەجێی هێشت و لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

ژوولیەن هەژابوو. بە خۆی وت: «ئاه! پەشیمانی، ئەو تەنها مەترسییەیە کە ئەم گیانە مەزنە لێی ئەترسێ!»

سەرەنجام شەو هات. جەنابی دورێنال چوو بۆ گازینۆ.

ژنەکەی وتبووی ژانەسەرێکی زۆر تووشی تووش بووە. بەم جۆرە چوو بۆ هۆدەکەی خۆی. ئیلیزای بەڕێ کرد و ڕابوو و ڕۆیشت و دەرگای لە ژوولیەن کردوەوە.

ڕاستەکەی ژوولیەن خەریک بوو لە برسان لار ئەبوویەوە. خاتوو دورێنال بۆ هێنانی خواردن چوو بۆ ئاشپەزخانە. ژوولیەن هاوارێکی بیست. خاتوو دورێنال گەڕایەوە و وتی کە کاتی چوونە ناو ئاشپەزخانەی تاریک و نزیک بوونەوە لە دۆڵابی نانەکە و دەست بردن بۆ نان، دەستی کەوتووە لە قۆڵی ژنێک. ژنەش ئیلیزا بوو کە قیژاندبووی و ژوولیەن بیستبووی.

ــ لەوێ چی ئەکرد؟

خاتوو دورێنال بەوپەڕی کەمتەرخەمییەوە وتی:

ــ یا ئەیوست شیرینی بدزێ یان کوڵی لە ئێمە گرتبوو. بەڵام خۆشبەختانە من شیرینییەکی قەڵەو و نانێکی گەورەم دۆزییەوە.

ژوولیەن گیرفانەکانی بەروانکەکەی پیشان دا و وتی:

ــ ئەی ئەو گیرفانانە چییان تیایە؟

خاتوو دورێنال لەبیری چووبوو کە لە نانی شێوانەوە ئەو گیرفانانە پڕ بووە لە نان!

ژوولیەن بەوپەڕی ئەوین و خۆشەویستییەوە باوەشی پیاکرد. هەرگیز خاتوو دورێنالی بەو جوانییە نەبینیبوو؛ شپرزە و شڵەژاو. بە خۆی ئەوت: «تەنانەت لە پاریسیش بە کەسایەتییەکی بەرز و باڵای وەک ئەم ژنە ناگەم!» خاتوو دورێنال وەک کەسێک کە خووی بەمکارانە نەگرتبێ، خاو و شڵەژاو بوو و لە هەمان کاتدا بوێرییەکی سەیری پێوە دیار بوو و دەری ئەخست، کە جگە لە مەترسییەکانی تر و ئەو مەترسیانەی کە زۆر سامناک بن، باکی لە هیچ نییە.

ئەو کاتەی کە ژوولیەن بە ئیشتیا نانی ئەخوارد و دڵبەرەکەی سەبارەت بە سادەیی خواردنەکە داوای لێبوردنی لێئەکرد، چونکە نەفرەتی لە گفتوگۆی هەتەر هەبوو، دەرگاکە لەپڕ و بە توندی کەوتە لەرزین. جەنابی دورێنال بوو. بانگی خاتوو دورێنالی ئەکرد:

ــ بۆچی دەرگات لە سەر خۆت داخستووە؟

ژوولیەن جگە لەوەی خۆی بکا بە بن قەنەفەکەدا هیچی بۆ نەکرا.

جەنابی دورێنال هاتە ژوورەوە و وتی:

ــ سەیرە! جلی تەواوەتیت لەبەرە، نان ئەخۆیت و دەرگاکەشت قفڵ کردووە!

ئەگەر کاتی تر بوایە، ئەم پرسیارە کە هەموو تووڕەیی مێردایەتی پێوە دیار بوو، خاتوو دورێنالی ئەشڵەژاند. بەڵام ئەیزانی ئەگەر شووەکەی تۆزێک دانەوێتەوە ژوولیەن لە بن قەنەفەکەدا ئەبینێ. چونکە جەنابی دورێنال خۆی هاویشتە سەر ئەو کورسییەی، کە ژوولیەن تاوێک بەر لەمە بەرامبەر بە قەنەفەکە لە سەری دانیشتبوو.

سەرئێشە بوو بە بیانووی هەموو شتێک. کاتێک کە شووەکەشی لە ئاستی خۆیەوە بە دوورودرێژی باسی ئەو بیلیارد بردنەوەی خۆی لە کازینۆ بۆ ئەگێڕایەوە و باسی بردنەوەیەکی نۆزدە فرانکی ئەکرد، خاتوو دورێنال کڵاوەکەی ژوولیەنی لە سەر یەکێک لە کورسییەکان بینی، کە تەنها سێ هەنگاو لەولاترەوە بوو. هێورتر لە هەمیشە، دەستی کرد بە خۆ ڕووتکردنەوە و بە خێرایی لە پشت شووەکەیەوە تێپەڕی و لە دەرفەتێکا پارچەیەک لە جلەکانی هەڵدایە سەر کڵاوەکە.

جەنابی دورێنال، سەرەنجام ڕۆیشت. خاتوو دورێنال داوای لە ژوولیەن کرد بەسەرهاتی خۆی لە فێرگەی ئاینی بۆ بگێڕێتەوە: «دوێنێ گوێم لە قسەکانت نەبوو. کاتێک کە قسەت ئەکرد، جگە لەوەی دڵم ناچار بکەم پاڵت پێوە بنێ، ئاگام لە هیچی تر نەبوو.» خاتوو دورێنال ببوو بە گەوهەری گوێنەدان و کەمتەرخەمی. زۆر بە دەنگی بەرز قسەی ئەکرد. ڕەنگە دوو کاتژمێر لە نیوەشەو تێپەڕیبوو کە بە لێدانی توند دەرگاکەیان کوتایەوە. دیسانیش جەنابی دورێنال بوو. ئەیوت:

ــ گورج دەرگاکە بکەرەوە. دز هاتووە! ئەمڕۆ بەیانی سەنژان پەیژەکەی دۆزیوەتەوە.

خاتوو دورێنال خۆی هاویشتە باوەشی ژوولیەن و وتی:

ــ هەموو شت تەواو بوو. ئێستە هەردووکمان ئەکوژێ. باوەڕی

نەکردووە دز هاتبێ. ئێستە لە ئامێزی تۆدا ئەمرم.

وەڵامی مێردەکەی نەئەدایەوە کە تووڕە و تۆسن لە پشت دەرگاکە وەستابوو. بە ئەوین و ئارەزووەوە ژوولیەنی لە باوەشیدا ئەگووشی و ڕوخساری ماچباران ئەکرد.

ژوولیەن بە نیگایەکی بەبڕشت پێیوت:

ــ دایکە، ستانیسلاس ڕزگار بکە! من لە پەنجەرەی هەوێشخانەوە خۆم هەڵئەدەم بۆ ناوباخ و هەڵدێم. سەگەکان ئەمناسن. جلەکانم گرمۆڵە بکە و دەسبەجێ هەڵیدە بۆ ناو باخ. لێیگەڕێ با دەرگاکە بشکێنێ. لە هەموو زیاتر خۆت لە «رازدرکان» ببوێرە. نەکا، نەکا نهێنیت بدرکێنی! باشتر وایە لێی بگەڕی تا لەبری ئارخایەنی، گومانی لێت هەبێ!

تەنها وەڵام و تەنها مەترسی خاتوو دورێنال ئەم ڕستەیە بوو:

ــ بەم بازە خۆت ئەدەی بە کوشت!

تا بەر پەنجەرەی هەوێشخان لەگەڵی چوو. پاشان جلەکانی لە سووچێک دانا. سەرەنجام دەرگای بۆ مێردەکەی کردەوە کە لە ڕقان کەفی ئەچەراند. جەنابی دورێنال بە بێ ئەوەی هیچ بڵێ سەیرێکی هەوێشخانی کرد و ون بوو. خاتوو دورێنال جلەکانی ژوولیەنی بۆ هەڵدا. ژوولیەن جلەکانی گرتەوە و بە غار بەرەو لای خواری باخ، بەرەو چەمی دوو تێی تەقاند.

کاتی ڕاکردن ڤیزەی تیرێک و تفەنگێک کە کەوتبوویە کار بەرگوێی کەوت.

بە خۆی وت: «ئەمە لە تەقەکردنی جەنابی دورێنال ناچێ. ئەو تا ئەم ڕادەیە پسپۆڕ نییە.»

سەگەکان لە هەردوو بەرەوە لەگەڵی ڕایان ئەکرد. تیرێکی تر. وا پێئەچوو قاچی سەگێکی ئەنگاوت. چونکە سەگەکە دەسبەجێ بە زەلیلی قرووسکاندی. ژوولیەن لە دیواری تەلانێک خۆی هەڵدا.

پەنجا هەنگاو بە پەنادا ڕۆیشت و جارێکی تر دەرکەوتەوە و بە ئاقارێکی تردا هەڵهات. غەڵبەغەڵبێکی بیست کە یەکدییان بانگ ئەکرد و بە ئاشکرا، نۆکەر، واتە دوژمنە کۆنەکەی خۆی بینی کە خەریک بوو تەقەی لێئەکرد. جوتیارێکیش لەو بەری باخەکەوە کەوتە تەقەکردن. بەڵام ژوولیەن خۆی گەیاندبوویە ڕۆخی چەمەکە و خەریک بوو جلی لەبەر ئەکرد.

کاتژمێرێک پاش ئەوە، لە یەک فرسەنگی ڤێریر، بە جادەی ژنێڤادا ئەڕۆیشت. ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «ئەگەر گومانیان بردبێ، لە سەر جادەی پاریس بۆم ئەگەڕێن!»

کۆتایی بەرگی یەکەمی سوور و ڕەش

# سوور و ڕەش

## پەرتووکی دووەم

هیچ جوان نییە،
تۆزێک سووراوی نەکردووە.
(سەن بێڤ)

بەندی I

# خۆشییەکانی گوند

ئەی لامێکەم، جارێکی‌تر ئەتبینمەوە؟!
(ڤێرژیل)[٩٦]

لە لایەن خاوەنی ئەو مۆتێلەوە کە لایدا بۆ بەرچایی خواردن، لە ژوولیەن پرسرا:

ـ بێگومان، جەنابت چاوەڕوانی عەرەبانەی پۆستی پاریس ئەکەی؟

ژوولیەن وتی:

ـ عەرەبانەی ئەمڕۆ بێ یان هی بەیانی، بۆ من وەک یەکە.

لە کاتێکا کە ژوولیەن خۆی بە کەمتەرخەم پیشان ئەدا، عەرەبانە گەیشت. جێگەی دوو کەسی هەبوو. گەشتیارێک کە لە لای ژنێڤاوە ئەهات، بەو گەشتیارەی کە وەکو ژوولیەن هەمان کات سوار ئەبوو، وتی:

ـ چۆنی! ئەوە تۆی فالکۆزی بێچارەی خۆم؟

فالکۆز وتی:

ـ پێم وا بوو لە لای لیۆن، لە دۆڵێکی دڵڕفێن لە سەر چەمی «ڕۆن»[٩٧] دامەزراوی؟

ـ ئەی لەو دامەزرانە، خەریکە هەڵدێم!

فالکۆز بە پێکەنینەوە وتی:

---

٩٦ـ ڤێرژیل: Virgil هۆنەر (٧٠ـ١٩پ.ز) هۆنەری کۆماری ڕۆما و نووسەری بەستەی گوندی، سروودی شوانی وئەنەییدە.

٩٧ـ Rhône.

ــچی؟ خەریکی هەڵدێی؟ تۆ، سەن ژیرەو! بەم ڕواڵەتە لەبارەتەوە تاوانت کردووە؟

ــڕاستەکەی، وەکو ئەوە وایە تاوانم کردبێ. من لەو ژیانە نەفرەتبارەی شارستان هەڵدێم. وەک ئەزانی دڵبەستەی تەرچکیی لێڕەوار و هێوری گوند و لادێم. زۆر جار بە وێناگەر ناو هێنراوم. نەمئەویست لە هەموو ژیانی خۆمدا گوێم لە باسی ڕامیاری ببێ، کەچی ئەوا ڕامیاری لەماڵبات و دیاری خۆم دەرم ئەکات!

ــئەندامی چ پارتێکی؟

ــکوڕە ئەندامی هیچ پارتێک نیم و ئەمە ئەمکوژێ. هەموو ڕامیارییەکەی من هەر ئەوەندە بووە: حەزم لە مووزیک و وێنەکێشانە. پەرتووکی باش لە ژیانمدا بە ڕووداو ئەژمێردرێ. ئەوا خەریکە ئەبم بە چل و چوار ساڵ. چەند ساڵی تر زیندوو ئەبم؟ پانزە، بیست، ئەوپەڕی سی ساڵ؟ زۆر چاکە! بڕوام وایە لە پاش سی ساڵ، وەزیرەکان هەندێ تەڕدەستتر، بەڵام ڕێک بە ئەندازەی وەزیرەکانی ئەمڕۆ دەستپاک ئەبن. مێژووی ئینگلیز لە لای من وەکو ئاوێنەیەک وایە بۆ بینینی داهاتوومان. دیسانەوەش پادشایەک پەیدا ئەبێ کە بیەوێ دەسەڵات و تازیاری خۆی پەرە پێ بدات. دیسانەوەش تامەزرۆیی گەیشتن بە ئەندامەتی پارلمان و ناوبانگ و ئەو سەدان هەزار فرانکەی دەست میرابو[٩٨] کەوت، ناهێڵێ خەو بچێتە چاوی دەوڵەمەندانی شارستانی. جا ئەم کارانە بە ئازادیخوازی و خۆشەویستی گەل دائەنرێ. ئارەزووی گەیشتن بە ئەنجومەنی ئاریستۆکراتەکان و خوانچە سالاری دەرباری شا، هەمیشە لە مێشکی جەوانانی بەرزەفڕدا خول ئەخواتەوە. هەموو کەس ئەیەوێ ببێ بە کەشتییەوانی کەشتی حکوومەت، چونکە ئەم کارە پارەی چاکی تیایە. بۆیەشە گەشتیاری سادە ڕێگەی دەست

٩٨ـ Mirabeau.

ناکەوێ.

ــبۆچی؟ ئەگەر باش سەیری هاوکێشەکە بکەین، بەم سروشتە ئارامەی تۆوە، زۆریش سەمەرەیە. بڵێ بزانم هەڵبژاردنەکەی ڕابوردوو لە مەڵبەندی خۆی ڕاوی ناوی؟

ــدەردی من لە شوێنێکی ترەوە سەرچاوە ئەگرێ. چوار ساڵ بەرلەمە، من چل ساڵ تەمەنم بوو و پەنجا هەزار فرانکم هەبوو. ئێستە چوار ساڵ زیادم کردووە و ڕەنگە پەنجا هەزار فرانک کەمم کردووە کە لە ئەنجامی فرۆشتنی کۆشکی مۆنت فلۆری لە سەر چەمی ڕۆن، لەو شوێنە زۆر جوانە، لە دەستم دەرئەچێ. لە پاریس، لەو گاڵتەجاڕییە بەردەوامەی ئەم ژیارەی سەدەی نۆزدەتان تووشی مرۆڤی ئەکات، ماندوو ببووم. تینووی پاکی سروشت و سادەیی بووم لە کێوەکانی نزیکی ڕۆن، کە لەبن ئەم ئاسمانەدا شوێنی لەوێ خۆشتری لێ نییە، زەوییەکم کڕی. پێشنوێژ و دەمڕاستانی دێ بۆ ماوەی شەش مانگان لەگەڵم خەریک بوون. چەندین میوانیم بۆ بەرپا کردن. پێم ئەوتن من بۆیە پاریسم بەجێ هێشتووە کە تا ماوم، نە باسی ڕامیاری بکەم و نە باسی ڕامیاری ببیسم. وەک ئەبینی ئابوونەی هیچ ڕۆژنامەیەک نیم. چەندە تەتەر کەمتر نامەم بۆ بهێنێ، ئاسوودەترم. ئەم کارانە بە دڵی پێشنوێژ نەبوو. هەر زوو تووشی هەزار جۆر داخوازی دوور لە هزر و هەزار شێوە پیلان و ئازار و شتی تر بووم. ئەمویست ساڵانە دووسەد سێسەد فرانکێک بدەم بە هەژار و نەدار. داوایان لێکردم پارەکە بدەم بە ئەنجومەنەکانی سەر بە دین و ئاین لە بابەتی سەن ژۆزۆییت و ئەنجومەنی مەریەم و هتد. بە قسەم نەکردن. ئەوسا سەد جنێویان پێدام. ئەوەندە گەوج بووم بەم جنێوانە قەڵس بووم. لەمەولا، ئیتر نەمتوانی سەر لە بەیانان بۆ پیاسە و چێژوەرگرتن لە جوانی و تازەیی شاخەکان بچمە دەرەوە، بە بێ ئەوەی تووشی

کەسانێکی بێتام ببم کە ڤرۆشە و زیندەخەونم تێک بدەن و بە جۆرێکی ناخۆش بمخەنەوە بیری خەڵک و کرداری نەگریسیان. بۆ وێنە لە نەریتی سێ ڕۆژەی بەر لە «جەژنی ڕابوونەوە»، دەستەی ڕێپێوان بۆ پیرۆزکردنی کێڵگە ئەچێ بۆ مەزراکان و من زۆرم حەز لە سروودەکەیەتی کە ئاوازێکی یۆنانییە. بەڵام کێڵگەکانی من ئیتر پیرۆز ناکرێ، چونکە جەنابی پێشنوێژ فەرمووبەتی خاوەنەکەی کافرە. مانگای یەکێک لە ژنەکانی ناودێ ئەمرێ. پیرێژن ئەڵێ ئەمە بە هۆی ئەستێڵەکەی ئەو کابرا کافرە یان ئەو فەیلەسووفە پاریسییەوە ڕووی داوە. حەفتەیک پاش ئەوەش هەموو ماسیەکانم بە پشتا بەسەر ئاوەوە بینی کە بە کلس دەرمانخوارد کرابوون. دەیان جۆری ئازار و ئەشکەنجە یەخەی پێگرتووم. دادوەری ئاشتی کە پیاوێکی پاکە، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەکا دەری بکەن، ناچارە هەمیشە لە دژی من بڕیار بدات. بەم شێوەیە ئارامی هەموو لایەکم لێ بووە بە دۆزەخ. هەر ئەوەندەی زانیان کە من لە بەرچاوی پێشنوێژ، واتە سەرۆکی ئەنجومەنی قەشەکانی گوند کەوتووم و ئەو ئەفسەرە خانەنشینەی سەرۆکی ئازادیخوازان پشتیوانیم لێ ناکات، هەموو کەس، تەنانەت ئەو بەنایەی ساڵێک بوو نانم ئەدا و ئەوعەرەبانەسازەی کە ئەیویست کاتی دەمەزەرد کردنەوەی گاسنەکانم، بێباکانە کڵاو بکاتە سەرم، هەر هەموویان ئەڕژێن بە سەرمدا! بۆ ئەوەی پشت و پەنایەکم هەبێ و لە هەندێ لە کێشەکانمدا سەرکەوتن بەدەست بهێنم، بووم بە ئازادیخواز. بەڵام وەک تۆ وتت، ئەم هەڵبژاردنە نەگریسە دێتە پێشەوە و دەنگیان لێم ئەوێ.

ــبۆ یەکی نەناسراو؟

ــنا، نا. بۆ کەسێک کە زۆر باشیش ئەیناسم. قبووڵی ناکەم. لەو هەڵە گەورەیە! هەر لەو کاتەوە ئازادیخوازەکانیش ئەبن بە

سەرباری ئەوانی تر و ڕۆژم ڕەش ئەبێ. درۆم نەکردبێ ئەگەر پێشنوێژ بیویستایە بە کوشتنی کەنیزەکەی خۆی تاوانبارم بکات، بیست شایەت لە هەر دوو پارتەکە ئەهاتنە دەرەوە و سوێندیان ئەخوارد بە چاوی خۆیان منیان دیوە کە ئەو ژنەم کوشتوە.

ــواتە تۆ ئەتەوێ لە لادێ بژی بەڵام نەبیتە ملکەچی حەزی ئەوان و تەنانەت گوێ لە فرەوێژی ئەوانیش ڕانەگری؟ ئەی لەو بۆچوونە هەڵەیە!

ــئەوەتا ئەمەوێ قەرەبووی ئەو هەڵەیە بکەمەوە. کۆشکی «مونت فلۆری»م خستۆتە مەزادەوە. ئەگەر پێویست بکات با پەنجا هەزاریش زەرەر بکەم. هێشتاش هەر شادمانم. ئەم دۆزەخی درۆ و بەدخوازییە فڕێ بدەم و بێدەنگی گوندی لەگەڵ، یەکەم شوێنێکە ئەم جۆرە ڕێژەنە لە فەڕانسە، لەوێ دەست ئەکەوێ، بگۆڕمەوە؛ واتە لە قاتی چوارەمی خانوویەک کە بڕوانێ بەسەر «شانزەلیزە»[٩٩]دا. سەرەڕای ئەمەش بیر لەوە ئەکەمەوە ئایە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی نانی پیرۆز بە کلیسای گەڕەک، ئەتوانم ژیانی ڕامیاری خۆم لە گەڕەکی «ڕووڵ»ی پاریس دەست پێبکەم یان نا؟

فالکۆز بەو چاوانەوە کە لە ڕق و داخا ئەبریسکایەوە وتی:

ــسەردەمی بۆناپارت ئەم هەموو بەڵایەت بەسەر نەئەهات.

ــکەی وایە کاکەبرا! ئەی بۆناپارتەکەی تۆ خۆی بۆ نەیتوانی بەردەوام بێ؟ ئەوەی من ئەمڕۆ ئەیکێشم، بەرەنجامی کارەکانی ئەوە!

لێرەدا ژوولیەن زیاتر قیت بوویەوە. لە یەکەم وشەوە بۆی دەرکەوت ئەم فالکۆزە بۆناپارت پەرستە، هەمان هاوڕێ دێرینەکەی جەنابی دورێنالە کە ساڵی ١٨١٦ لە لایەن ئەوەوە دەرکرا و

٩٩ ـ Champs_Elysees شەقامێکە لە پاریس و لە بەناوبانگترین شەقامەکانی جیهانە.

«سەن ژیرەو»ی فەیلەسووفیش برای ئەو بەڕێوەبەری نووسینگەی پارێزگارییە کە ڕێگەی سەرکەوتن لە مەزاد و کڕینی خانووەکانی شارەوانی، بە نرخی هەرزان ئەزانێ!

سەن ژیرەو لە درێژەی قسەکانیدا وتی:

ــبەڵێ بۆناپارتی تۆ هەموو ئەم کارانەی کردووە. کابرایەکی پاک و بێ ئازار، کە وێنەی نییە بە چل ساڵ تەمەن و پێنجسەد هەزار فڕانک پارەوە، ناتوانێ لە شارستان دابمەزرێ و ڕووی ئاسوودەیی ببێنێ. قەشە و خانەدانەکانی بۆناپارت دەری ئەپەڕێنن.

فالکۆز هاواری کرد:

ــتکایە! بە خراپە باسی ئەو مەکەن. هەرگیز فەڕانسە بە ئەندازەی ئەو سیانزە ساڵەی دەسەڵاتداری ئەو، لە چاوی نەتەوەکانی تردا جێگەی ڕێز نەبووە. ئەو ڕۆژانە شکۆمەندییەک لە هەموو ئەو کارانەدا هەبوو کە ڕائەپەڕێنرا.

کابرای چل و چوار ساڵ وتی:

ــئیمپراتۆرەکەی تۆ، خوا بیباتەوە بۆ خۆی، جگە لە مەیدانی جەنگ هیچ مەزن نەبوو، ئەویش لە ساڵی ١٨٠٢ کە باری ئابووری وڵاتی چاککرد. ئەوەی لێبگەڕێتەوە هەموو کارەکانی تری چ واتایەکی هەبوو؟ بەو هەموو خزمەتکار و پەردەدار و میوانییە ڕەنگاوڕەنگەکانی لە تویلەری، زۆر بە سادەیی فۆرمێکی تری دامودەزگای پڕوپووچی شاهانەی دامەزراندبوو. ئەمە نموونەیەکی چاککراو بوو و بۆی هەبوو یەک دوو سەدە بەردەوام بێ. خانەدان و قەشەکان کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ ئەو نموونە کۆنەیە کەوتۆتە سەریان، بەڵام دەستێکی پۆڵایینیان دەستناکەوێ، کە ئەو سەردەمە بۆ خەڵک بگێڕێتەوە.

ــئەوەتا چاپخانەدارە کۆنەکە بۆمان ئەدوێ!

چاپخانەدار بە تووڕەیی وتی:

ــکێ منی لە زەوییەکەی خۆم دەرکردووە؟ ئەو قەشانەی کە ناپۆلیۆن بە هۆی پەیمانی کونکۆردای خۆیەوە ڕێگەی گەڕانەوەی پێدان؟ لەبری ئەوەی بەرامبەر ئەوانیش، ڕەفتارێکی وەکو ڕەفتاری حکوومەت بەرامبەر بە پزیشکان و پارێزەران و ئەستیرەناسانی هەبێ و جگە وەکو هاووڵاتی سەیریان نەکات، بە بێ دابینکردنی هۆکاری نان پەیداکردن بۆیان و سپاردنی مەیدانەکە بەوان! ئەگەر ناپۆلیۆنی جەنابت، بارۆن و کونتی دروست نەکردبایە، ئەمڕۆ لە کوێ ئەو هەمووە ئاریستۆکراتەمان ئەبوو... باویان نەمابوو. پاش قەشەکان، ئەم توێژی وردەخانەدانی گوندیی بوو کە ئاوا بەرببینگی گرتم و وای لێکردم ببم بە ئازادیخواز!

گفتوگۆیەکی بێ بڕانەوە لە ئارادا بوو. ئەم بابەتە بۆ نیو سەدەی تریش فەڕانسە بە خۆیەوە خەریک ئەکات. لەبەر ئەوەش کە سەن ژەیرۆ سوور بوو لە سەر ئەوەی کە ژیان لە شارستان دەست نادات، ژوولیەن بە پڕکێشی و شەرمەوە باسی نموونەی جەنابی دورێنالی کرد.

فالکۆز نەڕاندی:

ــوایە جەوان. تۆ مرۆڤێکی سادەی! ئەم کابرایە بۆ ئەوەی نەبێ بە سندان خۆی کرد بە پیک! ئەویش چ پیکێکی سامناک! بەڵام ئەوەتا جەنابی ڤالێنۆ ژیانی لێ تاڵ کردووە. پێت وایە ئەو نەگریسە ئەناسی؟ ئەو نموونەی کە قسەی تیا نییە! پێت وایە جەنابی دورێنالەکەی تۆ چی ئەڵێ، کاتێک کە هەر لەم ڕۆژانەدا، ئەبینێ جەنابی ڤالێنۆ شوێنەکەی ئەوی داگیرکردووە؟!

سەن ژەیرۆ وتی:

ــئەبێ بچێتە خەڵوەوە و بیر لە تاوانەکانی خۆی بکاتەوە. تۆ ڤێریر ئەناسی، جەوان؟ زۆر چاکە، بۆناپارتەکەی تۆ کە خوا ڕووی خۆی و دامودەزگا کۆنە پاشاییخوازەکەی ڕەش بکات، ڕێگەی بە

ڕێنال و شەلانەکان دا حکوومەت بکەن و بەرەنجامی فەرمانڕەوایی ئەوانیش بوو بە سۆنگەی دەسەلاّتداری ڤالێنۆەکان و مالۆنەکان.

ئەم وتووێژە باسی ڕامیارییەکی ڕەش و ئالۆسکاو بوو و ژوولیەنی حەپەساندبوو و، خەون و ئەندێشە هەوەساوییەکانی لە مێشکی ئەتەراند.

یەکەمین دیمەنی پاریس کە دوورەوە خۆیای ئەکرد، کارێکی وای نەکردە سەری. ئارەزووە ئەفسانەییەکانی سەبارەت بە چارەنووسی ئایندەی لەگەڵ ئەو بیست و چوار کاتژمێرەی لە ڤێریر ژیابوو و هێشتاش لە دڵیدا زیندوو بوو، ململانێیان هەبوو. سوێندی ئەخوارد منالّەکانی دلّبەرەکەی وێڵ نەکات و ئەگەر هەوڵی بێشەرمانەی قەشەکان کۆماریان بۆ بگەڕێنێتەوە و بکەونە ئازاردانی خانەدانەکان، بۆ پارێزگاری لە منالّەکانی ئەو، دەست لە هەموو شت داشۆرێ.

ئەگەر شەوی چوون بۆ ڤێریر، کاتێک کە پەیژەکەی نابوو بە پەنجەرەی ژوورەکەی خاتوو دورێنالەوە، مسیۆ دورێنال یان بێگانەیەکی تری لەو ژوورەدا ببینیایە، چی ڕووی ئەدا؟

بەلاّم لە ماوەی ئەو دوو کاتژمێرەشدا کە دلّدارەکەی لە ناخی دلّەوە ویستبووی پالّی پێوە بنێ و ئەو لە تاریکی شەوەزەنگا لەلای ئەم دلّدارەوە دانیشتبوو و داکۆکی لە ئەوینی خۆی کردبوو، چ چێژێکی وەرنەگرتبوو. گیانێکی وەک گیانی ژوولیەن لە هەموو ژیانی خۆیدا گیرۆدەی ئەو جۆرە بیرەوەریانەیە. ماوەی بەسەرهاتی توانەوەی لە ئامێزی شۆخەکەیدا لەگەڵ بیرەوەرییەکانی یەکەم خولی ئەوینیان لە چواردە مانگی پێشوودا، لێک ئالاّبوو.

ژوولیەن لە ئەنجامی وەستانی عەرەبانەکە، لەو بیرە قوولّەی داچلّەکا. هاتبوونە ناو حەوشەی پۆستخانە لە شەقامی ژان ژاک

ڕۆسۆ. بە عەرەبانەچی ئەو فایتوونەی هاتبوویە بەرەوە، وتی:

ــئەمەوێ بچم بۆ مالمێزۆن[١٠٠].

ــبەم شەوە؟ مەگەر چ کارێکتان لەوێ هەیە؟

ــئەو پرسیارە بۆ تۆ نەهاتووە، لێخوڕە وتم!

خولیای ڕاستەقینە بە تەنها لە ئەندێشەی خۆیدا ئەژی. بە ڕای من، بۆیە لە شاری پاریس ئەوین و خۆشەویستی کارێکی گاڵتەئامێزە، چونکە دراوسێ سوورە لە سەر ئەوەی بیر لەو بکەیتەوە. من لێرەدا خۆم لە گێڕانەوەی ئەو هەڵچوون و تامەزرۆییەی ژوولیەن لە مالمێزۆن ئەپارێزم. ژوولیەن گریا! بۆ؟! سەرەڕای ئەم دیوارە سپییە دزێوانە کە ئەمساڵ دروستیان کردووە و ئەم پارکەی پارچە پارچە کردووە؟ بەڵێ جەناب لەبەر ئەوەی لەلای ژوولیەن لە نێوان ئارکۆل و سەنت هێلن و مالمێزۆن‌دا هیچ جیاوازییەک نەبوو.

ئەو شەوە، ژوولیەن بەر لە چوونە ژوورەوە بۆ شانۆ، ماوەیەکی باش دڕدۆنگ بوو. بیروڕای سەیری سەبارەت بەم گێژەنی مان و نەمانە هەبوو.

دڕدۆنگی لێی نەگەڕا پەسنی پاریسی زیندووی ئەمڕۆ بکات. جگە لەو تەلارانەی لە قارەمانەکەی بەجێ مابوو، هیچ شتێکی تر کاری تێنەکرد: «کەواتە من ئێستە وام لە ناوەندی پیلان و ڕیا! پشتیوانەکانی جەنابی مەتران دوفریلەر دەسەڵاتی ئێرەیان بەدەستەوەیە.»

شەوی ڕۆژی سێیەم، مەراقی زانخوازی بەسەر گەڵاڵەی ئەو بەرنامەیەدا زاڵ بوو کە ئەیویست بەر لە بینینی ڕەبەن پیرار هەموو شتێک ببینێ. ڕەبەن پیرار چۆنێتی ژیانی لە ماڵی جەنابی مارکیز دولامۆلی، زۆر بە ساردی بۆ باس کرد:

---

١٠٠ـ مالمێزۆن: Malmaison کۆشکی ناپۆلیۆن لە ڕۆژئاوای پاریس.

ـــئەگەر بێت و پاش چەند مانگ کاری کارات لە دەست نەیەت، ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ فێرگە. تۆ لەماڵی مارکیز ئەژیت کە یەکێکە لە گەورەترین ئاریستۆکراتەکانی پاریس. بەرگی ڕەش لەبەر ئەکەی، بەڵام نە وەکو قەشە و نە وەکو یەکێکیش کە پرسەی هەیە. چاوەڕێی ئەوەت لێ ئەکەم لەو فێرگەیەی کە خۆم پێت ئەناسێنم، حەفتەی سێ جار وانەی ئاین و ڕەوانبێژی بخوێنی. هەموو ڕۆژێک لە پەرتووکخانەی مارکیز دائەنیشی و مارکیز ئەیەوێ بۆ نووسینی ئەو نامانەی پەیوەندی بە کێشە و دادگا و کارەکانی ترییەوە هەیە، سوود لە تۆ وەربگرێ. خودی مارکیز لە پەراوێزی هەموو نامەیەکدا بە دوو وشە تێت ئەگەیەنێ کە ئەبێ چ وەڵامێکی پێ بدرێتەوە. من پێموتووە کە تۆ لە ماوەی سێ مانگدا شێوازی نووسینی هەموو جۆرەکانی ئەم نامانە فێر ئەبی؛ بە ڕادەیەک کە لە هەر دوانزە نامە کە بیبەیت بۆ لای، بتوانێ هەشت نۆیەکی واژۆ بکات. لە هەشتی شەوەوە ئەکەویتە ڕێکوپێککردنی نووسینگەکەی مارکیز و لە کاتژمێری دەوە ئیتر ئازادی.

ڕەبەن پیرار بەردەوام بوو:

ـــڕەنگیشە پیرێژنێک یان پیاوێکی زمانپاراو لێت پەیدا ببێ و بەڵێنی فراوانت بداتێ و بەوپەڕی بێشەرمییەوە تۆپەڵێ زێڕ بکاتە ناو دەستەوە و داوات لێبکا، تا ئەو نامانەی دێت بۆ مارکیز پیشانی بدەی.

ژوولیەن کە ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو، هاواری کرد:

ـــوا مەڵێ، قوربان!

ڕەبەن پیرار بە بزەیەکەوە وتی:

ـــسەیرە بەو نەدارییە و پاش ساڵێک لە فێرگەی ئاینی، شوێنەواری ئەو تووڕەبوونەی ئاوێتەی پاکی، هێشتاش لە تۆدا ماوە! تۆ ئەبێ کوێر بووبێتی.

ڕەبەن پیرار کە ئەتوت لەگەڵ خۆی ئەدوێ، ورتەی ئەکرد: «کێ چووزانێ ئەمە هۆی خزمایەتی و پەیوەندی نەبێ؟» لەکاتێکیش‌دا کە سەیری ژوولیەنی ئەکرد، وتی:

ـجا سەیرەکەش لەوەدایە کە مارکیز تۆ ئەناسێ! من نازانم چۆن! سەرەتا مووچەکەت سەد دراوی زێڕە. ئەم کابرایە کە بە هەوەس و بۆ سەرگەرمی کار ئەکات و کێماسییەکەشی هەر ئەمەیە، لەو کارە منالآنەدا پێشت ئەکەوێ و لێت ئەباتەوە! ئەگەر لە کارت ڕازی بێ، مووچەکەت ئەبێ بە هەشت هەزار فرانک.

ڕەبەن پیرار بە دوای قسەکانی‌دا بە دەنگێکی تۆسن وتی:

ـبەڵام ئەبێ ئەوە بزانی کە ئەو هەموو پارەیە نادا بە تۆ چونکە چاوت جوانە! مەبەست ئەوەیە کە ئەبێ سودمەند بیت. ئەگەر من لە جێگەی تۆ بوومایە، زۆر کەم قسەم ئەکرد نەخوازە باسی ئەو شتانەم هەر نەئەکرد کە نایزانم.

ڕەبەن پیرار وتی:

ـئا، ئەوەش بڵێم کە هەوڵم دا لە لایەن تۆوە هەندێ زانیاری وەربگرم. خەریک بوو لە بیرم بچێ. مارکیز دوو منالّی هەیە: یەکیان کچ و ئەویتریش کوڕێکی نۆزدە سالآنە کە زۆر سەلار و سالارە. بەڵام شێتۆکەیەکیشە کە هیچکات لای نیوەڕۆ نازانێ پاش دوو کاتژمێر دوای نیوەڕۆ چی ئەکات! ڕەوشتی ناسک و بەجەربەزەیە! لە جەنگی ئیسپانیا بەشداری کردووە. نازانم بۆ؟ بەڵام مارکیز هیواداره دۆستایەتی لە نێوان تۆ و کونت «نوربێر» ی جەوان‌دا بەدی بێت! پێموتووە کە تۆ لە لاتین‌دا پسپۆڕی. ڕەنگە پێی خۆش بێ چەند ڕستەیەکی تێروتەسەلی سیسرۆن و ڤێژیل بە کوڕەکەی فێر بکەی. جا ئەگەر من لە جیاتی تۆ بوومایە لەگەڵ ئەم جەوانە، هەرگیز نەمئەکرد بە گاڵتە و جەفەنگ و، پێش ئەوەی ببم بە گوێڕایەڵی پێشەکی و پێشنیازی هاوڕێیەتی، کە زۆر

سەلارانە بەڵام تۆزێک ئامێتەی قۆشمەییە، وام لێئەکرد کە ئەم پێشەکیانە دوو جار بڵێتەوە. لێت ناشارمەوە کە کونت دولامۆلی جەوان سەرەتا بە چاوی سووک سەیرت ئەکات. چونکە تۆ لە چینی دووەمی کۆمەڵی. باوەگەورەی ئەو، مرۆڤی دەربار بوو و ئەو شانازییەی پەیدا کرد ڕۆژی ٢٦ی ئەپریلی ١٥٧٤ بە تاوانی پیلانێک کە ڕەنگی ڕامیاری هەبوو، لە مەیدانی «گرێڤ» سەری لە لەشی بکەنەوە. بەڵام تۆ کوڕی دارتاشێکی ڤێریرت و جگە لەوەش فەرمانبەری باوکی ئەویت. ئەم جیاوازیانە بە وردی لێک بدەرەوە و بەسەرهاتی ئەم بنەماڵەیە لە بەرهەمەکانی مۆرێری‌دا بخوێنەرەوە. هەموو ئەو مەراییکەرانەی لە ماڵی ئەوان نان ئەخۆن، جارجارە بە گوتەی خۆیان ئەماژەیەکی تەڕدەستانە بەو بابەتە ئەدەن. لە بەرامبەر گاڵتەکانی کونت نوربێر دولامۆل، فەرماندەی دەستەی سوارە و ئەندامی ئایندەی ئەنجومەنی ئاریستۆکراتەکانی فەڕانسە، ئاگات لێبێ چۆن وەڵام ئەدەیتەوە، پاشان بۆ گلەیی و بناشت نەیەیت بۆ لای من.

ژوولیەن کە تەواو سوورهەڵگەڕابوو، وتی:

ــکە وا بوو نابێ وەڵامی کابرایەک کە سووکایەتیم پێ ئەکا بدەمەوە؟

ــگوایە تۆ ئاگات لەم شێوازەی سووکایەتی پێکردنە نییە، ئەم توانجانە ئاوێتەی هەڵدان و پیاهەڵگوتن ئەگوترێن. ئەگەر بابایەکی گەوج بی، ئەوا ڕێگە ئەدەی ئەو توانجانە کارت تێ بکەن. ئەگەریش ئەتەوێ سەرکەوتوو بیت، ئەوا پشت گوێیان ئەخەیت و کارت تێناکەن.

ژوولیەن وتی:

ــئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم شتانەم حەز لێ نەبێ و بگەڕێمەوە بۆ هۆدەی ژمارە ١٠٣ی خۆم، بە نمەک نەناس

ئەژمێردرێم؟

ڕەبەن پیرار وەڵامی دایەوە:

ــ بێگومان هەموو ماستاوکەرانی ئەم ماڵە وات پێ ئەڵێن. بەڵام من دێمە مەیدان و منێک کە ئەم کارم کردووە، ڕایئەگەیەنم کە ئەو بڕیارە من داومە!

ژوولیەن لەو شێوازە تفت و تا ڕادەیەک کیناوییەی لە ڕەبەن پیراردا ئەیبینی ڕقی هەڵسابوو. ئەم شێوە دوانە ڕووناکی دواین وەڵامی قەشەی دائەمراندەوە.

ڕاستەکەی ئەوە بوو کە ڕەبەن پیرار سەبارەت بە خۆشویستنی ژوولیەن، تووشی دڕدۆنگییەکی ویژدانی و جۆرێک ترسی ئاینی ببوو کە بۆچی ڕاستەوخۆ دەست لە چارەنووسی مرۆڤێکی تر وەرئەدا؟

بە هەمان نەفرەت و بە شێوەیەک وەک بڵێی کارێکی بەئازار ڕائەپەڕێنێ، وتی:

ــ جگە لەمانە خاتوو لامارکیز دولامۆل لەم ماڵە ئەبینی. ژنێکی باڵابەرزی قژ خورمایی و دیندار و لەخۆبایی، زۆر سەلار و لەوەش زیاتر بێکارە. کچی «دووک دوشۆلن»ی پیرە کە بە هۆی خۆبەزلزانینی لە ڕادەبەدەری ئەو هەمووە بەناوبانگە. ئەم ژنە مەزنە، بە شێوازێکی بەرجەستە، شیلە و ڕیاڵی ئەو شتەیە کە لە ڕاستیدا گیان و گەوهەری ڕەوشتی ژنانی چینەکەی ئەو بەدی ئەهێنێ. ئەوە ناشارێتەوە کە بوونی ئەو باب و باپیرانەی کە چوون بۆ جەنگی خاچپەرستان، تەنها خاڵی شانازییە کە لای ئەو نرخ و بایەخی هەیە. پارە، بە چەند پلە لە دوای ئەوە دێت. پێت سەیرە؟ کوڕی خۆم، ئێمە ئیتر لە شارستان نین. لە هۆڵی دیوەخانی ئەم ژنە کۆمەڵێک لە ئاریستۆکراتەکان ئەبینی کە بە بێڕێزی باسی شازادەکانمان ئەکەن. بەڵام خاتوو دولامۆل، لە

ئاستی خۆیەوە کاتێک کە ئەیەوێ ناوی شازادەیەک بهێنێ بە واتای ڕێزلێگرتن دەنگی خۆی دائەبەزێنێ و چ جایە لە ناوهێنانی شادوتێکدا زیاتریش. بە باشی نازانم لای ئەو بلێی فیلیپی دووەم یان هانری هەشتەم دەعبا و دڕندە بوون. ئەمانە شا بوون و ئەم شا بوونە مافێکی هەمیشەییان بۆ مسۆگەر ئەکات و ئەبێ لە لایەن هەمووان و بە تایبەت بێ ناو و نیشانی وەکو تۆ و منەوە ڕێزیان لێبگیرێ.

ڕەبەن پیرار درێژەی دا:

ــسەرەڕای هەموو ئەمانەش ئێمە قەشەین. چونکە تۆش بە چاوی قەشە ئەبینێ. واتە ئێمە بە خزمەتکارێک ئەزانێ کە بۆ ڕزگاریی دواڕۆژی پێویستە.

ژوولیەن وتی:

ــقوربان وا دیارە مانەوەی من لە پاریس زۆر ناخایەنێ!

ــچۆنت پێخۆش بێ! بەڵام ئەوەش بزانە ئێمەی لە بەرگی ئێمەدا مەگەر لە لایەن دەرەبەگ و خانەدانەوە، ئەگینا هەرگیز بە سامان و دارایی ناگات. ئەگەر تۆ بە هۆی ئەو گەوهەرە نەناسەی لە ناختدا هەیە، یان ئەو گەوهەرەی لانیکەم من تێی ناگەم، نەتوانی سامانێک پێکەوە بنێی، تووشی ئازار ئەبی. بۆ تۆ لایەنی ناوەڕاست لە ئارادا نییە. خۆت فریو مەدە. خەڵکی باش ئەزانن کاتی ئاخافتن لەگەڵت نابنە هۆی شادمانی تۆ. لە وڵاتێکی وەک ئەم کۆمەڵگە کۆمەڵایەتیە، ئەگەر ڕێزێک بۆ خۆت دابین نەکەی، ڕۆژت ڕەش ئەبێ. ئەگەر مارکیز دولامۆل ئەو خولیایە نەکەوتایەتە سەری، لە بزانسۆن چیت بەسەر ئەهات؟ ئینجا ئەزانی ئەو کارەی ئەم پیاوە بۆ تۆی کردووە، چەندە سەمەرەیە! جا ئەگەر جانەوەر نەبی بەو چاکەیە ئەزانی و هەتا ماوی منەتباری چاکەی ئەوان ئەبی. ئەزانی چیها قەشەی نەگبەت کە لە تۆش زاناتر بوون و

ساڵیانی ساڵ لە شاری پاریس و بە پانزە لیرە پارەی نوێژ و دە لیرە هەقدەسی بەڵگە و سەلماندن لە «سوربۆن» ژیاون؟ ئەو بابەتەی کە زستانی ڕابوردوو سەبارەت بە یەکەمین ساڵەکانی ژیانی ئەم کاردیناڵ دوبوای بێکارە و بەدکارە بۆم گێڕایتەوە، لەبیرتە؟ نەکا دفرەی تۆ، ئەگەر بە ڕێکەوتیش بووە، خۆی لەو بە زیرەک و بەهرەمەندتر ئەزانێ؟

لێی ڕوانی و درێژەی دا:

ــبۆ نموونە، منی ئارام و ئایەخ، چاوەڕوان بووم لە فێرگەکەی خۆمدا سەربنێمەوە. کارێکی مناڵانە بوو کە خووم گرتبوو بەو فێرگەیەوە. ئەوەتانێ ئەوان خەریک بوو دەرم بکەن کە خۆم کارکەناریم نووسی. ئەزانی سامانی من چەندە بوو؟ هەموو دارونەدارم پێنجسەد و بیست فڕانک بوو. نە فڕانکێک زۆرتر و نە کەمتر. هاوڕێیەکم نەبوو. بە زۆر دوو سێ ئاشنام هەبوو. جەنابی دولامۆل، ئەو کەسەی هەرگیز نەمبینیبوو، منی لەو گێژەنە ڕزگار کرد. بە تەنها یەک وشەی ئەو کردمیان بە پێشنوێژی ناوچەیەک کە دانیشتوانی هەر هەموو دەوڵەمەندن و دوورن لە تاوان و هەڵەی دزێو. من شەرم لەو داهاتە زۆرە ئەکەم کە ڕێژەی لەگەڵ ڕادەی کارەکەم هاوکێشە نییە. مەبەست لەم وتووێژە دوورودرێژە لەگەڵ تۆ ئەوە بوو کە هەندێ ئاوەز لە مێشکتدا بەدی بێت. شتێکی تریش بڵێم: نەگبەتی من لەوەدایە کە زۆر زوو هەڵئەچم. ڕەنگە من و تۆ ئیتر بۆمان نەلوێ پێکەوە قسە بکەین. بەڵام ئەگەر هات و فێز و دەعیەی ژنەکەی و گاڵتەی ناشیرینی کوڕەکەی ژیانی تۆی لەم ماڵە ناخۆش کرد، وای بە باش ئەزانم لە سی فرسەنگی پاریس درێژە بە خوێندنەکەت بدەی. بۆ خوێندنیش من باکوور بە باشتر ئەزانم هەتا باشوور. خۆشت هەست بەوە ئەکەی لە باکوور ژیارێکی زیاتر و نادادگەرییەکی کەمتر لە ئارادایە.

پاشان دەنگی خۆی دابەزاند و وتی:

ــ ئەبێ دان بەوەدا بنێین کە نزیکی ڕۆژنامەکانی پاریس وردە ستەمکارانی تۆقاندووە. ئەگەر ماڵی مارکیزت بە دڵ نەبوو و حەزت لەوە بوو زیاتر پێکەو گفتوگۆمان هەبێ، ئەوا من ئەتکەم بە جێگری خۆم و چیمان دەسکەوت بە نیوەیی.

پاشان لێزمەی سپاسکردنی ژوولیەنی پچڕاند و وتی:

ــ سەبارەت بەو پێشنیارە سەیرەی تۆ لە بزانسۆن، من لەمانەش زیترە قەرزاری تۆم. ئەمانە قەرزێکە لە ئەستۆی مندا. ئەگەر ئەو پێنجسەد و بیست فرانکەشم نەبوایە، تۆ بە جوامێری خۆت ڕزگارت ئەکردم!

ئیتر ئەو شێوە توند و تۆسنە لە قسەکانی قەشەدا نەبوو. لەوپەڕی شەرم و شێوان، ژوولیەن بینی فرمێسک لە چاوەکانیا قەتیسماوە. لە ئارەزووی ئەوەدا ئەسووتا خۆی هەڵداتە ئامێزی هاوڕێکەی. بە پیاوانەترین شێوازێک کە ئەیتوانی هەستی خۆی دەرببڕێ، بە بێ ئەڤان وتی:

ــ من هەر لە ناو بێشکەوە ڕقم لە باوکم بوو و ئەمە یەکێک بوو لە بەدبەختییە گەورەکانم. بەڵام ئیتر گلەییم لە بەختی خۆم نییە. قوربان من لە کەسایەتی جەنابتدا، باوکێکم بۆ خۆم دۆزیوەتەوە.

ڕەبەن پیرار کە شپرزە ببوو، وتی:

ــ چاکە، چاکە! ئیتر بەسە.

پاشان یەکێک لە گوتەکانی سەرۆکی فێرگەی ئاینی کەوتەوە بیری، کە بۆ ئەم کاتە زۆر لەبار بوو: «کوڕی شیرینم، هەرگیز مەڵێ بەخت و ناوچاو، هەمیشە بڵێ: ویستی پەروەردگار».

فایتوون وەستا. عەرەبانەچی چەکوشی برۆنزی دەروازەیەکی کەورەی بەرزکردەوە: تەلاری دولامۆل بوو. بۆ ئەوەش ڕێبوار لەم ڕووەوە دوودڵ نەبێ، ئەم دوو وشەیە لە سەر بەردە مەڕمەڕێکی

ڕەش لە سەرووی دەرگاکە ئەبینرا.

ژوولیەن ئەم خۆدەرخستنەی لا جوان نەبوو. ئەم ئاریستۆکراتانە کە ئەوەندە لە ژاکۆبۆنەکان ئەترسن و لە بنی هەر بنچکێکدا ڕۆبسپییێرێک بە عەرەبانەکەیەوە ئەبینن، بەم جۆرە کارانەیان مرۆڤ ئەخەنە پێکەنین. بەم شێوەیە بە ئاشکرا ناوی خۆیان ئەنووسن تاکوو ئەگەر برسی و بەڕەڵڵا ڕاپەڕین ماڵەکەیان بدۆزنەوە و تالانی بکەن. ئەو بیرەی هاتبوو بە مێشکیدا لەگەڵ ڕەبەن پیرار باسی کرد:

ــئای، کوڕە گوناحەکەم! بەمزووانە ئەبی بە جێگری خۆم. لەو بیرە سامناکەی داویە لە سەرت!

ژوولیەن وتی:

ــناتوانم بیر لە شتێکی لەوە سادەتر بکەمەوە.

سەنگینی دەرگاوان و پاک و خاوێنی حەوشە پەسەندی پەسنی ژوولیەن بوو. خۆرێکی خۆش بوو. بە هاوڕێکەی وت:

ــئەم تەلارەیان چەندە جوان ساز کردووە!

ئەم تەلارە یەکێک لە خانووەکانی گەڕەکی سەن ژرمەن بوو بە ڕووکارێکی بێڕەنگ و ڕوو کە سەردەمی مەرگی ڤۆڵتێر سازکرابوون. مۆدە و جوانی هەرگیز ئەوەندە لێک دوور نەبوون.

بەندی II

## دەرکەوتن لە ناو کۆمەڵ

بیرەوەریەکی گاڵتەئامێز و کاریگەر:
یەکەم جارە، لە هەژدە ساڵی و بێ پشتیوان لە ناو هۆڵی میواندا، پزیسکەی نیگای ژنێک بۆ بەزاندنم بەس بوو! چەند هەوڵم دا بچمە دڵەوە، ئەوەندە زیاتر هەڵە لێم رووی‌دا! سەبارەت بە هەموو شت، دزێوترین بیر بە مێشکمدا ئەهات! یان خۆم ئەدا بە دەست ئەم و ئەوەوە، یان ئەو کابرایەی بە سەنگینی تێی ئەڕانیم، بە دوژمن دائەنا! بەڵام لە کاتی ڕەنجی ئەو ترسەدا کە شەرمنی من خولقاندبووی، چەندە خۆش بوو ڕۆژێکی خۆش!
(کانت)

ژوولیەن مات و حەپەساو لە حەوشە ڕاوەستابوو.

ڕەبەن پیرار وتی:

ــخۆت خڕکەرەوە کوڕم. بیری سەمەرە هێرشی هێناوە بۆ مێشکت. خۆ تۆ مێرمنداڵێک زیاتر نیت. ئەی کوانێ «هەڵمەچۆ»ی هۆڕاس؟ لە بیرت بێ ئەم دەست و پێوەندەی لەم ماڵە کار ئەکەن، کاتێک کە لێرە دابمەزرێی توانجت تێئەگرن. وەکو هاوتا و هاوشانێکی خۆیان سەیرت ئەکەن کە بەناهەق سەرکەوتووە. ئەوسا هەوڵئەدەن لە ژێر پەردەی پیاوەتی و چاکە و لە بن دەمامکی ئامۆژگاری‌دا، بە ڕێگەی هەڵە و نالەباردا بتبەن.

ژوولیەن لێوی خۆی گەست و وتی:

ــبەرەنگاریان ئەبمەوە ئەگەر بزانم کاری وا ئەکەن.

پاشان چوویەوە دارەتە دڕدۆنگ و گومانلوییەکەی خۆی.

ئەو هۆڵانەی کە ئەم مەزنانە لە هەمان نهۆمی یەکەم و بەر لە گەیشتن بە نووسینگەی مارکیز پیاتێپەڕین، هۆڵی وەها بوون کە ئەی خوێنەری بەڕێز، تەنانەت لە لای تۆش هەم خەمناک و هەم شکۆدار خۆیایان ئەکرد. ئەگەر بەو جۆرەی کە هەبوو بدرایە بە تۆش، بێگومان تێیدا نیشتەجێ نەئەبووی. ئێرە نیشتمانی قاقڕی «باوێشکدان» و سەلماندنی وەڕەزکەرە. بینینی ئەم هۆڵانە ئەو ئەفسوون و جادووەی دوو هێندە کرد کە لە ژوولیەن داباریبوو. بە خۆی وت: «مرۆڤ ئەگەر لە شوێنێکی ئاواهادا نیشتەجێ بێ، ئیتر بۆ پەشێو و ناشاد ئەبێ؟»

کۆتاییەکەی بەڕێزان گەیشتنە ناشیرینترین هۆڵی ئەم تەلارە گرانبابییە؛ ڕووناکی ڕۆژ پێی نائاشنا بوو. لێرە، پیاوێکی کورتەباڵای لاواز و چاوتیژ دانیشتبوو، کە باڕۆکەیەکی نیوەزێڕین و نیوە قاوەیی لە سەردا بوو. ڕەبەن پیرار ئاوڕی لە ژوولیەن دایەوە و بەو کەسەی ناساند. مارکیز بوو. ژوولیەن سەرسامی سەلاری و ڕەفتاری جوانی ئەم کابرایە زۆر بە دژواری ناسییەوە. ئیتر ئەو خانەدانە مەزنە نەبوو کە لە دێری برەی‌ــلەــهوت ئەو هەمووە بەدەعیە و دەمار بوو. ژوولیەن هەستی کرد باڕۆکەکەی زیاد لە پێویست تووکنە و لە ئەنجامی ئەو هەستەدا، تۆزێ شەرم دایگرت. ڕواڵەتی ئەم نەوەی دۆستی هانری سێیەمە سەرەتا بچووکتر خۆیای ئەکرد. زۆر لاواز و زۆر ئەجووڵا. بەڵام هەر زوو بۆی دەرکەوت، کە خۆشدوویی ئەو لە زمانپاراوی کاردیناڵی بزانسۆن زۆر خۆشتر و سازگارترە. ئەم بە خزمەت گەیشتنە سێ خولەکیشی پێنەچوو. کاتی چوونە دەرەوە، ڕەبەن پیرار بە ژوولیەنی وت:

وەها سەیری مارکیزت ئەکرد وەکو بڕوانیتە وێنەیەک! من لەو لایەنەدا کە لای ئەم جۆرە کەسانە چی بە ئەدەب و نەرمونیانی دائەنێن پسپۆڕ نیم و دڵنیام زانیاری تۆ لەمبارەیەوە زۆر زوو زیاد ئەکات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەو گوستاخی و بێباکییەی لە نیگای تۆدا بینیم، تا ڕادەیەک دوو لە ئەدەب بوو.

سواری فایتوون بوونەوە. فایتوونەکە لای شاشەقامی گەورە وەستا. ڕەبەن پیرار ژوولیەنی بە کۆمەڵێک هۆڵی مەزندا تێپەڕاند. ژوولیەن دی لێرە هیچ کەلوپەلی ناوماڵی لێ نییە. چاوی بڕیبووە کاتژمێرێکی زۆر جوان و زێڕکاری، کە ئەو پێی وا بوو بابەتێکی زۆر نەشیاو پیشان ئەدا. لە هەمان کاتدا کابرایەکی ناسک و ڕووخۆش هات بۆ لایان. ژوولیەن نیوە کڕنۆشێکی بۆ برد.

کابرا بزەیەک گرتی و دەستی نایە سەر شانی. ژوولیەن موچڕکەی پیاهات و بەرەو دواوە هەڵبڵۆقایەوە و، لە ڕقان سوور بوویەوە. ڕەبەن پیرار سەرەڕای مۆنی و سەنگینی خۆی، ئەوەندە پێکەنی ئاو بە چاویا هاتە خوارەوە. ئەم کابرایە «بەرگدروو» بوو!

ڕەبەن پیرار کاتی ڕۆیشتن پێیوت:

ــمن دوو ڕۆژ بەجێت ئەهێڵم و پاشان ئەتبەم بۆ خزمەتی خاتوو دولامۆل. هەموو کەس لەم «بابل»ـە مودێڕنەی تۆ پێت تیخستووە، وەک کیژۆڵەیەک ئاگای لێت ئەبێ. ئەگەر ئەتەوێ بە ڕابواردن خۆت بەرباد دەی، هەر لە ئێستەوە پێم بڵێ با بزانم خۆم لەو پەرۆشییە ڕزگار بکەم کە بە بەردەوامی خەمی داهاتووی تۆیەتی! دوو بەیانی ئەم بەرگدرووە دوو دەست قاتت بۆ ئەهێنێ. ئەبێ پێنج فرانک بدەی بەو کوڕەی ئەم جلانە لە بەرتدا تاقی ئەکاتەوە. جگە لەوەش مەهێڵە تۆنی دەنگت بگاتە گوێی ئەم پاریسیانە. یەک وشە بڵێیت، ڕێگەی توانج تێگرتنت ئەدۆزنەوە. بەهرەی ئەمانەش لەمەدایە. دووبەیانی لای نیوەڕۆ وەرە بۆ ماڵی

من. بڕۆ. تێیتەقێنە و بەرباد دە... لەم ناونیشانە، کەوش و قەمیس و کڵاو بکڕە.

ژوولیەن کەوتە لەبەر کردنی ناونیشانەکان.

قەشە وتی:

ــدەستنووسی مارکیزە. کابرایەکی چالاکە و پێشبینی هەموو شتێک ئەکات و حەز ئەکات خۆی کارەکان ڕاپەڕێنی، تا فەرمانی ڕاپەڕاندنی بدات. تۆی هێناوە بۆ ماڵی خۆی تا ئەم جۆرە سەرقاڵیانەی لەکۆڵ بکەیتەوە. جا نازنم ئەوەندە هۆش و تێگەیشتنت هەیە کە هەموو فەرمانەکانی ئەم پیاوە بزۆزە، کە بە هێما و ئەماژە پێتی ڕائەگەیەنێ، ڕاپەڕێنی یان نا؟ ئەم شتانە لە داهاتوودا دەرئەکەوێ. وەرە!

ژوولیەن بە بێ ئەوەی کەمترین قسەیەک بکات، پێی نایە ئەو دووکانانەی کە ناونیشانیان لە کاغەزەکەدا نووسرابوو. زۆر بە ڕێزەوە وەرگیرا. پێڵاودروو ناوی ئەوی بە جەنابی ژوولیەن دوسۆرێل لە پەڕاوەکەی‌دا یاداشت کرد.

لە گۆڕستانی پڕلاشێز کابرایەکی ئامادەی خزمەت و لە قسەکانیدا ئازادیخوازتریش بوو، گۆڕی مارشاڵ نەی پیشانی ژوولیەن دا کە لە ئەنجامی ڕامیارییەکی زیرەکانەدا، لە شانازی نووسینی سەر کێلەکەی بێبەش کرابوو. بەڵام پاش جیابوونەوەی ژوولیەن لەم ئازادیخوازە چاو بە فرمێسکە، کە قارەمانەکەی ئێمەی لە ئامێز گرتبوو، ئیتر کاتژمێری نەبوو! ئازادیخواز کاتژمێرەکەی بردبوو و بۆ دووبەیانی لای نیوەڕۆ، بەم ئەزموونەوە چوو بۆ خزمەتی ڕەبەن پیرار.

قەشە ماوەیەک تێی ڕوانی و بە تووڕەیی پێیوت:

ــڕەنگە ئەتەوێ ببی بە گەوجێکی لەخۆبایی؟

ژوولیەن ڕواڵەتی جەوانێکی کۆست کەوتووی هەبوو. بەڕاستی

قۆز و خۆشپۆش بوو. بەڵام قەشەی ساکار ئەوەندە خووی شارستانی هەبوو کە نەیتوانیبوو ئەو شان هەڵتەکانەی ژوولیەن ببینێ، کە لە شارستان هەم نیشانەی ناسکی و هەم نیشانەی مەزنیە! مارکیز بە بینینی ژوولیەن، بە جۆرێکی تر سەبارەت بە قۆزی و ناسکی ژوولیەن داوەری کرد و ئەم جیاوازییە ئەوەندە زۆر بوو، کە بە ڕەبەن پیراری وت:

ــخۆ پێت ناخۆش نابێ ئەگەر جەنابی سۆرێل چەند جارێک بچێت بۆ وانەی فێربوونی سەما.

قەشە ئەبڵەق بوو.

بەڵام ئاخرەکەی وەڵامی دایەوە و وتی:

ــنەخێر، من پێم ناخۆش نابێ. ژوولیەن خۆ قەشە نییە.

مارکیز، دوو دوو بە پلیکانە باریکە نهێنییەکەدا سەرکەوت و قارەمانەکەی ئێمەی لە ژوورێکی خۆش و لەبەر دڵان لە قاتی سەرەوەی تەلارەکە نیشتەجێ کرد، کە پەنجەرەکانی ئەیانڕوانی بەسەر باخە گەورەکەی کۆشکەکەدا. لە ژوولیەنی پرسی چەند کراسی لە کراسفرۆشەکە وەرگرتووە؟

ژوولیەن کە لە بینینی دابەزینی خانەدانێکی وەها گەورە بۆ ئەو شتە بچووکانە، تۆزێک سەرسام ببوو، وەڵامی دایەوە:

ــدوو کراس.

مارکیز بە دارەتێکی هەتەر و بێژەیەکی کورت و بەبڕشت کە ژوولیەنی خستە ناو بیرەوە وتی:

ــزۆر چاکە، زۆر چاکە! بیست و دوو دانەی تریش وەربگرە. ئەمەش چارەکی یەکەمی مووچەکەت.

مارکیز کاتێک کە لە ژوورەکە چووە دەرەوە، کابرایەکی بەتەمەنی بانگ کرد و وتی: «ئارسن، تۆ لە خزمەتی جەنابی سۆرێلدا ئەبیت.» ساتێک پاشتر ژوولیەن بە تاقی تەنها لە

پەرتووکخانەیەکی مەزن بوو. ئەم چرکەساتە، ساتێکی زۆر ناوازە بوو. لەبەر ئەوەی نەکا لەو دارەتی هەڵچوون و شادمانییەدا لەپڕ یەکێک خۆی بکا بە ژوورا، لە سووچێکی تەنگ و تاریک خۆی شاردەوە. لە سووچی تاریکەوە ئەیڕوانییە پشتی ڕووناکی پەرتووکەکان و بە خۆی ئەوت: «هەر هەموو ئەمانە ئەخوێنمەوە! چۆن من لە شوێنێکی وەهادا شادمان نابم؟ ئەگەر جەنابی دورێنال تەنها یەک لە سەر سەدی ئەوەی بۆ من بکردایە کە مارکیز بۆی کردووم، وای ئەزانی کە تا دنیا دنیا ئابڕووی خۆی بردووە.»

«بەڵام با ئەو نامانە ببینم کە ئەبێ بیاننووسمەوە.» کاتێک کە لەم کارەی بوویەوە، زۆر بوێرانە چوو بۆ لای پەرتووکەکان. لە بینینی کۆبەرهەمی ڤۆڵتێر، لە خۆشیان خەریک بوو سوێی ببێتەوە. لەبەر ئەوەی نەکا یەکێک بێ، بە فڕکە ڕۆیشت و دەرگای پەرتووکخانەکەی کردەوە. پاشان بە حەزێکی بێوێنە هەر هەشتا بەرگەکەی یەکە یەکە کردەوە. بەرگی ئەم پەرتووکانە لە ڕادەبەدەر جوان و گرانبەها و شاکاری باشترین وەستای لەندەن بوون. ئەمەی لێرە هەبوو زۆر زۆر لەوە زیاتر بوو کە لە خۆشیان‌دا باڵ بە ژوولیەن بگرێتەوە و سەرسامی بکات.

کاتژمێرێک پاش ئەوە، مارکیز هات. سەیری نامەکانی کرد و سەری لەوە سووڕما کە ژوولیەن وشەی «ئەمە»ی بە دوو «م» نووسیوە. «نەکا ئەو شتانەی قەشە دەربارەی ئەم جەوانە لای من وتوویەتی، هەمووی چیرۆک بووبێ!» مارکیز کە زۆر نائومێد ببوو، بە ڕووخۆشییەوە وتی:

ــ ئایە لە ڕێنووسەکەی خۆت دڵنیا نیت؟

ژوولیەن گوێی نەدایە ئەو زیانەی بە خۆی ئەگەیەنێ و وتی:

ــ پێموایە، ڕاستم نووسیوە.

لەو ڕووخۆشی و میهرەبانییەی جەنابی دولامۆل کە شێوازە

تووڕە و بە دەعیەکەی جەنابی دورێنالی ئەهێنایەوە بیری زۆر خەمبار ببوو.

مارکیز بە خۆی وت: «هەموو ئەم تاقیکردنەوەی ئەم بەچکە قەشە فڕانش کونتەییە، کات بەفیڕۆدانە. من پێویستیم بە یەکی لێهاتوو و بەئەزموون هەیە.»

مارکیز پێی وت:

ــوشەی «ئەمە» بە یەک «م» ئەنووسرێ. کاتێک کە نامەکان تەواو ئەکەی هەر وشەیەک لە ڕێنووسەکەی دڵنیا نیت لە فەرهەنگەکەدا بیدۆزەرەوە.

کاتژمێر شەشی ئێوارە، مارکیز بانگی کرد. بە ڕامانێکی ئاشکراوە ڕوانییە بووتەکانی ژوولیەن و وتی:

ــئەبێ گلەیی لە خۆم بکەم. لەبیرم چوو پێتان بڵێم کە هەموو ڕۆژێک پێنج و نیوی ئێوارە ئەبێ جل لەبەر بکەی.

ژوولیەن کە لە واتای ئەم قسەیە نەگەیشتبوو، تێی ئەڕوانی.

ــمەبەستم ئەوەیە کە ئەبێ گۆرەوی درێژ لە پێ بکەی. ئارسن ئەمەت ئەخاتەوە بیر. بۆ ئەمڕۆ تازە هیچ.

جەنابی مارکیز دولامۆل، لە کۆتایی ئەم قسانەدا، ژوولیەنی برد بۆ هۆڵێک کە ئەوەندە ڕازاوە بوو هەمووی ئەبریسکایەوە. لەم جۆرە کاتانەدا، جەنابی دورێنال بۆ ئەوەی بکەوێتە پێشەوە، مافی زووتر تێپەڕین لە دەرگاکە بۆ خۆی بپارێزێ، پێی هەڵئەگرت.

بیرکەوتنەوەی ئەم خووە خراپەی خودانی پێشووی، بووە هۆی ئەوەی ژوولیەن پێ بنێ بە پێی مارکیزدا و لەبەر ئەوەی دەردەمیرانی هەبوو ئازارێکی زۆری پێگەیشت. مارکیز بە خۆی وت: «فەرموو، جگە لەمانە گەوجیشە.» پاشان بردی بۆ لای ژنێکی باڵابەرزی سەنگین و سامدار.

ئەمە ژنی لومارکیز دولامۆل بوو. ژوولیەن لە ڕوخساری ئەم

ژنەدا، وەکو خاتوو دو مەوژیرۆنی، ژنی فەرمانداری ڤێریر، لە میوانییەکەی سەن شارڵ، هەندێ بێحەیایی لە ڕوخساری‌دا بینی. لەبەر ئەوەش کە شکۆی سالۆنەکە گرتبووی، قسەکانی جەنابی دولامۆلی نەبیست. مارکیز بە دژواری توانی سەیری بکات. لەم هۆڵەدا چەند نەفەر هەبوون و ژوولیەن، کاردینالی گەنجی ئاگدی ناسییەوە، کە چەند مانگ پێش لە دابەکەی برەی‌ـــلەـــهوت بە میهرەبانی لەگەڵی دوا بوو و ئەمە بووە مایەی شادمانی. ئەم کاردیناڵە جەوانە لەو نیگا میهرەبانەی ژوولیەن کە بە شەرمەوە تێی ئەڕوانی، ترسا و هەوڵی نەدا ئەم شارستانییە بناسێتەوە.

ژوولیەن وای هەست کرد، بەشدارانی ئەم میوانییە شتێکی ئاوێتەی خەم و دڕدۆنگی دایگرتوون. لە پاریس لەسەرخۆ قسە ئەکەن و شتە بچکۆلەکان زل ناکەنەوە.

نزیکەی شەش و نیو، گەنجێکی قۆز کە سمێڵی هەبوو و زۆر بێڕەنگ و باریکەلە بوو، هاتە ناو هۆڵەکە. سەری زۆر بچووک بوو.

کاتێک کە جەوان دەستی مارکیزی ماچ کرد، پێیوت:

ــوامان لێئەکەی هەمیشە چاوەڕێت بکەین.

ژوولیەن زانی کە ئەم لاوە کونت دولامۆلە و لە هەمان یەکەم بینینەوە، بە کوڕێکی موتورفە هاتە بەرچاوی.

بە خۆی وت: «ئەم کوڕە ئەبێ هەمان ئەو کەسە بێ کە گاڵتە بێتامەکانی لەم ماڵە دەرم ئەپەڕێنێ!»

ژوولیەن، ئەوەندەی لە کونت نۆربێرِ ڕوانی، بۆی دەرکەوت کە جزمە و مامزەی لە پێیە. «کە وا بوو منیش وەکو فەرمانبەر ئەبێ پێڵاو لە پێ بکەم.» لە سەر سفرە دانیشتن. ژوولیەن گوێی لە مارکیز بوو کە تۆزێ بەرزتر، وەک لۆمەکردن شتێکی وت و لە هەمان کاتیش‌دا کچێکی جوان و زۆر قژ زەرد و بەژن ڕێکی بینی کە هات و لە بەرامبەری دانیشت. یەک تۆزیش خۆشی لەم

ژنه نەهات. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە جوان لێی ورد بوویەوە، لە دڵی خۆیدا ددانی بەوەدا نا کە چاوی وەها جوانی هەرگیز نەبینیوە. کەچی ئەم چاوانە تاودەرەوەی گیانێکی سارد و دوور لە سۆز بوو. پاش ئەوەش ژوولیەن بۆی دەرکەوت کە ئەم چاوانە پەڵەیەکی خەمناکی لەسەرە کە خەریکی تاوتوێکردنە، بەڵام ئەوەشی لەبیر ناچێ کە ئەبێ هەمیشە سەنگینی و سامناکی خۆی بپارێزێ. بە خۆی ئەوت: «خاتوو دورێنالیش چاوەکانی زۆر جوان بوون و خەڵکی لەم ڕووەوە پیرۆزبابییان لێئەکرد. بەڵام ئەو چاوانە هیچ وێکچوونێکی لەگەڵ ئەم چاوانە نەبوو.» ژوولیەن ئیتر ئەوەندە ئەزموونی نەبوو کە بزانێ ئەو ئاورینگەی کە ناوبەناو لە چاوەکانی ئەم ماتیلد خانمەوە بازرەقە ئەبەستێ، ئاگری وشیاری و زیرەکییە. چاوەکانی خاتوو دورێنال کاتێک کە ژیانی تێ ئەزا، بەرەنجامی ئەوین یان لە سۆنگەی ڕقێکی دادگەرانە لە دژی کردارێکی دزێو و نالەباردا ئەکەوتە پزیسکە هاویشتن. لە کۆتایی نانی شێوان، ژوولیەن وشەیەکی بۆ ئەو جوانییەی چاوەکانی مادمازێل دولامۆل دۆزییەوە. بە خۆی وت: «ئەم چاوانە پرشنگدارن و جگە لەوەش ئەم کچە بە شێوەیەکی بێتام لە دایکی خۆی ئەچێ.» ئەو ژنەی کە ژوولیەن ڕقی لێی بوو و لەوە بەدوا ئیتر سەیری نەکرد. بەڵام بەپێچەوانە کۆنت نۆڕبێر لە هەموو ڕوویەکەوە ڕازاوە بوو. ژوولیەن ئەوەندە گیرۆدەی ئەو ببوو، کە بیری ئێرەیی و دوژمنی نەهات بە مێشکیدا.

ژوولیەن بینی کە پەژارە لە ڕواڵەتی مارکیز ئەبارێ.

مارکیز لە قۆناخی دووەمی شێوکردن بە کوڕەکەی وت:

ــنۆڕبێر، داوات لێئەکەم ئاگات لە جەنابی ژوولیەن سۆرێل بێ کە کردوومە بە کارمەندی خۆم و ئەمەوێ بیکەم بە پیاوێکی پیاوانە.

مارکیز بەو کەسەی لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، وتی:

ــ ئەمە باشنووسەری منە و ئەمە بە دوو م ئەنووسێ!

هەموو چاوەکان ئاوڕیان لە ژوولیەن دایەوە کە لە بەرامبەر نۆڕبێردا تۆزێک زیاد لە پێویست سەری دانەواندبوو. بەڵام ئەبێ بوترێ نیگای بە گشتی لە چاوی هەمووان‌دا جێگەی پەسەند بوو.

دیاربوو مارکیز باسی ڕادەی خوێندن و پەروەردەی ژوولیەنی کردبوو. چونکە یەکێک لە میوانەکان سەبارەت بە هۆڕاس کەوتە تاقیکردنەوەی. ژوولیەن بە خۆی وت: «لە ئەنجامی گفتوگۆ دەربارەی هۆڕاس لە لای کاردینالی بزانسۆن وەرگیرام. وا دیارە ئەمانە جگە لەم هۆنەرە کەسی کە ناناسن!» لە هەمان ساتیشەوە هێور بوویەوە. ئەم گۆڕانە زۆر بە ئاسانی ڕووی دا، چونکە بڕیاری دابوو هەرگیز مادمازێل دولامۆل بە ژن دانەنێ. لە سەردەمی فێرگەی ئاینیشەوە ڕقی لە پیاو و هەموو ئەو شتانە بوو کە بە پیاو ئەکرا. زۆر بە دژواری سەری لە بەرامبەر داخوازییەکانیان‌دا دائەنەواند. ئەگەر هۆڵەکە کەمتر ڕازاوە و بە بریقوباق بوایە، بە دڵنیایی بە تەواوەتی بەسەر خۆی‌دا زاڵ ئەبوو. ڕاستەکەی ئەو دوو ئاوێنەی کە هەشت پا بەرزبوون و هەندێجار، کاتی خوێندنەوەی هۆڕاس خەنیمەکەی تیا ئەبینی، هەرچەند ڕستەکانی بۆ شارستانییەک درێژ نەبوو، هێشتاش لەلای سامی هەبوو. چاوەکانی جوان بوون و کاتێک کە وەڵامی پرسیارێکی بە جوانی ئەدایەوە، شەرمی ڕەمیو یان شادمانی، درەوشانەوەی دوو هێندە ئەکرد. کۆڕ ژوولیەنی پەسەند کرد و بەدڵی بوو. ئەم تاقیکردنەوەیە میوانییە سەنگینەکەی خۆشتر کرد. مارکیز کاتێک کە بە ئەماژە داوای لە خەنیمەکەی ژوولیەن ئەکرد تا ئەتوانێ گوشاری بۆ بهێنێ، لای خۆی وتی: «لەوە ئەچێ شتێکی پێ بێ!»

ژوولیەن لە وەڵامدانەوەدا، ئەندێشەی تاز و جوانی بۆ هات.

ئەوەندە بەسەر شەرمی خۆدا زاڵ ببوو، کە هەرچەند بە هۆی نائاشنایی بە زاراوەی پاریسی، نەیتوانی ڕەوانبێژییەکی ناوازە پیشان بدات، کەچی قسەی تازەی کرد و هەرچەند ئەم بیرە تازانە ناسکییەکی ئەوەندەی پێوە دیار نەبوو و لە کاتی خۆیشیدا نەوترابوون، بەڵام ئەوەی بۆ هەمووان سەلماند کە ژوولیەن لە زمانی لاتیندا مامۆستایە.

خەنیمەکەی ژوولیەن، ئەندامی ئاکادیمیای کۆنینەناسی بوو کە بە ڕێکەوت لاتینی ئەزانی. ئەم کابرایە زانی کە ژوولیەن لە زمان و وێژەی کۆندا بەتوانایە، ئیتر لەوە نەپرینگایەوە کە ژوولیەن سوور بکاتەوە. ڕاستەکەشی هەوڵی دا دڵی داخورپێنێ. سەرەنجام لە میانەی ململانێکەدا ژوولیەن شکۆی هۆڵەکەی فەرامۆش کرد و شتی وەهای دەربارەی هۆنەرانی لاتین وت کە ئەندامی ئاکادیمیا لە هیچ شوێنێک نەیخوێندبوویەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە مرۆڤێکی دڵپاک بوو، کەوتە پەسنکردنی ژوولیەن. خۆشبەختانە، ئەو مشتومڕە بووە هۆی ئەوەی دارا یان نەداربوونی هۆڕاس ڕوون ببێتەوە و بزانرێ کە کابرایەکی خۆشەویست و هەوەسباز و کەمتەرخەم بووە، وەکو شاپێلی دۆستی مولیێر و لافۆنتن بۆ دڵی خۆیان شیعریان نووسیوە، یان هۆنەرێکی هەژار و داهێنەری سەر بە دەربار بووە و وەکو ساوسی[١٠١]، زەمکەری لۆرد بایرۆن[١٠٢]، هۆنراوەی پەسنی بۆ لەدایکبوونی شا وتووە. ئەوسا باسی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی سەردەمی پاشایەتی ئاگوستۆس و جۆرجی چوارەم هاتە پێشەوە. لە هەر دوو خولەکەدا ئاریستۆکراسی دەسەڵاتی ڕەها بووە، بەڵام لە ڕۆما یەکێکی وەکو مێسێن کە شاسوارێکی ئاسایی بوو، دەسەڵات لە دەستی ئەم

١٠١ـ ساوسی: Robert Southey (١٧٧٤ـ١٨٤٣) هۆنەری ڕۆمانتیکی ئینگلیزی.

١٠٢ـ لۆرد بایرۆن: Lord Byron (١٧٨٨ـ١٨٢٤) سترانبووس و نووسەری ڕۆمانتیکی ئینگلیزی، کاریگەری لەسەر نووسەرانی وەک ئەلکساندر پووشکین هەبووە.

چینە دەرئەهێنێ و لە ئینگلیزیش، دەسەڵاتی جورجی چوارەم کەم ئەکاتەوە و وەکو دووکی ڤێنیزیای لێ ئەکا. ئەتوت ئەم مشتومڕە، مارکیز لەو سستییە ڕزگار ئەکات کە سەرەتای هاتنە سەر سفرە تووشی ببوو.

ژوولیەن، لەو ناوە تازانەی وەکو سەوتی و لۆرد بایرۆن و جۆرجی چوارەم کە تا ئەو کاتە نەیبیستبوو، هیچ تێنەئەگەیشت. بەڵام لە کەس شاراوە نەبوو کە لە باسی ڕووداوەکانی مێژووی ڕۆما و ئەو ڕووداوانەی پەیوەندی بە بەرهەمەکانی هۆڕاس و مارسیال و تاسیت و ئەوانی ترەوە کە ئەیناسین، زۆر زۆر لەسەرتر بوو. ژوولیەن بە بێ گوێدان، هەندێ لەو شتانەی کە لە ئەنجامی گفتوگۆ بەناوبانگەکەی ئەو شەوەی خۆی لە کاردیناڵی بزانسۆن فێرببوو، هێنایە ئاراوە کە لە بۆچوونەکانی تر زیاتر کۆڕەکەی گەشاندەوە.

کاتێک لە مژاری هۆنراوە ماندوو بوون، خاتوو دولامۆل، کە پێخۆشبوونی هەموو ئەو شتانەی مایەی شادمانی مێردەکەی بوایە کردبوو بە ئاینی خۆی، وەک خەڵاتکردن بە سیلەی چاو سەیرێکی ژوولیەنی کرد. ئەندامی کۆڕی زانیاری کە لە لای خاتوو دولامۆلەوە دانیشتبوو، پێی وت: «ڕەنگە لە بن ڕەفتاری کاڵ و کرچی ئەم قەشەدا، خوێندەوارێکی زیرەک خۆی حەشار دابێ!» ژوولیەن برێک لەم قسانەی بیست. ڕستەی داڕێژراو لە لای ژنەی خاوەنماڵ زۆر لەبار بوو، ئەم ڕستەی دەربارەی ژوولیەن بەدڵ بوو و لەوەی کە ئەندامی کۆڕی زانیاری میوان کردووە، شادمان بوو. بە خۆی ئەوت: «ئەم کابرایە، جەنابی مارکیز دولامۆل سەرگەرم ئەکات.»

بەندی III

# هەنگاوە سەرەتاییەکان

ئەو مۆڵە ئەبینم کە پڕە لە
پریشکەی بەتین و هەزاران مرۆڤ،
یەکیان لەگەڵم ئاشنا نییە و،
هەر هەموو لە من سەرترن.
مێشکم خەریکە مین ئەبێ!
(رینا، پارێزەر)

بەیانی ئەو ڕۆژە، چێشتەنگا، ژوولیەن لە پەرتووکخانە خەریکی نووسینی پێشنووسی نامەکان بوو، کە لەپڕ کونتێس ماتیلد لە دەرگایەکی نهێنییەوە کە لە پشت پەرتووکەکان‌دا شارابوویەوە هاتە ژوورەوە. کاتێک کە ژوولیەن لەم فێڵ و داهێنانە سەرسام بوو، کونتێس ماتیلد لە بینینی ئەو لە پەرتووکخانە سەری سووڕمابوو و دڵیشی ڕەنجابوو. بۆ ئەوەی بسکی لوول بکات، لە لووی کاغەزی بەستبوو. ژوولیەن دارەتێکی لووتبەرز و تا ڕادەیەک پیاوانەی تێدا بینی. مادمازێل دولامۆل توانیبووی کارێک بکات کە لە پەرتووکخانەی باوکی پەرتووک بدزێ و دزییەکەشی دەرنەکەوێ! بوونی ژوولیەن بووە هۆی ئەوەی دزی ئەو ڕۆژەی سەرنەگرێ. ئەمەش لەو ڕووەوە شەمزاندی کە هاتبوو بۆ بەرگی دووەمی شازادەی بابلی ڤۆڵتێر کە تازە هاتبوویە پەرتووکخانە و، یارمەتیدەرێکی باشی شاپەرستانە و ئاینی و شاکاری ساکرەکۆر بوو. کچەی ڕەبەن لە نۆزدە ساڵی‌دا بۆ ئەوەی حەزی بچێتە سەر

ڕۆمانێک، پێویستی بە گوتاری پڕ لە ترش و خوێ هەبوو.

کۆنت نۆڕبێر کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ هات بۆ پەرتووکخانە. بۆ ئەوەی بتوانێ شەو باسی ڕامیاری بکات، ئەبوایە ڕۆژنامەیەک بخوێنێتەوە و لە بینینی ژوولیەن کە هەر هەستی بە بوونیشی نەکردبوو، زۆر شادمان بوو. لەگەڵ ژوولیەن کەوتنە دوانێکی گەرموگوڕ و پێشنیازی ئەسپ سواری پێکرد:

ــباوکم تا نانی شێوان دەرفەتمان پێئەدا.

ژوولیەن هەستی بە وشەی ئێمە کرد و زۆری پێخۆش بوو. وتی:

ــئای جەنابی لۆکونت! ئەگەر داوام لێبکەی دارێکی هەشتا پایی ببڕمەوە و وەک شەشپاڵوو پارچە پارچەی بکەم، دڵنیام زۆر بە ئاسانی پێم ڕائەپەڕێنرێ، بەڵام لە هەموو ژیانی خۆمدا زیاتر لە شەش جار سواری ئەسپ نەبووم.

نوربێر وتی:

ــدەیجا چیە، ئەمەش ئەبێ بە حەوتەمین جار!

لە ڕاستیدا ژوولیەن هاتنی شای بۆ ڤێریر بە باشی لەبیر بوو و ئەیزانی کە باش ئەتوانێ ئەسپ سواری بکات. بەڵام کاتی گەڕانەوە لە «بوادوبۆلۆنی»، ڕێک لە ناوەڕاستی کۆڵانی «باک»، کاتێک کە ئەیویست خۆی نەکێشی بە عەرەبانەکەدا، کەوتبوویە خوارەوە و هەموو گیانی ببوو بە قوڕ. بە خۆشییەوە دوو دوست جلی هەبوو. نانی شێوان مارکیز کە ئەیویست قسەی لەگەڵ بکات، لە گەڕانەکەی پرسیبوو.

نوربێر بە پەلە و بە زمانێکی گشتی وەلامی دابوویەوە.

ژوولیەن وتی:

ــجەنابی لوکونت، گەورەیی ئەفەرموون و منیش بۆ ئەو میهرەبانییە سپاسی ئەکەم و ڕێزی ئەو خۆشەویستییەیان ئەزانم.

گەورەییان فەرموو و فەرمانیان دا جوانترین و ڕامترین ئەسپ بدەن بە من، کە سواری ببم. بەڵام، سەرەڕای ئەمەش، ئەو کە نەیتوانیبوو بمبەستێتەوە بە ئەسپەکەوە، لە ناوەڕاستی ئەو کۆڵانە درێژەی لای پردەکە هەڵدرامە خوارەوە.

کونتێس ماتیلد بێهوودە هەوڵیدا قاقاکەی خۆی بشارێتەوە. پاشانیش وەک مرۆڤێکی هەڵەشە داوای کرد بە وردی بۆی بگێڕنەوە. ژوولیەن زۆر بە ئاسانی گێڕایەوە و خۆی پەڕاندەوە و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تۆزێ زیاتر بچێتە دڵانەوە.

مارکیز بە ئەندامی کۆڕی زانیاری وت:

ــمن داهاتوویەکی باش بۆ ئەم فەقێ قەشەیە ئەبینم. شارستانییەکی ساکار لە کوێ و ئەم ڕووداوەی ئێرە لە کوێ؟ شتی وا هەرگیز نەبینراوە و ناشبینرێتەوە. جگە لەمەش چیرۆکی نەگبەتیتەکەشی لەبەر چاوی خاتوونەکانیش‌دا ئەگێڕێتەوە!

ژوولیەن ئەوندە بە خۆشی و بەتام باسی هەڵدێرانەکەی خۆی گێڕایەوە، کە کۆڕەکەی تەواو خۆش کردبوو. لە دوای نانخواردنیش کە وتووێژی ڕامیاری گۆڕا، کونتێس ماتیلد داوای گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەی لە براکەی کرد. پرسیارەکانی ماتیلد بەردەوام بوو، ژوولیەن کە چەند جارێک نیگای لە نیگای ئەو چەقیبوو، ورەی هات بە بەردا و هەرچەند پرسیار لەو نەکرابوو، بەڵام ڕاستەوخۆ وەڵامی کونتێس ماتیلدی دایەوە و سەرەنجام هەر سێکیان، وەک سێ جەوانی گوندی لە قووڵایی جەنگەڵێک‌دا، دایانە قاقای پێکەنین.

بەیانی ئەو ڕۆژە، ژوولیەن چوو بۆ خوێندنی دوو وانەی ئاین و ڕەوانبێژی. پاشان بۆ نووسینەوەی دە بیست نامە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. لە پەرتووکخانە، گەنجێکی لای خۆیەوە بینی کە جلێکی زۆر ڕێکوپێکی لەبەر کردبوو، بەڵام ڕواڵەتێکی کرێت و ڕوخسارێکی ئێرەیی ئامێزی هەبوو.

مارکیز هات و بە دەنگێکی ڕەق بە گەنجەکەی وت:

ــجەنابی تانبوو لێرە چی ئەکەی؟

گەنجەکە بزەیەکی نۆکەرانەی کرد و وتی:

ــپێموایە...

ــنەخێر، پێت وانەبێ... ئەم کارە ئەزموونێک بوو، بەڵام ئەزموونێک بە ئەنجامی ناخۆشەوە.

تانبووی جەوان، بە تووڕەیی هەڵسا و چووە دەرەوە. ئەمە یەکێک لە برازاکانی ئەندامەکەی کۆڕی زانیاری و دۆستی خاتوو دولامۆل بوو کە ژیانی خۆی لە پێناوی وێژەدا تەرخان کردبوو. ئەندامی کۆڕ داوای لێکردبوو وەک باشنووسەری خۆی دایمەزرێنێ. تانبوو کە لە ژوورێکی پەرت کاری ئەکرد، کاتێک کە چیرۆکی ئەو میهرەبانییەی بەرامبەر بە ژوولیەن بیستبوو، دابووی لە سەری ئەویش لەم سۆز و میهرەبانییە بەشێک بۆ خۆی بپچڕێ؛ بۆیە ئەو بەیانییە هاتبوو تا دەوات و پەڕەمووچی لای ژوولیەنەوە دابنێت و شوێنی کارەکەی بگوێزێتەوە بۆ پەرتووکخانە.

چوار کاتژمێر لە نیوەڕۆ تێپەڕیبوو. ژوولیەن پاش تۆزێک دڕدۆنگی، وێرای بچێ بۆ لای نوربێر. کونت ئەیویست بچێ بۆ ئەسپ سواری و کە چاوی بە ژوولیەن کەوت، یەکسەر شڵەژا، لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی سەلار بوو.

ــپێموایە ئەگەر بێن بۆ فێرگەی فێربوونی ئەسپ سواری، دڵنیام پاش دوو سێ حەفتە، من ئەسپ سواری لەگەڵ تۆم زۆر پێخۆش ئەبێ.

ــئەمویست ئەو شانازییەم پێبگا سپاسی ئەو میهرەبانەی بەڕێزت بکەم.

پاشان بە سەنگینیەکی تەواوەتی وتی:

ــجەناب، من باش ئاگاداری ئەو چاکەیەی بەڕێزتانم! وای

دابنێین کە من هەموو ئەو شتانەی بۆ خۆپاراستن پێویست بووە، بە ئێوەم وتووە. گرنگ ئەوەیە کە ئێستە کاتژمێر چوارە و نابێ کات بەفیڕۆ بدەین.

ئەوەندەش کە سواری ئەسپەکە بوو، بە کونتی جەوانی وت:

ــچی بکەم کە بەرنەبمەوە؟

نوربێر قاقایەکی لێدا و وەڵامی دایەوە:

ــئەبێ زۆر کاری جۆراوجۆر بکەیت، بۆ نموونە خۆت لە دواوە ڕابگری.

ژوولیەن دایە غار. کاتێک کە لە مەیدانی لویی شانزەهەم تێئەپەڕین. نوربێر وتی:

ــئاه، ئەی جەوانی بێباک! ئێرە پڕە لە فایتوون و عەرەبانە و لێخوڕەکانیش شێتێکن بۆ خۆیان. هەر ئەوەندەی بکەویتە خوارەوە، لە بن فایتوونەکاندا وردوخاش ئەبی! ئەمانە لەبەر ئەوەی نەکا لالەغاوی ئەسپەکەیان ئازاری پێبگات، لەپڕ لەغاو ناکێشنەوە.

نوربێر بیست جار ژوولیەنی بینی خەریکە بەر ئەبێتەوە. بەڵام سەرەنجام ئەم گەڕانە بە بێ ڕووداوە کۆتایی هات.

لە گەڕانەوەدا، کۆنتی جەوان بە کونتێسی خوشکی وت:

ــفەرموون لەگەڵ سوارێکی بێباک ئاشنا بین!

کاتی شێوکردن، کۆنت نۆڕبێر لەمسەری مێزەکەوە بۆ ئەوسەری مێزەکە لەگەڵ باوکی قسەی ئەکرد، دادی ئەوەی دا کە ژوولیەن لە هیچ ناترسێ. جەربەزە تەنها شتێک بوو کە لە ئەسپ سوارییەکەیدا مایەی پەسنکردن بوو. کونتی جەوان بینیبووی مەیتەرەکان کە لە حەوشە خەریکی تیماری ئەسپەکان بوون، کەوتنە خوارەوەی ژوولیەنیان کردبوو بە بیانوو و بە شێوەیەکی سەیر گاڵتەیان پێئەکرد.

سەرەڕای ئەو هەموو میهرەبانی و سۆزە، ئەوەندەی پێنەچوو

ژوولیەن لە ناو ئەم بنەماڵەیەشدا خۆی بە بێکەس و بێگانە بینییەوە. هەموو دابێکی ئەم ماڵە لە لای نامۆ و سەمەرە بوو و هیچکام لەم نەریتانەی نەئەناسییەوە. هەڵە و نەزانمکاری ئەو ئەبوویە هۆی شادی و خۆشی خزمەتکارەکان.

ڕەبەن پیرار چووبوو بۆ ناوەندی پێشنوێژییەکەی خۆی. لە دڵی خۆیدا ئەیوت: «ئەگەر ژوولیەن وەک قالۆرە بێ ناوکە، با بفەوتێ. ئەگەر پیاوێکی دلێریشە، با ڕێگەی خۆی دەرباز بکات!»

بەندی IV

## تەلاری دولامۆل

لێرە چی ئەکا؟
بلێی پێی خۆش بێ؟
بلێی پێیان خۆش بێ؟!
(ڕۆنسار)

ئەگەر لە هۆڵە گرانبایی و بەشکۆکەی تەلاری دولامۆل هەموو شت لای ژوولیەن سەمەرە بوو، ئەم جەوانە ڕەنگ پەڕیوە بەرگ ڕەشەش لە چاوی ئەوانەدا کە سەرنجیان بۆ لای ئەچوو، لە ئاستی خۆیەوە سەیر بوو. خاتوو دولامۆل بە شووەکەی وت، لەو ڕۆژانەدا کە هەندێ کەسایەتی تایبەت میوان ئەبن، بینێرێت بە دوای کارێکدا.

مارکیز وەڵامی دایەوە:

ــ ئەمەوێ تاقیکردنەوەکە بگەیەنمە کۆتایی. ڕەبەن پیرار پێی وایە ئێمە لە ئازاردانی دفرە و کەسایەتی ئەو کەسانەی ئەیانهێنین بۆ ماڵی خۆمان بە هەڵەدا چووین. مرۆڤ تەنها پاڵ بەو شتەوە ئەدا کە خۆی ڕائەگرێ! هتد. ئەم جەوانەش جگە لەو ڕواڵەتە نامۆیە هیچ کێماسییەکی نییە. جگە لەمەش مرۆڤێکی دەم و گوێ بەستراوە.

ژوولیەن بە خۆی وت: «بۆ ئەوەی زانیاری تەواو پەیدا بکەم ئەبێ ناوی ئەوانەی دێنە ئەم هۆڵە بنووسم و کورتەیەک لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتیان لای خۆم یاداشت بکەم.»

ناوی پێنج شەش کەس لە دۆستانی بنەماڵەی لە ڕیزی یەکەمدا دانا، چونکە ئەیانزانی مارکیز پشتیوانی ژوولیەنە، لە داهاتوودا هەر کێشەیەکی بۆ ساز بوایە، یارمەتییان ئەدا. ئەم شەیتانە نەدارانە، کەسانی بێ مێشک بوون. بەڵام سەبارەت بەوانەی لە سەر سفرەی دارا و خانەدانەکانی پاریس بوو، ئەبێ بوترێ هەر هەموویان بە شێوەیەکی یەکسان گوێنەدەر و بێ مێشک بوون. هەبوو گوێی لێنەبوو ئەگەر مارکیز شتێکی پێ بڵێ، بەڵام هەمانکەس لە خاتوو دولامۆلی قەبووڵ نەئەکرد.

لە قووڵایی ناخی هەر دوو خودانی ماڵەکە، دفرەیەکی لە ڕادەبەدەر و بێزارییەکی فراوان هەبوو. ڕاهاتن بە سووکایەتیکردن بەم و بەو، بۆ ڕەواندنەوەی کەسەر و بێزاری لەم بنەماڵەیەدا ئەوەندە باو بوو کە نەئەبوا هیوایان بە دۆستی یەکدڵ و یاری تەنگانە هەبێ. بەڵام سەرەڕای ڕۆژانی باران و ئەو کاتانەی بێزاری سەرڕێژ ئەبوو، هەمیشە ئەدەبێکی شیاو و لەبار لە ئارادا بوو.

هەرکات ئەو پێنج شەش ماستاوکەرەی سۆزێکی باوکانەیان بەرامبەر بە ژوولیەن دەرئەبڕی، لە کۆشکی دولامۆل نەبوونایە، مارکیز بە بێگومان تووشی تەنهایی ئەبوو، بە ڕای ژنەکانی ئەم چینە، تەنهایی دیاردەیەکی ئەوەندە ترسناکە؛ نیشانەی لە بەرچاو کەوتنە.

ڕەفتاری مارکیز بەرامبەر بە ژنەکەی بێخەوش بوو. ئاگای لێبوو هۆڵەکەی بە ئەندازەی پێویست ڕازاوە بێ. بەڵام نەک بە پێوقەدەمی ئەندامانی پارلەمان. چونکە هاوکارە تازەکانی، نە ئەوەندە بە ڕەسەن و خانەدان ئەزانی وەکو دۆست بانگیان بکات بۆ ماڵی خۆی و نە ئەوەندەش بە مایەی سەرگەرمی ئەزانین کە وەکو فەرمانبەری بندەستەی میواندارییان بکات.

ژوولیەن پاش ماوەیەکی درێژ بەم ڕازەی زانی. گفتوگۆ

سەبارەت بە ڕامیاری چینی دەسەڵاتدار کە ماڵی خەڵکانی چینی ناونجی گەرم ڕائەگرێ، جگە لە کاتەکانی هەڵچوونندا، لە ماڵی خەڵکانی وەکو مارکیز نایەتە ئاراوە.

هێشتاش، تەنانەت لەم سەدەی بێزاری و قەڵسبوونە، دەسەڵاتی پێداویستی گاڵتە و سەرگەرمی بە ڕادەیەکە کە تەنانەت لە ڕۆژانی میوانیشدا، هەر ئەوەندەی مارکیز هۆڵەکەی بەجێ ئەهێشت، هەر هەموو هەڵئەهاتن. بەو مەرجەی دەربارەی خوا و پیرانی دین، دەربارەی شا و داموودەزگای، دەربارەی هونەرمەندانی سەر بە دەربار، دەربارەی خاوەن دەسەڵات، گاڵتە و جەفەنگ نەکرایە، ئەتوانرا سەبارەت بە هەموو شت بە ئازادی داوەری بکرێ... بەو مەرجەی بە قازانجی بڕانژە(١٠٣) و ڕۆژنامەکانی ئوپۆزیسیۆن، بە قازانجی ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ و بە قازانجی هەموو ئەوانەی بە ڕاشکاوی قسەی خۆیان ڕاگەیاندووە، شتێکی ئەوتۆ نەوترێ و بە تایبەت بەو مەرجەی باسی ڕامیاری نەکرێ، ئەتوانرا سەبارەت بە هەموو شت بە ئازادی داوەری بکرێ.

داهاتی سەد هەزار فڕانکی و حەمبەلی شینیش نەیئەتوانی دژ بە هۆڵێکی ئاوا، بە قانوون ململانێ بکات. لێرە کەمترین بیری زیندوو بە ڕووداری و توندڕەوی دائەنرا. سەرەڕای ئەمەش ڕەوانبێژیی و ڕەفتاری جوان، پەسەند و شایستە بوو و بێزاری بە هەموو ڕوخسارێکەوە ئەبینرا. ئەو گەنجانەی بۆ ڕێزلێنان ئەهاتن بۆ ئەم هۆڵە، لە ترسی ئەوەی نەکا بە مرۆڤی خاوەن ئەندێشە دابنرێن یان بە خوێنەرەوەی پەرتووکێکی بەرگیراو تاوانبار بکرێن، پاش وتنی چەند وشەی جوان و لەبار دەربارەی ڕووسینی(١٠٤) و خۆشی یان ناخۆشی هەوا، دەمیان دائەخست و لەوە زیاتر

---

١٠٣ ـ Beranger.

١٠٤ ـ Rossini.

هیچیان نەئەوت.

ژوولیەن زانی وەک هەمیشە بازاڕی گفتوگۆ لە لایەن «دو ڤیکۆنت» و پێنج بارۆن لە ناسراوانی سەردەمی کۆچبەریەکەی جەنابی دولامۆلەوە گەرمە. ئەم بەڕێزانە داهاتێکی حەوت هەشت هەزار فرانکیان هەبوو. چواریان لایەنگری ڕۆژنامەی کوتیدین و سیانیشیان سەر بە گازت دو فرانس[١٠٥] بوون. یەکێک لەمانە هەموو ڕۆژێک چیرۆکێکی دەرباری شا ئەگێڕایەوە کە وشەی «دڵپەسەند»ی زیاد لە پێویست بەکار ئەهێنا. ژوولیەن بینی ئەم کابرا پێنج مەدالیای هەیە، لە کاتێکا ئەوانیتر لە سێ دانە زیاتریان نەبوو.

لە لایەکی ترەوە دە خزمەتکار لە بەرگی بە بریقوباقدا لە ناو دالآنەکە بوون و بە درێژایی شەو، هەر چارەکە و جارێک دۆندرمە یان چایان ئەدا بە میوانەکان و لای نیوەشەویش نانی شێوان و شامپانیا ئەهاتە سەر مێزەکەیان.

لەبەر ئەمەش بوو کە ژوولیەن هەندێجار تا کۆتایی شەو لە هۆڵەکە ئەمایەوە. لە لایەکی ترەوە نەیئەزانی گوێ لە گفتوگۆی هەمیشەیی ناو ئەم هۆڵە پڕ لە شکۆ و زەڕنیگارە بگرێ یان نا؟ سەیری ئەکردن تا بزانێ بە قسەکانی خۆیان پێئەکەنن یان نا؟ بە خۆی ئەوت: «جەنابی دومستەر کە من نووسینەکەیانم لەبەرە، سەد جار لەمانە جوانتر قسەی کردووە، سەرەڕای ئەمەش لە ڕادەبەدەر ماندووکەرە.»

ژوولیەن تەنها کەسێک نەبوو کە پەی بەم بێزارییە پەنگخواردووە دەروونیە بردبێ. هەندێک بە خواردنی دۆندرمەی زۆر دڵی خۆیان خۆش ئەکرد و ژمارەیەک بەوەی کە کۆتایی شەو بڵێن: «تازە لە ماڵی جەنابی مارکیز دولامۆل هاتوومەتە دەرەوە و لەوێ بیستم

١٠٥ـ Gazette de France.

کە ڕوسیە» و هتد... و هتد.

ژوولیەن لە زمانی یەکێک لە مەراییکەرانەوە بیستبووی، کە نزیکەی شەش مانگ لەمەوبەر، خاتوو دولامۆل پاداشی بیست ساڵ بەشداربوونی بەردەوامی بارۆن لۆ بورگینیۆنی ڕەبەنی بەوە داوەتەوە، کە کردوویەتی بە پارێزگار لە کاتێکا لە سەردەمی «بووژانەوەی پاشایەتی»یەوە[١٠٦]، جێگری پارێزگار بووە.

ئەم ڕووداوە مەزنە غیرەتی ئەم بەڕێزانەی بزواندبوو. بەر لەوە بۆی هەبوو لە هەموو شتێکی بچکۆلانە هەڵبچن. بەڵام ئیتر لە هیچ شتێک تووڕە نەئەبوون. کۆتاییکردن لە ڕێزلینان و مەراییکردن زۆر بە دەگمەن و ڕەنگە بە شێوازی ناڕاستەوخۆ، ئەگینا ڕووی نەئەدا. بەڵام ژوولیەن لە سەر سفرە، لەپڕ دوو سێ ڕستەی زۆر کورتی لە زمانی مارکیز و ژنەکەیەوە بیستبوو کە بۆ ئەو کەسانەی لایان دانیشتبوون، زۆر توند و گورچووبڕ بوو. ئەم مەزنە پاکنەژادانە هەرکەس کە سوارانی فایتوونەکانی پاشایەتی نەبوایە، لە ناخی دڵەوە بە سووک و ناڕەسەن دائەنا. ژوولیەن بینی کە دوو وشەی جەنگی خاچپەرستان تەنها زاراوەیەکە کاریگەریەکی قووڵ و پڕ لە ڕێز لە ڕوخساریاندا بەدی ئەهێنێ. ڕێزگرتنی هەمیشەیی ئەمانەش بەردەوام ڕەگەیەکی زێدەڕەوی و مەراییکردنی تیابوو.

لە نێوان ئەم شکۆمەندی و بێزارییەدا، ژوولیەن جگە لە جەنابی دولامۆل کەسی بە دڵ نەبوو. ڕۆژێک لە ڕۆژان، بە خۆشی لە زمانی ئەوی بیست کە هیچ نەخشێکی لە پێشکەوتنی ئەم لۆ بورگینیۆنەدا نەبووە. ئەمە چاکەیەک بوو بەرامبەر بە مارکیز. ژوولیەن ڕاستییەکەی لە زمانی ڕەبەن پیرار بیستبوو.

ڕۆژێکیان کە ڕەبەن پیرار لەگەڵ ژوولیەن لە پەرتووکخانەی مارکیز خەریکی ڕاگەیشتن بە ناکۆکییە وەرجاوەند و بێکۆتاییەکەی

---

١٠٦- Restoration.

«فریلەر» بوون، ژوولیەن لەپڕ وتی:

ــقوربان، پێم بڵێ با بزانم، ئایە شێوکردن لەگەڵ خاتوو دولامۆل ئەرکی سەرشانی منە یان میهرەبانی نواندنی ئەوانە بەرامبەر بە من؟

قەشە کە بە توندی هەڵچووبوو، وتی:

ــئەمە شانازییەکی گەورەیە! جەنابی ئەندامی کۆڕی زانیاری کە پانزە ساڵی ڕەبەقە شەو و ڕۆژ وا لە دەرگانەیان، هەتا ئێستاش نەیتوانیوە ئەم شانازییە بۆ برازاکەی جەنابی تانبوو، بەدی بهێنێ!

ــقوربان من ئەم بەشە بە دژوارترین بەشی کارەکەی خۆم ئەزانم. لە فێرگەی ئاینی کەمتر لێرە بێزار ئەبووم. نەخوازە هەندێجار خاتوو دولامۆلیش، کە ئەبوا لەگەڵ ناسکی و نەرمی دۆستانی ماڵەکەی ڕاهاتبێ، ئەبینم لە بێتاقەتیدا باوێشک ئەدا. لەوە ئەترسم نەکا خەو بمباتەوە. تکات لێ ئەکەم دەرفەت بۆ من وەربگرن کە بتوانم لە چێشتخانەیەکی چل لیرەیی کەس نەناس نانەکەم بخۆم.

قەشە کە بۆ خۆی تازەپیاکەوتوویەکی تەواوەتی بوو، ئارەزووی ئەوە بوو کە لەگەڵ خانەدانان ببێت بە هاوسفرە. لەو کاتەدا کە هەوڵی ئەدا ئەم لایەنە لە ژوولیەن بگەیەنێت، دەنگێکی کورت بووە هۆی ئەوەی سەریان وەربگێڕن بەرەو دەنگەکە. ژوولیەن، کونتێس ماتیلدی بینی کە گوێی لێڕاگرتوون. ژوولیەن سوور هەڵگەڕا. ماتیلد هاتبوو بۆ پەرتووکێک و هەموو شتێکی بیستبوو. ڕێز و سەرنجی بۆ ژوولیەن پتر بوو. بە خۆی وت: «ئەمەیان وەک ئەم پیرە قەشەیە بۆ نۆکەری دروست نەبووە. خوایە گیان، چەندە دزێوە!»

لە سەر سفرە ژوولیەن ڕووی نەبوو بڕوانێتە مادمازێل دولامۆل، بەڵام ماتیلد گەورەیی کرد و لەگەڵی دوا. ئەو ڕۆژە چاوەڕوانی هاتنی میوانێکی زۆر بوون. مادمازێل دولامۆل داوای

لێکرد لە هۆڵەکە بمێنێتەوە. کچانی پاریس، پیاوانی پیریان خۆش ناوێ، بە تایبەت ئەگەر بەرگی ڕازاوەیان لەبەر نەبێ. ژوولیەن بە بێ ئەوەی پێویستی بە هۆشمەندییەکی زۆر هەبێ، بە ئاسانی لەوە گەیشت کە هاوکارەکانی جەنابی لۆ بورگینیۆن کە لە هۆڵەکە ماونەتەوە، بوون بە گاڵتەجاری قەشمەرییەکانی مادمازێل دولامۆل. ئەو ڕۆژە، مادمازێل دولامۆل، چ بە ئەنقەست و چ بە ڕێکەوت، ڕەفتارێکی توند و ڕەقی بەرامبەر کەسانی ماندووکەر هەبوو.

مادمازێل دولامۆل، چەقی ئەو دەستە بە ژمارە کەمە بوو کە کەم تا کورتێک هەموو شەو لە پشت کورسییە گەورەکەی مارکیزەوە کۆ ئەبوونەوە. مارکیز دو کرۆزنۆوا و کونت دو کەیلۆس و ڤیکونت دو لوز و دوو سێ ئەفسەری تر لە هەڤالانی نوربێر، یان خوشکەکەی هەمیشە لەوێ بوون. ئەم بەڕێزانە لە سەر قەنەفەیەکی شینی گەورە دائەنیشتن. لە کۆتایی قەنەفەکە، بەرامبەر بەو شوێنەی کە جێگەی ماتیلد بوو، ژوولیەن ئارام و بێدەنگ لە سەر کورسییەکی حەسیری زۆر ئاسایی دائەنیشت. ئەم بابەتە مایەی ئێرەیی و بەخیلی زۆر لە شالووزان بوو. نوربێر هەموو شەوێک یەک دوو جار قسەی لەگەڵ ژوولیەن ئەکرد یان یەک دوو جار ناوی ئەهێنا. بەم جۆرە، باشنووسەری جەوانی باوکی، بە شێوەیەکی شیاو لەو شوێنەدا ڕائەگرت. ئەو ڕۆژە مادمازێل دولامۆل لێی پرسی، بەرزایی ئەو لوتکەی بزانسۆنی لە سەر دروستکراوە، چەندە؟ ژوولیەن نەیتوانی بڵێ کە ئەم لوتکەیە لە مونمارتر بەرزتر یان کورتترە. زۆر جار لە ناخی دڵەوە بە قسەکانی ئەوان پێئەکەنی، بەڵام خۆیشی لە زانینی ئەو جۆرە پرسیارانە نەشارەزا بوو. ئەم شتانە وەکو زمانێکی بێگانە بوو ک ژوولیەن تێیان ئەگەیشت، بەڵام توانای ئەوەی نەبوو قسەیان پێبکات.

دۆستانی ماتیلد، دوژمنایەتیەکی سەختیان لەگەڵ ئەو کەسانە هەبوو کە ئەمڕۆ میوان کرابوون، لەبەر ئەوەش کە دۆستانی ماڵەکە ئاشناتر بوون، پێیان باش بوو سەرەتا سەر بخەنە سەر ئەم دەستەیە. ئەتوانرێ بوترێ کە ژوولیەن سەرنجی بۆ لای ئەم شتانە ڕاکێشرابوو. هەموو شت خولیایەکی لە لای ئەورووژاند. هەم بناغەی ڕووداوەکان و هەم جۆری ئەم گاڵتە پێکردنە لەلای، شایانی سەرنجدان بوون.

ماتیلد وتی:

ــئاه، کونت دێسکۆلی هات! ئیتر بارۆکەی لە سەر نییە. ڕاستە ئەیەوێ بە هۆی بەهرەی هەڵکەوتوویەوە ببێ بە پارێزگار و ئەو سەرە تاسەی، کە ئەڵێن کانی بیر و هۆشی ناوازەیە خستۆتە بریقانەوە؟

مارکیز دو کرۆزنۆوا وتی:

ــکابرایەکە هەموو گۆی زەوی ئەناسێ. دێ بۆ ماڵی کاردیناڵی مامیشم. ئەتوانێ هەر کام لە هاوڕێیانی بۆ چەندین ساڵ بە درۆیەکەوە سەرگەرم بکات، ئینجا دووسەد سێسەد هاوڕێشی هەن. ڕێگەی بەهێزکردنی دۆستایەتی ئەزانێ. توانایەکی باشی لەم کارەدا هەیە. بەو ڕواڵەتەوە کە ئەیبینی، لە وەرزی زستاندا، کاتژمێری حەوتی بەیانی، سەرتاپا گوڵ، لەبەر دەرگای ماڵی هاوڕێیەکیدا قیت ئەبێتەوە. جارجارە تووشی دڵێشان ئەبێ و حەوت هەشت نامە بۆ پەرەپدانی دڵێشانەکە ئەنووسێ. پاشان هەوڵئەدا ئاشت بکاتەوە؛ حەوت هەشت نامەی ئامادەی هەیە بۆ ژیانەوەی دۆستایەتی. بەڵام لەبەر ئەوەی ڕازی دڵی بە ڕاشکاوی ڕابگەیەنێ و وەکو پیاوێکی ڕاستگۆ هیچ لە دڵی خۆیدا ڕانەگرێ، لەو کاتانەدا زیاتر سەرنج ڕائەکێشێ و کاتێک کە پێویستی بە سۆز و میهرەبانی هەیە، ئەم فێڵ و تەڵەکەیە دێتە ئاراوە. یەکێک لە

بریکارەکانی مامم بەسەرهاتی ژیانی کونت دێسکۆلی لە سەردەمی «بووژانەوەی پاشایەتی» زۆر چاک ئەزانێ. ئەبێ ڕۆژێک بیهێنم بۆ ئێرە.

کونت دو کەیلۆس وتی:

ــبەهـ! من بڕوام بەم قسانە نییە! ئەمانە زادەی ئێرەیی و کێبەرکێیە و لای خەڵکانی بەرچاوتەنگەوە سەرچاوە ئەگرێ.

مارکیز وتی:

ــناوی کونت دێسکۆلی لە مێژوودا ئەمێنێتەوە. پاشایەتی نوێ بە یارمەتی ئەم و مەتران دوپڕاد و جەنابی دوتالیران و پوتسۆدی بورگۆ ژیاوەتەوە.

نوربێر وتی:

ــئەم کابرایە، ملیۆنەها پارەی داوە و وەرگرتووە و ئاوەز و تێگەیشتنی من، پێی وا نییە تەنها بۆ بیستنی لومە و توانجەکانی دوژمنکارەکانی باوکم بێ بۆ ئێرە. چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەوسەری مێزەکەوە هاواری ئەکرد: «دێسکۆلی خۆشەویستم چەند جار خیانەتت لە دۆستانت کردووە؟»

مادمازێل دولامۆل هاتە دەنگ:

ــبەڕاستی خیانەتی کردووە؟ جا کێ هەیە خیانەتی نەکردبێ؟

کونت دو کەیلۆس بە نوربێری وت:

ــوەو، جەنابی سەنکلەری ئازادیخوازی بەناوبانگیش میوانی ئێوەیە؟! ئەو بۆچی لێرەیە؟ ئەبێ لێی نزیک بکەومەوە و قسەی لەگەڵ بکەم و ناچاری بکەم لەگەڵم بدوێ. ئەڵێن زۆر زیرەکە.

مارکیز دو کرۆزنۆوا وتی:

ــدایکت چۆن ڕێگەی ئەدا؟ ئەم کابرایە بۆچوونی شێتانە و بەجۆش و تا بڵێی سەربەخۆخوازانەیە.

مادمازێل دولامۆل وتی:

ـــ سەیرکە سەربەخۆخوازەکەت تا کوێ لە بەرامبەر جەنابی مارکیز دولامۆلدا ئەنووشتێتەوە و دەستی ئەگرێ. وا بزانم خەریکە ماچیان ئەکات!

مارکیز دو کرۆزنۆوا وتی:

ـــ دێسکۆلی ئەبێ لەوەی کە ئێمە پێمان وایە، باشتر لەگەڵ دەسەڵاتداران بجووڵێتەوە.

نوربێر وتی:

ـــ سەنکلەر بۆ ئەوە هاتوچۆی ئێرە ئەکات، چونکە ئەیەوێ ببێ بە ئەندامی کۆڕی زانیاری.

ئەوسا ڕوو لە دو کرۆزنۆوا درێژەی دا:

ـــ سەیر ئەکەی چۆن لە بەرامبەر بارۆن دا کڕنۆش ئەبا؟

ڤیکونت دو لوز وتی:

ـــ ئەگەر چۆکی دابدایە بەو ئەندازەیە بێشەرمی نەبوو.

نوربێر وتی:

ـــ سۆرێلی ئازیزم، تۆ کە تێگەیشتنت هەیە و تازە لە لوتکە بەرزەکانی لای خۆتانەوە داگەڕاوی، هەوڵبدە تەنانەت لە بەرامبەر پەروەردگاریشدا وەک ئەم هۆنەرە گەورەیە سەر دانەنەوێنی.

مادمازێل دولامۆل وەک لاساییکردنەوەی ئەو خزمەتکارەی کە هاتنی جەنابی لو بارۆن باتۆنی ڕائەگەیاند، دەنگی خۆی گۆڕابوو، وتی:

ـــ ئاه، ئەوەش پیاوی خاوەن ئاوەز هاتە ژوورەوە!

کونت دو کەیلۆس وتی:

ـــ وا بزانم تەنانەت نۆکەرەکانیش پێی پێئەکەنن. حەی لەو ناوە؟ بارۆن باتۆن؟

ماتیلد وتی:

ـــ چەند ڕۆژ بەر لەمە ئەیوت جا ناو چییە؟ دووک دوبۆلۆن

بهێننە پێش چاوی خۆتان کە بۆ یەکەم جار ناویان هێنا؟! بە ڕای من خەڵکی هەتا ئێستەش لەگەڵ ئەم ناوە ڕانەهاتوون.

ژوولیەن لای قەنەفەکە ڕۆیشت. هێشتاش ئەو خۆشییەی لە گاڵتەپێکردنێکی بچکۆلەدا هەبوو، تێ نەئەگەیشت. بۆ ئەوەی گاڵتەیەک بیخاتە پێکەنین، پێی وا بوو ئەبێ بناغەکەی لە سەر ئاوەز و چاکە دانرابێ. لە توانجی ئەم جەوانانەدا ئەوەی هەبوو بڕوبیانوو و گاڵتەپێکردن بوو، ئەمەش ئەی شەمزاند. خۆگرتنی شارستانی یان ئینگلیزی ئەو تا ئەوێ چوو، کە ئەم لۆمەکردنەی بە نیشانەی ئێرەیی بردن دانا و بێگومان بە هەڵەدا چووبوو.

بە خۆی ئەوت: «کۆنت نۆڕبێر، کە لەبەر چاوی من بۆ نووسینی نامەیەکی بیست دێڕی بۆ سەرهەنگەکەی، سێ پێشنووسی نووسیوە، ئەگەر لە هەموو تەمەنیدا، لاپەڕەیەکی وەکو نووسینەکانی جەنابی سەنکلەری بنووسیایە، زۆر شادمان ئەبوو!»

ژوولیەن کە بە هۆی گرنگ نەبوونییەوە، ڕۆیشت و کەس ئاگای لێ نەبوو. لە چەند دەستەی ئێرە و ئەوێ نزیک بوویەوە. لە دوورەوە ئاگای لە بارۆن باتۆن بوو و ئەیویست قسەکانی ببیسێ. ئەم کابرایە زۆر قۆشمە و دارەتێکی هەڵچووی هەبوو و تا ئەو کاتەی سێ چوار ڕستەی بەکاکڵی پەیدا نەکرد، ئوقرەی نەگرت. ژوولیەن هەستی کرد گیانێکی وەها هۆشمەند، پێویستی بە کەشێکی فراوان هەیە بۆ ئەوەی بشکوێ.

بارۆن نەیئەتوانی توانجی نەستەق بهاوێ. چونکە بۆ ئەوەی بتوانێ سەرکەوتنێک بە دەست بهێنێ، لانیکەم پێویستی بە چوار ڕستە هەبوو کە هەرکامیان شەش دێڕ بێ.

یەکێک لە پشت سەری ژوولیەنەوە وتی:

ــئەم کابرایە قسە ناکات، ئەهۆنێتەوە!

ژوولیەن وەرگەڕا و کە ناوی کونت «شالڤێ»ی بیست لە

خۆشیان سوور هەڵگەڕا. ئەم کابرایە، وشیارترین و وردبینترین پیاوی سەردەمی خۆی بوو. ژوولیەن بە زۆری ناوی ئەوی لە «یاداشتەکانی سەن هێلن» و ئەو مێژووانەی لە زمانی ناپۆلیۆنەوە نووسرابوون، دیبوو. کونت شالڤێ کورت قسەی ئەکرد. نوکتەکانی بروسکە بوون، توند و تیژ و کاریگەر! هەر کات باسی شتێکی ئەکرد، دەسبەجێ هەستت ئەکرد لەو وتووێژەدا بۆ پێشەوە چوونێک ڕووی داوە. کاتی قسەکردن بەڵگە و سەلماندنی ئەهێنایەوە. گوێگرتن لە قسەکانی چێژی هەبوو. لە لایەکی تریشەوە لە ڕامیاریدا، تەوسهاوێژێکی چوختی بوو.

ڕوو لە میوانێک کە سێ مەدالیای هەبوو و وا دیار بوو کەوتبوویە بەر پلاری ئەو، وتی:

ــمن سەربەخۆم! بۆ ئەتەوێ ئەمڕۆش هەمان بۆچوونم هەبێ کە شەش حەفتە بەر لەمە هەمبوو؟ ئەگەر وابێ بۆچوونەکەم ئەبێ بە بڕیادەری کەڵەگا بە سەرمەوە!

چوار پیاوی ڕازاوەی گەورە و گران کە دەوریان دابوو، ڕوویان ترشاند. ئەم بەڕێزانە حەزیان لە گوتەی شۆخ نەبوو. کونت زانی زیاد لە پێویست توند ڕۆیشتووە. خۆشبەختانە چاوی بە جەنابی بالآنی مەزن، ئەم تارتۆفە ڕاستگۆییە کەوت کە دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵی. کونت لە قسەکردن بەردەوام بوو. جەماوەر لێیان کۆبوونەوە و زانیان بالآنی هەژار هەر ئێستە ئەبێ بە قوربانی. جەنابی بالآن سەرەڕای ڕواڵەتی دزێوی و پاش پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، کە باسکردنی زۆر دژوارە، بە یارمەتی ڕەوشت و پەیڕەویکردنی بنەماکانی ڕەوشت، ژنێکی زۆر دەوڵەمەندی هێنا کە پاش ماوەیەک مرد. پاشان ژنێکی دەوڵەمەندی تری هێنا، کە لە هیچ کۆڕ و میوانییەکی خانەدانەکان نابینرێ. بە بێ هەرا داهاتێکی شەست هەزار فڕانکی هەیە و خۆشی هەندێ

پەسنگۆی هەیە. کونت شالڤێ، باسی هەموو ئەم شتانەی کرد و بە بێ بەزەییش لێیان دوا. هەر زوو بازنەیەکی سی کەسی لە دەوریان کۆ بوویەوە. هەر هەموو، تەنانەت جەوانانی سەنگین و مایەی هیوای بەیانیش، پێئەکەنین.

ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «ئەم کابرایە کە بەم جۆرە مایەی گاڵتەی ئەم کۆڕەیە، بۆ دێ بۆ ئەم ماڵە؟» بۆ ئەوەش کە لە ڕەبەن پیرار بپرسێ لێی نزیک بوویەوە.

جەنابی باڵان لە هۆڵەکە چووە دەرەوە.

نوربێر وتی:

ــباشە، ئەوا یەکێک لە سیخوڕەکانی باوکم ڕۆیشت. ئیتر جگە لە لە «ناپیە شەل» کەس نەماوە.

ژوولیەن لای خۆی وتی: «نەکا کلیلی مەتەڵەکە لێرەدا بێ؛ بەڵام ئەگەر وایە مارکیز بۆ باڵان ڕێگە ئەدا بۆ ماڵی خۆی؟!»

ڕەبەن پیراری مۆن لە گۆشەیەکی هۆڵەکە بە بیستنی ناوی میوانە تازەکان لە زمانی خزمەتکارەکە، ناوچاوی نایە یەک و وەکو «بازیل» ئەیوت:

ــئەم هۆڵە هێلانەی بەدکارانە، جگە لە ناکەس، کەس نایەتە ژوورەوە.

ڕاستەکەی ئەوە بوو کە قەشەی سەختگیر ئاگای لە نیشانەکانی کومەڵگەی ئاریستۆکراتەکان نەبوو، بەڵام لە ڕێگەی دۆستانی ژانسنیستی خۆیەوە، سەبارەت بەو کەسانەی بە هۆی بەهرە و هوشیاری زۆریان ئەکەونە تەک پارتیەکان و لەو ڕێگەیەوە یان لە سایەی سامانی بێ سامانیان، خۆیان ئەکەن بە میوانی ئاریستۆکراتەکان، زانیاری زۆر لەباری بەدەست هێنابوو. ئەو شەوە، بۆ چەند خولەکێک، بە میهرەبانی پەردەی لە سەر ڕازی دڵی هەڵدایەوە و وەڵامی پرسیارە تامەزرۆکانی ژوولیەنی دایەوە.

پاشان لەوەی کە ئەبێ خراپەی هەموو کەسێک بڵێ پەژارە دایگرت و لەوە زیاتر هیچی نەوت. ژیانی ئەم کابرا قوشقی و ژان‌سنیستە کە بڕوای بە چاکە هەبوو وەکو ئەرکێکی ئاینی، لە ناو ئەم کۆمەڵگەی دەوڵەمەندانە، سەرتاپا کێشە و ململانێ بوو.

کاتێک کە ژوولیەن لە قەنەفەکە نزیک بوویەوە، مادمازێل دولامۆل وەهای پێوت:

ــ ئەم قەشە پیرە چ ڕواڵەتێکی ئەرژەنگی هەیە!

ژوولیەن تووڕە بوو و ڕەنجا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەق بە کونتێس بوو. ڕەبەن پیرار، بە بێگومان لەو هۆڵەدا جیاوازی لەگەڵ هەموو بەشداران هەبوو. بەڵام ڕوخسارە زیبکاوییەکەی، کە لەبەر زۆری شڵەژان و دڵەڕاوکە، ویژدانی هەژاندبوو، لەو کاتەدا ڕواڵەتێکی دزێو و ناشیرینی پێ بەخشیبوو. ژوولیەن بە خۆی وت: «کە وا بوو لەمەولا نابێ ڕواڵەت بکەم بە بەڵگەی داوەری کردن! لەو کاتەدا کە ویژدانی پاکی ڕەبەن پیرار بە هۆی گوناهێکەوە خۆی بە شیاوی سزادان ئەزانێ، ڕوخساری دارەتێکی زۆر ترسناک بە خۆیەوە ئەگرێ. لە کاتێکا لە ڕوخساری ئەم «ناپیە»دا، کە سیخوڕێکی ناسراوی باش و خراپە، مرۆڤ بەختەوەریەکی پاک و ئاسوودە ئەبینێ. سەرەڕای ئەمەش ڕەبەن پیرار لە پێناوی دەستەکەی خۆیدا، زۆر گیانبازی کردبوو؛ خزمەتکارێکی گرتبوو و جلێکی زۆر جوانی لەبەر کردبوو.»

ژوولیەن شتێکی سەیری لە هۆڵەکەدا بینی و ئەویش وەرگەڕانی سەرەکان بوو بەرەوە دەرگاکە و ئەو بێدەنگییەی لەپڕ کەوتەوە. خزمەتکار هاتنی بارۆن دو تولی بەناوبانگی ڕائەگەیاند کە بە هۆی هەڵبژاردنەوە، هەموو سەرنجەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. ژوولیەن چووە بەرەوە و باش سەیری کرد. بارۆن سەرۆکی چاودێری ناوچەیەکی هەڵبژاردن بوو. ئەم بیرە هاتبوو

بە مێشکی‌دا کە لاپەڕە بچووکەکانی دەنگدانی یەکێک لە پارتەکان بدزێت. بەڵام بۆ ئەوەی لاسەنگیەکە زۆر دیار نەبێ، دەنگی تری بە ناوی کەسانی ترەوە خستبوویە جێگەی ئەو دەنگانە. چەند کەس لە دەنگدەران ئەم فێڵەیان بینی و دەسبەجێ پیرۆزباییان لە بارۆن دوتولی کرد. ئەم پیاوە باشە لە ئەنجامی ئەو کارە گرنگەدا، هێشتاش ڕەنگی نەهاتبوویەوە سەر خۆی. هەندێ کەسی ناجسن باسی گرتن ئەکەن. جەنابی دولامۆل زۆر بە ساردی وەریگرت. بارۆنی ڕەبەن بە پەلە هەڵات.

کونت شالڤێ وتی:

ــئاوا زوو ئێمەی بەجێهێشت و بە پەلە ڕۆیشت کە بچێ بۆ لای جەنابی «کونت»(١٠٧).

هەر هەموو کەوتنە پێکەنین.

لە ناو ژمارەیەک لە خانەدانە خامۆش و بێدەنگ و پیلانگێڕەکان، کە زۆربەیان فێڵباز و ناوزڕاون، بەڵام هەر هەموویان زیرەکن و ئەو شەوە یەک لە دوای یەک لە هۆڵی ماڵی جەنابی دولامۆل، کە ناوی بۆ سەرەک وەزیری ئەبرا، لەنگەریان ئەخست، تانبووی جەوانیش خەریکی یەکەم جەنگی خۆی بوو و هەرچەند هێشتاش خێرایی پێویستی لە تێگەیشتن‌دا نەبوو، بەڵام وەک ئەی بینین، بە هۆی ڕەوانبێژییەوە قەرەبووی لایەنەکانی تر ئەکاتەوە.

کاتێک کە ژوولیەن لە دەستەکەی خۆی نزیک ئەبوویەوە، تانبو خەریک بوو ئەیوت:

ــبۆ نابێ دە ساڵ زیندانی بۆ ببڕنەوە؟ ئەم خشۆکانە ئەبێ لە قووڵایی زیندانێکی قووڵ و تارێکدا ڕابگیرێن. ئەم دەستەیە ئەبێ لە زیندان‌دا لەناو ببرێن، ئەگینا ژەهریان دێتە کوڵ و کوشندەتر ئەبێ. چ قازانجێک ئەکەین ئەگەر هەزار فرانکیان لێ بسێنرێ؟

١٠٧ـ تەڕدەستی بەناوبانگی سەردەم.

هەژارە؟ باشە، باشتریش. پارتەکەی جەریمەکەی بۆ ئەبژێرێ. سزای ئەبێ پێنجسەد فڕانک و دە ساڵ زیندانی تاریک بێ.

ژوولیەن کە شێوازی توند و ئاگرین و بزاوتنی شڵەژاوی هاوکارەکەی ئەبینی، بە خۆی وت: «خوایە گیان! تۆ بڵێی ئەو دەعبایە کێ بێ کە باسی ئەکەن؟»

ڕوومەتی بچووک و بێگۆشتی برازای خۆشەویستی ئەندامی کۆڕی زانیاری لەو ساتەدا نەفرەتبار بوو. ژوولیەن هەر زوو بۆی دەرکەوت کە بابەتی وتووێژەکە گەورەترین هۆنەری ئەو سەردەمەیە(١٠٨).

ژوولیەن بە دەنگێکی تا ڕادەیەک بەرز، وتی:

ـئەی جانەوەر!

فرمێسکی جوامێرانە چاویان تەڕ کرد و لە دڵی خۆیدا وتی: «ئاخ، هەتیوە بەرەڵڵا، ئەگەر سزای ئەو قسانەت نەخەمە ناو دەستت.» دیسان بیری کردوەوە: «بەڵام خۆ ئەمانە پێشڕەوی ئەو پارتەن کە مارکیز یەکێکە لە سەرکردەکانی! ئەم پیاوە بەناوبانگەی کە کەوتۆتە بەر پلاری تۆمەتی ئەو، ئەگەر خۆی، ناڵێم بەم دەوڵەتە بێگیانەی دوبرڤاڵ، بەڵکوو ئەگەر بە یەکێک لەم وەزیرە پاکانە بفرۆیشتایە، کە هاتنی هەموویانمان بە دوای یەکدا بینیوە، چیها نیشان و پلەی دەست نەئەکەوت!»

ڕەبەن پیرار لە دوورەوە ئەماژەی بە ژوولیەن کرد. جەنابی دولامۆل شتێکی پێ وتبوو. ژوولیەن لەو کاتەدا سەری داخستبوو و گوێی لە ناڵەکانی کاردیناڵێک ڕاگرتبوو. بەڵام ئەوەندەی بۆی پەرژا و توانی لە هەڤاڵەکەی نزیک ببێتەوە، بینی تووشی بووە بە تووشی ئەم تانبو نەگریسەوە. ئەم بەچکە دێوە قەشەیەی بە

١٠٨ ـ Pierre‌ـJean de Béranger، برانژە، کەبە بەستەبیژی گەلەری هەموو سەردەمەکان ناوبراوە لە دیسامبری ساڵی ١٨٢٨دا گیرا و ١٠،٠٠٠ فڕانک سزا درا (١٧٨٠ـ ١٨٥٧).

سەرچاوەی ئەو بەخششە ئەزانی کە ژوولیەن لێی بەشدار بوو، بۆیە ڕقی لێی بوو و بەدرۆ هاتبوو بۆ خزمەتی. مەرگ کەی لەم گەندەڵی و بۆگەنە کۆنە ڕزگارمان ئەکات؟ ئەم بەچکە نووسەرە، بەم شێوازە و بەم گوتە جوانەی ئینجیل، کە لەمکاتەدا باسی لۆرد هۆلاندی مەزن ئەکرد. تانبو لە بەسەرهاتی زیندووەکانی باش ئەزانی و زیرەکییەکەی لەوەدا بوو هەموو ئەوانەی بەسەر کردبوویەوە کە ڕەنگ بوو لە سەردەمی پاشای تازەی ئینگلیزدا ئارەزوو و خولیای دەسەڵاتێک لە دڵیان‌دا خەملاّبێ.

ڕەبەن پیرار چوو بۆ هۆڵێکی تەنیشت ئەم هۆڵە. ژوولیەن بە دوای‌دا ڕۆیشت. قەشە وتی:

ــئەمەوێ لەم خاڵە تێت بگەیەنم کە مارکیز نووسەرانی بێ هونەری خۆش ناوێ و تەنها مایەی بێزاری و شەمزانی ئەمەیە. ئەگەر بتوانی زمانی لاتین و زمانی یۆنانی و مێژووی میسر و فارس و شتی لەم بابەتە فێر ببی، ڕێزت لێئەگرێ و بەرزت ئەکاتەوە و وەکو زانایەک پشتیوانیت لێئەکا. بەڵام تەنانەت یەک پەڕەش بە زمانی فەڕانسە مەنووسە، بە تایبەت ئەگەر دەربارەی شتی گرنگ و گەورەتر لە پلەوپایەی خۆت لە کۆمەڵدا مەنووسە. چونکە ئەوسا نازناوی نووسەری بێ هونەر وەرئەگری و ڕقیان لێت ئەبێتەوە. تۆی نیشتەجێی جانەدانێکی وەها مەزن چۆن ئاگات لە گوتەکانی دووک دوکاستری دەربارەی دالامبێر و ڕۆسۆ نییە: ئەم کابرایە مشتومڕ لە سەر هەموو شت ئەکات، کەچی هەزار فرانکیش داهاتی نییە!

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «لێرەش وەکو فێرگەی ئاینی ئاگایان لە هەموو شت هەیە!»

هەشت نۆ پەڕەی زۆر دژواری نووسیبوو. ئەم هەشت نۆ لاپەڕە پەسنی مێژووی ژیانی نەشتەرگەری پیر بوو، کە وەک خۆی

ئەیوت ژوولیەنی کردبوو بە پیاو. ژوولیەن بە خۆی وت: «ئەو شوێنەی ئەم نووسینگەی تیابوو، هەمیشە داخرابوو!»

چوویەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، دەستنووسەکانی سووتاند و گەڕایەوە بۆ هۆڵەکە. بەرەڵڵای بە بریقوباق ڕۆیشتبوون. جگە لەوانەی خاوەن مەدالیا، کەس نەمابوو.

بە دەوری مێزێکەوە کە خزمەتکاری ڕازاوە هێنابوویان، حەوت هەشت ژنی مەزن و دیندار و خۆگری سی و سیوپێنج ساڵان دانیشتبوون. ژنە جوان و پرشنگدارەکەی مارشاڵ دوفرڤاک کە بە هۆی دوا کەوتنیەوە تا ئەو کاتە داوای لێبووردنی ئەکرد، هاتە ژوورەوە. شەو لە نیوەشەو تێپەڕیبوو. ڕۆیشت و لای مارکیزەوە دانیشت. ژوولیەن زۆر بە توندی هەژا؛ چاوەکانی و نیگای ئەم ژنە چەند لە خاتوو دورێنال ئەچوو.

دەستەکەی مادمازێل دولامۆل هێشتا بڵاوەی نەکردبوو و، کونتێس لەگەڵ هەڤاڵەکانی خەریکی گاڵتەکردن بە کونت دوتالێری نەگبەت بوون. ئەم کابرایە تاقە کوڕی ئەو جوولەکە بەناوبانگە بوو کە لە ڕێگەی قەرزدان بە شاکان، بۆ جەنگی نێوان وڵاتان، سامانێکی یەکجار زۆری بەدەست هێنابوو. جوولەکە مردبوو و داهاتێکی سەد هەزار فرانکی مانگانەی بۆ کوڕەکەی بەجێ هێشتبوو. ئەم بارە سەیرە پێویستی بە کەسایەتییەکی ساکار یان هەتەر و پلاندانانێکی بەهێز هەبوو.

بەدبەختانە هەرچەند کونت، پیاوێکی ساکار و باش بوو، بەڵام لە ئەنجامی هاندانی مەراییکەران لە خۆی گۆڕابوو و بەرزەفڕی لێدەرچووبوو.

بەڕای کونت دو کەیلۆس، وا لە خۆی گۆڕابوو کە ناردبووی بۆ خوازبێنی مادمازێل دولامۆل کە مارکیز دو کرۆزنۆوا خاوەنی نازناوی دووک و سەد هەزار فرانک داهات، دەزگیرانی بوو.

نوربێر بە دەنگێکی ئاوێتەی دڵ پێسووتان و سووکایەتی وتی:
ــتکایە، تۆمەتی ئەوە مەخەنە پاڵ ئەم پیاوە کە ئەڤانی هەیە!
ئەوەی لە هەموو زیاتر، بۆ ئەم کونت دوتالێرە نەگبەتە پێویست بوو، هێزی ئیرادە و هەر لەبەر ئەم «ئەدگار»ەش شیاوی پاشایەتی بوو. هەرچەند بەردەوام لە هەموو لایەکەوە ئامۆژگاری ئەکرا، کەچی هێشتاش جەربەزەی ئەوەی نەبوو لە سەر پێشنیازێک تا کۆتایی بەردەوام بێ.
مادمازێل دولامۆل ئەیوت:
ــبەس ڕوخساری بۆ ئەوە بەسە کە خۆشی هەمیشەیی لە دڵی مندا بدەی بێت.
ئەم ڕوخسارە تێکەڵەیەکی سەمەرەی نائومێدی و دڵەڕاوکێ بوو. بەڵام جارجارە هەڵچوونێکی مەزنایەتی و شێوازێک لەو گوتنە لێبڕاوە لەم ڕوخسارەدا ئەبینرا، کە ئەبوایە لە دەموچاوی داراترین پیاوی فەڕانسەدا ببینرێ؛ لە هەموو زیاتریش ئەو کاتەی کە ئەم کابرا دەوڵەمەندە زۆر قۆز بێت و تەمەنیشی لە سیوشەش کەمتر بێ. مارکیز دو کرۆزنۆوا ئەیوت: «ئەم کابرایە بێشەرمییەکی شەرمنانەی هەیە!» کونت دوکەیلۆس و نوربێر و دوان سیانێکی سمێڵی، ئەوەندەی دڵیان حەزی لێبوو، تەوس و تەشەریان لەم پیاوە دا و کۆتاییەکەی کاتێک کە کاتژمێر زەنگی یەکی پاش نیوەشەوی لێدا، بەڕێیان کرد.
نوربێر وتی:
ــلەم هەوا بارانییەدا، ئەسپە عەرەبییەکانت لەبەر دەرگا چاوەڕێت ئەکەن.
کونت دوتالێر وەڵامی دایەوە:
ــنەخێر، ئەم جووتە تازەیە و زۆر هەرزانترم کڕیون. ئەسپی لای چەپ بە پێنجهەزار و ئەوەی لای ڕاستیش زیاتر لە سەد

دراوی زێڕم پێنەداوە. بەڵام بڕوا بفەرموون کە ئەم دووانە تەنها شەوانە لە فایتوون ئەبەستن، چونکە چوار ناڵەیان وەکو چوار ناڵەی دووانەکەی ترە.

را دەربڕینی نوربێر، ئەو بۆچوونەی لای کونت دروست کرد کە بۆ کەسانی ئەو، کە حەزیان لە ئەسپە وا باشترە ئەسپەکان لەبەر باران ڕانەگرن. کونت کەوتە ڕێ و ئەم بەڕێزانەش پاش ساتێک، بە دەم گاڵتە و پێکەنینەوە چوونە دەرەوە.

ژوولیەن کە دەنگی پێکەنینەکەیانی لە پلیکانەکانەوە ئەبیست، لای خۆی وتی: «کە وا بوو ڕێگەم پێدرا کەسێکی پێچەوانەی خۆم ببینم! من بیست دراوی زێڕ داهاتم نییە و خۆیشم لای کەسێکەوە ئەبینم، کە هەر کاژێرەو بیست دراوی زێڕی داهاتە و کەچی لە کۆڵی نەئەبوونەوە! دیاردەی وا بۆ ئەوە ئەبێ ئێرەیی پێ ببەی.»

بەندی V

# هەستی ناسکی و ژنەی دیندار

بچووکترین بیری زیندوو لایان کەتنە،
چونکە لەگەڵ قسەی بێ کاکڵ ڕاهاتوون،
وەی لەو کەسەی بیری تازە لە قسەیدا بێت!
(فۆبلاس)[١٠٩]

پاشی چەند مانگ ڕەنج و تاقیکردنەوە، ئەو ڕۆژەی کە سەرکاری ماڵەکە مووچەی وەرزی سێیەمی ژوولیەنی دا، کاری لەم قۆناغەدا بوو. جەنابی دولامۆل ئەم کارەی خستبوویە ئەستۆی ئەو، کە سەرپەرشتی زەویوزارەکەی بکات لە برتانی و نورماندی. ژوولیەن ناوبەناو بەم کارانە ڕائەگەیشت. گەورەترین ئەرکی داڕشتنی ئەو نامانە بوو کە پەیوەندی بە کێشە بەناوبانگەکەی جەنابی مەتران دوفریلەرەوە هەبوو. ڕەبەن پیرار هەندێ فێرکاری پێدابوو.

مارکیز لە پەراوێزی هەموو جۆرە نامەیەکدا یاداشتێکی کورتی ئەنووسی و ژوولیەن لە سەر بناغەی ئەم یاداشتە قلی بلیە نامەی ئەنووسی کە هەر هەموویان واژۆیان وەرئەگرت.

لە فێرگەی ئاینی، مامۆستاکانی گلەییان لە کەم کارکردنی ئەو هەبوو، کەچی سەرەڕای ئەمەش وەکو یەکێک لە بەرجەستەترین خوێندکارانیش چاویان لێئەکرد. ئەم کارە جۆراوجۆرانە کە بەرزەفڕی لاوازی ژوولیەن بەو توند و تیژییە بە دەستییەوە

---

١٠٩ ـ فۆبلاس

گرتبوو، ئەو ڕەنگ و ڕووە گەشەی لە شارستانەوە هێنابووی، زۆر زوو لێی ڕفاندبوو. ئەم ڕەنگە مات و پەڕیوە لە لای هاوڕێیانی خوێندکاری، بە لێهاتوویی دائەنرا. ژوولیەن کڕنۆشبردنی ئەمانەی بەرامبەر بە دراوی سێ فرانکی، لە سەردانەواندنی خوێندکارەکانی فێرگەی ئاینی بزانسۆنیش بە کەمتر و سووکانەتر ئەزانی. ئەم هەڤاڵە تازانە پێیان وا بوو ژوولیەن تووشی دەردەباریکە بووە. مارکیز ئەسپێکی پێدابوو.

ژوولیەن، لەبەر ئەوەی نەکا کاتی سواری یەکێک لەمانە ببینێ، پێی وتبوون لە سەر بڕیاری دکتۆر ئەم وەرزشە ئەکات. ڕەبەن پیرار چەند جارێک بردبووی بۆ کۆبونەوەی دەستەی ژانسنیست. ژوولیەن سەرسام بوو. وێنای ئاین لە مێشکی ئەودا بە شێوەیەکی مسۆگەر تێکەڵ بوو بە فێڵ و ڕیا و بەدەستهێنانی پارە و سامان. بەڵام پەسنی ئەم دینداره پاکیزە و توندڕەوانەی کرد کە گوێیان لە «بووجە» نەبوو. هەندێ لە ژانسنیستەکان سۆزیان بۆی بزوا و ئامۆژگارییان کرد؛ دنیایەکی تازە لەبەر چاوی‌دا کرایەوە. لە کۆڕی ژانسنیستەکان لەگەڵ پیاوێک ئاشنا بوو بە ناوی کونت ئاڵتامیرا کە بالای ئەگەیشتە شەش پا، مرۆڤێکی دیندار و ئازادیخواز بوو کە لە وڵاتەکەی خۆی حوکمی مەرگی بەسەردا درابوو.

پەیوەندی نێوان ژوولیەن و کونت نوربێر سارد بوو. نوربێر ئەیبینی کە ژوولیەن زۆر بە توندی وەڵامی گاڵتەی هەڤاڵانی ئەداتەوە. ژوولیەن کە یەک دوو جار بۆ ئەوەی بێ ئەدەبی نەکردبێ، کۆتا هاتبوو، لەگەڵ خۆی پەیمانی بەستبوو کە ئیتر لەگەڵ کونتێس ماتیلد قسە نەکات. لە کۆشکی دولامۆل بەردەوام بە ڕێزەوە لەگەڵی ئەجووڵانەوە. بەڵام ئەیبینی لە پلەی پێشووی خۆی دابەزێنراوە. ئاوەزی شارستانی ژوولیەن، ئەم گۆڕانەی بە هۆی ئەم پەندە سادەوە لێک ئەدایەوە، کە ئەڵێ: ئەوەی تازەیە

جوانە!

ڕەنگە هەستی ڕەوشەنبینی لە ڕۆژانی سەرەتا پتر ببوو یاخود ئەو ئەفسوونە سەرەتاییەی لە سەلاری و ژیاری پاریسییەکانەوە سەرچاوەی هەڵئەبەست، ئیتر نەمابوو.

ئەوەندەی کارەکەی تەواو ئەبوو، پەژارەیەکی کوشندە دایئەگرت. ئەم خەمە بەرەنجامی ئەو ئەدەبە شیاوەیە کە بۆتە هۆی سەردەست بوونی ئاریستۆکراتەکان. بەڵام ئەم ئەدەبە بەرجەستەیە وەها کەوتۆتە ناو کۆت و بەندی پێوەر و ئەندازەوە و بە گوێرەی هەر کەسێک لە کۆمەڵدا، پلەبەندی کراوە کە ئاوی گیان ئەچنێ و تووشی خەمۆکی ئەکات. ئەو دڵەی هەستەوەرە بە ئاسانی خۆبادان و درۆ ئەبینێ.

خۆ ئەکرێ شارستانی لۆمە بکرێ چونکە کەم ئەدەبە. بەڵام کاتێک کە وەڵامی پرسیارتان ئەداتەوە، تۆزێک ئەهەژێ و شاگەشکە ئەبێ. دفرەی ژوولیەن هەتا ئێستە لە ماڵی دولامۆل نەشکێنرابوو. سەرەڕای ئەوەی کە ئێوارەی لێ ئەهات، حەزی ئەکرد بە کوڵ بگری. لە شارستان ئەگەر کاتی چوون بۆ چاخانەیەک، ڕووداوێک ڕوو بدات، پێشخزمەتی ئەو چاخانەیە، سۆزی بۆت ئەبێ و ئەگەر ئەم ڕووداوە شتێک بێ کە دفرەی و متمانەی مرۆڤ تێک بشکێنێ، ئەم پێشخزمەتە بەدەم دڵسۆزی کردنەوە، وشەی وا ئەڵێت کە ئازارت بدات. بەڵام لە پاریس، ئاگایان لێیە بە نهێنی پێت پێبکەنن، بەڵام بۆ هەمیشە هەر نامۆیت.

باسی ئەو ڕووداوە بچکۆلانانە ناکەین کە ئەگەر ژوولیەن تۆزێک شیاوی گاڵتە پێکردن بوایە، چیها گاڵتەی پێ ئەکرا. بەرهەستییەکی لە ڕادەبەدەر وای کردبوو هەزار هەڵسوکەوتی کاڵ و کرچ ئەنجام بدات. هەموو شادییەکانی لە دووربینیەوە سەرچاوەی ئەگرت؛ هەموو ڕۆژێک بە دەمانچە تەقەی ئەکرد.

لە شمشێربازی‌دا شاگردی بەناوبانگترین شمشێربازان بوو. ئەوەندەی دەرفەتێکی بۆ ئەلوا، لەبری ئەوەی وەک ڕابوردوو پەرتووک بخوێنێتەوە، ئەچوو بۆ مەیدانی فێربوونی ئەسپ سواری و داوای ئەکرد سەرکەشترین و چەمووشترین ئەسپی بۆ بهێنن. لە سوارییەکانی لەگەڵ مامۆستای فێرکاری یانەی ئەسپ سواری، بەردەوام لە سەر ئەسپەکەیەوە هەڵئەدرایە خوارەوە.

مارکیز، بە هۆی سووربوونی لە سەر کار و زیرەکی و لەسەرخۆ بوونی، ئەوی بە مرۆڤێکی ئارام و هێور ئەزانی و وردە وردە بەڕێوەبردنی هەموو ئەو کارانەی تۆزێک تێکەڵ و پێکەڵ بوو، بەو ڕاسپارد. لەو ساتانەدا کە بەرزەفڕی لە ڕادەبەدەری دەرفەتی تۆزێ حەسانەوەی بۆ ئەڕەخساند، بە وشیاری و لێزانییەوە بازرگانی ئەکرد. بوونی لە پلەیەکی وەها باڵادا وای کردبوو ئاگای لە هەواڵە تازەکان هەبێ و بە سەرکەوتوویی ئاڵوێری ئەکرد. خانووی کڕی، جەنگەڵی کڕی. بەڵام مارکیز زۆر بە خێرایی تووڕە ئەبوو. سەدان دراوی زێڕی ئەدا و بۆ سەدان فڕانک قڕەی ئەکرد. ئەوانەی کە زیاد لە پێویست دەوڵەمەندن و بیریان بەرزە، حەزیان لە سەرگەرمی و خۆشییەکەتی، نەک بەرەنجامی کارەکە. مارکیز پێویستی بە یەک سەرۆکی نووسینگە هەبوو کە هەموو کاروباری دارایی و ئابووری ئەو بخاتە چوارچێوەی بەرنامەیەکی ژیرانەی زیرەکەوە.

خاتوو دولامۆل لەگەڵ ئەوەی کەسایەتییەکی لەبار و خۆڕاگریشی هەبوو، جارجارە گاڵتەی بە ژوولیەن ئەکرد. ئەم کارە چاوەڕوان نەکراوە کە زادەی هەستی خێرایە، خاتوونە گەورەکان ئەتۆقێنێ. ئەمە پێچەوانەی هەموو نەریتێکە. دوو سێ جار مارکیز داکۆکی لێکرد: «ئەم جەوانە ئەگەریش لای ئێوە جێگەی گاڵتە بێ، بەڵام لە کار و لە نووسینگەی خۆی سەردارێکی سەرکەوتووە.» ژوولیەن لە

ئاستی خۆیەوە وای زانی کە ڕازی مارکیزی دۆزیوەتەوە. کاتێک کە هاتنی بارۆن دولاژومات بەم ژنە ڕائەگەیەنرا، حەز و وازی ئەچوویە سەر هەموو شت. ئەم بارۆنەش کابرایەکی سارد بوو بە ڕواڵەتێکەوە کە هیچ لێی کاریگەر نەبوو. وردیلە و باریکەلە و بە تەواوەتی خۆشپۆش بوو. لە کۆشک ئەژیا و دەربارەی هیچ شتێک قسەی نەئەکرد. ئەمە بوو بۆچوونەکەی! ئەگەر خاتوو دولامۆل بیتوانیایە بیکات بە مێردی کچەکەی، بۆ یەکەمین جار لە هەموو تەمەنیدا بە بەختەوەریەکی بێوێنە ئەگەیشت.

بەندی VI

# بێـــــژە

راسپاردەی شکۆداریان، داوەریکردنی
خەمساردیانە لە سەر ڕووداوی ورد و درشتی ژیانی
نەتەوەکان، ئاوەزی ژیریان ئەبێ ڕێگە لە هەڵچوونی ڕقی
مەزنیان بگرێ کە بە هۆی سۆنگەی بچووکەوە ڕوو ئەدا،
یان ئەو ڕووداوانەی کە دەنگۆ لە دووردەدەست
ئەیانگۆڕێ!
(گراسیۆس)

سەبارەت بە کەسێک کە تازە لە زێدی خۆیەوە هاتووە و لەبەر لووتبەرزی هیچ ناپرسێ، گەوجیەکانی ژوولیەن زۆریش گەورە نەبوو. ڕۆژێکیان کە بە هۆی شەستە ڕەهێڵەیەکەوە لەپڕ خۆی کرد بە چاخانەیەک لە کۆڵانی سەن ئۆنۆرە، کابرایەکی زلە کە سەرداریيەکی تووکی سەگڵاوکی لەبەر بوو، لە نیگای مۆن و لێڵی قارەمانەکەی ئێمە سەرسام بوو و ڕێک وەکو فاسقەکەی خاتوو ئەماندای بزانسۆن لێی ڕوانی!

ژوولیەن بە ڕادەیەک لە وەڵام نەدانەوەی ئەو نیگای یەکەمە پەشیمان بوو، کە نەیتوانی قورسایی ئەم نیگایە قبووڵ بکات. پرسیاری کرد بۆ وا سەیری ئەکا. کابرای سەرداری لەبەر دژوارترین جنێوی پێدا؛ ئەوەی لە چاخانە بوو، دەوریان دان. ژوولیەن بە گوێرەی پارێزی شارستانی خۆی هەمیشە دەمانچەی بچووکی لەگەڵ خۆی هەڵئەگرت. بە لەرزینێکەوە ئەم دەمانچانەی

لە ناو گیرفانی‌دا ئەگووشی، بەڵام هێشتاش ئاوەزی خۆی لەدەست نەدا. بەڵام وەک کاتژمێر پاتەی ئەکردەوە: «پێم بڵێ ماڵت لە کوێیە؟ من بە بە هیچوپوچت ئەزانم.»

بەردەوامیی ژوولیەن لە پاتەکردنەوەی ئەم چەند وشەیەدا، سەرەنجام کاری کردە سەر کابرا:

ـ تۆ بڵێ! ئەوەی لەخۆڕا قسە ئەکا ئەبێ ناونیشانی خۆی بدا.

کابرای سەرداری لەبەر، بە بیستنی ئەم وشانە کە بەردەوام ئەوتران، پێنج شەش بیزنیس کارتی بۆ سەروچاوی ژوولیەن هەڵدا. بەڵام خۆشبەختانە هیچی لێی نەکەوت. لەگەڵ خۆی مەرجی کردبوو تا ئەو ساتەی زەبرێکی بەرنەکەوتووە، دەمانچە بەکار نەهێنێ. کابرا چووە دەرەوە، بەڵام تا دەرچوونی چەند مشت و جنێوی هاویشت.

ژوولیەن شەلاڵی ئارەقە بوو. بە ڕق و بوغزەوە بە خۆی وت: «واتە، چرووکترین مرۆڤیش ئەتوانێ تا ئەم ڕادەیە قەڵسم بکات! ئەم خێرا هەڵچوونە چۆن لە کۆڵ بکەمەوە، کە ئەوەندە ئەبێتە مایەی سەرشۆڕی؟!»

شایەتێک لە کوێ پەیدا بکات؟ دۆستێکی نەبوو. چەند ئاشنایەکی پەیدا کردبوو. بەڵام ئەم ناسراوانەش پاش شەش حەفتە لێی دوور ئەکەوتنەوە. بە خۆی وت: «بۆ دۆستایەتی ناشێم و ئەمەش سزامە!» سەرەنجام دای لە سەری بچی بۆ یەکێک لە ئەفسەرانی پێشووی تیپی نەوەد و شەش بە ناوی لیەڤن، بگەڕێ. ڕەبەنێک بە زۆری شمشێربازی لەگەڵ ئەکرد. ژوولیەن سەری دۆستایەتی لەگەڵی داخستبوو.

لیەڤن وتی:

ـ ئامادەم ببم بە شایەتی تۆ بەڵام بە مەرجێک. ئەگەر هات و خەنیمەکەت بریندار نەبێ هەر لەوێ لەگەڵ من دوێل بکەی!

ژوولیەن بە سەرسوورمانەوە وتی:

ــ ئامادەم!

لە بنەکانی گەڕەکی سەن ژێرمەن، لە سەر ناونیشانی کارتەکان، گەوتنە گەڕان بە دوای س. د. بۆڤازی.

کاتژمێر حەوتی بەیانی بوو. کاتێک کە ژوولیەن هاتنی خۆی ڕائەگەیاند، لەپڕ لە دڵی خۆی‌دا وتی: «نەکا ئەم کابرایە خزمە جەوانەکەی خاتوو دورێنال بێ کە لە ڕابوردوودا ئەندامی باڵوێزخانەی ڕۆما یان ناپڵ بوو و نامەیەکی ڕاسپاردەشی دابوو بە جرۆنیمۆی گۆرانیبێژ؟»

ژوولیەن یەکێک لەو کارتانەی کە دوێنێ بۆ حەوا درابوو، لەکەڵ کارتێکی خۆی دابوو بە خزمەتکارەکە.

ئەو و شایەتەکەی بۆ ماوەی سێ چارەک چاوەڕێیان کرد. سەرەنجام بران بۆ تەلارێک کە زۆر ڕێک و ڕازاوە بوو. گەنجێکی بەخۆیان بینی کە وەکو لەیستۆک جلی لەبەر کردبوو. ڕواڵەتی ئەم جەوانە نموونەی جوان و ئایەخی یۆنانی بوو. سەری زۆر باریک بوو و لە تاجێکی قووچەک ئەچوو کە جوانترین قژی زێڕین داپۆشابوو. ئەم قژە ئەوەندە بە وردی خەم و پێچی پێدرابوو، کە تەنانەت تاڵی لە تاڵی نەئەکەوت. ئەفسەری تیپی نەوەد و شەش بە خۆی وت: «ئەم گەوجەی نەگریسە بۆ ئەم قژ داهێنانەی ئێمەی ڕاگرتبوو.» ڕۆبێکی ڕەنگاوڕەنگ و پانتۆڵێکی بەیانە و هەموو شت تەنانەت سۆلە گوڵدۆزی کراوەکەی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر شۆراو و خاوێن بوون. ڕواڵەتی گێل و گەورەی، لێهاتوویی و بێمێشکی ئەنواندەوە. ئەم ڕواڵەتە ئەوپەڕی پیاوێکی نیازپاک و ترسێنەر و ڕق لە گاڵتە و خۆڕاگری ئەنواندەوە.

ئەفسەری تیپی نەوەد وشەش بە ژوولیەنی وتبوو کە فڕێدانی کارت بەو شێوەیە و چاوەڕێ ڕاگرتنی خەڵکی، جۆرێکی تری

سووکایەتیکردنە. ژوولیەن کە ئەم ڕوونکردنەوەی بیستبوو، بە جەربەزەوە چوو بۆ لای جەنابی دوبۆڤازی. ئەیویست گوستاخ بێ، بەڵام لە هەمان کاتدا پەروەردەی جوانیش پیشان بدات.

رواڵەتی جەنابی دوبۆڤازی و نەرمی ڕەفتاری کە لە هەمان کاتدا فەرمی، گرینگ و خۆپەسەندانە بوو، لەگەڵ ئەو شتانەی بە دەوروبەرییەوە بوو وەها کاری کردە سەری کە بۆ ساتێک هەڵوێستی ڕەفتاری گوستاخانەی لە بیر بردەوە. ئەم مرۆڤە ئەو خەنیمەی دوێنێ نەبوو. بە ڕادەیەک سەری لە بینینی ئەم کەسایەتییە ڕێکوپێکە و ئەو کەسە ڕەقە کرێتەی لە چاخانە بینیبووی، سوورڕمابوو، نەیئەزانی چی بکات! یەکێک لەو کارتانەی بۆی فڕێدرابوو پیشان دا.

کابرای شیک و ڕازاوە کە جلە ڕەشەکەی ژوولیەن لە کاتژمێری حەوتی بەیانیدا، بڵێی نەڵێی ڕێزێکی لای بەدیهێنابوو، وتی:

ــناوەکە ناوی منە، بەڵام تێناگەم چۆن بووە...

وتنی ئەم وشانەی دوایی، ڕقە خەوتووەکەی ژوولیەنی ڕاساندەوە:

ــئەڵێم من بۆ دوێل هاتووم بۆ ئێرە!

ئینجا بە یەک هەناسە هەموو باسەکەی بۆ ڕوون کردەوە.

جەنابی شارل دوبۆڤازی پاش بیرکردنەوە و ڕامان، لە بڕین و دوورینی جلەکانی ژوولیەن زۆر ڕازی بوو و لە هەمان کاتدا کە گوێی لە قسەکانی ژوولیەن ڕاگرتبوو، بە خۆی ئەوت: «ئەم جلانە ئەبێ دوراوی ستۆب بێ. وا پێئەچێ. ئەم ئێلەگە نیشانەی حەزی جوانە، ئەو بووتانە ناوازەیە، بەڵام ئەو چاکەتە ڕەشە و بەم بەیانییە زووە!» سوارچاک دوبۆڤازی جارێکی تر بیری کردەوە: «وا دیارە ئەم جلانەی لەبەر کردووە کە باشتر خۆی لە برینی تیر بپارێزێ.»

ئەوەندەی ئەمەی لای خۆی ساخ کردەوە، دووبارە کەوتەوە ڕێزنواندن و لەگەڵ ژوولیەن وەکو هاوشانێکی خۆی جووڵایەوە. گفتوگۆ درێژ بوویەوە. بابەتێکی ناسک بوو. بەڵام کۆتاییەکەی، ژوولیەن ئەیتوانی خۆی لەوە بدزێتەوە کە لە لای ئاشکرا بوو. ئەو جەوانە پاکنەژادەی لە بەرامبەر خۆی‌دا ئەی بینی، لەگەڵ ئەو مرۆڤە گوستاخە دڕەی دوێنێ جنێوی پێدابوو، زۆر جیاواز بوو.

دوودڵ بوو لەوەی وازبهێنێ یان نا؟ ئەیزانی ڕۆیشتن قەڵسی ئەکا. هەوڵی دا زیاتر بیر لە خۆپەسەندی سوارچاک دوبۆڤازی بکاتەوە، کە خۆی بەمناوە ناساندبوو و زۆری پێناخۆش بوو کە ژوولیەن بە جەناب بانگی کردبوو.

ژوولیەن ئەو سەنگینیەی کابرای بەدڵ بوو کە ئامێتەی خۆپەسەندی بوو و بۆ ساتێکیش لەبیری نەئەچوویەوە. لە جووڵانی زمانی کابرا کاتی بێژەی وشەکان سەری سووڕمابوو. بەڵام هەرچی چۆن بێ ئەم شتانە هیچ نیشانەی شەڕاژۆیی تیانەبوو!

ڕامیاری جەوان گەورەیی نواند و پێشنیازی دوێلی قبووڵ کرد. بەڵام ئەفسەری پێشووی تیپی نەوەد و شەش کە یەک کاتژمێر بوو بە قاچی دوور لە یەک و دەست لە سەر ڕان و ئانیشکی بۆ دەرەوە دانیشتبوو، گەیشتبوویە ئەو بەرەنجامەی کە جەنابی سۆرێلی دۆستی، بە گوێرەی ڕێسای ئاڵمانی، نابێ دوێل بکات، چونکە کارتەکانی ئەو کابرایە دزراوە.

ژوولیەن بە تووڕەییەکی کەفچەرێن فڕکەی کردە دەرەوە. فایتوونەکەی سوارچاک دوبۆڤازی لە حەوشە، لەبەر پلیکانەکان‌دا چاوەڕوانی بوو. ژوولیەن، بەڕێکەوت، سەری هەڵێنا و خەنیمەکەی دوێنێی خۆی لە بەرگی عەرەبانەچی‌دا ناسییەوە!

بینینی کابرا و گرتنی یەخە و هەڵدانی بۆ سەر عەرزەکە و بە قامچی بەربوونە گیانی کابرا، یەک خولەکیشی پێنەچوو.

دوو خزمەتکار کەوتنە داکۆکی لە هاوکارەکەیان و ژوولیەن چەند مشتی بەرکەوت و هەمان کات یەکێک لە دەمانچە بچووکەکانی سوار کرد و تەقەی لێکردن. هێرشکەران هەڵاتن و هەموو ئەم بگرە و بەردەیە لە یەک دوو خولەکدا ڕووی دا.

سوارچاک دوبۆڤازی بە سەنگینیەک کە لێی جوانتر هەر نەبوو، لە پلیکانەکان ئەهاتە خوارەوە و بەو شێوازە خانەدانەی خۆی بەردەوام ئەیپرسی: «چی بووە؟ چ باسە؟» بە ئاشکرا دیار بوو مەراقیەتی بزانێ چی بووە، بەڵام پاراستنی نموود و خۆگری ڕێگەی نەئەدا لەوە زیاتر خۆی بە تامەزرۆ پیشان بدات. بەڵام ئەوەندەی زانی چی ڕووی داوە، دارەتی خۆبەزلزانییەکەی لەگەڵ ئەو خەمساردییە شۆخەی ئەبوایە هەمیشە بە ڕوخساری ستاسەتمەدارییەوە ببینرایەت، کەوتنە ململانێ.

ئەفسەری تیپی نەوەد و شەش کە هەستی بەوە کرد، سوارچاک دوبۆڤازی ئەیەوێ شەڕ بکات، هەوڵی دا زیرەکی بکات و بارەکە بە قازانجی هەڤاڵەکەی ڕابگرێ. بۆیە هاواری کرد: «ئێستە، هۆکارێک بۆ دوێل هەیە!» ڕامیار وتی:

ــمنیش پێموایە!

بە خزمەتکارەکانی خۆی وت:

ــمن ئەم بێکەڵکە دەرئەکەم. با یەکێکی تر لێبخوڕێ.

دەرگای فایتوونیان کردەوە. سوارچاک فەرمووی کرد و داوای کرد ژوولیەن و شایەتەکەی بەر لەو سوار ببن. یەکێک چوو بە دوای دۆستێکی سوارچاک دوبۆڤازیدا. ئەم کابرا شوێنێکی ئارام و لەباری بۆ دوێل پیشان دا. لە ناو ڕێ وتووێژەکان ئاسایی بوون و جگە لە سوارچاکی ڕۆب لەبەر، هیچ شتێکی نائاسایی لە ئارادا نەبوو.

ژوولیەن بە خۆی وت: «ئەمانە هەرچەند پاکنەژادن، بەڵام

وەکو ئەوانەی بۆ نانخواردن دێن بۆ کۆشکی جەنابی دولامۆل، وەڕەزکەر نین.» ساتێک پاش ئەوەش لێی زیاد کرد: «هۆکەشی ئەوەیە کە ئەم کەسانە بە پێچەوانەی میوانەکانی کۆشکی مارکیز، لە ئەنجامدانی کاری ناپەسەند تەریق نابنەوە!»

باس باسی ئەو چەند سەماکەرە بوو کە لە باڵێی شەوی پێشوو سەرنجی هەموانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو. ئەو دوو مەزنە ئەماژەیان بەو چیرۆک و نوکتە گاڵتەجاڕیانە بوو کە ژوولیەن و شایەتەکەی، ئەفسەری تیپی نەوەد و شەش، هەر ئاگاشیان لێ نەبوو. خۆی گەوج نەکرد کە بڵێ ئاگای لەو شتانەیە. زۆر بە سانایی ڕایگەیاند ئەو شتانە نازانێ. ئەم ڕاشکاوییە لە لای دۆستەکەی سوارچاک زۆر پەسەند بوو و ئەم سەربردانەی بە دوورودرێژی و زۆر بە باشی بۆ گێڕایەوە.

بابەتێک زۆر بووە هۆی ڕامانی ژوولیەن. ئەو نەزرگەی بۆ دەستەی جەژنی جەستەی خوا لە ناو کۆڵانەکەدا ساز ئەکرا، بۆ ساتێک فایتوونەکەی ڕاگرت. ئەو دوو خانەدانە کردیان بە ڕووداری و کۆڵێک گاڵتەیان پێکردن. بە ڕای ئەوان پێشنوێژ کوڕی کاردینالی گەورە بوو. لە کۆشکی جەنابی مارکیز دولامۆل، کە ئارەزووی ئەوە بوو ببێ بە دووک، کەس نەی ئەوێرا قسەی وا بکات.

دوێل لە چرکەساتێکدا کۆتایی هات. گوللەیەک دای لە بازووی ژوولیەن. قۆڵی بە چەند دەسڕ بەسترا. ئەم دەسڕانەیان بە ئارەقە تەڕ کرد. سوارچاک دوبۆڤازی بە دەنگێکی زۆر سەلار بە ژوولیەنی وت ڕێگە بدات بە هەمان فایتوون ببرێتەوە بۆ ماڵەوە کە پێی هاتبوون. کاتێک کە ژوولیەن تەلاری جەنابی دولامۆلی پیشان دا، ڕامیار و دۆستەکەی نیگایەکیان پێکەوە گۆڕیەوە. فایتوونەکەی ژوولیەن گەیشتبوو؛ بەڵام ژوولیەن گفتوگۆی ئەو دوو خانەدانەی

لە قسەکانی ئەفسەری تیپی نەوەد و شەش، زۆر لا شیرینتر بوو.

ژوولیەن بیری کردەوە: «خوایە گیان! ئەمە بوو دوێل؟ چەندە باش بوو کە ئەو عەرەبانەچیەم دۆزییەوە. چ بەختەوەرییەکی مەزن بوو کە بۆ جاری دووەم لە سووکایەتییەکی وەها خۆشنەبووم.»

وتووێژی شیرین هێشتاش بەردەوام بوو و نەبڕابوویەوە. ژوولیەن ئەوسا بۆی دەرکەوت خۆگرتن و خۆبادانی ڕامیار ئەتوانێ کەڵکیشی هەبێ. بە خۆی وت: «کە وا بوو گێلی بە میرات بە مرۆڤ ناگات! ئەوەتا ئەمانە گاڵتە بە دەستەی سروودخوێنی جەژنی خوا ئەکەن و بەوپەڕی بوێرییەوە بەسەرهاتی زۆر ڕووت بە دوورودرێژی و چێژەوە بۆ یەک ئەگێڕنەوە و تەنها شتێک لێی بپرنگێنەوە گاڵتەکردن بە حکوومەتە. ئەم کێماسییەش لە پشت چێژ و بەلەزەتی قسەکانیاندا شاراوەتەوە و کەس هەستی پێناکات. ژوولیەن لە دڵەوە هەستی بە نزیکی ئەم کەسانە ئەکرد. «چەندە باش ئەبێ ئەگەر بتوانم جارجارە بیانبینم!»

ئەوەندەی لێک جیابوونەوە، سوارچاک دوبۆڤازی هەوڵی دا دەنگوباس بزانێ. دەنگوباسێکی وەهای دەستنەکەوت.

زۆری حەز ئەکرد خەنیمەکەی بناسێ. ئەیتوانی بە شێوەیەکی شیاو بچێ بۆ سەردانی. ئەو هەواڵە کەمەی دەستی خستبوو، هیچی وای تیانەبوو ببێتە هۆی هاندانی.

بە شایەتەکەی خۆی وت:

ــ سامناکە! هەرگیز باوەڕ ناکەم کە من لەگەڵ باشنووسەری سادەی جەنابی دولامۆل دوێلم کردووە، ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی عەرەبانەچیەکەم کارتی بیزنیسەکەمی دزیوە!

ــ مسۆگەر تێکڕای چیرۆکەکە ئەوەندە سەیرە ئەبێتە هۆی گاڵتە پێکردن.

هەر ئەو شەوە، سوارچاک دوبۆڤازی و دۆستەکەی لە هەموو

شوێن بڵاویان کردەوە کە ئەم جەنابی سۆرێلە، کە نەخوازە گەنجێکی لێهاتووشە، ڕۆڵەی سروشتی هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی جەنابی مارکیز دولامۆلە. دەنگۆ، بە بێ کێشە دەماودەم گەڕا. ئەوەندەی دەنگۆ جێی خۆی کردەوە، ڕامیاری جەوان و دۆستەکەی چەند جار چوون بۆ سەردانی ژوولیەن کە بۆ پانزە ڕۆژە لە ژوورەکەی خۆی کەوتبوو. ئینجا ژوولیەن لە لای ئەوان ددانی بەوەدا نا کە لە هەموو ژیانیدا تەنها یەکجار چووە بۆ ئۆپێرا.

پێیان وت:

ــسەیرە! مرۆڤ جگە لە ئۆپێرا مەگەر بۆ کوێ ئەچێ؟ یەکەم ڕۆژ کە لە ماڵ بێیتە دەرەوە، ئەبێ پێکەوە بچین بۆ سەیری ئۆپێرای کونت ئۆری.

لە ئۆپێرا، سوارچاک دوبۆڤازی ئەوی بە گۆرانیبێژ جرۆنیمۆ ناساند کە لەو سەردەمەدا ناوبانگێکی فراوانی پەیدا کردبوو.

ژوولیەن کەم و زۆر خۆشی بە دۆستایەتی سوارچاک ئەهات. تێکەڵەی ڕێز لەخۆگرتن و خۆپەسەندی گەنجانەی ژوولیەنی کردبوو بە شەیدای کەسایەتی ئەو. بۆ وێنە سوارچاک تۆزێک زمانی ئەیگرت، چونکە شانازی ئەوەی هەبوو لە خزمەتی ئاریستۆکراتێکدا بێ، کە ئەو کێماسییەی هەبوو. ژوولیەن هەرگیز ئەیبینیبوو کە تەوسی گاڵتەئامێز و ئەو ڕەفتارەی کە شارستانی ڕەبەن ئەبێ هەوڵبدا لاسایی بکاتەوە، لە لای یەک کەس کۆ بووبێتەوە.

ژوولیەن لە ئۆپێرا لەگەڵ سوارچاک دوبۆڤازی ئەبینرا و ئەم پەیوەندییە ناوی ژوولیەنی بڵاو کردەوە.

جەنابی دولامۆل ڕۆژێک پێی وت:

ــزۆر چاکە! کە وا بوو تۆ کوڕی سروشتی یەکێک لە خانەدانەکانی فڕانش کۆنتەی کە دۆستی گیانی بە گیانی منە!

ژوولیەن هەوڵیدا بڵێت کە ئەو هیچ نەخشێکی لە پەرەپێدانی

ئەو دەنگۆیەدا نەبووە:

ــئەوە سوارچاک دوبۆڤازی بوو کە نەیوستبوو لەگەڵ کوڕە دارتاشێک دوێلی کردبێ...

مارکیز قسەکەی پێ بڕی:

ــئەزانم، ئاگام لێیە. ئێستەش ئەوە ئەرکی منە کە ئەم چیرۆکە پەرە پێبدەم، چونکە بە قازانجی خۆمە. بەڵام داوایەکم لێت هەیە کە لە نیو کاتژمێر زیاتر کاتت ناگرێ. ڕۆژانی ئۆپێرا، کاتژمێر یانزە و نیو کاتێک کە خانەدان و مەزنان لە داڵانەکەن، تۆش لەو ناوە بە. من هێشتاش زۆر ڕەفتاری گوندیانە لە تۆدا ئەبینم. تۆ ئەبێ ئەو خووانە فڕێ دەی. لە لایەکی تریشەوە، خراپ نییە هەندێ لەو کەسایەتییانەی ڕەنگە ڕۆژێک بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی گرنگ بتنێرم بۆ لای، بە دەموچاو بیانناسی. بچۆ بۆ نووسینگەی بلیت فرۆشی ئۆپێرا، خۆتیان پێ بناسێنە. ناوی تۆیان لە لیستەی ئۆپێرادا نووسیوە.

بەندی VII

## دەردەمیران

جا پلەم بەرزکرایەوە،
بەڵام نەک لەبەر ئەوەی شایستە بووم،
لەبەر ئەوەی خودانم تووشی بادای بجوو!
(بێرتۆلۆتی)

ڕەنگە خوێنەر لەم شێوازە ئازاد و با بڵێین دۆستانەیە سەری سوورِ مابێ. لە بیرمان چوو بڵێین ئەوا بۆ شەش حەفتە ئەچوو، کە مارکیز بە هۆی سەرهەڵدانەوەی نەخۆشینی باداری لەماڵەوە کەوتبوو.

مادمازێل دولامۆل و دایکی لە «هایەر» لای دایکی مارکیز بوون. کۆنت نۆڕبێر تەنها چەند ساتێک باوکی ئەبینی. بەرامبەر یەکدی زۆر میهرەبان بوون، بەڵام هیچیان نەبوو بە یەکی بڵێن. جەنابی مارکیز دولامۆل، کە بەناچار ببوو بە هاودەمی ژوولیەن، لە ناسینی بیر و بۆچوونی ژوولیەن سەرسام بوو. ژوولیەنی ناچار ئەکرد ڕۆژنامەی بۆ بخوێنێتەوە. ئەوەندەی پێنەچوو باشنووسەری جەوان، خۆی بابەتە گرنگەکانی هەڵئەبژارد. ڕۆژنامەیەکی تازە هاتبوو کە مارکیز زۆر بە توندی ڕقی لێی بوو. سوێندی خواردبوو هەرگیز نەیخوێنێتەوە و هەموو ڕۆژێکیش باسی ئەکرد. ژوولیەن بەمە پێئەکەنی. مارکیز کە لە دەستی ڕۆژگار زۆر داخ لە دڵ بوو، ژوولیەنی ناچار کرد، بەرهەمەکانی «لیڤای» بۆ بخوێنێتەوە. وەرگێڕانی کورتکراوە لە لاتینەوە سەری گەرم ئەکرد.

ڕۆژێک مارکیز بەو شێوازە پڕ لە ئەدەبەی خۆی، کە بە زۆری ژوولیەنی بێتاقەت ئەکرد، وتی:

ــسۆرێلی ئازیز، دەرفەت بدە با جلێکی شینت وەکو دیاری پێ بدەم، بۆ ئەوەی هەر کات بە پێویستت زانی لەبەری بکەی و بێی بۆ لای من. بەڕای من تۆ بە کوڕی دووەمی کونت دوشۆن، واتە بە کوڕی دۆستم، دووکی پیر دانراویت.

ژوولیەن خۆیشی ئاگای لەوە نەبوو چی ڕوو ئەدا. هەر ئەو شەوە لە بەرگی شین‌دا چوو بۆ لای و مارکیز وەکو هاوشانێک لەگەڵی جووڵایەوە. ژوولیەن خاوەنی دڵێک بوو تامەزرۆی ئەدەبی ڕاست و بێ درۆ، بەڵام ئاگای لە فێڵبازییەکانی ئەدەب نەبوو. بێگومان بەر لەوەی ئەم سەرگەرمییەی مارکیز بێتە ئاراوە، ئەیتوانی سوێند بخوات کە هەتا ئێستە هیچکەس بە ڕێزێکی لەوە زیاترەوە لە لای مارکیزەوە وەرنەگیراوە. ژوولیەن بە خۆی وت: «چ بەهرەیەکی ناوازە!» کاتێکیش هەڵسا بڕوات، مارکیز داوای لێبوردنی لێکرد کە بە هۆی باداری جمگەکانییەوە ناتوانێ هەڵسێ و بەڕێی بکات.

ژوولیەن لەم بیرە سەیرە ڕاما. لە دڵی خۆی‌دا وتی: «نەکا ئەیەوێ گاڵتەم پێ بکات؟» بۆ ڕاوێژ چوو بۆ لای ڕەبەن پیرار. قەشە کە بە ئەندازەی مارکیز سەلار نەبوو، لەبری ئەوەی وەڵام بداتەوە، فیکەیەکی لێدا و کەوتە باسکردنی بابەتێکی تر. بەیانی ئەو ڕۆژە، ژوولیەن بە جلی ڕەشەوە بە جانتاکەی خۆیەوە نامە ئامادەکانی برد بۆ لای مارکیز بۆ واژۆکردن. ژوولیەن بە شێوازی کۆن وەرگیرا. کاتێک کە شەو جلی شینی لەبەر کرد جۆرێک لەگەڵی جووڵانەوە کە لەگەڵ ڕەفتاری سەرلەبەیانی بە تەواوەتی جیاواز بوو و وەک ڕەفتاری شەوی پێشوو ئەوپەڕی ڕێز و ئەدەبی لەگەڵ بوو!

مارکیز پێی وت:

ــوەک دەرئەکەوێ سەردانی میهرەبانانەت لە پیرەمێردێکی ڕەبەن و کەوتوو زۆر ماندووت ناکات، کە وا بوو ئەبێ بە ڕاشکاوی هەموو لایەنە ورد و دڕشتەکانی ژیانت بۆ من باس بکەیت و بەس ئاگات لەو لایەنە بێ کە هەموو شتەکان بە زمانێکی پاراو و شیرین بگێڕیتەوە.

مارکیز بە دوای ئەم قسانەدا وتی:

ــچونکە ئەبێ خۆمان سەرگەرم بکەین و جگە لەمە ڕاستییەکی تر لە ژیاندا نییە. هیچکەس هەموو ڕۆژێک لە مەیدانی جەنگ ڕزگارم بکات یان هەموو ڕۆژێ یەک ملیۆنم بە دیاری پێ بدات. بەڵام ئەگەر ڕیڤاڕۆڵ، لێرە لە تەنیشت قەنەفەکەم بوایە هەموو ڕۆژێک بۆ کاتژمێرێک لە دەستی دەرد و خەفەت ڕزگاری ئەکردم. لە سەردەمی کۆچبەریم لە هامبۆرگ، نموونەی پیاوێکی مەزنم تێدا بینی.

ئینجا مارکیز، چیرۆکەکانی ڕیڤارۆڵی لەگەڵ هامبۆرگییەکان بۆ ژوولیەن ئەگێڕایەوە، کە بۆ تێگەیشتن لە نوکتەیەک ئەبوایە چواریان بخاتە یەک.

جەنابی دولامۆل کە ناچار بوو لەگەڵ ئەم «بەچکە قەشە»یە هەڵسێ و دانیشێ، لێبڕا کە شادمانی بکات و بیبووژێنێتەوە. دفرەی ژوولیەنی جووڵاند و ژوولیەن کە داوایان لێکردبوو ڕاستگۆ بێ، بڕیاری دا هەموو شتێک بگێڕێتەوە. بەڵام، سەبارەت بە دوو بابەت هیچ نەڵێت، یەکیان پەسنی لە ڕادەبەدەری خۆی بەرامبەر بە کابرای سەرکولْکن کە مارکیز تووڕە ئەکات و ئەوی تریش کەمی بڕوا بە ئاین، کە شیاوی قەشە نییە. گێڕانەوەی دوێلە بچووکەکەی لەگەڵ سوارچاک دوبۆڤازی جێی خۆی گرت. مارکیز لە بیستنی چیرۆکی ئەو قڕەیەی چاخانەکەی کۆڵانی سەن ئۆنۆرە لەگەڵ ئەو

عەرەبانەچییەی کە تێر جنێوی کردبوو، ئەوەندە پێکەنی کە ئاو بە چاویا ئەهاتە خوارەوە. لە پەیوەندی نێوان خودان و شاگردی تایبەت شەرایەکی[١١٠] ڕاستگۆ و جێ متمانە بەدی هات.

جەنابی دولامۆل بوو بە خولیای ئەم گیانە نامۆیە. سەرتا بۆ گاڵتە و خۆشی خۆی، هەڵسوکەوتە گاڵتەئامێزەکەی ژوولیەنی پەسن ئەکرد، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو زیاتر سەرنجی بۆ ئەم لایەنە ڕاکێشرا و وردە وردە کەوتە چاککردنی داوەرییە ناڕاستەکانی ئەم جەوانە، دەربارەی ژیان. مارکیز بە خۆی ئەوت: «گوندییەکانی تر کە دێن بۆ پاریس پەسنی هەموو شت ئەدەن، کەچی ئەمە نەفرەتی لە هەموو شتە! ئەوان هەوڵی هەست و سۆزێکی یەکجار زۆریان هەیە و ئەمەیان هەر هیچ؛ نەزان بە گەوجی ئەزانێ!»

تەوژمی ئازاری باداری لە ئەنجامی سەرمای سەختی زستان بەردەوام بوو و چەندین مانگ درێژەی کێشا.

مارکیز بە خۆی ئەوت: «خەڵکی حەزیان ئەچێتە سەر سەگێکی جوان، من بۆ شەرم ئەکەم کە ئەم جەوانەم خۆش ئەوێ؟ بوونەوەرێکی سەیرە، من وەکو کوڕی خۆم لێی ئەڕوانم. زۆر چاکە، ئەمە بۆ ئەبێ شوورەیی بێ؟ ئەم سەرگەرمییە، ئەگەر بەردەوام بێ، سەرەنجامەکەی ئەوە ئەبێ کە لە ڕاسپاردەکەمدا ئەڵماسێکی بە پێنجسەد دراوی زێڕ بۆ بەجێ بهێڵم!»

ئەوەندەی کە مارکیز لە ورەی بەهێز و ئەڤانی توانای بەرکارە خۆشەویست و جێ متمانەکەی خۆی دڵنیا بوو، هەموو ڕۆژ کاری تازەتری پێ ڕائەسپارد.

ژوولیەن بە سەرسووڕمانەوە هەستی بەوە کرد، کە ئەم خانەدانە مەزنە سەبارەت بە یەک بابەت، فەرمانی وەها ئەدات، کە پێکەوە ناکۆکن یەک لەگەڵ ئەوەی پێشوو جیاوازە.

١١٠ـ شەرا: دارەت، حاڵەت ⇦ چوومە شەرای مەرگ و دیسان گەڕامەوە (چاوە).

ئەم بابەتە بۆی هەبوو بە توندی بەدناوی بکات. ژوولیەن ئیتر بە شێوەی هەڕەمە لەگەڵ مارکیز کاری نەکرد، بەڵکو هەمیشە پەڕاوێکی لەگەڵ خۆی ئەهێنا، کە هەموو بڕیارەکانی تیا ئەنووسی و، مارکیز ڕاستی ئەم بڕیارانەی واژۆ ئەکرد. ژوولیەن، شاگردێکی گرتبوو بڕیاری هەموو بابەتێکی سەرلەنوێ لە پەڕاوێکی تایبەتدا ئەنووسی و جگە لەمە، هەر ئەم پەڕاوە پێشنووسی هەموو نامەکانیشی تیا بوو.

ئەم بۆچوونە سەرەتا بووە هۆی گاڵتە و وەڕەزی. بەڵام لە ماوەیەکی کەمتر لە دوو مانگ مارکیز هەستی بە سوودمەندی ئەو پەڕاوە کرد. ژوولیەن داوای کرد کارمەندێکی بۆ بهێنێ کە لە بانک کاری کردبێ. ئەم فەرمانبەرە ئەبوایە داهات و دەرچووی هەموو زەویوزارە جۆراوجۆرەکانی مارکیز، کە بەڕێوەبردنیان لە ئەستۆی ژوولیەن دایە بە شێوەی بنووسی دووبل[١١١] بنووسێ و ڕایان بگرێ.

ئەم تەگبیر و پێشبینیە بەکەڵکانە وەها مێشکی مارکیزی سەبارەت بە کارەکانی ڕوون کردەوە، کە توانی دوو سێ مامەڵەی تازە بکات، بە بێ سوود وەرگرتن لەو دەلاڵەی کە پارەیەکی باشی لێ ئەخوارد.

ڕۆژێک بە وەزیرە جەوانەکەی خۆی وت:

ــسێ هەزار فرانک بۆ خۆت هەڵبگرە.

ــقوربان، ئەم کارە ڕەنگە ببێتە هۆی ڕەخنە.

مارکیز بە تووڕەیی وتی:

ــئەی تۆ چیت ئەوێ؟

ــمن ئەمەوێ بڕیاری ڕاشکاو بدەن و بڕیارەکەش بە دەستی خۆتان لە پەڕاوەکە بنووسن. جا بەپێی ئەم بڕیارە سێ هەزار

١١١ـ double entry.

فرانک بە من ئەدریّ. جگە لەمەش، ئەو کەسەی کە بیری لەم حەساب ڕاگرتنە کردەوە، ڕەبەن پیرار بوو.

مارکیز، بە ڕواڵەتێکی خەمبارەوە کە مارکیز دومونکادی لە کاتی گوێڕاگرتن بە حەسابەکانی جەنابی پواسۆنی پێشکاری خۆی ئەهێنایەوە بیر، بڕیارەکەی نووسی.

شەو، کاتێک کە ژوولیەن بە جلی شینەوە پەیدای ئەبوو، هیچ باسی مامەڵە و بازرگانی نەئەکرا. میهرەبانی مارکیز بە ڕادەیەک دفرەی برینداری قارەمانەکەی ئێمەی نەوازش ئەکرد کە سەرەڕای حەزی خۆی، خۆشەویستی پیرەمێرد چووە دڵییەوە و هۆگری بوو. بابەتەکە ئەوە نییە کە ژوولیەن، بەو واتایەی کە بەرهەست لە پاریس واتای هەیە، بەرهەست بووبێ. پرسەکە لێرەدا بوو کە ژوولیەن جانەوەر بوو و لە ڕۆژی مەرگی نەشتەرگەری پیرەوە، کەس بەم سۆز و میهرەبانییەوە قسەی لەگەڵ نەکردبوو. بە سەرسووڕمانەوە ئەیبینی کە مارکیز بۆ پاراستنی دفرەی ئەو، ئەوەندە نەرم و بەڕێزە کە نەشتەرگەری پیریش ئەوەندە بە سۆز نەبوو. سەرەنجام ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە شانازی نەشتەرگەر بە خاچەکەی لە شانازی مارکیز بە حەمبەلە شینەکەی زیاتر بووە. باوکی مارکیز خانەدانێکی مەزن بوو.

ڕۆژێک بەیانی کە لە بەرگی ڕەش‌دا بۆ وتووێژ سەبارەت بە کاری بازرگانی چووبوو بۆ لای مارکیز. ژوولیەن، مارکیزی سەرگەرم کرد و مارکیز بۆ ماوەی دوو کاتژمێر ڕایگرت و داوای لێکرد ئەو چەپکە ئەسکەناسەی پێشکارە نهێنییەکەی لە بۆرسەوە بۆی هێنابوو، وەربگرێ.

ــجەنابی لۆ مارکیز، تەماکارم لەو ڕێزە قووڵەی بەرامبەر بە بەڕێزتان هەمە، کەم نەکاتەوە، ئەگەر داوای وتنی چەند وشەیەک بکەم.

ـقسە بکە دۆستی ئازیز!

ـداوام لە بەڕێزتان ئەوەیە ڕێگەم بدەن ئەم بەخششە وەرنەگرم. چونکە ئەم بەخششە بە پیاوی ڕەشپۆش ڕەوا نییە و ئەو گوستاخیانەی کابرای شین پۆش کە بە گەورەیی خۆتان چاوپۆشی لێئەکەن، بە تەواوەتی ئەفەوتێنێ.

ئەوسا سەرێکی دانەواند و بە بێ ئەوەی سەیری دەوروبەری خۆی بکات، چووە دەرەوە.

ئەم ڕەفتارە بوویە هۆی شادمانی مارکیز. مارکیز، شەو قسەکەی بۆ ڕەبەن پیرار گێڕایەوە:

ـڕەبەن پیراری ئازیز، سەرەنجام ئەبێ لە خزمەتی ئێوەدا دان بە شتێکدا بنێم. من ئاگام لە ڕاستەقینەی لەدایکبوونی ژوولیەن هەیە و داوا لە ئێوەش ئەکەم ئەو ڕازە لای خۆتان مەپارێزن.

مارکیز ئەوسا لە دڵی خۆیدا وتی: «ڕەفتاری سەرلەبەیانی ئەمڕۆی مەزنانە بوو و من ناوی خانەدانی لێ ئەنێم.»

ماوەیەک پاش ئەوە، مارکیز سەرەنجام توانی لە ماڵ بچێتە دەرەوە. بە ژوولیەنی وت:

ـبڕۆ دوو مانگ لە لەندەن بمێنەوە. نامەی هاتوو و یاداشتەکانی من لە ڕێگەی تەتەری تایبەت و تەتەرەکانی ترەوە ئەگاتە دەستت. تۆ وەڵامی نامەکان ئەنووسی و هەموو نامەیەک لەگەڵ پاشکۆکەی ئەنێریتەوە بۆ من. لێم کۆڵاوەتەوە، لە پێنج ڕۆژ زیاتر دوا ناکەوێ.

ژوولیەن کە بە خێرایی لە جادەی «کەلێ»دا ئەڕۆیشت، لە بێ سوودی ئەو کارە ڕامابوو، کە مارکیز بە هۆیەوە ئەینارد بۆ لەندەن.

باسی ئەوە ناکەین بە چ نەفرەت و چ ترسێکەوە پێی خستە سەر خاکی ئینگلیز. خۆشەویستی شێتگیرانەی ژوولیەن بۆ بۆناپارت، لە هەمووان ئاشکرا بوو. هەموو ئەفسەرێکی بە «سێڕ

هۆدسن لوو» ئەزانی و هەموو ئاریستۆکراتێکی بە «لۆرد بات هێرست» دائەنا. هەمان ئاریستۆکرات کە نەنگی بێ بەزەییانەی سەن هێلن، بە فەرمانی ئەو ئەنجام درا و لە پێناوی ئەوەدا دە ساڵ وەزیری پێ بەخشرا.

لە لەندەن، سەرەنجام گەمژەیی توندڕەوەکانی ناسی. لەگەڵ خانەدانە ڕووسەکان، کە نهێنییەکانی ژیانیان پیشان ئەدا، دۆستایەتی خۆش کرد. پێیان ئەوت:

ــسۆرێلی ئازیز، تۆ قەبڵێنراوی قەزا و قەدەری. ڕواڵەتی تۆ ئەو ڕواڵەتە خەمسارد و گوێنەدەرەیە کە هەزار فرسەنگ لە هەستی دەم و کات دوورە، کە ئێمە ئەو هەمووە هەوڵ ئەدەین پێی بگەین.

شازادە کۆرازۆف پێی ئەوت:

ــتۆ لە پێزەی ئەم سەدەیە نەگەیشتوویت: هەمیشە پێچەوانەی ئەوە بکە کە خەڵکی چاوەڕێیە! سوێندت بۆ ئەخۆم ئەمە تەنها ڕێبازی ئەم سەردەمەیە. نە خۆت شێت بکە و نە پۆزلێدەر بە. چونکە ئەوسا داوات لێ ئەکەن دێوانە بی و خۆت با بدەی و تۆیش ناتوانی لە دەورگێڕان بەردەوام بی.

ژوولیەن، ڕۆژێ لە هۆڵی «دووک دوفیتز فۆڵک»، کە لەگەڵ شازادە کۆرازۆف بۆ نانی شێوان بانگهێشتن کرابوو، زۆر شانازی مەزنی دەستکەوت. کوڕەکە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر چاوەڕوان بوو. ڕەفتاری ئەو ڕۆژەی ژوولیەن لە نێوان ئەو بیست میوانە چاوەڕێیەدا، لە نێوان شالیارە جەوانەکانی باڵوێزخانەی لەندەن‌دا هەتا ئێشتەش باس ئەکرێ و شایانی پەسنە.

پێچەوانەی حەزی دۆستان، خۆشپۆش و ڕازاوە بوو و لێبڕا بچێ بۆ دیداری «فیلیپ ڤەین»[١١٢]، ئەو فەیلەسوفە تاقانەیەی

---

١١٢ـ Philip Vane

کە ئینگلیز لە پاش «لاک»[١١٣] بە خۆیەوە بینیوە. فەیلەسوفی بەناوبانگ ساڵی حەوتەمی زیندانەکەی بوو. ژوولیەن بە خۆی وت: «کۆمەڵگەی ئاریستۆکرات لەم وڵاتە گاڵتە هەڵناگرێ. جگە لەمەش ڤەین ئابڕوی چووە و سەرشۆڕ بووە.»

ژوولیەن، ڤەینی بە کابرایەکی دڵ زیندوو هاتە پێش چاو. شێتگیری ئاریستۆکراسی بە گەشی ڕایگرتبوو. ژوولیەن، کاتی هاتنە دەرەوە لە زیندان بە خۆی وت: «ئەم کابرایە تاکە مرۆڤی خۆش و خەندانە، کە لە ئینگلیز بینیم.»

«ڤەین» پێی وتبوو: «وێنای خوا بۆ ستەمەگەران، سودمەندترینی وێناکانە.»

بەشەکانی تری بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسووفە لەبەر ڕەشبینی زۆر باس ناکەین.

کاتی گەڕانەوەی، جەنابی دولامۆل لێی پرسی:

ــ چ بۆچوونێکی خۆشت لە ئینگلیزەوە بۆ هێناوم؟

ژوولیەن بێدەنگ بوو! مارکیز بە توندی وتی:

ــ چ بیرۆکەیەکت بۆ هێناوم، خۆش یان ناخۆش؟

ژوولیەن وتی:

ــ یەکەمیان ئەوەی کە ژیرترین ئینگلیز ڕۆژی یەک کاتژمێر شێتە! دێوی خودکوشی ئەچێ بۆ سەردانی، کە خوای ئەو وڵاتەیە. دووەم، کاتێک کە بەهرە و زیرەکی لە ئینگلیز دائەبەزێ، لە سەتا بیستپێنجی نرخی خۆی لەدەست ئەدات. سێیەم، هیچ شتێک لە دنیادا بە ئەندازەی بەرجەوەنەکانی ئینگلیز، جوان و لەبار و دڵڕفێن نییە.

مارکیز وتی:

---

١١٣ـ جان لاک: John Locke فەیلەسووف ئابووری ناوی تایبەت (١٦٣٢ـ١٧٠٤) ئابووریزان و فەیلەسووفی توانای ئینگلیزی، پەیڕەوی شێوازی دوالیزم و سێنسوالیزم Sensualisme.

ــمنیش لە ئاستی خۆمەوە ئەڵێم؛ یەکەم، بۆ لە بەزمی سەمای باڵوێزی ڕووسیە وتووتە لە فەڕانسە سێسەد هەزار جەوانی بیست و پێنج ساڵان هەیە کە ئارەزوویان بەشداریکردنە لە جەنگدا؟ پێت وایە ئەم قسەیە بۆ شاکان جێگەی دڵخۆشی بێ؟

ژوولیەن وتی:

ــمرۆڤ نازانێ کاتی قسەکردن لەگەڵ ڕامکارە گەورەکان چی بکات؟ شێتی لێدوانی بابەتی گەورەن. ئەگەر کەسێک شتێک لە نوسراوە ئاساییەکانی ڕۆژنامەکان نەڵێت، بە گەوجی ئەزانن؛ ئەگەر جەربەزەی هەبێ و شتێکی تازە و ڕاست بڵێت، سەریان سوور ئەمێنێ؛ وەڵامیان دەستناکەوێ و بەیانی ئەو ڕۆژە، حەوتی سەر لەبەیانی، لە ڕێگەی شالیاری یەکەمی باڵوێزخانەوە پەیام ئەنێرن کە فلانی کارێکی ناشایستی ئەنجام داوە!

ــخراپ نییە. جگە لەمەش ئەی جەوانی وردبین، من گرەو ئەکەم هەتا ئێستەش نەتزانیوە بۆچی چووی بۆ ئینگلیز!

ژوولیەن وتی:

ــداوای لێبوردن ئەکەم. بۆ ئەوە چووم بۆ ئینگلیز تا حەفتەی جارێک لە سەر سفرەی شالیاری شا، کە سەلاری سالارەکانە، شێو بخۆم.

مارکیز وتی:

ــتۆ چوویت بە دوای ئەو مەدالیای خاچەدا کە لێرە ئەیبینی. نامەوێ ناچارت بکەم بەرگە ڕەشەکەت فڕێ دەی. جگە لەمەش بەو شێوازە گەرموگوڕەی لەگەڵ کابرای شێینپۆش ڕاهاتووم. تا فەرمانی داهاتوو، ئەوەت لە بیر بێ کە من چون ئەو خاچە ئەبینم، تۆ بە کوڕی دۆستی من، دووک ئەژمێردرێی. کوڕێک کە ماوەی شەش مانگە بە بێ ئەوەی خۆشی زانیبێتی بووە بە ئەندامی دەزگای دیپلۆماسی ئەم وڵاتە!

مارکیز ڕشتەی سپاسەکانی ژوولیەنی پچڕاند و بە دەنگێکی زۆر تۆکمە وتی:

ئاگات لێبێ کە من نامەوێ لە کەوشەنی کارەکەتان دوورتان بخەمەوە. ئەم کارە بۆ ئەو کەسەی پشتیوانی تۆیە و بۆ کەسێک کە سود لەم پشتیوانیە وەرئەگرێ، زیانی هەیە. کاتێک کە لە دادگاییەکانی من ماندوو بوویت یان ئیتر کەڵکت بۆ من نەبوو، پلەی پێشنوێژی لە شوێنێکی زۆر باش وەکو پلەی ڕەبەن پیرارت بۆ وەرئەگرم و...

لێرەدا مارکیز بە دەراوێکی[١١٤] زۆر وشک وتی:

ـ ئیتر هەر ئەوەندە!

ئەم نیشانەیە بووە مایەی ئاسوودەیی ویژدانی ژوولیەن. بە سەربەستی زیاترەوە قسەی ئەکرد. کەمتر خۆی بە نیشانەی ئەو تیر و توانجانە ئەزانی، کە نەشیاو و بێ ئەدەبانە بوون و کاتی مشتومڕێکی توندوتیژ ڕەنگ بوو لە دەمی هەرکەس بێتە دەرەوە.

ئەم خاچە بۆ ئەو، بووە هۆی چاوپێکەوتنێکی سەمەرە. ئەم دیدارەش، چاوپێکەوتنی جەنابی لۆ بارۆن دوڤالێنۆ بوو کە پاش وەرگرتنی نازناوی بارۆن، بۆ سپاسکردنی وەزیر و ڕێکەوتن لەگەڵی هاتبوو بۆ پاریس. ڕەنگ بوو لەبری جەنابی دورێنال بکرێ بە سەرۆکی شارەوانی.

کاتێک جەنابی ڤالێنۆ بە زمانێکی خۆمانە بە ژوولیەنی وت خەڵکی زانیویانە جەنابی دورێنال ژاکۆبونە، قارەمانەکەی ئێمە لە دڵی خۆیدا تێر پێکەنی. ڕاستەکەی ئەوە بوو کە لە هەڵبژاردنی تازەی نوێنەرانی پارلەمان کە خەریک بوون زەمینەیان بۆ ئامادە

---

١١٤ـ دەراو: tone شێواز و چۆنیەتی ئاخافتن و دەربڕین؛ دەنگێک بە بەرزی و نزمی تایبەتەوە؛ شێوەی دەربڕینی بابەتێک ⓝ: نامەکەی دەراوێکی دۆستانەی هەبوو ⓝ: بە دەراوێکی تووڕە وتی ⓝ: بە دەراوێکی ڕاماو و دەنگێکی نزم پاتەی کردەوە
[ع] نبرة [N] tone [د] لحن.

ئەکرد، بارۆنی تازە پاڵێوراوی دەوڵەت بوو و لە سنووری گەورەی مەڵبەندا کە زۆر لایەنگری پاشایەتی بوو، جەنابی دورێنال لە لایەن ئازادیخوازانەوە ناودێر کرابوو.

ژوولیەن هەوڵیدا زانیارییەک دەربارەی باری خاتوو دورێنال وەربگرێ، بەڵام ئەم کۆششەی سەرەنجامی نەبوو. وا دیار بوو تازە بارۆن کەوتەوە بیری ململانێی کۆن و نەیهێشت پەی بە ڕازی ناو سینەی ببەن. سەرەنجام داوای لە ژوولیەن کرد، کە باوکی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، کە ئەوەندەی نەماوە، دەنگی بۆ بدات. ژوولیەن بەڵێنی دا سەبارەت بەم داوایە نامەیەک بۆ باوکی بنووسێ.

ــبەڵام جەنابی سوارچاک تۆ ئەبێ من لەگەڵ جەنابی لۆ مارکیز دولامۆل ئاشنا بکەیت.

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «ڕاستە ئەرکی من بوو ئەو کارە بکەم، بەڵام نەگریسێکی وەها بۆ ئەوە ئەشێ؟»

وەڵامی بارۆنی دایەوە:

ــڕاستەکەی پلەی من لە کۆشکی جەنابی دولامۆل لەوە کەمترە کە بتوانم ئەم کارە بکەم.

ژوولیەن هەموو شتێکی بە مارکیز ئەوت. ئەو شەوە بەسەرهاتی جەنابی ڤالێنۆی لە ١٨١٤ ـەوە بۆ مارکیز گێڕایەوە.

جەنابی دولامۆل بە دەنگێک، کە زۆر نیشانەی هەتەر و سەنگینی پێوە دیار بوو، بەم جۆرەی وت:

ــجگە لەوەی کە ئەبێ بارۆنی تازەم پێ بناسێنی، داوای لێ ئەکەم دووبەیانی بۆ نانی شێوان بێت بۆ ماڵی ئێمە. ئەو ئەبێ بە یەکێک لە پارێزگارانی تازەی ئێمە.

ژوولیەن بە ساردی وتی:

ــکە وا بوو منیش داواتان لێئەکەم کە باوکم بکرێ بە

بەڕێوەبەری هەژارخانە.

ماركیز کە ڕواڵەتە شاد و کراوەکەی گەڕابوویەوە، وتی:

ـئافەرین! ئەوە پێی درا. چاوەڕوانی ئەوە بووم پەندم پێ بدەی، دیارە وردە وردە پوخت ئەبێ.

جەنابی ڤالێنۆ بە ژوولیەنی ڕاگەیاند کە بەرپرسی نووسینگەی یانەسیبی ڤێریر مردووە. ژوولیەن کە زانی دانانی شۆلنی، پیرەمێردی نەزان، کە ماوەیەک لەمەوبەر داواکارییەکەی دابوو بە وەزیری دارایی واژۆی بکات، کارێکی باش و سەمەرە ئەبێ، بۆیە دەقی نامەیەکی دوشۆلەنی لەبەر بۆ خوێندەوە و مارکیز لە بیستنی ئەو نامەیە تێر پێکەنی.

هێشتا بڕیاری دانانی جەنابی دوشۆلەن بۆ ئەو پۆستە درابوو یان نەدرابوو کە ژوولیەن بۆی دەرکەوت، کە ئەم پلەیە لە لایەن نوێنەرانی مەڵبەند لە پارلەمان داواکراوە بۆ ئەندازەزانی بەناوبانگ، جەنابی گرۆ. ئەم پیاوە بەڕێزە زیاتر لە هەزار و چوارسەد فڕانک داهاتی نەبوو و هەموو ساڵێک ئەبوایە شەشسەد فڕانک بدات بە بەرپرسی تازەی مردووی نووسینگەی یانەسیب، بۆ یارمەتیدانی خێزانی مردووەکە.

ژوولیەن لەو کارەی کردبووی سەری سووڕما. بە خۆی وت: «شتێکی گرنگ نییە. ئەگەر بمەوێ بە پلەوپایەیەک بگەم، ئەبێ ستەمی تریش بکەم و ڕێگەی شاردنەوە و پەردەپۆشیان لە پشت جوانترین قسەی ڕازاوەدا بزانم. بێچارە جەنابی گرۆ، ئەو شیاوی مەدالیا بوو و من خەڵات کرام. ئەبێ بە ئاڕاستەی بەرژەوەندی حکوومەتێکدا کار بکەم. کە ئەم مەدالیای خاچەی داوە بە من!

بەندی VIII

## کام مەدالیا
## ئەبێتە هۆی پلە و شانازی؟

فریشتەی تینوو وتی:
ئاوەکەی تۆ تینوێتیم ناشکێنێ،
هەرچەند ئەمە فێنکترین کانیاوە لە هەموو
دیاربەکرەدا!
(پێلیکۆ)(١١٥)

ڕۆژێک لە ڕۆژان ژوولیەن لە گەڕانەوەی لە مووچەی دلڕفێنی ڤیلکیە، کە ئەکەوێتە قەراخ چەمی سێن. جەنابی دولامۆل لەبەر ئەوەی لە ناو هەموو زەویەکانیدا تەنها زەوی بۆنیفاس دولامۆلی بەناوبانگ بوو، زۆری خۆش ئەویست. مارکیز و کچەکەی کە تازە لە هایەرەوە گەڕابوونەوە، لە کۆشک بینی.

ژوولیەن ئێستە جەوانێکی دیار و ڕازاوە بوو و شێوەی ژیانی پاریسی فێر ببوو. سەبارەت بە مادمازێل دولامۆل ساردییەکی تەواوی پیشان دا. ئەتوت لەو سەردەمەوە کە مادمازێل دولامۆل بەو شادی و خۆشییەوە داوای گێڕانەوەی چۆنێتی لە ئەسپ کەوتنەخوارەوەی لێکردبوو، هیچ بیرەوەرییەکی تری لە دڵدا نەبوو.

لە چاوی مادمازێل دولامۆل، بەرزتر و بێڕەنگتر لە پێشووی بوو. بەژن و دارەتی تۆزێکیش ڕەنگی شارستانی نەبوو. سەرەڕای ئەمەش لە قسەکردندا، وا نەبوو. هێشتاش هەتەر و سەنگینیەکی

١١٥ـ Pellico، پێلیکۆ نووسەری ناوداری ئیتالیایی (١٧٨٩ـ١٨٥٤).

لە ڕادەبەدەر و وردبینیەکی زۆر لە قسەکانی‌دا بوو. لەگەڵ ئەم ئەدگارە ژیرانەش‌دا، لە قسەی‌دا، بە هۆی دفرە و لووتبەرزی، هیچ شوێنەوارێکی نۆکەری و بندەستی نەئەبینرا. تەنها شتێکە ئەبینرا ئەوە بوو کە هێشتاش ڕێزی بۆ زۆر شت دائەنا، بەڵام ئەوەش خۆیا بوو کە پیاوێک نییە لە قسەی خۆی پاشگەز ببێتەوە.

مادمازێل دولامۆل، کاتی گاڵتەکردن لەگەڵ باوکی سەبارەت بەو مەدالیایەی بە ژوولیەنی دابوو، وتی:

ــ ئەم جەوانە لە ناسکی کەمە نەک لە زیرەکی. براکەم هەژدە مانگ بوو داوای ئەم مەدالیای لێئەکردی و خۆیشی کوڕی بنەماڵەی دولامۆلە!

ــ بەڵێ، وایە. بەڵام ژوولیەن هەڵوێستی چاوەڕواننەکراوی هەیە و ئەم ئەدگارە هەرگیز لە هیچ دولامۆلێک نەبینراوە.

خزمەتکار، هاتنی جەنابی دووک دو ڕێتزی ڕاگەیاند.

ماتیلد یەک بە خۆی باوێشکی ئەهات. بینینی ئەم کابرایە، زێڕ و زیوی کۆنە و میوانەکانی پێشووی هۆڵەکەی باوکی ئەهێنایەوە بیری. لە ژیانی پاریسی، ئایندەیەکی مات و غەمگینی بۆ خۆی وێنا ئەکرد و سەرەڕای ئەمەش ئەوسا، کە لە هایەر بوو، بۆ پاریس ئەسووتا.

لای خۆی ئەیوت: «ئەوەتا تازە نۆزدە ساڵم و بە گوتەی ئەم گێژانە، بە زێر و زیوەر ڕازاومەتەوە و ساڵی بەختەوەریمە.»

سەیری ئەو نۆ دە بەرگەی شیعرە تازەکانی ئەکرد، کە لە ماوەی سەفەری بۆ مەڵبەند لە سەر مێزە تایبەتەکەی هۆڵەکە کۆ ببوویەوە. بەدبەختییەکەی لەوەدا بوو کە تێگەیشتنی ئەو لە هی مارکیز دو کرۆزنۆوا و کونت دو کەیلۆس و ڤیکونت دو لوز و دۆستانی تری و هەموو ئەو شتانەی، کە بۆی هەبوو ئەمانە دەربارەی ئاسمانی جوانی گوند و چامە و وێژە بیڵێن، زیاتر بوو.

ئەم چاوە جوان و دڵڕفێنانە کە نوێنەرەوەی قووڵترین خەم بوو و لە هەموو خراپتر، لە ئاورینگ و بریسکانەوەی هەر جۆرە چێژ و خۆشەویستییەک بێبەش بوو، مۆڕەی لە سەر ژوولیەن، بە خۆی ئەوت: «لانیکەم ئەمەیان بە تەواوەتی وەکو ئەوانی تر نییە.»

بەو دەنگە توند و کورتەی کە هیچ ناسکییەکی ژنانەی تیا نییە و ژنانی ئاریستۆکرات بەکاری ئەهێنن، وتی:

ــجەنابی سۆرێل، جەنابی سۆرێل ئەمشەو دێی بۆ کۆڕی سەمای جەنابی دوڕێتز؟

ــکونتێس، من شانازی ناسینی «لۆ دووک دوڕێتز»م پەیدا نەکردووە. (ئەتوت ئەم وشانە و ئەم نازناوە، دەمی ئەم شارستانیە لەخۆڕازییە ئەڕووشێنێ!)

ــدووک دوڕێتز داوای لە براکەم کردووە تۆ ببات بۆ ماڵی ئەوان و ئەگەر بێی بۆ ئەم میوانییە، ئەتوانی هەندێ شت دەربارەی زەویوزاری ڤیلکیە بە من بڵێی. وا باسە بەهار بچین بۆ ئەوێ. ئەمویست بزانم کۆشکی ڤیلکیە بۆ ژیان ئەبێ یان نا؟ مێرگ و باخاتی وەک ئەوترێ جوانە یان نا؟ زۆر ناو و ناوبانگ هەیە لە خۆڕایی کەوتۆتە سەر زاران!

ژوولیەن وەڵامی نەئەدایەوە.

کونتێس ماتیلد بە دەنگێکی وشک وتی:

ــلەگەڵ براکەم وەرە بۆ ئەو کۆڕی سەمایە!

ژوولیەن سەرێکی بە ڕێزەوە دانەواند. «کە وا بوو لە بەزمی سەماش من ئەبێ هەر ڕاپۆرتیان پێ بدەم. مەگەر بۆ ئەوە پارەم نادەنێ کە پێشکاریان بم؟» ئەوسا دڵی پەستێوراوی وتی: «تەنها خواش ئەوە ئەزانێ، ئەوەی بە کچەی ئەڵێم، پێچەوانەی نەخشەکانی دایک و باوکییەتی یان نا؟ ئەم ماڵە وەکو دەرباری شایە. لەوێ ناچاریت وەکو خاک وابی و کەچی دڵی هیچکەسیش نەیەشێنی.»

خاتوو دولامۆل، کچەکەی بانگ کردبوو لەگەڵ چەند ژن لە دۆستان ئاشنا ببێ و ژوولیەن کە چاوی لە ڕێکردنی مادمازێل دولامۆل بوو لە دڵی خۆیدا وتی: «چەندە ڕقم لەم کچە باڵابەرزەیە! هەموو مۆدەکانی بێتام کردووە. کراسەکەی خەریکە لە شانی ئەکەوێتە خوارەوە. ڕەنگی لە کاتی پێش گەشتەکەشی زیاتر پەڕیوە. لەو کەزیە بێڕەنگانە! ئەوەندە زێڕینە ڕەنگی پێوە نەماوە. ئەڵێی خۆر لە ناو تاڵەکانییەوە تێپەڕ ئەبێ. چ لووتبەرزی و خۆگرتنێک لە سلاو و چاک و چۆنیەکەیدا هەیە! لەو ڕەفتارەی ئەڵێی خۆی بە شاژن ئەزانێ!»

مادمازێل دولامۆل، هەمان کات براکەی بانگ کردبوو، کە لە هۆڵەکە ئەهاتە دەرەوە.

کۆنت نۆربێر لە ژوولیەن نزیک بوویەوە و وتی:

ـسۆرێلی ئازیز، بۆ ڕۆیشتن بۆ کۆڕی سەمای جەنابی دورێتز، لای نیوەشەو لە کوێ بتبینم؟ بە ڕاشکاوی داوای لێکردووم تۆ لەگەڵ خۆم ببەم.

ژوولیەن بە ڕێزەوە سەری دانەواند و وەڵامی دایەوە:

ـباش ئەزانم ئەم هەموو میهرەبانییە وامداری کێم!

شێوەی دوانی سەلار و ئامێتەی خۆشەویستی نوربێر، شیاوی ڕەخنە نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دڵی گیراوی ژوولیەن نەیتوانیبوو ڕەخنەی لێبگرێ، ڕقی دڵی بەسەر ئەو وەڵامەدا ڕژاند کە بەم قسە نەرمانەی دابوویەوە. لەم وەڵامدانەوەیەدا نموونەیەکی نانەجیبی ئەبینی.

شەو، کاتی چوون بۆ کۆڕی سەما، لە شکۆ و ڕازاوەیی تەلاری «ڕێتز» سەری سووڕما. حەوشەی تەلارەکە بە خێوەتێکی کەتانی ڕەنگ شیلانی ڕازاوە بە ئەستێرەی زێڕینەوە، داپۆشرابوو. لەمە جوانتر نەئەکرا! لە بن ئەم خێوەتە مەزنەدا، حەوشەی جەنگەڵی

تەژی دارنارنج و ژاڵەی پڕ لە خونچە. بە گوێرەی ئەوەش کە هەوڵ درابوو ئینجانەکان بە ئەندازەی پێویست بکرێ بە بن خۆڵەوە، وای خۆیا ئەکرد کە لوورک و دارنارنج لە عەرزەکەدا ڕواون. ئەو شەقامەی فایتوونەکەی پیا ئەڕۆیشت، چەوڕێژ کرابوو.

تێکڕای ئەم شتانە لای قارەمانی گوندی ئێمە، سەیر و سەمەرە بوون. شکۆمەندی و ڕازاوەیی بەو ڕادەیە بە بیریشیدا نەئەهات. ئەندێشەی کە لەو جوانییە ڕامابوو، لەپڕ هەزار فرسەنگ لە دڵی تەنگی دوور کەوتەوە. لەو فایتوونەدا کە ئەیبردن بۆ کۆڕی سەما، نوربێر تەژی خۆشی و شادمانی و ئەمیش هەموو شتێکی بە ڕەش ئەبینی. بەڵام هێشتا پێیان نەنابوویە ناو حەوشەکە، بار و کەشی هەردووکیان گۆڕا.

نوربێر جگە لەو دوو سێ خاڵە بچووکەی لەو دەریای شکۆمەندی و مەزنییەدا لەبیر کرابوو، سەرنجی هیچی تری نەئەدا. تێچووی هەموو شتێکی بەراورد ئەکرد. کۆی ئەم تێچووانە پارەیەکی یەکجار زۆر بوو. ژوولیەن هەر ئەو کاتە هەستی بەوە کرد، کە ئەم ژمارە گەورەیە ئێرەیی نوربێری بزواندووە و گرژی کردووە.

بەڵام ژوولیەن... ئەوەندەی پێی نایە ناو یەکەم هۆڵی سەما، گیرۆدە و شەیدای بوو، ئەوەندە هەڵچوو و هەژا شەرم دایگرت. هەموو کەس بەرەو دەرگای هۆڵی دووەم ئەڕۆیشتن و مونجی حەشامات هێندە بوو، چوونە پێشەوە بۆ ئەو نەلوا. ڕازاندنەوەی هۆڵی دووهەم، کۆشکی «ئەلحەمرای گرانادا»ی[١١٦] ئەنواندەوە.

جەوانێکی سمێڵی، کە شانی چەقیبوویە سینگی ژوولیەن، وتی:

---

١١٦ـ کۆشکی ئەلحەمرای گرانادا: Alhambra of Granada کۆمەڵە کۆشکێکە بە مێهرازی ئیسلامی، ئەڕوانێ بە سەر شاری گرانادای ئیسپانیادا، لە ١٢٣٨ فەرمانی سازکردنی بەشی یەکەمی لە لایەن محەمەدی یەکەمی کوڕی ئەحمەر دراوە و، پاشتر لێی زیاد کراوە.

ــئەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەم ئافرەتە شاژنی کۆڕی سەمایە.

یەکێک لە تەنیشتیەوە وەڵامی دایەوە:

ــخاتوو فۆرمۆن کە بە درێژایی وەرزی زستان جوانترین کچی ئەم مەڵبەندە بوو، ئەوا تێگەیشتووە کە ئەبێ دابەزێ بۆ پلەی دووەم! بڕوانە چۆن داگیراوە.

ــڕاستییەکەی بۆ سەرنجڕاکێشان هەرچی خشڵی هەیە لە خۆی داوە. ساتێکە بە تەنهایی لەم سەمایەدا دەرئەکەوێ، چەندە نازدارە! بە شەرەف ناوازەیەکە بۆ خۆی.

لە ڕوخساری مادمازێل دولامۆلەوە، کە هەستی بە سەرکەوتنی خۆی کردبوو، وادیار بەسەر ئەوچێژەی لەو سەرکەوتنەی ئەیبا، زاڵە. ئەتوت لە ڕفاندنی دڵی هەموو ئەوانە ئەترسێ، کە لەگەڵی ئەدوێن!

ــخۆیەتی! ڕێگەی دڵبەری هەر وا ئەبێ!

ژوولیەن هەوڵێکی بێهوودەی ئەدا بتوانێ ئەو پەریزادە ببینێ. حەوت هەشتێکی کەڵەگەت بەرچاویان گرتبوو و نەی ئەتوانی ژنە ببینێ.

جەوانی سمێڵی، وتی:

ــچ نازێکی دڵنەواز لەو شەرمکردنەیدا هەیە!

ئەوەی تەنیشتی وتی:

ــئەو چاوە قەڵەوانەی کاتی ڕوانین کە ئەڵێی تا ڕادەی دەرخستنی ڕازەکانی خۆی ڕۆیشتووە، چەند بە ئارامی بڕیوەتە ئەو عەرزە.

سێیەمی وتی:

ــبڕوانە «فۆرمۆن»ی شۆخوشەنگ چۆن لە ئاستی ئەو لە چاو کەوتووە!



ـ دارەتی نازدار و پڕ لە نازی پێمان ئەڵێ: ئەگەت تۆ شیاوی من بی، چ ئەوین و خۆشەویستییەکت پێ ببەخشم.

یەکەمیان وتی:

ـ کێ ئەتوانێ شیاوی ماتیلدی پایەدار بێ؟ شازادەیەکی تاجدار و شۆخ و قۆشمە و بەژن ڕێک و قارەمانی جەنگ و ئەوپەڕەکەی بیست ساڵانە.

ـ زۆڵەزاکەی ئیمپراتۆری ڕووس بە هێنانی ئەم کیژە، پاشایەتیەکی بۆ ساز ئەبێ. یان با بڵێین کونت دوتالر، بەو ڕواڵەتە دێهاتیەوە لە بەرگی...

لەبەر دەرگای هۆڵەکە ئاپۆرەی لێ نەما و ژوولیەن توانی بچێتە ژوورەوە. بە خۆی وت: «ئەگەر ئەم کچە لە لای ئەم لێبووکانە، ئەوەندە مایەی سەرنجە، ئەهێنێ منیش تۆزێ گرنگی پێ بدەم. ئێستە ئەزانم بێخەوشی لای ئەمانە واتای چییە.»

کاتێکیش چاوی لە دووی کچە بوو، ماتیلد تێی ڕوانی. ژوولیەن بە خۆی وت: «ئەرکی سەر شانم بانگم ئەکا!»

بەڵام ئیتر نابەدڵبوون لە سنووری ڕواڵەت تێنەئەپەڕی. مەراقی تامەزرۆیی ئەوەندە بە چێژەوە ئەیبردە بەرەوهە کە ئەو کراسەی لە شانی ماتیلد دائەکەوت، جوانییەکەی دوو ئەوەندە ئەکرد. بەڵام ڕاستییەکەی لە ڕوانگەی دفرە و بڕوا بەخۆبوونەوە، نالەبار بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: «جوانی ئەم کچە، تەرچکە و جوانە.» پێنج شەش جەوان ببوون بە تەیمانی نێوان ئەو و ماتیلد. ژوولیەن ئەو دوان سیانەی لە ناو دەرگاکە ئاگای لە قسەیان بوو، لێرە

ناسینەوە.

ماتیلد پێی وت:

ــبە ڕای تۆ کە هەموو زستان لێرە بووی، ئەمە ڕازاوەترین کۆڕی سەمای ئەم وەرزە نییە؟

ژوولیەن وەڵامی نەئەدایەوە.

ــئەم کادریلەی «کۆلۆن»ـەکان[١١٧] بەڕاستی جێگەی ستایشە. ئەو خاتوونانە چەند جوان سەما ئەکەن.

سەرنجی گەنجان بۆ بینینی ئەو پیاوە بەختەوەرەی بە زۆر داوای وەڵامی لێئەکرا، بۆ لای ژوولیەن وەرگەڕا. وەڵامەکەی دڵخۆشکەر نەبوو:

ــمادمازێل، لەوە ناچێ من داوەرێکی باش بم. من بەس لەگەڵ نووسین خەریکم. ئەمەش یەکەم کۆڕی سەمایە بەم ئەندازە شکۆدارە.

ئەم وەڵامە بووە هۆی تووڕەبوونی گەنجانی سمێڵی.

ماتیلد بە حەزێکی ئاشکراترەوە وتی:

ــمسیو سۆرێل، تۆ مرۆڤێکی فەرزانەی، هەموو ئەم کۆڕانە و ئەم جەژنانە بە چاوی فەیلەسووف، بە چاوی ژان ژاک ڕۆسۆ ئەبینی. ئەم شێتگیریانە لە بری ئەوەی شەیدات بکات، ئەبێتە هۆی سەرسامی بۆت.

وشەی بەخت، ئەندێشەی ژوولیەنی تاساندبوو و هەموو وێژینگێکی لە دڵی ڕادابوو. دەمی دارەتێکی گاڵتەئامێزی پەیدا کردبوو کە ڕەنگە تۆزێک خۆهەڵکێشانە بوو. وەڵامی دایەوە:

ــبە ڕای من ژان ژاک ڕۆسۆ سەبارەت بە داوەری و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی ئاریستۆکراتی، لە گەوجێک زیاتر نییە.

١١٧ ـ quadrille، جۆرێ سەمایە و Coulon ناوی بنەماڵەیەکە هەموویان لە سەماکردندا بە ناوبانگ بوون. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە ناوبانگی ئەم بنەماڵەیە سەرانسەری فەڕانسەی داگرتبوو.

لە دنیای خانەدانەکان تێنەئەگەیشت و وەک نەدیوبدی پێی ئەنایە کۆڕیانەوە.

ماتیلد بە دەنگێکی پڕ لە ڕێز و نەوازش وتی:

ــئەم کابرایە دانەری گرێبەستی کۆمەڵایەتیە!

ــئەم «تازە پێگەیشتووە» کە سەبارەت بە کۆمار و لەناوچوونی پەیوەندییەکانی پاشایەتی بانگەشە ئەکات، ئەوەندەی دووکێک ببینێ، بۆ بەڕێکردنی یەکێک لە دۆستانی ئاڕاستەی گەڕانەکەی خۆی گۆڕیوە، لە خۆشیان شایگەشگە ئەبێ.

مادمازێل دولامۆل بەو حەز و گوێنەدانەوە، کە لە یەکەم خۆ بە زانا دانانی مرۆڤەوە سەرچاوە ئەگرێ، وتی:

ــئا، بەڵێ! دووک دو لۆگزامبۆرک، لە «مۆنتمۆرانسی» چوو بۆ بەڕێکردنی «کواندە» ناوێک کە بەرەو پاریس ئەچوو.

ماتیلد، کەم تا کورتێک وەکو ئەو ئەندامەی کۆڕی زانیاری لێهاتبوو کە پەی بە شا فرتێریۆس بردبوو و لە تێگەیشتنی خۆی سەرخۆش ببوو. چاوەکانی ژوولیەن مۆن و سمێنەر ڕامابوون. ماتیلد بۆ ساتێک هەژان دایگرتبوو. ساردی خەنیم تا قووڵایی دڵ شڵەژاندبووی. سەرسام بوو و لە هەموو زیاتر لەوە سەری سووڕما کە ئەو خاوەنی ئەو خووە بوو، کە کاری ئەکردە سەر دەروونی خەڵکانی تر!

لەو کاتەدا، مارکیز دو کرۆزنۆوا لە سەر خۆ و بە تامەزرۆیی بەرەو مادمازێل دولامۆل ئەچوو. بۆ ساتێک تا سێ هەنگاو بۆ لای چووە پێشەوە، بەڵام بەهۆی ئاپۆرەی حەشاماتەکە نەیتوانی بگاتە لای. سەیری ئەکرد و بەو لەمپەرەی بەردەمی پێئەکەنی. مارکیز دوڕۆڤێری جەوان لایەوە بوو، ئەم ژنە ئامۆزای ماتیلد بوو. قۆڵی کردبوو بە قۆڵی شووەکەیدا کە تەنها دوو حەفتە ئەبوو شووی پێکردبوو. مارکیز دوڕۆڤێری کە خۆیشی زۆر گەنج

بوو، ببوو بە یەخسیری ئەوینێکی گەوجانە کە مرۆڤ بۆ سامان و خانەدان بوون ئامادەی گرێبەستێک ئەبێ، کە کەرەسەکەی بە دەستی باشنووسەران ئامادە کراوە و پاش مارەبڕین، ژنێکی پاک و جوانی دەسئەکەوێ! بڕیار وا بوو مسیو دوڕۆڤێری پاش مردنی مامە زۆر پیرەکەی، ببێ بە دووک.

لەو کاتەدا کە مارکیز دو کرۆزنۆوا نەی ئەتوانی درێ بە ئاپۆرەکە بدات و بە ڕواڵەتێکی دەم بە پێکەنین، سەیری ماتیلدی ئەکرد، ماتیلد چاوە قەڵەو و شینباوەکەی بڕیبووە یارانی. بە خۆی وت: «چ شتێک لەم خەڵکە ڕێگرە بێکەڵکتر هەیە؟ ئەمە هەمان دو کرۆزنۆوایە کە لەقەز داواکاری منە؟ پیاوێکی سەلارە و وەکو مسیو دوڕۆڤێری ڕەفتارێکی جوان و لەباری هەیە. ئەگەر بوونی ئەم مەزنانە نەبوایە، کاتێکی خۆش و دڵبزوێن ئەبوو. ئەگەر ببم بە ژنی، ئەویش بەو دارەتە ڕەزامەند و بێوەری لە بەهرە و وشیاری لەگەڵم دێت بۆ کۆڕی سەما. ساڵێک پاش زەماوەند فایتوونەکەی من و جلەکانم و کۆشکەکەم لە بیست فرسەنگ بۆ پاریس، کورتییەکەی هەموو شت تا ئەوپەڕی خۆی شەنگ و جوان ئەبێ و ڕێک ئەو شتە ئەبێ، کە ژنێکی تازە پێگەیشتووی وەکو کونتێس دوڕاڤیۆللی لە داخا ئەتەقێنێ... ئەی پاش ئەوە چی ڕوو ئەدا؟!»

ماتیلد لەو هەموو هیوا بێ بناغەیە پەژارە دایگرتبوو. مارکیز دو کرۆزنۆوا توانی لێی نزیک ببێتەوە و لەگەڵی بدوێ. بەڵام ماتیلد بە بێ ئەوەی گوێی لێ ڕابگرێ، لە جیهانی ڤرۆشەدا سەرگەردان بوو. ئاوازی قسەکانی مارکیز دو کرۆزنۆوا لە مێشکیدا لەگەڵ هەوهەوی سەماکە تێکەڵ ئەبوو. بێ ئەڤان لە دووی ژوولیەن بوو کە ساتێک بەر لە ئێستە بە شێوازێکی ئامێتە بە ڕێز، بەڵام مۆن و خۆگر دوور کەتبوویەوە. لە سووچێکی هۆڵەکە، دوور لەوانەی لە

هاتوچۆدا بوون، چاوی بە کونت ئاڵتامیرا کەوت کە لە وڵاتی خۆی بڕیاری کۆشتنی لە سەر بوو و خوێنەر پێشتر لەگەڵی ئاشنا بووە. لە سەردەمی لویی چواردەهەم، کچێکی خزمیان شووی کردبوو بە یەکێک لە شازادەکانی بنەماڵەی دوکونتی و ئەم بیرەوەرییە لە بەرامبەر پۆلیسی «لیژنەی نهێنی قەشەکان»، تا ڕادەیەک پشتیوانی بوو.

ماتیلد بە خۆی وت: «بە ڕای من هیچ شتێک بە ئەندازەی بڕیاری مەرگ نابێ بە مایەی شانازی و هەڵاواردنی پیاو: ئەمە تەنها شتێکە ناتوانی بە پارە بیکڕی! ئاه، ئەم قسەیە گاڵتەیەک بوو لەگەڵ خۆم کردم! چەند بە داخەوەم کە ئەم گاڵتەیەم لە کاتی خۆی‌دا نەهاتەوە بیر کە ببێتە هۆی شانازییەک بۆم!»

ماتیلد ئەوەندە بەهرەی هەبوو کاتی قسەکردن نوکتەیەک نەڵێت کە پێشتر دروستکراوە، بەڵام ئەوەندەش لووتبەرز بوو کە بە نوکتەیەی خۆی شادمان نەبێ. دارەتی بەختەوەری لە سیمای‌دا جێگەی خەمی گرتەوە. مارکیز دو کرۆزنۆوا کە هێشتاش لەگەڵی ئەدوا وەهای زانی کە سووچێکی ڕواڵەتی سەرکەوتن ئەبینێ و قسەی خۆشتر کرد.

ماتیلد بە خۆی وت: «نەیارێک چ ڕەخنەیەکی لەم نوکتەی من ئەگرت؟ وەڵامم ئەدایەوە: نازناوی بارۆن و ڤیکونت شتێکە ئەتوانی بیکڕی. مەدالیا شتێکە ئەدرێ. براکەی من بوو بە خاوەنی مەدالیا، بەڵام چی کردووە؟ پلە، بەرزیش ئەکرێتەوە و ترۆش ئەکرێ. دەساڵ خزمەت لە قشڵەی شار بەهۆی خزمایەتی وەزیری جەنگەوە، مرۆڤی وەکو نوربێر ئەکا بە فەرماندەی دەستەی سوارە. پارەی فراوان. دیسانەوەش شتێکە زۆر بە دژواری بەدەست ئەهێنرێ و لە ئەنجام‌دا شایانی پەسنکردنێکی زیاترە. بابەتێکی سەیرە! پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەیە لە پەرتووکدا

ئەوترێ. زۆر چاکە! بۆ بەدەستهێنانی سامان، مرۆڤ کچی مسیو ڕۆچیلد ئەخوازێ. ڕاستەکەی قسەکان بە کاکڵن. بڕیاری مەرگ، هێشتاش، تەنها شتێک کە مرۆڤ بۆ دەرچوونی ناکەوێ بەسەر دەست و پای کەس‌دا!»

بە مارکیز دو کرۆزنۆوای وت:

ــکونت ئاڵتامیرا ئەناسی؟

ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەو قسانەی مارکیزی ڕەبەن، کە پێنج خولەک بوو ئەیپرست، ئەوەندە بێ پەیوەندی بوو و ڕوخساری ماتیلد نیشانەیەکی وەهای گەڕانەوە لە دنیای دووری پێوە دیار بوو کە هەستی ناسکی مارکیزی بێچارەی هەژاند. سەرەڕای ئەمەش ئەو پیاوێکی هەست ناسک بوو و بەمەش ناوبانگی هەبوو.

بیری کردەوە: «ماتیلد گیانێکی سەمەرەی هەیە. ئەمە بۆ خۆی بەرگرێکە. بەڵام ئەتوانێ پلەیەکی زۆر بەرز بۆ شووەکەی لە کۆمەڵدا دابین بکات. نازانم ئەم جەنابی مارکیز دولامۆلە چۆن کار ئەکات. ئەم کابرایە لەگەڵ سەرکردە دیارەکانی هەموو پارتەکان پەیوەندی و دۆستایەتی هەیە. پیاوێکە نەبوونی نالوێ و لە لایەکی ترەوە ئەم شێتی و سەیربوونەی ماتیلد، ڕەنگە بە نیشانەی بەهرە و بلیمەتی بژمێردرێ. لەو شوێنەی سامان و خانەدان بوون لە ئارادایە، هەڵکەوتەیی گاڵتە نییە. پاشان چ جیاوازییەک؟ لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر ویستبێتی، لەو تێکەڵەی ناسکی هەست و تەرچکی گیان و ناسینی کات لە وتاردان‌دا، کە مرۆڤ بە هۆیەوە ئەچێتە دڵانەوە و سۆز وەرئەگرێ، چەند بە بەهرەیە!

لەبەر ئەوەش ئاسان نەبوو بە دەستێک دوو شووتی هەڵبگرێ، مارکیز لە دارەتێکی دوور لە بیروڕامان و وەکو کەسێک وانەکانی ئەڵێتەوە، وەڵامی ماتیلدی ئەدایەوە:

ــکێ هەیە ئەم ئاڵتامیرا هەژارە نەناسێ؟

ئەوسا چیرۆکی پیلانە شکست خواردوو و گاڵتەئامێز و بە واتاکەی بۆ ماتیلد گێڕایەوە.

ماتیلد کە ئەتوت لەگەڵ خۆی قسە ئەکات، وتی:

ــزۆر بێ واتایە! هەر نەبێ کارێکی کردووە. ئەمەوێ ئەم پیاوە ببینم.

ئەوسا بە مارکیز دو کرۆزنۆوا، کە زۆر داگیرابوو، وتی:

ــبیهێنە بۆ لای من!

کونت ئاڵتامیرا یەکێک لە ناسراوترین ستایشگەرانی دارەتی خۆبەزلزان و تا ڕادەیەک گوستاخی مادمازێل دولامۆل بوو و بە ڕای ئەو مادمازێل دولامۆل یەکێک بوو لە جوانترین کچانی پاریس.

بە مارکیز دو کرۆزنۆوای وت:

ــلە سەر تەختی پاشایەتی چەندە جوان ئەبێ؟

لەگەڵ ئەو کەسەی ئەیویست بیبات بۆ لای ماتیلد، ڕۆیشت.

ــلە کۆڕ و کۆمەڵە ئاریستۆکراتیەکاندا، زۆر کەس هەوڵئەدەن دزێوی پیلانەکە بسەلمێنن. لای ئەم کەسانە هیچ شتێک لەم دنیایەدا لە پیلان ناشیرینتر نییە. ئەم کردارە بۆنی ژاکۆبۆنی لێدێ و چی لەوە خراپتر کە ژاکۆبۆن سەرنەکەوتبێت؟

نیگای ماتیلد بەو ئەماژە کردنەی بە مارکیز دو کرۆزنۆوا، وەک گاڵتەکردن بە ئازادیخوازی ئاڵتامیرا وا بوو. بەڵام بە حەز و خۆشییەوە گوێی لە قسەکانی ڕاگرتبوو و لە دڵی خۆیدا ئەیوت: «بوونی پیلانگێڕێک لە کۆڕی سەما، ناکۆکی جوانییە.» لای ماتیلد ئەم کابرایە بەم سمێڵە ڕەشەیەوە، لە شێرێک ئەچوو کە خەریکی پشوودان بێ. بەڵام زوو بۆی دەرکەوت کە مێشکی ئەو تەنها یەک ئەدگاری هەیە: سودمەندی و پەسنی سودمەندیی!

کونتی جەوان، جگە لەو شتەی کە ڕەنگ بوو حکوومەتی

دوو پارلەمان بهێنێ بۆ وڵاتەکەی هیچی تری لا گرنگ نەبوو. ئەوەندەی هاتنی ژنراڵێکی «پێڕۆ»یی بینی، دڵڕفێنترین سەماکاری کۆڕەکەی، بە خۆشییەوە بەجێهێشت.

ئاڵتامیرای بێچارە کە لە ئورووپا نائومێد ببوو، بە ناچاری وای بیر ئەکردەوە کە هەر کات وڵاتانی خوارووی ئەمریکا بەهێز بوون، ئەلوێ ئەو ئازادییەی کە میرابۆ ناردبووی بۆ ئەوێ، بگێڕنەوە بۆ ئورووپا.

ئاپۆرەیەکی گەنجانی سمێڵی دەوری ماتیلدیان دابوو. ماتیلد باش لەوە گەیشتبوو کە ئاڵتامیرا شەیدای نەبووە و لە ڕۆیشتنی ئەو تۆزێ ڕەنجابوو. چاوە ڕەشەکانی ئەبینی کاتی قسەکردنی لەگەڵ ژنراڵی «پێڕۆ»یی ئەبریسکێتەوە. مادمازێل دولامۆل بە نازێکی وەها قووڵەوە ئەیڕوانییە فەڕانسەییە جەوانەکان، کە هیچکام لە هاوچاوەکانی نەیانئەتوانی لاسایی بکەنەوە. لە دڵی خۆیدا وتی: «کام لەم گەنجانە جەربەزەی ئەوەی هەیە، گریمان بە یارمەتی هەموو بەخت یاربوونیش، بە بڕیاری فەرمانی مەرگی خۆی ڕازی ببێ؟»

ئەم بۆچوونە سەیرە زۆربەی ئەوانەی هەڵئەخەڵەتاند، کە زیرەکییەکی ئەوتۆیان نەبوو. ئەمانە لە پزیسکەی قسەیەکی چزوودار و وەڵامە سەختەکەی ئەترسان.

ماتیلد بیری کردەوە: «ڕەسەنی بنەماڵە سەد ئەدگار بە مرۆڤ ئەبەخشێ، کە نەبوونی بە بێگومان ئەبوویە هۆی دڵشکانم: من ئەم واتایە لە نموونەی ژوولیەن‌دا بە ئاشکرا ئەبینم. بەڵام ڕەسەنی بنەماڵە ئەو تایبەتمەندییانە ئەژاکێنێ، کە ئەبنە هۆی دەرچوونی بڕیاری مەرگ.»

لەمکاتەدا یەکێک لە تەنیشتیەوە ئەیوت:

ــ ئەم کونت ئاڵتامیرایە، کوڕی دووەمی شازادە سان نازارۆ

پیمنتلە و یەکێکە لە ئەندامانی بنەماڵەی پیمنتل، کە بە هۆی هەوڵدان بۆ ڕزگاری کۆنڕادن لە ساڵی ١٢٦٨دا، سەریان بڕی. ئەم بنەماڵەیە یەکێک لە بەڕێزترین بنەماڵەکانی ناپۆلین.

ماتیلد بە خۆی وت: «ئەمەش باشترین سەلماندنی ڕاستی! ڕەسەن بوونی بنەماڵە ئەو ورە و جەربەزەیە ناهێڵێ کە ئەگەر نەبێ، مرۆڤ بڕیاری مەرگ بۆ خۆی بەدی ناهێنێ. کە وا بوو چارەنووسی من ئەمەیە کە ئەمشەو وڕینە بکەم. بە گوێرەی ئەوەش کە ژنێکم وەکو ژنانی تر، باشتر ئەوەیە کە بچم بۆ سەماکردن.» لێرەدا بوو کە ملی دا بە داخوازییە بەردەوامەکەی مارکیز دو کرۆزنۆوا، کە یەک کاتژمێر بوو داوای لێئەکرد سەمای لەگەڵ بکات. بۆ ئەوەش فەلسەفە و ڕامیاری لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، بڕیاریدا شۆخوشەنگ بێ؛ مارکیز دو کرۆزنۆوا لە خۆی بوویەوە!

بەڵام نە سەما توانی بیری ئاسوودە بکات و نە ئارەزووی گیرۆدە کردنی یەکێک لە دەربارییە قۆزەکان توانی خەمی بڕەوێنێتەوە. بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتر نەئەگونجا. ماتیلد شاژنی کۆڕی سەما بوو. خۆی ئەمەی ئەزانی بەڵام زۆر گرنگی بەم شتانە نەئەدا.

کاژێرێک پاش ئەوە، مارکیز دو کرۆزنۆوا ئەیویست بیباتەوە، بە خۆی ئەوت: «ژیان لەگەڵ یەکی وەکو مارکیز دو کرۆزنۆوا چەندە وەڕەزکەر ئەبێ!» ئەوسا بە دەنگێکی خەمبار لە خۆی پرسی: «ئەگەر پاش شەش مانگ دووربوون، لەو کۆڕی سەما کە مایەی ئێرەیی هەموو ژنانی پاریسە، نەتوانم خۆش بم، ئەی لە کوێ ئەتوانم؟ جگە لەوەش بەو جۆرەی کە بەشدارانی هەڵبژاردە لێم ئاڵاون، لەوە باشتر هەرگیز نابێ. لێرە جگە لە چەند ئەندامی پارلەمان و یەک دووانێکی وەکو ژوولیەن، کەسی بۆرەپیاوی لێ نییە.» ئەوسا بە خەمێکەوە کە پتر و پتریش ئەبوو، ئەیوت: «لەگەڵ

ئەمەش چ ڕێژەنێکم پێ نەبڕاوە، ناوبانگ و پارە و جوانی... بەڵام جەخار، هەموو شتێکم هەیە مەگەر بەختەوەری! هێشتاش سستترین و کەمدەوامترینی ئەو شتانەی هەمە بە درێژایی شەو، بابەتی وتووێژی ئەم جەوانانە لەگەڵ من بوو. هەستی ناسک، ئەزانم هەمە. چونکە بوونی من مایەی تۆقانی هەموو ئەمانەیە. ئەگەر جەربەزەی ئەوەیان هەبێ سەبارەت بە بابەتێکی گرنگ بدوێن، پاش پێنج خولەک ئاخافتن بە هەناسەبڕکێ، وەکو ئەوەی شتێکی مەزنیان دۆزیبێتەوە، ئەگەنە ئەو شتەی کە من کاتژمێرێکە پێیان ئەڵێم. جوانم و بەهرەیەکم هەیە کە خاتوو دوساتیڵ بە بێگومان هەموو شتێکی لە پێناودا فیدا ئەکا و سەرەڕای ئەمەش، ڕاستی بابەت ئەمەیە کە لە زۆری خەم و کەسەر وا ئەمرم. ئایە هیچ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی ئەگەر هات و ناوی خۆم گۆڕی و کردم بە مارکیز دو کرۆزنۆوا، پەژارەم لەوەی ئێستە کەمتر ببێت؟!»

ئەوسا کە فرمێسکی خەریک بوو دائەباری، وتی: «بەڵام ئەی خوایە گیان! مەگەر ئەم کابرایە، پیاوێکی پیاوانە نییە؟ شاکاری پەروەردەی ئەم سەدەیە. جار نییە سەیری بکەیت و بابەتێکی لەبەر دڵان و تەنانەت شۆخی لێنەبیسیت. پیاوێکی بوێرە.» درێژەی دا: «بەڵام ئەم سۆرێلە بوونەوەرێکی سەمەرەیە.» خەمی ناوچاوانی گۆڕا بە تووڕەیی: «وتم ئەمەوێ لەگەڵی بدوێم و ئەوەتا بە بیریشیدا نایەت دەرکەوێتەوە!»

بەندی IX

## کۆڕی سەما

دەروشانەوەی جلوبەرگ،
بریسکانەوەی مۆم و بەرامەی بۆنەکان؛
ئەو هەمووە بازووی دڵرفێن و شانی جوان،
چەپکەی گوڵ و موزیکی ئەفسووناوی ڕووسینی،
تابلۆی سیسێری وێنەگەر؛
من لە خۆم بوومەتەوە!
(گەشتەکانی ئوزری)

مارکیز دولامۆل پێی وت:

ــڕوخسارت تێکچووە. ئەمەوێ پێت بڵێم کە ئەمە لە کۆڕی سەما شتێکی باش نییە.

ماتیلد خۆبینانە وەڵامی دایەوە:

ــهیچم نییە. سەرم ئێشێ. ئێرە زۆر گەرمە.

لەو کاتەدا بارۆن دوتولی پیر، وەک بڵێی بۆ سەلماندنی قسەکانی مادمازێل دولامۆل، لەسەرخۆ چوو و بەربوویەوە. بە ناچار لە هۆڵەکە بردیانە دەرەوە. باسی جەڵتە کرا. ڕووداوێکی ناخۆش بوو.

ماتیلد هیچ گوێی نەدایە ئەم ڕووداوە. ڕای وا بوو و لێبڕابوو هەرگیز نەچێ بۆ لای پیران و ئەوانەی بە گێڕانەوەی بابەتی خەمگین ناوبانگیان هەیە.

بۆ خۆدەربازکردن لە گفتوگۆ دەربارەی بوورانەوە کەوتە

سەماکردن. بەڵام وا دیار بوو ئەمە جەڵتە نەبووبێت، چونکە بەیانی ئەو ڕۆژە سەر و سەکوتی بارۆن پەیدا بوویەوە. پاش ئەو سەمایە دیسانەوە بە خۆی وت: «مسیۆ سۆرێل نایەوێ بێ!» کاتێکیش چاوەکانی بە دوای ژوولیەندا ئەگەڕا، لە هۆڵەکەی تر بینی. سەیر بوو. ئەتوت ژوولیەن ئەو سروشتە ساردە نەگۆڕەی لێی ئەوەشایەوە، ناوەتە لاوە. ئیتر دارەتی ئینگلیزی نەبوو.

ماتیلد بە خۆی وت: «لەگەڵ کونت ئاڵتامیرای مەحکوم بە مەرگی من قسە ئەکا! چاوەکانی بە ئاگرێکی مۆن گڕیان گرتووە. ڕواڵەتی شازادەیەکی هەیە خۆی گۆڕابێ، فیزی ڕوانینی زیاتر بڵێسەی سەندووە.

ژوولیەن کە هێشتا لەگەڵ ئاڵتامیرا خەریکی دووان بوو، لە ماتیلد نزیک ئەبوویەوە. ماتیلد بە خێسەوە چاوی تێبڕیبوو و لە گەڕان بۆ ئەدگاری بەرزی شانازی بڕیاری مەرگ، کە بە هۆیەوە بە مرۆڤ ئەبڕێ، خەریکی لێکدانەوەی سیمای بوو.

ژوولیەن کاتی تێپەڕین بە بەردەمی ماتیلددا بە کونت ئاڵتامیرای ئەوت:

ــ بەڵێ، دانتۆن[١١٨] عگید بوو.

ماتیلد بە خۆی وت: «خوایە گیان! ئەم جەوانە ئەبێ بە دانتۆنێکی تر! بەڵام ڕوخساری ئەم جەوانە ئاوەها خانەدان و دانتۆن بەو ڕواڵەتە دزێوەی، ئەتوت قەسابە.» ژوولیەن نزیکتر کەوتەوە. ماتیلد بە ڕاشکاوی بانگی کرد. ئەوەندە بەهرەمەند بوو کە پرسیارێک بکات لە زمانی کیژێکەوە جوان و پەسەند بێ. بە ژوولیەنی وت:

---

١١٨ـ ژۆرژ ژاک دانتۆن: George Jacques Danton خەباتگێڕ (١٧٥٩ـ١٧٩٤) کەسایەتی بەرجەستەی شۆڕشی بۆرژوایی فەڕانسە لە کۆتایی سەدەی هەژدە. سەرۆکی باڵی ڕاستی ژاکۆبون.

ــ دانتۆن قەساب نەبوو؟

ژوولیەن بە هۆی ئەو توانجەوە کە زۆر ئاشکرا بوو و بە چاوێک کە هێشتاش بە هۆی گفتوگۆ لەگەڵ ئاڵتامیرا ئەدرەوشایەوە، وەڵامی دایەوە:

ــ بەڵێ، زۆر کەس پێیان وایە. بەڵام بە داخەوە لای خەڵکی پاکنەژاد، لە «مێری سورسەین» پارێزەری دادگا بوو.

ئەوسا بە تەوسێکی ڕەقەوە درێژەی دا:

ــ مەبەستم مادمازێل ئەوەیە، کە ژیانی وەکو ئەم چەند نوێنەرەی پارلەمان کە لێرەن دەست پێکردبوو. ڕاستە دانتۆن بە ڕوخسار ناشیرین بوو...

ئەم چەند وشەیەی کۆتایی، بە خێرایی و بە شێوازێک تاڕادەیەک بێ ئەدەبانە دەربڕی.

ژوولیەن تۆزێ بۆ بەرەوە نووشتایەوە و لە دارەتێکدا کە هەم کرنۆش و هەم ئامێتەی دفرە بوو، ساتێک ڕاما. ئەتوت ئەیەوێ بڵێ: «بۆ ئەوە مووچە بە من ئەدەن کە وەڵامی پرسیارەکانی تۆ بدەمەوە و من بەو مووچەیە ئەژیم.» چاوی هەڵنەئەهات چاو بە ماتیلددا هەڵبهێنێ. ماتیلدیش بەو چاوە جوانانەی خۆیەوە، کە بە شێوەیەکی سەمەرە قەڵەو ببوون، ئەیڕوانییە ئەو؛ وەک کۆیلەی بوو و کاتێک کە بێدەنگی درێژەی کێشا، ژوولیەن وەک نۆکەرێک بۆ وەرگرتنی فەرمانێک ئەڕوانێتە خودانەکەی، سەیری ئەکرد؛ لەگەڵ ئەوەی چاوەکانی لەگەڵ چاوە قەڵەوەکانی ماتیلددا لێک ئاڵان، بە ڕامانێکی بەرچاوەوە دوور کەوتەوە.

ماتیلد لە زیندەخەوەکەی هاتبوویە دەرەوە. کۆتاییەکەی بە خۆی وت: «ئەو کە خۆی ئەوەندە جوانە، بۆ ئەبێ بەو جۆرە دەربارەی دزێوی باخێوێ. هەرگیز بیر لە خۆی ناکاتەوە! ئەم جەوانە هیچ لە کەیلۆس و کرۆزنۆوا ناچێ. لە ڕواڵەتی ئەم سۆرێلەدا

شێوەیەکی ئەو شەرا و دارەتە هەیە، کە باوکم ئەیگرێ بە خۆیەوە، کاتێک کە ئەیەوێ وەکو ناپۆلیۆن خۆیا بکات.» سەر لەبەر دانتۆنی لە بیر کردبوو. «من، ئەمشەو، بە بێ سۆنگە دڵم تەنگە!» قۆڵی براکەی گرت و لەوپەڕی خەم و پەژارەدا، لەگەڵ خۆی پەلکێشی کرد تا گەشتێک بە کۆڕی سەماکەدا بگەڕێن. دای لە مێشکی گوێ لە گفتوگۆی ژوولیەن و مەحکوم بە مەرگەکە ڕابگرێ.

ئاپۆرەکە مۆنجی ئەدا. سەرەڕای ئەمەش کاتێک کە ئاڵتامیرا دوو هەنگاو پێشتر بۆ خواردنی دۆندرمە لە یەکێک لە سینییەکان نزیک بوویەوە، توانی خۆی بگەیەنێتە لایان. ئاڵتامیرا نیوسووڕێک خۆی سووڕاندبوو و لەگەڵ ژوولیەن قسەی ئەکرد. چاوی بە بازوویەکی زەربەفت کەوت کە دۆندرمەی لە تەنیشت دۆندرمەکەی ئەو هەڵئەگرت. وا دیاربوو جۆری گوڵدۆزی ئەم قۆڵی کراسە، سەرنجی ڕاکێشابوو. بۆ بینینی خاوەنی ئەو قۆڵە، بە تەواوەتی ئاوڕی دایەوە. دەسبەجێ، لەو چاوانەدا کە تا ئەو ڕادەیە جوان و خۆشباوەڕ بوو، تۆزقاڵێک ڕواڵەتی سووکانەی تیا بەدی هات.

زۆر بە ئەسپایی بە ژوولیەنی وت:

ـ ئەم کابرایە ئەبینی؟ شازادە داراسێللی. ئەمڕۆ بەیانی داوای ڕادەستکردنەوەی منی لە مسیۆ دونرڤاڵ، وەزیری دەرەوەی فەڕانسە کردووە. ئەوەتا بۆ خۆی خەریکی یاری «ویست»ـە. جەنابی دونرڤاڵ ئامادەیە من بدات بە دەستەوە، چونکە ئێمەش ساڵی ١٨١٦ دوو سێ پیلانگێڕمان دایەوە بە ئێوە. ئەگەر ڕادەستی شاکەی خۆمم بکەنەوە، لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا لە قەنارە ئەدرێم و یەکێک ئا لەم گەنجە قۆزە سمێڵیانەش دەسگیرم ئەکات.

ژوولیەن بە دەراوێکی نیوەبەرز هاواری کرد:

ـ ئەی بێ ڕوومەتانە!

ماتیلد سەرلەبەری هەموو قسەکانیانی ئەبیست. خەمی ڕەوا بوویەوە.

کونت ئالْتامیرا وتی:

ـــنە زۆریش بێ ڕوومەت! من بۆیە باسی خۆمم بۆکردی کە نموونەیەکی زیندووم بۆ هێنابیتەوە. شازادە داراسێللی هەموو پێنج خولەک جارێک سەیری مەدالیای «بەرخی زێڕین»ی سەر سینەی ئەکات و لە بینینی ئەم مت و مووررووە بە سینەیەوە تێر نابێ! بوونی کابرای ڕەبەن پێچەوانەی ڕەوتی ئاساییە. سەد ساڵ لەمەوبەر مەدالیای «بەرخی زێڕین»، ڕەنگە مایەی شانازی بووبێ. بەڵام ئەو ڕۆژانە «بەرخی زێڕین» لە سەریشی زیاد بوو. ئەمڕۆش لە ناو خانەدانەکاندا مرۆڤ ئەبێ ببێ بە ئاراسێللی، تا ئەفسوونی ئەو نیشانە بیگرێ. بۆ وەرگرتنی ئەم مەدالیا بێگومان تێکڕای شارێکی ئەدا لە سێدارە!

ژوولیەن بە شڵەژاوی وتی:

ـــمەبەستت، ئەو مەدالیایەی بەو نرخە بەدەست هێناوە؟!

ئالْتامیرا بە ساردی وەڵامی دایەوە:

ـــنەک بەو نرخەش... بەڵام ڕەنگە سی کەس لەو زەویدارە گەورانەی وڵاتەکەی کە بە ئازادیخواز ناسرابوون، هەڵدابێتە ناو چەمەکەوە.

ژوولیەن دیسان وتی:

ـــلەو دڕندەیە!

مادمازێل دولامۆل کە بەوپەڕی پەرۆشەوە گوێی ڕاگرتبوو، ئەوەندە لێی نزیک ببوویەوە کە پرچە جوانەکەی ئەیدا لە شانی.

ئالْتامیرا وەڵامی دایەوە:

ـــتۆ هێشتا گەنجی! وتم خوشکێکم هەیە لە مەڵبەند شووی کردووە. هێشتاش شەنگ و میهرەبان و نازەنینە. بۆ خێزانەکەی

دایکێکی زۆر باشە. هەموو ئەرکی خۆی ڕائەپەڕێنێ. ژنێکی دیندارە، بەڵام نەک خۆدەرخەر...

کونتێس دولامۆل لە دڵی خۆیدا ئەیوت: «مەبەستی لەم قسانە چییە؟»

کونت ئاڵتامیرا وتی:

ــژنێکی بەختەوەرە. ساڵی ١٨١٥ بەختەوەر بوو. ئەو ڕۆژانە من لە ماڵێکی ئەو، لە زەویوزارێک کە لە ئانتێب هەیەتی، خۆم شاردبوویەوە. هەر ئەم خوشکە، ئەوەندەی هەواڵی کوشتنی مارشاڵ «نەی» بیست، کەوتە هەڵەکە سەما!

ژوولیەن سەرسام و ڕاماو وتی:

ــشتی وا نابێ!

ئاڵتامیرا وتی:

ــئەمە بەرەنجامی بیرکردنەوەی حیزبییە! لە سەدەی نۆزدەدا ئیتر هەستی ڕاستەقینە نەماوە. بۆیەشە مرۆڤی فەڕانسەیی تا ئەو ڕادەیە گیرۆدەی خەمۆکیە. گەورەترین ستەم ئەکرێ بە بێ ستەم.

ژوولیەن وتی:

ــچی لەوە خراپتر؟ لانیکەم کاتێک کە مرۆڤ تاوان ئەکات، ئەبێ بە پێخۆش بوونەوە ئەو کارە بکات. تاوان جگە لەمە هیچ لایەنێکی باشەی نییە. تەنانەت مەگەر بەم هۆیەوە، ئەگینا ناتوانین هەڵسان بە تاوانکردن بە کارێکی پەسەند دابنێین.

مادمازێل دولامۆل کە ئەرکی سەبارەت بە خۆی، بە تەواوەتی لە بیر چووبوویەوە، کەم تا کورت لە نێوان ژوولیەن و ئاڵتامیرادا وەستابوو. کۆنت نۆربێر وەک خوو گوێڕایەڵی خوشکی بوو و بەم کارە ڕاهاتبوو؛ قۆڵی ئەوی گرتبوو و خۆی ئەیڕوانییە سوچێکی تر و بۆ ئەوەی ڕواڵەتێکی ئاسایی بە خۆیەوە گرتبێ، وای دەرئەخست کە حەشاماتەکە ڕێگەی ڕۆیشتنی لێگرتووە.

ئاڵتامیرا ئەیوت:

ــهەق بە تۆیە. ئێستە، هەموو کارەکان تەنانەت تاوانیش بە بێ چێژ و بە بێ ئەوەی بیرەوەرییەکی لێ بەجێ بمێنێ، ئەنجام ئەدرێ. ڕەنگە لەم کۆڕی سەمایە بتوانم دە کەستان پیشان بدەم کە بە تاوانی «کوشتن»، تووشی لەحنەتی خوا ئەبن. ئەمانە خۆشیان لە بیریان چووەتەوە و دنیاش لە بیری چوەتەوە! هەندێ لەمانە، ئەگەر قاچی سەگەکەیان بشکێ، فینگە فینگ بۆی ئەگرین. لە «پرەلاشز»، کاتێک کە گۆڕەکانیان، بە گوێرەی دابی دلڕفێنی پاریسی، گوڵباران ئەکرێ، ئەڵێن ئەم شادڕەوانانە خاوەنی هەموو ئەدگار و تایبەتمەندی شاسوارانی دلێر بوون! ئەوسا باسی کارە مەزنەکانی باپیرانیان لە سەردەمی هانری چوارەمدا ئەکرێت. ئەگەر من سەرەڕای هەوڵدانی خێرخوازانەی شازادە داراسیێللی، لە دار نەدرێم و بەردەوام لەم سامان و ئاسایشە لە پاریس بەشداربم، ئەمەوێ تۆ و نۆ دە بکوژی خۆشناوی ویژدان ئاسوودە بانگهێشتن بکەم بۆ میوانی نانی شێوان. لەو میوانییەدا تۆ و من تەنها مرۆڤی پاکنەژادی ئەو کۆڕە ئەبین. بەڵام بۆ خۆت ئەبینی کە من وەکو دەعبایەکی خوێنخۆر و ژاکۆبۆن ئەبم بە سەرچاوی بوغز و دوژمنایەتی و تۆش وەکو مرۆڤێک لە ناو جەماوەرەوە بە ناڕەوا پێت خستۆتە کۆمەڵگەی ئاریستۆکراتەکانەوە، کۆڵێک تیر و توانجت بەرئەکەوێ.

کونتێس دولامۆل وتی:

ــقسەی لەمە ڕاستتر نەبووە و نابێ!

ئاڵتامیرا، بە سەرسامی تێی ڕوانی. ژوولیەن گرنگی پێنەدا کە سەیری بکات.

ــسەرنجی ئەو شۆڕشە بدەن کە من سەرکردەی بووم. تەنها هۆی شکستەکەی ئەوە بوو کە نەمویست سەری سێ کەس ببڕم

و ئەو حەوت هەشت ملیۆن پارەیەی لە باوڵێکدا بوو و کلیلەکەی بە دەست منەوە بوو، لە نێوان یاران و لایەنگرانمدا دابەش بکەم. شای وڵات کە ئەمڕۆ لە ئارەزووی لە سێدارەدانی مندا ئەسووتێ و بەر لە ڕاپەڕین و شۆڕش لە یارانی گیانی بە گیانی من بوو، ئەگەر سەری ئەم سیانەم ببڕیایە و پارەکەم دابەش بکردایە، بە بێگومان حەمبەلە گەورەکەی خۆی ئەدا بە من، چونکە لانیکەم، من نیمچە سەرکەوتنێکم هەر بە دەست ئەهێنا و وڵاتەکەم وەکو ئەوانی تر ئەبوو بە خاوەنی دەستوور و بەیاننامەیەک. کاری دنیا بەم جۆرەیە. یاری شەترەنجە.

ــواتە ئەو ڕۆژانە تۆ ڕێگەی یارییەکەت نەزانیبوو و ئێستەش...

ــمەبەستت ئەوەیە ئەبوایە سەریانم ببڕیایە و وەکو ئەو ڕۆژانە ئەیانوت تووشی چارەنووسی ژیرۆندنەکان نەئەبووم.

ئاڵتامیرا بە دەنگێکی خەمناک درێژەی دا:

ــئەو ڕۆژەی کە تۆ یەکێکت لە دوێلدا کوشت، وەڵامت ئەدەمەوە؛ هەرچەند دزێوی کوشتن لە جەنگی تەن بە تەن زۆر کەمترە لەوەی گیانێک بدەی بە دەست جەللادەوە!

ژوولیەن وتی:

ــئەرێ بە دینم! ئەوەی کە لە ئارەزووی گەیشتن بە بەرەنجامێکە، نابێ لە هیچ کەرەسەیەکی تر بپرنگێتەوە. ئەگەر لە بری ئەوەی تۆزقاڵێک بم، دەسەڵاتێکم هەبووایە، بۆ ڕزگارکردنی چوار کەس، سیانم ئەنارد بۆ سەر داری قەنارە!

چاوەکانی کە ئاگری ویژدان و سووکایەتی داوەرییە بێهوودەکانی خەڵکی تێیدا ئاشکرا و خۆیا بوو، لە چاوەکانی مادمازێل دولامۆل، کە ڕێک لە نزیکییەوە وەستابوو، گیرا. لێکگیرانی ئەم سووکایەتییە، جگە لەوەی نەبوو بە میهر و ئەدەب، ئەتوت دوو ئەوەندەش بوو.

مادمازێل دولامۆل لەم بابەتەوە زۆر ڕەنجا. بەڵام ئیتر توانا و دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو کە ژوولیەن لەبیر بکات. لە ڕقا دوور کەوتەوە و براکەشی بە دوای خۆیدا پەلکێش کرد.

بە خۆی وت: «ئەبێ ئارەقی کۆکتێل بخۆمەوە و زۆر سەما بکەم. ئەمەوێ یەکێک کە لە هەمووان باشترە، هەڵبژێرم و بە هەر شێوەیەک بووە بەزمێک ساز بکەم پڕ بەمناوە. چاکە، ئەمە هەمان کونت دوفرواکی ئازا و بەناوبانگە!» داواکەی کونتی قبووڵ کرد و کەوتە سەما. لای خۆی وتی: «ئەبێ بیسەلمێنم کاممان گوستاخترین! بەڵام بۆ ئەوەی بتوانم باش پێی پێبکەنم، ئەبێ بیخەمە دوان.» زۆر زوو سەمای کادریل بوو بە «سەما بۆ پاراستنی ڕواڵەت». زۆر هەوڵئەدرا نەکا یەکێک لە وەڵامە چزوودارەکانی ماتیلد نەبیسرێ. مسیۆ دوفرواک شڵەژابوو و، لەبەر ئەوەی لەبری بیری نوێ جگە لە قسەی فەرمی نەئەدۆزییەوە، ڕوخساری ڕەنگی ئەگۆڕا. ماتیلد کە زۆری بۆ هاتبوو، ڕەفتارێکی توندی لەگەڵ کرد و لە کۆڕی سەما چووە دەرەوە. بەڵام، لە ناو فایتوونەکە، ئەو تۆزە وزەیەی بۆی مابوویەوە بۆ ناشادی و خەمگین کردنی خۆی بەکاری هێنا. لە لای ژوولیەنەوە چیها سووکایەتی پێکرابوو و توانای نەبوو سووکایەتی پێ بکات!

ژوولیەن لە لوتکەی بەختەوەریدا بوو. لەبەر تیشکی موزیک و گوڵ و ژنی جوان و جوانی گشتی و لە هەموو زیاتر، لە سێبەری ئەندێشەی خۆیدا کە لە ئارەزووی پایە و ناوبانگ بۆ خۆی و ئازادی بۆ هەمووان بوو، ئاگای لە خۆی بڕابوو. بە کونتی وت:

ــچ کوڕێکی سەمای بێخەوشە! بێ کەموکووڕییە!

ئاڵتامیرا وەڵامی دایەوە:

ــلە ڕوانگەی «بیر»ەوە کێماسی هەیە!

ئینجا ڕواڵەتی سووکایەتییەکی ئاشکرای ئەنواندەوە کە خووی

سەلاری هەوڵی ئەدا بیشارێتەوە و لە ئەنجامی ئەم هەوڵەدا، کرێتتر خۆیای ئەکرد.

ــتۆ لێرەیت، مسیۆ لۆکونت. مەگەر ئەمە خۆی «بیر» نییە؟ ئەویش بیرێک کە خەرێکی پیلان نانەوەیە!

ــمن لەبەر ناوەکەم لێرەم. بەڵام لە هۆڵەکانی ئێوە دوژمنایەتی لەگەڵ بیر ئەکەن. بیر لێرە، نابێ لە ئاستی گۆرانییەکی هەزەلی پتر بێ کە خەڵاتیش کراوە! بەڵام ئەگەر بیرمەندێک پەیدا ببێ قسەکانی تازەیی و لۆمە و توانجی تیابێ، ئێوە بە قەشمەری گوستاخی ناوئەبەن. مەگەر یەکێک لە دادیارەکانتان ئەو ناوەی لە کۆریە نەنا؟ مەگەر ئێوە ئەو و بڕانژەتان نەخستە زیندان؟ ئەوەی لەم وڵاتەی ئێوە لە ڕووی ناسکی و وشیارییەوە بایەخێکی هەبێ، لیژنەی نهێنی ئەیدا بە دادگا و ئاریستۆکراتەکانیش چەپڵەیان بۆ لێئەدەن. کۆمەڵگەی داڕزاوی ئێوە لەبەر ئەوەی کە داب و نەریت لە هەموو شت بە گرنگتر ئەزانێ، بۆیە هەرگیز لە ئازایەتی سەربازی سەرترناکەون. ئێوە هی وەک «مۆرا»تان ئەبێ، بەڵام هەرگیز نابن بە خاوەنی «واشینگتۆن». من لە فەڕانسە، جگە لە لووتبەرزی هیچ نابینم. کەسێک کە بیرێکی نوێی پێیە، وەکو نوکتەیەکی ناپارێزانە دەری ئەبڕێ و خاوەن ماڵیش پێی وایە ئابڕووی چووە.

لە ماوەی ئەم وتووێژەدا، فایتوونەکەی کونت کە ژوولیەنی ئەگەیاندەوە، لەبەر تەلاری دولامۆل وەستا. ژوولیەن ببوو بە خولیای ئەم پیلانگێڕە. ئاڵتامیرا پیرۆزباییەکی لێکردبوو کە بە مسۆگەری لە بڕوایەکی قووڵەوە سەرچاوەی ئەگرت: «تۆ گیرۆدەی سەرسەرێتی فەڕانسەیی نیت و لە پڕنسیپی سودمەندی تێئەگەیت.» سەیر لەوەدا بوو کە ژوولیەن تەنها دوو ڕۆژ بەر لەوە، مارینۆ فالێرۆ، تراژیدیای مسیۆ کازیمیر دێلاوینی بینیبوو.

ئەم کوڕە یاخییەی جەماوەر بە خۆی ئەوت: «تەنانەت

ئیزڕایل برِتۆچییۆیش کاراکتەری لە سەروو هەموو خانەدانەکانی ڤێنیزیاوە نییە، کەچی سەرەڕای ئەمەش خانەدان و کەسانی وا هەن کە ڕەسەنایەتیان لە کۆنەوە واتە حەوتسەد ساڵ پێش و ئەگەڕێتەوە بو سەد ساڵ بەر لە شارلمانیش. لە کاتێکا مێژووی ڕەسەنایەتی گەورەترین خانەدان لە کۆڕی سەمای ئەمشەودا، لە سەدەی سیانزە دوورتر ناکەوێتەوە؛ ئەویش بە شەلەشەل و بە هەزار کێشە! زۆر چاکە لە نێوان ئەم خانەدانانەی ڤێنیزیا کە لە ڕوانگەی ڕەسەنایەتییەوە لە هەموو بەرزترن، کەسێک کە یادی لە بیر نەچووبێتەوە، ئیزڕایل برِتۆچییۆیە.»

«یەک پیلان ئەتوانێ هەموو ئەو ناوبانگ و نازناوانەی کە بە پێی هەوەسی کۆمەڵایەتی دراوە، تەفروتوونا بکات. ئینجا لەم کەین و بەینەدا، کابرایەک لەپڕ بە پلەیەک ئەگات کە پەیوەندی بە جۆری ڕوانینی ئەو بۆ مەرگ هەیە. مێشکیش بۆ خۆی توانا و دەسەڵاتی خۆی لەدەست ئەدا...»

«ئینجا پیاوێکی وەکو دانتۆن، ئەمڕۆ لە سەردەمی ڤالێنۆکان و دورێنالەکاندا ئەبوو بە چی؟ تەنانەت نەئەبوو بە بریکاری دادیاری شایش!...»

«ئەوە ئەڵێم چی؟ بێگومان خۆی ئەفرۆشت بە لیژنەی نهێنی و ئەکرا بە وەزیر. چونکە پاش هەموو ئەم شتانە، ئەم دانتۆنە مەزنە دزی وەک خۆی نەبوو. میرابۆش خۆی فرۆشت. ناپۆلیۆن ملیۆنەهای لە ئیتالیا دزی. ئەگەر ئەم دزییانەش نەبوایە، ڕشتەی کارەکانی وەک ژنراڵ پیشگرۆ بە هۆی نەدارییەوە لێک هەڵئەپچڕا. لافاییێت تەنها کەسێک کە هەرگیز دزی نەکردووە.» ژوولیەن لە خۆی پرسی: «ئەبێ یەکێک دزی بکا؟ ئەبێ یەکێک خۆی بفرۆشێ؟» ئەم پرسیارانە مێشکی جام کرد. ماوەی ئەو شەوە، مێژووی شۆڕشی فەڕانسەی خوێندەوە.

بەیانی ئەو ڕۆژە، کاتی نووسینی نامەکان لە پەرتووکخانە، هێشتاش جگە لە گفتوگۆکەی لەگەڵ کونت ئاڵتامیرا، هیچی تری لەبیر نەبوو.

پاش بیرکردنەوەیەکی دوورودرێژ بە خۆی ئەوت: «ڕاستەکەی ئەگەر ئەم ئیسپانییە ئازادیخوازانە بە هۆی کۆمەڵێک تاوانەوە جەماوەریان نەخستایەتە مەترسییەوە، بێگومان بەو ئاسانیە دەرنەئەکران.» ژوولیەن کە ئەتوت لە خەو ڕاچەنیوە، لەپڕ هاواری کرد: «ئەوانیش وەک من فرەوێژ و لەخۆبایی بوون!»

«من تا ئێستە چ کارێکی گرنگم ئەنجام داوە کە سەبارەت بەو ڕەبەنانەی هیچ نەبێ، جەربەزەی ئەوەیان هەبوو بێنە مەیدانەوە و کارێک ئەنجام بدەن، داوەری بکەم؟ من وەکو ئەو کەسە وام کە کاتی هەڵسان لە سەر سفرە هاوار ئەکات: من بەیانی نان ناخۆم! ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێ کە من وەکو ئەمڕۆ بەهێز و چالاک بم. کێ چووزانێ لە نیوە ڕێی کارێکی مەزندا مرۆڤ چی بەسەر دێ؟» ئەم بیرە بەرزانە لە ئەنجامی هاتنە ژوورەوەی مادمازێل دولامۆل بۆ ناو پەرتووکخانە، لێک هەڵپچڕا. ئەوەندە لە بەرامبەر تایبەتمەندییەکانی دانتۆن و میرابوو و کارنۆ، کە لە ڕازەکانی «شکست نەخواردن» تێگەیشتبوون، هەژابوو، کە چاوی لە مادمازێل دولامۆل کرد، بەڵام بە بێ ئەوەی بیر لەو بکاتەوە، بە بێ ئەوەی ڕۆژباشی لێبکا و بە بێ ئەوەی کەم تا زۆر بیبینێ، لە کۆتایی‌دا کاتێک کە چاوە تاساو و پڕ خێسەکەی، هەستی بە بوونی کچە کرد، گڕ و بڵێسەی دامرکایەوە. مادمازێل دولامۆل ئەم خاڵەی بە هەستێکی تاڵەوە بینی.

ئەوسا بێهوودە بەرگێک لە مێژووی فەڕانسەی نووسینی «ڤێلی» داواکرد، کە لە بەرزترین قەفەسەدا بوو و ژوولیەن ناچار بوو بچێ بە دوای پەیژەیەکی بەرزتردا. ژوولیەن پەیژەکەی

هێنابوو، پەرتووکەکەی دۆزیبوویەوە، دابووی بە دەستییەوە، بە بێ ئەوەی دیسانەوەش بتوانێ بیر لەو بکاتەوە. کاتێک کە ئەیویست پەیژەکە بباتەوە، لە گەرمەی ئەم بیر ئاڵۆزییەدا، ئانیشکی دای لە شووشەی یەکێک لە جامخانەکان و خڕەی داباریینی وردە شووشە، سەرەنجام لە خەوی ڕاچەناند. بە کاوەخۆ چەند جار داوای لێبوردنی لە مادمازێل دولامۆل کرد، هەولێدا سەلار بێت، بەڵام نەیتوانی لەوە زیاتر بێ. ماتیلد بە ئاشکرا بینی کە ئاسایشی لێ تێکداوە و ژوولیەن حەزی لەوەیە لە بری ئاخافتن لەگەڵ ئەو، بچێتەوە ناو ئەندێشەکەی خۆی. پاش ئەوەی زۆری ڕوانییە ژوولیەن، بە ئارامی چووە دەرەوە. ژوولیەن سەیری ڕۆیشتنەکەی کرد: چێژی لە ناکۆکی نێوان ئەو بەرگە سادەیەی ئێستەی و ئەو ڕازاوەیی و شکۆمەندییەی شەوی پێشوو وەرئەگرت. جیاوازی هەر دوو ڕوخسارەکەش سەرسووڕهێنەر بوو. ئەو کچەی کە لە کۆڕی سەمای دووک دورێتز، ئەو هەمووە لووتبەرز و بە دفرە بوو، ئێستە و لێرە نیگایەکی تکاکاری هەبوو. ژوولیەن بە خۆی وت: «ئەم کراسە ڕەشە بەڕاستی زیاتر شکۆی ئەو ئەنوێنێتەوە. لەنجەی ئەڵێی شاژنە؛ ئەی بۆچی وا دڵ بە سۆیە؟»

«ئەگەر بێت و هۆی ئەم کەسەرە لە یەکێک بپرسم، دیسانەوەش بە کاڵ و بێ ئەزموونم دائەنێن. ژوولیەن تەواو لەو دارەتی ئەندێشەیە هاتبوویە دەرەوە. ئەبێ هەموو ئەو نامانەی ئەمڕۆ بەیانی نووسیومە سەرلەنوێ بخوێنمەوە. خوا ئەیزانێ چەندەها وشە داکەوتووە و چیها ڕستەی ناقۆڵای تیانادۆزمەوە. ئەوساش کە بە وردبینیەکی ناچاری کەوتە خوێندنەوەی یەکەم نامە، هەستی بە خشەخشی کراسێکی هەورێشم لە نزیک خۆیەوە کرد. بە خێرایی ئاوڕی دایەوە. مادمازێل دولامۆل لە دوو هەنگاوی مێزەکەیدا وەستابوو و پێئەکنی. ئەم کارە کە دیسانەوەش ڕشتەی

بیری پچڕاندبوو، ژوولیەنی تووڕە کرد.

بەڵام ماتیلد هەستی بەوە کردبوو لای ئەم جەوانە بە هیچ ناژمێردرێ! ئەم پێکەنینەش بۆ ئەوە بوو کە شڵەژانەکەی خۆی بشارێتەوە و لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بوو.

ــوا دیارە مسیۆ سۆرێل وان لە بیری شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشدا. نەکا لە بیری ئەو چیرۆکە سەیر و سەمەرەدای کە مسیۆ لۆ کونت ئاڵتامیرای بۆ ئێمە ناردووە بۆ پاریس؟ بڵێ بزانم چ باسە؟ زۆر حەز ئەکەم ئەم بابەتە بزانم. سوێند ئەخۆم کە ڕازدار بم.

جا بە بیستنی ئەم وشانە لە دەمی خۆیەوە واقی وڕما. سەیرە! ئەو لە کوێ و لالانەوە لە نۆکەرەکەی لە کوێ؟ هەژانی زیاتر بوو، بە دەنگێکی بێتام و سووکانە وتی:

ــتۆ کە بە ڕواڵەت ئەوەندە خەمسارد و خۆگری، چی بووە کە لەپڕ بووی بە بوونەوەرێکی خاوەن سرووش و یەکێک لە پێغەمبەرانی مایکڵ ئانجێلو؟

ئەم پرسیارە ڕەق و هەڵەشەیە، ژوولیەنی تا ناخی دڵ ڕەنجاند و هەر هەموو شێتگیرییەکەی بۆ گەڕاندەوە.

ژوولیەن بە توندی و دارەتێکەوە کە زیاتر و زیاتر دوژمنانە بوو، وتی:

ــدانتۆن چاکی کرد کە دزی کرد؟ شۆڕشگێڕانی پیەمۆنتی ئیسپانیا بە هۆی تاوانکارییەوە بوونە هۆی ئابڕووچوونی جەماوەر؟ مەگەر ئەبێ پلە و مەدالیای سەربازی بە هەموو پۆخڵەواتێکیش بدرێ؟ ئەوانەی ئەم مەدالیانە ئەدەن لە سینەیان، نابێ لە گەڕانەوەی شا بترسن؟ گەنجینەی تۆرێن، ئەبوایە تالان بکرایە؟

بە دارەتێکی سامناک لە ماتیلد نزیک بوویەوە و وتی:

ــبە کورتییەکەی مادمازێل، ئەو پیاوەی کە ئەیەوێ تووی

تاوان و نەزانی لە سەر ئەم عەرزە هەڵبگرێ، ئەبێ وەک گەردەلوول تێپەڕێت و لە هەر کوێ کە پێویست بوو، بە چاوی بەستراوەوە خراپە بکات؟

ماتیلد ترسا! خۆی لە بەرامبەری‌دا پێڕانەگیرا و دوو هەنگاو چووە دواوە. ساتێک ڕوانییە ژوولیەن. پاشان، لە ترسانەکەی خۆی تەریق بوویەوە و بە لەنجە لە پەرتووکخانە چوویە دەرەوە.

بەندی X

# شاژن مارگاریت

ئەی ئەوین!
کام دیوانەسەری هەیە بە وزەی تۆ،
نەبێتە سەرچاوی خۆشی؟
(نامەکانی تەرکەدنیای پورتوگالی)[۱۱۹]

ژوولیەن، سەرلەنوێ نامەکانی خوێندەوە. کاتێک زەنگی شێو لێدرا، بە خۆی وت: «لە چاوی ئەم لەیستۆکە پاریسییەدا، ئەبێ چەندە گاڵتەجار خۆیام کردبێ؟ ئەمە چ هەڵەیەکی هەڵەشە بوو کە ڕاستی ئەندێشەی خۆمم لا درکاند؟! بەڵام ڕەنگە زۆریش شێتانە نەبوو، دەربڕینی ڕاستەقینە لەم بوارەدا شیاوی من بوو.»

«جگە لەمەش، ئەم کچە بۆ ئەبێ سەبارەت بەو نهێنیانە داوای ڕوونکردنەوە لە من بکات؟ ئەم پرسیارە لە لایەن ئەوەوە پێچەوانەی داب و نەریتە. بیر و بۆچوونی من سەبارەت بە دانتۆن بەشێک لەو خزمەتە نییە کە باوکی ئەو مووچەیە بە من ئەدا.»

ژوولیەن کاتی چوونە ژووری نانخواردن لە بینینی ئەو ڕەشپۆشییەی کونتێس دولامۆل، ئەوەندە سەری سووڕما کە گرژییەکەی خۆی لەبیر بردەوە و زیاتریش لەبەر ئەوەی کەسی تر ڕەشپۆش نەبوو.

پاش نانخواردن، هەستی کرد ئەو هەڵچوونە توندەی بە

---

۱۱۹ـ nun ڕەببان یان ڕاهیب، بە تایبەت ئەو ئافرەتانەی لەم دنیا خۆیان لە خۆشی جەستەیی بێبەش ئەکەن و پێیان وایە لەو دنیا شوو بە عیسا ئەکەن.

درێژایی ڕۆژ لەگەڵی بوو، لە کۆڵی بۆتەوە. خۆشبەختانە ئەندامی کۆڕی زانیاری لەوێ بوو. ژوولیەن بە خۆی وت: «ئەگەر بێت و پرسیارەکەی من سەبارەت بە شینگێڕی مادمازێل دولامۆل، وەک بۆی ئەچم، گێلانە بێ، ئەم کابرایە تەنها کەسێکە لە هەمووان کەمتر پێم پێبکەنێ!»

ماتیلد بە شێوەیەکی سەیر تێی ئەڕوانی. ژوولیەن بە خۆی وت: «ئەمە هەمان ئەو ناز و دڵبەرییەی ژنانی ئەم مەڵبەندەیە کە خاتوو دورێنال بۆی باس کردبووم. ئەمڕۆ بەیانی ڕووم نەدایێ، ئەیویست لەگەڵم بدوێ، لەگەڵی نەدوام. کەچی هێشتاش نرخم لە لای زیاتر بووە. بە بێگومان، ئەم شەیتانە هیچی لێ کەم نابێتەوە. دفرەی شکێنەری لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕێگەی تۆڵە ئەدۆزێتەوە. بلا چی لە دەست دێ، درێخی نەکات. لەگەڵ ئەو ژنەی لە دەستم چوو، چەندە جیاوازی زۆرە؟ ئەی لەو گیانە ئەفسووناوییە! چەندە ساکار بوو! بەر لە خۆی بیرەکانیم ئەخوێندەوە. لەدایکبوونی ئەندێشەکانیم ئەبینی. لە دڵیدا جگە لە ترسی مەرگی مناڵەکانی، هیچ خەنیمێکم نەبوو. میهری میهرەبان بوو و تەنانەت لە لای منیش کە لەم ترسەی ئەترسام، خۆشەویست بوو. گەوج بووم. وێنای پاریس لە ئەندێشەی بەرزەفڕمدا نەیهێشت نرخی ئەو ژنە پایەبەرزە بزانم!

چ جیاوازییەک، خوایە گیان! چیم لێرە دۆزیوەتەوە؟ دفرەی وشک و لەخۆڕازی، هەموو جۆرەکانی لوتبەرزی لووسکانە و ئیتر هیچ.»

خێڵی میوان لە سەر سفرە ڕابوون. ژوولیەن بە خۆی وت: «نابێ بهێڵم کەس یەخەی جەنابی ئەندامی کۆڕی زانیاری بگرێ.» کاتی ڕۆیشتن بەرەو باخ، لێی نزیک بوویەوە. ڕواڵەتێکی نەرم و ملبەکوێنی بە خۆیەوە گرت و بوو بە شەریکی ئەو تووڕەیییەی کە

سەرکەوتنی هێرنانی لە دڵی کۆڕی زانیاری‌دا دایگیرساندبوو.

وتی:

ـچەندە خۆش ئەبوو ئەگەر هێشتاش لە سەردەمی نامەی سەربەمۆردا بژیانیایە!

ئەندامی کۆڕی زانیاری بە نواندنێک کە شیاوی تالما[١٢٠] بوو، دەنگی هەڵێنا:

ـئەوسا هەرگیز نەیئەوێرا...

ژوولیەن یەک دوو دێڕ لە هۆنراوەی جیۆرجیکی ڤێرجیلی[١٢١] سەبارەت بە گوڵێک خوێندەوە و وتی، کە هیچ هۆنراوەیەک شان نادا لە شانی هۆنراوەکانی «ئابە دولیل». کورتییەکەی، بەو جۆرەی کە پێویست بوو مەرایی بۆ ئەندامی کۆڕی زانیاری کرد و پاشانیش بە شێوەیەک کە کەمترین حەز و هۆگرییەکی تیا نەبوو، وتی:

ـوا بزنم مادمازێل لەو مامەی کە بە هۆیەوە بەرگی ڕەشی لەبەر کردووە، میراتێکی پێگەیشتووە؟

ئەندامی کۆڕی زانیاری وەستا و وتی:

ـچی! تۆ لەم ماڵە ئەژی و ئاگات لە شێتی کچە نییە؟ ڕاستییەکەی سەیرە کە دایکی ڕێگەی ئەو جۆرە کارانەی پێئەدا! بەڵام لای خۆمان بێ، ئەوە بە هۆی بەهێزی کەسایەتییەوە نییە کە یەکێک لەم بنەماڵەیەدا ئەدرەوشێتەوە. مادمازێل دولامۆل بەو ئەندازەی بۆ هەمووان بەس بێ، کەسایەتییەکی توانای وای هەیە، کە بتوانێ بە ئاسانی هەموویان ببا بەڕێوە! ئەمڕۆ سی ئاپریلە.

---

١٢٠ـ تالما: François_Joseph Talma هونەرپیشە (١٧٦٣ـ١٨٢٦) ئەکتەری فەڕانسەیی خۆشەویستی ناپۆلیۆن. زۆر لای گرنگ بوو جلی خۆی و دیکۆری شانۆکانی لەگەڵ ڕۆژەڤی سەردەمی شانۆگەرییەکە بگونجێ.

١٢١ـ جۆرجیکەکان: Georgics بە دووەم بەرهەمی گەورەی ڤێرجیڵ دائەنرێت، لە دوای ئیکلۆگەکان Eclogues لە و پێش ئەنەیید Aeneid. ئەم چامەیە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە وەرگیراوە.

لێرەدا ئەندامی کۆڕی زانیاری وەستا و بە دارەتێکی پڕ لە گیانی جوانی و ناسکی ڕوانییە ژوولیەن. ژوولیەن بە شۆخترین شێوە کە لە توانایدا بوو بزەی بۆ کرد.

بە خۆی وت: «ئەبێ چ پەیوەندییەک لە نێوان ڕابەریکردنی خێزان و ڕەشپۆشی و سی ئاپریل‌دا هەبێ؟ وەک پێئەچی هێشتاش زۆر خاوم.»

بە ئەندامی کۆڕی زانیاری وت:

ــئەبێ دان بەوەدا بنێم کە...

هێشتاش بە چاو پرسیاری ئەکرد.

ئەندامی کۆڕی زانیاری کە دەرفەتی بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێکی ناسک و دوورودرێژ بە باش ئەزانی، وتی:

ــبا بچین بۆ ناو باخ پیاسەیەک بکەین. سەیرە! چۆن ئەبێ لەو ڕووداوەی لە سی ئاپریلی ١٥٧٤دا ڕووی دا، ئاگادار نەبی؟

ژوولیەن بە سەرسووڕمانەوە وتی:

ــلە کوێ؟

ــلە مەیدانی «گرێڤ».

ژوولیەن ئەوەندە سەرسام ببوو کە ئەم ڕوونکردنەوەیش ڕوونی نەکردەوە. مەراق و چاوەڕوانی کارەساتێک کە لەگەڵ ئەدگاری ئەو ئەهاتەوە، ئاورینگی لە چاوەکانیا چاند و ئەو پزیسکانە ئەوپەڕی ئارەزووی هەر چیرۆکبێژێکە. ئەندامی کۆڕی زانیاری کە دۆزینەوەی گوێیەکی بیسەر شادمانی کردبوو، بە درێژی بۆ ژوولیەنی گێڕایەوە کە ڕۆژی سی ئاپریلی ١٥٧٤، چۆناوچۆن بۆنیفاس دولامۆل، قۆزترین گەنجی سەردەمی خۆی و هاوڕێکەی، ئەنیبال دوکۆکۆناسۆی خانەدان لە ئاریستۆکراتەکانی پیەمۆن لە مەیدانی گرێڤ سەریان لە لەشیان جیا کراوەتەوە. دولامۆل، فاسقی خۆشەویست و دڵداری مارگریت، شاژنی ناڤار

بوو. ئەندامی کۆڕی زانیاری وتی: «ئەبێ سەرنجی ئەوەش بدەیت کە مادمازێل دولامۆل، ناوی ماتیلد مارگریتە. جگە لەمەش لامۆل خزمەتکاری دووک دالانسۆن و ڕازداری شووی دلبەرەکەی واتا پادشای ناڤار بوو، کە پاش ماوەیەک بە ناوی هانری چوارەم بوو بە پادشا. ساڵی ١٥٧٤ ڕۆژی سێشەممە، پاش جەژنی ڕابوونەوەی مەسیح، دەربار و شارڵی نۆهەم، ئەو شا بێچارەیەی لە سەرەمەرگدا بوو، لە سەن ژێرمەن بوو. لامۆل هەوڵی دا ئەو شازادانە بڕفێنێ کە شاژن کاترین دومێدیسیان وەکو زیندانی لە دەربار ڕایگرتبوون. لەگەڵ هەموو ئەم زیندانیانە دۆست بوو. دووسەد سواری تا بن دیوارەکانی سەن ژێرمەن برد. دووک دالانسۆن تۆقی و لە حەیبەتان لامۆلی دا بە دەست جەللادەوە. بەڵام ئەوەی کاری کردۆتە سەر گیانی مادمازێل دولامۆل و حەوت هەشت ساڵ بەر لەمە کە دوانزە ساڵان بوو، خۆم لە زمانیم بیستووە، چونکە ئەم کچە سەرێکی هەیە، سەر بە گۆنگڵ...

ئەندامی کۆڕی زانیاری سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە:

ــشتێک کە لەم کارەساتە ڕامیارییەدا ئەوی سەرسام کرد ئەوە بوو، کە شاژن مارگاریتی ناڤار، کە لە ماڵێکی مەیدانی گرێڤ خۆی شاردبوویەوە، جەربەزەی ئەوەی پەیدا کرد، بە هۆی کەسانی خۆیەوە سەری فاسقەکەی لە جەللاد وەربگرێتەوە و بەیانی ئەو ڕۆژە، لای نیوەشەو، ئەم سەرەی خستە فایتوونەکەی و بردی لە پەرستگەیەک لە داوێنی گردی مونمارتر بە خاکی سپارد.

ژوولیەن کە بە توندی هەژابوو، هاواری کرد:

ــداد و بێداد! بۆچی شتی وا ئەبێ؟

ــمادمازێل ماتیلد بە چاوی سووک سەیری براکەی ئەکات لەبەر ئەوەی کۆنت نۆڕبێر، وەک ئەبینن، تۆزێکیش ئەم مێژووە کۆنەی لەلا گرنگ نییە و ڕۆژی سی ئاپریل بەرگی ڕەش لەبەر ناکات.



له سەردەمی ئەو کوشتارە بەناوبانگەوە، لە بیرەوەری دۆستایەتی زۆر نزیکی لامۆل لەگەڵ دوکۆکۆناسۆ، ئەو «دوکۆکۆناسۆ»یەی چون ئیتالیایی بوو بە ئەنیبال بانگ ئەکرا، هەموو پیاوەکانی ئەم بنەماڵەیە بەو ناوە بانگ ئەکەن.

ئەندامی کۆڕی زانیاری دەنگی خۆی دابەزاند و وتی:


ــئەم دوکۆکۆناسۆیە بە گوتەی خودی شارڵی نۆهەم، یەکێک لە خوێنخۆرترین مرۆڤکوژانی ٢٤ی ئاگوستی ١٥٧٢ بووە. بەڵام سۆرێلی خۆشەویست، چۆن ئەبێ تۆی هاوسفرەی ئەم ماڵە ئەم شتانە نەزانی؟


ــواتە لەبەر ئەمە بوو کە مادمازێل دولامۆل، لە سەر سفرەی نانخواردن دوو جار براکەی بە ئەنیبال بانگ کرد. من پێم وا بوو گوێی من بە هەڵە وای بیستووە.


ــکارەساتێک بووە بۆ خۆی! بەڵام سەیرە کە مارکیز ڕێگە بەم دێوانە بازیانە ئەدا. شووی ئەم کچە گەورەیە چەندە ڕەفتاری سەمەرە لە ژنەکەی ببینی!

به دوای ئەم ڕستەیەدا، پێنج شەش ڕستەی تەوسئامێزی وت. ئەو شادمانییەی لە درکاندنی ئەو نهێنییە مسۆگەرە لە چاوەکانی ئەندامی کۆڕی زانیاری‌دا ئەبریسکایەوە، ژوولیەنی داچڵەکاند. بە خۆی وت: «ئێمە دوو نۆکەرین کە خراپەی خودانەکەمان ئەڵێین. بەڵام هیچ شتێک سەبارەت بەم کابرا ئاکادمییە نابێ ببێتە هۆی سەرسووڕمانم.»

ژوولیەن بە چاوی خۆی ئەم کابرایەی دیبوو کە خۆی خستووە بەسەر پای جەنابی مارکیز دولامۆل‌دا. ئەندامی کۆڕی زانیاری داوای لە مارکیز کردبوو مۆڵەتی توتن بدات بە یەکێک لە برازاکانی








کە لە شارستان دائەنیشێ. هەر ئەو شەوەش کارەکەرە گەنجەکەی مادمازێل دولامۆل کە وەکو ئیلیزا لە ڕۆژانی ڕابوردوودا، حەزی لە ژوولیەن بوو، پێیوت کە بەرگی ڕەشی خاتوونەکەی بۆ خۆدەرخستن و سەرنجڕاکێشان نییە. بە وتەی کارەکەر، ئەم نامۆیی و دێوانەسەریە لە ناخ و سروشتی مادمازێلەوە سەرچاوە ئەگرێ و مادمازێل، ئەو «لامۆل»ـەی بەڕاستی خۆش ئەوێ، کە فاسقی شۆخترین شاژنی سەردەمی خۆی بووە و لە پێناوی ڕزگارکردنی هاوڕێیانیدا کوژراوە. ئینجا کامانە دۆست؟! شازادەی جێنشین و هانری چوارەم.

ژوولیەن کە خووی بەو گیانە بێگەردە گرتبوو کە لە هەموو ڕەفتارێکی خاتوو دورێنالدا ڕەنگی ئەدایەوە، لە ژنانی پاریسدا جگە لە خۆدەرخستن و ڕواڵەت سازی چی تری نەئەبینی. کاتێکیش کە تۆزێک گرفتاری خەم و پەژارە بوو، هیچی نەبوو پێیان بڵێ، بەڵام مادمازێل دولامۆل لەم ڕێسایە بەدەر بوو.

ژوولیەن گەیشتبوویە ئەوەی کە جوانی ئەگەر لە بەرزی ڕەفتارەوە سەرچاوە بگرێ، نیشانەی نەبوونی هەست و سۆز نییە. لەگەڵ مادمازێل کە هەندێجار، پاش نانی شێوان، پێکەوە لەبەر پەنجەرە کراوەکانی هۆڵەکەدا، لە ناو باخ پیاسەیان ئەکرد، وتووێژی دووروودرێژیان هەبوو. ماتیلد ڕۆژێک دەربارەی خوێندنی مێژووی ئۆبینیە[١٢٢] و بەرهەمەکانی بڕانتۆم[١٢٣]، قسەی بۆ کرد.

---

١٢٢ـ مێژووی ئۆبینیە: d´Aubigne´s History مێژووی سەدەی شانزە، نووسینی ژان هانری ئۆبینیە، بە بەرهەمێکی ڕەسەن و ڕاستگۆیانە ناسراوە. ⇦ ژان هانری ئۆبینیە: Jean_Henri d'Aubigné مێژوونووس (١٧٩٤ـ١٨٧٢) قەشەی مێژوونووس و ڕیفۆرمیستی پرۆتستانتی سویسی.

١٢٣ـ بڕانتۆم: Pierre Brantôme (١٥٤ـ١٦١٤) نووسەر مێژوونووس، سەرباز و

ژوولیەن بە خۆی وت: «چ هەڵبژاردنێکی سەیرە! لەو پەرتووکانە! سەیر لەوە دایە کە مارکیز ڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی والْتر سکات[١٢٤]، بەم کچە نادات؟»

ڕۆژێک مادمازێل دولامۆل بەو چاوانەوە کە لە خۆشی و بەختەوەریدا ئەبریسکانەوە و هۆی ڕاستی و پاکی ستایش بوو، باسی هونەرمەندی ژنێکی گەنجی کرد لە سەردەمی پاشایەتی هانری سێهەم، کە لە یاداشتەکانی ئەتوالدا[١٢٥] خوێندبوویەوە، بۆی گێڕایەوە: کاتێک کە زانی شووەکەی ناپاکە، بەر چەقۆی دا!

متمانەی ژوولیەن بە خۆی تۆزێ بووژابوویەوە. ئەو کچەی ڕووگەی ئەو هەموو ڕێزە بوو و بە وتەی ئەندامی کۆڕی زانیاری هەموو خێزانەکەی ئەبرد بەڕێوە، بە سۆز و دارەتێک لەگەڵی ئەدوا لە هەڵسوکەوتی دۆستانە ئەچوو. دوا بیرکردنەوە، ژوولیەن بە خۆی ئەیوت: «بە هەڵەدا چووبووم. ئەمە نابێ ناوبنرێ دۆستایەتی. من لە ڕازداری کارەساتێک زیاتر نیم. ئەم کارانە بەرەنجامی پێداویستی قسەکردنە. لەم ماڵەدا من بە کەسێکی ڕۆشنبیر ئەناسرێم. ئەبێ دەسبکەم بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئوبینیە و بڕانتۆم و ئەتوال. لەو کاتەدا ئەتوانم ڕەخنە لە هەندێ لەو چیرۆکانە بگرم کە مادمازێل دولامۆل ئەیگێڕێتەوە. نامەوێ ئیتر ئەو ڕازدارە بم کە تەنها گوێ ڕائەگرێ و خۆی هیچ نالێ.»

بە تێپەڕینی کات وتووێژی لەگەڵ ئەو کیژەی، کە ڕەفتاری لە یەک کاتدا هەم بەڕێزانە و هەمیش زۆر ئاسایی بوو، خۆشتر و شیرینتر بوو. ئەرک و پلەی خۆی وەکو بۆرەپیاوێک فەرامۆش

---

ژیاننامەنووسی فەڕانسەی.

١٢٤ـ والْتر سکات: Walter Scott (١٧٧١ـ١٨٣٢) نووسەر مێژوونووس، ڕۆماننووس هۆنەر و شانۆنووسی سکاتلەندی.

١٢٥ـ یاداشتەکانی ئەتوال: Memoires by l´Estoile نووسینی پیەر ئەتوال. ⇦ پیەر ئەتوال Pierre de L'Estoile (١٥٤٦ـ١٦١١) بیرەوەری نووسی فەڕانسەیی.

کردبوو. مادمازێل دولامۆلی بە زانا و تەنانەت بە بلیمەتیش دائەنا. بۆچوونەکانی ئەم کچە لە باخ، لەگەڵ ئەوەی لە ناو هۆڵ ئەیوت زۆر لێک دوور بوون. هەندێجار لە بەرامبەر ژوولیەن‌دا هەڵچوون و ڕاشکاوییەکی وەهای پیشان ئەدا کە لەگەڵ ڕەفتاری ڕۆژانەی کە تا ئەو ڕادەیە لووتبەرزانە و سارد بوو، زۆر ناکۆک بوون.

ڕۆژێ لە ڕۆژان بەو چاوانەوە کە لە زۆری شەوق و وشیاری ئەدرەوشایەوە، بە ژوولیەنی وت: «جەنگەکانی «یەکگرتن»ی سەردەمی پاڵەوانی مێژووی فەڕانسەیە. لەو سەردەمەدا هەموو کەس بە ئارەزووی دڵی خۆی ئەچوو بۆ جەنگ. هەموو کەس بۆ سەرکەوتنی پارتەکەی ئەچوو بۆ جەنگ، نەک وەکو ئەم سەردەمی ئیمپراتۆریەتەی ئێوە، لە ڕێگەی خراپەکارییەوە مەدالیایەک بەدەست بهێنێ. ئەبێ دان بەوەدا بنێین کە لەو سەردەمەدا خۆپەرستی و سپڵەیی کەمتر بوو. من ئەو سەدەیەم خۆش ئەوێ!»

ژوولیەن پێیوت:

ـخۆشت ئەوێ و بۆنیفاس دولامۆل قارەمانی ئەو سەدەیە بوو.

ـلانیکەم بە شێوەیەک بە ئەوینی دڵبەرەکەی گەیشت کە ئەگەر هەرکەس بەو شێوەیە بە ئەوین بگات، ڕەنگە شیرین بێ. لە ناو ژنانی زیندووی ئەمڕۆدا، کامە ژن هەیە لە دەستی لێدانی سەری بڕاوی دڵدارەکەی خۆی، نەپرینگێتەوە.

خاتوو دولامۆل کچەکەی بانگ کرد. ڕیا بۆ ئەوەی کاریگەر بێ ئەبێ ڕووی داشارێ و ژوولیەن وەک پێئەچوو، سەبارەت بە حەزی خۆی بەرامبەر بە ناپۆلیۆن، نیمچە دانپیانێکی لای مادمازێل دولامۆل کردبوو و...

ژوولیەن کاتێک لە باخ تەنها بوو، بە خۆی وت: «مەزنبوونی ئەم کەسایەتیانە بەسەر ئێمەدا هەر لەمەدایە. مێژووی باپیرانی

ئەم هۆزە، ئەوان ئەخاتە پلەیەکی باڵاتر لە حەز و خۆزگەی ئاسایی و ئەوەیان لە خۆیان نەکردووە بە ئەرک، شەو و ڕۆژیان لەبیری مووچە و داهاتدا بن.» ئەوسا بە تاڵی وتی: «چ هەژاری و سپڵەییەک! من شایستەی ئەوە نیم سەبارەت بەم شتە گەورانە داوەری بکەم. ژیانی من جگە لە چەردەیەک درۆ و ڕیا هیچی تر نییە. لەبەر ئەوەی هەزار فرانک داهاتم نییە کە نانی خۆم بکڕم.»


ماتیلد کە بە غار ئەگەڕایەوە وتی:

ــمسیۆ خەو بە چییەوە ئەبینی؟

ژوولیەن لە خۆ بەکەم دانان وەڕەز ببوو. بە دفرە و ڕاشکاوی ئەندێشەی خۆی بۆ گێڕایەوە. کاتێک کە بەو دەوڵەمەندییە باسی نەداری خۆی ئەکرد، زۆر سوور بوویەوە. هەوڵی زۆری دا بەو شێوازە بڕوابەخۆیە بڵێ کە پێویستی بە هیچ نییە. ماتیلد هەرگیز ئەوی تا ئەو ڕادەیە قۆز نەبینیبوو. ڕاشکاوی و هەست ناسکییەکی لە ژوولیەندا بینی کە بە زۆری لەودا نەبوو.

کەمتر لە مانگێک پاش ئەو ڕێکەوتە، ژوولیەن، لە دەریای بیردا لە ناو باخی کۆشکی دولامۆل پیاسەی ئەکرد. بەڵام ئیتر لەو تووڕەیی و فیزلێدانە فەیلەسووف ئاسایەی لە ئەنجامی هەستی هەمیشەیی خۆ بەکەم زانین، کە بە ڕوخساریەوە ئەبینرا، شوێنەواری نەمابوو. مادمازێل دولامۆل کە ئەتوت کاتی هەڵاتن لەگەڵ براکەی کۆنت نۆڕبێر قاچی ئێشی پێگەیشتووە، تا هۆڵەکە لەگەڵی هاتبوو.

ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «بە شێوەیەکی زۆر سەیر پاڵی دا بە بازوومەوە. بڵێی من گەوج بووبێتم یان ئەو حەزی لێم کردووە؟ تەنانەت کاتێکیش هەموو ڕەنج و ئازاری خۆمی بۆ ئەگێڕمەوە، بە دارەتێکی زۆر دڵسۆزانە بەس گوێ لە قسەکانم ڕائەگرێ. ئەو کچەی ئەوەندە بە فیز و دەعیەیە، ئەگەر بەو ڕواڵەتەوە لە ناو










هۆڵەکە ببینرایە، ئەبووە مایەی سەرسووڕمان. بێگومان ئەم نەرمی و سۆزەی بۆ هیچکەس نییە.»

ژوولیەن هەوڵی ئەدا سەبارەت بەم دۆستییە سەمەرەیە، خۆی فریو نەدات. خۆی ئەم دۆستیەی لەگەڵ بازرگانییەکی چەکدارانە بەراورد ئەکرد. هەموو ڕۆژێک کاتی یەکدی بینینەوە، بەر لەوەی شێوازی دۆستانی ڕۆژی پێشوو دەست پێبکاتەوە، لە خۆیان ئەپرسی ئەمڕۆ دۆستن یان دوژمن؟ ژوولیەن ئەوەی زانیبوو کە تەنها یەکجار ملکەچکردن بۆ سووکایەتی بێپەروای ئەم کچە لووتبەرزە، بە واتای لەدەستچوونی هەموو شتێک ئەبێ. ئەگەر بڕیار وابێ ڕۆژێک لە ڕۆژان نێوانم لەگەڵی تێک بچێ، باشتر ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە ئەوە ڕوو بدات، تا منیش بتوانم داکۆکی لە مافی قانوونی ڕێز و ویژدانی خۆم بکەم. چونکە بەیانی بۆ نەهێشتنی ئەو نیشانانەی سووکایەتی، کەمترین کارێک کە بیکەم بە ناچاری ئەوەیە، کە ڕێز و نرخی خۆم بدۆڕێنم.

چەندین جار لە کاتی دڵێشان‌دا، ماتیلد هەولێدا وەک خاتوونێکی مەزن لەگەڵی بجووڵێتەوە. لەم هەولانەی‌دا زیرەکییەکی ناوازەی بەکار ئەهێنا، بەڵام ژوولیەن بە ڕقەوە بەرەنگاری ئەبوویەوە.

ڕۆژێک قسەی پێ بڕی و وتی: «ئەگەر مادمازێل دولامۆل کاری بە باشنووسەری باوکی هەیە؟ باشنووسەر ئەبێ گوێ لە فەرمانەکانی مادمازێل ڕابگرێ و ئەم فەرمانانە بە ڕێزەوە ڕاپەڕێنێ. بەڵام لە دەرەوەی ئەم کەوشەنە هیچ کارێکی بە مادمازێل نییە. چونکە بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی خۆی لەگەڵ مادمازێل باس بکات، هیچ مووچەیەکی بۆ نەبڕاوەتەوە.»

ئەم هەلومەرجە و ئەو گومانە سەیرەی ژوولیەن بووە هۆی

نەمانی ئەم پەژارەیەی بە شەو و بە ڕۆژ لە ناو هۆڵەکە تەوژمی بۆ ئەهێنا. ئەو هۆڵەی کە تا بڵێی ڕازاوە بوو، بەڵام لەوێ، لە هەموو شت ئەترسان و ڕێگە نەدرابوو گاڵتە بە هیچ شتێک بکرێ.

«زۆر خۆش ئەبێ شەیدای من بووبێ!» پاشان لە دڵی خۆیدا درێژەی ئەدا: «گریمان دڵیشی لە من چووبێ، یان نەچووبێ. هاوڕازی من ئەو کچە زیرەکەیە کە تێکڕای ئەندامانی بنەماڵە و لە هەمووان زیاتر مارکیز دو کرۆزنۆوا لە بەردەمیدا لەرزی لێ ئەنیشێ؛ هەمان ئەو جەوانەی کە ئەو هەمووە سەلار و میهرەبان و تا ئەو ڕادەیە دلێرە و هەموو ئەدگارەکانی سامان و خانەدان بوونی هەیە، کە دڵی من بە تەنها یەکیان سوکنایی ئەهات. ئەو شێتی ئەم کچەیە و ئەبێ ئەم کچە مارە ببڕێ. چەندەها نامەم بە فەرمانی جەنابی دولامۆل بۆ نووسینی گرێبەستی هاوسەرێتی ئەو دووانە بۆ خاونی نووسینگەی مارەبڕین نەنووسیوە؟ منێک کە پێنووس بە دەست ئەو هەمووە خۆم بە ستەم لێکراو ئەزانم، پاش دوو کاتژمێر، لێرە لە ناو باخ بەسەر ئەو جەوانە قۆزەدا زاڵ ئەبم: چونکە پاش هەموو ئەو کارانە، ئەم کچە منی لا پەسەندترە. گرنگ ئەوەیە ماتیلد، ڕقی لە بۆچوونی شووی داهاتووە! ئەوەندە بڕوای بە خۆی هەیە ئەوەی لێبوەشێتەوە. ئەگەر حەسێب بۆ منیش ئەکات، وەکو نۆکەرێکە کە ڕازداری ئەوم.»

«بەڵام نا، نابێ وابێ. یان من شێتم یان ئەو ئەوینیم لەگەڵ ئەکات. مەن چەندە سارد بم و خۆم بکێشمەوە و چەندە زیاتر بەرێزەوە هەڵسوکەوت بکەم، خولیای ئەو زیاتر ئەبێ. ڕەنگە ئەمە بە پێی نەخشە و بڕیارێک بێ و لە سەر بناغەیەکی دەستکرد دانرابێ. بەڵام کاتێک کە لەپڕ خۆم دەرئەخەم، گڕێک لە چاوەکانیا ئەبینم. مەگەر ژنانی پاریس تا ئەم ڕادەیە مەکربازن؟ دەیجا با وابێ! ئەمە خۆ بە قازانجی منە. بلا چێژ لە ڕواڵەت وەربگرین.

خوایە گیان! چەندە جوانە! ئەو چاوە قەڵەوە شینانە، کاتێک کە لە نزیکەوە ئەیان بینم و کاتێک کە زۆربەی کاتەکان ئەڕوانێتە من، چەندەم خۆش ئەوێن!»

«لە نێوان ئەم بەهارە و بەهاری ڕابوردوو کە لە ناو ئەو سێسەد بەکرێگیراوە نەگریسەدا ڕۆژم ڕەش بوو و بە زۆری ئەڤان بەسەر پێوە ڕاوەستابووم و خۆم ڕاگرتبوو، چەندە جیاوازی هەیە؛ بەڵام نێوانی خومان بێ، منیش لەوان کەمتر چەتوون نەبووم!»

لە سەردەمی گومان و دڕدۆنگی، ژوولیەن لای خۆی ئەیوت: «ئەم کچە پێم پێ ئەکەنێ! بۆ دەمکوتکردنی من لەگەڵ براکەی یەکیان گرتووە. بەڵام هەر لە ڕواڵەتیشیەوە دیارە، گاڵتەی بە ورەنزمی براکەی دێ. خۆیشی پێی وتووم: براکەم بوێرە، بەڵام لەوە زیاتر هیچی پێ نییە. بیرێک لە مێشکیدا نییە کە جەربەزەی لادان لە داب و مۆدەی هەبێ. بۆیەشە من ئەبێ هەمیشە داکۆکی لێ بکەم. کچێکی نۆزدە ساڵان! چۆن ئەکرێ مرۆڤ لەم تەمەنەدا، لە بەیانی تا ئێوارە، هەموو کات لە بیری ئەو درۆ و دەلەسەیە بێ خۆی بەسەر خۆیدا دایسەپاندووە؟!»

«لە لایەکی ترەوە، کاتێک کە مادمازێل دولامۆل چاوە قەڵەوە شینەکانی بە شێوازێکی سەیر ئەگرێتە من، دەسبەجێ کۆنت نۆڕبێر لێمان دوو ئەکەوێتەوە. ئەمە لای من جێی گومانە. مەگەر نابێ کاتێک خوشکی لەگەڵ نۆکەرەکەیان چاوەبڕکێیەتی، ئەو قوشقی ببێ؟ بەڵێ بەم گوێچکانەی خۆم بیستم، کە دووک دوشۆن بە ناوی خزمەتکار باسی ئەکردم.» بە وەبیرهێنانەوەی ئەم بیرەوەریانە بوغز و تووڕەیی جێگەی هەموو هەستێکی تری ئەگرتەوە. «ئەم شتانەی لەم دووکە شێتەدا ئەبینرێ، ڕەنگە نیشانەی کۆنەپەرستی بێ.»

ژوولیەن، نیگای وەکو بەور ئەیوت: «زۆر چاکە، جوانە؟ منیش

کوڵی دڵمی پێ دائەمرکێنمەوە و پاشان ئەڕۆم. بەدا بە ڕۆژی ئەو کەسەش ڕێگەم لێبگرێ.»

ئەم بیرە، تەنها مەشغەڵەی بیری ژوولیەن بوو. ئیتر نەیئەتوانی بیر لە شتێکی تر بکاتەوە. ڕۆژانی بە خێرایی کاتژمێر تێئەپەڕین.

هەموو ساتەکانی ڕۆژ، بیری بە دوای کارێکی گرنگ و دژوارەوە بوو. هەموو شتێکی دائەنا و پاشان، پاشی چارەکێک، بە دڵێکی پەرێشان و سەرێکی شێواو و بەم بیر و ئەندێشەوە دائەچڵەکا:

ـ خۆشی ئەوێم یان نا؟!

بەندی XI

## دەسەڵاتی کچێک

پەسنی جوانییەکەی ئەکەم،
بەڵام لە زیرەکییەکەی ئەترسم!
(مێریمی)

ئەگەر ژوولیەن، لەبری زلکردنەوەی جوانی و شەنگی ماتیلد، یان یاخیبوون لە بەرامبەر خۆبەزلزانی خۆڕسکی ئەم بنەماڵەیە، ئەو خۆبەزلزانییەی کە مادمازێل دولامۆل لەبەر دڵی ئەو، چاوپۆشی لێئەکرد، کاتی خۆی بۆ تاوتوێکردنی ڕووداو و بابەتەکانی ناو هۆڵەکە بەکار بهێنایە، بێگومان بۆی دەرئەکەوت کە دەسەڵاتی ئەم کچە بەسەر هەموو ئەو شتانەی دەورەی داوە، چ جۆرە دەسەڵاتێکە! ئەوەندەی مادمازێل دولامۆل ڕقی لە کەسێک بوایە، بە تیری توانجێک وەها بە ئەندازە و وەها بە وەزەنگ و بە ڕواڵەت وەها جوان و شیاو سزای ئەدا، کە چەندە زیاتر بیری لێئەکردەوە، برینەکەی قووڵتر و ئازارەکەی بەسۆتر ئەبوو. لەبەر ئەوەش کە زۆربەی ئەو شتانەی لای ئەوانی تر زۆر گرنگ بوو، لای ئەو هیچ نرخی نەبوو، لە چاوی ئەواندا هەمیشە بە ئارام و خەمسارد ئەژمێردرا. چیرۆکی کۆڕ و بەزمی ئاریستۆکراتەکان کاتێک لە دڵ ئەنیشێ، کە مرۆڤ لێی هاتبێتە دەرەوە، کەچی هەمووشی هەر ئەمەیە و بەس. ئەدەبی ڕووت و قووت شتێکە بۆ خۆی و تەنها بۆ چەند ڕۆژێکی سەرەتا. ژوولیەن ئەم لایەنەی ئەزانی. پاش ئەفسوون بوونی سەرەتا، سەرسووڕمانی یەکەم دێتە ئاراوە.

بە خۆی ئەوت: «سەلار بوو، لە ڕاستیدا بەرەنجامی نیشتنەوەی تووڕەییەکە بە هۆی ڕەفتارێکی ناسەلارەوە بەدی دێت.» ماتیلد بە زۆری پەژارە دایگرتبوو و ڕەنگە لە هەموو شوێن و هەموو هەلومەرجەکان‌دا هەر خەمگین بوو. ئەوسا، شمشێری تەوس و توانج هاویشتن بۆ ئەو مایەی ڕابواردن و بەڕاستی خۆش و بەچێژ بوو.

ڕەنگە بۆ هەبوونی قوربانی زیاتر و لەبارتر لە خزمانی بەڕێز و ئەو ئەندامەی کۆڕی زانیاری و پێنج شەشی مەراییکەر و ماستاوچی بوو کە هیوایەکی لە دڵی مارکیز دو کرۆزنۆوا و کونت دوکەیلۆس و دووان سیانێک لە گەنجە هەرە بەرجەستەکان‌دا، وروژاندبوو. بوونی ئەم کەسانە بۆ ئەو بابەتی تازەی تەوس و قسەی نەستەق بوون.

لەبەر ئەوەی ماتیلدمان خۆش ئەوێ، ئەبێ بە داخەوە دان بەوەدا بنێین کە لە لایەن چەند کەسێکەوە نامەی پێگەیشتبوو و ئەویش ناوبەناو وەڵامی بە هەندێکیان دابوویەوە. بە پەلەش ئەوە بڵێین کە ئەم هونەرمەندەی داستانەکەی ئێمە لە داب و ڕێسای سەردەمی خۆی جیاواز بوو. کورتییەکەی ئەبێ بڵێین کە ناتوانین خوێندکارانی خانەدانی دەیری ساکرەکۆر بە تاوانی وریابوون لۆمە بکەین.

ڕۆژێ مارکیز دو کرۆزنۆوا نامەیەکی زۆر ڕیسوایی هێنەری دایەوە بە ماتیلد کە شەوی پێشوو مادمازێل بۆی نوسیبوو. مارکیز دو کرۆزنۆوا پێی وا بوو بتوانێ بەم پارێزکردنە بێ ئەندازەیە ببێتە هۆی پێشکەوتنی کارەکانی خۆی. بەڵام بێ ئاوەزی و ناپارێزی ئەو شتە بوو کە ماتیلد لە نامەکانی خۆی‌دا حەزی لێی بوو. چێژوەرگرتنی لە کایەکردن بە ئاگر بوو. ڕێک بۆ ماوەی شەش حەفتە وشەیەکی لەگەڵ نەوت.

سەری بە نامەکانی ئەم گەنجانەوە گەرم کردبوو. بەڵام بە ڕای ئەو، هەموو ئەم نامانە وەک یەک بوون. لەم نامانەدا بە بەردەوامی باسی قووڵترین و دڵتەنگانەترین خۆشەویستی ئەکرا.

ماتیلد بە کچی مامی ئەوت:

ـ چیرۆکی هەموو ئەمانە، چیرۆکی ئەو کابرا تەیار و ئامادەیە کە ئەیەوێ بچێ بۆ فەلەستین! هیچ هەیە لەمە بێتامتر؟ بزانە لە هەموو تەمەنمدا چ جۆرە نامەیەکم پێئەگات! شێوازی ئەم نامانە بە گوێرەی ئەو پیشەیە برەو پەیدا ئەکات، هەر بیست ساڵ جارێک ئەگۆڕدرێت. لە سەردەمی ئیمپراتۆری لە هی ئێستە تۆختر بوو. لەو سەردەمە، هەموو گەنجانی دنیای ئاریستۆکراسی، کاری وایان دیبوو یان کردبوو کە بەڕاستی مەزن بوون. دووک دو«ن»یش لە جەنگی واگرام بەشدار بوو.

مادمازێل دوسێنت هێرێدیتە، ئامۆزای ماتیلد وتی:

ـ بۆ شمشێربازی پێویست بە چ زانست و بەهرەیەک هەیە؟ ئەگەر شتێکی وایش لە ژیانیان‌دا ڕووی دابێ، چەنای چەند ساڵ هەر باسی ئەکەن.

ـ زۆر چاکە! من چێژ لەم چیرۆکانە ئەبەم. بەشداری لە جەنگێک کە بەڕاستی جەنگ بێ، جەنگی وەک جەنگەکانی ناپۆلیۆن کە دە هەزار سەربازی تیا ئەکوژرا، نیشانەی ئازایەتی بوو. خۆ خستنە مەترسییەوە مایەی گەورەیی ڕۆحی ئینسانە و ئەوان لەو پەژارەیەی کە پەسنکەرانی من تیا ئەتلێنەوە، ڕزگار ئەکات. بەڵام ئەم پەژارەیە درمە. کێ هەیە بیر لەوە بکاتەوە کارێکی مەزن جێبەجێ بکات. پەلەقاژەیانە من ببم بە ژنیان! لەو بەزمە خۆشە! من سامانم هەیە و باوکم ئەبێتە هۆی پێشکەوتنی زاواکەی. ئاه! خۆزگە زاوایەکی دەسکەوێ تۆزێ مایەی سەرگەرمی بێ.

وەک ئەبینرێ، بیرکردنەوەی توند و ڕوون و سەرنجڕاکێشی




ماتیلد، زمانی ئەوی تاڵ کردووە. زۆربەی ئەو قسانەی لە دەمی دێتە دەرەوە لای دۆستانی زۆر بە ئەدەب و تیف تیفەدراوی، بە مایەی نەنگ ئەژمێردرێ. کاتێک کە بازاڕگەرمی ماتیلد بەرەو کزی ئەچێ، بێگومان، کەم و زۆر ئەم نوکتەیان قبووڵ ئەکرد کە زمانی ئەم کچە شتێکی تیایە، سەبارەت بە تەرچکی و ناسکی ژنانە تۆزێک تۆخترە.

ئەویش لە ئاستی خۆیەوە، سەبارەت بە جەوانانی قۆز و لەباری «بوا دوبۆلۆنی» زۆر بێ بەزەیی بوو. بە ترسەوە سەیری داهاتووی نەئەکرد، کە هەستێکی توندوتیژە، بەڵکو بە چاوی نەفرەتەوە تێی ئەڕوانی کە لە تەمەنی ئەودا ناوازە بوو.

چی ماوە ئارەزووی بکات؟ ئەوەتا دەستی چارەنووس، سامان و خانەدانی و ناسکبێژی و بە وتەی خەڵک و بەڕای خۆیشی، جوانی و لەنجەی پێ ڕەوا بینیبوو.

دڵخوازترین کچی گەڕەکی سەن ژێرمەن گەیشتە ئەوەی لە پیاسەکردن لەگەڵ ژوولیەن چێژ وەربگرێ و لە دفرەی کوڕە، سەری سووڕ بمێنێ و تەڕدەستی ئەم کوڕە جووتیارە پەسن بکات. بە خۆی وت: «ئەم کوڕە کاردینالێکی وەکو ئابە مەورای لێدەرئەچێ!»

هەر زووش ئەو بەرگرییە بێڕیا و ڕاستگۆیانەیەی قارەمانەکەی ئێمە، بوو بە کەڵکەڵەی بیر و هۆشی. کەوتە گێژەنی ئەو بیرانەوە. بچووکترین وردەکارییەکانی وتووێژەکانی بۆ ئامۆزاکەی ئەگێڕایەوە و ئەیبینی هەرگیز ناتوانێ هەموو ئەو لایەنانە بگێڕێتەوە.

لەپڕ ئەندێشەیەک مێشکی ڕوون کردەوە! ڕۆژێک بە هەڵچوونێکی بێوێنەوە بە خۆی وت:

«بەختم یارە و ئەوین لە دڵم جێگیر بووە؛ دڵم داوە بە






دەست ئەوینەوە، ئەوەم لا ڕوونە! لە تەمەنی مندا، کچێکی شۆخوشەنگ، ئەگەر ئەوین نەبێ بە چی گڕ ئەگرێ و گیانی ئەهەژێ؟ لەخۆڕا هەوڵئەدەم. ئەوینی کەسانی وەکو مارکیز دو کرۆزنۆوا و کەیلۆس و هیچکام لەمانە هەرگیز لە دڵم ناچەسپێ. تەواو و بێخەوشن، بەڵام کەم ئەهێنن، بێخەوش ئەوەندەی وەڕەزم ئەکەن.»

لە دڵی خۆیدا ئەو ئەوین و هەژان و کەسەرەی لە مانۆن لسکۆ[١٢٦] و نۆڤێڵ هێلواز[١٢٧] و نامەکانی تارک دنیای پورتوگالی و ئەوانی تردا خوێندبوویەوە، هەر هەمووی بەسەر کردەوە. بێگومان هیچ پرسێکی تر لە ئارادا نەبوو جگە لە ئەوینی ڕاستەقینە. ئەوینی سووک و ڕابواردن، شیاوی کچێکی لەو تەمەنە و شایستەی وەکو ئەو نەبوو. جگە لەو ئەوینە مەزنەی پڕ بوو لە داستان و لە فەڕانسەی سەردەمی هانری سێهەم و باسۆنی پیردا بینرابوو، ئەوانی تر هیچی ئەوین نەبوون. ئەو ئەوینە لە بەرامبەر ڕێگر و لەمپەردا بە ئاسانی سەر دانانەوێنی. نەک هەر سەردانانەوێنێ بەڵکو ئەبێتە هۆی کاری مەزن و بەشکۆ. چەندە مایەی داخ و کەسەرە کە ئەمڕۆی ئێمە دەربارێک پەیدا نەبێ کە وەکو دەرباری کاترین دومێدیسی، بەڕاستی دەربار بێ! من لەم دنیایەدا خۆم بە هاوتای جەربەزەترین و مەزنترینەکانی جیهان ئەبینم. چیم لە پادشایەکی خاوەن هەستی وەکو لویی سیانزەهەم، نەئەکرد، کە لەبەر پێمدا ئاخی هەڵئەکێشا؟ وەک بارون دوتۆلی زۆر جار ئەڵێ،

---

١٢٦ـ مانۆن لسکۆ: Manon Lescaut ڕۆمانێکی ئەویندارى سەرەتای سەدەی هەژدەی لویزیانای فەڕانسەیە، نووسینی فڕانسوا پرێڤۆ Antoine François Prévost.

١٢٧ـ نۆڤێڵ هێلواز: Nouvelle Héloïse یان ژوولی، بە ناوی سوڵانی **نامەکانی دوو خۆشەویست، دانیشتووی شارۆچکەیەکی بچووک لە دامێنی بەرزاییەکانی ئەلب**، ڕۆمانێکی نامەگۆڕینەوەیە، ساڵی ١٧٦١ لە ئامستردام بڵاو کرایەوە.

ئەمبرد بۆ «ڤەندەی»[١٢٨] بۆ ئەوەی جارێکی تر لەوێوە وڵاتەکەی خۆی بگرێتەوە. ئەوسا ئیتر باسی ڕێسا و پەیماننامە نەئەکرا. ژوولیەن یارمەتی ئەدام. مەگەر ژوولیەن لە چی کەمە؟ ناو و سامان؟ ناو و نازناوی بۆ خۆی ساز ئەکرد و داراییشی پێکەوە ئەنا!

کرۆزنۆوا لە هیچی کەم نییە. بەڵام لە وەتەی هەبووە دووک بووە و نیوە توندڕەو و نیوە ئازادیخواز بووە و کەسێکە کە لە کاری توندڕەوانە خۆی ئەپارێزێ و لە ئەنجامدا بۆ هەمیشە هەر نەفەری دووهەمە.

کام کاری مەزن هەیە، کاتی ڕاپەڕاندن توندڕەوانە نەبێ؟ بەڵام کاتێک کە کرا، لای جەماوەر پەسەندە و لواو. بەڵێ، ئەوین بە هەموو پەرجووەکانییەوە فەرمانڕەوای دڵی من ئەبێ! من ئەمە لەو ئاگرەوە کە بەربۆتە گیانم، ئەزانم. گەردوون ئەبوایە ئەم چاکەیەم لەگەڵ بکات. هەموو ئەدگارەکانی لە تاکە کەسێکدا کۆ نەکردۆتەوە! بەختەوەری من شیاوی خۆم ئەبێ. هیچ ڕۆژێکم بە ساردی لە ڕۆژی پێشووی ناچێت. هەر ئەم شەیدابوونە بە پیاوێک کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە تا ئەو ڕادەیە لەگەڵ من جیاوازە، خۆی جەربەزە و گەورەییە؛ ئەبێ ئەوەش بزانم، ئەویش شیاوی منە یان نییە؟ بە بینینی کەمترین کێماسی لێی ئەگەڕێم. کچێکە ئاوا ڕەسەن و خانەدانە، بەو گیانە شاسوارەیەوە (ئەمە قسەی باوکی بوو) نابێ وەکو ژنێکی نەزان هەڵسوکەوت بکات.

ئەگەر ئەوینی مارکیز دو کرۆزنۆوا لە دڵم بچەسپێنم، مەگەر هەر ئەم ئەرکانەم لە ئەستۆدا نابێ؟ ئەو بەختەوەرییەی پێی ئەگەم، نموونەی ئەو بەختەوەریەیە کە کچانی ئامۆزام پێیگەیشتوون و من گاڵتەم پێی دێ؟ هەر لە ئێستەوە ئەزانم مارکیزی ڕەبەن چیم

١٢٨ـ ڤەندەی: Vendee ناوچەیەکە لە خۆرهەڵاتی فەڕانسە.

پێ ئەڵێ و وەڵامی من بۆ ئەو چی ئەبێ. ئەو ئەوینەی ببێتە هۆی باوێشک دان نرخی چییە؟ دینداری و تارک دنیایی لەوە خۆشترە. گرێبەستێکی هاوسەری وەکو گرێبەستی بچووکترین کچی ئامۆزام واژۆ ئەکەم، ئەگەر پارێزەری ماڵە زاوا، ڕۆژی پێشوو داخوازی مەزنی بە دایک و باوکم واژۆ نەکردبێ، ڕەنگە لە خۆشیان دوو دڵۆپ فرمێسکم بۆ دابارێنن.

## بەندی XII

# ئایە ئەمە دانتۆنێکی ترە؟

نیاز بە دڵەڕاوکێ، کەسایەتی «مارگاریت دوڤاڵوا»ی شەنگ،
پووری من، کە هەرزوو شووی کرد بە شای ناڤار، ئەو کەسەی
ئێستە بە ناوی هانری چوارەم لە سەر تەختی پاشایەتییە، ڕوون
ئەکاتەوە! نیازی قومارکردن کلیلی بەدیهاتنی کەسایەتی
ئەم شازادە نازەنینە بوو. چما هەر لە شانزە ساڵییەوە
لەگەڵ براکانی لە شەڕ و ئاشتیدا بوو. بەڵام،
کچێکی گەنج چی هەیە قوماری پێ بکات؟
جگە لە ڕێز و ناوبانگی، بە درێژایی ژیانی!
(یاداشتەکانی دووک دانگۆلێم،
کوڕی سروشتی شارڵی نویەم)

«لە نێوان ژوولیەن و مندا، چ باسی واژۆکردنی گرێبەست و مارەبڕ و نووسینگە لە ئارادا نییە. هەموو شتێک قارەمانانەیە! هەموو شتێک لە ئەستۆی ڕێکەوت ئەبێ. ئەم ئەوینە، ئەوینی مارگاریت دوڤاڵوا بە لامۆلی جەوان، بەرجەستەترین پیاوی سەردەمی خۆیەتی! هەر کات لاوانی دەرباری، کە ئەوەندە لایەنگری خێر و چاکەن و لە ڕووداوی کەمترین ڕووداو کە تۆزێک نائاسایی بێ، ڕەنگ بە ڕوخساریانەوە نامێنێ، مەگەر من تاوانبارم؟ سەفەرێکی کورت بۆ یونان یان ئەفریقا لای ئەوان ئەوپەڕی جەربەزەییە. تازە بۆ ئەو سەفەرەش ئەبێ دەستە پێکەوە بنێن. ئەوەندەی خۆیان بە تەنها ببینن، ترس و تۆقان نەک لە نێزەی عەرەبی بەدەوی، بەڵکو

لە گاڵتە و لۆمە، بە سەریان‌دا زاڵ ئەبێ و شێتیان ئەکا!»

«کەچی بەپێچەوانە، ژوولیەنی ئازیزی من، حەز ئەکا بە تەنها خۆی دەست پێ بکا. ئەم مێشکە هەڵکەوتووە، هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە داوای کەمترین پشتگیری و ڕەزامەندی بکات. بە چاوی سووک سەیری ئەوانیتر ئەکات و هەر بۆیەشە من بە چاوی سووک سەیری ناکەم.»

«ئەگەر، ژوولیەن بەو هەژارییەی خۆیەوە، خانەدان بوایە، ئەوینی من گەوجێتیەکی ڕەشۆکی و پەیوەندییەکی نەشیاو و گەمژانە ئەبوو. من لەگەڵ ئەو جۆرە ئەوینە نامکرێ. من لێرەدا ئەماژە بەوە ناکەم کە ڕەنگە تایبەتمەندی ئەوینی مەزن پیشان نەدات: ئەو مەزنایەتییە دژوارەی ئەبێ بە سەری‌دا زاڵ ببی و ئەو گومانە ڕەشەی کۆتایی ڕووداوەکە.»

بیر و هۆشی مادمازێل دولامۆل بە ڕادەیەک بەم بیرە خۆشانەوە خەریک بوو کە بەیانی ئەو ڕۆژە، بە بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێبێ، لەبەر چاوی مارکیز دو کرۆزنۆوا و کۆنت نۆڕبێری برای بە شان و باڵی ژوولیەن‌دا هەڵیئەدا و ئەو پیاگەڵگوتنە ئەوەندە پەرەی سەند کە هەر دوو جەوانەکەی ڕەنجاند.

براکەی وتی:

ــجەوانێک کە ئەوەندە بوێر بێ، ئەبێ خۆتی لێ بپارێزی. ئەگەر شۆڕش دەستپێبکاتەوە، سەری هەر هەمووومان بە گیوتین ئەپەڕێنێ.

ماتیلد لە وەڵامدانەوە خۆی پاراست و دەسبەجێ براکەی و مارکیز دو کرۆزنۆوای لۆمەکرد، کە لە بوێری ئەترسن. ئەم ترسە لە ڕاستیدا شتێکی لەوە زیاتر نییە، ترسی بینینی شتێکی چاوەڕوان نەکراو، ترسی ونکردنی سەرەداوە لە بەرامبەر ئەو ڕووداوە چاوڕوان نەکراوانەوە سەرچاوە ئەگرن.

ــهێشتاش بەڕێزان، هێشتاش لەوە ئەترسن ببن بە گاڵتەجار؟ ئەو دێوەی بە داخەوە لە ساڵی ١٨١٦دا مرد!

جەنابی دولامۆل ئەیوت:

ــلە وڵاتێکدا کە دوو پارت هەیە، ئیتر قەشمەری لێ نییە.

کچەکەی واتای ئەم بۆچوونەی زانیبوو، بە دوژمنانی ژوولیەنی ئەوت:

ــبەم جۆرە ئێوە هەموو ژیانتان ڕاوچی ترس بە دواتانەوەیە و پاشان ڕۆژێک پێتان ئەڵێن: ئەوە گورگ نەبوو، ئەوە تەنها سێبەری گورگ بوو!

ماتیلد هەر زوو لێیان دوور کەوتەوە. لە قسەکانی براکەی ئەترسا و ئەمە بە توندی نیگەرانی ئەکرد. بەڵام لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە ئەم قسانەی بە جوانترین پەسن هاتنە بەرچاو.

«لەم سەدەیەدا کە هەموو جۆرە ئازایەتییەک مردووە، لە جەربەزەی ئەو ئەترسن. ئەم قسانەی براکەمی بۆ ئەگێڕمەوە. ئەمەوێ بزانم وەڵامی چی ئەبێ. بەڵام ئەم کارانە لە یەکێک لەو کاتانەدا ئەکەم کە چاوەکانی ئەبریسکێتەوە. لەو ساتەدا ناتوانێ درۆم لەگەڵ بکات.»

پاش بیرکردنەوەی دوور و درێژ و نیوە ڕوون وتی:

ــڕەنگە ببێ بە دانتۆنێکی تر! زۆر چاکە! وای دابنێین شۆڕش دەستی پێکردۆتەوە. لەو کاتەدا براکەم و مارکیز دو کرۆزنۆوا چ ڕۆڵێکیان ئەبێ؟ ئەرکی ئەو دووانە لە پێشەوە نووسراوە: وازهێنانی سەربەرزانە. مەڕانی پاڵەوان بە زمانی بەسراوەوە، سەر ئەدەن بە دەست جەللادەوە. تەنها ترسیان کاتی مەرگیش، بە بێ زەوق دەرچوونە. بەڵام ژوولیەنە بچکۆلانەی من ئەگەر بچووکترین هیوای خۆدەربازکردنی هەبێ، مێشکی ئەو ژاکۆبۆنەی دێ بۆ گرتنی ئەو، ئەپژێنێ. لانیکەم لەوە ناترسێ بە بێ زەوق دائەنرێ.

ئەم دوا ڕستە بردییەوە ناو بیر. بیرەوەری جەخراوی لە دڵیدا ئەهەژاند و... هەموو ورە و لێبڕاوی لە دەستی دەرهێنابوو. ئەم ڕستەیە گاڵتەکانی مسیۆ دوکەیلۆس و مارکیز دو کرۆزنۆوا و مسیۆ دولۆز و براکەی ئەهێنایەوە یادی. ئەم بەڕێزانە بەو هۆیەوە کە ڕوخساری ژوولیەن وەکو ڕوخساری قەشە، مل بە کوێنە، هەر هەموو پێکەوە ئەیاندایە بەر تەوس و توانج.

لەپڕ بە نیگایەکەوە کە لەوپەڕی شادیدا ئەبریسکایەوە، کەوتە قسەکردن:

ــبەڵام ئەو تاڵی و بەردەوامییەی لەم تەوسانەدا هەیە، خودی خۆیان ئەوە ئەسەلمێنن، هۆی ئەوەیە کە ئەم کابرایە بەرخەستەترین پیاوێکە، ئێمە لەم زستانەدا دیومانە. کێماسی و هەڵسوکەوتی گاڵتەئامێزی چ پەیوەندییەکی بە خودی بابەتەکەوە هەیە؟ مەزنایەتییەکی تیایە و ئەم کەسانە، کە گوایە زۆریش بەسۆز و لێبوردوون، لەو مەزنایەتییە ڕەنجاون. ژوولیەن، وایە، هەژارە و بۆ ئەوەی ببێ بە قەشە خوێندوویەتی. بەڵام جەنابی نۆربێر فەرماندەی دەستەی سوارەیە و پێویستی بە خوێندن نەبووە، کاری سادەتر و ئاسانتر بووە.

سەرەڕای ئەو هەموو زیانانەی لەو جلە ڕەشە وەرجاوەندە ئەکەوێتەوە و سەرەڕای ئەو ڕواڵەتە قەشەییە، کە ئەو ڕەبەنە ئەبێ هەیبێ، ئەگەر نەیبێ، ئەبێ لە برسان بمرێ، ئەوەندە لێوەشاوەیە بۆتە مایەی تۆقینی ئەم کەسانە. ئەوەش وەک ڕۆژ ڕوونە ئەوەندەی کە چەند خولەک پێکەوە ئەبین ئەو دەموچاوە قەشەییە ئیتر کاڵ ئەبێتەوە و نامێنێ. کاتێک کە ئەم مەزنانە قسەیەک ئەکەن و پێیان وایە تازە و نەستەقە، مەگەر نیگایان نارِوانێتە ژوولیەن؟ ئەمەم بە چاوی خۆم بینیوە و سەرەڕای ئەمەش باش ئەزانن تا پرسیاری لێنەکەن، ژوولیەن هەرگیز سەری قسەیان لەگەڵ داناخا. ژوولیەن

لەگەڵ کەس جگە لە من قسە ناکات. من بە خاوەنی گیانێکی بەرز ئەزانێ. ئەوەندەی بۆی بکرێ وەڵامی ڕەخنەکانیان بە ئەدەبەوە ئەداتەوە و پاشان دەسبەجێ لایەنی ڕێز ڕائەگرێ. لەگەڵ من چەندین کاتژمێر وتووێژ ئەکات و تا ئەو کاتەی ڕەخنەی من ئەگاتە کەمترین ئاست، بڕوا بە بۆچوونەکانی خۆی ناهێنێ. کورتییەکەی لە هەموو زستان‌دا تەقە نەکرا. تەنها کەرەسەی سەرنجڕاکێش هەمان قسەکردن بوو و بەس. زۆر چاکە، باوکی من، ئەم کابرا بەرجەستەیەی کە سامانی بنەماڵەی ئێمە زیاتر ئەکات، ڕێزی بۆ ژوولیەن هەیە. ئەوانی تر ڕقیان لێیەتی و جگە لە هەڤاڵانی ئاینی دایکم، هیچکەس بە چاوی سووک سەیری ناکا.

کونت دوکەیلۆس حەزێکی زۆری لە ئەسپ بوو یان وای دەرئەخست کە ئەسپی زۆر خۆش ئەوێ. بۆ خۆی هەر لە گەوڕ بوو و زۆر جار نانیشی لەوێ ئەخوارد. ئەم خولیای لە گەوڕ بوونە، لەگەڵ ئەو خووەی کە هەرگیز پێنەئەکەنی، ڕێزێکی تەواوەتی لە نێوان هەڤاڵەکانی‌دا بۆ بەدیهێنابوو. ئەو هەڵۆی ئەم ناوەندە بەرتەنگە بوو.

بەیانی ئەو ڕۆژە، ئەوەندەی کە ئەم کۆڕە، بە بێ ژوولیەن، لە پشت کورسییە گەورەکەی خاتوو دولامۆل کۆبوویەوە، مسیۆ دوکەیلۆس، بە یارمەتی مارکیز دو کرۆزنۆوا بە توندی هێرشی کردە سەر ئەو تێڕوانینە لەبارەی، کە ماتیلد لەبارەی ژوولیەن هەیبوو. ئەم کارەشی دەسبەجێ و ڕێک لەو کاتەدا دەستی پێکرد کە چاوی بە مادمازێل دولامۆل کەوت. ماتیلد لە دوورەوە پەی بە واتای ئەم فێڵە برد و پێی زیرەکانە بوو.

بە خۆی وت: «ئەوەتا هەر هەموویان دژی پیاوێکی هەڵکەوتوون کە تەنها دە دراوی زێڕیش داهاتی نییە و جگە لە وەڵامی پرسیاریان هیچی تریان لەگەڵ ناڵێ، پەیمانیان بەستووە.

ئەوەتا لەم جلە ڕەشەدا لێی ئەترسن. ئەگەر حەمبەل و سەرشانی هەبێ، چی لێ دەرئەچێ؟»

ماتیلد هەرگیز لەوە درەوشاوەتر نەببوو. لە هەمان سەرەتای هێرشکردنەوە، بارانی بزەی تەوس و جوانی بەسەر کەیلۆس و یارانیدا باراند. ئەوساش کە بڵێسەی گاڵتەکانی ئەم ئەفسەرە بە بریقە و باقانە نیشتەوە، بە مسیۆ دوکیلوسی وت:

ــبلا بەیانی یەکێک لە ئاریستۆکراتەکانی کوێستانی فڕانش کونتە، ژوولیەنی کوڕی سروشتی خۆی ببینێ و نازناوێک و چەند هەزار فڕانکی پێ بدات، ئەویش پاش شەش حەفتە وەکو ئێوە سمێڵ دائەنێت. پاش شەش مانگ وەکو ئێوە ئەبێ بە ئەفسەری دەستەی سوارە و ئەوسا ئیتر مەزنایەتی ڕۆحی ئەو لە لاتان مایەی گاڵتە نابێ. جا منیش ئێوەی «دوک»ی داهاتوو ئەبینم کە بە ناچار پەناتان بردۆتە بەر ئەو سەلماندنە دزێوە کۆنە و باسی باڵادەستبوونی خانەدانەکانی دەربار بەسەر خانەدانەکانی مەڵبەندا ئەکەن. بەڵام ئەگەر بمەوێ تووڕەتان بکەم، ئەگەر بە هۆی چەتوونییەوە «دوک»ێکی ئیسپانی بە باوکی ژوولیەن دابنێم و بڵێم کە ئەم دووکە لە سەردەمی ناپۆلیۆن، لە بزانسۆن یەخسیری جەنگی بوو و بە گوێرەی ویژدان و وەسواس لە سەرەمەرگدا، ئەوی کرد بە کوڕی خۆی، ئیتر چیتان بۆ ئەمێنێتەوە؟!

هەموو ئەم گریمانانە سەبارەت بە بنەچەی ژوولیەن، لە لایەن دوکەیلۆس و مارکیز دو کرۆزنۆواوە زۆر بە کرێت و ناپەسەند دانرا. بەڵام لە سەلماندنەکەی ماتیلددا جگە لەمە هیچی تریان نەبینی.

هەرچەند برا، گوێڕایڵی خوشک بوو، بەڵام وتەکانی خوشک ئەوەندە ڕاشکاوانە بوو، کە دەسبەجێ سینەی دایە پێشەوە کە هەرچەند لەو گەنجە ڕووخۆشە نەئەوەشایەوە، بەڵام وێرای و چەند

وشەیەکی وت.

ماتیلد بە شێوازێکی هەتەری گاڵتەئامێز وەڵامی دایەوە:

ـئازیزەکەم، نەخۆشیت؟ وا دیارە زۆر ناساخی کە وەڵامی گاڵتە بە پەندی هەتەر ئەدەیتەوە. تۆ و پەندی ئاینی؟ ئایە ئەتەوێ ببی بە پارێزگار؟

ماتیلد هەر زوو دارەتی ڕەنجاوی کونت دوکەیلۆس و دارەتی گۆڕاوی نوربێر و نائومێدی خامۆشی مارکیز دو کرۆزنۆوای لە بیر کرد. ناچار بوو سەبارەت بەو بیرە مسۆگەر و نەگریسەی بەسەر گیانیدا زاڵ ببوو، بڕیارێک بدات.

بە خۆی وت: «ژوولیەن بە ئەندازەی پێویست لەگەڵ من بەکڕوو و یەک زمانە. لە تەمەنی ئەودا، لە میانەی ئەم هەژاری و ئەم بەدبەختییەی کە زادەی بەرزەفڕی سەرسووڕهێنەرە، مرۆڤ پێویستی بە خۆشەویستێک هەیە. ڕەنگە من ئەو خۆشەویستە بم. بەڵام تۆزێکیش ئەوینی تیانابینم. ئەگینا بەو جەربەزە و بوێرییەی لە هەناوی ئەودایە، بە بێگومان باسی ئەو خۆشەویستییەی لەگەڵ ئەکردم.»

ئەم گومان و ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ ناخی خۆی، لە هەمان سەرەتاوە، هەموو ساتەکانی ژیانی ماتیلدی داگرت. هەر جارە و کە ژوولیەن لەگەڵی ئەدوا، بەڵگە و سۆنگەی تازەی دەسئەکەوت کە ئەم بۆچوونەی بەهێز ئەکرد، سەلماندنی وا بەهێزی دۆزییەوە کە ئەو ساتانەی پەژارەی بە سەردا زاڵ ببوو، بە تەواوەتی ئەسڕییەوە.

مادمازێل دولامۆل، کچی پیاوێکی تێگەیشتوو بوو کە ئەیویست ببێ بە وەزیر و دارستانەکانی کلیسا بداتەوە پێیان، لە دەیری ساکرەکۆر ڕووگەی گەورەترین پیاهەڵگوتن بوو. ئەم بەدبەختییە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە. ئەمە چووبوو بە مێشکیا کە بەهۆی

ڕەسەن بوون و سامان و شتەکانی ترییەوە، ئەبێ لە هەموو کچێکی تر بەختەوەرتر بێ. ئا ئەم بۆچوونەش سەرچاوەی هەموو پەژارەی شازادەکان و سەرچاوەی هەموو شێتێتی ئەوانە.

ماتیلدیش لە کاریگەری شوومی ئەم بیرە بێبەش نەبوو. مرۆڤ چەندەش وشت و وریا بێ، لە دە ساڵییەوە لە کاریگەری مەرایی کردن و ئەو پیاگەڵگوتنەی لە زمانی هەموو ئەوانەی لە دەیرن پارێزراو نابێ، لە کاتێکا بە کارێکی باش و بەجێش دائەنرێ.

لەو چرکەیەوە کە زانی ژوولیەنی خۆش ئەوێ، ئیتر دڵی نەگیرا و تەنگ نەبوو. هەموو ڕۆژێک بە سۆنگەی ئەوەی کە بڕیاری داوە کارێکی مەزن ئەنجام بدات، پیرۆزبایی لە خۆی ئەکرد. بیری کردەوە: «ئەم سەرگەرمییە مەترسی هەیە، چاکتر، هەزار جار چاکتر!»

لە نەبوونی ئەم ئەوینە مەزنەدا، لە خۆشترین بڕگەی ژیانی، واتە لە شانزە تا بیست ساڵی، بە هۆی زۆری پەژارەوە، هەمیشە داگیرابوو. «خۆشترین ساڵانی ژیانم لەدەست چووە و هەمیشەش ناچار بووم گوێ لە وڕینەکانی هەڤاڵانی دایکم ڕابگرم، کە ڕەفتاریان لە ساڵی ١٧٩٢ لە کۆبلەنتز[١٢٩]، بە ئەندازی قسەی ئێستەیان بایەخی نەبووە.»

بەڵام ئەو ساتانەی کە ئەم دڕدۆنگییە مەزنە شۆڕشگێڕییەی لە دەروونی ماتیلددا ئەهەژاند، ژوولیەن پەی بە واتای ئەو نیگایانە نەئەبرد، کە بۆ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خێسەی تێبڕیبوو. بە ئاشکرا دیار بوو کە ڕەفتاری کۆنت نۆڕبێر بە توندی لەگەڵی سارد بووە و لە ڕەفتاری مسیۆ دوکەیلۆس و مسیۆ دولۆز و مارکیز دو کرۆزنۆواشدا، لووتبەرزییەکی تازە پەیدا بووە. لەگەڵ ئەم شتانە ڕاهاتبوو. ئەم بەدبەختی و نائومێدییە هەندێجار بە دوای شەوێکدا

١٢٩ ـ Coblentz یان Koblenz، شارێکی ئاڵمانیە ئەکەوێتە باکووری فەڕانسە، سەردەمی شۆڕشی فەڕانسە سپایەک بۆ گرتنی فەڕانسە لەوێ کۆکرابوویەوە.

هورووژمی بۆ ئەهێنا کە لەو شەوەدا زیاد لە پێویست شانازی فرۆشتبوو. ئەگەر ئەو سۆزە تایبەتەی ماتیلد و ئەو مەراقە لە ئارادا نەبوایە کە ئەم کۆمەڵە لە دڵیدا ئەیورووژێنن، بە بێگومان قارەمانەکەی ئێمە نەئەکەوتە دوای ئەو گەنجە سمێڵیانەی کە پاش نانی شێوان لەگەڵ مادمازێل دولامۆل بەرەو باخ ئەچوون.

ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «بەڵێ، نالوێ ئەم ڕازە لە خۆم بشارمەوە. مادمازێل دولامۆل بە شێوەیەکی سەیر سەیرم ئەکات! بەڵام من، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە چاوە شینە جوانەکانی بە تامەزرۆییەوە سەیرم ئەکەن، دیسان شوێنەواری گەڕان و خەمساردی و چەتوونی تێدا ئەبینم. تۆ بڵێی ئەمانە ئەوین بن؟ چەندە لەگەڵ نیگای خاتوو دورێنال جیاوازە!»

ئێوارەیەک پاش نانی شێوان، ژوولیەن کە لەگەڵ جەنابی دولامۆل چوو بۆ نووسینگەکەی، بە پەلە گەڕایەوە بۆ ناو باخ. لەو کاتەدا کە بە بێ بەرنامە و بە بێ گوێدان بەرەو ماتیلد ئەچوو، چەند وشەیەک کە بە دەنگی بەرز وترابوو، بەر گوێی کەوت. ماتیلد براکەی ئازار ئەدا. ژوولیەن دوو جار بە ڕوونی ناوی خۆی بیست. لە ناو کۆمەڵەکەدا قیت بوویەوە. لەپڕ بێدەنگییەکی سەیر باڵی بەسەر کۆڕەکەدا کێشا، و هەوڵێکی بێهوودە درا بۆ ئەوەی ئەو بێدەنگیە بشکێنن. مادمازێل دولامۆل و براکەی بە ڕادەیەک هەژابوون، کە بابەتێکی تریان بۆ گفتوگۆ نەدۆزییەوە. ژوولیەن هەستی کرد ڕەفتاری مسیۆ دوکەیلۆس و مارکیز دو کرۆزنۆوا و مسیۆ دولۆز و یەکێکی تر لە دۆستانی ئەوان، زۆر ساردوسڕە... یەکسەر کشایەوە!

بەندی XIII

# داو

وشەی دابراو و دیداری ڕێکەوت،
لە لای پیاوی خاوەن وێنا کە ئاگرێکی لە دڵدایە،
ئاشکراترین بەڵگەیە!
(شیللەر)

بەیانی ئەو ڕۆژەش، دیسانەوە نوربێر و خوشکی بینی کە دەربارەی ئەو قسە ئەکەن. دیسانەوە ئەوەندەی ئەو گەیشت، وەکو ڕۆژی پێشوو، بێدەنگییەکی چڕ کەوتەوە. ئیتر گومانی نەما. «نەکا ئەم گەنجە موتورفانە ئەیانەوێ گاڵتە بە من بکەن؟» ئەبێ ددان بەوەدا بنێین کە ئەم لایەنە لە ئەوینی ئەندێشەی مادمازێل دولامۆل بە باشنووسەری ڕەبەن و بێچارە، زۆر گونجاوتر بوو. «سەرەتا با بزانین ئەم لاوانە خولیای ئەوینیان لە سەردایە یان نا؟ ئەمانە پسپۆڕن لە سەرلێشێواندن. ئەمانە بەو سەربوونە بچکۆلەیەی من لە قسەکردن‌دا، ئێرەیی ئەکەن. ئێرەیی لە خاڵە لاوازەکانیانە. ڕێبازەکەیان زۆر ئاشکرایە. مادمازێل دولامۆل، بەس بۆ بزواندنی هەستی دەزگیرانەکەی، ئەیەوێ من بڕوا بەوە بکەم کە ئەو منی ئەوێ.»

ئەم گومانە توندە باری دەروونی ژوولیەنی بە تەواوەتی ئاوەژووکرد. ئەم گومانە لە دڵیدا لەگەڵ چرۆی ئەوینێک ڕووبەڕوو بوویەوە، کە بە ئاسانی لەناوی برد. ئەم ئەوینە لە سەر بناغەی جوانی بێوێنەی ماتیلد یان بە زمانێکی تر لە سەر بناغەی شاژن




بوون و جلوبەرگە ڕازاوەکەی ئەو بوو. لەم زەمینەیەشدا، ژوولیەن دیسانەوە تازە پێگەیشتوو بوو. ژنی جوانی دنیای ئاریستۆکرات، وەک ئەوتریێ، دیمەنێکە کە لە هەموو دیمەنێکی تر بۆ کوڕە گوندییەکی ناسک و ڕەوانبێژ، کە پێی کەوتۆتە کۆڕی خانەدانەکان، ئەبێتە مایەی سەرسووڕمان. ئەوەی کە ڕۆژانی پێشوو ژوولیەنی ئەخستە ناو بیر و ئەندێشەوە، گیان و تایبەتمەندی ماتیلد نەبوو. ئەوەندە ئاوەزی هەبوو کە بتوانێ پەی بە نەزانی خۆی سەبارەت بە ڕاز و نهێنییەکانی ئەم گیانە ببات و ئەوی لەم ژیانەدا ئەیبینی ڕەنگ بوو لە ڕواڵەتێک زیاتر نەبێ.

بۆ وێنە، هەموو شتەکانی دنیاش نەیئەتوانی ماتیلد لە نوێژی ڕۆژی یەکشەممەی دوور بخاتەوە. هاکا هەموو ڕۆژ لەگەڵ دایکی ئەچوو بۆ کلیسا. ئەگەر لە هۆڵەکەی کۆشکی دولامۆل، یەکی گوێنەدەر، خافڵ لەو شوێنەی لێیەتی، بیویرایە و گاڵتەیەکی بە زیانی بەرژەوەندی دەسەڵات یان ئاین بوتایە، دەسبەجێ ڕواڵەتێکی وەکو سەهۆڵی ئەگرت بە خۆیەوە. نیگای کە بۆ خۆی ئەوەندە بە ژەنگ و ژار بوو، هەموو لووتبەرزی بنەماڵەکەی، کە لە وێنە کۆنەکاندا هەبوو، ئەنواندەوە.

بەڵام ژوولیەن دڵنیا بوو کە مادمازێل دولامۆل هەمیشە یەک دوو بەرگ لە پەرتووکەکانی ڤۆڵتێر کە زیاتر بابەتی فەلسەفین لە ژوورەکەی خۆی ڕائەگرێ. خۆیشی بەزۆری چەند بەرگێک لەو چاپە جوانەی، کە لە ڕوانگەی بەرگ و زەڕبەفتەوە زۆر گرانبایی بوو، لە پەرتووکخانە ئەڕفاند. پەرتووکێکی لەوی تر تۆزێ دوور ئەخستەوە و بەو جۆرە هەست بەوە نەئەکرا پەرتووکی لێبراوە. بەڵام هەر زوو زانی کە یەکێکی تریش خەریکی خوێندنەوەی

بەرهەمەکانی ڤۆڵتێرە.

پەنای بردە بە فێڵێک لە فێڵەکانی فێرگەی ئاینی: لە ناو هەر پەرتووکێک کە پێی وا بوو مادمازێل دولامۆل حەزی لێی بێ، چەند تاڵە مووی یاڵی ئەسپی دانا. ئەم پەرتووکانە چەند حەفتەی تەواو ون ئەبوون.

جەنابی دولامۆل بە دەست پەرتووکفرۆشەکەیەوە گیری کردبوو چونکە هەموو بیرەوەرییەکی ساختەی بۆ ئەنارد. بۆیە ژوولیەنی کرد بە بەرپرسی کڕینی هەموو ئەو پەرتووکانەی بەڕاستی هەژێنەر بن. بەڵام بۆ ئەوەش بەر بە بڵاوبوونەوەی ژەهر لە ماڵەکەدا بگیرێت، باشنووسەر لەسەری بوو کە ئەم پەرتووکانە لە قەفەسەیەک لە ژوورەکەی خودی جەنابی دولامۆل دابنێ. ژوولیەن هەر زوو بۆی دەرکەوت هەرکام لەم پەرتووکە تازانە، کە لەگەڵ حکوومەت و ئاین تۆزە دژایەتیەکی هەبێ، پاش ماوەیەک ون ئەبن. بێگومان، نوربێر خۆ کوڕی خوێندنەوە نەبوو.

ژوولیەن کە سەبارەت بە مەزنی ئەم تاقیکردنەوەیە زێدەڕەوی ئەکرد، مادمازێل دولامۆلی وەکو «ماکیاڤێللی» بە کەسایەتییەکی درۆزن و دووڕوو ئەزانی. ئەم چەپەڵییە درۆینە بەڕای ئەو جوانی و ناسکییەک بوو، کەم و زۆر تەنها ناسکییەک بوو، کە مادمازێل ماتیلد لە ڕوانگەی مۆڕاڵەوە هەیبوو. بێزاری لە ڕیا و درۆ و، بێزاری لە گفتوگۆی پاکداوێنی، ئەوی بەم ڕێگەی زێدەڕەوییەدا ئەبرد.

بەو ڕێژەیەی کە هێزی وێناکردنی خۆی ڕائەژەند، گیرۆدەی ئەوین نەبوو.

پاش ئەوەی ماوەیەک لە زیندەخەوی بەژنی بەرزی مادمازێل دولامۆلدا ڕۆ ئەچوو و لە دەریای لێزانی ئەو، لە جلوبەرگ و سپێتی دەستەکانی و جوانی بازوو و نەرمی و ناسکی لەنجەی

ئەو ڕۆ ئەچوو و ئاوارە ئەبوو، خۆی بە ئەویندار ئەزانی. ئەوسا بۆ هەموو ئەفسوون و جادووی ئەوی بە کاترین دومێدیسی ئەهاتە بەرچاو. ئەو گیان و ئەدگارەی کە ژوولیەن لە دنیای ئەندێشەدا بەم پەرییەی ئەدا، هەموو شتێکی قووڵ یان تاوانکارانە لە دنیادا ئاسان و سادە بوو. گیانی ئەم کچە ئەوپەڕی ویستی مالۆنەکان و فریلەرەکان و کاستانێدەکان بوو. ئەو کەسایەتیانەی کە ژوولیەن لە سەردەمی جەوانی خۆیدا پەسنی ئەدات. کورتییەکەی، ئەم کچە لە لای ئەو ترۆپکی ئامانج و پڕانی ئارەزووی پاریسی بوو.

هەرگیز لەوە گاڵتەئامێزتر بووە کە مرۆڤ کەسایەتی پاریسی بە خاوەنی کاریگەری یان چەپەڵی وێنا بکات؟

ژوولیەن لای خۆی وتی: «ڕەنگە ئەم سیانە بیانەوێ گاڵتە بە من بکەن.» ئەگەر کەسێک تا ئێستە ئەو دارەتە سارد و خەمگینەی هەست پێکردبێ، کە کاتی وەڵامدانەوە بە نیگاکانی ماتیلد لە نیگای ژوولیەندا پەیدا ئەبێ، ئەوەندە ئاگای لە ناخی قارەمانەکەی ئێمە نییە. تەوسخەندێکی تاڵ و گیانتەزێن مژدەی دۆستی و خۆشەویستی، کە مادمازێل دولامۆلی خانەدان دوو سێ جار پێشکەشی کرد، ڕەت کردەوە. دڵی ئەم کیژە کە بە خۆڕسک سارد و خەمگین و تا بڵێی ناسک و بەرهەست بوو، کە لەم نامۆیی و دێوانەسەرییە کتوپڕە ڕەنجا و بەو ڕادەیەی کە سروشت وزەی وەبەرنابوو، شڵەژا و هەڵچوو. بەڵام دفرەیەکی فراوانیش لە ناخی ماتیلددا هەبوو و لەدایکبوونەوەی هەستێک کە بەختیاری ئەوی گرێ ئەدا بە یەکی ترەوە، خەمێکی ڕەشی لەگەڵ خۆی هێنا.

ژوولیەن لە ڕۆژی چوونی بۆ پاریس، ئەوەندە پێش کەوتبوو کە ئەم خەمە ڕەشە، وەکو پەژارەیەکی ژاکاو، بە بەرەنجامی بێزاری و وەڕەزی دانەنا. ماتیلد لەبری ئەوەی وەک ڕابوردوو ئارەزوومەندی شەونشینی و نەمایش و هەرچەشنە سەرگەرمی

بێ، لەم شتانە خۆی ئەبوارد و دوورئەکەوتەوە.

ئەو گۆرانیانەی لە لایەن گۆرانیبێژە فەڕانسەییەکانەوە ئەخوێنران، بۆ ماتیلد خەمێکی قورس بوون و سەرەڕای ئەمەش ژوولیەن، کە بە گوێرەی ئەرکی سەرشانی ئەبوایە کاتی چوونە دەرەوەی بینەران لە هۆڵی ئۆپێرا، لەوێ بوایە، هەستی کرد مادمازێل دولامۆل ئەوەندەی بۆی بکرێ داوا لە هەڤالانی ئەکا بیبەن بۆ ئۆپێرا. هەستی کرد هەندێ لەو میانەڕەوییەی لە هەموو کارەکانی‌دا ئەدرەوشایەوە، لای داوە. ماتیلد هەندێجار وەڵامی گاڵتەی دۆستانی وەها بە توندی ئەدایەوە کە بریندارکەر و هێرشبەرانە بوو. گومانی بۆ ئەوە چوو ماتیلد ڕقی لە مارکیز دو کرۆزنۆوایە. ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «وا پێئەچێ ئەم جەوانە نەخۆشینی پارەپەرستی هەبێ، کە ناتوانێ ئەم کچە بە دار و نەدارییەوە بەرەڵڵا بکات!»

بەڵام خودی ژوولیەن؛ بە هۆی ئەو سووکایەتییەی بە پیاو و دفرەی پیاو کرابوو، زۆر تووڕە بوو، خۆپارێزی و ساردی خۆی لە بەرامبەر ئەودا چەند جار زیاتر ئەکرد و زۆر جار تا ڕادەی وەڵامی بێ ئەدەبانەش، پێی ڕائەکێشا.

ژوولیەن بە توندی لێبڕابوو کە بە نیشانەکانی دۆستایەتی و هەست دەربڕینی ماتیلد هەڵنەخەڵەتێ. بەڵام هەندێ لە ڕۆژان ئەم نیشانانە ئەوەندە ئاشکرا بوون، ژوولیەن کە چاوەکانی وردە وردە کرابوویەوە، ئەوەندە ئەوی بە شۆخوشەنگ ئەهاتە بەرچاو کە سەرەڕای ئەمەش ناخی ئەهەژا.

بە خۆی وت: «پسپۆڕی و خۆڕاگری ئەم جەوانە ئاریستۆکراتانە ئاخرەکەی بەسەر ئەو ئەزموونە کەمەی من‌دا زاڵ ئەبێ. ئەبێ بکەومە ڕێ و بڕۆم و کۆتایی بە هەموو شت بهێنم.» جەنابی دولامۆل سەرپەرشتی بەشێک لە زەویزار و خانووەکانی لانگدۆکی خواروی دابوو بە دەستی ئەوەوە. سەفەرێک پێویست بوو. جەنابی

دولامۆل بە دژواری لێی قبووڵ کرد: ژوولیەن بە چاوپۆشی کردن لە ویستی بەرزەفڕانە، بۆی ببوو بە مارکیز دولامۆلێکی تر!

ژوولیەن کاتی تەیارکردنی خۆی بۆ ئەم گەشتە، بە خۆی ئەوت: «پاش ئەو هەموو هەوڵدانەش، نەیانتوانی بمخەنە داوەوە. گاڵتەکانی مادمازێل دولامۆل بەم بەڕێزانە ئەگەر ڕاست بوو و ئەگەر بۆ ڕاکێشانی متمانە و دڵنیایی من، بووە هۆی سەرگەرمی بۆ من.»

ئەگەر پیلانێک لە دژی کوڕی دارتاش لە ئارادا نەبێ، کە وا بوو مادمازێل دولامۆل مرۆڤێکی ئاڵۆز و دژوارە. بەڵام لانیکەم بۆ مارکیز دو کرۆزنۆواش بە ئەندازەی من وەک مەتەڵ وایە. بۆ وێنە دوێنێ، بەڕاستی جاڕس بوو و لەوەی کە منی بەرەڵڵای کارگەرزادە، توانیم بە هۆی نزیکی خۆمەوە، گەنجێکی بەو خانەدانی و بەو سامانەوە بهێنم بە چۆکا، بەڕاستی چێژم وەرگرت. ئەم سەرکەوتنە لە جوانترین سەرکەوتنەکانی منە. کاتێک کە سواری فایتوونە تیژڕەوەکەی، لە دەشتاییەکانی لانگدۆک بەملا و ئەولادا ڕائەژێنرێم، بەو یادەوە شاد و سەرمەست ئەبم.»

ڕۆیشتنی خۆی ئاشکرا نەکردبوو. بەڵام ماتیلد لە خودی ژوولیەن باشتر ئەیزانی کە ئەو بەیانی ئەو ڕۆژە لە پاریس ئەڕوا و ماوەیەک لە پاریس دوور ئەبێ. سەرئێشەیەکی توند، کە بە هۆی هەوای داگیراوی هۆڵەکەوە توندتر ئەبوو، کرد بە بیانوو. ماوەیەک لە ناو باخ پیاسەی کرد و بە گاڵتەی وەزەنگ وەها فرۆزی بۆ نوربێر و مارکیز دو کرۆزنۆوا و کەیلۆس و دولۆز و چەند گەنجی تری میوانی کۆشکی دولامۆل هێنا کە ناچار بوون لە دەستی هەڵبێن. ماتیلد بە شێوەیەکی سەیر ئەیڕوانییە ژوولیەن!

ژوولیەن بیری کردەوە: «ئەم نیگایە ڕەنگە فێڵ و درۆ بێ. بەڵام ئەی ئەو هەناسەبڕکێ و ئەو هەژان و شڵەژانە چ ناوێکی

لێ ئەنرێ؟!» لەگەڵ خۆی بەردەوام بوو: «بەه! من چکارەم کە سەبارەت بە هەموو ئەم شتانە داوەری ئەکەم؟ ئەمە نموونەی پایەبەرزترین و وشیارترین ژنێکە لە ناو هەموو ژنانی پاریس‌دا ئەدۆزرێتەوە. ئەم هەناسە توندە خەریک بوو دڵم داچڵەکێنێ. ئەمە شتێکە لە «لیۆنتین فەی» فێر بووە کە ئەو هەمووە خۆشی ئەوێ.»

تەنها کەوتبوو. بازاڕی گفتوگۆ بە ئاشکرا نەشەی نەئەما. ماتیلد بەوپەڕی پەژارەی دەروونەوە بە خۆی ئەوت: «نەء! ژوولیەن هیچ دڵی بە منەوە نییە.»

کاتێک کە ئەیوست دەرفەت وەربگرێ، ماتیلد قۆڵی گرت. بە توندی گوشای و وتی:

ــ ئەمشەو نامەیەکت لە لایەن منەوە پێئەگا.

ئاوازی دەنگی وەها گۆڕابوو کە نەئەناسرایەوە.

ئەم لایەنە هەمان کات سۆزێکی لە دڵی ژوولیەن‌دا بزواند.

ماتیلد وتی:

ــ باوکم نرخی ئەو خزمەتانەی پێی ئەکەی باش ئەزانێ، بەیانی نابێ بکەویتە ڕێ! بیانوویەک بدۆزەرەوە.

خۆیشی بە ڕاکردن دوورکەوتەوە.

بەژنی دلڕفێن بوو. نەئەلوا قاچێک لە قاچی ئەو جوانتر هەبێ. بە لەنجەیەکی وەها بەناز ئەڕۆیشت بەڕێدا کە ژوولیەن لە خۆی بوویەوە. بەڵام با مەزەنەی بکەین، پاش ونبوونی ماتیلد ئەندێشەی دووەمی ژوولیەن چی بوو؟ لە شێوەی وتنی فەرماندەرانەی وشەی ــ نابێ ــ ڕەنجابوو. لویی پانزەمینیش لە سەرەمەرگ‌دا، لە وشەی ئەبێ کە سەرۆکی پزیشکانی دەربار بەکاری هێنابوو، بە توندی ڕەنجا، هەرچەند لویی پانزەمین تازە پێگەیشتووش نەبوو.

کاتژمێرێک پاشتر، خزمەتکارێک نامەیەکی دا بە دەست ژوولیەنەوە. ئەم نامەیە بە یەک واتا: ڕاگەیاندنی ئەوین بوو!

ژوولیەن بۆ بەرگری لەو شادییەی گۆناکانی ئەلەرزانەوە و بە ناچاری ئەیخستنە پێکەنین، سەبارەت بەم نامەیە لە ڕوانگەی وێژەییەوە کەوتە ڕادەربڕین و بە خۆی وت:

ــشێوازەکەی وەکو پێویست بەهێز نییە.

لەبەر ئەوەش کە ئەوەندە هەڵچووبوو نەی ئەتوانی خۆی ڕابگرێ، لەپڕ یەک بە خۆی هاواری کرد: «سەرەنجام من، منی کوڕە گوندی ڕەبەن، نامەی دڵداری خاتوونی مەزنی خۆمم بینی!»

ئەوسا ئەوەندەی کە بۆی بکرێ هەوڵی دا هەڵچوونەکەی ئارام بکاتەوە، وتی:

ــبەڵام سەبارەت بە من، ئەبێ بڵێم کە کارەکەم خراپ ڕانەپەڕاندووە. توانیم خۆم ڕابگرم. هەرگیز نەموت من ئەویندارم.

کەوتە تاووتوێکردنی شێوازی نووسینی پیتەکان. مادمازێل دولامۆل شێوازێکی جوانی ئینگلیزیانەی هەبوو:

«ڕۆیشتنەکەت ناچارم ئەکات قسەی خۆم بکەم. لە توانامدا نییە ئیتر نەت بینم.»

بیرێکی وەک دۆزینەوە، ژوولیەنی سەرسام کرد. دەستی لە پشکنینی نامەکەی ماتیلد هەڵگرت و شادمانییەکەی دوو بەرامبەر بوو. ژوولیەن هاواری کرد: «من، کە جگە لە قسەی سەنگین هیچی تر ناڵێم، بەسەر مارکیز دو کرۆزنۆوادا زاڵ بووم! چەندە قۆزە، سمێڵی هەیە و یونیفۆمی جوانی لە بەردایە و هەمیشە، ڕێک لە کاتی خۆیدا قسەیەکی شوخ و نەستەق بۆ وتن ئەدۆزێتەوە.»

ژوولیەن ساتێکی خۆشی هەبوو و ئەوسا کە لە خۆشیان شایگەشکە ببوو، بە بێ مەبەست لە ناو باخەکەدا ئەهات و ئەچوو.

ماوەیەک پاش ئەوە، چوو بۆ نووسینگەکەی خۆی و بە هۆی خزمەتکارەکەوە داوای کرد بچێ بۆ خزمەتی جەنابی دولامۆل، کە خۆشبەختانە نەچووبوویە دەرەوە. چەند نامەی فەرمی لۆگۆداری

پیشاندا، کە تازە لە نورماندییەوە گەیشتبوو. وتی کە ناچارە بۆ لێکۆڵینەوە لە دادگاییەکانی نۆرماندی، ڕۆیشتنەکەی بۆ لانگدۆک دوا بخات.

کاتێک کە گفتوگۆ دەربارەی کارەکان کۆتایی هات، مەرکیز وتی:

ــزۆرم پێخۆشە کە جارێ ناڕۆیت. بینینت شادمانم ئەکا!

ژوولیەن چووە دەرەوە. لەم قسەیە شپرزە ببوو.

جا سەیری من بکە کە ئەمەوێ کچی ئەم پیاوە هەڵخەڵەتێنم! ڕەنگە ببمە هۆی ئەوەی کە ئەو شووکردنەی بە مارکیز دو کرۆزنۆوا، کە مایەی داهاتوویەکی گەشە، لێ تێک بدەم. ئەگەر «دووک» نییە، بەڵام لانیکەم کچەکەی کەتێکی(١٣٠) لە دەربار بەرئەکەوێ. ژوولیەن لێبڕا سەرەڕای نامەکەی ماتیلد و ئەو ڕوونکردنەوەی بە مارکیزی داوە، بەرەو لانگدۆک بکەوێتە ڕێ. بەڵام ئەم ڕووناکی خێر و چاکەیە زوو کاڵ بوویەوە.

بە خۆی وت: «من چەندە جوامێرم! منی کارگەرزادە لە کوێ و دڵسووتان بۆ مرۆڤی ئەم چینە لە کوێ؛ من کە دووک دوشۆن بە نۆکەر ناوی ئەهێنام! جەنابی دولامۆل چۆن سامانەکەی ئەکا بە دوو قات؟ لە ڕێگەی فرۆشتنی «بەڵگەی بەهادار»ەوە. هەر جارەی کە لە دەربار ئەبیستێ بۆ بەیانی مەترسی کودتا هەیە... ئینجا من کە چارەنووسی بێ میهر فڕێی داومەتە دواین ڕیزی کۆمەڵەوە، من کە چارەنووس دڵێکی گەورەی پێداوم، بەڵام هەزار فرانک، یان بە زمانی ڕاست و ڕەوا، نانی ڕۆژانەشی پێ نەداوم، بۆ ئەبێ لەو خۆشییەی بۆم هاتۆتە پێشێ، کامی خۆم شیرین نەکەم؟ لە سەحرای ئاگرینی ئەم ژیانە پەستەدا کە بەو دژوارییە ڕێ

١٣٠ـ کەت: ناو کورسی بێ دەسک و پشتی؛ قەرەوێڵە ← کەت و نیوکەت ←
نیوکەت: bench کورسی درێژۆکەی دوو سێ کەسی، کەتی پشتیدار، قەنەفەی تەختە.



ئەکەم، کانیەکی زەلاڵ بۆ شکاندنی تینوێتی من لە خاکدا تەقیوە. ڕاستەکەی من ئەوەندە گەوج نیم! لەم بیابانی خودپەرستییەدا کە پێی ئەوترێ «ژیان»، هەرکەس ئەبێ لە بیری خۆیدا بێ.

پاشان چەند نیگای پڕ لە سووکایەتی خاتوو دولامۆل و دۆستانی، واتە خانە گەورەکانی هاتەوە بیر.

بیری چێژی سەرکەوتن بەسەر مارکیز دو کرۆزنۆوا هاتە پێشەوە و ئەم بیرە، کاری ئەو بیرەورییەی خێر و چاکەی یەکلایی کردەوە.

ژوولیەن وتی: «چەند حەزم لێ بوو تووڕەی بکەم! بەلام ئێستە بە چ ورە و دڵنیاییەکەوە شمشێری لێ ڕائەوەشێنم.» دەستیشی وەکو ڕاوەشاندنی جووڵەی دووەمی شمشێربازی لە حەوادا ڕاوەشاند. «بەر لەمە بەردەستێک بووم کە بە زۆر تۆزێ جەربەزەم هەبوو. بەلام پاش ئەم نامەیە، هاوتای ئەوم.»

ئەوسا کە بە ئارامی قسەی ئەکرد، بە تامەزرۆیی و هەوەسێکی بێ پایان، بە خۆی ئەوت:

ــبەڵێ، لێهاتووی من و مارکیز خراوتە تای تەرازووەوە و دارتاشی ڕەبەنی کویستانی ژوورا سەرکەوتووە!

هاواری کرد:

ــباش بوو! واژۆی خۆم دۆزییەوە. بەم واژۆیە بە نامەکەی وەلام ئەدەمەوە. مادمازێل دولامۆل، پێت وا نەبێ کە من پلەوپایەی خۆم لەبیر کردووە. کارێک ئەکەم لە بابەتەکە تێبگەن و ئەوە بزانن کە ئێوە بۆ کوڕە دارتاشێک خیانەت بە گای دو کرۆزنۆوای بە ناوبانگی هاوڕێی سەن لویی لە جەنگی خاچپەرستاندا ئەکەی!

ژوولیەن نەی ئەتوانی بەر بە شادمانی خۆی بگرێ. ناچار چوو بۆ ناو باخ. ژوورەکەی کە پەنای بۆ هێنابوو و دەرگاکەی قفڵ کردبوو، ئەوەندە بە تەنگەبەر ئەزانی کە نەی ئەتوانی هەناسەی

تیابدات.

بەردەوام بە خۆی ئەوت:

ــمنی گوندیی هەژاری ژوورا، کە بەردەوام ئەبێ ئەم جلە ڕەشە خەمگینە لەبەر بکەم، بە داخەوە کە ئەگەر بیست ساڵ پێش ئێستە بوایە، یونیفۆرمم لەبەر ئەکرد! ئەو ڕۆژانە پیاوێکی وەکو من یا ئەکوژرا یان لە سی و شەش ساڵی ئەبوو بە سالار(١٣١).

ئەم نامەیە کە توند لە ناو دەستیدا گرتبووی، باڵا و ڕواڵەتێکی پاڵەوانانەی پێ ئەدا و ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە بەم جلە ڕەشانەوە لە چل ساڵیدا، ئەیتوانی وەکو کاردیناڵی شاری «بیوڤای»، خاوەنی سەد هەزار فرانک داهات و خاوەنی حەمبەلیش بێ.

وەکو شەیتان بزەیەکی کرد و بە خۆی وت: «زۆر چاکە! هۆش و تێگەیشتنم لەوان زیاترە. ڕێگەی هەڵبژاردنی یونیفۆرم لە سەردەمی خۆمدا ئەزانم.» زانی کە هەستی بەرزەفڕی و هۆگری بۆ بەرگی قەشەیی دوو بەرامبەر بووە. «چیها کاردیناڵ کە لە بنەماڵەی نزمتر لە منیش لەدایک بوون و بە وەزارەت و دەسەڵات گەیشتوون. بۆ نموونە گرانڤێڵی هاوشاری خۆم.»

هەڵچوونەکەی ژوولیەن وردە وردە نیشتەوە. بەڵام وشیاری و پارێزی زیندوو و لە جێی خۆی بوو. ژوولیەن کە دەوری ماموستاکەی «تارتۆفی» لەبەر ئەزانی، وەکو ئەو لەگەڵ خۆی وتی:

ئەم قسانە ئەتوانرێ بە مەکرێکی پاک و زیرەکانە بزانرێ!

...

نەخێر، من بەم قسە شیرین و پڕ نەوازشە باوەڕ ناکەم...

مەگەر ئەوەی تۆزێک لە سۆزی ئەو، ئەو سۆزەی کە ئاهی بۆ هەڵئەکێشم،

---

١٣١ـ سالار: Lieutenant General، واتە فَریق، هەروەها General واتە پایەدار یان فَریق أول.

ڕاستی ئەم قسانە بسەلمێنێ!
(تارتۆف، پەردەی چوارەم، بڕگەی پێنجەم)

تارتۆفیش بە دەستی ژنێک بە کوشت چوو، سەرەڕای ئەوەی کە پیاوێکی پیاوانە بوو... وەڵامەکەی من ڕەنگە بەم و بەو پیشان بدرێ... لەسەرخۆ و بە دەنگی دڕندەیەکی قەمتەرکرا وتی: «چارەیەکی بۆ ئەدۆزمەوە. نامەکە بە ئاگراویترین و بەهێزترین ڕستە بۆ ماتیلدی بەرز و بەڕێز دەست پێئەکەم.»

«بەڵێ، ئەوسا چوار لە پیاوەکانی مارکیز دو کرۆزنۆوا دائەبارن بە سەرمدا و نامەکەم لێ ئەسێنن.»

«نەء، شتی وا ڕوو نادات. چونکە خۆیان باش ئەزانن کە من چەکدارم و ڕاش هاتووم تەقە لە دەستوپێوەند بکەم.»

«زۆر چاکە، یەکیان ئازایە. هاشاوڵم بۆ ئەهێنێ. بەڵێنی سەد دراوی زێڕیان پێداوە. ئەیکوژم. یان برینداری ئەکەم... زۆر جوانە، ئەوان ئەوەیان ئەوێ. بە پێی قانوون ئەخرێمە زیندانەوە. ئەمبەن بۆ دادگای ئەتک. بە گوێرەی داد لە لایەن دادوەران بۆ هاودەمی مسیۆ فۆنتان و مسیۆ ماگالۆن بۆ پواسیم ئەنێرن. لەوێ تێکەڵ و پێکەڵە. لە نێوان چوارسەد بەڕەڵڵای کڵۆڵ ئەخەوم...»

ئینجا هاواری کرد: «من دڵم بەم خەڵکانە ناسووتێ! مەگەر ئەو کاتەی کە ئەوان هەژاری چینی سێهەمیان بەرپل ئەکەوێ، دڵیان بۆی ئەسووتێ؟ ئەم وشانە دواین هەناسەی سپاسکردن بۆ جەنابی دولامۆل بوو، ئەو کەسەی کە بەناچار و پێچەوانەی ویستی خۆی، تا ئەو ساتە ئەشکەنجەی ئەدا.

«ئەی مەزنانی خانەدان!... توند مەڕۆن! من واتای ئەم فێڵانە ئەزانم. ئابە مالۆن یان قەشە کاستانێدی فێرگەی ئاینی ئەیانئەتوانی لەوە باشتر ئەم کارە ڕاپەڕێنن. ئێوە نامەی هاندەر لە

من ئەدزن و چارەنووسی من ئەبێ بە بەرگی دووەمی چارەنووسی سەرهەنگ «کارۆن» لە کولمار.»

«ئەی مەزنانی خانەدان!... دەرفەت بدەن! نامەی مەبەست وەکو ئەمانەت لە پاکەتێکی سەربەمۆر، بە ناوی مسیۆ ڕەبەن پیرار ئەنێرم. ئەم کابرایە، پیاوێکی پاکیزە و ژانسنیستە و لەبەر ئەوەش پارە و بووجە ناتوانێ کاری تێبکا و هەڵیفریوێنێ. بەڵێ... بەڵام ئەو نامەکان ئەکاتەوە... دەیجا منیش بە ناونیشانی فۆکە ئەینێرم.»

ئەبێ دان بەوەدا بنێین کە درەوشانەوەی نیگای ژوولیەن ترسناک و ڕواڵەتی ڕەزاگران بوو. بەدبەختییەکەی لەوەدا بوو کە لەگەڵ هەموو کۆمەڵ لە جەنگدا بوو.

ژوولیەن هاواری کرد:

ــ بە چەک!...

ئەوسا بە قەڵەمبازێک لە پلیکانەکانی بەردەم تەلار تێپەڕی. وەها خۆی کرد بە نووسینگەی نامەنووسی سەر کۆڵاندا، نامەنووسی تۆقاند! نامەکەی مادمازێل دولامۆلی پێدا و وتی:

ــ ڕایشتێکم[١٣٢] لەم نامەیە بۆ بگرەوە.

ئەوساش کە نامەنووس خەریکی کاری خۆی بوو، ئەمیش نامەیەکی بۆ فۆکە نووسی. لەم نامەیەدا داوای لە فۆکە ئەکرد کە ئەمانەتێکی زۆر بەنرخی بۆ ڕابگرێ و بپارێزێ... دەستی لە نووسین ڕادێرا و بە خۆی وت: «پاراستنی پۆستەخانە نامەکەی من ئەکەنەوە و ئەو نامەیەی کە تۆ بۆی ئەگەڕێی، ئەدەن پێت... بەڵام، نا بەڕێزان وا ناکەم.» چوو بۆ پەرتووکفرۆشی پرۆتستان و ئینجیلێکی ئەستووری کڕی. نامەکەی ماتیلدی بە شارەزاییەکی

١٣٢ـ ڕایشت: کارگێڕی ناوی چاوگ ڕایش، کۆپی، وەکۆک، ڕوونووس، لەبەرگیراو، لەبەر نووسراو [د] رونوشت [N] kopiere [ع] نسخة طبق الأصل [E] copy ⇦ ڕایشت: تیراژ، ژمارەی کۆپی چاپکراو.

زۆرەوە لە ناو بەرگەکەیدا شاردەوە. هەر هەمووی جوان پێچایەوە و ئەم بەستەیە بە عەرەبانەی پۆست بە ناونیشانی یەکێک لە کرێکارەکانی فۆکە، کە کەس لە پاریس ناوی نەئەزانی کەوتەڕێ.

کاتێک کە ئەم کارە جێبەجێ بوو، دڵشاد و چوست و چالاک گەڕایەوە بۆ کۆشکی مارکیز. کاتێکیش کە دەرگای داخست و جلەکانی فڕێ دا، هاواری کرد:

ــئێستەش نۆرەی ئێمەیە!

بۆ ماتیلدی نووسی:

«سەیرە! مادمازێل دولامۆل بە هۆی ئارسنی خزمەتکاری باوکییەوە، نامەیەکی زۆر هەڵخەڵەتێنەری بۆ ئەم دارتاشە نەگبەتەی کوێستانی ژوورا ناردووە... بێگومان، بۆ ئەوەی بە سانایی پێی پێبکەنێ!» ئەوسا کەوتە نووسینەوەی دیارترین ڕستەکانی ئەو نامەیەی کە بۆی هاتبوو.

نامەکەی خۆی ئەکرا شانازی ئەوەی پێ بدرێ، کە بە ڕادەی کارەکانی سوارچاک دوبۆڤازی، وردەکاری و پارێزی ڕامیارانەی پێوە دیاربوو. کاتژمێر هێشتا لە دە لای نەدابوو. ژوولیەن لە زۆری شادمانی و هەستکردن بە دەسەڵات، کە بۆ ڕەبەنێکی وەکو ئەو تازە بوو، مەست و مەدەهۆش ببوو لەم دنیایەدا باڵی لێئەدا کە پێی خستە ناو ئۆپێرای ئیتالیاییەکانەوە و گوێی لە گۆرانییەکانی جرۆنیمۆی دۆستی خۆی ڕاگرت. هەرگیز مووزیک تا ئەو ڕادەیە ئەوی نەهەژاندبوو.

ببوو بە خوایەک!

بەندی XIV

# ئەندێشەی کچێك

چەندە شلەژان، چەند شەوبێداری!
ئای خوایە گیان! خۆم سووک کردووە؟
بە چاوی سـووک تێم ئەڕوانیٚ؟
ئەیەوێ بڕوا؛ ئەوەتا ئەڕوا!
(ئاڵفرێد دوموسە)

ماتیلد، پاش مشتومڕێکی دووروودرێژ لەگەڵ خۆی، نامەکەی نووسیبوو. سەرەتای ئەوینی ئەو بە ژوولیەن هەرچی بوو، ئەم هۆگرییە بەسەر ئەو خوپەرستییەدا زاڵ بوو، لەو ڕۆژەوە ماتیلد خۆی ئەناسی حاکمی بێوێنەی دڵ و گیانی بوو. ئەم گیانە بەرزەفڕ و ساردوسڕە، ئەوە یەکەم جار بوو کە هەستێکی ئاگرین ڕایئەژەند. بەڵام هەرچەند ئەم هەستە بەسەر هەستی دفرە و لووتبەرزی‌دا زاڵ ببوو، بەڵام هێشتاش خوو و خدەی بوغرابوونی فڕێ نەدابوو. ئەتوانین بڵێین کە دوو مانگ ململانێ و هەڵچوون و هەستی تازە، ڕەنگێکی نوێی دابوو لە سەرتاپای گیانی.

ماتیلد پێی وا بوو دیمەنی بەختیاری لە بەردەمی‌دا ئەبینێ. کاریگەری ئەم دیمەنە لە سەر گیانی بوێری، کە لەگەڵ تێگەیشتن و هۆشمەندییەکی بڵیندپایە پەیوەندی هەیە، ئەبوایە خەباتێکی درێژخایەن دژی دەعیە و هەموو ئەرکێکی بەرهەستی گشتی بەڕێوە ببات. ڕۆژێک، کاتژمێر حەوتی بەیانی چوو بۆ لای دایکی و داوای لێکرد کە ئەیەوێ بۆ پشوویەکی حەسانەوە بچێ بۆ ڤیلکیە. مارکیز

تەنانەت وەڵامیشی نەدایەوە و ئامۆژگاری کرد بگەڕێتەوە بۆ ناو جێگە. ئەم کارە دواین هەوڵدانی ئاوەزێکی ساکار و ڕەچاوکردنی بۆچوونی باو بوو.

ترس لە کاری نالەبار و وابەستە بوون بەو بیرانەی لای کەسانی وەکو کەیلۆس و دولۆز و کرۆزنۆواکان پیرۆز بوو و ئەپەرسترا، لای ئەو هیچ گرنگ نەبوو. وای بیر ئەکردەوە کە دەستی گەردوون ئەم کەسانەی بۆ تێگەیشتن لە مەبەستەکەی ئەو دروست نەکردووە. پرس بەوان ئەکا ئەگەر بابەتەکە کڕینی زەوی یان فایتوونێک بێ. بەڵام ئەو شتەی کە بەڕاستی بلێی ئەترسا ئەمە بوو، کە ڕەنگە ژوولیەن دڵی لێی ئێشابێ!

ڕەنگە ئەویش تەنها بە ڕواڵەت ئازا و بە جەربەزە بێ؟

ماتیلد ڕقی لە لاوازیی کەسایەتی بوو و ئەمە تەنها ڕەخنەیەک بوو لە گەنجە قۆزەکانی دەروبەری ئەگرت. چەندەش ئەم جەوانانە گاڵتەیان بەو شتانە بکردایە کە لە مۆد لای داوە یان ڕەخنەیان لەو شتانە بگرتایە کە پەیڕەوی کردنیان لە مۆد بە شێوەیەکی هەڵەیە، ڕێز و نرخیان لە لای ئەو زۆر کەمتر ئەبوو.

جەربەزەیەکیان هەیە. هەر ئەوەندە و بەس. بە خۆی وت: «ئەیش چ جەربەزەیەک! جەربەزە لە دوێل کردن‌دا. بەڵام خۆ دوێلیش جگە لە دابێکی سادە هیچی تر نییە. لە دوێل‌دا هەموو شتێک، تەنانەت ئەو شتەی کاتی بەربوونەوە ئەبێ بیڵێ، لە پێشەوە ڕوونە. ئەوەی کە کەوتۆتە سەر چیمەنەکە و دەستی ناوەتە سەر دڵی، ئەبێ جوامێرانە خەنیمەکەی ببەخشێ و پەیامێک بنێرێ بۆ ئەو دڵبەرە جوانەی، کە زیاتر زادەی ئەندێشەیە یان ڕۆژی مەرگی ئەو لە ترسان ئەچێ بۆ کۆڕی سەما.

سەردەستەی پۆلێ سواران کە بریقەی چەک و شمشێریان چاو بە شەوارە ئەخا، لە هیچ ناترسن. بەڵام لە بەرامبەر مەترسییەکی

تاک و سەیر و کتوپڕ و بەڕاستی دزێو، هیچیان لە دەست نایەت.

ماتیلد بە خۆی وت: «بە داخەوە تەنها لە دەرباری هانری سێیەم، مرۆڤی وا پەیدا ئەبوو، کە ئەیتوانی هەم لە ڕوانگەی کەسایەتی و هەم لە ڕوانگەی ڕەسەنییەوە پیاوی مەزن بن. ئاخ! ئەگەر ژوولیەن لە ژارناک یان مۆن کۆنتور خزمەتی کردبا، من گومانێکم بۆ نەئەمایەوە. لەو سەردەمی هێز و دەسەڵاتەدا، فەڕانسەییەکان لەیستۆک نەبوون. ڕۆژی جەنگ بە بێگومان ڕۆژی کەمترین هەژان و سەرلێشێوان بوو.»

«تەمەنیان وەکو مۆمیایی میسری لە ناو کفنێکدا کە بۆ هەمووان وەک یەک و هەمیشە یەکجۆر بوو، زیندانی نەکرابوو.» ئینجا درێژەی ئەدا: «بەڵێ، کاتژمێر یانزەی شەو لە تەلاری سواسۆن، نشینگەی کاترین دومێدیسی، بە تەنها هاتنە دەرەوە جەربەزەی ئەویست، کە ئەمڕۆ بۆ ڕۆیشتن بۆ جەزیرەش بوێری ناوێ. ژیانی مرۆڤ زنجیرەیەک ڕێکەوت و ڕووداو بوو. ئێستە ژیارن ڕێکەوتی وەلا ناوە. ئیتر ڕووداوی کتوپڕ بوونی نەماوە. ئەگەریش لە ئەندێشەی ئێمەدا پەیدا ببێ، هەموو جۆرە تەوسێک بۆی کەمە. ئەگەر لە ڕووداوەکاندا ببینرێ، ترسمان لە هەموو ترسنۆکی سەرترە. هەر دێوانەسەریەک لە ئێمە ڕووبدات، شیاوە و لێوەشاوەیە. چ سەدەیەکی لادەر و وەڕەزکەرە! ئەگەر بونیفاس دولامۆل سەری بڕاوی لە گۆڕ بەرزبکردایەوە و لە ساڵی ١٧٩٣دا حەڤدە نەفەر لە نەوەکانی خۆی بدیبا، کە وەکو مەڕی بێزمان ملیان بە کۆت و زنجیرەوە کراوە و دواتر بەر گیوتین ئەدرێن، چی ئەوت؟ مەرگ مسۆگەر بوو. بەڵام دوور لە ئەدەب و ڕێز بوو کە داکۆکی لە خۆیان بکەن و لانیکەم یەک دوو ژاکۆبۆن بکوژن! ئاە! لەو سەردەمەی پاڵەوانی فەڕانسە، لە سەردەمی بۆنیفاس دولامۆل، ژوولیەن فەرماندەی دەستەی سواران و براکەشم قەشەیەکی جوان

و سەلار و شایستە بوایە کە ئاوەز و لۆجیک لە چاوانیدا و بەڵگە و سونگە لە دەمییەوە دابارییایە.»

چەند مانگ بەر لەوە، ماتیلد لە بینینی بوونەوەرێک کە لەگەڵ نموونەی گشتی و ئاسایی تۆزێ جیاواز بوو، نائومێد بوو. بەڵام ئەوەندەی کە توانی نامە بۆ چەند نەفەر لە جەوانانی خانەدان بنووسێ، هەستی بە بەختەوەری کرد. ئەم بوێرییە بۆ کچێکی گەنج ئەوەندە نەشیاو بوو، کە بۆی هەبوو لەبەر چاوی مارکیز دو کرۆزنۆوا و دووک دوشۆن و هەموو کەسانی ناو کۆشکی دوشۆن، بەدناوی بکات، کە پاش تێکچوونی زەماوەندەکە، بە بێگومان ئەکەوتنە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکەی. لەو سەردەمەدا، هەموو جارێک کە نامەیەکی ئەنووسی، ئیتر خەوی لێنەئەکەوت. بەڵام ئەم نامانە بەس وەڵام بوون.

ئێستە بە ڕاشکاوی ئەیتوانی بڵێ کە شەیدا بووە. چونکە نووسیبووی یەکەم (ئەی لەو وشە ترسناکە!) بۆ پیاوێک لە خوارووترین توێژی کۆمەڵ.

ئەم بابەتە ئەگەر ئاشکرا ببوایە ئەبووە هۆی ئابڕووچوونێکی هەمیشەیی. لەو ژنانەی کە ئەهاتن بۆ سەردانی، کێ هەبوو بوێری پشتگیری بکات؟ بۆ ئەوەش کە بتوانێ زەبری ئەو ڕیسواییە کەم بکاتەوە، ئەیتوانی چ دەستەواژەیەکی شیاو بخاتە سەر زاریان؟

لە شوێنێکە قسەکردن کارێکی ترسناک بوو، ئەبوا نووسین چی بێ! ناپۆلیۆن پاش ڕادەست بوونی بایلۆن هاواری کردبوو: هەندێ شت هەیە بۆ نووین ناشێ و ئەم ڕستەیە خودی ژوولیەن بۆی گێڕابوویەوە. وەک بڵێی ویستبووی لە پێشەوە ئەزموونێکی پێ فێر کردبێ...

بەڵام ئەمانە هەمووشی هێشتا هیچ نەبوو. دڵەڕاوکێی ماتیلد هۆکارێکی دیکەی هەبوو. کاریگەری سامناکی کردەکەی خۆی لە

ناو کۆمەڵ و پەڵەی نەنگ و ئاڵوودە بە یەک دنیا سووکایەتی، کە بەرەنجامی بێ ڕێزی بە چینەکەی خۆی بوو، لە بیر بردبوویەوە و خەریکی نامە نووسین بە کەسێک بوو، کە زۆر لەگەڵ کرۆزنۆوا و دولۆز و کەیلۆسەکان‌دا جیاواز بوو.

قووڵایی ناخ و سەمەرەبوونی کەسایەتی ژوولیەن لە ئەگەری بوونی پەیوەندی لە نێوانیان‌دا، سامناک بوو، ئەو ئەیویست کەسێکی وا بکا بە سۆتە و ڕەنگە، بە خاوەن دەسەڵاتی خۆی!

«داوای چی ناکات، ئەگەر ڕۆژێک دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ چی پێخۆش بێ لەگەڵم بکات؟ زۆر چاکە! منیش وەکو مێدی بە خۆم ئەڵێم: «سەرەڕای هەموو ئەم مەترسیانەش، هێشتا خۆ نەمردووم!»

پێی وا بوو کە ژوولیەن هیچ ڕێزێکی بۆ ئاریستۆکراتی پاکنەژاد نییە و لەوانەش گرنگتر، ڕەنگە هیچ حەزێکی لەو نییە.

لەو دوو خولەکانەی ئەو دڕدۆنگییە سامناکانەدا، ئەندێشەی دفرەی ژنانە بە مێشکی‌دا ڕابورد. ماتیلد کە ئوقرە و ئارامی لەبەر بڕابوو، هاواری کرد: «لە چارەنووسی کچێکی وەکو من‌دا، هەموو شتێک ئەبێ، سەیر و سەمەرە بێ.»

ئەوسا ئەو دفرەیەی لە بێشکەوە خزابوویە گیانیەوە، ئەچوو بۆ جەنگی نیازپاکی. لێرەدا بوو کە ڕۆیشتنی هەڕەشەئامێزی ژوولیەن، ڕووداوەکانی خێراتر کرد.

(ئەم جۆرە کەسایەتیانە، خۆشبەختانە زۆر دەگمەنن.)

ئەو شەوە درەنگان، ژوولیەن لە چەتوونی خۆیا جانتایەکی زۆر قورسی نارد بۆ ماڵی دەرگاوان. بۆ گواستنەوەی ئەم جانتایە نۆکەرێکی بانگ کرد کە لەگەڵ کارەکەرێکی مادمازێل دولامۆل حەزلێکەریان ئەکرد. بە خۆی وت: «ئەم کارە ڕەنگە هیچ

بەرەنجامێکی نەبێ، بەڵام ئەگەر تیرم دای لە نیشان، ئەو وائەزانێ کە من ڕۆیشتووم.»

ئینجا بە بیری ئەم فێڵە قۆشمەیەوە، تەخت بۆی خەوت. بەڵام ماتیلد چاوی نەچووە خەوە.

بەیانی ئەو ڕۆژە، ژوولیەن بە بێ ئەوەی ببینرێ، شپێدپەهنا لە کۆشک چووە دەرەوە، بەڵام پێش هەشت گەڕایەوە.

هێشتا پێی نەنابوویە ناو پەرتووکخانە، کە مادمازێل دولامۆل لە ناو دەریزانی دەرگاکەدا پەیدای بوو. ژوولیەن وەڵامی نامەکەی دا بە دەستییەوە. وای هەست کرد ئەبێ قسەی لەگەڵ بکات. لانیکەم، لەوە ئاسانتر نەبوو. بەڵام مادمازێل دولامۆل نەیویست گوێ لە قسەی ڕابگرێ و ڕۆیشت. ژوولیەن لە خۆی بوویەوە، نەی ئەزانی چی پێ بڵێ!

ئەگەر هەموو ئەم شتانە، بە هاوبیری کۆنت نۆڕبێر و بە فێڵ ساز نەکرابێ، دیارە نیگای سارد و گرنگی نەدانی من بۆتە هۆی بڵێسە سەندنی ئەم ئەوینە سەمەرەیە، کە دڵی ئەم خاتوونە پاکنەژادە بۆی فڕیوە. ئەگەر من لەغاوی خۆم شل بکردایە و ببوومایە بە گراوی ئەم بووکە شووشە باڵا بەرزە بسک زێڕینە، زیاد لە پێویست گەوجێتیم کردبوو؛ ئەم بەڵگاندنە زیاتر لە هەموو کاتەکانی تر دڵی فێنک کردەوە.

بە دوای ئەم قسانەدا وتی: «لەو جەنگەدا کە وردە وردە کەرەسەکەی ئامادە ئەبێ، دفرەی ڕەگەز و ڕەسەنایەتی وەکو بنکەیەکی سەربازی ئەکەوێتە نێوان من و ئەوەوە. لێرەدایە کە ئەبێ مانۆر بدەین. زۆر خراپم کرد لە پاریس مامەوە. ئەگەر ئەم شتانە فێڵ بێ، ئەم دواخستنە ئەبێتە هۆی لاوازبوونی هەڵوێستم و ئەمخاتە مەترسییەوە. ڕۆیشتن چ مەترسییەکی تیابوو؟ ئەگەر مەبەست گاڵتەکردن بە من بوایە ئەوا گاڵتەیان پێئەکردم و ئەگەر

خۆشەویستی ماتیلدیش بۆ من ڕاستەقینە بوایە، ئەوا سەد ئەوەندەم ئەکرد.

ژوولیەن وەها لە نامەکەی مادمازێل دولامۆل مەستی بادەی دفرە و خۆپەرستی ببوو، کە لەگەڵ پێکەنین بەو شتانەی ڕووی ئەدا، لەبیری کردبوو، کە بەڕاستی بیر لە قازانجەکانی ڕۆیشتن بکاتەوە.

یەکێک لە لاوازییەکانی کەسایەتی ئەو، ئەمە بوو کە لە بەرامبەر هەڵەکانی خۆیدا زۆر بەرهەست بوو. لەم هەڵەیەی خۆی زۆر جاڕس بوو و ئەتوانین بڵێین ئیتر بیری لەو سەرکەوتنە مسۆگەرەی بەر لەم شکستە بچکۆلانەیە نەئەکردەوە. لەم گێرە و کێشەیەدا بوو کە کاتژمێر نزیکەی نۆ مادمازێل دولامۆل لە ناو دەریزانی دەرگاکەدا خۆیا بوو، نامەیەکی بۆ هەڵدا و هەڵات!

ژوولیەن نامەکەی لە عەرز هەڵگرتەوە و وتی:

ـوا دیارە ئەم چیرۆکە بە نامە ڕائەپەڕێ! دوژمن هەڵەیەکی کرد و ئەمجار نۆرەی منە ساردی و ژیری پیشان بدەم.

داوای وەڵامێکی ڕاشکاوی لێکرابوو ئەم دەعیەی لەم نامەیەدا بەکار هێنرابوو، شادمانی دەروونی دوو بەرامبەر کرد. دوو لاپەڕەی نووسی و هێرشی کردە سەر ئەوانەی ئەیانویست گاڵتەی پێبکەن. وەکو سووکە گاڵتەیەکیش لە کۆتایی نامەکەدا نووسی کە بەیانی زوو ئەڕوا.

کاتێک کە ئەم نامەیەی تەواو کرد، بە خۆی وت: «باخ ڕەنگە دەوری پۆستخانەم بۆ ببینێ!» چوو بۆ باخ. ئەیڕوانییە پەنجەرەکەی ژووری مادمازێل دولامۆل.

ئەم ژوورە لە قاتی یەکەم، لای ماڵی دایکی ماتیلدەوە بوو. بەڵام لە نێوان ئەم نهۆمە و نهۆمی ژێرەوە ماوەیەک وەکو قاتێک هەبوو.

قاتی یەکەم ئەوەندە بەرز بوو کە نەئەلوا ژوولیەن بە نامەی دەستییەوە کاتی پیاسەکردن لە بن داری مسکی، لە پەنجەرەی ژوورەکەی مادمازێل دولامۆلەوە ببینرێ. لقەکانی مسکی ئەوەندە جوان هەڵپاچرابوون و ئەو گومەزەی بەدییان هێنابوو، بە جوانی بەرەگەی ڕوانینی تەنیبوو. ژوولیەن قەڵس و ڕەنجاو وتی: «سەیرە! دیسانەوەش کارێکی ناپارێزانە! ئەگەر مەبەست گاڵتەپێکردنم بێ، خولانەوە بە نامەی دەستمەوە، وەکو خزمەتکردن بە دوژمنەکانە.»

ژووری نوربێر، ڕێک لە سەرووی ژوورەکەی خوشکییەوە بوو. ئەگەر ژوولیەن لە بن گومەزی لقوپۆپی مسکی بهاتایەتە دەرەوە، کۆنت نۆربێر و هەڤالانی ئەیانتوانی هەموو هەڵسوکەوتێکی ببینن.

مادمازێل دولامۆل لە پشت شووشەی پەنجەرەکە دەرکەوت. ژوولیەن سووچێکی نامەکەی خۆی پیشان دا. ماتیلد سەری داخست. ژوولیەن دەسبەجێ غاری دا بەرەو ژوورەکەی خۆی و بە ڕێکەوت لە سەر پێ پلیکانەی گەورە ماتیلدی بینی کە بە سانایی و بە چاوێکی پڕ لە بزە نامەکەی خۆی لێوەرگرت.

ژوولیەن بە خۆی وت: «چاوەکانی خاتوو دورێنالی ڕەبەن، تەنانەت پاش شەش مانگیش، کاتێک کە نامەیەکی لێوەرئەگرتم، چ خەمێکی تیا بوو! وا بزانم هەموو تەمەنی بە چاوی پڕ لە بزەوە تێی نەڕوانیم.»

پاشماوەی ئەو وەڵامەی بە خۆی دایەوە ئەوەندە ڕوون نەبوو. ئایە شەرمی لە بێهوودەیی هۆکارەکەی خۆی ئەکرد؟ ئەندێشەی وای پێ ئەوت: «بەڵام چ جیاوازییەک لە نێوان جوانپۆشی بەیانی و جوانی ڕواڵەت بە گشتی هەیە؟! پیاوێکی لێزانی پسپۆڕ بە بینینی مادمازێل دولامۆل هەر لە دووری دە گەزەوە، بە بێگومان پلەی ئەم کچەی لە کۆمەڵدا هەست پێ ئەکرد. ئەمەش هەمان ئەو شتە بوو کە نیشانەی ڕوون و ئاشکرای لێوەشاوەیی ئەو بوو.»

ژوولیەن کە سەرگەرمی گاڵتە و ڕابواردن بوو، هێشتاش هەموو ئەندێشەکانی خۆی دەرنەئەبڕی. خاتوو دورێنال، مارکیز دو کرۆزنۆوایەکی نەبوو کە گیانی بکا بە فیدای خاکی بەرپێی. تەنها خەنیمی ژوولیەن هەمان فەرماندارە سووکەکە بوو، کە لەبەر ئەوەی ئیتر موژیرۆن نەمابوو، ناوی خۆی نابوو مۆژیرۆن.

کاتژمێر پێنجی بەیانی نامەی سێهەم بە ژوولیەن گەیشت. ئەم نامەیە لە دەرگای پەرتووکخانەوە هەڵدرایە ژوورەوە. مادمازێل دولامۆل دیسانەوە هەڵات. ژوولیەن بە پێکەنینەوە بە خۆی وت: «شێتێتی نامەنووسین! کاتێک کە ئەتوانین بەو ئاسانییە پێکەوە بدوێین، ئەمە ئیتر شێتی نییە؟ دوژمن ئەیەوێ چەند نامەیەکم دەست بخات. ئەمە شتێکی ئاشکرایە.» پەلەی نەبوو کە ئەو نامەیە بکاتەوە. بە خۆی وت: «دیسانەوە چەند دێڕ پەخشانی ڕازاوە!...» بەڵام کاتی خوێندنەوەی نامەکە ڕەنگی هەڵبڕوسقا. نامەکە لە هەشت دێڕ زیاتر نەبوو:

پێویستە قسەت لەگەڵ بکەم، ئەشبێ ئەمشەو قسەت لەگەڵ بکەم، ئەوەندەی کاتژمێرێک لە نیوەشەو تێپەڕی، وەرە بۆ ناو باخ، پەیژەکە لە لای بیرەکە هەڵبگرە، بینێ بە پەنجەرەی ژوورەکەی منەوە و وەرە بۆ ژوورەکەم، هەرچەند مانگەشەویشە؛ بەڵام هیچ گرنگ نییە!

بەندی XV

## پیلانێك لە ئارادایە؟

ئاخ! لە گەڵاڵەی پلانێکی مەزنەوە
تا ڕاپەڕاندنی چ ماوەیەکی گیانکێش هەیە!
چەندە ترسی بێهوودە! چەندە دڕدۆنگی!
ئەمە پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە؛ لە ژیانیش گرنگتر:
بە ئابڕووەوە!
(شیللەر)

ژوولیەن بیری کردەوە: «بابەتەکە وردە وردە خەریکە گرنگ ئەبێ.» ئینجا پاش تۆزێک بیرکردنەوە وتی: «کەمێک لە ئەندازەش ڕوون ئەبێتەوە. زۆر سەیرە! ئەم کچە جوانە ئەتوانێ، خوا یار بێ، لەوپەڕی ئازادی‌دا، لە پەرتووکخانە قسەم لەگەڵ بکات. مارکیز لە ترسی ئەوەی بە باسی حەساب و پارە یەخەی نەگرم، قەت نایەت بۆ ئێرە. بۆ؟ جەنابی دولامۆل و کۆنت نۆڕبێر، ئەو تەنها کەسانەی بۆیان هەیە بێن بۆ ئێرە، بە درێژایی ڕۆژ هیچکامیان نابینی. بە ئاسانی ئەتوانرێ کاتی هاتنەوەیان بۆ تەلار بزانرێ. ماتیلد خاتوونی مەزنیش کە شیاوی هەموو شازادەیەکی تاجدارە، حەز ئەکا تووشی هەڵەیەکی نەشیاو ببم.»

«بابەتەکە ڕوونە، یان ئەیانەوێ تووشی شتێکم بکەن، یان لانیکەم گاڵتەم پێ بکەن. سەرەتا ویستیان بە هۆی ئەو نامەیەوە بمفەوتێنن. بەڵام ئەم نامانە نیشانەی وریایی و پارێزە. زۆر باشە! پێویستیان بە کردەوەیەکە، کە وەکو ڕۆژ ڕوون بێ. بە بۆچوونی

ئەم بەڕێزانە من یان زۆر ئاژەڵم یان لە ڕادەبەدەر خۆپەسەندم. سەیرە! لە گەشترین مانگەشەودا پەیژە دابنێم و سەرکەوم بۆ قاتێک کە بیست و پێنج پا بەرزە! دەرفەتی ئەوەیان ئەبێ تەنانەت لە خانووەکانی تریشەوە بمبینن. لە سەر پەیژە چ دیمەنێکی جوانم ئەبێ!» ژوولیەن چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و بە فیکەلێدان کەوتە داچنینی جانتاکەی. لێبڕابوو بکەوێتە ڕێ. تەنانەت وەڵامی نامەکەش نەداتەوە.

بەڵام ئەم بڕیارە ژیرانەیە سوکنایی نەئەدا بە دڵی. کاتێک کە جانتاکەی بەست، لەپڕ بە خۆی وت: «ئەگەر بە ڕێکەوت، ماتیلد بەڕاستی بووبێ، ئەوسا ئەم ڕەفتارەی من بە نیشانەی ئەوپەڕی ترسنۆکی ئەژمێردرێ و لەبەرچاوی ئەکەوم. من کە تۆزێکیش دەماری ڕەسەنی و خانەدانیم تیا نییە، پێویستم بە تایبەتمەندی و ڕەفتاری وەها هەیە، کە لە ئەندێشە و گریمان دوور بێ و بە کردەوەی ڕوون و پاراو سەلمێنرابێ.»

پاش چارەکێک بیرکردنەوە، سەرەنجام بە خۆی وت: «خۆ گێلکردن سوودی چییە؟ بە مرۆڤێکی بێدەمارم دائەنێ. جگە لەوەش، بە گوتەی بەشدارانی کۆڕی سەمای مسیۆ لۆدووک دورێتز، دڵڕفێنترین کچی میوانییەکانی خانەدانەکان لە دەستم دەرئەچێ و لەو خۆشییە ئاسمانییە بێبەش ئەبم، شکستی مارکیز دو کرۆزنۆوای دووک زادە کە خۆشی ئەبێ بە دووک، لە بەرامبەر خۆمدا ببینم. جەوانێکی قۆز کە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی من نیمە ئەو هەیەتی: نوکتەبێژ، ڕەسەن، دارا...»

«ئەم پەشیمانییە هەتا مردن هەوکم بەرنادات. نەک لەبەر ئەم کچە، چونکە دلبەر لەم دنیایەدا زۆرە. بەڵام بە گوتەی «دون دیەگۆ»ی پیر، مرۆڤ لە ئابڕوویەک زیاتری نییە!»

«لێرەدا من بە ئاشکرا لە یەکەم مەترسی بەردەمم تێپەڕیوم.

هەڵدێم، چونکە ئەو دوێلە لەگەڵ مسیۆ دوبۆڤازی وەک گاڵتە وا بوو. بەڵام ئەمەیان عەرز تا ئاسمان لەگەڵ ئەو جیاوازە. ڕەنگە لە پاڵەوە خوێنم بە دەستی نۆکەرێک برژێت. بەڵام ئەم مەترسییە کەمترینی مەترسییەکانە. ڕەنگە ئابڕووم بچێ.»

بەو هەڵچوونەی خەڵکی گاسکۆنی وتی:

ـبابەتەکە وردە وردە گرنگ ئەبێ. ڕۆڵە گیان؛ پای ئابڕوو لە ئارادایە. مرۆڤێکی بەدبەخت کە بە ڕێکەوت تووشی بووە بە تووشی ئەو هەمووە نەگبەتییەوە، هەرگیز هەلی وای دەسناکەوێ. ڕەنگە لە دنیای ئەوین‌دا بەختەوەر بم، بەڵام ئەو دڵبەرەی دەستم ئەکەوێ لە بنەماڵەیەکی نزم ئەبێ.»

ماوەیەک بیری کردەوە. بە هەنگاوی خێرا بەملا و ئەولادا ئەچوو و جار جارە هەڵوەستەی ئەکرد. لە ژوورەکەی پەیکەرێکی مەڕمەڕی زۆر گرانبایی کاردینال ڕیشیلیۆی دانابوو، کە بە بێ ئەوەی بیەوێ چاوی پێی ئەکەوت. ئەتوت ئەم پەیکەرە نیوتەنە ڕووتاڵە، تێی ئەڕوانێ و بە تاوانی ئەوەی جەربەزەی ڕەگەزی فەڕانسی لە دامارەکانی‌دا نییە، لۆمەی ئەکات. «ئەی پیاوی مەزن، ئەگەر سەردەمی تۆ ئەبوو، مەگەر دڕدۆنگی ئەیتوانی ببێ بە میوانم؟»

کۆتاییەکەی بیری کردەوە: «لە خراپترین دارەتی کێشەکەدا، ئەگەر هەموو ئەم شتانە داو بێ، بۆ کچە ئەبێ بە مایەی ڕووڕەشی و ئابڕووچوون. خۆیان ئەوە ئەزانن کە من پیاوی ئەوە نیم دەم دابخەم. کە وا بوو کوشتنم مسۆگەرە. ئەم کارە لە ساڵی ١٥٧٤، لە سەردەمی بۆنیفاس دولامۆل‌دا زۆر ئاسان و ئاسایی بوو. بەڵام دولامۆلی ئەمڕۆ ئیتر ئەو کەسانە نین. مادمازێل دولامۆل تا ئەو ڕادەیە ئێرەیی پێ ئەبرێ. بەیانی، زایەڵەی ئەو نەنگییە لە چوارسەد هۆڵ دەنگ ئەداتەوە و ئەویش بە چ شادمانییەکەوە!»

«خزمەتکاران لە ناو خۆیاندا، باسی ئە ڕێز و سۆزە تایبەتە ئەکەن کە بەرامبەر بە من لەئارادایە. خۆم ئەزانم. بە گوێی خۆم بیستوومە.»

«لە لایەکی ترەوە، ئەی نامەکان! ڕەنگە وایان زانیبێ کە نامەکان وا لە گیرفانمدا. ئەگەر لە ژوورەکەی ئەو بمگرن، نامەکانم بە زۆر لێئەسێنن. بەجارێ سیان چوارێک بەرەنگارم ئەبنەوە. چووزانم! بەڵام ئەم سیان چوارە لە کوێ ئەهێنن؟ لە ئاسایش ئەترسن. زۆر چاکە، ئەمەش خۆی چاکە! کەیلۆس و کرۆزنۆوا و دولۆزەکان بۆخۆیان دێن. وێنای ئەو کاتە و ڕواڵەتی گەوجانەی من لە نێوانیاندا ئەو شتەیە، کە ئەم کەسانەی هەڵخەڵەتاندووە. ئاگات لە چارەنووسی ئابەیلار[١٣٣] بێ جەنابی باشنووسەر.»

«چاکە! شوێنەواری ئەم شەپلاخانەی من، ئەی بەڕێزان، بە گۆناتانەوە ئەمێنێ. وەکو سەربازانی سزار لە فارسال[١٣٤]، بە مشت لە گۆناتان ئەسرەوێنم. بەڵام سەبارەت بە نامەکان؟ دەیجا چییە، لە شوێنێکی دڵنیا دایان ئەنێم.»

ژوولیەن لەبەر هەر دوو نامەکەی دوایی گرتەوە و لە ناو بەرگێک لە کۆبەرهەمی ناوازەی ڤۆڵتێر، لە پەرتووکخانە داینا و خودی نامەکانیشی برد بۆ پۆستخانە.

کاتێک کە گەڕایەوە، بە ترس و سەرسامییە بە خۆی وت: «ئەمەوێ چ کارێکی شێتانە بکەم!» چارەکێک لە کاتی بەسەرچووبوو و هێشتاش هیچ بیرێکی لە بەرنامەی شەو نەکردبوویەوە.

١٣٣ـ ئابەیلار: Abelard فەیلەسوفی ئاینزانی فەڕانسی شەیدای کچێک بوو بە ناوی «هیلیۆز». کاردینالّی پاریس کە خزمی کچە و زۆریش بە دەسەڵات بوو، گرتی و سەری تیابرد. ئابەیلار بە هۆی ئەوین و ڕەنجیەوە بە ناوبانگە (١٠٩٧ـ١١٤٢).

١٣٤ـ Pharsalia، شارێکە کە سزاری قەیسەری بەناوبانگی ڕۆماساڵی ٤٨ی پێش زاین لەوێ بەسەر پەمپەیدا زاڵ بوو. لەم جەنگەدا سزار فەرمانی بە سەربازەکانی خۆی دا کە بە مشت بدەن لە ڕوخساری خانەدانەکانی پەمپەی. ئەوانیش لە ترسی بریندار بوون و دزیوبوونی ڕوومەتیان، تێیان تەقاند و هەڵاتن.

«بەڵام ئەگەر خۆم ڕاگرم و نەڕۆم، لە داهاتوودا بە چاوی سووک سەیری خۆم ئەکەم. جا کە وابێ، هەموو تەمەنم لە گومان و دڕدۆنگی و ئەم دڵەڕاوکێیە ئەبێتە هۆی پەژارە و بەدبەختی هەرە بە ژان و دڵتەزێن. مەگەر سەبارەت بە ئەوینی ئەماندا هەر ئەو دارەتەم بەسەر نەهات؟ پێم وایە ئەگەر هۆکارێکی هەتەر بوایەم لە تاوانێکی ئاشکرادا، بە ئاسانی ئەمتوانی لە تاوانی خۆم خۆش ببم. ئەوەندەی لای خۆم دانم پیابنایە، ئەمتوانی ئیتر بیری لێنەکەمەوە.»

بەڵام زۆر سەیرە! لەگەڵ یەکێک لە ناودارترین کەسانی فەڕانسە، ململانێم هەبێ و ئەوسا خۆم بە خۆم بڵێم من بابایەکی سووک و چرووکم؟ لە ڕاستیدا نەڕۆیشتن بێغیرەتییە.» ژوولیەن لە شوێنی خۆی ڕابوو و هاواری کرد: «ئەم ڕستەیە چارەنووسی هەموو شتێک ڕوون ئەکاتەوە. جگە لەمەش ئەم کچە هەر زۆر شۆخە!»

«ئەگەر غەیانییەک لە ئارادا نەبێت، ئەم شێت بوونەی کچە بۆ من زۆر سەمەرەیە. ئەگەریش بۆ چەواشەکردنە، زۆر چاکە بەڕێزان، منیش ئەبێ لێتان بکەم بەڕاست و... ئەشیکەم!.»

«بەڵام ئەگەر کاتی چوونە ژوورەوە دەستەکانم بەسترابێ، ئەبێ چی بکەم؟ ڕەنگە داوێکی شەیتانئاسایان بۆ نابێتمەوە!»

ئەوسا بە پێکەنینەوە وتی: «ئەم کارە وەکو دوێلە. بە گوتەی مامۆستای شمشێربازی، هەموو هێرشێک، بەرگرییەکی هەیە. بەڵام خوای گەورە کە ئەیەوێ کێشەکە کۆتایی پێ بێ، کارێک ئەکات کە یەکێک لە دوو خەنیمەکە ئەو «بەرگرییە» لەبیر بکات. جگە لەمەش، بەم شتانەوە کە هەمە، ئەبێ وەڵامیان پێ بدەمەوە.»

دەمانچەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و هەرچەند پڕ کرابوویەوە و چاشنیەکەی ئامادە بوو، بەڵام سەرلە نوێ پڕیکردەوە.

هێشتا ئەبوایە چەند کاتژمێر چاوەڕێ بکات. بۆ ئەوەش کە بێکار نەبێ، نامەیەکی بۆ فۆکە نووسی: «هاوڕێی ئازیزم، هاوپێچی ئەم نامەیە مەکەرەوە مەگەر ئەوەی شتێک بۆ من ڕوو بدات. ئەگەر بیستت بەڵایەکی سەیرم بەسەر هاتووە، ئەوسا چەند ناوی تایبەت لەو نامەیەی بۆ تۆم ناردووە بکوژێنەوە و هەشت دانەی لەبەر بنووسەوە و بینێرە بۆ ڕۆژنامەکانی مارسەی و بۆردو و لیۆن و بروکسل و شارەکانی تر. پاش دە ڕۆژ ئەو دەسنووسەش چاپ بکە و یەکەم ژمارەی بە ناونیشانی جەنابی مارکیز دولامۆل بنێرە و پانزە ڕۆژ دوای ئەوەش ژمارەکانی تر بە شەو هەڵدە ناو ماڵەکانی ڤێریر.»

ئەم یاداشتە کورتە، ژوولیەن بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆی و وەکو چیرۆک نووسیبووی و فۆکەش بۆی نەبوو بیکاتەوە، مەگەر ئەوەی شتێک ڕوو بدات. نامەکە وا نووسرابوو کەمتر ببێتە هۆی ئابڕووچوونی مادمازێل دولامۆل. بەڵام ژوولیەن پاش هەموو ئەم شتانەش، دۆخی خۆی لەم یاداشتەدا، بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە نووسیبوو.

کاتێک کە ژوولیەن نامەکانی خۆی داخست و ناردنی، زەنگی شێو لێدرا. ئەم زەنگە دڵی لەرزاند. ئەندێشەی لە ناو قەیرانی ئەو چیرۆکە تازەیەدا کە نووسیبووی، مەلەی ئەکرد، بەر لە ڕوودانی ڕووداوەکە تووشی هەستی بە ئازار و دڵتەزێن ببوو. خۆی بینیبوو کە کەوتۆتە دەست خزمەتکاران و دەست و قاچیان بەستۆتەوە، بردوویانە بۆ ژێرزەمین و پەڕۆیەکیان لە دەمی ئاخنیوە. لەوێ نۆکەرێک ئاگای لێی بوو و ئەگەر لای ئەم بنەماڵە خانەدانە گرنگ بوایە، کە ئەم ڕووداوە کۆتاییەکی کارەساتاوی هەبێ، ئەوا زۆر ئاسان بوو بەو ژەهرانەی کە هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێ نامێنێ، کۆتایی بە هەموو شتێک بهێنن. ئەوسا ئەیانوت بە نەخۆشینێک

مردووە و تەرمی بێگیانیان ئەبردەوە بۆ ژوورەکەی.

ژوولیەن کە وەکو شانۆنووسێکی دراماتیک کەوتبوویە بن کاریگەری شانۆکەی خۆی، کاتێک کە چووە ناو هۆڵی نانخواردن بەڕاستی شڵەژابوو. سەیری هەمو ئەو خزمەتکارانەی ئەکرد کە جلی فەرمی خۆیان لەبەر کردبوو. کەوتە هەڵسەنگاندنی ڕوخساریان. بە خۆی ئەوت: «کام لەم کەسانەیان بۆ هێرشی ئەمشەو هەڵبژاردووە؟ بیرەوەرییەکانی هانری سێهەم لە ناو ئەم بنەماڵەیەدا ئەوەندە زیندووە و لە سەر زمانە، کە کاتی سووکایەتی پێکردن، زیاتر لە کەسانی هاوشانی خۆیان جەربەزەیان ئەبێ. بۆ خوێندنەوەی نەخشەکانی ئەم بنەماڵەیە لە چاوەکانی مادمازێل دولامۆلدا سەیری کرد. ماتیلد ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو و هەر لە ڕوخسارەکانی سەدەی ناونجی ئەچوو. ژوولیەن هەرگیز ڕواڵەتێکی ئاوا مەزنانەی پێوە نەدیبوو. بەڕاستی جوان و بەسام بوو. ژوولیەن شەیدای ببوو. بە خۆی وت: «ڕوخساری ڕەنگ پەڕیوی نیشانەی پلانە مەزنەکانییەتی!»

پاش نانی شێوان، لەخۆڕا ماوەیەک لە ناو باخ پیاسەی کرد. مادمازێل دولامۆل دەرنەکەوت. بێگومان ئاخافتن لەگەڵ ئەم کچە دڵی ژوولیەنی لە بن بارێکی گران ڕزگار ئەکرد.

بۆ ئەبێ ددانی پیانەنێ. ئەترسا و لەبەر ئەوەی بڕیاری دابوو کە بە کارێک هەڵبسێ، بە بێ شەرم خۆی دابوو بە دەست ئەم هەستەوە. بە خۆی ئەوت: «ئەگەر کاری چالاکییەکە پێویست بە ئازایەتی هەبێ، ئەم هەستەی ئێستەم ئیتر گرنگ نابێ.» ڕۆیشت بۆ ئەوەی شوێنی پەیژەکە و قورسییەکەی هەڵسەنگێنێ.

بە پێکەنینەوە وتی: «کەرەسەی وا هەیە کە بەکارهێنانی لە چارەنووسمدا نووسراوە! لێرەش وەکو ڤێرير ئەبێ بەکاری بهێنم. جیاوازیی چییە؟» ئەوسا ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: «ئەو ڕۆژانە

ناچار نەبووم خۆم لەو کەسە بپارێزم کە گیانم بۆ ئەو ئەخەمە مەترسییەوە. جا چ جیاوازییەکیش لە نێوان مەترسییەکان‌دا هەیە؟»

«ئەگەر لە ناو باخەکانی جەنابی دورێنالدا بکوژرێم، تۆزێکیش نابێتە هۆی ئابڕووچوونم. بە ئاسانی مردنەکەم ئەئالۆزێنن. لێرە چیها چیرۆکی نەفرەتبار لە هۆڵی تەلارەکانی دوشۆن و دوکەیلۆس و کۆشکی دورێتز و ئەوانی تر و لە هەموو شوێنێک بڵاوناکەنەوە: من لە بەرامبەر بەرەی داهاتوودا وەک خێو و دێو ئەناسرێم.»

لە کاتی گاڵتەکردن بە خۆیشی بە پێکەنینەوە وتی: «ماوەی دو سێ ساڵ!... کێ بێتاوانیم ئەسەلمێنێ؟! گریمان فۆکە تەوسنامەی پاشمەرگم چاپ بکات و بڵاوی بکاتەوە، ئەم کارەش لە ڕیسواییەکی تر زیاتر نییە. سەیرە! بۆ ماڵێک ڕێگەمیان داوم، کەچی من پایشتی چاکە، لەبری ئەو هەموو میواننەوازییەی لەم ماڵە بینیومە و لە بەرامبەر ئەو هەموو میهرەبانییە دڵاوایەدا، تەوسنامەیان لە سەر بڵاو ئەکەمەوە! هێرش ئەکەمە سەر ئابڕووی ژنان! ئاه! هەزار جار وەتر، خۆزگە هەڵخەڵابێتم!»

شەوێکی غەددار بوو.

بەندی XVI

## یەکی پاش نیوەشەو

باخ بەربەرین بوو.
ساتەوەختێک بوو بە گەڵاڵەی
گەش خۆشەن کرابوو. درەخت تەمەنیان بەڵام
سەد ساڵ بوو. جوانییەکی لاهێیی لەو ناوە هەبوو!
(ماسینگر)

لەو کاتەدا کە بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیارەکەی خۆی خەریک بوو نامەیەکی تری بۆ فۆکە ئەنووسی، کاتژمێر یانزە جار لێیدا. لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و دەرگای داخست، کلیلەکەی بە دەنگە دەنگەوە لە قفڵەکەدا سووڕاند، وای بیر ئەکردەوە خەریکە دەرگا لە سەر خۆی دائەخات. لەسەرخۆ کەوتە گەڕان بۆ بینینی خانووەکە و لە پێش هەمووشیانەوە قاتی چوارەم کە شوێنی ژیانی خزمەتکارەکان بوو. هیچ شتێکی نائاسایی لە ئارادا نەبوو. یەکێک لە خزمەتکارەکانی خاتوو دولامۆل میوانی ئەدا و نۆکەر و کارەکەر بە خۆشییەوە خەریکی خواردنەوە بوون. ژوولیەن بیری کردەوە: «ئەمانەی بەم جۆرە پێئەکەنن، پێناچی لە ڕیزی ئەوانەدا بن کە بۆ شەڕی شەو دیاری کراون. چونکە ئەگەر وا بووایە ئەبوا زیاتر ئاگایان لە خۆیان ئەبوو.»

ڕۆیشت و لە سووچێکی باخەکە وەستا. ئەگەر نەخشەیان ئەوە بێ بە بێ ئاگاداری خزمەتکارەکان ئەو کارە بکەن، ئەوانەی کە ئەبێ بدەن بەسەر مندا، ئەبێ لە سەر دیواری باخەکەوە

خۆیان هەڵدەنە ژوورەوە.

ئەگەر مارکیز دو کرۆزنۆوا لەم کەین و بەینەدا هەڵنەچووبێ، ئەبێ ئەوە بزانێ کە پێش ئەوەی بچمە ژوورەکەوە ئەبێ، پەلامارم بدەن. چونکە ئەمە بە قازانجیانە و ئەو کچەی ئەبێ شووی پێبکات کەمتر ئابڕووی ئەچێ.

وەک سەربازێک کە بیەوێ هەلومەرجی بەرەی جەنگ تاوتوێ بکات، کەوتە لێکۆڵینەوە. بیری کردەوە: «ئابڕووم لە ئارادایە. ئەگەر هەڵەیەکی تر بکەم و دیسانیش بە خۆم بڵێم کە ئاگام لەم لایەنە نەبوو، لە بیانووهێنانەوەیەک زیاتر نابێ.»

ئاسمان بە شێوەیەکی بێبەزەیی ساماڵ بوو. لای یانزە، مانگ هەڵات و نیو کاتژمێر پاش نیوەشەو، بەرخانی تەلارەکەی بە تەواوەتی ڕووناک کردبوویەوە کە ئەیڕوانی بە ڕووی باخەکەدا.

ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «ئەم کچە شێتە!» کاتێک کە زەنگی یەکی نیوەشەویشی لێدا، پەنجەرەکانی ژووری نوربێر هێشتاش ڕووناک بوون. ژوولیەن لە هەموو ژیانیدا ئەوەندە نەترسابوو. جگە لە مەترسییەکانی کارەکە هیچی نەئەبینی و هیچ هاندەر و خولیایەکی نەبوو.

چوو پەیژە گەورەکە بهێنێ. پێنج خولەک ڕاوەستا بۆ ئەوەی ئەگەر هات و ژێوان بوویەوە. یەک و پێنج خولەک پەیژەکەی نا بە پەنجەرەی ژوورەکەی ماتیلدەوە. دەمانچە بە دەست، ئارام ئارام سەرکەوت. لەوەی کە پەلاماریان نەداوە، سەری سوور مابوو. کە گەیشتە بەر پەنجەرکە بە ئەسپایی کرایەوە.

ماتیلد بە هەژانێکی فراوانەوە پێی وت:

ــ تۆی؟ یەک کاتژمێرە چاوم لە هەڵسوکەوتی تۆیە.

ژوولیەن زۆر شڵەژابوو. لە میانەی ئەو هەڵچوونەدا بە خۆی وت، ئەبێ جەربەزەی هەبێ. ئەوسا لێبڕا ماتیلد بگرێتە باوەش.

ماتیلد بە تووڕەییەوە پاڵی پێوە نا و وتی: «ئەوە چییە؟!»

ژوولیەن کە پێی خۆش بوو دوورخراوەتەوە، بە پەلە ڕوانییە دەوروبەری خۆی. مانگ ئەوەندە بە تریفە بوو کە سێبەرەکانی ناو ژوورەکەی تۆختر کردبوو. لای خۆی وتی: «بۆی هەیە لێرە، هەندێ کەس شارابێتنەوە و من نەتوانم بیانبینم.»

ماتیلد کە لە دۆزینەوەی بابەتێک بۆ گفتوگۆ شادمان بوو، وتی:

ــگیرفانت چی تیایە؟

بە شێوەیەکی سەیر پەرێشان بوو. هەموو ئەو سۆز و شەرم و دەعیەی بە خۆڕسک لە کچێکی خانەدان‌دا هەیە، هەر هەمووی سەری هەڵدابوویەوە و ئەوی ئەشکەنجە ئەدا.

ژوولیەنیش کە لە دۆزینەوەی بابەتێک بۆ گفتوگۆ وەک ئەو شادمان ببوو، وەڵامی دایەوە:

ــهەموو جۆرە چەک و دەمانچەیەکم پێیە.

ماتیلد وتی:

ــئەبێ پەیژەکە لابەرین.

ــپەیژەکە زۆر قورسە و ڕەنگە شووشەکانی هۆڵی خوارەوە یان قاتی نیوان سەر و خوار بشکێنێ.

ماتیلد کە بە بێهوودە ئەیویست بە دەنگێکی ئاسایی قسە بکات، وتی:

ــنابێ شووشە بشکێ. ئەتوانین پەیژەکە بە هۆی گوریسێکەوە کە لە یەکەم پێپیلکەی ئەبەستین، بخەوێنین. من هەمیشە لە ماڵەوە گوریسم هەیە.

ژوولیەن لای خۆی وتی: «ئەمەش ئەو ژنەی کە شەیدا بووە و بە ڕاشکاوی داوای ئەوین ئەکات! ئەم هەمووە خەمساردی و بیر و ئاوەزە بە باشی پیشانی ئەدا، هەرچەند گەوجانە پێم وایە بەڵام بەسەر مارکیز دو کرۆزنۆوادا زاڵ نەبووم. باسەکە لێرەدایە کە

من جێگەی ئەوم گرتۆتەوە و هیچی تر. ڕاستەکەی چ جیاوازییەکی هەیە؟ مەگەر من حەزی لێئەکەم؟ سەرکەوتنی من بەسەر مارکیزدا لەوەدایە کە مارکیز لەوەی یەکێکی تر جێگەی بگرێتەوە، تووڕە ئەبێ و ئێستەش کە ئەبینێ من جێگەم گرتۆتەوە، زۆرتریش تووڕە ئەبێ. دوێشەو لە کافەی تورتۆنی، بە بیانووی ئەوەی نامناسێتەوە بە چ دفرەیەکەوە تێی ئەڕوانیم! پاشان، لەبەر ئەوەی کە نەیتوانی بە تەواوەتی خۆی گێل بکا، بە شێوەیەکی دڕندانە سڵاوی لێکردم.

ژوولیەن گوریسەکەی بەستبوو بە یەکەم پێپیلکەی پەیژەکەوە و بە ئارامی دایئەبەزاند. بۆ ئەوەش پەیژەکە نەدا لە شووشەکان، زۆر بەسەر محاجەرەی باڵکۆنەکەدا شۆڕ ببوەوە. بیری ئەکردەوە ئەگەر یەکێک لە ژوورەکەی ماتیلد خۆی شاردبێتەوە، ئێستە کاتێکی لەبارە بۆ کوشتنی. بەڵام بێدەنگییەکی قووڵ، بەردەوام باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو.

سەری پەیژەکە دای لە عەرز. ژوولیەن توانی لای گوڵە ناوازەکانەوە، لای دیوارەکەوە پاڵی بخات.

ماتیلد وتی:

ـ ئەگەر دایکم ببینێ گوڵە جوانەکانی شێلراوە، چی ئەڵێ؟

ئەوسا زۆر ئارام و هێور وتی:

ـ ئەبێ گوریسەکە فڕێ دەین. ئەگەر ئەو گوریسە ببینن بەرەو باڵکۆنەکە درێژ بووەتەوە، خۆ ناتوانین بڵێین ئێمە نەبووین.

ژوولیەن بە دەنگێکی شۆخ و وەک لاسایی کردنەوەی دووڕەگەکان (یەکێک لە خزمەتکارەکان لە سەن دومینیک لەدایک بووە) وتی:

ـ ئەی من چۆن بڕۆمەوە؟

ماتیلد کە لەم بیرەی خۆی شادمان ببوو، وتی:

ـ تۆ لە دەرگاوە ئەڕۆیتەوە.

پاشان لە دڵی خۆیدا وتی: «ئۆف! ئەم پیاوە چەندە شیاوی ئەوینی منە!»

ژوولیەن گوریسەکەی هەڵدا بۆ ناو باخ. ماتیلد قۆڵی گوشی. ژوولیەن هەستی کرد لە ناو پەنجەی دوژمندا گیری کردووە. خەنجەری ڕاکێشا و بە خێرایی سووڕا. ماتیلد هەستی کرد دەنگی کرانەوەی پەنجەرەکەی بیستووە. ڕامابوو. ورتەی نەئەکرد. مانگ سەرتاپایانی ڕوون کردبوویەوە. کاتێک کە دەنگەکە ئیتر نەبیسرا. خەمیان نەما.

جارێکی تر دڵەراوکە دەستی پێکردەوە و ئەمجارەیان خشە لە هەر دوو لاوە بوو. ژوولیەن دڵنیا بوو کە دەرگا بە هەموو کێلوون و ئەڵقەڕێزیەوە داخراوە. ئەیویست سەیری بن ڤەرەوێڵەکە بکات، بەڵام نەیئەوێرا. بۆی هەبوو یەک دوو خزمەتکار لە بن قەرەوێڵەکە خۆیان شاردبێتەوە. سەرەنجام لەوە ترسا لە داهاتوودا لۆمەی خۆی بکا، بۆیە پارێزی نایە لاوە و ڕوانییە ژێر قەرەوێڵەکە.

هەموو ئەو دڵەڕاوکێ و شڵەژانە کە لە مەزنترین شەرم و ئابڕووەوە سەرچاوە ئەگرێ، بەسەر ماتیلددا زاڵ ببوو. لە بار و دۆخی خۆی ئەترسا.

سەرەنجام وتی:

ــنامەکانت چی لێکردم؟

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «چ دەرفەتێکی باشم دەستکەوتووە کە پیلانی ئەم بەڕێزانە، ئەگەر لەم دەورووبەرانە خۆیان حەشار دابێ، هەڵوەشێنمەوە و خۆیشم بۆی دەربچم.»

ــکاغەزی یەکەمم لە ناو ئینجیلێکی پڕۆتستانی شاردەوە و فایتوون هەتا ئێستە زۆر لێرە دووری کردۆتەوە.

کاتێک کە خەریکی گێڕانەوەی ئەم وردەکاریانە بوو، زۆر بە ڕوونی و بە جۆرێک قسەی ئەکرد کە بگاتە گوێی ئەوانەش

کە ڕەنگە لە ناو دۆڵابە تەختە مەهاگۆنیەکان خۆیان شاردبێتەوە. ژوولیەن نەیوێرابوو ئەم دوو دۆڵابە بگەڕێ.

ــ دوو نامەکەی تریشم دا بە پۆستخانە و هەردووکیان بە هەمان ڕێگەی نامەکەی پێشوودا ڕۆیشتوون.

ماتیلد، بە سەرسووڕمانەوە وتی:

ــ ئاه، خوایە گیان! ئەو هەمووە قایمەکارییە لەبەر چێ؟

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «چ سوودێکی هەیە ئەگەر سەبارەت بەو شتانە درۆی لەگەڵ بکەم؟ ئەوسا هەموو گومان و دڕدۆنگی خۆی لە بەرامبەر ئەودا بۆ گێڕایەوە!»

ماتیلد بە دەنگێک کە لایەنی شێتی تیایدا زیاتر بوو هەتا ئەوین و خۆشەویستی، هاواری کرد:

ــ کەوابێ هۆی ساردی نامەکانی تۆ لەبەر ئەمە بووە؟!

ژوولیەن هەستی بە گۆڕانی ئەم شیوە وتنە کرد. بەکارهێنانی وشەی تۆ کە نیشانەی دۆستی و نزیکییە، دێوانەی کرد. یان لانیکەم بەدگومانییەکانی ڕەواندەوە. ئەو کچەی کە ئەوەندە جوان بوو و ئەو هەمووە ڕێزی لە دڵی ئەمدا ئەهەژاند، بە ڕاشکاوی لە ئامێزی گرت. ژوولیەن، ئەمجار بەو توندییەی جاری یەکەم پاڵی پێوە نەنرا.

وەکو ڕابوردوو، وەک لە بزانسۆن، لە لای ئەماندا، پەنای بردە بەر بیرەوەری خۆی و چەند ڕستە لە جوانترین شیعرەکانی نۆڤێل هیلوازی لەبەر بۆ وت.

بە بێ ئەوەی گوێ لە گوتەی ڕابگیرێ، وەڵامی درایەوە:

ــ دڵێکی پیاوانەت هەیە. ویستم جەربەزەت تاقی بکەمەوە و دان بەوەدا ئەنێم. یەکەم بەدگومانییەکانی تۆ و ئەم لێبڕانە و ئەم بوێرییە پیشانی ئەدات کە زیاتر لەوەی من پێم وا بوو، جەربەزەت هەیە.

ماتیلد هەوڵیئەدا کە بە شێوەیەکی دۆستانە و زۆر نزیک ڕاناوی تۆ بەکار ببات. ئەوەندەش گرنگی بەم لایەنە ئەدا خودی بابەتەکەی لا مەبەست نەبوو. ئەم ڕەچاوکردنەی شێوەی دۆستانە کە لە لایەنی ئەوین و خۆشەویستی بێوەری بوو، هیچ چێژێکی بە ژوولیەن نەئەدا. ژوولیەن زۆری پێ سەیر بوو کە هەست بە بەختەوەری ناکات. سەرەنجام بۆ هەستکردن بەم شادییە، پەنای بردە بەر هۆش و ئاوەزی خۆی. ئەیبینی لە لای ئەو کچەی کە ئەوەندە بە دەعیە و دەمارە و هەرگیز بە بێ دڵنیابوون پەسنی کەس نادا، ڕێز و پلەیەکی هەیە. بەم بەڵگاندنە، بەو بەختەوەرییە گەیشت کە بۆ دفرە و کەسایەتی ئەو مایەی چێژ و شادمانی بوو.

لەڕاستیدا ئەم بەختەوەرییە، ئەو شادییە دەروونییە نەبوو کە هەندێجار لە تەنیشت خاتوو دورێنال‌دا هەستی پێکردبوو. هیچ سۆزێک لەو هەستە سەرەتاییانەدا نەبوو و ئەوەی هەبوو، هەژاوترین بەختەوەری خۆپەرستانە بوو، ژوولیەن لە هەموو شت زیاتر، بەرزەفڕ بوو! سەرلەنوێ، باسی ئەوانەی کردەوە کە گومانی لێیان هەبوو و چ نەخشەیەکی بۆ بەرگری کێشابوو. لە کاتی قسەکردنیش‌دا لە بیری کەڵک وەرگرتن لە سەرکەوتنی خۆی بوو.

ماتیلد کە هێشتایش دڵەڕاوکەی هەبوو و لەو کارەی کردبووی ترس دایگرتبوو، ئەتوت لە دۆزینەوەی بابەتێک بۆ گفتوگۆ شایگەشکە ببووە. زۆر باسی یەک بینینەوە کرا. ژوولیەن لەو هۆشمەندی و بوێرییەی لەم دیدارەدا پیشانی دا، زۆر شادمان بوو. سەروکاریان لەگەڵ کەسانێک بوو کە زۆر ڕۆشنبین بوون. تانبو، بە بێ گومان سیخوڕ بوو، بەڵام خۆ ماتیلد و ئەویش کەم ئەزموون نەبوون.

چی لەوە ئاسانتر بوو کە لە پەرتووکخانە ژوان بکەن و بە ئاسانی هەموو شت هەر لەوێ بە یەک بڵێن.

ژوولیەن ئەیوت:

ـــمن، بە بێ ئەوەی هیچ گومانێک بەدی بهێنم، ئەتوانم لە هەموو سووچ و قوژبنێکی ئەم کۆشکە، تەنانەت لە ژوورەکەی خاتوو دولامۆلیش‌دا ببینرێم.

بۆ چوون، بۆ ژوورەکەی ماتیلد ئەبوایە بەناو ژوورەکەی خاتوو دولامۆلەوە تێپەڕێ. ئەگەریش ماتیلد وای پێ باش بوایە کە هەمیشە بە پەیژە بچێت بۆ لای، بەدڵنیایی و بە شادمانییەوە ئەیتوانی بەم مەترسییە بچکۆلانەیە هەڵبسێ.

ماتیلد کە گوێی لە قسەکانی ژوولیەن ڕاگرتبوو، لەم دارەتی سەرکەوتنەی لەویدا ئەبینی ڕەنجابوو. بە خۆی ئەوت: «کە وا بوو ئەو خاوەن دەسەڵاتی منە!» ئاوا زوو پەشیمان ببوویەوە. بیر و هۆشی لەو سەرشێتیە ئاشکرایەی کە کردبووی، ئەترسا. ئەگەر بیتوانیایە، بە بێگومان خۆیشی و ژوولیەنیشی تیائەبرد. ئەوساش کە ساتێک بە هێزی ئەڤان، دەمی پەشیمانییەکانی دەروونی ئەبەست، سۆز و شەرمی ڕەنجاوی خەمگینی ئەکرد. ئەم دارەتە ترسناکەی ئێستە هەیبوو، تەنها یەک تۆزیش پێشبینی نەکردبوو.

ئاخرەکەی بە خۆی وت: «سەرەڕای ئەمەش ئەبێ قسەی لەگەڵ بکەم. ئەمە دابەکەیەتی. ئەبێ لەگەڵ دڵداری خۆم قسە بکەم.» ئەوسا وەکو ئەوەی ئەرکێک لە سەر شانی خۆی لابەرێ و بە سۆزێکەوە کە زیاتر لە وشەکان‌دا هەبوو تا لە دەنگی‌دا، هەموو بڕیارە جۆراوجۆرەکانی لەم ڕۆژانەی دوایی‌دا گرتبووی، دانە دانە بۆی گێڕایەوە.

پێشتر لای وا بوو ئەگەر ژوولیەن بوێرێ، بە پەیژە و بە هەمان شێوە کە فەرمانی دابوو، بێ بۆ ژوورەکەی، سەر و گیانی بکات بە قوربانی. بەڵام هەرگیز نەبووە کە بابەتێکی ئەوەندە پڕ لە سۆز بە شێوازێکی ئەوەندە ساردوسڕ دەرببڕدرێ. تا ئەو ساتە، ئەم ژوانە دڵدارانەیە، سارد و سەهۆڵ بوو، وەها بوو کە ئەوینی لەبەرچاوی

مرۆڤ ئەخست. بۆ کچێکی ناپارێز چ وانەیەکی باشی ڕەوشت بوو! ئایە ئەهێنێ ئایندەی خۆی بۆ کاتێکی ئاوەها بدۆڕێنێ؟

پاش دوودڵیەکی درێژخایەن، کە ڕەنگە چاودێرێکی ڕواڵەت بین بە بەرەنجامی سەخترین ڕق و کینەی دابنێ، سەبارەت بەو سۆزەی کە ژن بەرامبەر دفرەی خۆیدا وا لە ئەستۆی، ئەوندە ئوستادانە ڕادەستی کرد، کە سەرەنجام ماتیلد بوو بە دڵبەری دڵخواز و میهرەبانی.

ڕاستەکەی، ئەو هەڵچوون و داچوونە ئەویندارانەیە تا ڕادەیەک زادەی دەستکرد و ئەنقەست بوو. ئەوینی ئاگراوی بەر لەوەی ببێ بە ڕاستەقینە، نموونەیەکی لاسایی کردنەوە بوو.

مادمازێل دولامۆل پێی وا بوو کە ئەرکێکی لە پێناوی خۆی و دڵدارەکەیدا جێبەجێ ئەکات. بە خۆی ئەوت: «کوڕەی بێچارە جەربەزەی وەک خۆی هەر نییە. ئەبێ بەختەوەر ببێ. ئەگینا من کەسێکی بێ کەسایەتیم.» بەڵام تا چ ڕادەیەک حەزی ئەکرد بە بەهای ڕۆژەڕەشی هەمیشەیی خۆیشی بووە، ئەو پێداویستییە گیانکێشەی تووشی ببوو، قەرەبوو بکاتەوە.

سەرەڕای ئەوەی بە توندی هێرشی ئەکردە سەر خۆی، بەڵام توانیبووی بە تەواوەتی زمانی بپارێزێ.

هیچ جۆرە پەژارە و پەشیمانییەک، خۆشیی ئەو شەوەی تێک نەدا کە لە لای ژوولیەن لە بەختەوەریش بەرزتر بوو. خوایە گیان! ئەم شەوە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو لادانە بیست و چوار کاتژمێرییەی ڤێریردا هەبوو؟! ئەوساش کە بێ ئەندازە لە دادوەری دوور کەوتەوە، بە خۆی وت: «ئەم دابە جوانەی لە پاریس هەیە، هەموو شت، تەنانەت ئەوینیشی بەبا داوە.»

ماتیلد بە بیستنی یەکەم دەنگ لە ئاپارتمانی تەنیشتیەوە، کە هی خاتوو دولامۆل بوو، ژوولیەنی لە یەکێک لە دۆڵابە مەزنەکانی

مەهاگۆنی‌دا شاردبوویەوە. لەم گەنجەیەدا بوو کە ژوولیەن ئەو بیرانەی کردبوویەوە. ماتیلد لەگەڵ دایکی چوو بۆ نوێژی بە کۆمەڵ. خزمەتکار ڕۆیشتن و ژوولیەن پێش گەڕانەوەی ئەوان بۆ تەواوکردنی کارەکانیان، تێی تەقاند.

سواری ئەسپ بوو و بۆ دۆزینەوەی سووچێکی ئەهوەن چوو بۆ یەکێک لە لێڕەوارەکانی دەوروبەری پاریس. زیاتر لەوەی شادمان بێ، سەری سووڕمابوو. ئەو بەختەوەرییەی کە جار جارە گیانی دائەگرت، وەکو بەختەوەری ئەفسەرێکی جەوان بوو کە بە هۆی کردارێکی سەرسامەوە لەپڕ لە لایەن فەرماندەوە کرابوو بە سەرهەنگ. هەستی ئەکرد بە پلەیەکی زۆر باڵا گەیشتووە. هەموو ئەو کەسانەی ڕۆژی پێشوو، پلەیان لەو بەرزتر بوو، ئێستە یان هاوپایەی ئەو بوون یان لە خوار ئەوەوە بوون. بەختەوەری ژوولیەن، وردە وردە بەو ڕادەیەی کە دوور ئەکەوتەوە، پەرەی ئەسەند.

ئەگەر ئەو ڕۆژە هیچ شوێنەوارێکی خۆشەویستی لە گیانی‌دا نەبوو، لەبەر ئەوە بوو کە ماتیلد، هەرچەند ڕەنگە ئەم قسەیە سەیریش بێ، هەموو کارەکانی وەکو ئەرکێک ڕاپەڕاندبوو. لە هەموو ڕووداوەکانی ئەو شەوەدا، لەبری ئەو چێژ و خۆشییەی لە چیرۆکەکان‌دا ئەیگێڕنەوە، جگە لە نەنگ و بەدبەختی، هیچی نەدیبوو و هیچ ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراویش دیسانەوە جگە لەم نەنگ و بەدبەختییەی، بەچاو نەبینیبوو.

لە خۆی پرسی: «بڵێی بە هەڵەدا چووبم؟ بڵێی شەیدای نەبم؟

بەندی XVII

# شمشێری کۆنە

ئێستە ئەبێ هەتەر بم: ئێستە کاتیەتی،
لە وەتەی خەنەدە بە واتای هەتەر بوونە.
توانجی چاکە لە مێژی خراپە خۆی تاوانێکە!
(دون ژوان، ١٣)

ماتیلد لە سەر سفرەی شێو نەبینرا. شەو بۆ تاوێک هات بۆ هۆڵەکە، بەڵام سەیری ژوولیەنی نەکرد. ئەم ڕەفتارەی لا سەیر بوو. ژوولیەن لای خۆی وتی: «من لەم داب و نەریتە تێناگەم! دیارە هۆیەکی هەیە.» سەرەڕای ئەمەش چونکە زۆر مەراقی بوو، کەوتە هەڵسەنگاندنی سیمای ماتیلد. نەیتوانی ئەوە لە خۆی بشارێتەوە کە ماتیلد ڕوخسارێکی سارد و بەدخوازی هەیە. ئەم ماتیلدە ئەوەی دوێشەو نەبوو کە بە ڕاست یان بە ناڕاست تووشی ئەو هەژان و هەڵچوونە ببوو و، دارەتەکەی ئەوەندە بەهێز بوو، لە ڕاست نەئەچوو.

بەیانی ئەو ڕۆژە، دووبەیانی ئەو ڕۆژە دیسانەوە هەروا سارد بوو. نەیئەڕوانییە ژوولیەن، هەر گوێشی لێی نەبوو. ژوولیەن کە دژوارترین هەژان ڕایئەژەند، لەو هەستی سەرکەوتن و بردنەوەی کە ڕۆژی یەکەم ئەوی شاد کردبوو، هەزار فرسەنگ دوور کەوتبوویەوە. بە خۆی وت: «نەکا بە ڕێکەوت گەڕابێتەوە بۆ دینداری؟» بەڵام ئەم قسەیە بۆچوونێکی وردەبورژوازیانە بوو بەرامبەر بە ماتیلدی لەخۆڕازی.

ژوولیەن بیری کردەوە: «ئەم کچە لە لایەنە ساکارەکانی ژیاندا ئەوەندە بڕوای بە دین و ئاین نییە. ئاینی خۆش ئەوێ چونکە قازانجی زۆری بۆ چینەکەی هەیە.»

«بەڵام مەگەر ناکرێ لەبەر ناسکی و سۆزی ژنانە لەو هەڵەیەی کردوویەتی، پەشیمان بووبێتەوە؟» ژوولیەن خۆی بە یەکەم دڵداری کچە ئەزانی.

جارێکی تر بە خۆی ئەوت: «بەڵام ئەبێ ئەوەش بڵێم کە هیچ شتێکی سادە و میهرەبان و نەرم و نیان لە هەڵوسەکەوتیدا نییە. هەرگیز لەوە خۆپەسەندتر نەمبینیوە. نەکا بە چاوی سووک سەیرم ئەکا؟ دوور نییە ئەوەی لەبەر من کردوویەتی بە هۆی نزمی بنەماڵەکەمەوە پەشیمان بووبێتەوە؛ لێی ئەوەشێتەوە.»

ژوولیەن بە مێشکێکی پڕ لە دەمارگرژی کە لە پەرتووک و بیرەوەرییەکانی ڤێریر فێری ببوو، لە ئەندێشەی دڵبەرێکی میهرەباندا لە شەقەی باڵی ئەدا کە لەو ساتەوە بۆتە هۆی بەختەوەری دڵبەرەکەی، ئیتر بیر لە خۆی ناکاتەوە. لەم کەین و بەینەشدا، ماتیلد لێی تورە بوو!

بەپێی ئەوەی کە ماوەی دوو مانگ بوو کچە دڵتەنگ نەئەبوو، پەژارە داینەئەگرت، ژوولیەن بە بێ ئەوەی هەست بەو لایەنە بکات، مەزنترین خاڵە ئەرێنیەکانی خۆی، لە لای کچە لەدەست دابوو.

لەو لاشەوە، مادمازێل دولامۆل کە یەخسیری ڕەشترین خەم و پەژارە ببوو، بە خۆی ئەوت: «ئاغەم بۆ خۆم کڕیوە! کانگای شەرەفە، بەه بەه! بەڵام ئەگەر دفرەی بریندار بکەم، بە بێگومان لە ڕێگەی درکاندنی چۆنیەتی پەیوەندیمانەوە تۆڵەم لێ ئەکاتەوە.» ماتیلد هەتا ئەو ڕۆژە خۆشەویستی نەببوو و، لەم قۆناغەی ژیاندا کە تەنانەت مرۆڤی بە خۆڕسک ساردوسڕیش ئەبزوێنێ بۆ

ئەندێشەی شیرین و پڕ لە میهر، ئەم تووشی دڵتەزێنترین بیر و ئەندێشە ببوو.

«ئەم کابرایە دەسەڵاتێکی بێ سنووری بەسەر مندا هەیە. لەبەر ئەوەی کە بڕوای بە ترس و تۆقاندن هەیە، ئەگەر زۆری بۆ بهێنم، ڕەنگە بە شێوەیەکی بێبەزییانە سزام بدات.» تەنها ئەم یەک بیرە بەس بوو بۆ ئەوەی مادمازێل دولامۆل بکەوێتە سووکایەتی پێکردنی. جەربەزە، یەکەمین و گەورەترین ئەدگاری گیانی کچە بوو. بەڵام هەرچەند پێی وا بوو هەموو ژیانی خۆی کردووە بە قومارێکی شێر یان خەت، هیچ شتێک نەیئەتوانی گیانی بهەژێنێ و لەو پەژارە و خەمۆکییەی بەردەوام سەری هەڵئەدایەوە ڕزگاری بکات.

ڕۆژی سێهەم، مادمازێل دولامۆل لێبڕابوو سەیری نەکات. ژوولیەن پاش نانی شێوان کەوتە شوێنی بۆ هۆڵی بیلیاردەکە. ئەم کارە بە ئاشکرا دژی ویستی مادمازێل دولامۆل بوو.

ماتیلد بە تووڕەییەکەوە کە بە زۆر پێشی پێگرتبوو، پێی وت:

ــبەڵێ، جەناب؟ پێت وایە خاوەنی منی کە بە پێچەوانەی حەزی ئاشکرای من ئەتەوێ لەگەڵم بدوێی؟! ئەزانی لەم دنیایەدا کەس ئەوەندە بوێر نەبووە؟

هیچ شت بە ئەندازەی وتووێژی ئەم ئاشقە و باشقەیە بەتام نەبوو. بە بێ ئەوەی هەست پێبکەن، دژترین ڕق لە دڵیاندا ئەجۆشا. چونکە هیچکامیان گیانی لێبوردنیان تیانەبوو. جگە لەمەش هەردووکیان گیرۆدەی داب و نەریتی کۆمەڵگەی ئاریستۆکراتەکان بوون، هەر زوو بە یەکیان وت کە تازە هەتا ماون نێوانیان تێکچووە.

ژوولیەن وتی:

ــسوێند ئەخۆم هەتا ڕۆژی کۆتایی ڕازادارت بم. ئەگەر لە

ئەنجامی ئەم گۆڕانە زۆر بەرهەستەدا زیان بە تۆ ناگات، هەتا ماوم وشەیەکت لەگەڵ ناڵێم.

سەرێکی بە ڕێزەوە بۆ دانەواند و ڕۆیشت.

ژوولیەن ئەو کارەی کە بە ئەرکی خۆی ئەزانی، بە ئاسانی ڕائەپەڕاند. زۆر دوور بوو کە خۆی بە ئەوینداری گیرۆدەی مادمازێل دولامۆل بزانێ. بێگومان، سێ ڕۆژ بەر لەمە بە یارمەتی ئەو لە دۆڵابە گەورە مەهاگۆنیەکەدا خۆی داشاردبوو. حەزی لێی نەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەستی ئەکرد تا قامی قیامەت لێی دابڕاوە، هەموو شت بە خێرایی لە ناخیدا بەراوەژوو ببوو!

بیرەوەری ستەمکاری وردە وردە کەمترین هەل و دارەتی ئەو شەوەی کە ڕاستییەکەی هیچ نەیبزواندبوو، ئەهێنایەوە بەر چاوی.

هەر لەو شەوەدا کە جیابوونەوەی هەمیشەیی ڕاگەیەنرا، ئەوەندەی نەمابوو کە ژوولیەن شێت و هار ببێ، چونکە ناچار بوو بە خۆی بڵێ کە شەیدای مادمازێل دولامۆل بووە.

مامڵانێی سامناکی پاش ئەم دانپیانانە، هەموو هەست و نەستی خستە بن کاریگەری خۆیەوە.

دوو ڕۆژ دوای ئەوە لەبری نازفرۆشتن بە مارکیز دو کرۆزنۆوا ئامادە بوو بە دەم فرمێسک دابارانەوە خۆی هەڵداتە باوەشی.

خووی ڕاهاتووی لەگەڵ چارەڕەشی، تیشکێکی دا لە مێشکی و بڕیاری دا بچێ بۆ لانگدۆک. جانتای پێچایەوە و بەرەو گاراجی عەرەبانەکانی پۆست کەوتە ڕێ.

کاتێک کە گەیشتە نووسینگەی پۆست، بە ڕێکەوتێکی سەیر بۆی دەرکەوت کە بەیانی ئەو ڕۆژە لە فایتوونی تولۆز جێگە بۆ نەفەرێک هەیە، خەریک بوو ببوورێتەوە. جێگەکەی گرت و بۆ ئەوەی جەنابی دولامۆل لە ڕۆیشتنەکەی خۆی ئاگادار بکات، گەڕایەوە بۆ تەلاری دولامۆل.

جەنابی دولامۆل چووبوویە دەرەوە. ژوولیەن کە گیان لە لەشی فڕیبوو، بۆ ئەوەی چاوەڕێی بکات، چوو بۆ پەرتووکخانە و کاتێک کە مادمازێل دولامۆلی بینی نازانی چی بەسەر هات!

ماتیلد بە بینینی ئەو، ڕواڵەتێکی نەمرچی بەخۆوە گرت کە هیچ گومانێکی بۆ ژوولیەن نەهێشتەوە.

ژوولیەن کە لە زۆری بەدبەختی خۆی قەڵس ببوو و لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە کتوپڕەدا سەری سووڕمابوو، لە ڕووی لاوازییەوە، بە میهرەبانترین شێوە کە لە ناخەوە دێتە دەرەوە، پێی وت:

ــواتە ئیتر خۆشت ناوێم؟

ماتیلد کە لە ڕق و تووڕەییدا دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا نەمابوو و ئەگریا، وتی:

ــڕقم لە خۆمە کە خۆم دا بە دەست یەکەم کەسەوە لە سەر ڕێم سەوز بوو.

ژوولیەن نەڕاندی:

ــیەکەم کەس؟

ئەوسا گوڕی بەستەوە بەرەو شمشێرێکی کۆنەی سەدەی ناونجی کە وەکو دیاردەیەکی ناوازە لە پەرتووکخانە هەڵواسرابوو.

ئەو دەردەی کە تۆزێک پێش وتنی ڕستەکەی بە مادمازێل دولامۆل لە دڵیدا بوو، ئێستە بە هۆی فرمێسکی نەنگ و ڕیسوایی لە چاوانی ماتیلد دائەباری، سەد چەندان ببوو. ئەگەر بیتوانیبایە بیکوژێ، ئەبوو بە بەختەوەرترین مرۆڤی سەر ئەم زەمینە.

کاتێک ژوولیەن شمشێرەکەی بە زۆر، تۆزێک لە کێلانەکەی هێنابوویە دەرەوە، ماتیلد کە لە هەستێکی ئاوا تازە شادمان ببوو، بە شێوازێکی پڕ لە دفرە بۆ لای چوو. فرمێسکی چاوەکانی قەتیس ببوو.

ژوولیەن بە خێرایی کەوتەوە بیری خودانەکەی، جەنابی دولامۆل. بە خۆی وت: «من ئەمەوێ کچی ئەو بکوژم؟ حەی

لەو بەزمە جوانە!» بۆ ئەوەی شمشێرەکە هەڵدا، خۆی بزواند. بە خۆی وت: : «بێگومان ماتیلد لە بینینی ئەم شاکارەی کە شیاوی مێلۆدرامایە، ئەدا لە قاقای پێکەنین.» لە سایەی ئەم ئەندێشەیەدا تووڕەییەکەی بە تەواوەتی دامرکایەوە. وەک مەراق یان ڕەنگە بۆ دۆزینەوەی پەڵەیەکی ژەنگ، سەیری دەمی شمشێرەکەی کرد، پاشان خستییەوە کالانەکەی و لەوپەڕی بێدەنگیدا دووبارە هەڵیواسیەوە بە بزمارە بڕۆنزە زەڕکەف کراوەکەدا.

هەموو ئەم بێنە و بەرەیە کە کۆتاییەکەی زۆر ئارام بوو، تەنها یەک خولەکی پێچوو. مادمازێل دولامۆل بە سەرسووڕمانەوە تێی ئەڕوانی. بە خۆی وت: «ئەوەندەی نەمابوو بە دەستی دڵدارەکەم بکوژرێم!»

ئەم بیرە ئەوی برد بۆ جوانترین ڕۆژەکانی سەردەمی شارلی نۆهەم و هانری سێهەم.

لە بەرامبەر ژوولیەندا کە خەریکی هەڵواسینەوەی شمشێرەکە بوو، بە بێ جووڵە وەستابوو. ئەو چاوانەی ئەیانڕوانییە ژوولیەن، ئیتر شوێنی کینەی تیا دیار نەبوو. ئەبێ لە هەق لانەدەین کە ماتیلد لەو دارەتەدا بەڕاستی دڵڕفێن بوو. هەرگیز ژنێک لەدایک نەبووە کەمتر لەمە لە لەیستۆکی پاریسی بچێ. (ئەم قسەیە توانجی گەورەی ژوولیەن بوو لە ژنانی ئەم مەڵبەندە).

ماتیلد لە دڵی خۆیدا وتی: «دیسانەوەش لە بەرامبەریدا تووشی لاوازی ئەبم. دیارە ئەمجارە پاش تێکشکانی دووبارە و ڕێک لەو کاتەدا کە بە تووڕەییەوە لەگەڵی ئەدوام، خۆی بە خودان و خاوەنم ئەزانێ.»

بۆیە لەپڕ هەڵات.

ژوولیەن لەو کاتەدا کە چاوی لە هەڵاتنەکەی بوو، وتی: «خوایە، چەندە شەنگە! ئەمە هەر ئەو بوونەوەرەیە حەفتەیەک بەر لەمە بە

هەموو توندی و هەژانەوە خۆی هەڵئەدایە ئامێزم؟! ئەو ساتانە هەرگێز نایەنەوە! نایەنەوە و سوچی خۆمە! لەو کاتەدا کە ئەو هەمووە کاری سەمەرە و سەراسا ڕووی ئەدا، تۆزێکیش ئاگام لێی نەبوو. ئەبێ دان بەوەدا بنێم کە زۆر گێل و زۆریش بەدبەختم.»

مارکیز هاتەوە. ژوولیەن بە پەلە ڕۆیشتنەکەی خۆی پێڕاگەیاند. جەنابی مارکیز دولامۆل وتی:

ــ بۆ کوێ؟

ــ بۆ لانگوۆک.

ــ تکات لێ ئەکەم مەڕۆ. تۆ کاری گەورەترت بە دەستەوەیە. ئەگەر بڕیار بێ بچی بە لایەکدا، بەرەو باکوور ئەبێ. تەنانەت، بە زمانی سەربازی، لە کۆشک دەسبەسەرت ئەکەم. زۆر بەجێ ئەبێ ئەگەر لە سێ کاتژمێر زیاتر لە کۆشک دوور نەکەویتەوە. بۆی هەیە هەموو ساتێک پێویستم پێت هەبێ.

ژوولیەن سەرێکی دانەواند و بە بێ ئەوەی هیچ بڵێت، چووە دەرەوە و مارکێزی لە دنیایەکی سەرسووڕماندا بەجێهێشت. توانای ئاخافتنی نەبوو. گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی و دەرگای لە سەر خۆی داخست. لەوێ، ئازادانە سەبارەت بە چارەنووسی خۆی، کەوتە ترش و خوێ پێوەکردن.

بە خۆی وت: «واتە ناتوانم تەنانەت لە کۆشکیش دوور بکەومەوە! خوا ئەیزانێ مارکیز چەند ڕۆژ لە پاریس ڕامئەگرێ! خوایە! چیم بەسەر دێت؟ تەنانەت دۆستێکیشم نییە ڕاوێژی لەگەڵ بکەم. ڕەبەن پیرار دەرفەتم نادا یەکەم ڕەستەم تەواو بکەم. کونت ئاڵتامیرا پێشنیازم پێئەکا لە پیلانێکدا بەشداری بکەم.»

«سەرەڕای هەموو ئەمانەش من شێتم. خۆم ئەزانم، من شێتم!»

«کێ ڕێگەیەکم پیشان ئەدا؟ چیم بەسەر دێ؟»

بەندی XVIII

## ساتە بەئازارەکان

هەموویم بۆ ئەگێڕێتەوە،
بە بچووکترین وردەکارییەوە!
چاوە جوانەکانی کە تێم ئەڕوانن،
خۆشەویستی ئەو بۆ یەکێکی تر ئاشکرا ئەکات!
(شیللەر)

مادمازێل دولامۆل گەشکە گرتبووی، جگە لە بەختەوەری کوژران، کە تا ئاستانەی ڕۆیشتبوو، بیری لە هیچی تر نەئەکردەوە و ئەوەندە توند ئەڕۆی کە بە خۆی ئەوت: «ئەم پیاوە شیاوی ئەوەیە خاوەن دەسەڵاتی من بێ. چونکە تا ئەو ڕادەیە لە خۆی نەوێ کە خەریک بوو بمکوژێ. ئەبێ چەند دانە لەم جەوانە جوانکیلە ئاریستۆکراتانە پێکەوە هەڵشێلی تا ئەوینێکی ئاگرینی وای لێ بەدی بێ.»

«ئەبێ دان بەوەدا بنێم کاتێک کە چووە سەر کورسییەکە و شمشێرەکەی ڕێک وەکو خۆی، بەو جۆرەی کە پسپۆڕی ڕازاندنەوە داینابوو، نایەوە شوێنی خۆی، هەر زۆر قۆز بوو. جگە لەمانەش، خۆ ئەوەندە شێت نەبووم کە خۆشم بوێ!»

ئەگەر لەو ساتەدا، هۆیەکی لەبار و ئەبڕومەند بۆ ئاشت بوونەوە پەیدا ببوایە، بێگومان ماتیلد بە خۆشییەوە ئەم هۆیەی ئەقۆستەوە. ژوولیەن کە دەرگای ژوورەکەی لە سەر خۆی داخستبوو، جارێکی تر دایخستبو، تووشی نائومێدیەکی دڵتەزێن

ببوو. گیرۆدەی بیری شێتانەی لەو ئەندێشەیەدا بوو کە بکەوێ بەسەر پایدا. ئەگەر لەبری خۆحەشاردان لە ناو ژوورەکەی بچوایە بۆ سووچێکی چەپەکی ناوباخ یان ناو تەلار بەملا و ئەولادا بڕۆیشتایە، بۆی هەبوو لە دەرفەتێکدا هەلێکی دەسکەوێ کە ئەو بەدبەختییە سامناکەی بکات بە بەچێژترین خۆشبەختی.

بەڵام ئەو پسپۆڕییەی کە نەبوونی ڕەخنەیە لە سەر ژوولیەن، بێگومان ئەوی لەو کردەوە بەهادارەی دەستدانە شمشێر ڕائەگرت و لە ئەنجامی ئەم هۆیانەدا، ئەو دیمەنە دلڕفێنەی شمشێر ڕاکێشان کە تا ئەو ڕادەیە لە چاوی مادمازێل دولامۆلدا جوانی کردبوو، نەئەهاتە ئاراوە. ئەم هەوەسە کە بە قازانجی ژوولیەن بوو، بە درێژایی ئەو ڕۆژە بەردەوام بوو. ماتیلد لەو ساتە کورتانەی کە بە هۆیەوە ژوولیەنی خۆشویستبوو، وێنەیەکی ئەفسووناوی لە ئەندێشەی خۆیدا بەدیهێنابوو و داخی بۆ ئەخوارد.

بە خۆی ئەوت: «لە ڕاستیدا، ئەوینی من بۆ ئەم کوڕە بێچارەیە لە کاتژمێری یەکی بەیانییەوە دەستی پێکرد کە بە پەیژە هات بۆ ژوورەکەم و هەموو دەمانچەکانی لە گیرفانی بەرۆکیدا هەڵگرتبوو و تا هەشتی بەیانی بەردەوام بوو. چارەکێک پاش ئەوە، کاتی نوێژ لە سەنت ڤالێر، بەوەم زانی کە وردە وردە خۆی بە خاوەن بڕیارم ئەزانێ و ڕەنگە هەوڵبدات بە زۆر و ترساندن بمکات بە فەرمانبەری خۆی.»

پاش نانی شێوان، مادمازێل دولامۆل جگە لەوەی خۆی لە ژوولیەن نەدزییەوە، بەڵکو لەگەڵیشی دوا و تا ڕادەیەک داوای لە ژوولیەن کرد لەگەڵی بچێ بۆ باخ. ژوولیەن پێشی خۆش بوو. ئەم ئەزموون و تاقیکردنەوەیەی لە ژیانیدا نەدیبوو. ماتیلد بە بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێبێ، سەبارەت بەو ئەوینەی تیایدا ئەبووژایەوە، سەری دائەنەواند. لە پیاسەکردن بە تەنیشت ژوولیەنەوە زۆر چێژی

وەرئەگرت و بە مەراقەوە ئەیڕوانییە ئەو دەستانەی سەرلەبەیانی، بۆ کوشتنی شمشێری ڕاکێشابوو.

پاش کارێکی وەها و پاش ئەو هەموو ڕووداوەی کە ڕووی دابوو، نەئەلوا ئیتر باسی گفتوگۆکانی پێشوویان بکەنەوە.

ماتیلد وردە وردە کەوتە قسە کردن و باری دڵی وەک ڕازدارێک بۆ گێڕایەوە. چێژێکی سەیر لەم وتووێژانەدا هەبوو و سەرەنجام سەربردەی هەژانی کاتی و تێپەڕی خۆی بەرامبەر مارکیز دو کرۆزنۆوا و مسیۆ دوکەیلۆس کە لە دڵی خۆیدا هەستی پێکردبوو، بۆ گێڕایەوە.

ژوولیەن هاواری کرد:

ــ بەڵێ! بۆ مسیۆ دوکەیلۆسیش؟

هەموو ئەو ئێرەییە تاڵ و گیانکێشەی دڵدارێکی لێکەوتوو لەم ڕستەیەدا بەدی ئەکرا. ماتیلد بەم جۆرە داوەری کرد و هیچ نەڕەنجا.

درێژەی بە ئەشکەنجەدانی ژوولیەن دا بە گێڕنەوەی هەستەکانی پێشووی خۆی بە شێوەیەکی زۆر لەبار و بە زمانێک کە ئەوپەڕی ڕاستی و ڕاستگۆیی پێوە دیاربوو. ژوولیەن ئەیبینی کە ماتیلد ئەو شتانەی بۆ ئەنەخشێنێ کە وا لەبەر چاوی‌دا. غەم لە دڵی ئەنیشت کاتێک کە ئەیبینی ماتیلد لە کاتی قسەکردن، لە دڵی خۆیدا پەی بە ڕازی تازە ئەبا.

بەدبەختی لەمە گەورەتر نابێ!

گومانی ئەوەی کە دڵبەر خەنیمێکی خۆشویستووە، زانینێکی بە ئازارە. بەڵام باسکردنی ئەو ئەوینە مووبەموو لە زمانی دڵبەری دین و دنیاوە، بە بێ گومان ئەوپەڕی دەرد و جەخارە.

ئاخ! چۆنی تەمێ کرد، لەو کاتەدا کە هەژانی دفرە پێی وا بوو بەسەر کەیلۆسەکان و مارکیز دو کرۆزنۆواکان‌دا سەرکەوتووە!

چ دڵ و چ گیانێکی کەساس و ڕەنجاو دژوارترین قازانجەکان قەبەئەکاتەوە و بە چ بڕوایەکی ئاگرینەوە تیر و توانج لە خۆی ئەگرێ.

ماتیلدی بە مرۆڤێکی شیاوی پەرستن ئەزانی و زمانی لە پەسن و پیاهەڵدانی بێ توانا بوو. کاتی گەڕان لە ناو باخ، لە بنەوە سەیری ئەو دەست و بازوە شازادەئاسایەی ئەکرد. لە زۆری ئەوین و ڕامان وەها پەکی کەوتبوو خەریک بوو بکەوێ بەسەر قاچیدا و هاوار بکات:

«بەزەییەک!»

جا ئەم مرۆڤە دڵرفێنە کە ئەوەندە جوان بوو تا ئەم ڕادەیە لە سەرووی هەمووانەوە و ڕۆژێ لە ڕۆژان منی خۆشەویست، بێگومان تاوێکی تر ئەبێ بە دەنکی مسیۆ دوکەیلۆس!

ژوولیەن نەی ئەتوانی گومانی لە ڕاستگۆیی مادمازێل دولامۆل هەبێ. زاری ڕاستەقینە، زیاد لە پێویست، لە هەموو گفتوگۆکاندا ئاشکرا بوو. بۆ ئەوەی ژوولیەن هیچی لە بەدبەختی کەم نەبێ، تاوێک پێش ئێستە، ماتیلد باسی ئەو هەست و هەژانەی ئەکرد سەبارەت بە مسیۆ دوکەیلۆس هەیبوو، کەوتبوویەوە بیری و بە جۆرێک باسی کابرای ئەکرد ئەتوت هەر ئێستەیە و ئەوەتا خۆشی ئەوێ. دیارە شوێنەواری ئەوین تیایدا ئاشکرا بوو. ژوولیەن ئەم بابەتەی بە ڕوونی ئەبینی.

ئەگەر سینگی پڕ بکرایە لە قورقوشمی ئاگرین، ڕەنگە کەمتر لەمە هەستی بە ئازار بکردایە. کوڕەی نەگبەت کە بەو شێوەیە تووشی بەدبەختی ببوو، چۆن ئەیتوانی پەی بەو نوکتەیە ببات کە مادمازێل دولامۆل، لە گێڕانەوەی هەوەسە ئەوین ئاساکانی کە ڕۆژانی ڕابوردوو سەبارەت بە مسیۆ دوکەیلۆس یان مسیۆ دولۆز پەیدای کردووە، تا ئەو ڕادەیە چێژ ئەبات!

هیچ زمانێک نەیئەتوانی پەرێشانی و نێگەرانییەکانی ژوولیەن بەیان بکات. بەسەرهاتی دووروودرێژی ئەوینی خەنیمەکان لە هەمان شەقامی درەختانی مسکیدا بە بەرگوێ ئەکەوێ کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر بۆ چوون بۆ هۆدەکەی مادمازێل دولامۆل، لە چاوەڕوانی هاتنی نیوەشەو، لە سووچێکا خۆی حەشار دابوو. لە توانای مرۆڤدا نییە تا ئەو ڕادەیە خۆی لە بەرامبەر تەوژمی ڕۆژەڕەشیدا ڕابگرێ!

ئەم دۆستیە گورچووبڕە، یەک حەفتەی تەواو درێژەی کێشا. ماتیلد هەندێجار خۆی لە هەلی گفتوگۆ نەئەبوێرا و هەندێجاریش وای دەرئەخست کە بۆ قسەکردن لەگەڵی، بۆ دەرفەت ئەگەڕێ. بابەتی ئەم وتووێژانەش کە ئەتوت هەردووکیان بە تامەزرۆیی و چێژێکی دڵتەزێنەوە بۆی ئەچن، چیرۆکی ئەو ئەوین و خۆشەویستییە بوو کە ماتیلد بە خەڵکی تر پەیدای کردبوو! ناوەڕۆکی ئەو نامانەی کە نووسیبووی، بۆ ژوولیەنی ئەگێڕایەوە و تا ئەو ڕادەیە چووە پێشەوە، کە وشەکانی ئەم نامانەی بۆ ئەوتەوە و ڕستەکانی بۆ ئەخوێندەوە. لە ڕۆژانی دواتردا وای دەرئەخست کە بە شادییەکی گەمارەوە ئەڕوانێتە ژوولیەن. ئازارەکانی ژوولیەن بۆ ئەو چێژێکی بێوێنە بوو.

وەک ئەبینین، ژوولیەن هیچ ئەزموونێکی لە ژیاندا نەبوو، تەنانەت ڕۆمانیشی نەخوێندبوویەوە. بەڵام ئەگەر تۆزێک لەمەش بێ ئەزموونتر بوایە، بەم کچەی کە ببوو بە بتی و بەو شێوازە ناوازەیە ڕازەکانی خۆی بۆ ئەگێڕایەوە، زۆر لەسەرخۆ پێی ئەوت: «هەرچەند من لەم بەڕێزانە کەمتر نیم، بەڵام دان بەوەدا بنێن کە گیرۆدەی ئەوینی من بوون!»

ڕەنگە ماتیلد لەوەی کە پەییان بە ڕازەکەی بردووە، شادمان بووبێ، یان لانیکەم سەرکەوتنی ئەم لایەنە بەسترابوو بەو کاتەی

کە ژوولیەن بۆ وتنی ئەم قسەیە هەڵبژاردبێ. هەرچۆنێک بێ، لەو دۆخەی کە وردە وردە لە لای ماتیلد یەک چەشن ئەبوو، ڕزگاری ئەبوو و قازانجێکیشی دەست ئەکەوت.

ژوولیەن کە بە هۆی ئەوین و ئازارەوە خۆی لێ ون ببوو، ڕۆژێک پێی وت:

ــئینجا تۆیەک کە من ئەتپەرستم، ئیتر خۆشت ناوێم!

ئەمە گەورەترین گەوجێتی بوو کە ڕەنگ بوو بیکات!

ئەم قسەیە هەموو ئەو چێژەی کە مادمازێل دولامۆل لە گێڕانەوەی دەردەدڵەکانی ئەیبرد، لە چاوتروکانێکدا فەوتاند. وردە وردە لەوەی کە ژوولیەن پاش ئەو شتانەی کە ڕووی دابوو، لە چیرۆکەکانی نەئەڕەنجا، سەری سووڕمابوو. کاتێکیش کە ئەو قسە بێتامە لە لایەن ژوولیەنەوە وترا، خەریک بوو بگاتە ئەو بۆچوونەی کە ژوولیەن ئیتر ئەوی خۆش ناوێ. بە خۆی وت: «هەستی دفرە، بێگومان، ئاگری ئەوینی ئەوی خامۆش کردووە.» ژوولیەن کە تا ئەو ڕادەیە بە سەرکەوتنی خۆی بەسەر کەیلۆس و دولۆز و کرۆزنۆوادا دڵنیا بوو، پیاوێک نییە بتوانێ بە ڕاشکاوی ئەم کەسانە بەسەریدا زاڵ بکات و کەسێک نییە بە ئاسانی چاو لەو کردەیە بپۆشێ. نەء، ئەو ئیتر خۆی نادا بەسەر پێم دا!

لە ڕۆژانی ڕابوردوو، ژوولیەن لە جەنگەی ئەو خۆشباوەڕیەدا کە لە ناچارییەوە سەرچاوەی ئەگرت، تایبەتمەندییە درەوشاوەکانی ئەم بەڕێزانەی لە ڕوانگەی ڕاستگۆییەوە پەسن ئەدا و سەبارەت بەم ئەدگارانە تا ڕادەی هەڵدان ئەڕۆیشت. ئەم گۆڕانە تۆزێکیش لە چاوی مادمازێل دولامۆل نەشاردرابوویەوە. سەری لەوە سووڕمابوو کە لە هۆکارەکەی تێنەئەگەیشت. گیانی سەرسام گرتووی ژوولیەن لە کاتی پەسنکردنی خەنیمێکدا کە بە خۆشەویستی خۆشەویستەکەی خۆی ئەزانی، تامەزرۆی خۆشبەختی ئەم خەنیمە ئەبوو!

قسەیەک کە بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە دەریبڕی، بەڵام تا ئەو ڕادەیە گەوجانە دەرچووبوو. لە ساتێکدا هەموو شتی بەراوەژوو کرد. ماتیلد کە لە ڕوانگەی ئەوین و هۆگری ئەوەوە دڵنیا بوو، ئەوپەڕی سووکایەتی پێ ڕەوا بینی.

کاتێک کە ئەو قسە کاڵ و کرچە کرا، لەگەڵ ژوولیەن پیاسەیان ئەکرد. لێی جیا بوویەوە و دوا نیگای نوێنەرەوەی سامناکترین سووکایەتی بوو. گەڕایەوە بۆ هۆڵەکە. بە درێژایی ئەو شەوە ئیتر سەیری ژوولیەنی نەکرد. بەیانی ئەو ڕۆژە ئەم هەستی سووکایەتیکردنە هەموو گیانی داگرتبوو. ماوەی حەفتەیەک وەکو گەورەترین دۆستی هاوڕازی خۆی، جووڵابوویەوە و لەم ڕەفتارەی خۆی زۆر چێژی وەرگرتبوو. بەڵام ئیتر باسی ئەو هەژانە نەبوو کە ئەو هەموو خۆشییەی بەدیهێنابوو. دیداری ژوولیەنی زۆر لەبەر دژوار بوو. ئەم هەستە لە دڵی ماتیلددا تا ڕادەی نەفرەت ڕۆیشت. هیچ شتێک نەیئەتوانی ئاستی ئەو هەستی سووکایەتییە، کاتی بینینی ژوولیەن لەبەر چاوی‌دا پیشان بدات.

ژوولیەن لەو ڕووداوانەی کە ماوەی حەفتەی ڕابوردوو لە دڵی ماتیلددا ڕوی دابوو، هیچ تێنەئەگەیشت. بەڵام ئەم هەستی سووکایەتییەی ناسیبوو. بە هۆش و ئاوەزی خۆی، ئەوەندەی توانیبووی، مەگەر بە ڕێکەوت، ئەگینا لەبەردەمی خۆی دەرنەخستبوو و هەرگیز نەیڕوانیبووە ڕوخساریشی.

بەڵام بۆ ئەوەی لە بوون و گفتوگۆ لەگەڵی دوور بکەوێتەوە، ناچار ئازارێکی کوشندەی بەسەر خۆی‌دا سەپاند. وای هەست کرد ئەم کارە زیاتریش ڕۆژی ڕەش ئەکات. بە خۆی ئەوت: «دڵی مرۆڤ لەمە زیاتر توانای خۆڕاگری نییە.» هەموو کاتی خۆی لە پشت پەنجەرەکانی ژوورێک‌دا تێئەپەڕاند. دەڕابەکانی ئەم پەنجەرە بە جوانی بەسترابوون، بەڵام درزێکی هەبوو کە ئەیتوانی تاپۆیەکی

مادمازێل دولامۆل کاتی چوونە ناو باخ بینینی.

کاتێک کە پاش شێو ماتیلدی بینی سەرگەرمی پیاسەکردنە لەگەڵ مسیۆ دوکەیلۆس و مسیۆ دولۆز یان کەسێکی تر، ئەهاتەوە بیری کە ماتیلد، بە قسەی خۆی، بە شێوەیەکی نە زۆر توندوتۆڵ شەیدای بووە، چی بەسەر نەئەهات؟

ژوولیەن ئاگای لە زۆری ئەم بەدبەختییە نەبوو. خەریک بوو یەک بە خۆی بنەڕێنێ. ئەو دڵە کە تا ئەو ڕادەیە سەقامگیر و بەهێز بوو، سەرەنجام هەڵتەکابوو و بەراوەژوو ببوو.

هەر بیرێک کە لەگەڵ مادمازێل دولامۆل نامۆ بوایە، لە لای ئەو نەفرتبار بوو. سادەترین نامەی بۆ نەئەنووسرا.

مارکیز پێی وت:

ــتۆ شێتی!

ژوولیەن کە لە ئاشکرابوونی نهێنییەکەی تۆقابوو و لەرزی لێنیشتبوو، باسی ئەوەی کرد کە نەخۆشە و توانی بیسەلمێنێ کە قسەکەی ڕاستە. خۆشبەختانە، جەنابی دولامۆل لە سەر سفرە دەربارەی سەفەرەکەی ژوولیەن، لەگەڵی کردی بە گاڵتە کردن.

ماتیلد بە وشیاری خۆی تێگەیشت کە ئەم گەشتە ڕەنگە زۆر دووورودرێژ بێ. چەند ڕۆژ بوو کە ژوولیەن خۆی لێ ئەشاردەوە. جەوانە قۆز و ڕازاوەکانیش، ئیتر توانای ئەوەیان نەبوو کە ئەم مرۆڤە ڕەنگ پەڕیوە، خەمگینە و ئەم خۆشەویستەی دوینێی ئەو، لە دەست ئەندێشەکانی ڕزگار بکەن.

بە خۆی ئەوت:

ــکچێکی ئاسایی، بە بێگومان بۆ پیاوی دڵخوازی خۆی لە ناو ئەم جەوانانەدا ئەگەڕا کە لە هەموو کۆڕێک، هەموو چاویان تێبڕیبوو. بەڵام یەکێک لە ئەدگارەکانی هەڵکەوتەیی ئەوەیە، کە ئەندێشەکانی بەو بەستێنەی خەڵکی ئاساییدا نەڕوات.

«ئەگەر بتوانم ببم بە هاوسەری یەکێکی وەکو ژوولیەن، کە جگە لە پارە هەموو شتێکی هەیە، بەردەوام سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆم ڕائەکێشم و لە گۆڕەپانی ژیان‌دا هەموو چاوەکان تێم ئەڕوانن. جگە لەوەی وەکو کچانی مامم، کە لە ترسی جەماوەر ناتوانن عەرەبانەچیەکیش تەمێ بکەن کە خراپ لێئەخوڕێ، شەو و ڕۆژ ترسی شۆڕش لە دڵمدا نابێ. دڵنیا ئەبم کارێک، ئەویش کارێکی مەزن، ئەنجام بدەم. چونکە ئەم پیاوە هەڵبژاردەیەی من، ویست و ئەڤانی هەیە و بەرزەفڕییەکەشی سنووری بۆ نییە. چی کەمە؟ هاوڕێ و پارە؟ من ئەم شتانەی پێئەدەم.» بەڵام ئەندێشەی تا ڕادەیەک ژوولیەنی، بە چاوی ئەو بوونەوەرە سووکە سەیر ئەکرد، کە هەر کات بیەوێ ئەتوانێ بیکات بە گیرۆدەی خۆی.

بەندی XIX

## ئۆپێرای بوف[١٣٥]

ئای، چۆن بەهاری ئەوین لەو ڕۆژە
سەرکەوتووە نادڵنیایەی شەستەباران ئەچێ:
تاوێک هەموو جوانی هەتاو تاو ئەداتەوە و
ساتێکی تر پەڵە هەورێک
هەر هەمووی ڕاپێچ ئەکات؟!
(شکسپییێر)

سەرگەرمی داهاتوو و بە شەو و ڕۆژ لە بیری ئەو کارە مەزنەی ئەبوو بیکات، ماتیلدی گەیاندە ئەو دارەتەی پەشیمان بێ لەو گفتوگۆ ساردوسڕ و پڕ لە نامۆیی و ناڕوونییەی لەگەڵ ژوولیەن کردبووی. لەو ئەندێشەی کە ئەو هەمووە بەرز و بە شکۆ بوو، ماندوو ببوو و هەندێجاریش ئاخی بۆ ئەو ساتە پڕ لە خۆشییانە هەڵئەکێشا کە لەگەڵ ژوولیەن هەیبوو. ئەم بیرەوەرییانەی دوایی هەمیشە ئامێتەی پەشیمانی بوو و هەر ئەم بیرەوەرییانە هەندێجار جاڕسی ئەکرد.

بە خۆی ئەوت: «ئەگەر لاوازیش بم، پلەوپایەی کچێکی وەکو من

---

١٣٥ ـ ئۆپێرای بوف: Opéra des Bouffes لە ئۆپێرا بۆفا Opera buffa ی ئیتالیایی، هەمان ئۆپێرا کۆمیک یان کۆمێدی موزیکاڵە، لە **١٧٣٠**ـەوە لە ناپۆلی و ڤینیزیاوە سەری هەڵدا، بەروە ڕۆما و لە ئورووپا بڵاو بوویەوە و، لە سەردەمی ڕۆمانتسیزمی سەدەی نۆزدە گرنگی خۆی لەدەست دا؛ هەرچەند **لا سێرڤا پادرۆنا** لە نووسینی جیۆڤانی باتیستا پێرگۆلێسی (**١٧١٠ـ١٧٣٦**) تاکوو ئێستاش بە بەردەوامی نمایش دەکرێت و، نموونەیەکی دەگمەن و ناوازەی ئەم شێوازەیە.

ئەوەیە کە ئەرکی خۆم مەگەر لە پێناوی پیاوێکی لێوەشاوەدا لەبیر نەکەم. ئەی ناڵێن شەیدای سمێڵی جوان یان دانیشتنی شاسوارانەی لە سەر ئەسپ بووم! ئەڵێن قسە بە کاکڵەکانی سەبارەت بەو **داهاتووەی لە فەڕانسە چووەتە بۆسەوە** و بۆچوونەکانی دەربارەی لێکچوونی گونجاوی ڕووداوەکانی ئایندەی ئەم وڵاتەی ئێمە و شۆڕشی ١٦٨٨ی ئینگلیزدا، منی کردبێ بە شەیدای ئەو؟» ئەوسا وەڵامی پەشیمانییەکانی خۆی ئەدایەوە: «بەڵێ، من هەڵخەڵەتاوم. ژنێکی لاوازم، بەڵام لانیکەم وەکو بووکەشووشە بە دوای دیاردە ڕواڵەتییەکاندا هەڵنەخڕاوم.»

ئەگەر شۆڕشێک ڕووبدات، ژوولیەن بۆ نابێ کاری ڕۆڵان بکات و من بۆ نابێ کاری خاتوو ڕۆلان ڕاپەڕێنم؟ من ئەم کارەم لە کاری خاتوو دوستایل زیاتر پێخۆشە: بێ ڕەوشتی لە سەدەی ئێمەدا ڕێگرێکە. بێگومان بە تاوانی لاوازییەکی تر لۆمە ناکرێم. لەو کاتەدا لە زۆریی ڕیسوایی کەم ئەبێتەوە.»

ئەبێ بڵێین کە هەموو بیرەکانی ماتیلد، بە ئەندازەی ئەو بیرانەی لەم لاپەڕەیەدا نووسیمان، سەنگین و مەزنانە بوون.

ئەیڕوانییە ژوولیەن و لە کەمترین بزووتنیدا ئەوپەڕی جوانی و کێشەری ئەفسووناوی ئەبینی. بە خۆی ئەوت: «توانیومە بیری کەمترین خۆسەپاندن لە مێشکیدا بمرێنم.»

جگە لەمەش، ئەو کەساسی و هەڵچوونە قووڵەی حەفتەیەک بەر لەمە، کاتی دەربڕینی هەستی خۆی، لە ڕوخساری ئەم مناڵە بێچارەیەدا ئەبینرا، سەلماندنی مسۆگەری ئەم لایەنە بوو. «ئەبێ ئەوەش بلێم کە من خوویەکی سەیرم هەیە کە لە بەرامبەر ئەو قسەدا کە بەوپەڕی ڕێزەوە خۆشەویستی خۆی دەرئەبڕی، هەڵچووم. مەگەر من ژنی ئەو نیم؟ ئەم قسەیە زۆر ئاسایی بوو و نەخوازە زۆر مایەی شادی بوو. من هەمیشە باسی هەوەسی

ئەوین ئامێز، کە بەرەنجامی ئەم ژیانە پڕ لە پەژارەیەی خۆم سەبارەت بە گەنجانی دنیای ئاریستۆکراتی پەیدام کردبوو، لەگەڵ ئەودا ئەدوام کە ئەو هەمووە ئێرەیی بەوان ئەبرد. ئەبێ بڵێم کە بە توندی و بێبەزەیی لەگەڵی ئەدوام. بەڵام ژوولیەن پاش ئەم جۆر ئاخافتنەش هەر خۆشی ویستم. ئاخ، خۆزگە ئەیزانی مەترسی ئەوانە لە سەر من چەندە کەمە و بە بەراورد لەگەڵ ئەودا چەندە بێڕەنگ و کەساسن و هەر هەموویان وێنەی یەکن!»

ماتیلد لە کاتی ئەم ئەندێشانەدا، بە بێ پلان و بە بێ ئامانج، خەریکی کێشانی هێڵکارییەک بوو لە سەر پەڕاوەکەی. یەکێک لەو نیوڕوخانەی تەواوی کردبوو، بووە هۆی سەرسووڕمانی خۆیشی! دڵی ڕفاند. ئەم وێنەیە بە شێوەیەکی سەیر لە ژوولیەن ئەچوو. بە شەوقەوە هاواری کرد: «ئەمە سرووشی ئاسمانییە! ئەمە پەرجوی ئەوینە، بە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، وێنەی ئەوم کێشاوە!»

هەڵات بۆ ژوورەکەی خۆی. دەرگای لە سەر خۆی داخست. زۆر ورد بوویەوە، زۆر هەوڵیدا، وێنەیەکی ژوولیەن بکێشێ، کە نەیتوانی و نەیتوانی! ئەو نیوڕوخە هێڵکارییەی هەڕەمەکی لە سەر کاغەزەکە کێشرابوو، دیسانەوەش لە هەموو وێنەیەکی تر زیاتر لە ژوولیەن ئەچوو. ئەوەندە داهێزا، ئەفسوون هەڵیگرت و ئەم نیشانەیەی بە سۆنگەی ئاشکرای بوونی ئەوین زانی.

تا شەو درەنگان کە مارکیز بۆ ڕۆیشتن بۆ ئۆپێرای ئیتالی، کەسێکی نارد بە شوێنیدا، دەستبەرداری پەڕاوەکەی نەبوو. تەنها ئەندێشەیەک لە سەری دابوو، ئەمە بوو چاوی بە ژوولیەن بکەوێ و لە ڕێگەی دایکیەوە داوای لێبکەن لەگەڵیان بچێ بۆ ئۆپێرا!

ژوولیەن دەرنەوکەت. ئەم خاتوونانەش جگە لە مرۆڤی ئاسایی کەسیان لە لۆژەکەی خۆیان نەبینی. لە سەرەتاوە تا کۆتایی پەردەی یەکەمی ئۆپێرا، ماتیلد بیری لە پیاوێک ئەکردەوە

کە بە هۆگری و هەژانی ئاگراویترین ئەوینەوە خۆشی ئەویٚ، بەڵام لە پەردەی دووەم، باسی ئەوین، کە ئەبێ بوتری بە دەنگی ئاوازەی جیمارۆزا خوێنرا، بەڕاستی تا ناخی دڵ کاریگەر بوو. ژنە ئەکتەری شانۆگەرییەکە ئەیوت:

من ئەبێ بە تاوانی زێدەڕەوی لە پەرەستنیدا سزا بدرێم،
زیاد لە پێویست خۆشم ئەویٚ!

لەو ساتەوە کە ماتیلد ئەم کانتالێنایەی بیست، هەرچی لە دنیادا هەبوو لەبەر چاوی ون بوو. قسەیان لەگەڵ ئەکرد، وەڵامی نەئەدایەوە. دایکی لێی تووڕە بوو، بەڵام بە دژواری خۆی بۆ ڕائەگیرا سەیری دایکی بکات. گەشکەی گەیشتە ڕادەیەک لە ئەوین و هەڵچوون، کە شیاوی بەراوردکردن لەگەڵ ئەو هەڵچوونانە بوو کە ژوولیەن لە چەند ڕۆژی ڕابوردوو و لە پێناوی ئەودا چەشتبووی. ئاوازی کانتالێنای ناسک و ئاسمانی ئەو هۆنراوەی ئەوینەی، کە ئەتوت لەگەڵ بار و دارەتی ئەو بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر ئەگونجێ، هەموو ئەو ساتانەی پڕ ئەکردەوە کە لە بیری ژوولیەندا نەبوو. ماتیلد لە سایەی ئەوین و تامەزرۆیی بۆ مووزیک، دارەتێکی بەسەر هات، کە خاتوو دورێنال بە یادی ژوولیەن هەمیشە تووشی ئەبوو. ئەوینێک کە لە مێشکدا بەدی هاتبێ، بێ بێنە و بەرە لە ئەوینی ڕاستەقینە هۆشمەندترە. بەڵام جۆش و هەڵچوونی لە چەند ساتێک تێپەڕ ناکات. ئەم ئەوینە خۆی باش ئەناسێ، سات بە سات زیاتر ڕەخنە لە خۆی ئەگرێ. ئەیەوێ ئاوەز بە لاڕێدا بەرێ، چونکە خۆی لە سەر بناغەی ئاوەز دامەزراوە.

کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، ماتیلد کە ئەیتوانی هەر بیانوویەک بۆ دایکی بهێنێتەوە: یاوی کرد بە بیانوو و ماوەیەک لە شەوی، بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو کانتالێنایە لەگەڵ پیانۆکە خۆی خەریک کرد. هۆنراوەکانی ئەو سroودە بەناوبانگەی دڵی ڕفاندبوو، ئەیخوێند:

ئەگەر لەوە زیاتر خۆشم بویستایە،
خۆم سزا ئەدا، خۆم سزا ئەدا...
بەرەنجامی ئەم شەوە شێتە ئەوە بوو، کە پێی وا بوو بەسەر ئەوینی خۆیدا زالّ بووە.

(ئەم لاپەڕەیە لە چەندین لاوە زیانی بۆ نووسەری بێبەختی ئەم پەرتووکە هەیە. هەندێ کەسی سارد تۆمەتی ئەوەی لێ ئەدەن کە لە ڕێگەی ئەدەب دوور کەوتۆتەوە. گریمان گیانی یەکێک لەو کیژانەی کە مۆمی کۆڕ و کۆمەلّانی پاریسن، ئامادەیی ئەو هەلّچوون و داچوونەی هەبووبێ کە گیانی ماتیلد بەرەو خراپە و لادان ئەبات، نووسەر هیچ مەبەستی سووکایەتیکردن بەم کیژە شۆخانە نییە. ئەم قارەمانەی ناو چیرۆکەکە بە تەواوەتی زادەی ئەندێشەی نووسەرن. تەنانەت ئەندێشەی نووسەر ئەوی جیاواز لەو کەسایەتییانە دروستکردووە کە لە کۆمەلّگەی ئێمەدا هەیە و لە بەراوردی هەموو سەردەمەکاندا پلەیەکی زۆر شایان بە ژیاری سەدەی نۆزدە ئەدا.

بە دلّنیایی ئەو کچانەی کە گولّالّەی کۆڕی سەمای ئەم زستانە بوون، ناتوانرێ بە گێل و بێ تێبینی و پارێز دابنرێن.

پێشم وا نییە تۆمەتی ئەوەیان لێبدرێ کە بە چاوی سووک سەیری سامانی زۆر و ئەسپ و زەویوزاری جوان و ئەو شتانە ئەکەن کە پلەیەکی لەبار بۆ خانەدانەکان بەدی ئەهێنێ. جگە لەوەش ئەم شتانە تۆزێکیش نابنە هۆی پەژارە. بە کورتییەکەی ئەم بابەتە سەقامگیرترین ویست و ئارەزووەکانی ئەمانەیە و ئەگەر ئەوینێکیش لە دلّدا هەبێ، هەر بۆ ئەم شتانەیە.

بۆ ئەو گەنجانەی کە وەکو ژوولیەن بەهرە و توانایەکیان

هەیە، ئەوینیش ناتوانێ سامانیان بۆ بەدی بهێنێ. ئەمانە بە حەزێکی بێوچانەوە خۆیان ئەبەستن بە دەستەیەکەوە و کاتێک کە دەستە سامانێکی دەسکەوت، هەموو ڕێژەنێکی کۆمەڵایەتی بە سەریاندا دائەبارێ. جا وەی لەوەی کە ئەندامی هیچ دەستەیەک نەبووبن! تەنانەت سەرکەوتنە بچووک و کورتخایەنەکانیش ئەبێتە هۆی ڕەخنەگرتن لێی و ئەوانەی کە پاکیزەترن لە ڕێگەی دزینی داراییەکەوە، بەسەریدا زاڵ ئەبن. بەڵێ، مسیۆ! ڕۆمان ئاوێنەیەکە لە سەر ڕێگەیەک ئەکەوێتە ڕێ. هەندێجار ڕەنگی پیرۆزەییە وەک ئاسمان و هەندێجاریش قوڕی زەلکاوەکانی ڕێگەتان پێ پیشان ئەدا و تۆ تۆمەت لە کەسێک ئەدەی ئاوێنەکەی لە ناو سەبەتەدا گرتووە بە کۆڵەوە و بە جنێوفرۆش ناوی ئەبەی. ئاوێنەکەی ئەو قوڕاوە پیشان ئەدا و تۆ ئاوێنەکە بە تاوانبار ئەزانی. لە کاتێکا باشتر وایە **ڕەخنە لەو جادەیە بگری کە قوڕ و چڵپاوە و لەوەش زیاتر ڕەخنە لەو پشکنەرە بگری، بەری بە کۆبونەوەی ئاو و گەنینی ئاو و دروستبوونی زەلکاو نەگرتووە!**

ئێستە کە چەمک و چۆنێتی ئاشکرا بوو، بوونی کاراکترێک وەک کەسایەتی ماتیلد لە سەدەی پارێزگاری ئێمەدا کارێکی نەگونجاوە. جا بۆیە ئیتر لەوە ناترسم گێڕانەوەی دێوانەسەری کچە لە درێژەی چیرۆکەکەدا ببێتە هۆی دڵێشان(!)

سەرانسەری بەیانی ئەو ڕۆژە، بۆ دەرفەتێک ئەگەڕا تا لە زاڵبوونی خۆی بەسەر ئەوینە دێوانەئاساکەیدا دڵنیا ببێ. ئامانجی گەورەی ئەوە بوو کە لە هەموو ڕوویەکەوە لە چاوی ژوولیەندا ناپەسەند بێ، بەڵام هیچ ڕەفتارێکی ئەو لە چاوی ژوولیەن ون نەبوو.

ژوولیەن زۆر کەساس بوو و لە سەرووی ئەوانەشەوە ئەوەندە شڵەژابوو کە نەیتوانی پەی بەو فێڵە فێڵاوییەی ئەوین ببات؛ چ بگات بەوەی کە ئاگای لەو هۆکارە بێ، ئەم فێڵە بە قازانجی بوو. بوو، بە چەشەی ئەو فێڵە. ڕەنگە هەرگیز بەدبەختییەکەی تا ئەو ڕادەیە پەرەی نەسەندبوو. کارەکانی ئەوەندە لە دەسەڵاتی ئاوەز و ژیری بەدەر بوو کە ئەگەر فەیلەسوفێکی ڕۆژەڕەش پێی بوتایە: «ئەم هەلەی کە ئێستە بە قازانجی تۆیە، بە پەلە بقۆزەوە. ئەم جۆرە ئەوینە پاریسییانەی لە سەر بناغەی ئەندێشە دانراوە، لە دوو ڕۆژ زیاتر لە دارەتێکدا بڕناکات.» لە مەبەستی ئەم فەیلەسوفە تێ نەئەگەیشت. بەڵام ژوولیەن هەرچەند تووشی هەژانیش بووبێ، پابەندی ویژدانی خۆی بوو. یەکەم ئەرکی ڕازداری بوو. لەم لایەنە تێگەیشت. ڕاوێژکردن و داوای ئامۆژگاری و ئەشکەنجەی دڵ و دەروون بۆ هەر کەس و ناکەسێک گێڕانەوە، بێگومان شتێکی باش بوو و ئەو بەختەوەرییە بۆ ئەوە باش بوو لەگەڵ بەختیاری مرۆڤێکی چارەڕەش بەراوردی بکەی، کە کاتی تێپەڕین بە بیابانێکی گەرمدا، دڵۆپێک ئاوی سارد لە ئاسمانەوە بباری بەسەریدا. مەترسی ناسی و لەوە ترسا نەکا وەڵامی پرسیاری یەکێکی هەڵەشە بە لێزمەی فرمێسک بداتەوە. دەرگای لە سەر خۆی داخست.

ماتیلدی بینی کە ناو باخ پیاسە ئەکا. ئەم پیاسەکردنە ماوەیەکی پێچوو. سەرەنجام پاش ئەوەی ماتیلد ڕۆیشت، چوو بۆ ناو باخ و بۆ لای ئەو دارەی کە ماتیلد گوڵی لێ چنیبوو.

شەوێکی نووتەک بوو. بە بێ ئەوەی لەوە بترسێ ئەیبینن، چووە ناو بیرەوە. وەک ڕۆژ لێی ڕوون بوو کە مادمازێل دولامۆل دڵی داوە بە یەکێک لەو ئەفسەرە گەنجانەی تا کاتژمێرێک لەمەوبەر بە شادمانی لەگەڵیان ئەدوا. ماتیلد ئەویشی خۆشویستبوو، بەڵا لە

کەمی لێهاتوویی ئەو تێگەیشتبوو.

ژوولیەن بە بڕوای تەواوەوە بە خۆی ئەوت: «ڕاستەکەی لێوەشاوە نیم، تەنانەت مرۆڤێکی ساردوسڕ و ئاساییم کە خەڵکی لێم بێتاقەت ئەبن و خۆم ملۆزمی خۆیشمم.» ڕقێکی بە ئەندازەی لەو هەموو تایبەتمەندییە چاکە و لە هەموو ئەو شتانە ئەبوویەوە کە بە تامەزرۆییەوە خۆشی ویستبوو. لەو قۆناغی بیرکردنەوەی ئاڵۆز و بەراوەژوو، بە یارمەتی ئەندێشەی خۆی ژیانی هەڵئەسەنگاند. ئەو هەڵەیە، هەمان ئەو نیشانەیە کە مۆرکی بە هەموو کەسایەتییەکی بەرزەوە ئەبینرێ.

چەندین جار دای لە سەری، خۆی بکوژێ. ئەم بۆچوونە، تەژی خۆشی و کێشەر بوو. وەک پشوویەکی خۆش وا بوو. قاپێک سەهۆڵاو بوو لە بیابان‌دا بۆ ڕەبەنێک کە لە تینوێتی و گەرمادا، خەریک بوو بمرێ.

هاواری کرد: «خۆکوشتن وای لێ ئەکا دووجار زیاتر بە سووک سەیرم بکات! چ بیرەوەرییەک لە خۆم جێ ئەهێڵم!»

کاتێک کە مرۆڤێک ئەگاتە ئەم دوایین هەڵدیرەی ڕۆژەڕەشی، هیچ کەرەسەیەک مەگەر جەربەزە ڕزگاری بکات! ژوولیەن ئەوەندە ئەقڵی پێنەشکا بە خۆی بڵێ: «ئەبێ جەربەزەم هەبێ.» بەڵام لەو کاتەدا کە ئەیڕوانییە پەنجەرەی ژوورەکەی ماتیلد، لە درزەکانی دەڕابە تۆڕەکەوە بینی خەریکی کوژانەوەی چراکەیەتی. ژوولیەن ئەم ژووری خەوە دڵڕفێنەی، کە بە داخەوە تەنها یەکجار بینیبووی، ئەهێنایە پێش چاوی... بیری لەوە زیاتر بڕی نەئەکرد.

زەنگی یەکی پاش نیوەشەو لێدرا. بیستنی ئەو زەنگە و وتنی: «ئەمەوێ بە پەیژە سەرکەوم» ساتێکی نەبرد.

تروسکەی بلیمەت[١٣٦]، بەڵگەی لەباری بە دوای خۆی‌دا هێنا.

---

١٣٦ـ ترووسکەی بلیمەت: flash of genius بەو چرکەساتە ئەوتری ئەیدا لە مێشکی یەکێکی




بە خۆی ئەوت: «مەگەر بەدبەختی لەمە خراپتریش هەیە؟» چوو بۆ لای پەیژەکە. باخەوان بە زنجیر بەستبووی. ژوولیەن کە لەو ساتەدا هێزێکی بە هێزتری لە وزەی مرۆیی پەیدا کردبوو، بە یارمەتی چەکوشی یەکێک لە دەمانچەکانی، کە بەدەستییەوە بوو، یەکێک لە ئاڵقەکانی زنجیرەکەی هەڵپچڕاند، لە ماوەی چەند خولەکدا پەیژەی ئازاد کرد و نای بە پەنجەرەی ژوورەکەی ماتیلدەوە.

«تووڕە ئەبێ؟ قسەم پێ ئەڵێ؟ دەیجا چییە؟ ماچێکی ئەکەم... دواین ماچ و ئەڕۆمەوە و خۆم ئەکوژم! بلا لێوەکانم بەر لە مردن لە گۆنای ئەو کەوتبێ!»

کاتی سەرکەوتن لە پەیژەکە باڵی گرتبوویەوە. ئەیدا لە پەنجەرە. پاش چەند ساتێک ماتیلد ئەبیسێ. ئەیەوێ پەنجەرە بکاتەوە، پەیژەکە ڕێی پێگرتووە. ژوولیەن دەست ئەگرێ بە قولاپێکی ئاسنەوە کە بۆ ڕاگرتنی پەنجەرەکە بەکار دێ. لە نێوان هەزار مەترسی هەڵدان‌دا پەیژەکە ئەجووڵێنێ و تۆزێ لە شوێنی خۆی دووری ئەخاتەوە. ماتیلد ئەتوانێ پەنجەرەکە بکاتەوە.

ژوولیەن کە گیان لە لەشی‌دا نەماوە، ئەچێتە ناو ژووەکە. ماتیلد بە پەلە خۆی هەڵئەداتە باوەشی و ئەڵێ:

ــکە وا بوو ئەمە تۆی؟

کامە وشە ئەتوانێ ڕادەی بەختەوەری ژوولیەن بەیان بکات؟ بەختەوەری ماتیلدیش لە هی ژوولیەن کەمتر نەبوو.

دژی خۆی دوا. نهێنییەکانی ناو دڵی درکاند.

وەهای لە ئامێزی‌دا ئەگوشی خەریک بوو ئێسکەکانی بشکێنێ

---

بلیمەت و هەڵکەوتوو و داهێنانێک ڕووئەدا. تا ئەمرۆش لە بواری زانست‌دا ئەوانەی کە داهێنانێک ئەکەن و ئەیانەوێ پانتی بکەن بە ناوی خۆیانەوە، ئەبێ تررووسکەی بلیمەت بسەلمێنن. ☜ فیلمی تررووسکەی بلیمەت.

و ئەیوت:

ــبە تاوانی دفرەی تاوانبارم سزام بدە. تۆ خوداوەندی منی. من کۆیلەی تۆم. ئەگەر هات و لێت یاخۆی بووم، ئەکەومە سەر چۆک و داوای بەخشین ئەکەم.

لە ئامێزی ئەکردەوە و ئەکەوت بەسەر قاچەکانی‌دا و لەو کاتەدا کە هێشتا لە چێژی بەختەوەری و ئەوین مەست و سەرخۆش بوو، پێی ئەوت، تۆ خاوەن دەسەڵاتی منی. تا ئەو ڕۆژەی چەرخ ئەگەڕێ فەرمانڕەوامی، ئەم خوڵامەی خۆت هەرکات یاخی بوو، بە بێ بەزەیی سزای بدە.

ساتێکی تر لە ئامێزی دەهاتە دەرەوە و مۆمەکەی دائەگیرساند. ژوولیەن بۆ ئەوەی نەهێڵی لایەکی ئەگریجەی ببڕێ، زۆر لەگەڵی خەریک ئەبوو.

ماتیلد پێی وت:

ــئەمەوێ لەبیرم بێ کە کەنیزی تۆم. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دفرەیەکی نەفرەت لێکراو هەڵیخڕاندم، ئەم ئەگریجەم پیشان بدە و پێم بڵێ: «ئیتر پرسی خۆشەویستی نییە. بابەتی ئەو خۆشەویستییە نییە کە ئێستە ڕەنگە لە ناخی تۆدا شەپۆل ئەدا. تۆ سوێندت خواردووە، بە گوێرەی بەڵێنت ئەبێ ملکەچ بی!»

بەڵام باشتر ئەوەیە باسی ئەو خۆشییە شێتانەیە کە تا ئەم ڕادەیە توندتیژە، لابەرین.

جوامێری ژوولیەن لە ئاستی بەختەوەری‌دا بوو. کاتێک کە دەرکەوتنی کازیوەی لەوپەڕی باخ و بە دووکەڵکێشـەکانی ئاسـۆی دووری ڕۆژهەڵات‌دا بینی، بە ماتیلدی وت: «ئەبێ لە پەیژەکەوە بچمە خوارەوە. ئەو خۆبەختکردنەی پێی هەڵئەسم، شیاوی گیانی تۆیە. لە چەند کاتژمێر خۆشیی کە مەزنترین خۆشی گیانی مرۆڤە، چاوپۆشی ئەکەم و ئەویش لە پێناوی پاراستنی ئابڕووی تۆدا؛

ئەگەر دڵی منت ناسیبێ، ئەزانی کە من چ هەوسارێک لە هەستی خوم ئەدەم! پێم بڵێ بزانم، ئایە هەمیشە لەگەڵم بەو جۆرە ئەبی کە ئێستا هەی، یان ئەگۆڕێی؟ بەڵام بەڵێنت پێداوم بە ویژدانت و ئەمەم بەسە... ئەمە بزانە کە لە یەکەم دیدارمانەوە، گومان تەنها لە دز نەکراوە. جەنابی دولامۆل کێشکی لە ناو باخ داناوە. مارکیز دو کرۆزنۆوا کۆمەڵێک سیخوڕ دەوریان گرتووە. ئەزانن هەموو شەو چی ئەکات.

ماتیلد لەم بۆچوونە پێکەنینی هات. دایکی و خزمەتکارێک لە خەو ڕابوون. لەپڕ لە پشت دەرگاوە لەگەڵی دوان. ژوولیەن سەیری کرد. ماتیلد کە لە خزمەتکار توورە ببوو، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما و لەگەڵ دایکی نەدوا.

ژوولیەن وتی:

ــئەگەر بیانەوێ پەنجەرە بکەنەوە، پەیژەکە ئەبینن!

جارێکی تر لە باوەشی گرت و بەرەو پەیژەکە چوو و لەبری ئەوەی بە پەیژەدا بچێتە خوارەوە، باشتر وایە بڵێین بە پەیژەدا خزایە خوارەوە و لە چاوترووکانێکدا پێی گەیشتە سەر عەرز.

سێ چرکە پاشتر، پەیژە لە بن داری مسکی بوو. ئابڕووی ماتیلد پارێزرابوو. ژوولیەن کە ڕوانییە خۆی، خڵتانی خوێن و نیوە ڕووت بوو. کاتێک کە بە بێ گوێدان بە پەیژەکەدا خزابوویە خوارە، بریندار ببوو.

زۆری شادمانی هەموو هێز و وزەی دەروونی پێدابوویەوە. ئەگەر بیست کەس بۆی بهاتایەن، شاڵاو بردن بۆ هەر هەموویان خۆشییەکی تر ئەبوو. خۆشبەختانە توانای سەربازی تاقی نەکرایەوە. پەیژەی لە شوێنی خۆی دانایەوە. زنجیرەکەی لێ بەستەوە و شوێنەواری ناو گوڵەکانی بن پەنجەرەکەی لە بیر نەکرد. کاتێک کە بۆ دڵنیا بوون لە نەمانی شوێنەواری بن پەنجەرەکە لە تاریکیدا

دەستی بەسەر عەرزی نەرمدا ئەگەڕان، شتێک بەر دەستی کەوت. ماتیلد لایەکی ئەگریجەی بڕیبوو و بۆی هەڵدابوو!

لە بەر لێواری پەنجەرەکە بوو.

بە دەنگی بەرز وتی:

ـبزا کەنیزەکەت چی بۆ ناردوویت؟ ئەم دیارییە نیشانەی ملکەچی هەمیشەییە. من ژیری خۆم و ئاوەزی خۆم ژێر پێ ئەخەم ئەی خودانی خاوەن دەسەڵاتم.

ژوولیەن، بەزیو و تەزیو، لێبڕا پەیژەکە دابنێتەوە و سەرکەوێتەوە بۆ لای ماتیلد. بەڵام ئاوەز تواناتر بوو.

لە باخەوە چوونە ژوورەوە دژوار نەبوو. دەرگای داڵانێکی ژێرزەمینی لە گرێجەنە دەرهێنا و ناچار بوو دەرگای ژوورەکەی خۆیشی بە بێدەنگ لە گرێجەنە دەربهێنێ. لە جەنگەی شپرزەیی‌دا، تەنانەت کلیلەکەی گیرفانیشی لەو ژوورە تەنگەبەرەی تۆزێک بەر لەمە بەجێ هێشتبوو. بیری کردەوە: «هیوادارم ئەو لە بیری بێ، هەموو ئامێرەکانی تاوانکردن بشارێتەوە!»

سەرەنجام ماندوێتی بەسەر بەختیاری‌دا زاڵ بوو و کاتێک کە خۆر تیشکی هاویشت، خەوێکی قووڵ بردییەوە.

زەنگی نیوەڕۆ، بە زۆر هەڵیساند. چوو بۆ هۆڵی نانخواردن و پاش ماوەیەک ماتیلدیش هات. دفرەی ژوولیەن لە بینینی ئەو ئەوینەی لە چاوانی ئەو خوداوەندی جوانییەوە بەو هەموو ڕێز و نەوازشەوە تێی ئەڕوانێ، لێی خۆشتر نەبوو. بەڵام شەرم و ئابڕوو هەر زوو ترساندی.

ماتیلد، لەبەر ئەوەی دەرفەتی قژ داهێنانی زۆر کەم بوو، ئەگریجەکەی کە دوێشەو لەبەر ژوولیەن بڕیبووی، وەها داهێنابوو کە ژوولیەن بە یەک نیگا بتوانێ مەزنی ئەم فیداکارییە بە تێکڕا ببینێ. ئەگەر بلوایە ڕوخسارێکی بەو جوانییە بشێوێنرایە، بێگومان

ماتیلد لەو کارەدا سەرکەوتوو ئەبوو. لایەکی ئەو قژە جوانە زێڕین مێشییەی وەها بڕیبوو، کە بەندی پەنجەیەک زیاتری لێ نەمابوویەوە.

کاتی نانخواردن، هەموو ڕەفتاری ماتیلد لەگەڵ ئەم یەکەم کردەوە شێتانەیەی ڕێک کەوت. ئەتوت بە ئەرکی خۆی ئەزانێ هەمووان لە ئەوینی شێتانەی خۆی بۆ ژوولیەن تێبگەیەنێ. خۆشبەختانە، ئەو ڕۆژە جەنابی دولامۆل و مارکیز بە زۆری بە خەڵاتکردنی حەمبەلی شین، بە کۆمەڵێک کەسانەوە خەریک بوو کە ناوی مسیۆ دوشۆنی تیا نەهاتبوو. پاش نانخواردن ماتیلد خەریکی قسەکردن لەگەڵ ژوولیەن بوو، بە ڕێکەوت بە «ئەزبەنی» بانگی کرد و ژوولیەن تا سپێنەی چاوەکانی سوور بوویەوە!

ئەو ڕۆژە خاتوو دولامۆل بە ئەنقەست یان بە ڕێکەوت، بۆ ساتێکش ماتیلدی بەجێ نەهێشت. سەرەڕای ئەمەش شەو، کاتی ڕۆیشتن لە هۆڵی نانخواردن بۆ هۆڵی دانیشتن، دەرفەتی دەستکەوت کە بە ژوولیەن بڵێ:

ــڕەنگە وابزنی ئەوە منم کە بیانوو ئەهێنمەوە، بەڵام دایکم بڕیاری داوە شەو یەکێک لە خزمەتکارەکانی لە ژوورەکەی من بخەوێ!

ئەو ڕۆژە وەک برووسکە تێپەڕی. ژوولیەن لەوپەڕی بەختەوەری‌دا بوو. بەیانی ئەو ڕۆژە، لە حەوتی بەیانییەوە، لە پەرتووکخانە بوو. هیوای وا بوو مادمازێل دولامۆل دڵی بۆی ببزوێ و لە پەرتووکخانە دەرکەوێ. نامەیەکی بێکۆتایی بۆ نووسیبوو.

چەندین کاتژمێر لە پاش ئەوە و تا نانی نیوەڕۆ نەیبینی. ئەو ڕۆژە، ماتیلد گەورەترین هەوڵی دابو بۆ ڕازاندنەوەی کەزی. هونەرێکی ئەفسوناوی بەکار برابوو بۆ شاردنەوەی شوێنی ئەگریجەی بڕاو. یەک دوو جار سەیری ژوولیەنی کرد، بەڵام ئیتر

نه بەو پێودانگەی بانگی بکات «ئەزبەنی».

ژوولیەن ئەوەندە سەرسام ببوو، هەناسەی توند ببوو. ماتیلد، وا دیار بوو ئەوەی کردبووی لێی پەشیمان بوو!

ئەنجامی بیرکردنەوەی تەواو، گەیشتە ئەوەی کە ئەم جەوانە بوونەوەرێکە ئەگەر بە تەواوەتی بێکارە نەبێ، لانیکەم ئەو ڕەسەنی و لێوەشاوەییەی نییە، کە مرۆڤ بۆی شێت ببێ. هەرچونێک بێ، ماتیلد پنداری ئەوینی لەسەردا نەبوو. ئەو ڕۆژە لە ئەوین ماندوو ببوو!

بەڵام دەربارەی ژوولیەن، ئەبێ بڵێین هەڵچوونی دڵی وەک هەژانی دڵی مێرمنداڵێکی شانزە ساڵان بوو. کاتی ئەم نیوەڕۆیە کە بێکۆتایی بوو، گومانی ترسناک و سەرسووڕمان و نائومێدی یەکە یەکە و بە جیا جیا پەلاماری مێشکیان ئەدا. لەو کاتەدا کە توانی بە شێوەیەکی لەبار و گونجاو لە سەر سفرەکە هەڵسێ، ڕووی کردە گەوڕ. بەڵام لەبری هەڵات هەڵات، باشترە بوترێ بە فڕین چوو بۆ گەوڕ. بە دەستی خۆی ئەسپی زین کرد و بە چوارناڵە دایە غار. لەوە ئەترسا نەکا بە هۆی لاوازییەکەوە ئابڕووی خۆی ببات و ئەوسا کە لە جەنگەڵەکانی «مێدون»دا ئەسپی تاو ئەدا، بە خۆی ئەوت: «ئەبێ دڵم بە گۆشاری ماندوێتی لەش بکوژم. چیم کرد و چیم وت کە شیاوی ئەو غەزرینە بم. وەک گیانم مردووە ئەبێ جەستەشم مردبێ. ژوولیەن ئیتر زیندوو نییە، ئەوە جەستەیەتی کەوا ئەجووڵێ.»

# گوڵدانی ژاپۆنی

دڵی یەکەم جار لە زەبەلاحی بەدبەختییەکەی تێنەئەگەیشت:
زیاتر پەژارەی هەبوو، تاکوو هەڵچووبێ. بەڵام کە ورده ورده
ئاوەزی ئەگەڕێتەوە، پەی بە قووڵیی
بەدبەختییەکەی خۆی ئەبا. گشت خۆشی ژیان لە
لای ئەو هیچە، جگە لە چزووی نائومێدەی کە دڵی پارە پارە
ئەکا، ئاگای لە هیچی تر نییە. بەڵام باس لە
ئازاری جەســــتە سوودەی چییە؟
کام ئازاری جەستەیە لەگەڵ ئەم دەردە بەراورد بکرێ؟!
(ژان پاوڵ)

زەنگی شێو دەنگی دایەوە. ژوولیەن جگە لە جل لەبەرکردن دەرفەتی هیچی تری نەبوو. ماتیلدی لە هۆڵەکە بینی کە جەخت لە براکەی و مارکیز دو کرۆزنۆوا ئەکات، کە ئەو شەوە نەچن بۆ ماڵی خاتوو لامارشاڵ دوفرواک لە سورێن.

دژوار بوو لە بەردەمیان‌دا لەوە بەنازتر و شۆختر بێ. پاش نانی شێوان، مسیۆ دولۆز و مسیۆ دوکەیلۆس و چەند کەس لە هەڤالانیان پەیدا بوون. ئەتوت مادمازێل دولامۆل شان بە شانی دڵسۆزی خوشکانە، داب و ئاینی سەلاری دەسپێکردبوویەوە. هەرچەند ئەو شەوە هەوا دڵگر بوو، ماتیلد هەر ئەیوت با نەچن بۆ باخ. ویستی لەو کورسییەی خاتوو دولامۆل لە سەری دانیشتبوو، دوور نەکەونەوە. کورسی شین وەکو وەرزی زستان ببوو بە

ڕووگەی دەستە.

ماتیلد لە باخ داخ لەدڵ بوو. یان لانیکەم بە مایەی پەژارەی ئەزانی. باخ و بیرەوەری ژوولیەن لێک ئالآبوون.

بەدبەختی ئەبێتە هۆی لاوازبوونی توانای لێکدانەوە. قارەمانەکەمان خاوی نواند و لای ئەو کورسییە حەسیرەوە وەستا کە لە سەردەمی ڕابوردوودا شایەتی ئەو سەرکەوتنە پرشنگدارە بوو. ئەمڕۆ هیچکەس لەگەڵی نەدوا. بوونی ئەتوت وەک نەبوونە و لەوەش خراپتر. ژمارەیەک لە دۆستانی مادمازێل دولامۆل کە لەو سەری قەنەفەکە لای ئەوەوە بوون، وا پێئەچوو پشتیان تێکردبێ؛ یان لانیکەم ژوولیەن وای زانی.

وای دانا: «ئەم بارە ئەبێ وەک تووشبوون بە غەزەبی دەربار ناوببرێ.» هەوڵیدا تاوێک لەو کەسانە بکۆڵێتەوە کە ئەیانەوێ سووکایەتی پێبکەن!

مامی مسیۆ دولۆز پلەیەکی گرنگی لە دەرباری شا هەبوو و ئەنجامەکەشی ئەوە بوو، کە ئەم ئەفسەرە جەوانە لە بەرامبەر هەر کەسێکدا کە ئەهاتە بەرەوە، ئەم بابەتە سەیر و سەرنجڕاکێشەی لە سەرەتای قسەکانیدا پێ ئەوت: «کە مامی کاتژمێر حەوتی بەیانی بەرەو سەن کلود[١٣٧] کەوتۆتە ڕێ، بەو هیوایەی شەو لە سەن کلود بمێنێتەوە.» ئەم هەواڵە وەکو هەواڵێکی ئاسایی و بە ڕێکەوت ئەوترا، بەڵام هەموو جارێک و بە بێ لەبیر کردن ئەوترا.

ژوولیەن کە لە ئەنجامی بەدبەختی خۆیدا، خێسەی لە مارکیز دو کرۆزنۆوا ئەکرد، بینی کە ئەم گەنجە ڕووخۆش و زمانشیرینە تا چ ڕادەیەک سەرقاڵی هۆکارە شاراوەکانە. مارکیز دو کرۆزنۆوا بەو ئەندازەیە لە سەر ئەمە سوور بوو کە ئەگەر ڕووداوێکی تا

---

١٣٧ـ سەن کلود: Saint_Cloud کۆشکێکە لە ڕۆژهەڵاتی پاریس، شوێنی دانیشتنی لویی هەژدەهەم و شارڵی دەهەم، لە شۆڕشی ١٨٧١ ئاگر درا.

ڕادەیەک گرنگ، بە هۆی هۆکارێکی سادە و سروشتی بزانرایە، تووڕە ئەبوو و خەفەتی پێ ئەخوارد. ژوولیەن بە خۆی وت: «ئەم شتانە نیشانەی شێتییە. لە نێوان ئەم کابرایە و خووی سزار ئەکساندڕدا[١٣٨]، وەک لە شازادە کۆڕازۆفم بیستووە، پەیوەندییەکی زۆر ئاشکرا هەیە.» ژوولیەنی هەژار کە تازە لە فێرگەی ئاینی هاتبوویە دەرەوە، ساڵی یەکەمی ژیانی لە پاریس، ناسکی و ڕازاوەیی ئەم گەنجە دڵڕفێنانەی ئەوەندە لەلا تازە بوو، کە چاوی گرتبوو و جگە لە پەسن و پیاهەڵگوتن کارێکی تری پێنەکرابوو. بەڵام گیانی ڕاستەقینەی ئەم کەسانە وردە وردە خۆیان دەرئەخست.

لەپڕ بیری کردەوە: «من لێرە ئەرکێکی نەشیاو و شوورەییم گرتۆتە ئەستۆ.» واتە چۆن ئەو کورسییە حەسیرییە چۆڵ بکات تا لەوە زیاتر بە دەست و پێ سپیلکە نەژمێردرێت. هەوڵیدا ڕێگەیەکی باش بدۆزێتەوە. شتێکی تازەی لە بیر و ئەندێشەی خۆی ئەویست کە خۆی لە شوێنێکی تر سەری قاڵ بوو. ئەبوا لە بیرەوەری‌دا شتێک بدۆزێتەوە. بیرەوەریش ئەبێ بڵێین ئەوەندەی تیا نەبوو. کوڕەی نەگبەت هێشتاش ئاگای لە داب و نەریت نەبوو و کاتێک کە ویستی لە هۆڵەکە بچێتە دەرەوە، بە جۆرێک ڕەفتاری کرد کە زۆر دەست و پێ سپیلکانە و بوو و هەموو کەس پێی زانی. هەموو ڕەفتارێکی نەگبەتی لێئەباری. ماوەی سێ چارەک بوو دەوری ئەو ملۆزمە بندەستەی ئەبینی کە کەس خۆی ماندوو ناکات شتی لێ بشارێتەوە.

سەرەڕای ئەمەش بە گوێرەی ئەو تۆژینەوە ڕەخنەگرانەی لە خەنیمەکانی خۆی کردبوو، بەدبەختییەکەی خۆی زۆر بە دڵتەزێن

١٣٨ـ ئەلەکساندری یەکەم: Alexander I (١٧٧٧ـ١٨٢٥) ئیمپراتۆری ڕووسیە، پاش ئەوەی ماوەیەک هاوپەیمانی ناپۆلیۆن بوو، گۆڕا بە یەکێک لە دوژمنە گەورەکانی. کەسایەتییەکی ئاڵۆزی هەبوو و کۆتایی ژیانی ڕووی کردە عیرفان و سۆفیگەری.

نەهاتە پێش چاو. بیرەوەری ئەو ڕووداوانەی دوو ڕۆژ لەمەوبەر ڕوویان دابوو، پشتیوانی دفرەی ئەو بوو. لەو کاتەشدا کە تاک و تەنها پێی ئەنایە ناو باخەکە، بە خۆی ئەوت: «سەربوونی ئەمانە بەسەر مندا هەرچییەک بێ، ئەو دڵفراوانیەی ماتیلد لە ماوەی ژیانمدا دوو جار لەگەڵی کردووم، دڵنیام بەرامبەر بە هیچکام لەم کەسانە نەیکردووە.»

زانایییەکەی لەمە زیاتر بڕی نەکرد. لەو گیانە سەیرەی کە بە ڕێکەوت ببوو بە دەسەڵاتداری ڕەهای بەختەوەری ئەو، هیچ تێنەئەگەیشت!

بەیانی ئەو شەوە تەنها کاری بوو بەوە، کە خۆی و ئەسپەکەی لە ماندوێتیدا بڕەتێنێ. ئیتر هەوڵی ئەوەی نەدا کە شەو لە قەنەفە شێنەکە نزیک ببێتەوە کە ماتیلد خۆی پێوە دادوورابوو. کۆنت نۆڕبێری بینی کاتێک کە بە لایدا تێئەپەڕی، تەنانەت سەیریشی ناکات. لە دڵی خۆیدا وتی: «گەنجێک کە بە خۆڕسک ئەوەندە بە ئەدەبە، ئەبێ چ زۆرێک بۆ خۆی بهێنێ کە بەو جۆرە لەگەڵ من بجووڵێتەوە!»

بۆ ژوولیەن، خەو ڕێژەن بوو. سەرەڕای ماندوێتی جەستە، وردە وردە بیرەوەری زۆر دڵڕفێن بیر و هۆشی داگرت. بەڵام ئەوەندە هۆش و بەهرەی نەبوو لەوە تێبگات، بە ئەسپ سواری لە جەنگەڵەکانی دەوروبەری پاریسدا، چارەنووسی خۆی ئەدا بە دەست ڕێکەوتەوە. چونکە ئەم کارە تەنها خودی ئەوی ئەڕەتاند و هیچ کاریگەرییەکی لە سەر دڵ و بیری ماتیلد نەبوو.

وای ئەزانی تەنها بە قسەکردن لەگەڵ ماتیلد دەردی بێ سنووری سوکنایی دێ، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش چی هەبوو پێی بڵێ؟

ڕۆژێک، حەوتی بەیانی کاتێک کە لە دەریای ئەم بیرانەدا نوقم



ببوو، لەپڕ ماتیلد هات بۆ پەرتووکخانە.

ــمسیۆ، ئەزانم ئەتەوێ قسەم لەگەڵ بکەی!

ــخوایە گیان! کێ پێی وتی؟

ــخۆم ئەزانم. ئیتر چیت ئەوێ؟ ئەگەر مرۆڤێکی بێویژدان بی ئەتوانی بدەی لە ڕیشەم، یان لانیکەم هەوڵ بدەی لەناوم بەری. بەڵام ئەم مەترسییە کە بە ڕای من ڕاست نییە، بێگومان ڕێگە لەوە ناگرێ کە بە ڕاشکاوی قسەی خۆم بکەم. جەناب من ئیتر تۆم خۆش ناوێ. ئەندێشەی شێتانەم هەڵیفریواندم.

ژوولیەن کە لە زۆری ئەوین و بەدبەختی سەری لێشێوا بوو، هەوڵیدا لە بەرامبەر ئەم هێرشە بێبەزەییەدا بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ. لەوە گەوجانەتر نەبوو. «کاتێک کە ئەو بە هیچم نازانێ، ئەوا بەڵگەشم هێنایەوە؟» بەڵام ئاوەز ئیتر لە لای نەبوو. ڕەمەکێکی چاو بەستراو وای لێئەکرد چارەنووسی خۆی بخاتە دواوە. وای ئەزانی تا ئەو کاتەی کە قسە ئەکات، هێشتاش کار لە کار نەترازاوە. ماتیلد گوێی لە قسەکانی ئەو نەبوو، لە شێوازی ئەو جۆرە وتنە جاڕس ئەبوو، لە وێناکردنی ئەو لایەنەش دوور بوو کە ژوولیەن بوێرێ قسەی پێ ببڕێ.

پەشیمانی ناخ و پەشیمانی دفرە ئاوێتەی یەک ببوون و لەو بەیانییەدا ببوونە مایەی خەم و پەژارەی. بیرکردنەوە لەو دیاردە ترسناکەی دەسەڵاتی خۆی داوە بە دەست بەچکە قەشەیەکی گوندییەوە، تا ڕادەیەکی باش کۆڵەی کوتابوو. لەو کاتانەدا کە بەدبەختییەکەی خۆی بە سەد جار زیاتر هەست پێئەکرد، بە خۆی ئەوت: «بابەتەکە وەکو ئەوە وایە کە لە بەرامبەر خزمەتکارێکدا لاواز بووبێتم و ئێستە پەشیمان بووبێتمەوە.»

لە لای گیانی جەربەزە و بێباک، تووڕەبوون لە خۆ، تا





تووڕە بوون لە خەڵکی تر، نێوانەکەی تەنها یەک هەنگاوە. هەڵچوونی بوغز و تووڕەیی لەم بوارەدا مایەی حەزێکی یەکجار بەهێزە.

لە ماوەی ساتێکدا، مادمازێل دولامۆل تا ئەو سنوورە چوو پێشەوە کە ئەوپەڕی سووکایەتی پێکرد. مادمازێل دولامۆل خوویەکی زۆر ناسکی هەبوو، ئەم ئەدگارە ناسکە لە شکاندنی دفرەی خەڵک و بریندار کردنی قووڵی کەسایەتی کەسان، دەستێکی باڵای هەبوو.

ژوولیەن لە ژیانیدا یەکەم جار بوو، ببوو بە خاوەنی گیانێکی بەرز کە ئاگری دژوارترین کینەکان لە دژی ئەو تیایدا بڵێسەی ئەکێشا. لەو کاتەدا تەنها تۆزێکیش داکۆکی لە خۆی نەکرد و سەرەنجام بە چاوی سووکەوە ڕوانییە خۆی. لە بەرامبەر نیشانەکانی سوکایەتیکردن‌دا کە تا دوا ڕادە بە ئازار بوو، بەو هەموو ناسکی و وەستاییە دروستکرابوو، وای هەست ئەکرد کە هەق بە ماتیلدە و هێشتاش هەموو وتراوەکانی نەتووە! ئەم وتنانە بۆ ماتیلد چێژێکی هەبوو.

بەڵام دفرەی ماتیلد لەم سزادانەی خۆیشی و ئەویش، بە تاوانی ئەو ئەوینە بێوێنەیەی چەند ڕۆژ لەمەوبەر، چێژێکی فراوانی ئەبینی. ماتیلد پێویستی بەوە نەبوو کە ئەو قسە دژوار و بریندارکەرانەی کە تا ئەو ڕادەیە چێژی بە ژوولیەن ئەگەیاند، لە مێشکی خۆی‌دا دابڕێژێ. ئەمانە هەموو دووپاتکردنەوەی ئەو بابەتانە بوو، کە نوێنەری لایەنی دژ بە خۆشەویستی، یەک حەفتە بوو لە دادگای دڵی ئەودا ئەیوتەوە و ئەیوتەوە.

هەر وشەیەک خەمی سامناکی ژوولیەنی سەد بەرامبەر ئەکرد. ویستی هەڵێت! مادمازێل دولامۆل توند قۆڵی گرت و نەیهێشت بڕوات.

ژوولیەن وتی:

ـ ئاگاتان لێ بێ کە زۆر بەرز قسە ئەکەن. دەنگتان لە ژوورەکەی تەنیشتمان ئەبیسترێ!

مادمازێل دولامۆل بە دەنگێکی لووتبەرزانە وتی:

ـ دەیجا چییە؟ کێ ئەوێرێ پێم بڵێ دەنگم ئەبیستێ؟ ئەمەوێ ئەم دفرە منالأنەیەی تۆ، لەو بۆچوونانەی ڕەنگە سەبارەت بە من پەیدای کردبێ، بۆ هەمیشە پاک بکەمەوە.

کاتێک کە ژوولیەن توانی لە پەرتووکخانە بێتە دەرەوە، ئەوەندە سەری سووڕمابوو کە بە تەواوەتی هەستی بە بەدبەختی خۆی نەکرد. بە دەنگی بەرز لەگەڵ خۆی ئەدوا، ئەتوت ئەیەوێ لە دارەتی خۆی تێبگا: «باشە، ئیتر خۆشی ناوێم! وا دیارە هەشت نۆ ڕۆژ خۆشی ویستووم و من تا ماوم ئەوم خۆش ئەوێ.»

«تۆ بڵێی شتی وا ببێ؟ لای ئەو واتای هیچ نەبوو؟ هەر هیچ بۆ دڵی من؟ خۆ هەر هەمووی چەند ڕۆژ پێش ئێستە بوو!»

خۆشی دفرە، وەکو لافاو دڵی ماتیلدیان داگرتبوو. واتە سەرکەوتبوو ئەم لەزگەیە تا هەتایە بقرتێنێ! لە سەرکەوتن بەسەر ئەم پەیوەندییە سەیرەدا لە ڕادەبەدەر خۆشبەخت بوو. «بەم جۆرە، ئەم کوڕە بە دڵنیاییەوە تێئەگا کە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر مندا نییە و هەرگیز دەسەڵاتی بەسەر مندا نابێ.» ئەوەندە بەختەوەر بوو کە لەو کاتەدا، بەڕاستی، بەری بە هەرچی ئەوینە گرتبوو.

پاش مشتومڕێکی ئاوا ڕیسوا و بێ بەزەیی، ئەوین تەنانەت لە دڵی یەکێکی لە ژوولیەن کەم هەستتریش ئیتر نەئەلوا. مادمازێل دولامۆل بە بێ ئەوەی بۆ ساتێک ئەرکی خۆی لە بیر بچێتەوە، قسەی وەها ناشیرین و برینداركەری پێ وتبوو، ئەوەندە بە پێی نەخشە و پلان پێی وتبوو، ئەگەر لە کاتی ئاسایی و ئارامیشدا بیری لێ بکرێتەوە، بە ڕاست ئەزانرێ!

یەکەم بەرەنجامی مشتومڕێکی ئاوا سەیر و سەمەرە لە لای ژوولیەن، ئەوە بوو کە ماتیلد دفرەیەکی لە ڕادەبەدەری هەیە. بە توندی لەوە ئارخایەن ببوو کە پەیوەندییان بۆ هەمیشە پچڕاوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەیانی ئەو ڕۆژە، کاتی نانی نیوەڕۆ لە بەرامبەریدا شەرم دایگرت و ڕەنگی هەڵبزرکا. ئەمەش خەوشێک بوو کە تا ئەو ڕۆژە کەس نەیتوانیبوو هیچ ڕەخنەیەکی لێبگرێ. ژوولیەن لە کاری بچووک و گەورەیشدا ئەیزانی چی بکا و ئەیەوێ چی بکات و وایشی ئەکرد.

ئەو ڕۆژە لە پاش نانخواردن، مادمازێل دولامۆل داوای ئەو نامیلکە هاندەر و دەگمەنەی لێکرد کە بەیانی زوو یەکێک لە قەشەکان بۆی هێنابوو. ژوولیەن کە ئەیویست لە سەر مێزەکە هەڵیگرێ، دەستی کەوت لە گوڵدانێکی فەخفووری شینی زۆر ناشرین و بەری دایەوە.

مادمازێل دولامۆل قنجەوە بوو و یەک بە خۆی داخی بۆ گوڵدانە خۆشەویستەکەی خوارد و هات بۆ ئەمبەری ژوورەکە، تا پارچە و تەڵەزمەکانی لە نزیکەوە ببینێ. ئەیوت: «ئەم گوڵدانە، پۆرسلینێکی کۆنی ژاپۆنی بوو، لە لایەن پووری گەورەم قەشەی دەیری «شێل» بە من گەیشتبوو. دیارییەک بوو لە لایەن خەڵکی هۆڵەندەوە درابوو بە دووک دورلیان کاتێک کە شازادەی تاجدار بوو، ئەویش دابووی بە کچەکەی و...»

ماتیلد لاسایی دایکی کردبوویەوە و بە بینینی شکانی گوڵدانە شینەکە کە لە لای یەکجار ناشیرین بوو، لە دڵەوە گەشابوویەوە. ژوولیەن خامۆش بوو و زۆر گوێی لێ نەبوو. بینی مادمازێل دولامۆل لای دەستییەوە وەستاوە و، پێی ئەڵێ:

ــ ئەم گوڵدانە بۆ هەمیشە فەوتاوە و ئەو هەستەش کە لە ڕابوردوودا دەسەڵاتداری دڵی من بوو، هەر ئەو چارەنووسەی

تووش بوو. داوات لێ ئەکەم سەبارەت بەو ڕەفتارە شێتانەی بەم هۆیەوە لێم ڕووی داوە، لێم ببووری.

بە دوای ئەم قسەیەدا چووە دەرەوە.

خاتوو دولامۆل، کاتی ڕۆیشتنی ئەو، وتی:

ــوا پێ ئەچێ مسیۆ ژوولیەن لەو کارەی کە کردوویەتی شادە و شانازیشی پێوە ئەکات.

ئەم قسەیە وەک تەنێکی قورس کەوتە سەر دڵی ماتیلد. بە خۆی وت: «ڕاست ئەکا. دایکم باشی بۆچووە. هەستێکە ئەیبووژێنێتەوە، هەر ئەم هەستەیە.» ڕۆژی پێشووش، ڕێک لەو کاتەدا ڕشتەی شادیبەخشی مشتومڕەکەی خۆی لەگەڵ ژوولیەن بڕیبوو. بە بێدەنگییەکی ئاشکراوە بە خۆی وت: «ئەمە هەڵەیە. هەموو شت تەواو بووە. بەڵام ئەزموونێکی مەزنم دەسکەوت. ئەم هەڵە سامناک و پڕ لە نەنگە، مایەی ئەوەیە هەموو تەمەنم ژیر و وریا بم.»

ژوولیەنیش لەو لاوە لە دڵی خۆیدا ئەیوت: «بۆ ڕاستییەکەم نەوت! بۆچی ئەو ئەوینەی کە من بەم کچە شێتەم هەیە، هێشتاش ئەشکەنجەم ئەدات؟»

ئاگری ئەم ئەوینە پێچەوانەی ئەندێشەی ئەو، نەک هەر نەکوژایەوە بەڵکو پەرەیشی سەند. بە خۆی ئەوت: «ئەم کچە شێتە، ئەوە ڕاستە! مەگەر سەرەڕای ئەمەش بۆ ئەوە نابێ بیپەرستی؟ مەگەر هەموو ئەو خۆشییە توندوتیژانەی کە جوانترین ژیار ئەتوانێ بمانداتێ، یەک لە دژی ئەویتردا لە کەسایەتی مادمازێل دولامۆلدا کۆ نەبۆتەوە؟» ئەم بیرەوەرییە خۆشانەی ڕابوردوو بەسەر گیانی ژوولیەندا زاڵ ئەبوو و زۆر بە خێرایی هەموو ڕێسەکانی ئەکردەوە بە خوری.

ئاوەز و ژیری بە بێهوودە لەگەڵ ئەم بیرەوەرییانەدا ململانێی

ئەکرد. هەوڵدانی بێوچانی جگە لەوەی جوانی و کێشەری ئەم بیرەوەرییانە دوو بەرامبەر بکات، کارێکی تری لە دەست نەئەهات.

بیست و چوار کاتژمێر پاش شکانی گوڵدانە کۆنەی ژاپۆنی، بە بێگومان، ژوولیەن یەکێک لە ناشادترین مرۆڤەکانی سەر ئەم گۆی زەوییە بوو.

# یاداشتی نهێنی

ئەوەی ئەیڵێم هەمووم بینیوە: بەچاو دیومە و ئەوسا کە بینیومە ڕەنگە هەڵخەڵەتابێتم، بەڵام کە بە تۆی ئەڵێم، مەبەستم نییە هەڵتخەڵەتێنم!

(لە نامەیەک بۆ نووسەر)

مارکیز ناردی بە دوای‌دا. جەنابی دولامۆل گەنجتر خۆیای ئەکرد، چاوەکانی ئەدرەوشایەوە.

بە ژوولیەنی وت:

ــ تۆزێ باسی بیری خۆتم بکە، وەک بیستوومە بیر و یادگەت زۆر بەهێزە. ئەتوانی چوار لاپەڕە لەبەر بکەیت و بچی لە لەندەن هەمووی لەبەر بڵێیتەوە، بە بێ ئەوەی وشەیەکی بگۆڕێت؟

مارکیز ڕۆژنامەی ئەو ڕۆژەی کوتێدینی بە ڕق و تووڕەیی لە ناو دەستی‌دا ئەگووشی و بە بێهوودە هەوڵی ئەدا ڕواڵەتی هەتەر و سەنگینی خۆی بپارێزێ کە ژوولیەن تەنانەت کاتی باسکردنی کێشەی فریلەریش تیێدا نەبینیبوو.

ژوولیەن تا ئەو ڕۆژە ئەوەندەی ئەزموون دەسکەوتبوو کە سەبارەت بەو شێوازە لووتبەزانەیەی، کە مارکیز لە بەرامبەر ئەودا بە خۆیەوە ئەگرێ، وای دەربخات باوەڕی پێکردووە و ملکەچی فەرمانە:

ــ ئەم ژمارەی کۆتێدین ڕەنگە زۆر بەتام نەبێ، بەڵام ئەگەر

جەنابی مارکیز دولامۆل ڕایان لێبێ، بەیانی زوو، شانازی ئەوەم ئەبێ، کە هەر هەمووی لەبەر بۆ بەڕێزتان بخوێنمەوە!

ــچی؟ تەنانەت ڕیکلامەکانیش؟

ــبەڵێ، وشە بە وشە و بە بێ ئەوەی وشەیەک دابکەوێ.

مارکیز بە مەندی و لەسەرخۆ وتی:

ــبەڵێنی ئەوەم پێ ئەدەی؟

ــبەڵێ قوربان! ترس لە ڕانەپەڕاندنی فەرمان ڕەنگە خۆبەخۆ بیرم پەرێشان بکات.

ــمەبەست ئەوەیە کە من لەبیرم چوو دوێنێ ئەم بابەتەت لێ بپرسم. پێویست ناکات سوێند بخۆیت ئەوەی کە ئەیبیسی، هەرگیز لە هیچکوێ باسی نەکەی، من بە ئەندازەیەک ئەتناسم کە ناتوانم تۆمەتی وات پێ ڕەوا ببینم. خۆم بووم بە دەستەبەرت. ئێستەش ئەتنێرم بۆ کۆڕێک کە دوانزە کەسی لێیە و تۆ لە لای خۆت یاداشت لە قسەکانی ئەم دوانزەیە هەڵئەگری.

مارکیز ئەو دارەتە خۆبەزلزان و ناسکەی کە بە خۆڕسک لەگەڵی بوو، سەرلەنوێ وەرگرتەوە و وتی:

ــنیگەران مەبە. وتووێژێکی تێکەڵ و پێکەڵ نابێ. نامەوێ بڵێم کە گفتوگۆ سیستەمی ئەبێ، بەڵام لانیکەم هەرکەسە و لە نۆرەی خۆی‌دا قسە ئەکات. کاتێک کە ئێمە قسە ئەکەین، تۆ نزیکەی بیست لاپەڕە ئەکەی بە چوار لاپەڕە و بەیانی زوو لەبری هەموو ڕۆژنامەی کۆتیدین ئەم چوار لاپەڕەیە لەبەر بۆ من ئەخوێنیتەوە. پاش ئەوە بە پەلە ئەکەویتە ڕێ. ئەبێ وەکو گەنجێک کە ئەچێ بۆ گەشت و ڕابواردن ، سواری فایتوونی پۆست ببی. مەبەست ئەوەیە هیچکەس گومانت لێنەکا. ئەچێت بۆ خزمەتی کەسایەتییەکی گەورە. لەوێ، ئەبێ پسپۆڕییەکی زیاتر پیشان بدەی. مەبەست بە هەڵەدا بردنی ئەوانەیە کە لە دەروبەرین، چونکە لە نێوان باشنووسەران

و خزمەتکارەکانی‌دا هەندێ کەس هەن کە خۆیان بە دوژمنەکانی ئێمە فرۆشتووە و لێمان چوونەتە بۆسەوە، بۆ ئەوەی لە ناکاو پەلامارمان بدەن. نامەیەکی پشتگیری و پێناساندنت پێ ئەبێ. کاتێک کە ئەو بەڕێزە سەیری کردی، کاتژمێرە گیرفانییەکەی من، کە بۆ ئەم سەفەرە پێت ئەبێ، لە گیرفانت دەرئەهێنی. ئەم کاتژمێرە لە لای خۆت بپارێزە. دیسانەوەش هەر باشە، کاتژمێرەکەی خۆت بدە بە من. ئەو چوار لاپەڕەیەی لەبەرت کردووە، جەنابی دووک بە گوێرەی ئەوەی تۆ ئەیلێیی، بە دەستی خۆی ئەینووسێت. پاش تەواوبوونی ئەم کارە، بەڵام نە زووتر، لە بیرت نەچێ، ئەتوانی، ئەگەر هات و پرسیاری کرد، ڕووداوی ئەو کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆ تێدا بەشدار ئەبی، بە خزمەتیان ڕابگەیەنی. شتێک کە ناهێڵێ لەم گەشتەدا بێتاقەت ببی ئەوەیە، کە لە پاریسەوە تا نووسینگەی وەزیر کەسانێک هەن کە گەورەترین ئارەزوویان ئەوەیە تیرێک بۆ قەشە سۆرێل باوێژن. ئەوسا ڕاسپاردەی قەشە سۆرێل کۆتایی پێ دێ. کار بۆ ماوەیەکی باش پەکی ئەکەوێ. چونکە، هاوکاری بەڕێز، چۆن ئەتوانین لە مەرگی تۆ ئاگادار ببین؟ تەنانەت جەربەزە و لێهاتووی تۆش لەم بوارەدا کاریگەر نییە و ناتوانێ هەواڵەکەمان پێ ڕابگەیەنێ.

ماركیز بە دارەتێکی قورس و سەنگین وتی:

ـ ئێستەش بە پەلە برۆ و دەستێک چاکەت و پانتۆڵ بکڕە، وەک هی دوو ساڵ لەمەوبەر بێ. ئەمشەو ئەبێ سەروبەچکت زۆر ڕێکوپێک نەبێ. بە پێچەوانە کاتی سەفەر جلوبەرگتان ئاسایی ئەبێ. پێت سەیرە؟ گیانی گوماناوی تۆ هۆی ئەم لایەنە هەست پێئەکا؟ بەڵێ، دۆستی ئازیز، بۆی هەیە یەکێک لەم کەسایەتییە مەزنانەی کە ئەمشەو بۆچوونەکەیان ئەبیسی، هەواڵ و هێمایەک بنێرن و بەم جۆرە بۆی هەیە شەو لەو ڕیستۆرانتە باشەی کە نانی

لێ ئەخۆی، لانیکەم تۆزێک تریاک بدەنە دەرخواردت.

ژوولیەن وتی:

ــباشترە سی فرسەنگ زیاتر بڕۆم و بە لاڕێشدا بڕۆم. وا بزانم مەبەستی ئەم سەفەرە ڕۆما بێ...

مارکیز ڕواڵەتێکی تۆران و لووتبەرزی بە خۆیەوە گرت، کە ژوولیەن لە برەیــلەــهوتەوە هەتا ئێستە ئەو دارەتەی پێوە نەدیبوو.

ــجەناب، کەی خۆم بە باشم زانی، زانیاریت پێ ئەدەم. حەزم لە پرسیارکردن نییە.

ژوولیەن بە سینگ فراوانیەوە وتی:

ــمەبەست پرسیار نەبوو، قوربان. سوێند ئەخۆم کە ئەندێشەی من لە شوێنی زۆر بەرزدا ئەفڕێ، لە مێشکی خۆمدا بە دوای ئاسوودەترین ڕێگادا ئەگەڕام.

ــبەڵێ وا دیارە بیری تۆ لە شوێنی زۆر دوور لە فڕیندایە. هەرگیز لە بیرت نەچێ کە نابێ لە ڕواڵەتی یەک باڵوێز، ئەویش باڵوێزێک لە تەمەنی تۆدا، وا تێبگەن کە مەبەست ئەوەیە بە زۆر متمانەیەک بخەنە دڵەکانەوە!

ژوولیەن زۆر بە خۆیدا داچوو. هەڵەی کردبوو. دفرەی بۆ پاساوێک ئەگەڕا و نەی ئەدۆزییەوە.

جەنابی دولامۆل وتی:

ــواتە بزانە، مرۆڤ کاتێک کە نەزانی ئەکات، دڵی خۆی ئەکا بە دادوەر.

کاتژمێرێک پاش ئەوە، ژوولیەن لە ڕواڵەتی بندەستێکی کۆنەپۆش و بۆینباخێک کە ڕەنگە سپییەکەی ون ببوو، لە هۆڵی چاوەڕوانی مارکیز ئامادە بوو.

مارکیز بە بینینی دای لە قاقای پێکەنین و تەنها لەو ساتەدا

بوو کە بێتاوانی ژوولیەن سەلمێنرا. جەنابی دولامۆل بە خۆی ئەوت: «ئەگەر ئەم گەنجە خیانەتم پێ بکات، ئەی ئیتر متمانە بە کێ بکەم؟ جگە لە مانەش، مرۆڤ کە دەست ئەداتە کارێک ئەبێ خۆ بە یەکێک متمانە بکات. کوڕەکەم و هەڤاڵانی قۆزی هاوکاری دڵێکی پاکیان هەیە و لە ئازایەتی و ئەمەگداری سەد هەزار ئەهێنن. ئەگەر جەنگ ببێ بە پێداویستی. لە سەر پێ پلیکانەکانی تەختی پاشایەتی تیائەچن. ئەم گەنجانە هەموو شت ئەزانن، جگە لەو شتەی کە ئێستە پێویستمانە. کوێراییم دابێ ئەگەر بڕوا بەوە بکەم یەکیان بتوانێ چوار لاپەڕە لەبەر بکات و دە فرسەنگ بڕوات، بە بێ ئەوەی شوێنی هەڵبگرن! نوربێر ئەتوانێ وەکو باپیرانی خۆی بدا بە کوشت و ئەو لێوەشاوەییە لە سەربازە تازەکەیشدا ئەبینرێ.»

مارکیز چووە ناو بیرێکی قووڵەوە. ئاهێکی لە دڵەوە هەڵکێشا و وتی: «خۆ بە کوشت دان؟ ڕەنگە ئەم سۆرێلەش بە ئەندازەی ئەو، جەربەزەی ئەو کارەی هەبێ.»

مارکیز کە ئەتوت ئەیەوێ بیرێکی ملۆزم لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. وتی:

ــبڕۆین سواری فایتوون ببین.

ژوولیەن وتی:

ــقوربان کاتێک کە خەریکی ئامادەبوونی جلەکانم بووم. لاپەڕەی یەکەمی کۆتێدینم لەبەر کرد.

مارکیز ڕۆژنامەکەی وەرگرت. ژوولیەن بە بێ ئەوەی هیچ هەڵەیەکی هەبێ، لەبەر خوێندیەوە. مارکیز ئەو شەوە بە تەواوەتی ببوو بە ڕامیار. وتی:

ــباشە لە ماوەی ئەم ماوەیەدا، ئەم گەنجە نازانێ لە کامانە کۆڵان و شەقامەوە تێئەپەڕین.

گەیشتنە هۆڵێکی فراوان کە ڕواڵەتێکی زۆر خەمگینی هەبوو.

بەشێک لە دیوارەکانی تەختە و بەشێکیشی بە قەدیفەی سەوز ڕازابوویەوە. ناوەڕاستی هۆڵەکە، خزمەتکارێکی ناوچاو تاڵ مێزێکی گەورەی نانخواردنی دانابوو، ئەم مێزە بوو کە پاش هەندێک بە هۆی قەدیفەی سەوزی زۆر گەورە و پڕ لە پەڵەی مەرەکەب کە بێگومان میراتی وەزارەتخانەیەک بوو، کرا بە مێزی کار.

خاوەن ماڵ کابرایەکی چوارشانەی بەخۆ بوو کە ناوی نەهێنرا. ژوولیەن ڕواڵەت و زمانپاراوی ئەوی وەک پیاوێک هاتە بەرچاو، کە خەریکی کاوێژکردنە.

ژوولیەن بە ئەماژەی مارکیز لە لای خواری مێزەکەوە وەستابوو. بۆ ئەوەی سەرنج ڕانەکێشێ بۆ لای خۆی، خۆی بە قەڵەمدادانەوە خەریک کرد. لە سیلەی چاویەوە حەوت بێژەر و بیسەری ژمارد. بەڵام ژوولیەن تەنها لە پشتەوە ئەیبینین. وای هەست کرد دوان لەو کەسانە وەک هاوپایە لەگەڵ جەنابی دولامۆل قسە ئەکەن و ئەوانیتر کەم تا کورتێک بە ڕێز و کڕنۆشەوە لەگەڵی ئەدوان. یەکێکی تر بە بێ ئەوەی هاتنی خۆی ڕابگەیەنێ، هاتە ناو هۆڵەکەوە. ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «سەیرە، لەم هۆڵەدا خەڵکی هاتنی خۆیان ڕاناگەیەنن! ڕەنگە ئەم پارێز و وریاییە بە ڕێزی منەوە هاتبێتە ئاراوە. بۆ ڕێزگرتن لەم تازە هاتووە، هەر هەموو لەبەری هەڵسان. ئەم کابرایەش ئەو مەدالیا زۆر تایبەتە بە سینەیەوە بوو کە سیانی تر لە بەشدارنیش بە سینەیانەوە ئەدرەوشایەوە. زۆر بە ئەسپایی قسەیان ئەکرد. ژوولیەن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم تازەهاتووە، جگە لە سیما و ڕواڵەتی ئاسایی ئەو، هیچی دەسنەکەوت. ئەم کابرایە کورتەباڵا و کەتە و سوور و گەش بوو، چاوەکانی درەوشاوە و زەق بوو و جگە لە دارەتی شەڕاژۆ هیچی تری تیا نەئەبینرا.

سەرنجی ژوولیەن لە ئەنجامی هاتنی کابرایەکی زۆر جیاوازدا

کە هەمان دەم پێی خستە ناو هۆڵەکە، بە تەواوەتی شپرزە بوو. ئەم کابرایە یەکی باڵابەرز و زۆر لەڕ بوو، کە سێ چوار ئێلەگی لەبەردا بوو. نیگای پڕ بوو لە نەوازش و ڕەفتاری زۆر سەلار بوو.

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «ئەم ڕواڵەتە ڕێک لە کاردینالی بزانسۆن ئەچێ. ئەم کابرایە بە ئاشکرا سەر بە کلیسا بوو. ڕوخساری وای دەرئەخست پەنجا پەنجا و پێنج ساڵێک ببێ. نەئەلوا ڕوخسارێکی لەوە باوکانەتر پەیدا ببێ.

کاردینالی جەوانی ئاگد هاتە ناو هۆڵەکەوە و کاتێک کە سەیری دایشتوانی ئەکرد، چاوی بە ژوولیەن کەوت، زۆر سەری سووڕما. لە ئاهەنگی برەی_لە_هوتەوە لەگەڵی نەدوا بوو. سەرنجی سەرسامی بووە هۆی شڵەژانی ژوولیەن. ئەمیان بە خۆی وت: «ئەمە ئیتر چییە؟ هەر کەس کە بیناسم و بیبینمەوە ئەبێ ببێتە هۆی چارەڕەشیم؟! هەموو ئەم مەزن و خانەدانانە کە هەرگیز نەمدیون، تۆزێکیش نامترسێنن، کەچی نیگای ئەم کاردیناڵە جەوانە خوێنم ئەڕچێنێ. ئەبێ دان بەوەدا بنێم کە مرۆڤێکی زۆر سەیر و زۆر بەدبەختم!»

زۆری پێنەچوو کابرایەکی وردیلەی یەکجار ڕەشتاڵە بە هەراوهوریا خۆی کرد بە هۆڵەکەدا و هەر لە دەریزانی دەرگاکەوە دەستی کرد بە قسەکردن. ڕەنگپەڕیو و تۆزێک شێتۆکە بوو. بێژەری بێبەزەیی ئەوەندەی هاتە ژوورەوە، بەشداران بەش بەش بوون و وا دیار بوو ئەم کارەش بۆ خۆپاراستن لە وەڕەزبوون لە قسەکانی ئەو بوو.

بەشداران وردە وردە لە زۆپاکە دوور ئەکەوتنەوە و بەرەو لای خواری مێزەکە کە ژوولیەنی لێ دانیشتبوو، ئەڕۆیشتن. دڵەڕاوکەی ژوولیەن لە زیادبووندا بوو. چونکە چەندە هەوڵی ئەدا کە هیچ نەبیسێت، گوێی هەر ئەیبیست و چەندەش بێ ئەزمون بوو، بەڵام

بە ئاشکرا و بەبێ پەردە لە گرنگی بابەتەکان تێئەگەیشت. ئەم کەسایەتییە پایەبەرزانە کە ئاوا بە سادەیی لە بەرامبەر خۆیدا ئەیبینین، چەندە حەزیان ئەکرد کە ئەم قسانەی ئەیکەن بە نهێنی بمێنێتەوە!

ژوولیەن کە ئەوەندەی بۆی کرابوو لەسەرخۆ کاری کردبوو، تا ئەو کاتە بیست پەڕەمووچی دادابوو. خەریک بوو ئەم هۆکارە گرینگەی لەدەست دەربچێ. لەخۆوە چاوەڕوانی فەرمانێک بوو لە چاوەکانی جەنابی دولامۆلدا. مارکیز ئەوی لەبیر کردبوو.

ژوولیەن بەدەم پەڕەمووچ دادانەوە بە خۆی ئەوت: «ئەو کارەی من ئەیکەم مایەی پێکەنینە. بەڵام ئەو کەسانەی کە ئەم ڕواڵەتە ئاساییەیان هەیە و بە فەرمانی خەڵکی تر یان بە ئەڤانی خۆیان ڕاپەڕاندنی ئەم کارە مەزنانەیان گرتۆتە ئەستۆ، بێگۆمان زۆر دڵناسک و تۆرینۆکن. نیگای سەراسیمە دارەتێکی وەک پرسیاری تیایە و دڵنیام لێی ئەسڵەمێنەوە؛ کە چاوەکانیشم تەواو دابخەم وا ئەزانن خەریکم قسەکانیان یاداشت ئەکەم.»

دڵەڕاوکێی یەکجار زۆر بوو. قسەی سەیر و سەمەرەی ئەبیست.

بەندی XXII

# گفتوگۆ

کۆمار– ئەمڕۆ لە بەرامبەر یەک کەسدا کە ئامادەبێ
هەموو شتی بۆ بەرژەوەندی گشتی بەخت بکات،
هەزارەها و ملیۆنەها هەیە کە بەس ئاگایان
لە فیز و خۆشی خۆیان هەیە.
لە پاریس، ڕێزی هەموو کەس لەبەر
فایتوونەکەیەتی، نەک لەبەر پاکی و ئەمینداری!
(ناپۆلیۆن، بیرەوەری)

خزمەتکار بە پەلە هاتە ژوورەوە و ڕایگەیاند کە جەنابی «دووک دو...» هات.

دووک هەنگاوی نایە پێشەوە و بە خزمەتکاری وت:

ــ بێدەنگ، گەوجە!

ئەم ڕستەیەشی ئەوەندە باش و بە گەورەییەکەوە وت کە ژوولیەن، بە نابدڵی بە خۆی وت: «هەموو هونەری ئەم کابرا مەزنە ئەوەیە کە چۆن خۆی بەسەر خزمەتکاردا تووڕە بکات.» سەری هەڵێنا و دەسبەجێ چاوی بڕییە عەرزەکە. وەها لە پلەوپایەی میوانی تازە گەیشتبوو، کە لە ترسی ئەوەی سەیرکردنەکەی بە پێچەوانەی ڕازداری بژمێدرێ، لەرزی پیاهات.

ئەم دووکە پیاوێکی پەنجاساڵە بوو، کە وەکو لاوێکی کەشخە جلی لەبەر کردبوو و وەها قونەی ئەکرد ئەتوت فەنەر لە بن قاچیەتی. سەری باریک و گوشراو و لووتی زل و ڕوومەتی قۆقز

بۆ بەرەوە. ڕواڵەتی لەمە خۆبەزلزانتر و لەمە بێهوودەتر زۆر کەم بوو. هاتنی ئەو، نیشانەی دەسپێکردنی کۆبوونەوە بوو.

دەنگی جەنابی دولامۆل ڕشتەی تۆژینەوەکانی ژوولیەنی لە ڕواڵەت ناسیدا پچڕاند. مارکیز وتی: «لەگەڵ مسیۆ سۆرێل ئاشنا ببن. بیرێکی زۆر بەهێزی هەیە. زیاتر لە کاتژمێرێک نابێ کە من سەبارەت بەو ئەرکەی ڕەنگە شانازی ڕاپەڕاندی بێ بسپێردرێ، لەگەڵی دواوم و بۆ ئەوەی توانای تاقی بکەینەوە، یەکەمین لاپەڕەی کۆتێدینی لەبەر کردووە.»

خانەخوێ وتی:

ــئا، دەنگوباسی دەرەوەی ئەم «ن...»ە ڕەبەنە.

ئەوسا بە پەلە ڕۆژنامەکەی هەڵگرت و بە ڕواڵەتێکی ڕووخۆش، کە هەوڵیئەدا گرنگ خۆیا بکات، وتی:

ــمسیۆ، فەرموو!

بێدەنگی زۆر قووڵ بوو. هەموو چاوەکان مۆڕەیان کەوتبوویە سەر ژوولیەن. ئەویش ئەوەندە جوان ئەیخوێندەوە کە دووک پاش بیست دێڕ وتی:

ــبەسە!

کابرای وردیلە کە نیگای وەک نیگای بەراز بوو، دانیشت. ئەم کابرا بەڕێوەبەری کۆبوونەوە بوو. چونکە ئەوەندەی دانیشت، تەپڵەکێکی یاری پیشانی ژوولیەن دا و بە ئەماژە پێی وت بیبات بۆ لای. ژوولیەن بە پێنووس و کاغەزی خۆیەوە لایەوە دانیشت. دوانزە کەسی بە دەور قەدیفە سەوزەکەوە ژمارد.

دووک وتی:

ــمسیۆ سۆرێل، بچۆ بۆ هۆڵەکەی تەنیشتمان. کاتی پێویست بانگت ئەکەم.

خانەخوێ ڕواڵەتێکی نیگەرانی بەخۆیەوە گرت و بە ئەسپایی

بەوەی تەنیشت خۆت وت: «دەلاقەکە دانەخراوە.» ئەوسا بە شێوەیەکی گەوجانە ژوولیەنی بانگ کرد:

ــسەیرکردن لە دەلاقەکەوە سوودی نییە!

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «لانیکەمەکەی ئەوەیە هێنراوم بۆ ناو پیلانێک، بەڵام خۆشبەختانە لەو پیلانانە نییە کە کۆتاییەکەی مەیدانی «گرێڤ» بێ. ئەکەر مەترسییەکیش هەبێ، مارکیز ئەوەندەی بە سەرمەوە هەیە و لەوە زیاتریش. خۆزگە بتوانم ئەو خەمە قەرەبوو بکەمەوە کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان شێتێتی من بۆی بەدی بهێنێ.»

کاتێک کە بە تەواوەتی بیری لە شێتی و بەدبەختی خۆی ئەکردەوە، وەها ئەیڕوانییە دەوربەری خۆی کە هەرگیز ئەو شوێنانە لەبیر نەکات. هەر لەمکاتەش‌دا بیری کەوتەوە ناوی کۆڵانەکە لە لایەن ماکیزەوە بە عەرەبانەچی وترا و مارکیز فەرمانی دا فایتوونێکی بۆ بگرن. ئەمەش شتێک بوو کە هەرگیز لە مارکیز نەبینرابوو.

ئەندێشەکانی ژوولیەن، ماوەیەکی دوورودرێژ بردییەوە. لە هۆڵێک‌دا بوو کە قەدیفەیەکی سوور بە قەراخی زەڕبەفتەوە هەڵواسرابوو. لە سەر مێزەکەی تەنیشتەوە، خاچێکی عاجی گەورەی لێبوو و لە سەر سۆپاکە پەرتووکی پاپا، نووسینی مسیۆ دومێستر بە لێواری زەڕکەف و بەرگی گرانبابییەوە، ئەبینرا. ژوولیەن بۆ ئەوەی نەڵێن کوڵی گرتووە، خۆی بەم پەرتووکەوە خەریک کرد. لە هۆڵەکەی ئەودیو هەندێجار بە دەنگی بەرز ئەدوان. سەرەنجام دەرگا کرایەوە و بانگیان کرد.

بەڕێوەبەری کۆڕەکە ئەیوت:

ــئەبێ ئاگاتان لێبێ کە لە ئێستەوە لە بەردەمی «دووک دو...»دا قسە ئەکەین.

ئەوسا ژوولیەنی پیشان دا و وتی:

ــئەم جەنابە، قەشەیەکی گەنجە کە گیانی خۆی بە ڕاستگۆیی کردۆتە پێشکەشی ئامانجە پیرۆزەکەی ئێمە و بە یارمەتی بیری تیژی، هەموو قسەکانی ئێمە لەبەر ئەڵێتەوە. پاشان دەستی ڕاکێشا بۆ ئەو کەسەی کە ڕواڵەتێکی باوکانەی هەبوو و سێ چوار ئێلەگی لەبەر کردبوو و، وتی:

ــنۆرەی جەنابە.

ژوولیەن بیری کردەوە کە ئەگەر بەم کابرایە بوتایە جەنابی ئێلەگ پۆش، زیاتر لێی ئەهات. کاغەزەکەی هەڵگرت و نووسی.

{نووسەر لێرەدا ویستی لاپەڕەیەک بکات بە خاڵ خاڵ «...»

بڵاوکەرەوە وتی:

ـجوان نابێ و بۆ نووسینی وا کە زۆر ناسکە، ناشیرینی ئەکات و ئەوەش بە واتای مەرگە.

نووسەر وتی:

ـڕامیاری بەردێکە بەستراوە بە ملی وێژەوە و لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا نوقمی ئەکات. دوان لەمەڕ ڕامیاری لە جەنگەی هەڵچوونی ئەندێشەدا وەکو تەقاندنی دەمانچەیەکە لە میانەی کونسێرتێکدا. ئەم دەنگە نەک هێز و کاریگەری هەیە، بەڵکو گوێ کەڕ ئەکات و لەگەڵ هیچ سازێکیش ناگونجێ. ئەم دوانی ڕامیارییە نیوەی خوێنەران بە توندی ئەشەمزێنێ؛ بۆ نیوەکەی تریش کە بابەتەکەیان بە شێوەیەکی تایبەت و بە تامەزرۆییەوە لە ڕۆژنامەی سەرلەبەیانیدا خوێندوویەتەوە، ئەبێتە هۆی جاڕس بوون.

بڵاوکەرەوە وەڵامی دایەوە:

ـئەگەر ئەکتەرەکانت باسی ڕامیاری نەکەن، ئیتر بە

فەڕانسەیی ١٨٣٠ ناژمێردرێن و پەرتووکەکەشت، وەک خۆت ئەڵێی، نابێ بە ئاوێنەی سەردەمەکەی...)

یاداشتەکانی ژوولیەن گەیشتبوویە بیست و شەش لاپەڕە. ئەوەی لە خوارەوە دێ، کورتەیەکی بێڕەنگی ئەو ڕاپۆرتەیە. چونکە من ناچار بووم وەک هەمیشە ئەو بەشانەی کە مایەی پێکەنینە لابەرم، کە ئەبوونە هۆی ماندووکردن و بێزاری. (بڕوانە گازت دوتریبینۆ).

کابرای ئێلەگ لەبەری خاوەنی ڕواڵەتی باوکانە (کە ڕەنگە لە کاردیناڵەکان بووبێ) بە زۆری بزە لە سەر لێوی بوو و، کاتێک کە چاوەکانی لە نێوان پێڵووە لەرزۆکەکانیدا بوو، درەوشانەوەیەکی سەیر و دارەتێکی سەمەرەی بەخۆوە ئەگرت کە دڕدۆنگی و سەرسامی لە ڕادەی ئاسایی کەمتر بوو. ئەم کەسایەتییە کە لەبەردەم دووکدا («بەڵام کامە دووک؟» ژوولیەن بە خۆی وت) پێش هەموو کەس نۆرەی قسەکردنی پێدرابوو بۆ ئەوەی بیروبڕواکان بەیان بکات و دەوری دادیاری گشتی ببینێ. بە بۆچوونی ژوولیەن ئەچووە ناو دوودڵی و ئەرخایەن نەبوونەوە و وتەکانی بەرەنجامێکی ڕوونی نەبوو. بەم جۆرە تووشی هەمان کێماسی ئەبوو، کە بە هۆیەوە ڕەخنە لەم جۆرە دادوەرانە ئەگیرێ. دووکیش کە ژوولیەن لێی تێنەئەگەیشت، کاتی گفتوگۆ هەمان ڕەخنەی لێگرت.

کابرای ئێلەگ پۆش، پاش وتنی چەند ڕستەیەک دەربارەی ڕەوشت و فەلسەفەی بەخشندەبوون وتی:

ــ وڵاتی ڕەسەنی ئینگلیز بە سەرۆکایەتی ڕابەرێکی شامێری وەک «پیت»ی[١٣٩] گەورە، بۆ لەناوبردنی شۆڕش چل میلیارد

---

١٣٩ـ ویلیەم پیت: William Pitt (١٧٥٩ـ١٨٠٦) ڕامیاری بە ناوبانگی ئینگلیزی کە دوژمنی سەرسەختی شۆڕشی مەزنی فەڕانسە بوو و سێ جار کۆمەڵێک لە وڵاتانی ئورووپای دژی فەڕانسە هاندا.

فرانکی خەرج کرد. ئەگەر ڕێگەم بدەن ئەمەوێ سەبارەت بە بابەتێکی دڵتەزێن تۆزێ بە ڕاشکاوی قسە بکەم. ئەبێ بڵێم کە ئینگلیز بە باشی سەرنجی خاڵێکی نەدا. ئەویش ئەوەی کە لە خەبات دژی پیاوێکی وەکو ناپۆلیۆن، ئەویش کاتێک کە هیچت بەدەستەوە نەبێ، جگە لە بڕێک نیازی چاکە، تەنها چەکی بڕیاردەر پەنا بردنە بۆ لێزانی و کەرەسەی خۆیی.

خانەخوێ بە شڵەژاوی وتی:

ـ ئەها! دیسانەوەش پەسنی پیاوکوژی!

بەڕێوەبەری کۆڕەکە کە تووڕە ببوو، هاواری کرد:

ـ تکایە لەم مەوعیزە بزوێنەرانە بمانپارێزە!

چاوی بەرازئاسای وەک دڕندەیەک بریسکایەوە، بە کابرای ئێلەگ پۆشی وت:

ـ فەرموو قسەکەت تەواو بکە.

دادیار وتی:

ـ ئەمڕۆ ئینگلیزی مەزن لە پێ کەوتووە. چونکە هەموو ئینگلیزێک، بەر لەوەی پارەی نانی خۆی بدات، ناچارە بەشی خۆی لەو چل میلیارد فرانکە بدات کە بۆ لەناوبردنی ژاکۆبۆنەکان سەرف کرا. ئینگلیز ئیتر پیاوێکی وەکو «پیت»ی نییە.

ئەفسەرێک خۆی گیڤ کردەوە و وتی:

ـ بەڵام دووکی ولینگتۆنی[١٤٠] هەیە.

بەڕێوەبەر هاواری کرد:

ـ تکایە، بێدەنگی! ئەگەر دیسانەوەش مشتومڕ بکەن، کەواتە

---

١٤٠ـ ولینگتۆن: Arthur Wellesley, Duke of Wellington (١٧٦٩ـ١٨٥٢) ڕامیاری ئینگلیزی، سەرەتا لە ئیسپانیا و پورتۆگال و پاشان لە ١٨١٤ لە جەنگی تۆلۆز دژی هێزەکانی فەڕانسە جەنگا و ساڵی ١٨١٥ وەکو فەرماندەی هەموو هێزەکانی دژی فەڕانسە لە واتڕلوو سەرکەوت. لە ڕووی جەستەیی و ئەڤانەوە ئەوەندە بەهێز بوو، ناویان نابوو دووکی پۆلایین.

بوونی مسیۆ سۆرێل بێهوودەیە.

دووک بە دارەتێکی ڕەنجاو ڕووی لەو کەسەی کە قسەکەی پێ بڕیبوو و لە ژنڕاڵەکانی پێشووی ناپۆلیۆن بوو، کرد و وتی:

ــهەموو ئەزانین کە ژنڕاڵ مێشکێکی پڕی هەیە!

ژوولیەن زانی ئەم قسەیە ئەماژەیە بە بابەتێکی تایبەتی و زۆر بریندارکەرە. هەموو بزە گرتنی. وا دیار بوو ژنڕاڵی هەڵگەڕاوە زۆر تووڕە ببوو.

دادیار بە شێوەی نائومێدانەی کەسێک کە لە تێگەیاندنی ڕاستەقینە هیوابڕا بووە، دەستی پێکردەوە:

ــئیتر پیت لە ئارادا نییە. ئەگەر «پێت» ێکی تازەش لە ئینگلیز پەیدا ببێ، ناتوانین نەتەوەیەک لەو ڕێگانەوە فریو بدەین.

ئەو ئەفسەرەی کە قسەکانی پێ بڕیبوو، نەڕاندی:

ــهەر بەم پێیەش پەیدابوونی فەرماندەیەکی داگیرکەری وەکو بۆناپارت لە فەڕانسە کارێکی نەگونجاوە.

ئەمجارەیان نە بەڕێوەبەر و نە دووک نەیانوێرا بێزاری دەرببڕن. هەرچەند ژوولیەن بە ڕای خۆی شوێنەواری ڕق و تووڕەیی لە چاوەکانیاندا بینیبوو. دووک و بەڕێوەبەری کۆڕەکە هەر دوو چاویان داخست و دووک ئاخێکی هەڵکێشا کە هەموو بیستیان.

بەڵام بێژەر شەمزابوو.

بۆیە ئەو شێوازە سەلارەی ئاوێتەی بزە و پڕ لە ئەندازەیەی کە ژوولیەن پێی وا بوو ئەدگاری تایبەتی گیانی ئەوە، بە جارێ نایە لاوە و بە توندی و هەژانەوە وتی:

ــپەلەتانە قسەکانم کۆتایی پێ بهێنم؟ پەلەتانە لە کورتی ببیڕمەوە؟ ئیتر ئاگاتان لەوە نییە من چەندە هەوڵ ئەدەم کە گوێی کەس ــچەندەش درێژیش بێــ ئازار نەدەم؟! زۆر چاکە لە

کورتی ئەیبڕمەوە. جا بە زمانێکی سەرپێیی ڕایئەگەیەنم کە ئینگلیز ئیتر فڕانکێکیشی نییە کە لە ڕێگەی هەڤدا خەرجی بکات. تەنانەت ئەگەر خودی «پێت»یش زیندوو بێتەوە، بەو هەموو بلیمەتییەی خۆیەوە ناتوانێ وردەمالیکی ئینگلیزی هەڵخەڵەتێنێ. چونکە هەموو ئەمانە ئەزانن کە تەنها جەنگی کورتخایەنی واترلوو، یەک میلیارد فڕانکی لە گیرفانی ئەوان تێچووە.

بێژەر کە زیاتر هەژابوو، درێژەی دا:

ــئەتانەوێ بە ڕستەی ڕووت و ڕەوان بۆتان بڵێم کە خۆتان ئەبێ یار و یاوەری خۆتان بن! چونکە ئینگلیز ئیتر یەک لیرەشی بۆ یارمەتیدانی ئێوە نییە. کاتێکیش ئینگلیز پارە نەدا، نەمسا و ڕووسیە و پرووس، کە سەرمایەیان تەنها ئازایەتییە، پارەیان بە دەستەوە نییە، جگە لە یەک دوو جەنگ هیچ کارێکیان لە دژی فەڕانسە پێناکرێ. ڕەنگە هیوای ئەوە هەبێ کە ئەو سەربازە جەوانانەی کە ژاکۆبۆنەکان کۆیان کردۆتەوە، لە پێکادانی یەکەم و دووەمدا تێک بشکێن، بەڵام لە هێرشی سێیەمدا چی ئەبێ؟ هەرچەند ڕەنگە لەبەر چاوی ئێوە کە چاو و گوێتان پڕ بۆتەوە، بە شۆڕشگێڕ بژمێردرێم، بەڵام ئەبێ بڵێم لە جەنگی سێیەم، ڕووبەڕووی سەربازانی ١٧٩٤ ئەبنەوە کە ئیتر سەربازەکانی تیپەکانی ١٧٩٢ نین.

لێرەدا ڕشتەی قسەی دادیار لە چەند لاوە بە یەکجار بڕا.

بەڕێوەبەری کۆبوونەوە بە ژوولیەنی وت:

ــمسیۆ، بۆ پاکنووسکردنی ئەو پێشەکییەی کە نووسیوتە، بچۆ بۆ ئەو دیو.

ژوولیەن بە داخێکی قووڵەوە چووە دەرەوە. دادیار سەبارەت بەو ئەگەرانەی هەمیشە بیری لێئەکردنەوە، دەستی پێکردبوویەوە.

ژوولیەن لای خۆی وتی: «ئەترسن پێیان پێبکەنم.» کاتێک کە دیسانەوە بانگ کرایەوە، جەنابی دولامۆل بە دەنگێکی سەنگین و





پڕ لە هەتەر کە لە لای ژوولیەن کە ئەیناسی، زۆر شیرین و سەیر بوو، ئەیوت:

ــ... بەڵێ بەڕێزان، لە هەموو زیاتر دەربارەی ئەم نەتەوە بێچارەیە کە ئەتوانین بڵێین:

ئەیەوێ ببێ بە خوا؟ تەپڵەک یانە تەشت؟

ئەیەوێ ببێ بە خوا! هاواری هۆنەرە. ئەم قسە بەکاکڵ و بەپێزانە وەکو شتێ بۆ ئێوەیە بەڕێزان! بە هەوڵی خۆتان دەست بدەنە کار. ئەوسایە کە فەڕانسەی ڕەسەن، کەم تا زۆر ئەبێ بە وڵاتێک کە بە ئەڤانی لێبڕاوی باپیرانمان بەدی هاتووە و چاوی ئێمە بەر لە مەرگی لویی شانزەیشی بینیوە. ئینگلیز و لانیکەم چینی ئاریستۆکراتی ئەو وڵاتە، بە ئەندازەی ئێمە ڕقیان لەم ژاکۆبۆنە دزێوانەیە. ئەگەر زێڕی ئینگلیز نەبێ، نەمسا و ڕووسیە و پڕووس دوو سێ جەنگ زیاتریان لەدەست نایەت. جا پێتان وایە ئەم دوو سێ جەنگە بۆ داگیرکردنی سەرکەوتوانە، وەکو ئەو داگیرکردنە گەوجانەیەی جەنابی ڕیشیلیۆ لەساڵی ١٧١٧دا تێکی شکاند، بەس بێ؟ من کە پێم وانییە...

دیسانەوە وتار بڕا، بەڵام ئەم بەرپەرچدانەوەیە لە بەرامبەر بێدەنگی هەمووانێدا ون بوو. ئەم قسە پێ بڕینە دیسانەوەش لە لایەن کۆنە ژنراڵی سەردەمی ناپۆلیۆنەوە بوو کە ئارەزووی حەمبەلی شین لە دڵیدا بوو و ئەیویست لە نێوان نووسەرانی «یاداشتە نهێنییەکان»دا جیاواز بێ.

جەنابی دولامۆل پاش گەردەلوولی غەڵبەغەڵب، دەستی پێکردەوە:

ــمن کە پێم وا نییە.

وشەی «من»یشی ئەوەندە بە گوستاخی وت کە ژوولیەن پێی

خۆش بوو. ژوولیەن کە پێنووسەکەی بە هەمان خێرایی و توندی بەیانی مارکیز بەسەر کاغەزدا ئەفڕاند، بە خۆی ئەوت: «بە ڕاستی کە باش دەوری بینی. جەنابی دولامۆل بە یەک وشە لە شوێنی خۆیدا بەسەر بیست جەنگی ئەم فەرماندە هەڵگەڕاوەدا زاڵ بوو.»

مارکیز بە دەنگێک کە زۆر لەسەرخۆ بوو وتی:

ــلە داگیرکردنی وڵاتدا نابێ تەنها چاو لە دەستی بێگانە بین. هەموو ئەم گەنجانەی کە وتاری ئاگرین لە ڕۆژنامەی «گڵۆب» دا ئەنووسن، سێ چوار هەزار فەرماندەی جەوانتان پێ ئەدەن کە ڕەنگە لە نێوایاندا کەسانی وەکو کلێبر و هۆش و ژوردان و پێشگرۆی هەڵکەوێ. بەڵام کەسانێکی کەم بەهرەتر.

بەڕێوەبەر وتی:

ــ ئێمە هەڵەمان کرد ئەگەر بە شانازییەوە تاجمان نەنایە سەر ئەم پیاوە. ئەبێ ناوەکەی بکەین بە وەرجاوەند.

جەنابی دولامۆل درێژەی دا:

ــبە کورتی لە فەڕانسە ئەبێ دوو پارت هەبێ. بەڵام دوو پارت کە هەڵوێستیان دیار و ئاشکرا بێ، نەک دوو پارت کە تەنها ناویان لێک جیا بێ. ئەبێ لای خۆمان ڕوونی بکەینەوە ئەمانەوێ کێ تێک بشکێنین. لە لایەک ڕۆژنامەنووس و دەنگدەران بە کورتی بیروڕای گشتی و لە لایەکی تریشەوە گەنجان و هەموو ئەوانەی لایەنگری گەنجانن. ئەوسا کە ئەم گەنجانە لە زایەڵەی قسە بێهوودەکانی خۆیان سەرسام بوون، ئەم سوودە مسۆگەرەمان دەستئەکەوێ کە بووجە بەکار بهێنین.

لێرەدا دیسانەوەش ڕشتەی وتار بڕا.

جەنابی دولامۆل بە لووتبەرزی و ئاسانییەکی شیاو بە کابرای قسەکەی بڕیبوو، وت:

ــجەناب، تۆ مەیبڕەوە. هەرچەند ئەم قسەیە دات ئەچڵەکێنێ،

ئەبێ بڵێم کە چل هەزار فرانک لە بووجەی وڵات دائەبڕی و هەشتا هەزار فرانکیش لەو مووچەیەی لە لیستی هاوڵاتیان وەری ئەگری.

ــزۆر چاکە، کە ناچارم ئەکەی. منیش بە ڕاشکاوی، خۆت بە شایەت ئەهێنمەوە. تۆش وەکو باپیرانی مەزنت کە لەگەڵ سەن لویی چوون بۆ جەنگی خاچپەرستان، ئەبێ لە بەرامبەر ئەم یەکسەد و بیست هەزار فرانکەدا لانیکەم هێزێک، تیپێک، ئەڵێم چی! یەک لقم پیشان بدەن. ئەگەر نەفەرەکانی لە پەنجا کەسیش پتر نەبێ. بەڵام پەنجای گوجوگۆڵ کە تا گیانی تیابێ لە پێناوی هەقدا خەبات بکات. تۆ جگە لە کۆمەڵێک خزمەتکار کە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕش ئەبنە مەترسی لە سەر خۆت، خۆ کەست نییە! تا ئەو ڕۆژەی کە هەر مەڵبەندێک هێزێکی پێنجسەد کەسی گیانبازی تیا بەدی نەیەت، هەموو کات تەختی پاشایەتی، نوێژگە و چینی ئاریستۆکرات مەترسی تیاچوونی لەسەرە. کاتێک کە ئەڵێم گیانباز مەبەستم تەنها ئازایەتی فەڕانسی نییە، بەڵکو وەفاداری ئیسپانیش لە ئارادا بێ. نیوەی ئەم دەستەیە ئەبێ لە کوڕان و برازا و خوشکەزای خۆمان و بە کورتی لە مناڵانی خانەدان و پاکنەژاد بن. هەرکام لەمانەش ئەبێ گوندییەکی وەکو کاسەلینۆ[١٤١] بۆ خۆی بدۆزێتەوە. نە لە کەسانی فرەوێژی چینی سێهەم، کە ئەگەر ١٨١٥یەکی تر بێتە پێشەوە، ئامادەیە کە ئاڵای سێ سووچی سێ ڕەنگ بەرز بکاتەوە. خانەدانی ئێمە ئەم گوندییە ڕائەهێنێ و گوندییش کاتی پێویست وەک برای شیری ئەو ئەبێت. هەر کام لە ئێمە ئەبێ بۆ پێکهێنانی ئەم پۆلە بە ژمارە کەم و بە ناوەڕۆک گیانبازە پێنجسەد کەسییە لە هەر مەڵبەندێک، لە یەک لە سەر پێنجی داهاتی خۆی چاوپۆشی بکات. ئەوسا ئەتوانین لەوە

١٤١ـ کاسەلینۆ: Cathelineau (١٧٥٩ـ١٧٩٣) کوڕە بەنایەک بوو تا پلەی فەرماندە ڕۆیشت. لە جەنگەکانی سەردەمی شۆڕش لە ڤەندەی ئازایەتی نواند و لە هێرش بۆ سەر نانت کوژرا.

دڵنیا بین کە وڵات ئەتوانێ لە لایەن بێگانەوە داگیر بکرێ. تا ئەو ڕۆژەی بە پادشاکانی بێگانە نەڵێین کە بیست هەزار خانەدان بۆ کردنەوەی دەروازەکانی فەڕانسە و بۆ چەک هەڵگرتن ئامادەن گوێ لە قسەتان ڕاناگرن. ئەڵێین ئەم کارە دژوارە؟ سەروەران، ئەمە نرخی سەرەکانی ئێمەیە. لە نێوان ئازادی ڕۆژنامەگەری و بوونی ئێمەدا، وەکو خانەدان و دارا و دەمڕاست، جەنگی مان و نەمان بەرپا بووە. بڕۆن ببن بە پیشەگەر یان جوتیار یان دەست بدەنە چەک. ئەگەر ویستتان ترسنۆک بن، بەڵام گەوج مەبن! چاوتان بکەنەوە!

درێژەی دا:

ــمن بە دەقی سروودی دەستەی ژاکۆبۆنەکان بە ئێوە ئەڵێم: بەتالیۆنەکانتان پێک بهێنن. ئەوسا گوستاڤ ئادۆڵڤێکی[١٤٢] پاکنەژاد پەیدا ئەبێ کە لە بینینی مەترسی بەسەر سەری پاشایەتییەوە هەستی ئەبزوێ و وەک ڕەشەبا سێسەد فرسەنگ لە سنوورەکانی خۆی دوور ئەکەوێتەوە، تا ئەو کارە بۆ ئێوە بکات کە گوستاڤ بۆ شازادە پرۆتستانەکانی ئەنجام دا. تا کەی هەر قسەی بێ کردەوە؟ پەنجا ساڵی تر لە ئورووپا جگە لە سەرەک کۆمار چی تر نامێنێ. ئیتر شایەک لەم ناوچەیە نابینرێ. بە گوێرەی ئەم پیتانەی پــاــدــشــا قەشە و ئاریستۆکراتیش ئەفەوتێن. من کە ئیتر جگە لەو پاڵێوراوانە نابینم کە کاریان بوو بە مەراییکردن بۆ جەماوەری چەپەڵ. لەخۆڕا مەڵێن کە فەڕانسە ئێستە ژنڕاڵی بەناوبانگ و بە دەسەڵاتی نییە کە لای هەمووان ناسرابێ. کاتێک کە بناغەی سپا بە قازانجی تاج و تەخت و نوێژگەیە، کاتێک کە هەرچی کۆنە سەرباز هەیە، لە سپا وەرگیراوە، لە کاتێکا کە هەرکام

١٤٢ ـ گوستاڤ ئادۆڵف: Gustavus_Adolphus پادشای سوید، ساڵی ١٥٩٤ لەدایک بوو . لە ساڵی ١١٦١ تا ١٦٢٣ شای سوید بوو. کابرایەکی لێهاتوو و بەرزەفڕ بوو. سپای سویدی بووژاندەوە و لە شەڕی سی ساڵەدا یارمەتی پڕۆتستانەکانی ئاڵمانی دا.

لە هێزەکانی پڕووس و نەمسا پەنجا ئەفسەر و جێداری هەیە کە جەنگیان بینیوە. دووسەد هەزار جەوانی سەر بە وردەبورژوازی خولیای جەنگن.

کابرایەکی مەنگ بە شێوەیەکی لەخۆڕازی وتی:

ــوتنی ڕاستی ناخۆش ئیتر بەسە!

وا دیار بوو کە ئەم کابرا لە بواری قەشەیی‌دا زۆر پێشکەوتبوو، چونکە جەنابی دولامۆل لەبری ئەوەی تووڕە ببێ، بزەیەکی کرد و ئەم بزەیەش لە چاوی ژوولیەن‌دا زۆر بەواتا بوو.

ــبەڕێزان، وتنی ڕاستی ناخۆش ئیتر بەسە! باسەکە کورت ئەکەینەوە. ئەو کەسەی کە پێویستە بە هۆی نەخۆشینی تیراوێ قاچی ببڕنەوە، زۆر نەشیاوە بە نەشتەرگەر بڵێ: ئەم قاچە داڕزاوەی من زۆر ساخە. لەم بەراوردکردنە بمبوورن، بەڵام دووک ... ی مەزن نەشتەرگەری ئێمەیە.

ژوولیەن بیری کردەوە: «سەرەنجام ڕازی گەورە درکێنرا، من ئەمشەو بەرەو ... غاری ئەدەم.»

بەندی XXIII

# قەشەی لێڕی ئازادی

یەکەم ڕێسای هەموو بوونەوەرێک خۆپاراستن و ژیانە،
ئێوە ژەهری شەوکەران ئەچێنن و
بە تەمان گەنم هەڵبگرنەوە!
(ماکیاڤیللی)

کابرای مەنگ هێشتاش هەر قسەی ئەکرد. دیار بوو ئاگای لە شتەکان هەیە. لە دەربڕینی ئەم ڕاستیانەی خوارەوە، ئەوەندە بە دەمپاراوی ددانی پێدا ئەنا، کە ژوولیەن پێی خۆش بوو:

١. ئینگلیز بۆ یارمەتیدانی ئێمە هیچ پارەی نییە. لەوێ سەردەمی ئابووری و هیومە[١٤٣]. تەنانەت دیندارە پاکیزەکانیش پارەمان نادەنێ و مسیۆ بروامیش[١٤٤] گاڵتەمان پێئەکا.

٢. ئەگەر زێڕی ئینگلیز نەبێ، لە دوو جەنگ زیاتر لە شاکانی ئۆرووپا ناتوانین ببینین. دوو جەنگیش بۆ خەبات لە دژی وردەبورژوازی بەس نییە.

٣. دامەزرانی پارتێکی چەکدار لە فەڕانسە پێویستە و ئەگەر پارتێکی وا بەدی نەیەت، حکوومەتی پاشایەتی ئەو دوو جەنگەشی پێناکرێ.

٤. کە ئەتوانم بە ڕاشکاوی وەکو خاڵێکی ڕوون و ئاشکرا

---

١٤٣ـ دەیڤید هیووم: David Hume (١٧١١ـ١٧٧٦) فەیلەسوف و میژوونووسی سکاتلەندی، لە پێشڕەوانی ئیمپیریسیسم یان ئەزموونگەرایی.

١٤٤ـ مسیۆ بروام: Lord Brougham (١٧٧٨ـ١٨٦٨) ڕامیاری بریتانیایی، لە ڕامیاری‌دا حیزبی با بوو.



ڕایبگەیەنم:

ئەگەر ئاینیەکانمان لەگەڵ نەبێ، پێکهێنانی پارتی چەکدار لە فەڕانسە نالوێ. ئەم لایەنە بە دڵنیاییەوە ڕائەگەیەنم و هەر ئێستەش ئەیسەلمێنم بۆ؟ ئەبێ هەموو شت بە قەشەکان بدەین:

یەکەم، لەبەر ئەوەی بە ڕۆژ خەریکی کاری خۆیانن و لە لایەن کەسانی زۆر بەتوانا و لێهاتووەوە سەرکردایەتی ئەکرێن، کە بە دوور لە گەردەلوول و شۆڕش لە سێسەد فرسەنگی سنوورەکانی ئێوەدا دانیشتوون.

خانەخوێ هاواری کرد:

ـ ئا! ڕۆما، ڕۆما!

کاردینالْ بە دفرە و شانازییەوە وتی:

ـ بەڵێ، جەناب ڕۆما! سەرەڕای ئەو گاڵتەجاڕییە وەستایانەی لە سەردەمی گەنجێتی تۆدا باو بوو، من لە ساڵی ١٨٣٠دا بەدەنگی زەلاڵ ڕایئەگەیەنم کە پیاوی ئاینی، بە سەرکردایەتی ڕۆما، تەنها ئەو دەستەیەن کە ئەتوانن لەگەڵ کۆمەڵانی جەماوەر قسە بکەن.

پەنجا هەزار قەشە، لە ڕۆژێکدا کە لە لایەن پێشەواکانیانەوە پێیان ئەوترێ، بە دروشم و زمانێکی تایبەت قسە بۆ خەڵک ئەکەن. جەماوەری نەتەوەش بەدیهێنەری سەربازە، لە هەموو شتێکی ورد و درشتی ئەم دنیایە زیاتر، بە دەنگی قەشەکانیان شۆر و هەڵچوون ئەیانگرێ. (ئەم ناوهێنانە تایبەتە بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی غەڵبەغەڵبی نارەزایی).

کاردینالْ بەرزتر دەنگی هەڵێنا و وتی:

ـ بلیمەتیی پێشنوێژی وتاربێژ لە بلیمەتی ئێوە، بالاترە. هەموو ئەو بابەتە گرنگانەی ئێوە، واتە بەدیهێنانی پارتێکی

چەکدار لە فەڕانسە، لە لایەن ئێمەوە هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە. لێرەدا بەڵگەی هەندێ جموجۆڵ بە دەستەوەیە... کێ هەشتا هەزار تفەنگی ناردووە بۆ ڤەندەی؟ و هتد. قەشەی سەر مینبەر تا ئەو ڕۆژەی جەنگەڵەکانی خۆی بە دەست نەهێناوە، هیچ نییە. لە یەکەم خولەکانی داگیرسانی ئاگری جەنگەوە، وەزیری دارایی بە فەرمانبەرانی خۆی ڕایئەگەیەنێ کە لەمەولا جگە لە قەشە، پارە بۆ هیچ کەسی تر نییە. لە ڕاستیدا فەڕانسە دینی نییە و لایەنگری جەنگە. هەرکەسیش ئەو جەنگە بۆ فەڕانسە بەرپا بکات، لە دوو ڕوانگەوە ئەبێ بە خۆشەویستی نەتەوە. چونکە هەڵسان بە جەنگ بە وتەی جەماوەر، بە واتای برسی کردنی یەسووعیەکانە. جەنگ هەروەها بە واتای ڕزگار بوونە لە دێوەکانی دفرە و خۆپەرستی فەڕانسەیی، لە ترسی دەستێوەردانی بێگانە.

بەشداران بە تامەزرۆییەوە گوێیان لە کاردیناڵ ڕاگرتبوو. کاردیناڵ لە درێژەی قسەکانیدا وتی:

ــ مسیۆ دونرڤال ئەبێ لە وەزارەت لابچێ. هەر ناوەکەی لەخۆڕا خەڵکی تووڕە ئەکا و ئەیانهەژێنێ.

لە میانەی ئەم قسەیەدا، هەموو ڕابوون و بە یەکجار کەوتنە مقۆمقۆ. ژوولیەن لای خۆی وتی: «ئەها، دیسانەوە ئەمکەنە دەرەوە!» بەڵام سەرۆکی ژیری کۆبوونەوە، لە تاوی خۆی بوونی ژوولیەنی لەبیر کردبوو.

هەموو چاوەکان بۆ پیاوێک ئەگەڕا کە ژوولیەن ئەیناسی. ئەم کەسە مسیۆ دونرڤاڵی سەرۆک وەزیران بوو، کە ژوولیەن لە کۆڕی سەمای مسیۆ لۆدووک دوڕێتز دیبووی.

وەک ڕۆژنامەکان سەبارەت بە وتووێژەکانی ناو پارلەمان ئەیاننووسی، هەڵچوون گەیشتبوویە ئەوپەڕی خۆی. پاش چارەکێک، وردە وردە ئارامی گەڕایەوە.

ئەوسا مسیۆ دونرڤاڵ هەڵسا و بە دەنگێکی فریشتەئاسا و بە شێوازێکی سەیر وتی:

ــتەنها بۆ یەک چرکەش نایشارمەوە و ناڵێم حەزم لە وەزارەت نییە. ئەوەش شتێکی ئاشکرایە کە ناوی من لە ئەنجامی هەژاندنی ژمارەیەکی زۆر لە میانەڕەوەکان لە دژی ئێمە، هێزی ژاکۆبۆنەکان دوو بەرامبەر ئەکات؛ بۆیەشە من بە دڵنیایی ئەبێ لابچم. بەڵام ڕێگەی خوا، تەنها لە ژمارەیەکی کەمی جەماوەر ئاشکرایە.


لێرەدا خێسەی بڕییە کاردیناڵ و درێژەی دا:

ــبەڵام من ئەرکێکم لە سەر شانە. خوا پێی وتووم یان سەرت ئەچێتە بن گیوتین یان دامودەزگای پاشایەتی سەرلەنوێ لە فەڕانسە دائەمزرێنیتەوە و سەقامگیری ئەکەیت و هەر دوو پارلەمان و ئەنجومەنی پیران بەو جۆرەی لە سەردەمی لویی پانزەدا هەبوو، لێئەکەیتەوە و... بەڕێزان دڵنیا بن منیش ئەو کارە ئەکەم!

کۆتایی پێهێنا، لە شوێنی خۆی دانیشتەوە و بێدەنگییەکی گەورە کەوتەوە.

ژوولیەن بە خۆی وت: «ئەکتەرێکی لێهاتووە!» بەڵام ئەمجاریش وەکو هەموو جارەکانی تر کە جەماوەی، بە خاوەنی هۆش و زانایییەکی لە ڕادەبەدەر ئەزانی، لە هەڵەدا بوو. مسیۆ دونرڤاڵ کە لە ئەنجامی مشتومڕە گەرموگوڕەکانی ئەو شەوە نموونەیەدا هەژابوو، بە تایبەت لە ئەنجامی ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی گفتوگۆکەدا گەرم داگیرسابوو، لەو ساتەدا بڕوای بە ڕاسپاردەکەی خۆی هەبوو. ئەم کابرایە بەو ئازایەتیە مەزنەی خۆیەوە یەک تۆزیش هەستی نییە.

لە ماوەی بێدەنگی پاش ڕستە جوانەکەی: منیش ئەو کارە






ئەکەم! کاتژمێر زەنگی نیوەشەوی لێدا. ژوولیەن هەستی کرد لە زەنگی کاتژمێردا شتێکی سامدار و شووم هەیە. بە قووڵی هەژابوو.

ئەوەندەی پێنەچوو، مشتومڕ بە وزەیەکی زیاترەوە و بە تایبەت بە ساکارییەکی سەمەرەوە دەستی پێکردەوە. ژوولیەن هەندێجار لە دڵی خۆیدا ئەیوت: «ئەمانە ئاخرەکەی ژەهرم دەرخوارد ئەدەن! ئەمانە چۆن ئەم قسانە لە بەردەم بۆرەپیاوێکی وەکو مندا ئەکەن؟»

دوو کاتژمێر لە نیوەشەو تێپەڕیبوو بەڵام مشتومڕ هێشتاش بەردەوام بوو. خانەخوێ ماوەیەک بوو خەوتبوو. جەنابی دولامۆل بۆ گۆڕینی مۆمەکان ناچار بوو زەنگی لێدا. مسیۆ دونرڤاڵی سەرۆک وەزیران یەک کاتژمێر و سێ چارەک پاش نیوەشەو، چووبوویە دەرەوە. بەڵام تا ئەو کاتە چەندین جار لەو ئاوێنەیەی لە لایەوە بوو، لە ڕواڵەتی ژوولیەن وردببوویەوە. وا پێئەچوو ڕۆیشتنی ئەم پیاوە ئەندێشەی هەمووانی ئاسوودە کردبێ.

کاتێک کە خزمەتکار خەریکی گۆڕینی مۆمەکان بوون، کابرای ئێلەگ لەبەر بە ئەسپایی بەوەی تەنیشتی وت: «خوا ئەیزانێ ئەم کابرایە چی بە شا ئەڵێ! بۆی هەیە بە کۆمەڵێک گێل و گەوجمان بداتە قەڵەم و قوڕ بکات بە سەرماندا! ئەبێ دان بەوەدا بنێین کە پیاوێکی لەخۆ ڕازییە و نازانم بە چ ڕوویەکەوە دێ بۆ ئێرە. بەر لە وەزیری لێرە ئەبینرا، بەڵام وەزارەت هەموو شت ئەگۆڕێ و هەموو بەرژەوەندی و خولیاکانی مرۆڤ هەڵئەلووشێ و ئەبوا لەم لایەنە تێگەیشتبا.»

ژنراڵی پێشووی بۆناپارت، دەسبەجێ لە دوای ڕۆیشتنی سەرۆک وەزیران، چاوەکانی بەستبوو. لەمکاتەدا باسی ئێش و برینەکانی کرد، ڕوانییە کاتژمێرەکەی و چووە دەرەوە.

کابرای ئێلەگ پۆش وتی:

ــگرەوت لەگەڵ ئەکەم ژنراڵ هەلاّت بە دوای سەرۆک وەزیراندا. ئەوەتا لێرە داوی لێبوردنی کرد و لەوێش ئەڵێ دەسەلاّتی هەموومانی بەدەستەوەیە.

کاتێک کە خزمەتکاری نیوە خەوتوو لە گۆڕینی مۆمەکان بوونەوە، بەڕێوەبەر وتی:

ــڕێگە بدەن لە ئێستەوە بە ئەندێشە کار بکەین و لەوە زیاتر هەوڵی قەناعەت پێکردنی یەکتری نەدەین. وەرن بیر لە دارشتنی ئەو یاداشتە بکەینەوە کە تا چل و هەشت کاتژمێری تر لەبەر چاوانی دۆستانی دەرەوەی ئێمەدا ئەبێ. لەم کۆڕەدا باسی وەزیران کرا. ئێستەش کە مسیۆ دونرڤاڵ لێرە نەماوە، ئەتوانین بڵێین کە بوون و نەبوونی وەزیران لە لای ئێمە یەکە. ئێمە هەر ئەرکێک کە بمانەوێ بۆیان دیاری ئەکەین.

کاردیناڵ بە پێکەنینێکی شیرین ئەم قسانەی پەسەند کرد.

کاردیناڵی جەوانی ئاگد بە هەڵچوونێکی شاراوە و ناچاری کە زادەی گرژترین دەمارگیری بوو، وتی:

ــبە ڕای من، ئاسانترین ڕێگە ئەوەیە کە بە کورتی هەلومەرجی خۆمان هەڵسەنگێنین.

کاردیناڵ، کە تا ئەو کاتە هیچی نەوتبوو و چاوەکانی، کە ژوولیەن سەرەتا ئارامی و مەنگی تیابینیبوو، پاش یەکەمین کاتژمێری مشتومڕ بە توندی داگیرسابوو، ئەوا ئێستە دڵی وەکو ئاگراوی بورکانی ڤیزۆ لە کەفوکوڵدایە.

کاردیناڵ وتی:

ــلە ساڵی ١٨٠٦ـەوە تا ١٨١٤ تەنها هەڵەی ئینگلیز ئەمە بوو کە ڕاستەوخۆ بەرەنگاری ناپۆلیۆن نەبوویەوە. ئەو ڕۆژەی کە ئەم کابرایە کۆمەڵێک دووک و خەزنەداری بەدیهێنا و دامودەزگای

شایەتی پێکەوە نا، ئەو ئەرکەی خوا پێی ڕاسپاردبوو، کۆتایی پێهات. ئیتر بە کاری هیچ نەئەهات مەگەر مردن. پەرتووکی پیرۆز لە زۆر جێگەدا ڕێگەی لابردنی ستەمکارانی بە ئێمە پیشان داوە. (لێرەدا چەند ڕستەی بە زمانی لاتین وت). ئەمڕۆ ئیتر باس، باسی کوشتن نییە، کە ئەبێ پاریس بکوژرێ. سەرانسەری فەڕانسە پەیڕەوی پاریسە. ڕێکخستنی پێنجسەد کەس لە هەر مەڵبەندێک چ سوودی هەیە؟ کارێکی مەترسیدارە کە سەری درێژە. لە کارێکدا کە هی پاریسە، تێکەڵکردنی فەڕانسە چ قازانجێکی هەیە. تەنها شاری پاریسە کە بەو ڕۆژنامە و هۆڵانەیەوە خراپەی کردووە. خوا خۆی ئەم بابلە تازەیە کاول بکات. لە نێوان میحراو و پاریسدا، کار ئەبێ یەکسەرە بکرێتەوە. ئەم کارەساتە تەنانەت لە ڕوانگەی دنیایشەوە بە قازانجی تەختی پاشایەتیە. پاریس بۆچی لە سەردەمی بۆناپارتدا ئەیئەوێرا هەناسە بدات؟ ئەبێ لە تۆپەکانی «سەن ڕۆک»[١٤٥] بپرسن...

سەرەنجام کاتژمێر سێی پاش نیوەشەو بوو کە ژوولیەن لەگەڵ جەنابی دولامۆل چوونە دەرەوە.

مارکیز شەرمەندە و ماندوو بوو. کاتێک کە لەگەڵ ژوولیەن قسەی ئەکرد، یەکەم جار بوو کە تکا و پاڕانەوە لە دەنگیدا بەدی ئەکرا. ئەیویست بەڵێنی لێوەربگرێ کە ئەو هەڵچوونە بەپەرۆشانەی بە ڕێکەوت بینیوێتی، هەرگیز ئاشکرای نەکات. هەڵچوونی بەپەرۆش دەستەواژەی تایبەتی مارکیز بوو. «تا ئەو کاتەی کە دۆستەکەی دەرەوەمان بۆ ناسینی گەنجە شێتەکانی ئێمە نەیپرسیوە و پێی دانەگرتووە، باسی ئەم بابەتەی بۆ مەکە. ڕووخانی حکوومەتی

١٤٥ ـ سەن ڕۆک : Saint ـ Roch یەکێکە لە کلیساکانی پاریس لە کۆڵانی سەنت ئۆنۆرە. سەردەمی شۆڕشی مەزن بە فەرمانی ناپۆلیۆن ژمارەیەک لە دوژمنان و خەنیمانی کونوانستۆن لە سەر پلیکانەکانی ئەم کلیسایە، تیرەباران کران...

ئێمە ئەبێ چ کاریگەرییەکی لە سەر ئەوان هەبێ. ئەبن بە کاردینالْ و پەنا ئەبەن بۆ ڕۆما و ئێمەش لە کۆشکەکانی خۆمان بە دەستی جوتیارەکان ئەکوژرێین.»

یاداشتی نهێنی کە جەنابی مارکیز دولامۆل لە سەر بناغەی ڕاپۆرتە بیست و شەش لاپەڕەییەکەی ژوولیەن ئامادەی کرد، سەرەنجام کاتژمێر چوار و سێ چارەکی پاش نیوەشەو ئامادە بوو.

مارکیز وتی:

ــمن ئەوەندە شەکەتم خەریکە ئەمرم. ئەمەش لەم یاداشتەوە دیارە کە کۆتاییەکەی هیچ ڕوون نییە و زیاتر لە هەموو ئەو کارانەی کە کردوومە ڕقم لێیەتی. دۆستی بەڕێز، بڕۆ چەند کاتژمێرێک بحەسێرەوە. لە ترسی ئەوەش کە نەکا بتڕفێنن، من بە دەستی خۆم دەرگاکەت لە سەر قفلْ ئەکەم.

بەیانی ئەو ڕۆژە، مارکیز، ژوولیەنی برد بۆ کۆشکێکی پەرت و جیا کە زۆر لە پاریس دوور بوو. لەوێ، کۆمەڵێکی سەیریان بینی کە ژوولیەن بە قەشە و ڕەببانی زانین. پاسپۆرتێکی پێدرا بە ناوێکی خوازراوەوە. بەڵام مەبەستی سەفەر، کە ژوولیەن دەربارەی تا ئێرە خۆی لە گێلی دابوو، لەم پاسپۆرتەدا بە ڕوونی نووسرابوو. تاک وتەنها سواری فایتوونێکی سەر ئاوەڵە بوو.

مارکیز لە ڕوانگەی بیری ژوولیەنەوە هیچ نیگەران نەبوو. چونکە چەندین جار یاداشتی نهێنی لەبەر بۆ خوێندبوویەوە. بەڵام زۆر لەوە ئەترسا کە ژوولیەن بگیرێ.

کاتێک کە ژوولیەن لە هۆڵەکە ئەچووە دەرەوە، مارکیز دۆستانە پێیوت:

ــلە بیرت بێ، چی ئەکەی بیکە، بەڵام ئەبێ ڕواڵەتی گەنجێکی لەخۆڕازیت هەبێ کە بۆ ڕابواردن ئەچێ بۆ گەشت. ڕەنگە لە

کوڕەکەی دوێشەودا چەند برایەکی درۆیین هەبووبێ.

گەشت زۆر خێرا و زۆر خەمگین بوو. ژوولیەن هێشتا لە چاوی مارکیز دوور نەکەوتبوویەوە کە هەم یاداشت و هەم ئەرکی خۆی لە بیر بردەوە و جگە لەو سووکایەتییەی ماتیلد پێی ڕەوا بینیبوو، بیری لە هیچی تر نەکردەوە.

لە گوندێک کە چەند فرسەنگ لە پاش شاری مێتز، بەڕێوەبەری پۆستخانە پێی ڕاگەیاند کە ئەسپی حەساوەی لێ نییە. کاتژمێر دەی شەو بوو. ژوولیەن تۆزێک وەڕەز بوو. داوای شێوی کرد. لەبەر دەرگا پیاسەیەکی کرد و بە شێوەیەک کە هەستی پێنەکرێ، پێی خستە ناو گەوڕەکەوە. ئەسپی لێ نەبینی.

ژوولیەن بە خۆی وت: «سەرەڕای ئەمەش ڕواڵەتی ئەم کابرایە سەیر بوو. چاوە داچەقاوەکانی هەڵیئەسەنگاندم!»

وردە وردە وا دەرئەکەوت، ئەوەی پێی ئەڵێن بڕوای پێ ناکا. پنداری ئەوەی لەسەردا بوو پاش نانخواردن هەڵێ. بۆ ئەوەش کە زانیارییەک سەبارەت بە ناوچەکە دەست بخات، لە ژوورەکەی چووە دەرەوە و بۆ خۆ گەرمکردنەوە چوو بۆ چێشتخانە. چەندە شادمان بوو کە دۆستی خۆی ئیل سنیۆر جرۆنیمۆی لەوێ بینی!

گۆرانیبێژی ناپۆلی لە کورسییەکی دەسکداردا کە لای ئاگرەکەوە بۆیان دانابوو، دانیشتبوو و بە دەنگی بەرز ئەینالاند و بە تەنها خۆی لەو بیست ئاڵمانییەی دەوریان گرتبوو، زیاتر قسەی ئەکرد.

هاواری لە ژوولیەن کرد:

ــئەمانەماڵیان کاول کردووم. بەڵێنم داوە بەیانی لە ماینس گۆرانی بڵێم. حەوت شازادەی فەرمانڕەوا بۆ بیستنی دەنگی من چوون بۆ ئەوێ.

ئەوسا بە دەنگێکی تایبەت وتی:

ــبا بچین تۆزێ هەوا لێمان دات.

ئەوەندەی کە سەد هەنگاوێک دوور کەوتنەوە و هەستی کرد دەنگی نابیسرێ، بە ژوولیەنی وت:

ــئەزانی چ باسە؟ ئەم بەڕێوەبەری پۆستخانەیە کابرایەکی کلاوبازە. لەو گەورەی ئەوبەری گوند لە دوانزە ئەسپ زیاتری لێیە. مەبەستی ئەوەیە کە پۆستەکە دوا بکەوێ.

ژوولیەن بە دەنگێکی ساکار وتی:

ــبەڕاستە؟

سەردەرهێنان لە ڕاستی کلاوبازی، چارەی دەرد نەبوو. ئەبوایە بکەونە ڕێ. ئەمەش کارێک بوو بە جرۆنیمۆ و هەڤاڵەکەی نەئەکرا. سەرەنجام گۆرانیبێژ وتی:


ــئەبێ چاوەڕێ بکەین ڕۆژ ببێتەوە. گومانیان لێکردووین. ڕەنگە کاریان بە تۆ بێ یان بە من. بەیانی داوای بەرچاییەکی باش ئەکەم و کاتێک کە خەریکی سازکردنی بەرچایین، ئەچین بۆ گەڕان. هەڵدێین و ئەسپ وەرئەگرین و خۆمان ئەگەیەنینە پۆستخانەیەکی تر.

ژوولیەن کە پێی وا بوو خودی جرۆنیمۆش بۆ ڕێ لێگرتن و گرتنی ئەو نێردراوە، وتی:

ــئەی شمەک و کەرەستەکانی تۆ چییان بەسەر دێ؟

بە ناچار کاتی ئەوە هاتبوو کە شێو بکەن و بچن بخەون. ژوولیەن هێشتا لە یەکەم قۆناغی خەودا بوو کە بە دەنگی دوو کەس کە بە بێ گوێدان لە ژوورەکەی ئەودا قسەیان ئەکرد، لە خەو ڕابوو.

ژوولیەن بەڕێوەبەری پۆستخانەی ناسییەوە. فانۆسێکی بە دەستەوە بوو کە ئەکرا بە ئاسانی ڕووناکیەکەی بشاریتەوە. تیشکی فانۆس ڕووی لە «باوڵی فایتوون»ـەکە بوو کە بە فەرمانی



## قەشە، لێڕ، ئازادی [٢٣]

ژوولیەن هێنرابوو بۆ ژوورەکەی ئەو. بەڕێوەبەری پۆستخانە کابرایەکی لەگەڵ بوو کە ئارام و ئاسوودە خەریک بوو باوڵە کراوەکە ئەگەڕا. ژوولیەن جگە لە قۆڵی کراسەکەی کە ڕەنگی ڕەش و پڕ بە بەری بوو، هیچی نەئەبینی.

بە خۆی وت: «ئەمە جبەی قەشەیە.» ئینجا بە ئەسپایی دەمانچە بچووکەکانی لە بن سەرینەکەی دەرهێنا و گرتنی بەدەستییەوە.

بەڕێوەبەری پۆستخانە ئەیوت:

ـ جەنابی پێشنوێژ، خەمتان نەبێ. خەبەری نابێتەوە. ئەو شەرابەی کە پێیان دراوە، لەو شەرابەیە کە خۆتان دروستان کردووە.

پێشنوێژ وەڵامی دایەوە:

ـ هیچ کاغەزێک لێرەدا نابینم. جلێکی زۆر و هەموو جۆرە بۆن و ڕۆن و شانە و وردە و پردە لەم باوڵەدا هەیە. ئەمە جەوانێکی ئەم سەردەمەیە کە کاری ڕابواردنە. ڕەنگە ئەوی تریان پەیامەکەی پێ بێ کە بۆ شوێنە ونکێ بە زاری ئیتالیایی قسە ئەکات.

هەردووکیان بۆ گەڕانی گیرفانەکانی ژوولیەن لێی نزیک بوونەوە. ژوولیەن زۆر بە توندی دابووی لەسەری وەکو دز هەردووکیان بکوژێ. ئەم کارە کەمترین هەڕەشەی نەئەهێنایە سەری. بە توندی ئەیویست ئەو کارە بکات. بە خۆی وت: «ئەوسا گەوجێکی تەواوەتیم و ئەرکی سەرشانم ئەکەوێتە مەترسییەوە.» کاتێک کە گەڕانی جلەکانی ژوولیەن کۆتایی پێهات، قەشە وتی:

ـ ئەم جەوانە بۆنی ڕامیاری لێنایەت!

ڕۆیشت و، کارێکی ژێرانەی کرد کە ڕۆیشت.

ژوولیەن بە خۆی ئەوت:

ـئەگەر لە ناو جێگە دەستم لێبدات، بەدا بە ڕۆژی! ڕەنگە بۆ ئەوە هاتبێ خەنجەرێک لە سینەم بچەقێنێ و ئەمەش ئەو کارەیە کە من ڕێی پێنادەم.

پێشنوێژ ڕووی وەرگێڕا. ژوولیەن تا نیوە چاوی کردبوویەوە. چ سەرێکی لێ ئاوسا! ئەم کابرایە خۆ قەشە کاستانێد بوو! لە ڕاستیدا هەرچەند ئەیانویست بە ئەسپایی قسە بکەن، بەڵام ژوولیەن هەر لە سەرەتاوە هەستی بەوە کردبوو کە یەکێک لە دەنگەکانی ناسیوەتەوە. ژوولیەن تووشی ئەو خولیایە بوو کە یەکێک لە پەستترین و بێڕەگترین خوێڕییەکانی ئەم سەردەمە لە سەر عەرز هەڵگرێ.

بە خۆی وت: «بەڵام ئەی ڕاسپاردەکەم؟»

پێشنوێژ و هاوکارەکەی چوونە دەرەوە. چارەکێک پاشتر، ژوولیەن وای دەرخست لە خەو ڕابووە. بانگی کرد و هەمووی ڕاچڵەکاند.

هاواری ئەکرد:

ـلێرە ژەهریان دەرخواردی من داوە. ئازارێکی سەختم هەیە.

بۆ بیانوویەک ئەگەڕا بچێ بۆ یارمەتی جرۆنیمۆ. چاوی پێی کەوت کە بە هۆی «لۆدانۆم»ی[١٤٦] ناو شەرابەکە هەناسەی سوار بوو.

ژوولیەن کە لەم گۆڵمەزە ئەترسا، کاتی نانخواردن، لەبری نانی ئەوان بەو شوکۆلاتەی لەگەڵ خۆی هێنابووی خۆی تێر کردبوو. ژوولیەن نەیتوانی جرۆنیمۆ بە ئاگا بهێنێت کە پێکەوە بکەونە ڕێ.

١٤٦ـ لۆدانۆم: Laudanum ژەهرێکی تراوە لە تریاک ئەگیرێ.






گۆرانیبێژ ئەیوت:

ــ ئەگەر هەموو ناپۆلیم پێ بدەن، ناتوانم لەم خەوە خۆشە ڕابیم.

ــ ئەی حەوت شازادەکەت چی لێئەکەی؟

ــ با چاوەڕێ بن!

ژوولیەن تاق و تەنها کەوتە ڕێ و بە بێ ئەوەی شتێکی تر ڕوو بدات گەیشتە خزمەتی ئەو کەسایەتییە باڵایە. لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ بە بێهوودە داوای چوونە ژوورەوەی کرد. خۆشبەختانە کاتژمێر چواری ئێوارە، دووک هەستی کرد ئەبێ هەوایەک لێی بدات. ژوولیەن بینی کە بە پیادە هاتە دەرەوە. ئەویش لێی نەوەستا لێی نزیک بوویەوە و داوای خێری لێکرد. کە گەیشتە دوو هەنگاوی ئەو مرۆڤە مەزنە کاتژمێرەکەی مارکیز دولامۆلی پیشان دا. بە بێ ئەوەی سەیری بکرێ، پێی وترا: دووراودوور بە دوامدا وەرە.

پاش چارەکە فرسەنگێک، دووک لەپڕ خۆی کرد بە قاوەخانەیەکی تەنگەبەردا و لە نزمترین شوێنی قاوەخانەکە دانیشت و ژوولیەن شانازی ئەوەی پەیدا کرد، چوار لاپەڕەکەی لەبەر بۆ دووک بخوێنێتەوە. کاتێک کە خوێندنەوەی ژوولیەن تەواو بوو، دووک پێی وت:

ــ سەرلەنوێ دەست پێ بکەرەوە و تۆزێکیش لە سەر خۆ!

شازادە یاداشتەکەی نووسی و پێی وت:

ــ بە پێی پیادە بچۆ بۆ نزیکترین پۆستخانە. شمەک و گالیسکەکەت لێرە بەجێ بهێڵە. بە باشترین شێوە بەرەو ستراسبۆرگ بچۆ. ڕۆژی بیست و دووی مانگ ــ ئەو ڕۆژە دەی مانگ بووــ نیو کاتژمێر پاش نیوەڕۆ لەم قاوەخانەیە ئامادە بە. بێدەنگ!

هەموو قسەکان هەر ئەمانە بوو. ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی بکەوێتە ئەوپەڕی پەسنکردن. بە خۆی وت: «ئاوا ڕووداو ئەگێڕنەوە. ئەگەر ئەم پیاوە گەورهیە قسەکانی ڕۆژی پێشووی ئەو فرەوێژە سەرلێشێواوانەی ببیستایەت، چی ئەوت؟»

ژوولیەن بە دوو ڕۆژ گەیشتە ستراسبۆرگ. هەستی کرد هیچکاری لەو شارە نییە. ڕێگەی خۆی لار کردەوە. ئەگەر ئەم قەشە کاستانێدە نەگریسە منی ناسیبێتەوە، کەسێک نییە بە ئاسانی شوێن پێم ون بکات. جا چەندە شاد ئەبێ لەوەی کە پێم پێبکەنێ و ئەو ئەرکەی لە ئەستۆمە پووچەڵی بکاتەوە.

قەشە کاستانێد، کە سەرۆکی پۆلیسی «لیژنەی نهێنی» لە سەرانسەری سنووری باکووری وڵات بوو، خۆشبەختانە نەیناسیبوویەوە. یەسووعیەکانی ستراسبۆرگ هەرچەند بە هەست و جەربەزە بوون، تۆزێکیش سەرنجی ژوولیەنیان نەدا، کە بەو نیشان و سەرداریيە شینەیەوە، لە سەربازێکی گەنج ئەچوو کە زۆر بە خۆی ڕائەگات.

بەندی XXIV

# ستراسبۆرگ

ئەی شەیدایی! هەموو وزەی ئەوین و توانای لە تۆدایە بۆ
هەستکردن بە دەرد و ژان. خۆشی ئەفسوونگەرانە و
چێژی شیرین لە دەرەوەی کەوشەنی تۆن.
ناتوانم بڵێم، کاتێک کە لە سەر جێگە ڕاکشاوە:
بەو جوانییە پەریئاسایە و بەو دارەتە دڵڕفێنەی هینی منە!
ئێستا ئیتر دراوە بە من، هەر بەو جۆرەی کە
ئاسمان بۆ داگیرکردنی دڵان ئافراندی!
(غەزەڵی شیللەر)

ژوولیەن کە ئەبوایە یەک حەفتە لە ستراسبۆرگ بمێنێتەوە، هەوڵی ئەدا لە ڕێگەی بیرکردنەوە لە شانازی سەربازی و گیانبەختکردن لە ڕێگەی نیشتمان‌دا کاتەکانی خۆی پڕ بکاتەوە. ئایە شەیدا بوو؟ نەی ئەزانی! تەنها شتێک کە ئەیزانی ئەمە بوو کە لە گیانی پڕ لە ڕارایی و نیگەرانی‌دا ماتیلدی بە پادشای ڕەهای بەختەوەری و ئەندێشەی خۆی ئەزانی. بۆ ئەوەی نائومێدی باڵی بەسەردا نەکێشێ، پێویستی بە هەموو هێزی ئەدگار و ناخی خۆی هەبوو. سەرنجدانی هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە مادمازێل دولامۆلەوە نەبوایە، لە سنووری دەسەڵاتی ئەو بەدەر بوو. لە ڕابوردوودا، بەرزەفڕی و سەرکەوتنی سادەی دفرە و خۆپەرستی، بیری ئەو هەستەی خاتوو دورێنال لە دڵیدا بەدیهێنابوو، دوور ئەکردەوە. ئێستە هەموو شت لە گیانی ماتیلددا هەڵمژرابوو،

ماتیلدی لە هەموو شوێنێکی داهاتووی خۆیدا ئەبینی.

ژوولیەن، لەم داهاتووەدا، ڕوخساری شکستی لە هەموو لایەکەوە ئەبینی. ئەو بوونەوەرەی کە لە ڤێریر تا ئەو ڕادەیە لەخۆڕازی و بە دفرە بوو، تووشی ملکەچییەکی فراوان و گاڵتەئامێز ببوو.

سێ ڕۆژ بەر لە ئێستە، بێگومان قەشە کاستانێد بە خۆشییەوە بە دوایدا ئەگەڕا و ئەگەر لە شاری ستراسبۆرگ منالێک لەگەڵی بیکردایە بە شەڕ، ڕەنگە داوای لێبوردنی لەو منالەش بکردایە. کاتێکیش ئەکەوتەوە یادی ئەو خەنیم و دوژمنانەی کە لە ژیانی خۆیدا دیبووی، هەمیشە خۆی بە تاوانبار ئەزانی.

لەبەر ئەوەی، ئێستاکانێ، ئەو ئەندێشە بەهێزەی کە لە ڕابوردوودا ئەبوونە هۆی سەرکەوتنی پرشنگدار لە ژیانی داهاتوویدا، ببوو بە دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی.

تەنهایی ڕەها کە لە ژیانی گەشتیارەکەماندا بەدی هاتبوو، دەسەڵاتی ئەم ئەندێشە ڕەشەی سەقامگیرتر ئەکرد. هاوڕێ چ نرخێکی گرانی هەیە! ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «ئایە دڵێک هەیە بۆ من لێبدا؟ ئەگەر هاوڕێیەک بدۆزمەوە مەگەر بە پێی بڕیاری ویژدان، نابێ بۆ هەمیشە بێدەنگ بم؟»

تەنها و خەمگین، بە سواری ئەسپ، لە دەوروبەری «کەهل»(١٤٧)دا پیاسەی ئەکرد. کەهل شارۆچکەیەکە لە قەراخ چەمی ڕەین کە «دوزەی»(١٤٨) و «گۆڤیۆن سەنسیر»(١٤٩) ناوەکەیان کردووە بە وەرجاوەند. جوتیارێکی ئاڵمانی ئەم جۆگە

---

١٤٧ ـ کەهل: Kehl شارێکی ئاڵمانە لای کەناری ڕاستی چەمی ڕەین، بەرامبەر بە ستراسبۆرگ.

١٤٨ ـ دوزەی: Louis Desaix (١٨٠٠-١٨٦٧) ژنراڵی فەڕانسەیی کە شاری کەهلی داگیرکرد و بۆ ماوەی دوو مانگ داکۆکی لێکرد.

١٤٩ ـ گۆڤیۆن سەنسیر: Gouvion Saint-Cyr (١٧٦٤ ـ ١٨٣٠) مارشاڵی فەڕانسەیی، ساڵی ١٧٩٧ بۆ داکۆکی لە کەهل ناوبانگی دەرکرد.

و ڕێگە و دورگانەی چەمی ڕەین کە لە ئەنجامی ئازایەتی ئەم فەرماندە مەزنانەدا ناو و ناوبانگێکی بەدەست هێناوە، پیشانی ئەدا. ژوولیەن کە لەغاوی ئەسپەکەی بە دەستی چەپییەوە گرتبوو، بە دەستی ڕاستی نەخشەیەکی زۆر گرانبایی، کە ڕازێنەرەوەی بەشی یاداشتەکانی مارشاڵ سەن‌سیر بوو، کردبوویەوە. قریوەیەکی شادی بووە هۆی ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە.

شازادە کۆرازۆف بوو، ئەو دۆستەی کە چەند مانگ لەمەوبەر لە لەندەن یەکەمین بنەمای بوودەڵەبوونی پێ پیشان دابوو. کۆرازۆف کە بەم هونەرە گەورەیە ڕاهاتبوو، ڕۆژی پێشوو گەیشتبوویە ستراسبۆرگ و کاتژمێرێک پێش ئێستەش گەیشتبوویە کەهل و هەموو ژیانی دێرێکی لە سەر مێژووی گەمارۆی ١٧٩٦ نەخوێندبوویەوە، هەموو شتێکی بۆ ژوولیەن گێڕایەوە. جوتیاری ئاڵمانی بە سەرسووڕمانەوە تێی ئەڕوانی. چونکە ئەوەندە فەڕانسەی ئەزانی بتوانێ هەڵەکانی شازادە لە گێڕانەوەی ئەم بابەتەدا بژمێرێ! ژوولیەن هەزار فرسەنگ لە پنداری جوتیار دوور بوو. بە ڕامان و سەرسامەوە ئەیڕوانییە ئەم گەنجە قۆزە و شایستەیی ئەوی لە ئەسپ سواری‌دا پەسن دادا.

بە خۆی ئەوت: «چ سروشتێکی شادمانە! پانتۆڵەکەی چەندە لێی دێ. بە داخەوە! ئەگەر منیش ئەوەندە گەنج بوومایە، ڕەنگە ماتیلد پاش ئەوەی سێ ڕۆژ خۆشی ئەویستم، لێم بێزار نەئەبوو.»

شازادە پاش تەواوکردنی چیرۆکەکەی دەربارەی گەمارۆی کەهل بە ژوولیەنی وت:

ــ ڕواڵەتتان لە قەشەکانی دەیری لاتراپ ئەچێ. تۆ ئەو بنەمای سەنگینی و خۆگرتنەی لە لەندەن فێرم کردی، بێتامت کردووە. ڕواڵەتی خەمگین ڕواڵەتێکی پەسەند نییە. تۆ ئەبێ ڕواڵەتێکی وەڕەز بە خۆتەوە بگری. خەمگین بوون نیشانەی ئەوەیە لە شتێکت کەمە و

لە کارێکدا شکستت هێناوە. ئەم کارە بە واتای دەربڕینی لاوازی و بچووکیە. لە کاتێکا بەپێچەوانە، ئەگەر ڕواڵەتێکی وەڕەز بە خۆتەوە بگری، نیشانەی ئەوەیە کە شتێکی نزمتر هەوڵیداوە خۆی لە لای تۆ بسەلمێنێ. جا دۆستی من، ئەوە بزانە کە هەڵەکردن لەو بوارەدا چەندە مەترسی هەیە!

ژوولیەن دراوێکی بۆ جوتیارەکە هەڵدا کە دەمی داچەقابوو و بە سەرسووڕمانەوە گوێی بۆ قسەکانیان ڕاگرتبوو.

شازادە وتی:

ــهەرچی چۆن بێ، ئەم کارە چێژ و خۆشییەکی تیایە، سووکایەتیکردنێکی گەورانەی تیایە! زۆر چاکە!

ئەسپەکەی دایە غار و ژوولیەن کە گەوجانە پەسنی دەدا، بە دوای شازادەدا ئەسپی تاودا.

«ئاخ! ئەگەر ئەوەندە جەوان ئەبووم، ئەو مارکیز دو کرۆزنۆوای لە من پێ باشتر نەئەبوو!» ئاوەزی ژوولیەن چەندە زیاتر لە کارە گاڵتەئامێزەکانی شازادە ئەڕەنجا، زیاتر لە خۆی توورە بوو بۆچی پەسنی ئەو ڕەفتارە نادات و، سەبارەت بەوەی لەم شتانەدا بەهرەی نەبوو، خۆ بە بەدبەخت ئەزانی. نەفرەت لەخۆ کردن لەمە زیاتر نابێ!

زۆر بە خەمگین ئەهاتە بەرچاوی شازادە. لە گەڕانەوە بۆ ستراسبۆرگ، بە ژوولیەنی وت:

ــئاه، دۆستی ئازیز، ئەمە چ ڕواڵەتێکە؟ مەگەر هەموو پارەکەت دۆڕاندووە یان خوانەخواستە تووشت بووە بە تووشی خانمێکی ئەکتەرەوە؟

رووسەکان پەیڕەوی داب و ڕێسای فەڕانسەییەکانن، بەڵام هەمیشە پەنجا ساڵ نێوانیانە. ئێستە تازە پێیان ناوەتە سەدەی لویی پانزەهەم!

ئەم گاڵتانەی دەربارەی ئەوین ئەوترا، فرمێسکی ئەهێنایە چاوەکانی ژوولیەنەوە. لەپڕ بە خۆی وت: «بۆ نابێ ڕای پیاوێکە تا ئەو ڕادەیە پەسەند و کراوەیە، بپرسم؟»

بە شازادەی وت:

ــبەڵێ، دۆستی بەنرخم، منێ کە ئێستە لە ستراسبۆرگ ئەمبینی، دڵدارێکی دێوانەم، تەنانەت دڵدارێکی لە بەرچاو کەوتووم. ژنێکی تا بڵێی جوان کە لە شارێکی ئەم نزیکانە دائەنیشێ، لە پاش سێ ڕۆژ خۆشەویستی بەرەڵڵای کردووم. من لە پەژارەی ئەو ڕەفتار گۆڕینە خەریکە ئەمرم...

جا لە بن پەردەی هەل و ناوی گریمانەدا ڕووداوەکەی بۆ شازادە گێڕایەوە.

کۆرازۆف وتی:

ــلەوە زیاتر مەڵێ. متمانە بە پزیشکی خۆت بکە، ئینجا من پاشماوەی ئەم دردەدڵە بۆ تۆ ئەڵێم! شووی ئەم ژنە گەنجە سامانێکی زەبەندی هەیە، یان بە زمانێکی تر، لە مەزنترین چینی خانەدانی وڵاتە و وا پێئەچێ شانازی بە شتێکەوە ئەکات.

ژوولیەن سەری ڕاوەشاند. ئیتر جەربەزەی ئاخافتنی نەمابوو.

شازادە وتی:

ــزۆر چاکە من سێ دەرمانی زۆر تاڵم هەیە کە ئەبێ دەسبەجێ بەکاری بهێنی. یەکیان ئەوەی کە ئەبێ هەموو ڕۆژێک سەرلەبەیانی ئەم خاتوونە ببینی. وتت ناوی چییە؟

ــمادام دوبوا.

شازادە دای لە قاقای پێکەنین و وتی:

ــئەی لەو ناوە! بەڵام ببوورە، ئەوە گرنگە لە لای تۆ ئازیزە. چارەسەرەکە ئەوەیە هەموو ڕۆژێ بچۆ بۆ بینینی مادام دوبوا. بە تایبەت نابێ بهێڵی تۆی بە ساردوسڕ و ڕەنجاو بێتە پێش چاو.

قانوونی مەزنی سەدەی خۆت لەبیر مەکە: ڕەفتارت پێچەوانەی ئەوە بێ کە چاوەڕوان ئەکرێ! خۆت ڕێک وەکو حەفتەیەک بەر لەوەی گیرۆدەتت ببوو، پیشان بدە.

ژوولیەن بە نائومێدی و پەژارەوە هاواری کرد:

ــئای لەو ڕۆژانە، چەند ئاسوودە بووم! پێم وا بوو دڵم بۆی ئەسووتێ.

شازادە وتی:

ــپەروانە خۆی بە دەوری شەمدا ئەکا بە کۆی زووخاڵ و ئەم لێکچواندنە بە تەمەنی دنیای ئێمە، تەمەنی درێژە.

یەکەم هەموو ڕۆژێک بچۆ بۆ بینینی.

دووەم لەگەڵ یەکێک لە ژنەکانی کۆمەڵگەی ئەو ئەویندارى بکە، بەڵام بە بێ ئەوەی خۆت بە پەژارەمەند پیشان بدەی. سەرنجت داوە؟ لێت ناشارمەوە کە کارەکەت دژوارە. تۆ ڕۆڵ ئەبینی و ئەگەر بزانن کە ڕۆڵ ئەبینی کارت کراوە.

ژوولیەن بە دەنگێکی خەمگین وتی:

ــئەو لەوە زیاتر ژیر و وریایە و من لەو ڕێژەنە هیچ بەهرەم نییە!

ــنەخێر دۆستی ئازیز، کێشەکە لەوەدایە کە تۆ لە ڕادەی پێویست زیاتر دڵبەستە بووی. مادام دوبوا وەکو هەموو ئەو ژنانەی خوا، پاکیزەیی یان پارەی زیاد لە پێویستی پێداون، بێ ئەندازە بە خۆی ڕائەگات. لەبری ئەوەی بڕوانێتە تۆ، سەیری خۆی ئەکات، بۆیە ئاگای لە بوونی تۆ نییە. لە ڕەوتی دوو سێ هەژانی ئەویندارانەدا کە بە هێزی ئەندێشە لەبەر تۆ ئامادە بوو خۆی بدا بە دەستەوە، تۆ بە قارەمانی زیندەخەونەکانی خۆی ئەزانێ، نەک بەو شێوەی کە بەڕاستی هەیت... بەڵام سۆرێلی ئازیز، ماڵت کاول نەبێ، ئەم شتانە بنەما و سەرەتاکانی ئەم کارەیە،






مەگەر تۆ هێشتاش منالە فێرخوازیت؟! باشە، با بچین بۆ ئەو فرۆشگە. ئەم بۆینباخە ڕەشە نایابە ئەبینی؟ ئەڵێی لە بن دەستی «جان ئەندرسن» ی «برینگتۆن ستریت» هاتۆتە دەرەوە. تکایە ئەم بۆینباخە بگرە و ئەو پەتە لە ملت بکەرەوە.

شازادە کاتی چوونە دەرەوە لە مەزنترین پیشانگەی هەورێشم لە ستراسبۆرگ، وتی:

ــ جا بلێ بزانم، کۆمەڵگەی مادام دوبوا چ جۆرە کۆمەڵگەیەکە؟ خوایە گیان، لەو ناوە. سۆرێلی ئازیز لێم زیز نەبی، بەدەست خۆم نییە. لەگەڵ کێ دڵداری ئەکەی؟

ــ ژنێکە یەکەم بەرماڵ بەکۆڵ و کچی یەکێکە لە بازرگانانی گەورەی گۆرەوی. ژنێکە خاوەنی جوانترین چاوەکانی دنیایە کە بێ ئەندازە خۆشم ئەوێ. دڵنیام لە ڕیزی یەکەمین شۆخانی وڵاتەکەماندایە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو ئەدگار و بەهرەیە، بە ڕێکەوت یەکێک باسی بازرگانی و کۆگا بکات، وەها سوور ئەبێتەوە کە دەست و پێی خۆی لێ ون ئەبێ و بە داخەوە باوکی یەکێک لە بازرگانە ناسراوەکانی ستراسبۆرگ بوو.

شازادە بە پێکەنینەوە وتی:

ــ کە وا بوو ئەگەر باسی پیشەسازی بکرێ، دڵنیایت کە شۆخەکەی تۆ ئەکەوێتە بیری خۆی نە بیری تۆ. ئەم لاوازییە گاڵتەئامێزە، زۆر بە نرخ و بە سوودە و ڕێگەت پێ نادا هەرگیز لە بەرامبەر چاوە جوانەکانی ئەودا بچووکترین هەڵەی شێتانە بکەی؛ سەرکەوتن مسۆگەرە!

ژوولیەن، مادام لامارشاڵ دوفرواکی لەبەرچاو گرتبوو کە زۆر جار ئەهات بۆ تەلاری دولامۆل. جوانێکی بێگانە بوو کە ساڵێک پێش مردنی مارشاڵ دوفراک شووی پێکردبوو. ئەتوت

تەنها ئامانجی لە ژیاندا ئەوە بوو کچی پیشەگەر، بوونی خۆی لە بیر خەڵک بباتەوە و، بۆ ئەوەی لە شاری پاریس‌دا بە شتێکی دابنێن، ببوو بە سەردەستەی پاکیزە و دینداران.

ژوولیەن لە دڵەوە پەسنی شازادەی ئەکرد. چی نەئەدا کە ببێ بە خاوەنی ئەو ئەدگارە گاڵتەبازەی شازادە! گفتوگۆی دوو دۆست کۆتایی نەبوو. کۆرازۆف شایگەشکە ببوو. هەرگیز هیچ فەڕانسەییەک ئەوەندە گوێی لە قسەی ڕانەگرتبوو. شازادە بە دڵشادییەوە بە خۆی ئەوت: «بەم شێوەیە توانیم وانەی مامۆستاکانم دابدەم و بیسەر بۆ قسەکانم بدۆزمەوە.»

بۆ دەهەمین جار بە ژوولیەنی وت:

ـ کە وا بوو بە تەواوەتی لێک گەیشتووین. کاتێک کە لە بەردەم مادام دوبوا، لەگەڵ شۆخەکەی خۆت، کچی بازرگانی گۆرەویفرۆشی ستراسبۆرگی، قسە ئەکەیت، نەکا یەک تۆزیش نیشانەی دڵداری لە تۆدا ببینرێ. بە پێچەوانە، نامەکانتان ئەبێ پڕ بێت لە ئەوینێکی ئاگرین. خوێندنەوەی نامەی دڵداری باش لە لای ژنێکی بەرماڵبەکۆڵ[١٥٠]، شاهانەترین خۆشییە، ساتەکانی دابڕان و پشوودان و لەم جۆرە ساتانەدا ئیتر ڕۆڵ نابینێ، بەڵکو بە ڕاشکاوی وەڵامی خولیای دڵی ئەداتەوە. بۆیەشە ئەبێ ڕۆژی دوو نامە بنووسرێ.

ژوولیەن کە جەربەزەی لەبەر بڕابوو، وتی:

ـ هەرگیز، هەرگیز! لەبن بەرداش بهاڕدرێم لام خۆشترە تا نووسینی سێ ڕستە. هەڤاڵی بەڕێز، من تەرمێکم لێماوەتەوە و بەس. نابێ ئیتر چاوەڕوانی هیچ شتێک لە من بکەیت، لێمگەڕێ با لە قەراخ جادە بۆخۆم بمرم.

---

١٥٠ـ بەرماڵبەکۆڵ: prudery ناوی لێکدراو کەسێکە خۆی بە دینداری ئاگرین پیشان ئەدات و کەس لە خۆی بە دیندارتر نازانێ. ع المتظاهر N forstillelse د متظاهر، جانمازآبکش.

ــبەڵام کێ وتی کە تۆ ڕستە بنووسی؟ من لە مجری کەلوپەلەکانی خۆمدا شەش بەستە نامەی دڵداری دەسنووسم هەیە. لە ناو ئەو نامانەدا بۆ هەموو ژنێک نامە هەیە. مەگەر کالیسکی لە ڕیچمۆند تەراس، خۆت ئەزانی، تەنها سێ فرسەنگ لە دەرەوەی لەندەن، لەگەڵ جوانترین تەرکەدنیا دڵداری نەکرد؟

کاتێک کە ژوولیەن کاتژمێری دووی پاش نیوەڕۆ لە دۆستەکەی خۆی جیا بوویەوە، ئیتر ئەوەندە بەدبەخت نەبوو.

بەیانی ئەو ڕۆژە، شازادە نووسەرێکی ویست و دوو ڕۆژ پاشتر، ژوولیەن خاوەنی پەنجا و سێ نامەی دڵداری بوو، بە وریاییەوە ژمارەیان لێدرابوو، کە بەرزترین و پاکیزەترین ئەوین و پاکیزەیی تیا ڕەچاو کرابوو.

شازادە وتی:

ــژمارەی ئەم نامانە ئەبوایە پەنجا و چوار بوایە، کەچی تەنها «کالیسکی» لە کار دەرکرا. بەڵام کاتێک کە مەبەستی تۆ تەنها نەرمکردنی دڵی مادام دوبوایە، چی ئەبێ ئەگەر کچی بازرگانی گۆرەویفرۆش، دڵڕەقیشت لەگەڵ بکات؟

هەموو ڕۆژێک ئەچوون بۆ ئەسپ سواری. شازادە شێتی ژوولیەن ببوو. کە نەشی ئەزانی چۆن ئەم هاوڕێیەتییە لەپڕەی خۆی بسەلمێنێ، سەرەنجام پێشنیازی بە ژوولیەن کرد یەکێک لە ئامۆزاکانی ئەو بخوازێ، کە زۆرترین میراتی لە شاری مۆسکۆ پێئەگات و بەم جۆرە باسی پێشنیازەکەی کرد:

ــلەو ڕۆژەوە کە ئەم زەماوەندە ئەکرێ، لە ئەنجامی دەسەڵاتداری و کاریگەری من و ئەو نیشانەیەی کە بە سینەتەوەیە، لە ماوەی دوو ساڵدا ئەبی بە سەرهەنگ.

ــبەڵام ئەم مەدالیایە خۆ ناپۆلیۆن نەیداوە بە من! زۆریش بە پێچەوانە.

شازادە وتی:

ــجیاوازی نییە. مەگەر داهێنانی ناپۆلیۆن نییە؟ ئەم نیشانە هێشتاش لە هەموو ڕوویەکەوە لە یەکەمین مەدالیاکانی ئورووپایە.

ژوولیەن خەریک بوو پێشنیازەکەی پەسەند بکات. بەڵام ئەو ئەرکەی پێی ڕاسپێردرابوو، بردییەوە بۆ لای ئەو کەسایەتییە مەزنە. کاتێک کە لە کۆرازۆف جیا بوویەوە، بەڵێنی نامە نووسینی دا. وەڵامی یاداشتی نهێنی وەرگرتەوە و بە خێرایی بەرەو پاریس کەوتە ڕێ. بەڵام لەبەر ئەوەی دوو ڕۆژی تەواو بە تەنها بوو، دوور بوون لە فەڕانسە و ماتیلدی بە ئەشکەنجەی لە مەرگ خراپتر هاتە بەرچاو. بە خۆی وت: «ئەو ملیۆنەها پارەیەی کە کۆرازۆف ئەڵێ، مارە نابڕم، بەڵام ئامۆژگارییەکانی بەکار ئەهێنم.»

«جگە لە هەموو ئەمانەش هونەری هەڵفریواندنی ژنان پیشەی ئەوە! پانزە دانە ساڵ بیر لەو بابەتە ئەکاتەوە، چونکە ئێستە سی ساڵانە، ناکرێ بڵێین هۆش و ئاوەزی نییە. کابرایەکی ڕند و بە پەرۆشە، فێڵبازە. ئەم جۆرە کارانەی هەژان و هەڵچوون و هۆنراوەی تیا نییە. لێزانە و ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بە هەڵەدا ناچێ.»

«چارە نییە. لەگەڵ مادام دوفرواک دڵداری ئەکەم.»

«ڕەنگە سەرەتا ببێتە هۆی بێتاقەت بوونم، بەڵام چاو ئەبڕمە ئەو چاوانەی کە ئەوەندە جوانە و لەو چاوانە ئەچێ کە لە هەموو چاوەکان خۆشترم ئەوێ.»

«بێگانەیە! گیانێکی تازەیە کە ئەتوانم لێی بتۆژمەوە.»

«منیش چ شێتم! ئاو لە سەرم لایداوە، ئەبێ ئامۆژگارییەکانی هاوڕێکەم بەکار بهێنم و هیچ پشت بە خۆم نەبەستم!»

## وەزیرخانەی کەبار[١٥١]

ئەگەر بێت و بۆ چێژوەرگرتن لەم خۆشییە،
ناچار بم ئەوەندە تێبینی و چاوشارکێ بکەم،
ئەو خۆشییە ئیتر خۆشی و چێژ نییە!
(لۆپێ دێڤێگا)[١٥٢]

قارەمانەکەی ئێمە بە گەڕانەوەی بۆ پاریس و هاتنە دەرەوەی لە نووسینگەی جەنابی دولامۆل کە لە بینینی ئەو نامانەی بۆی هاتبوو، شڵەژابوو، چوو بۆ لای کونت ئاڵتامیرا. ئەم بێگانە خۆش سیمایە جگە لەوەی بە هۆی بڕیاری مەرگییەوە ناوبانگێکی هەبوو، کێش و سەنگینی فراوان و بەختەوەری پاکیزەبوونیشی پێبڕابوو. ئەم دوو ئەدگارە پەسەندە و لە هەموو زیاتر خانەدان بوونی کونت لەگەڵ حەز و خواستی مادام دوفرواک، کە چەندین چاوپێکەوتنیان هەبوو، زۆر سازگار بوو.


ژوولیەن بە سەنگینی ددانی بەوەدا نا کە شەیدای مادام دوفرواک بووە.


ئاڵتامیرا وەڵامی دایەوە:



ـئەم ژنە پاکترین و بڵندترین نموونەی دیندارییە و تەنها تۆزێک فێڵ و گۆنگڵ لە کاریدایە. هەندێ جار واتای هەموو ئەو

١٥١ـ وەزیرخانەی کەبار: The Office of Virtue ئاوەڵناو وەزیرخانەی کاروباری ئایینی و دینداری وەکو اوقاف و فضیلة.

١٥٢ـ لۆپێ دێڤێگا: Lope De Vega شانۆنووس (١٥٦٢ـ١٦٣٥) شانۆنووسی ئیسپانیایی کە زیاتر لە دووهەزار شانۆگەری نووسیوە.





وشانەی بەکاری ئەهێنێ هەر هەمووی ئەزانم، بەڵام کە ئەیخەمە سەریەک، لە چەمکی گوتەکانی تێناگەم. هەرچەند پێم ئەڵێن فەڕانسە باش ئەزانم، بەڵام لەگەڵ ئەو ژنەدا هەست ئەکەم کە نایزانم! ئەم پەیوەندییە ناوت ئەخاتە سەر زمان و نرخ و ڕێزێکی تایبەتت بۆ بەدی ئەهێنێ.

کونت ئاڵتامیرا کە کەسایەتییەکی ڕێکوپێکی هەبوو، وتی:

ـ وەرە با بچین بۆ ماڵی بۆستۆ، ئەو لەگەڵ مادام لامارشاڵ دڵداری کردووە.

دۆن دیەگۆ بۆستۆ، بە بێ ئەوەی هیچی وا بدرکێنێ، وەکو پارێزەرێک لە نووسینگەی کارەکەی، ماوەیەک ئەو دووانەی بە گێڕانەوە و ڕوونکردنەوەوە ڕاگرت. ڕوخساری گۆشتن و سمێڵی ڕەش و بێ ئەندازە سەنگین و هێور بوو. جگە لەوە کاربۆنارۆیەکی[١٥٣] لێهاتوو بوو.

سەرەنجام بە ژوولیەنی وت:

ـ تێگەیشتم چیت ئەوێ. ئایە لامارشاڵ دوفرواک فاسقی هەبووە یان نا؟ ئایە هیوای سەرکەوتنی تۆ هەیە یان؟ پرسەکە ئەمەیە ئیتر! بەڵام با بڵێم کە من بە نۆرەی خۆم شکستم خوارد. ئێستەش کە ئیتر گلەییم نییە، لە دڵی خۆمدا ئەڵێم: ڕەفتاری ئەم ژنە زۆر توندوتیژە و وەک بۆتان باس ئەکەم زۆریش قیناوییە. من ئەو خووە تووڕە و قوشقیەی کە مەزاجی هۆش و وریابوونە

---

١٥٣ـ کاربۆنارۆ: Carbonaro ئەندامی ڕێکخراوی کاربۆناری، کە کۆمەڵەیەکی ڕامیاری بوو. بە نهێنی کاری ئەکرد. لەبەر ئەوەی سەرەتا لە جەنگەڵ کۆبوونەوەیان ئەکرد، بە (ڕەژووکەران) ناویان دەرکرد. ئەم ڕێکخراوە لە لە ١٨٠٠ـەوە لە ئیتالیا دروست بوو. لە سەردەمی پاشایەتی لە فەڕانسە لایەنگری پەیدا کرد. ئامانجی خەبات بۆ ئازادی و یەکێتی ئیتالیا بوو.

و ڕەنگێکی زەرد ئەدا لە هەموو کردارێکی مرۆڤ، لەودا نابینم. بە پێچەوانە جوانی بێوێنە و ڕەنگ و ڕوخساری گەشی لە سایەی هێوری و بێدەنگی هولەندی خۆیدا بەدەست هێناوە.

خاوی و لەسەرخۆ بوونی بێ بڕانەوەی ئەم ئیسپانییە، ژوولیەنی بێتاقەت کردبوو، جارجارە ناخودئاگا هەندێ دەنگ لە گەرووی ئەهاتە دەرەوە.

دۆن دیەگۆ بۆستۆ بە سەنگینی وتی:

ـ ئەتەوێ گوێ لە قسەم ڕابگری؟

ژوولیەن وتی:

ـ لە ڕوخساری تووڕەی فەڕانسیم ببوورە. گوێم بەس لە تۆیە.

ـ لامارشاڵ دوفرواک بە توندی ڕق لە دڵە. بێبەزەییانە بە دوای کەسانێکەوەیە کە هەرگیز نەیدیون، پارێزەران، هۆنەرانی ڕۆژەڕەش کە وەک کولێ[١٥٤] بەستەیان نووسیوە... خۆ ئەزانی؟

ئەمن شەیدای سەرشێتی مارووتم...

ژوولیەن بە ناچاری تا کۆتایی گوێی لەم گۆرانییە ڕاگرت. ئیسپانی لە گۆرانی وتن بە زمانی فەڕانسە زۆر شادمان بوو.

هەرگیز ئەوەندە بە وەڕەزی و نیگەرانییەوە گوێی لەم گۆرانییە ئاسمانییە ڕانەگرتبوو. کاتێک کە تەواو بوو، دۆن دیەگۆ بۆستۆ ئەم بەستەی لەگەڵی هێنایەوە:

ڕۆژێک دڵدار لەبەر دەرگای مەیخانە...

ژوولیەن لە ترسی ئەوەی نەکا ئەمەش بخوێنێ، تەزووی پیاهات. بۆستۆ تەنها شیکردەوە. لە ڕاستیدا بەستەیەکی کفراوی و بێشەرمانە بوو.

دۆن دیەگۆ وتی:

ـ لەبەر ئەوەی لامارشاڵ ڕقی لەم گۆرانییەیە، پێم وت

---

١٥٤ ـ Collé، شانۆنووس و بەستەبێژی فەڕانسەیی. (١٧٠٩ـ١٧٨٣).

ژنێکی مەزنی وەکو ئەو نابێ هەموو ئەو شتە بێکەڵکانەی چاپ ئەکرێ، بخوێنێتەوە. چەندەش دین ودینداری بچێتە بەرەوە، لە وڵاتی فەڕانسە، دیسانەوەش مەیخانە، هۆنراوە و پەخشانی تایبەت بە خۆی هەر ئەبێ. لەبەر ئەوەی مادام دوفرواک ببوویە هۆی دەرکردنی ئەم بەستەبێژە ڕەبەنە خانەنشینە، لەو کارەی کە هەزار و هەشتسەد فرانک مووچەی بوو، پێموت:

«ئەبێ ئاگات لە خۆت بێ. تۆ بە چەکی خۆت هێرشت کردۆتە سەر ئەم هۆنەرە سەروا زانە و ئەویش ڕەنگە بە سەروای خۆی وەڵامت بداتەوە. بەیانی بەستەیەک دەربارەی دینداری ئەهۆنێتەوە. هۆڵە زەڕنیگارەکان لایەنگری ئێوە ئەبن و ئەوانەی کە حەزیان لە پێکەنینە، تەوسەکانی ئەو ئەڵێنەوە.» جەناب، ئەزانی لامارشاڵ دوفرواک چ وەڵامێکی بە من دایەوە؟ وتی: «ئەوسا هەموو پاریس ئەزانن کە من لە ڕێگەی خوادا بەرەو مەرگ ئەچم و جەماوەر ڕێگەی ڕێزگرتن لە پاکیزەبوون فێر ئەبن.» کاتێکیش کە وتی: «... ئەو ڕۆژەش خۆشترین ڕۆژی ژیانی من ئەبێ!» هەرگیز چاوەکانی لەوە جوانتر نەببوو.

ژوولیەن هاواری کرد:

ـــچاوەکانی خاوەن شکۆی ئاسمانین!

ـــدیارە کە ئەوینداری!

دۆن دیەگۆ بۆستۆ، بە دوای ئەم قسەیەدا، بە سەنگینی و هێوری وتی:

واتە ئەو مگێزە حولحولیەی کە مرۆڤ ناچار ئەکا تۆڵە بکاتەوە، لەودا نییە. ئەگەریش سەرەڕای هەموو ئەمانە حەزی لە ئازاردانی خەڵکە لەبەر ئەوەیە کە ژنێکی ناشادە و من بە نەخۆشی گرفتاریی دەروونی ئەزانم. کێ چووزانێ ئەم ژنە بەرماڵ بە کۆڵە لە کارەکەی خۆی ماندوو نەبووبێ؟



ئیسپانی خولەکێک بێدەنگ و خامۆش لێی ڕوانی و بە هێوری وتی:

ــپرسیارەکە لێرە دایە. لەوەدا کە تۆ ئەتوانی هیوایەکت هەبێ. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا کە من خوڵامی ملکەچی بووم، لەم بارەیەوە زۆرم بیر کردۆتەوە. داهاتووی تۆ، ئەوینداری بەڕێز، پەیوەندی بەم کێشە مەزنەوە هەیە. ئەبێ بزانی ئەم ژنە بەرماڵ بە کۆڵە، ئایە لە کاری خۆی ماندوو بووە، یان ژنێکە کە کۆڵەواری کۆڵەی کوتاوە بۆیە قیناوییە؟!

سەرەنجام ئاڵتامیرا لە دەریای بێدەنگی هاتە دەرەوە:

ــیان ئەو کەسەیە کە بیست جار پێم وتی! بە یەک ڕستە؛ فیز و دەعیەی فەڕانسەیی! گیانی لامارشاڵ دوفرواک خەمگینە و بێ هەست و سۆزە. ئەوەش کە ئەم گیانە بەو جۆرە بەدبەخت ئەکات، بیرەوەرییەکە کە ئەم خاتوونە لە باوکی خۆی، واتە لەو بازرگانە کووتاڵفرۆشە لە دڵیدایەتی. تەنها بەختەوەرییەک کە بۆ ئەم ژنە هەیە، نیشتەجێ بوونە لە تۆلێدۆ[١٥٥] وئەشکەنجە بینینە لە لایەن قەشەیەکی ڕازدارەوە کە هەموو ڕۆژێک دۆزەخی بە بێ پەردە پیشان بدات!

ئەوەندەی ژوولیەن هەڵسا کە بڕۆن، دۆن دیەگۆ بە دەنگێکی قورس پێی وت:

---

١٥٥ـ تۆلێدۆ: Toledo لە شارەکانی ناوەڕاستی ئیسپانیا و پایتەختی پارێزگای ئۆتۆنۆمی کاستییا لامانچا Castilla—La Mancha یە.

ــلە ئالْتامیرام بیست کە لە یارانی خۆمانی و بۆ ئەوەی بتوانین ئازادی خۆمان بەدەست بهێنین، یارمەتیمان ئەدەی. بۆیە منیش ئەمەوێ لەم کارە بچووکەدا دەستی تۆ بگرم. زۆر چاکە کە تۆ لەگەڵ شێوازی نووسینی لامارشاڵدا ئاشنا ببیت. ئەم چوار نامەیە بە پێنووسی ئەو نووسراون.

ژوولیەن هاواری کرد:

ــلەبەریان ئەنووسمەوە و هەر چوار نامەکە ئەهێنمەوە خزمەتت.

ــهیچکەسیش نابێ یەک وشە لەوەی وتمان لێت ببیسێ!

ژوولیەن هاواری کرد:

ــهەرگیز، بەڵێن ئەدەم بە ویژدانم!

ئیسپانیایی وتی: «خواتان لەگەڵ!» و ئارام و بێدەنگ، ئالْتامیرا و ژوولیەنی تا لای پلیکانەکان بەڕێ کرد.

ئەم دیمەنە قارەمانەکەمانی تۆزێ دڵخۆش کرد. ڕەنگە تا ئەو ئاستەی کە بزەش کەوتە سەر لێوی. بە خۆی وت: «ئەمەش ئالْتامیرای لە خواترس، یارمەتیم ئەدا بۆ خانم بازی!»

لەو ماوەیەدا کە دۆن دیەگۆ بۆستۆ ئەو قسانەی ئەکرد، ژوولیەن گوێی لەو زەنگانە ڕاگرتبوو، کاتژمێرە دیوارییەکەی تەلاری ئالگر لێی دابوو.

زەنگی شێو نزیک بوو. واتە ئەیتوانی دیسانەوە ماتیلد ببینێ. چوو بۆ ماڵەوە، بە وردبینی و وریایی جلی لەبەر کرد.

ئەو کاتەی لە پلیکانەکان ئەچووە خوارەوە، بە خۆی ئەوت:

ئەمە یەکەم گەوجێتی منە! ئەبێ ئامۆژگارییەکانی شازادە مووبەموو جێبەجێ بکەم. گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی و دەستێک جلی سادەی سەفەری هەر زۆر ئاسایی لەبەر کرد.

لە دڵی خۆیدا وتی: «ئێستە پرس پرسی نیگایە. کاتژمێر

تازە پێنج و نیوە و شێو کاتژمێر شەش ئەخورێ.» دای لە سەری بچێ بۆ هۆڵەکە. هۆڵ چۆڵ بوو و کە چاوی بە قەنەفەی شین کەوت، ئەوەندە کاری تێکرد کە فرمێسک لە چاویدا قەتیس بوو. ئەوەندەی نەزانی گۆنای گڕی گرت. بە ڕقەوە بە خۆی وت: «ئەبێ ئەم دڵناسکییە گەوجانەیە لە کۆڵ بکەمەوە. ڕازم ئاشکرا ئەکات.» بۆ ئەوەی ئارامی و هێورییەکی هەبێ، ڕۆژنامەیەکی هەڵگرت و سێ چوار جار لە هۆڵەکەوە چوو بۆ ناو باخ.

ئاڵقەی ئەو زنجیرەی کە پچڕاندبووی، هێشتاش چاک نەکرابوویەوە. بە داخەوە کە هەلومەرجی ئەو ڕۆژانە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆ چەندە جیاواز بوو. ژوولیەن کە دەسەڵاتی خۆی دابوو بە دەستی هەڵچوونێکی شێتانەوە، لەو دارەتەدا، ئاڵقەکەی گرتبوو بە دەمییەوە.

ژوولیەن پاش ئەوەی ماوەیەکی باش لە هۆڵەوە بۆ ناو باخ و لە باخەوە بۆ ناو هۆڵەکە چوو، بە توندی ماندوو بوو. لەم سەرکەوتنە کە یەکەم سەرکەوتن بوو، زۆر شادمان بوو. «نیگام دەبەنگ ئەبێ و ڕازی دڵم ئاشکرا ناکات!» میوانەکان تاق و لۆق هاتن بۆ هۆڵەکە. هەر جارەی کە دەرگای هۆڵ ئەکرایەوە، دڵی ژوولیەن وەکو دەهۆڵ ئەکەوتە لێدان.

لە سەر سفرە دانیشتن. مادمازێل دولامۆل کە بەردەوام، وەک هەمیشە، میوانەکانی چاوەڕوان ڕائەگرت، سەرەنجام هاتە ژوورەوە و کە ژوولیەنی بینی، سوور هەڵگەڕا. نەی ئەزانی ژوولیەن گەڕاوەتەوە. ژوولیەن بە پێی ڕاسپاردەی شازادە کۆرازۆف، ڕوانییە دەستەکانی: دەستەکان ئەلەرزین. ژوولیەن کە خۆیشی لە ئەنجامی ئەم دۆزینەوەیەدا تووشی هەڵچوونێکی لە ڕادەبەدەر ببوو، ئەوەندە شاد و دڵخۆش بوو کە جگە لە ماندوێتی، هیچ لە چاوەکانیدا نەئەبینرا.

جەنابی دولامۆل کەوتە پیاهەڵگوتنی. ساتێک پاش ئەوە لەگەڵی دوا و سەبارەت بەو ماندووبوونەی پیرۆزبایی لێکرد. ژوولیەن بەردەوام بە خۆی ئەوت: «نابێ ئەوەندە بڕوانمە مادمازێل دولامۆل. بەڵام نابێ نیگاشم لەو بدزمەوە. ئەبێ ڕواڵەتێکم هەبێ کە حەفتەیەک پێش بەدبەخت بوونم هەمبوو.» ئەیهێنا لە سەرکەوتنی خۆی شادمان بێ. لە هۆڵەکە مایەوە و ئەوسا کە بۆ یەکەم جار لەگەڵ ژنی خانەخوێ کەوتە گفتوگۆ، هەوڵیدا بەشدارانی کۆڕەکەش بەشدار بکات و کۆڕەکە گەرم ڕابگرێ.

ئەو سەلاربوونەی بێ پاداشت نەما. کاتژمێر هەشتی شەو هاتنی مادام لامارشاڵ دوفرواک ڕاگەیەنرا. ژوولیەن هەڵات. پاش ئەوەی بە وردبینیەکی بەرچاو جلی لەبەر کرد، گەڕایەوە بۆ هۆڵەکە. خاتوو دولامۆل سەبارەت بەم ڕێزدارییە زۆر لێی ڕازی بوو و بۆ دەربڕینی شادمانی خۆی، لەگەڵ مادام دوفرواک باسی سەفەرەکەی ئەوی کرد. ژوولیەن بە جۆرێک لای لامارشاڵەوە دانیشت کە چاوی لە لایەن ماتیلدەوە نەبینرێ. کاتێکیش کە شوێنی خۆی بە گوێرەی ڕێسای هونەر دۆزییەوە، سەمەرەترین پەسنی خۆی پێشکەش بە مادام دوفرواک کرد. یەکەمین نامە لەو پەنجاو سێ نامەیەی کە شازادە کۆرازۆف پێی دابوو، بە کۆپلەیەک سەبارەت بەم هەستی پەدنکردنە دەستی پێئەکرد.

لامارشاڵ دوفرواک وتی کە ئەیەوێ بچێ بۆ ئۆپێرای بووفا. ژوولیەن چوو بۆ ئەوێ. سوارچاک دوبۆڤازی بینی و سوارچاک بردی بۆ یەکێک لە باڵکۆنەکانی خوانسالارانی شا کە ڕێک لە تەنیشت باڵکۆنی مادام دوفرواکەوە بوو. ژوولیەن بەردەوام سەیری کرد. لە گەڕانەوە بۆ کۆشکی دولامۆل بە خۆی وت: «ئەبێ یاداشتەکانی خولی ئەم گەمارۆیە بنووسم، ئەگینا هێرشەکانم لێ تێک ئەچێ.» خۆی ناچار کرد دوو سێ لاپەڕە سەبارەت بەم

بابەتە وەڕەزکەرە بنووسێ. سەیر لەوەدا بوو بەم جۆرە توانی تا ڕادەیەک مادمازێل دولامۆل لەبیر بکات.

ماتیلد ئەوی لە کاتی گەشتەکەیدا تا ڕادەیەک لەبیر کردبوو و لە دڵی خۆیدا ئەیوت: «جگە لەمانە مرۆڤێکی ئاسابیە و ناوی ئەو گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەهێنێتەوە بیرم. ئەبێ بەڕاستی بگەڕێمەوە بۆ لای ئاوەز و ویژدان. ژنێکە ئەم شتانە لەبیر بکات، هەموو شتێکی ئەدۆڕێنێ. سەرەنجام بڕیاری ئاشت کردنەوەی لەگەڵ مارکیز دو کرۆزنۆوا دا کە ماوەیەک بوو ئامادەی ئەو ئاشتبوونەوەیە بوو. مارکیز دو کرۆزنۆوا، لە خۆشیان خەریک بوو شێت ئەبوو و ئەگەر پێی بوترایە کە ئەو هەستەی لە ماتیلددا ئەیبینێ، و ئەو هەمووە مایەی شادی و شانازی ئەوە، لە ڕاستیدا زادەی ڕادەست بوون و خۆبەدەستەوەدانە، لەم قسەیە سەری سووڕ ئەما.

بە بینینی ژوولیەن هەموو ئەندێشەی مادمازێل دولامۆل بەراوەژوو بوو. بە خۆی وت: «ئەگەر بەڕاستی بگەڕێمەوە بۆ لای ئاوەز و ژیری، جگە لەو، کەس شووی من نییە و ئەوەش ڕوونە کە ئەبێ شوو بەو بکەم.»

ئەوەی ئەو لە ژوولیەنی چاوەڕێ ئەکرد، ڕواڵەتێکی خەمگین و نەگبەت بوو. بۆیە وەڵامەکانی خۆی ئامادە ئەکرد. چونکە دڵنیا بوو کە ژوولیەن کاتی هەڵسان لە سەر سفرە هەوڵئەدا چەند وشەیەک لەگەڵی بدوێ. بەڵام لەبری ئەوەی ئەمە ڕوو بدات، ژوولیەن بە ڕاشکاوی لە هۆڵەکە مایەوە و نیگای تەنانەت بەرەو باخیش وەرنەگێڕا، کە خوا ئەیزانێ بە چ ئەشکەنجەیەک خۆی ڕاگرتبوو. مادمازێل دولامۆل لای خۆی وتی: «باشتر وایە ئەم لایەنە دەسبەجێ ڕوون ببێتەوە.» بە تەنها خۆی چوو بۆ باخ، ژوولیەن نەچوو. ماتیلد گەڕایەوە و لای پێنجەرییە شووشەکانی هۆڵەکەوە

کەوتە گەڕان و بینی ژوولیەن لای مادام دوفرواک دانیشتووە و بە گەرمە خەریکی لێدوانە دەربارەی ئەو کۆشکە دێرین و کاولانەی لە سەر تەپۆڵکەکانی کەنارەکانی ڕەیندا ماونەتەوە و ئەو هەمووە مەزنی و گرنگیان بەو گردانە بەخشیووە... وردە وردە ئەیتوانی ڕستەکان وەها برازێنێتەوە و دەریان ببڕێ کە لە هەندێ لە هۆڵەکاندا بە ناسکبێژی ناو ئەبرێ.

ئەگەر شازادە کۆرازۆف لە پاریس بوایە دڵنیا زۆر شانازی بە خۆی ئەکرد. ئەم شەوگەڕە، ئەو شتە بوو کە ئەو پێشبینی کردبوو.

شازادە هەروەها ئەو ڕەفتاری ژوولیەن لە ڕۆژانی ئایەندەشیدا گرتبوویە بەر، پەسەند ئەکرد.

... ... ...

ئەو پیلانەی لە لایەن ئەندامانی حکوومەتەوە لە پشت پەردەدا بەڕێوە بوو، خەریک بوو چەند «حەمبەلی شین» وەربگرێ. مادام لامارشاڵ دوفرواک چاوەڕوان بوو یەکێک لەم حەمبەلانە بە مامی گەورەی بدرێ. جەنابی دولامۆلیش هەمان داوای بۆ خەزووری هەبوو. دەستیان دابوویە دەستی یەک و مادام لامارشاڵ هەموو ڕۆژ ئەهات بۆ کۆشکی دولامۆل. ژوولیەن لەوی بیست مارکیز بەمزوانە ئەبێ بە وەزیر. بۆ ئەوەی بەیاننامەی ئازادی نەتەوە لە ماوەی سێ ساڵدا بە بێ ئاژاوە و شۆڕش لەناو بەرێت، گەڵاڵەی پلانێکی زۆر زیرەکانەی دابوو بە کامارێلا[١٥٦].

ئەگەر جەنابی دولامۆل ببوایە بە وەزیر، ژوولیەن ئەیتوانی

١٥٦ـ کامارێلا: Camarilla کورتکراوی Camera بە واتای پەرلەمان. ئەم وشەیە لە سەردەمی دامەزرانەوەی پاشایەتی بەکار ئەبرا و، مەبەست ئەو لیژنەیە بوو کە شا بۆ هەموو شتێک ڕاوێژی لەگەڵ ئەکرد.

هیوای ئەوەی هەبێ بکرێ بە پێشنوێژی کاردینالٚ نشینێک. بەڵام بەڕای ئەو، هەموو ئەم حەز و بەرژەوەندییە مەزنانە لە بن پەردەیەکدا شارابوویەوە. هێزی ئەندێشەی، ئەم شتانەی ئێستا لە پەردەیەکی لێڵ و لە شوێنێکی دووردا ئەبینی. ئەو بەدبەختییە ترسناکەی کە ئەوی شێت کردبوو، ئەوە بوو کە هەموو پەیوەندییەکانی ژیانی بەستبوو بە خاڵێکەوە و ئەویش جۆری پەیوەندی ئەو بوو لەگەڵ مادمازێل دولامۆل. بەرەنجامێکیش کە لەم نەخشەیەی خۆی بەدەستی ئەهێنا، ئەوە بوو کە ڕەنگە پاش پێنج شەش ساڵ هەوڵ و چاودێری بتوانێ دیسانەوە میهرێک لە دڵی ئەم کچەدا بورووژێنێ.

ئەو سەرەی کە تا ئەو ڕادەیە لەسەرخۆ بوو، وەک ئەبینرا کەوتبوویە بێ ئاوەزی تەواوەوە. لەو هەمووە ئەدگار و چاکەیەی لە ڕابوردوودا ببوویە مایەی شانازی و هەڵکەوتنی، جگە لە تۆزقاڵێک خۆڕاگری و سەقامگیری، هیچی بەدەستەوە نەمابوو. پلانەکەی شازادە کۆرازۆفی بە بەردەوامی لەبەرچاو بوو و لە سەر ئەو بناغەیە هەموو شەو لای کورسییەکەی مادام دوفرواکەوە دائەنیشت، بەڵام کارێکی نەگونجاو بوو کە بتوانێ بابەتێک بۆ قسەکردن بدۆزێتەوە.

هەوڵی ئەدا لەوە زیاتر لەبەر چاوی ماتیلد بە نەخۆش خۆیا نەکات. ئەو گوشارەی بۆ خۆی ئەهێنا کە تەندروست دیاری بکات، هەموو شیلەی گیانی کێشابوو. وەک بوونەوەرێکی نیوەگیان لای لامارشاڵ دوفرواک دائەنیشت. تەنانەت چاوەکانیشی وەک لە کاتی تووشبوون بە ئەوپەڕی ئازاری جەستە ئەبینرێ، هەموو سۆمای خۆی لەدەست دابوو.

لەبەر ئەوەش کە بۆچوونی خاتوو دولامۆل هەمیشە کۆپی دووەمی بیروبۆچوونی شووەکەی بوو، کە بۆی هەبوو بیکات بە

«دوشێس»، چەند ڕۆژ بوو کە وەکو شووەکەی لێوەشاوەیی ژوولیەنی ئەبردە حەوتەمینی ئاسمان.

## ئەوینی ئاسمانی

مسۆگەر، قسەکردنی ئادلین ئەوەندە هێور و
مەزنانەیە کە هەرگیز لەو سنوورەی سروشت بۆی
دیاریکردووە تێناپەڕێ. وەکو ئەو خانەدانە چینییە کە
هیچ
بە جوان نازانێ و لانیکەم لە ڕەفتارییەوە نازانی ئەوەی
کە ئەیبینێ، ڕەنگە لای ئەوانی تر دڵپەسەند بێ!
(دۆن ژوان، ١٣، ٢٤)

لامارشاڵ دوفرواک لای خۆی وتی: «جۆری بیرکردنەوەی هەموو کەس لەم ماڵە تۆزێک شێتانەیە. شەیدای ئەو قەشە گەنجە ببوون کە جگە لە گوێڕاگرتن بەو چاوانەیەوە کە بەڕاستی زۆر جوانە، هیچ کارێکی تر نازانێ.»

ژوولیەنیش لە ئاستی خۆیەوە، ڕەفتاری لامارشاڵ دوفرواکی کەم و زۆر بە نموونەی بێ کەموکووڕی ئەو ئارامییە دەروونپاکە ئەزانی، کە ئەدەبێکی پڕ لە وەسواس و هەروەها خۆپاراستن لە هەموو جۆرە کاریگەرییەکی توند و تیژی تیا ئەدرەوشێتەوە. بزووتنی لەپڕ و زاڵ نەبوون بەسەر خۆدا، بە ئەندازەی نەبوونی دەسەڵات و توانا بەسەر بندەستاندا، مادام دوفرواک تووڕە ئەکات. کەمترین نیشانەی دڵناسکی بە جۆرێک ژەهری ویژدان ئەزانێ، کە مایەی نەنگە و زیان بە مرۆڤی مەزن ئەگەیەنێ لەو ئەرکەدا بەرامبەر بە خۆی هەیەتی. حەزی گەورەی باسکردنی

ڕاوشکاری شایە و پەرتووکی دڵخوازی یاداشتەکانی دووک دو سەن سیمۆنە[١٥٧] و لە هەمووش زیاتر بەشی بنەچە و ڕەگەز.

ژوولیەن ئەو شوێنەی کە بە گوێرەی بار و دانرانی چراکان لەگەڵ جۆری جوانی مادام دوفرواک ڕێک ئەکەوت، ئەناسی. پێشتر ئەچوو بۆ هۆڵەکە، بەڵام زۆر ئاگای لێبوو کورسییەکەی بە جۆرێک دابنێ کە ماتیلد نەبینێ. مادمازێل دولامۆل کە لەم بەردەوامی و ئاگالێبوونەی ئەو لە خۆشاردنەوەدا سەری سووڕمابوو، ڕۆژێکیان قەنەفە شینەکەی بەجێ هێشت و لای تەپڵەکێکەوە لە تەنیشت کورسییەکەی لامارشاڵ دوفرواک خەریکی کاری خۆی بوو. ژوولیەن لە بن لێواری کڵاوەکەی مادام دوفرواک لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا ئەیبینی. ئەم چاوانە کە چارەنووسی ئەویان بەدەستەوە بوو، سەرەتا بوونە هۆی ترساندنی. پاشان ئەویان لەو وشکییە هەمیشەییە هێنایەدەرەوە. ئەمیش دوا و چاکیش دوا.

رووی دەمی لەگەڵ لامارشاڵ دوفرواک، بەڵام تاکە ئامانجی سمینی گیانی ماتیلد بوو. کاتی قسەکردن وەها هەڵچوو، کە مادام دوفرواک نەیتوانی لەوە زیاتر لە قسەکانی تێبگات.

ئەمە یەکەمین خۆدەرخستنی ئەو بو، ئەگەر بە سێ چوار ڕستە دەربارەی عیرفانی ئاڵمانی و دینداری بڵیند پایە و ژوزۆییسم لە سەری برۆیشتایە، لامارشاڵ دوفرواک وای لێئەهات کە بە یەکێک لەو پیاوە مەزنانەی بزانێ کە بۆ سازدانەوەی سەدەی ئێمە نێردراون!

مادمازێل دولامۆل لای خۆی وتی: «کاتێک کە ئەوەندە بێ زەوقە بۆ ماوەیەکی ئەوەندە درێژ و بەو گەرموگوڕییە لەگەڵ مادام دوفرواک قسە ئەکات، من ئیتر گوێ لە قسەی ناگرم.» هەرچەند

١٥٧ـ سەن سیمۆن: duc de Saint_Simon لە نووسەرانی ئاریستۆکرات و مەزنی فەڕانسە، یاداشتەکانی دەرباەی لویی چواردە، وەک مێژوو و لە بەڵگە زیندووەکانی ئەو سەردەمەیە.

ڕاپەڕاندنی ئەو بەڵێنە زۆر بەئازار بوو، بەڵام تا کۆتایی ئەو شەوە لە سەر قسەی خۆی مایەوە.

نیوەشەو، کاتێک کە شەمدانەکەی بۆ بەرێکردنی دایکی تا ژوورەکەی بە دەستەوە گرتبوو، خاتوو دولامۆل بۆ ئەوەی پەسنێکی تەواوەتی ژوولیەن بدات، لە سەر پلیکانەکان وەستا. ماتیلد لەم کارەی دایکی بە تەواوەتی زیز بوو. نەی ئەتوانی بخەوێ. ئەندێشەیەک تۆزێ سوکنایی پێدا: «ئەو کەسەی کە من بە چاوی سووک سەیری ئەکەم، هێشتاش ئەتوانێ لە لای لامارشاڵ دوفرواک پیاوێکی لێوەشاوە بێ!»

بەڵام ژوولیەن کە هەر نەبێ کارێکی کردبوو، ئەوەندە بەدبەخت نەبوو. چاوەکانی، بە ڕێکەوت بەو جانتا چەرمە ڕووسیە کەوت کە شازادە کۆرازۆف بە پەنجا و سێ نامەی ئەویندارانەوە پێیدابوو. ژوولیەن لە کۆتایی یەکەم نامەدا بینی: نامەی ژمارە یەک، حەفتەیەک پاش یەکەمین دیدار بنێردرێت.

ژوولیەن دای بە ڕانی خۆیدا:

ــ ئەوە خۆ دوا کەوتووە! ئەوەتا ماوەیەکی دوورودرێژە مادام دوفرواک ئەبینم.

دەسبەجێ کەوتە نووسینەوەی یەکەم نامەی ئاشقانە. نامەکە مەوعیزەیەک بوو زۆر وەڕەزکەر دەربارەی پاکی و دینداری. بەڵام خۆشبەختانە ژوولیەن لە پەڕەی دووەمدا خەو بردبوویەوە.

چەند کاتژمێر دواتر، تیرێژی هەتاو، لە کاتێکدا پاڵی دابوو بە مێزەکەیەوە، لە خەو هەڵیساند. یەکێک لە ساتە بە ژانەکانی ژیانی، ئەو خولەکە بوو هەموو ڕۆژێک کە چاوی هەڵئەهێنا، بەدبەختییەکەی خۆی ئەهاتەوە بیری. ئەو ڕۆژە دەم بە پێکەنین نووسینی نامەکەی تەواو کرد. بە خۆی ئەوت: «تۆ بڵێی گەنجێک پەیدا ببێ کە ئەم شتانە بنووسێ؟!» لەم نامەیەدا چەند ڕستەی نۆ دێڕی ژمارد. لە

بن نامەی بنەڕەتیدا چەند دێری بینی بە پێنووسی ڕەش:

*خۆت ئەم نامەیە بگەیەنە. بە سواری. بۆینباخی ڕەش و چاکەتی شین. بە ڕواڵەتێکی خەمناک نامەکە بدە بە دەرگاوان. ئەگەر کارەکەرێکت بینی، بە دزییەوە چاوت بسڕەوە و چەند وشەیەک لەگەڵ کارەکەر قسە بکە.*

هەموو ئەم ڕاسپاردانەی بە وردی ڕاپەڕاند.

ژوولیەن کاتی چوونە دەرەوە لە تەلاری مادام دوفرواک بە خۆی ئەوت: «ئەو کارەی کە من ئەیکەم زۆر بێباکانەیە، بەڵام ئۆباڵی بە ئەستۆی کۆرازۆف! کێ ئەوێرێ نامە بۆ ژنێکی دینداری وا بنێرێ کە تا ئەم ڕادەیە ناوبانگی دەرکردووە؟ بەوپەڕی سووکایەتی لەگەڵم ئەجووڵێتەوە و هیچ لەمە زیاتر نابێتە هۆی سرگەرمی بۆ من. ئەم کارەش تەنها گاڵتەیەکە کە ئەتوانێ بەڕاستی کار لە دڵم بکات. بەڵێ، بۆ داپۆشینی گاڵتەکردن بەو بوونەوەرە نەفرەت لێکراوەی کە من پێی ئەڵێم خۆم، ئەبێتە مایەی سەرگەرمیم. ئەگەر گوێم لە نەستی خۆم بگرتایە، هەر بۆ ڕابواردنیش بووبێ، تاوانێکم ئەکرد.

مانگێک بوو جوانترین ساتی ژیانی ژوولیەن ئەو ساتە بوو کە ئەسپەکەی ئەگەڕانەوە بۆ گەوڕ. سەیرکردنی ئەو دڵدارەی کە ئەوی فڕێ دابوو، بە ڕاشکاوی لە لایەن کۆرازۆفەوە بەرگیراو کرابوو. بەڵام دەنگی ناڵی ئەم ئەسپە، کە باشی ئەناسی و شێوازی ژوولیەن بۆ بانگکردنی خزمەتکار، بە ڕاوەشاندی قامچی لە دەرگای گەوڕ، هەندێجار پەلکێشی ئەکرد بۆ پشت پەنجەرە. پەردەش ئەوەندە ناسک بوو کە ژوولیەن، ماتیلدی لە پشتیدا ئەبینی. کاتێکیش لەبن لێواری کڵاوەکەیەوە بە شێوەیەکی تایبەت ئەیڕوانییە پەنجەرەکە، بەژنی ماتیلدی جوان جوان ئەبینی. بەڵام

چاوی بە چاوی نەئەکەوت. بە خۆی ئەوت: «کاتێک کە ئەو ناتوانێ چاوەکانی من ببینێ، ئەم کارە بە واتای سەیرکردنی ئەو نییە.»

شێوانگە، مادام دوفرواک بە جۆرێک لەگەڵی جووڵایەوە، واپێئەچوو ئەو نامە فەلسەفییە، عیرفانیە، ئاینیەی بەیانی زوو بە پەژارە و خەمەوە دابوی بە دەرگاوانەکەی، نەبینیوە. شەوی ڕابوردوو، دەستی ڕێکەوت ژوولیەنی لەگەڵ ڕازەکانی ڕەوانبێژی و ناسکبێژی ئاشنا کردبوو. بارەکەی وا ڕێکخست کە بتوانێ چاوەکانی ماتیلد ببینێ. ماتیلد بە نۆرەی خۆی، تاوێک پاش هاتنی لامارشاڵ دوفرواک، قەنەفە شینەکەی چۆڵ کرد. ئەم کارە بە واتای هەڵاتن لە کۆمەڵە هاودەمەکەی بوو. ئەتوت مارکیز دو کرۆزنۆوا لەم هەوەسە تازەیە حەپەساوە. دەرد و خەمی ئاشکرای ئەو، ژوولیەنی لە چنگی دڵتەزێنترین ئەشکەنجەی بەدبەختی ڕزگار کرد.

ئەم ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەی لە ژیانیدا ڕووی دابوو، وەک فریشتەیەک زمانی پێ کردەوە. بە پێی ئەوەش کە فیز و دەعیە، تەنانەت لەو دڵانەشدا کە پەرستگەی پاکترین دینداریيە، ڕەخنە ئەکات، لامارشاڵ دوفرواکیش، کاتی سواربوونی گالیسکەکەی بە خۆی وت: «خاتوو دولامۆل هەقیەتی، ئەم قەشە گەنجە خاوەنی کەسایەتییە. وا دیارە بوونی من لە ڕۆژانی یەکەمدا هەراسانی کردبوو. ڕاستەکەی ئەوەی لەمماڵەدا ئەبینرێ، زۆر سووکە، ئەو دینداریيەی لێرە ئەبینرێ، بەرەنجامی تەمەن و پیریيە و ئایندارییەکە پێویستییەکی مەزنی بە مەیینی کاتەوە هەیە. ئەم جەوانە بێگومان هەستی بە جیاوازی ئەم دیاردانە کردووە. جوان ئەنووسێ؛ بەڵام ئەو داواکارییەی لە نامەکەیدا هەیەتی، کە من ئامۆژگاری ئەو بکەم بەرەو ڕێگەی ڕاست، زۆر لەوە ئەترسم لە ڕاستیدا ئەو هەستە بێ، کە خۆی ئاگای لێی نییە.»

«سەرەڕای ئەمەش، چەندەها هەڵگەڕانەوە و تۆبە بەم شێوەیە دەستی پێکردووە! شتێک کە سەبارەت بەم تۆبەیە نوقڵانەی چاکەم بۆ ئەبژێرێ، جیاوازی نێوان دارشتنی ئەم نامەیە و ئەو پەخشانەی ئەو گەنجانەی کە من نامەکانیانم بیبیون. ناتوانی نامەی ئەم قەشە گەنجە بخوێنیتەوە و هەست بە کێشەری شیرین و هەتەری قووڵ و بڕوای فراوان نەکەی. ئەم لاوە پاکیزەیی ئارامی ماسیۆنی[١٥٨] هەیە!

١٥٨ ـ ماسیۆن: Jean Baptiste Massillon (١٦٦٣ ـ ١٧٤٢) قەشە و وتاربێژی بەناوبانگی فەڕانسەیی لە کلیسای کلێرمۆنت بۆ ماوەی ٢٥ساڵ.

بەندی XXVII

# جوانترین شوێنەکانی کلیسا

خزمەت! پسپۆڕی! زیرەکی! قسەی قۆڕ!
ئەبێ ئەندام بی لە ڕێکخراوێک!
(تێلێماک)[159]

بەم جۆرە بیری پێشنوێژی قەشەنشین، بۆ یەکەم جار لە بیری ژنێکدا لەگەڵ بیری ژوولیەن تێکەڵ ببوو، کە ئەبوایە درەنگ یان زوو جوانترین پلەکانی کلیسا بدات بەم و بەو. ئەم دەسکەوتانە تەنها یەک تۆزیش لە دڵی ژوولیەن کاریگەر نەبوون. چونکە لەم خولەدا، جگە لەو نەگبەتییەی ئێستەی، بیری لە هیچی تر نەئەکردەوە. هەموو شتێک بەدبەختییەکەی دوو بەرامبەر ئەکرد. بۆ وێنە، بینینی ژوورەکەی خۆی گیانی ئەکێشا. شەو کە بە مۆمی دەستییەوە پێی ئەنایە ژوورەکەی خۆی، وای ئەزانی کە هەر پارچەیەک لە کەلوپەلی ناو ژوورەکە دێنە زمان و سووچێکی تازەی بەدبەختییەکەی بە تاڵی و تفتی پیشانی ئەدەن.

ئەو ڕۆژە کاتی ڕۆیشتنەوەی بۆ ژوورەکەی خۆی بە گەرموگوڕییەک، کە ماوەیەک بوو لەگەڵی نامۆ کەوتبوو، بە خۆی وت: «کاری قورسم لە ئەستۆیە. ئەبێ دڵنیا بم نامەی دووهەمیش بە ئەندازەی نامەی یەکەم قورس و خەمهێنەر بێ.»

نامەی دووەم وا بوو، خەمێکی مەزنتری تیابوو. ئەو شتەی

---

١٥٩ـ تێلێماک: Telemachus پەرتووکی بەسەرهاتی کوڕی ئۆلیس و پێنەلۆپی‌یە کە فێنێلۆن نووسەری فەڕانسەیی نووسیوێتی.

کە خەریک بوو لەبەری ئەنووسییەوە، ئەوەندە بێ واتا بوو، کە چاری نەما بە بێ سەرنجدانە ناوەڕۆک و واتای نامەکە دێڕ بە دێڕ نووسییەوە.

بە خۆی ئەوت: «ئەم نامانە لە بەڵگەنامەکانی پەیاننامەی مۆنشتر(١٦٠)، کە لە لەندەن بە فەرمانی مامۆستای دیپلۆماسی خۆم نووسیم، زیاتر جەخت و دووپاتبوونەوەی تیایە.»

تەنها لەو چرکەساتەدا بوو کە بیری نامەکانی مادام دوفرواک کەوتەوە. لە بیری چووبوویەوە کە خودی نامەکان بۆ دۆن دیەگۆ بۆستۆ، ئەو ئیسپانییە پیاوچاکە بگێڕێتەوە. بۆیان گەڕا. لە ڕاستیدا ئەم نامانەش کەم تا زۆر بە ئەندازەی نامەکانی خانەدانە ڕووسەکە بێ واتا و تێکەڵ و پێکەڵ بوون. بە تەواوەتی پێوار بوون و وەها نووسرابوون کە ئەیویست هەموو شتێک بڵێ و هیچیش نەڵێ. ژوولیەن لە دڵی خۆی‌دا وتی: «داڕشتنی ئەم نامانە وەکو چەنگەکەی ئیۆڵیەن(١٦١) وایە. لە نێوان بڵندترینی ئەو بیرانەی دەربارەی نەمان و مەرگ و تاهەتایی و شتەکانی تردا هەیە، جگە لە ترسی نەفرەت لێکراوی گاڵتە چیتر نابینم.»

ئەم وتووێژەی ژوولیەن لەگەڵ هزری خۆی، کە ئێمە لێرەدا بە کورتی باسمان کرد، پانزە ڕۆژی بەردەوام درێژەی هەبوو. لە کاتی نووسینەوەدا، وەک دوا پەرتووکی ئنجیل بنووسێتەوە، خەو ئەیبردەوە و بەیانی زوو بە ڕواڵەتێکی جەخراوی نامەکەی ئەگەیاندە بە دەرگای ماڵی لامارشاڵ دوفرواک و ئەسپەکەی بە

١٦٠ـ مۆنشتر: Muenster پەیماننامەی کۆتایی جەنگی سی ساڵەی سوید و فەڕانسە و ئاڵمان لە ١٦٤٨.

١٦١ـ چەنگی ئیۆڵیەن: Aeolian harp چەنگێکە دوو سیمی هەیە و بە با کار ئەکات. هی ناوچەیەکی یۆنانە بەم ناوە. لە باخ و پارک دای ئەنێن و کە با لێی ئەدا دەنگی خەمگینی لێ بەرز ئەبێتەوە. زۆر نووسەر و هونەر ئەمازەیان پێکردووە و مەبەست ئەوەیە مرۆڤ جگە لە هەستی خۆی، گوێ لە سەرچاوەی تر ڕانەگرێ و ئەوەی دەریئەبڕێ، پێوارە و لێڵە.

ئومێدی دیداری کراسەکەی ماتیلد ئەبرد بۆ گەوڕ و کارکردن و شەو، ئەگەر مادام دوفرواک نەهاتایە بۆ تەلاری دولامۆل، چوون بۆ ئۆپێرا... ببوو بە ژیانی یەکباوی ژوولیەن. کاتێک کە مادام دوفرواک ئەهات بۆ ماڵی مارکیز، ژیانی ژوولیەن تام و چێژێکی زیاتری هەبوو. ئەوسا لە بن لێواری کڵاوەکەی لامارشاڵ دوفرواکەوە، ئەیتوانی چاوەکانی ماتیلد ببینێ و قسەی خۆش بکات! ڕستەی بەشۆر و پڕ لە ئەوین و هەستی، وردە وردە داڕشتنێکی دڵگیرتر و درەوشاوەتری بە خۆیەوە ئەگرت.

باش ئەیزانی ئەوەی ئەیڵێ لە لای ماتیلد بێ واتایە، بەڵام ئەیویست بە هۆی ناسکبێژییەوە سۆز و هەژانێک لە دڵی ماتیلددا ببزوێنێ. ژوولیەن لە دڵی خۆیدا ئەیوت: «وا دیارە قسەکانی من چەندە ساختەتر بێ، زیاتر لە دڵی ئەنیشێ.» ئەوسا بە جەربەزەیەکی نەفرەتاوی سەبارەت بە هەندێ لە ڕواڵەتەکانی سروشت، ئەکەوتە پیاهەڵدان. زوویش بۆی دەرکەوت بۆ سەرکەوتن لە لای لامارشاڵ دوفرواک و بۆ ئەوەی بە مرۆڤێکی بێکەڵک نەژمێردرێت، ئەبوا خۆی لە وتنی هەموو بیر و بێژەیەکی ساکار بپارێزێ. بەم جۆرە بە گوێرەی بینینی سەرکەوتن یان پەسەند نەکەوتن لە چاوی ئەو گەورە خاتوونەدا، کە ئەبوایە پەسەندی بکات، لە وتاردان بەردەوام ئەبوو یان لە کورتی ئەیبڕییەوە.

بەگشتی، ژیانی بە ئەندازەی ئەو خولەی بە بێکاری کاتی تێئەپەڕاند، دژ و نالەبار نەبوو.

شەوێک بە خۆی وت: «بەڵام ئەوەتا من خەریکی لەبەر نووسینەوەی ئەم درێژدادڕییە ڕەزاگرانانەم. چواردە نامە بە گوێرەی وەفا و ڕاستگۆیی دراوە بە نۆکەرەکەی لامارشاڵ دوفرواک و ئەوەندەی پێناچێ شانازی ئەوەم پێ ئەبڕێ چەکمەجەکانی هەموو مێزەکانی پڕ بکەم لە نامە! کەچی ڕەفتاری لەگەڵم وایە



ئەڵێی هیچ نامەیەکم بۆ نەنووسیوە. سەرەنجامی ئەم کارانە ئەبێ بە چی؟ خۆڕاگری و بەردەوامی، ئەویش وەکو من ماندوو ئەکات؟ ئەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ئەو ڕووسەی هەڤاڵی کۆرازۆف و دڵبەستەی تارک دنیای ڕیچموند لە سەردەمی خۆیدا کابرایەکی سامناک بووە. هیچکەس ناتوانێ لەوە زیاتر ملۆزم بێت.»

ژوولیەن وەکو هەموو بوونەوەرێکی مامناونجی، کە بە ڕێکەوت تووشی چالاکی ئاستی گەورە ئەبێ، لە جۆری هێرشی ئەو ڕووسە گەنجە بۆ دڵی ئەو تارک دنیا شۆخە ئینگلیزە تێنەئەگەیشت. بابەتی چل نامەی یەکەم داوای لێبوردن بۆ ئەوە بوو کە نامەی نووسیوە! ئەبوایە ئەم مرۆڤە نازدارە کە زۆر پەژارەی هەبوو، بە گەیشتنی نامەی وا ڕابێت کە ڕەنگە تۆزێک بەتامتر بێ لە هی ژیانی ئاسایی.

ڕۆژێک سەرلەبەیانی، نامەیەک بە ژوولیەن گەیشت. هێمای تایبەتی بنەماڵەی مادام دوفرواکی ناسییەوە. بە پەلە مۆرەکەی شکاند کە چەند ڕۆژ بەر لەمە پێی وا بوو شتی وا قەت نالوێ. بۆ شێو بانگکرابوو و قوتار!

دەسبەجێ چوو بۆ لای ئامۆژگارییەکانی شازادە کۆرازۆف. بە داخەوە ڕووسی جەوان وتبووی لە جێگەیەکدا کە ئەبێ سادە و ڕوون و ڕاشکاو بێ، وەکو دۆرا[١٦٢]، لوسکە و لاسار بێ. ژوولیەن نەیتوانی ساخی بکاتەوە کە لە میوانی ماڵی لامارشاڵ دوفرواک، ئەبێ چ بارێکی دەروونی لە خۆی بنوێنێ.

هۆڵەکە لە ڕوانگەی مەزنی و شکۆوە، بە یەک وشە ناوازە بوو، وەکو هۆڵی دایانا[١٦٣] لە کۆشکی تویلەری زەڕنیگار بوو

---

**١٦٢ـ** دۆرا: Claude Joseph Dorat (١٧٣٤ـ١٧٨٠) هۆنەری لاسار و ناسکبێژی فەرانسەیی.
**١٦٣ـ** هۆڵی دایانا: Galerie de Diane هۆڵێکە لە باشووری کۆشکی شاهانەی تویلەری لە پاریس.

و تابلۆی ڕۆنی نایاب دیوارەکانی ڕازاندبوویەوە. لە سەر ئەم تابلۆیانە پەڵەی ڕوون ئەبینرا. ژوولیەن پاشتر بۆی دەرکەوت لەبەر ئەوەی بابەتی هەندێ لە تابلۆکان بە بۆچوونی خاتوونی خاوەن ماڵ بێئەدەبانە بووە، فەرمانی گۆڕان و چاککردنی داون. بیری کردەوە: «سەدەی ڕەوشتە!»

لەم هۆڵە چاوی بە سیان لەوانە کەوت کە لە نووسینی یاداشتی نهێنیدا بەشدار بوون. یەکیان جەنابی کاردیناڵ ... مامی لامارشاڵ دوفرواک بوو، کە لە داهاتی کلیسا بەشی هەبوو و بەڕای خەڵکی نەیئەتوانی هیچ لە برازاکەی بشارێتەوە. ژوولیەن بە پێکەنینێکی خەمناک بە خۆی وت: «چ هەنگاوێکی مەزنم هەڵگرتووە و چەند ئەم سەرکەوتنەم بە سووک گرتووە! ئەوەتا لەگەڵ کاردیناڵ (...)ی بەناوبانگ نان ئەخۆم.»

شێو ئاسایی بوو و گفتوگۆکان گیانکێش بوون. ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «ئەمە وەکو پێڕستی پەرتووکە خراپەکە وایە. مەزنترین بابەتەکانی هزری مرۆڤایەتی بە شانازییەوە هاتۆتە ئاراوە. بەڵام ئەگەر سێ خولەک گوێ لە بێژەر بگری، سەرسام ئەبیت کە خۆ گێڤ کردنەوەی بێژەر سەرنجڕاکێشترە یان نەزانییە سەمەرەکەی؟»

خوێنەری بەڕێز، ڕەنگە ئەو منداڵکارە نووسەرەی کە نای تانبۆ و برازای ئەندامی کۆڕی زانیاری و مامۆستای داهاتووە، کە بە فێڵ و تۆمەتە نزمەکانی خۆی، ئەتوت بەرپرسی کاری چەپەڵە لە هۆڵی کۆشکی دولامۆلدا، لەبیر چووبێتەوە؟

ژوولیەن سەرەتا لە دەمی ئەم کوڕەی بیست کە ڕەنگە مادام دوفرواک، سەرەڕای خۆبواردن لە وەڵامدانەوەی نامەکانی ئەو، بە میهر و سۆزەوە سەیری هاندەری نامەکان بکات. دڵی ڕەشی مسیۆ تانبۆ، هەر کات کە ئەکەوتەوە بیری سەرکەوتنەکانی ژوولیەن،

ونجڕ ونجڕ ئەبوو. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە، لەبەر ئەوەی هیچ مرۆڤێکی شیاو و هیچ نەزانێک ناتوانێ بە یەک دەست دوو شووتی هەڵبگرێ، مامۆستای داهاتوو بە خۆی ئەوت: «ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان، سۆرێل ببێ بە دڵداری لامارشاڵ دوفرواکی جوان و شەنگ، ئەم ژنە بەجۆرێک کە لە بەرژەوەندی بێ، پلەیەکی شیاوی لە کلیسا پێ ئەدا و لە تەلاری دولامۆل لە کۆڵی من ئەبێتەوە.»

ڕەبەن پیراریش، ژوولیەنی سەبارەت بە سەرکەوتن و کامەرانییەکانی لە تەلاری دوفرواک بێبەش نەکرد. لە نێوان ژانسنیستی مۆن و هۆڵی یەسووعی و نۆژەنکراو و شاپەرەستی لامارشاڵ دوفرواکی پاکیزە، جۆرە ئێرەیی پێبردنێکی سکتاریستی و ڕێبازخوازانە لە ئارادا بوو.

بەندی XXVIII

## مانون لێسکۆ

ئەوەندەی کە گەوجێتی و نەزانی پێشنوێژی مەیرەکەی
لا مسۆگەر بوو، بەوە سەرکەوتوو بوو کە:
بە سپی ئەوت ڕەش و
بە ڕەشی ئەوت سپی!
(لیختنبەرگ)[١٦٤]

ئامۆژگاریی ڕووسی، بنەبڕانە و مسۆگەر فەرمانی ئەدا نابێ هەرگیز لەگەڵ ئەو کەسەی نامەگۆڕینەوەت هەیە، بکەویتە مشتومڕی زمانییەوە. نابێ بە هیچ بیانوویەک، تەنانەت لە ڕێگەی پەسنکردنی بێوچانەوە لەو دنیای گەشکە و کێشەرە دووری بکەوێتەوە، کە ناوەڕۆکی نامەکان هەر هەمووی لە سەر ئەم بنەمایە داڕێژرابوون.

شەوێک لە ئۆپێرا، لە باڵکۆنی مادام دوفرواک، ژوولیەن باڵێتی مانۆن لێسکۆی[١٦٥] ئەبردە ڕیزی هونەرە ئاسمانییە بێوێنەکانەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر بە بێ ناوەڕۆکی ئەزانی.

خاتوو لامارشاڵ دوفرواک وتی کە ئەم باڵێتە زۆر نزمتر لە خودی ڕۆمانەکەی «ئابە پریڤۆ»یە[١٦٦].

---

١٦٤ـ Georg Lichtenberg (١٧٤٢ـ١٧٩٩) زانا و ساتیرنووسی ئاڵمانی.

١٦٥ـ مانۆن لێسکۆ: Manon Lescaut لە شاکارەکانی ڕۆمانە لە سەدەی هەژدەدا، ئابە پریڤۆ نووسیویێتی. چەندین ئۆپێرا و باڵێتی لە سەر درووستکراوە. ئەمەی باسی ئەکا ئالیڤی Halevy ئاوازی بۆ داناوە و ١٨٣٠ چووەتە سەر شانۆ...

١٦٦ـ ئابە پریڤۆ: Antoine François Prévost یان abbé Prévost (١٦٩٧ـ١٧٦٣) قەشە، نووسەر و ڕۆماننووسی فەڕانسەیی.

ئەم بۆچوونە هەم بووە هۆی سەرسووڕمان ژوولیەن، هەم مایەی شادمانی. بە خۆی وت: «سەیرە! ژنێک بەم گشتە دینداریییەوە لە کوێ و پەسنکردنی ڕۆمان لە کوێ!» نەریت و خووی مادام دوفرواک ببوو بەوەی حەفتەی دوو سێ جار، لەوپەڕی خۆیدا، سووکایەتی بە نووسەران بکات کە لە ڕێگەی ئەم جۆرە بەرهەمە بوودەلانەوە بەرەی گەنجان، کە بە داخەوە خۆیان ئامادەی خزین و لادانن، بەرەو خراپە و هەڵدێر ئەبەن.

لامارشالّ لە درێژەی قسەکانیدا وتی:

ــ وەک ئەوترێ، لە نێوان ئەم بەرهەمە زیانبەخشانەدا پەرتووکی زیانەخورۆی مانون لێسکۆ یەکێکە لە پەرتووکە هەرە گازندارەکان. لێرەدا باسی لاوازی و ئەشکەنجەکانی دلێکی گوناهکار ئەکرێ، کە سزاشی هەر ئەمەیە، لەگەڵ ڕاستییەک کە نوێنەرەوەی قووڵی هزر و ڕەوانبێژییە. ئەمەش ڕێگە لەوە ناگرێ کە بۆناپارت لە سەنت هێلن بڵێ ئەم ڕۆمانە بۆ نۆکەر و کارەکەر نووسراوە!

بە بیستنی ئەم قسەیە، گیانی ژوولیەن هەموو توانا و وزەی خۆی هاتەوە بە بەردا. «دیارە لای لامارشالّ دوفرواک پیلانیان بۆ چنیوم و باسی خۆشەویستی بێوێنەی من سەبارەت بە ناپۆلیۆنیان بۆ کردووە! ئەم زانیارییە ئەوەندە ئەوی شەمزاندووە، کەوتۆتە بیری ئەوەی ناڕاستەوخۆ ئەو دڵڕەنجانەی خۆی بە من پیشان بدات.» ئەم بۆچوونە سەرانسەری شەو بەخۆوە خەریکی کرد و بووە هۆی ئەوەی سەری گەرم بێ. کاتێک کە لە دالانی ئۆپێرا دەرفەتی لە لامارشالّ دوفرواک وەرئەگرت، لامارشالّ پێی وت: «لەبیرت نەچێ، ئەوەی کە ئەراگێلّ[١٦٧] و شەیدای من بێ، نابێ ناپۆلیۆنی

١٦٧ـ ئەراگیل: lover ئەویندار، تامەزرۆ، دڵبەستە، دڵدار، دڵکەتی، دین، سەوداسەر، شەیدا، گیرۆدە. [ع] عاشق [N] elsker [د] عاشق

خۆش بوێ. لانی زۆرەکەی ئەتوانین بە پێداویستییەکی بزانین کە دەستی پەروەردگار دابووی بە کۆڵماندا. جگە لەوەش، ڕۆحێکی ئەوەندە ناسکی نەبوو کە لە شاکارە هونەرییەکان تێبگات!»

ژوولیەن بە بەردەوامی لە دڵی خۆیدا ئەیوت: «ئەوەی کە ئەراگێڵ و شەیدای من بێ...» ئەم قسەیە یان هیچ مەبەستێکی تیا نییە، یان هەموو مەبەستەکانی تیایە. ئەمە یەکێکە لە ڕازەکانی زمان کە لە ئێمەی خەلکی گوندی نەگبەت شاراوەیە. ئینجا لە کۆتایی نووسینەوەی نامەیەکی دووردرێژ بۆ لامارشاڵ دوفرواک، ماوەیەکی باش بیری فڕی بۆ لای خاتوو دورێنال.

شەوی دواتر لامارشاڵ دوفرواک بە دارەتێکی سارد و کەمتەرخەم، کە بە ڕای ژوولیەن زۆر کاڵوکرچ و نەشارەزایانە بوو، وتی:

ــ لەو نامەیەدا کە وا بزانم دوێشەو پاش ئۆپێرا نووسیوتە، بۆ بەو جۆرە باسی لەندەن و ڕیچمۆند بۆ من ئەکەی؟

ژوولیەن تەواو شڵەژا. بە بێ ئەوەی ئاگای لە ناوەڕۆکی نامەکە بووبێ دێڕ بە دێڕ نووسیبووییەوە و وا دیار بوو لەبیری چووە لەبری وشەی لەندەن و ڕیچمۆند کە لە نامە ئورجیناڵەکەدا هەبوو، ئەم لە نامەکەی خۆیدا بنووسێ، پاریس و سەن کلود. دوو سێ ڕستەی وەکو داوای لێبوردن وت، بەڵام نەیتوانی هیچکامیان تەواو بکات. ئاگای لێبوو ئەوەندەی نەماوە بداتە قاقای پێکەنین. بۆ قسەیەکی لەبار و شایستە گەڕا؛ سەرەنجام لە مێشکیدا دۆزرایەوە: «وا دیارە گیانی من کە لە ئەنجامی لێدوان سەبارەت بە گەورەترین و بەڕێزترین هۆگرەکانی گیانی مرۆڤدا هەژاوە، کاتی نووسینی نامە بۆ تۆ تووشی وڕی و شڵەژانی هزر بووبێت.»

ژوولیەن بە خۆی وت: «ئێستە کە شێوازەکەم کاریگەر بوو، ئەتوانم خۆم لە پەژارەی ماوەی شەو بپارێزم. بە هەڵات هەڵات لە

تەلاری دوفرواک هاتە دەرەوە؛ ئەو شەوە، کاتێک کە سەیری نامە ئوریجیناڵەکەی کرد، کە شەوی پێشتر نووسیبوویەوە، گەیشتە ئەو دیڕە نەگریسەی کە ڕووسی جەوان باسی لەندەن و ڕیچمۆندی ئەکرد. ژوولیەن لەوەی کە نامەکە تا ڕادەیەک ئەویندارانە بوو، سەری سووڕما.

مایەی سەرکەوتنی ژوولیەن، ناکۆکی نێوان ڕواڵەتی نزمی قسەکانی و ناوەڕۆکی بەنرخ و پڕ لە پێواری نامەکانی بوو. درێژی ڕستەکان لە هەموو شت زیاتر چێژی پێ ئەبەخشی. ئەم شێوازە، ئەو ڕێگەیە نەبوو کە بە هۆی ڤۆڵتێر، ئەو بەدخووترین پیاوە، بڵاو ببوویەوە! هەرچەند قارەمانەکەی ئێمە بۆ دوورخستنەوەی هەموو جۆرە ئاوەزێک لە گفتوگۆکەیان، پەنای بۆ هەموو شێوازێک ئەبرد. دیسانەوەش قسەکانی بۆنی دژایەتی پاشایەتی و ئاینی لێئەهات و ئەم شتانە لە چاوی مادام دوفرواک شاراوە نەبوو. ئەوانەی کە دەوریان دابوو بە زۆری پابەستەی ڕەوشت بوون، بەڵام هیچ بیرۆکەیەکیان دەربارەی هیچ شتێک نەبوو. ژنە لە هەر شتێک کە بۆنی داهێنانی لێبهاتایە، زۆر بە توندی دائەچڵەکی و سەرسام ئەبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا کردبووی بە ئەرک بەسەر خۆیەوە کە لەم بیرە تازەیە زیز ببێ. ئەم کێماسییەی ناو نابوو: پاراستنی هێماکانی بێ مێشکیی سەردەم.

بەڵام بینینی ئەم جۆرە هۆڵانە، مەگەر ئەوەی بە تکا و ڕجا، ئەگینا هیچ ناهێنێ. گومانی تێدانییە کە خوێنەر هاوبەشی پەژارەی ژیانی بێ شۆر و کێشەری ژوولیەن بووە لەم هۆڵانەدا و لەم قاقڕە پڕ لە دڕک و داڵەی گەشتەکەماندا.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە ڕەوتی ڕووداوی مادام دوفرواک بەسەر کاتەکانی تەمەنی ژوولیەندا باڵی ڕاکێشابوو، مادمازێل دولامۆل بۆ ئەوەی بیر لەو نەکاتەوە، نیازی بەوە هەبوو بە

تەقەللایەکی پایەدار بەسەر خۆیدا زاڵ ببێ. گیانی گیرۆدەی گێرە و کێشە بوو. هەندێجار لە سووکایەتی کردن بەم جەوانە خەمگینە خۆی گێڤ ئەکردەوە. بەڵام بە بێ ئەوەی حەزی لێبێ، ئەبوو بە گیرۆدەی قسەکانی. ئەوەی زیاتر ماتیلدی سەرسام ئەکرد، ئەو هەمووە درۆیە بوو لە دەمی ئەهاتە دەرەوە. ژوولیەن، وشەیەکیشی بە لامارشاڵ دوفرواک نەئەوت کە درۆ نەبێ یان هەرنەبێ شێوازی بیرکردنەوەی ئەو، کە ماتیلد بە باشی لە هەموو بابەتێکدا ئەیناسی، لە بن دەمامکێکی نەفرەتباردا نەشاردبێتەوە. ئەم فێڵبازییانە تووشی سەرسوورمانی کردبوو. بە خۆی ئەوت: «چەندە بە قووڵی! لە نێوان ئەو و نەزانانی خۆفرۆش و پەستی وەکو مسیۆ تانبو، کە بە هەمان زمان قسە ئەکات، چ جیاوازییەک هەیە؟»

سەرەڕای ئەمەش ڕۆژانی ترسناک لە ژوولیەن تێئەپەڕی. ڕاستە کە هەموو ڕۆژ ئەچوو بۆ ماڵی لامارشاڵ، بەڵام ئەم چوونانە بۆ ئەوە بوو بە ئازارترین ئەرک ڕاپەڕێنێ. ئەو هەوڵانەی بە مەبەستی درۆ و خۆدەرخستن ئەیدا، هەموو هێزێکی لەبەر بڕیبوو. زۆرجار بە شەو، کاتی تێپەڕین لە حەوشەی بەرفراوانی کۆشکی دوفرواک، تەنها بە هێزی ئەڤان و ئاوەز و ژیری ئەیتوانی بەسەر نائومێدییەکەی خۆیدا زاڵ ببێ.

بە خۆی ئەوت: «من لە فێرگەی ئاینی بەسەر نائومێدیدا زاڵ بووم. لەگەڵ ئەوەی لەو سەردەمەدا چ دوورنەمایەکی ترسناکم لە بەرامبەر خۆمدا بەدی ئەکرد. یان سامان و پلەیەکم بەدەست ئەهێنا، یان لەم ڕێگەیەدا شکستم ئەخوارد. لە هەر دوو دارەتەکەشدا ناچار بووم کە هەموو تەمەنی خۆم هاودەمی پەستترین و کەمترین کەسانێک بم کە لە بن ئەم ئاسمانەدا بەدی ئەکرێن. بەهاری دواتر، تەنها یانزە مانگ پاش ئەو ڕێکەوتە،

ڕەنگە خۆشبەختترینی ناو گەنجەکانی هاوتەمەنی خۆم بووم.»

بەڵام، ئەم جۆرە خۆ دڵدانەوە جوانانە لە بەرامبەر ڕاستەقینەی ترسناکدا کاریگەر نین. هەموو ڕۆژێک، نیوەڕۆ و ئێوارە ماتیلدی ئەبینی. بە گوێرەی ئەو نامە زۆرەی بە گوتنی جەنابی دولامۆل ئەینووسی، ئەیزانی کە شووکردنی بە مارکیز دو کرۆزنۆوا نزیک بۆتەوە. ماوەیەک بوو کە ئەم جەوانە ڕێکوپێکە، ڕۆژی دوو جار لە کۆشکی دولامۆل ئەبینرا؛ جا چاوانی دڵداری دەرکراویش هەموو هەڵسوکەوتێکی خستبوویە بن چاودێرییەوە.

کاتێک کە بە بیری خۆی مادمازێل دولامۆلی ئەبینی لەگەڵ دەسگیرانەکەی خۆشڕەفتار و مهیرەبانە، پاش گەڕانەوە بۆ ژوورەکەی ناخودئاگا بە ئەوینەوە سەیرێکی دەمانچەکانی خۆی ئەکرد.

بە خۆی ئەوت: «ئاخ! چەندە باشتر ئەبێ ئەگەر مەدالیاکانم بفەوتێنم و لە جەنگەڵێکی دوورەدەست، لە بیست فرسەنگی پاریس کۆتایی بەم ژیانە نەگبەتییەی خۆم بهێنم! لەبەر ئەوەش کە لەم مەڵبەندە بێگانەم، مردنم بۆ پانزە ڕۆژ کەس پێی نازانێ و لە پاش پانزە ڕۆژیش کێ بیری منی ئەکەوێتەوە؟!»

ئەم سەلماندنە زۆر ژیرانە بوو. بەڵام بەیانییەکەی، بینینی بازووی ماتیلد لە نزیکی قۆڵی کراس و دەسکێشەکەیەوە، بەس بوو بۆ ئەوەی فەیلەسوفە جەوانەکەمان لە ناو ئەو بیرەوەرییانەدا بکەوێتە مەلە کە گیانکێش و جەخاراوی بوون و سەرەڕای ئەمانەش ئەیبەستەوە بە ژیانەوە! ئەوسا بە خۆی ئەوت: «من ڕامیاری ئەم ڕووسە تا کۆتایی درێژە پێ ئەدەم. پایانەکەی چی ئەبێ؟»

«سەبارەت بە لامارشاڵ دوفرواک ئەبێ بڵێم پێم وانییە لەو پەنجا و سێ نامەیە زیاتر بنووسم.»

«سەبارەت بە ماتیلدیش ئەبێ بڵێم ئەم شەش حەفتە نەگریسە

گاڵتەجاڕە یان ڕق و تووڕەیی ئەو ناگوڕێ، یان وای لێئەکا ئاشتم بکاتەوە. خوایە! لە خۆشیان ئەمرم!...» ئەوسا نەی ئەتوانی بگاتە ئەنجامێک.

کاتێک پاش بیرکردنەوەی دووروودرێژ ئەیتوانی سەلماندنەکەی دەست پێبکاتەوە، بە خۆی ئەوت: «ڕۆژێک هەر دێ بەختەوەر ببم و پاش ئەو خولەی بەختیاری، گەردەلوولی سزادان هەڵئەکاتەوە. داخەکەم بناغەی ئەم سزادانەش لە سەر ئەوەیە کە منی بە دڵ نییە. ئیتر هیچ سەرچاوەیەکی هیوام نامێنێ. ماڵم کاول ئەبێ و تا دنیا دنیایە چارەڕەش ئەبم.»

«بەو سروشتەوە کە هەیەتی چۆن ئەتوانێ دەستەبەرم بکات؟ داخەکەم کە هەموو ئەم شتانە بەرەنجامی لێنەهاتووی منە. ڕەفتارم ناسک نابێ و وتارم قورس و یەکباو ئەبێ؛ خوایە! من بۆچی وا لەدایک بووم؟!»

بەندی XXIX

## بێزاریی

گیانبەختکردن لە پێـــناوی ئەوینەدا هەڵوەســـتەیە،
بەڵام لە پێناوی ئەو ئەوینەدا کە نیمانە چی؟
ئای سەدەی نۆزدەی خەمگین خەمگین!
(ژیرۆدە)(١٦٨)

مادام دوفرواک کە سەرەتا لە خوێندنەوەی نامە دوورودرێژەکانی ژوولیەن چێژی وەرنەئەگرت، پاش ماوەیەک وردە وردە لەگەڵیان ڕاهات. بەڵام لە شتێک خەمگین بوو: «بە داخەوە کە مسیۆ سۆرێل قەشەیەکی تەواوەتی نییە! ئەوسا ئەکرا بە جۆرێک بیکەم بە دۆستی خۆم. بەم مەدالیا و ئەم جلوبەرگە ساکارەی کە ئەو لەبەری ئەکا، مرۆڤ ئەکەوێتە بن باری پرسیاری دژواری خەڵکییەوە و چ وەڵامێکم هەیە بیاندەمەوە؟» لامارشاڵ دوفرواک کۆتایی بە پندارەکەی خۆی نەئەهێنا. «ڕەنگە ژنێکی نانەجیب لە ناو دۆستاندا وابزانێ و تەنانەت قاویش دابخات کە ئەم کابرایە ئامۆزای خزمەتکارێکی ڕەبەنە، لە خزمانی باوکم یان بازرگانێکە مەدالیای هێزی بەرگری وا بە سینەیەوە.»

گەورەترین دڵخۆشی مادام دوفرواک تا ئەو ڕۆژەی کە ژوولیەنی نەدیبوو، نووسینی وشەی لامارشاڵ بوو لە تەنیشت ناوەکەی خۆیەوە. پاشان خۆبەزلزانییەکی نەخۆشانە کە لە هەموو

١٦٨- ژیرۆدە: Anne-Louis Girodet (١٧٦٩-١٨٢٤) وێنەگەری فەڕانسەیی سەرەتای ڕۆمانتیسیسم.

شت ئەڕەنجێ و لە هەموو تازە پیاکەوتوویەکدا ئەبینرێ، ئەو خۆشەویستییەی وردە وردە بەدی هاتبوو، لێکهەڵوەشاند.

لامارشاڵ بە خۆی ئەوت: «چەندە ئاسان ئەبوو بە پلەی جێگری کاردیناڵ لە یەکێک لە قەشەنشینەکانی دەوروبەری پاریسدا دایمەزرێنم! بەڵام کەسێکی وەکو مسیۆ سۆرێل کە جگە لەم ناوە ساکارە هیچی تری نییە و جگە لەمەش بەناو باشنووسەری جەنابی دولامۆلە، چۆن ئەکرێ بە جێگری کاردیناڵ؟!... جێگەی داخە!»

ئەم گیانەی لە هەموو شت ئەسڵەمییەوە، بۆ یەکەم جار هەژانێک هەژاندبووی جیاوازی ئەو پلەوپایە و باڵادەستی کۆمەڵایەتییەی تا ئێستا پیشانی دابوو. دەرگاوانە پیرەکەی ئەیبینی کە هەر کات نامەیەک لە لایەن ئەم گەنجە قۆزە خەم لە چاوە، بۆ خزمەتی لامارشاڵ ئەبا، ئەو دارەتە سەربەهەوا و تۆسنەی کاتی بینینی یەکێک لە نۆکەرەکان بە خۆیەوە ئەگرێ، خۆبەخۆ ئەڕەوێتەوە.

تەنها ئارەزووی ژیانی لامارشاڵ دوفرواک ئەمە بوو کە کاریگەرییەکی لە سەر ژیانی جەماوەر هەبێ. بەڵام لە ناخی دڵیدا، لەم سەرکەوتنانە ئەو چێژەی نەئەبینی کە بەڕاستی چێژی خۆشی بێ. ئەو بێزارییەی لەم فەلسەفەیەوە سەرچاوەی ئەگرت، لەو ڕۆژەوە کە خولیای ژوولیەن ببوو بە کەڵکەڵەی گیانی، وای لێکردبوو سەرانسەری ڕۆژ لەگەڵ خزمەتکارەکان بە تووڕەیی بجووڵێتەوە و بۆ ئەوەی خزمەتکار تووشی ئەم ئەشکەنجەیە نەبن، ئەوەندە بەس بوو کە لە میوانداری شەوی دووشەممەدا تەنها کاتژمێرێک، لەگەڵ ئەم گەنجە سەمەرەیە دانیشتبێ! ناوبانگی نەوڕەسی لە بەرامبەر ئەو نامە بێ واژۆیانەدا کە داڕشتنێکی زۆر باشیان هەبوو، زیانی بەرنەکەوت. تانبو، سەبارەت بەم ژنە دوو سێ تۆمەتی درۆی زۆر زیرەکانەی چرپاند بە گوێی مسیۆ دولۆز و مارکیز دو کرۆزنۆوا و مسیۆ دوکەیلۆسدا و ئەم بەڕێزانەش بە

بێ ئەوەی ڕاستی ڕووداوەکە بزانن، بە حەز و خۆشییەوە بڵاویان کردەوە. بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەدا بە دەستەوە. لامارشاڵ دوفرواک کە مێشکی بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەم شێوازە چەپەڵە ڕەشۆکیانە ئامادە نەکرابوو، دڕدۆنگی و گومانی خۆی بۆ ماتیلد ئەگێڕایەوە و ماتیلدیش بەردەوام دڵی ئەدایەوە.

ڕۆژێک مادام دوفرواک پاش ئەوەی سێ جار پرسیاری گەیشتن و نەگەیشتنی نامەی کرد، لەپڕ بڕیاری دا وەڵامی نامەکانی ژوولیەن بداتەوە. ئەم سەرکەوتنە لە سایەی بێزاریدا بەدی هاتبوو. لە نامەی دووەمدا دەستی لامارشاڵ دوفرواک کەم و زۆر لە نووسینی ناونیشانەکەی ژوولیەن وەستا. جوان نەبوو کە ئەو بە دەستی خۆی ناونیشانێکی ئاوا ساکار بنووسێ:

بۆ مسیۆ سۆرێل، تەلاری جەنابی لۆمارکیز دولامۆل.

شەو بە دەنگێک کە زۆر وشک بوو بە ژوولیەنی وت:

ــ ئەبێ هەندێ پاکەتی نامەم بۆ بهێنی کە ناونیشانی خۆتی لە سەر نووسرابێ.

ژوولیەن بە خۆی وت: «ئێستە نۆرەی ئەوەیە ببم بە تێکەڵەی نۆکەر و دڵدار.» بە شادمانییەوە دەموچاوی خۆی وەکو ئارسنی خزمەتکارە پیرەکەی مارکیز نایە یەک و سەری بە نیشانەی کڕنۆش دانەواند.

هەر ئەو شەوە دەستەیەک پاکەتی هێنا و بەیانی ئەو ڕۆژە، نامەی سێهەم گەیشتە دەستی. پێنج شەش دێڕ لە سەرەتا و دوو سێ دێڕی کۆتایی خوێندەوە. ئەم نامەیە کە زۆر ورد و چڕ نووسرابوو، چوار لاپەڕەی هەبوو.

وردە وردە فێری ئەو خووە شیرینە بوو کە کەم تا کورت هەموو ڕۆژ نامەیەک بنووسێ. ژوولیەن لە ڕێگەی نووسینەوەی نامەکانی هاوڕێی ڕووس کە بە پارێزەوە پاراستبوونی، وەڵامی

ئەدایەوە. جا ئەمەیە قازانجەکانی شێوازی فرەلایەنی: مادام دوفرواک لەوەی کە نامەکانی خۆی و وەڵامەکانی ژوولیەن هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، سەرسام نەئەبوو!

ئەگەر تانبوی ڕیوەڵە کە خۆبەخۆ ببوو بە سیخوڕی کارەکانی ژوولیەن، ئەیتوانی هەواڵی پێبدات کە هەموو ئەم نامانە بە بێ ئەوەی لاک و مۆریان هەڵگیرێ، بە تێکەڵ و پێکەڵی وان لە چەکمەجەی مێزەکەی ژوولیەندا، چەندە دڵی ژانی ئەکرد!

بەیانییەک کە ژوولیەن لە پەرتووکخانە بوو، دەرگاوان نامەیەکی لە لایەن لامارشاڵەوە بۆ ئەهێنا. ماتیلد لووتی تەقی بە لووتی ئەم کابرایەوە و نامە و ناونیشانەکەی بینی کە بە دەسنووسی ژوولیەن بوو. کاتێک کە دەرگاوان لە پەرتووکخانە ڕۆیشت، ئەم چووە ژوورەوە. نامەکە هێشتا لە سەر لێواری مێزەکە بوو. ژوولیەن کە زۆر سەرقاڵی نووسین بوو، نەیخستبوویە چەکمەجەی مێزەکەیەوە.

ماتیلد نامەکەی هەڵگرت و هاواری کرد:

ــ من ئیتر تاقەتی ئەم شتانەم نییە. تۆ بە تەواوەتی منت لەبیر بردۆتەوە... منێک کە ژنتم، جەناب! ئەم ڕەفتارەی تۆ دڕندانەیە!

کاتێک کە ئەم قسانەی کرد، دفرەی لەو کردارە نەشیاوەی خۆی حەپەسابوو. هەناسەی لە سینەی‌دا تاسا. فرمێسکی داباراند و ژوولیەن ئەوەندەی نەزانی ئەوە خۆ هەناسەی لەبەر بڕا!

ژوولیەن مات و سەرسام مابوویەوە. نەیئەتوانی ئەو بەرەنجامە شیاوە باش لێک بداتەوە کە ئەم قڕەیە بۆی هێنابوو. یارمەتی ماتیلدی دا دابنیشێ. ماتیلد بڵێی نەڵێی خۆی هاویشتبوویە باوەشی ژوولیەنەوە.

کە ژوولیەن پەی بەم هەڵوێستە برد، هەستی شادمانییەکی ڕەها ڕژایە گیانییەوە. بەڵام ساتێک دواتر کەوتە بیری شازادە کۆرازۆف: «ڕەنگە بە یەک قسە هەموو شتم لە کیس بچێ.»

قۆڵەکانی ئازاریان هەبوو. ئەو گوشارەی کە ئەم شێوازە بۆی هێنابوو، زۆر دژوار و بەئازار بوو. تەنانەت نابێ بوێرم ئەم گیانە نەرم و نۆڵە بگووشم بە سینگا، ئەگینا ئەکەوێتە گاڵتە و سووکایەتی پێکردنم. چ سروشتێکی ترسناکە!

ئەوساش کە نەفرەتی لە سروشتی ماتیلد ئەکرد، هەر بە هۆی ئەو سروشتەوە سەد جار زیاتر خۆشی ئەویست. وای ئەزانی شازادەیەکی لە ئامێز گرتووە.

ڕەفتاری سارد و خۆگرانەی ژوولیەن، پەژارە و بەدبەختی ئەو دفرەی دوو بەرامبەر کرد کە دڵی مادمازێل دولامۆلی پارچە پارچە ئەکرد. وەها خۆی لەدەست دابوو کە نەی ئەتوانی لە چاوەکانی ژوولیەنەوە چۆنێتی ئەو هەستەی لەو کاتەدا سەبارەت بەو هەیبوو، تێبگات. نەیتوانی بڕیار بدات بڕوانێتە ناوچاوانی. لەرزی ئەوەی لێ نیشتبوو سووکایەتی پێبکرێ.

بە بێ جووڵە لەسە قەنەفەکە دانیشتبوو و ڕووی لە ژوولیەن وەرگێڕابوو و گیرۆدەی ئەو سەخترین ئازار و ئەشکەنجانە بوو کە مرۆڤ ڕەنگە بە هۆی ئەوین و دفرەوە تووشی ببێ. گرفتاری چ دۆخێکی ئەرژەنگ ببوو!

«چارەنووسی ئەو ژنە کلۆڵەی کە من بم، ئاوەهایە کە دزێوترین هەنگاو لە پێناوی دۆستی و ئاشتیدا هەڵبگرم و دەست بنێن لە ڕوومەوە!» ئەو لووتبەرزیەی لە زۆری دەرد و ئازار شێت ببوو، ئەیوت: «ئەویش لە لایەن کێوە؟ ئەو کەسەی کە نۆکەری باوکمە!»

بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

ــ هەرگیز بەرگەی ئەم کارانە ناگرم!

بە ڕق و تووڕەییەوە هەڵسا، چەکمەجەی مێژەکەی ژوولیەن، کە دوو هەنگاو لێی دوور بوو، کردەوە و کاتێک کە چاوی بە

هەشت نۆ نامەی سەربەمۆر کەوت کە لە هەموو ڕووبەکەوە لەو نامەیە ئەچوو کە دەرگاوان هێنابووی، لە زۆری ڕق و نەفرەت لە شوێنی خۆی وشک بوو. هەموو نیشانەکان کە بە خەتی ژوولیەن بوو و لە ڕووی یەکەوە نووسرابوون، ناسییەوە.

ماتیلد کە هۆشی لە سەردا نەمابوو، دەنگی هەڵێنا:

ــکە وا بوو جگە لەوەی پەیوەندی نزیکت لەگەڵی هەیە، گاڵتەیشی پێئەکەی؟ تۆی کابرای پەست و سووک لە کوێ و گاڵتەکردن بە لامارشاڵ دوفرواک لە کوێ؟!

خۆی خست بەسەر پای ژوولیەن‌دا و وتی:

ــئۆف! دۆستی بەڕێزم! داوای لێبوردن ئەکەم. ئەگەر ئەتەوێ گاڵتەم پێبکەی، فەرموو ئازادی. بەڵام ئەویندارم بە! بە بێ ئەوینی تۆ ئیتر ناتوانم بژیم...

بوورایەوە و تەختی عەرز بوو!

ژوولیەن بە خۆی وت:

ــبەڵێ، ئەمەش خاتوونەکەمان، ئەو ژنە خۆپەسەندەی کە ئاوا کەوتووە بەسەر قاچمدا؟!

بەندی XXX

## باڵکۆنێک لە بوف

ڕەشترین ئاسمان، ئاوسی مەزوارترین گژەبایە!
(دۆن ژوان،١،٧٣)

لە نێوان ئەو هەموو هەڵچوونە مەزنەدا، سەرسووڕمانی ژوولیەن لە بەختەوەرییەکەی زیاتر بوو. جنێوەکانی ماتیلد دەری ئەخست کە شێوازەکەی دۆستی ڕووسی تا چ ڕادەیەک ژیرانە بووە. کەم بڵێ و کردارت کەم... ئەمە تەنها هۆی ڕزگاری منە.

ماتیلدی لە سەر عەرز هەڵگرتەوە و بە بێ ئەوەی هیچ بڵێت لە سەر دیوانەکە خەواندی. وردە وردە فرمێسک لە چاوەکانی ماتیلد هاتە خوارەوە.

بۆ ئەوەی هەڵچوونەکەی خۆی بشارێتەوە، نامەکانی مادام دوفرواکی گرت بە دەستییەوە. لەسەرخۆ لاک و مۆری لێکردنەوە. بە بێ ئەوەی بیانخوێنێتەوە پەڕەی لێدان. زۆربەیان شەش لاپەڕەیی بوون.

ماتیلد، سەرەنجام، بە بێ ئەوەی بوێرێ سەیری ژوولیەن بکات، بە دەنگێک کە ئاوێتەی گەورەترین پاڕانەوە بوو، وتی:

ــلانیکەم وەڵامم بدەرەوە. تۆ باش ئەزانی کە من دفرەم هەیە و ئەبێ ددان بەوەدا بنێم کە ئەم دفرەیە، ئازاری پلەوپایەی من لە گۆمەڵگا دایە و تەنانەت هۆی ڕۆژەڕەشی گیان و سروشتی منە. کەواتە مادام دوفرواک دڵی تۆی لێڕفاندووم. مەگەر ئەم ژنە بە ئەندازەی من لە ڕێی ئەم ئەوینە شوومەدا گیانبازی کردووە؟

بێدەنگییەکی ڕەش و خەمگین تەنها وەڵامێک بوو کە ژوولیەن بەم پرسیارانەی دایەوە.

مانگێک بوو بەدبەخت و پەککەوتە بوو، بەڵام زۆر دوور بوو کە ئەم گیانە لەخۆڕازییە دان بە ویستەکانی ناخی خۆیدا بنێ. ئەم تەقینەوەیە بەرەنجامی ڕێکەوت بوو. ئەوین و ئێرەیی بۆ چەند ساتێک بەسەر دفرەدا زاڵ ببوون. لە سەر دیوانەکە، لای ژوولیەنەوە دانیشت. ژوولیەن کەزیێ و گەردنی مەڕمەڕی ئەبینی. بۆ ساتێک هەموو ئەرکی سەر شانی لەبیر بردەوە. قۆڵی لە دەوری کەمەری کرد بە ئاڵقە و بە نەرمی گوشای بە سینگیدا.

ماتیلد لەسەرخۆ ئاوڕی لێدایەوە؛ ژوولیەن لەو دەردە بێپایانەی لە چاوەکانیدا بوو، سەرسام بوو. ئەو دارەتەی کە هەمیشە لەم چاوانەدا بوو، ئیتر نەئەناسرایەوە.

باری ئەو بوێرییەی ژوولیەن ئەینایە سەرشانی خۆی، ئەوەندە دژوار و گیانکێش بوو کە وردە وردە هەموو وزەی داهێزرا.

ژوولیەن بە خۆی وت: «ئەگەر ڕێگە بدەم بەرەو چێژ و خۆشی ئەوینی ئەم کچە پەلکێش بکرێم، ئەوەندەی پێ ناچێ جگە لە ساردترین سووکایەتی لە چاوەکانیدا نابینرێ.» سەرەڕای ئەمەش ماتیلد لەو کاتەدا بە دەنگێکی خەمناک و ئەو وشانەی توانای دەرینی نەبوو، سەربردەی پەشیمانییەکانی خۆی لەو کارانە ئەگێڕایەوە کە بە بڕیاری دفرەی لە ڕادەبەدەر ئەنجامی دابوو.

ژوولیەن کە ڕوخساری ئەوپەڕی داماوی و داهێزراویی، جەستەی ئەنواندەوە، بە دەراوێک کە باش دەرنەئەچوو، وتی:

ــ منیش دفرەم هەیە!

ماتیلد بە خێرایی ڕووی تێکرد. بیستنی دەنگی ژوولیەن بەختەوەرییەک بوو کە زۆر و کەم دەستی لێ داشۆردبوو. لەو کاتەدا فیز و دفرەی خۆی نەئەدۆزییەوە تا نەفرتی لێبکات!

ئەیویست کارێکی نەبینراو و نەبیسراوی سەمەرە بکات کە بە هۆیەوە بیسەلمێنێ تا چ ڕادەیەک ئەیپەرستێ و تا چ ئەندازە ڕقی لە خۆیەتی.

ژوولیەن لە درێژەی قسەکانیدا وتی:

ـ ڕەنگە لەبەر ئەم دفرەیەش بووبێ کە بۆ ساتێک منت خستە سەروو ئەوانیترەوە. بێگومان بە هۆی ئەم سەقامگیریە دلێرانە و بەرنگارییە شامێرانەیە کە ئێستە نرخم ئەزانی. من ڕەنگە شەیدای لامارشالْ دوفرواک بووبێتم...

ماتیلد کەوتە لەرزین. چاوەکانی شێوازێکی سەیری لێهات. خەریک بوو بڕیاری سزای خۆی ئەبیست. با بلْێین ئەم لەرز لێهاتنە دەوری خۆی هەبوو و ژوولیەن خەریک بوو جەربەزەی ئەدۆڕاند.

زایەلْەی ئەو قسە بێهوودانەی کە ئەیوت، وەک دەنگدانەوەی بێگانەیە ئەبیست و بە خۆی ئەوت: «خۆزگە ئەمتوانی ئەم گۆنا ڕەنگپەڕیوانە تێر ماچ بکەم و تۆ پێ نەزانی!»

دیسانەوە بە دەنگی بەرز وتی:

ـ ڕەنگە من دلْم دابێ بە ئەوینی لامارشالْ دوفرواک...

دەنگی دەم بە دەم دائەبەزی.

ـ بەلاّم بە دلْنیایی هیچ بەلْگەیەک بە دەستەوە نییە کە ئەویش منی خۆش ئەوێ.

ماتیلد سەیری کرد. ژوولیەن لە بەرامبەر ئەم نیگایەدا خۆی پاراست. یان لانیکەم هیوادار بوو کە ڕوخساری، ڕازی دلْی نەدرکێنێ. باش ئەیزانی کە ئەوین تا قوولاّیی چینەکانی سینەی، دزەی کردووە. هەرگیز تا ئەم ڕادەیە ئەوی نەپەرستبوو. کەم و زۆر وەکو ماتیلد شێت ببوو. ئەگەر ماتیلد بتوانێ خۆی کۆبکاتەوە و جەربەزەی ئەوەی هەبێ دەوری خۆی ببینێ، ژوولیەن دەسبەجێ

خۆی ئەخست بەسەر پایدا و هەموو گاڵتەجاڕییەکی ئەخستە لاوە. هێزێکی هاتەوە بە بەردا کە دیسانەوە قسە بکات. لە ناخی خۆیدا هاواری کرد: «ئاخ، کۆرازۆف بۆ لێرە نیت! بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بدۆزمەوە، چەندە پێویستم بەوەیە وشەیەک لە دەمی تۆ ببیستم!» لەمکاتەدا دەنگی بەرز بوویەوە و وتی:

ــئەگەر هیچ هەستێکی تریش لە ئارادا نەبێ، هەر ئەو سپاسکردنە بەسە بۆ ئەوەی لامارشاڵ دڵم بڕفێنێ. ئەو سۆزی پێ بەخشیوم و لەو کاتەدا کە ئەوانیتر گاڵتەیان پێئەکردم، دڵی داومەتەوە. من ناتوانم بڕوا بە هەندێ دیاردەی ڕواڵەتی بکەم کە دڵڕفێن و پڕ لە مەرایین، بەڵام پایەدار و سەقامگیر نین!

ماتیلد هاواری کرد:

ــئۆف، خوایە گیان!

ژوولیەن بە دەنگێک کە توند و لێبڕاو بوو و ئەتوت بۆ ساتێک نەریتی پارێز و شێوازی دیپلۆماسی وەلا ناوە، وتی:

ــزۆر چاکە! کامەیە دەستەبەرت؟ ئەوە کامە خوا و دەستەبەرە کە دڵنیام بکات ئەو پلەی ئەتەوێ بیدەی بە من لە تەنها دوو ڕۆژ پتر دەوام بکات و درێژە بکێشێ؟

ماتیلد دەستەکانی گرت بە دەستییەوە و ڕووی تێکرد و وتی:

ــئەگەر خۆشەویستیم لە دڵت فڕیوە، زۆری ئەوین و چارەڕەشیم ئەتوانێ ئەرخایەنت بکات.

ئەو هەنگاوە قورسەی ماتیلد هەڵیگرتبوو تا ڕادەیەک ڕووپۆشەکەی ئالوگۆڕ کردبوو. ژوولیەن شەوانی دڵخوازی ئەبینی. بسکە پەرێشانەکەی بیرەوەری شیرینی ئەهێنایەوە بیری.

خەریک بوو کۆڵ بدات و ڕێکەوێ. بە خۆی وت: «ئەگەر وشەیەکی ناپارێز لە دەمم دەرپەڕێ، ئەو ڕۆژە دوورودرێژانەی ئازار و نائومێدی دەست پێئەکاتەوە. خاتوو دورێنال بۆ ئەوەی

فەرمانەکانی دڵی خۆی ڕاپەڕێنێ، هەندێ سۆنگەی ئەدۆزییەوە. ئەم کچەی دنیای ئاریستۆکراسیش تا هۆکارێکی ڕوونی بۆ پێداویستی کارتێکردن دەست نەکەوتبێ، ناهێڵی هیچ شتێک لە دڵی کاریگەر ببێ.»

ژوولیەن بۆ ساتێک پەی بەم ڕاستییە برد و لە ساتێکیش‌دا جەربەزەی خۆی وەرگرتەوە!

دەستی خۆی کە لەناو دەستەکانی ماتیلددا ئەگووشرا، لەو بەندە ڕزگار کرد و بە ڕێزێکی بەرهەستەوە تۆزێک لێی دوور کەوتەوە. پاشان هەموو نامەکانی مادام دوفرواک، کە لە سەر مێزەکە هەڵرژابوون، کۆ کردەوە و لە بن دەمامکی سەلاریەکی بێ وێنە کە لەو کاتەدا زۆر بەسۆ بوو، وتی:

ـــبە هیوام مادمازێل دولامۆل دەرفەتی بیرکردنەوە دەربارەی ئەم شتانە بە من بدەن.

بە خێرایی دوور کەوتەوە. لە پەرتووکخانە چووە دەرەوە. ماتیلد دەنگی هەموو دەرگاکان کە یەک لە دوای یەک بە دەستی ئەو دائەخران، بیست.

بە خۆی وت: «دێوەکە تەنها تۆزێکیش نەشڵەژاوە.»

«بەڵام مەبەستم لە دێو چییە؟ ژیر و وریا و پاک و چاکە؟ ئەوە منم کە زیاد لە پێویست بە هەڵەدا چووم.»

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەردەوام بوو. ماتیلد ئەو ڕۆژە کەم تا زۆرێک شادمان بوو، چونکە سەرتاپای بوونی خۆی دابوو بە دەستی ئەوینەوە. ئەتوت ئەو گیانە سەیرە هەرگیز تووشی هەڵچوون نەبووە بە هۆی دفرەوە و ئەویش چ دفرەیەک!

ئەو شەوە لە هۆڵ، کاتێک کە خزمەتکارێک هاتنی مادام دوفرواکی ڕاگەیاند، ماتیلد لە ترسان لەرزی لێهات. دەنگی کابرای بە شووم زانی. نەیتوانی خۆی ڕابگرێ و لامارشاڵ ببینێ. بە

خێرایی دوور کەوتەوە. ژوولیەن کە لە سەرکەوتنە بە ئازارەکەی خۆی، زۆر شایی بە خۆی نەهاتبوو، لە نیگاکانی خۆی ترسابوو و لە تەلاری دولامۆل شێوی نەکرد.

چەندە لە ساتی خەبات دوور ئەکەوتەوە، ئەوین و بەختەوەری زۆرتر ئەبوو. پێی نابوویە قۆناغێک لە سەرکەوتنی خۆی پەشیمان بوو. بە خۆی ئەوت: «لە کوێ ئەتوانم لە بەرمبەر ئەودا خۆم ڕابگرم؟ ئەگەر نەیویستایە ئیتر خۆشی بوێم، چێم ئەکرد؟ ئەم گیانە لەخۆ ڕازییە هەموو ساتێک بۆی هەیە بەراوەژوو ببێتەوە و ئەبێ دان بەوەدا بنێم کە ڕەفتارێکی ڕندانەم لەگەڵ کرد.»

شەو، بینی کە پێویستە بە بێ بێنە و بەرە لە ئۆپێرای بوف، بچێ بۆ بالکۆنی تایبەتی مادام دوفرواک. خاتوو دولامۆل بە ڕاشکاوی بانگهێشتی کردبوو بۆ ئۆپێرا. ماتیلد بە بێگومان لە بوون و نەبوونی بێ ئەدەبانەی ئاگادار ئەبوو. هەرچەند ڕوونی و ئاشکرایی ئەم سەلماندنە قسەی تیا نەبوو، بەڵام نەی ئەوێرا هەر لە سەرەتای شەوەوە لە ناو خەڵکەکە دەرکەوێ. ئەگەر قسەی بکردایە، نیوەی بەختەوەرییەکەی لە دەست ئەچوو.

زەنگی کاتژمێر دە جار دەنگی دایەوە. پێویست بوو بە چاو ببینرێ.

خۆشبەختانە بالکۆنی لامارشاڵ دوفرواک پڕ بوو لە ژن. پاڵی پێوەنرا بۆ سووچێکی لای دەرگاکەوە و لە پشت کڵاوی ژناندا ون بوو. ئەم دۆخە ئەوی لە تووشبوون بە تەوس و جەفەنگ پاراست. ئاوازی خودایی دووری و نائومێدی کارۆلین لە هاوسەرگیری نهێنی فرمێسکی لە چاوانی داباراند. مادام دوفرواک ئەم فرمێسکانەی بینی کە لەگەڵ سەقامگیری پیاوانەی ڕوخساری ئەو کاتەی ئەوەندە ناکۆک بوو، کە ڕۆحی ژنێکی خانەدانی وەکو لامارشاڵ کە ماوەیەکی درێژ بوو خۆرەی دفرەی «تازە پێگەیشتوویی»

دایڕزاندبوو، بۆی داچڵەکا.

ئەو تۆزە شتەی وەکو دڵ لە سینەیدا ژنەدا مابوو، خستییە قسە. ویستی لە دەنگی قسەکانی خۆی لەو کاتەدا چێژ وەربگرێ. بە ژوولیەنی وت:

ـ مادام و مادمازێل دولامۆلت بینی؟ لە ڕیزی سێهەم دانیشتوون.

ژوولیەن هەمان کات بە شێوەیەکی دزێو خۆی لکاند بە دیواری بەردەم باڵکۆنەکەوە و نووشتایەوە بۆ ناو هۆڵەکە. ماتیلدی بینی. دڵۆپی فرنێسک لە چاوەکانیا ئەدرەوشایەوە.

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «سەرەڕای ئەمەش، ئەمڕۆ خۆ ڕۆژی هاتنی ئەوان بۆ ئۆپێرا نەبوو. چەندە بە پەلە!»

ماتیلد سەرەڕای ئەو شوێنە ئاساییەی یەکێک لە ژنانی خۆشخزمەت و مەراییکەری بارەگای دولامۆل بە پەلە دابووی پێیان، دایکی هەڵپێچاوبوو لەگەڵی بچێ بۆ ئۆپێرای بوف. ئەیویست ئەوە ببینێ کە ژوولیەن ئەو شەوە لەگەڵ لامارشالٚ ئەبێ یان نا؟

بەندی XXXI

# ترساندنی کچە

ئەمەیە پەرجووە جوانەکەی ژیارەکەتان؟
ئەوینتان کردووە بە مەیارەیەکی ئاسایی؟!
(بارنەڤ)

ژوولیەن تێیتەقاند بۆ باڵکۆنەکەی خاتوو دولامۆل. یەکەم شت چاوی بە چاوە تەڕەکانی ماتیلد کەوت. هەنسکی ئەدا بە بێ ئەوەی بەری پێ بگرێ. جگە لە چەند بندەست، ژنەی باڵکۆنەکەی پێدابوون و چەند ئاشنا، کەس لەوێ نەبوو. ماتیلد دەستی خستە سەر دەستی ژوولیەن. ئەتوت ئیتر لە دایکی ناترسێ. لەو کاتەدا کە بە هۆی پرمەی گریانەوە خەریک بوو هەناسەی ئەوەستا، جگە لەم وشە هیچ نەوت: دەستەبەر!

ژوولیەن کە زۆر کاری تیکرابوو و بە بیانووی چرایەک کە ئەیدا لە ڕیزی سێهەم، ئەوەندەی بکرێ چاوەکانی لە پشت دەستیدا شاردبووبوویەوە، بە خۆی وت: «لانیکەم نابێ قسەی لەگەڵ بکەم. ئەگەر قسەی لەگەڵ بکەم، ئیتر گومانی لە زۆری هەژانم بکات. دەنگی وتنم پەردە لە سەر ڕازم هەڵئەداتەوە و بۆی هەیە هەموو شتێک بە فیرۆ بچێ.»

مشتومڕی لەگەڵ خۆی، لەوەی بەیانی بەئازارتر بوو. گیانی دەرفەتی دەستکەوتبوو. ئەترسا کە دفرە و فیزی ماتیلد بێتە کوڵ و، لەو گەرمەی ئەوین و هەوەسەدا بڕیاری دا لەگەڵی بدوێ!

بە ڕای من، ئەمە یەکێکە لە جوانترین ئەدگارەکانی گیان و

سروشتی. مرۆڤێک کە بتوانێ خەباتێکی وا لەگەڵ ناخی خۆی بکات، ڕنگە سەرتریش ئەکەوێ، ئەگەر چارەنووس ڕای لێبێ.

مادمازێل دولامۆل سوور بوو لە سەر ئەوەی ژوولیەن بباتەوە بۆ ماڵەوە. خۆشبەختانە بارانێکی توند بوو. بەڵام مارکیز بەرامبەر خۆی داینا. بەردەوام قسەی لەگەڵ کرد و نەیهێشت وشەیەک لەگەڵ کچەکەی بدوێ. ئەتوت مارکیز ئاگای لە خۆشبەختی ژوولیەن هەبوو. ئەویش کە ئیتر لەوە نەئەترسا کە زۆری کەسەر هەموو شتێکی لە دەست دەربهێنێ، شێتانە لەغاوی ئەدا بە دەستەوە.

بوێرم بڵێم کە ژوولیەن پاش چوونەوە بۆ ماڵی خۆی، چۆکی دادا و نامەی دڵداری کە شازادە کۆرازۆف پێی دابوو، ماچباران کرد؟

ئینجا لە جەنگەی ئەم دێوانەسەرییەدا هاواری کرد:

ـئەی پیاوی مەزن! چەندە قەرزت بە گەردنی منەوە هەیە!

وردە وردە تۆزێک ئارام بوویەوە. خۆی لەگەڵ فەرماندەیەک بەراورد کرد کە لە جەنگێکی گەورەدا، تا نیوە سەرکەوتووە. بە خۆی وت: «پێشکەوتنم مسۆگەر و بێسنوورە. بەڵام بەیانی چی ڕوو ئەدا؟ بۆی هەیە بە یەک دەم هەموو شت تیابچێ.»

بە گەشیەکی ئاگرینەوە یاداشتەکانی ناپۆلیۆن لە سەنت هێلێنی کردەوە و ماوەی دوو کاتژمێر خۆی ناچار بە خوێندنەوە کرد . تەنها چاوەکانی ئەیانخوێندەوە؛ گرنگ نییە. بە زۆر ئەو کارەی بە خۆی ئەنجام ئەدا. لە ڕەوتی ئەم سەرقاڵیە سەیرەدا، هزر و دڵی کە هاوتای گەورەترین و بڵیندترین دیاردەکان بوون، بەبێ ئاگای ئەو کاریان ئەکرد، بە خۆی ئەوت: «ئەم دڵە لەگەڵ دڵی خاتوو دورێنال زۆر جیاوازە.» بەڵام لە داوەریکردنی خۆیدا لەمە زیاتر نەئەچوویە پێشەوە.

لەپڕ پەرتووکەکەی هەڵدا و هاواری کرد:

ــ ئەبێ بیترسێنم. دوژمن، بەو ئەندازەیەی کە ئەیترسێنم، فەرمانم ڕائەپەڕێنێ. ئەوسا ناوێرێ گاڵتە بە جەربەزەی من بکات.»

سەرمەستی شادمانی، لە ژووره بچووکەکەی خۆیدا بەملا و ئەولادا ئەچوو. لە ڕاستیدا بەشی دفره لەم هاوکێشەدا لە بەشی ئەوین زیاتر بوو. ئەبێ بیترسێنم. ئەم ڕستەیەی بە دفرەوە لە دڵیدا ئەوتەوە و هەقی بوو لەخۆی ڕازی بێ. «خاتوو دورێنال تەنانەت لە خۆشترین ساتەکانی ژینیشدا هەمیشە گومانی هەبوو کە ئەوینی من هاوسەنگی ئەوینی ئەو بووبێ. لێرەدا من خەریکم بەزۆر دێوێک ڕام ئەکەم... ئەبێ ڕامی بکەم»

باش ئەیزانی کە بەیانی ئەو ڕۆژە ماتیلد لە هەشتی بەیانییەوە لە پەرتووکخانە ئەبێ. ژوولیەن کاتژمێر نۆی بەیانی چوو بۆ پەرتووکخانە. لە ئاگری ئەویندا ئەسووتا، بەڵام ئاوەزی بەسەر دڵیدا فەرمانڕەوا بوو. ڕەنگە هیچ خولەکێک تێنەپەڕی لە دڵی خۆیدا ئەم ڕستەیەی دووپات نەکردبێتەوە: «ئەبێ بەردەوام بەم گومانە مەزنەوە سەرگەرمی بکەم: ئایە ژوولیەن خۆشی ئەوێم؟» باری هەڵکەوتووی ماتیلد و مەراییکردنی ئەوانەی لەگەڵی ئەدوێن، وای هەڵئەدا کە ئەندێشەی ئاسوودە بێ.

ماتیلدی بینی کەسەر و ئارام لە سەر دیوانەکە دانیشتووە، بەڵام بە ڕواڵەتیدا وا دیارە توانای بزووتنی نییە. دەستی بەرەو ژوولیەن ڕادێرا و وتی:

ــ دۆستی ئازیزم، تۆم ڕەنجاندووە، ئەوە ڕاستە. بەڵام مەگەر تۆ لە من زیز ئەبی؟

ژوولیەن چاوەڕێی ئەو شێوازە ساکارەی نەئەکرد. خەریک بوو ڕازی دڵی ئاشکرا بکات.

ماتیلد پاش بێدەنگییەک کە هیوادار بوو بشکێ، ئاوەهای وت:

ــدەستەبەرت ئەوێ، گیانەکەم؟ زۆر ڕاست و بەجێیە! هەڵم بگرە و بمبە بۆ لەندەن. تا قامی قیامەت بێ ئابڕوو ئەبم؛ شەرمەزار...

جەربەزەی پەیدا کرد و دەستی بۆ شاردنەوەی چاوی لە دەستی ژوولیەن دەرهێنا. هەموو سۆزی شەرم و پاکیزەیی ژنانە گەڕابوویەوە بۆ ئەم گیانە. لە ئەنجامدا ئاخێکی لە دڵەوە هەڵکێشا و وتی:

ــزۆر چاکە، هەڵم بگرە و ئابڕووم بەرە!... ئەمەش ئەو دەستەبەرەی کە ئەتەوێ!

ژوولیەن بیری کردەوە: «دوێنێ بەختەوەر بووم، چونکە جەربەزەی ئەوەم هەبوو لەگەڵ خۆمدا سەختگیر بم.» پاش ساتێک بێدەنگی بە ڕادەیەک بەسەر دڵی خۆیدا زاڵ ببوو، کە توانی بە دەنگێکی سارد بڵێ:

ــکە کەوتینە ڕێ بەرەو لەندەن و ئەوەندەی، وەک خۆت ئەڵێی ئابڕووت چوو، کێ دەستەبەری ئەوە ئەکا خۆشت بوێم و لەناو فایتوونەکە بە مڵۆزمی خۆتم دانەنێی؟ من خۆ جانەوەر نیم. بەدناوکردنی تۆ لەبەر چاوی خەڵکی، بەدبەختییەکی ترە بۆ من. ئەوەی کە ڕێگری کاری ئێمەیە، باری کۆمەڵایەتی تۆ نییە، ئەوە سروشتی تۆیە. ئایە ئەتوانی متمانەی ئەوەت بە خۆت هەبێ کە بۆ ماوەی یەک حەفتە خۆشت بوێم؟

ژوولیەن لە بن لێوەوە لەگەڵ خۆی ورتەی ئەکرد: «ئاخ! با بۆ حەفتەیەک، تەنها یەک حەفتە، خۆشی بوێم، ئەوسا لە خۆشیان فجووق ئەکەم! چ خەمی داهاتوو و چ ترسی ژیان! ئەگەریش بمەوێ ئەم خۆشبەختییە خوداییە لەم چرکەساتەدا دەست پێبکات، دەسەڵاتی بە دەست خۆمەوەیە.»

ماتیلد ئەوی بینی بیر ئەکاتەوە.

دەستی گرت و وتی:

ــکە وا بوو من تۆزقاڵێکیش شایستەی تۆ نیم؟!

ژوولیەن لە باوەشی کرت. بەڵام هەماندەم، دەستی پۆڵایینی ئەرک چنگی لە دڵی گرت. «ئەگەر پەی بەوە بەرێ چەند ئەیپەرستم، لە دەستم دەرئەچێ...» و بەر لەوەی لە ئامێزی بێتە دەرەوە، هەموو ئەو پارێزانەی شیاوی پیاوە، سەر لە نوێ دەستی پێکردبووەوە.

ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی تر توانی شادمانی خۆی بشارێتەوە. جاری وا هاتنە پێشەوە تەنانەت چێژی لە ئامێزگرتنیشی بە ڕەوا نەئەزانی.

جاری واش هەبوو، ورینەی خۆشی بەسەر هەموو ئامۆژگاری پارێز و وریابوون‌دا زاڵ ئەبوون.

ژوولیەن وا خووی گرتبوو، لای کەپرێکی گوڵەهەنگوین کە بۆ شاردنەوەی پەیژەکە سوودی لێوەرئەگیرا، دابنیشێ و لە دوورەوە بڕوانێتە محاجەرەی پەنجەرەکەی ماتیلد و بۆ سست پەیمانی ئەو فرمێسک دابارێنێ. بەڕوویەکی چوارهەنگڵ لای ئەم چارداخەوە هەبوو کە ژوولیەنی لە چاوی نەیار ئەپاراست.

کاتێک کە لەگەڵ ماتیلد گوزەریان کەوتە ئەو شوێنەی کە بە ڕوونی بیرەوەری خەفەتە دژوارەکەی بەو توندییە ئەهێنایەوە بیری، ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان نائومێدی ئەوسای و ئاسوودەیی ئێستەی‌دا هەبوو، هێزی گیان و ئەڤانی تێک شکاند. جۆگەلەی فرمێسک لە چاوانیەوە سەرچاوەی هەڵبەست و دەستی دڵدارەکەی برد بۆ لێوی و وتی: «لێرە، من بە یادی تۆ ئەژیم، لێرەوە ئەڕوانمە ئەو پەنجەرەیە و چەندین کاتژمێری دوورودرێژ چاوەڕێی ئەو شادییە ئەکەم کە ئەم دەستانە پەنجەرەکە بکاتەوە.»

تووشی داهێزانێکی تەواوەتی بوو. نائومێدی بێ سنووری ئەو

ڕۆژانە، بەو ڕەنگانەی ڕاستییەوە کە ناتوانی بەدی بهێنیتەوە، بۆ ماتیلدی ئەگێڕایەوە؛ ئەو دەنگە کورتانەی لە دەمی ئەهاتە دەرەوە، شایەتی بەختەوەری ئێستەی بوو، کە ڕشتەی ئەو ئەشکەنجە گیانکێشەی پچڕاندبوو...

ژوولیەن کە تازە هاتبوویەوە بە خۆیدا، بە خۆی وت: «خوایە گیان! ئەوە چی ئەکەم؟ هەموو شتێکم نابووت کرد.»

لە گێژەنی ئەم دڵەڕاوکەدا، وای بیر کردەوە کە تیشکی ئەوین لە چاوەکانی مادمازێل دولامۆلدا کزتر بوو. هەرچەند ئەمە تراوکە بوو. بەڵام ڕواڵەتی ژوولیەن بە خێرایی تێکچوو و ڕەنگی مردووی لێ نیشت. چاوەکانی بۆ ساتێک لێڵایی داهات و دارەتێکی لووتبەرزانەی تێکەڵ بە چەپەڵی و چەتوونی، جێگەی ئەو دارەتی ئەوینە ڕاستەقینە ملکەچ و پاکەی گرتەوە.

ماتیلد لە ڕووی سۆز و نیگەرانییەوە لێی پرسی:

ــچی بووە؟ چی ڕووی داوە گیانەکەم؟

ژوولیەن بە ڕقەوە وتی:

ــدرۆ ئەکەم و درۆ لەگەڵ تۆ ئەکەم و... لەم بابەتەوە پەشیمانم. سەرەڕای ئەمەش خوا ئەیزانێ کە ڕێز و جێگەی تۆ لە دڵمدا ئەوەندە بەرزە کە نابێ درۆت لەگەڵ بکەم. تۆ خۆشت ئەوێم، لە ڕێگەی مندا خۆت بەخت ئەکەی و نیازم بەوە نییە بۆ خۆشیرین کردن ناسکبێژیت بۆ بکەم.

ــخوایە گیان! مەگەر ئەو هەموو ڕستە جوانانەی دوو خولەکە بە منی ئەڵێی، هەموو تەنها ڕستەی جوان بوون؟

ــگیانی شیرینم، پەشیمانم و بە خۆمدا ئەچمەوە. ئەم ڕستانەم پێشتر بۆ ژنێک هۆنیوەتەوە کە خۆشی ئەویستم و دڵی تەنگ ئەکردم. ئەمە خاڵی لاوازیی منە. نهێنی خۆم لە لای تۆ ئاشکرا ئەکەم و داوا ئەکەم لێم ببووری.

فرمێسکی تاڵ بەسەر گۆنای ماتیلددا شۆڕبوونەوە.

ژوولیەن ئەیوت:

هەر کات کە لە شتێک پەست ئەبم، لە ئەنجامی نوقمبوون لە زەریای ئەندێشەدا، یادی نەگریسم کە ئێستە نەفرەتی لێئەکەم، ڕێگەیەکی خۆدەربازکردن ئەخاتە پێش پام و منیش بە دڵخوازی خۆم کەڵکی لێوەرئەگرم.

ماتیلد بە ساکارییەکی موتورفە وتی:

ــمەبەستت، من کارێکم کردووە کە لەلات ناپەسەند بووە؟

ــلەبیرمە ڕۆژێک، کاتی تێپەڕین بەلای ئەم گوڵەهەنگوینانەدا، تۆ گوڵێکت لێکردەوە، مسیۆ دولۆز ئەو گوڵەی لێ سەندی و تۆش لێی گەڕای بیبات بۆ خۆی. من تەنها دوو هەنگاو لێت دوور بووم.

ماتیلد بە لوتبەرزییەکەوە کە لەگەڵ سروشی ڕێک ئەکەوت، وتی:

ــمسیۆ دولۆز؟ شتی وا نابێ. من هرگیز لەم گاڵتانەم نییە.

ژوولیەن بە خێرایی وەڵامی دایەوە:

ــمن دڵنیام.

ماتیلد بە خەمگینی چاوەکانی داخست و وتی:

ــباشە، کە وابێ ڕاستە، گیانەکەم.

هەرچەند لە لای خۆی دڵنیا بوو کە چەندین مانگیش ئەبێ، ڕێگەی ئەو جۆرە کارانەی بە مسیۆ دولۆز نەداوە.

ژوولیەن بە سۆزێکی لە ڕادەبەدەر لێی ڕوانی و بە خۆی وت: «نا، لە خۆشەویستی ئەو بەرامبەر بە من کەم نەبۆتەوە.»

ماتیلد ئەو شەوە بە پێکەنینەوە تێر گاڵتەی بە پەیوەندی نێوان ئەو و مادام دوفرواک کرد: بورژوایەک لە کوێ و خۆشویستنی ژنێکی تازە پیاکەوتوو لە کوێ؟ ئەم جۆرە دڵە، ڕەنگە ئەو دڵانە بن کە ناتوانن ژوولیەنی من دین بکەن...» ئەوسا یاری بە قژی کرد

و وتی: «لامارشاڵ تۆی کردووە بە گەنجێکی تەڕپۆش!»
ژوولیەن، لەو کاتەدا کە هەستی ئەکرد ماتیلد گاڵتەی پێئەکا، هەر بەڕاستی ببوو بە یەکێک لە تەڕپۆشترین پیاوەکانی پاریس. بەڵام جگە لەمە، لە لایەکی تریشەوە لەم پیاوانە سەر بوو، هەر ئەوەندەی جلەکانی خۆی ڕێکوپێک ئەکرد، ئیتر بیری لێنەئەکردەوە.
یەک بابەت ماتیلدی ئازار ئەدا؛ ژوولیەن دیسانەوەش نامەکانی ڕووسەی ئەنووسییەوە و ئەم نامانەی ئەنارد بۆ لامارشاڵ.

بەندی XXXII

## بەور

بە ماخەوە! بۆ ئەمەیان و بۆچی ئەوانەی تر نا؟!
(بۆمارشە)[١٦٩]

گەڕۆکێکی ئینگلیزی باسی دۆستی و هەڤاڵەتی خۆی لەگەڵ بەورێک ئەگێڕێتەوە. گەڕۆک بەورەی بەخێو کردبوو و یاری لەگەڵ ئەکرد، بەڵام هەمیشە دەمانچەیەکی پڕکراوەی ئامادەی لە سەر مێزەکە دانابوو.

ژوولیەن تەنها ئەو کاتانە دەسەڵاتی خۆی ئەدا بە دەست بەختەوەری بێ سنوورییەوە، کە ماتیلد نەی ئەتوانی تاودانەوەی لە چاوەکانیدا بخوێنێتەوە. ئەم ئەرکەی کە جارجارە قسەیەکی توندی پێ بڵێ، بە باشی ئەناسییەوە.

کاتێک کە ڕادەی ڕاستگۆیی و سۆزی ماتیلد، ئەو سۆزەی کە ژوولیەن بە سەرسووڕمانەوە لێی ئەڕوانی، ئەگەیشتە قۆناغێک کە دەسەڵاتی هەموو جۆرە زاڵبوونی بەسەر خۆیدا لێ بسێنێ، جەربەزەی ئەوەی پەیدا ئەکرد کە بە بێ یەک و دوو کردن لە ماتیلد جیا ببێتەوە.

بۆ یەکەم جار، ماتیلد شەیدا ببوو!

ژیان، کە بۆ ئەو هەمیشە لە سەر پشتی کیسەڵ خاوەخاو ئەڕۆیشت، ئێستە خەریک بوو ئەفڕی.

---

١٦٩ـ بومارشە Pierre Beaumarchais (١٧٣٢ـ١٧٩٩) نووسەری فەڕانسەیی. مرۆڤێکی بوێری گەڕۆک بوو. چەندین شانۆگەری و بیرەوەری لێ بەجێماوە.

سەرەڕای ئەمەش، بەو پێیەی کە دفرە و لووتبەرزی ئەبوایە بە جۆرێک خۆیان پیشان بدەن، ئەیویست نەترسانە خۆی بهاوێژێتە هەموو گێژەنە سامناکەکانی ئەوینەوە. ئەو کەسەی لەم ناوەدا پارێزی ئەکرد ژوولیەن بوو، ئەو جڵەوەش تەنها کاتێک ڕائەگیرا کە مەترسی سەرکەشی ماتیلد لە بەرامبەر ویست و ئارەزووی ئەو ئەهاتە ئاراوە. بەڵام ماتیلد کە ببوو بە فەرمەنبەر و کەم تا زۆر ملی کەچ کردبوو، لە بەرامبەر خزم و کەسوکاردا کە لێی نزیک ئەبوونەوە، لووتبەرزتر و لەخۆ ڕازی تری لێدەرچووبوو.

شەو لە هۆڵەکە، لە نێوان شەست کەسدا، ژوولیەنی بانگ کرد بۆ لای خۆی و ماوەیەکی دوورودرێژ، بە دوور لە نەیار، لەگەڵی دوا. ڕۆژێکیان کە تانبوی وردیلە لە لایانەوە دانیشتبوو، داوای لێکرد بچێ بۆ پەرتووکخانە و بەرگێک لە پەرتووکەکانی سمۆڵت[١٧٠] سەبارەت بە شۆڕشی ١٦٨٨ی بۆ بهێنێ و کاتێک کە تانبو دوودڵ بوو، بە لووتبەرزییەکی ناشیرینەوە کە دەرمانی دڵی ژوولیەن بوو، وتی:

ـ پەلەشمان نییە.

ژوولیەن پێی وت:

ـ چاوت لە نیگای ئەو بەچکە دەعبایە بوو؟

ـ مامی ئەوە دە دوانزە ساڵ لەم هۆڵە خزمەتی کردووە، ئەگینا فەرمانم ئەدا هەر ئێستە لەم تەلارە بیکەنە دەرەوە.

هەڵسوکەوتی لەگەڵ مارکیز دو کرۆزنۆوا و مسیۆ دولۆز و ئەوانی تر بە ڕواڵەت زۆر سەلارانە و لە ناوەڕۆکیشدا زۆر هاندەر بوو. ماتیلد لە گێڕانەوەی ئەو هەموو ڕازە بۆ ژوولیەن لە ڕۆژانی ڕابوردوودا پەشیمان بوو. زیاتریش لەو ڕووەوە پەشیمان بوو کە نەیوێرابوو لە لە لای ژوولیەن ئەماژە بەوە بکات کە سەبارەت

---

١٧٠ـ تۆبیاس سمۆڵت: Tobias Smollett (١٧٢١ـ١٧٧١) هۆنەر و نووسەری سکاتلەندی.

بە خۆشەویستی ئەم بەڕێزانە، کە زۆریش پاک و بێگەرد بوو، شتەکانی قەبە کردۆتەوە.

سەرەڕای جوانترین بڕیارەکان، دفرەی ژنانەی ڕێگەی پێ نەئەدا ئەم ڕاستییە بە ژوولیەن بڵێ کە: «ئەگەر ئەو ڕۆژەی کە مارکیز دو کرۆزنۆوا لە سەر مێزە مەڕمەڕەکە دەستی خستە سەر دەستم و من دەستم نەکێشایەوە و پێم خۆش بوو، لەبەر ئەوە بوو کە لەگەڵ تۆ قسەم ئەکرد.»

ئەمڕۆ، ئەوەندەی یەکێک لەم بەڕێزانە چەند خولەکێک لەگەڵی ئەدوا، بیری ئەکەوتەوە کە پرسیارێکی لە ژوولیەن هەیە و ئەمەش بیانوویەک بوو بۆ ئەوەی لای خۆیەوە ڕایبگرێ.

زانی کە دووگیانە و ئەم هەواڵەی بە خۆشی و شادییەوە پێڕاگەیاند.

ــدیسانەوەش گومانم لێ ئەکەی؟ مەگەر ئەمە دەستەبەر نییە؟ من هەتا ماوم ژنی تۆم.

ئەم هەواڵە بە قووڵی ژوولیەنی سەرسام کرد. ئەوەندەی نەمابوو کە بنەماکانی هەڵسوکەوت فەرامۆش بکات. ئایە سەباەت بەم کچە ڕەبەنە کە بە ڕۆژی ڕووناک ئابڕووی خۆی بۆ من ئەبات، ئایە ئەبێ هەر ساردوسڕ و تۆسن بم؟ ئەگەر ماتیلد تۆزێک نەخۆش و کز بوایە و ئەم ڕووداوەش لەو ڕۆژانەدا بوایە کە دەنگی ترسناکی ئاوەز و پارێز ئەبیسرا، ژوولیەن ئیتر نەی ئەوێرا دەم بکاتەوە و لەو وشە جەخاراوییانە بڵێت، کە بە پێی ئەزموون بۆ بەردەوامیی ئەوینیان پێویست بوو.

ڕۆژێک ماتیلد پێی وت:

ــئەمەوێ نامەیەک بۆ باوکم بنووسم. ئەو بۆ من لە باوک زیاترە. هاوڕێمە و لە کاتی وەهادا ئەگەر هەوڵی ئەوە بدەم کە تەنها بۆ ساتێکیش بووە فریوی بدەم، ئیتر شیاوی تۆش و خۆیشم

نیم.

ژوولیەن کە تۆقابوو، وتی:

ــخوایە گیان! ئەتەوێ چی بکەی؟

ماتیلد بەو چاوانەوە کە لە خۆشیاندا ئەبریسکانەوە، وەڵامی دایەوە:

ــئەرکی سەرشانم ڕاپەڕێنم.

خۆی لە دەنکەکەی بە دەریادڵتر ئەزانی.

ــبە شەق فڕێم ئەداتە دەرەوە!

ــهەقی خۆیەتی، ئەبوایە ڕێزت لێبگرتایە. منیش قۆڵ ئەکەم بە قۆڵتا و لە گەرمەی گەرمای نیوەڕۆدا پێکەوە لە دەرگای تەلار ئەچینە دەرەوە!

ژوولیەن کە حەپەسابوو، تکای لێکرد کە ئەم کارە بۆ ماوەی حەفتەیەک بخاتە دواوە.

ماتیلد وەڵامی دایەوە:

ــشتی وا نابێ. بانگی ویژدان بەرز بۆتەوە. من ئەرکی خۆم ناسیوە. ئەبێ پەیڕەوی لێبکەم و هەر ئێستەش ئەم کارە بکەم!

سەرەنجام ژوولیەن وتی:

ــکە وا بوو، من فەرمانت پێ ئەدەم ئەم کارە بخەیتە دواوە! ئابڕووی تۆ پارێزراوە. من شووی تۆم. دۆخی هەردووکمان بەمکارەی تۆ ئاڵوگۆڕ ئەبێ. منیش هەقم هەیە. ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممەیە، سێشەممەی داهاتوو ڕۆژی میوانی دووک دورێتزە. ئەو شەوە، کاتی گەڕانەوەی جەنابی دولامۆل، دەرگاوان کاغەزەکەی پێ ئەدا. ئەوێک کە تەنها ئارەزووی ئەوەیە تۆ بکات بە دووشس، جا بەدبەختییەکەی بهێنە پێش چاوی خۆت!

ــمەبەستت ئەوەیە تۆڵەسەندنەوەی ئەو وێنا بکەم؟

ــڕەنگە دڵم بۆ خودانی خۆم بسووتێ و زیان گەیاندن بەو

ببێتە هۆی پەژارەم، بەڵام من لە کەس نەترساوم و هەرگیزیش ناترسم.

ماتیلد قبووڵی کرد. لەو ڕۆژەوە کە دۆخی تازەی خۆی بە ژوولیەن وتبوو، ئەمە یەکەم جار بوو کە ژوولیەن بە توندی و دەسەڵات لەگەڵی ئەدوا. هەرگیز تا ئەم ڕادەیە خۆشی نەویستبوو. بە شادییەوە سووچی میهرەبانی دڵی دانابوو بۆ ماتیلد و لەم ڕێگەیەوە خۆی لە ئەرکەکەی ئەدزییەوە کە ئەبوایە چەند قسەیەکی توندوتیژی پێ بڵێ. ئەگەری درکاندنی ئەو ڕازە لە لای جەنابی دولامۆل شۆڕشێکی قووڵی لە ناخیدا بەرپا ئەکرد.

ئایە لە ماتیلد جیا ئەبێتەوە؟ دەرد و خەمی ماتیلد لە ڕۆیشتنی ئەو هەرچییەک بێ، مانگێک پاش ئەم ڕۆیشتنە ئایە لە بیری ئەودا ئەبێ؟

ئینجا ترسی ئەو توانج و سەرکۆنە دادگەرانەیەی کە ڕەنگ بوو لە مارکیزی ببیسێ، لەو نیگەرانیانەی تر کەمتر نەبوو.

شەو، ئەم بابەتەی دووەمی دەرد و خەمی بۆ ماتیلد گێڕایەوە. پاشان لەبەر ئەوەی کە سەرگەردان بوو لە ئامێزی ئەویندا، بابەتی یەکەمیشی پێوت.

ڕەنگی ماتیلد گۆڕا.

پێی وت:

ــشەش مانگ بە بێ من، بۆ تۆ مایەی ڕەنج و پەژارەیەکی زۆرە.

ــپەژارەی بێ سنوور! تەنها بەدبەختی دنیا کە وێناکردنی مایەی ترس و تۆقانی منە.

ماتیلد زۆر شادمان بوو. ژوولیەن بە جۆرێک ڕۆڵی خۆی بە وردی و زیرەکییەوە گێڕابوو، سەرکەوتنی ئەوەی بەدەست هێنابوو بە ماتیلدی بسەلمێنێ لەو دووانە، ماتیلد زیاتر لە خۆشەویستی

بەشی بەرکەوتووە.

سێشەممەی کوشندە گەیشت.

نیوەشەو، جەنابی مارکیز دولامۆل، لە گەڕانەوەدا نامەیەکی بینی لە ناونیشانەکەیەوە دیاربوو ئەبێ بە دەستی خۆی بیکاتەوە و تەنها کاتێک ئەم کارە بکات کەسی لەلا نەبێ.

باوکە گیان؛

هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوانی ئێمەدا پچڕاوە و ئەوەی ئەمانبەستێتەوە *تەنها* پەیوەندی سروشتییە. لە پاش مێردەکەم، تۆ ئەو کەسەی لە هەموو بەڕێزتری و هەمیشەش هەر وا ئەبی. چاوەکانم پڕن لە فرمێسک، وام لە بیری ئەو دەرد و ئەشکەنجەیەدا کە بۆ تۆی بەدی ئەهێنم. بەڵام بۆ ئەوەی نەبم بە ڕیسوای باش و خراپ، بۆ ئەوەی دەرفەتی بڕیار و کردار بە تۆ بدەم، نەمتوانی ئەو نهێنییەی کە ئەبێ پێتانی بڵێم، لەوە زیاتر بخەمە دواوە. ئەگەر خۆشەویستی بەڕێزت، کە ئەزانم بەرامبەر بە من بێ ئەندازەیە، ڕێگە بدات مووچەیەکی کەم و بەردەوام بۆ من ببڕێتەوە، بۆ شوێنێک بە دڵخوازی بەڕێزتان، وەکو سویس، ئەچم و لەگەڵ شووەکەم لەوێ ئەژیم. ئەو ئەوەندە بێناوە کە هیچکەس نازانێ مادام سۆرێل، بووکی دارتاشی ڤێریر کچی جەنابت بێ. ئەمەش ئەو ناوەیە کە ئەوەندە ئازارم ئەدات. من لە توورەیی بەڕێزت بەرامبەر بە ژوولیەن ئەترسم کە زۆریش دادگەرانەیە و جێگەی خۆیەتی.

باوکی خۆشەویستم، من نابم بە دوشێس هەمان ڕۆژ کە ئەوینی ئەو لە دڵم چەسپی ئەوەم ئەزانی. چونکە ئەوە من بووم کە سەرەتا شەیدای ئەو بووم. من بووم کە ئەوم هەڵفریواند. گیانێکی وا بەرزم لە بەڕێزتەوە پێگەیشتووە، ناتوانم سەرنج بدەمە هەر شتێکی بازاڕی، یان ئەوەی خۆم بە ڕەشۆکی دای بێم. لەبەر دڵی جەنابت لەخۆڕا لە بیری مارکیز دو کرۆزنۆوادا بووم. کەسێکت لەبەر چاوم دانابوو کە گەوهەری لێهاتوویيە. ئەو ڕۆژەی کە لە «هایەر» گەڕابوومەوە، خۆتان ئەم بابەتەتان بە من وت: «ئەم سۆزێلە جەوانە تەنها کەسێکە کە مایەی سەرگەرمی منە.» ئەگەر بڕوا بفەرموون، کوڕەی بێچارە لەو ئازارەی کە ئەم نامە بۆتانی بەدی ئەهێنێ، بە ئەندازەی من بەداغ و کەسەرە. ناتوانم ناچارت بکەم کە وەکو باوکێک لێم نەڕەنجی، بەڵام وەکو دۆست هەمیشە خۆشت بوێم.

ژوولیەن ڕێزی بەرامبەر بە من ڕاگرتبوو. ئەگەر هەندێ جار لەگەڵم قسەی بکردایە تەنها بۆ سپاسکردنی چاکەی بەڕێزت بوو. چونکە ئەو دفرە خۆڕسکەی لە ناخیدایە، وای لێئەکا سەبارەت بەو کەسەی کە لە ڕوانگەی پلەوپایەوە ئەوەندە لەو بەرزترە، تەنها بە زمانی فەرمی وەڵام بداتەوە. سەبارەت بە جیاوازی دۆخ و پلە لە کۆمەڵدا زۆر بەرهەستە. هەرچەند هەرگیز لە بەرامبەر هیچکەسی تردا شتی وا لە من نابیسرێ، لەوپەڕی شەرمەزارییەوە بە باشترین دۆستی خۆمی ڕائەگەیەنم، کە من خۆم ڕۆژێک لەناو باغ قۆڵی ئەوم گوشی و ئەوە من بووم کە ئەم کارەم کرد.

دوای بیست و چوار کاتژمێر لە پاش ئێستە، بۆچی ئەبێ لەو تووڕە بن؟ هەڵەی من قەرەبوو ناکرێتەوە. ئەگەر

بە باشی بزانن، ڕێزی قووڵ و کەسەری زۆری لەوەی کە بەڕێزتانی زیز کردووە، لە ڕێگەی منەوە بە خزمەتتان ڕائەگەیەنرێ. بەڕێزتان ئەو نابینن. بەڵام من لە هەرکوێ کە ئەو دیاری بکات، ئەچم بۆلای! هەقی ئەوە و ئەرکی منە، چونکە باوکی مناڵەکەمە. ئەگەر هەستی بەخشەندی بەڕێزتان بوو بەوەی کە بڕی شەش هەزار فرانک بۆ بژیو بە ئێمە ببەخشن، من بە سپاسەوە وەری ئەگرم. ئەگینا ژوولیەن ڕای وایە بچێ بۆ بزانسۆن و سەرلەنوێ ببێ بە مامۆستای زمانی لاتین و وێژە. لە هەر پلەیەکی خوارەوە کە دەست پێبکات، دڵنیام بە پلەیەکی باڵا ئەگات. کە لەگەڵ ئەو بم لەوە ناترسم گەر نادیارم. ئەگەر شۆڕشێک ڕوو بدات دڵنیام کە پلەی سەرکردەی ئەبێ. جا لە کوێ ئەتوانی باسی هیچکام لە داواکارەکانی ترم بەو جۆرە بکەی؟ ئەمانە زەوی و مڵکی جوانیان هەیە! بەڵام من ئەم لایەنە بە هۆکارێک نازانم ببێتە هۆی سەرسامی و حەپەسان. ئەگەر ژوولیەن پاڵپشتی باوکی منی لەگەڵ بوایە و ملیۆنێکی هەبووایە، هەر لەم حکوومەتەی ئێستەشدا بە پلەیەکی باڵا ئەگەیشت.

* * *

ماتیلد کە ئەیزانی مارکیز بەزیوی یەکەمین پەژارە و هەڵچوونی خۆی ئەبێ، هەشت لاپەڕەی بۆ نووسیبوو.

نیوەشەو، کاتێک کە جەنابی دولامۆل خەریکی خوێندنەوەی ئەم نامەیە بوو، ژوولیەن کە لە باخ پیاسەی ئەکرد، بە خۆی ئەوت: «ئەبێ چ بکەم! یەکەم ئەرکی من چییە و دووەم بەرژەوەندی

من کامەیە؟ چاکەی ئەم پیاوە بە سەرمەوە لە بژاردن نایەت. ئەگەر ئەو نەبوایە، مسۆگەر نەدار و کەلەلا ئەبووم و وام لێئەهات نەم ئەتوانی لە بەرامبەر ئازار و ئەشکەنجەدا خۆم بپارێزم. ئەو بوو کە منی ڕێگە دا بۆ کۆمەڵگەی ئاریستۆکراتەکان. یەکەم ئەو نزمی و نەدارییەی ئەبێ لە مندا هەبێ، کەمتر ئەبینرێ. دووەم زۆر نادا بە چاوا و ئەمە لەوە گرنگترە کە ملیۆنێکی پێدابێتم. من ئەم مەدالیا و ئەم ناوبانگە پێوارەی خزمەت لە دامودەزگای دیپلۆماسی، کە بۆتە مایەی دەرکەوتن و شانازیم، بە چاکەی ئەو ئەزانم.»

«ئەگەر بۆ دیاریکردنی ڕێبازی من پێنووس بگرێ بە دەستەوە، چی ئەنووسێ؟»

ڕشتەی ئەندێشەی ژوولیەن لەپر لە لایەن نۆکەرە پیرەکەی مسیۆ دولامۆلەوە پچڕا.

ــمارکیز ئەیەوێ هەر ئێستە بچی بۆ لای! ڕووت یان پۆشتە!

خزمەتکار کە لە تەنیشت ژوولیەنەوە ئەڕۆیشت بە ڕێدا، بە ئەسپایی وتی:

ــمسیۆ لومارکیز لە زۆری ڕق و تووڕەییدا ئاگای لە خۆی بڕاوە. ئاگات لە خۆت بێ!

بەندی XXXIII

## دۆزەخی لاوازی

کاتی تاشینی ئەم ئەڵماسە، گەوهەرتاشی ناپسپۆڕ چەند پارچەیەکی درەوشاوەی فەوتاند. سەدەی ناونجی واتای چییە، کاتێک کە تەنانەت لە سەردەمی ڕیشیلیۆشدا، هەموو فەڕانسەییەک توانای ئەوەی هەبوو بە ئارەزووی خۆی بکات!

(میرابۆ)

ژوولیەن، مارکیزی بینی توورەیە. ڕەنگە ئەمە یەکەم جار بوو کە ئەم خانەدانە مەزنە لایەنی ئەدەبی ڕانەئەگرت. چی جنێو و ناشایست هات بە دەمیا بە ژوولیەنی وت. قارەمانەکەمان لای سەیر بوو. بێتاقەت بوو، بەڵام نمەک نەناسییەکەی وەک خۆی مایەوە. چیها نەخشەی جوان کە ئەم کابرا بێچارەیە لە زۆر پێشەوە لای خۆی کێشابووی و ئەمڕۆ لەپڕ هەر هەمووی لە یەک دەمدا قلْپ ببوویەوە! «بەڵام من ئەبێ وەڵامی بدەمەوە. بێدەنگی من ئەوەندەی تر توورەی ئەکات. کەوتە بیری قسەکانی تارتۆف لەم بواردەدا و وەڵامی دایەوە:

ــخۆ من فریشتە نیم! لە خزمەتکردنی خۆمدا کەمتەرخەمیم نەکردووە و جەنابیشت جوامێرانە مووچەکەت داوم. سپاسگوزار بووم، بەڵام بیست و دووساڵم تەمەنە و لەم ماڵەشدا جگە لە بەڕێزت و ئەو پەریزادە نازەنینە کەس لە بیر و بۆچوونم تێنەئەگەیشت.

مارکیز هاواری کرد:

ــئەی جانەوەر! نازەنین، نازەنین! ئەو ڕۆژەی کە زانیت نازەنینە، ئەبوایە هەڵبهاتبایت.

ــهەوڵم دا ئەو کارە بکەم، ئەو کاتەی داوای دەرفەتم کرد بچم بۆ لانگدۆک.

مارکیز کە لە هاتن و چوونی بە تووڕەییەوە ماندوو ببوو، لە زۆری دەرد و خەم ڕام ببوو، لە سەر یەکێک لە کورسییەکان داکەوت. ژوولیەن بیستی لەبەر خۆیەوە ئەڵێ: پیاوێکی خراپ نییە.

ژوولیەن خۆی خست بەسەر پایدا و وتی:

ــنەخێر، سەبارەت بە جەنابتان هیچ خراپەیەک لە منەوە نابینرێ!

بەڵام هەر زوو تەریق بوویەوە و هەڵسایە سەرپا.

مارکیز بەڕاستی پەشۆکا بوو، سەرسامی گرتبوو، کە ئەم کارەشی بینی جارێکی تر چی جنێوی ناشیرین و ناحەز و تایبەتی عەرەبانەچییەکانە دایباراند بە سەریدا. تازە بوونی ئەم جنێوانە ڕەنگە مایەی سەرگەرمی و خاوبوونەوەی بوو.

ــکە جوانە! ناوی کچەکەم ئەبێ بە مادام سۆرێل؟ بەخوا جوانە! کچی من نابێ بە دوشێس؟!

هەرکارت کە ئەم وێنایە لەبەر چاوی بەرجەستە ئەبوویەوە، ئەشکەنجە بوو بۆ جەنابی دولامۆل و هەڵچوونی دەروونی لە دەسەڵاتی ئەڤان و توانای دەرئەچوو. ژوولیەن ترسا دەستی لێ بەرز بکەنەوە.

لە ماوەی ئەو خولەکانەدا کە ڕۆشنبینی هاتە ئاراوە و مارکیز وردە وردە لەگەڵ چارەڕەشی خۆی ڕائەهات، چی جێنوی ژیرانە بوو ئەیدا بە ژوولیەن.

پێی ئەوت:

ــجەناب ئەبێ ڕابکەی. ئەوە ئەرکی تۆ بوو هەڵێی. تۆ پەستترین کەسی...

ژوولیەن چوو بۆ لای مێزەکە و نووسی:

سەردەمایەکە بەرگەی ژیان ناگرم و ئەمەوێ کۆتایی پێ بهێنم. بە سپاسێکی بێ سنوورەوە داوا لە جەنابی لۆمارکیز دولامۆل ئەکەم لێم ببوورێ لەوەی کە مردنم لە تەلارەکەی بەڕێزیان، کێشەیان بۆ سازئەکا.

ژوولیەن وتی:

ــداوا لە جەنابی لۆمارکیز ئەکەم ئەم کاغەزە بخوێنێتەوە.

پاشان هاواری کرد:

ــجا بمکوژە یان فەرمان بدە با بکوژن. ئەوا یەکی پاش نیوەشەوە و ئەمەوێ لای دیوارەکەی بنی باخەکە پیاسە بکەم.

کە ویستی بڕوات، مارکیز دەنگی هەڵێنا:

ــبە قیروسیا!

ژوولیەن بە خۆی وت: «بۆم دەرکەوت. پێی ناخۆش نییە ئەرکی نۆکەرەکەی لە کۆڵ بکەمەوە. با بمکوژێ. بەھ بەھ! ئەبێ چەند شادمان بێ! بەڵام ئەڵێی چی، من ژیانم خۆش ئەوێ... ژیانم هینی کوڕەکەمە!

ئەم ئەندێشەیە بۆ یەکەم جار بەو ڕاشکاوییە لە ئەندێشەیدا پشکووت، پاش یەکەمین خولەکانی گەڕان کە ئاوێتەی ترسی مەترسی بوو، سەرتاپای گیانی داگرت.

ئەم پەیوەندییە زۆر تازەیە بووە هۆی ئەوەی کە پارێز بکات. «بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئەو پیاوە بوێرە، پێویستم بە ئامۆژگاری هەیە. ئەو ئیتر چاک و خراپ لێک ناکاتەوە. هەموو کارێکی لەدەست دێ. فۆکە زۆر دوورە. جگە لەوەش لە هەستی دەروونی کەسێکی وەکو مارکیز، سەر دەرناهێنێ.»

«کونت ئاڵتامیرا؟ ئایە ئەتوانم متمانە بە ڕازداری هەمیشەیی بکەم؟ ئەم ڕاوێژە نابێ ڕاستەوخۆ بێ و بارودۆخەکە بجەڕێنێ. بە داخەوە کە ئیتر جگە لە قەشەی پیر کەسم نییە. ئاینزای ژان‌سنیست کەوشەنی ئەندێشەی بەرتەسک کردۆتەوە. یەسووعیەکی چەپەڵ، دنیای ئاریستۆکراسی باش ئەناسێ و لە هەموو کەس زیاتر بەکاری من دێت. دوور نییە ڕەبەن پیرار هەر ئەوەندەی وشەیەک لەمباریەوە ببیسێ، نەمداتە بەر زللە؟!»

بەهرە و زیرەکی تارتۆف فریای ژوولیەن کەوت. «زۆر چاکە، بۆ دانپیانان بە تاوانەکانم ئەچم بۆ لای.» ئەمە دوایین بڕیار بوو کە پش دوو کاتژمێر گەڕان لەناو باخ گیرا. ئیتر لە بیری ئەوەدا نەبوو کە ڕەنگە لەپڕ گوللەیەکی پێوەبنێن. خەو بە سەری‌دا زاڵ ببوو.

بەیانی ئەو ڕۆژە، سپێدەپەهنا، ژوولیەن چەند فرسەنگ لە پاریس دوور کەوتەوە و لە دەرگای ماڵی ژان‌سنیستی مۆنی دا. بە سەرسووڕمانیشەوە بینی کە قەشە زۆریش لە دانپیانانەکەی نەحەپەساوە.

قەشە کە نیگەرانییەکەی زیاتر لە تووڕەییەکەی بوو، بە خۆی ئەوت: «ڕەنگە من خۆم ئەبێ گازندەم لێبکرێ. وام زانیبوو لە ڕازی ئەوین تێگەیشتووم. بەڵام ئەی کوڕەی ڕەبەن، خۆشەویستی تۆ ڕێگەی پێ نەدام باوکەکە ئاگادار بکەمەوە.»

ژوولیەن بە خێرایی پرسی:

ــ پێت وایە چی ئەکات؟

(لەم کاتەدا قەشەی خۆش ئەویست و ئەو مشتومڕەی زۆر پێناخۆش بوو.)

ژوولیەن بە دوای ئەم پرسیارە‌ی‌دا وتی:

ــ سێ ڕێگەم لەبەرە: یەکەم ئەوەی کە جەنابی لۆمارکیز

دولامۆل فەرمانی کوشتنم ئەدات و...

باسی ئەو نامەیەی کە نووسیبووی و دابووی بە مارکیز، گێڕایەوە.

ـدووەم ڕەنگە بە فەرمانی مارکیز سینەم بە گوللەی کۆنت نۆڕبێر کە دوێلم لەگەڵ ئەکات کون ببێ.

ڕەبەن پیرار کە تووڕە ببوو، هەڵسا سەر پێ و وتی:

ـتۆیش دوێلی لەگەڵ ئەکەیت؟!

ـتۆ ناهێڵی من قسەکەم تەواو بکەم. ئەوە شتێکی مسۆگەرە کە من هیچکات تەقە لە کوڕی خودانی خۆم ناکەم. سێیەم ڕەنگە لە پاریس دوورم بخاتەوە. ئەگەر بڵێ بچۆ بۆ ئێدینبۆرۆ یان نیویۆرک بە قسەی ئەکەم. ئەوسا ئەتوانرێ باری مادمازێل دولامۆل بشاردرێتەوە، بەڵام من ڕێگە نادەم کوڕەکەم تیابەرن...

ـئەم لایەنە بە بێ هیچ بێنەوبەرەیەک یەکەم ئەندێشەیە کە بدا لە مێشکی ئەم کابرا بێبەزەییە.

لە پاریس، ماتیلد گیرۆدەی پەژارە و نائومێدی بوو. کاتژمێر لای حەوت باوکی دیبوو. لۆمارکیز دولامۆل نامەکەی ژوولیەنی پیشان دابوو. لەوەی کە ژوولیەن کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی بە نیشانەی ڕزگاریی بزانێ، هەراسان بوو و بەو دەردەوە کە زادەی خەم بوو، بە خۆی ئەوت: «ئەویش بە بێ پرس کردن بە من؟!»

بە باوکی وت:

ـئەگەر ئەو بمرێ، من ئەمرم. تۆ هۆکاری مەرگی ئەوی. ڕەنگە ئەم کارە چێژی بۆت هەبێ، بەڵام بە گیانی ئەو ژوولیەنە سوێندت بۆ ئەخۆم، جلی ڕەش لەبەر ئەکەم و لەبەرچاوی هەموو دنیا ئەبم بە مادام سۆرێلی بێوەژن و جوان جوان بزانە کە ئاگاداری بڵاو ئەکەمەوە. خۆت باشم ئەناسی نە ترسنۆکم و نە بێڕەگ!

ئەوینی تا شێتی ئەچووە پێشەوە. جەنابی دولامۆلیش لە ئاستی خۆیەوە حەپەسا.

وردە وردە ڕووداوەکانی، تا ڕادەیەک، بە چاوی ئاوەز سەیر کرد. کاتی نانخواردن ماتیلد نەهاتە سەر خوان و مارکیز کە زانی هێشتا هیچی بە دایکی نەوتووە، لە بن بارێکی زۆر قورس ڕزگاری بوو، لەوەش گرنگتر شایی بە خۆیدا هات.

ژوولیەن لە ئەسپەکە دابەزی. ماتیلد کەسێکی ناردبوو بە دوایدا و ئەکرێ بوترێ کە لەبەر چاوی خزمەتکارەکەی خۆی هەڵدایە ئامێزی. ژوولیەن بۆ ئەم شۆر و هەڵچوونەی سپاسی نەکرد. لە کۆبوونەوەی ڕاوێژکردنی دووروودرێژی لەگەڵ ڕەبەن پیرار، زۆر ڕامیار و لێزان هاتبوویەوە دەرەوە. پێشبینی ڕووداوە ڕێژەییەکان توانای بیرکردنەوەی خامۆش کردبوو. ماتیلد بە دەم گریانەوە پێی وت کە نامەی خۆکوشتنەکەی بینیوە.

ــڕەنگە باوکم ڕای بگۆڕێ. تکات لێئەکەم لەبەر من هەر ئێستە بڕۆ بۆ ڤیلکیە. سوار ببەوە و بەر لەوەی لە سەر سفرە هەڵسێ لە حەوشەی تەلار بچۆرە دەرەوە.

لەبەر ئەوەش کە ژوولیەن لەو دارەتە مۆڵەق و ساردەی خۆی نەئەهاتە دەرەوە، جۆگەلەی فرمێسک بە چاوەکانیا داباری. ژوولیەنی لە باوەش گرت و بە شۆر و تامەزرۆییەوە هاواری کرد:

ــلێگەڕێ با من بە دەستی خۆم کارەکانمان جێبەجێ بکەم. خۆت ئەزانی کە من بە حەزی خۆم لە تۆ جیانابمەوە. بە ناونیشانی خزمەتکارەکەم نامەم بۆ بنێرە. وای بنووسە لە خەتی یەکێکی بێگانە بچێت. من تۆمارت بۆ ئەنووسم. خوات لەگەڵ! هەڵێ...

ئەم دوا وشە ژوولیەنی بریندار کرد. سەرەڕای ئەوەش بە قسەی کرد. بە خۆی وت: «وا نووسراوە کە ئەم کەسانە تەنانەت لە خۆشترین ساتەکانی ژیانیشیاندا ڕازی ڕەنجادنی من بزانن!»

ماتیلد بە لاساری لە بەرامبەر هەموو نەخشە پارێزکارەکانی باوکی‌دا بە توندی وەستایەوە و هەرگیز نەیهێشت گفتوگۆ لە سەر هیچ شتێک بکرێ مەگەر ئەوەی کە ئەو ئەبێ بە مادام سۆرێل و لەگەڵ مێردەکەی بە هەژاری لە سویس یان لای باوکی لە پاریس ئەژین. هەروەها پێشنیاری بەرخستنی نهێنیشی بە توندی ڕەت ئەکردەوە.

ـ ئەوسا بۆی هەیە ئەم بارە ببێتە هۆی ناونیتکە و بێ ئابڕوویی. من دوو مانگ پاش شووکردن لەگەڵ شوەکەم ئەچم بۆ گەشت و ئەوەش شتێکی ئاساییە کە منداڵەکەمان لە کاتی لەباری خۆی‌دا لەدایک ئەبێ.

ئەم کەللەڕەقییەی کە لە سەرەتاوە بە هەڵچوونی بە کەفوکوڵ بەرپەرچ ئەدرایەوە، سەرەنجام بۆچوونی مارکیزی لەق کرد.

لە یەکێک لەم خولەکانەی لاوازیی‌دا کە کەسەر دڵی داگرتبوو، بە کچەکەی وت:

ـ بگرە! ئەمە بەڵگەنامەی فەرمی وەرگرتنی ساڵی دەهەزار فرانکە کە لە فاندێک‌دا دانراوە. بینێرە بۆ ژوولیەنەکەت و داوای لێبکە بە زووترین کات وەری بگرێت و کارێک بکات من نەتوانم لێی پەشیمان ببمەوە و وەری بگرمەوە!

ژوولیەن کە ئەیزانی ماتیلد چەندەی حەزی لە فەرمان دانە، بۆ ڕاپەڕاندنی فەرمانەکەی لەخۆڕا چل فرسەنگ ئاژووتبوو و لە ڤیلکیە خەریکی ڕاگەیشتن بە کاروباری جوتیاران بوو. ئەم خێرەی مارکیز پێی کردن بووە هۆی ئەوەی بگەڕێتەوە. بەرەو ماڵی ڕەبەن پیرار چوو، کە لە نەبوونی ئەودا ببوو بە گەورەترین یاوەری ماتیلد بۆ ئەوەی داوای لێبکات داڵدەی بدات. هەر کات کە مارکیز داوای ڕوونکردنەوەی لە قەشە ئەکرد، ڕەبەن پیرار دەسبەجێ هەوڵی ئەدا ئەم خاڵەی بۆ بسەلمێنێ کە هەموو کارێک جگە لە

زەماوەنکردنی بە ئاشکرا، لە لای خوا گوناهێکی گەورەیە.

قەشە بە دوای قسەکانیدا وتی:

ــخۆشبەختانە لێرەدا ئاوەزی گشی لەگەڵ ئاین یەکئەگرێتەوە. مەگەر بەو گیانە سەرکەشەوە کە مادمازێل دولامۆل هەیەتی، ئەتوانی لە ڕازداری ئەو، واتە ئەو شتەی کە هەرگیز نایگرێتە ئەستۆی، دڵنیا بی؟! ئەگەر مارەبڕین بە ئاشکرا و لەبەر چاوی خەڵکی نەکرێت و ڕەوتێکی ڕوون و ئاشکرای نەبێ، کۆمەڵ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بیری خۆی بەم مارەبڕینە نەشیاو و سەیرەوە خەریک ئەکات. ئەبێ هەموو شتێک بوترێ و هیچ ڕازێک لە ناوەوە و دەرەوە ڕانەگیرێ.

مارکیز ئەندێشمەند وەڵامی دایەوە:

ــوایە. لەم هەلومەرجەدا، گفتوگۆ دەربارەی ئەم زەماەندە لە پاش سێ ڕۆژ وەکو بڵمەبڵمی کەسێک وایە کە لە بیر و ئاوەز هیچ بەهرەیەکی پێنەگەیشتووە. ئەبێ سوود لە نەخشەیەکی مەزنی دژی ژاکۆبۆنی حکوومەت کەڵک وەربگرین و بە بێ ئەوەی کەس پێمان بزانێ.

بۆچوونی دووان سیانێک لە هاوڕێیانی جەنابی دولامۆلیش لەگەڵ بۆچوونەکەی ڕەبەن پیرار بوو. لەمپەری گەورە بەڕای ئەوان گیانی لێبڕاوی خودی ماتیلد بوو. بەڵام پاش ئەو هەمووە سەلماندنە جوانانە، مارکیز نەیئەتوانی هیوای بەدەستهێنانی کورسییەک لە دەربار بۆ کچەکەی لەدەست بدات. نەی ئەتوانی خوو بەو نائومێدییەوە بگرێ کە کچەکەی هەرگیز نەگاتە دەربار.

بیر و ڤرۆشەی پڕ بوو لە هەموو جۆرە فێڵ و تەڵەکەیەک کە ئەوانیش لە سەردەمی جەوانیدا ئەلوان. ملکەچکردن لە بەرامبەر پێداویستی و ترس لە قانوون لە ڕوانگەی کابرایەکی پایەبەرزی وەکو خۆی بە نەنگ و بێ واتا دائەنا. ئێستە تاوانی ئەو ڤرۆشە

ئەفسووناوییانەی ئەدایەوە کە دە ساڵ بوو، دەربارەی ئایندەی ئەم کچە ئازیزەی نەخشەی بۆ کێشابوو.

بە خۆی ئەوت:

ــکێ ئەیتوانی پێشبینی ئەم ڕووداوە بکات؟ ئەم ڕووداوە لە کوێ و ئەم کچەی کە ئەوەندە لووتبەرز و ئەوەندە بەهرەمەند بوو و زیاتر لە من شانازیی بە ناو و ناونیشانی خۆیەوە ئەکرد و بەناوبانگترین کەسانی فەڕانسە هەر لە پێشەوە داوایان کردبوو و ناردبوویانە خوازبێنی. ئەبێ هەموو پارێز و تێبینیەک بخەینە لاوە. ئەم سەدەیە تەرخانکراوە بۆ ئەوەی کە سەر لە هەموو شتێک بشێوێنێ. ئێمە بەرەو ئاژاوە ئەچین.

بەندی XXXIV

## مرۆی ئەندێشمەند

پارێزگار بە سواری ئەسپەکەیەوە بیری ئەکردەوە:
بۆچی من وەزیر نەبم؟ یان سەرۆکی کابینە یان هەروەک
نەبم؟
ئەوسا جەنگ هەڵئەگیرسێنم و ئەوەی داهێنەرە لە کۆت
ئەکێشم!
(لۆ گڵۆب)

هیچ سۆنگەیەک توانای ئەوەی نییە کە گەڵاڵەی خەملێوی دەساڵ ئارەزووی شیرین نابووت بکات. مارکیز توورەبوونی لا پەسەند نەبوو، بەڵام نەشی ئەتوانی لێیببووری. هەندێجار بە خۆی ئەوت: «چەندە باش ئەبوو ئەگەر ژوولیەن بە ڕوداوێک بکوژرایە!» بەم جۆرە، ئەم ئەندێشە خەمگینە تۆزێک لە دەست ڤرۆشەی شێتانە سوکنایی ئەهات. ئەم ساویرە بێ واتایە کاریگەری سەلماندنە ژیرانەکەی ڕەبەن پیراری کاڵ ئەکردەوە. مانگێک بەم جۆرە تێپەڕی، بە بێ ئەوەی پێشکەوتنێک لەم هاوکێشەیەدا بەدی بێ.

مارکیز لەم ڕووداوە خێزانییەشدا، وەکو کێشەکانی دنیای ڕامیاری، بۆچوون و ڕای پرشنگداری هەبوو، کە ماوەی سێ ڕۆژ هۆگر و شەیدای ببوو. بەڵام بە هۆی ئەو بەڵگە باشانەی پشتیوانی بوون، خۆی شێوازەکەی خۆی پەسەند نەئەکرد. بەڵام جوانی ئەم بەڵگانە، بەڕای ئەو بەو ئەندازەیە بوو کە پشتیوانی لە نەخشەکەی ئەو بکەن. ماوەی سێ ڕۆژ بە تامەزرۆیی و گوڕێک

کە لە هۆنەرێکدا ئەبینرێ، بۆ ڕێکوپێک کردنی کێشەکان کاری ئەکرد. بەڵام بەیانی ئەو ڕۆژە، بەجارێ هەر هەمووی لە بیر بردەوە.

ژوولیەن سەرەتا لە خاویی کارەکانی مارکیز شپرزە بوو. بەڵام پاش چەند حەفتە، وردە وردە لەوە تێگەیشت کە جەنابی دولامۆل هیچ گەڵاڵەیەکی داڕێژراوی بۆ ئەم کێشەیە نییە.

خاتوو دولامۆل و هەموو خەڵکیماڵەکە پێیان وا بوو کە ژوولیەن بۆ بەڕێوەبردنی کاری زەویوزار چووە بۆ شارستان. ژوولیەن لە دەیرەکەی ڕەبەن پیرار خۆی شاردبوویەوە و کەم و زۆر هەموو ڕۆژێک ماتیلدی ئەبینی. ماتیلدیش هەموو ڕۆژێک یەک کاتژمێر لەلای باوکی ئەبوو. بەڵام هەندێجار بە حەفتە باسی ئەو کێشەیان نەئەکرد کە باڵی بەسەر هەموو ئەندێشەکانیان‌دا کێشابوو.

ڕۆژێک مارکیز پێی وت:

ــنامەوێ شوێنی ئەم کابرایە بزانم. ئەم نامەی بۆ بنێرە.

ماتیلد خوێندییەوە:

زەویوزاری لانگدۆک ٢٠٦٠٠ فڕانک داهاتی هەیە. من ١٠٦٠٠ فڕانکی ئەدەم بە کچەکەم و ١٠٠٠٠ فڕانکیش ئەدەم بە مسیۆ سۆرێل. ئەوەش مسۆگەرە کە خودی زەویوزارەکەشی هەر پێئەدەم. بە پارێزەرەکە بڵێن کە دوو گرێبەستی بەخششنامەی جیاواز بنووسێ و بەیانی بیهێنێ بۆ لای من. پاش ئەم کارە، ئیتر هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئێمەدا نامێنێ. ئاخ، جەناب! ئەبوایە چاوەڕوانی ئەم کارانەم بکردایە؟

لۆمارکیز دولامۆل



ماتیلد شاد و دەم بەپێکەنین وتی:

–زۆر سپاستان ئەکەم. ئێمە بۆ نیشتەجێ بوون ئەچین بۆ کۆشکی «ئاگۆیۆن»[171] لە نێوان «ئاژن و مارماند». ئەڵێن ئەم ناوچەیە بە ئەندازەی ئیتالیا گەش و جوانە.

ئەم بەخششە بووە هۆی سەرسووڕمانی ژوولیەن. ئیتر ئەو پیاوە نەمرچ و مۆنە نەبوو کە ئەمانناسی. چارەنووسی کوڕەکەی وای لێکردبوو پێشبینی هەموو شتێک بکات. ئەم سامانە چاوەڕواننەکراوە کە بۆ هەژارێکی وەکو ژوولیەن یەکجار شایانی پێزانین بوو، ئەوی کرد بە مرۆڤێکی بەرزەفڕ. ئەیبینی لەگەڵ ژنەکەی پێکەوە ٣٦٠٠٠ فرانک داهاتیان هەیە. بەڵام سەبارەت بە ماتیلد ئەبێ بڵێین هەموو هەست و نەستی بارمتەی پەرەستنی مێردەکەی بوو. چونکە دفرەی، بەردەوام ژوولیەنی بەم ناوە ناو ئەهێنا. ئارەزووی گەورە و تاقانەی ڕاگەیاندنی زەماوەندەکەیان بوو. سەبارەت بەو تێبینی و پارێزە مەزنانەی کە پیشانی دابوو و لەو ڕێگەیەوە چارەنووسی خۆی لە چارەنووسی پیاوێکی مەزنتر پەیوەند دابوو. دیاردەکانی لای خۆی زل ئەکردەوە و ساتەکانی ژیانی لە قەبەکردنەوەدا تێئەپەڕاند. بابەتی لێهاتوویی کەسایەتی لە مێشکیدا برەوی هەبوو.

دووری تا ڕادەیەک بەردەوام و کاری جۆراوجۆر و دەرفەتی کەم بۆ گفتوگۆ دەربارەی ئەوین، کاریگەریی ئەو شێوازە ژیرانەیەی ژوولیەن، لەمێژ بوو گرتبوویە بەر، گەیاندە لوتکە.

سەرەنجام ماتیلد لە کەم بینینی ئەو پیاوەی کە ئێستا بەڕاستی

---

١٧١ـ کۆشکی ئاگۆیۆن: Aiguillon کۆشکێکە لە شاری شاری ئاگۆیۆنی فەڕانسە، ساڵی ١٧٥٠ بۆ ئیمانۆێل ئارماند ڕیشیلیۆ دروست کراوە.

خۆشی ئەویست، ئوقرەی لەبەر برِا.

لە یەکێک لەو ساتی بوغز و غەزرینەدا، نامەیەکی بۆ باوکی نووسی و نامەکەی وەکو ئوتێللو دەسپێکرد:

هەڵبژاردنەکەی من ئەم خاڵە ئەسەلمێنێ کە من ژوولیەنم لەو خۆشییانەی کۆمەڵ داویەتی بە کچی جەنابی لۆمارکیز دولامۆل، بە گرنگتر داناوە. ئەم خۆشییانە کە ڕێز و لووتبەرزی منالانە ئەدا بە مرۆڤ، بە ڕای من هیچ ناهێنێ. ئەوا نزیکەی شەش حەفتەیە کە من بە دوور لە مێردەکەم ئەژیم. ئەمەش تەنها بۆ سەلماندنی ڕێزی من بۆ بەڕێزتانە و بەس. تا پێنجشەممەی ئاینده من لە ماڵی باوکم ئەڕۆم. بەخشش و مەزنی جەنابت ئێمەی خەنی کردووە. هیچکەس جگە لە ڕەبەن پیراری بەڕێز ئاگای لە ڕازی ئێمە نییە. ئەچم بۆ ماڵی ئەو با مارەمان ببڕێ. کاتژمێرێک پاش مارەبڕینیش ئەکەوینە ڕێ بەرەو لانگدۆک. مەگەر بە فەرمانی بەڕێزت ئەگینا هەرگیز پێمان ناکەوێتە پاریس. بەڵام ئەو شتەی کە دڵی من ونجڕونجڕ ئەکات ئەوەیە، کە ئەم ڕووداوانە چیرۆکێکی تەوساوی دەربارەی من و جەنابت بەدی ئەهێنێ. توانجی نەزانان، «نوربێر»ی ئازیز وا لێنەکات لەگەڵ ژوولیەن بیکا بە قڕە؟ لە کاتی وادا من هیچ دەسەڵاتێکم بە سەریدا نابێ، باشی ئەناسم. لەم گیانە جەوانەدا، ئێمە ڕاسانی کوڕی یاخی جەماوەرمان ڕووبەڕوو ئەبێتەوە. باوکەگیان، چۆک دائەدەم و لێت ئەپاڕێمەوە! سەرفەرازمان بفەرموون و ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو لە دەیرەکەی ڕەبەن پیرار لە مارەبڕینەکەی من و ژوولیەندا بەشداری بفەرموون. بەم

جۆرە لە توندی ئازاری ئەو چیرۆکە نامرۆڤانەیەی دەربارەی ئێمە بڵاو ئەکرێتەوە، کەم ئەبێتەوە و گیانی تەنها کوڕی تۆ و گیانی شووەکەی منیش ئەپارێزرێ و هتد و هتد...

ئەم نامەیە مارکیزی تووشی شڵەژانێکی سەیر کرد. بەم جۆرە ئەبوایە سەرەنجام بڕیارێک بدرێ. نەریتی ورد و درشت و دۆستانی هەرەمەکی کاریگەری و توانای دەستێوەردانیان نەمابوو.

لەم ڕووداوە سەمەرەیەدا، ئەو ئەدگارە بەرجەستانەی کە زادەی ڕووداوەکانی سەردەمی گەنجێتی بوون، دەسەڵات و توانایان سەرلەنوێ بەدەست هێنایەوە. پاش دوو ساڵ بەهرەمەند بوون لە سامانێکی بێ سنوور و هەموو پایەی لە دەربار، ڕووداوەکانی ساڵی ١٧٩٠ تووشی گرفتاری سامناکی کۆچبەری کردبوو. ئەم فێرگە پڕ لە ئازارە گیانی لاوێکی بیست و دوو ساڵانی گۆڕیبوو. لە ڕاستیدا، لەبری ئەوەی ببێ بە دەستەمۆی ئەو سامان و هەبوونەی ئێستەی خۆی، لە ناوی‌دا چارداخێکی هەڵدابوو، بەڵام هەمان ئارەزوو کە وای لێکردبوو خۆی لە نەخۆشینی ڕزێنەری زەرپەرستی بپارێزێ، ئەو خولیا شێتانەی خستبوویە دڵییەوە کە کچەکەی ببینێ بە ناونیشانێکی شایستەوە!

لە ماوەی شەش حەفتەی ڕابوردوودا، هەندێجار مارکیز بە هۆی هەوەسێکی تایبەتەوە ویستبووی ژوولیەن دەوڵەمەند بکات. وەکو خۆی کە مسیۆ دولامۆل بێ، نەداریی زۆر لەلا دزێو و نەنگ هێنەر بوو، بۆ شووی کچەکەشی بە ڕەوای نەئەزانی. بە لێزمە پارەی بۆ فڕێ ئەدا. بەیانی ئەو ڕۆژە کاتێک کە بیری بۆ ئاڕاستەیەکی تر چوو، وای بیر ئەکردەوە کە ژوولیەن، ئەو بەخششەی ئەوی وەرگرتووە، ناوی ئەگۆڕێ، کۆچ ئەکات و ئەبێ بە ئاوارەی ئەمریکا و بۆ ماتیلد ئەنووسێ لە ڕێگەی ئەودا گیانی

بەختکردووە. جەنابی دولامۆل پێی وا بوو ئەم نامەی نووسیوە و لە کارگەریی ئەو نامەیە لە سەت گیان و یادگاری کچەکەی ئەکۆڵییەوە.

ڕۆژێک کە کاغەزە ڕاستەقینەکەی ماتیلد ئەوی لەو ئەندێشە گەنجانەیە داچڵەکاند، پاش ماوەیەکی درێژی بیرکردنەوە لەمەڕ کوشتن یان ڕزگاری ژوولیەن لەو پندارەدا بوو کە ئایندەیەکی پرشنگداری بۆ بەدی بهێنێ. لە جیهانی ڤرۆشەدا، داوای لێئەکرد ناوی یەکێک لە مڵکەکانی مارکیز بخایە سەر خۆی. ئەی بۆ گواستنەوەی پلەی خۆی لە پارلەمان بە ئەو مسۆگەر نەکات؟ خەزووری ئەو، لۆدووک دوشون لەو ڕۆژەوە کە تاقە کوڕەکەی لە ئیسپانیا کوژرابوو، زۆر جار تامەزرۆیی بۆ ئەوە دەربڕیبوو کە ناونیشانی خۆی بگوێزێتەوە بۆ نوربێر.

مارکیز بە خۆی ئەوت: «ناتوانم نکوڵی لە بەهرەی سەیری ژوولیەن لە ڕاپەڕاندنی کارەکان‌دا، بوێری و جەربەزە و تەنانەت لێوەشاوەیی پرشنگداری بکەم. بەڵام من لە ناخی ئەم کەسایەتییەدا شتێکی ترسناک ئەبینم کە وریام ئەکاتەوە. ئەو کەسایەتییە کاریگەریی لە سەر هەموو کەس هەیە، بۆیە ئەبێ شتێکی ڕاستەقینەی تیا بێ.» (جا تێگەیشتن لەو ڕاستییە چەندە دژوارتر ئەبوو، زۆرتر گیانی وێناگەری مارکیزی ئەترساند.)

«چەند ڕۆژ بەر لە ئێستە کچەکەم (لە نامەیەکدا کە لێرە نەماننووسیوە) ئەم واتایەی بە پسپۆڕییەکی زیرەکانە بە من وت: ژوولیەن سەر بە هیچ گرووپ و ڕێکخراوێک نییە. ئەو لە بەرامبەر من‌دا هیچ پشتیوانێکی بۆ خۆی بەدی نەهێناوە. ئەگەر من بەجێی بهێڵم هیچ سەرچاوەی ئومێدێکی نییە. بەڵام مەگەر ئەمە نیشانەی بێئاگایی لە هەلومەرجی ئێستە نییە؟ من خۆم دوو سێ جار پێموتووە جگە لە ئەندامەتی، هۆڵەکان هیچ ئەندامەتیەکی تر ڕاست

و بە سوود نین.»

«نەخێر، ژوولیەن لە هەڵکەوتووی زیرەکانە و خۆپارێزی ئەندام پارلەمانێکی ڕژد و فێڵباز، بێبەشە. ئەم ئەدگار و کەسایەتییە، کەسایەتی لویی یانزەیە. لە لایەکی تریشەوە، من ناجوامێرانەترین شێوازی تیا بەدی ئەکەم. سەرم لێی دەرناچێ! کێ چووزانێ ئەم کارانەی لەبەر ئەوە نییە، کە لەمپەرێک لە بەرامبەر حەز و خولیا ئاگرینەکەی خۆیدا بەدی بهێنێ؟»

«جگە لەمەش، خاڵێک کە ڕوون و ئاشکرایە: تەنها تۆزێکیش خۆی لە بەرامبەر سووکایەتیدا ڕاناگرێ و تەنها لەم ڕێگەوەیە کە من ئەتوانم کاری تێبکەم.»

بڕوای بە ڕەسەنایەتی بنەماڵە نییە و بەو پێیە ڕێزی ئێمە ڕاناگرێ! ئەم کارە هەڵەیە. بەڵام، بە کورتی ئەبێ بڵێم خێڵی فەقێ جگە لە خۆشی و چێژ و پارە، نابێ بۆ شتێکی تر بکەوێتە پەلەقاژە. ئەم لاوەی کە لەگەڵ ئەوانی تر زۆر جیاوازە، بە هیچ شێوەیەک لە بەرامبەر سووکایەتیدا خۆی پێڕاناگیرێ!»

جەنابی دولامۆل کە لە بن گوشاری نامەی کچەکەیدا، هەستی بە پێداویستی بڕیاردان کرد: «هەرچۆنێک بێ، بابەتەکە لێرەدایە: ڕەنگە ژوولیەن بۆ ئەوەی پڕکێشی ئەوەی کردبێ کە تا ڕادەی دڵداریکردن لەگەڵ کچەکەی من بچێتە پێشەوە، چونکە ئەزانێ کە من لەم دنیایەدا لە هەموو شت زیاترم خۆش ئەوێ و سەد هەزار کرۆنیش داهاتم هەیە.»

«ماتیلد پێچەوانەی ئەمە بیر ئەکاتەوە: نەء، جەنابی ژوولیەن، ئەم لایەنە تەنها لایەنێکە نامەوێ تێیدا بە هەڵەدا بچم.»

«ئایە ئەوینی ڕاستەقینە و چاوەڕواننەکراو لە ئارادا بووە؟ یان هەوەسێکی چرووکی گەیشتن بە پلەیەکی پرشنگدار؟ ماتیلد ڕووناکبیرە و بەر لە هەموو شتێک ئەوەی دیوە کە ئەم ڕووداوە

ڕەنگە ڕێز و نرخی لە لای من دابەزێنێ. دانپیانان بەوەی کە ئەو خۆی هەنگاوی یەکەمی هەڵگرتووە، هەر لێرەوە سەرچاوە ئەگرێ.»

«مەگەر ئەلوێ کچێک بەم ڕۆحە لەخۆڕازییەوە ئەوەندە خۆی لەبیر بباتەوە کە بەو ڕاشکاوییە دەرگای دۆستی بکاتەوە و شەو لە ناو باخ قۆڵی بگووشێ؟! چەندە ناخۆشە! ئەڵێی نەیتوانیوە بە سەد سونگەی لەمە شیاوتر پێی ڕابگەیەنێ کە لە هەموو کەس لە لای بەرزترە.»

«داوای لێبوردن نیشانەی گوناهبار بوونە؛ من گومان لە ماتیلد ئەکەم!...»

لێکدانەوەکانی ئەو ڕۆژەی مارکیز لێبڕاوتر بوون. سەرەڕای ئەمەش خوو زاڵ بوو. بڕیاری دا دەست ڕاگرێ و نامەیەک بۆ کچەکەی بنووسێ. چونکە لەمبەری تەلارەکەوە بۆ ئەوبەری نامە ئەنووسرا. جەنابی دولامۆل توانای وتووێژ و مشتومڕی لەگەڵ ماتیلد نەبوو. ئەترسا لەپڕ منەتێکی بەسەردا بکات و شێتی کات و هەموو شتێک کۆتایی بێ.

نامە

داوات لێ ئەکەم خۆت لە کردەوەی گەوجانەی تر بپارێزە. ئەوا فەرمانی دامەزراندنی مسیۆ شۆڤالیە ژوولیەن سۆرێل دو لاڤێرنی بە ئەفسەری دەستەی سوارەم بۆ ناردی. ئەبینی کە من چی بۆ ئەو ناکەم؟! سەر مەخەرە سەرم و داوای ڕوونکردنەوەم لێ مەکە. ئەبێ لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا، بۆ بەشداری لە خزمەت، خۆی بگەیەنێتە ستراسبۆرگ، کە شوێنی تیپەکەی لەو ناوچەیەیە. پسووڵەی وەرگرتنی پارەم بۆ بانکدارەکەی خۆم لەو شارە، لەگەڵ ئەم نامەیە ناردووە. چاوەڕوانی گوێڕایەڵیم.

ئەوین و شادی ماتیلد ئیتر سنووری نەبوو. هەوڵی دا سوود لە سەرکەوتنەکەی خۆی وەرگرێ و دەسبەجێ وەڵامی نامەکەی باوکی دایەوە:

ئەگەر مسیۆ دو لاڤێرنی لەو هەموو سوز و بەخششەی بەڕێزت سەبارەت بە خۆی ئاگادار ئەبوو، لە خۆشیان شایگەشکە ئەبوو و خۆی ئەخست بەسەر پاتان‌دا. بەڵام لە نێوان ئەم دڵاوایییەدا، باوکم منی فەرامۆش کردووە. ئابڕووی کچەکەتان لە مەترسیدایە. هەر کردەوەیەک کە لە ڕازداری دوور بێ، ئەنگێکی هەمیشەیی وەها بەدی ئەهێنێ کە بیست هەزار کرۆن داهات دەرەقەتی قەرەبوو کردنەوەی نایەت. من فەرمانی ئەفسەرییەکی دو لاڤێرنی نانێرم، مەگەر ئەوەی بەڵێن بدەی کە مانگی داهاتوو زەماوەندەکەی من بە ئاشکرا لە ڤیلکیە بەڕێوە ئەچێ! لەگەڵ تەواوبوونی ئەم ماوەیە (کە تکاتان لێئەکەم مەهێڵن لە مانگێک زیاتری پێ بچێ.) کچەکەتان ناتوانێ مەگەر بە ناوی مادام دو لاڤێرنی لە ناو کۆمەڵدا ئاشکرا ببێ. باوکی بەڕێزم، چەندە سپاستان ئەکەم کە لەم ناوی سۆرێلە ڕزگارت کردم. هتد... هتد.

وەڵامی نامەکە چاوەڕواننەکراو بوو:

یان فەرمانەکەی بۆ ببە یان من لە هەموو بەڵێنەکانی خۆم پاشگەز ئەبمەوە. ئەی کچە شێتە سەرەڕۆکەی من، وریای خۆت بە! من هێشتاش نازانم ژوولیەنەکەی تۆ چکارەیە و چۆن پیاوێکە و خۆیشت لەمبارەوە کەمتر لە

منی ئەناسی! با بچێت بۆ ستراسبۆرگ و لەوێ ڕەفتارێکی ڕێکوپێک بگرێتە بەر. من تا پانزە ڕۆژی تر بڕیاری خۆمت پێ ڕائەگەیەنم.

ئەم وەڵامە زۆر توند و ڕاستەوخۆیە ماتیلدی حەپەسان. «من ژوولیەن ناناسم!» ئەم ڕستەیە خستییە ناو بیرێکەوە کە ئەوەندەی پێنەچوو ئەفسووناویترین گریمانەی لێ خەملّی. بەڵام ئەو، ئەم ئەگەرانەی بە ڕاست ئەزانی. «گیانی ژوولیەنی من یونیفۆرمی وشک و برینگی هۆڵەکانی نەکردە خەڵاتی بەری و باوکی من بڕوای بە باڵادەست بوونی ئەو نییە. بە هۆی ئەو بەڵگەیەوە کە سەلمێنەری خودی بابەتەکەیە...»

«هەرچی چۆن بێ، ئەگەر بێت و لە بەرامبەر ئەم هەوەس و هەڵچوونە کتوپڕەدا ملکەچ نەکەم، بە ئاشکرا لێم ڕوونە کە لە ناو کۆمەڵدا تووشی هەرا و دەنگەدەنگ ئەبین. ڕوودانی هەر جۆرە ڕیسواییەک پلەی من لە کۆمەڵدا دائەبەزێنێ و نەخوازە بۆی هەیە لە خۆشەویستیم لای ژوولیەنیش کەم بکاتەوە. پاش ئەم ئابڕووچوونە، دەساڵ کوولەمەرگی و... گەوجێتی هەڵبژاردنی شوویەک بە هۆی لێهاتووییەوە، جگە لە سایەی پرشنگدارترین سامان و دارایی‌دا ئەگینا ناتوانێ خۆی لە چنگی گەمە وتیتاڵی ڕزگار بکات. ئەگەر من دوور لە باوکم بژیم، لەم تەمەنە‌ی‌دا ڕەنگە فەرامۆشم بکات. نوربێریش ژنێکی نازەنین و لێزان ئەهێنێت و لویی چواردە لە تافی پیری‌دا ئەکەوێتە داوی دوشێسی بورگۆنی.»

ماتیلد لێبڕا کە بە گوێی باوکی بکات. بەڵام لە ناردنی نامەکەی باوکی بۆ ژوولیەن دەستی ڕاگرت. ئەم گیانە کێوییە بۆی هەبوو کارێکی شێتانە بکات.

ئەو شەوە، کاتێک کە ژوولیەنی لە بە ئەفسەربوونی ئاگادار

کرد، لە ڕادەبەردەر شادمان بوو. ڕادەی ئەم شادمانییە ئەتوانین لە بەرزەفڕی سەرانسەری ژیانی و لە ئەوینی ئێستەی بۆ منداڵەکەی، تێبگەین. گۆڕینی ناوەکەی ببوویە هۆی سەرسووڕمانی.

بیری کردەوە:

«جگە لەمانەش، بەسەرهاتی چارەنووسی من گەیشتە کۆتایی. هەر کارێکم کردووە تەنها لە سایەی لێهاتوویی خۆمدا بووە. توانیم ئەم دێوی دفرە و شانازییە بکەم بە شەیدای خۆم.»

ئەوساش کە ئەیڕوانییە ماتیلد، ئەیوت:

«باوکی بە بێ ئەو و ئەویش بە بێ من ناتوانن بژین!»

بەندی XXXV

## زریان

خوایە گیان، ژیانێکی مامناوەنجیم پێ ببەخشە!
(میرابو)

بە تەواوەتی نوقم ببوو. لە بەرامبەر ئەو خۆشەویستییە ئاگرینەدا، نیوە وەڵامێکیشی نەئەدایەوە. بێدەنگ و خەمبار لە سوچێکا دائەنیشت. لە ڕوانگەی ماتیلدەوە هەرگیز تا ئەو ڕادەیە شکۆدار و ئەوندە شیاوی پەرستن نەببوو. لەوە ئەترسا وردبینی دفرەی ئەو، بارەکەیان لێ تێک بدات.

کەم تا زۆر، هەموو ڕۆژێک هاتنی ڕەبەن پیراری بۆ تەلار ئەبینی. مەگەر نەئەلوا کە ژوولیەن بە هۆی ئەم کەسەوە لە هەندێ ڕازی باوکی تێگەیشتبێ! مەگەر نابێ کە خودی مارکیز لە ساتێکی هەڵچوون‌دا نامەیەکی بۆ نووسیبێ؟ «ئەی لە پاش ئەو بەختەوەرییە باڵایە، ئیتر بۆچی ڕووی ترشاندووە؟» نەیوێرا لێی بپرسێ!

نەیوێرا!... ئەو کە ماتیلد بێ! لەو چرکەساتەوە، لەو خۆشەویستییەی بەرامبەر بە ژوولیەن هەیبوو، خاڵێکی پێوار، لە تێگەیشتن نەهاتوو پەیدا بوو، شتێکی وەک تۆقان سەری هەڵدا. ئینجا ئەو دڵە ژاکاوە هەستی بە پێداویستی لەو هەموو سۆز و ئارەزووە کرد، کە ڕەنگە لەو ژیارەدا هەبێ کە پاریسییەکان پێی سەرسامن.

سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە، ژوولیەن لە دەیری ڕەبەن پیرار بوو. جووتێک ئەسپ، فایتوونێکی شەق و شڕیان گەیاندبوویە حەوشە

کە لە نزیکترین پۆستخانە بە کرێ گیرابوو.

قەشە سەختگیرتر و نەمرچتر پێیوت:

ـئەم جۆرە فایتوونە ئیتر شیاوی تۆ نییە. ئەمە ئەو بیست هەزار فرانکەیە کە جەنابی دولامۆل بۆی ناردوویت. چاوەڕوانی ئەوەیە لە ماوەی ساڵێکدا بیبڕێنیتەوە و قوتاری بکەی. بەڵام هەوڵبدە ڕەفتارت، ئەوەندەی بۆت بکرێ کەمتر ببێتە هۆی گاڵتە و پێکەنین. (پارەیەکی ئاوەها زۆر کە ئەڕژایە گیرفانی گەنجێکەوە، بە بۆچوونی قەشە کەرەسەیەک بوو بەرەو گوناە کردن و هەڵدێران).

مارکیز ئەڵێ: «ئەم برە پارەیە لە لایەن باوکی مسیۆ ژوولیەن دو لاڤێرنی کە ئاشکراکردنی ناوەکەی پێویست نییە، بەو گەیشتووە. مسیۆ دو لاڤێرنی ڕەنگە بە باشی بزانێ کە دیارییەک بدات بە مسیۆ سۆرێل، دارتاشی ڤێریری کە بە منالّی ئاگای لێی بووە. من ئەتوانم ئەم بەشەی کارەکە بگرمە ئەستۆ.»

ڕەبەن پیرار بەردەوام بوو:

ـئاخرەکەی جەنابی دولامۆلم لەگەڵ ئەم ئابە دوفریلەرە کە ئەوەندە یەسووعیە، ئاشت کردەوە. پلەوپایەی ئەو بە بێ قسە لە بەرامبەر ئێمەدا زۆر بەهێزترە. هەڵبەت سەلماندنی فەرمی ڕەسەنی تۆ لە لایەن ئەم کابرایەوە کە حوکمی شاری بزانسۆن ئەکات، مەرجی نەنووسراوی ڕێکەوتننامەکە ئەبێ.

ژوولیەن ئیتر دەسەڵاتی بەسەر شادی و هەژانی خۆیدا نەمابوو. قەشەی گرتە باوەش و تێر ماچی کرد. ئەیدی کە بن و بنەچەیان بۆ ساخکردۆتەوە!

ڕەبەن پیرار لە خۆی دووری کردەوە و وتی:

ـدارد[١٧٢] و زەهری مار! ئەم خۆهەڵکێشانە بێهوودە دنیاییە

---

١٧٢ـ دارد: Fie بۆ نارەزایی دەربڕین ئەوترێ، بە واتای درد و ژان، بەڵام بە کەسێک ئەوترێ کە مرۆڤ خۆشی ئەوێ و لەگەڵ ئەوەی لێی تووڕەیە، نایەوێ زیانی پێبگات [ع] لعنها الله [N] fifann [د] لعنتی [E] God damn it.

چ سوودێکی هەیە؟

پاشان دەربارەی سۆرێل و کوڕەکانی وتی:

ـمن بە ناوی خۆمەوە هەموو ساڵێک پێنجسەد فرانکیان پێئەدەم و تا ئەو ڕۆژەی لێیان ڕازی بم ئەم پارەیان پێ ئەدرێ.

ژوولیەن ئاوا زوو خۆپەسەند و لەخۆدەرچووی لێهاتبوو. سپاسی کرد، بەڵام شتی وای وت کە زۆر ئاڵۆز و پێوار بوو و هیچ بەڵێنێکی تیا بەدی نەئەکرا. بە خۆی ئەوت: «مەگەر ئەبێ من کوڕی سروشتی خانەدانێکی مەزن بووبێتم کە ناپۆلیۆنی سامناک، تەرەی کردووە بۆ کوێستانەکانی ئێمە؟» سات بە سات زیاتر بڕوای بەوە ئەهێنا کە ئەم گریمانەیە ڕاست بێ. «ئەو ڕقەی کە من لە باوکم هەمە، بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە. من ئیتر بە دەعبا ناژمێردرێم!»

سێ چوار ڕۆژ پاش ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ خۆی، تیپی پانزەی سوارە، یەکێک لە پرشنگدارترین تیپەکانی سپا، لە مەیدانی مەشقی ستراسبۆرگ ڕیزیان بەستبوو. مسیۆ لۆ شۆڤالیە دو لاڤێرنی بە سواری جوانترین ئەسپی ئاڵزاسی، کە بە شەش هەزار فرانک دەستی کەوتبوو، بە بێ ئەوەی لە هەموو تەمەنی خۆیدا، جگە لە پەڕاوی ناونووسینی ئەو تیپەدا، کە هەرگیز ناویشی نەبیستبوو، جێداری دووەم[١٧٣] بووبێت، وەکو جێداری یەکەم وەرگیرا.

دارەتی خوێن سارد و نیگای مۆن و کەم تازۆر شەڕاژۆ و ڕەنگی پەڕیو و گرژی سارد و نەگۆڕی، لە هەمان ڕۆژی یەکەمەوە بووە هۆی ناوبانگ دەرکردنی. هەر زوو سەلاری و هەڵسوکەوتی نەرمونیانی هاوڕێ لەگەڵ شارەزایی خۆنەگرانە لە نیشانە پێکان و شمشێربازیدا، گاڵتەپێکردنی ئەو بە دەنگی بەرزی لە مێشکی

١٧٣ـ جێداری دووەم: Second lieutenant واتە جێداری دووەم، هەروەها First lieutenan واتە جێداری یەکەم.

هەمووان کردە دەرەوە. پاش پێنج شەش ڕۆژ دڕدۆنگی بیروڕای گشتی تیپ بوو بە لایەنگری ئەو. ئەفسەرانی بەتەمەن و قۆشمە ئەیانوت:

ــ لەم جەوانەدا هەموو شت هەیە، تەنها جەوانی نەبێت!

* * *

ژوولیەن لە ستراسبۆرگەوە نامەیەکی بۆ قەشە شەلانی پێشنوێژی پێشووی ڤێریر کە ئێستە لەوپەڕی پیریدا بوو، نووسی.

ئەزانم بە خۆشییەوە ئاگات لەو ڕووداوانە هەیە کە بنەماڵەکەم بوونە هۆی دەوڵەمەند بوونی من. جا داوات لێئەکەم بە بێ ناوهێنان و بە بێدەنگ ئەم پێنجسەد فرانکە بەو نەدارانە بدە کە ئەمڕۆ وەکو ئەو ڕۆژانەی من هیچم نەبوو، هیچیان نییە. بەو جۆرەی ئەو ڕۆژانە دەستی منت گرت، ئەمڕۆش دەستی ئەوان بگرە.

ژوولیەن لە تەشقی بەرزەفڕی سەرمەست ببوو، نەک لەخۆ بایی بووبێ. سەرەڕای ئەمەش زۆر بە ڕواڵەتی خۆیدا ڕائەگەیشت. ئەسپ و یونیفۆرم و جلوبەرگی سەربازی خۆی وەها بە جوانی و خاوێنی ئەپاراست، کە لە ڕوانگەی وردبینی و ڕەوشت جوانی، لە خانەدانێکی ئینگلیزی سەرتر بوو. هەرچەند لە سایەی پشتگیرییەوە پاش دوو ڕۆژ ببوو بە جێداری یەکەم، بەڵام ئەوەی لێک ئەدایەوە بۆ ئەوەی لە سی ساڵیدا ببێ بە پایەداری فەرماندەی گشتی[١٧٤]،

١٧٤ـ فەرماندەی گشتی: Lieutenant General، واتە سالار یان فَریق، هەروەها General واتە پایەدار یان فَریق أول.

ئەبێ وەکو هەموو ژنراڵەکانی تر لە بیست و سێ ساڵیدا، پلەی لە جێداری یەکەم بەرزتر بووبێت. ژوولیەن جگە لە ناوبانگی بەرز و کوڕەکەی، بیری لە هیچی تر نەئەکردەوە.

ژوولیەن لە جەنگەی هەڵچوونی بێ سنوورترین بەرزەفڕیدا بوو، لە بینینی خزمەتکارێکی گەنجی کۆشکی دولامۆل کە وەکو تەتەر هاتبوو، یەک بە خۆی داچڵەکی.

ماتیلد بۆی بووسیبوو:

هەموو شت فەوتا. بە زووترین کات بگەڕێوە. دەست لە هەموو شت داشۆرە. ئەگەر پێویست بوو لە سەربازخانە هەڵێ. ئەوەندەی گەیشتیت، لای دەرگا بچووکەکەی باخەکە، ژمارە... کۆڵانی... لە فایتوونێکدا چاوەڕێم بکە. خۆم دێم بۆ لات تا قسەت لەگەڵ بکەم. ڕەنگە بتوانم بتهێنمە ناو باخەکە. هەموو شت لە بەین چووە و ئەترسم بڵێم کە هیچ سەرچاوەی ئومێدێک بەدی ناکەم. لە لایەن منەوە دڵنیا بە. لە ڕۆژی بەدبەختیدا گیان لە مست و خۆڕاگرم. خۆشم ئەوێی!

ژوولیەن لە ماوەی چەند خولەکدا دەرفەتی لە سەرهەنگ وەرگرت و بە غار ستراسبۆرگی بەجێ هێشت. بەڵام ئەو پەرێشانییە ترسناکەی کە گیانی ئەخواردەوە، دەرفەتی نەدا بەو خێراییە لە شاری مێتس زیاتر بڕوا. خۆی هەڵدایە ناو فایتوونێکی پۆست و بە خێراییەکی بێوێنە خۆی گەیاندە شوێنی دیاریکراو، نزیک دەرگای بچکۆلەی باخی تەلاری دولامۆل. دەرگا کرایەوە و ماتیلد کە ترسی قسەی خەڵکی لەبیر کردبوو، خۆی هاویشتە باوەشی. خۆشبەختانە کاتژمێر پێنجی بەیانی بوو و هێشتا کەس لە کۆڵان نەبوو.

ــ هەموو شت فەوتا. باوکم لە ترسی فرمێسکەکانی من ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە لە پاریس ڕۆیشت! بۆ کوێ؟ کەس نازانێ. ئەمەش ئەو نامەیەی کە نووسیویێتی. بیخوێنەرەوە.

لەگەڵ ژوولیەن سواری فایتوونەکە بوو.

*من ئەمتوانی چاوپۆشی لە هەموو شت بکەم؛ بەڵام پیلانی لەخشتەبردنی تۆ بە تەماحی ئەو سامان و پلەی کە هەتە، شتێک نییە بتوانم چاوی لێ بنووقێنم. ئەی کچە کلۆڵەکەم، ئەمەیە ئەو ڕاستییە سامناکە! بە ویژدانم سوێندت بۆ ئەخۆم هەرگیز ڕێگە نادەم شوو بە پیاوێکی ئاوەها بکەی. ئەگەر بیەوێ لە شوێنێکی دوور و لە دەرەوەی سنوورەکانی فەڕانسە یان لەوەش باشتر لە ئەمریکا بژی، ئەوا دە هەزار فڕانک داهاتی بۆ دابین ئەکەم. ئەو نامەیەش کە لە وەڵامی پرسیارکانی من دەربارەی بنەچەی ئەم جەوانە بۆم هاتووە، بخوێنەرەوە. ئەو چوختیی خەومایە خۆی داوای لێکردبووم نامە بۆ خاتوو دورێنال بنووسم و لێی بپرسم. هەرگیز یەک دێڕیش لە نووسینەکانی تۆ دەربارەی ئەم کابرایە ناخوێنمەوە. من لە پاریس و لە تۆش ئەترسم. داوام ئەوەیە هەرچی ئەکرێ، بەتەواوەتی نهێنی بێ. دەستبەرداری پیاوێکی زۆر خراپ ببە تا باوکی خۆت دەست بکەوێتەوە!*

ژوولیەن بە ساردوسڕی وتی:

ــ کوا نامەکەی خاتوو دورێنال؟

ــ ئەوەتا... نەمویست بەر لەوەی خۆت لێرە بی پیشانت بدەم.

جەناب، بە گوێرەی ئەرکی سەرشانم لە ڕێگەی پیرۆزی دین و ڕەوشتدا ناچارم، ئەگەر ئێوە تووشی پەژارە ئەکەم. ڕێسایەکی مسۆگەر فەرمانم پێئەدا زمان لە هاوڕەگەزێکی خۆم بدەم و خراپەی بڵێم، بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئابڕووچوونێکی گەورەتر بگرم. هەستی ئەرک و ڕاسپاردە ئەبێ بەسەر دەرد و جەفاری مندا زاڵ ببێ. جەناب، ئەو قسەیە زۆر ڕاستە. شێوازی ئەو کەسەی کە ڕاستییەکەت لە من داواکردووە، ڕەنگە ئاڵۆز و تەنانەت شامێرانەش خۆیا بکات و ڕەنگە وابزانرێ کە شاردنەوەی بەشێک لەو ڕاستییە یان گۆڕینی بەشێکی، کارێکی شیاو بێ، وەک ئەو پارێز و وردبینییەی بۆ ئایین پێویستە. بەڵام ئەم کەسایەتییەی کە ئێوە ئەتانەوێ بیناسن، لە ڕاستیدا و زیاتر لەوی بتوانم بیڵێم، بێزراو و شیاوی تف و نەحلەتە. قارنان و چاوبرسی و تەماحکار بوو. بە یارمەتی زیرەکانەترین فێڵ و لە ڕێگەی هەڵەشەکردنی ژنێکی بێچارە و ڕۆژەڕەش، هەوڵی دا پلەیەک و جێگەیەک لە ناو کۆمەڵگەدا بۆ خۆی بەدی بهێنێ و لە کۆمەڵدا بە شتێکی دابنێن. دیسانەوەش بە پێی بەشێک ئەرک و ڕاسپاردەی دژوار و جەفاراویم، ئەبێ بڵێم من بەناچار هاتوومەتە سەر ئەو ڕایە کە مسیۆ ژ... بڕوای بە هیچ بنەمایەکی ئایین و ئایینزا نییە. لە ڕاستیدا ویژدانم ناچارم ئەکات ئەوە بڵێم یەکێک لە کەرەسەکانی ئەو بۆ مانەوە لە ماڵێکدا هەوڵدانە بۆ هەڵفریواندنی ژنێک کە زۆرترین دەسەڵات و ڕێزی لەو ماڵەدا هەیە. ئامانجی گرنگ و تاقانەی لە بن دەمامکی ڕازاوەیی و لە بەرگی ڕستە و دەستەواژەی ڕۆمانەکانەوە خۆیان دەرئەخەن، ئەوەیە کە دەست بەسەر خاوەن ماڵ و داراییەکەیدا بگرێت. ئەو لە

*پاش خۆی بەدبەختی و داخ و پەژارەی بێپایان بەجێ ئەهێڵێ و هتد...*

ئەم نامەیە کە زۆر دووړودرێژ بوو و فرمێسک نیوەی شۆردبوویەوە، بە خەتی خاتوو دورێنال بوو و تەنانەت وردبینییەکی لە ڕادەبەدەر لە نووسینەکەیدا بەکار برابوو.

ژوولیەن پاش خوێندنەوەی نامەکە وتی:

ـ ناتوانم هیچ گلەییەک لە جەنابی دولامۆل بکەم. پیاوێکی دادگەر و بەپارێزە. کامە باوک هەیە کچی خۆی بدات بە کەسێکی وەها! خوا حافیز!

ژوولیەن لە فایتوونەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە و بەرەو گالیسکەکەی خۆی لە جەمسەری کۆڵانەکادا چوو. ماتیلد وەک بڵێی لەبیری چووبێ، بە دوایدا ڕۆیشت. بەڵام لەبەر چاوی ئەو دوکاندارانەی ئەچوون بەرەو دوکانەکانیان و هەر هەمووشیان ئەیانناسی، ناچار بوو بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ ناو باخ.

ژوولیەن ڕووی لە ڤێریر کردبوو. لەم گەشتە پەلە و خێرایەدا نەیتوانی وەک ئەیەوێ، نامەیەک بۆ ماتیلد بنووسێ. دەستی جگە لە قلی بلی، چیتری بۆ نەئەنووسرا.

بەیانی ڕۆژێکی یەکشەممە گەیشتە ڤێریر. چوو بۆ دوکانی چەکفرۆشی ناوچەکە کە سەبارەت بە سامان و پلەی تازەی زۆر پیرۆزبایی لێکرد. ئەم هەواڵە لە هەموو مەڵبەندەکە بڵاو ببوویەوە.

ژوولیەن بە ئاستەم بۆی تێگەیەندرا کە پێویستی بە جووتێک دەمانچە هەیە. چەکفرۆش لە سەر داوای ئەو دەمانچەکانی داگرتەوە.

سێ زەنگ لێدرا. ئەم نیشانە لە گوندەکانی فەڕانسە بە گوێی هەمووان ئاشنایە و پاش زەنگە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژی یەکشەممە،

مژدەی دەسپێکردنی نوێژی گشتییە.

ژوولیەن پێی خستە ناو کلیسای تازەی ڤێریر. هەموو پەنجەرە بەرزەکانی هۆڵەکە لە بن پەردەی سووری شیلانی داپۆشرابوون. ژوولیەن بە چەند هەنگاو گەیشتە پشت قەنەفەکەی خاتوو دورێنال. وای هەست کرد کە بە گوڕ و تینەوە خەریکی نزاکردنە. دیداری ئەم ژنەی کە تا ئەو ڕادەیە ئەوی خۆش ویستبوو، وەها قۆڵی ژوولیەنی خستە لەرزین، کە سەرەتا نەیتوانی پلانەکەی خۆی ڕاپەڕێنێ... بە خۆی ئەوت: «ناتوانم، لە ڕوانگەی جەستەییەوە ناتوانم. توانای ئەم کارەم نییە.»

لەمکاتەدا، پێشنوێژێکی گەنج کە بۆنەکەی ئەبرد بەڕێوە، زەنگەکەی لێدا و، قاپی پیرۆز بۆ ستایشی نوێژخوێنان بەرز کرایەوە. خاتوو دورێنال نووشتایەوە و لە ئەنجامی ئەم کارەدا سەری بۆ ساتێک لە نێوان چینەکانی هەورییەکەیدا شارایەوە. ژوولیەن ئیتر ئەوی نەئەناسییەوە، گوللەیەکی پێوەنا و بەری نەکەوت، گوللەیەکی تر و خاتوو دورێنال تەختی عەرز بوو.

بەندی XXXVI

# گێڕانەوەی بەئازار

چاوەڕوانی لاوازیتان لە من نەبێ.
تۆڵەی خۆمە و هەروا ئەبێ.
شیاوی مەرگم؟ فەرموو ئامادەم!
نزام بۆ بکەن با گیانم شاد بێ!
(شیللەر)

ژوولیەن بە بێ جووڵە لە شوێنی خۆیدا مایەوە. ئیتر هیچی نەئەبینی. ئەوەندەی تۆزێک هاتەوە بە خۆیدا، بینی هەموو پەیڕەوانی دین لە کلیسا ڕائەکەن. قەشە، قوربانگەی بەجێ هێشتبوو. ژوولیەن، زۆر لەسەرخۆ بە دوای چەند ژندا کە بەدەم ڕێوە ئەیانقریشکاند، کەوتە ڕێ. ژنێک کە ئەیویست زووتر خۆی دەرباز بکات، پاڵی پێوەنا و درا بە عەرزا. قاچی لە کورسییەک گیرا کە وروژمی حەشاماتەکە وەریگێڕابوو. کاتێک ڕاست بوویەوە، هەستی کرد ملی ئەگوشرێ. جەندەرمەیەکی ئامادە و چەکدار گرتبووی. ژوولیەن ناخودئاگا هەوڵیدا دەست بداتە دەمانچەکانی گیرفانی. بەڵام جەندەرمەیەکی تر بازووەکانی گرتبوو.

بردیان بۆ زیندان. بردیان بۆ ژوورێک. دەستیان دەستبەند کرد و بە تەنها بەجێیان هێشت. دەرگایان لێداخست و کلیل دوو جار لە ناو قفڵەکە سووڕا. هەموو ئەمانە زۆر بە خێرایی ڕووی دا و ئەویش لە بەرامبەر ئەم شتانەدا مێشیش میوانی نەبوو.

کاتێک هاتەوە بە خۆیا، بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

ــبە خوا هەموو شت کۆتایی هات. بەڵێ، تا پانزە ڕۆژی تر یا سەرم بە گیوتین ئەپەڕێ، یانیش خۆم ئەکوژم!

بیری لەوە زیاتر بڕی نەئەکرد. سەری وەها ژانی ئەکرد ئەتوت بە توندی ئەیگووشن. ڕوانییە دەوروبەری خۆی تا بزانێ کەس نەیگرتووە؟ پاش چەند ساتێک خەوێکی قووڵ بردییەوە.

خاتوو دورێنال برینەکەی کاری نەبوو. گوللەی یەکەم کڵاوەکەی سمی بوو و ئەوەندەی سەری وەرگێڕابوو، گوللەی دووەم دەرچووبوو. سەیریش لەوەدا بوو پاش ئەوەی دابووی لە شانی و ئێسکەکەی شکاندبوو، سەرەڕای ئەوەش کەمانەی کردبوو و دابووی لە یەکێک لە کۆڵەکە گۆتیکەکان و پارچە بەردێکی زلی لێکردبوویەوە.

نەشتەرگەر کە پیاوێکی هێور و لەسەرخۆ بوو، پاش نەشتەرگەری و برین پێچییەکی درێژخایەن و جەخاراوی، بە خاتوو دورێنالی وت: «من وەک گیانی خۆم دەستەبەری گیانی تۆ ئەکەم.» خاتوو دورێنال خەمێکی قووڵ بردبوویەوە.

ڕۆژانێک بوو لە ناخی دڵەوە ئارەزووی مەرگی کردبوو، نامەیەک کە بە فەرمانی قەشەی ڕازداری ئێستەی، نوسیبووی و ناردبووی بۆ جەنابی دولامۆل، دوایین زەبری خۆی لەم مرۆڤە دابوو کە بە هۆی بەدبەختییەکی بێ ئەندازە بەردەوامەوە وردە وردە لاوازتر ئەبوو. ئەم بەدبەختییەش، دووری ژوولیەن بوو! بەڵام ئەو ئەم بەدبەختییەی ناو لێنابوو پەشیمانی. ڕازدارەکەی قەشەیەکی جەوان و پاکیزە و دیندار بوو و تازە لە دیژۆنەوە هاتبوو بۆ ئەم ناوچەیە؛ لە وێناکردنی سەرچاوەی بەدبەختییەکەی ئەودا هەڵەی نەئەکرد.

خاتوو دورێنال بە خۆی ئەوت: «مردن بەم جۆرە و نە بەدەستی خۆم، هیچ تاوان نییە. ڕەنگە خوا چێژی ئەو خۆشییەی

لە مردنی خۆم هەستی پێئەکەم، لەبەرچاو نەگرێ.» ئیتر نەی ئەوێرا لە پاش ئەم قسانە بڵێت: «ئینجا مردن بە دەستی ژوولیەن ئەوپەڕی بەختەوەرییە!»

ئەوەندەی نەشتەرگەر و دۆست و کەس و کار لە کۆڵی بوونەوە، ئیلیزای بانگ کرد.

لە کاتێکا زۆر سوورەوە ببوو، پێی وت:

ــوەردیان پیاوێکی دڵڕەقە و بۆ ئەوەی کارێک بۆ خۆشامایی من بکات، بێگومان ئازاری ئەدات. بیرکردنەوە لەم شتە دڵم ئەتۆقێنێ. ئەتوانی بە ڕواڵەت لە لایەن خۆتەوە بچی بۆ زیندان، ئەم بەستەیە کە چەند دراوی زێڕی تیایە بدەی بە وەردیان و پێی بڵێی کە ئاین ڕێگە نادات لەگەڵی دژوێن بی! لە هەمووش گرنگتر باسی ئەم پارەیە لە هیچ شوێنێک نەکات.

ژوولیەن، لە هەستی مرۆڤدۆستانەی وەردیان بەشدار بوو، لە سایەی ئەو دوو دێڕەی لە سەرەوە باسمان کرد. ئەگینا هێشتاش هەمان مسیۆ نوارۆ بوو کە لایەنگری توندوتیژی حکومەت بوو و وەک ئاگاتان لێیە لە هاتنی مسیۆ ئەپێر زۆر تۆقابوو.

دادیارێک لە زیندان پەیدا بوو.

ژوولیەن پێیوت:

ــمن ڕاستەوخۆ و بە مەبەست ئەو ژنەم کوشتووە. بەندی ١٣٤٢ی قانوونی تاوان ڕوونە و لەم ڕووەوە بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە. من شیاوی مەرگم و چاوەڕێی مردن ئەکەم.

دادیار کە لەو وەڵامە سەری سووڕ مابوو، ویستی ژمارەی پرسیارەکان زیاتر بکات، بۆ ئەوەی تاوانبار کاتی وەڵامدانەوە تووشی وتنی ناکۆک بێ.

ژوولیەن بە پێکەنینەوە پێیوت:

ــمەگەر ئاگاتان لێ نییە کە تا حەز بکەی خۆم بە تاوانکار بە



تۆ ئەناسێنم؟ فەرموو، جەناب... ئەو نێچیرەی دوای کەوتوون لە دەستتان ڕاناکات، لە چێژی بڕیاری مەرگی من بێبەش نابی. چاوپۆشی لە دیمانەی من بفەرموون.

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «هێشتا ئەرکێکی بێزارکەری تریشم ماوە. ئەبێ نامەیەکیش بۆ مادمازێل دولامۆل بنووسم.»

ئینجا بەم جۆرە بۆی نووسی:

تۆڵەی خۆم کردەوە. بەدبەختانە ناوم لە ڕۆژنامەکاندا ئەنووسرێ و ناتوانم نەناس لەم دنیا بڕۆم. دوو مانگی تر ئەکوژرێم. تۆڵە، وەک دەردی دووری تۆ زۆر گیانکێش بوو. لەم ساتەوە نووسین و وتنی ناوی تۆ بە بەرگیراو ئەزانم. هەرگیز لەگەڵ کەس تەنانەت کوڕەکەشم باسی من مەکە. بێدەنگی تەنها ڕێگەی ڕێزگرتن لە منە! لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە بە بکوژێکی ئاسایی دائەنرێم. ڕێگەم بدە کە لەم دوایین دەمەی ژیانمدا، ڕاستیت بۆ بڵێم. تۆ فەرامۆشم ئەکەی. سەبارەت بەم کارەساتە مەزنەی ئێستە بۆت باس ئەکەم لە لای تاقە یەک کەسیش قسە مەکە. هەموو ئەو وێناگەری و گەوهەرە سەرکەشانەی لە کەسایەتی تۆدا ئەمبینی، لە ماوەی چەند ساڵێکدا کەفوکوڵی ئەنیشێتەوە. تۆ بۆ ئەوە ئەبووی کە لەگەڵ قارەمانانی سەدەی ناونجی بژی. وەرە لێهاتوویی و ئەڤانی پایەداری ئەم پاڵەوانانە پیشان بدە. ئەوەی ئەیکەی با بە نهێنی بێ و نەبێتە هۆی بەدناوی و ڕیسواییتان! ناوێکی خوازراو بنێرە سەر خۆت و کەس مەکە بە ڕازداری خۆت. ئەگەر هەر زۆر پێویستت بە

یارمەتی دۆستێک هەبوو، ڕەبەن پیرارت پێ ڕائەسپێرم.
لەگەڵ هیچکەسی تر و لە هەمووان زیاتر لەگەڵ خەڵکانی چینی خۆتان لە بابەتی دولۆزەکان و کەیلۆسەکان قسە مەکە.
تکات لێئەکەم و وەکو میردت فەرمانت پێئەدەم کە یەکساڵ پاش مەرگی من، شوو بە مارکیز دو کرۆزنۆوا بکە. نامەم بۆ مەنووسە. وەڵامت نادەمەوە. هەرچەند بە ئەندازەی یاگۆ[١٧٥] خۆم بە بەدکار نازانم، بەڵام ئەمەوێ وەکو ئەو بڵێم:
لەمە بەدوا هەرگیز وشەیەک بەسەر زمانمدا نایەت!
هەرگیز نابینرێ وشەیەک بڵێم یا خود بنووسم. تۆ
دواین وشەکانی منت هەیە لەگەڵ دوایین پەرستن!
ژ . س

پاش ناردنی ئەم نامەیە، ژوولیەن کە تۆزێک هاتبوویەوە بە خۆیدا، یەکەم جار بە توندی خەمگین بوو. لە هەموو ئەو هیوا بەرزەفڕانەی کە هەیبوو، یەک لە دوای یەک بە هۆی ئەم ڕستە شکۆدارەی «من ئەمرم!» دەستی داشۆرد. مەرگ لە خودی خۆیدا، بە بۆچوونی ئەو ترسناک نەبوو. هەموو ژیانی جگە لە خۆئامادەکردنی درێژخایەن بۆ بەدبەختی هیچی تر نەبوو. هەرگیزیش ئەو بەدبەختییەی کە لە سەروو هەموو بەدبەختییەکانی ترەوە بوو فەرامۆش نەکردبوو.
بە خۆی ئەوت: «ئەمە چ قسەیەکە! ئەگەر بڕیار بێ کە شەست ڕۆژی تر بچم بۆ جەنگی شمشێربازێکی لێوەشاوە، مەگەر ئاوا

١٧٥ـ یاگۆ: Iago لە کەسانی شانۆگەری ئوتێللۆی شکسپیر کە ئاگری ئێرەیی لە دڵی ئوتێللودا هەڵئەگیرسێنێ و ئەبێتە هۆی کوشتنی دێزدێمۆنا. یاگۆ وەکو بەکرە شۆفاری خەج و سیامەند نموونەی زمانگێڕییە.

لاوازی دایئەگرتم کە بە بێ پسانەوە بیری لێبکەمەوە و ترس و تۆقان گیانم دابگرێ؟»

زیاتر لە کاتژمێرێک بەم ڕێگەیەدا ڕۆیشت تا لەم ڕوانگەیەوە ناخی خوی بناسێ.

کاتێک کە گیانی خۆی باش ناسی و ڕوخساری ڕاستەقینە ڕوون و ئاشکرا بوو، وەکو یەکێک لە کۆڵەکەکانی زیندانەکەی لە بەرامبەر چاوەکانیدا خۆی پیشان دا، بیری پەشیمانی کەوتەوە.

بۆ ئەبێ پەشیمان ببمەوە؟ بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین سووکایەتیم پێکراوە. کوشتم و شایستەی مەرگم. هەر ئەوەندە. ئێستەش پاش ئەوەی قەرزی خۆم بە مرۆڤایەتی دایەوە، ئەمرم. هیچ ڕاسپاردەیەک نییە جێبەجێم نەکردبێ. دەینی کەسم لە ئەستۆ نییە. لە مەرگی مندا جگە لەو ئامێرەی بەکار ئەبرێ، هیچ نەنگێکی تیا نییە. لە ڕاستیدا، هەر ئەم ئامێری کوشتنە بە تەنهایی لە چاوی دەوڵەمەندانی ڤێریر ئەبێتە مایەی نەنگی من. بەڵام لە ڕوانگەی چینی ڕووناکبیرەوە چ شتێک لەمە زیاتر مایەی سووکایەتیکردنە؟ بۆ ئەوەی لە چاوی ئەم کەسانەدا بەڕێز ببم، ڕێگەیەکم بۆ ماوەتەوە؛ ئەویش ئەوەی کە کاتی ڕۆیشتن بەرەو مەرگ، دراوی زێڕ هەڵدەم بەسەر خەڵکا. بیرەوەری من، لە ئەنجامی پەیوەند لەگەڵ زێڕ، لە لای ئەوان ئەبێ بە ڕووداوێکی درەوشاوە.

پاش ئەم سەلماندنە کە لە ماوەی یەک خولەکدا بە ڕاست و مسۆگەری دانا، بە خۆی وت: «ئیتر هیچ کارێکم لە سەر ڕووی زەمین نەماوە» و خەوێکی قووڵ بردییەوە.

کاتژمێر نزیکەی نۆی شەو، وەردیان کە شێوی بۆ هێنابوو، لە خەو هەڵیساند.

ــخەڵکی ڤێریر چی ئەڵێن؟

ــمسیۆ ژوولیەن، بە گوێرەی ئەو سوێندەی ڕۆژی دانانم لەم

پلەیەدا لە بەرامبەر وێنەی عیسا بەسەر خاچەوە، لە دەرباری شاهانە خواردوومە، لەسەرمە بێدەنگ بم.

بێدەنگ بوو، بەڵام نەئەڕۆیشت. بینینی ئەم درۆ نزمە بووە مایەی سەرگەرمی ژوولیەن. لای خۆی وتی: «ئەبێ لێیگەڕێم ماوەیەک چاوەڕێی ئەو پێنج فرانکیە بکات کە بۆ فرۆشتنی ویژدانی، ئەیەوێ لێم بسێنێ.»

وەردیان، کاتێک کە بینی شێو خورا و هەوڵێک بۆ کڕین و بەرتیل نەدرا، بە شێوازێکی فێڵاوی و بە نەرمی وتی:

ـ مسیۆ ژوولیەن، بە گوێرەی ئەو ڕێزەی بۆ جەنابتانم هەیە، ناچارم قسە بکەم. هەرچەند ڕەنگە ئەم کارە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی دامودەزگای داد بێ. چونکە ڕەنگە ئەم قسانە لە ڕوانگەی ڕێکخستنی ئەو بابەتانەی بۆ داکۆکی کردن لە خۆتان هەتانە، سوودی لێوربگرن. ئەگەر پێتان بڵێم کە خاتوو دورێنال باشتر بووە، مسیۆ ژوولیەن کە کوڕێکی چاکە لە بیستنی ئەو هەواڵە، زۆر شادمان ئەبێ؟

ژوولیەن کە لە ئاستی خۆیەوە سەرسام ببوو، نەڕاندی:

ـ چی؟ نەمردووە؟

بەندەوان بە دارەتێکی گەمژانە کە هەر زوو بوو بە چاوچنۆکی پڕ لە شادی، وتی:

ـ سەیرە! مەگەر نەتان ئەزانی؟ زۆر بەجێ ئەبێ کە مسیۆ ژوولیەن شتێک بدات بە نەشتەرگەرەکە کە بە پێی قانوون و داد، نابێ هیچ بڵێت، بەڵام من لەبەر جەنابت چووم بۆ لای و ئەو هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە.

ژوولیەن کە ئارام و ئوقرەی نەمابوو، چوو بۆ لای و وتی:

ـ پێم بڵێ، برینەکەی کاری نییە؟ بە گیانی خۆت سوێند ئەخۆیت؟

وەردیان کە زەبەلاحێکی شەش پێ بالا بوو، ترسا و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. ژوولیەن زانی بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی ڕێگەیەکی چەوتی هەڵبژاردووە. دووبارە لە شوێنی خۆی دانیشتەوە و دراوێکی زێڕی بۆ هەڵدا.

وردە وردە کە گێڕانەوەی کابرا بۆ ژوولیەنی ڕوون ئەکردەوە برینەکەی خاتوو دورێنال کاری نەبوو، فرمێسک لە چاوەکانیا ئاڵقەی ئەبەست.

بە توندی وتی:

ــبڕۆ دەرەوە!

وەردیان بە قسەی کرد. هێشتا دەرگای زیندان بە تەواوەتی دانەخرا بوو کە ژوولیەن هاواری کرد: «خوایە! نەمردووە!» پاشان چۆکی دادا و فرمێسک بە چاویا هاتە خوارەوە.

لەم دواین ساتەدا، ببوو بە خواناس. «فێڵ و درۆی قەشە بە من چی! مەگەر درۆ و فێڵ ئەتوانێ تۆزقاڵێک لە ڕاستی و مەزنی وێنای خوا لەناو ببات؟»

تەنها لەمکاتەش‌دا بوو کە ژوولیەن وردە وردە لە تاوانەکەی پەشیمان بوویەوە و، تەنها لەو ساتەدا، بە پێی ئەو ڕێکەوتەی کە ئەوی لە چنگی ئازار و نائومێدی ڕزگار کرد، ئەو دارەتی هەڵچوون و نیوە دین بوونەی لە ڕۆژی وەڕێکەوتنی لە پاریسەوە بەرەو ڤێریر تێیدا مەلەی ئەکرد، ڕەوایەوە و نەما.

ئەسرینی لە جوامێرییەوە سەرچاوەی هەڵبەستبوو و سەبارەت بەو بڕیاری مەرگەی خۆی لە بۆسە نابوو، هیچ گومانی نەبوو.

بە خۆی ئەوت: «بەم جۆرە ئەو زیندوو ئەمێنێ. بۆ بەخشین و خۆشویستنی من ئەمێنێ.»

بەیانی ئەو ڕۆژە وەردیان درەنگ لە خەوی هەڵساند و وتی:

ــمسیۆ ژوولیەن تۆ وا دیارە دڵێکی تایبەتت هەیە. من دوو

جار هاتم و نەمویست هەڵتسێنم. ئەم دوو شووشە شەرابە زۆر باشە، قەشە مالۆنی پێشنوێژ بۆی ناردویت.

ژوولیەن وتی:

ــ چی؟ ئەو چەپەڵە هێشتاش لێرەیە؟

وەردیان دەنگی خۆی دابەزاند و وتی:

ــ بەڵێ، مسیۆ. بەڵام ئەوەندە بە دەنگی بەرز قسە مەکە. ڕەنگە بە زیانت تەواو ببێ.

ژوولیەن لە ناخی دڵەوە پێکەنی:

ــ دۆستی بەڕێز، لەم قۆناغەی منی تێدام، تەنها تۆی کە ئەگەر دەست لە میهرەبانی و مرۆڤدۆستی هەڵبگری، ئەتوانی زیانێک بە من بگەیەنی.

ژوولیەن قسەکەی خۆی بڕی و دارەتێکی فەرماندانی بە خۆوە گرت:

ــ هەقدەستی باشیشت ئەبێ!

بە دوای ئەم دارەتەی دووەمیشدا دەسبەجێ بە پێدانی دراوێک، قسەکەی بردە سەر.

مسیۆ نوارۆ دووبارە، چی لە خاتوو دورێنال ئەزانی بە دوورودرێژی گێڕایەوە، بەڵام سەبارەت بە هاتنی مادمازێل ئیلیزا هیچی نەوت.

ئەم کابرایە، تا ئەوپەڕی سووک و گوێ لەمست بوو. بیرێک بە مێشکی ژوولیەندا هات: «ئەم زەبەلاحە نەگبەتە ڕەنگە سێسەد چواسەد فڕانک داهاتی بێ، چونکە زیندانەکەی ئەوەندە قەرەباڵخی لە سەر نییە. بەڵام ئەگەر لەگەڵ من هەڵێ بۆ سوویس ئەتوانم دە هەزار فڕانکی پێبدەم. کێشەکە بەس ئەوەندەیە کە متمانە بە قسە و بڵێنم بکات.» وێنای وتووێژ کردنێکی دوورودرێژ لەگەڵ نەگبەتێکی وەها دڵی ژوولیەنی خێوراندەوە. خۆی بە شتێکی ترەوە

خەریک کرد.

ئەو شەوە کات نەبوو. نیوەشەو فایتوونێک هات و بردی. لەوانەی لەگەڵی بوون واتە لە جەندەرمەکان زۆر ڕازی بوو. بەیانی کاتێک کە گەیشتە زیندانی بزانسۆن، ڕێزیان لێنا و لە قاتی سەرەوەی بورجێکی گوتیک شوێنیان پێدا. هەستی کرد ئارکیتەکچەری سازەکە یادگاری سەرەتای سەدەی چواردەیە و جوانی و هەواخۆشی شوێنەکەی پەسن دا. لە نێوان درزی تەنگی نێوان دوو دیوار، لەوبەری حەوشەی زیندان، دیمەنێکی یەکجار دڵڕفێنی بەرچاو کەوت.

بەیانی ئەو ڕۆژە هەواخۆری هەبوو و پاش ئەوە، بۆ چەندین ڕۆژ کەس کاری پێی نەبوو. ڕۆحی ئارام بوو. لە کاری خۆیدا هەموو شتێکی بە سادە گرتبوو. «من ویستوومە یەکێک بکوژم و ئەبێ بکوژرێم.»

ئەندێشەی لەوە زیاتر بەلای سەلماندندا نەچوو. دادگای بە بوونی بێزارکەر لە ناو خەڵک و داکۆکی کردنی بە کێشەی بچووک و شانۆگەرییەکی وەڕەزکەر ئەزانی، کە ئەیتوانی هەمان ڕۆژی دادگایی کردن بیری لێبکاتەوە. وێناکردنی ساتی مەرگ ئیتر ئەوەندە بە خۆیەوە خەریکی نەئەکرد. «پاش دادگا بیر لەم لایەنە ئەکەمەوە.» تۆزقاڵێکیش ژیانی بە ماندووکەر و یەک هەوا نەئەزانی. هەموو شتی بە چاوی تازە سەیر ئەکرد. ئیتر ئارەزووی پلەوپایەی نەبوو. زۆر بە دەگمەن مادمازێل دولامۆلی بیر ئەکەوتەوە. پەشیمانییەکانی بەشێکی زۆری بیری بە خۆیەوە خەریک کردبوو و لە هەموو زیاتر، لە بێدەنگی ئەو شەوانەدا کە بە بەر ئەو کەلوە بەرزەدا تێئەپەڕی و جگە لە دەنگی «داڵەسیسارک»[١٧٦] هیچ

١٧٦ـ داڵەسیسارک: Osprey وشەکە بە واتای ئێسکخۆرە، بەڵام مەبەست سیسارک و هەڵۆی ماسیگرە.



شتێک بێدەنگییەکەی تێک نەئەدا، وێنەی خاتوو دورێنالی ئەهێنایە بەرچاوی خۆی.

شوکری خوای ئەکرد کە برینی کاری لێنەداوە. بە خۆی ئەوت: «سەیرە! پێم وا بوو کە بەو نامەی خۆی بۆ جەنابی دولامۆل بناغەی بەختەوەری داهاتووی خۆی تاهەتایە هەڵتەکاندووە. هێشتا پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئەو نامەیە تێناپەڕێ، ئەوەتا ئیتر بیر لە هیچکام لەو خولیایانەی ئەوسا لە سەرمدا بوو، ناکامەوە. ئەوەتا ئەبینم داهاتێکی دوو سێ هەزاری بۆ ژیانی ئاسوودە لە ناوچەیەکی کوێستانی وەکو ڤێرژی، سەروزیادمان بوو. ئەوپەڕی بەختەوەریش ئەبووین. بەڵام ڕێگەی خۆشبەختیم نەئەناسی!

جاری تر وەک فیشەکە شێتە لە سەر کورسییەکەی قنجەپا هەڵئەسا. «ئەگەر برینێکی سەختم لە خاتوو دورێنال بدایە، خۆم ئەکوشت. پێویستم بەوەیە کە لەم ڕووەوە دڵنیا ببم بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێی لەخۆم ڕادەم.»

بە خۆی ئەوت: «خۆکوشتن! خۆیەتی. لە بەرامبەر ئەم دادوەرانەی ئەوەندە گرنگی بە ڕواڵەت ئەدەن و تینووی خوێنی تاوانباری ڕەبەنن و بۆ ئەوەی مەدالیایەک بدرێ لە سینەیان، باشترین ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە هەڵئەواسن، هیچ چارەیەکی تر جگە لەمە نییە. بە خۆکوشتن ئەتوانم خۆم لە چنگی دەسەڵات ڕزگار بکەم و لە جنێوەکانیان کە بە فەڕانسەیەکی ناخۆش ئەیدەن و

ڕۆژنامەکان بە دەمپاراوی ناوی ئەبەن، خۆم بپارێزم.»

«هێشتاش ئەتوانم پێنج شەش حەفتەیەک بۆ خۆم زیندوو بم... پاش چەند ڕۆژ بە خۆی ئەوت: نا! نابێ خۆم بکوژم! ناپۆلیۆن زیندوو ما...»

«جگە لەمەش ژیان بۆ من شیرینە. ئەم خانووەی کە هەمە شوێنێکی ئارام و ئاسوودەیە.» ئینجا پێئەکەنی و درێژەی ئەدا:

ــلێرە هیچی وای لێ نییە زویرم کات!

ئەوسا دەستی کرد بە نووسینی لیستەی ئەو پەرتووکانەی ئەیویست لە پاریسەوە بۆی بنێرن.

بەندی XXXVII

## کەلووی زیندان

ئارامگای هاوڕێیەک!
(ستەرن)[177]

هۆسەیەکی دووررودرێژ لە ناو دالانەوە هات. کاتی چاوپێکەوتنی بەندەکەی ئەو نەبوو. سیسارکە کەچەڵ بە قیڕەقیڕ دای لە شەقەی باڵ. دەرگا کرایەوە و قەشە شەلان، لەرزۆک و گۆچان بەدەست، خۆی هاویشتە باوەشی.

ـئای خوایە گیان!... چ قوڕێکم بە سەردا کرا، کوڕی شیرینم!... یان وا باشە بڵێم ئەی دەعبای خەنزیر!

پیرەمێردی پاکنیاز لەوە زیاتری بۆ نەوترا. ژوولیەن ترسا بەربێتەوە. بە ناچار بەرەو یەکێک لە کورسییەکان بردی. دەستی ڕۆژگار ئەم پیاوە چالاک و بزۆزەی سالانی زووی تێکشکاندبوو. بە ڕای ژوولیەن تاپۆیەک بوو و بەس.

کاتێک کە هەناسەی هاتەوەبەر وتی:

ـئەو نامەیەی لەگەڵ پێنجسەد فرانک لە ستراسبۆرگەوە بۆ هەژارانی ڤێریرت ناردبوو، پێریێ بە دەستم گەیشت. لە کوێستانی لیڤێرۆ، لە ماڵی برازاکەم کە ژوورێکم لەوێ گرتووە، بۆیان هێنام. دوێنێش هەواڵی ئەم کارەساتەم زانی... ئەی خوایە گیان، چ قوڕێک چوو بە سەرما!

---

١٧٧ـ لاورنس ستەرن: Laurence Sterne (١٧١٣ـ١٧٦٨) ڕۆماننووسی ئیرلەندی ـ ئینگلیزی، نووسەری تریستیەن شاندی و گەشتی هەستیار.

ئینجا لەپڕ وتی:

ــپێویستت بە پێنجسەد فرانکەکەی خۆت ئەبێ، بۆم هێناوی!

ژوولیەن بە سۆز و پەرۆشەوە هاواری کرد:

ــباوکە گیان، من پێویستم بە بینینی تۆیە. کۆڵێک پارەم هەیە!

بەڵام ئیتر نەیتوانی وەڵامێکی شیاو و بەجێ ببیسێ. قەشە شەلان، جارجارە چەند دڵۆپێک فرمێسک لە چاوی دائەکەوت و بە ئارامی بە گۆنایدا ئەخزایە خوارەوە. پاشان سەیری ژوولیەنی ئەکرد و لە بینینی ژوولیەن کە دەستەکانی ئەوی ئەبرد بۆ لێوی خۆی، حەپەسابوو. ئەم ڕوخسارەی کە لە ڕابوردوودا تا ئەو ڕادەیە پڕ بوو لە گیان و گەرموگوڕی و توانای دەربڕینی بەڕێزترین سۆزی ئینسانی هەبوو، ئیتر لەو دارەتی سستی و مات بوونەی نەئەهاتە دەرەوە. پاش تۆزێک پیاوێکی جوتیارئاسا هات و بە ژوولیەنی وت، نابێ زۆر ماندووی بکەین. ژوولیەن زانی ئەمە برازای قەشە شەلانە. ئەم دیدارە ژوولیەنی بردە ناو خەمێکی خەمناکەوە کە تەنانەت فرمێسکیشی پێ وشک کردبوو. هەموو شتێکی بە خەمهێنەر و بە دەردی بێ دەرمان ئەزانی. ئەیبینی کە دڵ لە سینەیدا ڕچاوە.

ئەم ساتە دڵتەزێنترین سات بوو لە پاش ڕۆژی تاوانەکەوە بە سەری هاتبوو. ڕوخساری مەرگی ڕووبەوو دیبوو و، بە هەموو دزێوییەکەیەوە بینیبووی. تراوکەی مەزنی گیان و شامێری وەکو هەوری بەردەم گژەبا تەفروتوونا ببوون.

ئەم دارەتە سامناکە چەندین کاتژمێر بەردەوام بوو. پاش ژەهری گیان، ئەبێ دەرمانی جەستە و شەرابی شامپانیا بخواتەوە. ژوولیەن ئەگەر پەنای ببردایەتە بەر ئەم جۆرە دەرمانە، خۆی بە پیاوێکی بێڕەگ و ترسنۆک ئەزانی. لە دواین ساتەکانی ئەو ڕۆژە بەدکردارە کە هەر هەمووی لەو بورجە تەنگەبەرەدا بە پیاسە

تێپەڕیبوو، هاواری کرد: «چەندە شێتم!... دیداری ئەم پیرەمێردە بێچارەیە کاتێک ئەبوا منی لە ئامێزی خەم بهاویشتایە کە بڕیار بوایە لەناو جێگە بمرم. بەڵام مەرگێکی خێرا لە بەهاری جەوانی‌دا، بێگومان لەم پیرییە و لەو داماوییە خەمگینە ئەمپارێزێ.»

ژوولیەن سەرەڕای ئەم سەلماندنە وەکو کەسێکی لاواز داگیرا و لە ئەنجامی ئەو دیدارە سەختەدا خەم دایگرت.

ئیتر هیچ هێزێکی دژ و گەورە لەودا نەبوو. ئیتر شوێنەواری زانایی شێرەپیاوانی ڕۆما لەودا نەئەبینرا. مەرگی لە پلەیەکی بەرزتر و شتێکی دژوارتردا دائەنا.

بە خۆی وت: «ئەمە وەکو تێرمۆمێتری من وایە. ئەمشەو جەربەزەی من دە پلە لەو ڕێژەیەی کە بتوانم ڕاستەوخۆ بچم بەرەو گیوتین کەمترە. ئەمڕۆ سەرلەبەیانی ئەو جەربەزەییەم هەبوو. جگە لە هەموو ئەمانەش بە مەرجی ئەوەی لە کاتی پێویست بوێر بم، چی ئەبێ ئەگەر ئێستە نەمبێ؟!» ئەم بیری تێرمۆمیترە بۆ ماوەیەک بە خۆیەوە خەریکی کرد و سەرەنجام بەرەو فەرامۆشی بردی.

بەیانی ئەو ڕۆژە، کاتێک لە خەو هەڵسا، لەوەی ڕۆژی پێشوو ڕووی دابوو شەرمەندە بوو. «شادمانی و ئاسایشی من وا لە مەترسی‌دا.» تا ڕادەیەک هاتە سەر ئەوەی نامەیەک بۆ دادیار بنووسێ و داوای ئەوە بکات کە ڕێگە نەدرێت هیچکەس بێ بۆ چاوپێکەوتنی لە زیندان. بیری کردەوە: «ئەی فۆکە چی لێبکەم؟ ئەگەر ویستبێتی بێ بۆ بزانسۆن چ پەژارەیەکی تووش ئەبێ!»

ڕەنگە دوو مانگ ئەبوو بیری فۆکە نەکەوتبوویەوە. «لە ستراسبۆرگ گەوج بووم. کەوشەنی بیرکردنەوەم ئەوەندە بەرتەسک بوو کە ئاگام لە هیچ نەبوو.» بیری فۆکە زۆر بە خۆیەوە خەریکی کرد و زیاتر تووشی کەسەری کرد. بە گرژی و شڵەژاوی لە

بورجەکە پیاسەی ئەکرد. «وا دیارە پلەی گەرمام بیست پلە لە بن ئەو ڕێژەیە کە مەرگ پێویستی پێیەتی. ئەگەر ئەم لاوازییە زۆرتر ببێ، باشتر ئەوەیە کە خۆم بکوژم. ئەگەر وەکو مشکێک بمرم، قەشە مالۆن و ڤالێنۆکان چەندە شادمان ئەبن!»

فۆکە هات. ئەم پیاوە سادە و میهرەبانە لە زۆری دەرد و خەم دێوانە ببوو. تەنها ئەندێشەی، ئەگەر هەیبوو، ئەوە بوو کە هەموو دارایی خۆی بدا بۆ کڕینی وەردیان و کەرەسەی دەربازکردنی ژوولیەن لە زیندان. ماوەیەک دەربارەی هەڵاتنی مسیۆ لاڤالێت(١٧٨) لە زیندان لەگەڵ ژوولیەن دوا.

ژوولیەن وتی:

ـئەمە ئازارم ئەدا. مسیۆ دو لاڤالێت بێتاوان بوو و من تاوانکارم. بە بێ ئەوەی ویستبێتت، جیاوازی بابەتەکەم پیشان ئەدەی.

ژوولیەن کە لەپڕ دیسانەوەش ببوو بە پسپۆڕ و بەدبین، وتی:

ـبەڵام بڵێ بزانم ڕاست ئەکەی یان نا؟ وایە؟ ئەتەوێ دارونەدارت بۆ من بفرۆشی؟

فۆکە لەوەی کە هاوڕێکەی سەرەنجام وەڵامی گەورەترین ئەندێشەی ئەوی دابوویەوە، زۆر شادمان بوو و ئەو پارەیەی کە ڕەنگ بوو لە فرۆشی هەرکام لە مڵکەکانی دەستی بکەوێ، بە سەد فرانک کەم یان زۆر قرساندی و بە وردی باسی کرد.

ژوولیەن بە خۆی وت: «چ تێکۆشەرێکی پایەبەرز لە ناوچەی گوندنشیندا هەیە! بەرەنجامی ئەو هەموو قەناعەت و دەسقونجانەی کە ئەمبینی، سوور هەڵئەگەڕام، ئەوەتا بە جارێ هەڵئەڕژێنێتە بەر پای من! هیچکام لەو گەنجە قۆزانەی لە کۆشکی دولامۆل ئەمبینین

١٧٨ـ ئانتوان دو لاڤالێت: Antoine de Lavalette (١٧٦٩ـ١٨٣٠) ڕامیار و ژنراڵی فەڕانسەیی بە تاوانی پشتگیری لە ناپۆلیۆن لە دورگەی ئێلپ زیندانی کرا و بڕیاری مەرگی درا. ژنەکەی چوو بۆ لای و ژنراڵ جلەکانی ژنەکەی لەبەر کرد و لە زیندان هەڵات.

و کاریان خوێندنەوەی ڕۆمانی «ڕێنێ» بوو، کاری گاڵتەئامێزی وا ناکەن. بەڵام جگە لەوانەی کە زۆر جەوانن و سامان و دارابییەکیان بە میرات پێگەیشتووە و نرخی پارە بە باشی نازانن، کامە لاوی پاریسی هەیە کە ئامادەی ئەو بەخشینە مەزنە بێ؟»

هەموو هەڵەکانی زمان و هەموو هەڵسوکەوتە ساکارەکەی کاڵەوە بوو و خۆی هاویشتە ئامێزی هاوڕێکەی. هەرگیز شارستان لە پلەی بەراوردکردن لەگەڵ پاریس ڕێزێکی لەمە زیاتری نەبینیوە. فۆکە کە لە بینینی ئەو چرکەساتەی شۆر و تامەزرۆیی لە چاوەکانی هەڤاڵەکەیدا شادمان ببوو، ئەم حەز و ئارەزووەی بە بەڵگەی ڕەزامەندی ژوولیەن بۆ هەڵاتن لێکدایەوە.

بینینی ئەم گەورەیی و مەزنیە، هەموو ئەو وزەیەی کە دیداری قەشە شەلان فەوتاندبووی، بۆ ژوولیەن گێڕایەوە. هێشتاش زۆر جەوان بوو. بەڵام بەڕای من، تازەلاوێکی زۆر قۆز بوو. ئەگەر وەکو زۆربەی خەڵک لە سۆز و خۆشەویستییەوە ڕووی لە فێڵ و گزی نەکردایە، لەبری ئەم کارە ئەیتوانی وەکو ڕۆژانی ڕابوردوو لە ڕێژەنی خێرایی، بەشێک بۆ خۆی بپچڕێ، بە بێ قسە لە گومانی شێتانە ڕزگاری ئەبوو. بەڵام ئەم پشبینیانە، ئێستە چ سوودیان هەیە؟

سەرەڕای هەوڵدانی ژوولیەن کە مەبەستی هەموو وەڵامەکانی، بەرگری کردن لە درێژبوونەوەی کێشەکە بوو، لێکۆڵینەوە درێژەی کێشا. هەموو ڕۆژێک ئەیوت: «من کەسێکم کوشتووە، یان لانیکەم ویستوومە کەسێک بە مەبەست و بە ئەنقەست بکوژم.» بەڵام دادوەر لە هەموو شت زیاتر پابەندی ڕواڵەت و فورمالیتە بوو. قسەکانی ژوولیەن تۆزێکیش لە درێژبوونەوەی لێکۆڵینەوەکاندا دەوری نەئەبینی. دادوەر هەستی بریندار ببوو. ژوولیەن نەیزانی کە ویستوویانە بینێرن بۆ زیندانێکی سامناک و لە سایەی هەوڵ و

تێکۆشانی فۆکە، لەم ژووره خۆشەی کە سەد و هەشتا پێ پلیکانە بەرزە، دایانناوە.

مسیۆ ئابە فریلەر یەکێک لەو کەسایەتییە گەورانە بوو کە دابینکردنی ئێزنگی زستانی لە ئەستۆی فۆکە بوو. ئێزنگ فرۆشی نیازپاک، تەنانەت خۆی گەیاندە لای جێگری بەدەسەڵاتی کاردینالێش. مسیۆ دو فریلەر ڕایگەیاند کە لە پێناوی چاکە و خێرخوازی ژوولیەن و ئەو خزمەتانەی لە ڕابوردودا بە فێرگەی ئاینی کردووە، ئەیەوێ بیدات بە دەستی دادوەرانەوە. بیستنی ئەم قسانە بۆ فۆکە بووە مایەی شادمانییەکی بێپایان. هیوای بە ڕزگاری هاوڕێکەی پەیدا کرا و کاتی چوونە دەرەوە، وەک کڕنۆش بردن تا زەوی نووشتایەوە و داوای لە جەنابی جێگری کاردینالٚ کرد، لە نوێژی گشتیدا بە ئەندازەی دە دراوی زێڕ نزا، بۆ ئازادی زیندانییەکە بکات!

فۆکە بە شێوەیەکی سەیر لە هەڵەدا بوو. مسیۆ دو فریلەر، ڤالێنۆ نەبوو. ئەو تکایەی قبووڵ نەکرد و هەوڵیدا لە جەوانی دێهاتی نیازپاک بگەیەنێ، چاکتر وایە پارەکەی هەڵگرێتەوە. کاتێکیش زانی وا باشترە تۆزێ پارێز بکات، کە نەیتوانی بە ڕاشکاوی قسەی خۆی بکات، بە فۆکەی وت ئەم پارەیە بکات بە خێر بۆ ئەو زیندانییە بێچارانەی کە هیچیان نییە.

مسیۆ دو فریلەر لای خۆی وتی: «ئەم ژوولیەنە مرۆڤێکی سەیرە و ڕەفتاری زۆر نامۆیە... منیش نابێ هیچ شتێک لە لام ئاڵۆز بێ! ڕەنگە بکرێ شەهیدێکی لێ ساز بکەم. هەر چۆنێک بێ، من کاکڵ و هەناوی ئەم کێشەیە ئەگرم بە دەستمەوە. ڕەنگە دەرفەتێک بۆ ئامۆژگاری زراوبردنی ئەم خاتوو دورێناله پەیدا بکەم کە ڕێزی ئێمەی لا نییە و لە ناخی خۆیدا لە من بێزارە. ڕەنگە بتوانم لەبەر ڕووناکی ئەم ڕووداوەدا بۆ ئاشتبوونەوەیەکی

پڕ لە هۆسە و هەڵڵا لەگەڵ جەنابی دولامۆل، سۆنگە و بیانوویەک بدۆزمەوە کە ئەم مناڵە خوێندکارەی زۆر لا مەبەستە.

بەڵگەنامەکانی ئاشتبوونەوەی ئەو کێشەیەی چەندین مانگ لە دادگا درێژەی کێشابوو، چەند حەفتە بەر لەمە واژۆ کرابوو. ڕەبەن پیراریش پاش وتووێژ دەربارەی لەدایکبوونە سەمەرەکەی ژوولیەن، لەو ڕۆژەدا کە ئەو بەدبەختە لە کلیسای ڤێریر، هەوڵی کوشتنی خاتوو دورێنال ئەدات، لە بزانسۆن ڕۆیشتبوو.

ژوولیەن لە نێوان خۆی و مەرگدا ڕووداوێکی ناخۆش زیاتری نەئەبینی؛ کە ئەویش چاوپێکەوتنی باوکی بوو! سەبارەت بەو بیرەی خۆی کە نامەیەک بۆ دادیار بنووسێ و داوای لێبکا چاوپێکوتنی ببڕن، لەگەڵ فۆکە ڕاوێژی کرد. ئەم ترسەی لە دیداری باوکی و ئەویش لەو دۆخەدا، دڵی بەسۆز و پاکی ئێزنگفرۆشی بە توندی ئێشان.

وای دانا کە ڕازی دوژمنایەتی ئەو هەموو کەسانەی لەگەڵ هاوڕێکەی زانیوە و لە پێناوی بەدبەختی و چارەڕەشی دۆستەکەیدا، ئەم هەستەی خۆی لە دڵدا شاردەوە و بە ساردی وەڵامی دایەوە:

ــ هەرچی چۆن بێ، ئەم فەرمانی تەرەکەوتنە، باوکت ناگرێتەوە!

بەندی XXXVIII

## پیاوی بەدەسەڵات

ڕەفتاری ئەوندە ڕازاوەییە و
بەژنی ئاوا داتاشراوە،
تۆ بڵێی ئەو ژنە کێ بێ؟!
(شیللەر)

بەیانی ئەو ڕۆژە، سپێدپەهنا، دەرگای بورج شەق کرایەوە. ژوولیەن داچڵەکی.

لە لای خۆی وتی:

ــئای، پەروەردگار، باوکم هات. چ دیمەنێکی نالەبارە!

لەو کاتەدا، ژنێک لە بەرگی گوندیان‌دا خۆی هاویشتە باوەشی. ژوولیەن بە ئاستەم ناسییەوە. مادمازێل دولامۆل بوو!

ــئەی فێڵباز، بەس لە نامەکەتەوە زانیم لە کوێی. ئەوەی کە تۆ بە تاوان ناوی ئەبەیت، تا نەگەیشتمە ڤێریر ئاگام لێی نەبوو. بەڵام ئەو کارەی کە تۆ کردووتە، تۆڵەیەکی بەنرخە و نیشانەی بەرزی و مەزنی ئەو دڵەیە لە سینگی تۆدا لێئەدا.

ژوولیەن سەرەڕای ئەو بۆچوونانەی کە پێشتر لە دژی مادمازێل دولامۆل پەیدای کردبوو و بەڵام هێشتاش لە دڵی خۆیدا بە ڕاشکاوی بڕوای پێی نەبوو، بێ ئەندازە جوان هاتە پێش چاوی. چۆن ئەیتوانی لە سەرتاپای ئەم لەنجە و ئەم نازەدا هەستێکی گرانمایە و بێوێنە نەبینێ و ئەم هەستەش لە هەموو ئەو شتانەی کە گیانێکی سووک و سانایان هەیە، بە بەرزتر و بەڕێزتر نەزانێ؟!

دیسانەوەش ئەو هەستەی لا دروست بووەوە کە شازادەیەکی خۆش ئەوێ. پاش تۆزێک بە ڕەوانبێژی و بیرێک کە ڕەسەنی و بەرزییەکی بێوێنەی تێدا بوو، بە مادمازێل دولامۆلی وت:

ــ ئەو دیمەنەی داهاتوو کە لە بەرامبەر خۆمدا ئەیبینم، زۆر ڕوونە. لە جیهانی ئەندێشەدا، پاش مەرگی خۆم، تۆ لە مارکیز دو کرۆزنۆوا کە بێوەژنێک ئەکا بە هاوسەری خۆی، مارە ئەبڕم. گیانی ڕەسەن بەڵام ئەفسانە پەرستی ئەم ژنە دڵڕفێنە لە ئەنجامی ڕووداوێکی سەیردا کە خۆی بە دڵتەزێن و گەورەی ئەزانێ، سەرسام بووە و بڕوای بە ئاوەز و پارێزی ئاسایی هێناوە. بەڵام خۆشبەختانە پەی بە لێهاتوویی ڕاستەقینەی مارکیزی جەوان ئەبات و تۆ بەوپەڕی ئارەزوو و بەختەوەری ئەگەیت کە بریتیە لە پایە و ڕێز و سامان و سۆز و مایەی دڵخۆشی تۆ!... بەڵام گیانی ماتیلد، هاتنی تۆ بۆ بزانسۆن، ئەگەر ئاشکرا ببێ، زەبرێکی کوشندە لە جەنابی دولامۆل ئەدا. ئەمەش گوناهێکە من هۆکاریم و ناتوانم هەرگیز خۆم نابەخشم. هەتا ئێستەش زۆرم خەم و خەفەت پێداوە. ئەندامی کۆڕی زانیاری ئەڵێ کە ئەو مارێکی لە باخەڵیدا پەروەردە کردووە.

مادمازێل دولامۆل تۆزێ هەڵچوو و وتی:

ــ دان بەوەدا ئەنێم کە چاوەڕێی ئەو هەموو ئاوەز و سەلماندن و نیگەرانییە بۆ داهاتوو نەبووم. خزمەتکارەکەم کە بە ئەندازەی تۆ بە پارێزە، پاسپۆرتێکی بۆ خۆی وەرگرت و منیش بە ناوی مادام میشلێت سواری فایتوون بووم و هاتووم.

ــ ئینجا مادام میشلێت توانی ئاوا بە سانایی بێت بۆ لای من؟

ــ ئۆف، لە تۆ! دیسانەوەش هەمان پیاوە بەرزەکەی کە من هەڵمبژاردووە! سەرەتا سەد فرانکم دا بە باشنووسەری لێکۆڵەر کە ئەیوت چوونی من بۆ ئەم بورجە نەگونجاوە. بەڵام هەر ئەم پیاوە

نەجیبە، پاش وەرگرتنی پارەکە، ماوەیەک سەرگەردانی کردم. هەستم کرد ئەیەوێ دارونەدارم لە دەست دەربێنێ...

ماتیلد بێدەنگ بوو.

ژوولیەن وتی:

ـ دەی، ئیتر چی بوو؟

باوەشی پیاکرد و وتی:

ـ ژوولیەنە ئازیزەکەم، تووڕە مەبە. ناچار بووم ناوی خۆم بەم باشنووسەرە بڵێم. چونکە وای دانابوو کچە کرێکارێکی پاریسیم کە دڵی چۆتە سەر ژوولیەنە جوانکیلە. ڕاستییەکەی ئەم ڕستانە هەمان قسەکانی ئەون. سوێندم خوارد کە ژنی تۆم و بۆیەش ڕێگەم پێدراوە هەموو ڕۆژێک بێم بۆ لات!

ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «دین بوون گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی. نەمتوانی بەری پێبگرم. جگە لەمانەش جەنابی دولامۆل خانەدانێکی ئەوەندە گەورە و جێمتمانەیە کە ئەگەر سەرهەنگێکی جەوان ئەم بێوەژنە جوانە بخوازێ، لە لای ئەو ئەبەخشرێ. مەرگی من کە بەیانی، دوو بەیانی ڕوو ئەدا، هەموو شتێک ئەشارێتەوە. جا خۆی دا بە دەست خۆشی ئەوینی ماتیلدەوە. ئیتر هیچ نەبیسرا جگە لە دێوانەسەری و مەزنی گیان و ئەوەی کە ئەوپەڕی نامۆیی نەبوو نەهاتە ئاراوە.

ماتیلد بەڕاستی باسی خۆکوشتنی پێکەوەیی هێنایە ئاراوە.

پاش ئەم هەڵچوونانەی سەرەتا، تێربوون لە خۆشی دیداری ژوولیەن، لەپڕ مەراقێکی توندوتیژ گیانی داگرت. دڵدارەکەی هەڵسەنگاند و ئەوی بە مرۆڤێکی لە خۆی باڵاتر هاتە بەرچاو. وای هەست ئەکرد کە بۆنیفاس دولامۆل دووبارە، بەڵام بە داستانێکی مەزنترەوە زیندوو بۆتەوە.

ماتیلد گەورەترین پارێزەرانی ناوچەکەی بینی و ئەوەندە

بە سانایی زێڕی پێ بەخشین کە هەموویانی زیز کرد. بەڵام سەرەنجام چوونە ژێر بار.

زوو لەوە تێگەیشت کە لە شاری بزانسۆن، بۆ هەموو کارێکی گوماناوی و گرنگ، هەموو شت بە دەست مسیۆ دو فریلەرە.

سەرەتا وەکو مادام میشلێتی بێناو و نیشان هەوڵیدا بچێ بۆ لای ئەم ئەندامە بە دەسەڵاتەی لیژنەی نهێنی و زۆر لەمپەری هاتە سەرڕێ کە نەیتوانی لایان بەرێ. بەڵام ناوبانگی جوانیی ژنەی کڵاوفرۆش کە ئەوینی ژوولیەن شێتی کردبوو و بۆ دڵدانەوەی «ئابە ژوولیەن سۆرێل»ی جەوان، لە پاریسەوە هاتبوو بۆ بزانسۆن، هەموو شاری پڕکردبوو.

ماتیلد، تاق و تەنها و بە پێی پیادە بە شەقامەکانی بزانسۆن‌دا ئەهات و ئەچوو. هیوادار بوو نەناسرێتەوە. هەر چۆنێک بێ پێی وا بوو کە کاریگەری لە سەر بیروڕای گشتی لە ڕەوتی دادگاییکردن‌دا بێ سوود نابێ. شێتییەکەی لەوەدا بوو، کاتی چوونی ژوولیەن بەرەو قەنارە، خەڵکەکە بۆ ڕزگارکردنی ڕاپەڕێنێ. مادمازێل دولامۆل پێی وا بوو بە شێوەیەکی سادە و وەک شیاوی ژنێکی کۆست کەوتووە جلی لەبەر کردووە، بەڵام جلێکی وای لەبەردا بوو کە هەموو سەرنجەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

کورتییەکەی لە شاری بزانسۆن بوو بە جێ سەرنجی باش و خراپ، کاتێک کە پاش یەک حەفتە داوا و تکا، ڕێگەی پێدرا بچێ بۆ خزمەتی مسیۆ دو فریلەر.

بەو جەربەزە و بوێرییەی کە هەیبوو، وێنای سەرۆکی لیژنەی نهێنی و وێنای گریمانی خراپە و چەپەڵی، وەها لە ناخی‌دا لێک ئاڵابوون، کاتێک کە زەنگی کۆشکی کاردینالی لێدا، موچڕکە بە گیانی‌دا هات. کاتێک کە بە ناچاری بە پلیکانەکانی جێگری کاردیناڵ‌دا سەرئەکەوت، بە دژواری ئەڕۆیشت بەڕێدا. پەرتبوونی

کۆشکی کاردینالْ، لە ترسان خوێنی ئەڕچاندبوو. «ڕەنگە لە سەر کورسییەک دابنیشم و ئەم کورسییە دەستەکانم بگرێ و ون ببم! کەنیزەکەم لە کێ داوام بکاتەوە؟ فەرماندەی ئاسایش خۆی لە هیچ ناگەیەنێ. من لەم شارە گەورەیەدا تاک و تەنهام!»

مادمازێل دولامۆل لە یەکەم نیگای بۆ ئەپارتمانەکە، تۆزێ ئەرخایەن بوو. یەکیان ئەوەی کە دەرگاوانێک بە جلێکی فەرمی زۆر جوانەوە، دەرگای بۆ کردەوە. ئەو دیواخانەی چاوەڕوانی جێگری کاردینالْی لێکرد، بە کەلوپەلێکی ناسک و جوان ڕازابوویەوە و لەگەلْ ئەو شکۆ توند و زیادەی لە پاریس و ئەویش لە باشترین تەلارەکان‌دا هەبوو، زۆر جیاواز بوو. بە بینینی مسیۆ دو فریلەر کە بەو ڕوالْەتە باوکانەوە بەرەوڕووی ئەهات، هەموو ئەندێشەی تاوان و خراپەی دلْتەزێن ڕەوایەوە. تەنانەت لەم ڕوخسارە جوانەدا شێوەیەک لە دینداری توند و دڕندەشی نەبینی کە پاریسییەکان ئەوەندە ڕقیان لێیەتی! ئەو بزەیەی ڕوخساری قەشە، ئەم دەسەلاتدارە بەرزەی بزانسۆنی ئەگەشانەوە، نیشانەی ئەوە بوو کە کابرایەکی خۆشڕوو و مەترانێکی زانا و بەڕێوەبەرێکی پسپۆڕە. ماتیلد خۆی لە پاریس بینییەوە.

مسیۆ دو فریلەر لە ماوەی چەند چرکەدا وای لە ماتیلد کرد کە لە لای ئەو ناو و نیشانی خۆی ئاشکرا بکات و بلْێ کە کچی خەنیمە بەدەسەلاتەکەی ئەو، لۆمارکیز دولامۆلە.

ئەوسا هەموو فیز و دەعیەی خۆی بەخۆیەوە گرتەوە و وتی:

ــ ڕاستەکەی من مادام میشلێت نیم. ئەم دانپیانانەش زیانێکم لێنادا. چونکە، ئەمەوێ بە بەڕێزتان ڕابگەیەنم کە من بۆ دابینکردنی کەرەسەی هەلاتنی مسیۆ دو لاڤێرنی بە خزمەتتان گەیشتووم. بەر لە هەموو شتێک ئەبێ بلْێم کە ئەو تاوانێکی نەکردووە جگە لە گەوجێتی و ئەو ژنەی کە تەقەی لێکراوە زۆر باشە. دووەم ئەوەی

کە من بۆ ڕازیکردنی بندەستەکان ئامادەم دەسبەجێ پەنجا هەزار فڕانک بدەم و دوو بەرامبەری ئەوەش بگرمە ئەستۆ. ئەوەش بڵێم سپاس و پێزانینی بنەماڵەم سەبارەت بە کەسێک کە مسیۆ دو لاڤێرنی ڕزگار بکات، هیچ شتێک بە نەبوو و نەگونجاو نازانێ.

وادیار بوو کە مسیۆ دو فریلەر لەو ناوە سەری سووڕماوە. ماتیلد چەند نامەی پیشان دا کە وەزیری جەنگ بۆ مسیۆ ژوولیەن دو لاڤێرنی نووسیبوو.

ــقوربان ئەوتا بۆ خۆتان ئەبینن کە باوکم داهاتووی ئەوی گرتۆتە ئەستۆ. من بە نهێنی شووم پێکردووە و باوکم ئەیویست کە ئەو بەر لە زەماوەند کردن ببێت بە ئەفسەرێکی باڵای شیاوی بنەماڵەی دولامۆڵ.

ماتیلد هەستی بەوە کرد مسیۆ دو فریلەر لەگەڵ هەموو زیاتر ڕوون بوونەوەیەک، سۆز و بەزەیی کەم ئەبێتەوە و، وای لێهات ڕواڵەتێکی ناسکی سۆزنەناسانە لە ڕوخساری قەشەدا نەخشینرا.

قەشە گیرۆدەی گومان و دوودڵی ببوو. ئەو بەڵگانەی مۆری وەزارەتی جەنگی پێوە بوو، جارێکی تر بە وردی خوێندەوە.

بە خۆی ئەوت: «لەم ڕازانەی ئەم ژنە درکاندوونی چیم دەسئەکەوێ؟ من لەپڕ لەگەڵ یەکێک لە دۆستانی لامارشاڵ دوفرواکی بەناوبانگ، برازای جەنابی کاردیناڵ (...) کە لە ڕێگەیەوە ئەتوانی لە فەڕانسە ببی بە کاردیناڵ، پەیوەندییەکی زۆر نزیکم پەیدا کردووە. ئەو کارەی دامنابوو بۆ داهاتوویەکی دوور، لەپڕ لەبەرچاوم قیت بۆتەوە و ئەمەش ئەتوانێ بە هەموو ئارەزووەکانی خۆم بگەیەنێ.»

ماتیلد کە لە تەلارێکی پەرتەوازە لەگەڵ ئەم کابرا بەدەسەڵاتە بە تەنها مابوو، لە گۆڕانی ڕواڵەتی قەشە ترسی لێنیشت. بەڵام بە خۆی وت: «بۆ ئەبێ بترسم؟ مەگەر خراپترین دارەت ئەوە نییە

کە هیچ کاریگەرییەکم لە خودپەرستی ساردوسڕی ئەم قەشەیەدا نەبێ، کە لە هێز و دەسەڵات تێر بووە؟»

بەم جۆرە دەروویەک لە بەردەم مسیۆ دو فریلەردا کرابوویەوە کە ئەیتوانی بەخێرایی بیکات بە کاردینالٚ. ئەو کە لە بینینی ئەم دەرفەتە چاوەڕواننەکراوە چاوی داچوقابوو و لە هەڵکەوتوویی ماتیلد سەرسام ببوو، بۆ ساتێک خۆی لەبیر چوویەوە و... لە کاتێکا لەوپەڕی بەرزەفڕی و هەڵچوون وەک شەقشەقە ئەلەرزای، خۆی خست بەسەر پای مادمازێل دولامۆلدا!

ماتیلد بە خۆی وت: «هەموو شت ڕۆشن ئەبێتەوە. لێرە، هیچ کارێک نییە بە دۆستەکەی مادام دوفرواک جێبەجێ نەکرێ. سەرەڕای ئەو ئێرەییەی کە هێشتاش زۆر بەئازار بوو، جەربەزەی ئەوەی هەبوو کە بڵێ ژوولیەن دۆستی زۆر نزیکی لامارشالٚ دوفرواک بووە و کەم تا زۆر هەموو ڕۆژ لە ماڵی ئەو، جەنابی کاردینالٚ (...)ی بەڕێزی بینیوە.»

جێگری کاردینالٚ بە دەنگێکی تۆخ و دڵنیا و بەنیگایەکی ئارەزوومەند کە زادەی بەرزەفڕی بوو، وتی:

ــ ئەگەر بۆ هەڵبژاردنی سی و شەش ئەندامی دەستەی داوەران[١٧٩] لە کەسانی ناودار و زانای ئەم مەڵبەندە، چوار پێنج جار لە سەر یەک تیروپشک بکرێ و من ناوی هەشت نۆ کەس لە برادەرانی خۆم کە لەوانیتر وریاترن، لە هەر کام لەو لیستانەدا نەدۆزمەوە، ئەبێ خۆم زۆر بە بەدبەخت بزانم. ئەتوانم بڵێم کە هەمیشە ئەندامانی دەستەی داوەری، زیاتر تەنانەت لەوەش کە پێویستمە، لەگەڵم بووە. سەرنج ئەدەی مادمازێل، کە من چەندە ئاسان ئەتوانم زەمینەی بێتاوان دەرچوونی کەسێک ئامادە بکەم؟!

---

١٧٩ـ داوەر = Jury
دادوەر = Judge
دادیار = prosecution.

قەشە لەپڕ بێدەنگ بوو. ئەتوت خۆی لە دەنگی خۆی سەری سووڕماوە. شتی وای باس ئەکرد کە تا ئێستە لە لای بێگانە و نائاشنا لە دەمی نەهاتبوویە دەرەوە!

بەم جۆرە هەروەها ببوویە هۆی سەرسووڕمانی ماتیلدیش، چونکە پێی وت:

ــ ئەوەی کە لە هەموو شت زیاتر سەرنج و حەزی کۆمەڵگەی بزانسۆن لەم ڕووداوە ناوازەیەدا بۆ لای خۆی ڕائەکێشێ، ئەوەیە کە لە ڕابوردودا ئەوینێکی ئاگراوی لە دڵی خاتوو دورێنال‌دا وەووژاندووە و سەردەمایەکیش هاوبەشی ئەو ئەوینە بووە.

مسیۆ دو فریلەر توانی بە ئاسانی پەی بەو شڵەژانە ببات کە ئەم قسەیە وروژاندبووی.

قەشە لە دڵی خۆی‌دا وتی: «تۆڵەی خۆم کردەوە. ئاخرەکەی هۆکارێکم پەیدا کرد کە بتوانم بەسەر گیانی کچێکی ئاوهادا دەسەڵات پەیدا بکەم. لەوەی کە نەتوانم سەرکەوتن بەدەست بهێنم، موچڕکەم پیادێ.» دارەتی فیز و گەردەنکەشی، جوانی و ناسکی ئەم پەریزادە بێوێنەیەی وەک پاڕانەوە ئەپاڕایەوە، دوو جار زیاتر ئەکرد. بە تەواوەتی هێور بوویەوە، بە بێ هیچ دڕدۆنگی و ڕاڕاییەک خەنجەری لە دڵی چەقاند و، بڵح و ملۆزم وتی:

ــ ئەگەر گوێمان لێبێ کە مسیۆ سۆرێل لە ئەنجامی ئێرەیی دوو گوللەی ناوە بە دڵبەرەکەی دوێنێی کە سەردەمێک بەڕاستی خۆشی ویستبوو، من لە ئاستی خۆمەوە پێم سەیر نابێ. گوایە ژنە هێشتاش زۆری ماوە چاوپۆشی لێبکرێ. ماوەیەک بووە بە زۆری چووە بۆ سەردانی قەشەیەک بە ناوی مارکینۆ کە خەڵکی دیژۆنە و وەکو هەموو ژانسنیستەکانی تر لادەر و خراپەکارە.

مسیۆ دو فریلەر کە خاڵی لاوازی ماتیلدی دۆزیبوویەوە، لە ڕووی هەوەس پەرستی و بە ئیشتیای خۆی، گەلێک دڵی ئەم کچە

جوانەی ئەشکەنجە دا.

چاوی ئاگراوی ئەبڕییە ماتیلد و ئەیوت:

ــبۆ مسیۆ سۆرێل کلیسای بۆ تەقەکردن هەڵبژارد؟ مەگەر ئەوە نەبوو کە خەنیمەکەی لە هەمان کاتدا خەریکی نوێژی گشتی بوو؟ ئەم کابرا بەختەوەرەی کە تۆ پشتیوانیت، هەموو کەس بە خاوەنی بەهرە و هۆشمەندی و چ جایە بە خاوەن ئاوەز و پارێزی ئەزانن. چی لەوە ئاسانتر هەبوو کە لە ناو باخەکانی جەنابی دورێنالدا کە شارەزای هەموو کون و قوژبنیەتی خۆی حەشار بدایە؟ لەوێ نە ئەبینرا، نە ئەگیرا و نە کەس گومانی لێئەکرد. ئەوساش بە ئاسانی و دڵنیایی ئەیتوانی ئەو ژنەی کە بە یادییەوە لە ئاگردا ئەسووتێ، سارد بکاتەوە.

ئەم نموونەیە کە بە ڕواڵەت زۆر ڕاست بوو، ماتیلدی تۆزێک دابەزاند. ئەم گیانە لەخۆباییە، بەڵام ئاخنراوی پارێزی وشک و برینگی کۆمەڵگەی ئاریستۆکراسی کە بە سەرچاوەی دڵنیای دڵی مرۆڤ ئەژمێردرێ، بۆ ئەوە دروست نەکراوە کە دەسبەجێ لە چێژی توانج و سووکایەتی بگات. ئەو چێژەی کە ئەتوانێ بۆ ڕۆحێکی بەجۆش زۆر ئاگراوی بێت. لە چینەکانی باڵای کۆمەڵگەی پاریس کە ماتیلد تیا ژیابوو، ئەوین زۆر بە دەگمەن بەرگی پارێز ئەخاتە لاوە و... لە قاتی پێنجەمەوەیە کە خەڵکی خۆیان هەڵئەدەنە خوارەوە.

سەرەنجام ئەبە دو فریلەر لەوە دڵنیا بوو کە بەسەر ماتیلددا زاڵ بوو و دیارە بە درۆ بە ماتیلدی وت کە ئەتوانێ جڵەوی ئەو دادیارەی بەرپرسی نووسینی دادنامەیە، بە هەموو شێوەیەک بگرێ بە دەستەوە.

ئینجا پاش ئەوەی بابەتی هەڵبژاردنی سی و شەش ئەندامی دەستەی داوەرانی دادگا بە تیروپشک کۆتایی هات، لانیکەم

دەربارەی سی کەس لە ئەندامان دەسبەجێ و ڕاستەوخۆ ئەکەوێتە خۆی.

بە بۆچوونی مسیۆ دو فریلەر، ئەگەر ماتیلد ئەوەندە جوان نەبوایە، جەنابی جێگری کاردیناڵ تا چاوپێکەوتنی پێنجەم و شەشەمیش بەو ڕوونی و ڕاشکاوییە لەگەڵی نەئەدوا!

بەندی XXXIX

## پیــلان

کاستەر، ١٧٧٢، برایەک، لەماڵێکی نزیک ئێمە
خوشکی خۆی کوشت. ئەم خانەدانە
پێشتریش یەکێکی کوشتبوو.
باوکی بە دزییەوە پێنجسەد فرانکی
دابوو بە ڕاوێژکاران و لە مەرگ پەڕانەبوویەوە!
(لاک ــگەشتی فەڕانسە)

ماتیلد پاش هاتنەدەرەوە لە کۆشکی کاردیناڵ، دەسبەجێ نامەیەکی بۆ مادام دوفرواک نارد. ترسی نەنگ و ڕیسوایی بۆ چرکەیەکیش دڕدۆنگی نەکرد. داوا و تکای لە دوژمنی ئەوینی خۆی ئەکرد کە لە لایەن جەنابی کاردیناڵ (...)ی مەزنەوە نامەیەک بۆ مسیۆ دو فریلەر وەربگرێ کە هەر هەمووی بە خەتی جەنابیان بێ. تەنانەت داوای لە خودی مادام دوفرواکیش کرد کە بەپەلە خۆی بگەیەنێتە بزانسۆن. ئەم داوا مەزنە لە لایەن گیانێکی ڕژد و دفرەوە نیشانەی پاڵەوانێتی بوو.

ماتیلد بەپێی ڕاسپاردە و ئامۆژگاری فۆکە، لایەنی پاریزکردنی ڕاگرتبوو و سەبارەت بە کارەکانی خۆی هیچی بە ژوولیەن نەوتبوو. هاتنی خۆی بە ئەندازەی پێویست هەژاندبووی و پێویست بە وتنی ئەم شتانە نەبوو. ژوولیەن کە لە ئاستانەی مەرگدا، مرۆڤێکی لێ دەرچووبوو پاکتر و ڕاستگۆتر لە هەموو خولەکانی ژیانی خۆی، جگە لەوەی هەستی پەشیمانی بەرامبەر بە جەنابی دولامۆل هەبوو،

سەبارەت بە ماتیلدیش پەشیمان بوو.

بە خۆی ئەوت: «سەیرە! هەندێجار لە لایەوە تەنانەت تووشی بیرگرژی و خەمۆکیش ئەبم. ئەو ئابڕوی خۆی لەبەر من بردووە و منیش ئاوەها پاداشتی ئەدەمەوە؟ نەکا بووبێتم بە مرۆڤێکی بەدکار! لە خولی بەرزەفڕیم، ئەم پرسیارە زۆر بە خۆوە خەریکی نەئەکرد، ئەو ڕۆژانە شکست و ناکامی تەنها مایەی نەنگ و ڕیسوایی بوو.»

دڵەڕاوکەی دەروونی لە تەنیشت ماتیلدەوە، زیاتر لەم ڕوانگەیە مسۆگەر و ئاشکرا بوو، کە لەو کاتەدا، سەیرترین و شێتانەترین ئەوینی لە دڵیدا ئەهەژاند و جگە لەو گیانبەختکردنە نەبینراو و نەبیسراوەی ئەیویست لە پێناوی ژوولیەن‌دا بیکات، لە هیچی تر نەئەدوا.

لەو هەستەی کە شانازی پێوە ئەکرد و بەسەر هەموو خودبینیەکانی‌دا زاڵ ببوو، ئەوەندە هەژابوو کە ئەیویست هەر خولەکێکی ژیانی کە تێئەپەڕێ، کارێکی ناوازەی مەزن ئەنجام بدات. گفتوگۆی دوورودرێژی لەگەڵ ژوولیەن پڕ بوو لە سەیرترین و زیانەخرۆترین نەخشە و پلان. بەندەوانەکان کە پاداشتی باشیان لێوەرئەگرت، دەسەڵاتی زیندانیان دابوو بە دەستییەوە. بیری ماتیلد بەوەوە بەند نەکرابوو کە لە ناو و ئابڕووی خۆی بپرنگێتەوە، بەڵکو پەروای ئەوەی نەبوو کە هەموو کۆمەڵیش لە بار و دارەتی خۆی ئاگادار بکاتەوە. بۆ پارانەوە لە پێناوی ژوولیەن‌دا، چۆک دادان لە بەرامبەر فاتیوونی تیژڕەوی شا و ناچار کردنی شازادە کە بەزەیی پیابێتەوە و هەزار جار لە بن سمی ئەسپان‌دا وردوخاش بوون، یەکێک لەو کەمترین ئەندێشە شێتانەیە بوو کە ئەم مرۆڤە هەژاو و بەوەجە لە مێشکی خۆی‌دا پلانی بۆ دائەڕشت. دڵنیا بوو کە لە سایەی ئەو دۆستانەی لە دەربار هەیەتی، لە یەکێک لە بەشە تەرخانکراوەکانی پارکی سەن کلو وەربگیرێ.

ژوولیەن خۆی بە شیاوی ئەو هەموو لەخۆبوردن و فیداکارییە نەئەزانی و لە ڕاستیدا لە جەربەزە و پالەوانێتی ماندوو ببوو! ئەوەی پێویستی پێی بوو، خۆشەویستییەکی سادە و بێ ڕووکەش و تا ڕادەیەکیش شەرمنانە بوو، لە کاتێکا گیانی دفرە و لەخۆبایی ماتیلد، بە پێچەوانەی ئەمە، بۆ ساتێکیش لە بیری خەڵک و ئەوەی خەڵکی ئەیڵێن، خافڵ نەبوو.

نەی ئەویست پاش دڵدارەکەی زیندوو بێ و لە نێوان هەموو نیگەرانی و هەموو ترسەکانی‌دا سەبارەت بە گیانی دڵدارەکەی، تامەزرۆییەکی شاراوەی هەبوو کە خەڵکی سەبارەت بە ڕادەی ئەوین و بەرزی خۆشەویستی مەزنی کردەوەکانی خۆی، سەرسام بکات.

ژوولیەن لەوەی کە ئەو هەمووە جەربەزەیە کاری لە دڵی نەئەکرد، زویر ببوو. ئینجا ئەگەر ئاگای لەو هەموو دێوانەسەریانەی ماتیلد ببوایە کە گیانی لەخۆبوردووی فۆکەی میهرەبانی وەڕەز کردبوو، ئەوسا چی ئەکرد؟

فۆکە زۆر بە دژواری ئەیتوانی ڕەخنە لە گیانبازی و فیداکاری ماتیلد بگرێ. چونکە خۆیشی ئامادە بوو دار و نەداری لە پێناوی ژوولیەن‌دا ببەخشێ و لە مەزنترین مەترسی لەم ڕێگەیەدا نەپرینگێتەوە! لەو هەمووە زێڕەی ماتیلد تەخشان و پەخشانی ئەکرد، مات و سەرسام ببوو. لە سەرەتادا، خەرج کردنی بڕی وا گەورە، بۆ فۆکە کە وەکو هەموو گوندییەک بە ڕێزەوە سەیری پارە ئەکەن، گۆمانی لا دروست کرد.

سەرەنجام پەی بەوە برد کە نەخشەکانی مادمازێل دولامۆل زوو زوو ئەگۆڕێن و سوکنایی هات کاتێک کە وشەیەکی بۆ ڕەخنەگرتن لەو دارەت و کەسایەتییە دۆزییەوە: «ماتیلد حولحولیە!» لەم ئەدگارەوە تا وشەی سەرەڕۆ کە گەورەترین جنێوە لە شارستان، یەک هەنگاو زیاتر نییە.

ڕۆژێک کاتی چوونە دەرەوەی ماتیلد لە زیندان، ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «زۆرم لا سەیرە کە ئەوینێکی ئاوا بەهێز، ئەوینێک کە هەوێن و مەبەستەکەشی خۆمم و خۆشەویستیەکەی بۆ منە، تۆزێکیش کارم تێناکا و نامهەژێنێ! دوو مانگ بەر لەمە من ئەوم ئەپەرەست. لە پەرتووکێکدا خوێندمەوە کاتێک کە مەرگ نزیک ئەبێتەوە، هۆگری مرۆڤ بۆ هەموو شت کەم ئەبێتەوە. بەڵام زۆر سامناکە مرۆڤ پەی بەوە ببات کە بێ نمەک بووە و نەتوانێ ڕەفتاری خۆی بگۆڕێ. کە وا بوو من بوونەوەرێکی لەخۆ ڕازیم!»

ئینجا سووکترین توانج و ڕەخنەی بەسەر خۆیدا دائەباراند.

بەرزەفڕی لە دڵیدا مردبوو و ئەوینێکی تر لە بن ژێڵەمۆیەوە سەری هەڵێنابوو و ناوی نابوو پەشیمانی لە کوشتنی خاتوو دورێنال.

لە ڕاستیدا شێتانە سەوداسەری ئەم ژنە بوو. کاتێک کە تەنهای تەنها بوو و لەوە نەئەترسا ڕشتەی ئەندێشەی بپچڕێ، تامەزرۆییەکی سەیر سەرتاپای گیانی ئەدا بە دەست بیرەوەری ئەو سەردەمەی بەختەوەری کە لە ڕۆژانی ڕابوردوو لە ڤێریر یان لە ڤێرژی تێپەڕاندبوو. کەمترین ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە کە زۆر بە خێرایی تێپەڕیبوون، لە یادیدا تازەیی و کێشەرێکی بێوێنەی هەبوو. هەرگیز نەئەکەوتەوە بیری سەرکەوتنەکانی خۆی لە پاریس. لەم سەرکەوتنانەماندوو ببوو.

ئێرەیی ماتیلد تاڕادەیەک هەستی بەم دارەتانە کرد کە بە خێرایی بەهێز ئەبوو. بە ئاشکرا ئەیبینی کە ئەبێ بەرەنگاری خولیای تەنهایی ببێتەوە. هەندێجار ناوی خاتوو دورێنالی بە ترسەوە ئەهێنا و ئەیبینی کە تەز بە گیانی ژوولیەندا دێ. لەوە بەدوا ئەوینی ئیتر سنووری نەبوو.

لەوپەڕی پاکی و بڕوادا بە خۆی ئەوت: «ئەگەر ئەو بمرێ، من

لە پاش ئەو ئەمرم. هۆڵەکانی پاریس لە بینینی کچێک لە پلەوپایەی مندا کە تا ئەو ڕادەیە، دڵدارە مەحکووم بە مەرگەکەی خۆی ئەپەرستێ، چی ئەڵێن؟ بۆ بینینی ئەو جۆرە خۆشەویستییە ئەبێ سەرێک لە ڕۆژگاری پاڵەوانان بدرێ: ئەم جۆرە ئەوینانە بوون کە دڵەکانی سەدەی شارڵی نوهەم و هانری سێهەمیان خستبووە سەر زمانان!»

کاتێک کە لە جەنگەی دژوارترین هەڵچوونەکاندا، سەری ژوولیەنی ئەگوشی بە سینگا، بە ترسەوە بە خۆی ئەوت: «چی؟ ئەم سەرە سەردارە ئەبێ لە لەشی جیا بکرێتەوە؟» ئاگرێکی تێکەڵاو بە شادمانی ئەیقرچاند و ئەیوت:

ــزۆر چاکە! لێوەکانی منیش ئەم قژە جوانە ماچ ئەکات، هێشتا بیست و چوار کاتژمێر تێنەپەڕیوە، سارد ئەبێتەوە.

بیرەوەرییەکانی ئەم خولەکانە و حەزی ترسناک، گیانی ئەوی لە ئابلۆقەیەکی ناچارییدا ئەگووشێ. ئەندێشەی خۆکوشتن کە ئەو هەمووە بیری بە خۆیەوە خەریک کردووە و تا ئێستە ئەوەندە لە گیانی دفرەی دوور بووە، دزە ئەکاتە ناوییەوە و ئەبێ بە فەرمانڕەوای ڕەهای ڕۆح و هەناوی. ماتیلد سەربەرزانە بە خۆی ئەوت: «نا، خوێنی باپیرانم تەنها تۆزێکیش تەوژمی خۆی لە جەستەی مندا لەدەست نەداوە!»

دڵدارەکەی ڕۆژێک پێیوت:

ــداوای بەخششێکم لێت هەیە. منداڵەکەتان لە ڤێرییر بدەن بە دایەن. خاتوو دورێنال چاودێری دایەنەکە ئەکات!

ــئەم قسەیەی لە دەمی تۆ دێتە دەرەوە، زۆر دڵتەزێنە.

ئینجا ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما.

ژوولیەن لە زیندەخەونەکانی خۆی هاتە دەرەوە و توند لە ئامێزی گرت و هاواری کرد:

ــتۆ ڕاست ئەکەیت و من هەزار جار داوای لێبوردن ئەکەم.

پاش ئەوەی فرمێسکەکانی سڕییەوە، گەڕایەوە سەر ئەندێشەکەی خۆی. بەڵام ئەمجار بە پسپۆڕییەکی زیاترەوە بۆی چوو. ئاڕاستەی گفتوگۆی برد بۆ فەلسەفەیەکی تێکەڵ بە دڵتەنگی. باسی ئایندەیەکی کرد کە خەریک بوو بە ڕووی ئەودا دابخرێ.

ــهاوڕێی ئازیزم، ئەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەوین و خۆشەویستی لە ڕووداوەکانی ژیانە. بەڵام ئەمە تەنها لە مرۆڤی بەرزتردا ئەبینرێ. مەرگی کوڕەکەی من لە ڕوانگەی دەعیەی بنەماڵەی ئێوەوە بە بەختەوەری دائەنرێ و ئەم دیاردەیە لە چاوی بندەستان شاراوە نابێ. ئەم ڕۆڵەی نەنگ و ڕیسوایی جگە لە گوێنەدان و هەڵاواردن بەشی نابێ. هیوادارم کە تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان کە نامەوێ ڕێکەوتەکەی بڵێم، گوێ لە ڕاسپاردەی من ڕابگری و شووبکەی بە مارکیز دو کرۆزنۆوا.

ــچی؟ لە پاش ڕیسوایی؟

ــریسوایی لەکوێ ئەتوانێ ناوێ تۆ بزڕێنێ. تۆ بە بێوەژن دائەنرێیت و ئەویش بێوەی شێتە پیاوێک، هەر ئەمەندە! بۆ دوورتر ئەچم: لەبەر ئەوەی کە ئەنگیزەی تاوانەکەی من پارە نەبووە، ئەم تاوانە تۆزێکیش نابێتە مایەی نەنگ و بێ ڕوومەت بوونی من. ڕەنگە تا ئەو کاتە فەیلەسووفێکی قانوونزان بتوانێ مێشکی ئاخنراوی خەڵکی سەردەمەکەی خۆی بەرەو هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کوشتن ئاڕاستە بکات. ئەوسا، دەنگێکی دۆستانە بۆ نموونە وەها ئەڵێت: «گوێ ڕابگرە، شووی یەکەمی مادمازێل دولامۆل شێتۆکەیەک بوو بەڵام دڕ و بەدکار نەبوو. گەوجێتی بوو ئەیویست ئەم سەرە لە لەشی جیابکرێتەوە... لەو کاتەدا یادی من تۆزێکیش نابێتە مایەی ڕیسوایی. لانیکەم پاش ماوەیەک پلەوپایەی تۆ لە ناو کۆمەڵدا، سامان و ڕێز و ئەگەر دەرفەتم بدەی، بلیمەتی تۆ

هەلێک بەدی ئەهێنێ کە مارکیز دو کرۆزنۆوا کە بووە بە شووتان، کارێک بکات کە تاک و تەنها ناتوانێ بیکات. ئەو جگە لە ناوبانگی بنەماڵە و جەربەزە هیچی تری نییە و ئەم ئەدگارانە کە لەساڵی ١٧٢٩دا بە واتای کارامەیی مرۆڤ بوون، ئێستە، سەدەیەک پاش ئەو ڕێکەوتە، پێچەوانەی دابی ئاساییە و جگە لە خۆگیڤکردنەوە بە هیچ ناژمێردرێ. شتی تریش هەیە کە ئەتوانێ بە هۆیە ببێ بە سەرتۆپی لاوانی فەڕانسە.

تۆ ئەتوانی پشتیوانییەکی پتەو و سەرکەشانە پێشکەش بەو پارتە ڕامیارییە بکەی کە مێردەکەت ئەندامێتی. تۆ ڕەنگە ببی بە «شێڤرۆز»[١٨٠] و «لانگۆڤیل»ی[١٨١] ڕاپەڕینی «فرۆند»[١٨٢]. بەڵام ئەو ڕۆژە، نازەنینەکەم، ئەم کەفوکوڵە ئاسمانییەی بەم جۆرە ئەتگەشێنێتەوە، تۆزێ دامرکاوەتەوە.

پاش زۆر ڕستەی تریش کە وەکو پێشەکی باسی کرد، وتی:

ــ ڕێگەم بدە با بڵێم پانزە ساڵی تر، ئەو ئەوین و خۆشەویستییەی بەرامبەر بە من هەتە، بە شێتییەکی شیاوی لێبوردن، بەڵام هەر چۆنێک بێ بە شێتی ئەزانی...

لەپڕ قسەکانی خۆی بڕی و چوویەوە بۆ ناو زیندەخەونەکانی. جارێکی تر خۆی لە بەرامبەر ئەندێشەیەکدا ئەبینی کە بە توندی گیانی ماتیلدی بریندار ئەکرد: «پانزە ساڵی تر خاتوو دورێنال کوڕەکەی من ئەپەرستێ و تۆ لە بیرت بردۆتەوە!»

---

١٨٠ـ شێڤرۆز: Madame de Chevreuse کە ناوی خۆی Marie de Rohan ـە، ژیاننامەی پڕە لە ئەوین و پیلان.

١٨١ـ لانگۆڤیل: Longuevilles شازادەی تێکۆشەر، لە سەرکردەکانی ئاریستۆکراتی ڕاپەڕینی فرۆند.

١٨٢ـ فرۆند: Fronde ڕاپەڕینی ساڵانی منالێی لویی چواردە، ١٦٤٨ـ١٦٥٣ لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی بورژوا و ئاریستۆکراتەکانی فەڕانسەدا دژی پاشایەتیی سەرەڕۆ.

# ئاسوودەیی

چونکە ئەوسا دێوانە بووم، ئەمڕۆ ژیرم!
فەیلەسوفەکەی جگە لە دەم نابینێ،
بەرەگەی ڕاونینت چەندە بەرتەسکە.
ئەو چاوانە بۆ ئەوە ناشێ لە هەناوی ئەوین تێبگات!
(خاتوو ڤۆن گۆتە)

ڕشتەی ئەم گفتوگۆیە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکدا پچڕا کە ڕاوێژ لەگەڵ پارێزەرەکەی بە دواوە بوو. ئەم خولەکانە، تاڵترین و ناخۆشترین ساتەکانی ژیانی کەسێک بوو کە ژیانی پڕ بوو لە لاساری و خەونی شیرین.

ژوولیەن بە لێکۆڵەر و بە پارێزەرەکەی وت:

ــتاوانی کوشتن ڕووی داوە و ئەویش کوشتنی بە بەرنامە.

پاشان پێکەنی و وتی:

ــزۆر بە داخەوەم بەڕێزان، بەڵام بەم شێوەیە لە سەرئێشەی ئێوەش کەم ئەبێتەوە.

ژوولیەن پاش ڕزگار بوون لە دەست ئەم جووتە، بە خۆی وت:

ــجگە لەم شتانەش، وا پێئەچێ کە من دلێرم و بە ڕواڵەت لەم دووانەش دلێرترم. ئەم دوێلەی کە پایانێکی شوومی ئەبێ و من جگە لەو ڕۆژە، بیری لێناکەمەوە، ئەمانە وەکو کارێکی

شەیتانی و گەورەترین ترس و تۆقان ناوی ئەهێنن.

ژوولیەن لە فەلسەفە ڕستن بۆ خۆی بەردەوام بوو: «هۆکەشی ئەوەیە کە من ڕۆژەڕەشی گەورەترم لە ژیانی خۆمدا بینیوە. لە خولی گەشتی یەکەمم بۆ ستراسبۆرگ کە پێم وا بوو ماتیلد فڕێی داوم، زۆر زیاتر هەستم ئازاری ئەچەشت. باشە چۆن بڵێم بەو هەمووە حەز و وازەوە بە دوای ئەم خۆشەویستییە پاکەوە بووم کە ئەمڕۆ تەنها تۆزێکیش لە دڵم کاریگەر نییە؟! ڕاستییەکەی ئەو بەختەوەرییەی کە لە تەنهایی خۆمدا هەمە، زۆرترە لەو کاتەیە کە ئەم کیژە نازەنینە، یاری ئەو تەنهاییەم بێ!»

پارێزەر کە لایەنگری ڕێسا و فورمالیتە بوو، ئەوی بە شێت ئەزانی و وەکو جەماوەر پێیوا بوو، لە ئەنجامی ئێرەیی‌دا دەستی داوەتە دەمانچە و تەقەی کردووە. ڕۆژێک دەستی لە خۆی داشۆرد و دای بە گوێی ژوولیەن‌دا کە ئەم سەربردەیە، ڕاست بێ یان درۆ، کەرەسەیەکی زۆر باش و بەهێزە بۆ داکۆکی کردن. بەڵام تاوانبار دەسبەجێ وەک فیشەکە شێتە تەقییەوە.

ژوولیەن کە لە تووڕەیی‌دا ئەینەڕاند، وتی:

ــجەناب، سوێندت ئەدەم بە گیانی خۆت، لەبیرت بێ جارێکی تر ئەم درۆ نەنگینە لای من دوپات مەکەرەوە.

پارێزەری بەپارێز، بۆ ساتێک ترسا نەکا ژوولیەن بیکوژێ.

ژوولیەن خەریکی ئامادەکردنی دەقی داکۆکییەکەی خۆی بوو، چونکە چرکەساتی دیاریکردنی چارەنووس بە خێرایی نزیک ئەبوویەوە. بزانسۆن و هەموو مەڵبەندەکە جگە لەم قڕە بە هەراوهوریایە باسی هیچی تری نەئەکرد. ژوولیەن ئاگای لەم هەواڵە نەبوو. داوای کردبوو هەرگیز باسی ئەم لایەنەی لەلا نەکەن.

ئەو ڕۆژە کاتێک کە فۆکە و ماتیلد ویستبوویان هەندێ لەو دەنگۆیانەی بۆ بگێڕنەوە کە لە لایان مایەی ئومێد بوو، ژوولیەن

هەر لە سەرەتاوە ڕێگەی پێگرتبوون.

ــ لێمگەڕێن با ئەم ژیانە دڵخوازەی خۆم بژیم. ئەو سەرقاڵییە بچووک و ئەو درێژدادڕییانەی ئێوە سەبارەت بە ڕاستییەکانی ژیان ئازارم ئەدا و لەو بەهەشتەی کە تێیدام ئەمباتە دەرەوە. ئەبێ بە جوانترین شێوەی گونجاو بەرەو مەرگ بچم؛ من نامەوێ جگە لە شێوە و شێوازی خۆم بیر لە مەرگ بکەمەوە.

من چیم داوە لە گوتەی خەڵکی؟ پەیوەندی من و ئەوان لەپڕ ئەپچڕێ. تکایە باسی ئەوانم بۆ مەکەن. بینینی بەناچاری ڕوخساری دادوەر و پارێزەرەکەم بەسە.

بە خۆی ئەوت: «وا دیارە چارەنووسم مردن بێ لە دنیای ڤرۆشە و زیندەخەوندا. ئەبێ ئەوە قبووڵ بکەم مرۆڤێکی بێناوی وەک من، کە دڵنیایە تا پانزە ڕۆژی تر لە بیری هەمووان ئەچێتەوە، زۆر گەوجە ئەگەر بیکات بە قەشمەری.»

«سەرەڕای ئەمەش سەیر لەوەدایە کە من کاتێک هەستم بە هونەری چێژوەرگرتن لە ژیان کردووە کە کۆتاییەکەی ئەوەندە بە نزیک ئەبینم!»

ئەم دواین ڕۆژانەی ژیانی لە بانیجە تەنگەبەرەکەی سەرەوەی بورجەکە پیاسەی ئەکرد و چرووتی زۆر گرانبایی ئەکێشا کە ماتیلد تەتەری تایبەتی ناردبوو لە هولەندەوە بۆی هێنابوو. بەڵام قەت پێی وا نەبوو هەموو دووربینەکانی ناوشار چاوەڕوانی ئەوەن کە لە بانیجەی بورجەکە دەرکەوێ. بیری لە ڤێرژی بوو. هارگیز باسی خاتوو دورێنالی لەگەڵ فۆکە نەئەکرد. بەڵام ئەم هاوڕێ دڵسۆزە دوو سێ جار ئەوەی پێ وتبوو کە خاتوو دورێنال خەریکە چاک ئەبێتەوە و زایەڵەی ئەم هەواڵە لەناو دڵیا پەنگی خواردەوە.

کاتێک کە گیانی ژوولیەن سەرتاپا و کەم تا زۆر بەبەردەوامی لە دنیای بیر و ئەندێشەدا ئەفڕی، ماتیلد وەک شایستەی هەموو

دڵێکی ئاریستۆکراتی لەگەڵ ڕاستی خەریک بوو. ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە نامەگۆڕینەوەی مادام دوفرواک و مسیۆ دو فریلەری گەیاندبوویە ئاستێک لە دۆستایەتی، کە باس لە پلەی باڵای سەرۆکی کاردینالّ نشین هاتبوویە ئاراوە.

کاردینالّی بەڕێزی بەرپرسی بەشینەوەی داهاتی کلیسا، دەرکەناری نامەیەک بۆ برازاکەی نووسیبووی: «ئەم سۆرێلە ڕەبەنە، گەنجێکی گەوج و شێتۆکەیە. هیوادارم بۆمانی بگێڕنەوە.»

مسیۆ دو فریلەر بە بینینی ئەم دێڕانە وای لێهات وەک بڵێی بوورابێتەوە. گومانی لەوەدا نەما کە ژوولیەن بەرئەبێ!

ڕۆژێک بەر لە تیروپشکی هەڵبژاردنی سی و شەش ئەندامی دەستەی داوەران، ئاوەهای بە ماتیلد وت:

ــئەگەر ئەم قانوونە ژاکۆبۆنیە نەبوایە کە ناچارمان ئەکات ژمارەیەکی زۆر وەکو دەستەی داوەران هەڵبژێرین و لە ڕاستیدا جگە لە بێدەسەڵات کردنی کەسانی پاکنەژاد هیچ مەبەستێکی تری نییە، من دەستەبەری بڕیاری دادگام ئەکرد و کەرەسەی بڕیاری بێتاوانی قەشە «ن»م دابین ئەکرد.

بەیانی ئەو ڕۆژە مسیۆ دو فریلەر لە ناو ئەو ناوانەدا لە سنۆقەکە هاتبوونە دەرەوە ناوی پێنج کەس لە ئەندامانی لیژنەی نهێنی بزانسۆن و لە بێگانەکانی شاریش مسیۆ ڤالێنۆ و مسیۆ دوموارۆ و مسیۆ دوشولەنی بینی. بەماتیلدی وت:

ــلە هەموو زیاتر من دەستەبەری ئەم هەشت ئەندامەی دەستەی داوەران ئەکەم. پێنج کەسی یەکەم خۆم لێیان ئەخورم. ڤالێنۆ پیاوی خۆمە و موارۆ منەتبارمە و دوشۆلەن گەمژەیەکە لە هەموو شت ئەترسێ.

ڕۆژنامە لیستی ئەندامانی دەستەی داوەرانی لە هەموو مەڵبەندەکەدا بڵاو کردەوە. خاتوو دورێنال، سەرەڕای ترسی

بێوێنەی لە مێردەکەی، خۆی ئامادە کرد بەرەو بزانسۆن.

تەنها شتێک کە جەنابی دورێنال لە ژنەکەی داواکرد ئەوە بوو، کە بۆ خۆدەربازکردن لە کێشەی بانگکردن بۆ دادگا وەکو شایەت، لە سەر جێگەی نەیەتە خوارەوە.

شارەوانی پێشووی ڤێریر بە ژنەکەی وت:

ــتۆ ئاگات لە دۆخی من نییە. من ئێستە، وەک خەڵک ئەڵێن، لە دەستەی خۆم دابڕاوم و چوومەتە ڕیزی ئازادیخوازانەوە. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەم ڤالێنۆ بێ چاوڕووە و ئەم مسیۆ دو فریلەرە، هەر بڕیارێک بۆ من نالەبار بێ، لە دادیار و دادوەران و دەستەی داوەران وەرئەگرن.

خاتوو دورێنال، زۆر سادە، لە بەرامبەر فەرمانەکانی مێردەکەیدا سەری دانەواند. بە خۆی وت: «ئەگەر بچم بۆ دادگا ڕەنگە وا بزانن ئەمەوێ تۆڵە بکەمەوە.»

بەڵام سەرەڕای ئەو بەڵێنانەی کە بە مێردەکەی و بە ڕازدارەکەی دابوو سەبارەت بە خۆپارێزی، هەر ئەوەندەی گەیشتە بزانسۆن، بە دەستی خۆی ئەم نامەیەی بۆ هەر سی و شەش ئەندامی دەستەی داوەران نووسی:

جەناب، من ڕۆژی داداگەییکردن لە دادگا نابم. بۆ ئەوەی ڕەنگە بوونم بۆ مسیۆ سۆرێل نالەبار بێ. من لەم دنیایەدا لە یەک ئارەزوو زیاترم نییە و ئەو ئارەزووەش کە زۆر لام مەبەستە، ڕزگاری ئەوە! نابێ هیچ گومانمان لەوەدا هەبێ ئەگەر مرۆڤێکی بێتاوان لەبەر من بەرەو مەرگ ببرێ، ماوەی ژیانی من پڕ ئەبێ لە ژەهر و ژان و دڵنیا بن کە ماوەکەی کورت ئەبێتەوە. ئێوە چۆن ئەتوانن بڕیاری مەرگی ئەو بدەن لە کاتێکا من زیندووم! نەخێر، کۆمەڵ بۆی

نییە گیانی هیچکەس لەو وەربگرێ و لە هەمووان زیتریش مرۆڤێکی وەکو ژوولیەن سۆرێل. لە شاری ڤێریر هەموو ئەزانن کە ئەو هەندێ جار تووشی گرگاشە و پەرێشانی ئەبێ. لەبەر ئەوەی ئەم جەوانە ڕەنەبە دوژمنی بەهێزی هەیە. بەڵام کێیە کە تەنانەت لە نێوان دوژمنەکانیشدا، کە لە ژمارە بەدەرن، بتوانێ نکوڵی لە بەهرە و توانای شایانی پەسن و زانایی قووڵی ئەو بکەن. جەناب، ئەو کەسەی دادگایی ئەکەن، مرۆڤێکی ڕەمەکی نییە. بۆ ماوەی هەژدە مانگ هەر هەموومان بە پیاوێکی پیرۆز و زانا و کۆشامان ناسیوە. بەڵام هەموو ساڵێک دوو سێ جار تووشی گرگاشەی ماخۆلان بووە و تا قۆناغی دێوانەبوون بردوویەتی. هەموو شاری ڤێریر، هەموو دراوسێکانی ئێمە لە ڤێرژی، ئەو ناوچەی کە وەرزە جوانەکانی ساڵ ئەچین بۆ ئەوێ، هەموو بنەماڵەی من و خودی جەنابی فەرماندار، پاکی کەم وێنەی ئەسەلمێنن.

ئەم مرۆڤە هەموو ئینجیلی لەبەرە. مەگەر ئەکرێ کافرێک ساڵەها خۆی ماندوو بکات بۆ لەبەر کردنی پەرتووکی پیرۆز؟! کوڕەکانم شانازی پێشکەشکردنی ئەم نامەیان بە بەڕێزتان هەیە. منالن. جەناب، فەرموون لەو منالانە بپرسن، سەبارەت بەم جەوانە هەژارەی کە هەموو ئەو لایەنانەی بۆ سەلماندنی بێتاوانی ئەو پێویستە، بە ئێوە ئەڵێن بۆ ئەوەی بزانن بڕیاری تاوانبار چەندە بێ بەزەییانەیە. بەمکارەتان نەک هەر تۆڵەم ناکەنەوە، بەڵکو منیش ئەکوژن!

دوژمنانی ئەو لە بەرامبەر ئەم ڕاستیانەدا چ بەڵگەیەکیان هەیە؟ برینێک کە بەرەنجامی یەکێک لەو

چرکەساتانەی گرگاشە بووە و منداڵەکانیشم ئەو دارەتەیان لە مامۆستاکەیان‌دا بینیون، ئەوەندە سووک و بێ مەترسییە کە هێشتا دوو مانگ نەبووە توانیوەمە سواری فایتوون ببم و لە ڤێرێرەوە بێم بۆ بزانسۆن. جەناب، ئەگەر بزانم کە سەبارەت بە ڕزگاربوونی ئەم مرۆڤە بێتاوانە لە بێبەزەیی بوونی قانوون، تۆزکاڵێک دوودڵن، لە سەر جێگە ــ کە تەنها بە فەرمانی شووەکەم لە سەری ڕاگیراوم ــ دێمە خوارەوە و خۆم ئەخەم بەسەر پاتان‌دا.

جەناب، ڕایبگەیەنن کە بە ئەنقەست نەبووە و مسۆگەر نییە، تا لە لۆمەی ویژدان و پەشیمانی ڕژاندنی خوێنی بێتاوانێک، خۆتان بپارێزن. هتد... هتد...

بەندی XLI

# دادگایی

ولاَت بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ ئەم دادگاییە ناوازەیەی
لەبیر ئەمێنێ. حەزی جەماوەر بۆ تاوانبار گەیشتبووە
لوتکە؛ لەبەر ئەوەی تاوانەکەی سەرسامکەر
بوو، بەڵام زۆر بێبەزەییانە نەبوو. ئەگەریش
بوایە، کاریگەر نەبوو، چونکە ئەم
جەوانە ئەوەندە قۆز بوو! بەختی بەرزی
زوو بەرەو داچوون ئەچوو، بۆی بە پەرۆش بوون.
ژنان لە پیاوانی ئاشنایان ئەپرسی: ئەیکوژن یان نا؟
چاوەڕێی وەڵام، ڕەنگی ڕوخساریان وەکو گەچ وا بوو!
(سەنت بۆڤ)[١٨٣]

سەرەنجام، ئەو ڕۆژەی کە ئەوەندە مایەی ترسی خاتوو دورێنال و ماتیلد بوو، گەیشت.

ڕواڵەتی سەیری شار ترسەکەیانی دوو قات ئەکرد و تەنانەت لە سەر دڵی خۆڕاگر و ئازای فۆکەش کاریگەر ببوو. هەموو خەڵکی مەڵبەندەکە بۆ بینینی ئەم دادگاییە ئەفسانەییە هاتبوون بۆ شاری بزانسۆن.

چەند ڕۆژ بوو کە ئیتر جێگە لە هۆتێلەکان‌دا نەمابوو. لێشاوی

١٨٣ـ سەنت بێڤ: Charles Sainte_Beuve وێژەوان ڕەخنەگر (١٨٠٤ـ١٨٦٩) ڕەخنەگری وێژەیی فەڕانسەیی.

پسوولەی چوونە ژوورەوە بەرەو سەرۆکی کۆڕی دادگا بەڕێوە بوو. هەر هەموو ژنانی شار ئەیانویست لەو دادگاییەدا بەشداری بکەن. بە دەنگی بەرز وێنەی ژوولیەنیان لە شەقامەکان‌دا ئەفرۆشت و هتد... هتد...

ماتیلد ئەو نامەی کە هەمووی بە خەتی جەنابی کاردینالْ (...) بوو، بۆ ئەم دواین ساتە ڕاگرتبوو. ئەم کاردینالّە مەزنە کە کارگێڕی کلیسای فەڕانسە بوو و کاردینالّی دروست ئەکرد، بە گەورەیی خۆی داوای بەردانی ژوولیەنی کردبوو. ڕۆژی بەر لە دادگایی، ماتیلد ئەم نامەیەی برد بۆ خزمەتی جێگری بەدەسەلاّتی کاردینالْ.

لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا کە ماتیلد بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە ئەچوویە دەرەوە، مسیۆ دو فریلەر کە سەرەنجام دەستی لە پارێزکردنی ڕامیارانەی خۆی هەڵگرتبوو و تا ڕادەیەک هەژابوو، وتی:

ــمن دەستەبەری بڕیاری دەستەی داوەران ئەکەم. لەم دوانزە کەسەی کە ڕاگەیشتن بە ڕاستی و ڕەوایی ئەم تاوانە بە دۆسەتەکەی تۆ و لە هەموو گرنگتر، لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەنقەست بوون یان نەبوونی هەوڵی کوشتن لە ئەستۆیانە، شەشیان ڕاستەوخۆ مرۆڤی خۆمن. منیش ڕاستەوخۆ بەم کەسانەم وتووە کە بوونی من بە کاردینالْ بەستراوە بە بڕیاری ئەوانەوە. بارۆن ڤالێنۆ کە خۆم کردوومە بە شارەوانی ڤێریر، دەسەلاّتی دووانەکەی شاری خۆیان واتە مسیۆ دومارۆ و مسیۆ دوشولەن وا بە دەستییەوە. لە ڕاستیدا، بە داخەوە چارەنووس دوو کەسی پێداوین کە زۆر بیرخوار و بەدپندارن. بەلاّم ئەم دوو کەسە، سەرەڕای توندڕەوی لە ئازادیخوازی، لە کاتی گرنگ‌دا، گوێ لە قسەی من ئەگرن. جا منیش بە جۆرێک تێمگەیاندوون وەکو مسیۆ ڤالێنۆ دەنگ بدەن.

وەک بزانم نەفەری شەشەمی دەستەی داوەران کە کارگەدارێکی دەوڵەمەند و ئازادیخوازێکی فرەوێژە، لە بنەوە ئەیەوێ ببێ بە بەڵێنداری وەزارەتی جەنگ و دیارە نایەوێ من بڕەنجێنێ. منیش لە ڕێگەی یەکێکەوە پەیامم بۆ ناردووە کە دوا قسەیم ئەبێ لە دەمی مسیۆ ڤالێنۆوە ببیسێ!

ماتیلد بە شپرزەیی پرسی:

ـئەی ئەم ڤالێنۆویە خۆی کێیە؟

ـئەگەر بتناسیایە هیچ گومانت لە سەرکەوتنی خۆمان‌دا نەئەبوو. وتاربێژێکی بوێر و چەقاوەسوو و توندە کە بۆ سەرکردایەتی گەوجان دروستکراوە. ساڵی ١٨١٤، ڤالێنۆی لە هەژاری و نەداری ڕزگاری کرد و منیش ئەمەوێ بیکەم بە پارێزگار! پیاوێکە ئەگەر ئەندامانی تری دەستەی داوەران بە خواستی ئەو دەنگ نەدەن، لێی ئەوەشێتەوە دەستیان لێ بەرز بکاتەوە.

ماتیلد تۆزێک سوکنایی هات.

ئەو شەوە مشتومڕێکی تر چاوەڕێی ئەکردن. ژوولیەن بۆ بەرگری لە درێژبوونەوەی ئەو کێشە نالەبارەی ئەنجامەکەی ئەزانی، هەوڵیدا سەری قسە بگرێ بە دەستەوە.

بە ماتیلدی وت:

ـپارێزەرەکەم قسە ئەکات و بەس. من زیاتر لەوەی کە پێویست بێ وام لەبەر چاوی دوژمنەکانمدا. ئەم گوندییانە لەو پێشکەوتنە خێرایەی لە سایەی تۆوە کردوومە، زۆر ڕەنجاون و بڕوات هەبێ تاقە کەسێکیش نادۆزیتەوە ئارەزووی بڕیاری مەرگی منی نەبێ؛ هەرچەند کاتی بردن بۆ بن سێدارە وەکو گەمژەیەک فرمێسک بڕێژێ.

ماتیلد وەڵامی دایەوە:

ـئارەزوویان بینینی تۆیە بە کزی و سەرشۆڕی، ئەوە زۆر

ڕاستە. بەڵام من ئەم کەسانە بە بێ بەزەیی نازانم. بوونی من لە بزانسۆن و دیمەنی خەم و ئازاری من، خولیایەکی لە دڵی ژنان‌دا بزواندووە. ڕوخساری کەشخەی تۆش ئەو بەشەکەی تری جێبەجێ ئەکات. ئەگەر یەک وشە لە بەرامبەر دادوەران‌دا قسە بکەی، هەموو بیسەران ئەبن بە لایەنگرت...

شتی تری لەم بابەتە زۆر وترا.

بەیانی، کاتژمێر نۆ، کاتێک کە ژوولیەن بۆ چوون بۆ تەلاری دادگا لە زیندانەکەی هاتە خوارەوە، زۆری ئاپۆرە لە حەوشە بە ئەندازەیەک بوو کە جەندەرمەکان بە زۆر شەقامێکیان بە ناو حەشاماتەکەدا کردەوە. ژوولیەن باش خەوتبوو. زۆر هێور و ئاسوودە بوو و بە بەزەییەکی فەیلەسووفانەوە ئەیڕوانییە ئەو جەماوەرە گەمار و پنتیەی کە ئامادە بوون زۆر بە سانایی چەپڵە بۆ بڕیاری کوشتنی لێبدەن. کاتێک کە زیاتر لە چارەکێک لە ناو حەشاماتەکەدا ڕاگیرا و ناچار ددانی بەوەدا نا کە بوونی سۆزێکی میهرەبان لە دڵی ئەو خەڵکەدا بەدی ئەهێنێ، زۆر لای سەیر بوو. تاقە یەک قسەی ناشیرینی بەرگوێ نەکەوت و بە خۆی وت: «ئەم گوندییانە لەوە کەمتر بەد ئەندێشەن کە من پێم وا بوو!»

کاتی چوون بۆ دادگا لە جوانی تەلارەکە سەری سووڕ ما. شێوازی گۆتیکی ڕەسەن بوو و ڕیزێک ستوونی بچووک و جوانی بەردینی هەبوو کە لەوپەڕی وردبینی‌دا تاشرابوون. وای زانی لە ئینگلیزە!

بەڵام ئەوەندەی نەبرد سەرنجی لە سەر دوانزە تا پانزە ژنی جوان گرسایەوە کە بەرامبەر بە کورسی تاوانبار، سێ باڵکۆنیان لە سەر سەری دادوەران و دەستەی داوەران پڕکردبوویەوە. کاتێک کە وەرگەڕا بەرەو خەڵکەکە، هەیوانێکی نیوبازنەی بینی ئەیڕوانی بەسەر تەختایی ناو داگادا و تەژی ژن بوو. زۆربەیان گەنج بوون

و زۆر شەنگ هاتنە پێش چاوی. چاوەکانیان ئەبریسکایەوە و پڕ لە تامەزرۆیی بوون. لە شوێنەکانی تری ناو هۆڵەکەدا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر دانیشتبوون. لەبەر دەرگاکانی هۆڵی دادگا، شەڕ و لێدان بوو و پاسەوانەکان نەیان ئەتوانی بێدەنگی بپارێزن.

کاتێکیش کە هەموو ئەو چاوانەی بەدوای ژوولیەندا ئەگەڕان، ئەویان لە کاتی دانیشتن لە سەر ئەو کورسییەی تۆزێ بەرز بوو، بینی، هەستیان بە بوونی ئەو لە دادگادا کرد و غەڵبەغەڵبێک سازبوو کە تێکەڵ بە سەرسووڕمان و میهر و سۆز بوو.

ئەو ڕۆژە واپێئەچوو بیست ساڵ تەمەنیەتی. زۆر سادە بەڵام بە ناسکییەکی تەواوەوە جلی لەبەر کردبوو. قژی و تەوێڵی دڵڕفێن بوو. ماتیلد ویستبووی ئاگای لە ئارایشتەکەی ببێ. ڕەنگی تۆزێ زیاتر پەڕیبوو. ئەوەندەی لە سەر کورسی تاوانبار دانیشت، لە هەموو لایەکەوە بیسرا: خوایەگیان! چەندە جوانکیلەیە!... مناڵە... ئەوە خۆ لە وێنەکەی جوانترە!

جەندەرمەیەک کە لە دەستی ڕاستییەوە بوو، پێیوت:

ـــئەو شەش ژنە ئەبینی لەو باڵکۆنە دانیشتوون؟

ئەو شوێنەی جەندەرمە پیشانی دا، هەیوانێکی تەنگەبەری قۆقز بوو ئەیڕوانی بەسەر تەختایی دادگا و شوێنی دانیشتنی دەستەی داوەراندا.

جەندەرمە وتی:

ـــئەوە ژنی پارێزگارە. ژنەکەی تەنیشت مادام لامارکیز م... ئەمەیان زۆر تۆی خۆش ئەوێ. خۆم گوێم لێبوو لەگەڵ دادیار قسەی ئەکرد. ژنەکەی پاش ئەویشەوە خاتوو دورڤیلە.

ژوولیەن دەنگی هەڵێنا:

ـــخاتوو دورڤیل؟!

بە دەمییەوە ناوچەوانی سوور داگیرسا. بە خۆی وت: «ئەم ژنە

ئەوەندەی بچێتە دەرەوە، نامەیەک بۆ خاتوو دورێنال ئەنووسێ.»
ژوولیەن ئاگای لەوە نەبوو کە خاتوو دورێنال لە بزانسۆنە.

شایەتی شایەتەکان بە خێرایی بیسرا. لە هەمان سەرەتاوە کە دادنامە لە لایەن دادیارەوە خوێنرایەوە، فرمێسک بە چاوی دوان لە ژنانی بالکۆنی تەنگەبەری ڕووبەڕووی ژوولیەندا داباریبیە خوارەوە. ژوولیەن بیری کردەوە: «خاتوو دورڤیل وا بە ئاسانی ناکەوێتە بن کاریگەری. هەرچەند بینی ڕەنگی بە تەواوەتی سوور هەڵگەڕاوە.»

دادیار بە فەڕانسەیەکی زۆر خراپ سەبارەت بە دڕندەیی تاوانبار لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا ئەدوا. ژوولیەن بینی ڕواڵەتی هەڤاڵانی خاتوو دورڤیل وای دەرئەخات لەگەڵ بۆچوونی دادیار نین. چەند نەفەر لە ئەندامانی دەستەی داوەران کە وادیار بوو لە دۆستان و ئاشناکانی ئەم ژنانەن، لەگەڵیان ئەدوان و ئەتوت دڵنیایان ئەکەنەوە. ژوولیەن بە خۆی وت: «ئەم شتانە ئەبێ بە نیشانەی چاکە و دڵنیایی دابنێم.»

تا ئەو دەمە، سەبارەت بە دانە دانەی ئەوانەی لەم دادگاییەدا بەشدار ئەبن، سووکایەتییەکی بێخەوش لە دڵیدا هەڵئەقوڵا. زمانپاراوی گەوجانە و بێتامی دادیار ئەم هەستەی دوو بەرامبەر کرد. بەڵام وردە وردە دڵڕەقی ژوولیەن سەبارەت بە نیشانەکانی سۆز و هەستی دۆستانەی ڕوون و ئاشکرا ڕەوییەوە.

ڕواڵەتی پیاوانەی پارێزەرەکەی خۆی بە دڵ بوو. کاتێکیش کە پارێزەر هەڵسا بۆ قسەکردن، زۆر بە ئەسپایی پێیوت: «درێژدادڕی بێبرەو!»

پارێزەر وەڵامی دایەوە:

ـ هەموو ئەو ڕستە دوورودرێژانەی لە بۆسوێتی[١٨٤]

١٨٤ـ بۆسوێتی: Jacques-Bénigne Bossuet نووسەر و ئاینزان و وتاربێژی فەڕانسەیی

وەرگرتبوو، بە سوودی تۆ تەواو بوو.

ڕاستییەکەشی هێشتا پێنج خولەک قسەی نەکردبوو کە زۆربەی ژنەکان دەسڕیان گرت بە دەستەوە. ئەمە پارێزەری هاندا و قسەی زۆر بەپێزی بە دەستەی داوەران ڕاگەیاند. ژوولیەن تەزووی پیاهات! ئەیدی خەریکە فرمێسکی دابارێتە خوارەوە. خوایە گیان! ئەی دوژمنەکانم چی ئەڵێن؟

کاتێک کە خەریک بوو بکەوێتە بن کاریگەری هەستەوە، خۆشبەختانە نیگای لە نیگای بێشەرمی مسیۆ لۆبارۆن دوڤالێنۆ گیرا. بەخۆی وت:

ــچاوەکانی ئەم تایەنە ئاگری لێ ئەبارێ! چ سەرکەوتنێک بەدەست ناهێنێ ئەم ئاڕەسەنە! ئەگەر بەرەنجامی تاوانەکەم تەنها ئەمەش بوایە، دیسانەوەش ئەبوایە نەفرەتی لێبکەم. خوا ئەیزانێ دەربارەی من چی بە خاتوو دورێنال ناڵێ!

ئەم ئەندێشەیە هەموو پندارەکانی تری سڕییەوە و ژوولیەن، باش بوو بە هۆی هەست کردن بە ڕەزامەندی و لایەنگری خەڵک هاتەوە بە خۆیا. پارێزەر داکۆکییەکەی تەواو کردبوو. ژوولیەن هەستی کرد کارێکی جوان ئەبێ ئەگەر دەستی پارێزەرەکەی بگووشێ؛ کات بە خێرایی تێپەڕیبوو.

ساردەمەنیان بۆ پارێزەر و تاوانبار هێنا. جا لەو کاتەدا بوو کە ژوولیەن لە دیاردەیەک سەری سووڕما. هیچ ژنێک بۆ نانی شێوان نەچووبوویە دەرەوە!

پارێزەر وتی:

ــبە خوا خەریکە لە برسان لار ئەبمەوە. تۆ چی؟

ژوولیەن وەڵامی دایەوە:

ــمنیش وەکو تۆ.

---

(١٦٢٧ـ١٧٠٤).

پارێزەر باڵکۆنە تەنگەبەرەکەی پیشاندا و وتی:

ــچاوت لێیە؟ شێوی ژنی پارێزگاریان هێناوە بۆ ئێرە. ورەت بەرز بێ، دۆخەکە لە بەرژەوەندی ئێمەیە.

دادگا دەستی پێکردەوە.

لەو کاتەدا کە سەرۆکی دادگا قسەکانی خۆی ئەهێنایەوە یەک، زەنگی نیوەشەو لێدرا. سەرۆک بە ناچار قسەکانی خۆی بڕی. لە بێدەنگییەکدا کە کەڵکەڵە و دڵەڕاوکە باڵی بەسەر هەمووان‌دا ڕاکێشابوو، زایەڵەی زەنگی کاتژمێرەکە هۆڵەکەی دائەگرت.

ژوولیەن لای خۆی وتی: «سەرەتای دواین ڕۆژی ژیانی من.» ئەوەندەی پێنەچوو گیانی لە بیری ئەرک، گڕی تێبەربوو. تا ئەو کاتە بەسەر سۆز و خرۆشی دەرونی‌دا زاڵ ببوو و بڕیارەکەی خۆی بردبوویە سەر و بێدەنگ ببوو. بەڵام کاتێک کە سەرۆکی دادگا لێی پرسی قسەیەکی تری هەیە یان نا؟ هەڵسا سەرپێ. چاوەکانی خاتوو دورڤیل کە لەبن تیرێژی چراکان‌دا زۆر درەوشاوەتر خۆیایان ئەکرد، لە بەرامبەری خۆیا ئەبینی. لە دڵی خۆی‌دا وتی: «نەکا ئەویش بە ڕێکەوت گریابێ؟»

**«ئەندامانی دەستەی داوەران،**

**«ترس لە سووکایەتی، کە پێموابوو لە ساتی مەرگ‌دا بتوانم بەرەنگاری ببمەوە، وای لێکردم کە قسە بکەم. من شانازی ئەوەم پێنەبڕاوە لە چینی ئێوە بم. ئێوە وەکو کوڕە جوتیارێک تێم ئەڕوانن کە دژی بەختی بەدی خۆی ڕاساوە.**

ژوولیەن بەگوڕ و بەپێزتر دەنگی هەڵێنا و درێژەی دا:

**«من داوای هیچ جۆرە بەزەیی و لێبوردنێکتان لێناکەم.**

هیچ خۆم نادەم بە دەست ئەندێشە و زیندەخەونەوە، مەرگ چاوەڕێمە و ئەوەش لای من ڕەوای دادە. من ویستوومە ژنێک بکوژم کە زیاتر لە هەموو ژنێکی تر شیاوی ڕێز و نەوازشە. خاتوو دورێنال وەک دایکی من بوو. تاوانەکەم تاوانێکی دڕندانەیە و ئەم تاوانە بە مەبەست و بە ئەنقەست ڕووی داوە. کە وا بوو من، ئەی ئەندامانی دەستەی داوەران، شایستەی مەرگم. بەڵام ئەگەر تاوانەکەم لەمەش کەمتر بوایە، لە بەرامبەر خۆمدا کەسانێک ئەبینم کە هیچ بەزەییان بە جەوانیمدا نایەت و لە ڕێگەی کوشتنی منەوە ئەیانەوێ هەموو ئەو گەنجانە بکوژن و سزا بدەن کە سەرەڕای لەدایکبوون لە داوێنی چینێکی نزم و ئەشکەنجەی نەداری و هەژاری، خاوەنی پەروەردە و بارهێنانێکی زۆر شایستەن و وێراویانە خۆیان لەو شتەدا هەڵقورتێنن کە بە خۆپەرستی و فیزی دەوڵەمەندانی کۆمەڵ ناوزەد ئەکرێ!

«تاوانی من ئەمەیە و... سزای ئەم تاوانە زیاترە، چونکە من، لە ڕاستیدا بە دەست هاوپایەکانی خۆم دادگایی ناکرێم! من لە سەر ئەو کورسیانەی دەستەی داوەران تەنانەت گوندییەکی دەوڵەمەنیش نابینم. ئەوەی هەیە هەر هەموویان لە بورژوا تووڕە و هەژاوەکانن...»

ژوولیەن ماوەی بیست خولەک بەم شێوازە قسەی کرد. ئەوەی لە دڵیدا بوو وتی. دادیاری دادگا کە تامەزرۆی چینی ئاریستۆکرات بوو، لە خۆشیان هەڵی ئەخستەوە. بەڵام سەبارەت بەو شێوازە بەناوەڕۆک و ڕازاوییەی ژوولیەن وتاری ئەدا، هەموو ژنەکان فرمێسکیان ئەڕژان. خاتوو دورڤیلیش دەسڕی بە چاوەکانیا ئەهێنا. ژوولیەن بەر لە کۆتایی هێنان بە قسەکانی،

باسی ئەنقەست و مەبەستی کرد لە پەلاماری کوشتن‌دا، باسی پەشیمانی خۆی، باسی ڕێز و نەوازش و میهری دایکانە و لە ڕادەبەدەری خۆی بۆ خاتوو دورێنال کرد لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی‌دا. خاتوو دورڤیل نرکەیەکی لێوەهات و لەسەرخۆ چوو!

کاتژمێرێک لە نیوەشەو تێپەڕیبوو کە ئەندامانی دەستەی داوەران چوون بۆ ژووری خۆیان. هیچ ژنێک لە جێگەی خۆی نەبزوا بوو. فرمێسک لە چاوانی چەند پیاودا ئاڵقەی بەستبوو. وتووێژی خەڵک سەرەتا گەرم و توند بوو. بەڵام کەم کەم، لەبەر ئەوەی کە دەستەی داوەران زۆریان پێچووبوو، ماندوێتی گشتی، وردە وردە ناو دادگای هێور کردەوە. ساتێکی گران بوو. ڕووناکی چراکان کزتر بوو.

ژوولیەن کە زۆر ماندوو بوو، لە بنەوە گوێی بۆ گفتوگۆی خەڵکی شل کردبوو؛ جەماوەر ئەیانویست بزانن ئەم دواکەوتنە بە باش دابنێن یان بە خراپ... بینی هەموو ئەو خەڵکە داوا لە خوا ئەکەن ڕزگاری بێت. دەستەی داوەران هەواڵیان نەبوو. سەرەڕای ئەمەش هیچ ژنێک لە هۆڵەکە نەئەچووە دەرەوە.

کاتێک کە دوو کاتژمێر لە نیوەشەو تێپەڕیبوو، زەنگی کاتژمێری دیواری لێیدا، جۆش و خرۆشێکی سەیر پەیدا بوو. دەرگای بچکۆلەی دەستەی داوەران کرایەوە. مسیۆ لۆبارون دوڤالێنۆ کە هەموو ئەندامانی دەستەی داوەران بە دوایەوە بوون، بە هەنگاوی قورس و دەسکرد هاتە پێشەوە. کۆکەیەکی کرد، پاشان ڕایگەیاند، بە ویژدان و بڕوای کە دەستەی داوەران بە تێکڕای دەنگی نهێنی ژوولیەن سۆرێلیان بە تاوانباری کوشتن زانیوە و ئەویش کوشتنی بە ئەنقەست: بەرەنجامی ئەم بڕیارەش سزاکەی کوشتنە؛ ئەمەیان تۆزێ پاشتر ڕاگەیەنرا. ژوولیەن سەیری کاتژمێرەکەی کرد و بیری مسیۆ دو لاڤالێت کەوتەوە. دوو کاتژمێر و چارەکێک لە نیوەشەو تێپەڕیبوو. لای خۆی وتی: «ئەمڕۆ ڕۆژی هەینیە.»

«بەڵێ، بەڵام ئەم ڕۆژە بۆ ڤالێنۆ کە بڕیاری مەرگ ئەدا، ڕۆژێکی خۆشە. وەها دەورم گیراوە کە ماتیلد ناتوانێ وەکو مادام دو لاڤالێت من ڕزگار بکات! واتە سێ ڕۆژی تر، لەم کاتژمێرەدا، ئەتوانم بزانم کە سەبارەت بە مەتەڵۆکی گەورەی مەرگ و ئەو دنیا چۆن بیر بکەمەوە.»

لەو کاتەدا هاوارێکی بیست و لەو دنیایە هاتە دەرەوە. بە دەورییەوە ژنان ئەگریان. بینی هەموو سەرەکان بەرەو ئەو هەیوانە تەنگەبەرە ئاوڕی داوەتەوە کە لە سەر ستوونی گۆتیکی چوار گۆشە ڕاوەستابوو. ماوەیەک پاشتر زانی کە ماتیلد لەوێ خۆی شاردۆتەوە. کە جارێکی تر ئەم هاوارە نەبیسرا، دووبارە هەموو چاوەکان گەڕایەوە بۆ لای ژوولیەن کە جەندەرمەکان هەوڵێکی زۆریان ئەدا لە ناو حەشاماتەکەوە ڕێگەی بۆ بکەنەوە و بیبەنە دەرەوە.

ژوولیەن بیری کردەوە: «هەوڵبدەم هۆکاری گاڵتە و لۆمە نەدەم بەدەست ئەم ڤالێنۆ چەپەڵەوە. کاتی ڕاگەیاندنی بڕیاری کوشتن چ دارەتێکی خەمناک و پەشیمانی درۆزنانەی بەخۆوە گرتبوو! لەکاتێکا سەرۆکی دادگا کە ساڵەهایە دادوەرە، کاتی ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە، فرمێسک لە چاوانی‌دا قەتیس ببوو. چەندە شادمان ئەبێ کە تۆڵەی ئەو ململانێ دێرینەی لە سەر خاتوو دورێنال، لێم کردۆتەوە! کە وا بوو من ئیتر ئەم ژنە نابینمەوە. کار لە کار ترازا. دواین ماڵاوایی من و ئەو هەرگیز ڕوو نادا. باش ئەزانم. چەندە دڵم ئەکرێتەوە ئەگەر بتوانم نەفرەتی خۆم لە تاوانەکەم بەو ڕابگەیەنم!

تەنها ئەم چەند وشەیەم پێئەوت: «وا هەست ئەکەم زۆر دادگەرانە حوکم دراوم!»

بەندی XLII

## لە زیندان

کاتێک کە ژوولیەنیان گەڕاندەوە بۆ زیندان، خستیانە هۆدەیەکەوە کە تایبەتی سزادراوانی مردنە. ئەویش کە ڕاهاتبوو ئاگای لە کەمترین ڕووداو هەبوو، نەیزانیبوو نایبەنەوە بۆ بورجەکەی خۆی. بیری لەو قسانە ئەکردەوە کە ئەگەر هات و بەختی یار بوو و خاتوو دورێنالی بینی، پێی بڵێ. پێی وا بوو کە ئەو قسەکەی پێ ئەبڕێ و ئەیویست لە سەرەتاوە هەموو پەشیمانییەکانی خۆی پێ بڵێ. «ئەی پاش ئەو کارە چۆن تێی بگەیەنم کە تەنها ئەوینداری ئەوم! چونکە پاش هەموو ئەمانەش ئەبێ بڵێم کە من لە ڕووی خودپەرستی یان لە ئەنجامی ئەوینی ماتیلددا بوو کە ویستم بیکوژم.» کاتێک کە چووە سەر جێگە، هەستی کرد چەرچەفەکەی لە خامی زبرە. چاوی کرایەوە. بە خۆی وت: «وایە، من وەکو مەحکوم بە مەرگ لە زیندانم. هەقی خۆیەتی.»

کونت ئاڵتامیرا ئەیگێڕایەوە کە دانتۆن ڕۆژی بەر لە کوشتنی بەو دەنگە گڕەی خۆی وتوویەتی:

ــسەیرە، هەموو کردارەکانی چاوگی «لەگیوتین دان» دابەش ناکرێ. بۆ نموونە ئەتوانین بڵێین:

بۆ بن گیوتین ئەنێردرێم

بۆ بن گیوتین ئەنێردرێی

بەڵام ناتوانی بڵێی: بۆ بن گیوتین نێردراوم.

ژوولیەن بە خۆی وت: «بۆ ناتوانین، ئەگەر تەمەنێکی تر هەبێ!

سوێند بێ بە ڕاستی، ئەگەر خوای مەسیحیەکان ببینم، بەدبەخت ئەبم: ستەمکارە و تامەزرۆی تۆڵە سەندنەوەیە. ئینجیلەکەی جگە لە سزای سامناک باسی هیچی تر ناکات. من هەرگیز خۆشم نەویستووە. تەنانەت هەرگیز نەمویستووە بڕوا بەوەش بهێنم کە ڕەنگە لە ناخی دڵەوە خۆشم ویستووە. ئەو بەزەیی نییە (چەندین ئایەتی ئینجیلی هاتەوە بیر)، سزایەکی زۆر قورسم ئەدات...»

«بەڵام ئەگەر خوای فێنلۆن[185] بدۆزمەوە! ڕەنگە پێم بڵێ زۆربەی تاوانەکانت ئەبەخشرێ، چونکە زۆرت خۆشویستووە...»

«زۆرم خۆشویستووە؟ ئاخ! من شەیدای خاتوو دورێنال بووم، بەڵام ڕەفتارم نەشیاو بوو. لەوێش وەکو هەموو شوێنێکی تر، لێوەشاوەیی سادە و بێفیزم، بە تەماحی شتی درەوشاوە بەجێهێشت...»

«بەڵام چ دوورنەمایەکیش لەبەر چاوەکانما ورشە ورشیان بوو! ئەگەر جەنگێک ڕووی بدایە، ئەبووم بە سەرهەنگی سوارە... چونکە بە خێرایی لە کارەکان‌دا ئەبووم بە پسپۆڕ. تەنانەت ئەگەر گەوجێکیش بوومایە، کێ ئەیوێرا خۆی لە قەرەی زاوای لۆمارکیز دولامۆل بدات؟ هەموو گەوجێتیەکانم ئەبەخشرا و یان با بڵێین نەخوازە مادالیای لێزانی و لێوەشاوەییم وەرئەگرت و لە ڤیەنا یان لەندەن خۆشترین ژیانم بۆ دابین ئەکرا.»

«جا بێگومان سێ ڕۆژی تریش سەری جەنابم، نەئەچووە بن گیوتین!»

ژوولیەن لە ناخی دڵەوە بەم نوکتەیە پێکەنی و بە خۆی وت: «لە ڕاستیدا، مرۆڤ دوو بوونەوەری لە هەناوی خۆی‌دا هەن.» هەر خۆیشی وەڵامی خۆی دایەوە: «بەڵام کامە نەگبەت بیری لەم

١٨٥ـ فێنلۆن: François Fénelon، قەشەی نووسەر و ئاینزان و هۆنەری فەڕانسەیی. پەروەردگاری بە خوای سۆز و لێبوردن ئەزانی و پێی وا بوو خوا ئەوەندە بەخشندەیە نابێ بیکەی بە دادوەر (١٦٥٠ـ١٧١٥).

ماخۆلە دزێوە کردۆتەوە!»

لە وەڵامی ئەوەیان کە قسەکەی پێ بڕیبوو، وتی:

ــزۆر چاکە، بەڵێ، دۆستی من. سێ ڕۆژی تر سەرم ئەچێتە بن گیوتین. مسیۆ دوشۆلەنیش لەگەڵ ئابە مالۆن پەنجەرەیەک ئەگرن بە کرێ. باشە، بۆ بە کرێگرتنی ئەم پەنجەرەیە، کام لەم دوو پیاوە شایستەیە، گیرفانی ئەویتریان ئەبڕێ؟

ئەم بەشەی پەرتووکی ڤەنسلاس نووسینی «ڕۆترۆ»[١٨٦] هاتەوە بیری:

لادیسلاس: **گیانی من بەتەواوەتی ئامادەیە.**

شا (باوکی لادیسلاس): **داری قەنارەش؛ سەرت بفەرە بەری.**

بە خۆی وت: «چ وەڵامێکی جوانی داوەتەوە!» و ئیدی خەوی لێکەوت. بەیانی بە هۆی کەسێکەوە کە بە توندی بە خۆیەوە ئەیگوشی، لەخەو ڕابوو.

ژوولیەن چاوە بێوازەکانی کردەوە و وتی:

ــچی بووە، کاتیەتی؟

خۆی لە ناو دەستەکانی جەللاددا ئەبینی.

ماتیلد بوو. ژوولیەن لە دڵی خۆیدا وتی: «باش بوو نەیزانی چیم وت!» لە ئەنجامی ئەم بیرەدا هاتەوە بە خۆیدا. ڕوخساری ماتیلد ئەتوت لە ئەنجامی شەش مانگ ناخۆشیدا ئاوا گۆڕاوە، ڕاستەکەی ماتیلد نەئەناسرایەوە.

مادمازێل دولامۆل دەستەکانی خۆی ڕائەوەشاند و ئەیوت:

ــئەم فریلەرە بێ ناموسە ناپیاویی لەگەڵ کردم.

ئەوەندە تووڕە بوو نەی ئەتوانی بگری.

---

١٨٦ـ ژان ڕۆترۆ: Jean Rotrou (١٦٠٩ـ١٦٥٠) هۆنەر و شانۆنووسی فەڕانسەیی.

ژوولیەن شتێکی تری ئەپرسی:

ــدوێنێ کاتی وتاردان قۆز نەبووم؟ کرژ و سەربەخۆ بۆم ئەهات. یەکەم جار بوو ئەو کارە بکەم. لە ڕاستیدا لەوە ئەترسام کە ئەوە دواین وتارم بێ.

لەکاتەدا، ژوولیەن بەڕاستی وەکو پیانۆژەنێکی پسپۆڕ کە دەست بۆ هەموو کلیلەکانی پیانۆکەی ئەبات، لەوپەڕی هێوریدا، ناخ و هەناوی ماتیلدی ئەژەند.

ژوولیەن وتی:

ــڕاستە کە من بە بنەچە زۆر ناسراو نیم، بەڵام گیانی مەزنی ماتیلد دڵدارەکەی گەیاندۆتە ئاستی خۆی. پێت وایە کە بۆنیفاس دولامۆل لە داوەریکردنی خۆیدا کەسایەتییەکی لە من باشتر بووبێ؟

ئەو بەیانییە، ماتیلد بە دوور لە ڕواڵەتسازی، وەکو کچێکی تایەن کە لە قاتی پێنج ئەژی، میهرەبان ببوو. بەڵام نەیتوانی قسەی ساکارتر لە دڵدارەکەی خۆی ببیسێ. ژوولیەن ئەو ئەشکەنجانەی زۆر جاران لێیی بینیبوو، ناخودئاگا، بۆی ئەگێڕایەوە.

ژوولیەن بە خۆی ئەوت: «سەرچاوەی نیل نازانین لە کوێیە. خوا ئەم توانایەی نەداوە بە چاوی مرۆڤ کە پادشای ڕووبارەکان، وەکو جۆگەلەیەکی ئاسایی ببینێ. هەر بەو جۆرەش چاوی هیچ مرۆڤێک ناتوانێ خاڵی لاواز لە ژوولیەندا ببینێ؛ ئەویش لەبەر ئەوەی کە ژوولیەن لاواز نییە. بەڵام من دڵێکم هەیە ناسکە و زۆر بە ئاسانی کاری تێئەکرێ. سادەترین قسە ئەگەر بە ڕاستگۆیی بوترێ، ئەتوانێ دڵم بهەژێنێ و تەنانەت فرمێسکم پێ دابارێنێ. جا چەندەها مرۆی دڵڕەق هەر بەم هۆیەوە سووکایەتیان پێکردووم! وایان زانیوە من داوای لێبوردن ئەکەم؛ ئەمەش ئەو شتەیە هەرگیز لە من ڕوو نادا.»

«ئەڵێن دانتۆن لەبن سێدارە، لە یادی ژنەکەی دڵی پڕ ئەبێ. بەڵام دانتۆن ورە و وزەی دا بە نەتەوەیەکی دەبەنگ و نەیهێشت دوژمن بگاتە پاریس... تەنها خۆم ئەزانم چیم پێئەکرا. ئەوپەڕی بۆچوونی خەڵکی لە سەر من، لە ڕەنگە و گریمان تێناپەڕێ.»

«ئەگەر لەبری ماتیلد، خاتوو دورێنال بهاتایە بۆ زیندان بۆ لام، ئەمتوانی خۆم ڕاگرم؟ زۆری نائومێدی و پەشیمان بوونم لە چاوی ڤالێنۆکان و هەموو ئاریستۆکراتەکانی ئەم ناوچەیەدا، بە ترسی لاسار لە مردن دائەنرێ. ئەمانە کە خۆیان ترسنۆکن و پارە و پلە، لە وەسوەسە پاراستوونی، زۆر بە خۆیانا ئەنازن! مسیۆ دوموارۆ و مسیۆ دوشۆلەن کە بریاری مەرگی منیان داوە، ئەیانوت: بڕوانە، کوڕەی دارتاش بووە بە چی؟! ئەتوانی پسپۆڕی و کارزانی فێر ببی، بەڵام جەربەزە و بوێری لە کوێ ئەهێنی؟»

ڕوانیە چاوە سوورەکانی ماتیلد و بە خۆی وت: «تەنانەت ئەم ماتیلدە ڕەبەنەش کە ئێستە فرمێسک ئەڕێژێ، یان باشترە بڵێم ناتوانێ ئیتر فرمێسک بڕێژێ.» لە ئامێزی خۆیدا گوشی. بینینی ئەو دەرد و خەمە ڕاستەقینە، بووە هۆی ئەوەی پێوەری ڕەهایی خۆی لەبیر بچێتەوە. بە خۆی وت: «ڕەنگە بە درێژایی شەو گریابێ. ئەم بیرەوەرییە ڕۆژێک لە ڕۆژان تا چەند ببێتە مایەی تەریق بوونەوەی. ئەو ڕۆژە خۆی بە بوونەوەرێک دێتە بەرچاو کە لە تافی لاوێتیدا لە لایەن کوڕێکی سادەی جەماوەرەوە هەڵفریوێنرابوو... مارکیز دو کرۆزنۆوا ئەوەندە لاوازە کە بیخوازێ. لەڕاستیشدا کارێکی باشە و ماتیلد هەر ناچاری ئەکات کارێک بکات:

بە گوێرەی ئەو باڵادەستییەی کە گیانی زێڕین و خاوەن پلان
بەسەر گیانی ڕەق و ڕەشۆکی بۆرەپیاودا هەیەتی!

بەڵام، ئەمەش سەیرە! لەو ڕۆژەوە کە ئەزانم ئەبێ بکوژرێم،

هەموو ئەو هۆنراوانەی کە بە درێژایی تەمەنم خوێندوومنەتەوە، دێنەوە یادم. ئەمە نیشانەی پووکانەوە و تیاچوونە.

ماتیلد بە دەنگێکی داماو بەردەوام ئەیوت:

ــئەو لە هۆڵەکەی تەنیشتمان چاوەڕێیە.

ژوولیەن سەرەنجام سەرنجی دایە ئەو قسانە. لای خۆی وتی: «دەنگی خەمگینە. بەڵام هێشتاش ماهەکی هەموو ئەو لووتبەرزی و فیز و دەعیە لە شێوازی وتنەکەیدا ئاشکرایە. بۆیە دەنگی دابەزاندووە کە ڕقی هەڵنەسێ.»

لەسەرخۆ پێیوت:

ــکێ لەوێ چاوەڕێیە؟

ــپارێزەر؛ ئەیەوێ بەرپێکی هانا[١٨٧] واژۆ بکەی.

ــمن نامەوێ داوای بەرپێکی هانا بکەم.

ماتیلد کە چاوەکانی لە ڕقدا ئەبرسکایەوە، هەڵسا و وتی:

ــچی؟ ناتەوێ داوای بەرپێک بکەی؟ ئەکرێ پێم بڵێی بۆچی؟

ــلەبەر ئەوەی ئێستە ئەو جەربەزەییە لە خۆمدا ئەبینم کە پیاوانە بەرەو مەرگ بڕۆم و نەبمە هۆی گاڵتەجاڕی خەڵکی. بەڵام کێ ئەڵێ لە پاش دوو مانگی تر و پاش ئەوەی ماوەیەک لەم زیندانە شێدارەدا ئەمێنمەوە، ئەو تەوژم و تینەم تیا ئەمێنێ؟ هەر لە ئێستەوە ئەزانم کە قەشەکان و باوکم دێن بۆ سەردانم... هیچ شتێک لەم دنیایەدا تا ئەم ڕادەیە لە لام ناخۆش نییە. لێمگەڕێ با بمرم!...

ئەم پێداگرتن و دژایەتییە لەپڕە، هەموو دفرەی سروشتی ماتیلدی ورووژاند. ئەو ڕۆژە نەیتوانیبوو مسیۆ دو فریلەر، پێش ئەو کاتەی کە دەرگای زیندانەکانی بزانسۆن کرانەوە، ببینێ. بۆیە تووڕەییەکەی داباراند بەسەر ژوولیەندا. ژوولیەنی ئەپەرست و

١٨٧ـ بەرپێکی هانا: Appeal د استیناف، ع استئناف.

نەفرەتی لە سروشی ئەو، کە ژوولیەن بێ، ئەکرد و لەوەی خۆشی ویستووە، پەشیمان بوو. ژوولیەن کە چارەکێک بوو گوێی لە نەفرین و ئەفسوونەکانی بوو، بیری ئەو گیانە لەخۆڕازییەی کەوتەوە کە لە ڕابوردودا جنێوە دڵتەزێنەکانی خۆی لە پەرتووکخانەی تەلاری دولامۆڵ، بە سەریدا داباراندبوو...

بە ماتیلدی وت:

ــخوا ئەبوایە بە شانازی ڕەگەزەکەتەوە تۆی بە پیاو بخوڵقاندایە!

لە دڵی خۆشیا وتی: «بەڵام سەبارەت بە خۆم ئەبێ بڵێم ئەگەر دوو مانگ لەم ژوورەدا بم و شەو و ڕۆژ درۆی نەنگین و ڕیسوای پیلانگێڕانی ئاریستۆکرات ببیسم[١٨٨] و تەنها مایەی دڵخۆشیم ئەم کچە شێتە بێ، گەوجێکی ناوازەم لێدەرئەچێ. باشە، دووبەیانی لەگەڵ کەسێک ئەکەومە دوێل کە بۆ خوێنساردی و لێوەشاوەیی تایبەتی خۆی ناسراوە، زۆر دەستی ڕاستە؛ دەنگێکی مفیستۆفیلوسی[١٨٩] لە ناخیدا وتی: هەرگیز تیری سەری نەکردووە.»

«زۆر چاکە، دەستی نەوەرێ!...» (دەمپاراوی ماتیلد بەردەوام بوو). بە خۆی وت: «نەخێر، داوای بەرپێک ناکەم.»

پاش ئەم بڕیارە چووەوە ناو بیرەوە... «پۆستەچی، وەک هەمیشە کاتژمێر شەش ڕۆژنامە ئەهێنێ. پاش ئەوەی کاتژمێر هەشت جەنابی دورێنال خوێندییەوە، ئیلیزا هەڵیئەگرێ و لە سەر پەنجەی پێ دێت و لە سەر تەختەکەی دایئەنێ. ئەویش خەبەری ئەبێتەوە. لەپڕ لە کاتی خوێندنەوە، ئەشەڵەژێ، دەستە جوانەکانی ئەلەرزێ ، تا ئەم وشانە ئەچێتە بەرەوە... پێنج خولەک لە دوای

١٨٨ـ لێرەدا ژاکۆبیەنێک ئەدوێ. (یاداشتی ستانداڵ).

١٨٩ـ Mephistopheles ناوی شەیتان لە ئەفسانەی فاوستی ئاڵمانی کە بووە بە سەرچاوەی زۆر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و سینەمایی و مووزیکاڵ.

دە، ئیتر زیندوو نەبوو.»

«جا فرمێسک دائەبارێنیٚ. من ئەیناسم. لەخۆڕا ویستم بیکوژم. هەموو شتێک لە بیر ئەباتەوە. ئەو کەسەی کە ویستم بیکوژم ئەو تاقە کەسە ئەبیٚ کە لە ناخی دڵەوە بۆ من ئەگری!»

«ئاخ! ئەمە ناکۆکە!»

لەو چارەکەدا کە مشتومڕ و دەمەدەم لەگەڵ ماتیلد بەردەوام بوو، جگە لە خاتوو دورێنال لە بیری هیچی تردا نەبوو. هەرچەند لەویٚ بوو و جارجارە وەڵامی پرسیارەکانی ماتیلدی ئەدایەوە، بەڵام نەیئەتوانی بیری ژووری خەوەکەی ڤێریر لە بەرچاوی خۆی دوور بکاتەوە. ڕۆژنامەی بزانسۆنی لە سەر پۆپەشمینە نارنجیەکەی سەر سیسەمەکەی ئەبینی. ئەو دەستە زۆر سپییەی ئەبینی کە ئەم پۆپەشمینە نارنجییەی بە تەزوویەکی گرژ لەناو چنگیا گرمۆڵە ئەکات. خاتوو دورێنالی ئەبینی خەریکە ئەگری و بزاوتنی هەموو دڵۆپە فرمێسکێکی بەسەر ئەو ڕوخسارە دڵڕفێنەدا ئەهێنایە بەر چاوی!

مادمازێل دولامۆل کە نەیتوانیبوو بە هیچ بارێکا ژوولیەن ڕازی بکات، پارێزەری هێنایە ژوورەوە. خۆشبەختانە پارێزەر یەکێک بوو لە فەرماندەکانی پێشووی سپای ئیتالیا لە ساڵی ١٧٩٦ و لەویٚ ببوو بە هاوڕێی مانوێل.

با بڵێین تاوانباری هەڵپێچا. ژوولیەنیش کە ئەیویست بە ڕێزەوە لەگەڵی بجووڵێتەوە، هەموو سۆنگە و سونگەی خۆی بۆ باس کرد.

پارێزەر کە ناوی مسیۆ فێلیکس ڤانو بوو، سەرەنجام پێیوت:

ــڕاستەکەی ڕەنگە ڕام لەگەڵت بیٚ. بەڵام تۆ سیٚ ڕۆژ دەرفەتت هەیە بۆ بەرپێک کردن و ئەوەش ئەرکی منە کە هەموو ڕۆژ بێم بۆ لات. ئەگەر تا دوو مانگی تر بورکانێک لە بن ئەم

زیندانەدا دەم بکاتەوە، تۆ ڕزگارت ئەبێ.

له ژوولیەن ورد بوویەوە و درێژەی دا:

ــڕەنگیشە بە نەخۆشی بمری!

ژوولیەن دەستی گوشی:

ــسپاستان ئەکەم. بیری لێ ئەکەمەوە.

کاتێک کە سەرەنجام ماتیلد و پارێزەر لە زیندان چوونە دەرەوە، خۆشەویستی ژوولیەن بۆ پارێزەر زیاتر لەو خۆشەویستییە بوو کە بۆ ماتیلدی هەبوو!

بەندی XLIII

## دوا ماڵاوایی

کاتژمێرێک پاش ئەم کەین و بەینە، ئەوسا کە خەوێکی قووڵ بردییەوە، بە هۆی هەستکردن بەو دڵۆپە فرمێسکانەی ئەڕژا بەسەر دەستیدا، خەبەری بوویەوە. لەو دارەتی نیوە بێدارییەدا، لای خۆی وتی: «ئاه! دیسانەوەش ئەبێ ماتیلد بێ. پابەندی تیۆرییەکەی خۆی هاتووە تا بە هێزی ئەوین و خۆشەویستی بۆچوونەکەم هەڵوەشێنێتەوە.» ژوولیەن کە لە دوورنەمای ئەم دەمەقاڵە تازەیە دڵتەنگ ببوو، چاوەکانی نەکردەوە. ئەو بەستانەی کە بێلفگۆر[١٩٠] کاتی هەڵاتن لە زیندان وتبووی، هاتەوە بیری.

ئۆفێکی سەیری بیست. چاوی کردەوە. خاتوو دورێنال بوو.

خۆی خست بەسەر پێیدا و هاواری کرد:

ــئۆخەی! ئەوە منم پێش ئەوەی بمرم، جارێکی تر تۆ ئەبینم. تراویلکەیە یان ڤرۆشە؟

هاتەوە بە خۆیا و دەسبەجێ وتی:

ــبەڵام ببوورە خاتوون، من لە چاوی تۆدا بکوژێکم و بەس!


ــمسیۆ، من هاتووم لێت بپاڕێمەوە داوای «هانا» بکەی. بیستوومە کە ناتەوێ ئەو کارە بکەی...

هەنیسکی گریان هەناسەی بڕیبوو و نەی ئەتوانی قسە بکات!

ــداوای لێبوردنتان لێئەکەم!

---

١٩٠ ـ بێلفگۆر: Belphegor، ناوی چیرۆکێکی لافۆنتنە، هۆنەری فەڕانسەیی بە شێوازی ماکیاڤیللی نووسیوێتی.






خاتوو دورێنال هەڵسا، خۆی هاویشتە باوەشی و وتی:
ئەگەر ئەتەوێ بتبەخشم، ئەبێ دەسبەجێ داوای «هانا» بکەی.
ژوولیەن ماچبارانی کرد.
ــسوێند ئەخۆی لەم دوو مانگەدا هەموو ڕۆژێک بێی بۆ سەردانم؟
ــسوێند ئەخۆم، مەگەر ئەوەی شووەکەم نەهێڵێ.
ژوولیەن هاواری کرد:
ــمنیش واژۆی ئەکەم! چی؟ لێم ئەبووری؟ شتی وا ئەبێ؟
خاتوو دورێنالی ئەگوشی بە سینگیا. شێت ببوو. ناڵەیەکی بووراوە لە سینەی خاتوو دورێنال بەرز بوویەوە. پاشان بە ژوولیەنی وت:
ــهیچ نییە، ئێشم پێگەیشت...
ژوولیەن بە دەم گریانەوە هاواری کرد:
ــشانت، ئەرێ؟...
تۆزێک لێی دوور کەوتەوە و ماچی ئاگراوی دەستەکانی کرد.
ــئەو ڕۆژەی بۆ دوا جار لە ڤێریر لە ژوورەکەی خۆت بینیمیت، کێ ئەیتوانی بڵێ من ئەم کارانە ئەکەم.
ــکێش ئەیتوانی بڵێ کە من ئەو نامە نەنگینە بۆ جەنابی دولامۆل ئەنووسم؟!
ــئەوە بزانە کە هەمیشە خۆشم ویستوویت و لە تۆ بەو لاوە شەیدای کەس نەبووم؟
خاتوو دورێنال کە لە ئاستی خۆیەوە لە خۆشیان خەریک باڵ بگرێتەوە، هاواری کرد:
ــبەڕاستی شتی وا ئەبێ؟

دانەوییەوە بۆ لای ژوولیەن کە خۆی دابوو بەسەر قاچیدا، پاڵی پێوەدا و ماوەیەکی باش خامۆش و بێدەنگ بۆ خۆیان گریان.

ژوولیەن لە هیچ بڕگەیەکی ژیانیدا ساتی وەهای نەبینیبوو.

ماوەیەک پاشتر، کاتێک کە دیسانەوە توانای ئاخافتنیان هەبوو، خاتوو دورێنال بەم جۆرەی وت:

ــئینجا سەبارەت بەم مادام میشلێتە گەنجە یان با بڵێین ئەم مادمازێل دولامۆلە ئەڵێی چی؟ چونکە ڕاستەکەی وردە وردە خەریکە بڕوا بەم چیرۆکە ئەکەم!

ژوولیەن وەڵامی دایەوە:

ــجگە بە ڕواڵەت، هیچی ڕاست نییە. ئەو ژنی منە، بەڵام دڵبەرم نییە.

سەد جار قسەیان بە یەکتر بڕی و بە زۆر توانیان ئەوەی کە نایزانن، بەیەکی بڵێن. ئەو نامەیەی بۆ جەنابی دولامۆل نووسرابوو، بە پێنووسی قەشەی جەوان و ڕازداری خاتوو دورێنال نووسرابوو و خاتوو دورێنالی والێکردبوو لەبەری بنووسێتەوە.

بە ژوولیەن وت:

ــئاین کارێکی ناڕەوای پێکردم! ئینجا منیش ترش و خوێم کرد بە سامناکترین بەشەکانی نامەکەوە.

خرۆش و شادمانی ژوولیەن دەری ئەخست تا چ ڕادەیەک لێی بووراوە و بەخشیوێتی. هەرگیز تا ئەو ڕادەیە شەیدا نەببوو.

خاتوو دورێنال پاش ئەم هەموو وتووێژانە پێی وت:

ــهێشتاش پێموایە ژنێکی بەدینم. من لە ناخی دڵەوە بڕوام بە خوا هەیە. بڕواشم بەوە هەیە ــو تەنانەت بۆشم سەلماوەــ ئەو گوناهەی ئەیکەم سامناکە. بەڵام ئەوەندەی تۆ ئەبینم، تەنانەت پاش ئەوەی دووجار بەر گوللەت دام...

لێرەدا ژوولیەن خۆی پێڕانەگیرا و سەرەڕای بەرگریکردنی

خاتوو دورێنال، تێر تێر ماچی کرد.

ــلە کۆڵم بەرەوە... تا لەبیرم نەچۆتەوە ئەمەوێ دوو وشە قسەی ڕاستت لەگەڵ بکەم. بەڵێ، ئەوەندەی تۆ ئەبینم، ئەرک و ڕاسپاردەم لەبیر ئەچێتەوە و جگە لە خۆشەویستی تۆ چیتر نامێنێ. واتە وشەی ئەوین دەرەقەتی ئەم دیاردەیە نایەت. ئەوسا ئەوەی لە دڵمدا سەبارەت بە تۆ ئەیبینم، ئەو هەستەیە کە ئەبوایە تەنها لە بەرامبەر خوادا هەمبێ: تێکەڵەیەکی ڕێز و ئەوین و ملکەچی... ڕاستییەکەی نازانم چ سرووشێک لە تۆوە بە من ئەگات. ئەگەر داوام لێبکەی خەنجەرێک لە سینەی وەردیان بچەقێنم، پێش ئەوەی بیری لێبکەمەوە، ورگی هەڵئەدڕم. ئەمەوێ لە ڕازەکانی دڵی خۆم تێبگەم. چونکە دوو مانگی تر لێک جیا ئەبینەوە...

پێکەنی و ئینجا وتی:

ــڕاستەکەیم پێ بڵێ، ئایە لێک جیا ئەبینەوە؟

ژوولیەن قنجەپا هەڵسا و وتی:

ــقسەکەی خۆم وەرئەگرمەوە. ئەگەر بتەوێ بە هۆی ژەهر و کێرد و دەمانچە و ڕەژوو یان هەر شتێکی تر خۆت تیابەری یان کۆسپێک لە ژیانتدا بەدی بهێنی، من بەرپێکی هانا سەبارەت بە بڕیاری کوشتنەکەم نانووسم.

ڕوخساری خاتوو دورێنال لەپڕ هەڵبڕووسقا. گەرمترین خۆشەویستی جێگەی خۆی دا بە بیر و ئەندێشەیەکی سەمەرە!

سەرەنجام وتی:

ــخۆزگە هەر ئێستە ئەمردین!

ژوولیەن وەڵامی دایەوە:

ــکێ چووزانێ لەو دنیا چ باسە؟ ڕەنگە دەرد و ئازارە و ڕەنگیشە هیچ... بۆ ئەبێ نەتوانین دوو مانگ بە خۆشی پێکەوە ڕابوێرین؟ دوو مانگ، ماوەیەکی دوور و درێژە... هەرگیز ئەوەندە

بەختەوەر نابین!

ــهەرگیز ئەوەندە بەختەوەر نابی؟

ژوولیەن کە لە خۆیان شایگەشکە ببوو، دیسان وتیەوە:

ــهەرگیز! خۆیشت ئەزانی لەگەڵ تۆ وا ئەدوێم وەکو لەگەڵ خۆم قسە بکەم. خوا بمپارێزێ لە زیاد پێوەنان.

خاتوو دورێنال بە پێکەنینێکی سرک و خەمگین وتی:

ــئەو جۆرە قسەکردنە بە واتای فەرماندانە بە من!

ــباشە! بەو ئەوینەی بە منت هەیە، سوێندم بۆ بخۆ لە هیچ ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مەترسی نەخەیتە سەر گیانی خۆت. لەبیرت بێ...

پاشان وتی:

ــئەبێ بمێنی لەبەر کوڕەکەی من! ماتیلد ئەوەندەی ببێ بە مارکیز دو کرۆزنۆوا، کوڕەکەی منی لەبیر ئەچێتەوە...

خاتوو دورێنال وتی:

ــسوێندت بۆ ئەخۆم! بەڵام ئەمەوێ هانای بەرپێک بە خەت و واژۆی خۆت وەربگرم و بیبەم... خۆم ئەچم بۆ لای دادیار.

ــئاگات لێبێ خۆت ڕیسوا نەکەی.

خاتوو دورێنال بە دەنگێک کە زۆر پەشێو و بێزار وتی:

ــپاش ئەم هاتنەم بۆ زیندان و بۆ سەردانی تۆ، تا دنیا دنیایە لە چاوی خەڵکی بزانسۆن و هەموو فڕانش کونتێ، پاڵەوانی چیرۆکەکان ئەبم. من لە سنووری شەرم و حەیا لام داوە. ڕاستییەکەت ئەوێ، هەموو ئەمانەم بەس لەبەر تۆ کردووە!

شێوازی قسەکردنی ئەوەندە خەمناک بوو کە ژوولیەن بە تامەزرۆیی و بەختەوەرییەک کە هەرگیز نەیبینیبوو، ماچی کرد. ئەم بەختەوەرییە ئیتر مەستی ئەوین نەبوو؛ سپاس و پێزانینی بێ سنوور بوو. یەکەم جار بوو لە گەورەیی و بەرفراوانی ئەو

لەخۆبوردن و خۆبەختکردنەی کە خاتوو دورێنال لە پێناوی‌دا کردبووی، تێئەگەیشت!

خێرەومەندێک، جەنابی دورێنالی لە سەردانە درێژخایەنەکانی ژنەکەی بۆ زیندان ئاگادار کرد! چونکە پاش سێ ڕۆژ جەنابی دورێنال فایتوونەکەی خۆی نارد بە دوای‌دا و فەرمانی ڕاشکاوی دا کە دەسبەجێ بگەڕێتەوە بۆ ڤێریر.

ئەم دوورییە دڵتەزێنە ڕۆژگاری لە ژوولیەن تاڵ کردبوو. دوو سێ کاتژمێر پاش ئەم ڕووداوە، بیستی قەشەیەکی درۆزن و فێڵباز کە چەندە هەوڵی دابوو، نەیتوانیبوو خۆی بخزێنێتە ناو یەسووعیەکانی بزانسۆن، لە سپێدەوە، لە دەرەوەی دەرگای زیندان، لە کۆڵان دانیشتووە. باران بە توندی ئەباری و ئەم پیاوە، لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا وا پێئەچوو ئەیەوێ شەهیدبازی دەربهێنێ. باری ژوولیەن باش نەبوو و ئەم گەوجێتیەی کابرا تۆزێ هەستی بزواند.

ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی نەیویستبوو ئەم قەشەیە ببینێ. بەڵام ئەم قەشەیە بڕیاری دابوو ژوولیەن ناچار بکات لە لای ئەو ڕازی بدرکێنێ و قاو بڵاو ببێتەوە کە دەردەدڵی ژوولیەنی لەلایە و لەناو ژنە گەنجەکانی بزانسۆن‌دا ناوبانگێک بۆ خۆی پێکەوە بنێ.

قەشە بە دەنگی بەرز هاواری ئەکرد کە ڕۆژ و شەو لەبەر دەرگای زیندان ئەبێ.

ــخوا ناردوومی دڵی ئەم لادەرە نەرم بکەم...

حەشاماتیش کە سەرنجیان ڕاکێشرابوو، وردە وردە لێی کۆ ئەبوونەوە.

ــبەڵێ براکانم، من ئەمڕۆ و ئەمشەو و هەموو ڕۆژان و هەموو شەوانی داهاتووش لێرە ئەبم. ڕۆحی پیرۆز خۆی پێیوتووم. من ئەرکێکم لە دنیای سەرەوە پێڕاسپێردراوە. من ئەو کەسەم

کە ئەبێ هۆی ڕزگاری ڕۆحی سۆرێلی جەوان دابین بکەم. بۆ بەشداری لەم ئەرکەدا لە دەوری من کۆ ببنەوە ونزا بکەن. هتد...

ژوولیەن لە گۆڵمەز و لە هەموو ئەو شتانەی ڕەنگە بیروڕای گشتی بکات بە دژی، ئەترسا. لەو بێنەوبەرەدا بیری لەوە کردەوە کە هەلێک بەدەست بێنێ و بە نامۆیی لەم دنیا بڕوات، بەڵام هیوای بە بینینەوەی خاتوو دورێنال هەبوو و تا ئەوپەڕی ئەوین، شەیدا بوو.

دەرگای زیندان کەوتبوویە سەر یەکێک لە کۆڵانە هەر قەرەباڵخ و پڕ هاتوچۆکان. وێنای ئەم قەشە سەرتاپا قوڕاوییەی حەشاماتەکەی لە خۆی هاڵاندبوو، گیانی ئازار ئەدا. «هیچ گومانم لەوەدا نییە کە هەر ئێستە ناوی من ئەهێنێ.» ئەم ساتە لە مردن ناخۆشتر بوو.

لە ماوەی کاتژمێرێکدا، دوو سێ جار کلیلداری خۆشخزمەتی بانگ کرد، بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوە و لە مانەوە یان ڕۆیشتنی قەشەی بەردەرگا ئاگاداری بکاتەوە.

کلیلدار بەردەوام ئەیوت:

ـقوربان، کابرای قەشە لەناو قوڕەکەدا چۆکی داداوە و بە دەنگی بەرز نزا ئەکا و بۆ بەخشینی ڕۆحی جەنابت لە خوا ئەپاڕێتەوە.

ژوولیەن بە خۆی وت: «لەو گەماڵە!» لە هەمان کاتیشدا هەڵڵا و هۆسەیەکی سەیری بەرگوێ کەوت. ئاپۆرە، نزاکانی کابرای دووپات ئەکردەوە. لەپڕ بینی خودی کلیلداریش بۆ وتنی هەندێ وشەی لاتینی لێو ئەبزوێنێ و ئەمەیان ئیتر تەواو قوشقی کرد. کلیلدار وتی:

ـخەڵکی وردە وردە خەریکە ئەڵێن کە تۆ زۆر دڵڕەقی و ناتەوێ ئەم قەشە پیرۆزە یارمەتیت بدات.

ژوولیەن کە لە ڕقدا خەریک بوو فجووق بکات، قیژاندی:
ــئای‌ی نیشتمانەکەم! هێشتاش چەندە کێوی و بێ ژیاری!
بە دەنگی بەرز زۆری لەم قسانە کرد و هیچ گوێی نەدایە کلیلدار.

«ئەم کابرایە ئەیەوێ وتارێک لە ڕۆژنامەدا بنووسرێ و دڵنیاشە بە مرازی دڵی خۆی گەیشتووە.»

«ئاخخخ! ئەی گوندیانی نەفرەت لێکراو! هەرگیز بۆی نەبوو لە شاری پاریس ئەوەندە تووشی ئەشکەنجە ببم. ساختەچیەتی ئەوێ وەستایانەترە.»

سەرەنجام بە کلیلداری وت:
ــبڵێ با ئەم قەشە پیرۆزە بێتە ژوورەوە.

عارەقە وەک جۆگەلە بە ناوچەوانیا ئەهاتە خوارەوە. کلیلدار پاش کێشانی خاچێک لە سەر سینەی، شاد و خەندان چووە دەرەوە.

قەشەی پیرۆز لەڕادەبەدەر ناشیرین بوو و جگە لەوەش سەرتاپای قوڕ بوو. ئەو بارانە ساردەی ئەباری، تاریکی و شێی زیندانی دووقات کردبوو. قەشە ویستی ژوولیەن ماچ بکات و کاتی دوان تۆزێ خۆی خەمگین کرد. پەستترین نیشانەکانی دەلەسە و فێڵبازی لە ڕەفتاری ئەم کابرایەدا ئاشکرا بوو. ژوولیەن لە هەموو ژیانی‌دا تا ئەو ڕادەیە ڕقی هەڵنەسابوو!

چارەکێک پاش هاتنە ژوورەوەی قەشە، ژوولیەن ترسی لێنیشتبوو. مەرگ، بۆ یەکەمین جار لەبەر چاوی سامناک بوو! بیری لەو بۆگەنبوونەی تەرمەکەی، دوو ڕۆژ لە پاش مردن ئەکردەوە... شتی تر و... شتی تر...

خەریک بوو دان بە لاوازیی خۆی‌دا بنێ یان پەلاماری قەشە بدات و بە زنجیرەکەی گەرووی بجەڕێنێ؛ بەڵام لەپڕ بیری لەوە

کردەوە داوا لە قەشەی پیرۆز بکات، بڕوات و هەمان ڕۆژ نوێژێکی چل فرانکی شایستەی بۆ بخوێنێ.

ئەوەندەی بوو بە نیوەڕۆ، قەشە کەوڵەکەی هەڵگرت و چۆڵی کرد.

بەندی XLIV

# سێبەری گیوتین

کاتێک قەشە ڕۆیشت، ژوولیەن زۆر گریا و ئەمجار بۆ مردنی خۆی ئەگریا. تۆزە تۆزە هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەگەر خاتوو دورێنال لە بزانسۆن بوایە، ئەو لاوازییەی خۆی بەو ئەوت.

کاتێک کە لە هەموو سەردەمێکی تر ئەفسووسی بۆ دووری ئەم دڵبەرە خەمخۆرەی خۆی ئەخوارد، دەنگی پای ماتیلدی بیست.

لای خۆی وتی: «بەدترین بەدبەختی لە زیندان‌دا ئەوەیە کە ناتوانی دەرگا لە سەر خۆت دابخەی!» ئەوەی ماتیلد پێیوت جگە لە تووڕەکردنی، هیچ سوودی نەبوو.

ماتیلە وتی ڕۆژی دادگا، مسیۆ دوڤالێنۆ بڕیاری هەڵبژاردنی خۆی بۆ پارێزگار لە گیرفانی‌دا بووە و وێراویەتی بۆ سووکایەتیکردن بە مسیۆ دو فریلەر، بڕیاری مەرگی تۆ دەربکات!

مسیۆ دو فریلەر پێیوتم:

«ــئەم هەڤاڵانەی تۆ چۆن بیر ئەکەنەوە، خۆپەرستی ئەم ئاریستۆکراتە وردەبورژوازیانە ئەشەمزێنن و هێرش ئەکەنە سەری؟ بۆ ئەبێ باسی چین و هۆز بکرێ: ئەو پیشانی دا چ کارێک ئەبێ لە بەرژەوەندی ڕامیاری خۆیان بکەن. ئەم نەزانانە بیریان لەم شتانە نەئەکردەوە و خەریک بوو ئەسرین بە چاویانا بێتە خوارەوە. بەرژەوەندی چین، سامناک بوونی بڕیاری مەرگی لێ شاردنەوە... ئەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە مسیۆ سۆرێل لە کاری ئەم دنیایەدا تازەکارە و ئەگەر نەتوانین بە بەخشش لە مەرگ

ڕزگاری بکەین، مردنەکەی وەکو خۆکوشتن ئەبێ...»

ماتیلد ئیتر باسی ئەو بابەتەی نەکرد کە خۆشی جاریٚ نەیئەزانی چۆن ئەبێ. با بڵێین ئابە مسیۆ دو فریلەر کە ئەیزانی ژوولیەن هەر ئەکوژریٚ، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە، وای بە باش ئەزانی، بۆ نەیکا بە جێنشینی خۆی؟!

ژوولیەن کە لە زۆری ڕق و تووڕەیی بی دەسەڵاتی پیشی ئەخواردەوە، بە ماتیلدی وت:

ــبڕۆ نوێژێکم بۆ بخوێنە و ئەوەندە سەر مەخەرە سەرم.

ماتیلد کە بە توندی ئێرەیی بە سەردانەکانی خاتوو دورێنال ئەهات و زانیبووی ڕۆیشتووە، هەستی بە سۆنگەی تووڕەییەکەی ژوولیەن کرد و فرمێسک بە چاویا هاتە خوارەوە.

ئەم خەم و پەژارەیە هیچ درۆ و ڕیایەکی تیا نەبوو. ژوولیەن ئەم لایەنەی ئەبینی و سەرەڕای ئەو هەموو هەست و سۆزە، زیاتر ئەڕەنجا و ڕقی هەڵئەسا. زۆری پێویست بە تەنهایی هەبوو. چۆن ئەیتوانی ئەم تەنهاییە، بەدی بهێنیٚ؟ سەرەنجام، ماتیلد لەپاش ئەوەی هەموو شێوازەکانی بۆ نەرمکردنی دڵی بەکار هێنا، لێی گەڕا و بەجێی هێشت، بەڵام ڕەنگە لە هەمان کاتدا فۆکە قیت ببێتەوە!

ژوولیەن بەم دۆستە ئەمەگدارەی خۆی وت:

ــپێویستم بە تەنهاییە!

کاتێک کە بینی دڕدۆنگ بووە، وتی:

ــئەمەویٚ یاداشتێکی پاڕانەوە بۆ هانای بەرپێک بنووسم. جگە لەوەش چاکەم لەگەڵ بکە و هەرگیز باسی مردنم لەگەڵ مەکە. ئەگەر پێویستم بە شتێکیش هەبێ، ڕێگەم بدە خۆم پێت بڵێم.

کاتێک کە سەرەنجام کەسی لا نەما، خۆی لە پێشتر داماوتر و

بێوازتر بینی. ئەو وزە کەمەی لەو گیانە لاوازەدا مابوو، بۆ ئەوەی بەکار هێنابوو کە باری نالەباری خۆی، لە مادمازێل دولامۆل و فۆکە بشارێتەوە.

ئێوارە درەنگان ئەندێشەیەک دڵی دایەوە:

«ئەگەر ئەمڕۆ سەرلەبەیانی کە مەرگ ئەوەندە لە لام دزێو بوو، بیانوتایەت خۆت بۆ مەرگ ئامادە بکە، سەرنجی جەماوەر بۆ لام، ئەبوویە مایەی دفرە و شانازیم. ڕەنگە لە ڕەفتارمدا، وەک چۆن گەنجێکی لووتبەرز و کەمڕوو ئەچێتە ناو هۆڵێکەوە، هەلسووکەوتی دەستکرد ببینرایە. ئەگەر مرۆڤی بیرتیژ لەناو ئەو گوندییانەدا هەبووایە، ڕەنگە بە هەست بۆی بچوایە، بەڵام هیچکەس نەی ئەتوانی خاڵی لاواز لە مندا ببینێ.

هەستی کرد پەژارەکەی تۆزێ ڕەویوەتەوە. ئەوسا کە لەبەر خۆیەوە لاوژەی ئەکرد، بیری ئەکردەوە: «من ئێستە ترسنۆکم! بەڵام کەس پێم نازانێ.»

بەیانی ئەو ڕۆژە ڕووداوێکی تا ڕادەیەک ناخۆشتر چاوەڕوانی بوو. ماوەیەک بوو باوکی هاتنی خۆی بۆ چاوپێکەوتن ڕاگەیاندبوو. پیرە دارتاشی سەرسپی، بەر لە هەڵسانی ژوولیەن لە زیندان ئامادە بوو.

ژوولیەن هەستی بە بێوازی کرد. چاوەڕوان بوو ناشیرینترین لۆمە و سەرکۆنە لە باوکی ببیسێ. بۆ ئەوەش ئەو هەستە ناخۆشە بگاتە پۆپە، ئەو ڕۆژە زۆر پەشیمان بوو لەوەی باوکی خۆش ناوێ.

کاتێک کە کلیلدار خەریک بوو زیندانی ڕێک ئەخست، بە خۆی ئەوت: «ڕێکەوت لە سەر ڕووی زەمین خستینییەوە تەک یەک. ئەوەندەی پێمان کراوە دژی یەک خراپەمان کردووە. ئێستەش بۆیە هاتووە بۆ زیندان تا دوا زەبری خۆی بوشێنێ.» ئەوەندەی کەس لە دەوریان نەما، توانجی پیرەمێرد دەستی پێکرد.

ژوولیەن نەیتوانی بەر بە فرمێسکی خۆی بگرێ. بە خۆی وت: «چ لاوازییەکی نەشیاو!... جا خۆ لە هەموو لایەک بە دڵی خۆی باسی ترسنۆکی من ئەکات. بۆ ڤالێنۆوەکان و بۆ هەموو ئەو فێڵبازانەی حوکمی ڤێریر ئەکەن، چ سەرکەوتنێک لەمە گرنگتر!... ئەمانە لە فەڕانسە پلەیەکی بەرزیان هەیە. لە هەموو ڕێژەنەکانی کۆمەڵ بەشدارن. تا ئەمڕۆ لانیکەم ئەمتوانی بە خۆم بڵێم: ڕاستە ئەمانە پارە وەرئەگرن و هەموو جۆرە پلەوپایەیان هەیە، بەڵام من ئەڤانی بەرز و پاتریسیەن لە هەناومدا هەن.»

«ئێستەش ئەوا شایەتێک کە هەموو کەس بڕوا بە قسەی ئەکا و لە بەردەمی هەموو ڤێریردا زیادیشی پێوە ئەنێ و ئەڵێ کە من لە مەرگ ترسام! جا ئەوتری لەو تاقیکردنەوەیەدا کە هەموو کەس واتاکەی ئەزانێ، من ترسنۆک دەرچووم.»

ژوولیەن خەریک بوو نائومێد ئەبوو. نەی ئەزانی چۆن باوکی لە کۆڵ بکاتەوە. بۆ فریودانی پیاوێکی وا ڕۆشنبیریش بەڕاستی توانای داهێنانی لەو ساتەدا چووبوویە بەس.

هەموو ڕێگەکانی ڕزگاری بە خێرایی بەسەر ئەکردەوە، لەپڕ هاواری کرد:

ــمن بڕێکی باش پاشەکەوتم هەیە.

ئەم قسە بلیمەتانەیە ڕوخساری پیرەمێرد و دۆخی ژوولیەنی بەراوەژوو کرد.

ژوولیەن لەسەرخۆتر درێژەی دا:

ــئەم پارەیە ئەبێ چی لێبکەم؟

بەرەنجامی ئەو قسەیە هەموو جۆرە هەستێکی سووکایەتی ڕەواندبوویەوە. پیرە دارتاش لە ئارەزووی ئەوەدا ئەسووتا کە نەهێڵی ئەم پارەیە لە دەستی دەربچێ. وا دەرئەکەوت کە ژوولیەن ئەیەوێ بڕێک لەو پارەیە بدات بە براکانی. ماوەیەک بە جۆش و

خرۆشەوە قسەی کرد. ژوولیەن وزەی سووکایەتی و گاڵتەکردنی هاتەوە بە بەردا.

ــزۆر چاکە! ئەو ڕاسپاردەیەی ئەبێ بینووسم، سرووشی خودایی خستوویەتە دڵمەوە. هەرکام لە براکان هەزار فڕانکیان ئەدەمێ و ئەوی تریشی هینی تۆیە.

پیرەمێرد وتی:

ــزۆر چاکە ئەویتر با بۆ من بێ. بەڵام ئێستە کە ویستی پەروەردگار دڵی ڕوون کردوویتەوە، ئەگەر بتەوێ وەکو مەسیحییەکی پاک بمری، وا جوانە هەموو قەرزەکانی خۆت بدەیتەوە. جگە لەمانە خەرجی خواردن و پەروەردە و خوێندنی تۆ هێشتاش ماوە کە من پێشتر داومە و تۆ سەرنجی نادەیت.

ژوولیەن کاتێک کە سەرەنجام تەنها کەوتەوە، بە دڵێکی شکاو و خەمبار بە خۆی وت: «ئەمەش سۆزی باوک!» ئەوەندەی نەبرد وەردیان هات.

ــجەناب، من هەمیشە پاش چاوپێکەوتنی دایک و باوک، شووشەیەک شامپانی باش بۆ میوانەکانم ئەهێنم. گرانە، شووشەی شەش فڕانکە. بەڵام ئەبێتە هۆی ئەوەی دڵی مرۆڤ بکرێتەوە.

ژوولیەن بە خۆشییەکی مناڵانەوە وتی:

ــسێ پێک بهێنە و دوان لە زیندانییەکانیش کە لە ناو داڵان پیاسە ئەکەن بنێرە بۆ ئێرە.

وەردیان دوو تاوانباری سزادراو بە کاری سەخت کە جارێکی تر گیرابوونەوە و ئامادەی گەڕانەوە بۆ زیندانی تایبەت بوون، هێنا بۆ لای. ئەم دووانە لە تاوانبارە خۆش و خەندانەکان بوون کە قۆشمەیی و ئازایەتی و خوێنساردیان بەڕاستی سەرسووڕهێنەر بوو.

یەکیان بە ژوولیەنی وت:

ــئەگەر بیست فڕانکم پێبدەی، چیرۆکی ژیانمت بەوردی بۆ ئەگێڕمەوە، کە زۆر سەرنج ڕاکیشە!

ژوولیەن وتی:

ــئەتەوێ درۆم بۆ هەڵبەستی؟

زیندانی وەڵامی دایەوە:

نەء، درۆ ناکەم. ئەگەر درۆ بکەم، هەڤاڵەکەم کە لێرە دانیشتووە و خوای بۆ ئەو بیست فڕانکە نەماوە، لێم ئەدا لە قاو!

بەسەرهاتی کابرا زۆر بێڕەزا بوو و دڵێکی شێری پیشان ئەدا کە هەوەسێکی هەیە و ئەو هەوەسەش پارەیە و بەس.

پاش ڕۆیشتنیان، ژوولیەن ئیتر ژوولیەن نەبوو. ئیتر تووڕە نەبوو. ئەو ئازارە دڵتەزێنەی لە ئەنجامی ترسنۆکیدا ژەهراوی ببوو و لە ڕۆیشتنی خاتوو دورێنالەوە تووشی ببوو، گۆڕابوو بە خەم و پەژارە.

بە خۆی ئەوت: «ئەگەر کەمتر فریوی ڕواڵەتم بخواردایە، ئەوەم ئەبینی کە کۆڕی خانەدانەکانی پاریس جێگەی مرۆڤی پاک و سەرڕاستی وەکو باوکم، یان پەست و گلاوی وەکو ئەم دوو زندانییەیە. هەقیانە. پیاوانی ڕابواردنی شەوگەڕی هۆڵەکان، کاتێک کە بەیانی سەر هەڵێنن، هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە: «نانی ئەمڕۆم چۆن پەیداکەم؟» تازە باسی پاکی خۆشیان ئەکەن و ئەو ڕۆژەش کە بانگ ئەکرێن بۆ دەستەی داوەران، بە دفرە و شانازییەوە، یەکێک ئەنێرن بۆ زیندان کە لە زۆری برسێتی، کارد و چنگاڵێکی زیوی دزیوە!»

«بەڵام ئەگەر دەربارێک هەبێ و پرسەکە، پرسی لەدەستدان یان بەدەستهێنانی وەزارەت بێ، ئەم کۆڕنشینە دەمڕاستانە هەمان تاوان ئەنجام ئەدەن کە پێدایستی نانی شەو، ئەم دوو زیندانییەی ناچار کردبوو، ئەنجامی بدەن.»

«شتێک بە ناوی ڕیسای سروشتی بوونی نییە: ئەمە لە دەستەواژەیەکی فەرتووتی گەلۆری زیاتر نییە، کە شیاوی ئەو دادیارەیە وا چەند ڕۆژ لەمەوبەر منی ڕاوکرد؛ ئەو دادیارەی کە باپیری لە سایەی یەکێک لە دەسبەسەراگرتنەکانی سەردەمی لویی چواردە، سامانێکی باشی پێکەوە نابوو و دەوڵەمەند ببوو. قانوون نییە، ئەگەر نەتوانێ بەر بە تاوانکردنی مرۆڤ بگرێ، بەهۆی ئازاری سزادانەوە. بەر لە قانوون، هیچ نییە مەگەر هێز و وزەی شێر، یان نیازی برسێتی یان هەستی سەرما؛ یان بە یەک وشە، هیچ نییە مەگەر پێداویستی. نەخێر، ئەوانەی کە ڕێزدارن، کۆمەڵێک فێڵبازن کە بەختی خۆیان لە کاتی هەستان بە تاوانکردن نەگیراون. ئەو دادیارەی کە بە پێی بڕیاری کۆمەڵ بەرپرسی لێکۆڵینەوەی منە، سامانەکەی خۆی لە ئەنجامی نادادگەرییەکی ئابڕووبەرەدا بەدەست هێناوە. من ویستوومە بکوژم و بەپێی هەق و داد ئەبێ سزا بدرێم. بەڵام سەرەڕای ئەم یەک تاوانە، ئەو ڤالێنۆەی بڕیاری مەرگی منی داوە، سەد جار زیاتر لە من زیانی بۆ ئەم کۆمەڵگەیە هەیە.»

ژوولیەن بە خەم و پەژارەوە، بەڵام بە دەراوێکی بە دوور لە تووڕەیی، وتی: «چاکە، باوکی من سەرەڕای ئێرەیی و ڕژد بوون و پارەپەرستی لە هەموو ئەمانە پاکترە. هەرگیز منی خۆشنەویستووە و من بەم مەرگە نەنگینەی خۆمەوە ئابڕووی ئەبەم. دەفریم سەررڕێژ کردووە. ترسی ئاتاج بوون بە پارە و ئەو ئەدگارە قەبەکراوەی بەدکاربوونی مرۆڤ کە بە ڕژدی و بەرچاوتەنگی ناوبراوە، وای لێئەکات ئەم سێسەد چوارسەد دراوە زێڕەی ڕەنگە بۆ بەجێ بهێڵم، بە کەرەسەی سەیر و مەزنی دڵگەرمی و ئاسوودەیی خۆی ئەزانێ. یەکشەممەیەک، پاش نانی شێوان، دراوە زێڕەکانی بە هەموو ڕژدەکانی ڤێریر پیشان ئەدا و چاویان تێئەبڕێ و ئەڵێ:

کام لە ئێوە قبووڵی نەئەکرد، بەم نرخە، کوڕێکی هەبێ کە بە گیوتین سەری بڕاوە؟»

ئەم فەلسەفەیە ڕەنگە ڕاست بێ، بەڵام فەلسەفەیەک بوو کە ئارەزووی مەرگی لە دڵی مرۆڤدا ئەگەشاندەوە... بەم جۆرە پێنج ڕۆژ ڕۆیشت. سەبارەت بە ماتیلد کە زۆر بەتوندی تووشی ئێرەیی ببوو، هێور و سەلار بوو. شەوێکیان ژوولیەن زۆر بە گەرمە ئەیویست خۆی بکوژێ. گیانی بە هۆی ئازارێکی قووڵەوە کە بەرەنجامی ڕۆیشتنی خاتوو دورێنال بوو، هێز و وزەی لێبڕابوو. ئیتر چ لە جیهانی ڕاستی و چ لە ڤرۆشەدا حەزی لە هیچ نەبوو. وەرزش نەکردن وردە وردە تەندروستی ئەخستە مەترسییەوە و ڕۆحی لاواز و هەڵچووی خوێندکارە جەوانەکانی ئاڵمانی لەودا بەدی ئەهێنا. ئەو دەعیە پیاوانەیە لەودا نامێنێ، کە ورە ئەدا بە مرۆڤ و هەندێ لەو ئەندێشە نەشیاوانەی هوروژم ئەهێنن بۆ گیانی هەژاران، بە جێنێوێکی توندوتیژ لە مێشک فڕێ ئەداتە دەرەوە.

«من شەیدای ڕاستەقینە بووم... لە کوێ ئەبێ بیدۆزمەوە؟... هەموو شوێنێک فرتوفێڵە یان لانیکەم گزی و دەهۆ... تەنانەت پاکیزەترین کەسانیش، تەنانەت لە گەورەترین کەسایەتیش‌دا جگە لەمە چیتر نابینرێت و نەفرەت لە سەر لێوەکانی قەتماخەی بەست نەخێر، مرۆڤ ناتوانێ متمانە بە مرۆڤ بکات!»

«مادام دو... کە پارەی خێری بۆ مناڵە ڕەبەن و بێباوکەکەی کۆ ئەکردەوە، بە منی وت فلان شازادە دە سکەی زێڕی پێداوە. ئەم قسەیە درۆ بوو. بەڵام من ئەڵێم چی؟ ناپۆلیۆن ئەبێ لە سەنت هێلن بهێنینەوە بیرمان! هەر هەمووی دەسبڕین و جامبازییە! بانگەشەیەک بە قازانجی پادشای ڕۆما...»

«خوایە، لە شوێنێک پیاوێکی وەها، لە کێشەی بەدبەختی‌دا، لەو کاتەدا کە ئەبێ بە توندی بیری لە ئەرکی خۆی بکاتەوە، تا

ئاستی فێڵ و جامبازی دائەبەزێ، چ چاوەڕوانییەکمان لە مرۆڤی ئاسایی هەبێ؟!»

«ڕاستی لە کوێیە؟ لە ئاین دایە یان لە پێکەنینی تاڵی تێکەڵ بە سووکترینی سووکایەتی؟ وتی: بەڵێ، لە ناو دمی مالۆنەکان و فریلەرەکان و کاستانێدەکان و... ڕەنگە لە خودی دینی مەسیحی دایە کە مزی قەشەکانی لە مزی نێراوانی پاکیزە زیاتر نابێ... بەڵام پاوڵی پاکیزەش هەقدەستی خۆی لە ڕێگەی فەرماندان و وتاردان و بڵاوکردنەوەی ناوی خۆیەوە وەرگرت.»

«ئاخ! خۆزگە دینێکی ڕاست و ڕەوا هەبووایە... من چەندە گەوجم! کاتێک کە چاوم بە کلیسایەکی گوتیک و پەنجەرەی گەورە و شیاوی ڕێز ئەکەوێ، دڵی لاوازم پێشنوێژی دێتە بەرچاو... پێم وایە کە ڕۆحم بتوانێ لە چەمکی وتەکانی تێبگات: چونکە ڕۆحم پێویستی پێیەتی. بەڵام تەنها کەسێک کە ئەیبینم، گەوجێکی لووتبەرزە کە قژی چەپەڵە و چاوپۆشی لەو زێڕوزیوە، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سوارچاک دوبۆڤازی نییە.»

«بەڵام قەشەیەک کە ڕاستگۆ بێت، قەشەی وەکو ماسیۆن، قەشەی وەکو فێنلۆن... دوبوا کە ماسیۆن پیرۆزی کرد... بیرەوەرییەکانی سەن سیمۆن ناوی فێنلۆنی لەلای من خراپ کردووە. بە کورتی، قەشەی ڕاستگۆ، ئەگەر سروشتێکی میهرەبانی شوێن کۆبوونەوەیان لە دنیادا هەبووایە... ئێمە دابڕاو و بێکەس نەئەبووین! ئەم قەشە باشەی ئێمە باسی خوا ئەکات... بەڵام کامە خوا؟ نە خوای ئینجیل کە سەرەڕۆیەکی ڕەهای زاڵم و تینووی تۆڵەیە... بەڵکو خوای ڤۆڵتێر کە دادگەرە و میهرەبان و بێپایانە...»

بیرەوەرییەکانی ئەو ئینجیلەی کە لەبەری بوو، بێزاری کردبوو... بەڵام لەو جێگەیەدا کە سێ چوکڵەی سیانە یەکئەگرن، چۆن ئەتوانی بڕوا بە ناوی گەورەی ئەو خوایە بهێنی، پاش ئەو

خراپ بەکارهێنانە سامناکە لەلایەن قەشەکانەوە؟

«ژیان بە تەنهایی... چ ئەشکەنجەیەک!...»

ژوولیەن شەقەی لە ناوچەوانی خۆی هەڵساند و بە خۆی وت:

ــدین و ناڕەوا، لەم زیندانە تەنها. بەڵام لە سەر زەوی بە تەنها نەژیام... چەمکی مەزنی ئەرکم ئەزانی. ئەو ئەرکەی ڕاست یان هەڵە لە سەر ئەستۆی خۆم دانابوو. وەک قەدی دارێکی ڕاوەستاو بوو کە کاتی زریان پاڵم پێوە ئەدا. ئەلەرزام، ئەجووڵام، چونکە هەرچی بێ مرۆڤێک بووم... بەڵام هەرگیز لە شوێنی خۆم هەڵنەئەکەنرام...»

«ئەوە هەوای شێدار و داگیراوی ئەم زیندانەیە ئەمخاتە بیری تەنیایی.»

«ئێستە کە نەفرەت لە ڕیا و درۆ ئەکەم، بۆچی ئەبێ درۆزن بم؟ هۆکاری ئەم ئەندێشانە نە مەرگە و نە زیندانە و نە هەوای شێدار... هۆکارەکەی دووری خاتوو دورێنالە کە کۆڵەی کوتاوم... ئەگەر لە ڤێریر ناچار تامەزرۆی دیداری بوومایە، بۆ چەندین حەفتە لە ژێرزەمینەکانی ماڵەکەیان خۆم بشارمەوە، ئایە هەرگیز گلەییم ئەکرد؟»

بە دەنگی بەرز و خەندەیەکی تاڵ وتی:

ــکاریگەری هاوچەرخەکانم لە سەر من یەکجار بەهێزە. هەنگاوێک تا مەرگ، لەگەڵ خۆم ئەدوێم، ئەمەش هەمدیسان فێڵ و درۆیە... ئاه، ئەی سەدەی نۆزدە!...

«ڕاوچییەک لە جەنگەڵ تیرێکی هاویشت. نێچیر بەربوویەوە و ئەو بۆ گرتنی نێچیرەکە لە بۆسە دەرپەڕی. قاچی لە هێلانە مێروولەیەک کە دوو پا بەرزە ئەگیرێت و هێلانەی مێروو کاول ئەکات و لە ئەنجامدا، میرولە و تۆوەکانیان بڵاو ئەبنەوە. هۆشمەندترینی مێروولەکانیش هەرگیز لە ماهەکی ئەم شتە ڕەش

و زل و ترسناکە، واتە لە پێڵاوی ڕاوچی نەگەیشت، کە لەپڕ و بە خێراییەکی زۆر دابووی لە هێلانەکە و بەر لە خۆی، خرۆشێکی سامناکی بەرپاکردبوو و بڵێسەی سووری پێبوو.»

«بەم جۆرە مەرگ و ژیان و ئەزەڵیش بۆ کەسێک کە هەستێکی بەهێز و توانای بۆ تێگەیشتن لەم چەمکانە هەبێ ، زۆر ساکارە.»

«مێشێکی یەکرۆژە کە کاتژمێر نۆی بەیانی ڕۆژێکی درێژی هاوین لەدایک ئەبێ و پێنج کاتژمێری پاشنیوەڕۆ ئەمرێ، چۆن لە چەمکی شەو تێبگات؟»

«پێنج کاتژمێری تر ژیانی پێبدەن... ئەو دیاردەیەی ناوی شەوە، ئەبینێت و لە چەمکەکەی تێئەگا.»

«بۆ منیش وایە، لە تەمەنی بیست و سێ ساڵی ئەمرم. پێنجساڵی تر بۆ ژیان لەگەڵ خاتوو دورێنال دەرفەتم پێ بدەن.»

ئینجا ، قاقایەکی شەیتانی لێئەدات: «چەند شێتانەیە کە من دەربارەی ئەم بابەتە گەورانە قسە ئەکەم.»

«یەکەم، من درۆزنم، ڕێک بەو ئەندازەیەی ئەگەر یەکێک بوایە گوێم لێ ڕاگرێ.»

«دووەم، ئێستە کە تەنها چەند ڕۆژێکم لە ژیاندا ماوە، خۆشویستنم فەرامۆش کردووە، بە داخەوە خاتوو دورێنال لێرە نییە... ڕەنگە شووەکەی ئیتر ڕێگەی نەدات بێت بۆ بزانسۆن و جارێکی تریش خۆی ڕیسوا بکات.»

«ئەمەیە هۆکاری تەنهاییەکەم، نەک نەبوونی ئەو خوا دادگەر و میهرەبان و توانایەی کە تینووی تۆڵە نییە.»

«ئاخ! گەر هەبووایە... داخی گرانم!... ئەکەوتم بەسەر پاکانیا و پێم ئەوت: من شیاوی مەرگم. بەڵام ئەی خوای گەورە، ئەی خوای میهرەبان، ئەی خوای بەخشندە، ئەوەی خۆشم ئەوێ پێمی بدەرەوە!

لەمکاتەدا پاژێک لە شەو تێپەڕیبوو. پاش دوو کاتژمێر خەوی ئارام و ئاسوودە، فۆکە گەیشت.

ژوولیەن وەکو کەسێک کە ئاگای لە ناخی هەناوی خۆی هەیە، خۆی لێبڕاو و توانا ئەبینی...

بەندی XLV

## دەربازبوون

بە فۆکەی وت:

ــنامەوێ ئەو چەتوونییە بکەم کە قەشە شابڕناردی تایەن بانگ بکەم بۆ ئێرە. ڕەنگە سێ ڕۆژ شێو نەکات. بەڵام هەوڵبدە قەشەیەکی ژانسنیستم بۆ بدۆزیتەوە کە ناسراوی ڕەبەن پیرار بێ و دوور بێ لە فێڵ و پیلان.

فۆکە، بەبێ ئوقرە چاوەڕوانی کردنەوەی ئەم بابەتە بوو. ژوولیەن هەموو ئەو ئەرکانەی بە گوێرەی مرۆڤێکی گوندی لە ئەستۆیەتی، بە شێوەیەکی شیاو ڕاپەڕاند. لە سایەی مسیۆ دو فریلەر و سەرەڕای هەڵەکردن لە هەڵبژاردنی ڕازداری خۆیدا، لیژنەی نهێنی لە زیندان پشتیوانیان ئەکرد. ئەگەر یەک تۆز وریا و زیرەکیش بوایە، بە مسۆگەری ئەیتوانی لە زیندان هەڵێت. بەڵام لەبەر ئەوەی هەوای بەدی زیندان کاری خۆی کردبوویە سەری، وزەی بیر و لێکدانەوەی وردە وردە کەم ئەبوویەوە... سەرەڕای ئەمەش بە گەڕانەوەی خاتوو دورێنال شادمانتر و بەختەوەرتر بوو!

خاتوو دورێنال لە ئامێزی گرت و وتی:

ــیەکەم ئەرکی من ئەوەیە کە سەبارەت بە تۆ هەمە، لە ڤێریر هەڵاتم!...

ژوولیەن لە بەردەمی ئەودا فیز و دەمارێکی نەبوو. هەموو لاوازییەکانی خۆی بۆ وت... خاتوو دورێنال سۆز و خۆشەویستی

خۆی پێشکەش کرد.

ئەو شەوە، کاتێک لە زیندان ڕۆیشت، ئەو قەشەیەی کە وەکو چەشە بە دوای ژوولیەنەوە بوو، بانگ کرد. بە پێی ئەوەش کە تەنها ئارەزووی ئەم کابرایە ناودەرکردن بوو لە لای ژنانی گەنجی سەر بە کۆمەڵگەی ئاریستۆکراتی بزانسۆن، خاتوو دورێنال بە ئاسانی ڕایسپارد بۆ خوێندنی نوێژێکی نۆ ڕۆژە لە پەرستگەی برەی ــ لە ــ هوت بچی بۆ ئەو دەیرە.

هیچ زمانێک نەی ئەتوانی بەرفراوانی ئەوینی سەرشێت و بێ پەروای ژوولیەن بگێڕێتەوە.

خاتوو دورێنال بە بەرتیل و لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە ڕێز و بایەخی پووری پاکیزە و بەناوبانگی، توانی مۆڵەتی ئەوە وەربگرێ کە ڕۆژی دوو جار بێ بۆ سەردانی ژوولیەن.

بە بیستنی ئەم هەواڵە، ئێرەیی ماتیلد تا ڕادەی تێکچوون و سەرگەردانی ورووژێنرا. مسیۆ دو فریلەر پێی وتبوو کە بەو هەمووە پلە و دەسەڵاتەوە، ناوێرێ تا ئەو ڕادەیە دژی هەموو دابێک ببێتەوە و مۆڵەتی بۆ وەربگرێ کە بتوانێ ڕۆژی جارێک زیاتر بچێ بۆ سەردان. ماتیلد بۆ زانینی کەمترین کار و کردەوەی خاتوو دورێنال کەسێکی کرد بە چاودێر، شۆپی بگرێ. مسیۆ دو فریلەر ئەیویست بە ماتیلد بسەلمێنێ کە ژوولیەن شیاوی ئەو نییە و بۆ ئەم کارەش هەموو سەرچاوە و توانای مێشکی زۆرزانی خۆی شەکەت کردبوو.

سەرەڕای ئەمەش، لە نێوان هەموو ئەم ئەشکەنجانەدا، خۆشەویستی بۆی زیاتر ئەبوو و ڕۆژ نەبوو مشتومڕێکی سامناکی لەگەڵ نەکات. ژوولیەن ئارەزووی ئەوە بوو، تا کۆتایی و بە هەر نرخێک بووە، هەڵوێستی جوامێرانەی بەرامبەر بەو کچە تایەنەی بەو جۆرە ڕێسوای کردبوو، بپارێزێ. بەڵام، هەموو دەمێک

ئەوینی سەرکەشی بۆ خاتوو دورێنال خۆی ئەسەپاند. کاتێک کە بە هۆی کەمی سۆنگەوە نەیتوانی ماتیلد لە پاکی و بێگوناهی چاوپێکەوتنەکانی خۆی و خاتوو دورێنال ئاسوودە بکات، بە خۆی ئەوت: «کۆتایی کارەسات، پاش ئەمە ئەبێ نزیک بێ. ئەگەر نازانم لەوە باشتر دەور ببینم، بیانوویەکە بە دەستمەوە.»

مادمازێل دولامۆل هەواڵی مەرگی مارکیز دو کرۆزنۆوای بیست! مسیۆ دوتالێر، ئەو کابرا زۆر دەوڵەمەندە، زۆر قسەی دزێو و ناشیرینی سەبارەت بە ونبوونی ماتیلد کردبوو. مارکیز دو کرۆزنۆوا چووبوو بۆ لای و داوای لێکردبوو قسەکانی وەرگرێتەوە. مسیۆ دوتالێر هەندێ نامەی بێ واژۆی پیشاندابوو کە بۆیان ناردبوو. ئەم نامانە زۆر دوورودرێژ و لە ڕوانگەی ناوەڕۆکەوە ئەوەندە پسپۆڕانە داڕێژرابوون، کە مارکیزی ڕەبەن نەی ئەتوانی سەر لە ڕاستییەکەی دەربکات.

مسیۆ دوتالێر دەستی کرد بە گاڵتەی دزێو و قەشمەرانە. مسیۆ دو کرۆزنۆوا کە لەبەر تووڕەیی خۆی لەبیر چووبوویەوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم سووکایەتییە، کەوتە هەڕەشەکردنی توند و تیژی جۆراوجۆر، کە کابرای ملیۆنێر دوێلی هەڵبژاردبوو. گەوجێتی سەرکەوت و یەکێک لەو گەنجە پاریسیانەی کە شیاوی خۆشویستنی ژنان بوو، لە کاتێکا تەمەنی کەمتر لە بیست و چوار ساڵ بوو، گیانی خۆی لەدەست دا.

ئەم مەرگە لە گیانی لاوازی ژوولیەن‌دا، کاریگەرییەکی زۆر سەیر و بەئازاری هەبوو.

به ماتیلدی ئەوت:

ــ کرۆزنۆوای بێچارە سەبارەت بە ئێمە بەڕاستی پیاوێکی ڕێکوپێک و ڕاستگۆ بوو. ئەو ڕۆژەی کە لە هۆڵەکەی دایکی بەڕێزتان خۆت لێ شێت کردین، هەقی بوو کە من بە دوژمنی

دابنێ، چونکە کاتێک کینەیەک ببێ بە جێگری سووکایەتیکردن، بە زۆری ئەبێتە مایەی ڕق و بەرەنگار بوونەوە...

مەرگی مارکیز دو کرۆزنۆوا هەموو ئەندێشەکانی ژوولیەنی سەبارەت بە ئایندەی ژوولیەن هەڵوەشاندەوە و چەند ڕۆژ لە ژیانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد ماتیلد ڕازی ببێ بەوەی کە شوو بە مسیۆ دولۆز بکات! بە ماتیلدی ئەوت: «پیاوێکی حەیا بەخۆیە و ئەوەندە لە فێڵ و ڕیا نازانێ و بێگومان بە پلەی باڵا ئەگات. بەرزەفڕی ئەو سەقامگیرترە لە هی کرۆزنۆوای ڕەبەن. لەبەر ئەوەش کە لە بنەماڵەکەیدا کەس نازناوی دووکی نییە، کاتی زەماوەند کردن لەگەڵ بێوەژنی ژوولیەن سۆرێل بڕوبیانوو ناهێنێتەوە.»

ماتیلد بە ساردی وەڵامی دایەوە:

ـ هەمان بێوەژن کە بەدبەختییە گەورەکانی خۆی بە هیچ نازانێ؛ چونکە ئەوەندە زیندوو بوو بە چاوی خۆی ببینێ کە دڵدارەکەی پاشی شەش مانگ ژنێکی تری لەو بە پەسەندتر دانا. ئەویش ئەو ژنەی کە سەرچاوەی هەموو بەدبەختییەکانێتی.

ـ تۆ ناهەقی. چاوپێکەوتنەکانی خاتوو دورێنال بۆ ئەو پارێزەرەی لە پاریس هەوڵ بۆ بەردانم ئەدات، ڕستەی دڵگیر و دەگمەن ساز ئەکات... بۆ نموونە ئەڵێ بکوژ لە زیندان لە لایەن قوربانییەکەی خۆیەوە پەرستاری و چاودێری ئەکرێ. ئەم دیاردەیە ڕەنگە کاردانەوەیەکی هەبێ. ڕەنگە ڕۆژێک هات منت وەکو قارەمانی مێلۆدرامایەک بینی. هتد و هتد.

ئێرەییەکی ڕقاوی کە دەسەڵاتی تۆڵە سەندنەوەی نەبوو، بەردەوام بوونی ئەو ڕۆژەڕەشی و گەوجێتیەی هەموو هیوایەکی لێبڕابوو، (تەنانەت گریمان ئازادیش ببوایە، چۆن ئەیتوانی ئەو دڵە ڕامی خۆی بکات؟) شەرم و پەژارەی ئەوەی کە دڵدارە بێوەفاکەی

لە هەموو کات زیاتر خۆش ئەویست، مادمازێل دولامۆلی بردبوویە ناو بێدەنگییەکی خەمهێنەرەوە کە نە دڵسۆزیی مسیۆ دو فریلەر و نە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی فۆکە ئەیتوانی لەو بەند و دارەتە دەربازی بکات.

بەڵام ژوولیەن جگە لەو خولەکانەی ماتیلد لێی ئەڕفاند، زیندووی ئەوین بوو و تەنها ساتێکیش بیری لە ئایندە نەئەکردەوە، خاتوو دورێنالیش لە ئەنجامی ئەم کارتێکردنە سەیرەی ئەوین‌دا، لە کاتی بێسنوور و ڕاستەقینەدا دڵخۆشی و شادی لەگەڵ بەش ئەکرد.

ژوولیەن پێی وت:

ــلە ڕابوردودا، ئەوسا کە ئەمتوانی لە پیاسەکانی ناو جەنگەڵەکانی ڤێرژی تا ئەو ڕادەیە بەختەوەر بم، بەرزەفڕییەکی سەرکەش و ئاگراوی گیانی پەلکێش ئەکردم بۆ جیهانی ڤرۆشە و تراویلکە. لەبری ئەوەی ئەم قۆڵە دڵڕفێنە کە تا ئەو ڕادەیە لە لێوەکانم نزیک بوو، بگووشم بە دڵما، بیری داهاتوو، لە تۆی دوو ئەخستمەوە. بیر و ئەندێشەی ئەو هەموو جەنگەی کە ئەبوایە سامانێکی زۆر بە دەست بهێنم... ئەگەر تۆ بۆ زیندان نەهاتیتایە بۆ لام، ئەمردم بە بێ ئەوەی بزانم بەختەوەری واتای چییە؟!

کەوتنەوەی دوو ڕووداو ئەم ژیانە ئارامەی تێکدا. ڕازداری ژوولیەن هەرچەند زۆریش ژانسنیست بوو، بەڵام کەوتە داوی یەسووعیەکان و بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، بوو بە دارەدەستیان.

ڕۆژێک هات بۆ لای ژوولیەن و وتی ئەگەر بیەوێ لە گوناهی سامناکی خۆکوشتن بەدوور بێ، بۆ ئەوەی فەرمانی بەخشین وەربگرێ ئەبێ هەموو کارێک بکات کە پێویستە. با بڵێین سەبارەت بەوەی دەستەی ئاینی لە وەزارەتی داد لە پاریس دەسەڵاتێکی فراوانیان هەیە، ئەبێ پەنا ببەنە بەر ئەو کەرەسە سادەیەی

دەستیان کەوتووە: ئەبێ بە هەراوهوریا و هەژانەوە بڕوا بە خوا بهێنێ!

ژوولیەن دووپاتی کردەوە:

ــبە هەژانەوە!... ئاخ! باوکە، ئەوە بە تۆشم زانی هەر وەک ئەوەی تر وا لە کاتی گاڵتەجاری‌دا پەردەم لە سەر هەڵدایەوە!...

ژان‌سنیست بە دەنگێکی قورس و هێور وتی:

ــگەنجێتی تۆ، ئەو ڕواڵەتە جوانەی پەروەردگار پێی بەخشیوی، خودی هاندەری هەستان بە تاوانە، ئەو کارە سەرسوورهێنەرانەی مادمازێل دولامۆل لە پێناوی تۆدا ئەیکات و بە کورتی هەموو شت، تەنانەت سۆزی سەیر و سەمەرەی قوربانیەکەتان بەرامبەر بە تۆ، هەر هەموو دەستیان داوە بە دەستی یەکەوە و تۆی کردووە بە قارەمانی ژنانی بزانسۆن و ئەم ژنە گەنجانە لە پێناوی تۆدا تەنانەت ڕامیاریشیان لەبیر چۆتەوە! گەڕانەوەی تۆ بەرەو ئاین، تاودانەوەی لە دڵی ئەمانەدا ئەبێ و کاریگەریەکی قووڵ لە سەر ئەم دڵانەدا دائەنێ. بوونی تۆ ئەتوانێ گەورەترین قازانجی بۆ ئاین هەبێ. من چۆن ئەتوانم بەم هۆکارە بێکەڵکەوە کە ڕەنگە یەسووعیەکانیش وا بیر بکەنەوە! بەم جۆرە تەنانەت لەم بابەتە تایبەتەش‌دا کە لە بن دەسەڵاتی تەماحکارانەیان دور کەوتوویتەوە، ناتوانین لە زیانی ئەوان خۆ بپارێزین! خوا بکات وانەبێ. ئەو فرمێسکانەی لە ئەنجامی گەڕانەوەی تۆ بەرەو دین لە چاوان دائەبارێ، کاریگەری مۆرانەئاسای چاپی پەرتووکە کفرئامێزەکانی ڤۆڵتێر، پووچەڵ ئەکاتەوە.

ژوولیەن بە ساردی وەڵامی دایەوە:

ــئەی ئەگەر لە بەر چاوی خۆم سووک بووم، چیم بۆ ئەمێنێتەوە؟ من بەرزەفڕ بووم، نامەوێ لۆمەی خۆم بکەم. ئەوسا بە گوێرەی نەریت هەڵسوکەوتم ئەکرد. ئێستە ئیتر خەمی بەیانیم

نییە. بەڵام ئا لەم دۆخ و دارەتەدا کە مەرگ لەبەر چاوی خۆمدا ئەبینم، ئەگەر یەک تاقە لاوازیم لێ دەربکەوێ، ڕۆژم ڕەش ئەبێ.

ڕووداوێکی تریش کە کاریگەرییەکی توندی لە سەر ژوولیەن هەبوو، لە لایەن خاتوو دورێنالەوە بوو. نازانم کامە دۆستی ڕیاباز ئەم گیانە شەرمنەی هەڵخڕاندبوو کە ڕۆیشتن بۆ سەن کلود و خۆخستن بەسەر دەست و پای شارڵی دەهەمدا، بە ئەرکی خۆی بزانێ.

خاتوو دورێنال ئامادەی ئەو خۆبەختکردنە ببوو کە لە ژوولیەن جیاببێەوە بۆ هەوڵدانێکی لەم بابەتە، ئەبوویە هۆی ئەوەی ئابڕووی بتکێنێ و بیکا بە تانەی چاک و خراپ. ئەو ئابڕوەی، زۆر لە لای مەبەست بوو، ئیتر بە هیچی نەئەگرت.

ــئەچم بۆ بەر ماڵی شا و هاوار ئەکەم تۆ دڵداری منی: گیانی مرۆڤ و ئەویش گیانی مرۆڤێک وەکو ژوولیەن، ئەبێ بکەوێتە سەروو هەموو تێبینیەکانەوە. ئەڵێم لە زۆری ئێرەیی ویستت بمکوژی. نموونەی ئەو گەنجە ڕەبەنانەی وەک تۆ بوون و لە سایەی مرۆڤدۆستی دەستەی داوەران یان بەزەیی شا لە مرگ ڕزگاریان بوو، ژمارەیان یەکجار زۆرە.

ژوولیەن هاواری کرد:

ــدەست لە بینینت دائەشۆم! فەرمان ئەدەم دەرگای زیندانم لە ڕووت دابخەن و ئەگەر سوێندم بۆ نەخۆی هیچ کارێک نەکەی کە هەردووکمان ئەکا بە ڕیسوای چاک و خراپ، من لەوپەڕی نائومێدی دا خۆم ئەکوژم. ئەم بیری چوون بەرەو پاریسە لە مێشکی تۆوە نەهاتۆتە دەرەوە. ناوی ئەو ڕیاکارەم پێ بڵێ کە ئەو بیرەی ئاخنیوە بە مێشکی تۆدا!

بەردەوام بوو:

ــبهێڵە، بهێڵە ئەم چەند ڕۆژەی تەمەنی کورتم پێکەوە شاد بین.

وەرە با بوونی خۆمان بشارینەوە. تاوانەکەی من لەوە ڕوونترە. مادمازێل دولامۆل لە پاریس هەموو جۆرە ڕێز و ڕەسیدێکی هەیە. دڵنیا بە ئەو هەر کارێک بە مرۆڤ بکرێ، پێی هەڵئەسێ. لێرە لە شارستان هەموو دارا و خاوەن دەسەڵات بە خوێنم تینوون. ئەم کارەی تۆ ساماندااران و لە هەموو زیاتر مامناوەندییەکان، کە ژیان لە لایان زۆر سادەیە، تووڕە ئەکات. وەرە با خۆمان نەکەین بە مایەی گاڵتەی مالۆنەکان و ڤالێنۆکان و هەزارانی باشتر لەوان!

هەوای دڕی زیندان زۆر لە سەر ژوولیەن کاریگەر ببوو. خۆشبەختانە ئەو ڕۆژەی هەواڵی مسۆگەری مردنی خۆی بیست، خۆرێکی خۆش سروشتی ئەگەشانەوە و ژوولیەن لە لوتکەی بوێری و ئازایەتی‌دا بوو. پیاسەکردن لە هەوای ئازاد بۆ ژوولیەن وەک هەستی زەریاوانێک بوو کە ڕۆژانی دوورودرێژ لە دەریا بووبێ. بە خۆی وت: «هەموو شت هەوە، ئازایەتیم کز نەبووە!»

ئەم سەرە هەرگیز بە ئەندازەی ئەو خولەکانەی کە خەریک بوو سەری لە لەشی جیابکرێتەوە، هۆنەرانە نەببوو. خۆشترین خولەکەکانی ڕابوردوو، کە لە لێڕەوارەکانی ڤێرژی دیبووی، شەپۆل شەپۆل و ئەویش بە گەشی و زەلاڵیەکی یەکجار زۆرەوە ئەهاتنەوە بیری.

هەموو شتێک ساکار و شایستە ڕابرد و هیچ ناز و ساختەیەک لە لایەن ئەوەوە ڕووی نەدا.

دوو ڕۆژ پێشتر بە فۆکەی وتبوو:

ــ ناتوانم دەستەبەری هەژان و هەڵچوونی خۆم بکەم. ئەم زیندانە دزیوە شێدارە هەندێجار وەها گەرم دامئەگرسێنێ خۆم لێ ون ئەبێ. بەڵام ترس نا، ناترسم. هیچکەس نامبینێ ڕەنگم ببزڕکێ.

بەرنامە وا ڕێکخرابوو سەرلەبەیانی ڕۆژی مەرگ، فۆکە،

ماتیلد و خاتوو دورێنال لەوێ دوور بخاتەوە.

بە فۆکە وترابوو:

ــهەردووکیان بە فایتوونێک ببە. وای ڕێکبخە ئەسپەکان بەردەوام بە غار بڕۆن. یان یەکدی لە ئامێز ئەگرن یان یەخەی یەکدی توند دائەدڕن. لە هەر دوو باردا ژنانی ڕەبەن تۆزێک لەو خەمە گەورە فەرامۆش ئەکەن.

ژوولیەن، خاتوو دورێنالی سوێند دابوو بۆ چاودێری مناڵەکەی ماتیلد، زیندوو بمێنێ.

ڕۆژێک بە فۆکەی ئەوت:

ــکێ چووزانێ؟ ڕەنگە پاش مەرگیش هەر هەستم هەبێ. بەو پێیەش کە مەرگیان ناوناوە حەسانەوە، زۆر حەز ئەکەم لەو ئەشکەوتە تەنگەی کوێستانەکەی ئەڕوانێ بەسەر ڤێریردا، بحەسێمەوە. وەک پێم وتوویت، چەندین جار بە شەو پەنام بردۆتە بەر ئەم ئەشکەوتە و کاتێک لە دوورەوە دەوڵەمەنترین شارستانی فەڕانسەم بینیوە، بەرزەفڕی دڵی ئاگر داوم. ئەوسا ئەمە خولیای من بوو. بە کورتی بڵێم. من ئەم ئەشکەوتەم زۆر لا بەڕێزە و شوێنێک کە ئەم ئەشکەوتەی لێ هەڵکەوتووە، دڵی هەموو فەیلەسوفێک ئێرەیی پێ ئەبا. بزانە ئەڵێم چی! ئەم لیژنەی نهێنییەی بزانسۆن لە هەموو شتێک پارە پەیدا ئەکەن. تۆش ئەگەر لێی بزانی ئەتوانی تەرمەکەمیان لێ بکڕیتەوە.

فۆکە لەم مامەڵەیەدا سەرکەوتوو بوو. شەو بە تەنها لە ماڵی خۆی لای تەرمی هاوڕێکەیەوە خەوت. لەپڕ و لەوپەڕی سەرسووڕماندا ماتیلدی لە بەردەم خۆیا بینی. چەند کاتژمێر لەمەوبەر لە دە فرسەنگی بزانسۆن بەجێی هێشتبوو. سەرگەردانی لە نیگا و لە چاوانی دائەباری.

بە فۆکەی وت:

ــ ئەمەویٚ ببینم.

قۆکە نە جەربەزەی بیستنی هەبوو و نە توانای ڕابوون. ڕووپۆشە شینەکەی لە سەر عەرزەکە بوو، بە ئەماژەیەک پێی پیشاندا. ئەوەی لە ژوولیەن مابوویەوە، لێی هالاّبوو.

ماتیلد چۆکی دادا. بیرەوەری بۆنیفاس دولامۆل و مارگریت دوناڤارا توانایەکی بالاّتر لە وزەی مرۆڤی پێ بەخشی. دەستە لەرزۆکەکانی ڕووپۆشەکەی هەڵدایەوە. فۆکە چاوی وەرگێڕا.

دەنگی ماتیلدی بیست کە بە خێرایی بەملا و ئەولادا ئەچێ. خەریکی داگیرسانی چەند دانە مۆم بوو. کاتێک فۆکە هێزی ئەوەی هات بە بەرا لێی بڕوانێ، بینی کە سەری ژوولیەنی لە سەر مێزە مەڕمەڕەکەی بەردەمی دانابوو و ناوچەوانی ماچ ئەکرد.

ماتیلد، دڵدارەکەی تا ئەو شوێنەی بۆ گۆڕی خۆی هەڵبیژاردبوو، بەڕێ کرد. کۆمەڵێکی زۆر قەشە بە دوای تابووتەکەدا ئەڕۆیشتن و ئەو، بە بێ ئەوەی کەس ئاگای لێبێ، تاق و تەنها لە فایتوونە ڕەشپۆشەکەی خۆیدا، سەری ئەو پیاوەی کە تا ئەو ڕادەیە لای خۆشەویست بوو، لە سەر ڕانی دانابوو.

بەم جۆرە، کاتێک کە گەیشتنە بڵیندترین لوتکەی یەکێک لە کێوە سەربەرزەکانی ژورا، لە دڵی شەودا، لەو ئەشکەوتە تەنگەی بەو جوانییە بە تیشکی مۆمی لە ڕادەبەدەر ڕوون کرابوویەوە، بیست قەشە نوێژی مردوویان بۆ خوێند. کاروان تەرمەکەی لە نێوان گوندە کوێستانییەکانەوە هێنابوو و دانیشتوانی ئەم گوندانە وەک ئەرکی دراوسێیەتی کەوتبوونە شوێنی.

ماتیلد لە بەرگێکی هەراو و چینداری پرسە لە ناویاندا پەیدا بوو، لە کۆتایی دابەکەدا، چەندین هەزار سکەی پێنج فرانکی هەڵدا بەسەر ئاپۆرەکەدا.

کاتێک لەگەڵ فۆکە بە تەنها مایەوە، بە باشی زانی سەری

دڵدارەکەی بە دەستی خۆی بنێژێ. فۆکە خەریک بوو لە زۆری دەرد و خەم شێت و هار بێ.

بە فەرمانی ماتیلد، ئەم ئەشکەوتە پەرتەوازەیە بە بەردی مەڕمەڕ ڕازایەوە، کە بە پارەیەکی زۆر و بە دەستی بەردتاشانی ئیتالیایی پەرداخت کرابوون.

خاتوو دورێنال پەیمانی خۆی نەشکان. هەوڵی خۆکوشتنی نەدا. بەڵام سێ ڕۆژ لە پاش ژوولیەن، ئەوسا کە منداڵەکانی لە ئامێز گرتبوو و سەروچاویانی ماچ ئەکرد، گیانی دەرچو!

بەو کەمە شادەی هەیە!

کۆتایی بەرگی دووەمی **سوور و ڕەش**

سیامەند شاسواری ـ کازابلانکا ـ ٢٠١٣/٠٨/٢٠



## سوور و ڕەش

ئەم ڕۆمانە ١٩٣٠، لە دوای شۆڕشی فەرەنسایە و، ژیانی ژوولیەن سۆرێل پیشان ئەدات، کە هەوڵدەدات پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی بەرز بکاتەوە و خۆشەویستی بدۆزێتەوە. لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە بەهرە و تێکۆشان و فریودان و دووڕوویییەوە بەو کارە هەڵئەسێت، بەڵام خولیاکانی دوخمانی لێ ئەکەن و سەری لەو پێناوەدا دائەنێت.

سوور و ڕەش ئاماژەیە بۆ ئامانجە وێژەییە دوولایەنەکەی مێژووی سەدەی نۆزدەیە، وەک وێنەیەکی دەروونی پاڵەوانی ڕۆمانتیک، ژوولیەن سۆرێل و، تەوسی دەروونشیکاری و کۆمەڵناسی کۆمەڵگەی فەڕانسەیی بن دەسەڵاتی خولی نۆژەنکردنەوەی بۆربۆنیدا.

سوور و ڕەش وەک ئاماژەیەک بۆ گرژیی نێوان بەرژەوەندی ئایینی (ڕەش) و سکۆلار (سوور)ی، پاڵەوانەکە وەرگیراوە؛ بەڵام هەروەها ئەتوانێت ئاماژە بە یاری پەڕەی بەناوبانگی ئەو چاخە "rouge et noir" بێت، کە بەخت و چارەنووسی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە دیاری ئەکات.

سوور و ڕەش ئەمانبات بۆ جیهانی سەمەرەی سەدەی نۆزدە بە ئەوین و نەریت و ڕێسا و ڕێز و دوخمانی، لە کۆمەڵگەیەکی ئاریستۆکراتیدا. ڕاڤەی کۆمەڵگەی داهاتووە، بە تایبەت لە بواری ژن و ئەوینی ناپەرسدار و...